# دەڤەری گۆرانەتی

## لە بادینان

**بابەتەکان:**

**جوگرافیا ، مێژوو ، کارگێرییەکان ، پێناسەی کوندەکان ، هۆزو تیرەو بەرەبابەکان ، گۆران ، کۆمەلایەتی ، کەسایەتیەکان ، کەلتوور ، ئابووری**

**لە خۆ دەگرێت**

**نووسین وئامادەکرنی**

**یاسین حەسەن حوسێن گۆران**

**چاپی دووەم / ٢٧٢٢ کوردی ٢٠٢٢زاینی ١٤٤٤ کۆچی**

**ناوی کتێب :  دەڤەری گۆرانەتی لە بادینان .**

**ناوی نووسەر:  یاسین حەسەن حوسێن .**

**تایپ :  نووسەری کتێب .**

**نەخشە سازی ناوەرۆك :  نووسەری کتێب .**

**دیزاینی بەرگ :  مامۆستا/ محەمەد حازم عبدالله  .**

**راستکردنەوە و دەولەمەنکردنی بابەتەکان  : ـ مامۆستا / غازی رەمەزان حوسێن ،**
**مەلا عبدالرحمان تاها دارەتوو ، مەلا عبدالستار صالح سێکانی ،  مامۆستا/ سعید بارانی ،.**

**زمانەوانی: ـ مامۆستا / غازی رەمەزان ، مامۆستا / سوهەیب میکائیل عەزیز ،**

**پێداچوونەوە ، هەڵەچنی وخاڵبەندی : مامۆستا /مستەفا ئەحمەد مەموزینی ، مامۆستا /سمیر محو  ،   کاك شەهاب بۆتانی ، کاك زوهێر  .**

**بەلگەنامەکان  : ـ اموەستا /صوهەیب مەلا ئیسماعیل گربدەو ، بلّند مفتی ئاکرەیی .**

**وێنەکانی شوێنەواری   : ـ سەرپەرشتیار/ رەشید مەلا محمود کەلەکچی،**
**اموستا / عمر حسێن شریف ماستەر لە شوێنەوارناسی  .**

**نۆرەی چاپ: چاپی دووەم    ساڵی ٢٧٢٢کوردی      ٢٠٢٢ زاینی    ١٤٤٤ کۆچی**

**شوێنی چاپ  :  پەڕاوگەی زانست (بەردەڕەش)  .**

**تیراژ: ( ٢٥٠ )  دانە .**

**لە بەرێوبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتیەکان / هەرێمی کوردستان ژمارەی سپاردنی (١٦٩)ساڵی ٢٠٢١ پێدراوە .**

**مافی چاپکــردنی بۆ خـاوەنی کتێب پارێزراوە**

## پێرستی بابەتەکان


| پێرستی بابەتەکان | لاپەرە |
| --- | --- |
| پێرست | ٤ |
| پێشەکی | ٥ |
| **بەشی یەکەم : بنەمای جوگرافیای دەڤەری گۆرانەتی** | ٩ |
| باسی یەکەم: بەرزی و نزمی باسی دووەم : ئاو و هەوا | ١٢ |
| باسی دووەم: | ٢١ |
| باسی سێیەم : سامانی ئاو | ٢٨ |
| باسی چارەم : رووەکی خۆرسك | ٣٣ |
| باسی پێنجەم : خاك | ٣٤ |
| **بەشی دووەم: بنەمای مێژوویی دەڤەری گۆرانەتی** | ٤٢ |
| باسی یەکەم: دەڤەری گۆرانەتی لەبادینان لە چاخەکانی مێژوودا | ٤٢ |
| باسی دووەم : ناحیەی بەردەڕەش | ٨٢ |
| باسی سێیەم : دامودەزگاکانی سەنتەری قەزای بەردەڕەش | ٩٤ |
| باسی چارەم : شەڕی گۆگامیلا لە دەشتی ناوکوڕ | ١٠٩ |
| **بەشی سێیەم : یەکە کارگێرییەکانی سنووری قەزای بەردەڕەش** | ١١٨ |
| ١ـ باسی‌یەکەم:پێناسەی گوندەکانی سەنتەری‌قەزا | ١١٨ |
| ٢ـ باسی دووەم : یەکەی کارگێڕی ناحیەی کەڵەك | ١٢٥ |
| پێناسەی گوندەکانی سنووری ناحیەی کەڵەك | ١٣٠ |
| ٣ـ باسی سێیەم : یەکەی کارگێڕی ناحیەی دارەتوو | ١٣٩ |
| پێناسەی گوندەکانی سەر بە ناحیەی دارەتوو | ١٤١ |
| باسی چارەم: یەکەی کارگێڕی ناحیەی رۆڤیا | ١٦٢ |
| پێناسەی گوندەکانی سەر بە ناحیەی رۆڤیا | ١٦٥ |
| باسی پێنجەم: گوندەکانی گۆرانان لە دەرەوەی سنوری قەزای بەردەڕەش | ١٩٣ |
| ا ـ یەکەی کارگێڕی ناحیەی کەڵەکچی /سەربە قەزای شێخان | ١٩٣ |
| ب ـ ناحیەی زێلکان /سەربە قەزای شێخان | ١٩٩ |
| پێناسەی گوندەکانی گۆرانان لە ناحیەی زێلکان | ٢٠٠ |
| ج ـ پێناسەی ناحیەی باشیك | ٢٠٤ |
| گوندەکانی گۆرانان لە ناحیەی (باشیك ) سەربە سەنتەری موسل | ٢٠٥ |

د ـ یەکەی کارگێڕی ناحیەی قەسرۆك/ سەربە قەزای شێخان ٢١٤
**بەشی چارەم : بنەمای کۆمەلایەتی دەڤەری گۆرانەتی** ٢١٧
باسی یەکەم: پەیوەندی کۆمەلایەتی ٢١٧
باسی دووەم : گۆران ، شوێنی ، وشەی گۆران ٢٢٠
دەڤەری گۆرانەتی: شێوەزاری ئاخافتنی ، ئاینی
باسی سێیەم : عەشیرەتەکانی دەڤەری گۆرانەتی لە بادینان ٢٣٦
باسی چارەم:
١ـ کەسایەتیە ناودارەکانی دەڤەری گۆرانەتی ٢٧٥
٢ـزانایانی ئاینی دەڤەری گۆرانەتی ٢٥٥
٣ـ نووسەرە بەناوبانگەکانی دەڤەری گۆرانەتی ٣٣٩
باسی پێنجەم : بزاڤی رزگاریخواز کورد لە دەڤەری گۆرانەتی ٣٥٢
**بەشی پێنجەم: بنەمای کەلتووری دەڤەری گۆرانەتی لە بادینان** ٣٦٥
باسی یەکەم: شوێنەوارەکان ٣٢٥
باسی دووەم : کەش و هەوا ناسی ٣٨٤
باسی سێیەم : فۆلکلۆر ٣٩٧
**بەشی شەشەم : بنەمای ئابووری دەڤەری گۆرانەتی** ٤٠٨
باسی یەکەم: بازرگانی ٤٠٢
باسی دووەم : کشتوکاڵ ٤١٢
باسی سێیەم : ئاژەلداری ٤٢٣
باسی چوارەم : پیشەی دەستکرد ٤٢٨
باسی پێنجەم : پیشەسازی نەفت ٤٣٢
ژیانامەی نووسەر ٤٣٣
بەرهەمەکانی نووسەر ٤٢٨
سەرچاوەکان ٤٣٥
ئەلبومی وێنەکان ٤٣٨

**پێشەکی:**

**ئەگەر لە مێژووی شارستانیەتی هەرشوێنێك یان ولآتێك بکۆلینەوە ، دەبێ هەلوەستە لەسەر شێوەو و شێوازی دیاردەکانی جوگرافیای ئەو شوێنە بکەین ، ژینگەی جوگرافیای هەر دەڤەرێك فاکتەری سەرەکیە لە بونیادنانی شارستانیەت و ژیارو رووداوەکانی مێژوویی. درروست بوونی مێژووی ئادەمیزاد لەسەر سێ فاکتەری سەرەکی بنیاتنراوە (مرۆڤ...  ، شوێن ، ژینگە).مرۆڤ... کارلێکەری سەرەکییە لە ململانێی ژیانی رۆژانە ، لەو ژینگەیەی تێدا دەژیت بۆ تۆمارکردن و سەلماندنی  رووداوەکانی مێژوویی خۆیی بەپێی پێشکەوتنی تەکنەلۆژیای سەردەم هەزارەی نۆیەمی پێش زایین مرۆڤ... پشتیان لە ئەشکەوتەکان کردبوو ، ژیانی مرۆڤ... گۆڕا و دەستیان کرد بە کاری  کشتوکاڵی وئاژەڵداری  ،  ژیان کەوتە دۆل و دەوئاو و دەشتاییەکان ، شۆڕشێك لە سەر ژینگە بەرپابوو ،  هەر لەو سەردەمی  دەشتی ناوکوڕ و تاکو ئێستا لاندکەی ژیانی مرۆڤایەتی بووە ،   هەر چەندە بەلگەو توێژینەوە و سەرچاوەی مێژوویی کەم بەردەستدەکەوێت لە سەر دەڤەری گۆرانەتی  ، بۆیەبەپێی توانای خۆم و هاوکاری برادەران ئەوەندەی  بەردەستمان کەوتووە لە چوارچێوەی ئەم پەرتوکەدا وەکو فەرهەنگێکی بچوك پێناسەی دەڤەری گۆرانەتی دەکات خستومانەتە بەردەستی خوینەران.**

**شارەزابوون لە مێژووی رابردووی نەتەوەکەت ، ئێستاو ئایندەت بۆ رەوشەن دەکات   ، والەمرۆڤ دەکات کە  ،  هەڵەکانی رابردوو دووبارە نەبێتەوە ، بەلکو سود لێبێتە وەرگرتن  ، هەر چەندەتوێژینەوەی زانستی ئەکادیمی تێروتەسەل لە سەر دەڤەری گۆرانەتی نەکرایە ، یان کتێبێکی چاپکراوی پڕزانیاری لە سەر دەڤەری گۆرانەتی نەنووسرایە  ، ببێتە سەرچاوەی رۆلەکانی داهاتوودا ، لەهەمانکاتدا دەڤەری گۆرانەتی مێژوویەکی زۆرکۆنی هەیە ، شوێنەوارەکانی باشترین بەلگەن .**

**هەروەها شوێنەواری مێژوویی جاخەکانی کۆن وەکو میتانی ئاشوری و ماد و کاردۆخی کاردۆئین تێدا بەرچاوە ، بەتایبەتی خرابەکانی ناو دەشتی ناوکوڕ دەلێن  دروست بوونی بۆ سەردەمی ماد و ئاشوری و ئەسکەندەری مە قدۆنی دەگەرێتەوە  ،  دەڤەری گۆرانەتی بە تایبەتی دەشتی ناوکوڕ  رێگای هاتووچۆی کاروانی بازرگانان  و لەشکرکێشی  و مەلیك و شاهان بووە  ، دەڤەری گۆرانەتی  بازنەی پێکەوە گەیاندن بووە لەنێوان سۆران و بادینان ، لەکۆنەوە شوێنێکی ستراتیژی هەبووە. هەروەها رێگای کاروانسەرای هاتووچۆی قافلەو بازرگانان بووە بەرهەمی وولآتی رۆژ هەلآت  ئێران .هند . پاکستان  بەدەڤەری  گۆرانەتی تێپەڕبووە  بۆ  وولآتی شام ومیصر  ، بەردەڕەش  بەکۆنترین ناحییەکانی کوردستان دێتە هەژمارتن ،  دەڤەری گۆرانەتی پانتاییەکی گەورەی بەخۆیەوە  گرتیە ، خاکێکی  کشتوکاڵی پڕ پیتو بەرەکەتی هەیە ، لە**

کۆمەلە عەشیرەت و تیرەو بەرەباب پێکهاتیە ،  هەر تیرەو ماڵباتێك دەگەرێنەوە بو هۆزەکانی بەناوبانگی کوردی گۆران ،  وەکو پێویست  توێژینەوەی زانستی ولێکۆلینەوەی ئەکادیمی  بۆ مێژووی دانیشتوان و پێکهاتەی کۆمەلایەتی تێدا ئەنجام نەدرایە. ئەوەش لە بەر نەبونی بارودۆخی  گونجاوی دەڤەری گۆرانەتی .

گۆران  لەبنەڕەتداعەشیرەت  نین  بەلکو  فراکسیۆنێکی  کۆمەلایەتی  گەورەیە  ،  لە  چەند عەشیرەتێك پێکهاتیە ، پێکهاتەیەکی عەشائیری  مەزنە  ،  لە ژێر چەتری ناوی گۆران دەژین ، هەندێ روخساری باشی عەشائیری لە ناویان بەرچاوە ، بەلاّم خەسلەتی عەشیرەتگەریان بەسەر زال نیە  ،  پێکهاتەیەکی  کوردی گەورەن ، حەزیان لەژیانی ئازادییە ،  گۆران لەزۆر تیرەو بەرەبابی جۆراو جۆر پێك هاتیە  ،  ئەو شوێنەی  گۆران تێدا ئاکنجی بوونە لە بادینان پێی دەگوترێ دەڤەری گۆرانەتی .

سنووری: سنووری رۆژهەڵاتی ڕووباری زێی گەورەیە  ، هەر لەگوندی چەمە ، بگرە بەرەو باشوور تاکو دەگاتە گوندی وەردەك  مەخلەتی پێ دەگوترێ ئاوی زێ وخازر لەوێندەرێ تێکەلّ دەبێت ، سنووری رۆژئاوای ڕووباری گومرهەندێك لە کوندەکانی لە گۆمر دەربازدەبێت  ، چیای مەقلوب و چیا زەروك تاکو دەگاتە وەردەك- مەخلەت. سنووری باکووری ناحیەی گردەسێن و مرێبایە  .

دەشتێکی  کشتوکاڵی پڕ پیت و بەرەکەتی بەخۆیەوە گرتیە بەدەشتی ناوکوڕ ناودەبرێت ، ناحەزان چاویانتێ بڕیبوو ئەو دەڤەرە ، پەندێك هەیە  بلاّوە دەڵێن (ئەگەرساڵ حیشکە ، دەشتی ناوکوڕ سەرپشکە ، بەلاّم زەوالی مشکە) ناوکوڕ بەواتای (ناوقوڕ) دێت. ناوەڕاستی دەڤەری گۆرانەتی باشووری دەشتی ناوکوڕە ،  ملە زوورگێکی درێژی بەخۆیەوە گرتیە هەر لەچیای مەقلوب دەست پێدەکات  بەگوندی دارەتوو تێدەپەڕێت تاکو خۆی لەئاوی زێی بادینان دەدات  ، گوندەکانی باشوری دەشتی ناوکوڕ ناوچەی بۆتان لە خۆ دەگرێت .

دانیشتوانی ئەو دەڤەرە خەڵکی خۆجێی نین پێش ١٥٠ سەدو پەنجا تاکو ٣٧٠ ساڵ عەشیرەت و تیرەوبەرەبابەکان لەشوێنی تری کوردستانی گەورە هاتونە لەو دەڤەرە ئاکنجی بوونە ، زۆر تیرە و بەرەباب و عەشیرەتی تێدایە ، لەوانە : رەشگەری  ، بۆت  ، گێژ ، زەنگەنە  ، رۆژبەیانی ، خدری  ، شێخ بزێنی  ، بلباس  ، میرانی  ، کاوانی  ، بەستۆرەیی  ، بەرازی  ، تۆبزی  ، ئۆرمزیان ، ئۆمەڕبل ، کەوخۆمزەیی  ، ئاژگەیی  ، مووسەیی  ، بەگزادە  ، زەند  ، شکاك  ، بارزانی  ، باجەلان ، هەمەوەند  ، خانی ، زراری  ، کلاشکەر  ، قەرەج  ، قاپقاسی  ، .......... سەرەڕای ئەوانە هەرکی وزێبار و سورچی تێداهەنە پێکهاتەیەکی ئالۆزەو  بەخزمایەتی تێکچەقینە ئەوانە بەشانازیەوە هەموویان دەڵێن ئێمە گۆرانین لە دەڤەری گۆران دەژین ، واتا گۆران

عەشیرەت نیە لەعەشیرەت گەورەترە بەلکو نەتەوەیەکی گەورەنە هەموویان لە ژیر خیوەتی ناوی گۆران یە ئاشتیانە پێکەوە دەژین .

گرد بونەوەی ئەو تیرەو  بەرەبابە جۆراو جۆرانە لەیەك دەڤەردا بێ گومان دەبێتە مایەی دەولەمەندی کەلتوور و ئەدەبی زارەکی و داب ونەریتی  کوردەواری  ،  دیالێکتی زارگۆتنی زمانی کوردی جۆراوجۆری تێدایە  ،   گوێ  بیستی ووشەی  رەسەنی کوردی دەبیت  ، ئەو دەڤەرە زەمینەیەکی گونجاوە بۆ کۆکردنەوەی بابەتی سەر زاران و پەیڤی رەسەن  کەدەبێتە کەرستەیەکی موکوم  بۆ پێك هێنانی زمانی ستاندەری یەکگرتوی کوردی  .  شێوەی  ئاخافتنی گۆرانەتی لە دیالێکتی سوارنی نزیکە چونکە زۆربەی بەرە باب و تیرەکان لەسۆران هاتوونە لێرە ئاکنجی بونە ، دانیشتوانی دەڤەری گۆرانەتی  لەهەردوو زارگۆتنی  سۆاران وبادینان دەگەن  خەڵکەکەی بچێتە هەولێر  پێیان دەڵێن  ئێوە خەلکی بادینانن ،   ئەگەر بچنە  شاری دهۆك پێیان دبێژن هنگۆ خەڵکێ سۆرانن . لەهەردوو لابوونە ، دەتوانین بلێین زارگۆتنی گۆرانەتی زارگۆتنێکی سۆرمانجی یە(سۆران+کرمانجی) .

به ئومێدم ئەو کتێبە ببێتە فەرهەنگێکی بچووکی پێناسەو ناسنامەی مێژوویی دەڤەری گۆرانەتی .

**دانانی**

**یاسین حەسەن حوسێن گۆران**

**سەرپەرشتیاری پەروەردەیی /خانەنیش**

**سەنتەری قەزای  بەردەڕەش / ژ. موبایل٠٧٥٠٤٥٤٣٢٨٢**

# پەسند نامه

الحمدلله الذى علم الانسان ما لم يعلم ، واشهد ان لا اله الا الله وحده لا شريك له ، واشهد ان سەيدنا محەمەدا عبده ورسوله (صلى الله عليه وسلم) ومن تبعهم باحسان الى يوم الدين .
دوای خوێندنەوەی کتێبی (دەڤەری گۆرانەتی له بادینان) له نووسینی مامۆستا یاسین حەسەن حوسێن ، لەسەر داوای بەرێزی (تەڤرێزێك) بنووسم بۆ ئەو کتێبه.

بەراستی دەستخۆشی له مامۆستا (یاسین) دەکەم زۆر خۆی ماندوو کردیه بەو پەرتووکه بابەتی جۆراو جۆری له خۆگرتیه ، دەست و قەلەمی هەرساغ بێت بۆ خزمەتی مێژووی دەڤەری گۆرانەتی له بادینان ، مامۆستا یاسین ئەوه دەمێکه و له زووەوه خەریکه له گەڵ نووسین و پەرتووك دانان ، به تایبەتی بەم دووایيه پەرتووکی ناوبراوی نووسیوەو مێژوویێکی فراوانی قەزای بەردەڕەش و ناحیەکانی هەروەها یەکه کارگێرییەکانه دەڤەری گۆرانەتی له دەرەوەی قەزای بەردەڕەش لەخۆ دەگرێت ، پێناسەی گوندەکان و عەشیرەتەکانی گۆرانان و کەسایەتیه ناودارەکان و پیاوه ماقوله دیارییەکان تێداهاتیه ، هەروەها مێژووی زانایانی ئاینی دەڤەرەکه کەوا خاوەنی (حوجره)و (مەدرەسه ) بوونه زۆر فەقێ و قوتابیان پێگەیاندووه و فێری زانستی ئاینیان کردووه بۆ خزمەنی ئاینی ئیسلام ، هەندی له کەسایەتی نەوەی ساداتی پێغەمبەری(د . خ ) نووسیوه جێگای رێزو تەقدیر بوونه ، کەلتوری دەڤەری گۆرانەتی و ئەمانه هەمووی له خۆ دەگرێت . جا بێگومان مێژووی میللەت و گەڵ و نەتەوەی کورد زۆر گرنگه رووداو بەسەرهاتەکانی پێشوو تۆمار دەکات زۆر بەسووده بۆ جیلی ئێستاو داهاتوو ، له بارەی مێژوو هەندێ له ئەدیب و شاعیرانیش گوتوویانه :

مێژوو پاسەوانی گەڵ و خاکییەتی هەردەم له خزمەت نەنەوەکانییەتی
مێژوو وەك شاخه به دوژمن ناشکێ چەکێکی قورسه بەرگری ناکرێ
وەکو ئەستێره ئەدرەوشێتەوه دوژمن نایگاتێ بیکوژێنتەوه
مێژوو وەك دەریا پێشی ناگیرێ دوژمن نایگاتێ ڕێ لێیبگیرێ
گەڵ بەبێ مێژوو وەك نەبی وایه گەڵان نازانێ ئەو گەڵه له کیایه ★

★(له خەرمانی پڕ بەرەکەت له ژیاننامەی ڕابەری ئومەت) دەستنووسی مەلا عبدالرحمن تاها
وەکو تێست ئەم کتێبەم خوێندەوه جا ئومێدەوارم ئەم پەرتووکه بەلاْوبکرێتەوەو دوویاره له چاپ بدرێتەوه بۆ دەولەمەندکردنی پەرتووکخانەی کوردی ئیتر زۆر سوپاس .

مەلا عبدالرحمن مەلا تاها مەلا عبدالعزیز
ئیمام و ووتارخوێنی ناحیەی دارەتوو سەر به قەزای بەردەڕەش

# بەشی یەکەم

## بنەمای جوگرافیای دەڤەری گۆرانەتی:

**سنووری**

قەزای بەردەڕەش بەتایبەتی و دەڤەری گۆرانەتی بە گشتی، دەکەوێتە باشوری رۆژ هەڵاتی پارێزگای دهوك. سنوری جوگرافیای دەکەوێتە نێوان دوو رووبار ، لە رۆژ هەڵاتەوە زێی گەورە ، لە رۆژئاواوی ڕووباری خازر و لقی گۆمل و قەزای شێخان ، شوێنێکی ستراتیژی هەیە رێگاکانی سەرەکی نێوان دهۆك ، هەولێر ، ئاکرێ و موسل ، بازنە ئاسا پێکەوەیان دەبەستێتەوە ، پشتی زورگەو پێشی پانتایی دەشتی ناوکوڕە ، باکووری گوندەکانی سەریە ناحیەی گردەسێن، باشووری دەڤەری گۆرانەتی چیا زەردك تاکو دەگاتە (مەخلەت) ئاوی زێ و خازر خۆیان لێك دەدەن لە نزیك گوندی وەردەك ، دەڤەری گۆرانەتی هێڵی هاتووچۆی نێودەولەتیە رێگای ئەوروپا بۆ کوردستان بە ناوتورکیا دێت بە دەڤەری گۆرانەتی تێدەپەرێت بەرەو ناوەڕاست و باشووری عیراق ، هەروەها هێڵی بۆڕی نەفتی کوردستان بە ناوخاکی دەڤەری گۆرانەتی تێدەپەرێت بەرەو بەندەری جیهان لە تورکیا.

**ـ شوێنی ئەسترۆنۆمی قەزای بەردەڕەش :**

قەزای بەردەڕەش رووبەرەکەی١١٣٣کم٢ ، بە رێژە ٥، ١٠٪ رووبەری گشتی پارێزگای دهۆك پێکدەهینێت ، دەکەوێتە سەر هێڵی درێژی( ٤٣ ، ٤٤ ، ٤٥ )پلەی رۆژهەڵات و بازنەی پانی (٣٦ ، ٣٨، ٣٩)پلەی باکوور ، بەشێوەیەکی گشتی کەش و هەوای لە جۆری ئاو و هەوای دەریای ناوەڕاستی سپی کاردەکاتە سەرکوردستان ، ئەوەش دەبێتە دروستبوونی جیاوازیپلەی گەرما لە زستان و هاویندا ، لەهاویندا بەرزترین پلەی گەرما لە مانکی تەمووز و ئاب پلەی گەرمی دەگاتە(٤١ ـ ٤٧)° ، لە وەرزی زستان نزمترین رێژەی پلەی سەرما لە کانونی یەکەم و کانونی دووەم دەگاتە(٢، تاکو ٤ژێرسفر)° ، رێژەی باران بارین لە مانگەکانی تەمووز و ئاب(٠) سفرە ، لە مانگەکانی کانونی یەکەم و کانونی دووەم رێژەی باران بارین دەگاتە(٧٩ـ٩٤) ملم باران دەبارێت ، سەنتەری قەزای بەردەڕەش (٣٧٦) مەتر بەرزە لە سەر ئاستی دەریا قەزای بەردەڕەش لەنێوان (٣٥٠ تا ٣٩٠ )مەتر لەسەر ئاستی دەریا بەرزە . رێژە زورگی بەردەسۆرو زنجیرە چیای ئاکرێ وشۆش و شەرمن و باکورمان و چیا پانکە دەکەونە باکووری دەشتی ناوکوڕ ، چیای مەقلوب دەکەوێتە رۆژئاوای ، هەروەها چیا زەردك دەکەوێتە باشووری قەزای بەردەڕەش، ئەوانە هەمووی کاردەکەنە سەر کەشوهەواو و رێژەی باران بارین . شوێنی ئەسترۆنۆیی دەڤەری گۆرانەتی دەکەوێتە نێوان بازنەکانی ( ٤٣ ، ٣٠ تا ٤٣ ، ٣٨) رۆژهەڵاتی

گۆی زەوی، مەبەست لە شوێنی ئەسترۆنۆمی  بریتیە لە دیاریکردنی شوێنی دەولەتێك یان ناوچەیەك بە پێی هێلەکانی درێژی و بازنەکانی پانی ،   دیاری کردنی شوێن تایبەتمەندی گرنگی هەیە بۆ دیاریکردنی چالاکییەکانی  ژیان . [١]

## دانیشتووانی قەزای  بەردەڕەش :

ژمارەی دانیشتوانی زیاتر لە(١٦٥ ) سەدوشێست وپێنج  هەزار کەس دەبێت ، رووبەری گشتی قەزای  بەردەڕەش  لەگەڵ هەرسێ ناحیەی(کەڵەك ،  دارەتوو ،  رۆڤیا) دەکاتە (٨٨٥) کم[٢] دەبیتە (٣٩٩,٢٠٠ )دۆنم زەوی ، کوردی سونەن ، لە سەدا ٩٧٪ لە قەبیلەی گۆرانن ، گوندنشینی زیاترە لە شارنشین ، سەنتەری قەزا بە شارنشین هەژمار دەکرێت ، بەلاّم ئەویش وەکو گوندێکی پێشکەفتییە. داب ونەریتی کوردەواری خەسلەتی عەشاییری زاڵە بەسەر شێوازو رفتاری دانیشتوانی.[٢] رێژەی  هەرە زۆری دانیشتووانی قەزای  بەردەڕەش  خەڵکی گوندەکانن لە خشتەی خوارەوە بەدیاردەکەوێت: [٣]

| ز | ساڵ | شارنشین | رێژەی ٪ | گوندنشین | رێژەی ٪ |
|---|---|---|---|---|---|
| ١ | ١٩٧٥ | ٥٥٠ | ٣,٤ | ١٥٥٩١ | ٪٩٦ |
| ٢ | ١٩٧٧ | ١٥٣٩ | ٥ | ٢٦٦٩٨ | ٪٩٤ |
| ٣ | ١٩٨٧ | ٤٥٧١ | ١٢ | ٣٣٦٦٢ | ٪٨٨ |
| ٤ | ٢٠٠٠ | ٩٣٢٣ | ١٦ | ٤٨٩٧٥ | ٪٨٤ |
| ٥ | ٢٠٠٩ | ١٢٧٦٨ | ١٦ | ٦٧١٠٣ | ٪٧٨ |

## شوێن و شێوەو پێکهاتەی ئەو دەڤەرە :

**باکور** : قەزای ئاکرێ ومرێبا و  قەزای شێخان .

**رۆژهەڵات:**  قەزای ئاکرێ و زێی گەورە.ئەوبەری زێی گەورە ناحیەی خەباتە ،  **رۆژئاوای** : قەزای شێخان و ڕووباری خازر و قەزای حمدانیە . **باشور** : چیازەردك و بەرتڵە سەربە پارێزگای موسلن .  رووبەری شێوەی گشتی دەڤەری گۆرانەتی لە شێوەی سێگۆشەییە بنکەی لە باکوورە و سەری سێگۆشە بەلای باشوورە.  بە گشتی دەڤەری گۆرانەتی لە چار ناوچەی سەرەکی پێکهاتووە ، ( دەشتی ناوکوڕ  ، بەربنی  ،  ناوچەی بۆتان  ،  چیای مەقلوب) . [٤]

---


١ــ پ.د.نەشوان هروری زانکۆیادهۆکـ کولیژی زانستی مرۆڤایەتی.

٢ــ یاسین حسن گۆران ، گۆران لە نێوان زێی بادینان و ڕووباری خازر ، چاپی یەکەم ، هەولێر ، ٢٠١٤ ، ل٣٧.

٣ــ سەرژمێرو هەڵسەنگاندنی ئاکنجیێن  پارێزگای دهۆك ،رێژەی(٪) گۆڕین و تێکرای زێدەبوونی ساڵانەی قەزای بەردەڕەش /دهۆك لەساڵی ١٩٧٥تاکو٢٠٠٩

٤ــیاسین حسن گۆران ، گۆران لە نێوان زێی بادینان و ڕووباری خازر ، ل١٠٨

دەڵێت:( کەچی بەشێکی زۆری زەوییەکانی لادێی (عشائرالسبعه) دەشتایین یاخود هەورازی و نشێوییەکی کەمیان تێدایە   ،   بریتین لە خاك و گڵێکی رووت و زۆر کەم بەردی تێدادەبینێت . ئەوەندە هەیە ئەم جۆرە زەویانە کە بریتین لە گڵ کەم ئاون ، کەواتە چارە ئەوە کە ترۆمپای ئاوهەڵکێشان بەکار بهێنرێن بۆ ئەوەی تێروتەسەل لە ئاوی رووبارەکانی (زێی گەورە)و (خازر)ئەو زەویە دەشتاییانە ئاوبدرێن).[٥]




٥ ــ شاکر فتاح لە کتێبی خۆی ژمارە (٣) ، ئاکرێ لە ساڵی ١٩٥١ــ لاپەرە (١٩)

# باسی یەکەم

## پانتایی زەوییەکـــانی دەڤـــەری گۆرانەتی:

## دەڤەری گۆرانەتی لە چوار بەش پێکهاتووە :

١ ـ مله زورگی بەربنی

٢ ـ دەشتی ناوکوڕ

٣ـ زورگەکانی ناوچەی بۆتان

٤ ـ چیای مەقلوب.

## ١ ـ ملەزورگی ڕێزە گوندی بەربنی:

(رێی ســـەری) ی پێدەگۆترێت ، درێژییەکەی نزیکەی ٢٠کم دەبێت لە قوین قەلەمۆکی ڕۆژهەڵاتی ئاوی خازر ، لە راســـت گوندی کانیلان دەســـتپێدەکات بەرەو رۆژئاوا تاکو دەگاتە کەورقەلأنی گوندی دالەڕێ لە ســەر زێی بادینان ، دەربارەی بەرهەمی کشـتوکاڵی ئەو دەڤەرە پێویســتی بە باران بارینێکی مام ناوەندی هەیە و ســروشــتی زەویەکەی لە زورگ و دەشــتایی (نەرمە زورگ) پێکهاتووە. خاکەکەی زیاتر ســـۆرەبانە ، لە باکورەوە دەکەوێتە نێوان زورگی بەربنی و هەروەها دەشتی ناوکوڕ دەکەوێتە باشووری ڕێزە گوندی بەربنی ، کە بە رێی سەری یان مڵە زوورگی ڕێزە گوندی بەربنی دەناســرێ. بە شـــێوەیەکی گشـــتی دەڤەری گۆرانەتی وقەزای بەردەڕەش چـــونکە خاوەنی ئەو ســـێ شـــوێنەیە کە خوای گەورە پێی بەخشـــیوە ، بەرهەمی جۆراو جۆری کشتوکاڵی بەرهەم دەهێنێت و هەر دەڤەرێك تایبەتمەندی خۆی هەیە تێکڕای رووبەری یەکە کارگێرییەکانی قەزای بەردەڕەش ( ٣٩٩,٢٠٠ ) دۆنمە. [٦]

زانینی کەش و هەوا نا سی لە ناو کوردواریدا زێدە گرنگی پێ دەدرێت چونکە کاریگەرییەکی تەواو دەکاتە سەر ژیانی رۆژانەیان بە تایبەتی لە کاری کشتوکاڵ و بەخێوکردنی مەڕ و ماڵت. دەڤەری گۆرانەتی پانتاییەکی گەورەی لە دە شت و ملە زورگ بەخۆیەوە گرتووە ، رێژەی باران بارین لەو دەڤەرە ســـاڵانە دەگاتە ( ٤٠٠ ملم ) . باو باپیران دەڵێن ( ئەگەر هات بای ســـۆران هەڵكێشــە كالك و گۆران ، ئەگەر هات بای بادینان خۆ بکوتنە ناو کادینان ) ئەو دوو پەندە لە دەڤەری گۆرانەتی دەگوترین با لەلای ســـۆران بێت کەش و هەوا خۆش دەبیت بەلأم لە وەرزی زستان هەوای بادینان بۆ سەر دەڤەری گورانەتی بێت باو و باران و بەفری لەگەڵ دێت . [٧]

---

٦ ــ چاوپێکەوتن لەگەڵ بەرێوەبەرەکانی شارەوانی و کشتوکاڵی ناحیەکانی سەر بە قەزای بەردەڕەش لەگەڵ هەندێ ئەندازیاری بەرێز لە سنووری قەزا .

٧ ــ یاسین حسن گۆران ، گۆران لە نێوان زێی بادینان و ڕووباری خازر ، ل٥٢

بەرزی ئەم ناوچەیە لە نێوان (٤٠٠ تا١٠٠٠م)دایە لەسەر ئاستی ڕووی دەریا بەرزترە ، خەسلەتی دیاری کراوی ناوچەکە بلاوبوونەوەی گردەکان کەئەمەش پابەندە بەجۆراو جۆری پلەی داماڵین لەناوچەکەدا ، ئەم چالاکی داماڵینەش بەستراوەتەوە بە ڕێڕەوی ئاوی باران ، ئاوی زورگەکانی بەربنی لە باشوور بەرەو باکور بۆ دەشتی ناوکوڕ دەڕات دەڕژێتە ناو جۆمەکان و قوڕبەگ لەوێوە هەندێکیان بەرەو زێی بادینان و ئاوی خازر دەڕوات ، لە ڕۆژئاوا بۆ ڕۆژهەڵاتو بە پێچەوانەوە. پێکهاتەکانی سروشتی بەشێوەیەکی گشتی:

## أ ـ زورگەکان:

رووبەرێکی گەورە داگیردەکەن لە کۆی رووبەری گشتی دەڤەری گۆرانەتی دەتوانین بڵێین لە ٤٠٪ زیاترە. گردەکان بەشێوەی زنجیرە درێژ دەبنەوە ، ملە زورگی بەربنی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا لە گەڵ زورگەکانی ناوچەی بۆتان هەموویان دەکەونە باشووری دەڤەری گۆرانەتی دەتوانین بە هەندێك لەو گردانە بڵێین بان ، چونکە لوتکەکانیان تا ڕادەیەك رووبەرێکی فراوانیان هەیە کە زیاتر بەکاردێت بۆ کاری کشتوکاڵی گەنم و جۆی تێدا دەچێنن

## ب ـ دۆل و شیوەکان:

دۆل و شیوەکان زۆرن کەوتوونەتە ناو دەقی زورگ و بانەکان ، بەهۆی زۆر بارانبارین و کرداری داماڵینەوە دروست بوونە. ئەم دۆڵ و شیوانە شوێنێکی زۆر گرنگن بۆ لەوەڕاندنی ئاژەلەکان کە تا ڕادەیەك دەولەمەندە بە گژوگیا و ئاوی کانیاوەکان. بۆیە ئەمانەش گرنگی تایبەتی خۆیان هەیە بۆ دانیشتوانی گوندەکانی تێدا ئاکنجین .

**٢ـ دەشتی ناوکوڕ: دەشت:** دەشتی ناوکوڕ بە ناوبانگترین دەشتە بۆ کاری کشتوکاڵی ، خاکێکی بە پیت و بەرەکەتی هەیە بۆ چاندنی دانەوێلەی دێمی و ئاوی بە تایبەتی گەنم و جۆو نیسك وپاقلەو نیسك بە کەمترین باران باشترین جۆری دانەوێلە بەرهەم دێت ، ئەگەر زۆر باران بباڕێت جاری وا هەیە چەند هەفتەیەك دەرفەت نیە جۆتیار تۆی خۆی بچێنێت ، بارانێکی کەمی دەوێت ، ئەگەر بە زۆری باران بباڕێت دەغلودان دەخنکێت و زەرد هەڵدەگەرێت و بەرهەمی کەم دەبێت ، لە سەرانسەری دەشتی ناوکوڕ بە دەکمەن بەرد بەرچاو دەکەوێت ، هەروەها زۆر لە بارە بۆ چاندنی شینایی و بەروبوومی ئاوی. سەرەڕای هەندێ زۆر بیری ئیرتوازی لێدرایە تاکو ساڵی ٢٠٢٠ژمارەیان دەگاتە (٦١٩) بیری ئیرتوازی لەوانە (٤٦) بیر لە کار کەوتوون هەندێکیان سەر بەخۆ ئاو لەبەر دەڕوات هەندێکیان بە تەزووی کارەبا کاردەکەن ، شینایی لەبەر دەکرێت وەکو :برنج ، پەتاتە ، تەماتە ، خەیار... هتد . [٨]

---

٨ـ بەرێوەبەرایەتی چاندنی کشتوکاڵی بەردەڕەش / بەشی ئامار

لە لای باکووری زنجیرە چیای ئاکرێ و باکورمانە ، رۆژهەڵاتی ملەزورگی بەردەسۆر و زێی بادینانە ، لای باشووری ملە زۆرگی بەربنیانە بە (رێی سەری) دەناسرێت ، لای رۆژئاوای قەزای شێخانە گرێدراوە بە دەشتی باعەدرێ ، لە شێوەی سێگوشەیە بنکەی لای باکورە سەری دەکەوێتە باشوور بەدرێژەایی ٣٧کم درێژدەبیت ، رووبەری دەشتی ناوکوڕ ١٦٤٥کم٢ دەبیت ، بەرزییەکەی لە باکوور ٦٥٠م دەبیت لە باشوور دەگاتە ٣٠٠ م لەسەرئاستی دەریا. دەشتێکە گونجاو ترین و لەبارترین شوێنە بۆ سەرکەوتنی بەرهەمی کشتوکاڵی ، چونکە تەختایی زەوی کشتوکاڵی بە پیت و بەرەکەت گرنگترین مەرجە بۆ سەرکەوتنی پیشەی کشتوکاڵی ، زەوی دەشتایی تەخت بە کەمی توشی راماڵین و داماڵین دەبێت هەروەها ئەستوورییەکەی توانای لە خۆگرتنی ئاوی هەیە ، رەگی رووەك باشتر خۆی لە ناخی زەوی دەچەسپێنێت ، ئامێرە کشتوکاڵییەکان بەبێ ئاستەنگ کار دەکەن ، خاکێکی گونجاوە بۆ دامەزراندنی پرۆژەی گەورەو سیستەمی ئاودێری باش ، دەشتەکان بە هۆی تەختاییەوە هاتوچۆی تێدا ئاسانە. بە پێچەوانەی ناوچە شاخاوییەکانە ، جۆتیار بە ئاسانی کاری کشتوکاڵی تێدا ئەنجامدەدات. دەشتی ناوکوڕ دەشتێکی پان و بەرینی پڕ بە پیت و بەرەکەتە ، خاکێکی رەشی ئاو هەڵگری هەیە ، ئەگەر رێژەیەکی زێدەبارانی لێبباریت دەبێتە زەنەك و دەغل ودانی زەرد هەڵدەگەرێت و دەخنکێ. دەشتی ناوکوڕ زیاتر لە ١٠٠ سەد گوندی بەخۆیەوە گرتیە ، گوندێ هەرێ بچووکی ٥٠ ماڵ دەبێت ، لەگەڵ دوو کۆمەڵگەی گەورە (چرە و کەڵەکچی)ین ، دەشتێکی پانو بەرینی پڕ پیتو بەرەکەتە ، خاکێکی رەشی ئاو هەڵگری بەپێزی هەیە .

لە کۆنەوە زستانان زۆر باران بباری مرۆڤــ نە بەپیادە ونە بە سواری نەشێت تێدا بڕوات. لە کاتی زستان هاتبایە پەیوەندی لە نێوان گوندەکانی ناو دەشتی ناوکوڕ دەپچراو هاتووچۆ نەدەما ، لەبەر زۆری قوڕ ، لە ئەسلدا دەشتی (ناوقوڕە) ، بەلاّم بوویتە دەشتی ناوکوڕ ، لە هەندی ناوچە بە ( قوڕ ) دەڵێن ( کوڕ) دەشتی ناوکوڕ پێناسەیە بۆ دەڤەری گۆرانەتی ، هەر بلێی لەدەشتی ناوکوڕ دەژیم. لێت دەپرسن ئەتۆ گۆرانی؟

دەشتی ناوکوڕ بە ( المرج ) هاتووەو دەڵێت: ناوچەی مێرگ بەسریانی (مرگا)بە عەرەبی (مرج)ی پێدەگۆترێ ئەو ناچەیە لەشێوەی سێگۆشەیەکی دوولا یەکسانەو بنکەکەی لەباکوورە ، سەری دەکەوێتە باشوور ، خالی تێکەڵ بوونی ئاوی خازرە لەگەڵ ئاوی زێێ گەورە ، سنووری رۆژهەڵێتی ئەو ناوچە دەشتاییە رووباری زێی گەورەیە، رۆژئاوای رووباری خازرو لقی گۆمەرە بەمێرگ ناوبرایە چونکە خاکەکی بەپیتو بەرەکەتو ئاوەکی زۆری تێدایە .[9]

9ـــ (تۆما اسقف )لەکتێبی (کتاب الروساء ) لاپەرە (١١)

هەروەها لەکتێبی **(الاكراد في الكتب البلدانيين والرحاله المسلمين)**

دانانی مێژوو نووسی کورد مامۆستا زوبێر بلال اسماعیل تێدا هاتووە: " ناوچەیەکی پانو بەرینە ، ئاوایی زۆری تێدایە ، پڕە لەدانیشتووان ، کاری سەرەکیان بەخێوکردنی مەڕو ماڵتو چێل و کاری کشتوکاڵیە. رەزو باغیان هەیە ، دەشتێکی بەرینی پڕ پیت و بەرەکەتە بە دۆلی مێرگ (مرج) ناو دەبرێت باژێرەك تێدایە بەبازاڕی یەك شەممە بەناوبانگە چەند بازاڕی تری تێدایە ، لەکاتو ساتی دیاری کراو کڕینو فرۆشتنی تێدا ئەنجام دەدرەێت ، بەرهەمی کشتوکاڵی وسپیاتی لەوێندەرێ پێك دەگۆڕنەوە ، یان بەپارە دەهاتە قەرِستاندن ، زۆربەی بازرگان وکاروانچییەکان کوردو ئاکرەیی بوون"

بیری ئیرتیوازی زۆری تێدا لێدرایە ، زۆر بەیان سەربەخۆ ئاوی لەبەردەڕوات جگە لەسەدان بیری سەرعەرد پەتاتەو برنج و کونجیو شینایی تری لەبەر دەکڕین. لەبەر پیتو بەرەکەتی ئەودەشتەیە، خەڵکانی تر کێشەیان بۆ دانیشتووانی دروست دەکرد. بەچاوی هەڵپەرکاری(تەماع) تەماشایان دەکرد. لەسەرەتاکانی سەدەی بیستەم چەند ماڵە دەوڵەمەندی موسلاوی وەکو خانەوادەی (عومەڕی ، توحەلە ، عەباوی ، چادرچی ، سابونچی ، نایف هەواس ، سیالە و کەشمولە .. هتد). مولکیان لەگوندەکانی گۆرانەتی کڕیبوو.

## جیولۆژیای دەشتی ناوکوڕ و پێکهاتەی دەشتەکانی کوردستان:

پێکهاتنی خاکی کوردستان دەگەڕێتەوە بۆ پێش (٦ر٤ ـ ٧ر٤) ملیار ساڵ ، بەلاّم مێژووی خوێندنی جیولوژی بۆ (٨ر٣) ملیار ساڵ دەگەڕێتەوە. بەدرێژایی ئەو مێژووە خاکی کوردستان تووشی چەندەها هەژیانی گەورە گەورە بووە. لێك ترازانو گۆڕانی بەسەر داهاتیە. (مۆرفۆلوژیای) جۆراو جۆر تووشی خاك وعەردی کوردستان هاتیە. دیسان لەڕووی (بایۆجیوگرافی) ئاو و هەوا بەفرو باران ، ساردی و گەرمی تەختایی گۆڕیوە ،

بەری ٢٢٥-١٨٥ ملیۆن ساڵ گۆی زەوی لەچەند شوێن وجێگایان لێك بوویتەوە و کەڵەن و بۆشایی گەورەی لێ پەیدابووە ، لەئەنجامدا ئەقیانۆسی گەورە بەرپابووە؛ ئەوە لەچەرخی کاربۆنی تاکوچەرخی البرمی کەزۆربەی ناوچەکانی باکووری رۆژهەڵێتو باکووری رۆژئاوای ئاسیای گرتبۆوە ، خاکی کوردستان بەبەرئەو گۆڕانکاریە کەفتبوو ، ئەو ئاوە گەورەیە بەدەریای تیش Tethys sea ناودەبرا. بەردێژایی وەخت ژێری ئەو دەریایە نیشتەوە قەپاغەکی بەردینی لەژێرەوەی خۆی دروست کردبوو ، لەدوای کشانەوەی ئاوی ئەو دەریایە بەرەو باشوور دەشتەکانی کوردستان پەیدا بوو ، لەسەردەمی ئەو دەریایە چیاکانی (شنگار) مەکحول ، ئاکرێ ، مەقلوب قەرەچۆغ حەمرین، کفری) لووتکەی ئەو چیایانە وەکو دوورگەیەك لەناو ئاو دیاربوون. لەسەرەتای چەرخی اولیجوسین (Oligocene) ئاوی ئەو ئۆقیانووسە بەرەو پاش گەڕایەوە هێدی هێدی دامرکایەوەو چەند دەریای لێ دروست بوو وەکو دەریای رەش ، دەریای سپی ناوەڕاست ، لەگەڵ چەند کەنداوی تر. لەکاتی دامرکانی ئاوی ئۆقیانووسەکە بەردو زیخو قوڕو

گێچ لەبەرزاییەکان دای دەماڵیە ناو نەوراییەکان چینە تەختاییەکی بەردینی روختی پێك هێنا ، بەرە بەرە لەکاتی کشانەوەی ئاو لەنێوان چیاکانو زوورگە بەرزەکان ، بوونە دوای کشانەوەی ئاوەکان زیخو ولم پێ دەشتەکانی پڕ کردنەوەو دەشتی گەورە گەورەی لێ بەدووا کەوت وەکو دەشتەکانی (سێمێلو هەریرو شارەزوورو دەشتی ناوکوڕ. . . ) [10]

دەڵێن کەنداوی عەرەبی سەری لەزارگەڵی چیاکانی کوردستان بووە ، ئەنجاتۆفانی نووح پێغەمبەر ( سەلامی خوای لەسەر بێت) روویدایە ، مێژوویەکەی بۆ (٦٥٠٠) شەش هەزارو پێنج سەد ساڵ دەگەڕێتەوە نووح پێغەمبەر دوعای کرد (ربی انزلنی منزلا مبارکا). لەسەرچیای جودی لەکوردستانی تورکیا لەنگەری گرت ، یەکەم گوند لەدوای تۆفانی نووح گوندی هەشتکانە لەبناری چیای جودی لە هەشتا کەسەکەی ناوکەشتی نووح هاتیە ، ئەنجا شارێکیان دامەزراند بەناوی شاری نووح واتا شاری نووێ کە شاری نووح دەکات ئەویش (شارنەخ)ی ئێستایە کەبە شەڕنەخ ناو دەبرێت.هیچ شكو گومان نەما شارستانیەتی نوێی ئادەمیزاد لەچیاکانی کوردستان دەستی پێکردووە ، قەوم و نەتەوەکانی تر دەست وپێی میڵلەتی کوردن.جیولوجیای کوردستان بابەتێکی ئاڵۆزو تێك چەقیووە ، لێرەئەوەی مەبەستمانە جیولۆجیای پێکهاتەی دەشتەکانی کوردستانە بەتایبەتی. [11]

**- ستراتیژییەتی دەشتی ناوکوڕ:** دەشتی ناوکوڕ پێدەشتی زنجیرە چیاکانی ئاکرێ و باکورمان چیاپانکەیە ، شوێنەکەی بازنە بەندە دەڤەری بادینان بەدەڤەری سۆران دەبەستێتەوە. دەشتی ناوکوڕ کەدەکەوێتە نێوان ئاوی زێی بادینانو ڕووباری خازردا، بەلای رۆژئاوای دەشتی ناوکوڕ دەشتی پاپایە سەربەیەکەوەیە ؛ پێك دەچن هەر لەسەردەمی چاخە کۆنەکان تاکو ئەمڕۆ رێگای دەربازبوون وهاتووچۆی سەربازی بازرگانی بووە ، بەتایبەتی بگرە هەر لەچەرخی هەردوو امبراتورییەتی ماددو ئاشوورییەکان ، هەر وەها رێگای ستراتیژیەتی هاتووچۆی ئیمبراتۆرییەتی فارسی و یۆنانی بوو ، چونکە توژینەوەی مێژوویی وایبۆ دەچن ، گردە دەست کردەکانی ناو دەشتی ناوکوڕ بۆسەردەمی ئاشورییەکان و مەلیك ئەسکەندەری مەقدۆنی دەگەڕێتەوە ، پشتیوان بەخوا لەداهاتوو باسی لێوەدەکەین .

لەکۆنەوە دەشتی ناوکوڕ بەرێگای مەلیکان ناودەبرا چونکە مەلیكو پاشاو شاە و میرەکان هەریەکە لەسەردەمی خۆیدا تێدا تێپەڕینە چ بۆ مەبەستی سەردانی یەکتری یان لەگەڵ لەشکری خۆیان بەرەو گۆڕەپانی شەڕگەکان تێدا رۆیشتوونە ، دەشتی ناوکوڕ لەشێنەیو ئاشتیدا بەردەوام وەکو دەرگای کاروان سەرای تێپەڕ بوونی قافلەو بازرگانان بووە ، لەو شوێنە پێك گەیشتوونە و تێدا بەرەو شوێنی خۆیان رۆیشتینە. بازرگانی شامو یەمەن بەو دەشتە تێپەڕینە بەرەو فارسو

١٠ ــ الهاشمي ــ جوگرافيه العراق ــ بغداد ١٩٣٨ صفحه ١٨

١١ــ ياسين حسن گۆران ، گۆران لە نێوان زێی بادینان و ڕووباری خازر ، چاپی یەکەم ، چاخانەی منارە هەولێر ، ٢٠١٤ ، ل٥٣ ، لە کتێبی شاکر خەصباك وەرگیراوە .

پاکستان ،   بازرگانانی شەمدینان‌و برادۆستی بەو دەشتە تێپەڕینە بۆ بازاڕی موصل هەروەها کاروانچیانی ئامێدی‌و زاخۆو ئەلقوش بەدەشتی ناوکوڕ تیپەڕینە بەرەو بازاڕی عەزەو قۆنیا لەهەولێر کەل‌و پەلی خۆیان پێك گۆڕیتەوە یان بەپارەی سەردەم فەرساندیتیان. چونکە ڕێگاو بانی ناو دەڤی چیاکان لەبەر دزو جەردە مەترسەیدار بووە .

دوای راپەڕینی گەلی کوردستان لەبەهاری ١٩٩١ ڕێگای هاتووچۆی دەشتی ناوکوڕ دیسان بەگڕکەوتەوە. کەش‌و هەوای دەشتی ناوکوڕ دەکەوێتە نێوان کەش‌و هەوای چیاکان‌و زورگەکان ، هەوای لەبارە بۆ بەرهەمهێنانی  کشتوکاڵی وبەخێوکردنی مەڕ و  ماڵت ، ڕێژەی باران بارینی ساڵانە دەکاتە ٤٠٠ملم ، لەبەر گرنگی دەشتی ناوکوڕ کابینەی چوارەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەساڵی ٢٠٠١ بڕیاریدا ڕێگای گشتی ( هەولێر ـ دهۆك ) بەدەشتی بەرانەتی تێپەڕیت لەگوندی ئیفرازی گۆپالی سەرزێی بادینان بپەڕێتەوە ناو دەشتی ناوکوڕ ، ئەو پرۆژە گۆڕا ڕێگای هەولێر بۆ دهۆك  هاتە گوندی چەمە.  لەراستی ناحیەی رۆڤیا کەسەنتەری دەشتی ناوکوڕ لەگەڵ  جادەی دهۆك ببەسترێتەوە ، ئەوەش ١٠٠ کم درێژی ڕێگا کورت دەکاتەوە لەگەڵ ڕێگای قەندیل. ئەمساڵ جادەی ستراتیژی لە پردی چەمە تاکو گوندی سیگردك درێژی ١٧ هەڤدە کیلۆمەترە  ،   لە ڕۆژی ٥ / ٢ / ٢٠٢٠ تەواو بوو،  ئەو ڕێگایە لە ٢٠٢٢بە فەرمی کرایەوە.

لەکۆنەوە دەشتی ناوکوڕ هەمووی زلکاوو دەحل و دڕی‌و بیشەلان بووە ، گیانلەبەری زیان بەخش تێدا ژیاوە ،  بگرە هەر لەپێشوولەی تاکو دەگاتە دڕندەو دەعبای گەورە ، لەبەر هەندێ لەسەردەمی دەسەڵاتداری حەزرەتی سلیمان پێغەمبەر ئەو دەشتەی وەکو زیندانی بەکار هێنابوو ، هەر کەسێك چ لە ئینس‌و جن و باڵندە سەرپێچی فەرمانیان بکردابایە دەیهاویشتە ناو ئەو دەشتە خوای گەورە فەرموویەتی (وحشر لسليمان جنوده من الجن والانس والطير فهم يوزعون) (٢ ) [12]
.

لەهەر چوار  لای دەشتی ناوکوڕ بەرزایی زوورگ‌و چیا هەیە وەکو ڕووانگە بەکارهاتووە بۆ چاودێری زیندانیان. ئەو دەشتە لەسەر دەمی چاخە کۆنەکان تاکو ئەمڕۆ  ڕێگای دەربازبوون و هاتووچۆی سەربازی و بارزرگانی بووە ، بە تایبەتی لە چەرخی هەردوو ئیمبراتۆرییەتی ماد و ئاشوریەکان هەروەها ڕێگای ستراتیژی ئیمبراتۆرییەتی فارسی و یۆنانی بووە ، چونکە تۆژینەوەی مێژوویی وای بۆ دەچن گردە  دەستکردەکانی ناو دەشتی ناوکوڕ لەسەر دەمی ئەسکەندەری مەقدۆنی دروست کراوە. کاروانچیانی ئامێدی و زاخو و ئەلقوش بە دەڤەری گۆرانەتی  تێپەڕینە بەرەو بازارەکانی هەولێر. دەشتی ناوکوڕ کەش و هەوای زۆر لەبارە ، بۆ چاندنی بەربوومی

---

١٢ـ قورئانی پیرۆز ، سوورەتی (النمل ) ئایەتی (١٧).

کشتوکاڵی لە هەردوو دەڤەری بەربنی و بۆتان دەولەمەندترە ، چونکە بە بارانێکی کەم بەرهەمی کشتوکاڵی لێ پەیدا دەبیت ،  باب و باپیران لە کۆنەوە گوتوویانە

( ئەگەر ساڵ حیشکە  ، ناوکورٍ سەر پشکە ، بەلاٚم زەوال مشکە ) . [١٣]

٣ ـــ **ناوچەی  بۆتان** :  ئەو دەڤەرە سروشتەکەی نەرمەو زورگ و بەردەلانە بۆ بەرهەمی کشتوکاڵی لە چاو دەشتی ناوکورٍ پێویستی بە زیاتر باران هەیە ، خەڵکەکە جکە لە کشتوکاڵ مەرٍ و ماڵتیش بە خێو دەکەن و ژمارەی  بیری ئیرتوازی لەو دەڤەرە زۆر کەمە.

دەڤەری بۆتان خاکێکی سێلەکی هەیە ، بە پێی حەسێباتی کوردەواری (١٠) رۆژ حەسێباتی زستان و هاوین زووتر دەست پێدەکات ، لەبەر ئەوەی شوێنەکەی بەربەرۆژە و گوتمان خاکی زیخەلان وسووکە ، قەزای بەردەرٍەش سالاٚنە لە بەروبوومی کشتوکاڵی بێ بەش نابێت ، ئەگەر ساڵەور بێت واتە کەم باران بباریت ، دەشت بەرهەمی دەبێت بەلاٚم کشتوکاڵی زورگەکانی ناوچەی بۆتان برٍی کەمتر دەبێت ، بەلاٚم ئەگەر ساڵ بەباران بێت کشتوکاڵی دەشت دەخنکێت و زوورگەکانی بۆتان دەغل و دانی باش دەبێت.

## ٤ـ چیای مەقلوب:



چیایەکی بەتنێیە ، دەکەوێتە رۆژهەلاٚتی شاری موسل بەدووری (٣٢) سیو دوو کیلۆمەتر ، بڵندیەکەی (١٠٥٧) مەتر لەسەر ئاستی دەریا بەرزە ، هەروەها دەکەفتە سنووری باشووری قەزای شێخان ، بە چیای مەقلوبی شێخان ناودەبرێ، ئەو گوندانەی دەکەونە دەوروبەری چیای مەقلوب ئەوانەن: لە بناری چیاکە لە رۆژهەڵات ئەم گوندانە لەخۆدەگرێت:  گوندی محمد رشان، گلەشین، نێچەیی ، بابا ، بەرازی . لە باکورەوە: هەردو و گوندی تاق و هەنجیرۆك.  لە رۆژئاواوە گوندی جێبرانە. لە باشورەوە گوندەکانی سێکانی و دووبەردان و مێرگ و مەغارە. چیاکە  چەندین  جۆر لە داری سروشتی تێدایە  وەك : دار بەروو ، دار دارەبەن (قەزوان،) دارسماق، گ یۆژ، هەلهەلۆك ،

---

١٣ ـــ لەزاری چەن رۆشنبیرێکی دەڤەری گۆرانەتی قەزای  بەردەرٍەش  وەرگیراوە .

قەرەڤاچ ، شەواشینك ، هەنجیری گەلی زهور، . هەر وەها چه ندان باڵندەی کێوی تێدایه وەك : کەو ، بلبل ، سوسك ، شالیل ، گۆشت خۆره کان. و ئاژەلەکانیش وەك: گورگ ، سیخور، کەفتیار ، چەقەل ، ڕێوی ، که ورێشك ....هتد.

گردەکان وەك: گردی بانەمیران درێژاییەکەی ٢کم له چیاکەوه بەلای رۆژهەلاتی تا سەر رووباری خازر، گردی قەڵاتی بابه له بناری چیای مەقلوبه له گوندی بابایه.

شیوێنەوارەکانی چیای مه قلوب، وەك: شونەواری دێرکۆخ، و شوێنەواری ئەشکەو تەکانی گەلی زەرتك ، که به چەندان دەستنوس و نوسرا وی وەك بزماری کۆن نوسراوه ولەسەروی دیواری ئەشکەوتەکه نەخشێنراوه. دانیشتووانی دەوروبەری چیای مەقلوب هەمووی له عەشیرەتی گۆرانن له ساڵی ١٩٧٥ گوندەکانی بناری چیای مەقلوب هەمووی هاتنه تەعریب کردن به زۆرەملێ گواسترانەوه بۆ هەردوو کۆمەلگەی کەلەکچی.

بۆ بەچیای مەقلوب ناودەبرێت ؟؟ :

یەکەم: ـ لەبەر ئەوەی زنجیره بەردەکانی ، تەختە شاخەکانی به شێوەیەکی سەربەرەو ژێر سەریان هەڵدایه ، واته تەختە شاخەکانی ئەو زنجیره چیایه بەوەلگەڕایی سەریان لەزەوی دەرهاتیه. لەبەر هەندێ وەلگەڕایی بەزمانی عەرەبی دەبێته مەقلوب ،

بۆچوونی دووەم: ـ هەر وەها زۆربەی هەره زۆری چیاکانی کوردستان شکێرکی واته لای هەرفتی دەکەوێته قیبلەی واته لای باشوور ، بەلاّم چیای مقلوب شکێرکی واته لای هەرفتی لای باکوره و پشتی له باشووره به پێچەوانەی چیاکانی کوردستان ، لەبەر هەندێ به چیای مقلوب ناودەبرێت ، له سەرچاوەکانی سریانی به چیای (ئەلفاف) ناودەبرێت ئەلفاف له زمانی سریانی بەمانای هەزار دێت، چونکه بەهەزاران ڕەبەن( روهبان) لەناو دێری چیای مەقلوب خواپەرستیان دەکرد، دێرێکی مەسیحی تێدایه به (دێر مارمتی) ناودەبرێت بۆیه چیای مەقلوب به چیای دێرمارمەتی ناودەبەن ، مەسیحیەکان دەلێن : ناوی (مەقبول) بووه گوایه مەقبول بویته مەقلوب لەو دێره دوعایان بکردبایه قەبوول دەبوو ، لەسەردەمەکانی پێشوو له هەرێمی کوردستانی عێراق (٣) سێ دێری بەناوبانگ هەبووه: دێری چیای مەقلوب بەپلەی یەکەم ، دێری ئامێدی بەپلەی دووەم ، دێری موغان له گوندی کەلّەدێری له ناحیەی گردەسێن له قەزای ئاکرێ بەپلەی سێیەم دەهات . چیای مەقلوب: گەورەترین چیای دەڤەری گۆرانەتییه ، دەکەوێته رۆژئاوای دەڤەری گۆرانەتی، ، گەلێك گردوگەلی وشوێنەوار و کا نی تێدایه ، وەك دێرمارمەتی دەکەوێته قیبلەی نیوەی بەرزایی چییاکه له ساڵی ٣٣٦ز نوژەنکرایتەوه ، شوێنێکی گەشتیارییه و ریگای دێر تا لوتکەی سەر چیای مەقلوب ڤیرتاوکراوه ، ئێستا لوتکەی چیاکه

بۆتە شوێنێکی گەشتیاری و گەشتیاران رووی لێدەکەن  بە مەبەستی  بەسەربردنی کاتە کانیان بە تایبەت  وەرزشوانانی پەڕەشوت لە بەرزایی  چییاکە خۆهەڵدەدەن.

**دۆڵ وگەڵییەکانی بناری چیای مەقلوب ئەوانەن :** ( دێرکۆخ ،  سابینە ،  کورتانە ، تودڕکە ، دووگەڵی ،  گەڵی زەردك ) (گەڵی لالە ئایشەو شورتە )سەر بە گوندی مەحمەد ڕەشانە  ( گەڵی ڕەش ) سەربەگوندی نێچەیی یە .  ( گەڵی زوغر ) سەربەگوندی بابایە.
گەڵی دێرکۆخ سەربە گوندی محمد رەشانە ، گەڵی زەرد  سەربەگوندی گلەشینە .

چەند گەلیەکی تریش لە خۆ دەگرێت وەك:  گەلی بەرازان ، پاوە ند  ، سندۆ ،  قۆتەل ، تاوکان  ، گەلی  پەز ، سڵاوگە ،  سورکە، ئایشە ، دووگەلیان  ،  کورتانە ، سابینە ، زەرتك ، گەلی زەرتك کانییەکی تێدایە  بە ناوی کانی زەرتك. لە  باشوری   چیاکەش  گەلی  درێژ،  گەلی کچکەلە،  قەرەقاچ  و کا نی   قەرەقاچ،  هەرفتە.  ئەشکەوتی ناقۆچا دەکەوێتە  ڕۆژئاوای دێرمارمەتی بە دووری ١٥٠م  ئە شکەوتێکی پانو  بەرینە کانی  ئا وی تێدایە .

**عەشیرەتەکانی بناری چیای مەقلوب پێکهاتووە  لە :**

١ـ (ئۆمەڕبل)ئۆمەڕی : نزیکەی ١٠ گوندە .  ٢ـ داوودی  ٣ گوند .  ٣ـ ڕۆژبیانی ٣ گوند .
٤ـ  گێژۆمووسەوی ٢ گوند .


شوێنەواری کردی کەندالێ سپی لە باشوری کوندی سێکانی کەورە

## چیا  زەرتك (زەردك):

دەکەوێتە باشوری ڕۆژئاوای دەڤەری گۆرانەتی، ناوی چیاکە  لە کانییەکی  ڕۆژئاوای چیاکە کانی زەرتك (عين الصفره) هەیە لەبەر هەندێ ناونراوە چیازەردك .ئەو کەسانەی توشی نەخۆشی پێست هاتوونە سەردانی دەکەن قوڕاوەکەی کانی زەرك بە گیانی خۆیان هەلدەسون پاشان خۆیان بە ئاوەکەی بسمیل دەکەن بۆ مەبەستی چاکبوونەوە لە نەخۆشیەکانی پێست . چیای زەردك  درێژاییەکەی نزیکەی ٨کم و پانیەکەشی ٣کم دەبێت. ڕووی  باکوری سەر بە ناحیەی  باشیکە و ڕووی باشوری سەر بە ناحیەی بەرتلەیە. لە باکورەوە گوندەکانی وەك: ئیسقۆف ، کانی کەوان،  شێخ شێلە ، باعەدرە لە  خۆدەگرێت. لە ڕووی باشورە وەش گوندی باسغرە، بازگرتان ، تەرجلە لە  خۆدەگرێت. چەندەها کارگەی کسل و  بەرد و گێچی تێدا یە  .

# باسی دووەم / هەڵەت و  ئاو وهەوا: ـ

## هەڵەت و بەرزی و نشێوی :

لێکۆلینەوە لە تۆپۆگرافیا و شێوەکانی ڕووی زەوی لە ڕووی پێکهاتن و دابەشبوونی جوگرافی و بەرزی و نزمی کاریگەریان هەیە لەسەر چالاکییەکانی مرۆڤـ ، هەروەها بەرزی و نزمی تایبەتمەندی خۆی هەیە مرۆڤـ رۆڵی لە دروستبوونی دانیە ، دیاردەیەکی سروشتییە و بۆهۆکارەکانی وەك جوڵەی تەکتۆنی و چەمانەوەو ، ووشکانی وقلێشانی زەوی بۆمەلەرزەکان و هەروەها کردارەکانی گەشکاری وڕماڵین دەگەڕێتەوە. بەرزی ونزمی کاریگەری لەسەر دروستبوونی ژینگە جیاوازەکان هەیە ، رووی زەوی کاریگەری لەسەر دابەشبوونی دانیشتووان دروست دەکات ، پاڵپشتی لەدروستکردنی ژیانێکی تایبەتی کۆمەلایەتی و گەشەکردنی شارستانی جیاواز دەکات. چڕی دانیشتوانی قەزای  بەردەڕەش لە ناوچەکانی نزمتر لەسەر ڕووی دەریا(٤٤٠ـ٥٤٠) ناحیەکانی رۆڤیاو کەڵەك دانیشتوانی زیاترە ، بەلاّم بەرزایی (٥٥٠ـ٨٣٠) کەم خەڵك لێی دەژیت ، بەلکو کاریگەری بەرچاوی هەیە لەسەر گشت تایبەتمەندیەکانی تر وەك (ئاوهەوا ، خاك ، ریڕەوی ئاوی ، ڕووەکی سروشتی ، بەرهەمە کشتوکاڵییەکان بگرە هەتا چالاکی مرۆیی هەیە ). تۆپۆگرافیای هەر ولاّتێ کە فاکتەرەکانی ناوەوە و دەرەوە دروست دەبێ ، پەیدا بوونی چیاکان بۆ ئەو پێچ و لۆچانە دەگەرێتەوە کە لە توێکلی زەوی دروست دەبن ، دەشتەکانیش زۆربەیان لە خوارو خێچە فراوانەکانی زەوی پەیدا دەبن.[١٤]

مەبەست لە بەرزی و نزمی ، خاکو  شێوەکانی ڕووی زەوی دەڤەرەکەیە کە پێك دێت لە کەند و دۆل و زورگ و بان ...هتد. بەرزی و نزمی کاریگەری زۆری هەیە لە سەر ئابووری ناوچەکە و هەروەها کاریگەری  لەسەر ئاو و هەوا دەبێت.  بە شێوەیەکی گشتی پانتایی زەوییەکانی دەڤەری گۆرانەتی قەزای  بەردەڕەش مان دیارکرد کە تاڕادەیەك بەرزە و کار دەکاتە سەرپلەی گەرما. ئەگەر بە گشتی بەراوورد بکەین جیاوازی هەیە لە گەڵ کەشوهەوای عیراق ، ساڵانی بەرێ لەوەرزی هاویندا پلەی گەرما فێنك بوو کە دەگەیشتە (٤٠)°بەلاّم لەوسالاّنەی دوایی دەگاتە(٤٥)°پلە  پلە

## ئاو وهەوا:

یەکێکە لە فاکتەرە سەرەکییەکان و کاریگەری راستەوخۆیان هەیە لە سەر ڕووی زەوی و دابەشبوونی جوگرافی ، کەشوهەوا بە گشت رەگەزە جیاوازییەکانی گاریگەری  راستەوخۆ و

١٤ـ د. عبدالله غفور ، جوگرافیای کوردستان  ، چاپی شەشەم ، هەولێر ، ٢٠١٢ ، ل٢٥

ناراستەو خۆی هەیە لەسەر پەرەپێدانی بازرگانی و کشتوکاڵ و دابەشبوونی دانیشتووان  هەیە ، هەروەها کاریگەری هەیە لەسەر پۆشاکی  ڕووەکی ئاژەل و جیاوازی خاك و کشتوکاڵ و چالاکی مرۆیی لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر بەجێ دەهێڵێت ،  ئەوەی کاردەکاتە سەر ،  کەش و هەوای هەر دەڤەرێك بریتی یە لە: بڵندی لە سەر ئاستی ڕووی دەریا ،  رووبەرەکانی ئاوی ، هەڵەت و پەلەت و بەرزی و نشێوی زەوی.

ئەمانەش کاریگەری گەورەیان هەیە لەسەر ژین و ژیانی رۆژانەی مرۆڤ و  هەموو زیندەوەران ،  گەرمی و ساردی ئاو وهەوا بە گرنگترین دیاردەی سروشتی دادەنرێت کە کاریگەری ڕاستەوخۆی هەیە لە سەر پالەپەستۆی کەش وهەوا و کار دەکاتە سەر جولانەوەی هەوا ،  هەروەها کۆنترۆڵی رێژەی باران بارین دەکات ، گۆڕانی کەش وهەوا ڕادەی شێ دەگۆریت ،  ئەوانە هەموو کاردەکەنە سەر پرۆژەکانی کشتوکاڵی و بەرهەمەکانی. لە گرنگترین ڕەگەزەکانی ئاو وهەوا وەکو (پلەی گەرمی ، پالەپەستۆ ،  تیشکی رۆژ ،  داباربن  ، شێ  ،  تیشکی خۆر و  با ...هتد) .

بەلاّم پلەی گەرمی و داباربن کاریگەرترین ڕەگەزەکانی ئاو وهەوان ،  کە ئەم ڕەگەزانە بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ و ناراستەوخۆ کاردەکاتە سەر بەرهەمەکانی کشتوکاڵ وبەخێوکردنی ئاژەل لە ناوچەکە. پالەپەستۆی هەوا وپلەی گەرما یەکێکن لە گرنگترین رەگەزەکانی ئاو و هەوا  ، پلەی گەرما ئەو فاکتەرەیە کار دەکاتە سەر پۆشاکی ڕووەکی وجۆرەکانی ئاژەل و ژیانی ئاسایی مرۆڤ ،  ویستگەی کەشناسی سەرەڕای مانگە دەستکردەکان  ویستگەی تر بە شێوەیەکی بەربەلاّو لە هەموو سوچ و کون و قوژبنێك دانراوە بۆ پێوانیپلەی گەرمی لە زۆر شوێن هەیە .

پلەی گەرما و فشاری هەوا گاریگەرییەکی بەرچاوی هەیە لەسەر بڵند بوون و نزمبوونیپلەی گەرما کە دەیەوێت هاوسەنگییەك پەیدا ببێت بە تایبەتی لە نێوان رێژەی هەڵمی ئاو لە ناو هەوا دا ،  لەگەڵ ئەوەشدا بڵندی ونزمی لە سەر ئاستی دەریا کاردەکاتە سەر جولانەوەی با ، هاوینان پالپەستۆی  هەوا  بەرز دەبێت  ئاو و هەوای دەڤەری گۆرانەتی بە گشتی قاریە زستان سارد هاوینان گەرم .

دەڤەری گۆرانەتی بە پێی پۆڵینکاری(کۆین) لە  بارودۆخەکە ئاو وهەوایەکەی دەکەوێتە  چار چێوەی بارودۆخی ئاو و هەوای دەریای سپی ناوەڕاست بە (CSA )دەناسرێت ،  بەوەیپلەی گەرما لەوەرزی زستان نزم ببێتەوە بەفرو بارانی لەگەڵدایە  و لەوەرزی هاوین مامناوەندە یان بەرز ببێتەوە  دەڤەری ئێمە دەکەوێتە  ژێر کارتێکردنی بای سیبیریا  لە هەردوو دۆلی ئیران و ئەنەدۆل فشار دەکاتە سەر جولانەوەی با ،  بە هاوینان دەکەوێتە  ژێر فشاری دەشت و بیابانی

وولاتێن عەرەبی ، لە رۆژئاوای ئێمە کاریگەری کەش و هەوای دەریای سپی ناوەڕاست پالەپەستۆی بەرزە بۆیە هاوینان  رێڕەوی هەوا لە رۆژئاوا بەرەو رۆژهەلات دەچێت. [15]

کە پێیدەگۆترێت ( هەوای شەمالٔ ) بەشەو فێنکو خۆشە و بە زستان باوباران لەگەلٔ خۆی دەهێنیت ، بەلأم ئەو هەوایەی لە رۆژهەلأت بۆ  رۆژئاوادێت ،  پێی دەگۆترێت (هوڕە) هەوای گەرم و حیشکو کەم شێیە ، هەروەها هەوا رۆلێکی گرنگی هەیە لە گواستنەوەی  شێ لە شوێنێك بۆ شوێنێکی تر ،  کە پیتاندنی تۆی ڕوەکەکان ئەنجامدەدات .

## ئاو و هەوا ئەو رەگەزانە  لە خۆدەگرێت :

### أ ــ  پلەی گەرمی:

پلەی گەرمی کاریگەری ڕاسەوخۆی هەیە لە سەر چالأکیەکانی ناوچەکە بە تایبەتی دەست نیشانکردن و چاندنی بەرووبوومە کشتوکالٔییەکان. ساردترین مانگ مانگی کانوونی دووەمە لە گەلٔ مانگی شوبات پلەی گەرمای دەگاتە (٧)° تاکو( چەندپلەیەك ژێر سفر) ،  هەرچەندە بەگوێرەی سالٔەکان دەگۆرێت ، هەروەها لە وەرزی هاویندا مانگی تەمموز و ئابپلەی گەرما دەگاتە (٣٥)° تاکو(٤٨ )°پلەی سەدی لە وێستگەی کەشناسی  بەردەڕەش  و خەبات تۆمار کرایە .

هەروەها جیاوازییەکی زۆر هەیە لەپلەی گەرمی لە مانگێکەوە بۆ مانگێکی تر ،  هۆکاری ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ جیاوازی لە گۆشەی بەرکەوتنی تیشکی خۆر (لاری تیشکی خۆر) و جیاوازی نێوان وەرزەکانی سالٔ لە ڕووی بڕی ڕێژەی شێ لە مانگەکانی سالٔدا. بۆیە دەبینین جیاوازی   لەپلەکانی گەرمی لە مانگێکەوە بۆ مانگێکی تر وە لە وەرزێکەوە بۆ وەرزێکی تر ڕوودەدات ،  سالٔ زیاتر هەردوو وەرزی هاوین و زستانی پێوەدیارە .

ئەوەش کاریگەری و ڕەنگدانەوەی هەیە لە سەر جۆراوجۆری بەرووبوومەکانی  کشتوکالٔی لەبەرکەمی  بەرووبومی هاوینە و بەرزبوونەوەی نرخی لە هەرێمی کوردستان ،  خەلٔکی دەڤەری گۆرانەتی لەو سالأنەی دووایی هەولٔدەدەن زیاتر کاری شینایی بکەن وەکوچاندنی (پەتاتە، برنج ، کونجی ، خیار ، تەماتە ،   کودی ، بامیە...هتد) بۆ ناوخۆو شار وشارۆچکەکانی هەرێم دەنێردرێت ،  ئەمەش وایکردووە کە خەلٔکەکە زیاتر بە کشتوکالٔەوە خەریك بێت و لە سەر ئەو بەرووبوومە کشتوکالٔیانە ژیان و گوزەر بکات. گەرمای وەرزی هاوین لە کۆتایی مانگی چار دەستپێدەکات تاکو ناوەڕاستی مانگی ١٠ (تشرینی یەکەم) ئەوەش دەبێتە هۆی پێگەیاندنی هەندێ لە بەرهەمی  کشتوکالٔی وەکو سۆربوونی تەماتەو شفتی بەرهەمی تر ، بە تایبەتی کاتی

١٥ ــ کامیران تاهر سعید ، دراسه فی جخرافیه المدن ، تێزی دوکتۆرا .

ئەستێرەی گەلاوێژ هەموو ساڵێك لە ١٢/ مانگی هەشت لە دەشتی ناوکوڕ دێتە دیتن ئەو کاتی بەتەواوی ترێ و هەنجیر پێدەگات .

**ئەم خشتەی خوارەوە ڕێژەی ساڵانەی پلەی گەرمی و ڕادەی شێ دیاردەکات.**

| تێکڕای ڕێژەی پلەی گەرمی و شێ لە ویستگەی قەزای بەردەرەش بۆ ساڵی (٢٠٠٨ تاکو ٢٠١٣) | | | | |
|---|---|---|---|---|
| مانگ | بەرزترین پلەی گەرمی | نزمترین پلەی گەرمی | تێکرای پلەی گەرمە | تێکراي ڕێژەی شێ |
| کانوونی ١ | ١٠ | ١,٧ | ٥,٨ | ٥٤,٧ |
| شوبات | ١٢,٢ | ٢,٧ | ٧,٤ | ٥٣,٣ |
| ئادار | ١٦,٧ | ٥,٦ | ١١,٢ | ٤٩,٣ |
| نیسان | ٢٢,٩ | ١٠,٦ | ١٦,٧ | ٤٥ |
| مایس | ٢٩ | ١٥,٧ | ٢٢,٣ | ٣٤,٩ |
| خزیران | ٣٦,٤ | ٢٣,١ | ٢٩,٧ | ٢٣,٣ |
| تەموز | ٤٠,٦ | ٢٥,٤ | ٣٣ | ٢١,٨ |
| ئاب | ٣٩,٦ | ٢٤,٨ | ٣٢,٢ | ٢١,٩ |
| ئیلول | ٣٥,٦ | ٢٠,٣ | ٢٧,٩ | ١٦,٨ |
| تەشرینی ١ | ٢٨,٣ | ١٣,٤ | ٢٠,٩ | ٣٤,٤ |
| تەشرینی ٢ | ١٧,٤ | ٧ | ١٢,٢ | ٥٠ |
| کانوونی ١ | ١٠ | ١,٢ | ٥,٦ | ٥٢,٨ |
| تێکڕا | ٢٤,٧ | ١٢,٦ | ١٨,٧ | ٣٩ |

**ب ـ داباراین :** هەمووشێوەکانی ئاو کە لە زەپۆشەوە دێنە خوارەوە بۆ سەر زەوی ناودەبرێت بە(داباراین) ، جۆرەکانی داباراین کە دەگەنە سەر زەوی بە پێی شێی هەواو بەهێزی تەوژمە سەرکەوتووەکان وپلەی گەرمی سەر زەوی و هەواجیاوازن. دیارترین شێوەکان و جۆرەکانی داباراین چەند جۆرێکە وەك:( باران ، بەفر ، تەزرە ) ، جۆری داباراینیش پشت بەپلەی گەرمی ئاو وهەوا دەبەستێت کە ئاوەکەی لێدەبارێت .

**ج ـ باران بارین:** باران ڕەگەزێکی دیکەی گرنگی ئاووهەوایە ، ئەو شوێنەی بارانی باشی لێدەبارێت بە شوێنێکی باش بۆ ڕووەك و ئاژەل دادەنرێت ، بڕی باران بارین لە هەرێمی کوردستان (٢٥٠ـ١٣٠٠)ملم ڕێژەی باران بارین ناوچەیەك لەگەڵ ناوچەیەکی دیکە جیاوازی هەیە ، ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ تۆپلە هەوایەکان وئەتمۆسفیرە نزمەکان و سروشتی نزمی و بەرزی ڕووی زەوی کوردستان هەیە . سەبارەت بە دەڤەری گۆڕانەتی بارانی باشی لێدەبارێت ، بەلاّم ڕێژەکەی جێگیر نیە لە ساڵێکەوە بۆ ساڵێکی تر جیاوازی هەیە ، ڕێژەکەی دەگۆڕێت بۆ نموونە لە ساڵی (٢٠١٨) کەمترین ڕێژە تۆمار کرا(٥، ١٨٧)ملم بوو ، لە ساڵی ٢٠١٥ بەرزترین ڕێژە بوو ڕێژەکەی گەیشتە(٤، ٥٨٧)ملم ، ڕێژەی باران بارینی ساڵانە کاریگەری هەیە لە سەر بەروبوومی

کشتوکاڵی ناوچەکە ، چونکە زۆربەی بەروبومی ناوچەکە دێمییە. بە پێی ژێدەری ڕێڤەبەریا کەشناسی و بومەلەرە بەشی ئاو و هەوا لە پارێزگای دهۆك تێکڕای داباریـنی ساڵانە لە نێوان ساڵی(٢٠٠١ ـ ٢٠١١) ڕێژەی دابارین لە قەزای بەردەڕەش (٢، ٤٢٦) ملم بووە ، ڕێژەی بەفر بارین(٥٩، ٢) سم بووە

**ـ دابەشبوونی باران دەکەوێتە ژێر ئەو کاریگەریانە :**

١ـ شوێن بەپێی رووبـــەرە ئاوییەکان. ٢ـ ئاراستەی با.

٣ـ بەرزی و نزمی. ٤ـ پلەی گەرمی. ٥ ـ نەورایيە کەشیەکان .

پەندێکی باو هەیە لە دەڤەری گۆرانەتی دەگۆترێت:((ئەگەر هات بایێ بادینان ، خۆتان بکوتنە ناو کادینان )) واتە بەفرو باران دێت. یان دەڵێن:((ئەکەر هات بایێ سۆران ، هەڵکێشنە کالکەو گۆران)) واتە کەش وهەوا خۆش دەبێت و هەڕنە سەرکاری خۆتان . پالەپەستۆی نزمی ناوچەی دەریای سپی دەبێتە هۆی هاتنی هەوا لە رۆژئاوا بەرەو رۆژهەڵات ئەوەش لە وەرزی زستانان دەبێتە ئەگەری باران بارین و لە چیاکان بەفر دەبارێت ئەوانە کاردەکاتە سەر بەرهەمەکان کشتوکاڵی ناوچەکە بە تایبەتی چالاکی کشتوکاڵی. زەوی ناوچەکە دەکەوێتە هەرێمی ئاو وهەوای نیمچە باراناوی ، کە تێکڕای بارانی ساڵانە لە وێستگەی خەبات و بەردەڕەش سەر بەبەرێوەبەرایەتی کشتوکاڵی بەردەڕەش دەگاتە (٤٣٥) ملم.

باران بارینی ڕاستەقینە لە ناوچەکە لە مانگی تشرینی دووەم تا دەگاتە کۆتایی مانگی ئادار دەست پێ دەکات ، زۆر جاریش تا کۆتایی مانگی نیسان دەبارێت .

بەلأم بە هۆی ئەوەی کە لەم ساڵانەی دواییدا بڕی باران بارینی ساڵانە کەم بوو کاریگەری هەبوو بە شێوەیەکی نێگەتیڤ لە سەر بەرووبوومە کشتوکاڵییەکان، وەکو دەبینین کە لە پێشتر لە (٩٥٪) خەڵکەکە سەرقاڵی کاری کشتوکاڵی بوون ، بەلأم بە هۆی کەمبوونی بڕی باران ، بەرهەمی کشتوکاڵ لە کورتەیدا خەڵکی رویانکردە دامەزراندن لە فەرمانگەکانی حکومی ، بوونیان بە پێشمەرگە ، بەرەو شارە گەورەکان کۆچیانکرد ڕێژەیەکی زۆری دانیشتوانی گوندەکانی دەڤەری گۆرانەتی وەکو پێویست بایەخ بە کاری کشتوکاڵی نادەن ، بۆیە دەبینین کشتوکاڵ (بەرووبوومی ڕووەکی و ئاژەڵی) ، بەراستی ئەمڕۆ داهاتی ساڵانەی جۆتیار بژێوی ساڵانەی خەرجی خێزانی دابێن ناکات ، خێزانە جۆتیارەکان ناچارن کارێکی تر ئەنجام بدەن لە بەر هەندێ جۆتیار گرنگی بە خزمەتکردنی زەویەکانی نادات لە لایەك بەرهەمە کشتوکاڵییەکانی دێمی حکومەت وەرناگرێت و بەرهەمەکانیان ساغبکاتەوە یان پارەی ناکات هەروەها حکومەت وەکو پێویست هاوکاری جوتیاران ناکات .

**خشتەی بڕی داباریینی ساڵانه به ملم له قەزای بەردەڕەش.** [16]

| ز | بڕی باران بارینی سالانه به ملم | بەفر | ساڵ |
|---|---|---|---|
| ١ | ٥٧٨,٢ | ١٣سم | ٢٠٠٤_٢٠٠٣ |
| ٢ | ٥٢٢ | ١٢سم | ٢٠٠٥_٢٠٠٤ |
| ٣ | ٦١٦,٦ | | ٢٠٠٦_٢٠٠٥ |
| ٤ | ٤٤٣,٦ | | ٢٠٠٧_٢٠٠٦ |
| ٥ | ١٨٥,٨ | | ٢٠٠٨_٢٠٠٧ |
| ٦ | ٢٣٦,٨ | | ٢٠٠٩_٢٠٠٨ |
| ٧ | ٤٢٤,٩ | | ٢٠١٠_٢٠٠٩ |
| ٨ | ٤٧٧,٧ | | ٢٠١١_٢٠١٠ |
| ٩ | ٢٧٥,٣ | ١,٥سم | ٢٠١٢_٢٠١١ |
| ١٠ | ٥٤٥,٧ | ١,٥سم | ٢٠١٣_٢٠١٢ |
| ١١ | ٣١٠,٢ | ١٠سم | ٢٠١٤_٢٠١٣ |
| ١٢ | ٤٥٨,٣ | | ٢٠١٥_٢٠١٤ |
| ١٣ | ٤٥٥,٩ | ٠,٥سم | ٢٠١٦_٢٠١٥ |
| ١٤ | ٣٢٢,٦ | ٠,٥سم | ٢٠١٧_٢٠١٦ |
| ١٥ | ٤٢٠,٨ | | ٢٠١٨_٢٠١٧ |
| ١٦ | ١٠١٦,٢ | | ٢٠١٩_٢٠١٨ |

**نەخشەی خوارێ ڕێژەی مانگانەی پلەی گەرما و باران بارین و سەنگی پالەپەستۆی هەوا له( ڕێڤەبەریا کەشناسیا دهۆك ) وەرگیراوە.** [17]

| مانگ | پلەی گەرما مانگانه | ڕێژەی باران بارین مانگانه | سەنگیمانگانەی پالپەستۆی هەوا |
|---|---|---|---|
| کانوونا کچکه | ٧,٣ | ٩٧,٤ | ٩٥٤,٠ملیبار |
| شوات | ٨,٣ | ٩٥,٢ | ٩٥٣,٨ |
| ئادار | ١٢,٥ | ٨٥,٦ | ٩٤٨,٤ |
| نیسان | ١٧,٢ | ٥٩,٣ | ٩٤٥,٧ |
| گولان | ٢٣,٥ | ٢١,٤ | ٩٤٢,٩ |
| خزیران | ٢٩,٦ | ٠,٨ | ٩٣٧,٢ |
| تیرمەه | ٣٣,٦ | ٠,٠ | ٩٣٤,١ |
| تەباخ | ٣٢,٨ | ٠,٠ | ٩٣٥,٤ |
| ئیلون | ٣٨,٠ | ٠,٠ | ٩٤٠,٩ |
| چریا پێشی | ٢١,٧ | ٢١,٣ | ٩٤٧,٢ |
| چریا پاشی | ١٤,١ | ٦٢,٤ | ٩٥٠,٨ |
| کانووامەزن | ٨,٧ | ٨٩,٨ | ٩٥٢,٥ |


[16]ــ وەرگیراوه له بەڕێوەبەرایەتی کشتوکاڵی قەزای بەردەڕەش ویستەگەی کەشوهەوا.

[17]ــ ڕێبەری پارێزگای دهۆك ، چاپی یەکەم ، چاپخانەی هاوار ، ٢٠١٠.

**ڕێژەی درێژی رۆژ، پلەی گەرمی(مەزن ـ بچووک) ،ڕێژەی شێ، ڕێژەی دابارین**

**لە قەزای بەردەرەش و دەوروبەری بۆسالی(٢٠٠١تا٢٠١١)**

| ناوی مانگ | درێژی رۆژ بەسەعات | ڕێژەیپلەی گەرمی | | رادەی شێ | دابارین بەملیم |
|---|---|---|---|---|---|
| | | مەزن | بچووک | | |
| کانوونا کچکە | ٩,١٣ | ١٢,٧ | ١,٩ | ٥٠,٥ | |
| شوات | ١٠,١٧ | ١٠,٣ | ٣,٥ | ٥١,٢ | ٨٨,٣ |
| ئادار | ١١,٤١ | ١٣,٤ | ٨,٠ | ٥٠,٢ | ٤٨,١ |
| نیسان | ٣١,١١ | ١١,٨ | ١١,٣ | ٣٦,٠ | ٥٠,٨ |
| گولان | ١٤,٤٨ | ١٧,٨ | ١٨,٣ | ٢٠,٣ | ٨,١ |
| خزیران | ١٥,٦ | ٢٢,١ | ٢٥,٨ | ٢٠,٦ | — |
| تیرمەه | ١٤,٤٨ | ٢٤,٢ | ٢٨,٦ | ٢٢,٢ | — |
| تەباخ | ١٣,٤٢ | ٢٨,٥ | ٢٩,٦ | ١٨,١ | — |
| ئیلون | ١٢,١٥ | ٢٢,١ | ٢٥,٦ | ١١,٤ | ٣,١ |
| چریا پێشی | ١٠,٤٦ | ٣٦,٣ | ١٨,٧ | ١٩,٠ | ٢٣,٢ |
| چریا پاشی | ٩,٣٠ | ٤٠,٨ | ٨,٧ | ٣٩,٥ | ٣٦,٦ |
| کانووامەزن | ٨,٥٣ | ٤٠,٠ | ٦,٣ | ٤٩,٥ | ٧٣,٨ |
| تێکرا | ١٢,٠١ | ٣٩,٠٤ | ١٥,٥٢ | ٣٢,٣ | ٤٣٦,٢ |
| | | | | | |



## باسی سێیەم : سەرچاوەکانی ئاو:

ئاو سەرچاوەیەکی گرنگی ژیانە ،  هەر لەکۆنەوە مرۆڤـ بایەخی  بە سەرچاوە ئاوییەکان داوە ، سەرجەم شارستانیە کۆنەکان  لە نزیکی رووبارەکان و سەرچاوە ئاوەکان گەشەی کردووە ،  هەر لە کۆنەوە ئەم رەگەزە ڕۆلیکی گەورەی هەبووە لە جێگیر بوونی دانیشتوان ،  ئەگەر تەماشا بکەین گوندو و شارۆچکەکانی دەڤەری گۆرانەتی لەسەر رووبارو کانیاوەکان بنیات نراوون. دەڤەری گۆرانەتی شوێنێکی ستراتیجی هەیە دەکەوێتە  نێوان  زێی بادینان لە رۆژهەلأت و ڕووباری خازرو گۆمر لە رۆژئاوای ،  سەرەڕای ئاوی باران کانیاو کارێز و سەروکانی زۆری هەیە لە هەندە شوێن بە بەحر ناودەبرێت.ژیان بە بێ ئاو شتێکی مەحاڵە ،  ئاشکرایە نزیکەی ٧٥٪ لەشی مرۆڤـ پێك دێنێت،  و زۆربەی شارستانیەکان کە لە کۆندا لە نزیك سەرچاوەکانی ئاو دروست بوونە.  وە لە ناوچەی لێکۆلینەوە ئاماژە بەو سەرچاوە ئاویانە دەکەین  کە هەیە لە ناوچەکەدا. سەرچاوە ئاوییەکان بریتین لەمانە: (دابارین ، ئاوی سەرزەوی ، ئاوی ژێر زەوی).

١ـ **دابارین ئاوی  باران** : باسی لێوە کراوە بۆیە لێرەدا ئاماژەی بۆ ناکەینەوە.

٢ـ **ئاوی سەرزەوی:** ئاوی سەر زەوی بریتیە لەو ئاوەی کە بە شیوەیەکی سروشتی لە سەر ڕووی زەوی دەڕوات جا چ بە شێوەی ڕووبار بێت یان کانیاو یان دەریا ،  هەروەها چەم و گۆم و زلکاوەکان وجۆگە دەستکردەکان  و بەنداوەکان دەگرتەوە ، پشت دەبەستێت بە ئاوی( باران وبەفر و رووبار ) سەبارەت بە ئاوی سەر زەوی بریتییە لە : رووبارەکان : ـ

**أ /ڕووباری زێی گەورە:** (زێی بادینان) ی پێیدەگۆترێت ،  لە کوردستانی باکوور هەڵدەقولێت لای گوندی چال رۆژهەلأتی قەزای ئامێدی لە تورکیا دێتە ناو خاکی هەرێمی کوردستان ،  پشکا هەرە زۆری لەناو خاکی هەرێمی کورستانێ هەڵدەقولێت ، رووبەری گشتی زێی گەورە دەگاتە ( ٢٦٤٧٣ ) کم٢. بەرێژەی ٦٤٪ بەناوخاکی عیراق تێدەپەریت ،  درێژایی دەگاتە ٣٩٢کم تێکڕایی هەڵقولانا ئاوی سالأنەی دەگاتە (١٣,٢١) ملیار مەتر سێجا نزیکی ٧ ، ٢٦٪ئاوی ڕووباری دیجلە پێکدەهینیت ،  ویستگەی کەڵەك تۆماری کردبوو لە چرکەیەکدا ٤٢١م٣ مەترسێجا پێدادەڕوات .  لقەکانی دەرژێنە ناو ئاوی زێی بادینان ئەوانەن :

١ـ لقی سپینەیی رۆژهەلأت.   ٢ـ لقی شەمدینان  ،   ٣ ـ لقی ڕووکوچك .

٤ـ لقی رەواندز   ٥ ـ لقی بەستۆرە جای.   ٦ـ ڕووباری خازر [٨]

ڕووباری  زێی گەورە لە قەندیل بەرەو باشوور دێت دەگاتە پردی چەمەی بە گوندەکانی

---

[١٨] – ئینسکلۆپیدیا پارێزگەها دهۆکێ ، بەرگی ئێکێ ، ل٩٨

رۆژهەڵاتی دەڤەری گۆرانەتی تێدەپەڕێت ، ئەم ڕووبارە هۆکاری سەرەکی بووە لە دەڤەرەکەمان بۆ دروستبوونی چەند گوندێك وەکو (گوندی چەمە ، خارووك ، دالەڕێ ، گوندی بەنێنان ، گوندی کەورەسۆر و ناحیەی کەڵەك) ئەوانە هەمووی سوود لە ئاوی زێ وەردەگرن بۆ کاری کشتوکاڵی ، هەروەها راوە ماسی کردن، جاران بۆ خواردنەوە بە کار دەهات ، بەلاّم لەگەڵ ئەو هەموو گرنگیەی لە وەرزی بەهار ئەم ڕووبارە کە باسمان کرد زەرەر و زیانیشی هەیە بە تایبەتی لە وەرزی باران بارین و بەفر بارینەوە (وەرزی دابارین) چونکە لە کاتی بارینی بەفر وبارانێکی زۆر دەبێتە هۆی بەرزبوونەوەی ئاستی ئاوی ڕووبارەکە.

**ب/ ڕووباری خازر**: ڕووباری خازر یەکێکە لە لقەکانی ئاوی زێی مەزن ، خازر لە دوو لقی سەرەکی پێکدێت سەرچاوەی لەبناری بڵندایی قەزای ئامێدی ل ناحیا چەمانکێ هەڵدەقولێت ، لقی دووەم لەگوندی کانیکا سەر بە ناحیەی دینارتێ دەزێت ، هەردوو لق لە نزیك باکورمان خۆیان لێکدەدەن ڕووباری خازر پێکدەینن ، بە رۆخ کۆمەلگەی قەسرۆك دەڕوات دەگاتە ناو جەرکەی گوندەکانی دەشتی ناوکوڕ ، سەرچاوەکەی لە گوندی کافیای سەر بە دەڤەری زێبارەتی هەڵدەقوولێت زەوییە کشتوکاڵییەکانی لێواری خۆی ئاو دەدات لە کاتی لافاو هەستان دەبێتە هۆی لە ناوبردن و ژێرئاوکەوتنی زەوییە کشتوکاڵییەکان ، هەروەها لە ئاوی خازر سوود لە ماسی گرتن وەردەگرن، هەروەها شوێنێکی گەشتوگوزارییە ، لە خوار ناحیەی کەڵەك دەرژێتە ناو ئاوی زێی گەورە.

## ج/ ڕووباری گۆمر(ڕووباری چەمانکێ):

ئاوی گۆمر سەرچاوەیەکی تری ئاوی سەرزەویە لقێکی گرنگی ڕووباری خازرە ، سەرچاوەی دەکەوێتە بناری باشووری رۆژئاوای چیای گارە ، ئاراستەی لە باکوڕی رۆژئاوا بەرەو باشووری رۆژهەڵات ٣٠کم رێدەکات ، لە دەشتی ناوکوڕ دەکەوێتە رۆژئاوای ڕووباری خازر ، سەرچاوەی ئاوەکەی لە دەڤەری دۆسکی و سوارتووکە هەڵدەقولێت ، دێتە خوارێ بەناو گوندەکانی دەڤەری گۆرانەتی تێدەپەرێت لە سەرهەڤاری گوندی قایماوە تێکەل بە ئاوی خازر دەبێت .

### ئەم خشتەیە پێناسەیە بۆ هەرسێ ڕووبارەکە: [١٩]

| ناوی رووبار | درێژی بە کم | مەتر سێجا لەچرکەیەک | دەرژێتە ناو ئاوی |
| --- | --- | --- | --- |
| زێی گەورە | ٣٩٢ | ٤٢١ | ڕووباری دیجلە |
| خازر | ١١٤ | ١٨٥ | زێ گەورە لە گوندی وەردەک |
| گۆمل | ٦٤،٦٩ | ١٠٠ | ڕووباری خازر لە گوندی قایماوە |

١٩ – ئینسکلۆپیدیا پارێزگەها دهۆکێ ، بەرگی ئێکێ ، ل٩٨

## ٣- ئاوی ژێر زەوی:

بەفر و باران دوو سەرچاوەی گرنگن بۆ پێکهینانی ئاوی ژێر زەوی ، دوو لەسەر سێی ئاوی ژێر زەوی دەبێتە هەڵم بەئاسماندا دەڕوات ، بەشەکەی دیکە هەندێك بەسەر زەوی دەڕۆات وهەندێکی تر زەوی هەڵیان دەمژێتەوە ، جارێکی تر بەکاردێتەوە بە ڕێگای ترەمپەو ناعۆر بیری دەستی دەردەهێنن و دەگەرێتەوە سەرزەوی ، بارستایی ئاوی ژێر زەوی بەندە بەپلەی شاشی بەردەکانی ژێر زەوی ، هەرچەند بەردەکان شاش و لێکترازابن ئەوەندە زیاتر ئاو لەقوڵایی زەوی کۆدەبێتەوە . خاکی دەڤەری بەردەڕەش بەتایبەتی دەشتی ناوکوڕ لە ڕووی سامانی ئاوی ژێر زەوی زۆر دەولەمەندە ، ئاوی ژێر زەوی دەشتی ناوکوڕ کۆگایەکی مەزنی ئاو لەبندایە ، بە چینە بەردێگی روخت و شاخاوی وەکو قەپاغێك دەشتی ناوکوڕی پاراستیە لە رووچوون و روخان.لەسنووری قەزای بەردەڕەش بە هەرسێ ناحیەوە (کەڵەك ، رۆڤیا ، دارەتوو) هەر چەندە ئاماری ووردنیە نزیکەی (٦٧٠) بیری ئیرتیوازی و(١٧٠) بیری سوری (٢٣٤)بیری سەر زەوی بۆ ئاودانی و بەرهەمە کشتوکاڵییەکان سوودی لێوەردەگیرێت .

بوونی ئاوی ژێرزەوی بایەخێکی گەورەی هەیە لە پڕکردنەوەی پێداویستییەکانی ئاو بۆ دانیشتوان ، بەتایبەتی ئەو ناوچانەی کە ڕادەی دابارین لە ئاستی پێویستدا نیە ، یان لە وەرزەکانی وشکەساڵیدا دەتوانرێ سوود لە ئاوی ژێر زەوی وەربگرن.[٢٠]

ژێر زەوی دەشتی ناوکور ئاوێکی زۆری لەبندایە ، دەگێرنەوە چەند ئەندازیارێکی جیۆلۆجی روپێوی دەشتی ناوکوڕیان دەکرد لە دوای ئاوی ژێر زەوی دەگەڕان لەو لێکۆلینەوە ئەندازیارەکان سەریان سوڕمابوو دەریایەکی گەورەی ئاو لە ژێر خاکی دەشتی ناوکوڕدا هەیە ، دەیانویست هەر لەو دەڤەرە دەربچن نەکو ئەو دەشتە بە گوندەوە نوغرۆ بیت ، شەو لە بەردەڕەش ی مانەوە بە ترسەوە نووستن نەکو بەبن ئاو بکەون. دەڵێن سەروکانی ئەو ئاوەیە لەشاخەکانی باکووری ئەوروپا دێتە ئەو شوێنە ، زانستی جوگرافیا دەڵێن ئاوی ژێر زەوی بەهۆی کرداری دلۆپاندنەوە دەجێتە ژێر زەوی کۆدەبێتەوە لە نێوان دەرز و کەلێنی بەردەکان. ئاوی ژێر زەوی بە شێوەیەکی گشتی بیر و کانیاوەکان دەردەچێت.

- جۆرەکانی بیر :

(١) **بیرەکان:** بیر بریتیە لە هەڵکەندنی چاڵ بە شێوەی ئەستونی بە مەبەستی دەرهێنانی ئاوی ژێر زەوی جا بە ئامێر بێت یاخود بەدەستی بۆ مەبەستی خواردنەوە و کشتوکاڵ کردن وبەکار هێنانانی تر ، بیر دەکرێتە سێ جۆر :

---

٢٠- دکتۆر عبدالله غفور ، جوگرافیای کوردستان ، ل٧٩

**أ ــ  بیری دەستی :**

بریتی یە لەو بیرانەی خەڵکی خۆیان هەڵدەستن بە هەڵکەندی.ئەم جۆرە بیرە بەدەست و بازووی خۆیان لە ناو ماڵ ولەناو  زەویە کشتوکاڵییەکان. بە مەبەستی خواردنەوە و کشتوکاڵ کردن  و ئاودانی ئاژەلەکانیان بە کار دێت. قۆری ئەم جۆرە بیرە  لەنێوان (٣ تا٢٠م) دەبێت ، قۆلایی یەکەی دەگۆڕیت لە شوێنیك بۆ شوێنیکی تر. لە زۆربەی گوندەکانی دەڤەری گۆرانەتی ئەو جۆرەبیرانە هەیە هەر لە کۆنەوە تاوەکو ئێستا سوودی زۆریان لەم جۆرە بیرانە وەرگرتووە.

**ب ـ بیری پایل:**

یان بیری سوری ، بریتیە لەو بیرەی کە بەهۆی ئامێری پایلەوە هەڵدەکەندرێت بۆ دەرهێنانی ئاوی ژێر زەوی دەتوانی تاکو قۆلایی زیاتر لە  (١٢٠م) بکۆلێت  ،  ئەم جۆرە بیرە  لە زۆر گوند هەڵکۆلایە. دوای دەرکەوتنی ئامێری پایلەوە کە زیاتر بۆ  ماڵەکان  هەڵدەکەنرێت بۆ مەبەستی ئاو خواردنەوە. بەلاّم حکومەتی هەرێم ئەو جۆرە بیرکۆلانەی لە دەڤەری گۆرانەتی  قەدەغە کرد ، گوایە رێژەی ئاوی کۆکراوەی ژێر زەوی کەم دەکاتەوە .

**ج ــ بیری ئێرتیوازی :**

لێدانی بیری ئێرتوازی خەرجیەکی زۆری دەوێت  بۆیە حکومەتی هەرێم هەڵدەستێت بە لێدانی ئەو جۆرە بیرانە کە بە ئامێری تایبەتەوە  هەڵدەکەندرێت. جیاوازی ئەم جۆرە بیرە لە گەڵ دوو جۆرە کەی تر  ئەوەیە ، کە ئاوی ژێر زەوی بەبێ ئامێر دێتە دەرەوە بۆ سەر رووی زەوی ، ئەو پرۆژە خزمەتگوزاریانە لە ناو گوندەکان لێدەدرێت  زیاتر بۆ مەبەستی ئاوخواردنەوە وە بەکارهێنانەکانی تری ناو ماڵ،  لە  هەر گوندێك لە  گوندەکانی دەڤەری گۆرانەتی  ١یەك بیر تاکو ٤چار بیری ئێرتیوازی تێدا هەنە خەڵکی پشت دەبەستن بۆ ئاو خواردنەوە.سودێکی زۆری بە دانیشتوانەکەی بەخشیووە. وەقۆلاییان نزیکەی (١٠٠م تاکو ٢٨٠م ) دەبێت.

**(٢ ) کانیاوەکان:**

کانیاو ئاوی ژێر زەوی یە سەر بەخۆ هەڵدەقولێت ،  چینەکانی سەر رووی زەوی دەبڕێت تادەگاتە سەر زەوی ،  تاکو  ساڵی نۆهەتەکان سەرچاوەی ئاوی گوندەکان کانیاوەکان بوو ،  بەلاّم ژمارەی کانیاوەکان ئاویان چك بووە یان زۆر کەمی کردووە  بەهۆی کەمی باران وە دابەزینی ئاستی ئاوی ژێر زەوی ،   هەروەها لەبەر زۆری لێدانی بیری ئێرتیوازی زۆربەی کانیاوەکان هەوشانەوە  ئاویان  ووشك بوو.

**(٣) کارێز :**

بریتیە لە کۆمەلێك بیر یەك لە دوای یەك لێدەدرێت  بە قۆلاییەکی دیاری کراو ئاوی تێدا کۆدەکرێتەوە لە ژێرەوە  رێڕەوێك بیرەکان بەیەکەوە دەبەستێتەوە  ئاراستەی ئاو دەگۆڕن  بۆ

شوێنی مەبەست ، دوای دیاری کـــردنی شوێنی مەنفەزەکان دەزگای بیرلێدان لەشوێنی مەبەست دادەمەزرێنن کە لەگوریس و دۆلکەو رەوڕەوە پێك هاتییە ، ئەگەر شوێنی کارێزەکان شاخ و تات بێت ئـــــەوە رێڕەوەکان لە شاخەکان دێتە سمتن بەلام ئەکەر خۆل و هەرفت بوو ، ئەوە دوای کۆلانی رێڕەوەکە بە کەرپووچی رێڕەوەکەی کە لەسەر زەوی هەتا دەگاتــە سەر کارێزەکە ئاقــد دەکەن. دیوارێك دروستدەکـــەن لەشێوەی جارگۆشەیی بەبەرینی یــــەك مەتر پانتر کونێکی چار گۆشەیی ٤٠سم بە٤٠ سم تێدا دەکرێتەوە کە مرۆڤ بشێت تێدا هاتوو چۆ بکات ، هـــەروەها بە رێگای ئەو رێڕەو یان گوزەرانە مرۆڤـ بشێت کـــارێزەکان ناوە ناوە پاك بکاتەوە ، ئەگـــــەر هاتوو ئاوی کەم بوو یان بهەرفێت ، ئێستا لە کوردستان کارێزەکان فەرامۆشکراینە و لەبەر زۆری لێدانی بیری ئیرتیوازی ئاوی کارێزەکان چکی کردووە ئاوی تێدا نەمایە. شوێنەواری کارێزەکان لەو شوێنانە بەرچاو دەکەوێت : ـ

ـ ئاوەکانی رێزە ملە زورگی رێگای سەری : وەکو سنوورە نێوان گوندەکانی بۆتان لە گەلْ دەشتی ناوکوڕ لێکدەکاتەوە ، سەرچاوەی ئاوەکانی پێدەچێت کارێز بێت ، لەبەر ئەوەی کانیاوەکانی لە هەرجوار وەرزی سالْ لە یەك ئاستە لە نسار و بەربەڕۆژی ئەو ملە زورگە

ـ لە گوندی چەمە : لە کاتی کێلانی زەوی رێڕەوێکی ئاوەرۆیان دۆزرییەوە بە کەرپووچی دروستکرابوو ئاویان پێڕاکێشابوو لە زێ بۆ خرابەیەك دەکەوێتە باشووری رۆژئاوای گوند .

ـ لە گوندی گەویلانی کوردان : دۆلێك لە باکوری گوندی هەیە بە دۆلی کارێز دەناسرێت لە دوای راپەڕینی بەهاری ١٩٩١ بە دوای ئاو دەگەڕان چەند کارێزێکیان لە نزیك گوندی دۆزیەوە رێڕەوی ئاوەکە دەستکردە لەبن عەردێ بە قۆری دوومەتر زیاتر بە تات و بەرد عەقد کرابوو ، ئێستا ماتۆری پەتەر لەسەردانرایە شینایی لەبەر دەکرێت .

ـ لە ناحیەی دارەتوو : سالی نۆهەتەکان حیشکە سالی بوو خەلکی بە دوای ئاو دەگەڕان لە دۆلی سەحابەی کارێزەکیان دۆزیەوە ئاقدکرابوو بە کەرپووچ هاتبوو دروست کردن .

ـ ئاوی گوندی خرابە واژ : رێڕەوی ئاوێ بە کەرپووچ دروستکرایە لە شوێنێکی نادیار ئاویان بۆ خرابەی گوندی خرابە واژ راکێشایە کەس نازانێت لە چ سەردەمێك دروستکرایە . [٢١]

ـ کارێزی گوندی زمزمۆك : لەشێوەی تۆنێلە یەك مرۆڤ دەشێت تێدا بڕوات ، هەر مەودای ١٠ متر کونێك تێدا کرایتەوە بۆ هەواگۆرکێ و هاتووچۆکردن شوێنەواری ٤ چوار هەواگۆرکی دیارە ، تونێلەکە لە ناو شاخ سمترایە ١٢٠ مەتر درێژە ئاوێکی زولال و خاوین تێدا کۆدەبێتەوە و لەبەری دەڕوات .

---

٢١ – چاوپێکەوتن لەگەلْ چەند کەسانێکی ئەو گوندانەی کارێزی تێدا هەیە .

# باسی چارەم : ڕووەکی خۆرسك :ـ

ڕووەکی سروشتی ئەو ڕووەکەیە کە لەخۆیەوە دەڕوێت بەبێ  دەستکاری مرۆڤەوەکان ، کەس هیچ رۆلێکی لە پەیدابوون ونەشونماکردن و دابەش بوونی نیە ، ڕووەکی خۆرسك لە ئەنجامی چەند فاکتەرێکی گرنگ گەشەو نەشونمادەکات و پشت دەبەستێت بەکەش وهەوا  ،  بان  ڕوو ، خاك و ئاوی باران. رێژەی باران بارین فاکتەرێ گرنگن بۆ دابەشکردنی جوگرافیای گیای خۆرسك، ڕووەکی سروشتی بەرهەمی کاردانەوەی کەش و هەوا لەگەڵ سروشت.

لێکۆلینەوەی جوگرافیایی بەدیاردەکەوێت گیای خۆرسك باو وباران خۆلی زەویەکە لە ڕامالێن دەپارێزێت ، هەروەها وەناکات ئاوی باران خۆش بچێت یان جۆگەڵە دروستبکات ئەوەش دەبیتە ئەگەری هەندێ ئاو زیاتر بچیتە ناخی زەوی ، ڕەباس لەزەوی دەمینێت و تەمەنی گیای خۆرسك درێژتر دەکات. جگەڵەوانە ڕووەکی سروشتی دەبێتە هۆی راکێشانی کەشتیاران ،  جونکە شینایی دیمەنێکی جوان سەقایەکی خاوێن کەشوهەوایەکی تەندروست بۆ خەڵکی پەیدادەکات. جگە لەوانە ئاوی رووبارەکان شیوەکانی کانیاوەکان چەم و... گیای تایبەت لە خۆیان دەگرن کە پەیوەندی بە سیستەمی باران بارین نیە ،  تەنها پێکدێت لە گژوگیا لەگەڵ وەرزی باران بارینەوە دەڕوێت.گیای خۆرسك تەمەنی کورتە،  واتا لەسەرەتای مانگی حوزەیران ووشك دەبێت. ( ٢٤ )

گیای خۆرسك زۆر گرنگە بۆ بەخیۆ کردنی ئاژەل لە ناوچەکە بە تایبەتی بە خیۆ کردنی (مانگا) و (مەڕ) و (بزن) . چەند باران  زۆرتر بێت  گژوگیای خۆرسك  زیاتر دەبێت . و بە پێچەوانەوە .

ــ  ڕووەکی سروشتی لە کوردستان دەبێتە دوو بەش :

یەکەم :  پشتێنەی دارستانی سروشتی .

دووەم :  پشتینەی گژوگیا : گژو گیا وەك پشتێنەیەك لە دامێن لا پالی  دەشت و ناوچە نیمچە شاخاوی دەردەکەوێت  ،  لەوەڕگایەکی باشە بۆ ئاژەلان .

دەڤەری گۆرانەتی لەوەزری زستان بارانێکی باشی لێدەبارێت دەبێتە هۆی شین بوونی  گیای خۆرسکی جۆر بەجۆر بۆ خواردنی مرۆڤــ  شیاون وەکو: ١-کویزەلە ، ٢- کەنگر ، ٣- خارچك ، ٤- دومبەلان ، ٥- تۆلکە ، ٦- گۆرمزە ، ٧- کاردی ٨- ڤیڤار ، ٩- حەپەلۆك ١٠- ترشۆکە ، ١١- شەکەرۆك. ١٢-ڕەگی مێکوك (کەشەڕبەتی سوسی لێدروست دەکەن هەروەها ڕەگەکەی دەفرۆشرێتو جۆرە  دەرمانێکی لێ دروست دەکرێت بۆ نەخۆشی مەعیدە باشە). ١٣- سێ بسکە

---

٢٢ـ  شاکر خصباك ، العراق الشمالی ، دراسه النواحی الطبیعیة والبشریه ، ص٨٢

، ١٤- قوراده ، ١٥- قەرقۆزه ، ١٦- سێوه لۆك ، ١٧- پوینگ ، ١٨- بنەللە ١٩ ـ گێسك ( گێسكی شوانەو گێسكی كرتی ) ٢٠ ـ سۆتكه (ئەوها دەخورێت یان دەكرێتە ناو چایەی) ٢١ ـ خرنویك خشخشە پێوەدێت (محەچەچە) ٢٢ ـ پەندیر پۆسكە ٢٣ ـ باسكه قەلوینە ٢٤ـ پەلپێنە. ٢٥ ـ كویزەلەو بانەلە. ٢٦ ـ گلێخە و سێ بسكۆلە ڕەگیان وەكو پیازی سەركی هەیە دەكرێتە سەمغ . ٢٧ ـ دانەكەو ٢٨ ـ گولە ئەسپینگ دەكرا سابوون ٢٩ ـ گیا مامزە ٣٠ـ جلمۆقە(جوزرەكە) یان پێی دەگۆترێت (گولەمێش) هەروەها تۆپلەقرام وشافرو قەلغانەو ترشۆكەو و تڤرۆكە له هەمووی گرنگترو بە سوودتر گیا جاترە(زعتر) له كەند و زوورگەكان هەیە ...هتد.

لەوەرزی بەهاردا گوندەكانی بەردەڕەش بووك ئاسا خۆی دەخەملێنێت ، هەموو جۆرە گولیلكی رەنگاو ڕەنگ تێدا دەڕوێت گولی هێرۆ ونیسانو بەیبوون وكنێرو گولی وەحشی و لاو لاوە نیلۆفەرو شەقایق وگولی ئاوی ، گولی تڤرۆكە. نێرگز ڕووبەرێكی فراوانی زەویی گوندەكانی گرتووە كە له وەرزی بەهاردا سەر دەردەكات وديمەنێكی جوانو دلڕفێن بەگوندەكانی دەڤەری گۆرانەتی دەبەخشێت ، بەلاّم نێرگزی دەشتی ناوكوڕ تەمەنی كورتە. (٢٣)

## باسی پێنجەم : خاك

خاك پێكهاتەیەكی سروشتی گرنگە ، مانەوەی رەگەزی مرۆڤـ و بەردەوامی ژیانی بەخاك گرێدەدرێت ، خاك توێژالێكی تەنكە له تێكەڵەیەكی وورد له كەرەستەی كانزایی و ئۆرگانی و ئاو وهەوا پێكهاتووە ، ناوەندێكە ڕووەكی له سەر دەڕوێت و گەشە دەكات ، خاك سەرچاوەی ژیان بەردەوامی ئاكنجی مێڵەتەكانە له سنووری نیشتەجێ بوونیان ، هەروەها سەرچاوەی هەمیشەییە بۆ خۆراك وپەیداكردنی كەرەستەو پێداویستەكانی جۆراوجۆری ژیان .

خاك له پێشكەوتنی بەردەوام دایە بەهۆی كرداری فیزیاوی وكارلێكەری كیماوی و زیندەگی له نێوان بەرگی بەردی گازی زیندەگی دروستدەبێت ، واتە تەنێكی كارلێكردووی خودی تێدایە و بەردەوام له نوێ بوونەوەدایە ، یان دەتوانین بلێین ئەو چینە تەنكەیە كە چینێكی تەنكی هەڵوەشاوەیە تاوێرەكان بەرگی بەردینی داپۆشیوە ئەستوریەكەی له نێوان چەند سانتیمەترێك تا چەند مەترێكدایە ، خاك له تێكەلی ووردە پێكهاتووە و بەشێكی رووی زەوی داپۆشیوە ، پێكدێت له مادەی كانزایی وئەندامی و ئاو وهەواو رێژەی هەریەكێكیان جیاوازە له خاكێك بۆ خاكێكی تر خاك بەردەوام لەگەشەكردندایە ، رۆڵی هەیە له بەكارهێنانە جۆراوجۆرەكانی وەك

---

٢٣ـ كامران تاهر سعید ، جوگرافیای سرۆشتی عیراق ، چاپی یەكەم ، هەولێر ، ٢٠١

پیشەسازی وبازرگانی و کشتوکاڵی و نیشتەجێبوون و رێگاوبان و...هتد ، جونکه پێکهاتەی خاك توانای بەرگەگرتنی بەرامبەر ئەم چالاکییانەی سەرەوە دەردەخات.[24]

به پێی پۆلین کردنی خاك بریتییه له دوو جۆر:

**جۆری یەکەم** : خاکی لیسۆلی کاسی و خاکی.

**دووەمیان:** خاکی قاوەیی شیاوە بۆ چاندنی جۆرەکانی بەرهەمی کشتوکاڵی بەئاوی و دێمییەوە دەڤەری گۆرانەتی زۆر ناودارو دەولەمەندە به خاکی خۆی ، له زۆر جۆران پێکدێت ، هەر کەسێك به پیادە یان به سەیارە چاو بخشێنێت به ناو دۆل و دەشت و زوورگەکان و دەو رووبارەکانی چەندەها چین خۆلی ڕەنگ جودا بەرچاوی مرۆڤــ دەکەوێت ، جۆر و چینەکانی خاکی سنووری دەڤەری گۆرانەتی ، خۆلی ڕەش وسۆر شین وسپی ولیماوی و بەردەلآن و زیخەلان و کەولەز وتات و بەردەکلس بەرچاودەکەوێت ، خاکی دەشتی ناوکورِ ڕەشه ئاو هەلگرو به پیت و بەرەکەته ، سۆرەبان خاکی سۆرە ، قەراغ رووبارەکان خاکی لیماوی و زیخمەلانه ، زوورگەکانی تێکەڵەی جۆراوجۆر وەکو خۆل و زیخ بەرد له خۆدەگرێت ، ناو دۆلی زوورگەکان بەستی پێدەگۆترێ بەرد و تات و زیخ له کاتی باران بارین تێدا کۆبیتەوە.[25]

**ـ فاکتەرەکانی کاردەکەنە سەر پەیدابوونی خـــاك ئەمانەن :**

١ـ کەرەستەی بنەڕەتی تەختە گەورە. ٢ـ بلّندی و نزمی.

٣ـ کەشوهەوا ٤ـ فاکتەری بایۆلۆژی (فیزیایی وکیمیایی) ٥ـ کات .

پێ دەشتەکانی چیاکان لەشێوەی دەریاچە بوونە دوای کشانەوەی ئاوەکان زیخو ولم پێ دەشتەکانی پڕ کردنەوەو دەشتی گەورە گەورەی لێبەدووا کەوت وەکو دەشتەکانی (سێمێلو هەریرو شارەزوورو دەشتی ناوکور...). رووبارەکانیش بەدوای دەریاکان رۆیشتووە ، دەلّێن کەنداوی عەرەبی سەری لەزارگەلّی چیاکانی کوردستان بووە ، هیچ شكو گومان نەما شارستانیەتی نوێی ئادەمیزاد لەچیاکانی کوردستان دەستی پێکردووە ، قەوم و نەتەوەکانی تر دەست وپێی میلّلەتی کوردن.جیولوجیای کوردستان بابەتێکی ئالۆزو تێك چەقیووە بەچەند لاپەڕەیەك برِی بابەتەکه ناشکێت ، لێرەئەوەی مەبەستمانه جیولۆجیای پێکهاتەی دەشتەکانی کوردستانه بەتایبەتی دەشتی ناوکورِ کەدەکەوێتە نێوان ئاوی زێی بادینانو خازردا ، بەلای رۆژئاوای دەشتی ناوکورِ دەشتی پاپایە سەرەبەیەکن پێکدەچن .[26]

---

٢٤ – ئەندازیار حمدون جرجیس ، نامەی ماستەر ، زانکۆی موسل ، ٢٠١٢

٢٥ ــ کامران تاهر سعید ، جوگرافیای سرۆشتی عیراق ، چاپی یەکەم ، هەولێر ، ٢٠١٤

٢٦ – دکتۆر رێبوار خنسی ، جیۆلۆجی ناس له ووتارێکی بەلاوی کردبۆوە .

دەشتی ناوکوڕ ژێرخانەکی پڕ ئاوی لەبن دا گردبیتەوە ، سەرچاوە سەرکییەکەی ئاوی ژێرخانی بەرزترە لە لەئاستی دەشت هەر لەبەر هەندێ زۆر بیری ئیرتوازی تێدا هاتیتە کۆلین بەقۆری ١٥٠ تا ٣٠٠ م ، ئینجێك تاك ٨ هەشت ئینج ئاو بەخۆرای لەبەر دەڕوات ، بەلاّم لەبەر لێدانی زۆری بیر و نزم بوونەوەی ئاستی ئاوی ژێر زەوی زۆربەی بیرەکان ئاوی سەربەخۆیان نەمایە ، جۆتیارەکان ناچارن غەتاسی کەهرەبایی بەکار بهێنن بۆ هەلّکێشانی ئاوی ژێر زەوی ، ڕووی دەشتی ناوکوڕ خاکەکی رەشی بەپێزی بەخۆگرتیە ، تەختایی سەرەوەی بەقۆری ١٥- تا٢٠م خۆلە سۆرێکی حەلانی رەق بەخۆگرتیە ، ئەنجادەبێتە زیخو چەقلّەبەرد وەکو بەستە. ئاوی وەرزی بارانی زستان تێداکۆ دەبێتەوە ، دوای ئەو بەستەیە گلە بەکرەی توونـدو خۆلی گێچی تا قۆرایی (١٠٠ م)دەڕواتو بەرچاو دەکەوێت ئەنجا دەگاتە تەختاییەکی بەردینی ڕەق وەکو شاخە قەپاغێکی بتەوە و قایمە دەکەوێتە سەر ژێرخانی ئاوی دەشتی ناوکوڕ ئەستوورایيەکی ٥ تا ٢٠ م دەبێت هەر کونێك یان دەرەزێك لەوتەختاییە بکرێتەوە ئاو سەربەخۆ بلق دەداتە سەر زەوی.[٢٧]

لە کۆنەوە چەند سەرچاوەی ئاوی سروشتی لەناو دەشتی ناوکوڕ هەبوو بە (بەحر) ناویان دەبرد وەکو (بەحری دۆستەك) لەگوندی دۆستەك.(بەحری پیر چاووش) سەرچاوەکەی لەگوندی خرابە واژە ، بەحری قولەڕەش بەحری (کانی هەسپان) هەروەها ئاوی مەمو زین لەقەراغ گوندی مەموزینە رووبارە ئاوێکیان لەبەردەڕوات.). بەلاّم لەبەر لێدانی بیری ئیرتیوازی سەرچاوەی ئاوەکانی سەر زەوی حیشکبوونە .

هەندێ لەئەندازیارانی جیولوژیای وا لەبۆی دەچن دەلّێن: ئەودەشتەیە (دەشتی ناوکوڕ) لە مەترسییەکی گەورەدایە ژێرەکەی دەریایێکی گەورەیە ئەو دەشتە لەئەنجامی بومبەلەرزەیەکی گەورە روودەدات دەبێـتە دەریا ، ئەویش. ئەمە تەنها بیرو بۆچوونە ، یان دەلّێنئاوی ژێر زەوی دەشتی ناوکوڕ لە کورتە دەدات بۆشایی لە ژێرەوەی پەیدا دەبێت دەبێتە هۆی شکانی قەپاغی سەرئاوی ژێر زەوی ، فەرمانی خوا لەنێوان(کن) کافو نونە.

---

٢٧ـ شاکر خصباك ، العراق الشمالی ، دراسه النواحی الطبیعیة والبشریه ، ص٣٣

# باسی شەشەم  :     ئامار: ـ

**ژمارەی دانیشتوان بە پێی ئامارەکان**

پێشەکی: یەکەم سەرژمێری گشتی لە باشووری کوردستان سالی ١٨٣١لە سەردەمی عوسمانیەکان هاتبوو ئەنجامدان ،حکومەتی عیراق سالی ١٩٢٧یەکەم سەرژمێری لە باشووری کوردستان ئەنجامدرابوو ، ژمارەی کورستانی باشوور بەم شێوەی خوارەوەبوو :

| ساڵ | ژمارە کەس | ساڵ | ژمارەی کەس |
|---|---|---|---|
| ١٩٢٧ | ٨١٤٠٠٠ | ١٩٦٥ | ٢,٢١٧,٠٠٠ |
| ١٩٣٥ | ١,٠٠٥,٠٠٠ | ١٩٧٧ | ٣,٣٠٣,٠٠٠ |
| ١٩٥٧ | ١,٨٢٢,٢٠٠ | ١٩٨٧ | ٤,٢٦٠,٠٠٠ |

تێکرای رێژەی سالانە ٢,٩ لە سالی(١٩٢٧ تا١٩٨٧)٣,٦١٥,٠٠کەس زیادیکردووە ، بڕیار هاتبوو دان هەر ١٠ دە ساڵ جارێك سەرژمێری گشتی لە عیراق بکرێت .

**ژمارەی کورد لە جیهان :**

سالی ٢٠٢٠سەرژمێرێکی گشتی لە لایەن بەڕێوەبەری ئینستیوتی کوردی لە سویسڕا ئەنجامدرابوو، دەڵێ ژمارەی کورد لە تەواوی دنیا ٧٠ ملیۆن و ٢٢٨ هەزار و ٥٥٤ کەسە، کە هێشتا ئەمە ژمارەی کۆتایی نییە و کوردی تریش هەن ، بەڵام ژمارەکە زۆر نزیکە لە راستی.

**پێکهاتەکانی کورد لە عیراق :**

سۆران ٤,١٠٠,٠٠٠ کەسن ، بادینان ٢,٥٤٠,٠٠٠ کەسن ، فەیلی و لۆر = ١,١٠٠,٠٠٠ کەسن ، ئێزدی ٥٥٠,٠٠٠ کەسن ، شەبەك ٢٥٠,٠٠٠ کەسن ، گۆران و هەورامان ١٧٥,٠٠٠ کەسن ، کاکەیی ٨٠,٠٠٠ کەسن ، باجەلان ٦٠,٠٠٠ کەسن ، سارولی ٢٠,٠٠٠ کەسن ، کۆی گشتی کورد لە عیراق دەکاتە ٨,٨٧٥,٠٠٠کەس ، ژمارەکان لەمەوسوعەی جوشوا وەرگیراوە ، لە راپۆرتی نەتەوە یەکگرتووەکان هاتبوو ،

بە پێی ئەو سەرژمێریە کە لە سالی ٢٠١٧ ئەنجام درابوو دانیشتوانی عیراق دەگەیشتە (٣٩ ، ٣٠٠، ٠٠٠) ملیون کەس ، رێژەی کورد بە ٥٨ ، ٢٢٪ دیاری کرابوو .

**ژمارەی دانیشتوانی بەردەرەش بە پێی ئامارەکان :**

ـ ساڵی ١٩٣٠ گوندەکانی سنوری ناحیەی ( ٨٠٠ ) خانی بوو ١٦٠٠ سوارچاکی هەبوو و ژمارەی چەك (٥٠٠ ) تفەنگ بەدەستی هەبوو .

ــ ساڵی ١٩٣٧سەنتەری ناحیە بەردەڕەش٥٥ماڵ بوو ژمارەی دانیشتووانی ٥٥٠ کەس بوو .

**سەرژمێری ساڵی ١٩٤٧ :-**

له سەرژمێری گشتی دانیشتوانی عیراق بۆ ساڵی ١٩٤٧ : ناحیەی بەردەڕەش (العشائر السبعه) له قەزای ئاکرێ سەر بە پارێزگای موسل ، کۆی گشتی دانیشتوانی ناحیە (نێر٤٢١٣ + مێ ٦٠٢٣) ژمارەی گشتی دەگەیشتە (١٠٢٣٦) کەس بوو ، له (٦٣) گوند پێکهاتبوو گرنگتریان ئەمانەبوون :

سەنتەری ناحیە (٣٣٠)کەس بوون ، بەردەرەش کچکە (٣٨٩) کەس، دووگوندان (٣٦١) کەس ، گەلوك بۆت(٣٦٠) کەس ، کانیلان (٢٥٨) کەس ، گربدەو (٣٠٧) کەس ، پیرچاوش(٢٤٣)، هەزار جفت (٢٤١) ، گردەپان (٣٤٣) ، بەنێنان (٤١١) ، گۆمەزەرد (٤٦٥) ، دارەتوو (٦٦٨) ، زەنگەنان (٦٩٢) ، خێلەکی (٣١٤) ، ژمارەی موسولمانان ٩٩٨٥ کەس ، مەسیحی ٨٥کەس بوون ، ژمارەی جولوکان ١٩٩کەس بوون ، ئێزدی تەنها (٢) کەس بوون .

له سەرژمێری گشتی دانیشتوانی عیراق بۆ ساڵی ١٩٤٧ له سنوری ناحیە ١٤ خانوو ٦٤خێزان تێدانە پێکەوە دەژیان ، ژمارەیان (٢٥٤) کەس بوون .

هەروەها هاتبوو ژمارەی خێزانەکانی له ناو کۆخ و کەپرو ڕەشمال دەژین دەگەیشتە (٣٦٠) خێزان ، ژمارەیان ١٦٧٢کەس بوون .

له ئاماری گشتی دانیشتوانی عیراق بۆ ساڵی ١٩٤٧کارە پیشەییەکان بەم شێوەی خوارەوە بوو:

(٣٤٥٢)کەس ، خەریکی کاری کشتوکالی و ئاژەلداری بوون ،

(١٠)کەس ، پیشەی رستن و چنینیان دەکرد بە هەموو بەشەکانیەوە .

(١٠) کەس ، خەریکی کاری گواستنەوەی ووشکایی و ئاوی و ئاسمانی بوون .

(٢) کەس ، له بواری تەندروستی کاریان دەکرد .

(٢٤) کەس ، له بواری خزمەتکردنی ئاینی ئیسلام کاریان دەکرد .

(١٧) کەس ، فەرمانبەری میری بوون له کاری خزمەتگوزاری (بلدیات) .

(٤٣) کەس ، کاری بازرگانیان (کرین و فرۆشتن ) بە هەموو جۆرێکەوە بەرێوەیان دەبرد . *

---

* سەرچاوە / وزارە الشؤن الاجتماعیە ــ المملکە العراقیە مدیریە النفوس العامە بغداد ١٩٥٤

به پێی خشتەی خوارەوە ئاماری ساڵی ١٩٤٧ کۆی گشتی قەزای ئاکرێ به ناحیەکانەوە (٣٥,٨٤٨) کەس بوو هەزار کەسی جولەکە ساڵی ١٩٤٨ لە سنووری قەزای ئاکرێ بۆ فەلەستین باریان کردبوو واتە کۆی گشتی دانیشتووانی قەزای ئاکرێ دەبوو (٣٤٨١٨) کەس.[28]

| شوێن | کۆ | مێ | نێر |
|---|---|---|---|
| سەنتەری ئاکرێ | ٥,٥٩١ | ٢,٦٢٧ | ٢,٩٦٤ |
| ناحیەی بیرەکەپرا | ٨,٨٥٥ | ٤,٨٤٥ | ٤,٠١٠ |
| ناحیەی سورچی | ٧,٥٩٥ | ٤,٥٢٨ | ٣,٠٦٧ |
| ناحیەی عشائر السبعە | ١٠,٣٣٣ | ٦,٠٩٧ | ٤,٢٣٦ |
| کۆی گشتی کەس | ٣٥٨١٨ | ١٩٩٨٦ | ١٦٨٣٢ |

لەسەر ژمێری ساڵی (١٩٦٥) سنوری کارگێری ناحیە بەردەڕەش(١٧,٤٢٤) کەس بوون

ـ لە ساڵی١٩٦٨ کاتی ،ناوی موسل گۆڕا بۆ نەینەوا ئامارێك کرا سەرژمێری ناحیەی بەردەڕەش (١٩ ،٥٢٨) نێر (١٩ ، ٩٦٢) مێ کۆی گشتی دەکاتە(٣٩ ،٤٩٠) کەس.[29]

ـ لەسەر ژمێری ساڵی (١٩٧٠) سنووری ناحیەی بەردەڕەش (٢٣ ،٦٧٩) کەس بوون.

ـ ساڵی ١٩٧٤ سەنتەری ناحیە(١٥٠) ماڵ بوو ژمارەیان نەدەگەیشتە (١٠٠٠) هەزار کەس

ـ لەسەر ژمێری ساڵی (١٩٩٧) ناحیەی بەردەڕەش (٥١ ،٧١٣) کەس بوون.

ـ ژمارەی دانیشتوانی بەپێی سەر ژمێری (UN -WFP)وە لەساڵی ١٩٩٧ بۆ خۆراك ئەنجامدرا بوو دەگەیشتە (٥١ ، ٧١٣) کەس ، (١٠) دەهەزار کەس لەناو سەنتەری ناحیە دادەنیشتن ئەوانەی تر بەسەر (٨٣) گوند بڵاون[30]

خشتەی ئاماری دانیشتوانی گوندەکانی بەردەڕەش ساڵی ٢٠٠٢[31]

| ئاماری دانیشتوانی گوندەکانی بەردەرەش لە ساڵی ٢٠٠٢ | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| ژمارەی خێزان | کەس | | سەرجەم | قوتابیانی سەرەتایی | قوتابیانی ئامادەیی |
| | نێر | مێ | | | |
| ٩٣٥٤ | ٣١,٣١٣ | ٣١,٢٥٥ | ٦٢,٥٦٨ | ١٤,٤٩١ | ٢,٧٥٨ |

٢٨ـ شاکر فتاح قایمقامی ئاکرێ کتێبێکی دەستنووس بە ناونیشانی (ئاکرێ لە ساڵی ١٩٥١) لە لای (فازل رەشید حجی حسن) ئەوداتایەی تێدا پارێزراوە،.

٢٩ـ وەرگیراوە لە کتێبی ( پارێزگای نینوی لە نێوان دوێنێ و ئەمڕۆدا ) ساڵی ١٩٦٨ چاپکرایە

٣٠ ـ خەسرۆ گۆران ، کورد لە پارێزگای موسل،چاپی یەکەم ، دەزگای ئاراس.

٣١ـ علی محەمەد سلێمان لە ئەرشیفی قائمقامیەتی قەزای بەردەڕەش .

بەپێی ئاماری ساڵی ۱۹۹۷ناحیەی بەردەڕش زیاتر له ٤٠٪ دانیشتوانی قەزای ئاکرێی پێکدەهێنا بەم شێوەیە بوو:ـ

ژمارەی خێزان ۷۳۱۷ ژمارەی کەس۵۱۷۱۳

ناحیەی کەڵەك: ژمارەی خێزان۱۰۳٦ ، ژمارەی کەس٦۳۹٦

له سەرژمێری ساڵی ۲۰۰۲ ناحیەی بەردەڕەش ئاماری بەم شێوەیە بوو :

ژمارەی گوندەکانی (۸۰گوند) . ژمارەی دانیشتووانی بەگشتی (٦۸، ۰۲۷) کەس .

ژمارەی دانیشتوانی سەنتەری ناحیەی بەردەڕەش (۸، ٦٤۳)کەس بوون .

ئاماری دانیشتوانی سەنتەری ناحیەی بەردەڕەش ساڵی۲۰۰۲بەم شێوەی خوارەوە بوو :

( بەردەڕەش گەورە ، بەردەڕەش کچکە ، خێلەکی) ، (۱۲، ۱٦۹ )کەسن .

رووبەری زەوی کشتوکاڵی ناحیەی بەردەڕەش زیاتر له (۳۵۷، ۲۰۰) دۆنم

| شارنشین و گوندنشین له پارێزگای دهۆك به گوێرەی ئاماری ساڵی ۲۰۱۲* | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| ناوی شوێن | سەرجەم | شارنشین | ٪ | گوند نشین | ٪ |
| پارێزگای دهۆك | ۱۲٦٥٥٤۸ | ۹۳۱۹۰۳ | ۷٤ | ۳۳۳٦٤٥ | ۲٦ |
| قەزای بەردەرەش | ۱۲٥٥۳۲ | ۳۲۲۷۲ | ۳٤ | | |
| سەنتەری قەزای | ۲۸۷۳۹ | ۲۳۸٥۲ | ۸۲ | ٤۸۸۷ | ۱۷ |
| ناحیەی دارەتوو | ۳۰۹٤٤ | ۳۱۷۳ | ۱۰ | ۲٦۷۷۱ | ۸٦ |
| ناحیەی رۆڤیا | ۳۲۱۱۲ | ۲۱۱۱ | ٦ | ۳۰۰۰۱ | ۹۳ |
| ناحیەی کەلەك | ۳۳۷۳۷ | ۱۲۱۳٥ | ۳٥ | ۲۱٦۰۲ | ٦٤ |

*ـ عبدالله غفور شارنشینی له باشووری کوردستان لاپەرە(۲۸) و لاپەرە(۱۳۰)

| ناو | ژمارەی دانیشتوان ۲۰۰٦ | دانیشتوانی شارۆچکە | دانیشتوانی لادێ | چڕیدانیشتووان ژمارەی دانیشوان بو ۱کم۲ | تێکرای قەبارەی خێزان |
|---|---|---|---|---|---|
| قەزای بەردەرەش | ۱۱٦,٥۸۷ | ٪۳۳,٤۳ | ٪٦٦,٥۷ | ۱۱۷ | ۷,۹ |

رێژەی دانیشتووانی قەزای بەردەڕەش له سەر ئاستی پارێزگای دهۆك

| لەسەر ئاستی قەزا | | لەسەر ئاستی پارێزگا | | رێژەی قەزا لەسەر پارێزگا |
|---|---|---|---|---|
| باژێر | گوند | باژێر | گەند | بەگشتی |
| ٪۳۳,٤ | ٪٦٦,٦ | ٪٤,۷ | ٪۲۲,٥ | ۹,٥٦ |

ڕێژەی هەرە زۆری دانیشتووانی قەزای بەردەڕەش خەڵکی گوندەکانن

لە خشتەی خوارەوە بەدیاردەکەوێت. (۳۲)

| ز | ساڵ | شارنشین | ڕێژەی ٪ | گوندنشین | ڕێژەی ٪ |
|---|---|---|---|---|---|
| ١ | ١٩٧٥ | ٥٥٠ | ٣,٤ | ١٥٥٩١ | ٪٩٦ |
| ٢ | ١٩٧٧ | ١٥٣٩ | ٥ | ٢٦٦٩٨ | ٪٩٤ |
| ٣ | ١٩٨٧ | ٤٥٧١ | ١٢ | ٣٣٦٦٢ | ٪٨٨ |
| ٤ | ٢٠٠٠ | ٩٣٢٣ | ١٦ | ٤٨٩٧٥ | ٪٨٤ |
| ٥ | ٢٠٠٩ | ١٢٧٦٨ | ١٩ | ٦٧١٠٣ | ٪٧٨ |

خشتەی تێکرای ڕووبەری یەکە کارگێرییەکانی قەزای بەردەرەش (۳۳)

| ز | ناوچە | ڕووبەر کم٢ | ڕووبەر بەدۆنم | گوندەکان | ڕێژەی ٪ |
|---|---|---|---|---|---|
| ١ | ناحیەی ڕۆڤیا | ٢٩٠ | ١٢٠٠٠٠ | ٤٣ | ٪٣٣ |
| ٢ | ناحیەی دارەتوو | ٢٥٦ | ١٠٥٠٠٠ | ٢٦ | ٪٢٩ |
| ٣ | ناحیەی کەلەك | ٢١٣ | ٩٥٠٠٠ | ٢٩ | ٪٢٣ |
| ٤ | سەنتەری قەزا | ١٣٤ | ٧٩٢٠٠٠ | ٧ | ٪١٥ |
| ٥ | کۆی گشتی | ٨٩٣کم٢ | ٣٩٩,٢٠٠ دونم | ١٠٥ | ٪١٠٠ |

لە ڕووی کۆمەلایەتییەوە بەڕێوەبەری ناحیەی بەردەرەش ساڵی ٢٠٠٢ سەرژمێرییەکی

بو هەتیوان و پەککەوتووان کردبوو بە شێوەی خوارەوەبوو . (۳٤)

| ژمارەی هەتیوەکان | | | ژمارەی پەککەوتووان | |
|---|---|---|---|---|
| بێ باب | بێ دایک | بێ باب و دایک | نێر | مێ |
| ١١٥٤ | ٤٠٨ | ١١٠ | ٢٦٩ | ١٩٤ |
| ١٦٧٢ کۆی گشتی | | | ٤٦٣ کۆی گشتی | |

---

٣٢ ـ سەرژمێرو هەڵسەنگاندنی ئاکنجیێن پارێزگای دهۆك ،ڕێژەی(٪) گۆڕین و تێکڕای زێدەبوونی ساڵانەی قەزای بەردەڕەش /دهۆك لەساڵی ١٩٧٥تاکو٢٠٠٩

٣٣ـ چاوپێکەوتن لەگەل بەرێوەبەرەکانی شارەوانی و کشتوکالی ناحیەکانی قەزای بەردەرەش

٣٤ـ لە بەرێز علی محمد سلێمان لە ئەرشیفی قائمقامیەتی قەزای بەردەرەش وەرگیرایە

# بەشی دووەم

## باسی یەکەم : بنەمای مێژوویی دەڤەری گۆرانەتی :

### أ ـ دەڤەری گۆرانەتی لە چاخەکانی کۆن  و  نوێدا : ـ

زۆربەی سەرچاوەکانی کۆن ئاماژە بەوە دەکەن کە مێژووی دانیشتوانی کۆن لە باشوری کوردستانی بۆ سەردەمی چاخی بەردینی کۆن دەگەرێتەوە  بە ژیانێکی سادە لە ئەشکەوتی چیاکان ژیاون ،  بەردیان بەکارهێناوە وەکو مادەیەکی سەرەکی لە دروستکردنی چەك بۆ بەرگری لە خۆکردن و ئامرازی ڕاوکردنی ئاژەلەکان بووە ؛ بۆ دابێنکردنی خۆراکی بژێوی رۆژانەیان.

تاکو دەوروبەری هەزارەی دەیەمی پێش زایین ژیانی مرۆڤـ گۆڕا دەستیانکرد بە کاری کشتوکاڵی و دانەوێلەیان لە زەوی بە پیت بەرەکەت دەچاند ، ژیان کەوتە دۆل و دەوئاو و دەشتاییەکان ،  شۆڕشێك لە سەر ژینگە بەرپابوو ، مرۆڤـ پشتیان لە ئەشکەوتەکان کرد و لە سەر زەوی بە پیت و بەرەکەت جێگیر بوون ،  بۆ ماوەیەکی زۆر گۆڕانکارییەکان بنەرەتی نەبوو ،  لەسەر شێوازی ڕاوی ئاژەلەکان و کۆکردنەوەی بەرهەمی ڕووەکەکان چەند هەزار ساڵێك بەردەوام بوون ،    لە زۆر شوێنی دەڤەری گۆرانەتی شوێنەواری تاشە بەردی وەکی تیخ و دەستارو بەردە جۆنی بۆ هاڕاندن وقوتانی دانەوێلە دۆزرایتەوە، هەوەها پارچە بەردەقوڕینە (تاسولقە)، گۆزەو جەڕەو دەنەی زۆر کۆن بەرچاو دەکەوێت ، ئەو کەرەستانە پێویستیان بە توژینەوەی زانستی هەیە بۆ دیاری کردنی مێژووی دروستکردنی.دەڤەری گۆرانەتی  یەکێکە لە ناوچە کۆنەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست ، ویەکێکە لە و ناوچانەی کە زۆرترین ململانێی  ئابووری سیاسی و سەربازی لە سەردەمەکەکانی کۆندا تێدا روویداوە.

ناوی  بەردەڕەش  یەکێکە لە ناوە کۆنەکانی مێژووەکە لە دەقە مێخیەکانی سەردەمی ئاشوری نوێ (كتابات المسماريه القديمه)ئەو  دەڤەرە بە ناوی خاکی رەش (الارض السوداء)  هاتووە بەتایبەتی لە سەردەمی فەرمانڕەوایەتی ئیمپراتۆریەتی ماد و دەولەتی میتانی کاردۆخی و ئاشوورییەکان گرنکی بەخاکە پڕ پیت وبەرەکەتەکەی دراوە بۆ کاری  کشتوکاڵی، ئەم ناوە بەدرێژی چەندەها هەزار ساڵ بەکارهاتووە سەبارەت بە لایەنی مێژوویەوە دوای پشت بەستن بە سەرچاوە دۆزراوە زانستیەکانی مادی لە سنووری دەڤەری گۆرانەتی بۆمان دەرکەوت چەندەها شارستانیەت و نەتەوەیی کۆن لەو ناوچەیە ژیاون بگرە لە سەردەمی پێش مێژوو (العصور ما قبل التاريخ) تا سەردەمی مێژوویی (العصور التاريخيه) و هەروەها تا ئێستا ژیان بەردەوامە

بۆ ئەو خالانە دەگەڕێتەوە هەبوونی ئەشکەوت لە ریزە چیاکانی ئاکرێ ، مەقلوب و زەردك مرۆڤــ لە سەردەمی بلایستۆسین لێرە هەبوە ، ئەو دەڤەرە خاکێکی بە پیت و خێرو بەرەکەت هەیە ، سنووری بازرکانی گرنگ بووە ، ڕووباری خازر و زێی گەورە و ڕووباری گۆمل و هەبوونی کارێزەکان خالێکی گرنگ بوون بۆ سەرهەلدانی شارستانیەت لە دەڤەری گۆرانەتی .

یەکەم پاشماوەی مادی زانستی بۆ سەلماندی مێژووی دانیشتوان لە سنووری دەڤەری گۆرانەتی دەگەرێتەوە بۆ سەردەمی چەرخی بەردینی ناوەڕاست تا ئێستا نزیکەی (١٢٠٠٠ هەزار سالٚ) پێش ئێستا بۆ سەردەمی قوناغی کواستنەوەی مرۆڤــ لە ئەشکەوتەکانەوە بۆ دەشت و قەراغ رووبارەکان و سەرەتای هەولٚدانی و دەستپێکردنی  کاری کشتۆکالٚی و بە خیوکردنی ئاژەلٚ بوو.

وەکو ئاماژەمان پێدا کە شارستانیەت لە سنووری دەڤەری گۆرانەتی تا ئێستا دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتای قۆناغی کواستنەوە (المرحله الانتقالیه)  و ئەو پاشماوەی مادی وەکو کەرستەی بەردی و هەستی ئاژەلی سەلمێنەرە  بۆ کۆنی مێژووەکەی دەڤەری گۆرانەتی  ئەمەش وایکرد کە ئەم ناوچەیە یەکێك بووە لە ناوچەکانی رۆژهەلاتی ناوەڕاست کە مرۆڤـ لە قۆناغەکانی کۆتایی چەرخی بلایستۆسین و سەرەتایی قۆناغی چەرخی هولوسین ١٠,٠٠٠ دە هەزار سالٚ دەستی کردووە بە ژیانی کۆچەری کواستنەوەی ئەنجام داوە وهەولٚدانی بۆ دروستکردنی یەکەم بناغەی خانوو بە بەردی چیا و خشتی لەبەر رۆژ   ووشککراوە لە شێوەی لاکێشەو چارگۆشەیی (اللبن المجفف تحت الشمس) ، دروستکردنی خانوو بە شێوەی بازنەیی (الاکواخ الدائریه) و ئەم شیوازە بە کەونترین شێوازی دروستکردنی خانوو دادەنرێت لە رۆژهەلاتی ناوەڕاست و دۆلی دوو ئاوان. ئەمەش کەورەترین سەلماندنی پیشوەچوونی شارستانیەتە لە جیهانی کۆندا. و ئاماژەیەکی گرنکە کە شارستانیەت لە سەر ئاستی عیراق یەکەم جار لە کوردستان دەستی پێکردووە دواتر بەرەو ناوەڕاست و باشووری عیراق رۆیشتووە. سەبارەت بە ئەو شارستانیەتەی  کە سەردەمەکانی پێش مێژوو لە سنووری دەڤەری گۆرانەتی  دۆزراویتەوە وەکو شارستانیەتی ( حسونە- حەلەف — عوبێد — وەرکا). سەبارەت بە پاشماوەی ئەو نەتەوانەی بە درێژایی مێژوو کە تا ئێستا ژیاون لە دەڤەری گۆرانەتی وەکو نەتەوەی (سۆمەڕی — ئەکەدی — ئاشووری — میدی — میتانی — ساسانی - یونانی — ئەشکانی — عوسمانی — ئیسلام) ، وەکو لێکۆلینەوەی زانستی کە زۆرترین نەتەوە پاشماوەی مادی بەدەست هاتووە. (٣٥)

---

٣٥ ــ عمرحوسێن شریف/ ماجستەر لە شوێنەوارناسی/ قەزای بەردەڕەش بەدەستکارییەوە .

## ب ــ پوختەیەك لە مێژوونـــامەی كوردستان

## بەسەر دەڤـــەری گـــۆرانەتی لە بادینان  تێپەڕبووە ئەمانەن:

تێبینی:ئەومێژوونامە لەكتێبەكانی مێژوویی لە سەر كوردوكوردستان نووسراوون وەرمگرتووە.

٣٥هەزار سالٓ پێش زاین بەستەلەك بووە ،   مرۆڤـ لە ئەوروپاو رۆژهەلاتی ناوەراست ژیاوە ، ئەو سەردەمی كوردستان بە شارستانیەتی برادوست ناودەبرا ٠ دەبنە چوار جەرخ ئەمانەن:

### یەكەم :

ــ چەرخەكانی پێش مێژوو(٦٠٠٠٠٠ـ ٢٨٥٠) پ.ز دەبنە سێ چەرخ ئەمانەن :

أ ـ چاخی بەردینی كۆنی خواروو (٦٠٠٠٠٠ـ١٥٠٠٠) پ.ز

ب ـ جاخی بەردینی ناوەڕاست (١٠٠٠٠ـ ٧٠٠٠) پ.ز

ج ـ جاخی بەردینی نوێ ـ مۆدێرن ـ (٧٠٠٠ـ ٥٦٠٠) پ.ز

ـ جاخی بەردینی كانزایی(٥٦٠٠ـ ٢٥٠٠)پ.ز

ـ جاخی مێژوویی (٢٥٠٠ـ ٢٨٥٠) پ.ز

ــ(١٠،٠٠٠ تاكو٨،٠٠٠) هەزار پ .ز سەهۆل بەندان( بەستەلەك) لە كوردستان كۆتایی هات

### دووەم :

ــ چاخەكانی بەستەلەك(pleistocen ) دابەش دەبن بەسەر

٦٠٠،٠٠٠ ــ ١٠٠،٠٠٠ پ . ز  چاخی كۆنی بەستەلەك .

١٠٠،٠٠٠ ـ ٥٠،٠٠٠ پ . ز  چاخی ناوەڕاستی بەستەلەك.

٥٠،٠٠٠ ــ ١٠،٠٠٠ پ . ز  چاخی بەستەلەكی نوێ .

٢٠٠،٠٠٠ تا ٣٥،٠٠٠ سەردەمی ژیانی مرۆڤی نیاندەرتال بوو .

### سێیەم :

ــ چاخە بەردینەكانی كوردستان پێش مێژوو بریتین لە :

١ـ چاخی كۆنی بەردین          (٦٠،٠٠٠تاكو ٣٠،٠٠٠) پ.ز

٢ـ چاخی بەردینی ناوەڕاست   (٣٠،٠٠٠تاكو ٩،٠٠٠ )  پ.ز

٣ـ چاخی بەردینی نوێ مۆدێرن  (٨،٠٠٠ تاكو٣،٠٠٠ )پ.ز

### چارەم :

(٨٠٠٠ ــ٦٠٠٠ )پ . ز كۆمەلگای  كشتوكالٓی پەیدا بوو .

( ٧٠٠٠)پ .ز لە جەرمو كشتوكال پەرەی ساند.

(٣٩٠٠ــ ٢٩٠٠ )پ .ز تۆفانی نوح پێغەمبەر(درودی خوای لەسەر بێت ) روویداوە.

ــ لە (٣٠٠٠) ساڵییا پێش زاین ئەودەڤەرە (دەڤەری گۆرانەتی) پشکەك بووە لەژێر دەسەڵاتداری سۆپارتۆیان(سۆپاری).

ـ چەرخی مێژوویی(٢٨٥٠) پ. ز بە چەرخی دەسپێکی شارستانیەت دێتە هەژمارتن

ــ٢٨٠٠پێش زاین سەردەمی دەولەتی گۆتی بوو بۆ ماوەی ١٢٥سالان حوکومرانیان لە سەرانسەری میزۆبۆتامیا کردبوو پایتەختی وان باژێری کەرکوك بوو .

ــ چەرخی سۆمەرِی(٢٨٥٠ـ ٢٣٧١) پ. ز .

ساڵی ٢٠٧١ بەری زاین دەستهەلاتی شاهی سۆمەری (شۆلکی) موسل و دەڤەری گۆرانەتی.

ــ نەژادی کیش ٤ نەژاد بوون لە( ٢٨٠٠تا٢٤٠٠ ) پ . ز (٣٩)مەلیکیان هەبوو .

ــ چەرخی ئەکەدی (٢٣٧١ـ ٣٣٣) پ.ز واتە پێش (٤٠٠٠)سالْ ، سۆمەرییان لە ناوبرد،

نەژادی ئەکەدی( ٢٣٧٠تا٢١٦٠ ) پ . ز ،

ـ لە ساڵی ٢٢٣٠ ئەو دەڤەرە دەولەتا ئەکەدی تێدابوون .

ـ حوکومرانی ئەکەدی ساڵی( ٢٢١٧ـ ٢١٩٣)پ .ز لە ناوچوو لەبەر ئەوەی شاه (نرام سین) بەردەوام لە لەشکرکێشی بوو لە سەردەمی کورەکەی(شارکی شری) لە سالی٢١٩٣ پ . ز لەناوچوو

ــ نەژادی گوتییەکان (٢٣٧٠/٢٢٨٢) پ.ز (٢٢) مەلیکیان هەبوو .

ــ گوتییەکان ونەژادی لجشی دووەم (٢٢٣٠تا ٢١٢٠) پ .ز فەرمانرەوایان هەبوو .

ــ نەژادی سەردەمی بابلی کۆن ( ٢٠١٧ تا١٨١٠)پ . ز (٨١)مەلیکیان هەبوو .

ــ الگیتیین(الکاشییون) لە( ١٥٩٥تا١١٦٢) پ . ز وولاّتی بابلیان داگیر کرد .

ــ لەکۆتایی سێ هەزارساڵی بەری زاینی ئەو دەڤەرە لە ژێردەستەڵاتی خۆریان بوو

ــ (٢٢٠٠ــ٢٠٥٢) پ . ز گوتییەکان ئیمبراتۆریەتی ئەکەدیان تێکشکاند ١٤٨سالآن٢١پاشای گوتییەکان فەرمانرەواییان کردبوو .

ــ ١٩٠٠پ . ز حەزرەتی ئیبراهیم پێغەمبەر لە شاری(ئور)ی باشووری عیراق هیجرەتی کرد بۆ شاری(ئۆرفا)ی باکورِی کوردستان ،

لەساڵی(١٨٦١)پ . ز لەگەڵ سارای خێزانی بەرەو خاکی کەنعان لە ئیسرائیل بەرێکەتن و لە شارۆچکەی حەبرون (خلیل) لە فەلەستین ئاکنجی بوون .

ــ(١٧٠٠تا١١٥٧) کاشییەکان فەرمانرەوایی بابلیان دەکرد ، (٢٧)مەلیکیان هەبوو .

ــ لە دەورووبەری ساڵی( ١٩٠٠) پ .ز ئەودەڤەرە کەوتە ژێر دەسەڵاتی ئاشورییان .

ــ لە ساڵانی (١٥٣٠ـ١١٦٠) پ .ز دەولەتی کاشی ٣٧٠ساڵانحوکمرانی بابلیان کرد .

ــساڵی (١٢٧٠تا١٥٠٠) پ.ز ئەو دەڤەرە بەشێك بووە لە دەولەتی میتانی .

ــ ساڵی(١٢٤٧تا ١٢٤٥) ئەو دەڤەرە گرنگییەكی مەزنی هەبوو ، لە ڕووی بازرگانی .

ــ لە ساڵانی( ١١٧٢تا ٦٣١ ) پ .ز دەسەڵاتی ئاشورییەكان بەسەر كوردستان زاڵبوون ، شوێنێكی گرنگی ئاشورییەكان بوو، دوای مردنی (ئاشور پانیپال) ئاشوریەكان لاوازبوون ،

(٨٢٨تا٨١٠ )پ . ز مەلیكی ئۆرارتی شمشارەی كێلەشینی دامەزراند بە بۆنەی سەركەوتنی بەسەر ئاشورییەكان .

ــ ساڵی(٧٠٤تا٦٨١)پ . ز شاهی ئاشوری سەنحاریب گرنگییەكی زۆری بەو دەڤەرە دایە بە تایبەتی لەڕووی ئاودێری و كشتوكاڵی و بازرگانی.

شاه (مادایس)ی سكوتی ساڵی( ٦٢٥ـ ٥٨٤ ) پ . ز بە دەستی كەیخەسرەو هاتە كوشتن .

ــ ئیمبراتۆرییەتی میدی (٧٠٠ـ ٥٥٠) پ. ز موسل و دەڤەری گۆرانەتی ئازادكرا .

ــ لە ساڵی( ٦١٢) پ.ز دەولەتی ئاشووری لە سەر دەستی لەشكری میدی و بە هاوپەیمانی لە گەڵ بابلیان ئیمبراتۆریەتی ئاشوری شكستی هێنا ،

ــ دەولەتی میدی (٦١٢) پ.ز ئەو دەڤەرە لە ژێردەسەڵاتداری ئاشووریان ئازاد كرا .

ـ دەڵێن ساڵی (٥٣٢) پ.ز زەردەشت پێغەمبەر سەردانی شاری ئاكرێی كردبوو ، ــ (سێرماك سایس)دەڵێت: لەسەدەكانی ٦٠٠ساڵپ.ز تایفەی (كوردوین ، كوردیان) لە ناوچەكانی نێوان دیار بەكر و ڕووباری زێی گەورە ژیاون .

ــ ساڵی( ٥٩٦ ) پ . ز (نەبوخوذ نەسسەر ) چەند هۆزی جوولەكەی لە فەلەستین گواستەوە بۆ دۆلی دوو ئاوان و گوند وشاروشارۆچكەكانی كوردستانی گەورە .

ــ ئەخمینیەكان لە(٦٤٠ تا٣٣١) پ.ز فەرمانڕەواییان كرد (١٣)مەلیكیان هەبوو ،

ــ ساڵی( ٥٤٦ )پ.ز ئەودەڤەرە كەفتبوو ژێردەسەڵاتداری ئەخمینیەكان .

ـ ( ٥٤٩ )پ.ز دەولەتی میدی لەناودەچێت فارسەكان ئەو دەڤەرە داگیردەكەن .

ــ ( ٤٢٤ تا ٤٠٤ )پ.ز داریۆشی دووەم دەسەڵاتی گرتە دەست .

ــ (٤٠١ )پ.ز كاردۆخیەكان(كۆرتۆ ، كۆرتی ، كوردی)لەرۆژهەڵاتی ڕووباری دیجلە شەڕیان لەگەڵ لەشكری زەینەفوونی یونانی كردبوو .

ــ لەساڵی(٣٣٨)پ.زمەلیك دارای سێیەم دوازدەمین مەلیكی ئەخمینیان بوو دەسەڵاتی هەبوو بە سەر (كردۆیین ـ كاردۆیكا) هەر لە ڕووباری زێی بادینان تاكو ئاوی دیجلە

ــ مەقدونیەكان (٣٣٦ تا ٣٠٧) پ.ز لە كوردستان فەرمانرەوایان كرد(٣)مەلیكیان هەبوو .

ــ لە ڕۆژی ٢٠ سپتێمبەری( ٣٣١ ) پ. ز لەشكری ئیمبراتۆریەتی یۆنانی لە شارۆچكەی ئسقۆف پەریەوە ، گەیشتە دەشتی ناوكوڕ بە ٥٠ هەزار لەشكرەوە بە گوندی (خاتووناوە) تێپەڕین لە باكووری چیای مەقلوب خۆیانگرتەوە. لە ڕۆژی ٢٥ ی ئەیلوولی ساڵی(٣٣١) پ.ز ، لەشكری

ئەسکەندەری مەقدونی لەنزیك گوندی (تلجۆمر) لە سەر جۆمی گۆمرلە بناری چیای مەقلوب سنگی خیوەتی خۆیان هەڵداو ئاکنجی بوون .لەهەمان  رۆژ مەلیکی فارسی بەسەرۆکایەتی داریۆشی سێیەم بە( ٣٥٠ ) هەزار لەشکرەوە بەرامبەر یەکتر راوەستابوون .

ــ لە ڕۆژی یەکەمی تەشرینی یەکەم ساڵی( ٣٣١ ) پ .ز لەشکری ئەسکەندەری مەقدۆنی پەلاماری  سەنگەرەکانی فارسەکانیاندا و ، فارسەکان بەرەو ئەربائیلا (ئەربیل ـ هەولێر )هەڵاتن ، لە دەشتی ناوکوڕ مەزنترین نەبەردی لەشکری ئەسکەندەری مەقدۆنی بەسەر فارسەکان تۆمار کرا ، خۆیان نەگرتەوە تاکو پایتەختی خۆیان لە ئەکپاتانا (هەمەدان) ، لە بەر هەندێ هەتا ئێستا رۆژئاواییەکان شانازی بەو شەڕە دەکەن بەردەوام تۆژینەوە ئەنجامدەدەن .

ــ ساڵی(١٤٧ تا ٣٣١) پ.ز ئەسکەندەری مەقدۆنی لەشەڕی گۆگامیلا بەسەر ئیمراتۆرییەتی ئەخمینی سەرکەوت . دەستی بەسەر ئەو دەڤەرە داگرتبوو.

ــ لە ساڵی(٣١٢ تا٦٥) پ.ز سلوکییەکان حوکمڕانی کوردستانیان دەکرد (٢٣) مەلیکیان هەبوو ناوی دهۆکی کردە هلسینی .  چەرخی هیلسینی (٣٣١ـ ١٤٧) پ.ز

ــ لە ساڵی( ٢٤٧ تا٢٢٦ )  پ.ز ، پارسەکان (الفرثیون )یان (فەرثیە کان)لە مەملەکەتی سلۆکی جودا بوونەوە ، دەسەڵاتیان بە سەر دەشتی ناوکوڕ هەبوو.(٣٧)مەلیکیان فەرمانرەوایان دەگێرا

ــ ساڵی( ٣٤٧تا٢٢٤)پ.ز ئەو دەڤەرەکەوتە ژێردەسەڵاتداری فەرثی(ئەشکانی) یەکان

ــ ساڵی(١١٥)پ.ز سەرکردەی رۆمانی (تراگان)یان تراجان بەرێگای سوریا هێرشی کردبوو سەر رۆژهەڵاتی ناوین ، دەستی بە سەر ئەدیابین و ئەربائیلۆ و عەزەر داگرت تاکو گەیشتە کەنداو.

ــساڵی (٦٩)پ.ز مەلیك فەرهادی ئەشکانی هێرشی کردبوو سەرئەدیابین

ــ  (٤٠) ب. ز بارثەکان پەلاماری سوریاو فەلەستینیاندا .

ــ ساڵی (٣٣) پ.ز پەیوەندی نێوان مەلیکی پارسی و میدی تێکچووبوو.

ـ(٣٦تا٣٤)پ.ز سەرکردەی رۆمانی(مارك ئەنتوان) هاتە ناو خاکی کوردستان دژایەتی توندی ئەشکانیانی کردبوو  ئەرمینیای داگیرکرد.

ــ ساڵی ٤ پ. ز حەزرەتی عیسا کوڕی مریەم لە بێت لحم لە دایك بوو .

ــ( ٥٢ تا٥٣ ) ز پارثەکان دەستهەلاتیان بەسەر دەشتی ناوکوڕ تاکو ئەرمەنستانیان هەبوو.

ــ(٥٥)ز مەلیك بلاشی یەکەم دەستی کردبوو بەکۆکردنەوەی ئاڤێستا.

ــ( ٣٥تا٥٩ ) ز مەملەکەتی ئەدیابین پایتەختەکەی ببووە مەلبەندی بەلاّوبوونەوەی ئاینی مەسیحی وازیان  لە ئاینی جولەکە هێنا .

ــ رۆمانەکان زنجیرە شەڕێکیان دژی  بارثەکان ئەنجامدابوو .

ــ (٢٩٦) ز گلریوس سەرکردەی رۆمانی دیسان ئەرمینیاو کوردۆیینی(کوردۆیین دانیشوتوانی

نێوان زێ و دیجلەیە) گرتەوە .

ـ(٦٠٥)مەلیك (خەسرۆ پەروێز) دیاربەکری له دەستی رۆمەکان دەرهێنا .

ـ ساڵی(١)هـ (٦٢٢) ز قەیسەری رۆمانی(هرقەل)به لەشکرێکی گەورە هێرشی کردبوو سەرئەرمینیا و کوردستان ، لەشکری (شهر براز)ی ئێرانی تێکشکاند و بەسەریان سەرکەوت.

ـ ساڵی(٢٢٦تا٦٥١) ز ئەو دەڤەرە کەوتبوو ژێردەسەڵاتی دەولەتی ساسانی.فەرمانرەوایان لە هەولێرو بادینان و موسل دەکرد، ساسانیەکان ئاگردانیزەردەشتیان لە دەڤەرەکان دروستکردبوو ، لەو چەرخە یەکەم جار ووشەی کورد بۆ ناوچەکانی کوردستانی گەورە هاتە بەکارهێنان .

ـ لە سەردەمی سولتان سنجەری ئیمپراتۆرییەتی سەلجۆقی ، یەکەم جار بوو ووشەی کوردستان هاتە بەکارهێنان ، هەروەها پارەش بە ناوی کوردستان دەرهێنرا .

ـ( ٢١ـ٢٥/٩/٦٢٢) ز پێغەمبەر گەیشتە شاری مەدینە مزگەفتی قوبای دروستکرد ، .

ـ لە ساڵی(٦٣٨) ز سوپایێ دەولەتا ئیسلامی گەیشتە شاری موسل لە وێندەری بە سەرۆکایەتی غیاض بن غنم لەشکری ئیسلامی بۆکردنەوەی دەشتی ناوکور و ئاکرێ بەرێکەفت ئەو دەڤەرە ببوو بەشێك سەربە دەولەتی ئیسلامی .

ـ لە ساڵی(٦٤٦)ز عوتبە بن فەرقەد لە سەردەمی جێنشینی عومەڕی کوڕی خەتاب شاری دهۆك و نەینەوای فەتح کرد.

ـ دوای ٣٠ساڵ حوکمڕانی هەرچوار خەلیفەی ئیسلام دەسەڵات کەوتە دەستی ئەمەوییەکان، ماڵباتی ئەمەوی لە موسل فەرمانڕەواییان دەکرد نوێنەری خۆیان رەوانەی دەڤەرەکانی تری کوردستان دەکرد.

ـ جێنشینەکانی ئەمەوی(٤١ـ ١٣٢ك) بەرامبەر(٦٦١ـ٧٥٠ز)(١٤)چاردە خەلیفەیان هەبوو لە دوای هەرچار خلیفەی موسولمانان ٨٩ ساڵ فەرمانڕەواییان کرد.

ـ لە دوای ئەمەوییەکان عەباسی هاتنە سەرحوکم ، لە (٧٤٩ـ١٢٥٨ز)

(٥٤)خەلیفەیان هەبوو (٥٠٩) ساڵ لە سەر تەختی خیلافەت مابوونەوە .

ـ لە ساڵی( ٩١٦ز تا ١٢١٦ ) ز لە بادینان میرنشینێك بە ناوی داسنیا دێتە دامەزراندن

ـ ساڵی( ١٣٣٩ تا ١٨٤٢ )میرنشینی بادینان لە ئامێدی دروست دەبێت (٣٧) میر و پاشایان هەبوو ، دەڤەری گۆرانەتی بەشێك بووە لە ژێر دەسەڵاتی میرانی بادینان .

ـ(٧٥٠ز ١٣٢ك). شەڕی یەکلاکەرەوەی نێوان ئەمەوی وعباسی لە نزیك کەڵەك روویدابوو بە جەنگی زاب ناودەبرێ دەڵێن ، (مەڕوان محەمەد)ی ئەمەوی شکاو عەباسییەکان هاتنە سەرتەختی فەرمانرەوایەتی .

ـ جێنشینی ئەمەوییەکان لە( ٦٦١تا ٧٥٠ز )فەرمانرەواییان کرد.

ـ جێنشینی عەباسیەکان لە (٧٤٩ تا١٣٥٨ز ) فەرمانرەواییان کرد.

ـ لە سەردەمی عەباسیان گرنگییەکی تەواویان بە موسل و جزیرەی بۆتان دەدرا  بۆ ئەوەی دژی بیزەنتی رابوەستن .

ـ ساڵی (٧٦٥) ز لە سەردەمی خەلیفە مەنسوری عەباسی  دەولەت لاواز بوو  هۆزەکانی کورد لە دەورووبەری شاری موسل دژی خەلیفەی عەباسی بزاڤیان رێکخست ، میرگەهێن کوردی سەربەخۆ لە ناو خیلافەتی عەباسی دروست بوون.

ـ لە ساڵی (٨٣٨)زاینی لە سەردەمی خەلیفە الموعتەسم بالله بزاڤی جەعفەرێ کوڕی میرخاس بە (میر جەعفەری داسنی) دەهاتە ناسین پشتی شەڕەکی هاتە گرتن لە تکریت کوشتیان .

ـ شەڕەنیخا بوەیهیان لە بادینان(٣٣٤_٤٤٧ك/٩٤٥_١٠٥٥ز)

ـ (١٠٥٥) ز هەزبانیەکان لە هەولێر میرگەهەکی بەهێزیان دروستکرد.

ـ ١٠٩٩/٧/١٥ز خاچ پەرستان ( بیت المقدس ) یان داگیر کرد .

ـ میرنشینی عەیشانی (٣٠٠/٣٥٠ك) (٩١٢/٩٦١ز) .

ـ میرنشینی هەزبانی (٣٤٧/٥٣٤ك)  ، (١٠٤٦/١١٣٩ز) .

ـ میرنشینی حەسنەوی ١٠١٥ز ـ٤٠٦ك لە ناو چوو .

ـ میرنشینی رەواد ی (١٠٦٨_١٠٧٨ ز) (٢٣٠/٦١٨ك)  دەسەڵاتداربوو.

ـ میرنشینی ساڵری(٣٠٠/٤٢٠ك) لە ئەزرەبەیجان بوو .

ـ میرنشینی حەسنەوی (بەرزەکانی) (٣٣٠/٤٠٥) ك لە هەمەدان بوو .

ـ میرنشینی شەدادی لە (٣٤٠/٤٦٥) ك  لە  ئاران بوو .

ـ میرنشینی دۆستەکی(المروانیه) ١٠٨٥ز (٣٥٠/ ٤٧٨ك)  ، لە دیاربەکر .

ـ میرنشینی عەننازی (شازەنگانی)( ١١١٧ز_٥١١) ك لە حەلوان بوو.

ـ میرنشینی عەننازی لە (٩٩١_ ١١١٧ز) بەرامبەر(٣٨١_ ٥١١ك) شبنکارە ،  شوانکارە (شابەگی) (٤١٢/٦٥٨ك) لە ووڵاتی فارس بوو .

ـ لەڕی گەورە(الاتابکیه) (٥٥٠/٨٢٧ك) .

عیمادەدین زەگی و نوێنەرێن وی(٥٢١_٥٣٧ك/١١٤٢ ١١٢٧ز)

ـ لەڕی کچکە (٥٧٠/١٢٥٠ز) لە لۆرستان .

ـ ئەیوبییەکان (٥٦٧/٩٥٠ك)لە میسر و شام و یەمەن و حیجاز بوو.

ـ ئەردەلانییەکان (٦١٧/١٢٨٤ك) لە رۆژهەڵاتی کوردستان بوو.

ـ زەندییەکان (١١٦٧/١٢٠٢ك)  لە رۆژهەڵاتی کوردستان بوو .

ـ میر عیمادەدین زەنگی(١١٢٧تا١١٤٦ )زخاوەن دەسەڵاتداربوو ،

ساڵی(۱۱۳۳)ز دەست بەسەر دەڤەری گۆرانەتی میرگەهێ حەمیدی له ئاکرێ دادەگرێت .
ــ ۱۱٤۱ ـ ۱۱۷۲ز سەلجوقیەکان کوردستانیان داگیر کرد .
ــ ۱۱۸۷/۷/٤ز شەڕی حوتین روویدا خاچپەرستان شکان .
ــ ۱۱۸۷/۱۰/۲ز به سەرۆکایەتی سەرکردەی کورد صلاح الدین ئەیوبی به فەرمانرەوایی بەرێزی (بیت المەقدس)ی ئازادکرا ، رێکەوتی ۲۷/رجب/٥۸۳ك بوو .
۱۱۹۳/۳/٤ز بەرامبەر ۲۷/صفر/٥۸۹ك صلاح الدین ئەیوبی له تەمەنی ٥٦ساڵی کۆچی دووایی کرد
ــ(۱۲٥۸) ز تەتەر گەیشته بەغدا خیلافەتی عباسیان له ناوچوو .
ــ داگیرکارییەکانی تەیمورلەنگ(۷۸۹ـ۸۰۷ك/۱۳۸۷ـ۱٤۰٥ز)
ــ میرگەهێ ئامێدی له(۱۳۳۹ تا۱۸٤۲ ) ز ، (۳۷)میر یەك له دوای یەك فەرمانرەوایان هەبوو لەسەر زاخۆ و ئاکرێ و بەردەڕەش و شێخان و هەندە ناوچە له موسل له ژێردەسەلاتیان بوو ، فەرمانڕەوایەتیەکی سەربەخۆیان هەبوو ،
له ساڵی (۱۸٤۷) زعوسمانیەکان دەستیان بەسەرداگرت و بوو قەزایەك سەر به ولایەتی موسل.
ـ (۱۱٤٤ ز/٥۳۹ك) زەینەالدین عەلی کۆچەکی ئێزدی ئیمارەتێکی کوردی سەربەخۆی له هەولێر دروستکردبوو.
ــ ۱٤۱۰ز حوکمی قەرەقوینلۆ و ئاققوینلۆی تورکومانی هات .
ــ(۱٥۰۸تا ۱٥۱٤) ز فارسه سەفەوییەکان هاتنه سەر حوکم .
ـ(۱۸٤۲)ز دەڤەری گۆرانەتی قەزای بەردەڕەش کەوتە دەست عوسمانییەکان
ــ عوسمانیەکان له(۱۲۹۹ـ۱۹۲۳ز) ، (٦۲۳) ساڵان فەرمانرەواییان کرد ، ۱۱سولتان و ۳۰پاشا ، واته (٤۱) سولتان و پاشایان هەبوو .
ــ(۱٥۳٤تا۱۹۱۷) ز عوسمانلیەکان فەرمانرەوایی کوردستانیان دەکرد بەردەوام ناکۆکی له نێوان عوسمانلیەکان وسەفەوییەکان هەبوو کوردستانیان کردبوو گۆرەپانی شەڕی خۆیان ، هەر له کۆنەوە کوردستان له نێوان شەڕی بەرداشی زلهێزەکان هاڕدرایە هەتا ئێستا بەردەوامە .
ــ (۱۸۳۲)ئەو دەڤەرە بەشێك بووله ئیمارەتی میرمحەمەدی سۆران . ([36])

[36]ــ ئەو مێژوونامە وەرگیراوە له لاپەرەی کتێبە مێژوویەکانی له سەر کورد و کوردستان نووسرابوون دەربارەی مێژووی گەلەکەمان ئەوانەی پەیوەندی به دەڤەری گۆرانەتیە هاتە کۆکردنەوەو تۆمارکردن .

## ج ـ شـوێن ومێژووی ڕوداوەکانی دەڤەرەی گۆرانەتی لە بادینان:

د.جمال خورشيد ، ظهور الكورد في التاريخ جزء الأول ، ص ٦٤٤ .  دەڵێت :

"گومان تێدا نیە چاخی بەری مێژوو و بە تایبەتی چاخی بەردینی کەون و ناوەراست و بەردینی نویٚ (مۆدێرن)، ژیان لە کوردستان بە تایبەتی لە دەشتی ناوکوڕ سەر بە دەڤەری گۆرانەتی هەبووە لەبەر ئەوەی شوێنێکی ئیستراتیژی هەیە ، راستیا هەبوونی چەند پاشماوەی کەون کە لە ئەشکەوتی شانەدەر سالی ١٩٥٠ لە لایەن زانای شوێنەوارناس (برۆس هاو) هاتە دۆزینەوە ،"

ئێستا سیٚ تیمی بیانی بە هاوکاری شوێنەواناسی هەرێمی کوردستان لە خرابەکانی شوێنەواری دەشتی ناوکور لە وانە (ئامیان ، ئاسنگەران ، تلجۆمل)  هەلکۆلین دەکەن ، لە کۆتایی بۆمان دەردەکەوێت و  دەسەلمێنن کە ژیان لە دەڤەری گۆرانەتی بەردەوام بووە لە بەر ئەو ئەگەرانە :

١ـ دەولەمەنی دەڤەری گۆرانەتی خاکێکی بە پیت و بەرەکەتی هەیە .

٢ـ دەڤەری گۆرانەتی دەکەوێتە نێوان رووباری زیٚ و خازر .

٣ـ لە ئەشکەوتی شانەدەر نزیکە کە ئیسکوپروسکی مرۆڤی نیاندەرتال تێدا دۆزرایەوە .

٤ـ هەبوونی شوێنەواری مێژوویی کۆن بە تایبەتی خرابە دەستکردەکان .

٥ـ شوێنێکی ئیستراتیژی هەیە دەکەوێتە نێوان چیاکانی ئاکریٚ و مەقلوب .

باسمان کرد چاخەکانی بەردینی پێش مێژوو ،چەرخی مێژوویی ، سۆمەری ، ئەکەدی ، گوتی ، بابلی ، ئاشوریەکان  و دەولەتی مادو میتانیان فەرمانرەوایەتی شاری موسل و دەڤەری گۆرانەتی ئاکرێیان کردووە تاکو دەگاتە شەڕی گۆگامیلا .

جرجيس فتح الله  وەرگێری کتێبی (مهد البشريه) چاپی سێیەم لاپەرە(١٠٢) دەڵێت :

"پشتی مردنی ئەسکەندەری مەقدۆنی لە سالی ٣٢٣پ . ز پێش مردنی کچەکی لە کوردستانیٚ خواستبوو بە ناوی(روخسار) یۆنانی بە روکسانا بانگیان دەکرد چاوەرێی پەیدابوونی زارۆکەکیٚ بوون تاوەکو جێگای باوکی بگرتەوە ، ململانیٚ لە نێوان لەشکری یۆنانی پەیدابوو ، سلۆکس سالی ٣١١پ . ز ئاسیای بچوکی داگیرکرد ، یۆنانیەکان خەریکی شەڕی ناوخۆبوون ، دەرفەت بۆ فەرهادی دووەمی ئەشکانی گونجا لەشکری کردە سەر شاری ئاکریٚ و دەڤەری گۆرانەتی چەند رۆژان شەڕبەردەوام بوو (ئەنتیۆخۆس) کۆتا شاهی سلۆکیان لە ئاکریٚ هاتە کوشتن . جەلەوی حوکمرانی کەوتە دەستی ئەشکانیان" .

**ئەدیابین :**  وشەی ئەدیابین بە هەرێمێکی جوگرافی دەگوتریٚ لە پێناسەکانی هاتووە هەردەم دەڤەری نێوان زێی بادینانو ئاوی خازر پێوەلکاوە. خودانی کتێبی( اكراد بادينان) دەڵێت:
ئەدبابین: بەو دەڤەرە دەگۆترێت کە دەکەوێتە  نێوان ئاوی ڕووباری دیجلە و زێی بچووك.

لە کتێبی (داسنائی) هاتووە: ئەدیابین لەسەدەی سێیەمی زاینی ناوچەکانی:زاخۆ ، دهۆك ، شێخان ، ئاکرێ ، بەردەڕەش ، ئامێدی و هەکاری بەناوی هەدیابین ناو دەبرا هەولێر پایتەختیان بوو.

محەمەد ئەمین زەکی مێژوونووسی کورد لە پەرتوکی (خلاصە تاریخ الکورد وکوردستان) لاپەڕە (١١٩)دەڵێت: لە ساڵی ١١٥پ . ز ئیمپراتۆریەتی یۆنانی لەشکرەکی رەوانەی سەر ولاتی کوردان کرد ئەدیابینی داگیرکرد دەلێت ئەدیابین   ناوچەکانی زاخۆ ، دهۆك ، ئاکرێ ، شێخان بە ئەدیابین دەناسرا ، لە ساڵی ١١٢ز ئمپراتۆریەتی تراجان ناوچەکانی ئەدیابینی داگیر کرد.

فەرمانرەوایەتی ئەدیابین زۆر ئایینو ئۆلو مەزهەبی جۆراوجۆری لە خۆ دەگرت  بۆ نموونە ، ئیسلام ، ئێزیدی ، فەلە ، جوهی کاکەیی تاکو ساڵانی پەنجاکان هەبوون.هەندێ بیروبۆچوون هەیە دەڵێن: ئەدیابین ، هەدیابین ، بادینان بادینان = (باخ + دین )بەواتای زۆر دیانەتی تێدا هەنە. هەروەها لەسەردەمانێك ، ناوچە شاخاوییەکانی سەروکانی زێی بادینان بە (حبتون) ناودەبرا. زاخۆو دهۆكو ناوچەی نێوان زێی بادینانو ئاوی خازر بە (ئەدیابین) ناودەبرا.

سەردەمێك دەڤەرەکانی ئاکرێ ، زێبار ، ناوچەکانی گۆرانەتی( نێوان زێی بادینانو ئاوی خازر) بە (مەرگ یان مێرگ (مەرج) ناودەبرا یان بۆ ناسینەوە پێی دەگۆترا مێرگی (أبی عبیدە). هەروەها ساڵی ١٨ی کۆچی لەشکری ئیسلامی بە سەرۆکایەتی (عیاز بن غەنەم) دەستی بەسەر ولاتی ئەدیابینی داگرت ،لەساڵی ( ١٧ك - ٦٣٨ز ) لەسەردەمی  (عومەری کوری خەتاب) عوتبەی کوڕی فەرقەد سولمی بوو بەئەمیری شاری موسڵ لەو ساڵدا هێزێکی  نارده شاری ئاکرێ بەسەرۆکایەتی (عەبدوڵلا کوری خوزاعی) بۆ کردنەوەی دەڤەری گۆرانەتی و ئاکرێ بەبێ شەڕ بوونە ئیسلام ، (خزاعی) نەخشەیەکی بۆدروست کردنی مزگەوتێك  پێکهێناو ئێستا بە (مزگەوتی ئاکرێی گەورە) ناودەبرێت. ([37])

**ـ بادینان:** خێلە کوردەکان (عەشیرەت)بە گشتی بە پێی شێوە زارئاخافتن و جل و بەرگ دەبنە دووبەش:

١ـ **کرمانجی باشوور(خوارو)**:لەپارێزگاکانی سلێمانی ، کەرکوك ، هەولێر ، دیالە وبەشێك لەئیران دادەنیشن پێیان دەڵێن سۆرانی (کرمانجی باشوور).

٢ـ **کرمانجی باکوور(سەرو)**: ئەو کوردانەی لە باکووری شاری موسل و بادینان وباکووری ئیران وئەرمینیای سۆڤیەت وباکووری کوردستان (تورکیا) باکووری سوریا پێیان دەڵێن کرمانج (کرمانجی باکوور) .

---

[37] – لە هەردوو کتێبی (اکراد بادینان )و(داسنائی) وەرگیراوە

**بادینان :** ووشەیەکی داتاشراوە لە ناوی میرەکانی بنەماڵەی بەهائەددین ئەوانەی چەند سەدەیەك جەلەوی فەرمانرەوایی میرگەهێ ئامێدی بەدەستیانەوە بوو ، دەگەرێنەوە بۆ باپیرە گەورەیان دەڵێن لە رەگەزی عەباسییەکانن . بادینان بەشێکی گرنگە لە هەرێمی کوردستان ، لەکوردستانی باشوور ، ناوچەکانی سەربە هەردوو پارێزگای دهۆك ، موسل دەگرێتەوە ، ئەو شوێنانەی کوردی تێدا دادەنیشن ، بە بەهدینان ناودەبرێت .

بادینان بەشێکە لە کرمانجی سەرۆ ، کرمانجی سەرۆ هەموویان بادینی نین . ووشەی بەهدینی ، بادینانی ، بادینی ، بەهدینانی لایەنی جۆگرافی وسیاسی لە خۆ دەگرێت، بەو کوردانە دەگۆترێت ، کە بە شێوەزارێکی کرمانجی سووك دەئاخڤن و دەنڤیسن ، ناوی بادینان شێوەزارێکی کوردی نیە ، بەهدینان ناسنامەیەکی سیاسیەو شوێنێکی زیندووی رووداوەکانی مێژوویی گرنگ بووە ، سنووری بادیناندەکەوێتە نێوان هیزل و دیجلەو زێی بادینان و دەڤەردایا بارزان لەگەڵ دەشتی موسل لەخۆدەگرێت.[38]

ناوی بادینان لە باپیرە گەورەی میرەکانی ئامێدی وەرگیراوە دەناسرا بە (بەهائەدین) بەهائەدینی دامەزرێنەری ئیمارەتی ئامێدی بووە ، بەرەچەڵەك لە کەلیێ( کارون) سەر بە دەڤەری هەکاری بوون ، لەدەسپێکی سەدەی هەفتەمی کۆچی هاتبوونە ئامێدی ، ( شەرەفخانی بەدلیسی ) ئاماژەی پێ کردووە ، زیارتر لە ( ٤٠٠ ) سەد ساڵی فەرمانرەوایەتی ئیمارەتی ئامێدیان گرتۆتە دەست.

پێش دامەزراندنی میرنشینی بادینان لە ئامێدی ، هەرپارچەیەکی بادینان ناوێکی تایبەتی خۆی هەبوو ، بۆ نموونە بە ناوچەکانی زاخۆ ودهۆك و ئاکرێ و بەردەرەش بە (ئەدیابن یان حدیاب) ناودەبرا . دوای هاتنی ئیسلام ئاکرێ و زێبارو دەشتی ناوکور بە مێرگ (مرج) ناودەبرا.وولأتە شاخاوییەکانی لە دەسپێکی ئاوی زێی گەورە تاکو دەگەیشتە زاخۆ پێی دەگۆترا (حبتون)و بەناوچەی رۆژئاوای زێی گەورە تاکو ئامێدی دەگۆترا (داسن) ، هەروەها هەندێ ناوی زیاتر وەکو (حیانە) و(معلە)و (دامیز) هەبوون .

ساڵی ١٢٥٨ ز تەتەر گەیشتە بەغدا خیلافەتی عباسیان لە ناوچوو. میرگەهێ ئامێدی لە دوای لەناوچوونی جێنشینی عەباسیەکان پەیدابوو لە١٣٣٩ز ـ ١٨٤٢ز (٣٧) میر یەك لە دوای یەك فەرمانرەوایان هەبوو.[39]

---

٣٨ ـ دکتۆر فازل عومەڕ ئەنیسکلۆپیدیای پارێزگای دهۆك بەرگی ٥لاپەرە(١١) .

٣٩ ـ العشائر الکردیە فی العراق ـ بەرێوەبەرایەتی هەوالگەری سەربازی ، ل٧

بادینان هەموو باکوری کوردستان ناگرێتەوە ، دەڵێن شێخ بەهائەدیین شێخ شەمسەدینی ناوچەی شەمزینان بووە لە کوردسانی تورکیا هاتووە دامزرێنەری میرنشینی بادینانە ، بادینان گوایە ووشەیەکی لێك دراوە (بەها+ دین= بەهادینی) ئەو ناوچانە پێگیری دروستیان بەدین‌و دیانەتی خۆیان گرتیە بەواتای (بەدین) (بادین= بەهادین) بوویتە بادینی یان بادینان.دەسپێك دەسەڵاتیان لە سەر ئامێدی و دەوروبەری بوو ، هێدی هێدی دەسەڵاتیان لەسەر زاخۆ و ئاکرێ و بەردەڕەش وشێخان وهەندە شوێن لەموسل وهەولێربەرفرە بوو ، سنووری لە رۆژهەڵات گەیشتە میرنشینی سۆران ، لە رۆژئاوا سنووری گەیشتە بۆتان ، لە باکوورگەیشتە هەکاری ، لە باشوور گەیشتبوو ئاوی دیجلە و چیای مەقلوب ، ناوچە لێکدابڕاوەکانی دەڤەری بادینانی هەمووی گەیاندەیەك و رێکیخستنەوە و فەرمانرەوایەتیەکی سەربەخۆیان هەبوو ، ئەو ناوچانە پێیان دەگۆترێت (بادینان) لێرە دەتوانین بلێین بادینان بەشێکە لەکرمانجی سەرو بەلاّم هەمووکرمانجی سەرو بادینی نین ، لە ساڵی ١٨٤٧عوسمانیەکان دەستیان بەسەر میرگەهێ ئامێدی داگرتو بوو بە قەزایەك سەر بە ولایەتی موسل ، بهاءالدین لە قەلاّی کارۆنی ناوچەی هەکاری تورکی لە دەسپێکی سەدەی هەفتەمی کۆچی هاتوتە بادینان هەروەکو شەرەفخانی بدلیسی دەڵێت ٤٠٠ چار سەد ساڵ میرنشینی ئامێدی بە دەستیان بوو ، کوڕی شەمسەدینە ، شەمزینان بە ناوی ئەو زاتە هاتووە.[40]

**ـ ناوچەی مێرگ**: بەسریانی (مرگا)بە عەرەبی (مرج)ی پێدەگۆترێ ، ئەو ناچەیە لەشێوەی سێگۆشەیەکی دوولا یەکسانەو بنکەکەی لە باکوورە رێزە چیای ئاکرێ دەگرتەوە ، سەری دەکەوێتە باشوور ، خالی تێکەڵ بوونی ئاوی خازرە لەگەڵ ئاوی زێی گەورەیە (مخلەت) ، سنووری رۆژهەڵێتی ئەو ناوچە دەشتاییە تاکو دەگاتە ڕووباری زێی گەورە. رۆژئاوای ڕووباری خازر و لقی گۆمرە بەمێرگ ناوبرایە چونکە خاکەکی بەپیت‌و بەرەکەت‌و ئاوەکی زۆری تێدایە ، جوگرافی ناسانی عەرەب ناوی ئەو مێرگەیان لێنا (مرج موصل) یان بە مێرگی ( ئەبی عوبەیدە ) ناویان دەبرد بۆ ئەوەی جیا ببیتەوە لە مێرگەکانی تر ، دەڤەری مێرگ دەکەوێتە سەر سنووری باکووری رۆژهەڵاتی عیراق و باکووری رۆژهەڵاتی تورکیا دەورووبەری هەردوو لای چیایە لەسەر رۆخی ئاوی خابوورە ، ئەو مێرگە دەبێتە چار ناوچەی گرنگ ئەمانەن: سفسافا یان سفسف ، نحلا ، بیرتا ، تلانا.[41]

---

[40] ـاسماءالمدن والمواقع العراقیە ، ج ١ ، پارێزەر جەماڵ بابان ل ١١٦

[41] ـ تۆما اسقف المرجی ، کتاب الروساء ، ١٩٦٦ ، موسل ، ل١١

بە مێرگی موسل دەناسرێت (مرج موصل) یان مێرگی (ئەبی عوبیدە) ، دەکەوێتە  رۆژهەڵاتی موسل لە نزیك چیایە عەردەکەی نزم دیارە ، مێرگ و گوندی بەربەلاوی تێدایە و کشتوکاڵی تێدا دەکرێت ، دەڵێن ناوی نرا مێرگ لەبەر ئەوەی هەسپ ومایینی سلێمان پێغەمبەر کوڕی داوود پێغەمبەر سەلامی خوایان لەسەر بێت لەو مێرگە دەچەران ، دەوارەکان تێروسەرنج راکێش بوون.[٤٢]

## ـ ئازادکردنی قودس (بيت المقدس):

ساڵی(٥٨٢ك/١١٨٦ز) سەلاحەددینی ئەیوبی بۆ ئازادکردنی قودس دەچوو، لە موسل کۆبوونەوەیەکی بەست لەگەڵ پیاوانی ئاینی و زاناو پیاوماقولانی شاری موسل و دەوروبەری بە مەبەستی جیهاد کردن بۆ شام بچن دژی خاچپەرستان ،  لە زۆربەی دەڤەرەکانی کۆردستان لەشکرکی کورد بەرەو شام چوون .

شێخ عبدالعزیز کوڕی شێخ محی الدین کوڕی شێخ عەبدۆلقادری گەیلانی(خوا عەفوویان بکات) لە گوندی حیالی دەژیا بانگەوازی بۆ دەروێشی خۆیان کرد لە دەڤەری گۆرانەتی و ئاکریێ لە ژێر ئالای سەرکردەی کورد سەلاحەددینی ئەیوبی گەیشتنە شام لە(٥٨٣ك/١١٨٧ز) لە شەڕی حوتین پشکدار بوون ، دوای شەڕێکی دژوار لەشکری ئیسلام بەسەر خاچ پەرستان سەرکەوت. دوای سەرکەوتن ، شێخ عبدالعزیزی گەیلانی لە گەڵ گیانفیداکارانی دەڤەری گۆرانەتی و ئاکریێ بەرەو شاری عەسقەلانیە بەرێکەوتن لە رێکەوتی ١١ی جەمادی کۆتایی ساڵی٥٨٣ك/١١٨٦ز ژمارەکی هێجگار زۆریان لە لەشکری ئەوروپی کوشتو بریندار کردبوو بەیەخسیرگیران و عەسقەلانیە ئازادکرا ، زۆربەی مێژوونووسە ئەوروپییەکان دەڵێن: (ئەگەر سەرکردە سەلاحەددینی ئەیوبی و لەشکری کوردان نەبانە ،  دەنگی (الله  اکبر) لە مزگەفتی قودس بەرز نەدەبۆوەو بەسەر ئەورۆپێیان سەرنەدەکەوتن ) .[٤٣]

مللەتی کورد هەتا ئێستا وا ئەو باجەی دەدات .

## ــ کوردەکانی هەمیدی (حەمیدی):

هەمیدی ناوی تیرەیەکی کوردە،لە دەڤەری ئاکریێ ناوداربوون، ماوەیەکی باش فەرمانرەوایەتی ئاکریێ بەدەست ئەو بەرەبابە بووە ، لەبەر هەندێ زۆر جاران ناوی ئاکریێ بە ئاکریێی حەمیدی

[٤٢] ــ یاقوت الحموی ، ج٨ ، ل٢٤٤

[٤٣] ــ فائیق ئەبو زێد ئاکرەیی ، مجموعە مقالات و رونا ، چاپی یەکەم ، ٢٠٠٦ ، ل ١١

ناودەبرا ، دەلێن ئەو هۆزە بەری زاینێ لەو دەڤەره ژیاون پاشماوەی میتانی میدیاکانن دەسەلاتداری خۆی له هەردوو کەلی ئاکرێ ، شوش و دەشتی ناوکوڕ موکوم کردبوو ،

د. جمال رەشید له کتێبی (دراسات کردیه في بلاد سوپارتۆ) چەختی له سەر ئاکنجی بوونی سوپارتیان کردووه که لەو دەڤەره ژیاون و هۆزی هەمیدی و زێباری پاشماوەی سۆپاریانن و بەردەوام ناکۆکی له نێوانیان هەبووه ، ناوی (هەمیدی) دەلێن : ناوێکی میدیه له بنەرەتدا (هامیدی ـ هەرمیدی ـ هەموومیدی ـ هەم میدی) هاتیەبەلام له سەردەمی هاتنی ئیسلام له زمانی عەرەبی بوویته (حمیدی) ، ئەوەی جێگای سەرسورمانه هیچ کەس له مالباتی هەمیدی که خەلکی رەسەنی ئەو دەڤەره بوون له ئاکرێ و دەوروبەری نەمانه ؟؟؟ حیکمەت مەلا یاسین له کتێبەکەی خۆی وولامی ئەو پرسیاره دەداتەوه . به درێژایی مێژوو بژێوی هەردوو کەلا ئاکرێو شوش ، له سەر بەروبوومی کشتوکالی دەشتی ناوکوڕ بوو خاکەکەی کشتوکالی و به پیتو بەرەکەته ، بەتایبەتی ڕەزوباغو بەرهەمی برنج وگەنم وجۆ و دانەوێلەی ..... تر ، بەروبوومێکی دەولەمەندی کشتوکالی و ئاژەلداری هەبوو . لەسەردەمی زەنکیەکان که ناوداریان عیمادەدین زەنگی بوو لەپایتەختی موسل ، ئەو کاتی میر (عیسی هەمیدی) دەستەلات و سەربەخۆییەکی تەواوی بەسەر ئاکرێو دەورووبەری هەبوو ، عیمادەدین زەنگی چاوی تەماع کاری له دەڤەری ئاکرێ و دەشتی ناوکوڕ هەبوو بەلام دەیویست بەلگەو دەرفەتێك بۆی ڕێکبکەوێت بتوانێ میر(عیسی هەمیدی) لەناو ببات دەڤەرەکه بخاته ژێر ڕکێفی فەرمانڕەوایەتی خۆی. چونکه دەڤەری گۆرانەتی و ئاکرێ شوێنێکی ستراتیژیه بۆ پارێزگای موسل ، سالی ٥٢٧ کۆچی خەلیفه (ئەلمستەرشید بیلاه) . والی بەغدا هاتبوو گەمارۆی شاری موسلی دابوو ، چەند مانگێك لەشکری ئەلمسترشید لەدەوری شورەی موسل مابونەوه نەشیابوو بچێته ناو شاری موسل. لەو سەردەمی میر عیسا حەمیدی هاریکاری خەلیفه (مستەرشد بیلا) ی کردبوو. بەلام لەدوماهی گەمارۆی لەشکری بەغدا بێ سوود بوو شکا و به نائومێدی گەڕایەوه بەغدا. لێرەدا دەرفەت بۆ (عیمادەدین زەنگی) ڕێك کەفت هێرشی کردبووه سەرمیر (عیساحەمیدی)له ئاکرێ سالی ٥٢٧ ی کۆچی بەرامبەر١١٣٣ز دەسەلاتی له عیسای حەمیدی ساندووه ئاکرێ داگیرکرا. ناوچەکانی ئاکرێو زێبارو دەشتی ناوکوڕ پڕ بەرەکەت بوو کەفته ژێر دەستی عیمادەدین زەنگی. [٤٤]

ابن خەلکانیش له بەرگی ئێکی لاپەره(١١٤) ئاماژەی بەو ڕووداوه کردیه .

ئەوەی شایانی گوتنه (بازبن دۆستەك).. دامەزرێنەری ئیمارەتی مەڕوانیه له دیاربەکر بوو سالی ٣٧٣ــ٣٧٤ ، باز کوری دوستەك رەگەزی بۆ بەرەبابی هەمیدیەکانی ئاکرێ دەگەڕایەوه .

٤٤ ـ د.عمادالدین خلیل ، عمادالدین الزنکی ، ل١٠٣

لە کتێبی (القبائل والزعامات الکردیە فی العصر الوسیط)لاپەرە(٨٣)باسی هەندیك لە ناوی میرەکانی هەمیدیان دەکات لەوانە : ١ـ میر عیسی هەمیدی ٢ ـ میرباد(باز)ی ٣ـ میر کەك ٤ـ میر عزالدین ٥ـ میر نجم الدین ٦ـ میر عیسی هەمیدی ٧ـ میر عزالدین محمد کوڕی بەدر ٨ـ میرسوجاعە الدین ٩ـ میرموسی.

## دەڤەری گۆرانەتی کەوتە ژێر دەستهەلاتی میرگەهێ ئامێدی

حیکمەت مەلا یاسین لە کتێبی خۆی (ئاکرێ لە دیرۆکێدا) لاپەرەی(١٣٨) دەڵێت: کۆتا میری هەمیدیان میر (سوجاعەالدین ) بوو بارودۆخ گەیشتە لاوازترین پلە ، بۆیە دەڵیڤە بۆ (حسن بەگ) کونجا لە نیوەی دووەمی سەدسالیا نۆزدەی کۆچی هێرشبکاتە سەر هەمیدیان ئەو دەڤەرەی خستە سەر میرنشینا ئامێدی .

لە لایەکی تر ئەنوەر مائی دەلێت لە دووای مردنی سەلاحەدین ئەیوبی ، عیمادەدین زەنگی لە ساڵی ٦٠٧ك /١٢١١ز دەڤەری گۆرانەتی و ئاکرێ شۆشی بە دەستهێنا ، هەروەها لە ساڵی ١٢١٨ز قەلای ئامێدی داگیر کرد ، خەلکی دژی زەنگیان راوەستان ، بەدرەالدین لؤلؤ بە چەك هاوکاری خەلکی کرد دژی زەنگییەکان جەنگان ، خودانی قەڵاکان گەڕانەوە میر بەهائەالدین دەستهەڵاتی خۆی بەسەر کەلێ ئامێدیێ راگەیاند، لە بەر ئەوەی مالباتی میرانی ئامێدی بە رەچەلەك خزمی نزیکی خانەوادەی حەمیدیان بوون ، ئاکرێ و دەڤەری گۆرانەتی کەوتنە ژێر دەستهەلاتی میرنشینی ئامێدی ، کەسانی نزیکی ماڵباتی خۆیان رەوانەی ئاکرێ دەکرد بۆ فەرمانرەوایی ئاکرێ و دەڤەری گۆرانەتی . یان دەستهەلات لە ناو خانەوادەی مالی میری رووپدابایە ئەو کەسیان رەوانەی ئاکرێ دەکرد ، خەرج و خەراج و سەرانەی لە دەڤەری گۆرانەتی رەوانەی ئامێدی نەدەکرد بۆ خۆی کۆدەکردە.

ئەوەش ناوی میرانی ئامێدی لە کەلێ ئاکرێ:

١ـ میر سلێمان بەگ ٢ـ بەیرام بەگ ٣ـ سەیدخان بەگ ٤ـ عوسمان بەگ ٥ـ بەیرام بەگ ٦ـ فەتحوالله بەگ ٧ـ تەیفوربەگ ٨ـ قوباد بەگ ٩ـ موراد خان بەگ ١٠ـ محمد تەیار پاشا ١١ـقوباد بەگ ١٢ـ میر ئیسماعیل پاشای دووەم ١٣ـسەلیم خان ١٤ـ میر محمد سعیدئاکرەیی

## ـ بازاری یەك شەممە(سوق الاحد) :

بازاری یەك شەممە دەکەوێتە رۆژهەڵاتی مێرگی دەشتی موسل لەسەر ئاوی خازرە لە رۆخ چیای مەقلووبە لەودەشتاییە دەولەمەندە خەریکی کاری کشتوکاڵی و بەخێوکردنی مەڕومالْت بوون بەروبوومی خۆیان دەبردەئەو بازارە ، بازاری یەك شەممە کاتێکی دیاری کراوی هەبوو بازرگانەکان زۆربەیان ئاکرەیی بوون لەو بازارە کۆدەبنەوە بۆ گۆڕینەوە و فرۆشتنی کەلوپەلەکانیان ، ئەو بازارە دەکەوێتە رۆخ چیای مقلووب لە نزیك ئاوی خازر کە دەرژێتە ناو

ئاوی زێی گەورە ، زۆربەی مێژوونووسان و گەریدەکان شوێنی بازاری یەك شەممە دیارناکەن تەنها دەڵێن دەکەوێتە سەر ئاوی خازر لە ڕۆخ چیای مەقلوبە. هەندێکیان ئاماژە بەوە دەکەن کە دەکەوێتە  سەرئاوی زێی گەورە لە مەخلەت تێکەل بوونی ئاوی خازر بە ئاوی زێی بادینان بەرامبەر بازاری عەزە  و  قۆنیای دەشتی هەولێرە. (٤٥)

بازاری یەك شەممە لە زۆر وولآت و شار هەیە ،  ئەوەی ئێمە مەبەستمانە ،  لەدەڤەری گۆرانەتی  لەکۆنەوە سێ شوێن لەسەر ئاوی خازر دەراوی پەرینەوەی کەلوپەل و کڕین وفرۆشتن وگۆڕینەوە بووە بەرەو شاری موسل باردەکرا ، ئەو سێ شوێنەی بەناوبانگ بوون بۆ کاری بازرگانی (گوندی دووسەرە) و(گوندی قایماوە) و(گوندی حەسەنی ).  بەبیرو بۆچوونی خۆم دەراوی گوندی قایماوە زۆر کۆنە ،  شوێنەواری پێ پردێك دیارە خەڵکی گوند دەڵێن لە سەردەمی خەلیفەی عەباسی ( هارون رەشید) زۆر بە قایمی نووژەن کرایتەوە ،  بۆیە ناوی گوند بوویتە قایم ئاوە ،  ئاوی گەرم شوێنەواری چوار ئاشی ئاوی تێدا هەیە ،  لە نزیك پردی مەندانە ،  بە ئاشی مەحەمەد رەشان ناودەبرێت ،  هەتا ئێستا شوێنیان دیارە ،  بازاری یەك شەممە لە سەر ئاوی گەرم  بووە لە نزیك ئاشی محەمەد رەشان سەر بە هەقاری گوندی قایماوایە. پردی مەندان هەر لە سەردەمی میدیاکان تاکو ئەمڕۆ شوێنی پەرینەوە بووە .

## ــ الغيضة:

ناوچەیەکە دەکەوێتە رۆژهەلأتی موسل سەر بە ئاکرێی حەمیدیە(من اعمالّ العقر الحمیدی) ، چەند گوندێکی بەخۆیەوەگرتیە ناوچەیەکی دەوڵەمەندە ، حەیوانی کیوی وپەلەوەری زۆری تێدا هەیە بەرهەمی سالأنەی زیاتر لەپێنج هەزار دینار بوو لە بەهای فرۆشتنی دارو قامیش بەرهەمی کشتوکاڵیو ئاشگێری دەهاتە دەست، جێگای گۆڕینەوەی کەلوپەلی خامو بەرهەمەکانی کشتوکاڵیە ، لە لایەن کاروانچیەکان ئەنجام دەدرا، هەروەها ناوی هەردوو گوندی جوجەر لەناحیەی بەردەڕەش( جوجەری  گەورەو جوجەری کچکە) ی تێداهاتووە. جوجەرێکیان بە برنجی باش بەناو بانگ بووە ، جوجەری دیکە رێگای قۆناغی کاروانچیان بوو. (٤٦)

## ـ هێرشی عەلی پاشای رەواندزی :

لە ساڵانی ١٧٠٠ز میرگەهێ ئێزدیان دەسەڵاتی تەواویان بەسەر هەولێر و بادینان هەبوو ، عەلی پاشای رەواندزێ هێرشی کردبوو سەر ئێزدیان لە هەولێر دەریانی کرد بوو ، خۆیان نەگرتەوە تاکو لە ئاوی خازر پەڕاندیەوە ، ڕووباری خازر ببوو سنووری نێوان میری سۆران و

[45] ـابن حوقل ابو القاسم النصيبيني ، صورةالارض ، ١٩٣٨ ، ص ١٩٦

[46] – یاقوت الحموی ، بەشی شەشەم ، چاپی یەکەم ، ٢٠٠٨ ، ل٤٠٣

میری ئامێدی ، ساڵی ١١١٧ك بەرامبەر ١٧٠٥ز کەسێك بەدرۆ خۆی کردبوو محەمەدی مەهدی شەڕێك لە نێوان و ئێزدیان و هەوادارانی ئەو کەسە روویدابوو پروشکەی ئاگری ئەو شەڕە گەیشتبووە دەڤەری گۆرانەتی[٤٧]

ــ **رەمەزان سەفەرئاغا دارەتوو:** لە ساڵی ١٨٣٢ز دوای ئازادکردنی دەڤەری گۆرانەتی لە قەزای بەردەڕەش میری سۆران بریکارێکی بە ناوی ( رەمەزان سەفەرئاغا ) دانیشتووی گوندی دارەتوو بە سەرۆکی شانەکانی گوندەکانی دەشتی ناوکوڕ دەستنیشان کرد ، بۆ کۆکردنەوەی خەرج و خراج و سەرانەی دەڤەری گۆرانەتی هەر لە زێی بادینان تاکو سەر ئاوی خازر کۆبکاتەوە رەوانەی رەواندز پایتەخی میر محەمەدی سۆران بکات، لە گێرانەوەی ئەسف مەحمود دارەتوو.

**ــ دەڤەری گۆرانەتی لە سەردەمی عوسمانیەکان :**

ساڵی (١٥١٦ــ ١٩١٨)زاینی بارودۆخی موسل بەردەوام ناجێگیر بووە ، هەر جار بەسەر ویلایەتەك دەلکا ، ساڵی١٥٧٠موسل خرایەتە سەر ویلایەتی دیار بەکر ، ساڵی ١٨٥٢ موسل خرایەتە سەر ویلایەتی هەکاری ، پاشان لکاوە بە شارەزوور ، لە نیوەی سەدەی نۆزدە خرایەتە سەر بەغداد ، تاکو ساڵی ١٨٧٩ز بوویتە ویلایەتەکی سەربەخۆی عوسمانلی. ساڵی ١٨٩٠ شاری ئاکرێ کرایە قەزا سەر بە سنجەقی موسل بوو ، ئەو کاتی ئاکرێ تەنها یەك ناحیەی هەبوو ئەویش ناحیەی بەردەڕەش (العشائر السبعە ) بوو عوسمانییەکان ناویان لێنا ( عشائر السبعە ) گوایە هەفت عەشیرەت تێدایە .[٤٨]

لەساڵی ١٨٩٠ بەردەڕەش بوو بەناحیەو دانیشتوانێکی زۆر بەخۆیەوە دەگرێ. لەبەر ئەوەی عوسمانیەکان بەهیچ شێوەیەك بایەخیان بەخوێندنو فێرکردن نەدەدا بۆیە تاساڵی (١٨٩٢ز) هیچ قوتابخانەیەك بە شێوەیەکی فەرمی لەدەڤەری بادینان بەگشتی بوونی نەبوو ، خوێندەواری هۆشیاری لە ناو میللەت زۆر کەم بوو خەلکی لەبەرکاری کشتوکالی و بەخێوکردنی مەڕو ماڵت کەس بایەخی بە خوێندن و خوێندنەوەواری نەدەدا .

هەروەها دەڤەرێکی دەرەبەگایەتی بووە نەیانویستووە خەڵك چاوی ببێتەوە و فێری خوێندنو نووسین بن. لە سەردەمی عوسمانیەکان هیچ خزمەتگوزاری بۆ ناحیەی عشائر السبعە ( بەردەڕەش ) نەکرابوو تەنها لە کاتی تەنگانە عوسمانییەکان بانگی خەڵکی سنووری دەڤەری گۆرانەتیان دەکرد بۆ مەبەستی دروستکردنی هێزێك لە دژی ناحەزانیان خەڵکەکەیان بۆ شەڕکردن بەکار دەهێنا ، دانیشتوانی ئەو دەڤەرە وەکو تۆبزی دەستی عوسمانیەکان بەکار

---

٤٧ – وەرگیراوە لە: کتێبی ( تاریخ الامارە العباسییە).

٤٨ ــ عبدالفتاح علی یحیی البۆتانی ، سێ ساڵی خوێندن لە بەردەڕەش ، ل ١٣

دەهات بۆ مەڕامی خۆیان ، بۆ نموونە تەمەندارەکان دەگێرنەوە والی موسل بانگەوازی خەڵکی دەڤەری گۆرانەتی کردبوو بچنە سنووری حاجی ئۆمەران دژی روسیا بوەستن ، هەروەها حکومەتی عوسمانی بە ناوی ئاین خەلکی دەڤەری گۆرانەتی هاندەدا دژی ئێزدخانێ رابوەستن ، ساڵی ١٩١٨ چەکدارانی دەڤەری گۆرانەتی ڕەوانەی بەسرا کرانە دژی ئەنگلیز بجەنگن ، لاوکێك هەیە بەناوی شەڕی کوت وعومارە لە سەر کاسێتەکان تۆمار کرایە باس لەو شەڕە دەکات.

هەروەها لە سەردەمی مەلەکی و کۆماری و حیزبی بەعس و هەتا ئێستا ئەو دەڤەرە ئەگەر بەراورد بکەین لەگەڵ شوێنەکانی تر ،وەکو پێویست خزمەت نەکرایە .

سەرەڕای ئەو نەهامەتیانە ، هەرگوندێك یان چەند گوندێك ئاغایەکی تایبەتی خۆی هەیە دەسەڵاتی تەواویان هەبوو ، واتە ئەو خەڵکە رەش و رووتە دووجار چەوسابۆونەوە جارێك لەلایەن حکومەتە یەك لە دوا یەکەکانی عیراق و جاری دووەم لەلایەن دەرەبەگ و ئاغاکانیان.

## ساڵی ١٧٤٠ ز دەشتی ناوکوڕ لە لایەن جەلیلیەکان داگیر دەکرێت

لەئامادەکردنی بەرێز (بلند مفتی ئاکرەیی ) به سوپاسەوە بۆمی رەوانەکرد تێدا هاتووە : یاسین خیرالله العومەری لە کتێبەکـــەی به ناونیشانی (غایه المرام في تاریخ دار السلام) دەلێت : ئێك ل روداڤێت کو ل بەینا هەردو میرگەهێن بادینان یا عباسی و مویسل یا جلیلی جیبوینە ، ئەوە کو یاسین کورێ خیر الله العمری ل کتیبا خودا ( بلوغ المرام ) دا باس کری ، و ب شیوازەکێ شاش یێ ڤەگوهاستی کو : ل سالا ١١٥٣ ك - ١٧٤٠ ز ئاریشە و شەر ل بەینا هەردو میرگەهێت بادینان ب سەروکاتیا میر ( بەهرام پاشا یێ مەزن ) ومویسل ب سەروکاتیا میر ( حسین پاشا یێ جلیلی ) چیتبیت ، و میرێ مویسل هیرشێ د کەتە سەر میرگەها بادینان ، چ ل ئامێدیی یان ل ئاکرێ ونافچەیا ناڤقورێ (دەشتی تاوکوڕ)داگیر دکەت ، بلێ ل هەمان سالدا پێکتێنەڤە ، پاش کو میرێ ئامێدیێ ئەو رازی کری ، جلیلی کتابەکێ بو میرێ ئاکرێ ڤریدکەت ، ب ڤێ چەندێ دا خەلك بشێن هاتوو چونی بکەنەڤە هەر وەکی جاران ، عمری دبێژیت : دەمێ کو پەیانمێرێ میسل دگەهیتە ئاکرێ ل روژا ١ ی رمەزانا ساڵا ١١٥٣ کوچیدا دبینیت کو خەلکێ ئاکرێ خرِ بێت بکەیف وخوشینە دچنە دەست وملێت ئێکودو ، و جژنا ئێکودو پیروز دکەن ، ئەڤە وە ل پەیانمێری دکەت کو بجیتەف نك میری و بێشتێ کو ئەفرو ١ رەمەزانێ یە نە ١ شوالێ ، و ئەو نەچار دبن دکەنەف رمەزان ودوو هەیڤێت رەبەق ب روژی دبن ... عومری دبێژیت پشتی کو پەیانمێر تیتەف میسل وئەف روداڤە بەلاڤەدبیت ، هوزانڤانێ مویسل ( ملا قاسم ) وهۆزانەکێ پێ دبێژیت و ئەویش بشتی چەند سالەکا هەر وە توف تینتە خارێ ل کتیباخودا ... ئەم دبێژین کو ئەف گوتنە زور یا لجهێ خودا نیە و یا بەر ئاقل نیە ، چنکو خەلکێ ئاکرێ یێت دیندار بون و مزگەفت و زانا و خویندنا مەدرسێت وان ل درێژیا دیروکێدا ڤێ چەندێ دیار دکەت .... دیسان

هەر لوی سەردەمیدا و وەکو سەیدا ( فائەق ابو زید ) ی ل کتیبخانا خودا ئاماژە پێدەکات : ئێك ل کورێن ئاکرێ بەرسڤا وهۆزانا ملا قاسمی یا دایەڤە زور ب جوانی و روونی و رەوشت ودینداریا خەلکێ ئاکرێ تێدا دیار دکەت ، وەکو ل سەری دا هاتیە نڤیسین ب هوزانا زمانێ عەرەبی ، بلێ مخابن سیدا ( ابو زیدی ) ئاماژە ب ناڤ و کتیبا لێ ڤەگوهاستی نە ئینایە ... .

## چەند کارەساتێکی سروشتی بە سەر دەڤەری گۆرانەتیدا تێپەڕبووە :

مێژوونووسی موصلی العومری لە کتێبی (غرائب الاثر) لاپەرە (٦٠) وەرگیرایە :

جگە لە لەشکرکێشی و بگروبکێشی سیاسی و کۆمەلایەتی لە بادینان بەگشتی و لە دەڤەری گۆرانەتی بە تایبەتی ، لە سالانی ١٧٥٦/١٧٥٥/ ١٧٥٧زاینی ئەو دەڤەرە توشی زنجیرەیەك کارەساتی سروشتی بوویە لەوانە :

= لە ئێوارەی رۆژی پێنج شەممە رێکەوتی ٢٢/شعبان/١٢١٢ك بەرامبەر ٣١/ کانونی دووەم /١٧٩٧ز گواله هەورێکی تیر ئاسمانی دەڤەری داگرت تاکو هێوارەی هەینی بەردەوام بوو ، سێ گەز بەفر باریبوو ، کەشوهەوا ساردبوو، پلەی گەرمی گەیشتبوو ژێرسفر .

= هەر لەو سالآن تەزرە لە دەڤەری گۆرانەتی و ئاکرێ باری بوو زیانی گەیاندبوو١٠٠ گوند .

= سالی ١٢١٥ك تەزرە باریبوو قەبارەی هەندی هێلکەیەك بوو چەندین گوندی وێرانکردبوو.

= سالی ١٢١٦ك لە مانگی ئاداریٌ شەپۆلێکی بروسك و هەورە تریشقە ئەو دەڤەری گرتبوو .

= سالی ١٢١٩ك /گرانی بە سەر دەڤەری گۆرانەتی هاتبوو ، وەزنەی گەنمی بە دەرهەمێك و نیو بوو ، وەزنە جۆی گەیشتە دەرهەمەکێ ، لە هەمان سالی گرانی ، هۆزی زێباری و بە هاوکاری لە گەل ئەحمەدبەگی برایێ قوباد بەگی لە کەلێ ئاکرێ هێزێکی دزو جەردەیان هەبوو دەڤەری گۆرانەتیان تالان کردبوو ، کاروانی بازرگانەکانیان رووتدەکردەوە . هەر لەو سالی نەخۆشی خوریکەو سۆریکەو چاو کولی لە بەلأبۆوە لە گەل نەخۆشی تاعونێ زۆر کەسی لە ناوبردبوو .

**لە کتێبی گۆران نوسینی یاسین حەسەن ، مێژوونامە لاپەرە(١٩٧ ) تێدا نووسرایە:**

= سالی ١٦٧٣ز/١٠٨٤ك نەخۆشی تاعون بەلاوببۆوە رۆژانە ١٠٠٠کەس دەمردن .

= سالی ١٧٩٤ز/١٢٠٨ك دوو جار کلۆ هێرشی هینابوو دەڤەرەکەمان ببوو گرانی

= ١٨٠٢ز/١٢١٧ك بۆ مامەی شەش مانگ بەفروباران و لافاو بوو . ببوو قاتوقڕی .

=١٧٥٥ز سالێکی ساردوحیشك (ووشکە سالْ)ی، ببووگرانی و بەلاوبوونەوەی نەخۆشی تاعون.

=١٨٧٨ز گرانی گەورە بە وەزنەو ٣سێ لیرە ناودەبرێت، یەك وەزنە گەنم بە ٣لیرە زێربوو.

=١٩٠٥ز هێندە سارد بوو شەتی موسل بەسترابوو ، کاروانی بەسەر شەختەی دەربازدەبوون.

= ١٩٠٧ز بە سالی بەفری سۆر ناودەبرێت،٤٠رۆژان بەفرباری رۆژی کۆتایی خۆلْبارین بەسەرداهات ڕەنگی بەفرەکەی سۆر بوو ، لەبەر هەندێ ناوی لێنرا سالی بەفری سۆر .

= ١٩١٥ز بۆ جاری دووەم گرانی وەزنە و ٣ سێ لیرە گەڕایەوە .

= ١٣٦٠ك/١٩٤١ ز لافاو هەستابوو پردی مەندان لەسەر ئاوی خازری تێکشاندبوو .

=١٣٤٣ك/١٩٢٣ز کلۆ پێکوڕە لە سۆران بەرەو دەڤەری گۆرانەتی هاتبوو ، ببووگرانی.

=رۆژی١/١/ ١٩٥١شکور و کاکل هەردوو کوڕی سمایل ئاغای رۆڤیا لە سێدارەدران.

= رۆژی ١/٤/ ١٩٦٩گوندی چەمەو بشیریان کەوتبوو بەر لافاوی ئاوی زێی بادینان.

= رۆژی ١٤/٣/ ١٩٨٨گوندی چرە کەوتبوو بەر لافاوی ئاوی نێردۆش .

## ـ هێرشی نادر شاه بۆ سەر موسل :

سالی ١٧٤١ز پەیوەندی نێوان عوسمانیانو ئێران لە تەنگەژە دابوو ، هەردوو لا هەڕ و گیفیان لەیەکدی دەکرد . نادر شا شالاوی سێیەمی کردە سەرعێراق بۆ مەبەستی داگیرکردنی. لەشکرەکەی نادر شاه لە سەدو هەفتا هەزار کەس پێکهاتبوو ، لەسنووری رۆژهەلاتی عیراق لەناوچەی مەندەلیو شارەزوور لەهاوینی ١٧٤٣ز پەڕیەوە و چوونە سەر بەغدا. لەمانگی ئابی ١٧٤٣ هەردوو شاری کەرکوكو هەولێری داگیرکرد. خەلکی هاندەدا بۆ داگیرکردنی شاری موسل گەیشتە ئاوی زێی بادینان بەدەراوەکانی گوندی کەلەك، گرماملک ، دالەڕێ وچەمە پەڕیەوە بادینان ، بەناو دەڤەری گۆرانەتی کەوت ، لەبەر ئەوەی گوندەکانی ئەو دەڤەرە ، بەپیتو بەرەکەت بوو ، تێکڕای ناوچەکانی گۆرانەتی ، ئاکرێ ، زێبار ، کەوتە بەر شالاوی لەشکری نادر شای ئێرانی ، دەستیان کردبوو بەتالان کردنی گوندەکانیان.دەغلو دان ، ڕەزو باغو مەڕو مالتی زۆری تێدا بوو ، تالانیانکردبوو ، بۆ مەبەستی دابێنکردنی ئازوقەی لەشکر ، دەلێن: نادر شاە بەخۆی شەوێك لەگوندی زەنگەنانی سەربە قەزای بەردەڕەش دەمێنێتەوەو ، ڕۆژی پاشتر بەناو گوندی بەردەڕەش وەلەدبەگی ( بەردەڕەش ی گەورە) کە ئێستا سەنتەری قەزای بەردەڕەشە ڕادەوەستێت پلانی خۆی دادەڕێژێت بۆ خۆئامادەکردن بەرەو داگیرکردنی شاری موسل .

لەو سەردەمی زۆر لە دانیشتوانی دەڤەری گۆرانەتی و شەبەکستان هەلاتن چووبوونە ناوشاری موسل بەرگریان لە شاری موسل کردبوو ، هەروەها بەئەلقۆشو باعەدرێ تێدەپەڕێت بە شێوەیەکی زۆر نامەڕدانە وەکو کلۆ پێکوڕە پاش خۆیان تاق دەکرد بەتالان کردنو سووتان وکوشتن خەلکیان بێزارکردبوو ، دوومانگی ڕەبەق ، ئابلۆقەی شاری موسلی داوە و زەفەریان پێدانەبرد بوو. لەمانگی ت٢ / ١٧٤٣ بەرەو ئێران نائومێدی لەشکرەکەی گەڕاندەوە. [٤٩]

لە کتێبی (حصار موصل) د. سەیار جمیل لە سالی ١٩٩٠بە چاپی گەیاندیە دەلێت: دەڤەری (مرج موصل) دەکەویتە نێوان چیای مەقلوب و زێبار و زێی مەزندا مەبەستی (دەڤەری

---

[٤٩] – ممتاز عمر ئاغا ، تاریخ الموصل فی زمن الحکم العتمانی ، چاپی یەکەم ، ٢٠١٣ .

گۆرانەتی) یە ، گوندەکانیان بە دژوارترین شێوە کەوتبوو بەر شالاوی تالانکردن و رەزو بەرهەمی سالأنەیان  وێرانکرابوو  .

## چەند هێرشێك دەکرێتە سەر دەڤەری گۆرانەتی :

ساڵی ١٧٩٤ز هۆزی لەك لە شارەزۆر بە هاوکاری هۆزی زراری ، بە دوو هەزار سوار بەرەو ڕووباری خازر هاتبوون هێرشیان کردبوو سەر(مووسەیی ، بۆت ، داودی  و رەشگەری )بۆ ماوەی چار رۆژان شەڕوپێکدادان بەردەوام بوو. [٥٠]

لەساڵی ١٨٠٩ز بەرامبەر١٢٢٤کۆچی محەمەد بەگ حاکمی کۆیێ  لەشکر کێشی کردبوو سەر گوندەکانی دەشتی ناوکوڕ گوندەکانیان تالأنکردبوو ئاگریان بەردابوو خانییەکانیان.

ساڵی ١٨٧٠ گرۆپێکی قەبیلەی عەرەبی تەی لە ئاوی خازر پەریبوونەوە ، هێرشیان کردبوو سەر گوندەکانی بۆتان شەڕ ڕوویدابوو. هەر لەهەمان ساڵ ١٨٧٠دیسان  عەرەبی قەبیلەی تەی هێرشیان کردبوو سەر گوندەکانی بۆتان ١٦ کەس لە عەرەبان کوژابوون بەتنێ یەك کەسی بۆت کوژابوو. [٥١]

**پێگەی ئێزدیان :** (محفوز ئەلعەباسی) لە کتێبی ( امارە بهدینان العباسیە) لاپەرە (٢٢٠) لە بارەی شێخان و ئێزدییەکانی شێخان دەڵێ: ( شێخان شوێن و بنکەی پەیدابوونی ئێزدیانەو ناونراوە شێخان ،  چونکە چەندەها شێخی ئێزدیان لێ پەیدابووە ،  ئێزدییەکانی شێخان لە سەدەکانی رابردوو دەورێکی کاریگەریان لە ڕووداوەکانی ناوچەکەدا هەبووە ،  هۆزو میرەکانی بادینان  خۆیان لە ئێزدیەکان دەپاراست  هەردەم هەوڵیاندەدا لە گەل یەکدی هاوپەیمان بن ، چونکە ئێزدیەکان وەکو تای تەرازو بوون هاوپەیمانی لە گەل هەر لایەك ببەستبایە  ئەو لا سەرکەوتودەبوو  ، تا فەرمانی میر محەمەدی رواندزی لە ساڵی١٨٣٢ز دا ، چکۆکیان شکا و چەرخی گەردوون لێیان وەلگەڕا. سنووری میرگەی شێخان پێش فەرمانی ناوبراو هەر لە زابی گەورە تاکو خابور و ناوچەی سورچی و گۆرانەتی (عشائر السبعە)و قەزای شێخانی ئێستاو چیای مەقلوب و ناوچەی سلێڤانی تاکو ئاوی دیجلە و شاری دهۆکیش پڕبوون لە ئێزدی [٥٢]

مەلا یەحیا و سەعید پاشا برازای میر ئیسماعیل پاشای ئامێدی بوو لێیان تۆڕابوو  ، هەردووکیان میری سۆرانیان هاندەدا بۆ لەناوبردنی دەستەلاتدرای میرانی ئامێدی ، بۆ ئەو

---

٥٠ – مێژوونووسی باژێری موسل (یاسین العومەڕی) ، غرائب الاثر.

٥١ – عبدالفتاح علی یحیی البۆتانی ، سێ ساڵی خوێندن لە  بەردەڕەش  .

٥٢ – خدرێ سلێمان وسعدوللا شێخانی ، شێخان و شێخان بەگی ، چاپی یەکەم ، بەغدا ، ١٩٨٨

مەبەستە میری رەواندزێ  چەك و تفاقی خۆی ئامادە کردبوو ، خۆی لەخۆیدا ئەو هێرشە لەهزری میر مەحەممەد هەبوو لەئاداری سالّی ١٨٣٢ز بەرامبەر ١٢٤٧ك میر مەحەممەد سێ سەر لەشکری ئامادە کردبوو ، لەچل هەزار کەس پێك هاتبوو. لە دەراوەکانی کەلّەك و دالەرێ وگرمامك و چەمە لەئاوی زێی بادینان پەڕینەوە و پێی خۆی لەسەر خاکی گۆرانەتی داناو شەڕ لەگەلّ ئێزدیان دەستی پێکرد.دەلّێن: لەدوای پەرینەوەی میر مەحەممەد رەواندزی لەزێی بادینان لە مالّێ باپیرە گەورەی حاجی سلێمان لە گوندی بەنێنانێ سەربە قەزای  بەردەڕەش  مێوان ببوو چەند سەر مەڕێکیان بۆیان سەربڕی بوو ،  لە دەسپێکی شەڕ ئێزدی شکان عەلی بەگی میری ئێزدیان هەلّاتبوو پاشان خۆی بەدەستەوەدا و بە دیلگیرابوو ، زیاتر لەدەهەزار پیاو  و مندال و ژنی ئێزدیانی بەیەخسیر گرتبوو ،  لەو سەردەمی هۆزی مووسەیی لە زۆربەی گوندەکانی دەڤەری گۆرانەتی دەژیان لە کۆنەوە لە گەلّ ئێزدیان تەبا بوون ،  لە کاتی تەنگانەدا هاوپەیمانیان لەگەلّ یەکتر توند بوو ،  بۆیە لە کاتی هێرشی لەشکری میر محەمەدی کۆرە بۆ سەر ئێزدخانە لە دەشتی ناوکوڕ ، ئێزدی و مووسەیی دژی لەشکری رەواندزێ راوەستابوون دوای شەڕێکی قورس لەشکری میر محەمەد بەسەریان زالّ بوو مووسەییەکان توشی کۆمەلکوژییەکی گەورە هاتبوون ،  تەنها لەبەر ئەوەی هاوپەیمان بوون لەگەلّ ئێزدیان .

هەندێ مێژوو نووس دەلّێن: میر محەمەد شەڕی کوردانی کردیە، هیچ کەسێکی تورکی عوسمانلی لەوشەڕانە نەکوژرانە ، عوسمانلیەکان بە ناوی ئایین هەولّی پارچە پارچە کردنی کوردیان دەدا وئاگری شەڕی برا کوژیان لە نێوان کوردان خۆش دەکرد.

هەندێکیش دەلّێن: میر محەمەد کەسێکی داد پەروەر بوو ،  لە مالّی خۆی دەستی بە چاکسازی کردبوو ، بۆ نموونە دووبرای خۆی زیندانی کردبوو، عەدالەتی بەرپا کردبوو ، هەموو عەشیرەتەکان لە دەورۆبەری رەواندزێ خیوەتگای تایبەتی خۆیان هەبوو، دەلّێن بەشەوی هاوینان خەلّك لەسەربانی دەنووستن گوێ بیستی گریانی مندالّی ساوا بایە بۆ بەیانی سزای دایکی مندالەکەی دەدا.

میری گەورە رانەوەستا بەرەو شاری موسلّ کەفتەرێ مەحەممەد بەگی والی موسلّ ترسی لێپەیدا بوو ناچار بوو پردی سەر ئاوی دیجلەی رووخاند ، خۆی قایم کردبوو  ، دەرگاکانی توند لەسەر خۆ توووند قەپات کرد میر محەممەدی رەواندزی زەفەری بەشاری موسلدا نەبرد جەلەوی لەشکری خۆی بەرەو زاخۆ و دهۆك و ئامێدی سوڕاندەوە. ، (٥٣)

---

٥٣ – حوسێن حوزنی موکریانی ، مێژووی میرانی سۆران ، چاپخانەی موکریانی، هەولێر  ل ٦٦

## ساڵی ١٨٢١ هێرشی میری سۆران  بۆ سەر مووسەییان لە دەڤەری گۆرانەتی:

میرانی سۆران  دوو هێرشی گەورەیان کردبوو سەر دەڤەری گۆرانەتی

یەکەمیان ساڵی ١٨٢١ بۆ سەر مووسەیان بوو لەبەرئەوەی خەرجوخەراجی خۆیان بۆ میری سۆران رەوانە نەدەکرد ، میر لەشکرێکی ١١٠ هەزارکەسی پێکهینابوو ، سولتان مەحمودی دووەم پاڵپشتی میری دەکرد بۆ لەناوبردنی هێزی ئێزدی و مووسەییان مەبەستی سولتان شەڕی کورد بە کورد بەرپابکات و بەربەستێك دروستبکات دژی سەفەوییەکان ببنە رێگر لە هاتنیان بۆسنووری  هەردوو ڕووباری زێی گەورەو ئاوی خازر، هەروەها هەردوو هێزی سۆران و بادینان لاواز بکاتن، لێرە مووسەیی کەوتنە نێوان نالوبزمارلەهەر لایەك بن زەرەرمەند دەبن . میر دەیویست دەسەڵاتی خۆی بەرفرەبکات ، ساڵی ١٨٢١ هێرشی کردە سەر دەشتی ناوکوڕ ئێزدی و مووسەیی لە مێژە پێکەوە ژیابوون هاوپەیمانیان بەست دژی لەشکری میری سۆران راوەستابوون شەڕ ١٢ ڕۆژی تەواو لەنێوانیان بەردەوام بوو ،  مووسەیی پیاوی ئازاو شەڕکەرهەبوو ، پلانێکیان دانابوو بەشەو ئاویان بەردابوو سەررێگای لەشکری میر بۆ بەیانی وولاغیان لەناوقوڕێ چەقی بوو ، مووسەیی دەستی خۆیان وەشاند ، عبدالله پاشا برای میر سەرلەشکری میری سۆران بوو لەو شەڕە کوژرا لەشکری میر کوژراو برینداری زۆری هەبوو ، میر محەمەدی رەواندزێ ویستی شەڕ رابگریت بۆ خۆئامادەکردنەوە بە رەزامەندی هەردوولا شەڕیان راگرت ،

میر داوای دانوستاندنی کرد لە عەلی ئاغای مووسەیی لە بانە میران دادەنیشت لە کلکی چیای مەقلوب هنداو ئاوی گەرم ، عەلی ئاغا بۆ دانوستاندن بەرەو رەواندز دەچوو عەلی ئاغای مووسەییان یەخسیرکراو کوشتیان ،

یەکسەر دوای کوشتنی  میری رەواندزێ نووسراوێکی بەناوی عەلی ئاغای مووسەیی بۆ مووسەییان نووسیبوو مۆری عەلی بەگی پێوەبوو (بەرێ هەنگوستیلە وەکو مۆر بەکاردەهات) بە هەنگوستیلەی دەستی خەتمی عەلی بەگی لە نووسراوێك درابوو تێدا هاتبوو ( دوای رێزو سلاو فەرمانیدابوو رێگای لەشکری میری سۆران بدەن بەناو گوندەکانی مووسەییان لە دەڤەری گۆرانەتی تێپەڕبێت) ، میر سەرلەنوێ لەشکرێکی گەورەی پێکهینا هەرچی زەلام منداڵی نێرینەی موسەیی و ئێزدیان بوو کوشتی بەلگە بۆسەلماندنی ئەو کۆمەلکوژیە زەلام و منداليان زيندە بەچاڵکردبوو هاوێشتبوویانە ناو خەمرەی ئاوخۆردە لە گوندی مەم بۆتان (پایتەختی مووسەیان) بوو دەکەوێتە  نێوان گوندی شیوەرەو ڕووباری خازر ، هەتا ئێستا پاشماوەی ئێستك وچەك تفاقیان لەناو ئەو خەمرەیە ناوە ناوە لەکاتی جۆتکردن بەدیاردەکەوێت کەسیان لە مووسەییان نەهێشت ئەوانە مابوونەوە مندالانی باوشی دایکان و کۆرپەی ئافرەتە دووگیانەکان کە پاش باب لە دایك بوون  یان ئەو مندالانەی  لای هەندێ خێزانی خێرخواز هاتبوو شاردنەوە

قوتاربووم،لەو هێرشە هەندێ خێزانی مووسەیان لە ترسان ئاوارە بوون لەوانە: ساڵەیی(صالحی) و (جەمیلی) چووبوونە ناوچەی پردێ و حەویجە و باکووری کوردستان پەیوەندیان لە گەڵ یەکتر مایە .

## ـ هێرشی میرمحـەمەدی رەوانــدزی ساڵی١٨٣٢ بۆ سەر ئێزیدخانێ لە بادینان:

لە چاوپێکەوتنێك لە گەڵ بەرێز دکتۆر (فرسەت مەرعی )ئەنجامدرابوو تێدا گوتبووی :

"عەلی بەگی ئێزدی عەلی ئاغای بالەتەیی و سنجان ئاغای کوڕی دەعوەت کردبوو بۆ سوننەتکردتی کوڕی ، میری ئێزدیان لە باعەدرێ عەلی ئاغاو سنجان ئاغای کوڕی کوشتبوو ئەوانیش گەلەك ئێزدیان کوشتبوو ، مەلا یەحیای موزوری چوبوو لای میری ئامێدی هیچی بۆ نەکردبوو ، پیلانەکە لە لایەن میری ئامێدیێ دارێژرابوو لەبەر ئەوەی عەلی ئاغا دەستی لە کاروباری میرانی ئامێدی وەردەداو ،بەلێنیان بە عەلی بەگی دابوو دەستهەلاتی زیاتریان بدەنێ و ئێزدیخانە پارێزراو بیت .

مەلا یەحیا چوبوو لای داود پاشا لە بەغدا ، بەسەرهاتی خۆی بۆ والی گێرایەوە ، نووسراوێکی دابوو مەلا یەحیای موزوری گوتی (یا یحیی خذی الکتاب بقوه) مەلا یەحیا وولامی دایەوە گوتی (یا داود انا جعلناك خلیفة في الارض ) دونیا زستان بوو ، نامەکەی گەیاندیوو میر محەمەدی پاشای رەواندزێ باسی خۆی بۆ گێرایەوە ، هەروەها سەعید پاشا لە ئاکرێ بوو برازای ئیسماعیل پاشای ئامێدی بوو ، هەردووکیان میری سۆرانیان هاندەدا بادینان داگیر بکات ، پاشای رەواندزێ (میری گەورە) بەلێنی دابوو مەلای بەهارێ تۆلەی خوینی ئامۆزات لە ئێزدیان دەکەمەوە ، مەلا یەحیا لە ماڵی مەلای خەتێ مایەوە مقتی میر محەمەدی بوو ، میر بەهاری لەشکرێکی مەزنی پێکهینا هاتە ئەسکی کەلەك دەستی بە کوشتنی ئێزدیان کردبوو ،بە دەڤەری گۆرانەتی تێپەری و هاتبوو باعەدرێ وێرانی کردوو ،میر عەلی بەگی ئێزدی بە یەخسیر گرتبوو ، میری ئێزدیانی لە گەلی عەلی بەگ لە سیدارە دابوو، کۆمەل کوژی لە گوندی خەتارێ ئەنجامدابوو ، میرگەهێ بادینانی هەلوەشاندبوو دەستی بەسەر زاخۆو و شنگارێ داگرتبوو" .

توێژەرێکی ئێزدی بەناوی (داود مراد خەتاری ) بیرو بۆچوونی خۆی دیاردەکات لە ووتارێکی باسی هێرشی میر محەمەدی کۆرە دەکات کە فەرمانی بۆ سەر ئێزدیان دەرکردبوو دەڵێت: میری سۆران گەورەترین تاوانی دژی مرۆڤایەتی بە گشتی و کوردی ئێزدی بەتایبەتی دژی نەتەوەی خۆی ئەنجامداوە ، ساڵی ١٨٣٢ هێرشێکی بەربەلاوی کردبوو سەر گوندەکانی گۆرانەتی و کۆچەر و شەرەفانی و فەلەکان ، رق و کینەی هەرەگەورەی خۆی دارشتبوو سەر خەلکی زاخۆ و ئامێدی ، لە ئەنجامی ئەو رق وکینەی کەبەبێ جیاوازی بەسەرهاولاتیانی کوردی بادینانی هینابوو. سەرۆك هۆزە کوردەکانی بادینان هاواریان بردبوو بەر دەسەلاتدارانی عوسمانلی بۆ

بەرپەرچدانەوەی هێرشی میرمەحەمەدی رەواندزی ، هەنگاوی یەکەم گەورەو سەرۆك هۆزەکانی بادینان داواکارییەکان رەوانە ئەستەمبۆل کردبوو هاواریان بردبوو بەر سولتانی عوسمانی رزگاریان بکەن لە دەسەڵاتی ئەو خوێن مژەی سۆران، میر محمەدی رەواندزێ بۆ دانووستاندن دەچیتە ئەستەمبۆل ، عوسمانلیەکان داوا لەو مووسەییان دەکات ، ئەوانەی ئاوارەی باکووری کوردستان ببوون ، کە لە کاتی گەڕانەوەدا لە رێگای میر محەمەدی میری سۆران بکوژن وەکو تۆڵە ساندنەوە ، بۆ ئەوەی کێشەکانی نێوان کوردەکان قۆلتربێت. ساڵی ١٨٣٦ لە دەڤەری سێواس لە کاتی گەڕانەوەدا بە پلانێکی دارێژراوی عوسمانیەکان میر محەمەد هاتە کوشتن (٥٤) لە سەر ئەو داوایە ساڵی١٨٣٦ سولتانی عوسمانی فەرمانی دەرکردبوو بۆ جولاندنی هێزێکی سەربازی بە سەرۆکایەتی ڕەشید پاشا دژی هێرشی میری سۆران رابوەستن ، میری رەواندزێ بەبێ شەڕخۆی رادەستی هێزی رەشیدپاشا کردبوو ، عوسمانییەکان بە پلانێکی دارێژراو میر محەمەدی سۆرانیان لە ناوبرد.



**ـ لە بەلگە نامەیەکی عوسمانی**

ساڵی ١٨٣٥ لە وێنەی بەرامبەر ، داواکارییەکەی سەرۆك عەشیرەتەکان و ردێن سپی وبرا گەورە و پیاوە ماقویلانی بادینان بۆ پاشای عوسمانلی لە ئەستەمبۆل بەرزکرابۆوە ، پێشەکییەکی درێژیان بۆ سولتان نووسیبوو لەسەر پاداشتنامەکە ناو و مۆرو واژووی خۆیان کردبوو،گوایە دژی لەشکر کێشی میرمحەمەدی گەورەی رەواندزێ رادەوەستن ، دڵسۆزی و خۆشەویستی خۆیان بۆ حکومەتی عوسمانی دووپات کردبۆوە .ئەوەش ناوەکانن لە بەلگە نامەکەی حکومەتی عوسمانی هاتووە:

٥٤ـ هەڤالێکی مووسەیی بە سوپاسەوە بۆمی گێرایەوە

١- مستەفا بەك ئەمیری بەرواریا   ٢- علی بك ئەمیری شیخان .
٣- صادق بەگ ئەمیری نێروەیی   ٤- سلیم خان ئەمیری برادوست .
٥- وەلی بەك ئەمیری رێكان   ٦- حسا ئاغای ئەركوشی   ٧- خلیل ئاغای دنانی
٨- شاهین ئاغای دۆسكی   ٩ - ابراهیم ئاغا ی سلیڤانی   ١٠- حامد ئاغا ی سندی
١١- حامد ئاغا  السندیە   ١٢- عبدالقادر ئاغای گە ردی   ١٣- زبیر ئاغا  رۆژبیانی
١٤- عبدی ئاغای مزوری   ١٥- عمر ئاغای سورجی   ١٦- بهرام ئاغا ی هەركی
١٧- شفان ئاغای ردێنسپی سورچیان   ١٨- قبلان ئاغای شەرەڤانی
١٩- كەڵەش ریش سپی اركوشی   ٢٠- شیخ نورالدین گەورەی شیوخی مزوری .
٢١- شیخ عبدالغفور گەورەی شیوخی بریفكا
٢٢- سەید عبداللە ی مفتی زاخو .   ٢٣- سەید عبداللە مفتی عقرە ،
٢٤- شیخ یونس نقیبی شیخ سوسنوی .   ٢٥ - سلطان النقیبی شیخ عبدالعزیز
٢٦- سەید رشید گەورەی قەلاَی ئامێدی .   ٢٧- ملا أسعد مفتی قەلاَی ئامێدی
٢٨- ملا محەمەد محەمەد قاچی قەلاَی ئامێدی .  ٢٩- ملا محەمەد ووتار خوێنی ئاكرێ
٣٠ سلیمان / ردێن سپی قەلاَی ئامێدی  .   ٣١- عبداللە/ ردێن سپی قەلاَی ئامێدی
٣٢- ابراهیم / ردێن سپی قەلاَی ئامێدی   ٣٣- عمر/ ردێن سپی قەلاَی ئامێدی.[٥٥]

## - پیلانی (شەمێ ) دایكی عەلی بەگی ئێزدی :-

عەلی بەگی ئێزدی (٣) ساڵان بەیەخسیری لەرەواندز مابۆوە ، عەلی بەگ وەجاغ كۆر بوو تەنها كیژەكی هەبوو بە ناوی (گۆلێ) ، بەئەبو گولێ ناویان دەبرد. میری رەواندزێ داوای لەعەلی بەگی ئێزدی كردبوو وببێتە ئیسلام عەلی بەگی ئێزدی گوتی نابم بەموسولمان لەسەر دینێ خۆ دەمێنمەوە ، بمكوژە لەملاكەخووین ناپارێمەوە. میری سۆران عەلی بەگی ئێزدی كوشت و سێ رۆژان مەیتێ عەلی بەگی بە پردی كاولۆكان هەڵواسرابوو

شەش مانگ بەسەر كوشتنی عەلی بەگی تێپەڕی ، شەمێ دایكی عەلی بەگی ئێزدی چوو بوو خزمەتی میر محەمەد رەواندزی پێی گۆت: میرم بەراستی لەدوای كوشتنی (عەلی بەگی ) كورم ژیانی ئێمە لەناو ئێزدخانە نەمایە ، حەزدەكەم بەخۆ و ماڵ و مندالەوە بمانگوازییەوە رەواندزێ لەتەنیشت جەنابت بژین ، شەمێ ٨ هەشت رۆژان لەرەواندزێ مابۆوە و لە ماڵی میری سۆران لە رەواندزێ مێوان ببوو. بە ١٢ سوارەوە گەڕاوە باعەدرێ ، میر گۆتی باشە تۆ بگەرێوە شوێنی خۆت ، من ٦٠ شێست سواران بەرێ دەكەم بۆ گواستنەوەی ماڵەكانتان ، شەمێ پلانی دانابوو

---

[٥٥]- داود مراد خەتاریئێزدی ، لە توێژینەوەیەكدا بەلاویكردوەتەوە.

، چەند قەسابێکی هینابوو بە ناوی حەیوان کوشتنەوەی ، هەریەك ساتۆرێك لە دەستیان بوو سوارەکانی میر لە دیوەخانی شەمێ دایکی عەلی بەگ دانیشتبوون قەسابەکان بە ژووریّ دیوەخانی کەوتبوون مێوانەکانیان هەموو سەربڕی بوو لە تۆڵێ میرعەلی بەگی ئێزدی . (٥٦)

## ـ قوباد پاشا دەڤەری گۆرانەتی تالآن دەکات:

ئەمیر قوباد پاشا کوڕی سوڵتان حوسێن بەگی میری ئامێدی ئاوات و خواستی ئەوەبوو فەرمانڕەوایەتی ئامێدی بگرتە دەستو هەرێمی بادینان بکاتە بن ڕکێفی خۆی ، قوباد پاشا ڕفتارەی وای کردبوو خەڵکی بادینانی بێزار کردبوو ، چونکە ببووە مایەی دروستکردنی دووبەرەکیو ئاژاوەنانەوە لەناو خەڵکی.

بۆ ئەو مەبەستە قوباد پاشا خۆی گەیاندبوو والی بەغداو سەردانی میری بابانی کردبوو لەقەلآچۆلان بۆ پاڵپشتی کردنی مرازە حاسڵ نەکراوەکەی کە نائومێدییەك لە ناخی هەڵگیرسابوو. والی بەغداو بابانیەکان بەدڵ دەیانخواست میرانی ئامێدی لەناوببەن کەچی بۆیان نەدەڕەخسا ، بۆیە قوباد پاشا دەستی کردبوو بەئازاردانو تالآن کردنی ماڵو سامانی لایەنگرانی میری ئامێدی بەتایبەتی لەناوچەی گۆرانەتی و ئاکرێ. لەکتێبی (پێ ڕەش) بارزانو بزوتنەوەی هۆشیاری ئازادیخوازی کورد دەڵێت: لەکاتی مردنی محەمەد تەیار پاشا لەساڵی ١٧٩٨ز دوومیر سەری هەڵدا ، ماڵو موڵك سەروەت کەوتە بندەستی (سمایل بەگ)و (خال ئەحمەد) دەستیان بەسەر دەشتی ناوکوڕ ودەڤەری گۆرانەتی داگرتبوو ، چەند شانەیان لەسەر گوندەکانی دەڤەری گۆرانەتی دانابوو ، بۆ مەبەستی کۆکردنەوەی خەرجو خەراجی ئەو ناوچە بەپیتو بەرەکەتە لەسەرانەو مەڕو ماڵتو دەغڵو دان. لەبەر ناکۆکی بەرەبابی میرانی ئامێدی قوباد باشا بەهەلی زانیبوو ، لەسەردەمی میر مرادخانی ئامێدی لە ١٧٩٨تاکو١٨٠٤ز ، بەبێ ئاگاداری فەرمانڕەوایانی ئامێدی ، قوبادپاشا هەڵیکوتابووە سەر عەمبارو خەزینەکانی باجی ساڵآنەی دەڤەری گۆرانەتی بەتالآنی بردبوو ئەوە بۆ جاری یەکەم نەبوو ، بەڵکو چەند جارێکی تر ڕویدابوو ، ماڵو سامانێکی زۆری لەلایەنگرانی میر مراد خانی ئامێدی ساندبوو ، بۆ ئەوەی خۆی بەهێز بکات و بژێوی دارو دەستەکەی خۆی پێ دابینبکات. ئیبراهیم ڕەشاوایی بەگۆرانی دەڵێت:-

هەرچی ڕۆژا محەمەد تەیار مرد          دوو ئاغا ڕابوون وەك خورت

دەشتا ناوکوڕ لێهەڵـــگرت

هەر قوباد وەگۆگـــورگێ هار          وان تالآن کر خـــــەزینە دار

هـــــەر وەکو جاری جـــار

---

٥٦– وەرگیراوە لە زاری خوالێخۆشبوو ( حاجی عوسمان حەجاج )ی گوندی گۆمەزەرد/ بەردەڕەش .

.............................. هتد[57]

## ـ هێرشی لەشکری  بابانیەکان:

باسمان کرد ئەمیر قوباد بەگی ئامێدی ویست و خواستی ببێتە میری ئامێدی بەردەوام لەرکابەری دابوو لەگەڵ بنەماڵەکەی خۆی لە ئامێدی ، دووبارە قوباد بەگ پەنای بۆ والی بەغدا بردبوو ، ئەمجارە والی بەغدا فەرمانی بۆ عەبدولرحمان پاشای بابانی دەرکردبوو ، هێزێك لەسنووری دەسەڵات خۆی ئامادەبکاتو لەشکرکێشی بکاتە سەر پایتەختی میرانی بادینان لەئامێدیو میرمرادخانی ئامێدی لەفەرمانرەوایەتی بادینان لابداتو قوبادبەگ جێنیشی بێتو بە میری بادینان دایبمەرزێنێت. ئەوەی شیاوی گۆتنە ، ساڵی ١٨٠٣ز عەبدولرەحمان پاشای بابانی لەدەراوەکانی زێی بادینان پەرپیەوە بۆ ناو دەڤەری گۆرانەتی دەستیان کردبوو بەتالآن کردنو سووتاندنی ئەو گوندانەی کەوتبوونە سەر رێگای لەشکری بابانی تاکو گەیشتبووە ئامێدی هەروەها دەڤەری شێخان وئیزدخان تووشی کارەساتی وێرانکاری هاتبوون لەشکری بابانی گەیشتبوونە دەورووبەری ئامێدی ، دوو مانگی رەبەق قەلآی ئامێدیان ئابلۆقە دابوو ، زەفەرەیان پێ نەبردبووبەشەر مەزاری پاشەکشێیان کردبوو. بەساڵچووەکانی ناوچەی گۆرانەتی دەگێرنەوە: لەدەورووبەری ساڵ١٨٠٣ز، لەشکری بابانیەکان زیانیان بەناوچەکانی بادینان گەیاندبوو ، نەشیا دەست بە سەر ئامێدی دابگرێت ، کاتی بەنائومێدی گەرانەوە خەڵکی ژێر دەسەڵاتی فەرمانرەوایەتی میرانی ئامێدی لەدژیان راپەرین بەتایبەتی لەناوچەی گۆرانەتی ، لەنزیك گوندی زەنگەنان بەرۆکی لەشکری بابانیان گرتبوو زیاتر لە ٧٠ کەسیان لێیان کوشتبوو ، تەرمەکانیان لەگۆرستانێکی بەکۆمەڵدا شاردرانەوە ، لەناو گۆرستانی گوندی وادیارە هەرلەبەر رەفتاری نابەجێیان خەڵك بەسووکایەتی ناویان دەبردنو پێیان دەگۆتن (بەبە)کان ، لەجیاتی بڵێن بابانیەکان بە شەری بەبە یان لەشکری بەبە ناودەبەن. [58]

## شەری قورەبەگ :

لە سەردەمی میرنشینی بادینان چەند رووداوێك روویدابوو لەوانە شەری قورەبەگ لە دەڤەری گۆرانەتی ، لەوانە شەری پاشای کۆرەو ئیسماعیل پاشا کە مەلا یەحیای مزوری رۆلێکی باشی هەبوو لە هێنانی لەشکری سۆران دژی ئێزدیان .

هەروەها شەری قوربەگی لە ساڵی ١٣٥٣ك ١٨٣٧ز شەری (ئیسماعیل پاشا کوری محەمەد تەیار پاشا) لەگەڵ (مەلا حوسێن ئەمین ) والی بەغدا لە سەر ئاوی (قورەبەگ) لە دەڤەری

---

٥٧- لەکتێبی (پێ رەش) بارزانو بزوتنەوەی هۆشیاری ئازادیخوازی کوردی لاثةرة(١٥٢)

٥٨- لە زاری  چەند کەسێکی بە تەمەنی ناوچەی گۆرانەتی وەرگیراوە.

گۆرانەتی ڕویدابوو . ئەم زانیاریە لە دەستنوسێکی مەلا عوسمان العقری ئاکرەیی ئاماژەی پێدرایە ، هەروەها لە کتێبی (بهدینان فی موزەکرات )الشیخ تاهر الشوشی لاپەرە (٣٢) باسکرایە

## لە ناو چوونی میرنشینی بادینان

ابن الفضل العمری لة کتێبی(مخطوطة مسالك الابصار) جزء  الثالث. ص ١٣٤ دەلێت :

"دووای لە ناو چوونی میرنشینی بادینان لە ساڵی ١٢٥٨ك/١٨٤٢ز دەڤەری گۆرانەتی و شاری ئاکرێ بە ویلایەتی موسل هاتە گرێدان ئەویش لە بەر دەولەمەنی دەڤەرێ بە چاندنی بەرهەمی کشتوکاڵی رەز و زۆری جۆرێ فێقیان و هەبوونی پاوان و لەوەرگای بەرفرە  بۆیە ناویان لێنا (بیلاد ئەلوروج) ناوەکی عەرەبیە بە مانای ولاتی مێرگان یان جهێ شیناتی و دەرامەتی زۆر یان بە (مروج الموصل) دەناسرێت "

## سەفەر بەلەك :

لە سەر زاری چەند تەمەنداریکی دەڤەری گۆرانەتی وەرگیرایە : سەفەر بەلەك واتا ڕەشبگیری لە ساڵی ١٩١٤ لە لایەن حکومەتی عوسمانی ڕەشبگیر (نەفیرعام)ی گشی رگەیاندرا ، لە دەڤەری گۆرانەتی بە بێ جیاوازی پیر و گەنج کەم ئەندامیان قۆلپێچ کرد بوو بە ناوی لەشکری یەدەك (چەکداری هێزی حەمیدی) سولتانی عوسمانی (عبدالحمید) سەرپەرشتی دەکرد ، بۆ بەرەکانی شەڕی جیهانی یەکەم رەوانە کردبوو دژی ئەنگلیز و هاویەیمانەکانی بجەنگن ، ژمارەکی زۆر بێ سەروشوێن بوون ئەوانەی رزگاریان بوو هەندێك لە تورکیا مانەوە خێزانیان پێکهینا ، ژمارەکی کەم گەرانەوە ، ئەو رەشبگیریە کاردانەوەیەکی زۆر خراپی لە سەر دانیشتوانی دەڤەری گۆرانەتی کردبوو ، دەستی کاری نەمابوو بۆ بەرهەمهێنانی دەرامەتی کشتوکاڵی و بە خێوکردنی مەڕومالات، بازرگانی لە نێوان گوندنشین و شار لاوازببوو ، بژێوی خەلکی بە زەحمەت کەوتبوو .

## ـ شەڕی کوت و عەمارە:

لە شەڕی جەنگی یەکەمی جیهانی ، ئینگلیز ساڵی ١٩١٤ شاری بەسرای لە باشووری عیراق داگیر کرد ،  عوسمانیەکان شکان ،  لەشکری ئەنگلیز بەرەو کوت و عەمارە جولا بۆ داگیرکردنی بەغدا ،  لاوکی شەڕی کۆت و عەمارە لەلایەن لاوکبێژ ئەحمەد جەوێ زەنگەنانی هاتوتە گوتن. تێیدا هاتووە: ( سولتان محەمەد رەشاد گاز دکر هەوارە،  گەڵی عەشائر السبعه هەوارە ، عەشائیران هەوارە ،  غەوسێ ماڵ ل بەغدایێ هەوارە ،  دەستێ خۆ بدەنە دارێ جامبێزارا ، ئەنگلیز بەغدا گرتیە تاکو دەگاتە کوت و عەمارە ،  عەرەب خائینە و مەملەکەتێ کوردستانێ تێکرا فیلارە ،  ئەگەر عەرەب خائین نەباو و مەملەکەتێ کوردستانێ تێکرا فیلار نەبا ،  چوجارا عەسکەرێ ئیسلامێ ب عەسکەرێ ئینگلیزۆکان ناهێتە رایێ)  .

هەروەها لاوکبێژ محەمەد مەلا دەلێت : (سولتان محەمەد رەشاد هاواری بردبوو بەر خەلکی

بادینان ئاماژە بە(عشائرالسبعە)دەڤەری گۆرانەتی کرابوو لاوکبێژدەلێت"( هاوارا بمن هەوارە ، غەوسێ بەغدایێ بمن هەوارە ، شێخ نورالدینێ شێخێ بادینان بمن هەوارا جوابەکێ بدەنە (العشائر السبعە) دەڤەرێ گۆرانا، کوڕێت بابا دەستێت خۆ بدەنە دارێ جامبێزارا ، تێکڕا بەرێ خۆ بدەنە خوارا ، مانگۆ نزانن کوت و عەمارە لە مە بوو حەسارا ). زۆر کەس لە گوندەکانی دەڤەری گۆرانەتی بەرەو باشور چووبوون بۆ بەربەچدانەوەی هێرشی لەشکری ئەنگلێز و شکاندنی گەمارۆی سەر کوت و عەمارە.

لە ڕۆژی٢٣ /فبرایەر /١٩١٧ شەڕ روویدا جەنەرالێکی کورد بە ناوی (کازم قەرە بەکر) سەرلەشکری عوسمانی بوو لە کوت و عەمارە پاشەکشەی بە(٢٥٠٠ )سەربازی خۆیکرد ، ئەنگلیز لە هێرش بەردەوام بوو ، لەشکری عوسمانی لە عێراق شکستی خوارد ، چەکدارەکانی دەڤەری گۆرانەتی بەبێ شەڕگەڕانەوە گوندەکانی خۆیان . لەکاتی گەڕانەوەی لەشکری عوسمانیەکان بۆ تورکیا بە دەڤەری گۆرانەتی تێپەڕیبوون لە سەر ڕێگای خۆیان لە هەژمەتی شکستخواردنیان وەکو تۆلە لە گوند نشینەکانی کورد بکەنەوە دەغل وداناشیان وەکو: (گەنم ، جۆ ، ساوار ، نیسك ، نۆك ، پاقلە ، برنج و ماش...)ی جۆتیاری کوردیان تیکەل یەك کردبوو بۆ ئەوەی سوود لێوەرنەگرن ، لەناو خەلکی ببووگرانی ، زۆرسەربازی کوردیان لە گەڵ لەشکری خۆیان بردبوو ، دوای هەفت ساڵ ئەنجا گەڕانەوە هەندێکیان نەگەڕابوونەوە چارەنووسیان بزربوو هەبوو لە تورکیامایەوە.

## ـ مەندان ـ کەمپی کانیلان:




فەلەی نەســتۆری الاشــوریین (فەلە رەشــکە )لە ٨٥ گوندی دەڤەری هەکاری لە باکووری کوردستان دەژیان ، لەبەر ئەوەی روسیا پڕچەکیانی کردبوو دژی دەولەتی عوسمانی شەڕبکەن ، لە ســاڵی١٩١٤ کۆمەلکوژی فەلە لەلایەن عوسمانیەکان دەرچــوو (٢٥ )هەزار فەلە ئاوارەی

ورمێ (رەزاییە)بوون لە هەرسێ باژێری(ئورمیەوسەلماس و خۆیێ) بوونە پەناهندە ، رۆسیا لە بەر شۆڕشی بەلشەفیەکان ، لەشکری خۆی لە ورمێ بۆ ناو روسیا کشاندەوە. فەلەکانی ورمێ و لە گەڵ فەلە پەناهەدەکانی هەکاری بە پێیان بەرەو هەمەدان رۆیشتن لەوێ بەرەو شاری باقوبە (بعقوبە) ی عیراقی کەمپێکیان بۆیان دروستکرد . لە ڕۆژی ٣/ئازاری/١٩١٨ بەتریکی ئاشوری (بنیامین مار شمون) لە گەڵ ١٥٠ هەڤالانی ببوونە مێوانی سمکۆی شـــکاك. سمکۆی شـــکاك لە بارەگای خۆی لە (گوهنە شــهر) هەموویانی کوشــتبوو ، سمکۆی شــکاك لە نیازی مارشمعون گەیشـــتبوو دەیویســـت لەهەردوو دەڤەری هەکاری تورکیاو ئورومیەی فارســـی دەولەتێك بۆ فەلەکان ڕابگەینیت بە پشــتیوانی ئەنگلێزو هاوپەیمانانی لە بەر هەندێ هەموویانی کوشــتبوو تاوەکو پلانیان سەرنەکەوێت .

دوای ئەوەی تیاری لە کەمپی باقوبە بێزاببوون ســـەرۆکێ وان ئاغا بترس داوای لە ئەنگلیز کرد کەمپی باقوبە بگوازرێتەوە بۆ مەندان کە (٢٠)کم لە باکوڕی رۆژهەڵاتی موســل دوورە لە ئاشـووریيەکان لەشـکرێك لە ژێر فەرماندەی ئەنگلیز چـوونە رێزی لەشـکری (لیڤی)خزمەت بکەن بە سـەرکردایەتی ئاغا بترس بەلێنی دابوو حکومەتێکی ئاسوری لە باکوری موسل نزیك ســـنوری تورکیاو عیراق دابمەزێنیت ، هەروەها هێرش بکاتە ســـەر کوردەکان تۆلەی خۆیان بکەنەوە تاکو بگاتە ورمێ و هەکاری ، بۆ فەلەکانی ئاوارەی کەمپەکان هەرێمێکی ئازاد بۆیان دابمەزرێنێت و بگەرێنەوە ســـەر زێدی بابوباپیرانیان ، لە ســـاڵی ١٩٢٠ داواکەی جێ بەجێکرا. (٢٤)هەزار کەســی لە کەمپی بعقوبە گواســتەوە مەندان و (٥٠٠٠)هەزارکەســی لە پیاوەکانی پڕچـــەك کرد ومانگانە (١٢) رۆپیە بۆ هەر کەســـێك خەرج دەکرا، بەلأم وەرزی زســـتان بە سەرداهات و چەند ئەگەرێکی تر بارودۆخ گۆڕا ، مرازو خواستی ئاغا پترس نەهاتە جێ.[59]

هەروەها کورد بە حوکمی لیجمانی ئەنگلیزی رازی نەبوون لە ســـاڵی ١٩١٩ زێباری و بارزانیەکان دژی ئەنگلیز راپەڕبن لە شـــانیکێ نزیك گوندی بیرەکەپرا عەقید( بێل )و یاریدەدەری (سـکۆت ) کوژران. عەشـیرەتی سـورچـی دژی لەشـکری ئەنگلیز چـەکیان هەڵگرت لێرەدا بارودۆخ ئالۆز بوو، ڕووســـیا ٦ شـــەش مانگان ڕەواندزی داگیر کردبوو ، لە موســـکۆ بروسکەیەك هاتبوو ڕووسیا پاشەکشەی کردبوو لەڕەواندزێ ، سوڵتان عەبدولحەمید هاتبووە سەر حوکم ، شێخ عەبدولسەلام بارزانی لەگەڵ تورکیا شەڕی دەکرد ، شێخ عەبدوسەلام بارزانی لەگەڵ کەسـێکی ئاکرێ هەروەها کوڕی شـێخی کۆڵەکان چـووبوونە لای شـێخ محەمەد صـدیق بابی شـــێخ تەحســـینی نەهری لەوێندەرێ خیانەتیان لێ کرابوو تەســـلیم کران لەڕۆژی ١٩١٤/٣/١٤ لەموسـڵ شـێخ عبدالسـلام لەسـەیدارە درابوون.لەدوای سـوڵتان عەبدولحەمید

---

٥٩– تۆژینەوەی دکتۆر ریاز سندی ، لە بەلگەنامەیەکی نهێنی بریتانی.

سـولتان ڕەشـاد جێگەی گرتەوە عەرەب لەگەڵ تورکان بەشـەڕهاتن ٦ شـەش سـاڵی خایاندبوو ساڵی هەفتێ تورك شـكاو لەگەڕانەوەیان دەسـتیان بەڕاوە ڕووت و كوشـتنی خەڵكی كوردسـتان كردبوو ، دانەوێڵەیان دەبرد ، یان لەگەڵ یەكدی تێكەڵیان دەكرد ، ببوو گرانی ٦ شـەش مانگی خایاند ،  هەشـت هەزار ماڵی فەللەی تەیارییان هێنابووە پڕدی مەندان (٢٤)هەزار كەس بوون ، بەرامبەر ئاشی مەحمەڕەشان نیشتەجێیان كردبوو ، كەئێستا بەئاوی گەرم ناودەبرێ. پێنج فەوجی لەشـكری فەللەڕەشـكانیان هێنابوو بەسـتی كشـتاوێ ، هەروەها ئینگلیز  هەفت فەوجی لەئاكرێ دانابوو ، حەســـەن مەدێ حەســـەن  گوتی  لەژیانی خۆمدا  هەڤدە حكومەتم دیتیە حوكمیان  لە عیراق  گێڕایە. (٦٠)

## شكانی عوسمانیان و هاتنی ئەنگلیز:

حكمەت مەلایاسین لە كتێبی( ئاكرێ لە دیرۆكێدا)لاپەرە(٢٣٣) دەڵێت :

جەنگی جیهانی یەكەم لە ١٩١٤ـ ١٩١٨ز مللەتی كورد بەگشتی دەڤەری ئاكری بە تایبەتی تووشی ویرانكاری جودا جودا ببوو ، هەرچەندە زۆربەی سەرۆك هۆزی دەڤەری بە ناوی ئاین پشتەوانی دەولەتی عوسمانیان دەكرد، دەولەتی عوسمانی كاتی موسلی لە دەستدا بە ناوی دین سەرۆك هۆزی كوردانی بە دروشمی ئاینی هاندەدا دژی ئەنگلیزی رابوەستن تەنها هەردوو عەشیرەتی زێبارو سورچی دژی لەشكری ئەنگلیزی راوەستابوون . ئەنگلیز شاری موسلی داگیر كرد حاكم كابتن لیجمان لە سەر موسل دامەزرا ، كارمەندی توركیا لە دەڤەرێ دەركرد كابتن (سكوت) لە دەڤەرداریا ئاكرێ دامەزرا . كاتی كابتن بێل بوو حاكمی موسل هاتە ئاكرێ بە هاوكاری حاكم سكوت لە گەل كەسایەتی و شێخ و ئاغای زێبار و گۆرانان كۆببوونەوە . پاشان بەرەو بیرەكەپرا رۆیشتن ،هێزەكی هاوپشك بۆسەیان دانابوو لە رۆژی ٤/چریا دووێ/١٩١٩ لە گەرانەوەیاندا هەردوو ئەفسەرانی ئەنگلیز(كولونێل بێل ـ حاكمی سیاسی موسل) و(كاپتن سكوت ـ جێگری سیاسی دەڤەرداریا ئاكرێ) لە گەل چار پۆلیس زێرەڤان هاتنە كوشتن .دووای كوشتنی هەردوو ئەفسەری ئەنگلیزی ، شێخ ئەحمەدی بارزانی لەشكرێكی پێكهینا لە بارزانی و زێبارو سورچیان لە رۆژی ١٤ / ١١/ ١٩١٩هێرشیان كردە سەر ئاكرێ دەستیان بەسەرداگرت . پاشان ئەنگلیز داوای لە كاپتن(كیرك)كرد هێزێكی لە رەواندزێ پێكهینا بەرەو ئاكرێ هاتبوو لە گەل هێزێكی دیكە لە موسل هاتبوون لە دەڤەری گۆرانەتی خۆیانلێكداو بەرەو ئاكرێ رۆیشتن .

## شەڕی  عەشیرەتی سورچیان لە گەڵ ئەنگلیزی :

لە ڕۆژی ٦ / ١٢ / ١٩١٩ شێخ رەقیب سورچی بە خۆ و بە جەماعەتەوە لە سەر پردی

---

٦٠– چاوپێكەوتن:  لە گەل تەمەندار (حەسەن مەدێ حەسەن )، ساڵی  ٢٠٠٠ لە گوندی چەمە .

کشتاوێ بەرۆکی لەشکری ئینگلیزیان گرتبوو شەڕێك روویدابوو ئینگلیز شکابوون لەو شەڕی شـێخ شـقیق بریندار بوو ، وە لە ڕۆژی ١٥ / ٩ / ١٩٢٠ شـێخ رەقیب حوکمی ئینگلێزی قەبولنەکرد بوو، هۆزی سور چی بە شەو شەڕێکیان هەلگیر ساند بەناوی شەڕی فەلەرەشکە هێرشیان کردبوو سەر هێزی ئینگلیز لەگوندی جوجەری گەورە: شەڕ لە نێوان شێخ رەقیب وجەیشی ئینگلێزدەستی پێکرد بەسەرۆکایەتی ئاغاپەترۆز و لەم شەڕە شێخ رەقیب شکا لە بەر ئەوەی هەندێ کەس دەسـتکیس بوون ئاگاداری ئینگلیزیان کردبوو ئەو شـەو سـورچـی هێرش دەکەنە سەر سەربازگەی جووجەر ،

لەشـکری ئینگلیز کەمینی دانابوو لەدەسـپێکی شـەڕ ئەنگلیز گوللەی رۆناهی هەلدابوو ئاسمانێ چل کەس لە سـورچـیان شـەهید بوون ، شـێخ رەقیب ناچـاربووبچـیتەوە حەریر و باتاس ، لە وێندەرێ فرۆکەیەکی ئینگلیزیان خسـتبوو خوارێ بەدرێژایی شـەڕی سـورچـی و ئەنگلێزی (٣٠٠)سەربازی ئەنگلیز کوژران بوون . [٦١]

لە رۆژی ١/رەجـەب /١٣٣٨بەرامبەر ٢/نیسـان/ ١٩٢٠ لەشـکری سـورچـیان بەسـەرۆکایەتی شـێخ رەقیب سـورچـی لە نزیك گوندی مام خەلیفە لە رۆژهەلاتی ناحیەی رۆڤیا بۆسـەیەکیان لە بەرامبەر لەشـکری ئەنگلێزی دانابوو کەوتنە بەر ئاکری لەشـکری سـورچـیان پشـتی شـەرەکی توندو دژوار کاروانی ئەنگلیزان تێکشـکان و ١٥٠ سـەربازیان لێهاتبوو کوشتن ، هێزی سورچیان بێ زیان گەرانەوە .

## ـ شەڕی ئینگیز لە گەلّ عەشیرەتی زێباریان :

لە ٤ /١٩١٩/١٢ شەڕێك روویدا لە نێزیك گوندێ بیرەکەپرا ، کە ئەوسەردەمی قەزابوو ، لە دەڤەری زێباریەکان لەنێوان لەشـکری ئەنگلیزو زێباریەکان بە سـەرکردایەتی ( فارس محەمەد ئاغای زێباری).لەو شەڕەی کۆلۆنێل بێل حاکمێ سیاسی ویلایەتا موسلّ بوو لەجێگای لجیمن هاتبوودانان لەگەلّ وی کاپتن سـکۆت جێگرێ حاکمێ سـیاسـی قەزا ئاکرێ بوو لەگەلّ چەند سەربازەکانی هەموویان هاتنە کوشتن تەنها وەرگێڕەکەیان (مترجم)بەناوی( عبدالکریم) کە مەسیحی بوو هەڵاتبوو لە کوشتن رزگاری ببوو ، بیرە کەبرا ئازادکراوە ، پاشان شاری ئاکرێ هاتبوو داگیرکردن ، دوای ئەوەی رۆژنامەی( العرب ) هەڤسـۆزبوو لەگەلّ بریتانیا ل رێککەفتی ١٩١٩/١٢/١٠ ئەم هەوالّەی لە سـەرانسـەری عیراقدا بەلأوکردەوە وبریتانیا فەرمانی دابوو نەقیب کاپتن (کیرك) بۆ تۆلّەکرنەوە لە هەفتەی دووەمی مانگی تەشـرینی دووەمی سـالّی ١٩١٩هێزەکی زۆری کۆکردەوە لە ڕەواندزێ بەرەو ئاکرێ  لەرێگادا تووشـی عەشـیرەتی

---

٦١– لەزاری : شێخ جەمیل موعتەسەم شەفیق سورچی ، بەرێوەبەری قوتابخانەی کێلان سورچی وەرگیراوە

سورچیان هاتبوون به سەرۆکایەتیا شێخ رەقیب سۆرچی ببوو شەریان ، بریتانیا توانی له ۲۷ی هەمان مانگ بەبێ بەرگری ئاکرێ ودەڤەرا زێبار و بارزان دەستبەسەردابگریتەوە ، مەحمود ئاغای زێباری خانووبەرەی خۆی له گوندی بازێ سوتاندبوو و چەکدارانی خۆی کۆکردەوە ( فارس ئاغا) لەگەڵ سەدخێزانی زێباری بەناو عەشیرەتی نێروە و رێکانی خۆیان گەیاندبوو چیای هیتۆت لەوێ لەگەل ئنگلیزی شەردەستی پێکردبوو لەوێ سیتۆ ئۆرەماری گەیشتبوو زێباریەکان ئەنجا بەرەوسنۆری تورکیاچووبوون .

سمکۆی شکاك زانیبووی زێباریەکان زیرەك و ئازانه بەرەو تورکیا دەچن (۱۰۰) چەکداری خۆی رەوانه کردبوو بۆ ئەوەی بیاگەرێنتەوە ورمێ ، زێباری رازیبوون ، فارس ئاغای زێباری خۆی گەیاندبوو سمکۆی شکاك ل دەڤەری ئۆرمیه (رەزائی) یه بۆماوێ چەندین ساڵ لەوێ مابوونەوە ، لەو سەردەمی شەر له نێوان عەجەم و شکاکیان هەبوو زێباریەکان له چەندین شەرپشکداربوون ، فارس ئاغا پێشی بگەرێتەوە بەدیاری خوشکێ خۆی بەناوی (ئەسما ) پێشکێشی سمکۆی شکاك کردبوو بەرامبەرچاکەی سمکۆی. وەرزی بەهارداهات فارس ئاغا به سمکۆی شکاکی گۆت دەمەوێ بگەرێمەوە عیراق ، سمکۆ زۆر لێیپارایەوە نەگەرێتەوە بەڵێنی پێیدابوو بیکاته والی (ئۆرمیه) ، فارس ئاغا گەرایەوە عیراق ناوچەی زێبار وێرانکرابوو ، ئەنگلیز ئاگاداربوو فارس ئاغا دەگەرێتەوە دەرگای دانوستاندن له لەنێوانیان کرایەوە شەر راوەستا* . *ــ لەزاری چەند تەمەندارێکی عەشیرەتی زێباری وەرگیرایه .

بەلگەنامەیەکی بریتانیا لەساڵ ۱۹۲۸ بلاوبوویتەوە دەڵێت: (هەرکەسی سەری فارس ئاغای بۆ ئەنگلیزی به دیاری بهێنیت ئەو کەسه به هەزار رووپیه خەلات دەکرێت) .

له کاسێتێکی لاوك بێژانی دەڤەری گۆرانەتی باسی ئەو شەرە دەکرێت به ناوی(سمایل ئاغا بابی خەسرۆ) ، دژی ئەنگلیز بوو لەگەڵ عەشیرەتی زێباریان بەسەرۆکایەتی فارس ئاغای زێباری ، لەو شەری کولونێلی ئینگلیزی( کەوکەس) هاتەکوشتن( فارس ئاغا )چووبوو ئێران لای سمکۆی شکاك خۆی حەشاردابوو .

**ـ مێژوو خۆی دووباره دەکاتەوە :** دوای نسکۆی شۆرشی ئەیلوولی مەزن ساڵی۱۹۷۵ رژیمی بەعس به سەدان کوردی دەڤەری شێخان و ئەتروش و زمار ئەوانەی پەیوەندیان لەگەڵ شۆرشی کوردی هەبوو به تایبەتی دانیشتوانی گوندەکانی عەشیرەتی مزوری وشەرەفانی له رۆژی۲۳/نیسان/ ۱۹۷۵ راگواستنەوە بۆ کەمپی کانیلان له نزیك پردی مەندان ، ژمارەیان دەگەیشته چەند هەزارێك ، له بن کەپری حەسیر دەژیان بارودۆخیان زۆر نالەباربوو به تایبەتی کاتی باران بارین ، ئەو سەردەمی خەڵکی ناحیەی بەردەرەش و گوندەکانی دەورووبەری له بەر

زولم و ترسی بەعس هاوکاریەکی کەم پێیان دەگەیشت ، چونکی چاودێری قەدەغەی هاتووچۆیان لە سەر بوو ، کەلوپەلو پێداویستی بە زەحمەت بەدەستیان دەگەیشت ،

بەهاری ساڵی١٩٧٥ بەهارێکی زۆر بە باران بوو ،  لە ئەنجامی باران بارینێکی زۆرباری حکومەت ناچار بوو لە پایزی١٩٧٥ ئەو  سێ هەزار ئاوارانە دابەشبکات. (٥٠) ماڵ بۆ ناوسەنتەری قەزاو ئەوانەی تر بەسەر گوندەکانی سنوری قەزای بەردەڕەش دابەشکران (کانیلان ، شیوەرە ، زەنگەنان ، دارەتوو ، دالەرێ ، بیوك ، گۆمەزەرد ، گردەپان ، ڤاتێسی ، دووسەرە ، پەلاسان ، جووجەرگەورە ، بەنێنان ، رۆڤیا ، مۆریلان ، حەسەنی ، بامەرزێ ، خەمیسکچك ، گربدەو ، گرگۆران ، خەلیلکان ، کرێگا وگرگەجوو. هەتا ئێستا هەندێك لەو خێزانە ئاوارانە لە گوندەکان ماون ، پەیوەندیان زۆر خۆشە لەگەڵ یەکتر ،  هەندیك رەوانەی هەردوو ناحیەی بجیل و دینارتە کران، پەنجا ماڵ لە عەشیرەتی مزوری و شەرەفانی لە ناو سەنتەری ناحیەی بەردەڕەش  دابەشکران هەتا ئێستا زۆربەیان ماون . [٦٢]

خەڵکی دەڤەری گۆرانەتی هەر کەسی بهاتبایە ناوچەی  بەردەڕەش  ئاخافتنی بادینی بایە دەیانگۆت ئەوە زێبارە ،  هەتا ئێستا بەو ماڵە ئاوارانە دەڵێن ماڵە زێبارەکان ، ئەوەی شایەنی گۆتنە رۆلێکی باشیان لە جموجۆلی ژیانی ئابووری و سیاسی لە ناوچەی  بەردەڕەش  هەبوو ، بەردەوام حکومەتی بەعس چاودێریانی دەکرد ،  پاشان بەسەر گوندەکانی دەڤەری گۆرانەتی دابەشکران لەقەزای  بەردەڕەش  خەڵکی خۆجێ زۆرهاوکاری ئاوارەکانی مزوری کردبوو . هەر لە نزیك ئەو شوێنە لەشەڕی داعش کەمپێك بۆ ئاوارەکانی شەبەك لەدەشتی موسل ئاوارە ببوون تێداحەوانەوە. ئێستا هەمان  کەمپ ئاوارەی سوری تێدادەژین لەهێرشی تورکیا بۆ سەر کوردەکانی رۆژئاوا ئاوارەبوونە باشووری کوردستان .

- **شەڕی ساڵی بەگی** : بەرێز ماموستا غازی رەمەزان سەرپەرشتیاری پسپۆری کارگێری بە سوپاسەو گێرایەوە  ساڵی بەگی کەرتێکی سەربەخۆیە  ، لە تۆمارەکانی عیراقی بە (صالح بەگی ) ناودەبرێت کاولە گوندە ئێستا دەکەوێتە نزیك گوندی گربدەو شەڕێك لەنێوان گێژ و ڕەشگەریان روویدابوو ،  لەو سەردەمی ساڵی بەگی سێ ماڵ دەبێت عەلی ئاغا هەندێك پێیان دەگۆت (عەلی کەچەل)تێدا دادەنیشێت دەکاتە (باپیرە گەورەی ماڵی میکایل مەحمود و ئەحمەد مەحمود لە سەنتەری قەزای بەردەڕەش دادەنیشن ) دەڵێن : ڕێنجبەرێکی گێژی دەبێت بە سەپانی لای عەلی ئاغا کاردەکات  شەرتی تەواو نابێت لەگەڵ عەلی  لێك دەکەوێت عەلی ئاغا حەقی نادات ،  دەڵێ هەتا شەرتی خۆت تەواو نەکەی هیچت پێنادەم. سەپانەکە شکایەتی خۆی

---

[٦٢]_ لە سوپاسەوە لە زاری بەرێز ئەحمەد بەدەل  وەرگیرایە

دەگەیەنێتە مستەفا ئاغای ڕوڤیا ئامۆزای سمایل ئاغای گێژ بوو ، سمایل ئاغا لە شکایەتی ڕێنجبەرەکە دەپرسێو دەڵێ وایلێهات عەلی ئاغای ڕەشگەری سێ ماڵ بێت لە گوندی ساڵی بەگی تەعەدا لەکەسێکی من بکات ، دوای دانوستان لەنێوانیان بێ سوود بوو ، مستەفا ئاغای ڕوڤیە لەشکرێك ئامادە دەکات بۆسەر گوندی ساڵی بەگی ئافرەتێکی ڕەشگەری خێزانی ڕێنجبەرێك دەبیت لەناو ماڵی مستەفا ئاغای کاردەکات  ئافرەتەکە خەبەر بۆ ساڵی بەگی دەبات ئاگاداریان دەکاتەوە رۆژ کزر بیت لەشکرکێشی  دەکرێتە سەرتان عەلی ئاغای ساڵی بەگی خەبەر دەداتە گشت گوندەکانی ڕەشگەریان کە هێرشی گێژان دێتە سەرگوندی ساڵی بەگی ،  نیشانەیان ئاگر کرنەوە دەبێت ، لەشکری گێژان دێتەسەر ساڵی بەگی هەرسێ ماڵەکە لە ناو حەسار دەبن ، دەبینن وا زەلام لەدەوری شورەی حەسار دێن و دەچن ، دەبێتە  شەڕیان ، هەندێ قرشەوقال لەناو حەوش دەبێت بەشەو زوو ئاگری بەردەدەنێ ، شەماڵەی ئاگر بەرزدەبێتەوە ، دانیشتوانی گوندەکانی ڕەشگەریان  دیتیان ئاگر کرایەوە لە هەموو لایان هاتبوونە هاواری  لەشکری مستەفا ئاغای گێژیان  گەمارۆ دابوو لەئەنجامدا (٨٤) زەلامی گیژ هاتبوو کوشتنو لە شەڕەکەدا شکان تاکو بەستی کشتاوێ خۆیان نەگرتەوە . . بەستەیەك هەیە دەڵێت:

( ئەو گێژەی شل وملە   ،  مەیتیان کەفت وەکو جلە ، دۆخینیان لەسەر ملە  ........ . )

بۆچوونی دووەم:  دەربارەی هەلگیرسانی ئەو شەڕە لە زاری سعید بارانی وەرمگرتووە دەڵێ: :"پێنج برا دەگەڕان لە شرگات و گوێر بۆ کاری کاسبی ،  برایەکان ئیبراهیم و سلێمان و محمود دەبن دێنە ساڵی بەگی دەبنە رێنجبەر دوو برای دیکە هەر لەوێ دەبنە شوان ،  وەرز بەهاربوو ،  رۆژێك ئەو دوو شوانە مەڕیان بەردابوو دەغلودانی گێژەکان کە هاوسنوور بوون ،  خودانێ دەغلودانی لە هەردوو شوانەکەی دابوو ، هەردوو شوانەکە ویستیان تۆلەی خۆیان بکەنەوە ئاگریان بەردابوو دەغلی کابرای ، کارەکە گەورەبوو گێژ هاتن هەردوو شوانەکەیان کوشت ،  هەر سێ برای رێنجبەر هاوار دەبەنە بەر رەشگەریان ، رەشگەری لەشکر کێشی دەکەنە سەر گێژەکان ،  شەڕ ڕوودەدات لە نێوان گێژ و رەشگەرییان ، بۆ تۆلەسەندنەوەی خوێنی ئەو دووشوانە ، دووایی  ئەو سێ برایە دێنە گوندی  بەردەڕەشی گەورە ئێستا سێ بەرەبابی گەورەن لە سەنتەری قەزای  بەردەڕەش ". [٦٣]

**ڕووداوەکان :**

١٣٣٤ك ١٨١٨ز مێژووی (دومیری مراد پاشا) و کوشتنی (النێروەئیین )لە گوندی سێمێل

١٣٣٥ك ١٨١٩ز مێژووی مردنی  (زبێر پاشا ) لە رێگای  بەغداد بۆ کەرکوك

---

٦٣ – چاوپێکەوتن: لەگەڵ سەعید جرجیس بارانی ، فەرمانبەر لە بەشی هونەری  بەردەڕەش .

١٣٤٨ك ١٨٣٢ز مێژووی هاتنی میری رەواندز و گیرساندنی شەڕ له گەڵ زێباریان
١٣٥٣ك ١٨٣٦ز هاتنی لەشکری (رەشید پاشا)بۆ سەر (محەمەد پاشای رەواندزی)
١٣٥٣ك ١٨٣٧ز شەڕی (ئیسماعیل پاشا کوڕی محەمەد تەیار پاشا )لەگەڵ (مەلا حوسێن ئەمین ) والی بەغدا له سەر ئاوی (قوڕەبەگ) له دەڤەری گۆرانەتی ڕویدابوو .
١٣٥٧ك ١٨٤١ز مێژووی داگیرکردنی قەلاّی ئامێدی و دەرکردنی رۆمییەکان و کوشتنی (عەلی ئاغای زێباری ) . (٦٤)

**ـ شۆڕشەکانی کورد:** ١ ـ ١٥٠٦ـ١٥١٠ز راپەڕینی ئێزدییەکان دژی سەفەوییەکان

١- ١٥٧٤ ز شۆڕشی عفدال خان البدلیسی دژی سولتان مرادی یەکەم .
٢- ١٦٠٧ز راپەڕینی میر (عەلی) ناسراو به ( جان بولاگ ) له حەلەب
٣- ١٦٠٩ـ١٦١٠ ز شۆڕشی قەلاّی دمدم دژی سەفەوییەکان .
٤- ١٧٦٥ ز شۆڕشی عشائر جیهان بەگ له مەلاتیا .
٥- ١٧٧٥ ز راپەڕینی باجەلانیەکان له سەردەمی زەندییەکان .
٦- ١٧٨٩ ز شۆڕشی رەشکوتا به سەرۆکایەتی فەرحو ئاغا وقاسم له ئامەد وسێرت
٧- ١٧٩٤شۆڕشی عشائر زرکا وتیرکان له باکوری ئامەد .
٨- ١٨٠٦ ز شۆڕشی عبدالرحمن پاشای بابان له سلێمانی .
٩- ١٨١١ زشۆڕشی أحمد باشای بابان لەسلێمانیە .
١٠- ١٨١٩ ز شۆڕشی سیواس دژی دەولەتی عوسمانی .
١١- ١٨٣٤ ـ ١٨٣٧ ز شۆڕشی میر محەمەد باشای رواندوزی .
١٢- ١٨٤٣ز شۆڕشی شنکال کوردی ئێزدییەکان .
١٣- ١٨٤٢ ـ ١٨٤٨ز شۆڕشی میر بدرخان میری بۆتان .
١٤- ١٨٥٣ـ١٨٦٤ زراپەڕینی یزدان شیر له هەکاری.
١٥- ١٨٧٧ـ١٨٧٨ز.راپەڕینی( بادینان وبۆتان وهکاری)دژی عوسمانی
١٦- ١٨٧٩ ز شۆڕشی عوسمان بەگ وحوسێن بەگ "أحفاد بدرخان.
١٧- ١٨٨٠ ـ ١٨٨١ ز راپەڕینی شیخ عوبەیدولای نەهری له شەمدینان.
١٨- ١٩١٨ ـ١٩٣٦ز شۆڕشی سمکۆی شکاك له رۆژهەڵاتی کوردستان.
١٩- ١٩٢٢ـ ١٩٢٤ ز شۆڕشی شێخ محمودی نەمر دژی ئەنگلیز له عیراق.

٦٤ـ بهدینان فی مذکرات الشیَخ طاهر الشؤشی صفحة (٣٢)

٢٠- ١٩٢٥ ز راپەڕینی شێخ سەعیدی پیران دژی تورکیا .
٢١- ١٩٢٧ _١٩٣٠ ز شۆڕشی کۆماری ئارارات دژی تورکیا .
٢٢- ١٩٣١_١٩٣٢ ز شۆڕشی شێخ ئەحمەدی بارزانی .
٢٣- ١٩٣٧_١٩٣٨ز شۆڕشی دەرسیم بە سەرۆکایەتی شێخ رەزا
٢٤- ١٩٤٥_١٩٤٦ز دامەزراندنی کۆماری کوردستان لە مەهاباد .
٢٥- ١٩٦١ _١٩٧٤ ز شۆڕشی ئەیلولی مەزن بە سەرۆکایەتی بارزانی .
٢٦- ١٩٧٦ز بەرپابوونی شۆڕشی گولان .
٢٧- ١٩٨٤بزوتنەوەی رزگاری خوازی کورد لە تورکیا .
٢٨- ١٩٩١ز راپەڕینی جەماوەری سەرتاسەری لە باشووری کوردستان .
٢٩- ٢٠١٢ز هەڵمەتی کوردی رۆژئاوا دژی رژێمی سوریا بەردەوامە .

**ـ دەرئەنجام:** ئەو شەڕو کوشتارانە لە دەورووبەری ساڵانی ١٥٠٠ تاکو ئەمڕۆ لە نێوان هۆزەکانی کورد بە کورد ، عەرەب و کورد ، کورد و تورك و فارس ، ناکۆکی لە نێوان میر نشینە کوردییەکان دەیانویست دەسەڵاتی خۆیان لە سەر حیسابی یەکتر بەرفرەوان بکەن ، ئەو بگرەو بەردە و شەڕوکوشتارانە پروشکی ئاگری ئەو شورەش و شەڕنانە گەیشتبوو دەڤەری بادینان ، دەڤەری گۆرانەتی دەرگای هاتنەژوورەوەیە بو بادینان ،

لە بەر هەندێ تیرەو بەرەبابی جودا جودا ، هەریەك لە ناوچەیەك هاتوونە ئەو دەڤەرە ، دەبینین کەلتوورو زمانیان لێك جودایە ، ئەوەش دەبێتە هۆی دەولەمەندی بابەتەکانی فۆلکلۆری . لە کۆندا کوردی ئێزدی شان بەشانی کوردی موسوڵمان پێکەوە دەژیان ، بەلاّم ئەو رووداوانەی لە سەرەوە باسمان کرد ، وایکرد خەڵکی گۆران بە سەر گوندەکان زاڵ ببن.

دانیشتوانی ئێستای گوندەکانی دەڤەری گۆرانەتی بەشێوەی پچڕ پچڕ لە گەڵ ئەو ڕووداوانەی باسمان کرد زیاتر لە لای سۆران هاتوونە و گوندەکانیان ئاوەدان کردۆتەوە. هەر چەند تیرەو بەرەبابێك بە پێی قەبارەیان لە گوندێك یان لە چەند گوندێك ئاکنجی بوونە. هەروەها چاغ لەدوای چاخ نەوەیەکی نوێ پەیدادەبێت. بەپێی توژینەوەی کۆمەلناسان هەر٣٠تا٣٥ ساڵ نەوەیەکی نوێ سەرهەڵدەدات ، واتە هەر سەد ساڵ سێ نەوە(جیل) یەك لەدوای یەك پەیدا دەبیت ، پەیدا بوونی دەسەڵادارەکان ، یان زاڵ بوونی هێزی لەشکرێك بەسەر رکابەرەکەی دەبێتە هۆی بەزاندنی سنوورەکان و داگیرکردنی ڕووتەختی جوگرافیایی و لەناوچوونی گوندو و تیرەو بەرەباب و عەشیرەت یان لەناوچوونی لایەکی ستراتیجی نەتەوەیەك ،

ئەوەش لەئەنجامی شەڕو پێکدادانی دوو لەشکرکێشی ڕووی دەدا ، یان لە ئەنجامی پەیمانێك لە نێوان دوو زلّ هێز مۆردەکرا بۆپاراستنی بەرژەوەندی تایبەتمەندی خۆیان دەبوونە قوربانی.

لەئەنجامی ئەو گۆرانکاریانە ، دانیشتوان و ناوی گوندو شارۆچکەکان دەهاتە گۆڕین ، دیارە  ئەو دەڤەرە پان و بەرینە لە سەردەمی مەلەکی و کۆماری کەسێ نەبووە بێتە پالاوتن بو ئەنجوومەنی بەغدا( مجلس الاعیان ) نوێنەری دەڤەری گۆرانەتی بکات، ئەحمەد ئاغای خێلەکی هاتبوو پالاوتن بەلام لە لایەن خزمانی خۆی هاتبوو کوشتن . (٦٥)




---

٦٥ــ بە سوپاسەوە لە زاری چەند رۆشنبیرێکی دەڤەری گۆرانەتی وەرگیرایە

## باسی دووەم /  بەردەڕە ش :

سـەرەتا باسـی ئاوەدان کردنی بەردەڕەش دەکەین. کە لە دەسـپێکدا ئەم چـار بەرەبابە بناغەی گوندی بەردەڕەشی گەورەیان دانابوو :١ــ سەیدەکانی ناو بەردەڕەشی ٢ــــ عەلی ئاغا دوو نەوی هەبوو مکایل مەحمود عەلی و ئەحمەد مەحمود عەلی ٣ ـ ماڵی مەعروفی ٤ ـ ماڵی قەچـۆی . هەرچـار بەرەباب هەریەکە لە ناوچـەیەك هاتبوون ، ڕەشماڵ نشـین بوون لەسـەر هەڤاری بەردەڕەشی مەڕو ماڵتی خۆیان لێدەچەراند بە برایانە پێکەوە دەژیان ، ئێستا هەر چـار بەرەباب لە ناو سـەنتەری قەزای بەردەڕەش بەرچـاون ، لەسـەر هەڤاری بەردەڕەشـی ئـاکنجی ببوون . کـاتی ئـەوان هـاتبوون بـەردەڕەش چـــۆلگە بوو ، هـەنـدی مـالی خۆجێ (موســەیی)هەبوون لە دۆلەبەردینێ دادەنیشــتن ، نەیاندەویســت ئەو ماڵانە ئاوەدانی دروســت بکەن لە بەردەرەش ئاکنجی ببن .

بەلاّم لەبەر ئەوەی ئەو مالانە لایەنگری میری سـۆران بوون ، مالی میری سـۆران ڕێگایەکیان بۆیان دانا گوتیان بۆ خۆتان جۆتوگا پەیدا بکەن کاری کشـــتوکالّی ئەنجام بدەن زەوی بکێلن ، هەرکاتێ شـــکایەت لێتان بکرێت ، لیژنەی لێکولینەوە بێت لایەنگیریتان دەکات وبە خەلّکی خۆجێ دێنە هەژماردن لە شـوێنی خۆتان دەمیننەوە. ئەو پلانەیان بەکار هێنا ئەو چـەند مالّە مشـــت و مڕ لە شـــوێنی خۆیان مانەوە ، پێکەوە بە برایانە گوندێکیان ئاوەدان کرد بە ناوی گوندی قەسـرۆك دەکەوێتە شـوێنی دائیرەی بەیتەرەی ئێسـتا و دەوروبەری ، خزماتیان لەگەڵ یەکتر کردو بینە خالو خوارزا ، گوندی قەســرۆك ببوو ٥٠ پێنجی ماڵ. لەبەر ئەوەی لە کانییێ ئاوێ دوور بوولە گوند قەسۆك ماڵی خۆیان گواستەوە نزیك سەرکانی گوندی.

لەکۆندا گوندی بەردەڕەشی گەورە بە بەردەڕەشی (وەلەد)ی ناودەبرا سەجەرەیان (ئازاد عەلی صالح عەلی وەلەد) بەرەبابەکی کەوخۆمزەییانە رەشگەرینە . لەکوردستانی رۆژهەڵات عەشیرەتەك هەیە بەناوی وەلەدبەگی ، ئەو پێنـج برایەی لە بەرەبابی وەلەدی هاتونە بەردەڕەشی گەورە ئەوانەن: ١ـ وەلەد محەمەد خۆشی٢ـ ئیبراهیم محەمەد خۆشی٣ـ سلێمان محەمەد خۆشی ٤ ـ مەنصور محەمەد خۆشی ٥ـ برای پێنجەم ناوی دیارنییە ، لە کۆنەوە کانی حوسێنە گوند بووە ، مێژووی بەردەڕەشی نوێیە، بەردەڕەش بوو ناحیە بە بەردەڕەشی مودیری هاتە ناسین .[٦٦]

بەردەڕەشی کچکە بە بەردەڕەش ی کویخا خدری ناودەبرا ، دەکاتە باپیری مامۆستا (ئیسماعیل ئەحمەدبەگ زەنگەنە) ، پاشان بەردەڕەشی کچکە بە بەردەڕەشی ( محی الدین ) ی هاتە ناسین

---

٦٦ــ مەڕوان صالح ـ تۆژینەوەیەکی لە کولیژی ئەدەبیات،هەولێر نووسیبوو (بەدەستکارییەوە)وەرگیراوە

ئێستا بەردەڕەشی کچکەو بەردەڕەشی گەورە و گوندی خێلەکی بوویتە یەك پارچە خۆیان لێکدایە. لەتۆمارەکانی عوسمانلیدا بەدیار دەکەوێت ، لەساڵی (١٢٠٠ك١٧٨٥ز) ناوی (العشائر السبعە) لە ناوچەی بەردەڕەش نرایە ، ئەوکاتی ژمارەی گوندەکانی (٢٨) گوند بوو ، عشائر السبعە سەر بەمەڵبەندی پارێزگای مووسڵ بوو .

ساڵنامەی عوسمانی ساڵی ١٢٨١ك بەرامبەر ١٨٦٤ ز ، لە لاپەرە ١٨٤نووسرایە تێدا هاتیە : مەندان و مەقلوب و بۆت و گەویلان و ڕەشگەری و خازر سەر بە قەزای مەرکەزی موسل بووینە ، گوندەکانی دەشتی ناوکور سەر بە قەزای ئاکرێ بووە .

لەساڵی (١٨٩٠) بەردەڕەش بوویتە ناحیە ، خسرۆگۆران لە کتێبەکەی خۆی (کورد لە پارێزگای موسل) دا دەڵێت :"لە ساڵی ١٨٨٩بوویتە ناحیە ، یان دەتوانین بلێین: دەبێت لە ساڵی ١٨٨٩ فەرمانی بە ناحیە بوونی دەرچووبێت و لە ساڵی ١٨٩٠ بەرێوەبەری ناحیە دەستی بەکارکردبێت ، لەساڵی (١٩٢١) دەوڵەتی عێراقی دامەزرا ، گوندی بەردەڕەشی گەورە بوو (سەنتەری ناحیەی عشائرالسبعە ) سەد لە سەد دانیشتوانی کوردن ، یەکەم بەڕێوەبەری ناحیە تێدا دەست بەکاربوو بەناوی (نەشئەت ئەفەندی) بوو. (٣٤) کم لە سەنتەری شاری موسل دوورە ، بەردەڕەش لەتۆمارەکانی عوسمانی بە عەشایر سەبعە ناودەبرا ، تاکو ساڵانی دامەزراندنی دەولەتی عیراق کاتی ناحیە هاتە گوندی بەردەڕش ووشەی بەردەڕەش بەکار هاتووە ، بەلاّم خەلکی هەر بە عشائر السبعە ناویان دەبرد. سەردەمێك ناحیە هەڵپەسێردرابوو ، لەساڵی (١٩٣٠) سەر لەنوێ جارەکی دیکە کارگێڕی ناحیە گەڕایەوە گوندی بەردەڕەشی گەورە ، بەرێوەبەری ناحیە(تۆفیق سەرسەم ) دەستبەکار بوو ، هەرچەندە بەردەڕەش و گوندەکانی بۆ پارێزگای دهۆك و هەولێر دوورە دەستە .

هەر لە سەردەمی زەنگیەکان قەزای ئاکرێ سەر بە پارێزگای موسل بووە لە ساڵی ٥٢٧ك /١١٣٢ز ی دەرفەت بۆ (عیمادەدین زەنگی) ڕێك کەفت هێرشی کردبووە سەر میر (عیسا حەمید)ی لە ئاکرێ دەسەلاّتی لە (عیسا حەمید) ساندووە ئاکرێ داگیر کرا. هەر لەو سەردەمی دەستهەلاتی زەنگیەکان تاکو ساڵی١٩٩٢ دوای راپەڕبن ، ئاکرێ لە رووی کارگێڕی و ئابووری سەر بە پارێزگای موسل بووە ، ئەوەش بوویتە هۆی پشتگوێ خستنی ئەو ناوچەیە ، تاکو دوای راپەڕینی ساڵی ١٩٩٢قەزای ئاکرێ و ناحییەکانی بە پارێزگای دهۆك لکێندران".

## ـ هاتنی ناحیە بۆ گوندی بەردەڕەش ی گەورە :

لە سەردەمی عوسمانلیەکان ساڵی١٨٩٠یەکەم جاربوو ناحیەی (عشائر السبعە) هاتە دامەزراندن . سەرەتا ناحیە لەگوندی جوجەری کچکە بوو ، یەکەم بەرێوەبەری ناحیە دەست بەکار بوو بە ناوی (نەشئەت ئەفەندی) لە بەرێوەبەرایەتی ناحیەی (عشائر السبعە ) ، بۆ

ماوەی ١٢ دووازدە ســـاڵان لە گوندی جوجەری کچـــکە مایەوە ، بەلاّم لە بەر بەلاّو بوونەوەی نەخۆشـی چـاو قولکە و رشـانەوە (تاعون ) زۆر لە خەڵکی دەشـتی ناوکوڕی فڕکردبوو ، ڕێژەی دانیشتوان کەم ببوو ، پاشان بە نا چاری ناحیەی (عشائر السبعە) گواسترراوە گوندی زێلکان لە قەزای شـــێخان ، بە پێی بەلگەنامەکی عوسمانی دەلێت : لە بەر ئەوەی ناحیە دوورەدەســـتە بڕیاردەرا ناحیە بگوازرێتەوە گوندی زەنگەنان لە بەلگەنامە هاتیە کەسێك لە گوندی زەنگەنان خانی خۆی بەخشـــی بوو ببێتە ئاواهی ناحیە تاکو ســـالّی ١٩١١ز بەلاّم قادر ئاغای گوندی زەنگەنان رازی نەبوو فەرمانگەکانی حوکمەت لە گوندی زەنگەنان هەبێت چـونکە دەسـەڵاتی ئاغای لاواز دەکرد یان هەر نامێنێ لەوما گوتی: ناوێتم جەندرمەی تورکی و شورتەی عەرەب لە مەڕکەزێ بێن هێلکەو ماســـتی لە ژنانی گوندی ئێمە بکرن ، ئەنجا لە ســـالّی ١٩١١ کارگێری ناحیە گواستراوە گوندی بەردەڕەشی گەورە ، لە دەسنووسێکی شاکر فتاح(قائمقامی ئاکرێ) دەلێت تاکو سالّی ١٩١١ ناحیە لە گوندی زەنگەنان بوو .

رووبەڕی بەردەڕەش (٨٩٣)کم٢پانتایی زەوی کشتوکاڵی بەکەڵك‌و بێ کەڵك بریتییە لە (٣٥٧٢٠٠) دۆنم. سەنتەری ناحیەی بەردەڕەش لە ١٩٨٢ دۆنم زەوی کشتوکاڵی پێکهاتیە لەوانە (١٠١٥) دۆنم زراعیەو (٩٦٧) دۆنم مولکە ، (٢٠٠) دۆنم پاوان و (٢٠٠) دۆنم بەردەلانە. سالّی ١٩٩٧زەوی کشتوکاڵی بەسەر جوتیاران دابەشکرا هەرجوتیاری ١٥ دۆنم زەوی لەبەردەستی دایە .

لە ساڵنامەی ولایەتی موسل لە سالّی ١٨٩٢ز هاتیە : قەزای ئاکرێ بە ناحیەی (عشائر االسبعە). سەر بە ویلایەتی موسل بوون. زۆربەی زەوییەکانی دەشتاییەو بە پیت و بەرەکەتە ، دانەوێلە و برنج لێدەچێنرێت. بنکەی ناحیە لە گوندی ( بەردەڕەش )بوو، کۆی گشتی گوندەکانی قەزای ئاکرێ دەگاتە(٢٥٠)گوندبوو، لە دەسپێکی سەدەی بیستەم دابەشکردنی یەکە کاگێریەکانی ناحیەکانی سنوری قەزای ئاکرێ بەردەوام لە گۆڕاندا بوو، ناحیەی زێبار و سورچی خرانە سەر ئاکری ئاماژە بە چارەنوسی ناحیەی (عشائر االسبعە) نەکرایە.

لە بەلگەنامەیەکی عوسمانی لە بەرواری ١١/ربیع الأول/ ١٣٢٥ك دەکاتە ٢٤ / ٤ / ١٩٠٧. لەو بەلگەنامەیە هاتیە: بە هۆی ناکۆکی و دەستدرێژیەکانی عەشایری و نەمانی ئێمناهی و ئاسایش (٥٤)گوند لە سنوری قەزای ئاکری چۆلکرانە، ئەو گوندە چۆلکراوانە بە پێی بڕیاری دەولەتی عوسمانی بوونە وەقفی سونی مولکیەتی ئەو گوندانە بە ناوی سولتان عبدالحەمیدی دووەم کرابوو ، مەبەست لەو بڕیارە ئاوەدانکردنەوی گوندە چۆلکراوەکان بوو ، داهاتو بەرهەمی دەگەرایەوە بۆ خەزینەی دەولەت ، تاکو سالانی ١٩١٢ ئەوها مابۆوە ژمارەی گوندەکانی سنوری ئاکری بریتی بوون لە (٢٠٤)گوند.

## ـ ناوی  بەردەڕەش  :

### بیروبۆچوونی جیاواز هەیە لەسەرناوی  بەردەڕەش  لە وانە :

ــ ناوی  بەردەڕەش  یەکێکە لە ناوە کۆنەکانی مێژووە کە لە دەقە میخیەکانی کۆندا(کتابات المسماریە القدیمە) هاتووە بە ناوی خاکی رەش (الارض السوداء )بەتایبەتی لە سەردەمی فەرمانرەوایەتی ئیمپراتۆریەتی ئاشوورییەکان. ئەمەش دەگەریتەوە بۆ گرنکی و پیت و بەرەکەتی خاکەکەی لە رووی کشتۆکالیەوە ، ئەم ناوە بەدرێژایی چەندەها هەزار ساڵ بەکارهاتووە .

ــ خاکەکەی خاکێکی رەش و ئاوهەڵگرە بۆ کاری  کشتوکاڵی بە پیت و بەرەکەتە ،  بەردەوام رەپسەی هەیە و ئاو هەڵگرە بە بیرو بۆچوون وتێگەیشتنی خۆم ناوی( بەردەڕەش ) لە خاکی ڕەش هاتووە ئەو بیرورایە لە هەموویان بە هێزترە .

ــ لە سەردەمی عوسمانییەکان ناوی ئەو دەڤەرە ناونرایە بە (عشائر السبعە) وەکو لە هەندێ سەرچاوە ئەماژە پێدراوە لێرە مەبەستیان لە هەفت عەشیرەتی سەرەکی یە کە لە  سنووری ناوچەی  بەردەڕەش  ژیاون ، زۆر لە مێژە بە هەموو کۆمەلەکانی خەڵکی ئەو دەڤەرە دەڵێن گۆران ،  ناحیەك بەناویانە و زۆر گوند لە خۆ دەگرێت لە گەڵ گوندەکانی دەشتی ناوکوڕ ، ئەوەی شایانی گۆتنە ئێستا زۆر خێل و عەشیرەت لێدادەنیشن نەك وەکو ناوەکانی کۆنە.

(کیرە ، زرکی ، شایلۆ ، شێخ بزێنی ، لوما ، خنت بری ،  شارك).

ــ یانیش لە شاخی ڕەش هاتیە، شوێنێکە دەکەوێتە  باشووری سەنتەری شارۆچکەی  بەردەڕەش  بە دووری  دوو کیلۆمەتر نزیك کانی حوسێنە یە ،  دەڵێن کاتی خۆی کەونە گوند بووە.

ــ بۆچوونێکی دیکە هەیە دەڵێن ناوی  بەردەڕەش  لە چیای بەردەڕەش هاتیە دەکەوێتە سەر سنوری عیراق لەرۆژهەڵاتی کوردستانی گەورە و لەبەر وشکە ساڵی و بێ بارانی خەڵکەکەی لەچیای رەش هاتوونە  ئەم دەڤەری گۆرانەتی لە گوندی  بەردەڕەشی گەورە ئاکنجی بوونە ، ناوەکەیان لەگەڵ خۆیاندا هێناوە پێوەلکاوە بوویتە  بەردەڕەش  .

ــ بۆچوونێکی تر هەیە لە وەرزی زستان بەفر چیای دادەبۆشی خەڵکی چیای دەهاتنە دەرێ تەماشای دەرێیان دەکرد لای دەشتێ گۆرانەتی دەیانگۆت بەرا ڕەشە واتە پێشمان لای دەشتێ بەفر تێدا نیە رەشبیتەوە  بوویتە بەرا رەشە ، بەردارەش  ،  بەردەڕەش  .

ــ دەگێرنەوە زێبار زستانان قەزوان و مێوژو دۆشاو و لەتکە هەنجیری ووشکیان دەهینا گوندەکانی بەردەڕەش ی بە دەغل و دان دەیانگۆرییەوە ، کاروانەك گەیشتبوو راست گوندی گردەسێنی تەماشای کرد پشتی لای چیای هەموو بەفرە سپی دەچیتەوە ، بەرەو رێزە گوندی بەربنی دەهات بەرا خۆی یان پێشە خۆی رەشە بەفر تێدا نەبارییە واتە : بەراڕەشە بوویتە  بەردەڕەش

ـ شاخی ڕەش دەکەوێتە ناو ملە زورگی باشووری بەردەڕەش گوایە یەکەم جار ئاوەدانی لەوێندەرێ بووە پێش ئەوەی بگوازنەوە شوێنی ئێستای گوندی بەردەڕەش .

ــ بەردەڕەش بە پایتەختی دەڤەری گۆرانەتی ناسراوە و رووبەرێکی فراوانی لەخۆ گرتیە ، خاکێکی پڕ پیت و بەرەکەتی هەیە بۆ کاری کشتوکاڵی دێمی و ئاوی چاروەرزە بەکاردێت.

ــ گوندێك لە باکووری کوردستان بە ناوی بەردەڕەش هەیە لە نێوان شەمدینان و بازێری سێرتێ

ــ لە سەردەمی ئیسلامیدا ئەو دەڤەرە بە مێرگ ناودەبرا ، بەعەرەبی(مرج) بە فەللەیی دەیانگۆتێ(مرگا) بە واتای مێرگ دێت هەردەم سەوز و پڕ شینایی بووە ، بە تایبەتی دەشتی ناوکوڕ چونکی دەکەوێتە نێوان دوو رووبار ـ زێی گەورە و خازر ـ

## ـ شوێنی بەردەڕەش :

بەردەڕەش شارۆچکەیەکی خنجیلانەیە ، شوێنەکەی ستراتیژییە دەکەفتە نێوان شاری مووسڵو شاری ئاکرێ بەدووری ٣٥ کم لەمووسڵ و ٤٥کم لەئاکرێ دوورە ، دەکەوێتە نێوان زێی بادینان و ئاوی (خازر) و ڕووباری (گۆمل) دا ، هەردوو دەڤەری بادینان‌و سۆران پێکەوە دەبەستەوە ، هەروەها بازنە ئاسایە لە نێوان هەرسێ پارێزگای هەولێر ودهۆك وموسل ، هەر لەکۆنەوە ڕێگای هاتووچۆی لەشکرکێشی وقەتاری کاروانچیان بووە لەبەردەشتی ناوکوڕ ، چونکە پێدەشتی زنجیرە چیاکانی ئاکرێیە ، دوای کردنەوەی رێی بۆتان بەردەڕەش هەردوو پارێزگای هەولێرو دهۆکی پێکەوە بەستەوە ، لەوەش گرنگتر دروستکردنی پردی چەمەو تەواو بوونی رێگای رۆڤیا چەمە هاتووچۆی هەردوو پارێزگای دهۆك و هەولێری نزیك کردەوە ، ملە زورگە رێگای سەری(زورگی بەربنی)بە ناوەراستی دەڤەری کۆرانەتی رۆژهەلات رۆژ ئاوا تێدەپەرێت.

بۆ ماوەیەك ئیدارەی ناحیەی هەڵوەشایتەوە ئەو دەڤەرە فەرامۆش کرابوو تاکوساڵی ١٩٣٠ دووبارە ئیدارەی ناحیەی بەردەڕەش کەوتەوە کار و ناوەکەی هاتە گۆڕین بۆ ( ناحیە العشائر السبعە )..بنکەی ناحیە هەر لەساڵی ١٩٣٠ تاکو بە قەزا بوونی بەردەڕەش لە سەنتەری شارۆچکەی بەردەڕەش بووە ، دوای دامەزراندی دەولەتی عیراقی لە بەر گرنگی شوێنی بەردەڕەش حکومەت هەوڵی بە تەعریب کردنی دەڤەری گۆرانەتی دا بە تایبەتی کڕینی زەوی کشتوکاڵی لەلایەن خانەوادە ناودارەکانی شاری موسل وەکو ماڵی: عومەڕی ، توحەلە ، صابوونچی ، ئال مفتی ، ئال افندی ، ئال الرواس ، ماڵی عباوی ، ماڵی هەواسی ، ماڵی سیالەی...هتد.

ناحیەی بەردەڕەش لە ساڵی ١٩٣٠تاکو سەرهەڵدانی پیرۆزی گەڵەکەمان لە بەهاری ١٩٩١ ، بیست و نۆ کەس وەکو بەرێوەبەری ناحیە لە بەردەڕەش دەستبەکاربوون لە کتێبەکەم ( گۆران لە نێوان زێی بادینان و ڕووباری خازر ) ئاماژەم بە ناوەکان کردووە بۆیە لێرە دووبارەی ناکەمەوە ، یەکەمیان تۆفیق سەرسەم کۆتاییان تاکو راپەڕین عبدالرزاق محمود بامەڕنی بوو

.دوای ڕابەرین ئەو بەرێزانە بەرێوەبەری ناحیەی بەردەڕش بوون :

| ژ | ناوی بەرێوەبەری ناحیە | دەستبەکار بوون | دەستلەکار بەردان |
|---|---|---|---|
| ١. | عبدالباقی محەمەد رشید | ١٩٩٥/٧/١٦ | ١٩٩٨/١١/١ |
| ٢. | سربست صبری سماعیل | ١٩٩٨/١١/١ | ٢٠٠١/١١/١٨ |
| ٣. | بروا فاروق سعید | ٢٠٠١/١١/١٨ | ٢٠٠٢/٤/٦ |
| ٤. | سربست صبری سماعیل | ٢٠٠٢/٤/٦ | ٢٠٠٢/٧/٨ |
| ٥. | مازن محەمەد سعید | ٢٠٠٢/٧/٨ | ٢٠٠٥/٧/١٧ |
| ٦. | قادر عزیز قادر | ٢٠٠٥/٧/١٧ | ٢٠٠٥/٩/٢٥ |
| ٧. | بڕوا فاروق سعید | ٢٠٠٥/٩/٢٥ | ٢٠٠٧/٤/١٢ |

## ـ بەردەڕەش  (چێلی شیردەر و سەبەتەی شیرینی) یە :

دەڤەری گۆرانەتی لە هەموو رویەکەوە دەڤەرێکی دەولەمەندە ، پڕخێروبەرەکەتە ، هاولاتیەکی گوندی زەنگەنان گێرایەوە: رۆژێك چووبوو شاری موسل لە چایەخانەیەك دانیشتبوو ، کەسێکی دانعەمر ئەفەندی لای دانیشت. ( اللەبالخێر )ی لێکرد کلیلی دەرگای گفتوگۆی کردەوە ، پیاوی ئەفەندی بە عەرەبی پێی گۆتبوو:خەڵکی کێندەری؟ کابرا گۆتبووی: عشائر السبعە گوندی زەنگەنان ، پیاوە عەرەبەکەی ئەفەندی سەری لەڤاندبوو گۆتبووی: زەمانێك من بەرێوەبەری ناحیەی بەردەڕەش بووم ، ئێستا خانەنشین کراوم. دەزانی بەردەڕە وەکو چێلی شیردەرە(البقرە الحلوبە) ئەوەی هاتیە لێیخواردییە و بەدروستی خزمەتیان نەکردیە؟ئەوە لە لایەك لە لایەکی دیکە ئەو دەڤەرە هەردەم سەبەتەی خورماو شرینی وتلیانەی نانی خواردنی شۆڕشەکان بووە ، هەتا ئێستا دەڤەرێکی بێ نازەو بێ خاوەن و بێ خزمەتە ، کەسی خەمخۆری خۆی نیە ئاورێکی لێبداتەوەو برینەکانی سارێژ بکات .

لەدوای سەرهەڵدان ، ئیدارەی حکومەتی بەغدا لە ناوچە ئازاد کراوەکان نەما ، تاکو ڕۆژی ١٩٩٥/٧/٣١ بەرێوەبەری ناحیە لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستان هاتە دەستنیشانکردن

## ـ بە قەزابوونی  بەردەڕەش :

پێشەکی : لەجوگرافیای پارێزگای دهۆك وەرگیرایە ، ساڵی ١٨٥٠ز دهۆك دەبیتە ناحیە ، ساڵی ١٨٧٣ز دەبیتە قەزا ، لە ساڵی ١٩٦٩ز دەبیتە پارێزگا.دهۆك بەری ببیتە پارێزگا بە هەرسێ قەزاکانی (دهۆك ، زاخۆ ، ئامێدی)سەربە پارێزگای مۆسل بوون. بە فەرمانی کۆماری ژمارە(١٠٦٦)لەساڵی١٩٦٩دهۆك کرا بەپارێزگا . دهۆك پێشکەوتنێکی بەرچاوی بەخۆگرت ، تاکو ساڵی ٢٠١٤پارێزگای دهۆك لە(٧)قەزاو(٣١)ناحیە پێکهاتووە، ژمارەی ئەنجومەنی پارێزگا (٤١) کەسە سەرجەمی کورسی لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عیراق(١٠)کورسیە ، ژمارەی دانیشتووانەکەی تا نوسینی ئەم باسە، دەگاتە(١،٢١٨،٠٠٠)کەس ، رووبەری گشتی (٦٥٥٣)

کم[٢]، چڕی دانیشتووانی بۆ هەر کم[٢] (٩، ٢٢) کەسە. بڵندترین خال لەسەر ئاستی دەریا(٤٠٠٠)م ، نزمترینی(٢٥٠)مەترە ، درێژی١١٠ کم ، پانی١٣٠ کم ، لەسەر هێڵی درێژی (٤٧) و هێلا پانی (٣٢)ـە .

**- بڕیاری  بە قەزا بوونی بەردەڕەش :**

قەزای  بەردەڕەش نوێترین قەزایە لە ڕێزبەندی هەفتەم دێت سەر بە پارێزگای دهۆکە، لە ڕۆژی ٢٠٠٦/١٠/١٢ ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان بڕیاری دەرکرد کە ناحیەی بەردەڕەش  سەر بە قەزای ئاکرێ ، ببێتە هەفتەمین قەزا سەر بە پارێزگای دهۆك .

ڕۆژی ٢٠٠٧/٤/٨ لە مەڕاسیمێکی شایستەدا بە ئامادەبوونی ( تەمەڕ کۆچەر ) پارێزگاری دهۆك ، لەگەڵ بەرێوبەری فەرمانگەکانی حوکمی و حیزبی و ریش سپی و پیاوماقولان. بە فەرمی قەزابوونی  بەردەڕەش   لە ڕۆژی ١٢/ ٤ /٢٠٠٧ ڕاگەیاندرا و( مازن محەمەد سعید ) وەکویەکەم قایمەقامی قەزای  بەردەڕەش  دەستبەکاربوو. (٦٧)

بەردەڕەش  شارۆچکەیەکی بچووکی جوانە ، پایتەختی دەڤەری گۆرانەتیە  ،  ساڵی٢٠٢٠ قەزای  بەردەڕەش  (١٠٨) گوند لە خۆ دەگرێت ،  ژمارەی دانیشتوانی زیاتر لە(١٦٥، ٠٠٠) سەدوشێست وپێنج  هەزار کەس دەبێت .ڕووبەری سەنتەری قەزای  بەردەڕەش  (سنوری شارەوانی) کەبریتیە لەهەفت گوند سەربە سەنتەری قەزا دەبیتە (٨٠)کم[٢]. دەکاتە(٣٩٠، ٧٨)دۆنم زەوی ،. (٦٨)

خەڵکی دەڤەری گۆرانەتی دەتوانن بە هەردوو شێوەزاری سۆرانی و بادینی بئاخڤن  . شێوەزاریان (سورمانجی) یە .

١١٦ساڵ تێپەڕی بەسەر بە ناحیەبوونی بەردەڕەش و ژمارەی دانیشتوانی گەیشتبوو زیاتربوولە (١٣٠ ، ٠٠) کەس.  تا لەلایەن حکوومەتی هەرێمی کوردستانەوە بڕیاری بەقەزا بوونی  بەردەڕەش  دەرچوو. دووناحیەی رۆڤیاودارەتوو نوێ کرانەوە (استحداث) هاتنە دامەزراندن لەگەڵ بەستنەوەی ناحیەی کەڵەك بە قەزای  بەردەڕەش . ڕێژەی دانیشتوانی قەزای بەردەڕەش  (شار و گوند) بەپێی ئاماری ( هەڵسەنگاندنا ئاکنجیان لە پارێزگەها دهۆکێ ) بۆ ساڵی ٢٠٠٩ . (٦٩)

---

٦٧– وەرگیراوە: لە ئەرشیفی قائمقامیەی قەزای  بەردەڕەش .

٦٨ – عەلی محەمەد سلێمان ، ئەرشیفی قائیمقامیەی قەزای بەردەڕش .

٦٩– ئاماری هەڵسەنگاندنا ئاکنجیان لە پەرێزگەها دهۆکێ بۆ ساڵی ٢٠٠٩

## ئاماری گەرەگەکانی سەنتەری قەزای بەردەرەش ساڵی ٢٠١٢

| ز | گەرەکەکان | سەرخێزان | سەرژمێر |
|---|---|---|---|
| ١ | ئازادی | ١٤١٧ | ٩٣١٤ |
| ٢ | کوردستان | ٩٨٥ | ٧٨١٠ |
| ٣ | شۆرەش | ١٠١٦ | ٦٩٠٥ |
| ٤ | ڕووناکی | ٧٣٧ | ٥١٨٣ |
| | کۆی گشتی | ٤١٥٥ | ٢٩٢١٥ |

## گەڕەکەکانی ناسراوی سەنتەری قەزای بەردەڕەش ئەوانەن : [٧٠]

١- بەردەڕەش کچکە ٢- خێلەکی ٣- کوردستان ٤-شۆڕش ٥- ئازادی ٦- روناکی:: ٧- گەرەکی برایەتی ٨- خەبات ٩ـ معروف ١٠- پەککەووتوان ١١- شەهیدان ١٢- بەردەڕەشی نویٚ( دەڕار) ١٣- گەرەکی ئازادی ستی ١٤ـ گەرەکی٧٣٠ (پۆتیناوە) .

| ڕووبەری گەرەکەکانی سەنتەری قەزای بەردەڕەش لە ١٩٩١ تاکو ٢٠١٠ [٧١] | | | |
|---|---|---|---|
| ژمارە | ناوی گەرەك | بە هکتار | ڕووبەری بە م٢ |
| ١ | خەبات | ٦,٢ | ٦٢,٠٠٠ م٢ |
| ٢ | کوردستان | ٤,٨ | ٤٨,٠٠٠ |
| ٣ | بانایی | ٥,٨ | ٥٨,٠٠٠ |
| ٤ | بەردەرەش کچکە | ٩,٤ | ٩٤,٠٠٠ |
| ٥ | شۆرەش | ٤,٧ | ٤٧,٠٠٠ |
| ٦ | شەهیدان | ٥,٥ | ٥٥,٠٠٠ |
| ٧ | شیوەقۆر | ٢,٢ | ٢٢,٠٠ |
| ٨ | خێلەکی | ٢١,٩ | ٢١٩,٠٠٠ |
| ٩ | رۆناکی | ٥ | ٥,٠٠٠ |
| ١٠ | ئازادی | ٥ | ٥,٠٠٠ |
| ١١ | برایەتی | ٥,٨ | ٥٨,٠٠٠ |
| ١٢ | گەرەکی معروف | ١٤ | ١٤,٠٠٠ |
| ١٣ | ئازادی ستی | ١٤,٣ | ١٤٣,٠٠٠ |
| ١٤ | شەهیدانی نوێ | ١٧,٦ | ١٧٦,٠٠٠ |
| ١٥ | پەککەوتووان | ١٣,٩ | ١٣٩,٠٠٠ |
| ١٦ | سەرهەڵدان | ٩,٧ | ٩٧,٠٠٠ |
| ١٧ | فەرمانبەران | ١٠,٣ | ١٠٣,٠٠٠ |

٧٠ – عەلی سلێمان ناسراو بە عەلی گەرزە موختاری سەنتەری قەزای بەردەڕەش بە سوپاسەوە وەرگیراوە.

٧١ـ سەرۆکایەتی شارەوانی قەزای بەردەڕەش ، بەشی ڕووپێو ساڵی٢٠١٤ بە سوپاسەوە وەرگیراوە .

| | | | |
|---|---|---|---|
| ١٨ | بەردەرەش نوێ | ٥,٨ | ٥٨,٠٠٠ |
| | لاوان ستی | ٦,٤ | ٦٤,٠٠٠ |
| ١٩ | بەهار | ١٤,١ | ١٤١,٠٠٠ |
| ٢٠ | پۆلیس | ٩,٦ | ٩٦,٠٠٠ |
| ٢١ | رۆشنبیران | ١٠,٨ | ١٠٨,٠٠٠ |
| ٢٢ | مامۆستایان | ٥,١ | ٥١,٠٠٠ |
| ٢٣ | کۆی گشتی | ٢٠٧,٩ | ٢,٠٧٩,٠٠٠ |

**ـ گوندەکانی سەر بە سەنتەری قەزای بەردەڕەش :**

١ ـ زمزموك ٢ ـ مەموزین ٣ ـ ئامیان ٤ـ ئامیانوك ٥ـ شیوەرە ٦ـ زەوی رەش ٧ـ کانیلان

**ـ قەزای بەردەڕەش لەم ناحیانە پێك دێت:**

ـ بەرێوەبەرایەتی ناحیەی رۆڤیا ٤٧ گوند

ـ بەرێوەبەرایەتی ناحیەی دارەتوو ٣٢ گوند

ـ بەرێوەبەرایەتی ناحیەی کەڵەك ٢٩ گوند

گوندە کێشە لەسەرەیەکانی دەرەوەی هەرێمی کوردستان لەگەڵدایە ،

ـ کۆی گشتی گوندەکانی قەزای بەردەڕەش دەکاتە ١٠٨ گوند .

**ـ ناحیەی بەردەڕەش بۆ ناودەبرێت بە (العشائر السبعە)؟**

ناحیەی بەردەڕەش یەکێکە لەکۆنترین ناحیەکانی کوردستان ، بەپێی ساڵنامەی عوسمانی ئاکرێ تەنها ناحیەی بەردەڕەشی هەبوو١٣٠٨ك ـ ١٨٩٠ز بە ناحیەی (العشائر السبعە) ناودەبرا بەردەڕەش لەتۆمارەکانی عوسمانی بە عەشایر السبعە تۆمارکرابوو ، ، رێکەوتنی یازدەی ئادار مۆرکرا عشائیر ئەلسەبعە بوو بە بەردەڕەش . **بیروبۆچوونەکان :**

ــ بیروبۆچوونەك هەیە گوایە عەشیرەتی ئازاو ( سبع ) وزیرەك بوونە ، (سبع)ووشەیەکی عەرەبییە بەواتای شێر دێت ، لەبەر زیرەکی وئازایەتی عەشیرەتەکانی دانیشتووانی ئەو دەڤەرە ناویان لێنرایە شێر ، چونکە رۆڵێکی کاریگەریان هەبووە لەرووداوەکانی دەڤەرەکەو دەوروبەری ، بوویتە (العشائر السبعە) .

ــ گوایە (٧) هەفت عەشیرەتی گەورە تێدا دەژین لەبەرهەندێ بە(عشائر السبعە) (هەفت عەشیرەت)ناودەبرا.حەوت عەشیرەتەکە لەمانە پێك هاتبوون:

( ١ـ رەشگەری ٢ـ گێژ ٣ـ بۆت ٤ـ شێخ بزێنی ٥ـ خدری ٦ـ زەنگەنە ٧ـ موسەیی ) .

ئێستا دەڤەری گۆرانەتی زیاتر لە ٢٥تیرەو بەرەباب و عەشیرەتی تێدایە .هەموویان شانازی پێوە دەکەن لە عەشیرەتی گەورەی گۆرانن

ــ ( العشائر السبعە یەکێکە لەناحیەکانی قەزای ئاکرێ سەربە پارێزگای مووسڵ ، دانیشتووانی

ژمارەیان دەگاتە (٧٧٦) بەلاْم کۆی گشتی ناحیە بریتییە لە(١٦٧٣٨) کەس ، لەکۆنەوە بە عەشائر السبعە دەناسرێ چونکە ٧ هەفت عەشیرەتی تێداهەبووە ئەمانەن:-

(١-کبرە. ٢- وزرگی. ٣- شایلو. ٤- الشیخ بزێنی. ٥- لۆما. ٦- خنت بری. ٧- شارك (شكاك)ە ) ئێستا زۆربەی ئەو ناوە کەونانە نەماوون . [٧٢]

ـــ (کاتی فورس لە ساڵ ١١٩٣ ك ، شاری بەسرایان داگیرکرد سەید محەمەد کوڕی سەید محموود کوڕی سەید رەجب کوڕی سەید ئیبراهیم موفتی بەسرا بوو باریان کرد بەرەو پارێزگای مووسڵ هاتبوون لەگوندی باکی کەرتێکە لەگوندی کەونەباکی ئێستا سەر بەناحیەی بەرەدەڕەش ئاکنجی بوون. گوایە ئەوسەیدانە شێرێکیان لەگەڵ خۆیانهێنابوو دەڤەری بەردەڕەش . ناوچەکە یان عەشیرەتەکان بەشێر ناسرا (عشائر السبع)[٧٣]

ـ هەر لە کۆنەوە بە (عشائر السبعە)ناسراوە زۆر گوند لە خۆ دەگرێت ، دەکەوێتە سەر رێگای ئاکرێ لە پردی مەندان دەست پێدەکات هەفت عەشیرەت تێدا دەژین باسمانکرد . [٧٤]

ـ عەشیرەتەك لە باکووری دوڕگەی عەرەبی هەیە بە ناوی الموایجە بە هۆزی سبعە ناودەبرا لە هەفت عەشیرتی عنزەییە ، شێخیان بە هەفت عەشیرەتی عنزی ناودەبرا.[٧٥]

## بەردەڕەش له دوای نسکۆی شۆڕشی ئەیلوولی مەزن ساڵی ١٩٧٤ :

رژێمی بەعس لەدوای نسکۆی شۆڕشی ئەیلولی مەزن لەدوای ساڵی ١٩٧٤ هەستا بەڕاگواستنەوەی خەڵکانی سەرسنوورو دانیشتووانی ناو دەڤی چیاکان ، خێزانەکانیان خستە ژێر کۆنترۆڵی دامودەزگاکانی میری لەچەند کۆمەڵگەی زۆرەملێ ئاکنجیانی کرد بۆ نموونە: زۆر خەڵکی کوردنیشینی سەربەناحیەی زمارو رەبیعەو ئەتروشو مرێباو شێخان دوای کاول کردنی گوندەکانیان گواسترانەوە بۆ گوندی کانیلان لەسەر ئاوی خازر نزیك پردی مەندان ، بەبێ کەل و پەلو پێداویستی رۆژانە فڕێدران بەزۆرەملێ لەژێر چەند کەپری بەحەسیر دروست کراو نزیکەی دوو مانگ مانەوە ، وەرزی زستان نزیك بوو دابەش کرانە سەر سەنتەری ناحیە و گوندەکانی (زەنگەنان- دارەتوو- گردەپان- گربدەو- پەلاسان- بیۆك- دالەڕێ- بەنێنان — شیوەڕە- دووسەرە- شێخالك). خەڵکی ئەوگوندانە بەهەستێکی کوردایەتی باوەشی خۆیان لۆیان کردەوە هەرچەند ماڵێك لەگۆندەکان جێنیشکران شوێن و کەلوپەلیان بۆیان دابینکرد تاکو دوای راپەڕین بەشێکیان بۆ شوێنی خۆیان گەڕانەوە.

---

٧٢ـ جەماڵ بابان ، (اسماء المدن والمواقع العراقیه) ، ج١ ، ص ٣١٥

٧٣ـ وەرگیراوە: لەدەستنووسی سەید فاخرسەید محەمەد سەید محمود باکی

٧٤ـ محفوز العباسی ، (اماره بهدینان العباسیه ) ، ل ٢٠٠

٧٥ـ عبدالفتاح علی یحی ، سێ ساڵی خوێندن له بەردەڕەش ، ل١٤

هەر لەدەسپێکی بەهاری ساڵی ١٩٧٥ خەڵکێکی  زۆر لە دانیشتوانی دەڤەری گۆرانەتی (١٠تاکو ٥٠) سەرخێزان گوندی خۆیان جێهێشت لەبەر بەشداریان لەشۆڕشی ئەیلول ئاوارەی ئێران بوون ، ساڵی ١٩٧٦ دوای گەڕانەوەیان لەئێران دوورخرانە باشووری عێراق لەپارێزگاکانی ناسریەو رومادیو دیوانیە نیشتەجێکران. رژێم بەمەبەستی ئەوەی قەزای ئاکرێ ناکەوێتەسەر هەرێمی ئۆتۆنۆمی لەکوردستان پاشان لەدوای زیاتر لەساڵێك ئەو خەڵکەی گەڕاندەوە کۆمەڵگاکانی شاویس ، بەستۆڕە ، قرژاڵە و خەبات لەپارێزگای هەولێرو هەروەها هەندێك لە پارێزگای دهۆك ئاکنجی کران. دوای راپەڕینی بەهاری ساڵی ١٩٩١ نزیکەی هەزار سەرخێزان گەڕانەوە گوندەکانی سەربە دەڤەری گۆرانەتی ، بەلاّم هەتا ئێستا وەکو پێویست دەستی هاوکاریی بۆیان درێژ نەکرایە وەکو دروستکردنی خانووبەرە بۆ خێزانە ئاوارەکان.

لەدوای نسکۆی شۆڕشی ئەیلولی مەزن ، حکومەتی بەعسی بەردەوام هەوڵی دەدا ناوچەکانی کوردی نزیك سنوری عەرەبی بگۆڕیت و تەعریبان  بکات ، نەخشەی پارێزگاکانی گۆڕی رێژەی دانیشتوانی کورد کەم بکاتەوە تا  دەنگ و دەسەلاّتی کورد تێدا نەمینێت ، هەستی نەتەوایەتیان کپ بکاتەوە.  بەردەڕەش  وەکو ناحیە سەربە قەزای ئاکرێ لە پارێزگای موسل ، پشتی دهۆك بوو بە پارێزگا بە تایبەتی ساڵانی هەفتاکان بەردەوام دانیشتوانی قەزای ئاکرێ و ناحیەی بەردەڕەش بزاڤیان دەکرد سەر بە دەڤەرا ئۆتۆنومی کوردستانێ بن بە پارێزگای دهۆکێ بێتە لکاندن، بەلاّم هەوڵی رژێمی بەغدا لەبەر بەرژەوەندی خۆی بە پێچەوانەی خواست و ویستی خەڵکەکە بوو. لەبەر ئەوەی خەڵکی دەڤەرەکە کورد پەروەر و رۆڵی خویان هەبووە لە شۆڕشەکانی رزگاری خوازی گەلی کورد ، خەڵکی سنوری ناحیەی بەردەڕەش و قەزای ئاکرێ دەیانویست دەڤەرەکانیان بکەوێتە سنوری هەرێمی ئۆتۆنۆمی. میری لە ساڵی ١٩٨٠ هەوڵیدا بۆ ئەوەی ئامانج و ویست و خواستی خەڵکەکە نێتە دی ، لەسەر ئەو بابەتە گرنگە رژێم لەگەڵ داردەستەی خۆی هەڵستان بە ئەنجامدانی راپرسییەکی شەکلی و لە کۆتایدا  وایان پیشاندا و رایانگەیاند کە خەڵکی دەڤەرەکە نایانەوێ بە ناوچەی ئۆتۆنۆمی  ببەسترێتەوە و بەلکو پاڵپشتی رژێم دەکەن و دەیانەوێ سەر بە پارێزگای موسل بن و لە ئەنجامدا بە دژی ویستی خەڵکی دەڤەرەکە لەناوچەی ئۆتۆنۆمی دابڕان ،

بەردەڕەش  ناحیەك بوو سەر بە پارێزگای موسل ،  تاکو راپەڕینی ساڵی ١٩٩١ خەڵکی بەردەڕەش  و ئاکرێ لە ڕۆژی ١٩٩١/٣/١٢ لە دەستی ڕژێمی بەغدا رزگاریان بوو ،  تاکو ڕۆژی ١٩٩٥/٧/١٦ بەردەڕەش   بێ رێڤەبەر بوو (عبدالباقی محەمەد رشید)وەکویەکەم رێڤەبەری ناحیە لە سەردەمی حکومەتی هەرێمی کوردستانێ دەستبەکار بوو .

- **بەردەڕەش دەروازەی ڕاپەڕینی بادینان:** خەڵکی دڵسۆزی دانیشتووانی بەردەڕەش بەهاوکاری ئەندامانی پارتی سەربە هەردوو ڕێکخراوی ئاگرین‌و ئازادی لەگەڵ هەندێ کورد پەروەری گوند نشینەکانی دەوروبەری سەنتەری ناحیەی بەردەڕەش کاتژمێر(٨)ی سەرلەبەیانی ڕۆژی ١٩٩١/٣/١٢ شارۆچکەی بەردەڕەش رق‌و کینەی خۆیان تەقاندەوە دژ بە داروەستەی رژێمی فاشی بەغدا ، بۆماوەیەکی کورت بەردەڕەش ئازادکرا ڕێگای سەرەکی نێوان ئاکرێ بۆ شاری مووسڵ کۆنترۆلکرا. خەڵکی ئاکرێ پێحەسیان ڕێگای مووسڵ ئاکرێ لەلایەن جەماوەری دەڤەری گۆرانەتی هاتیتە کۆنترۆڵ کردن ئەوانیش لە هەمان رۆژ ڕاپەڕین ، ئەنجا ڕاپەڕین گەیشتە شارەکانی دهۆك‌و زاخۆو ئامێدی. دەسپێکی ڕاپەڕین چەند کەسێکی کورد پەروەر لە گوندی کەونەباك بەرەو شارۆچکەی بەردەڕەش هاتبوون بریتی بوون لە هەڤالان ( مشیر شاکر سەلیم و عادل مستەفا سەعید ناسراو بەعادل فیتەر)ڕێکخستنی نهێنی بوون لە ڕێکخراوی ئاگرین سەر بە لیژنەی ناوچەی مێرگەسۆر ، سەر لە بەیانی ڕۆژی ١٩٩١/٣/١٢ لەگەڵ چەند کەسێکی کوردپەروەری گوندەکەیان ، بەرەو بەردەڕەش بەڕێکەوتن ، بە هاوکاری کەسانی دڵسۆزی ناو سەنتەری ناحیە ، ڕاپەڕین دەستی پێکردبە بە ماوەیەکی کورت دەست بەسەر گشت دامودەزگاکانی میری لەناو سەنتەری ناحیە داگیرا ، بەراستی خەلکی رۆلێکی گرنگیان گێڕا لە وانە صەلاح ئەحمەدعەدۆ بە دەمانچە هەلیکوتابوو سەر ئەمنێکی بەعس بیکوژێت دەمانچە چرویك دەکات هاولاتیەکی دانیشتووی بەردەرەش بە پیکاب رزگاری کردبوو

- **بەردەڕەش لە دوای ڕاپەڕین :** لە دوای سەرهەڵدانی بەهاری ١٩٩١ بەردەڕەش بەبێ بەڕێوەبەری ناحیە بوو تاکو ١٩٩٥/٧/١٦ . لەو ماوەیەدا رژێم دامودەزگاکانی لە بەردەڕەش وگشت شارو شارۆچکەکانی ئازادکراوەکانی هەرێمی کوردستان کشاندەوە ، بەلاّم خەڵکی دلسۆز و کورد پەروەری دەڤەرەکە ، دەست لە ئەژنۆ نەوەستان و بە ئازادانە و ئازایانە نەیانهێشت فەرمانگەکان پەکیان بکەویت و هەروەها پرۆسەی پەروەردە و فێرکردن بەردەوام بوو ، زۆر کەسی دڵسۆزی خاوەن بڕوانامە خۆیان بەخت کرد بۆ وانە گۆتنەوە بێ بەرامبەر. هەروەها فەرمانگەکان هاتنە پاراستن و هیچ بەلگەنامەیەك لە هیچ فەرمانگەیەك دەست کاری نەکرا و لەفەوتان رزگار کران ، ئەوەش بۆ رۆشنبیری و ولاّت پارێزی خەڵکەکە دەگەرێتەوە ، بەلکو فەرمانگەکان نەهاتنە داخستن ، بەرەی کوردستانی هاتە دامەزراندن و لە ساڵی١٩٩٢هەڵبژاردن ئەنجام درا. پەرلەمان وحوکمەتی هەرێمی کوردستان دامەزرا، لە ساڵی١٩٩٥جارێکی تر بەڕێوەبەرایەتی ناحیەی بەردەڕەش کەوتەوە کار، ڕۆژی ١٩٩٥/٧/٣١ بەڕێوەبەری ناحیە لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستان هاتە دەستنیشانکردن‌و دەست بەکاربوو .

# باسی سێیەم :

## دامودەزگاکانی سەنتەری قەزای بەردەڕەش

ـ **قوتابخانەی بەردەڕەشی سەرەتای :** له ساڵی ۱۹۳٦به فەرمی رەزامەندی له سەر کردنەوەی سێ قوتابخانه له سنووری ناحیەی بەردەڕەش دەچووبوو ، یەکەمیان له سەنتەری ناحیه ، دووەمیان لەگوندی زەنگەنان ، بەلاّم خانوو بەدەست نەکەفت بۆ دەوام کردن. سێیەمیان لەگوندی دارەتوو دوو مانگ دەوام تێدا کرا له بەر ئالۆزی باری کۆمەلایەتی ، پالپشتی نەکردنی له گوندی دارەتوو دەوامی قوتابخانه بۆ کاتێکی نادیار هاتە راگرتن. [٧٦]

یەکەم قوتابخانەی سەرەتایی لەسەنتەری قەزای بەردەڕەش ساڵی۱۹۳٦دامەزرا. ژمارەی قوتابیانی پۆلی یەکەم بۆساڵی خوێندنی ۱۹۳٦ـ۱۹۳۷ ژمارەیان ۳۲ قوتابی بوو. زۆربەیان له گوندەکانی دەوروبەری ناحیەی دەهاتن ، ئەوکات بەردەڕەش تەنیا له (٥٥) ماڵ پێکدەهات ، بەرێز (ئەمین ئەغوانی) بەرێوەبەری ناحیه بووە ،

یەکەمین بەرێوەبەری ئەم قوتابخانەیە ناوی (مەلا سەعید ئەفەندی بامەڕنی) بووە. بۆساڵی خوێندنی (۱۹۳٦ـ۱۹۳۷) دەوام تێدا کرا ، چەند رێڤەبەری تر هەبوون ناویان دیارنیه .

له ساڵی ۱۹۷۹مەحمود محەمەد سەلیم عەبدولهادی رێڤەبەر بوو. سێزدەمین بەرێوەبەری قوتابخانەی مامۆستا فتح الله جرجیس بارانی بوو، له دوای ئەو بەرێز : محەمەد رەشید عوسمان ، تا ئێستا بەردەوامە له خزمەتکردن. [٧٧]

### ـ بەرێوەبەرایەتی کارەبا :

پێش ئەوەی کارەبا بۆ بەردەڕەش بیت له ساڵی ۱۹٥٨ لەسەر کۆلانەکان شارۆچکەی بەردەڕەش فانۆس دەهاتە هەڵگیرساندن ئەویش لەلایەن کەسێك بەناوی ( عزيز احمد ) که لەلایەن حکومەتەوە دەستنیشان کرابوو بۆ هەڵگیرساندنی فانوسەکان و چاودێری کردنیان و کوژاندنەوەیان له بەیانی ڕۆژی دواتر . له ساڵی ۱۹٦٨بۆ یەکەم جار رۆناکی کەهرەبا گەیشتە سەنتەری ناحیەی بەردەڕەش ، له ساڵی ۱۹۷۰ سێ موەلیدەی کارەبا بۆ بەردەڕەش دابین کرا و کارەبای دەدا سەنتەری ناحیە ئەوکات و گوندی بەردەڕەش ی گەورەو بەردەڕەش ی کچکه و گوندی خیلەکی .له ساڵی۱۹۷٥ کەهرەبا گەیشتە هەندێ گوندلە دەشتی ناوکوڕ. پاشان هەمان سێ موەلیدەی سەرەوە باسمان کرد کارەبا درا گوندی شیوەرە و کانیلان لەساڵی ۱۹۷۳ و له ساڵی

---

٧٦ـ یاسین حسن ، گۆران له نێوان زێی بادینان و ڕووباری خازر

٧٧ـ وەرگیراوە له: بەرێز عبدلقادر عبدالله ، سەرپەرشتیاری کارگێڕی له پەروەردەی بەردەڕەش .

١٩٧٤ کارەبا درا گوندی مەموزین و قەرەناز بە محویلەی تایبەت تاکو ساڵی ١٩٧٦ گوندی جوجەر گەورەش کارەبای موەلیدەکانی گەیشتێ .

له ساڵی ١٩٧٨/١٩٧٩ و ێستگەیەکی دابەشکردنی کارەبا له بەردەڕەش دروست کرا و کارەبا درا گوندی رۆڤیا و گوندەکانی دەڤەری بەربنی ، له ساڵی ١٩٨٠ گوندەکانی دەڤەری بۆتان کارەبایان گەیشتی و له ساڵی ١٩٨١ – ١٩٨٢ کارەبا درا گوندەکانی دەڤەری ناوکوڕ و به شێوەیه گوندەکانی ناحیەی بەردەڕەش لەو کات هەموویان کارەبایان گەیشتێ تاکو له ٢٠٠١/١/٢٧ دەست کرا به دروست کردنی وێستگەیەکی کارەبای (١١,٣٣ کەی. ڤی ) پێشکەوتوو و له رێکەوتی ٢٠٠٤/٤/٩ تەواو بوو و کەوتە کار .

## ـ خزمەتگوزاری گەیاندن:

تۆری موبایلی کۆرەك و ئاسیا سێل و مۆبیتێل و نەورۆز و فاستلینگ له سنوری قەزای بەردەڕەش کار دەکات ، لەگەڵ ئاریا فۆن ( رێبەر ) و هێڵی تارین نیت بۆ هەموو فەرمانگەکانی میری دابین کراوە ، جگە لە ژمارەیەکی زۆر کە بەشداریان لەگەڵ هێڵی ئینتەرنیت هەیە .فەرمانگەی بۆستە و گەیاندن لە بەردەڕەش هەیە و هێلەکانی نۆرماڵ هەمووی لەکار کەوتووە دوای ئەوەی درا کەرتی تایبەت و پاشان بۆ تەلەفۆنی رێبەر گۆرا.

## ــ تەندروستی بەردەڕەش :

بنکەی تەندروستی لەشارۆچکەی بەردەڕەش ساڵی ١٩٣٨ز کرایەوەو یەکەم برین پێچ دەستی بەکار کرد ناوی (فازڵ) بوو خەڵکی شاری موسڵ بوو ، فەرەج ئەفەندی لە سالی ١٩٤٧ لە بنکەی تەندروستی بەردەرەش برین پێچ بوو ، لەساڵی ١٩٦٨ بنکەیەکی تری دروست کرا. لەساڵی ١٩٧٢ یەکەم پزیشك هاتە ئەم بنکەیە بەناوی (شەوقی غەزاڵە)پسپۆری گورچیلەی میزەرۆیە. دوواتر گواستراوە تەنیشت قوتابخانەی ناوەندی بەردەڕەش کە ئێستا بەردەڕەش ی کچانی بنەرەتیە ، دکتۆرموەفەق محمود نەقشەبەندی لە گەڵ دوو برین پێچ یەکێك ئافرەت بوو بەناوە ( ماریە ئیبراهیم یونس ) ناسراو بە ( ئوم هیوا ) برین پێچی پیاو ناوی رەشید مستەفا بوو، ئینجا دکتۆر ( وەلیدغزاڵە ) هات لەگەڵ چەند برین پێچی تر تا راپەڕین (د. مها عبدالوهاب الچلبی) خزمەتێکی زۆری ئەم شارۆچکەیەیکرد د ، بەردەوام بوولە خزمەت تا بڕیاری حکومەتی پێشوو بەکێشانەوەی گشت فەرمانبەران لەهەرێمی کوردستان لەساڵی ١٩٩٢ ، ئەم بنکەیە لەکارو خزمەتکردن نەوەستا. د.مەسعود عەبدولکەریم دەستی بەکار کردچارەسەری نەخۆشانی دەکردحکومەتی هەرێمی کوردستان بنکەیەکی تەندروستی نوێی دروست کرد بە کوژمی( ٩١٥,٠٠ دیناری سویسری ) لەگەڵ دابینکردنی کادری تەندروستی و ئامێری تیشك و ددان بو یەکەم جار لە بەردەڕەش دەستی بەدانانی بینایەکی نوێو گەورەو

چەندین بەشی دیکەی تێدا بکات کە لەساڵی ١٩٩٩ تەواو بوو ، وەکو نەشتەرگەری بچووکو بەشی کێشانی ددانو بەشی تیشكو بەشی ئامێری نەخشەی دڵو بەشی پزیشکیبۆ ئافرەتان. لە ساڵی ٢٠١٣ بڕیاری دروستکردنی نەخۆشخانەیەکی ١٠٠ سەد قەروێلەی بۆ دەرچوو بناغەی هاتە دانان بەلاّم لە بەر شەڕی داعش ئەو پرۆژە گەورەیە هەتا ئێستا راوەستایە .

ژمارەی بنکەکانی تەندروستی لە سەرانسەری قەزای بەردەڕەش ( ١١ ) بنکەیە ، ( ٢ ) بنکە لە سەنتەری قەزایە و بنکەکانی دیکە بەسەر ناحیەکان و گوندە گەورەکان بەلأون . خالی ساخلەمی مەندان چاودێری تەندروستی هەموو کەل و پەلی خۆراك دەکات ئەوانەی لە رێگای موسل دێن بۆ ناو هەرێم و پشکنینیان بۆ دەکرێت . پەستانی خوێن هەوکردنی ریخولە و سکچوون بە هەموو جۆرەکانی ، هەوکردنی گەدە ، هەوکردنی گورچیلە وکۆئەندامی میزەرۆ ، ژانی جۆمکەکان...هتد کە لەم خشتەی خوارەوە رونکراوەتەوە.

| ژمارەی سەردانی نەخۆشەکان بۆ یەکەی نەخۆشییەکانی درێژخایەن لە قەزای بەردەڕەش بۆ ساڵی (٢٠٢٠) (٧٨) | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| مانگ | شەکرە سکری | زەخت | لەخۆچونصر ع | گەدە معدە | چەوریدە نیات | رەبو | رژێن غدە | نفسی |
| یەکەم | ٩٣٨ | ٦٨٧ | ١١٢ | ١٨٧ | ١٦٧ | ٣٩ | – | ٨ |
| | | | | | | | | |
| دووەم | ١٠٣٥ | ٨٩٦ | ١١٣ | ٨٦ | ٧٧ | ٣٩ | ١٧ | ٧ |
| سێیەم | ٩٠٧ | ٧٦٥ | ٩٥ | ١٩٥ | ١٦٥ | ٤٥ | ٢٥ | ٩ |
| چارەم | ٨٩٥ | ٧٥٧ | ١٠١ | ٢٣٥ | ٢٦٥ | ٥٧ | ٤٠ | ٧ |
| پێنجەم | ٩٤٧ | ٨٢٧ | ٩٥ | ٢٢١ | ٢٣٩ | ٤٠ | ٥١ | ٧ |
| شەشەم | ٦٧٣ | ٦٩٠ | ٨٨ | ١٧٦ | ٢٢٧ | ٤٥ | ٤٤ | – |
| هەفتەم | ٩٢٧ | ٨٣٩ | ٨٦ | ٢٣٦ | ٢٤٢ | ٣٤ | ٣٩ | ٧ |

لەمانگی ئابی ٢٠٠٣ بەشی دیکە لە بنکەی تەندروستی سەنتەری بەردەڕەش زیادکرا ، ئەویش بەشی مندالأن بوون کە زۆر پێویست بوو لەناوچەکەمان.

ئاماری ژمارەی لە دایك بوون و مردن بۆ نمونە ساڵی ٢٠٠٩ :

| لە دایك بووان | | | مردن | | |
|---|---|---|---|---|---|
| نێر | مێ | سەرجەم | نێر | مێ | سەرجەم |
| ٤٩٧ | ٥٠٤ | ١٠٠١ | ١٠٥ | ١٤٧ | ٢٥٢ |

٧٨– خشتەی سەرەوە وەرگیراوە لە بەرێز : دکتۆرعبدالرزاق عبدالرحمن ، کارمەندی بنکەی تەندروستی بەردەڕەش ، لە بەشی نەخۆشییەکانی درێژخایەن.

**ـ بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی بەردەڕەش :**

پۆلیس نیشانەیەکە لە شارستانیەت و دسپلینی شارەوانی بەو مەرجەی لە خزمەتی هاولاّتیان و میللەت دابێت ، بەراستی پۆلیس و سەرباز وەکو ئامێری سەرکوتکەر بەرامبەر نەتەوەی کورد بەکار دەهات ، ژن و منداڵی کورد بە دیتنی پۆلیس دەترسان.لە ساڵی ۱۹۳۳ رێڤەبەری ناحیە ( ئەمین ئەفەندی ئەفغان ) داوای زیادکردنی ژمارەی پۆلیسی کرد ، لە ساڵی ۱۹٤۷ ژمارەی گشتی بنکەی پۆلیسی بەردەڕەش تەنها ۲۷ کەس بوون دابەشکرابوون بە سەربنکەکانی سەنتەری ناحیەو رۆڤیاو مەندان ، لە دوای ساڵی ۱۹۷٤ فەرمانگەی ئاسایش(ئەمن) هەر لە ناو بەڕێوەبەرایەتی پۆلیس بوو ، هەموو فەرمانگەکانی ناحیە لێیان دەترسان کاڕووباری حکومەت بە دەست ئەوان بوو .یەکەمین بنکەی پۆلیس لە بەردەڕەش ساڵی ۱۹۰۵ دامەزرابوو:

۱ـ یەکەم مفەوەز شورتە (زەییە) بو ساڵی۱۹۲۳ . ۲ـ مفەوەزی پۆلیس قورتاس ئاکرەیی۱۹۲٤

۳ـ. مفەوەزی پۆلیس مستەفا گەڵالە۱۹۲۵ . ٤ـ مفەوەزی پۆلیس عەلی سۆر۱۹۲۷ ..

٥ـ مفەوەزی پۆلیس مەجید قالە ۱۹۳۷ـ۱۹۳۵ ٦ـ مفەوەز پۆلیس ئەحمەد خەیروالله۱۹٥۱

۷ـ مفەوەز پۆلیس فایق چاوش ۱۹٥۲ ۸ـمفەوەز پۆلیس شاكر یونس شێخانی۱۹٦۱

۹ـ مفەوەز پۆلیس محەمەد نەقشەبەندی۱۹٦۲

۱۰ـ مفەوەز پۆلیس ئەحمەد محفوز زیاد۱۹٦۳، ۱۱ـ مفەوەز شورتەحوسێن نەجەفی۱۹٦٤

۱۲ـ مفەوەز پۆلیس محمد رەشید بەغدادی۱۹٦٥ـ۱۹٦٤.داوای وێنەی لە خەڵك دەكرد دیگۆت: وێنە نەدەن سەربە دەولەت نین . ۱۳ـ مفەوەز پۆلیس ئەنوەر حوسێن موسلاوی۱۹٦۷

۱٤ـ مفەوەز پۆلیس ئیسماعیل حوسێن تەلەعفەری ۱۹٦۷ـ۱۹٦۸ .

۱٥ـ مفەوەز پۆلیس عبدول کەریم مەحمود ۱۹٦۸ـ۱۹٦۹. مرۆڤێکە بڕوادار بوو ، رفتاری باش بوو لە شەڕی ئیران و عیراق کوژرا .

۱٦ـ مفەوەز پۆلیس زەکی ئەحمەد کۆیی ۱۹٦۹ـ۱۹۷۰.

۱۷ـ مفەوەز پۆلیس رۆستەم ئەحمەد ئەیوبی ۱۹۷۰ـ۱۹۷۱. دژی رزگاریخوازی کورد بوو .

۱۸ـ میلازم نافع موختار ۱۹۷۲ ـ۱۹۷۳ . باوکی قەبر کۆل بوو .

۱۹ـ موسلم باقر موحەمەد ۱۹۷۳ زوو گواستراوە بۆ خەزەر .

۲۰ـ عبدولهادی مەحمود حلاوی۱۹۷۳ ـ۱۹۷٤ دژی بزاڤی رزگاریخوازی کورد بوو ئاواتە خواز بوو ، کورد لە سەیدارە بدات .کاتی شەڕ هەلگیرسا پۆلیسەکانی بەردەڕەش ئەو شورتەو بەڕێوەبەری ناحیە یان بە دیل گیرت و تەسلیمی هێزی پێشمەرگەی کوردستان کرد .

۲۱ ـ عبدالله عزیز گزۆ لە سالانی هەفتاکان کۆمسیار(مفوز) بوو لە بنکەی بەردەڕەش .

۲۲ـ خلیل یوسف ئیبراهیم تاکو سالی ۱۹۸۰ کۆمسیار(مفوز) بوو لە بنکەی بەردەڕەش .

لە دوای سەرهەڵدانی بەهاری ١٩٩١ ئەو بەرێزانە سەرۆکایەتی پۆلیسی بەردەڕەش یان کردووە:

١ـ عەبدوللا جەمیل ١٩٩٣ـ١٩٩٦ . ٢ـ جلال رەمەزان ئاکرەیی ١٩٩٧ .

٣ـ نقیب زوهدی خلف ١٩٩٧ ـ١٩٩٨، ٤ـ قاسم محمەد ساڵح ١٩٩٨ .[79]

## ــ بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی قەز ای بەردەڕەش :

پێشکەوتنی هەر میللەتێك بە خوێندن و خوێندەواریە. پێشخستنی پرۆسەی پەروەردە و فێرکردن دەبێتە شەنگەستەیەکی موکوم بۆ بنیات نانی نەوەیەکی هوشیار و تێگەیشتی و تەندروست.یەکێك لە خەسلەتەکانی کۆمەڵگای پێشکەوتوو ، بەرفراوان کردنی دەسەڵات و پەیرەو کردنی سیستەمێکی پەردوەردەیی کارا و هاوچەرخ لەگەڵ داب و نەریتی گەڵەکەمان بگونجێت . وە لە هەمان ساڵدا بڕیاری کردنەوەی بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی بەردەڕەش لە (٢٠٠٧/٦/٢٧) درا. شان بە شانی پەروەردەی قەزاکانی کوردستان ، یەکەمین بەڕێوەبەری پەروەردەی بەردەڕەش بەڕێز (غازی رمەزان حوسێن) لە ٢٠٠٧/٧/٢٩ دەست بە کار بوو ، لە ٢٠١٨/٥/١٦ دەستی لەکار بەردا ، ماوەستا مهدی خلیل لە شوێنی دانرا بەردەوامە لە خزمەت . هەروەها ستافی سەرپەرشتیاران هاتە ڕێکخستن لە هەموو جۆرە پسپۆڕیەك کە لە پەروەردەی قەزای ئاکرێ لە (٢٠٠٧/٩/١٥) گواسترانەوە بۆ پەروەردەی بەردەڕەش . سەرەڕای سەرپەرشتی کردنی قوتابخانەکانی سنووری پەروەردەی بەردەڕەش . سەرپەرشتی کردنی قوتابخانەکانی دەڤەری تازە ئازاد کراو دەکەن لە ناحیەی باشیك بۆ بە دواداچوونی خوێندنی زمانی کوردی بۆ برا ئێزدی و شەبەك و مەسیحیەکان ژمارەی قوتابخانەکانی باشیك بریتی یە لە (٣٤) قوتابخانە زیاتر لە (١٤٠٠) قوتابی لە خۆ دەگرێت .

ئاماری بنەڕەتی و ئامادەیی و باخچەی ساوایان لە خشتەی خوارەوە بۆساڵی خوێندنی **ساڵی** ٢٠١٩/٢٠١٨ .[80]

| ژ | قۆناغەکانی خوێندن ساڵی ٢٠١٩/٢٠١٨ | نێر | مێ | سەرجەم |
|---|---|---|---|---|
| ١. | قوناغی بنەڕەتی | ١٦,٤٤٠ | ١٢,٦٨٥ | ٢٩,١٢٥ |
| ٢. | قوناغی ئامادەیی | ٢,١٥٥ | ٩٨٥ | ٣,١٤٠ |
| ٣. | باخچەی ساوایان | ٢٢٢ | ١٧٦ | ٣٩٨ |
| | سەرجەم | ١٨,٨١٧ | ١٣,٨٤٦ | ٣٢,٦٦٣ |

٧٩ـ گۆڤاری دهۆك ، ژمارە(٦) ، گولانا ١٩٩٩ ، ل ٤٣

٨٠ـ بەرێوەبەرایەتی پەروەردەی قەزای بەردەڕەش . بەشی ئامار

## ناوی سەرپەرشتیاران بنەرەتی پەروەردەیی / بەردەڕەش ، ساڵی خوێندنی ٢٠١٦ / ٢٠١٧

| | ناوی سەرپەرشتیارانی پەروەردەی قەزای بەردەڕەش | | بۆ ساڵی خوێندنی ٢٠١٦ / ٢٠١٧ | |
|---|---|---|---|---|
| ژ | ناوی سەرپەرشتیاران | لەدایک | پسپۆری | ناونیشان |
| ١ | محەمەد توفیق جعفر | ١٩٥٤ | سەرپەرشتیار یەکەم | بەردەڕەش |
| ٢ | عبدالرحیم عبدالرحمن عبو | ١٩٥٦ | سەرپەرشتیاری کارگێڕی | بەردەڕەش |
| ٣ | عبدالقادر عبدالله محەمەد | ١٩٦٧ | سەرپەرشتیاری کارگێڕی | بەردەڕەش |
| ٤ | محەمەدامین یوسف قاسم | ١٩٥٠ | ز . کوردی | بەردەڕەش |
| ٥ | حاتم عمرشین سماعیل | ١٩٦٨ | | بەردەڕەش |
| ٦ | فاچل کچل قادر | ١٩٦٢ | ز .عەرەبی | بەردەڕەش |
| ٧ | حازم عبدالله محەمەد | ١٩٦٦ | | بەردەڕەش |
| ٨ | علي میرخان علي | ١٩٦٤ | زمانی | بەردەڕەش |
| ٩ | فتح الله جرجیس بارانی | ١٩٦٦ | ئینگلیزی | بەردەڕەش |
| ١٠ | سماعیل احمد خچر | ١٩٥٤ | | بەردەڕەش |
| ١١ | فریق ابراهیم حسن | ١٩٦٥ | کۆمەلایەتی | بەردەڕەش |
| ١٢ | توفیق علی عزیز | ١٩٦٦ | | بەردەڕەش |
| ١٣ | یاسین حسن حوسێن | ١٩٥٤ | بیرکاری | بەردەڕەش |
| ١٤ | رشاد صالح توفیق | ١٩٥٢ | | بەردەڕەش |
| ١٥ | فهد سلیمان خالد | ١٩٦٢ | زانست | بەردەڕەش |
| ١٦ | شعبان محی الدین جبج | ١٩٧٣ | | بەردەڕەش |
| ١٧ | غازی میرخان علی | ١٩٦٩ | پەروەردا | بەردەڕەش |
| ١٨ | هاوار رشاد عەبدولموتەلیب | ١٩٦٣ | وەرزش | بەردەڕەش |
| ١٩ | عبدالقهار رشید سماعیل | ١٩٦٩ | هونەر | بەردەڕەش |

### سەرپەرشتیارانی پەروەردەیی لە کۆمەلگەی کەلەکچی /شێخان ساڵی خوێندنی ٢٠٢١ـ٢٠٢٢

| ز | ناوی تەواوی | لە دایک بوون | پسپۆری | تێبینی |
|---|---|---|---|---|
| ١ | رەشیدمحمود ئەحمەد | ١٩٦٧ | مێژوو | |
| ٢ | حجی حەمید یاسین | ١٩٦٤ | وەرزش | |
| ٣ | محەمەد قادر حوسێن | ١٩٧٩ | زانست | |
| ٤ | جمال جەمیل یاسین | ١٩٧٦ | کوردی | |
| ٥ | تاهر ئەسعەد صالح | ١٩٦٤ | زانست | |
| ٦ | سەعدی ئەحمە عبدالله | ١٩٧٠ | ئینگلیزی | |
| ٧ | وەعدالله حمید یاسین | ١٩٨٠ | زانست | |
| ٨ | میکائیل عبدالمەجید | ١٩٧٠ | بیرکاری مێژوو | |
| ٩ | یونس خدر مەحمود | ١٩٦٣ | مێژوو | کۆچی دوایی کردووە |
| ١٠ | محەمەد ئەسعەد صالح | ١٩٦٣ | کوردی | کۆچی دوایی کردووە |

**ـ شارەوانی بەردەڕەش :**

شارەوانی بەردەڕش له ١٩٦٦/٤/٢٦دامەزرایه ، بەر لەو مێژووە بەلگە فەرمییەکانی له لایەن بەرێوەبەری ناحیه واژوو دەکران ، هیچ رۆلێکی بەرچاوی نەبووە و گرنگی پێ نەدراوە بۆ پێشکەوتنی شارۆچکەی بەردەڕەش ، تاکو دوای سەرهەڵدانی ١٩٩١ حکومەتی هەرێمی کوردستان دەستی به ئاوەدانکردنەوەی شار و شارۆچکەکان و لادێیەکانی کوردستانی کرد ، له ساڵی ١٩٧٦/١٩٧١ ( ئەحمەد اسماعیل معروف ) وەك یەکەم بەرێوەبەری شارەوانی هاتە دەسنیشانکردن ، ، له ساڵی ١٩٧٩کارەکانی ناحیه و شارەوانی لێکجوداکران دوای ئەو ( نوح محەمەد علی ) ، ( علی مجید حسن ) تاکو بەرواری ١/٦/ ١٩٩٥ بەردەوامبون. دوای ئەو ( لوقمان ئەحمەد یونس ) بوو بە سەرۆکی شارەوانی بەردەڕەش لەسەردەمی ئەو دەستی کرد به چاندنی دار له هەردوو لای شەقامی دەروازەی هاتنە ناو شارۆچکەی بەردەڕەش تاکو ئامیان ، پێشنیاری پرۆژەیەکی کرنگی کردبوو دابێنکردنی ئاوی خواردنەوە له زێی بادینان بۆ سەنتەری شارۆچکەی بەردەڕەش گوندەکانی ، له ساڵی ٢٠٠١ هەڵبژاردنی سەرۆك و ئەنجوومەنی شارەوانی ئەنجامدرا و به پاڵپشتی حکومەتی هەرێم شارەوانی بەردەڕەش پێشکەوتنی به خۆوە بینی و به تەواوی کەوتە کار بو خزمەت کردنی شارۆچکەی بەردەڕەش .له ڕۆژی ٢٦/ ٥ / ٢٠٠١پرۆسەی هەڵبژاردن ئەنجامدرا ( قاسم ئیبراهیم )بوو سەرۆکی شارەوانی له گەڵ هەشت کەس به هەلبژاردن بوونە ئەنجوومەن ئەوانەی خوارەوە بوون: ١ ـ عبدالرحمن حسن دارەوان ٢ ـ لەزگین عبدالله مغاری ٣ ـ بەهجەت رەسول گەرزە ٤ ـ عەونی قەچۆ ٥ ـ جلال فتاح ٦ ـ شێخ مسلح بەرزنجی ٧ ـ عەلی محەمەد حەمۆ . پاشان ئەو بەرێزانە بوونە رێڤەبەر : بەیار موسی علی مێشه ، ئەندازیار عمر سلیم و ئێستا ٢٠٢٢ ز بەرێز سیروان حسن قادر سەرۆکی شارەوانی قەزای بەردەڕەشە .

رووبەری سنوری شارەوانی بەردەڕەش ( ١٠ کم٢ ) دەبیت ، سنوری شارەوانی بەردەڕەش له ( ٤ ) بانزینخانە و ( ١٥ ) مزگەوت و ( ٥ ) بازار هەیه ، زیاتر له دوو هەزار مولەتی بیناسازی، خانوو و دوکان و بالەخانەی بازرگانی و تەلاری نیشتەجێ بوون له سنوری شارەوانی بەردەڕەش دراوە.کارگەیی جۆرا و جۆر له سنوری شارەوانی بەردەڕەش هەیه ( کارگەی غاز ، ئەلمنیوم ، پی ڤی سی ، دارتاشی و ئاسنگەری... هتد )هتد .یەك یاریگای تۆپی پێی گەورە هەیه. سەرچاوەکانی داهاتی شارەوانی بەردەڕەش بریتیه له داهاتی ( مۆلەتی ئاوەدانی و تۆمار کردن و کرێ دوکانەکانی شارەوانی و به کرێ دانی ئامێرەکان ) ..

## ـ خوێندنی بالاَ:

### ـ پەیمانگەی تەکنیکی قەزای  بەردەڕەش :

دوای بە قەزا بوونی  بەردەڕەش  و هەبوونی مەڕجەکانی کردنەوەی پەیمانگا و داواکاری جەماوەری  بەردەڕەش  و گرنگی خوێندن ، بڕیاری کردنەوەی پەیمانگای تەکنیکی بەدەرەش لە لایەن حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ١/٧/ ٢٠٠٩ درا ولەسەر ڕووبەرێکی١٠٣دۆنم زەویدامەزرا. بالەخانەیەکی زۆر گونجاو بۆی هاتە تەرخان کردن ، ٨٣دۆنم زەوی مایە ئایندە ئەگەر بەرفراوان بکرێت. قوتابیان بەفەرمی  بۆ خویندنی سالّی ٢٠٠٩ – ٢٠١٠ لە پەیمانگای ناوبراو هاتنە وەرگرتن و پێش وەخت ژمارەیەك مامۆستای خەلّکی دەڤەرەکە ئەوانەی هەلّگری بروانامەی ماستەر و بەکالوریوس ئامادەیی خۆیان دیار کرد بۆ وانە وتنەوە تەنها پێنج ماوەستابوون . پەیمانگەی تەکنیکی  بەردەڕەش  لە سالّی ٢٠١٨(خولی شەشەم) ، پێنج بەشی هەیە  ،  لە ١٨مامۆستاوهەندێ وانەبێژی پسپۆری لە شاری دهۆك و هەولێر دێن وانە دەلێنەوە ،  ٨٣ فەرمانبەر و ٦ بەشە ناخۆی هەیە (٧٥٠) قوتابی تێدا دەرچووە ،  بە بێ جیاوازی قوتابیانی لە هەموو شارەکانی کوردستان لە خۆ دەگرێت.[81]

### ـــ بەرێوەبەرایەتی  کشتوکالّی  بەردەڕەش  :

بەرێوەبەرایەتی  کشتوکالّی  بەردەڕەش  لە سالّی ٢٠٠٧ دامەزراوە و پێشتر هۆبەیەك بوو سەر بە بەرێوەبەرایەتی  کشتوکالّی ئاکرێ . دوای  پەیدابوونی تەرەکتۆر هەموو زەوییەکانی لەدەشت و زورگ دەهاتە کێلان  ، کشتوکال پەرەی ساند  ، کۆی گشتی زەوی لەقەزای بەردەرەش رووبەڕی (٨٩٣)کم٢ ، پانتایی زەوی کشتوکالّی بەکەلّكو بێ کەلّك بریتییە لە (٣٥٧٢٠٠) دۆنم  .(٢٥٢٣٧٥) دۆنم زەوی کشتوکالّی بەکەلّك. (٢٤١٥٩٦) دۆنم بۆ کشتوکالّی دێمی بەکاردێت  .(١١٠٨٢١) دۆنم زەوی مولّکە.   (١٠٤٠٠) دۆنم+ (١٠٨٨٥) دۆنم بۆ شینایی بەکاردێت.

ژمارەی جوتیاران ، گیانەوەر، کێلگە و ئامێرەکان بۆ سالّی ٢٠٠٧:ـ

جوتیار: ٧٣٥٠ ، مەڕ: ٥٠,٠٠٠ ،  بزن: ١٨,٠٠٠ ، چێل: ١١,٠٠٠ ، کێلگەی پەلەوەر: ٧٥  ،  حەوزی ماسی: ٩ ،    شانەی هەنگ: ٤١١٩ ، دەراسە: ٦٠ ،   تراکتۆر:  ٥٢٩  ، ترومپای ئاو:  ١٣٣٧

[81]– چاوپێکەوتن : دکتۆر سمیر محو ، ڕاگری پەیمانگەی  بەردەڕەش  لە بەرنامەی کاروان تەلەفزیۆنی کوردستان

| سەرژمێری گشتی جۆتیاران ساڵی ٢٠٠٢ لە ناحیەی بەردەرەش (٨٢) | | | | |
|---|---|---|---|---|
| جۆتیار | بیری ئیرتوازی | ترمیای ئاو | تراکتۆر | دەراسە |
| ٦١٣٤ | ١٧٤ | ٩٠١ | ٦١١ | ٣٣ |

**بەربوومە کشتوکاڵییەکان هاوینی ساڵی ٢٠٠٧ (٨٣)**

| | ناوی بەرهەم | بڕی تۆ بۆ یەک دۆنم | بڕ : دۆنم - تەن |
|---|---|---|---|
| ١. | تەماتە | ٢٠٠ ـ ٢٥٠ غم | ٣ ـ ٥ |
| ٢. | خیار | ٥٠٠ غم | ١,٥ ـ ٣ |
| ٣. | باینجان | ٢٥٠ غم | ٢ ـ ٣ |
| ٤. | بامیە | ٤ ـ ٦ کغم | ٢,٥ ـ ٥ |
| ٥. | شوتی | ٥٠٠ ـ ٦٠٠ غم | ٣ ـ ٤ |
| ٦. | گندۆرە | ٥٠٠ ـ ٦٠٠ غم | ٣ ـ ٦ |
| ٧. | پیاز | ٢ ـ ٣ کغم | ٢ ـ ٤ |
| ٨. | کودی | ٧٠٠ غم | ٣ ـ ٤ |
| ٩. | بیبەر | ٢٠٠ ـ ٢٥٠ غم | ٣ ـ ٤ |

- بەربوومی زستانی ساڵی ٢٠٠٧:

| ز | ناوی بەرهەم | بڕی تۆ بۆ یەک دۆنم | بەرهەمی یەک دۆنم- تەن |
|---|---|---|---|
| ١. | گەنم | ٢٥ ـ ٣٠ کغم | ٢٢٠ ـ ٧٥٠ کغم |
| ٢. | جۆ | ٢٥ ـ ٣٠ کغم | ٢٥٠ ـ ٧٥٠ کغم |
| ٣. | پاقلە | ٢٠ کغم | ٣٠٠ ـ ٥٠٠ کغم |
| ٤. | نۆک | ١٠ ـ ٢٠ کغم | ١٥٠ ـ ٣٠٠ کغم |
| ٥. | نیسک | ١٥ ـ ٢٠ کغم | ٣٠٠ ـ ٤٠٠ کغم |
| ٦. | شێلم | ٢ ـ ٤ کغم | ٣ ـ ٤ تەن |
| ٧. | چەوەندەر | ٥ ـ ٦ کغم | ٣ ـ ٤ تەن |
| ٨. | سلق | ٦ ـ ٨ کغم | ٢ ـ ٣ تەن |

**قەزای بەردەڕەش ٢٩٥٠٠٠ دونم زەوی بە کەلکی هەیە بۆ کاری کشتوکاڵی ، لە ساڵی ٢٠١٨ (١٨٠٠٠٠) دونم زەوی گەنم دەچێنرێت ، (٨٠٠٠) دۆنم زەوی بۆ چاندنی پەتاتە ، (٢٥٠٠) دۆنم زەوی برنج چێنراوە ، ئەوەی تر جۆو نۆك و بیستانی دێمی(گوندۆرەو تەرۆزی) شینایی ئاوی وەکو (شفتی تەماتەو کودی و باینجان و بامیەو سلق و تفر...) دەهاتە چاندن.لەسنووری قەزای بەردەڕەش ئەگەر کشتوکاڵی بە شێوەیەکی زانستی ساخبێری بکرێت**

---

٨٢ـ بەڕێوەبەرایەتی کشتوکاڵی بەردەڕەش ـ بەشی ئامار بۆ ساڵی ٢٠٠٢

٨٣ـ بە سوپاسەوە لە : علی محمد سلێمان بەرپرسی خۆیەتی قائمقامییەتی قەزای بەردەدەرەش وەرگیرایە

خۆراکی یەك ملیۆن کەسی تێدا بەرهەمدەهێنرێت ، (٧٥) کێلگەی پەلەوەر و یەك مەفقەسی بەرهەمهێنانی جوچکەی هەیە ، ٦٥٠ بیری ئیرتیوازی هاتیتە کۆلان بۆ کاری کشتوکالی بەکاردێن . ئەم دوو خشتەیە ڕێژەی بەرهەمەکانی دانەوێلەو رەهدار بەم شێوەبوو. [٨٤]

| گەنمی دێمی | | گەنمی ئاوی | | جۆی دێمی | | نۆك | پاقلە |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| تەن | ڕێژە | تەن | ڕێژە | تەن | ڕێژە | تەن | نەن |
| ٨٦١٠٠ | ٢٥,٣ | ٨٤٠٠ | ٢٤,٦ | ٨٠٥٠ | ٤٤,٧ | ١٧٥٠ | ٩٨٠ |

بەرهەمەکانی رەهدار

| پیاز | | سلق | | تقر | | پەتاتە | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| تەن | ڕێژە | تەن | ڕێژە | تەن | ڕێژە | تەن | ڕێژە |
| ٣٦٢ | ١١,٧ | ١٧١ | ٥٥,٥ | ٢٤٥ | ٣٨,٥ | ١٨٥٥٠ | ١٦,١ |

## ـ سەنتەری ڕۆشنبیریی بەردەڕەش :

توانای رۆشنبیری لاوانی دەڤەری گۆرانەتی لەلایەن رژێمەکانی یەك لە دوای یەکی عیراق کپ کرابوو ، خوێندن بە زمانی عەرەبی بوو ، دوای شۆڕشی ئەیلوول ، لە ئەگەری ئاوارەبوون ، خەڵکەکەی شارەزا و چاوکراوەتر بوون. لە دوای گەڕانەوەیان بۆ شوێنی زێدی بابوباپیران بە تایبەتی لە دوای راپەڕین خەڵکی سوودیان لە چاپەمەنیە کوردییەکان وەردەگرت.

لە ڕۆژی ٤/ ٥ / ١٩٩٤ بنکەی رۆشنبیریی بەردەڕەش دامەزرا کە لەو ئەندامانە پێکهاتبوو: ( ١ ـ سعید مەموزینی ٢ ـ سعید بارانی ٣ ـ غازی رمەزان ٤ ـ علی میرخان ٥ ـ حازم ئەمین ٦ ـ جمال ئەحمەد رەمەزان ٧ـ جوهەر حەسەن ) بنکەی رۆشنبیری بەردەڕەش لە کۆنفراسێك ناوی گۆڕا بۆ ( سەنتەری رۆشنبیریی بەردەڕەش ) تاکو کۆنفراسی پێنجەم ئەو بەرێزانە لە دەستەی سەرپەرشتی بەردەوامبوون: سعید مەموزینی ، غازی رەمەزان ، سعید بارانی ، صالح موتەلیب ، سعید مەلا صالح بۆتانی ، ئەحمەد بەدەل ، مامۆستا عبدالقادر عبدالله ، یاسین حسن.ئەم سەنتەرە ، سەنتەرێکی سەربەخۆیە و لە ڕۆژی ٦ / ٩ / ١٩٩٧ مۆڵەتی فەرمی کاری خۆی لە وەزارەتی ناوەخۆی کابینەی سێیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان وەرگرتووە و جۆرەها چالاکیی رۆشنبیریی و ئەدەبی ئەنجامداوە و گۆڤارێك بەناوی ( گۆڤاری خازر )دەردەکات، کۆمەڵە گەنجێکی بەردەڕەش خۆبەبەخشانەو بێ هیچ بەرامبەرێك پشتیوانییان لەم گۆڤارە

---

٨٤ـ لێکۆلینەوەکی سەرژمێری بەرهەمەکانی دانەوێلەو رەهدار لە وزارەتی چاندنی حکومەتی هەرێم بۆسالی ٢٠١٣/٢٠١٤ لە قەزای بەردەڕش

دەکرد. حکومەتی هەرێم لەساڵی ٢٠٠٨ بارەگایەکی رێكوپێکی بە بودجەی زیاتر لە ٢٠٠ملیۆن دیناری عیراقی تەرخانکرد ، هەروەها کۆکردنەوەی توانستە رۆشنبیرییەکانی دەڤەرەکە و رەخساندنی هەڵی گونجاو و هەروەها پاڵپشتی کردنی بەهرەمەندەکانی دەڤەرە ، بەیەکتر‌ناساندنی رۆشنبیرانی دەڤەرەکە ، ئاواکردنی ئاواهی پەرتوکخانە و مۆزەخانەی کەلەپووری بەردەرەش لە سەر بوجەی پارێزگا تەواو نەکرایە [٨٥]

**- بنکەی ڤێتێرنەری بەردەرەش :** لە سەرەتادا هۆبەیەك بوو سەر بە کشتوکاڵی بەردەرەش و لە ساڵی ١٩٩٨ لە لایەن رێکخراوی هابیتات بینایەی بەشی بەیتەرە و سامانی ئاژەل و خانووی پزیشکی بەیتەری بە کوژمەی ( ٢٨,٩٥٤ ) دولار دروست کرا.بنکەی ڤێتێرنەری بەردەرەش چەند پزیشکی بەیتەری و برین پێچی بەیتەری هەیە.ئەو خزمەت گوزاریانەی بنکەی ڤێتێرنەری بەردەرەش بە جوتیارانی خاوەن مەڕ و ماڵت پێشکەش دەکات ئەمانەن :

١- هەڵمەتی کوتاندن دژی نەخوشیەکانی هاوبەش لە نێوان مرۆڤ و ئاژەل ( انتراکس ، حمی مالگا ).هەڵمەتی کوتاندن دژی نەخوشیەکانی ترسناك لە ناو ئاژەلدا(تەبەقە ، تاعون ، خوریکە

٢- چارەسەرکردنی نەخوشیەکان ئاژەلی تاك لەناو بنکە .

٣- پشکنینی ئاژەل پێش و پاش سەربڕین لە سەربڕخانەی بەردەرەش .

٤- بەدوا داچوونی شوێنی گۆشت فرۆشەکان لە ناو بازاڕ .

٥- بەدوا داچوونی پرۆژەکانی پەلەوەر

٦- پشکنینی خێرا بۆ نەخوشی ئینفلەوەنزای پەلەوەر پێش ناردنی پەلەوەر بۆ سەربڕخانە.

٧- چاککردنی بەکەل بوونی مانگا ( التلقيح الاصطناعى ).

بە پێی راپۆرتی ( رێڤەبەری سامانی ئاژەلی ) لە١٧/١١/٢٠٠٧ کۆکرایەوە ژمارەی ئاژەلان لە سنوری قەزای بەردەرەش بەم شێوەیە بووە: ئاماری سامانی ئاژەلی لە قەزای بەردەرەش [٨٦]

| ساڵ | پەز | بزن | چێل | پەلەوەر | دەوار |
|---|---|---|---|---|---|
| ٢٠٠١ | ٥٨٣٠٧ | ١٤٢١٤ | ١٤٠٤٥ | ١٥١٥٨ | ٤١٨ |
| ٢٠٠٧ | ٥٦١٢٧ | ٩٧١٤ | ١٠٢٣٤ | ١٢٦٩٠ | ٣٤٠ |
| ٢٠٠٨ | ٢٥٠٠٠ | ٥٠٠٠ | ١٠٠٠٠ | ٢٠٠٠٠٠ | ٣٠٠ |
| ٢٠١١ | ٤٥٠٠٠ | ١٠٠٠٠ | ٤٠٠٠ | ١٠٧٦٩ | ٣١٥ |
| ٢٠١٢ | ٦١٢٤٤ | ١٢٥٠١ | ٢٠٣٧ | ٩٦٥٥٠ | ٢٩٧ |

٨٥- لە سەنتەری رۆشنبیری بەردەرەش وەرگیراوە ساڵی ٢٠٢٠

٨٦- ماموەستا مەروان صالح میکائیل ، تۆژینەوەیەك لەسەر (شارۆچکەی بەردەرەش) بۆ بەدەستهینانی بڕوانامەی بەکالۆریۆس لە کولیژی ئاداب هەولێر

سەرژمێری وەزارەتی چاندی کشتوکاڵی هەرێم ساڵی ٢٠١٣

| ساڵ | مەڕ | بزن | چێل | مریشك | کێڵگە | کێڵگەی ماسی |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ٢٠٠٧ | ٥٦١٢٧ | ٩٧١٤ | ١٠٢٣٤ | ٧٨٦٧١٠ | ٧٩ | ٢٥ |
| ٢٠١٣ | ٨٩٨٠٣ | ١٥٥٤٢ | ١٠٠٢٠ | ٨٦٥٠٠٧ | ٨٢ | ١٥ تەن |

## ـــ فەرمانگەی ئاو و ئاوەڕۆکانی بەردەڕەش :

(هۆبەیا ئاوی بەردەڕەش )لە ساڵی ١٩٧٩ هاتە دامەزراندن ، ئەو فەرمانگەیە سەرپەرشتی سەرچاوەکانی ئاوی خواردنەوە و هەموو بیرەکانی ئیرتیوازی کە ژمارەیان نزیکەی ( ١٩٠ ) بیرەکان دەکەن لە سەرانسەری قەزای بەردەڕەش کەژمارەیان بەم شێوەیە :

سەنتەری قەزای بەردەڕەش ٣٩ بیری ئیرتیوازی .

سەنتەری ناحیەی دارەتوو ١١ بیری ئیرتیوازی.

سەنتەری ناحیەی رۆڤیا ٩ بیری ئیرتیوازی.

ئاوی دەورووبەر( ٨٥گوند ) ١٣١ بیری ئیرتیوازی .

کۆی گشتی بیرەکانی ئیرتیوازی بۆ ئاوخواردنەوە دەکاتە (١٩٠)بیر ، فەرمانگەی ئاوی بەردەڕەش سەرپەرشتی و چاودێری و سەخبێرییان دەکات ، هەروەها (٥) پێنج کۆگای گەورە بۆ گلدانەوەی ئاوی خواردنەوە هەریەکەیان لەوانە (٢٠٠) مەتر موکەعەب ئاو دەگرێت بۆ نموونە یەك لەوانە کە پیێ دەڵێن ( کانی حوسێنە ) لە سەنتەری قەزای بەردەڕەش پرۆژەیەکی ئاوی خواردنەوەی لەسەر دانرا لەلایەن رێکخراوی قەندیل ئاوی خواردنەوە بۆ ژمارەیەکی زۆری دانیشتووانی بەردەڕەش دابین دەکات. هەروەها پرۆژەیەکی ئاوی خواردنەوە لەسەر ڕووباری زیێ گەورە هەیە بو پالاوتن و دابەشکردنی ئاوی خواردنەوە بۆ ناحیەی کەڵەك و بەشێك لە قەزای خەبات .هیچ پرۆژەی ئاودێری و بەنداوی کۆکردنەوەی ئاوی باران لە سنوری قەزای بەردەڕەش نیە . لە گوندەکانی ( دولیجان مەزن ، هزار جووت ، بامەرزێ ، ئیسماوە ، کانی ئەسپان کچکە و بەردەڕەش کچکە ) سەرچاوەی ئاویان هەیە جۆگەی ئاوی کونکریت کراویان بۆ دروست کراوە لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستان کە سوودی لێ وەردەگرن بۆ چاندنی بەربوومی کشتوکاڵی لە مێژە لە بەرنامە دابوو پرۆژەیەکی مەزن دروست بکرێت ئاو رابکێشیت لە سەر زێی بادینان بۆ گوندەکانی سنووری قەزای بوردەرەش بە مەبەستی چارەسەرکردنی کێشەی کەمی ئاو ، بەڵام بارودۆخێکی نالەبار هاتە پێش ، خەمخۆریش نیە پشت لەسەر ببەستن تاوەکو ئەو پرۆژە گەورەیە جێبەجێبکرێت.

ناوی بەرێوەبەرەکانی فەرمانگەی ئاوی بەردەڕەش لە دەسپێکی دامەزراندنی تاکو ئێستا:

١ـ علی رەشید محەمەد شەریف لە ١٩٧٩ـ ١٩٨٣

٢ـ محەمەد حمد رەشید صادق لە ١٩٨٣ ـ ١٩٩٣

٣ ـ هاشم ئیبراهیم ئیسماعیل لە ١٩٩٦ تاکو١/٣/٢٠٠٨

٤ ـ محەمەد رەشید تاهر  ١/٣/٢٠٠٨ ـ ٣٠ /٨ /٢٠١٢

٥ ـ سعید شوکت مجید لە٣٠ /٨ /٢٠١٢ ـ ١ /١٠/٢٠١٣

٦ـ عبدالکریم سلیم خدر لە١/١٠/٢٠١٣ ـ ١ /٧ /٢٠١٥

٧ ـ رێبەر نازم خورشید لە ١ /٧ /٢٠١٥ ـ تا ئێستا بەردەوامە. [٨٧]

## ـ فەرمانگەی ئاوی کەڵەك :

فەرمانگەی ئاوی کەڵەك لە رێکەوتی ١٧ /٢ /٢٠١١کرایتەوە ، پێشتر سەر بە فەرمانگەی ئاوی قەزای  بەردەڕەش  بوو ، سەرپەرشتی و چاودێری ئاوی خواردنەوەی سنووری ناحیەی کەڵەك دەکات ،  فەرمانگەی ئاوی کەڵەك ، پرۆژەیەکی گەورەی ئاوی پالاوتن لە خۆ دەگرێت لەیەك کاتژمێردا بڕی(٤٢٠)م٣مەترموکەعەب ئاوی خواردنەوە بۆ سەنتەری ناحیەی کەڵەك وکۆمەلگەی بشیریان دابین دەکات، لەسیستەمی دابەشکردنی ئاوی خواردنەوەی سەنتەری ناحیە ٢١١٥ ماڵ هاوبەشن، .لەکۆمەلگای بشیریان (٧٥٠)ماڵ هاوبەشن لە ئاوی خواردنەوەی فەرمانگەی کەڵەك .کۆی گشتی بیری ئیرتوازی سنوری فەرمانگەی ئاوی کەڵەك بریتیە لە (١٨) بیری ئیرتوازی تێدا هەیە بەم شێوەی خوارەوە :

ـ سنوری ناحیە (٤)چار بیری ئیرتوازی لە خۆدەگرێت .

ـ هەفت گوندی دەورووبەری ناحیەی کەڵەك(٩)بیری هەیە

ـ کۆمەلگای بشیریان (٥) بیری ئیرتوازی تێدا هەیە .

ـ ناوی رێڤەبەرەکانی فەرمانگەی ئاوی کەڵەك

١ ـ سەهیم عبدالله عبدالقادرلە رێکەوتی ١٧ /٢ /٢٠١١ـ ٢٠١٨

٢ـ سیروان حسن قادر لە رێکەوتی ١٥ / ٣ /٢٠١٨ـ بەردەوامە. [٨٨]

**ـ فەرمانگەی دادنووسی بەردەڕەش :** ساڵی ٢٠٠٠ دادگایبەرایی بەردەڕەش هاتە دامەزراندن ، دەسپێك لە ناو دادگای کاری دادنووس ئەنجامدەدرا ، پیوەندیان لە گەڵ وەزارەتی داد هەبوو ، ساڵی ٢٠٠٥ بەرێز شێخ جلال امین وەکو یاریدەدەری دادوەری هاتە دامەزراندن ، ساڵی ٢٠٠٦ بەرێزی سوێندی یاسایی خوارد وەکو دادنووس دەستنیشانکرا .لەساڵی٢٠٠٨ وەزارەتی

---

٨٧– لە بەرێز هاشم ئیبراهیم ئیسماعیل فەرمانبەر لە بنکەی ئاوی  بەردەڕەش وەرگیراوە لە:،

٨٨ــ لەبەرێز : ئەندازیار سیروان حسن قادر ، بەرێوبەری فەرمانگەی ئاوی کەڵەك وەرگیراوە

داد و ئەنجوومەنی دادوەری لێکجودابوونەوە ، هەریەکە سەربەخۆبوون ، ساڵی ٢٠١١ دادنووسی بەردەڕەش بینایەکەی جیابویەوە و دەکەوێتە چوارپیانی خێلەکی لە سەر ڕێگای هەولێر.[٨٩]

| ئاماری هەندێک لە چالاکیەکانی دادنووسی قەزای بەردەڕەش | | | |
|---|---|---|---|
| ژ | بابەتەکانی مامەلە | ساڵی٢٠١٣ | ساڵی٢٠١٩ |
| ١ | هۆشداری | ٨٢ | ٤١ |
| ٢ | کۆمپیالە | ٨٦ | ٤٦٢ |
| ٣ | ڕێککەفتن | ٢٥ | ٥ |
| ٤ | بەلێندان(تعهد) | ٥٩٢٤ | ١٣٤٠ |
| ٥ | بریکاری گشتی | ١٩٦٦ | ١٣٧٢ |
| ٦ | بریکاری تایبەت | ٩٧٥ | ٣٦٧٦ |
| ٧ | دەستەبەری | ٢٩٠٨ | ٤١٨ |
| ٨ | پەسندکردنی قوالە | ٢٨٥ | ٤٧٠ |
| ٩ | هەڵوەشاندنەوە | — | ١٧ |

## ـ گروپی خوێن بەخشین و ژیان لقی بەردەڕەش

لە ڕێکەوتی ٨ /٣ /٢٠١٨ گروپی خوێن بەخشین لە بەردەڕەش هاتە دامەزراندن بەرێز: شێروان عوسمان حسن سەرپەرشتی دەکات لەگەل چەند کارگێر ئەندامانە تر ، لقی سەرەکی گروپی خوێن بەخشین و ژیان سەر بە ڕێکخراوی خوێن بەخشینی سۆرانە.

## ڕێکخراوی دلڤژینی خوێن بەخشین :

لە ڕێکەوتی ٢١ /٢ /٢٠٢١ دامەزرا ڕێکخراوێکی مەدەنی سەربەخۆیە گروپی خوێن بەخشینی دلڤژین بنکەی سەرەکی لە قەزای بەردەڕەشە ، ماموستا هیوا محەمەدئەمین یوسف ڕەزامەنی ئەو ڕێکخراەی بە ناونیشانی (ڕێکخراوی خوێن بەخشینی دلڤژین) مۆلەتی بەدەستهێنا لە سنوری هەسێ قەزای بەردەڕەش ، ئاکرێ و شێخان چالاکانە کاردەکەن ، ناوی زۆر هاوولاتی خۆبەخش ناونیشانیان تۆمارکرایە لە کاتی پێویست یان ڕوداوێکی نەخوازیار هەبێت ئامادەنە بۆ خوێن بەخشین بۆ هەموو خەڵك و فەرمانگەکانی حکومی بە تایبەتی بۆ ئەو کەسانەی دەبەخشن کە توشی نەخۆشی تەلاسیما هاتوونە.

## ـ گروپی شاخەوانی بەردەڕەش :

لە ١/١/ ٢٠٢٠گروپی شاخەوانی بەردەڕەش هاتە دامەزراند ، دەسپێك ئەندام بوون لەگەڵ گروپی چیاڤانێن ئاکرێ ، لە کۆمەلە کەنجێك پێکهاتیە ، کاك حسیب بەرپرسی گروپە کاروچالاکییەکانیان : گەشت لە گەڵ گروپەکانی شارەکانی تری کوردستان ئەنجام دەدەن ،

٨٩ـ لە بەرێز : شێخ جەلال ئەمین ، یاریدەدەری دادوەری / بەردەڕەش وەرگیرایە

هەڵمەتی ژینگە پارێزی لە شاخەکانی کوردستان ئەنجامدەدەن.

١ـ موکومکردنی پەیوەندی کۆمەلایەتی . ٢ ـ ئەندامانی گروپ فێری ژینگە پارێزی بکرێن ٣ـ خاوێنکردنەوەی شوێنەکانی گەشت و گوزار . ٤ـ دیتنی شوێنەوارە مێژووییەکانی چیاکانی کوردستان . ٥ ـ بیرهاتنەوە خەباتی کوردایەتی لە شاخ . ٦ ـ ئاشنا بوون بە مێژووی خەباتی گەلی کوردستان ٧ ـ بەهێزکردنی هێزی جەستە .و تەندروستی لەش ساغی. [90]

## ـ کارگەی گۆزە دروستکردن (سیرامیك):

شکور عبدالقادر شەڕیف. تەمەن ٤٥ساڵ ، ماموستایی پیشەیی لەبواری سیرامیك،خاوەن کارگەی سیرامیکە لە بەردەڕەش . لەساڵانی هەفتاکان ئاوارییی ئیران بووەلەکاتیرژیمیگوربەگور، کەهەستی کرد ئاوارەیەوخەڵکیئەوولاتە نیە بیری لەپیشەیەك دەکرد بەدیاری بۆ وولاتی خۆی بباتەوە ، لە ئێران لەکارگەیەکی سیرامیك خۆی فێری کاری سیرامیك کرد بوو ، لەساڵی ٢٠١٦ لەقەزای بەردەڕەش پشتبەخواتوانی کارگەیەك دروستبکات ، جۆرەها گۆزەی دروستکرد ، کارەکانی لە کوردستان نەوازە بوو دەنگی دایەوە ، سەرنجی خەڵکانی راکێشا ، چەندجار کەناله کوردییەکان چاوپێکەوتنیان لەکەل بەرێزی سازکردبوو، ئێستاوکوماموستایی پیشەیی فێرکاری سیرامیك لەزانکوی جیهان لەهەولێر بەشی شیوکاری دامەزرا ، درێژە بەکارەکەی خۆی دەدات بۆ ئەوەی کەلتوری کوردی خومالی زیندورابگری.

٩٠ـ وەرگیراوە لەبەرێز : ماموەستا هیوا محەمەدئەمین ، بەرپرسی رێکخراوی دلژینی خوێن بەخشینی بەردەرەش و ئەندام لە کروپی شاخەوانی  بەردەڕەش .


# باسی چوارەم :

## شەڕی گۆگامیلا

## شەڕی دوو ئیمبراتۆریەتی مەزن

## ئیمبراتۆریەتی  فارسی و یۆنانی

## ڕوداوێکی مێژووییە لەدەڤەری گۆرانەتی لەبادینان روویداوە.



**ـ پێشەکی:**

**ـ مێژووی جەنگی گۆگامێلا:**

ئەم شەڕە لە ١ی ١٠ یسالی ٣٣١ی پێش زاین ڕوویداواتە ٢٣٥٣ساڵ بەرلەئێستا. رێکەوتی ١ / تشرینی یەکەم / ٣٣١ پ. ز دەشتی ناکوور ببوو گۆڕەپانی شەڕگەی دوو ئیمپراتۆر ، هەڵکەوتنی شوێنی کوردستان وەك ولاتێکی گەورەی داخراوی دوورە دەست لە کەنداوو زەریاو دەریاکان ، زیاتر باری جیۆلۆژیو جیۆپۆلەتیکی ئەم ولاتەی بەرەو سەختیو دژواری بردبوو.بۆیە خاکی کوردستان بەردەوام کەوتبوو ژێر پێی ئەسپ سوارانو ڕمبازی وولاتانی بیانی ،وولاتی کوردیان لەنێوان دوو بەرداشدا دەهاڕی.

دەوڵەتە زلهێزەکان بەدرێژایی مێژوو ، ناوە ناوە ناوچەکانی کوردستانیان هەڵدەتەکاند ، زۆر بەبێ ویژدانانە ڕەفتاریان لەگەڵ خاكو میڵلەتەکەماندا کردووە ، کوردستانیان دەکردە جێگەی شەڕگەی خۆیان ، لەئەنجامی سەرکەوتنی هەر لایەك میڵلەتی کورد زەرەرمەند دەبوو ، بەخەستی تووشی تاڵانو کوشتنوماڵوێرانیو نەهامەتی دەبوو. ئیمپراتۆریەتی فارسیو ئیمپراتۆریەتی یۆنانی دوو هێزی گەورەبوون ، لەکاتی دەرفەتیان بۆ هەڵبکەفتبایە هێرشیان بۆسەر یەکدی دەبردو خاکی کوردستان ببووە گۆرەپانی شەڕگەیان ، یەکێك لەوشەڕە هەرە ترسناكو بەهێزانەی کە لەسەرخاکی کوردستان ڕویدابوو لەدەشتی ناوکوڕی سەربەدەڤەری گۆرانەتی بوو. لەنێوان **سوپای یۆنانی** بەسەرکردایەتی (ئەسکەندەری مەقەدۆنی )**وسوپای هەخامەنشی (ئەخمینی)** بەسەرکردایەتی (داریوشی سێیەم) بوو. شەڕی ئیمپراتۆریەتی یۆنانی بەسەرۆکایەتی ئەسکەندەریمەقەدۆنی (٣٥٦_٣٢٣)پ.ز. ئیمپراتۆریەتی فارسی بەسەرۆکایەتی داریۆشی سێیەم ، دارای سێیەم٣٣٦ ـ ٣٣٠پ ـ ز

**ـ ئەسکەندەری مەقدۆنی کێیە:**

لەساڵی(٣٥٦) پ ـ ز لەمانگی تەمووز لە شاری (بیلا ) لەدایك بووە ، باوکیفیلیپی دووەم دامەزرێنەرو مەلیکی وولاتەکەی بووە ، سەرکردەیەکی سەربازی ناوداربووە ، دایکی ناوی (ئۆلمبیاس) ئەمیرەت ئەبیرۆسوە کچی مەلیك (نیوبتۆلس) بووە ، ئەسکەندەری مەقدۆنی لەلایەن باوکییەوە لەشکرێکی ئامادەکراوی بە هێزی لەبەر دەست بوو ، ئەسکەندەری مەقدۆنی تەمەنی ١٢ساڵانبوو دەستی بەسوارچاکی کرد سواری هەسپێك بوو بەناوی(بۆسی فالۆس) کەس نەدەوێرا سواری ببێت ، باوکی بە شانازییەوە پێی گوت لەوولاتێك بگەرێ شایستەی تۆ بێت ئەوهەسپە لەلای مابوو تاکوو لە هیند مرد ، لەوێ شارێکی بەناوی (بۆسی فالۆس) ئاوا کرد. دوای ئەوەی باوکی ئەسکەندەری مەقدۆنی شارو پارچەکانی یۆنانی رێك خست بڕیاری دا هێرش بکاتە سەر ئیمپراتۆریەتی فارسیبەلامساڵی٣٣٦پ. ز کوژرا و مرازی حاصل نەبوو ، هێشتا

تەمەنی ئەسکەندەری مەقدۆنی نەگەیشتبوو ٢٠ساڵی دەسەڵات

وەرگرتوو بوو مەلیکی مەقدۆنیتوانی زال بیت بە سەر هەموو دوژمنانی و لەشکرێکی بەهێزی دامەزراند تاوەکو هێرش بکاتە سەر ئیمپراتۆریەتی فارسی کە باوکی بڕیاری لەسەر دابوو ، لەو سەردەمی ئیمپراتۆریەتی فارسی کەورەترین ئیمپراتۆریەت بوو لە دونیادا. ئەسکەندەری مەقدۆنی توانی بەچار شەڕی گەورە ئیمپراتۆریەتی فارسی داگیر بکات ، شەڕەکان ئەمانەن: ـ

١ـ شەڕی ترانبکۆس  ٣٣٤پ ـ ز لە رۆژ ئاوای ئەنادۆل.

٢ـ شەڕی ئیسۆس٣٣٣پ ـ ز لەنزیك شاری ئەسکەندەرۆنە.

٣ـ شەڕی  گۆگمێلاساڵی٣٣١پ ـ ز لەگوندی جۆمل لەسەر ڕووباری گۆمر دەڤەری گۆرانەتی لەکوردستانی باشوور.

٤ـ شەڕی هیداسپ ٣٢٦پ ـ زلە هندستان.

## ـ داریۆس کێیە:

داریۆس یان دارای سێیەم٣٣٦ ـ ٣٣٠پ ـ ز مەلیکی کۆتایی ئیمبراتۆریەتی فارسی بوو، دامەزرێنەری راستەڤینەی ئیمبراتۆریەتی فارسی کۆرشی دووەم بوو (٥٥٩ـ ٥٣٠)  ئەو سەردەمی ئیمبراتۆریەتی فارسی زیاتر لە٢٠ ویلایەت پێکهاتبوو هەر لە هیندستان لای رۆژهەڵاتی تاکو دەگەیشتە فریجینیاو ئییونیا نزیك یۆنان لای رۆژ ئاوای.

**خەرج و خەراجی:**

خەرج خەراجی ئەو ویلایەتانە ساڵانە کۆدەکرایەوە هەمووی دەگەیشتە پایتەختی ئیمبراتۆریەتی فارسی دەبێ چ قەدەر سەروەت وداهات بێت ، دەگێرنەوەو دەڵێن: کاتی ئەسکەندەری مەقدۆنی پایتەختی  ئیمبراتۆریەتی فارسی داگیرکرد تەنها زێری ناو خەزینەکەی بریتی بوو لە(٧٢٩٠ ) تەن زێرو زیو.

**ـ هۆکاری دروستبوونی جەنگ :** جگە لەوەی جەنگی فراوانخوازی بۆتۆڵەکردنەوەش بووە لەیەکتری کەپێشترئیمپراتۆری فارسی  چەندین ناوچەی تری رۆژئاوای لەژێردەستبوە. فلیفۆس باوکی ئەسکەندەری یۆنانی مەلیك بوو لەسەر مەقدۆنیاو وولاّتانی تر ، لەگەڵ دارای پێکهاتبوو ساڵانە خەرج وخەراجی خۆی بو دارە رەوانە بکات ،  فلفۆس مرد ئەسکەندەری مەقەدۆنی لە شوێنی بابی بوو مەلیك و دەستی بە سەر گشت وولاّتانی رۆم داگرت ، بەری هەنگی چەندین شەرکرابوو ، هێزو توانای خۆی کۆکردەوەو لەشکرێکی بە هێزی دامەزراند ، خەرج و خەراجی ساڵانەی خۆی بۆ دارا رەوانە نەکرد کە بریتی بوو لە هێلکەیەکی زێر لە دارای بێمنەت بوو، خەبەر گەیشتە دارای ، دارا زۆر تورە بوو گەفی لە ئەسکەندەری کرد، بە توندی ئاگاداری کردەوە سێ نیشانەی بە دیاری بۆ ئەسکەندەری بەرێکرد بریتی بوو لە: داردەستێك(صۆلیجان) و تۆپێك

و لەگەڵ تورە کونجی. بۆی نووسیبوو: (تۆ هێشتا منداڵی واز لەمەلیکاتی بهێنە ، بۆ خۆت بەو داردەستە تۆپانێ بکە و ئەگەر نا قۆلبەستت دەکەم ، سەربازم هێندی ئەو دەنکە کونجیانە زۆرە ، هێلکە زێرینەکەی رەوانە بکە ئەگەر نا لە ناووت دەبەم) . ئەسکەندەری مەگدۆنی لە نیازی دارای تێگەیشت ، سێ نیشانەکەی دارای بە پێچەوانەوە شلۆڤە کرد پێناسە ئاوات و خواستی خۆی دیارکرد و بۆی نووسی بوو: بەو داردەستە گۆلت لێدەکەم ، تۆپەکە لە شێوەی گۆی زەوییە مولکی تۆ دەخەمە سەر مولکی خۆم ، لە جیاتی کونجی یەك تورە پڕ هەرزنی بە دارای رەوانە کرد واتە لەشکری من هێندە زۆرە ، تێدا نووسرابوو مریشکمان کوشتەوە و گۆشتەکەمان خوارد و هێلکەمان نەمایەبۆت رەوانە بکەین ، رازامەندی ، براینە.رازی نیت چیتنەکردیە بیکە.هەردوولا خۆیان ئامادەکرد بۆ شەڕ ، شەڕی گۆگامیلای لێکەوتەوە ، لەکۆتایی هێز بەکارهیناو پەلاماری یەکتریاندا.[91]

بۆیە سوپای ئەسکەندەرگەورەترین نەیاری خۆی لەناوچەکەشکاند وفراون خوازی دەستەڵاتی خۆی بەرەوخۆرهەڵات زیاتر کرد. شوێنی گۆڕەپانی جەنگی گۆگامێلا دەکەوێتە دەشتاییەکانی ( دەشتی ناوکوڕ) لە قەزای بەردەڕەشی ئێستا لەڕووی کاگێڕیەوە سەربەدهۆکە و دەکەوێتە نێوان سێ پارێزگا ، شوێنی شەڕەکە بەدووری٩٠کیلۆمەتر لەناوەندی شاری هەولێرەوە دیاریکراوە کە ئەوکات ئەربێلا سنووری جوگرافی فراوانتربووە. هێڵی پانی و درێژی گۆڕەپانی جەنگ تائێستا بەپێی دووایینگەڕان ودیکۆمێنتەکان شوێنەکە دەکەوێتە ناو دەشتی ناوکوڕ لە سەر ڕووباری خازر گوندێك هەیە بەناوی گۆمل لە سەر جۆگەی کۆملە دیاریان کردووە ئەمەهێلی پانی ودرێژی یاخۆد هێلی خۆرهەڵاتوباکوور. NorthوEast ٣٦°٣٣'٣٦,٠" N ٤٣□٢٦'٣٨,٤"E ، ڕووبەری گۆڕەپانی جەنگی گۆگامێلا: بەپێی زۆربەی سەرچاوەکان ڕووبەری گۆڕەپانەکە ١٠کیلۆمەتردوو جایە واتە دەکاتە (١٠٠)ملیۆن مەتری چوارگۆشە. ئەمریکیەکان ، یۆنانی وئیتاڵیەکان چەندین هەوڵیانداوە بۆئەوەی شوێنی شەڕەکە بسەلمێنن وبپشکنن،چونکەئەوجەنگە لەنێوان خۆرئاواییەکان وخۆرهەڵاتیەکاندا ڕوویدا خۆرئاواییەکانیش بەسەر خۆرهەڵاتدا سەرکەوتن. بەبۆچونی خۆیان بۆیە تامەزرۆن وگرنگی زۆرپێدەدەن.[92]

---

٩١ – ابن الاثیر ، الکامل ڤ التاریخ ، لاپەرە(٢٧٩)٦٣٠کۆچی مردووە

٩٢ ــ لە دوای لەناوچوونی رژێمی بەعسی صەدام. گەورە ئەفسەرانی ئەمریکا لێکولینەوەیان دەکرد لە سەر دیاریکردنی شوێنی ڕووداوی شەڕی گۆگامیلا ، لە ئەنجامدا لەسەر تاشە بەردێك بە سێ زمان (ئەنگلیزی ، کوردی ، عەرەبی ) نوسراوە ، مێژوو شوێنی شەڕەکە دیاری کرایە ، لەسەر گردێکی بەرز لە گوندی کانیلان بەرامبەر ئاوی گۆمل دانرایە.

## ـ ناو وشوێنی گۆگامیلا:

ناوی ئەو شەڕە لەکتێبە مێژووییەکاندا بەگەلێك شێوە هاتییە وەکو :

(کوکمێل ـ کاوگوملا ـ گۆکملا ـ کۆکملا ـ غۆغامیلا ـ کوکاملا ـ کۆکامالٚ ـ کوکامیلا ـ کوکەنیلا ـ هەندە سەرچاوە دەڵێن اربیلا )لەبەر ئەوەی شەڕیکی مەزن بوو بەزور لە زمانەکان نووسرایە هەر یەکە بەشێوەزار گۆتن و زمانی خۆیان نووسیوە ، بۆیە دەربڕینی ووشەی گۆگامیلا بەوەندە جۆرە گۆڕایە ،

لە کتێبی (بلوتارك ) گۆگامیلا: بەواتای ژینگەی حۆشتران یان خانەی وشتران وەرگیرایە ، وەهەندێ لەمێژوونوسان بە لەوەڕگای حۆشتران ناوی دەبەن و هەندێ لە نووسەران دەڵێن: بنچینەی دروست بوونی ناوەکە پەیوەست دەکەن ، بەرووداوێکی مێژوویی ئەویش ئەوەیە:

داریۆشی سێیەم پاشای فارسە ئەخمینیەکان ، لەو شەڕە زۆری نەمابوو لەناو بچێت ، لە پێدەشتەکانی دەشتی ناوکوڕ لە بناری چیای مەقلوب ، حۆشتر لەو مەینەتە رزگاری کرد ، بەسواری حۆشتر ڕای کردبوو ، چونکە جزیرەی موسل و دەوروبەری بە دوورگەی ووشتر دەناسرا ، ئەو هەڵاتنە لە گوندی(گۆمل) لەسەر روباری کۆمر ، لە باکوری گوندی قایماوا ئاوەکەی دەرژێتە ناو ئاوی ڕووباری خازر ، لەسەر پردی مەندان بەلای راست رێگای بۆ دەچیت.بۆ دەست نیشان کردنی شوێنی شەڕەکە بیروبۆچوونی جیاواز هەیە ، ، لەگۆرەپانی دەشتی ناوکوڕ لەنزیك گوندی گۆمل کە دەکەوێتە باکوری بناری چیای مەقلوب ، ئێستا گوندی گۆمل نەماوە .

**بۆچی بەو جەنگە دەگوترێت گۆگامێلا:** بۆچوونی جیاوازهەیە ، هەندێ شیکەرەوە دەڵێن ناوی شەڕگەکەش لە (جۆگۆمل)ەوە ، لەزاری گرێکیدابۆ (گۆگۆمل) و (گۆگەمێل) گۆڕاوەو ، هەرواش تۆمارکراوە. پاشگری (ئا)ی گرێکیش ، چۆتەسەر هەردووناوەکە. بەمجۆرە هەردووناوەکان ، لەتۆمارە مێژووییەکاندا بونەتە (ئەربێلا) و (گۆگەمێلا). بەلاٚم ئەوەی راست و دروستە ( شوێنەواری گوندی گومڵ لە سەر ڕووباری گۆمل لە دەشتی ناوکوڕ دیارە.

## ـ هێزو لەشکری هەردوولا:

### هێزی یۆنانییەکان: ـ

ـ هێزی یۆنانییەکان نزیکەی (٤٠٠٠٠)چل هەزار سەربازی پیادە بوو.

ـ هەفت هەزار سوار چاکی شەڕکەر ڕمی پێنج مەترو نیو درێژلە دەستیان بوو .

ـ هەر وەها شیر و مەتال و تیرو کەوان هاوێژیان هەبوو ، لە سێ قۆل(کردۆس) پێك هاتبوون.

ـ هەر باڵێ لە ١٨ هەژدە رێز دامەزرابوو ، تاکو بەئاسانی برنەکرین ، ژمارەی هەر کردۆسێك ١٨هەزار سەرباز بوو، ڕووبەڕووی (٢٥٠) هەزار سەربازی داریوشی سێهەمی پاشای ئەخمینی بوو.

**هێزی فارسەکان: ـ**

**هێزی داریۆسی فارسی شەش قات زیاتر بوو لە هێزی یۆنانییەکان.**

**ـ سەربازەکانی پییادە زۆربەیان خەڵکی چییایی بوون لەهیند ئەفغانستان هاتبوون.**

**ـ سوارەی سوك لەخەڵكی كوردستان و توركمانستان بوون.**

**ـ گالیسکە لە شێوەی عەرەبانە بوو گا رایدەکێشا ، پێداویستی لەشکر لێباردەکران**

**ـ سوارەی چەکی قورس زۆربەیان خەڵکی روسیا بوون ٥٠٠ فیلیان پێ بوو لەگەڵ ٢٠٠ عەرەبانەی جەنگی مەزن. ئیمبراتۆریەتی فارسی هێزێکی گەورەی ناوداری دونیابوو دەشیا پەلاماری هەموو ناحەزانی خۆی بدات ، یۆنابییەکان تەنها پێیان دەکرا بەرگری لە خۆیان و خاکی خۆیان بکەن ، بەڵام لە دەورووبەری ساڵانی٣٣٣پ ـ ز هێزو توانای خۆیان کۆکردەوەو لەشکرێکی باشیان مەشق پێکردبوو ، توانییان هێرش بکەنە سەر ئیمبراتۆریەتی فارسی لەناو ماڵی خۆیاندا لەرێکەوتی ١/ت٢/٣٠١ پ. ز روویدابوو. لەکاتی مەلیکی یۆنانی ( فیلقۆس ) مرد ئەسکەندەری مەقدۆنی لەجێگای باپیری دانیشت ، مەلیکی یۆنانی پەیامنێری خۆی بۆ لای مەلیکی فارس (داریوش) رەوانەکردبوو کەخەرج و خەراجی خۆی بۆ ئیمپراتۆریەتی رۆمانی رەوانەبکات ، پەیامنێرەکە بەنائومێدی گەرابۆوە لای مەلیك، بۆیە ئەسکەندەری مەقەدۆنی لەشکرێکی گەورەی ئامادەکردبوو، لەشکرکێشی کردبووە سەر ئیمپراتۆریەتی فارسیو بەزوڵمو تەعەدا بەسەرخاکی میسرو شام تێپەرببوو لەدوای شەری ئەسکەندەرۆنە لە سوریا تاکو لەئاوی فورات پەرببۆوە ، ئەسکەندەری مەقدۆنی زانیبووی دارا لەهەولێرە بۆیە بەرەو رۆژهەڵات رۆیشت تاکو لە دەڤەری گۆرانەتی لەسەر ئاوی گۆمر جێگیر بوون.**

**ـ شەرو پێکدادان :**

**دوای شکانی فورس لەسوریا. ئەو شەرە گەورەیە بە سێ قۆناغی دەستیپێکردبوو. دەسپێکی شەرو پێکدادانی یەکەم پانتای دەشتی ناوکور بوو .ئەسکەندەری مەقدۆنی لەشکرێکی ٤٠ هەزار سەربازی تەیاری ساز کردبوو بۆ شەرکردن دژی ولاتی فارس ، لەرێگای تەنگاوی هیلین پۆستین دەربەندی بوسفوری بەرەو ئاسیای بچووك پەرینەوە ، لەتشرینی دووەمی ساڵی ٣٣١پ. ز لەباشووری رۆژئاوای کوردستان هەردوو لەشکری مەقەدۆنیو فارس گەیشتبوونەیەك.**

**لە٢٠ی سیپتێمبەری ٣٣١پ.ز لەگوندی جفتکێ (تەل ئەبو زاهر)وشارۆچکەی ئەسقف سوپای مەقەدۆنی پێدا پەرپبوونەوەو گەیشتنە دەشتی ناوکور لەباکووری چیای مەقلوبی شێخاندا. ٥٠ هەزار لەشکری ئەسکەندەری مەقەدۆنی رۆژی ٢٥ ئەیلولی ٣٣١ پ.ز بەگوندی خاتوو ناوەی سەربەناوچەی گۆرانەتی لەدەشتی ناوکور تێپەرین لەنزیك گوندی تلجۆمر لەسەر جۆمی گۆمر (گۆم+مامر) گۆمی مامر پەیاببوون . هەرچەندە ژمارەی لەشکری هەردوولا بە دیقەت دیار نییە**

، مەزندە دەکرێ گومانی زۆر لە ژمارەکان هەبێت. هەروەها مەلیکی فارسی (داریۆشی سێیەم) بەلەشکرێکی نزیکەی ٣٥٠ هەزار کەسی بەرامبەریان ئامادەبوو ، سوپای فارسی شەش هەندەی سوپای یۆنانی بوو. هەرچەندە لەشکری دارا بەژمارە زیاتر بوو لەلەشکری یۆنانی بەلاّم لەبەر ئەوەی لەشکری فارسی مەشق کردنو شارەزای سەربازییان کەمبوو ، خەڵکانێکی زۆریان بەرەشبگیری وبێ ڕەزامەندی هێنابوو ناولەشکری خۆیان ، لەبەر هەندێ شکەستیان خواردبوو. سێ شەڕو پێکدادانی گەورە لە سێ شوێنی جودا جودا لەنێوانیان ڕویدابوو ، دەسپێکی شەڕی گۆمل لە دەڤەری گۆرانەتی لەسەر ئاوی خازر لەڕێکەفتی ١/ ت١/ ٣٣١پ.ز لەپانتایی دەشتی ناوکوڕ بوو. کە زیانێکی گەورەی گیانیو مادی بەلەشکری فارسی کەوتبوو شکان و بەهەڵاتن خۆیان لە(ئەربائیلۆ) هەولێری ئێستا گرتەوە.

## ـ ژمارەی کوژراوانی هەردوولایەن:

رای جیاواز هەیە لەسەرژمارەی کوژراوانی جەنگی گۆمێلا ، هەندێ سەرچاوە ١٠٠٠تا ١٥٠٠ سەربازی ئەسکەندەر کوژراون لەبەرامبەر ١٠بۆ٢٠هەزارسەربازی داریوس. ئەوەی شایانی گۆتنە لەو سەردەمی ئیمپراتۆریەتی فارسی زولم و ستەمی زۆری لەمیللەتی کورد کردبوو لەبەر هەندێ خەڵکی کورد لەدەشتی ناوکوڕهاوکاری لەشکری ئەسکەندەری مەقەدۆنی یان کردبوو ، ئەسکەندەری مەقەدۆنی لەیاداشتەکانی ئاماژەی پێ کردووە دوای خۆ ئامادەکردنەوە لەهەولێر شەڕی دووەم دەستی پێکردەوە ، دیسان لەشکری فارسی شکاو هەڵێتن تاکو گەیشتنە شاری نەهاوەند پایتەختی ئیمپراتۆریەتی فارسی بوو. شەڕی سێیەم وکۆتایی ، شەڕکەوتە ناو پایتەختی داراو مەلیکی فارسی بەیەخسیری کەوتە دەستی لەشکری ئەسکەندەر ، زیانی لەشکری ئەسکەندەر ٥٠٠ کوشتارو ١٥٠٠ بریندداربوو زیانی فارسەکان پەنجاهەزار کوشتارو بریندارێکی هێجگار زۆریان هەبوو .

## ـ لایەنی سەرکەوتوولەشەڕی گۆگامێلا:

دووای جەنگێکی خوێناوی سوپای ئەسکەندەرسەرکەوت بەسەرسوپای داریوش. ئەمەش بۆ چەندین هۆکار دەگەڕیتەوە: لەوانە بەکارهێنانی تاکتیکی نوێی سەربازی و ڕمی درێژی دژەگالیسکە وپشوی تەواوی سەربازان. بەپێی نەخشەیەکی دروستکراو ، هەردوو لەشکر پۆلێن کرابووە سەر چەند کەرتو تیپو هێزی سەربازی بەم شێوەی خوارەوە:

سوارەی سووك = سوار چەك پیادە = سەربازانی بەهێزی پێ دەڕۆن

گالیسکە= عەرەبانەی چەرخدار ، کەلوپەلی سەربازی تێدا باردەکرا بەگای ڕادەکێشرا.

سوارەی قورس= وولاّغی بارهەلگر.

**ـ دەرئەنجام:**

**١ـ گۆرەپانی شەڕەکە لە سەر خاکی کوردستانی باشوور بوو ، له دەشتی ناوکوڕ لەسەڕ ئاوی خازری لەنزیك ڕووباری گۆمل دا له دەڤەری گۆرانەتی روویدابوو.**

**٢ـ هەبوونی ململانێیەکی کۆن و تیر لەنێوان هەردوو ئیمپراتۆرییەت.**

**٣ـ حەزی فراوان خوازی ئیمپراتۆریەتیۆنانی له سەر حیسابی ئیمپراتۆریەتی فارسی. وه خۆ ڕزگار کردنیان لەترسی هێزی فورس.**

**٤ـ ئیمپراتۆریەتی یۆنانی تووشی جۆره لەخۆباییەك ببوون ، چونکه پێشتر چەند سەرکەوتنی دژی فورس بەدەست هێنابوو.**

**٥ـ هێزی فارسەکان سیستەمی لەشکری پێوه دیار نەبوو ، لەشکرێکی ڕەمەکی بێ مەشق بوون ، خەڵکی ڕەشوو رووتی بەخورتی ملی بەجەنگ وەدەنا ، هەر لەبەر هەندێ شکستی خوارد.**

**٦ـ خاکی ئیمپراتۆریەتی فارسی بەپیت و بەرەکەت بوو ، چاوی تەماعکارییان بڕیبوو ئیمپراتۆریەتی فارسی.**

**٧ـ نەبوونی دەرفەتی کار وبارودۆخی نالەباری ئابووری ، وای کرد یونانیەکان پەلاماری خاکی ئیمپراتۆریەتی فارسی بدەن.**

**٨ـ بەنیازی بەرفره کردنی خاکی ئیمپراتۆریەتی یۆنانی بۆ ئەوەی دەسەڵاتیان بەسەر ئەوروپا و ئەفریقا و ئاسیادا هەبێت.**

**٩ـ شەڕی گۆگامیلا ئامانجی دامەزراندنی گەورەترین ئیمپراتۆرییەت بوو. هەر له مەقدۆنیا تاکو دەگاته هیند وەکو زلهێزێك خۆیان نیشان بدات .**

**١٠ ـ له ١/١٠/سالی ٣٣١ پێش زاین له دەڤەری گۆرانەتی روویدابوو ، .**

**١١ـ شوێنی شەڕەکە له نێوان سێ پارێزگایه ٩٠ کم دووره له سەنتەری هەولێر .**

**١٢ ـ به پێی زۆربەی سەرچاوەکان رووبەری گۆرەپانی شەرگەکه ١٠کم پانی به ١٠ کم بەرینی بووه واته دەکاته(١٠٠ )ملیۆن مەتری چوار گۆشه .**

**١٣ ـ شەڕەکە له نێوان خۆرهەڵات و خۆر ئاوا بوو، خۆرئاوا سەرکەوت بەسەر رۆژهەڵات ، هەرلەبەر هەندێ ئەمریکا و یونان وئیتالیاو چەندین هەوڵیان داوه بۆ کۆکردنەوەی زانیاری له سەر ئەو شەڕە.**

**١٤ ـ ئەو شەڕه ناوی له گوندی گۆمل وەرگیرایه ( جۆگۆمل)جۆگەی کۆمل بوویته گۆگامیلا یان ئەربائیلا.[٩٣]**

---

٩٣ـ بۆنووسینی ئەو بابەته سوود لەو سەرچاوانەی خوارەوه وەرگیراوه:




٩٣

بۆنووسینی ئەو بابەتە سوود لەو سەرچاوانەی خوارەوە وەرگیراوە:

١- بەهنام محەمەد پناە:نهێنییەکانی شارستانی یونانی کۆن ،

٢ - پلۆتارك :شەڕەکانی ئەسکەندەری مەکدۆنی

٣ - سەلام ناوخۆش :مافی مێژووی غەیرەکورد

٤- هارولد لمپ : ئەسکەندەری مەکدۆنی

٥- خەسرۆگۆران :کوردستان لەمێژوودا چاخە کۆنەکان

٦- گۆڤاری مێرگ ژمارە (٤٦)وەژمارە(٤٨)

٧– بەشی راگەیاندی – بەرێوەبەرایەتی - شوێنەواری سۆران

٨– محەمەدئەمین عەلی عەبدولا شەڕی گۆگامیلا ٣٣١پ.ز /٢٠١٠

٩– یاسین حسن بە دەستکارییەوە لەکتێبی گۆران لەنێوان زێ وخازر

# ـ بەشی سێیەم :

## یەکە کارگێرییەکانی دەڤەری گۆرانەتی بە گشتی:

**بیبگلۆرافیای سەرجەم گوندەکانی دەڤەری گۆرانەتی لە بادینان : ــ**

١ـ بەرێوەبەرایەتی ناحیەی رۆڤیا ٤٧ گوند

٢ـ بەرێوەبەرایەتی ناحیەی دارەتوو ٣٢ گوند

٣ـ بەرێوەبەرایەتی ناحیەی کەڵەك ٢٩ گوند ،

سەرجەمی گوندەکانی قەزای بەردەڕەش دەکاتە ١٠٨ گوند . گوندەکانی دەرەوەی سنوری ئیدارەی هەرێمی کوردستانی لەگەڵدایە.

**گوندەکانی دەڤەری گۆرانەتی لە دەرەوەی سنوری قەزای بەردەڕەش ئەمانەن : ـ**

ا ـ یەکەی کارگێڕی ناحیەیکەڵەکچی ـ سەر بە قەزای شێخان. (١١ گوندی گۆران)


بــ ـ یەکەی کارگێڕی ناحیەی زێلکان ـ سەربە قەزای شێخان. (١٦ گوندی گۆران)

ج ـ یەکەی کارگێڕی ناحیەی باشیك ـ سەربەسەنتەری موسل .(٢٠ گوندی گۆران)

د ـ یەکەی کارگێڕی ناحیەی قەسرۆك ـ سەربە قەزای شێخان. (٥ گوندی گۆران) .

کۆی گشتی گوندەکانی سەر بە دەڤەری گۆرانەتی دەکاتە ١٠٨+ ٥٢ = ١٦٠ گۆند.

## باسی یەکەم پێناسەی گوندەکانی سەربە سەنتەری قەزای بەردەڕەش :




١ ـ زمزموك ٢ـ مەموزین ٣ـ ئامیان ٤ـ ئامیانوك ٥ـ شیوەرە ٦ـ زەوی رەش ٧ـ کانیلان.

## ١ـ گوندی کانیلان:

گوندی کانیلان دەکەوێتە  رۆژئاوای سەنتەری قەزای  بەردەڕەش  بە دووری ٤کم ، شوێنێکی ستراتیژی هەیە ، لە سەرپردی مەندانە. دەرگای هاتنە ژوورەوەیە بۆ ناو دەشتی ناوکورِ ،  ناوی گوند لە دوو برِگە پێکهاتووە (کانی+لان) واتە شوێنێکی زۆر بەکانیاوە ، ٢٥کانی لە گوندی هەیە لەوانە : (کانی عەلۆ  ،  کانی دارگۆل ، کانی عەمەرِ ،  کانی عەدۆ و کانی سورِك....) لە کۆنەوە هەموو ماڵێك لە حەوشەی خۆی کانیەکی تایبەتی خۆی هەبوو ، گوندێکی کۆنە دەکەوێتە سەر ئاوی خازر ێگای هاتوچۆو پەرینەوە بووە. شوێنێکی گەشت وگوزارییە. بە تایبەتی لە وەرزی بەهاران و هاویندا خەڵکی دەڤەرێ گۆرانەتی و شاری موسل بۆ مەبەستی گەشت وگوزار سەردانی گوندی  کانیلان دەکەن. هێرشی میری سۆران ساڵی ١٨٣٢ بۆ سەر ئێزدییان ، ، ساڵی ١٩٤٠لافاو هەستا خراپی کرد نوژەن کرایەوە  ،  ساڵی ١٩٨٢پردی ئێستا هاتە دروستکردن ،

ساڵی ١٩٤٨حکومەت سەربازگەی خۆی بۆ فەرەزییاتی لە گوندی کانیلان دادەنا بۆ بۆردومانی بادینان  و هێرشکردنە سەر بارزان ،

ـ **شوێنەواری گوند: شەرِی گۆگامیلا روویدابوو لە نزیك گوند** ،

ـ **پێ پرد:** شوێنێکی کەونە دەکەوێتە  رۆژئاوای گوند. لە راست گوندی قایماوایە. پێ پردێکی زۆر توندو قایم ساڵی ١٤٠٠زاینی لە لایەن عوسمانلیان دروست کراوە. هەتا ئێستا شوێنەواری دیارە. لەبەر ئەو پێپردە قایم ئاوا کرابوو ناوی گوندی کرا (قایماوا ).

ـ **پردی مەندان** :پردێکی بەناوبانگە لەسەر ئاوی خازرە لە باشووری گوندی کانیلان ،  رێگایەکی سەرەکییە لە نێوان قەزای   بەردەرِەش   بۆ موسل وساڵی١٩٢٠ دروستکرابوو ، لە ساڵی١٩٣٤لەلایەن ئینگلیز هاتەنووژەنکردنەوە ولە ساڵی ١٩٨٠ لەهەمان شوێن پردێکی نوێتربە کوالێتی سەردەمیانە دروستکرا و هەتا ئێستا هاتوچۆ لەسەر بەردەوامە .

ـ **شاکەرەم** : دەکەوێتە  نێوان گوند و رِووباری خازر شوێنی راهاتن لە سوارچاکی بوو.

ـ **گردی خەزینە:** دەکەوێتە  خوارووی گوند لێکۆلینەوەی تێدا نەکرایە.

ـ **کەمپە:**  لە ساڵی ١٩١٩ ئینگلیز دروستی کردبوو بۆ ئاوارەکانی مەسیحی (فەلەرەشکە)لە بەشی پێشتر بە درێژی باسمانکرد.

ـ **مام بۆتان:** خرابەیە شوێنی کەونە گوندە.

ـ **بریسکەدار:** شوێنێکی ناودارە ، دیارە وەختێك بریسك (تیشقە هەورە) لێیدایە

ـ **قوین قەلەمۆك:** دەکەوێتە  رۆژئاوای گوند لە نزیك ئاوی خازرە چەند کانیاوێکی هەیە ، رەزو شینایی لەبەر کرایە.

ـ لە ساڵی ١٩٥٦ قوتابخانە لە گوندی کرایتەوە ، خوێندن بە زمانی عەرەبی بوو ، تاکو رووخانی

رژێم  ، ساڵی ٢٠٠٤ قوتابخانەیەك بۆ خوێندنی كوردی كرایەوە ، بۆساڵی خوێندنی ٢٠٢٢/٢٠٢١ ژمارەی قوتابیانی بنەرەتی (٦٥٤)قوتابی و ٤٨ مامۆستایان هەیە لەوانە ٣٠ مامۆستای وانە بێژە ، ساڵی خوێندنی٢٠٢٢/٢٠٢١ گوند رەزامەندی كردنەوەی باخچەی ساوایان هینا  لە سەر خەرجی خۆیان بۆ هەشتا منداڵی گوند كەلوپەلی پێویستیان دابێنكردبوو ، بەشی وێژەیی لە گوندی كرایتەوە ،

**ـ سەردانی كەسانی ناودار بۆ ئەم گوندە:**

ـ لە ساڵی ١٩٣٤ مەلیك غازی دەچوو ئاكرێ ، لەسەر رێگا سەردانی گوندی كانیلانی كردووە.

ـ ساڵی ١٩٣٨ هەردوو هۆنەرمەند (حەسەن و حەمۆ) بە گۆتنی لاوك بەناوبانگ بوون ، سەردانی كانیلانیان كردووە.

ـ لەساڵی١٩٤٠ (حەسەن زیرەك)ی گۆرانی بێژ سەردانی گوندی كردووە.

ـ لەساڵانی هەفتاكان (محەمەدعارف)و(حسن سیساوا)سەردانی گوندیان كردووە.

ـ لە ساڵی هەفتاكان سەرۆك مستەفا بارزانی لە بەغدا دەگەڕایەوە سەردانی گوندی كانیلانی كردبوو چووەتە دیوەخانی ماڵی ( عەزیز خانزاد).

گوندی كانیلان دەكەوێتە  سەر ئاوی خازر، خەڵكی گوند شینایی دەچێنن و خەریكی كاری كشتوكاڵ و راوەماسینە ، چەند كانی لە گوندی هەیە بەناوی (كانی عەلۆ ، كانی غەزاڵە ، كانی رەش ، كانی سپی ، كانی گولبەند ، كانی عەمەڕی ) .

## ٢ـ خێلەكی :

بە بۆچوونی خەڵكی گوند، ناوی گوندی خێلەكی لە عەشیرەت گەری هاتیە.( خێل ) واتە هۆز. بۆ چونێكی تر هەیە كەئەو ناوە لە ( خێلی ) بووكینی هاتیە ، لە كۆندا خەڵكی گوندی خێلەكی زۆر بە زەوق و هەواو هەوەس بوون بەتایبەتی ئافرەتانی حەزیان لە كەیفـ و خۆشی زەماوەند و بەربووكی بوو ،  پەندەك هەیە بە گۆرانی دەڵێن:

هەوری گرێـــدا خێلەكیانی		ریشی سپی زەنگـــــەنانی
قەتل و مەقتول دوگوندانی		داوەت گــــەرمە دارەتوانی
ئاقل مەندە مۆریـــــلانی		لە گــڕو لە جۆش ناكوڕیانی

لە ساڵی ١٩٧٥ گوندی خێلەكی بوویتە گەرەكێگ لە گەرەكەكانی سەنتەری قەزای بەردەڕەش ، دانیشتوانی ئەو گوندە هەمووی گۆرانن لەوتیرەو بەرەبابانە پێك هاتیە (چۆپانی ، شاسواری ، بەستۆڕەیی ، موسەیی ، بۆتانی ،...). دەڵێن چۆپانی سێ برابوونە یەكەمیان لەگوندی ( بلاوات )ی شەبەكستان دادەنیشتن . دووەمیان لە گوندی ( یارمجە ). برای سێیەم ناوی ( ئیبراهیم ) بوو لە گوندی خێلەكی ئاكنجی بووە. گوندی خێلەكی مێژووی زۆر كۆنە و شوێنەوارەكان بەلگەن.

قەبرستانی غەریبان و موسەییان بە دووری دوو کێلۆمەتر لە باشووری گوندە ، هەروەها کانی ( زین العابدین ) لە باشوری گوندیە ، شوێنێکی گەشتوگۆزارییە ، بە تایبەتی لە رۆژانی یادی نەورۆز و بەهاران.

ناودارترین کەسایەتی گوندی خێلەکی (یاسین کوڕی ئیبراهیم) ئاغا بووە ، سولتانی عوسمانی فەرمانی رەش بگیری دەرکردبوو (سەفەر بەلەك) جەندرمە دەگەڕان گشت پیاو و میردمندالّی گوندەکان راپێچ بکەن بۆ پشکداری پێکردنیان لە جەنگی جیهانی یەکەم ، جەندرمە زۆر کەسیان قۆلبەست کردبوو ، گەیشتنە گوندی خێلەکیان لە ( یاسین ئاغا )ی راستهاتن. پرسی بوی ئەوە چیە؟ جەندرمە گوتیان تۆ کێی ئەوە فەرمانی سولتانە ، یاسین ئاغا گوتی : من نوێنەری ئەو ناوچەیەم دەی زوو ئەو کەسانە ئازاد بکەن ، هەموویان ئازاد کران سوپاسی یاسین ئاغای خێلەکیان کرد. ،

ناوداری دووەم ئەحمەد کوڕی یاسین ئاغا کەسایەتی ناوداری کۆمەلایەتی ناوداری دەڤەری گۆرانەتی بوو ، لەبەر لێهاتوویی و جوامێری ، لەلایەن دەسەلّاتدارانی بەریتانیا (ئەنگلیز) ئەحمەد کوڕی یاسین لە سالّی ١٩٣٦ دەستنیشان کرابوو وەکو نوێنەری دەڤەری گۆرانەتی ببێتە مندوب لە(مجلس اعیان) ی بەغداد ، پێش دەستبەکاربوونی لە مانگی ١٩٣٦/٦/ بە دەستی ناحەزانی هاتە کوشتن. لە ڕووی ئابوورییەوە ، ڕووبەری زەوی کشتوکالّی دەگاتە(٢٥٠) تەغار ، لەوەرگا و زورگ ٦٠٠کم٢ بەردەلانە بۆ چەریانی مەڕومالّت بەکاردێت ، خەلّکی گوند خەریکی کاری چاندن و کشتوکالّین و جۆرەها کاری تر ئەنجامدەدەن بۆ بژێوی رۆژانەیان. قوتابخانەی سەرەتایی لە سالّی١٩٧٨ لە گوند کرایتەوە ، هێلّی کارەبا لەسالّی ١٩٦٩ گەیشتە گوند.

**٣- زمزموك :** گوندێکە دەکەوێتە رۆژهەلّاتی سەنتەری قەزای بەردەڕەش بە دووری ٢ کیلۆمەتر ، سەر بە رێزە گوندی بەربنییە ، دووبەرەبابی سەرەکی تێدا دەژین ( شاسواری و بەستۆرەیی ) شاسوارییەکان بە خوێن دەگەنە بنەمالّە شاسواری لە گوندی زەنگەنان و پەیوەندیان باش بووە ، بەرەبابی دووەم ( بەستۆرەیی ) لە گوندی هەنجیرەی سەر بە ناوچەی بێتواتە لە دەڤەری خۆشناوەتی هاتبوونە گوندی خێلەکی وزمزمۆك ئاكنجی بوون ، سنووری لای رۆژهەلّاتی گوندی کەونەباکە ، رۆژئاوای گوندی خێلەکی یە.بەپێی سەرژمێری ئاماری سالّی(١٩٧٥ ) ژمارەی گوند(١٣٤ )کەس بوون ، گوند ئێستا نزیکەی١٧٥سەرخێزان دەبیت نزیکەی (٩٧٠) کەس دەبن ، شاسواری و بەستۆڕەیی تێدا دەژین .

کارێزێکی دەستکرد دروست کرایە بەلای قیبلەی گوند ، کـــــارێزەکە بە کونە زمزم ناودەبرێت ، چوار هەوایی (مەنفەز)ی هەیە دووری نێوان رێڕەو یان گوزەرەکان ١٤ شەقاوە. تاکو سالّی هەفتاکان هەر چوار هەوایی بە ئاشکرا دیار بوو. ئێستا یەك مەنفەز دیارە. پێشتر

هاتوچۆی تێدا دەکرا ، لە هـــەموو لای کونی کارێزەکەئاو بەشێوەی دلۆپە لە هەموو لایەك لێدەتکاوە ، ئاوەکە بەزێدەیی تێرای هەموو خەڵکی گوندی دەکرد ، هەروەها شینایی لەبەر دەهاتە چاندن ، هەواییەکان نزیکەی ٣متر قۆر دەبوون. دانیشتووانی گوندەکانی دەورووبەری گـــوندی زمزمۆك کاتی منداڵەکانیان تووشی کۆخە رەشە دەبوون ، دەیان بردنە ناو کونە زمزمێ بۆ مەبەستی چارەسەرکـــردنیان ، بە مەرجێك دەبوایە مریشکە رەشێکی بێ نیشانیان لە گەڵ دابایە ، یەکێك لە خەڵکی گوندی نەخۆشەکەی بە ناو کونە زمزمێ دادەبرد ، لە کونی هەواییەکە دەریان دەهینا دەرێ و مریشکە رەشەکەیان دەکوشتەوە هەندە خوێنی مریشکە رەشەکە یان لەسەری کەپۆ و ناوچەوانی نـــەخۆشەکەدەدا بۆ مەبەستی چارەسەرکردنی ئەو کەسەی کۆخە رەشەی لێهاتبوو. زۆرجاران نەخۆشەکە چاك دەبۆوە ، خەڵکی گوندی مریشکە رەشەکەیان بۆخۆیان دەبردەوەو دەیانخوارد ، لەوانە خوالێخۆشبوو مام حوسێنە قوت بوو ، باوکی یابۆی سەرپـــــەرشتی مەراسیمەکەی دەکرد.

٤ ـ **مەموزین:** (مەموزین) گوندێکە دەکەوێتە باکوری شارۆچکەی بەردەرەش (٧)کم لەسەنتەری شارۆچکەی بەردەرەش دوورە لە رووی کارگێڕییەوە سەر بە سەنتەری قەزایە ، لەسەردەمی کەوندا گوند ملکی ئافرەتێك بووە بەناوی (مەکرێ) ، ناوی (مەم و زین) سەرنجی خەڵك ڕادەکێشێ ، ئەم ناوە بۆ ناوی (مەم + زین)ی ئەڤینداری ناودار دەگەڕێتەوە ، گوند لەدووکەرت پێکدێت (مەموزین)و (شۆرك) کە جگە لە ئاوی مەموزین ئاو لەشۆرکیش هەیە. (بەحری) مەموزین سەرچاوەی ئاوی (مەموزین)ە بەگوندی ئامیان و ئامیانۆك و بە هەقاری بەردەرەشی بچووك تێپەردەبیت ، بەلاّم ئێستا لە بەر زۆری لێدانی بیری ئیرتیوازی ئاوەکەی ووشکی کردیە. بە پێی ئاماری ساڵی ( ١٩٧٥ )ژمارەی خەڵکی٢٠١کەس بوون. ئێستا ٧٥ماڵ دەبن و زیاتر لە ( ٥٥٠) کەس دەبن. گوند دەکەوێتە ناو دەشتی ناوکور ، لە سەر رێگای سەرەکی ئاکرێ- بەردەرەش ، خەڵکەکە زیاتر کاری کشتوکاڵی دەکەن چەندین بیری ئاوی تێدایە بۆ برنجو شینایی سوودی لێ وەردەگرن ، هەروەها مەڕو ماڵتو پەلەوەر و مێش هەنگوین بەخێو دەکەن ، کێڵگەی ماسی لە گوند هەیە ، کانیاوەکانی وەکو کانی مەم وزین و کانی با ، کانی مرازان ڕۆژانی چوار شەممە خەڵکانێك دێنو سەردانی ئەم کانیە دەکەن قوڕەکەی لەجەستەی خۆیان هەڵدەسوونو جۆرە نەخۆشیەکی پێستی پێ سارێژ دەبێ.وەکو باوباپیران کە لەدێرزەمانەوە دەگێرنەوە مەمی شەیدای زین لەسەر رێگای خۆی بۆ جزیری بۆتان لەسەر ئەوکانیە پشووی داوە خەوتووەو زینی لەخەونی خۆی بینیوەو هەر لەو ڕۆژەوە بەم کانیە دەڵێن کانی(مەموزین) ، کانی ئاشقان ، کانی مرازان ، پێکهاتەی گوند خەڵکەکەی لەعەشیرەتی گۆرانو تیرەکانی ڕەژگەری ، زەنگەنە ، شێخ بزێنیو بۆتانی تێدا دەژین ، ئەو گوندە سێ جار بەتەواوی لەلایەن

پیاوانی ڕژێم سوتێنراوه ، لەدوای نسکۆی شۆرشی ئەیلول لەساڵی (١٩٧٥) زۆرینەی خەڵکی گوند ئاوارەی ئێران بوون ، پاشان ژمارەیەکیان به لێبوردنی ڕژێم هاتنەوه و ئاوارەی باشووری عێراق کرانو ژمارەیەکیان هەر لەئێران مانەوه ، گوندی مەموزین ئاسەواری شوێنەواری بەرچاوه، خرابەی (مەموزین) بۆ(پ.ز)دەگەڕێتەوه ، کەچەندین کەلوپەلی مێژوویی سەردەمی میدیو میتانیەکان دۆزراوەتەوه ، شۆرك کەونه گوند بووه شوێنەوارێکی دیکەیه وه ڕێگای ئاوریشەم بەم گوندە تێپەڕیوه ، خرابەی مەموزین پاسەوانی له ڕێگای ئاوریشم کراوه. کەواته زۆرلەناودارانی مێژوویی بەبناری ئەم خرابەیه تێپەڕیووه .لەکاتی شەڕو پێکدادان کێ گردی بگرتایه گوند دەکەوێته دەست ئەو . گۆڕستانی گوند لەسەر گردەیه .

**٥- ئامیان :** ووشەی ئامیان به هەورامی به واتای (فرۆ)دێت ، ئامیان ناسراوه به خرابەی ئامیان ، گوندی ئامیانۆك له کۆنەوه (جبرائیل ئاغا)ی پێدەگۆترا بەرامبەر گوندی ئامیانه جادەی سەرەکی ئاکرێ ـ موسل لێکیان جودا دەکاتەوه. شارێك له فەرەنسا هەیه به ناوی ئامیان مێژوویەکی زۆر کۆنی هەیه .

ئامیان دانیشتوانی هەمووی گۆرانن ئەو بەرەبابانه (بەرەی یاسین رەمەزان ، بەرەی قادر عومەڕی ، ماڵی گەرزه ) تێدا ئاکنجینه. ئێستا١٤٠ ماڵ دەبێت ٧٠٠ کەس تێدادەژین ، له ساڵی١٩٩٧ قوتابخانه هاته گوندی قۆناغی بنەرەتی له پۆلی یەکەم تاکو نۆیەم لێدەخویندرێ ژمارەی قوتابیانی دەگاته ٢١٠ قوتابی. تا ساتی نوسینی ئەم کتێبه ، ماموستا (رەمەزان عمر قادر ) بەرێوەبەری قوتابخانەیه. گوندی ئامیان تاکو ساڵانی پەنجاکان ئاوەدان بوو.( کەریم عەبۆ ) که به ئەسل بارزانی بوو ، موختاری گوندی ئامیان بوو. لەسەر جۆگەی ئاوی هەقاری ماڵی اسماعیل معروفی دەموقالیان لەگەڵی کردبوو ، ناچار بوو ساڵی پەنجاکان گوندی ئامیانی بەجێهێشت چوبوو گوندی کەونەباکی ، پاشان هەردوو کوڕی حاجی عبدالله و ئەکرەم قۆچۆ چوونه گوندی گربدەو ، له ساڵی هەشتاکان موختاری گوندی بەردەڕەش هەرکیان هێنا گوندی ئامیان ، سەر له نوێ گوند ئاوەدان بۆوه ، تاکو راپەڕینی بەهاری ساڵی١٩٩١ هەرکی له گەڵ حیزبی بەعس بەرەو موسل رۆیشتن گوندیان چۆلکرد ، ئاوارەکانی ئیران و کۆمەلگاکان گەڕانەوه گوندی ئامیان و ئامیانۆك .

**ناوی ئامیان :** شوێنێك زەوی بەراوی زۆر بیت به ئامیان ناودەبرێت. دەڵێن له شەڕی جیهانی دووەم هەندێ سەربازی فەرەنسی هاتوونه گوندی ئامیان سەرسام بوونه بەدیمەنی گوندی ئامیان کاتێ گەڕایتنەوه فەرەنسا شارێکیان له باکوڕی فەرەنسا به ناوی ئامیان ئاوەدانکردووه ئێستا له شاری ئامیانی فەرەنسی یانەیەکی بەناوبانگ هەیه بەناوی ئامیان ، هەرلەبەرهەندێ له ٢٠١٨ تاکو ئێستا رێکخراوێکی شوێنەواری فەرەنسی به هەماهەنگی لەگەڵ شوێنەواری حکومەتی

هەرێمی کوردستان پشکنینی خرابەی ئامیان دەکەن ، وادیارە نەخشەی ئەو دەڤەرە لەلای حکومەتی فەرەنسا هەبووە ، بە ئاخاخفتنی تەمەندارەکانی دەورووبەری گوندی ئامیان دەڵێن ئەوخرابەیە دوودەرگای هەیە دەرگای رۆژهەڵات و رۆژئاوا ، دەلین خانووی مەلیکێك لە گەڵ هەسپەکەی لە بن ئەو خرابەیە هەیە ، بە فەرمی هیچ بەلگەیەك ئاشکرا نەکرایە ، تەنها گۆتە گۆتی خەڵکە.خرابەی ئامیان دەستکردە مێژووی بۆچاخەکانی کۆن دەگەرێتەوە. دەڵێن شوینی دانیشتنی مەلیك و  شوێنی گۆڕینەوەی بازرگانی بووە. دەڵێن کاتی نەخۆشی تاعون دەهات خەڵکی خۆیان لەسەر ئەو خرابە دەستکردانە حەشاردەدا دەرگای هاتوچۆی خرابەیان لەسەر خۆ دادەخست ، گوایە ڤایرۆسی تاعون ناچیتە شوێنی بەرز ، هەروەها بۆ بەرگری لەخۆکردن بەکاردەهات. دووپەندی پێشینان لە سەر گوندی ئامیان هەیە دەڵێن :

١ـ ( گۆشت گۆلك و ئاوی ئامیان ) .واتە ئاوی سازگارە.

٢ـ (ئامیان ئامیانە ، بەرۆژ گەرمە و بەشەو زۆزانە ) . [٩٤]

٦ـ **شیوەرە:** گوندی شیوەڕە سەربە سەنتەری قەزای بەردەڕەش ە ، دەکەوێتە رۆژئاوای قەزا ، لەسەر رێگای ئاکرێ موسل بەدووریکەمتر لە دووکیلۆمەترلە سەنتەری قەزا ، لە بەرمڵەزورگی بەربنیە لەناو شیوێکی قۆرە رێگای پێدادەڕوات. لەبەر هەندێ ناوینرا شیوەڕە ، ناوی گوند لە دووبڕگە پێکهاتیە ( شیو +رێ ). کانیەك لەناو شیوەکە هەبوو بە ناوی سوڕسوڕە ، لە شێوەی سوڕك لەناو دەڤی شاخ هەڵدەڤولا ، پەندێك هەبوو دەیانگۆت:( دیارە ئاوێ سوڕسوڕەی نەخواردیە) ، زۆربەی دانیشتوانی لە هۆزی زەنگەنەیە ، ژمارەی دانیشتوانی گوند ساڵی ٢٠١٣دەگەیشتە ٣٥٠ کەس ، رووبەری زەوی کشتوکاڵی١٤٨٨دونم زەوی کشتوکالیی هەیە شیوەرە هەردوو کەرتی ئاوخۆردە ە و مەم بۆتان لەخۆدەگرێت ، کاولە گوندن دەکەوێتە رۆژئاوای گوندی شیوەرە. پایتەختی هۆزی مووسەییان بوو ، خەمرەیەك لە کەرتی ئاوخۆردە دەکەوێتە بن کەونە گوندی مەم بۆتان ، مووسەییەکان دەلێن : لە سەردەمی هێرشی میری سۆران خەڵکی مووسەییانی لەناو ئەو خەمرەیە زیندەبەچاڵ کردبوو . [٩٥]

٧ـ **زەوی رەش:** گوندی زەوی ڕەش سەر بە سەنتەری قەزای بەردەڕەش ە ، ساڵی ١٩٨٨ هاتە ئاوەدان کردن ، ساڵی ١٩٩١ تەنها ١٢ماڵ بوو، هەموویان لە عەشیرەتی زەنگەنەن تیرەی خەنجەر بازن ، ژمارەی خانوو ١١٠ خانی لە ١٢٨ خێزان پێکهاتیە ، ژمارەی دانیشتوانی نزیکەی ٥٠٠ کەس دەبێت. ناوی نرایە زەوی ڕەش لەبەر ئەوەی خاکەکەی رەنگی ڕەشە .

---

٩٤ ـ لە بەرێز ماموەستا رەمەزان عمر قادر بەرێوەبەری قوتابخانەی ئامیانی بنەرەتی وەرگیراوە

٩٥– یاسین حسن گۆران ، گۆران لە نێوان زێی گەورە و ڕووباری خازر ، ل١٣٢

# باسی دووەم:

## یەکەی کارگێڕی ناحیەی کەڵەک:

### پێناسەی کەڵەک



## کەڵەك:

گوندێکی کەونی کورد نشینە ، دەکەوێتە  سەر ئاوی زێی بادینان هەردوو پارێزگای هەولێرو موسل پێکەوە دەبەستێتەوە، بەر لە هێرشی پاشای رەواندزێ بۆ سەر دەڤەری بادینان لە ساڵی ١٨٣٢ بە ( کەڵەکی داسنیان ) ناودەبرا چونکە کوردی ئێزدی لە کەڵەکێ ئاکنجی بوون ،  دوای هەنگی کەڵەك ناوداربوو بە(کەڵەکی یاسین ئاغا) یان پێی دەگۆترا(ئەسکی کەڵەك ) .

هەر لە دێر زەمانەوە شوێنێکی ستراتیژی گرنگی هەبووە ، ڕێگای هاتووچۆی بازرگانیو لەشکرکێشی بووە ،  بە مەنجەڵو کەڵەكو قایغو دوبە پەڕینەتەوە ، بازنە ئاسایە لە نێوان هەردوو دەڤەری سۆرانو بادینان ، هەتا هێرشی میر( مەحەمدی رەواندزی ) میری سۆران بۆ سەر بادینان لە ساڵی ١٨٣٢کەڵەك بە کەڵەکی داسنیان دەهاتە نیاسین ، تاکو دەورووبەری ساڵانی ١٨٠٠ ئێزیدی تێدا ئاکنجیبوون، بەکەڵەکی عەبدولعەزیزی ناودەبرا. کەڵەك دەکەوێتە باشوری بەردەڕەش بە دووری٤٢کم، لەساڵی١٨٨٠ ز سەر بە دەڤەری  شێخان بوو ،   ئیزدی تێدا دەژیان و لە ژێر دەسەڵاتی میری ئامێدی بوو.

## ـ کەڵەکی یاسین ئاغا:

ئیمپراتۆریەتی عوسمانی بەردەوام ناکۆکیو دووبەرەکی لە نێوان کوردو کوردی ئێزیدی دروست دەکرد ،  بەناوی ئاینی ئیسلامی  غەزایان دەبردە سەر ئێزیدیان ،  بۆ پاراستنی بەرژەوەندی خۆیان. حاجی محمود نادر دانیشتووی کەلەك بۆمنی گێرایەوە گوتی : ـــ

( یاسین ئاغای گەورە لەگەڵ چەند خێزانێکی خزمو کەسی خۆی لەناو عەشیرەتی (شێخ بزێنی) لەقەراغ ڕووباری زێی بچووك (الزاب الاسفل) نزیکەی ٥٠ گوند دەبێت دەکەونە سەر سنوری نێوان هەردوو قەزای چەمچەماڵو کۆیسنجق لە هەردوو پارێزگای کەرکوكو هەولێر. خودی یاسین ئاغا لە گوندی (پەلکانە) ی سەر بەقەزای چەمچەماڵ لەناو عەشیرەتی شێخ بزێنی لەگەڵ کۆمەلە زەلامێك هاتبوونە کەورگۆسکی لای عەزیز ئاغای کە دەکاتە ئامۆزای خۆی ،  چەند ساڵەك بەخێزانەوە لەوێندەرێ مابوونەوە. دوای لەڤبوونی شوێنی ئێزیدیان لەکەڵەکێ ساڵی ١٨٠٨زاینی یاسین ئاغای گەورە لەگەڵ ٣٠ی سواری خزمی خۆی لە زێی گەورە پەڕینەوە و چوونەتە گوندی کەڵەکێ هەڕەشەیان لەگەورەی ئیزیدیان (حوسێن کەفنی) ئیزیدی کردبوو کە گوندی کەڵەك بەجێ بهێڵیو چۆلی بکات ئەگەر نا بەشەڕ دەردەکرێن. (حوسێن کەفنی) ئێزیدی لەگەڵ گەورە پیاوانی نزیکی خۆی کۆببۆوە لەکۆتایی بڕیاریان دابوو بەبێ شەڕ کەڵەك چۆل بکەن بەناچاری باریان کردبوو.  چونکە لەو سەردەمی کاودانیان نالەبار بوو ، میرنشینی سۆران داخی لە ئیزیدیان هەبوو ، بەبێ شەڕ یاسین ئاغا لەگەڵ خزمو ناسیاوی خۆی لەشوێنی ئێزیدیان لەکەڵەکێ نیشتەجێبوون هەر لەبەر هەندێ هەتا ئێستا بەکەڵەکی یاسین ئاغا ناو دەبرێ ) .

**ـ ناحیەی کەڵەك :**

سالی ١٩٢٠ بوویتە ناحیە ، سالی ١٩٣٠ هاتە گرێدان بە قەزای ئاکرێ ، لە سالی١٩٦٨دەڤەری قەرەقۆش (حمدانیە )بو بە قەزا ناوچەی کەڵەکیان پێوە لکاند ، سالی ١٩٧٢سەر لە نوێ فەرمانی بە ناحیە بوونی دەرچوو بەڕێوەبەرایەتی ناحیە تێدا دامەزرا و خراوەتە سەر پارێزگای موسل. لە (٢٨ )گوند پێکهاتبوو ، کەلەك دەروازەیەك بووە بۆ (بادینان ) هەر لە کۆنەوە ناسراوە بە کەڵەك ، چونکە ئەو شوێنە دەراوی پەرینەوەی خەڵك وقافلە بوو لە ڕۆژی١١ـ ٦ـ١٩٨٧ ناحیە هەڵوەشایەوە بوو بە گوند سەر بە حمدانیە، دووای سالی ١٩٩١سەنتەری ناحیە لە گەل گوندەکانی (کەورەسۆر، بشیریان ، گەویلان بۆتان)ئازادکران ، یەکەی کرگێری کەلەك بوو بە دو پارچە تاکو سالی ١٩٩٧ لە کابینەی سێیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە بڕیارێك دووبارە کەڵەك بووە ناحیە سەربە قەزای ئاکرێ گرێدرا، گشت دامەدەزگاکانی گەرانەوە کەوتنەوە کار ، دووبارە هەولدرا بۆ ئەوەی ئەو ناحیە بخرێتە سەر پارێزگای هەولێر بە هۆی دووری لە پارێزگای دهۆك ئەوە بوو لە سالی١٩٩٩ گشت فەرمانگەکانی خرانە سەر پارێزگای هەولێر تەنیا بەرێوەبەری ناحیە مایەوە سەر بە دهۆك ، بەلام هێدی هێدی فەرمانگەکان گەرانەوە سەر پارێزگای دهۆك ، پرۆسەی ئازادکردنی عیراق اە (٢٠٠٣) ئەو (٢٤ )گوندانەی لە ژێر تەعریب دابڕابوون بوون کەوتبوونە بازنەی مادەی (١٤٠ ) گەرانەوە بۆ ناحیەی کەلەك .

دوای بڕیاری بە قەزا بوونی بەردەڕەش لە سالی ٢٠٠٦ دەرچوو لە رۆژی ٨/٤/ ٢٠٠٧ بەردەرەش وەك قەزا دەستی بەکار کرد ناحیەی کەڵەك لە قەزای ئاکرێ دابڕا و بە قەزای بەردەڕەش لکێندرا . ٢٤گوندی دابڕابوون دەکەونە سنووری مادەی ١٤٠سەرجەمی گوندە دابڕاوەکان کەلە نەتەوەی (کوردوعەرەب)بوون هۆزەکانی (شەبەك ،کاکەیی، زەنگەنە، گۆران، بۆتان) بە تایفەگەری (سونەو شیعە) بەبێ جیاوازی سەردانی بەرێوەبەرایەتی ناحیەی کەلەك دەکەن داواکارییەکانیان پێکێش بە ناحیە دەکرد بۆ گەیاندنی خزمەتگوزاری. هەتا ئێستا گوندە دابڕاوەکان ناسنامەی باری شارستانی پسوولەی خۆراکیان بە ناوی کەلەك تۆمار کرایە .

بە پێی ئاماری سەرژمێری سالی (١٩٥٧ )کە سەر بە ناحیەی حەمدانیە ی پارێزگای موسل بوون بەم شێوەیە ژمارەیان تۆمارکرابوو: سەنتەری ناحیەی کەڵەکی یاسین ئاغا(٣٠٧ )کەسبوون ، گوندی بشیریان ٥١٧ کەسبوون ، گەویلان ٤٥٦، زەهرە خاتون (٢٠٦ )کەس ،قەسرۆك ١٠٩کەس ، کەورەسۆر٢٠٣کەس ، کۆی گشتی دانیشتوانی بەپێی ئەوسەرژمێریە دەکاتە (١٧٩٨) کەس ، هەروەها بە پێی سەرژمێری شوباتی (١٩٩٧) ز ناحیەکانی قەزای ئاکرێ بۆ پسولەی خۆراك لە لایەن رێکخراوی (w.f.p) لە ناحیەی کەڵەك ئەنجامدرابوو (١٠٣٦ )خێزان

و(٦، ٣٩٦)کەس بوون. سەرژمێری ناحیەی کەڵەك لە ساڵی ١٩٦٨ئەنجامدرابوو ژماەیان( ٧٨٠٦)نێر( ٨١٤٢)مێ سەرجەمی گشتی( ١٥٩٤٨)کەس. [96]

ژمارەی دانیشتوانی گشتی دەگەیشتە(١٢٤، ١٤) هەزار کەس ، ژمارەی گوندەکانی سەر بە سەنتەری ناحیە ٧ گوندە، (گوندە دابڕواکانی مادەی ١٤٠ لەگەل نیە). [97]

سەنتەری ناحیەی کەڵەك و گوندەکانی لە ئاماری ساڵی٢٠١٠. رووبەری سەنتەری ناحیەی کەڵەك (٤٢,٠٠٠) دۆنم دەبیت دەکاتە (٩٠)کم$^{٢}$سرۆشتی پێکهاتەی زەوی کەڵەك لە دێم ئاوی زورگ پێکهاتیە ، رێژەی بەردەلان دەگاتە(٤٥٣٠) دۆنم لە ساڵی ٢٠٠٠سەرۆکایەتی شارەوانی کەڵەك و بشیریان هاتنە دامەزراندن ، ئێستا سەنتەری ناحیەی کەلەك لە ٥پێنج گەرەك پێکدێت : گەرەکەکان ١ـ ئاشتی ٢ـ ئازادی ٣ـ برایەتی٤ـ راپەرین ٥ ـ گولان ، سەرجەمی گشتی لە ٣٠٤٢خێزان و ١٦,٥٢٤کەس پێکدێت .

ناحیەی کەڵەك ژمارەیەك پرۆژەی گرنگی لی جێ بەجێ کراوە وەك ( جووت سایدی ناو سەنتەری ناحیە و بینایە شارەوانی بشیریان و ئاوەرۆی سندوقی و ژمارەیەك یاریگای تۆپی پێ و کۆمەلگای کارگێڕی کە لە ژێر جێ بەجێ کردن دایە . کەڵەك ٤٢ کم دوورە لە باشووری رۆژهەڵاتی قەزای بەردەڕەش .کەڵەك لەبەر ئەوەی دەکەوێتە سەر رێگای سەرەکی (هەولێر ـ موصل ) و سەر ڕووباری زێی گەورە ، شوێنەکەکان گونجاوە بۆ پرۆژەی گەشت و گوزاری.

ڕووبەری گشتی ناحیەی کەڵەك دەگاتە ( ٣٢٥کم٢ ) لە ٢٤گوند پێك دێت ، سەرجەم دانیشتوانی کوردن تەنها سێ گوند نەبێت عەرەب تێدا دادەنیشن ، بەلاًم ئێستا هەفت گوند سەر بە ناحیەی کەڵەك مایتنەوە ، (١٦) گوند بە شێوەیەکی کاتی خراوەتە سەر یەکەی کارگێڕی ناحیەی دارەتوو ، کەڵەك وەکو سەنتەرێك بەناوبانگەبە کاری کشتوکاڵی چاندنی شینایی هەروەها شوێنێکی گەشت و گوزاریە.رووبەری ناحیەی کەڵەك (٨٥، ٢٣٪) رووبەری گشتی قەزا پێکدەهێنێت .گودنشینە کوردەکان گشتیان گۆرانن لە تیرەو بەرەبابی (شێخ بزینی ، بۆت ، ڕەشگەری ، زەنگەنە، مووسەیی ، پالانی...) پێکەوە دەژین ، کوردی شەبەك لە حەفت گوند دادەنیشن ، زەنگەنە لە سێ گوند دادەنیشن سارلی یان سارولی بە زمانی عەرەبی بە واتای (صارلی)دەگەیەنێت ، کاکەیی لە چوار گوند نیشتەجێ بوونە .رووبەری زەوی کشتوکاڵی بە دۆنم : ٤٠١٨٨ دۆنم بە کێل کشتوکاڵ دێت ٧٦٤٣ دۆنم زەوی بە کێل کشتوکاڵ ناهێت ،

---

٩٦ـ خەسرۆ گۆران ، کورد لە پارێزگای موسل لاپەرە ١٧٨

٩٧ـ وەرگیراوە لە: کتێبی پارێزگای نینوی لە نێوان دوێنێ و ئەمڕۆدا ، ساڵی١٩٦٨چاپکراوە

١٣٠٩٧ دۆنم زەوی  کشتوکاڵی  دێمی ( الاصلاح الزراعی ).   ٢٠٧٧دۆنم رۆبەری زەوی کشتوکاڵی  بەرئاو ( الاصلاح الزراعی ) ٢٧٠٨٧  دۆنم  زەوی  کشتوکاڵی مولك دێمی . [٩٨]

**ـ گوندەکانی سەربەناحیەی کەڵەك(٢٨)گوندە ئەوانەن :**

١ـکومەلگەی بشیریان٢-شیخەمیر ٣-کەورەسۆر  ٤-بەدەنەی بچووك ٥-گەویلان بۆتان  ٦-بەدەنەی گەورە ٧-گەویلان ئازاد ٨-ترجلە ٩-ئاج قەلاٚ گەورە ١٠- زەهرە خاتون ١١-نازمیە ١٢-مفتیە ١٣-خازری نوی ١٤-ئاچ قەلاٚ بچووك ١٥-زەنگل ١٦-بحرێ(شیرەکان) ١٧- گولە بور ١٨-تل اسود کچکە ١٩-تولەبەن ٢٠-تل اسود گەورە ٢١-گەزەکان ٢٢-جەمە کور ٢٣- قەسروك ٢٤-حسن شام ٢٥- تورکماس ٢٦-سێودینان ٢٧-منگوبە ٢٨-علیاوە .

**تێبینی :** یەکەی کارگێری ناحیەی کەلەك لە (٢٨)گوند پێکدێت لەوانە (٤)گوند سەر بە سەنتەری ناحیەیە ، ئەوانەی تر تاپۆیان سەر بە (حمدانیە)یە مادەی (١٤٠) دەیانگرێتەوە ، ئەو گوندانە چۆلن بووینە سەنگەری پێشەوەی پێشمەرگە ، لە ژێر دەستهەلاتی لەشکری کوردستانن ئەمانەن (مەنگوبە ، خازری نویٚ ، زەهرە خاتوون ، چەمە کۆر ، تەل اسود گەورە ، تەل اسود کچکە ، حسن شام )   (پێنج ٥گوند ـ بەدەنە گەورە ، بەدەنە کچکە ، تەرجلە ، شێخەمیر ، مفتیە ــ ) لە ژێر دەستهەلاتی حەشدی شەعبیە .

## سنوری ناحیە

١- لە باکور: ناحیەی دارەتوو و سەنتەری قەزای بەردەرەش

٢- لە رۆژهەلات: رووباری زێی گەورەو سەنتەریقەزایخەبات.

٣- لە باشوروباشوریرۆژ هەلات: ناحیەیگوێرو وقەزایمەخمور.

٤- لەرۆژ ئاوا : سنوریقەزایحەمدانیە و ناحیەی بەرتلە سەر بە پارێزگای موصل.

پێکهاتەی ناحیەی کەلەك : نەتەوە کوردن ، ئاین موسلمانن ، عەشیرەت کۆرانن ، مەزهەب سوننە.

**ئابوری کەلەك :** ناحیەی کەلەك شوێنێکی ستراتیژی هەیە بە تایبەتی  لە ڕووی بازرگانیەوە هەیە، دەکەوێتە نێوان هەرسێ پارێزگای (دهۆك ، هەولێر و موسل) . بە پلەی یەکەم خەریکی کاری کشتوکاڵی چاندنی گەنم و جۆ و شینایی کردن پرۆژەی بەخێوکردنی مەڕو مالات و کاری ئاژەلداری ، هەروەها بە خێوکردنی ماسی .

٩٨ـ وەرگیراوە لە: بەرێوەبەرایەتی  کشتوکاڵی قەزای  بەردەڕەش ،بەشی ئامار

**فەرمانگەكان :**

١ ـ له ١٢ فەرمانگەی خزمەتگوزاری پێكهاتووه .

٢ ـ دوو بنكەی تەندروستی له سەنتەری كەلەك و شارۆچكەی بشیریان هەیه .

٣ـ ١٢قوتابخانەی بنەرەتی و ئامادەیی له خۆ دەگریت .

## پێناسەی گوندەكانی سەر به یەكەی كارگێڕی ناحیەی كەڵەك

### ١ ـ كومەلگەی بشیریان:

گوندی بشیریان دەكەوێته باشووری رۆژهەڵاتی قەزای بەردەڕەش ٥ پێنج كم له سەنتەری ناحیەی كەڵەك دووره ، سالْی ١٨٦٥له هەشت مالْ پێكهاتبوو له سەر دەستی سەلیم ئاغایكوڕی رەشئاغا ی بۆت له گەویلانێ هاتبوو گوندی بشێری دروستكردبوو، سالْی ١٩٢٤ حكومەتی عیراقی ناوی بشێری گۆریبوو بۆ (بشر) بۆ مەبەستی تەعریب كردنی ، بەلاّم خەلْكی هەر بەبشیریان ناویان دەبرد ، نزیكەی ١٦٠ سالْ دەبیت هاتیته ئاوەدان كردن.له كۆنەوه دانیشتووانی بۆتن له تیرەی (كورەكی ، خویتەلی ، بەكر ئاغا )گوندیان ئاوەدان كردیه ئێستا تیرەی رەشگەری و شێخ بزێنی ...هتد. له گوندی دەژین هەموویان خۆیان به گۆران دەژمێرن

**ناوی گوند:** شوێنی گوند پێش ئاوەدان بكرێت دەحلەو بیشی بوو ، رێگایەك بەناو تێدەپەری .واته بیشی+ رێ =بوویته بشیریان ، یان دەڵێن بۆتەكان له قەزای بشێری باكووری كوردستان هاتوونه لێره ئاوەدانیان كردووه گوتیان لەبشێری هاتوونه ناوی گوند لێنرا بشیریان .

**شوێنەوار** : قویچێ عەزۆی و دۆلێ غەزۆی ، شێ محەمەد ، كونەسمت ، جەندەر كوژ ، سەرجەم ، سەركێ مەڕجانێ... له سالْی ١٩٦٠/١٩٥٩ قوتابخانه له گوندی دامەزرایه ، بنكەی تەندروستی تێداهەیه بەرێز غازی حمید عباس هاریكاری پزیشكی یه ، چوار مزگەوت تێدا هەیه له گەلْ یەك تەكیه ، پێنج بیری ئیرتوازی بۆ ئاو خواردنەوه هەیه ، ٦بریكاری دابەشكردنی خۆراك له گەلْ دوو بریكاری ئارد له كۆمەلگای بشیریان هەیه.

**رووداو** : له بەهاری سالْی ١٩٦٩ لافاوی ئاوی زێ هەستابوو هندێكیان هەڵاتن بۆ شاخ بەلاّم زۆربەی خەلْكی گوند چووبوونه سەر بانی مزگەوتی گەورەی گوند بناغەی به كۆنكریت دروستكرابوو ، حكومەت به تەیارەی هەلێكۆپتەر به هانای خەلْكەكەی هات ، خانیەكانی گوند هەمووی تێكچوون ، سەر لەنوێ گوند له شوێنی خۆی دروستكرایەوه هەندێ مالْ له سەر شاخی ئاوەدانیان كرد پێیان دەلێن شاخۆلان و سالْی ١٩٧٤ حكومەتی بەعس بەسەر گوندی بشیریان دادا ٦٤ كەسی لێ گرتن ، سالْی ١٩٧٥ كرا بەگۆمەلگا ٤٨ مالە عەرەبی هاوردەی هێنایه گوندی بشیریان. دووباره زەوی كشتوكالْی دابەشكرایەوه پشكی عەرەبەكان دیاری كرا هەتا راپەڕینی بەهاری سالْی ١٩٩١ عەرەبەكان گوندیان به جێهێشت و هەڵاتن. سالْی ٢٠١٣ ژمارەیان ٢٩٣٩

کەس بوو. رووبەری گوند ۳۷۵۸ دونم زەوی  کشتوکاڵی هەیە ، ئێستا گوند ۱۲۱۹ خانی هەیە ژمارەی دانیشتووانی دەگاتە ٦۳۱۹ کەس. لە ڕۆژی ۹ /٦ /۲۰۰۱ کرا بە شارەوانی بەرێز ( عزیز محەمەد بایز ) دەرچووی پیشە سازییە ، بە بەرێوبەری شارەوانی بشیریان دەست نیشان کرا تاکو رێکەوتی ٦/٤ /۲۰۰۸ بەرێز ( یاسین سعید معروف ) کرایە بەرێوبەری شارەوانی بشیریان تاکو ئێستا بەردەوامە لە خزمەت. [٩٩]

| ئاماری ماوەستایان و  قوتابیانی بشیریان بۆساڵی خوێندنی۲۰۱۸ /۲۰۱۹ | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| ژ | قوتابخانە | رێڤەبەر | ماموستایان | وانەبێژ | قوتابی |
| ۱ | بنەرەتی کوڕان | خیر الدین حسن | ۲۳ | ۷ | ۷۲۱ |
| ۲ | بنەڕەتی کچان | شاکر قادر | ۲٤ | ۸ | ٥٤٥ |
| ۳ | ئامادەیی | نیزام یاسین | ١٤ | ٤ | ۲٦۰ |
| ٤ | باخچە | ئەژین فاروق | ۱۱ | | ۹۱ |

۲ ـ **گوندی کەورەسۆر:** ساڵی  ساڵی ۱۹۲۰لەلایەن حاجی قادر عزیز دەکاتە باپیرەی حاجی علی ئاوەدانکرایە لەگەڵ هەندێ ماڵە شەبەك و تورکومان شینابیان دەکرد ، ساڵی ۱۹۷٤حکومەتی بەعس داوایکرد گوندچۆلبکرێت، ساڵی ۱۹۹۳سەرلەنوێ ئاوەدانکرایەوە داوا لە برا شەبەك  و تورکومانەکان کرا بگەرێنەوە گوندی بە ئارەزووی خۆیان نەگەڕانەوە .

خلوەتگای یان مەزارگەی شێخ عبدالقادری گەیلانی دەکەوێتە باشووری گوند نزیك بازگەی کەڵەك کە بەبازگەی شێخ عبدالقادی ناودەبرێت ، گوندی کەورەسۆر ۲کم لە سەنتەری ناحیەی گەڵەك دوورە ، دەکەوێتە  باشووری رۆژهەڵاتی قەزای  بەردەڕەش ، کەندالی بەرچاو لە رۆژهەڵاتی کوند هەیە ،  هەبوونی کەوری سۆر و ڕەنگی ئاخەکەی سۆرە ، لەبەرهەندێ ناوی لێنرایە کەنداله سۆر ، ، رووبەری ۷۷۱۰دۆنم زەوی  کشتوکاڵی هەیە ، ساڵی ۲۰۰۹  گوند نزیکەی ۹۸ ماڵ دەبوون نزیکەی ٥۰۰ کەس تێدا دەژیان ، ۲۰۲۱ژمارەی دانیشتوانی پێکدێت لە۱٥۰ماڵ (۹٥۰) کەس  لە خۆدەگرێت ، خەڵکی گوند کاری کشتوکاڵی دێمی و شینایی دەچێنن ، هەروەها کارگەی بەرد زیخ لە گوندی هەیە ،  ئەو کارگانە زیانی زۆری بە زەوی بەراو گەیاندیە ، زۆر لە رووبەری زەوی  کشتوکاڵی گوند کۆر بیتەوە بەکەلکی شینایی وکشتوکاڵ ناهێت ، ساڵی ۲۰۰۰ قوتابخانە لەگوندی کرایەوە ،  شوێنەوارێکی مێژوویی هەیە ئەویش مەزارگەی شێخ عبدالقادری گەیلانی یە ، دەڵێن کاتی لە ئیلام بەرەو بەغدا بەرێکەفت بوو ،  لەو ئەشکەفتە چل رۆژان خەلوەی کێشابوو . [١٠٠]

---

٩٩ ـ وەرگیراوە لەبەرێز: ماموستا شاکرقادر ، بە هاوکای موختاری گوند زانیاریەکان کۆکرایتەوە.

١٠٠ـ پێزانین بە سوپاسەوە لە بەرێزان مامۆستا عدنان و حاجی عەلی موختاری گوندی کەورەسۆر وەرگیرایە .

## ۳ ـ گەویلان بۆتان:

**۷کم له سەنتەری ناحیەی کەلەك دووره ، دەلێن ناوی گون دله شەڕی گۆمیلا هاتیە، یان دەلێن بۆتەکان له گەویلانی باکوری کوردستان هاتوونه ناوی گوند بوویته گەویلان** ، دوو گوند هەیه به ناوی گوندی گەویلان. سنوریان بەسەر یەکەوەیه. گەویلانی بۆتان و (گەویلان ئازاد) ، له ساڵانی بیستەکان ( یونس سیاله ) هەندێ مولکی کشتوکاڵی له گوندی گەویلانی عەرەبان کڕی بوو چەند ماڵه عەرەبی لەسەردانابوو (شێخ نەده)سەرپەرشتی دەکرد، گوند ناوی لێنرا گەویلانی عەرەبان ، تاکو ساڵی ۲۰۰۳ کورد گەڕانەوه سەر زێدی بابو باپیرانیان ، ناوی گوند بوو ( گەویلان ئازاد).

( یونس سیاله) مولکێکی زۆری له گوندی گەویلان بۆتان هەبوو، ساڵی ۱۹٥٤توانی ٦ماڵ جۆتیار له گوندی گەویلان بۆتان دەربکات ، ماڵەکانی تریش باریان کرد گوند به کاولی مایەوه دیسان ساڵی ۱۹۷٤( شێخ نەده ) به عێل و عوربانەوه هێرشی هینابوو سەر گەویلانی کوردان ئاگری بەردابوو گوندی به تایبەتی ئەوانەی پەیوەندیان به شۆڕشی ئەیلوول کردبوو و هەزار سەر مەڕی کوردانی به تالآن بردبوو ، هەروەها پێشمەرگەیەك به ناوی (هابیل) بەبریندارى گیرابوو کەوتبوو دەستی عەرەبەکان به دووای ئوتومبێل رایانکێشابوو تاکو مرد .

گەویلان گەورەترین گوندەکانی ناوچەی بۆتان بوو. رەشائاغای بۆت براگەورەی گوند بوو ، له ئەسل وەلی بەگ و محمود بەگ برازای یەکتر بوون له ناوچەی شەڕنەخی باکووری کوردستان هاتبوون له هەردوو گوندی گەویلانی سەر به قەزای بەردەڕەش ئاکنجی ببوون ، هەرله کۆنەوه هەردوو گوند بۆتی شەڕنەخی تێدا دادەنیشتن له سێ بەرەبابی سەرەکی پێکهاتینه (ماڵی قادر ئاغا و ماڵی سمایل ئاغا ، ماڵی ونس ئاغا ). گوندی گەویلانی بۆتان ۸کم لەناحیەی کەڵەك دووره ، گوندی گەویلان چەند جاران تالآنکرایه به تایبەتی له ساڵی ۱۹۷٤عەرەبەکان گوندیان تەختکردو هەتکی ئافرەتی کوردیاندەکرد گوارەیان له گۆی ژنان دەکردەوه له دوای راپەڕینی بەهاری ساڵی ۱۹۹۱ گوند ئاوەدانکرایەوه ، لەساڵی ۱۹۹۹قوتابخانه لێکرایەوه .

**شوێنەواری گوند:** دوو خرابەی دەستکرد له ناو گوندی هەیه مێژوویەکی کۆنی پێوەدیاره ، پارەی سەردەمی ساسانییەکان و ئەمەوییان تێدا دۆزرایتەوه ، کەونه ئاشێك لەتەنیشت خرابەی هەبوو بەلای خوارێ ، دۆلی کارێزێ له سەر گوندییه شوێنەوارێکی کونه ئاوێکی زوری هەیه شینایی لەبەر دەکرێت، له کۆنەوه ئاشی ئاوێ له گوندی هەبوو. گۆرەپانێکی پان وبەرین لەلای باکوری گوندهەیه دەلێن لەسەردەمی میر محەمەدی پاشای سۆران شوێنی راهینانی هەسپ و سوارچاکی بوو ، دوو قەبرستان له گوندی هەیه قەبرستانی میر شەرەفی و قەبرستانی فەقیران. رووبەری زەوی کشتوکاڵی (۸۰۰۰)دۆنم ٤٥۰۰ دونم زەوی پاوانه بۆ لەوەڕگا بەکاردێت.

ژمارەی مالەکانی گوند (٨٧) مالە. (١٢٠)سەر خێزان (٧٥٠) کەسن ، لەسالی ١٩٧٧قوتابخانە هاتە گوندی ، ماوەیەك قوتابخانە لە گوندی هەلگیرا. لە سالی١٩٩٩ گەڕایەوە . لە سەردەمی حکومەتی بەعس سێ جار گوند خراپکرایە ، دوو بیری ئیرتوازی لە گوندی لێدرایە مالەکان بە تۆری ئاو بەسترایتەوە بۆ خواردنەوە

**٤ ـ گەویلان ئازاد:** گوندە کوردنشینەکانی نزیك سنووری گوندە کێشە لەسەرەکانە هاتبوونە تەعریب کردن ، سەرەڕای هەندێ عەرەبە هاوردەکان زەرەروو زیانیان بەخەلکی کورد دەگەیاند ، پێش سالانی هەفتا کان لەبەر ئەوململانێیە(سمایل کەریم ) عەرەبێکی لەگوندی گەویلانێ کوشتبوو. هەرلەبەر هەندێ عارەب گوندی گەویلانیان داگیر کرد مالی (نەدەی عەرەبی راشدی ) لەسەر دانیشتن ناوی لێنرا گەویلانی عەرەبان، لە تۆلەی خوێنی خۆیان کەسێکی کوردی بێتاوانیان بەناوی ( رەشید )لەبەرەبابی ئەحمد جبۆی بوو لەنێوان گوندی گەویلان و گردەپانی لەپشت گەرو مارێ کۆشتبوو، هیچ پەیوەنی بە رووداوەکە نەبوو ، گوایە لەتۆلەی شامی عەرەبی گوندی گەویلانێ ، سالی٢٠٠٣دووای ئازادی کردنی عیراق عەرەبەکان رۆیشتن کوردەکان گەڕانەوە سەر شوێنی خۆیان ناویان لێنا گەویلانی ئازاد .

**٥ـ تەل ئەسوەد گەورە:** لە کۆنەوە ئەو گوندە کوردنشین بووە ، گوندی( تل اسود ) ووشەیەکی عەرەبیە عەرەب تێدا دادەنیشن ، لە شەڕی داعش چۆل بوو. ئێستا ساتری پێشەوەی لەشکری پێشمەرگەی کوردستانە.

**٦ـ عەلیاوە (تل اسود کچکە):** بە مەبەستی تەعریب کردن ناوی گوند لە عەلیاوە گۆڕا بۆ( تل اسود صغیر ) عەرەب تێدا دەژین لەگەلّ دەستپێکردنی شەڕی داعش عەرەبەکان گوندیان چۆل کرد ، ئێستا هێلی پێشەوەی بەرگری پێشمەرگەیە .

**٧ـ نازمیە:** لەکۆنەوە ناوی ( پیر حەلان ) بوو. ٧کم لە سەنتەری ناحیە دوورە ، عەشیرەتی باجەلان تێدا دادەنیشتن ، ناوی گوند دیارە کەسێك ئاوەدانی کردیەناوی ( نازم ) بووە ، بۆیە بوویتە ( نازمیە)، یان دەلێن ئەوگوندە لە سەردەمی عوسمانییەکان (نازم العمری ) والی موسل بوو گوند هاتبوو ئاوەدان کردن لە بەر هەندێ ناوی نرا نازمیە ، گوندی نازمیە سەر بە ناحیەی کەلەکە لە قەزای بەردەڕەش دەکەوێتە رۆژئاوای لە سەنتەری ناحیەی کەلەك ٨کم دوورە بەلای رۆژئاوای ، خەلگی گوندی لەسەر ژمێری سالی ١٩٥٧ ژمارەیان ٧٨کەس بوون ، ئێستا دانیشتوانی٤٧ سەرخێزان دەبێت، ١٥٥کەس دەبن ، هەمووی گۆرانن ، لەسالی١٩٧٤گوند هاتە تەعریب کردن ، لە دوای راپەڕبن بەهاری ١٩٩١چۆلکرا ، سەر لە نوێ لە سالی ٢٠٠٣ لە سەر دەستی دوو عەشیرەت (هەمەوەند و باجلان )ئاوەدان کرایەوە.لە ٢٠٠٣قوتابخانە لە گوند کرایەوە .

٨- **شێخەمیر:** سەر بەیەکەی کارگێڕی ناحیەی کەڵەکە ، دوو کیلۆمەتر دوورە لە ڕووباری خازر ، گوندی شێخەمیر لەکەوندا گوندی زەردەشتیان بوو ، بە شوێنی پەرستگای ئاگری زەردەشتیەکان دەناسرا ، سەردەمانێك شێخ و میری ئۆلی ئێزدیان تێدا ئاکنجی بوون ، هەرلەبەر هەندێ ناوی نرایە (شێخە میر)دوای فەرمانی میری گەورەی رەواندزی ساڵی ١٨٣٢ چۆڵ ببوو ، بەری ١٧٠ساڵە لە لایەن هۆزی زەنگەنە هاتە ئاوەدانکردن ئێستا کوردی شەبەك تێدا دەژین. شێخەمیر شوێنێکی ستراتیجی هەیە دەکەوێتە سەر رێگای هەولێر موسل ، دەرگای چوونە ژۆرەوەی پارێزگای موسلە ، لەئاماری ساڵی ١٩٥٧ژمارەیان(٢٣٩)کەس بوون.

٩- تورکماس ١٠ - منگوبە ١١- ئاچ قەڵا بچووك ١٢ - حسن شام ١٣- گوبەیبا
١٤- قصروك ١٥- سیڤدینان .

١٧- **چەمە کۆر:** دەکەوێتە نێوان هەردوو گوندی تولەبەن و تەلئەسوەدی گەورە ، لەکەوندا چەمێکی زۆر گەورەی هەبوو بەراز و ئاژەلی کیوی دیکەی تێدا دەژی ، هەر لەبەر هەندێ ناویان لێنا چەمە کۆر ، ناوەکە کوردیەلەساڵانی هەفتاکان هاتبووە تەعریب کردن. ( شێخ نەجم ) شێخێکی ناوداری گوندبوو. ئێستا گوند چۆلە هێڵی پێشەوەی بەرگریە هێزی لەشکری پێشمەرگەی کوردستان تێدانە. [(١٠١)]

١٨ - **خازری نوێ :** شوێنی خازری نوێ کەونە سەربازگەی رژێمی بەعس بوو ، مولکی وەزارەتی بەرگرییە ، لە ساڵی ٢٠٠٣ دوای روخانی بەعس چۆلکرا ، بەرەزامەندی حکومەتی هەرێم هەندێ ماڵە هەرکی بە سەرپەرشتی (شمس الدین ئاغای هەرکی) ئاوەدانیان کردەوە وەکو هێڵی بەرگری رەوانەی کاولە سەربازگەکە کران، دووبارە لە شەڕی داعش چۆلکرا ، ئێستا سەربازگەی لەشکری پێشمەرگەی کوردستانە.

١٩ -- **ئاچ قەڵا:** ( ئاش قەڵا یان ئاژ قەڵا ) شی پێ دەگوترێت. بەواتای سێ قەڵا دێت ، ئاش قەڵا ( ئاش + قەڵا ) دەکەوێتە سەر ڕووباری خازر دیارە لەکۆنەوە ئاشی ئاوێ لەپال قەڵابووە شوێنەواری کاولە ئاشەکە ماوە ، ئەوەی راست و دروستە دەڵێن: لە سەردەمی عوسمانلیەکان هەندێ ماڵە بۆت لە باکوری کوردستان لە گوندێك بە ناوی ئاچـقەڵا هاتوونە لەو شوێنە ئاوەدانیان کردووە ناویان لێنایە ئاچـقەڵا ، لە ساڵانی شێستەکان دووبارە کوردی شەبەك ئاوەدانیان کردووتەوە ، گوندی ئاشـقەڵای ئێستا لەبەرزتر ئاوەدان کرایتەوە ، لە کۆنەوە لەسەرروخی ئاوی خازربوو. لەساڵی ١٩٨٨ گوندی ئاش قەڵا هاتە تەعریب کردن ، بەلام لەدوای ئازادی عێراق خەلکەکەی پێشوو گەرانەوە زێدی باب و باپیرانیان (دانیشتوانی گوند لە

---

١٠١– سالم جمعه شەبەك ، مێژووی شەبەك لە موسل،نامەی ماجستەر ، ل٥٠

عەشـیرەتی زراری و بۆت و شـەبەك ) تێدا نیشـتەجێن ، ئێسـتا زیاتر لە ٢٥خانی لە گوندی هەیە ژمارەیان (٣٥) سـەر خێزان دەبن ژمارەیان ١٥٥ کەسـن ، سـاڵی ٢٠٠٤ قوتابخانە هاتە گوندی.[١٠٢]

**٢٠ـ مفتيه** : گوندی موفتیە، مفتی ئەوکەسەیە کە شلۆڤەی پرسە ئاینیەکان لێك دەداتەوە کێشەکان یەکلایی دەکاتەوە ، موفتی نازناوی خانەوادەیەکە کەماڵی موفتی دەڵێن ( عبدالعزيز موفتی موسل ) لەسەر دەستی چەند جوتیارێك ئەو گوندەی ئاوەدان کردەوە. کوردی شەبەك تێیدابوون دەیەکی بەرهەمی کشتوکاڵی خۆیان وەکو تاپۆ بەماڵی موفتی دەدا

، ژمارەی دانیشتوانی لەساڵی ١٩٥٦ دەگەیشتە ١١٠کەس.

**٢١ـ زهره خاتون:** گوندی زەهرە خاتوون گوندێکی گەورەیە ئاوەدانی شەبەکستانە ، ٢کم لەئاوی خازر دوورە و دەکەوێتە ڕۆژهەڵاتی موسل بە دووری ٣٥کم گەڕیدەی بەریتانی (ریچ) ئەو گوندەی ناوهێنایە بە (سارە خاتوون) گەڕیدەی ئەڵمانی (نیبور). ئەوگوندیە بە (بەردی خاتوون) (صخره خاتوون) ناوبردیە، گوندێکی کشتوکاڵیە لەوەرزی زستان گەنم و جۆ دەچێنن پشت دەبەستن بەئاوی باران لەوەرزی هاوین شینایی دەچێنن بەئاوی خازر ، هەندێ کەسانی دەولەمەندی موسل زەوی و زاری گوندیان لەسەر ناوی خۆیان تۆمار کردبوو بەرامبەر ئازاد کردنی منداڵیان لەخزمەتی سەربازیدا ، ژمارەی دانیشتوانی لە فۆڕمی خۆراکی ساڵی ٢٠٠٣ گەشتووەتە ١٢٠٠کەس .

**٢٢ـ بحرێ ( شیرەکان ):** پێش ساڵی ٢٠١٤ بەری شەڕی داعش گوندێکی گەورە بوو کوردو عەرەب تێدا دەژیان، دوای شکانی داعش ئێستا ٧هەفت ماڵی کوردی (ئالقوباد)ئاوەدانیان کردەوە.

**٢٣ـ ترجله:** گوندی تەرجلە ، ( ترجله: تەڕ+جلە ) تەڕ واتە بەدەوام خاکێکی تەڕ و شەداری هەیە ، جلە بەواتای گیای شین واتە شینکەی هەیە ، ناوەکەی بەگیای شین و تەڕ دێت بەتایبەتی لەکۆتایی وەرزی بەهار و وەرزی هاویندا ، لەو گوندەیە شەڕێك ڕوویداوە لەنێوان لەشکری ( زین الدين مسعود الزنگی و یوسف کوڕی علی کوچك ئێزدی) لەساڵی ٥٠٨ ی کۆچی لەشکری یوسف بەسەر لەشکری زەنکی یان سەر کەوتبوو. گوندی تەرجلە یاقوت الحموی باسی کردووە گوندێکی زۆر کۆنە ، قۆناغبووە بۆ حەسانەوەی قافلە و بازرگانی لەڕۆژ هەڵات بەرەو ڕۆژئاوا دەچوون هەر لەکۆنەوە کوردی شەبەك ئەو گوندەیان ئاوەدان کردووە شوێنێکی ستراتیژی هەبووە

١٠٢ – مامۆستا کەریم جەشنی کاکەیی ڕێڤەبەری قوتابخانەی ئاچقەلای بنەرەتی تێکەلاو زانیاری لەسەر گوندەکانی کاکەییان بە سوپاسە بۆمی رەوانە کرد .

لەسەر ڕێگای‌حریر بووە ، کوردی باجەلان و زەنگەنە تێدا ئاکنجی بوونە ، لەئاماری ساڵی ١٩٥٦ ( ٢٣٢ ) کەسی تێدا ژیاوە .

**٢٤ـ کولەبۆر :** داب و نەریتێك لەناو دانیشتووانی گوندی کولەبۆر هەبوو ، زەلامەکانیان لە سەردەمی ( عبدالمجید ) پاشای عەسمانلی پەستەکی ڕنگی بۆریان لەبەردەکرد ، بە ( زێری مەجیدی ) دەیانکری. عەرەب پێی دەڵێن (المجیدیە ). لە کۆنەوە کارگەی کوپ و گۆزەو جەڕەی تێدا هەبووە ، سێ کیلۆمەتر لە ئاوی زێی گەورە دوورە. بەرەبابی گوند پێکهاتینە لە ( ئەبوئەرسەلان ) و ( ئەبوعزیز) ، پێش هاتنی داعش دانیشتوانی دەگەیشتە ٢٩٠ ماڵ. ١٥٥٠ کەس دەبن.

## ٢٥ـ تولەبەن:

تولەبەن دەکەوێتە ڕۆژئاوای کەڵەك بە دووری ١٠ کم دەکەوێتە سەر ڕووباری زێی بادینانە دانیشتوانی خەریکی بەخێوکردنی مەڕومالّتن. لەوەرگایەکی گونجاوی هەیە و بەناوبانگە بە چاندنی خەیارو بامیەو تەماتەو شینایی تر. هەروەها خەریکی ڕاوە ماسینە ، شڤرەی بی زۆری لێ هەیە وەستای شارەزا هەبوون بەکاریان دەهێنا بۆ دروستکردنی سەویە و سەبەتەو تەبەقۆر و مەڕکەبوك ، لەبەر هەندێ ناولێنرا تولەبون. تولەبەن گوندی کوردی کاکەییانە ، سێ بەرەبابی سەرەکی تێدا دادەنیشن( ئەبوگرامی ) ، ( عەبۆ خەلیلات ) ، ( سادەی بەرزنجی). ئاینیان لقێکە لە لقەکانی ئیسلام. شوێنەواری گوند : تەپەیەك هەیە لە نزیك گوندی تولەبەن دەڵێن دروستکردنی ئەو تەپەیە بۆ سەردەمی ماد و میتانی ئاشورییەکان دەگەڕێتەوە ، ئەو تەپەیە لە نەخشەی عیراقی بەناوی ( مجیدیە ) ناودەبرێت ، هەروەها مەقامی (بابا یادگاری ) لێیە دەڵێن کوڕی (موسای کازم) ـە ، ساڵی ١٩٨٨ئەو گوندە لە سەردەمی بەعس هاتە ڕاگواستنەوە بۆ پیرە مەگرون تاکو ساڵی ١٩٩١گەڕانەوە گوندی ، قوتابخانە ساڵی ١٩٦٥ هاتە گوندی خوێندن بە زمانی عەرەبی بوو. ٦٠٠ سەرخێزان تێدا دادەنیشن ، بە پێی پسوولەی خۆراك ساڵی ٢٠٠٣ ژمارەیان ٣٩٠٠ کەس بوو .

**٢٦ـ گەزەکان:** لە سەر ڕووباری زێی بادینانە ، دانیشتووانی هەمووی کوردی کاکەیین ، داری گەز تێدا زۆرە لەبەر هەندێ بوویتە گەزەکان.یان گیایەك هەیە بە ناوی گەزکەزە ئەکەر لەو رووەك هاتبی ، چوار بەرەبابی سەرەکی لە گوندی گەزەکان دادەنیشن ئەمانەن: ( تیرەی محەمەد عەلی ، تیرەی خدر سەعیدی ، بەرەی شوانی ، بەرەی باوات ).ساڵی ١٩٧٢ قوتابخانە لە گوندی کرایتەوە. ٣٨٠ ماڵ دەبێت و ١٦٧٥کەسن .

## ٢٧ـ زەنگەڵ:

گوندی زەنگل دەکەوێتە  باشووری پردی کەڵەك بە دووری ٤ کم کوردی کاکەیی و عەرەب پێکەوە لە گوندی زەنگل دەژیان بەرەبابەکان (ماڵی ئەلبو عەزیزی و ماڵی قەمەڕ حەیدەری) تەپەیەك لە گوندی هەیە بەناوی ( ئەبوفحە)لە کاتی خۆی ٢٦٠ماڵ دەبوون ١١٠٠ کەس بوون

## ٢٨ـ بەدەنەی گەورە:

( بەدەنەی سەروو ) شی پێ دەگوترێت. بەدەنە : گیایێکی پڕ خێر و بەرەکەت، دەکەوێتە سەر ڕێگای هەولێر لە ڕۆژهەڵاتی موسل ، نزیکە لە ڕووباری خازر. ژمارەی دانیشتوانی لەساڵی ١٩٥٦ گەیشتە ١٩٧ کەس.بەپێی ئاماری فۆڕمی خۆراکی ساڵی ٢٠٠٣ ژمارەی دانیشتوانی ٩٥٠کەس دەبوون .[١٠٣]

| ناوی بەرێوەبەرەکانی ناحیەی کەلەك | | | |
|---|---|---|---|
| ز | ناوی بەرێوەبەر | دەستبەکاربوون | دەست لەکار بەردان |
| ١ | قادر عزیز قادر | ٧/ ٤ /١٧٧٩ | ٢ / ١١ /١٩٩٨ |
| ٢ | بشار محمد عبدالله | ٢ / ١١ /١٩٩٨ | ١ / ١٠ /٢٠٠١ |
| ٣ | فاروق خدر أنور | ١ / ١٠ /٢٠٠١ | ١ /٥ / ٢٠٠٢ |
| ٤ | بشار محمد عبدالله | ١ /٥ / ٢٠٠٢ | ١ / ٧/ ٢٠٠٢ |
| ٥ | قادر عزیز قادر | ١ / ٧/ ٢٠٠٢ | ٢٥ / ٩ /٢٠٠٥ |
| ٦ | خالد عباس حاجی ئاغا | ٢٥ / ٩ /٢٠٠٥ | ١٨ / ١١ / ٢٠٠٧ |
| ٧ | سردار یحیی عبدالعزیز | ١٨ / ١١ / ٢٠٠٧ | ١٤/ ٢ / ٢٠١١ |
| ٨ | خالد عزیز کریم | ١٤/ ٢ / ٢٠١١ | ٢٣ /١٠/ ٢٠١٦ |
| ٩ | بشار محمد عبدالله | ٢٣ /١٠/ ٢٠١٦ | ٨ / ٥/ ٢٠١٨ |
| ١٠ | بڕوا فاروق سعید | ٨ / ٥/ ٢٠١٨ | |
| ١١ | | | |

## ٢٩ـ گوندی بەدەنە کچکە:

هەردوو گوند لێك نزیکن ،  بەلاّم بەدەنە کچکە کۆنترە ئاوی شۆڕەو نزیکە لەڕووباری خازر ژمارەی دانیشتوانی لە ساڵی ١٩٥٦ بریتی بوو لە ٢٣٨کەس ، ژمارەی

---


١٠٣ـ خسرۆ گۆران ، کورد لە پارێزگای موسل ، ل ١٧٤

| خشتەی زانیاری لە سەر گوندەکانی یەکەی کارگیری ناحیەی کەلەك بۆ سالَی ۲۰۱۷* | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| ژ | ناڤێ جهی | ژ/خێزان | ژ/کەسان | ژ/کەرت | تێبینی |
| ١ | سەنتەری ناحیا کەلەك | ٣٠٤٢ | ١٦٥٢٤ | ١٢٢ | لەسالی (١٩٩١) ئازاد کراوە |
| ٢ | بشیریان | ١١٥٠ | ٦٢١٠ | ٧٣ | لەسالی (١٩٩١) ئازاد کراوە |
| ٣ | کەورەسۆر | ٨٩ | ٤٨٣ | ٧٤ | لەسالی (١٩٩١) ئازاد کراوە |
| ٤ | گەویلان | ١٠٥ | ٥٣٥ | ١٤٦ | لەسالی (١٩٩١) ئازاد کراوە |
| ٥ | گەویلان ئازاد | | | ١٤٦ | له (٢٠٠٣) ئازاد کراکراوە |
| ٦ | ئاچ قەلای گەورە | ٢٥ | ١٢٠ | ١٢٥ | (٢٠٠٣) ئازاد کراوە و |
| ٧ | ئاچ قەلای بچوك | ١٤ | ٨٢ | ١٢٤ | (٢٠٠٣) ئازاد کراوە |
| ٨ | نازمیە | ٤٢ | ١٤٥ | ١٢١ | (٢٠٠٣) ئازاد کراوە |
| ٩ | منگوبە | | | ١٢١ | (٢٠٠٣) ئازاد کراوە |
| ١٠ | خازری نوێ | | | ١٢١ | (٢٠٠٣) ئازاد کراوە |
| ١١ | بحرە | ٤٣ | ٢٢٣ | ١٢٣ | (٢٠٠٣) ئازاد کراوە |
| ١٢ | سێڤدینان | ٥٤ | ٢٣٠ | ٨٧ | (٢٠٠٣) ئازاد کراوە |
| ١٣ | تورکماس | ٢١١ | ١٠٤٠ | ٨٦ | (٢٠٠٣) ئازاد کراوە |
| ١٤ | قسرۆك | ٢١٤ | ١٠٧٤ | ٩٤ | (٢٠٠٣) ئازاد کراوە |
| ١٥ | زەنگەل | ١٦٩ | ٨٤٢ | ١٢٠ | (٢٠٠٣) ئازاد کراوە |
| ١٦ | کولەبۆر | ١٣٥ | ٦١٠ | ٧٩ | ل (٢٠٠٣) ئازاد کراوە |
| ١٧ | توولەبەن | ٣١١ | ١٤٥٠ | ٧٩ | (٢٠٠٣) ئازاد کراوە |
| ١٨ | گەزەکان | ٣٢٧ | ١٨٠٠ | ٧٦ | (٢٠٠٣) ئازاد کراوە |
| ١٩ | زهره خاتوون | | | ١١٥ | (٢٠٠٣) ئازاد کراوە |
| ٢٠ | جەمەکور | | | ١١٩ | (٢٠٠٣) ئازاد کراوە |
| ٢١ | تل اسود گ علیاوە | | | ١١٨ | (٢٠٠٣) ئازاد کراوە |
| ٢٢ | تل اسود بچووك | | | ١١٨ | (٢٠٠٣) ئازاد کراوە |
| ٢٣ | حسن شام | | | ٨٨ | (٢٠٠٣) ئازاد کراوە |
| ٢٤ | بەدەنەی گەورە | | | ١١٤ | ل بن دەسەلاتێ حەشداية |
| ٢٥ | بەدەنەی بچووك | | | ١١١ | ل بن دەسەلاتێ حەشدا |
| ٢٦ | تەرجلە | | | ١٠٩ | ل بن دەسەلاتێ حەشداية |
| ٢٧ | مفتیە | | | ١١٠ | ل بن دەسەلاتێ حەشدا یة |
| ٢٨ | شیخەمیر | | | ١١٢ | ل بن دەسەلاتێ حەشدا |
| ٢٩ | وەردەك | ٥٢٥ | ٣١٢٠ | | سەر بەناحیا نمرودە |
| | مجموع | ٦,٤٥٦ | ٣٤,٤٨٨ | | |

⋆هەر دوو خشتەی سەرەوە لە بەرێز/ علی خدر حسن بەرپرسی کارگێری ناحیەی کەلەک وەرگیرایە

# ـ باسی سێیەم :

## ـ یەکەی کارگێڕی ناحیەی دارەتوو:




ناحیەی دارەتوو دەکەوێتە باشووری رۆژهەلاتی قەزای بەردەڕەش . بەدووری ١٢ کم ، دارەتوو ٧٠ کم لە باکووری رۆژئاوای هەولێری پایتەخت دووره ، دارەتوو یەکێکە لەو ناحیانەی کە لە دووای بە قەزابوونی بەردەڕەش بووەتە ناحیە ، و ژمارەی دانیشتوانی ئێستا سالی ٢٠٢٠ زیاترە لە ٢٨٥٨١ کەس ، دارەتوو یەکێکە لەناحیە گەورەکانی قەزای بەردەڕەش کە دەکەوێتە سەنتەری ناوچەی رەشگەرییان رێزە گوندی بەربنی لە خۆدەگرێت ، پێش ببیتە ناحیە گوندی دارەتوو نزیکەی ( ٦٠٠ ) شەش سەد سەر خێزان دەبوو .گوندی دارەتوو بە پایتەختی رەشگەرییان ناودەبرێت.

ژمارە سەنتەری دانیشتووانی ناحیە لە (٥٠٠، ٣) سێ هەزارو پێنج سەد کەس زیاترە

رووبەری عەردی چاندنی سەنتەری ناحیەی دارەتوو  دەگاتە (٥٨٥ ، ١٣)دۆنم.  ئەو زەویەی بە کێل چاندنێ ناهێت دەکاتە(  ٦ ١٠ ، ٣) دۆنم ، ناحیەی دارەتو (استحداث)کرا لە ڕۆژی ٢٩ /٤ /٢٠٠٧دارەتو بەفەرمی بە یەکەیەکی کارگێڕی سەر بەخۆ دەست نیشان کرا ، ناحیە (٣٥)گوند لە خۆ  دەگرێت .

**شـــوێن:** دارەتو دەکەوێتە  رۆژهەڵاتی قەزای  بەردەڕەش  بە دووری ١٢دوازدە  کیلۆمەتر ، رووبەری ســـنوری ناوحیەی دارەتو(٤٢٥)کم$^2$ دووجایە ، دەبیتە  ٤٤٧ ، ١٦٧دۆنەمی عەردێ ، ، هەمووی کوردی موســـلمانن رەشـــگەرینە گۆرانن ، رووبەری ناحیەی دارەتوو بە رێژەی (٦٦، ٢٨٪لە کۆی گشتی قەزای بەردەرەش پێکدەهێنێت .

ناحیەی دارەتوو خزمەتگۆزاری تێدا ئەنجامدرایە ، یەکەم جار لەساڵی ١٩٣٦ قوتابخانەی سەرەتایی لە گوندی کرایەوە سێ مانگ دەوامکرا لە بەرکێشەی کۆمەلایەتی قوتابخانە هاتە هەڵواسین ، سالی ١٩٣٧قوتابخانە لە گوندی دارەتوو دووبارە کرایەوە  بە پی تۆماری ناونوسینی قوتابیان ٥٨ قوتابی ناونووس کرابوون ،  تاکو سالی ١٩٤٥ لە بەر ئەوەی  بەریوەبەری قوتابخانە بە ناوی ئەکرەم رەشید حەسەن خەلکی ئاکرێ بوو سروودی نیشتمانی بە قوتابیان دەگوت ، بە بڕیاری قایمقامی قەزای ئاکرێ ساڵی١٩٤٥قوتابخانەی دارەتوو هاتە هەلواسین تاکو سالی ١٩٦٤دوبارە هاتە کردنەوە .

بۆ زانیین قوتابخانە لە سە ردە می عوسمانیە کان لە حجرە ی مزگەوتی کەونی دارەتوو لە لای مەلا سالی ١٩١٤ سیپارەو پەروەردەی ئاینی دەخوێندرا  ناوی قوتابیانە کان ئەوانە بوون :  ١/رە زا ابراهیم اغا٢/فقێ اسماعیل٣/معان خەلکی زەنکەنان بوو  ٤/سعدی امین ٥/اسماعیل مکو

لەســاڵی ١٩٨٠  قوتابخانەی ســەرەتایی کچــان کرایەوە ،  لە ســاڵ ١٩٨٨ قوتابخانەی ناوەندی کراوەتەوە. لە کۆنەوە بنکەیەکی تەندروستی لێهەبوو  .

لە ســاڵی٢٠٠١ هەڵبژاردنی ســەرۆك و ئەنجوومەنی شــارەوانی لێ ئەنجامدرا و ســەرۆکایەتی شــارەوانی دارەتوو کرایەوە و دەســت بە کار بوو و بە پێی توانا خزمەتی کرد گوزاری رۆژانەی پێشــکەش بە هاووڵاتیان دەکرد.  *یەکەم* بەرێوەبەری ناحیەی بەرێز ( هڤال محەمەد شــریف ) لە ڕۆژی ٢٠٠٧/٥/٢٨ دەست بە کاربوو. دوای ئەوەی دارەتوو بوو بە ناحیە ژمارەیەك پرۆژە ئەنجامدرا وەك دروســـتکردنی کۆمەلگای کارگێڕی و قوتابخانەیەکی ١٨ رێزی و هۆلیکی بۆنەکان و قیرتاو کردنی هندەك لە شـەقامەکانی سـەنتەری ناحیە و پرۆژەی ئاو و دابینکردنی

موەلیدە... .  بەر لەوەی ببێت بە ناحیە ژمارەیەکی دی پرۆژەی لێ دروستکرا بوو وەك بینایەی سەرۆکایەتی شارەوانی و باخچەیەکی مندالان و نۆژەنکردنەوەی بنکەی تەندروستی و بڕیارە ویستگەیەکی دابەشکردنی کارەبا لە دارەتوو دروست بکرێت.  بەپێی سەرژمێری ڕێڤەبەری ئامارا دهۆك بۆسالی ٢٠١٦ ژمارەی خەڵکی سەرانسەری ناحیەی دارەتوو بە گوندەکانیەوە ٣٣٥٧٠ کەس بوە. لەوانە ٤٦٩٢ کەس لە سەنتەری ناحیەو ٢٨ ٨٧٨ لە گوندەکانی سنووری ناحیە دەژی.[104]

**سنووری سەنتەری ناحیەی دارەتوو:** ڕۆژهەلاتی گوندی مۆریلانە لە ڕۆژئاوای دووگوندانی بچووکە ، لە باکووری بارەوان لە باشووری گوندی گۆمەزەردە.

## ـ ئابووری ناحیە :

بەزۆری خەڵکی گوندەکە خەریکی کاری کشتوکاڵین ساڵانە گەنم  و جۆو نیسك ونۆك وپاقلە دەچێنن. هەروەها هەندێکی تر بە کاری ئاژەڵداری خۆیان خەریك کردووە ،  قوڕەبەگی گوند ئاوی هەیە  لەهاویندا شینایی لەبەر دەکەن وەك تەماتە وخەیارو کودیو گەڵی بەرهەمی تری لێ دەچێنن. هەروەها بیری ئیرتیوازیان هەیە بۆ شینایی کردن  .

ڕووبەری گشتی یەکەی کارگێڕی ناحیەی دارەتوو بریتیە لە :

١٢٢٢٢٢دۆنم بە کەلکی کشتوکاڵ دێت  .

٤٧٠٤٢ دۆنم زەوی بە کەلکی کشتوکاڵ ناهێت

٧٩٩٤٨ دۆنم زەوی  کشتوکاڵی  دێمی( الاصلاح الزراعی ) .

١٠٠ دۆنم ڕۆبەری زەوی  کشتوکاڵی  بەرئاو ( الاصلاح الزراعی ) .

٥٢٧٤٣دۆنم  زەوی  کشتوکاڵی مولك دێمی .

١٨٣ دۆنم  زەوی  کشتوکاڵی  مولك بەراو .[105]

**مزگەوتو شوێنی ئاینی:** ناحیەی دارەتوو پێنج مزگەوتی تێدایە یەکەم مزگەوت مزگەوتی کۆنە ساڵی ١٨٠٥ زاینی هاتبوو دروستکردن ، شێخ محەمەدی سورچی هاتبوو گوندی دارەتوو پلانی بناغەی شوێنی دروستکردنی مزگەوتی کون وقەبرستانی ڕۆخ مزگەوتی دەستنیشان کردبوو،  لە شیوێ بەحرێ بە ڕۆخ مزگەوتی کەون بۆ دەستنوێژساندن بەکار دەهات  .

( مەلا سەید محەمەدامین و مەلا عبدالرحیم ) خەڵکی گوندی زیارەتی خۆشناوەتی  بوو تاکو ساڵی ١٩٦١ ، واتە زیاتر لە ٣٠ساڵ خزمەتی مزگەوتی کەونی دارەتووی کردبوو،  لە قەبرستانی

---

١٠٤– ئینسکلۆپیدیا پارێزگەها دهۆکێ ، بەرگی نۆیەم ، چاپی ٢٠١٧

١٠٥– وەرگیراوە لە: بەرێوەبەرایەتی چاندنی  کشتوکاڵی قەزای  بەردەڕەش  بەشی/ ئامار

رۆخ مزگەفتی کەون بە خاك سپێردراون . لە دوای ئەوان (مەلا تاها باوکی مەلا عبدالرحمان) ببوو پێش نوێژ و ووتار خوێنی مزگەوتی کەون ، پاشان ( مەلا عبدالله ی برای مەلا عبدالرحمان ) مەلای گوند بوو ، لە ساڵی ١٣٧٧ ك لە لایەن خەڵکی گوند نۆژەنکراوە

**دووەم:** مزگەوتی گەورە لە ساڵی ١٩٨٩ ز بە هاوکاری خێراخوازانی گوند ئاوەدان کرایە ئێستا ( مەلا عەبدولرەحمان مەلاتەها) مەلای مزگەوتی گەورەیە ، سێیەم: مزگەوتی گەڕێ.

چارەم: مزگەوتی ئاشتی لەسەر رێگای گربدەو ، پێنجەم: مزگەفتی شافعی ساڵی ٢٠٢٠ تەواو بوو ( مەلا عەبدولرەحمان ) زیاتر لەچل ساڵە خزمەتی ئەم گوندە ، کتێبخانەیەکی گەورەی هەیە هەموو جۆرە پەرتووکێکی ئایینیو مێژوویی و رۆشنبیری کۆمەڵایەتی هونەری لە خۆ دەگرێت ، سەرچاوەیەکی گرنگە بۆ ئەو کەسانەی تۆژینەوەیان هەیە بەتایبەتی قوتابیانی زانکۆ لە دەڤەری گۆرانەتی سوود لەو کتێبخانەیە وەردەگرن. هەووەها (مەلا شوکر عوسمان و مامۆستاحاتم عومەڕ شین ) ووتاری هەینی لە مزگەفتەکانی ناحیەی دارەتوو دەخوێننەوە ، دوای راپەڕینی گەڵی کورد ، لەساڵی ١٩٩٧ دواناوەندی تیایدا کرایەوە .

**ـ رووداوەکان :**

١ــ شانەی میر سمایل پاشای ئامێدی هاتبوو گوندی خەمیس کچك (گوندێکە سەر بە ناحیەی رۆڤیایە لە قەزای بەردەڕەش ) سمایل پاشایان ئاگادارکردبوو کێشەیەك لە نێوان شانەی پاشاو شانەی گوندی خەمیس کچك بەدەموقال هاتبون ، سمایل پاشای ئامێدی هاوینان دەهاتە ئەلقۆش بۆ ئەوەی لە نزیکەوە ئاگاداری کۆکردنەوەی خەرج خەراج و بەرهەمی هاوینە بێت، سمایل پاشا بانگی رەمەزان ئاغای دارەتوو دەکات بۆ چارەسەرکردنی کێشەکە ، رەمەزان ئاغا لەگەڵ کەسێکی تر بە ناوی (جلیل باجۆلی) هەر گەیشتنە جێ ، بەبێ پرسیارو وولام سمایل پاشا ، رەمەزان ئاغای لە سەیدارەدا. جەلیل باجۆلی جەنازەی رەمەزانی هیناوە دارەتوو لە گوندی دووگوندانی کچکە بە خاکسپێردرا ، خانەوادەی رەمەزانی لە گوندی دارەتوو باریان کرد خۆیان گەیاندبوو عەولابەگی لەو سەردەمی کەسایەتیەکی ناودار بوو ئەویش چووبوو ئەستەمبۆڵ فەرمانی سولتانی عوسمانی هێنابوو خانەوادەیماڵی رەمەزان بگەرێنەوە گوندی دارەتوو.

٢ــ ئەحمەد ئاغا لە سەردەمی عوسمانلیان لایەنگری ئینگلیز بوو بۆیە لە لایەن والی موسل عوسمانیەکان بانگهێشکرابوو ژەهریان دەردخواردی کردبوو ، بە پشتێ وولاغی هینایانەوە بەرەو گوندی دارەتوو لە رێ لە راست گوندی گردەپانی گیانی لە دەستدا بوو. [١٠٦]

١٠٦ــ ئەو زانیاریانە لە زاری ئەسەف محمود دانیشتووی ناحیەی دارەتوو / بەردەڕەش وەرگرتووە

٣ـ ئەمین ئاغای گوندی دارەتوو لە ساڵی ١٨٨٧لە دایك بوە. لە مانکی ١١ی ساڵی ١٩٦٥کۆچی دووایی کردووە ، پیاوێکی خواناس و دادپەروەربوو ، بە هەموو شێوەیەك ئاگاداری خەڵکی ئاوایی خۆی بوو. بە درێژی لە کەسایەتیەکان باسی کرایە .

٤ـ  لە ساڵی ١٩٤٣ نیوەی گوندەکە سووتا لەبەر ئەوەی بەزۆری ماڵەکان لەشێوەی (کۆخ ، کەپر) دروست کرابوون.

٥ـ بۆ یەکەم جارلەساڵی ١٩٦١ ئۆتۆمبیل گەیشتە ئەم گوندە کەپێیان  دەگوت ئەفنەس.

٦ـ ساڵی ١٩٣٦قوتابخانە هاتە گوندی. سێ مانگ خوێندن بەردەوام بوو ، وەکو پێویست چاویان لە قوتابخانە نەکرد کێشەی کۆمەلایەتی لە گوندی روویدابوو  بۆیە ماموستا رۆیشتن دەوام هاتە هەڵواسین(تعلیق)کرا ، تا ساڵی ١٩٣٧دووبارە کرایەوە زیاتر لە ٥٠قوتابی پۆلی یەکەمی هەبوو.

٧ـ  لەساڵی ١٩٩١  گوندی دارەتوو تووشی دەربەدەری بوو وگەڵێك لەماڵەکان ئاوارەی ئێران بوون بەهۆی شەڕی رژێمی بەعس دژ بە گەڵی کورد.

٨ ـ خەڵکی گوندی دەگێرنەوە نازانم تا چ ئەندازەیەك راستە دەیانگۆت: شێخ ئەحمەدی سورچی نیازی سەردانی گوندی دارەتووی هەبایە ،  مامزەکی تایبەتی خۆی هەبوو دەکەوتە رێ بەرەو گوندی دارەتوو دەچوو لە راست مزگەوتی کۆنی دارەتوو رادەوەستا وەکو قاسدێك بوو ،  پێش شێخ ئەحمەد سورچی دەگەیشتە جێ ، خەڵکی گوندی دارەتوو  دەیانزانی ئەمڕۆ شێخ ئەحمەدی سورچی دێتە سەردانی ئەحمەد ئاغای دەکات ، بۆیە لە سەردەمی ئەحمەد ئاغای شێخ ئەحمەدی سورچی شوێنی مزگەوتی کەونی دەستنیشانکردبوو بکرێتە مزگەفت.

٩ـ ساڵی ١٩٧٠بەیانی ١١ ئاداری درا.  چار کەس لە گوندی دارەتوو پەیوەندی یان بە رێکخستنی نهێنی پارتی هەبوو شەرەفی ئەندامەتیان پێبەخشرابوو  ئەوانە بوون ١ ـ صۆفی عەلی ٢ـ فقێ جلیل خدر ٣ـ ئەحمەد حمید ٤ـ هادی رەسول .

**ـ سەرچاوەکانی ئاو:**  لە کۆنەوە سەرچاوەی ئاو گوندی دارەتوو لەو کانیاوانە ئاویان دەخواردەوە و بۆ رفتورێژو مەڕومالْت بە کاردەهاتن ناوی کانیەکانی گوند:  کانی سوور (کانییەکی ناوداریدەڤەرەکەیە ، بەخەڵکی ئەوگوندە دەگوترێت ئاوی کانی سووری خواردیە  ، دەڵێن گوایە هەر کەسە ئاوی کانی سوور بخواتەوە زووهەڵدەچێ). کانی عەرەبان ،  کانی قولەتێن ، کانی بەر بەقوبلە ،  کانیێ عیدۆی ،  کانیێ صۆفی سمۆی ،  کارێزی شیوێ صحابەی ، شێلێ سەروکانیێ ١٠ تەغار برنج لەبەر دەکرا. کارێزی شێلێ صالحۆکی ئاوی بەردەوامە ،  دووایی بیرێکی ئیرتەوازی لەگەرەکی جۆخوران‌و بیری  ئیرتوازی  گەنم خۆران  بیری ئیرتوازی مام جواد و ئاوی سەرووکانی گەورەو سەرووکانی بچووك و ئاوی شێلێ  وئاوی ڕووباری قورەبەگ خەڵکی گوندی  کاری رۆژانەی خۆیان پێ ئەنجامدەدا.

ـ ناوی دارەتوو: دەگێرنەوە لە بەرێ دارێکی تووو هەبووە خەڵکی لە دەوری دارتووەکە ئاوەدانی کردبوو ناوی بیتە دارەتوو ، یان دەڵێن شیوێ کانیێ سۆر زۆر دار تووی تێدا هەبوو لەبەر هەندێ ناوی نرا دارەتوو ، لەبۆچۆنێکی تردا دەڵێن رەزێك لەخوار گوندی هەبوو داری تووی زۆری تێدا هەبوو ناوی نرا دارەتوو .

ـ **شوێنەوارەکانی گوند:** دۆلێ صەحابەی ، خرابێ گۆمێ بیرێ ، خرابەی ئاشی ، چار ئاشی ئاوێ لە قورەبەگی دارەتوو هەبوو ، بنەوان ئاوی قورەبەگی چەمەو دارەتووی لێکجودا دەکردەوە. گوندی دارەتوو لە دوو گەرەکی سەرەکی پێکدێت گەرەکی جۆخۆر و گەرەکی گەنم خۆران ، گەنم خۆرەکان بەرەبابی قەمبەریەکانن. ئەوانە گوندی دارەتوویان ئاوەدانکردیە دەکەونە لای رۆژئاوای گوندی ، خەڵکی رێنجبەرو کاسبکار کەم دەرامەت لە رۆژهەڵاتی شیوەڤۆرێ گوندی ئاوەدانیانکرد پێیان دەڵێن گەرەکی جۆخۆران دەکەونە لای رۆژهەڵاتی گوند.بەرەبابەکانی سەرەکی گوندی دارەتوو پێکهاتیە لە (قەمبەری ، بەرازی ، چۆپانی ، ئۆرمزیار ... ) .

## ـ یەکەی کارگێڕی ناحیەی دارەتوو:

یەکەی کارگێڕی ناحیەی دارەتوو لە٢٩ گوند پێکهاتووە ، ناوی گـــوندەکانی سنووری ناحیەی دارەتـــوو ئەوانەن : زەنگەنان ، مۆریلان ، دووسەرە ، بەنێنان ، کەونەباك ، تربە سپی ، خەندەك ، خاروك ، درین بۆت ، دالەرێ ، بارەوان گەورە ، گەڵوك ، شەمسەخر ، بارەوان کچکە ، شێخالك ، کۆراو ، دوگوندان گەورە ، گردەپان ، دوگوندان کچکە ، هەنجیروك نوێ ، خرابە یاسین ، قاتێسی گەورە ، قاتێسی کچکە ، هەجیروك کەون ، گربدەو نوێ ، گوندی ئەحمەد بەگ ، بیوك ، گربدەو کەون ، گومەزەرد.

## گوندەکانی سەر بە یەکەی کارگێڕی ناحیەی دارەتوو :ـ

### ١ـ زەنگەنان:

گوندی زەنگەنان دەکەوێتە ڕۆژهەڵاتی قەزای بەردەڕەش بەدووری (٥کم). بە یەکێك لە ڕێزە گوندی بەربنی دێتە هەژماردن لە(٣٠٠) ســـێ ســـەد خێزان پێکهاتیە (٢١٠٠) کەس دەبێت. لە ڕێزە گوندی بەربنیانە ، ڕووبەری گشتی گوند (٥٣٧٩) دونم عەردە ، (٣٠٠) دونم پاوانە ، (٤٠٠) دۆنم بەردەلانە، ئەوەی بۆکاری کشـــتوکاڵی بەکاردێت.٢٠٠٠ دۆنم مولکە. ئەوەی تر زەوی کشـــتوکاڵیە ، بەدرێژایی مێژوو گوندی زەنگەنان هەر ئاوەدانی تێدا هەبووە بـەپێی بـارودۆخ ئـەگـەر وێرانیش کرابێ دوای مـاوەیـەك ئـاوەدان کرایـتـەوە ، چـــونکـە زۆر شوێنەواری کۆنی تێدا دۆزرایتەوە.

ـ **سێ بیرو بۆچوون هەیە لەسەر ناوی گوند:**

١-دەگێڕنەوە پێش (١٠ ) پشـــت لەمەو بەر ، چـــەند ماڵێکی تیرەی عەشـــیرەتی زەنگەنە

ماڵی(سمایل هەدلە ، ئەحمەد جبۆ ، مالی رەزەوانی ، مالی قەرۆی و رەمەزان عەیشـۆکە) بۆ یەك بەرەباب دەگەرێنەوە ، لەدەڤەری کفری و کەلار هاتوونە لەگوندی زەنگەنان نیشـتەجێ  بوونە. چەند ساڵەك مایتنەوە ، ڕەشگەری(شاسواری) هاتوونە بەسەریان زاڵ بوونەو دەسەڵاتیان لێیان زەفت کردیە. بۆیە ( گوندی زەنگەنان ) یان زەنگەنەییەکان بوویتە زەنگەنان.

٢- دەڵێن هەر لەکۆنەوە گوندی زەنگەنان ، خەڵکەکەی زەنگینو دەوڵەمەندبوونە ، گوندێکی پڕ خێرو بەرەکەت بووە زەنگین بوونە بەنان ، واتە (زەنگین+نان= زەنگەنان)

٣- دەگێڕنەوە لەسـەردەمی هێرشـی لەشـكری مەغۆلییەکان بۆ سـەر عێراقو کوردسـتان ، لەشـکری مەغۆلەکان هاتبوون بۆداگیرکردنی هەولێر ئینجا بەرەو شـاری موسـڵ ، ئەو لەشـکرە بۆماوەیەك گوندی زەنگەنانیان کردبوو سەربازگەی پشوودانی چەند هێزێکی لەشکری خۆیان ، هەرچی یەخسیری خۆیان دەستگیر کردبوو لەسەربازگەی گوندی زەنگەنان مابوونەوە.
لەکاتێ خواردن بۆ ئەسیرو سەربازانی سەربازگەکان ئامادە دەکرا زەنگی نان خواردن لێدەدرا ، هەرکەس بەشەخواردنی خۆی دەبرد ، سێ جەمە زەنگی نان لێدەدرا لەبەر لێدانی زەنگی سیستەمی سەربازی ناوی گوندیان لێنا زەنگ +نان= زەنگەنان.

بژێو و داهاتی گوندو گوندەکانی ناوچەی بۆتانو ڕێژە گوندە بەربنیو لەگەڵ  دەشتی ناوکو ئابووری سەرەکی ئەو گوندانە کاری کشتوکاڵیە ، زۆربەی هەرە زۆری خەڵکەکەی جوتیارن ، بژێویان لەسەر چاندنی دانەوێڵەی دێمییە وشینایە، ئاژەلداری و کاری جۆراو جۆر دەکەن .

لەباشووری گوند ملەزورگی ڕێی سەری بەخۆیەوە دەگرێت زۆرگونجاوو لەبارە بۆ چەریانی ماڵت ، ژمارەی دانیشتوانی گوند زۆرە هەر جوتیارێك (٢٤) دۆنم زەوی  کشتوکاڵی بەرکەوتیە ، کشتوکاڵ تێرای بژێوی خێزانی ناکات ،  ناچار دانیشتووانی گوند بەکاری تر خەریك دەبن.

لە سـاڵی ١٩٣٦ فەرمانی کردنەوەی قوتابخانە بۆ گوندی دەچـوبوو بەلام لە بەر نەبوونی خانی دواخرا ، سـاڵی ١٩٤٢ بەهەوڵ تێکۆشـانی برا گەورەی گوندی قوتابخانە بەفەرمی لەگوندی هاتە دامەزراندن ، گوندی زەنگەنان لەدەسـپێکی کردنەوەی دەرگای قوتابخانە بۆ یەکەم جار خوێندنی تەوزیمی دەستی پێکرد دەبوایە هەموو زارۆکیگوندی بچووبایە قوتابخانە هەرکەسێك منداڵی خۆی ڕەوانەی خوێندنی قوتابخانە نەکردابایە سزا دەدران .

تاکو سـاڵانی هەفتاکان گوندی زەنگەنان وەکو  ئەسـتێرەیەکی پرشـنگدار لەدەڤەری گۆرانەتی دەدرەوشـایەوە خەڵکی زەنگەنان بەئاقڵمەندو شـارەزا دەهاتنە هەژماردن چـونکە باری ڕۆشنبیریو لایەنی خوێندەواریان لەکەسانی دەڤەرەکەیان زێدەتربوو.کەسێك شارەزاو ئاقل بایە دەیانگۆتێ ( هەی ئاقل زەنگەنانی ) .   بەدرێژایی ژیانی گوند مزگەفت لەگوندی هەر هەبووە ، مەلای ناودارو ١٢ عیلم هاتینە گوندی لەبەرهەندێ بەردەوام حوجرەی مزگەفتێ بەبێ

فەقێ نەبووە. **کانی با** : ڕێزە شـــاخێکە ، ملە زورگێکی بەخۆ گرتیە ، کانیاوێکی تێدایە ئاوەکەی بەســـەر تاتەکان شـــۆڕدەبتەوە خوارێ ، ٣ کم لەگوندی دوورە بەلای باشـــووری ، لەســـەرەتای وەرزی بەهاران لەهەموو ســـالێك تێکڕای خەلکی گوند ، مندالو پیرو جاحێل و هەرزەکار پێکەوە دەچـــنە ســـەیرانگەی ( کانی با ) هەریەکەو خواردنی  خۆی دەبات وەکو (هێلکە- ماســت- ناســکەنان- زلۆبی...) پێکەوە نیوەڕۆژی خۆیان دەخۆن ، دەســتیان بەشــاییو داوەت دەکرد ، بەتفەنگ نیشانانە دەکرا ، چـەند جۆرە هەنەقی (یاری) کوردەواری دەکرا وەکو جغزانێ ، نانەتۆپ ، یەك باز ، سێ باز... شوێنی زەنگەنان کاروان سەرابوو ، خەلکی خۆشناوەتی تووتنو بەرهەمی خۆیان بۆ موسلٚ دەبرد ، قۆناغیان گوندی زەنگەنان بوو شەوێك دەمانەوە ، خەلکی چـــیای (زێبار) فێقی خۆیان دەهێنا گوندی بەگەنم وجۆ دەیانفرۆشـــت چـــەند ڕۆژ دەمانەوە .[١٠٧]

## ٢ـ مۆریلان:

گوندی مۆریلان سەر بە ناحیەی دارەتووە لە قەزای  بەردەڕەش  زۆربەیان ڕەشگەرینە ، بەرەبابێکی بۆت مالێ عومەڕ غەریبی لە گوندی دادەنیشن ، بە برایانە شان بەشانی یەکتر دەژین ، هەموویان بە شانازییەوە خۆیان بە گۆران دەژمێرن ،

**ناوی گوند**: گوندی مۆریلان دەکەوێتە سەر ملە زوورگی بەربنی  ، شوێنی بەرزە و بەربەرۆژە بەردەوام هەتاوی لێدەدات واتە چەقە رۆژە ،  شوێنی بەرزو بەر بە هەتاو شارە مۆریستانی لێزۆر دەبیت ـ هێلانەی مێرولە ـ ی لە وێندەرێ زۆر هەبووە لە بەر هەندێ ناوی گوند بوویتە مۆریلان

**شوێنی گوند**:  گوندی مۆریلاندەکەوێتە  باشووری رۆژهەلاتی ناحیەی دارەتوو بە دووری ٤کم شوێنی لە سەر ڕێزە گوندی بەربنیان هەر لە گوندی شیوەرێ تاکو دەگاتە گوندی مۆریلان وخاروك و دالەرێ لە سەر زێی بادینان ،  ڕێزە گوندی بەربنیان زۆربەی دانیشنوانی رەشگەرینە ، شوێنی بەرزە گوندی مۆریلان دەکەوێتە  سەر بەرزایی  ملە زووگی بەربنییان ، ئەو بەرزییە تایبەتمەندییەکی پێ بەخشیوە ئەویش لە پێش هەموو دانیشتوانی گوندەکانی رەشگەرییان و دەڤەری گۆرانەتی حیساباتیان لە سەرخەلکی گوندی مۆریلان بووە بۆ دیتنی ئەستێرەی بە ناوبانگی گەلاوێژ ، هەموو سالێك لە رۆژانی  ٨و ٩ی مانگی ٨ هەشت دێتە دیتن ، بەلام لە گوندەکانی دانیشتوانی دەشتی ناوکوڕ لە ١٢/مانگی هەشت گەلاوێژ دێتە دیتن ،

سالی ٢٠١٣ دانیشتوانی گوند  ٨٨٠ کەس دەبوو  ،  ئێستا ژمارەیان ٢١١مال ١٧٤٣کەسن،

---

[١٠٧]- چاو پێکەوتن: لە گەل چەند تەمەندارێکی گوندی زەنگەنان زانیاریەکان وەرگیرایە

٦٥٩٢ دۆنم زەوی کشتوکاڵی هەیە . [١٠٨]

**ـ بنەماڵەی کوێخا قادری :** کوێخا قادر لە باب و باپیرانی دەگێرتەوە ئەوانیش هەر لەگەڵ ڕەشگەریانی دارەتوو هاتینە بۆ دەڤەری گۆرانەتی لە گوندی مۆریلانێ ئاکنجی بوونە ، پێیان دەگوترێ کاسە ڕەشی.هەشت هەزار دونم زەوی  کشتوکاڵی لە گوندی مۆریلانێ زێر کرێ مولکی خۆیانە ، کۆچکی مۆریلانێ بەناوبانگە ،  خەلکی گوند لەو دیوەخانە بە ئازادانە دادەنیشتن بیروڕای خۆیان دەردەبڕی ، هەرچەند کەس لەراست خۆیان دانوستاندنیان دەکرد ، لە هەر دیوەخانێك ئەوها ئازادی هەبێت دەڵێن بوو (کۆچکێ مۆریلانێ) ، ئەو دیاردەیە خۆی لە خۆیدا نیشانەی ئازادی ڕادەربڕینە و دیموکراتیە ،  کوێخای گوندی ناندەر بوو وزولم تەعەدای لە سەر گوندی کەم بوو ، قۆناغی کاروانچیان بوو .

**ـ شوێنەوارەکانی گوند: ١ـ ئەشکەوتی مەلا عومەر:** نزیکەی ١٠٠٠سەر حەیوان دەگرێت .

**٢ـ کەور قەلأن:** واتە قەلاَ لە شوێنێکی بەرزو بڵندە  زۆر عاسێیە  دەکەوێتە  هنداو  زێی گەورە ، مرۆڤ نەوێری تەماشای بنەوەی بکات نەکو کلاوی بپەرێت. سەرزەمانێك دەسەڵاتدارێك لێژیایە و فەرمانرەوایی ناوچەکەی کردووە ،  شوێنەواری کەونە گوندی  پێوە دیارە ،  ئاویان بە لولەی تاستەقولە راکێشایە بۆ ناو قەلاَ، ڕێگای سەیارەی بگاتێ دەبیتە شوێنێکی گەشتوگۆزاری بە تایبەتی لەوەرزی بەهاراندا.

**٣ـ ملی سەنگەرێ:** هەرفت و بەرزاییەکی زۆر عاسێیە  دەکەوێتە  هنداو زێی گەورە لەیەر عاسێی بازو هەڵۆ هێلانەی تێدا دەکەن سەردەمانێك سەنگەر بووە.

**٤ـ ئادگار :** شوێنێکی پیرۆزە مەرقەدی پیاوچاکێکە ، خەڵکی بۆ چارەسەرکردنی باداری و ڕۆماتیزم سەردانی دەکەن.

**٥ ـ کانیاوەکانی گوند:** کانی کەکۆ و کانی سۆر بۆ ئاوخواردنەوەی مالان بە کاردەهات ،  کانی بادیل تایبەت بوو  بۆ مەڕومالٚت و دەوار ،  کانی ژووروو تایبەت بوو بۆ ئافرەتان ،  کانی زەلامان لە نزیك مزگەفت بوو .

### ٣ـ گوندی **دووسەرە:**

گوندێکە دەکەوێتە  سەر ڕووباری ئاوی خازر بەرامبەر گوندی سێکانی گەورەیە ١٥کم دوورە لە ناحیەی دارەتوو ، گوندی دووسەرە کەونە ڕێگای هاتووچۆی کاروانی سۆران و بادینان بووە بۆ شاری موسل. دەراوی پەرینەوەی بازرگانان بووە شوێنك هەیە پێیدەگۆتری دەراوی موسل ، یان بڕی موسل . ناوی گوندی دووسەرە دەڵێت دووسەرای(سریە)ی لەشکری عوسمانی لە گوندی

---

١٠٨ – یاسین حسن ،لە کتێبی گۆران لە نێوان زێی بادینان و ڕووباری خازر

دووسەرە هەبوون ،  یان دەڵێن دوو سەراو لە سەر ئاوی خازر هەبووە  .

بەبیروو بۆچوونی خۆم گوندی دووسەرە دوو سەراوی هەبووە ئاویان لێهینایە بۆ خواردنەوەو رفتورێژی ناومالْ. ئێستا بیری ئیرتیوازی بۆ ئاوخواردنەوە بەکاردێت.  گوندی دووسەرە رێکای کاروان سەرای بازرگانی بووە لە هەردوو سەران باج و سەرانەیان لە خەڵکی ساندییە بوویتە دووسەرە. یان دەڵێن دووبراگەورە دووسەرۆك لەگوندی هەبووە ناوی لێنرایە دووسەرە. پێکهاتەی گوند لە عەشیرەتی گۆران و ٢٠ مالْ زێباری بە مێوان تێدا دەژین ئێستا گوند ١٧٠ مالە ١٢٧٥ کەسن.  زیاتر لە ٩٠ مالْ لە دەرەوەی گوندی دەژین.

ـ شوێنەواری مێژوویی گوند: کاتی جۆت کردن لە دەورووبەری گوندی کەونە دیواری بەردی بەدیار دەکەوێت مێژووی بۆ سەردەمانێکی کەون دەگەرێتەوە ، دوو خرابە لە گوندی هەیە بەناوی (خرابەی حاجی ئیبراهیم و خرابەی فەللە ). سەرەڕای  کشتوکاڵی دێمی سوود لە ئاوی خازر وەردەگرن بو چاندنی شینایی جۆراوجۆر. ساڵی ٢٠١٤ ژمارەی دانیشتوانی٩٤٥کەس بوو رووبەری گوند٤٤٣٤دونم زەوی  کشتوکاڵی دەبیت . [(١٠٩)]

## ٤ـ بەنێنان:

دەکەوێتە  سەر ئاوی زێی بادینان لەکۆنەوە چل هەتا پێنجی مالْ دەبوو ، بەلاْم نۆکە زیاتر لە ٦٠٠ سەر خێزان دەبیت ، بوویتە شارۆچکەی بەنێنان.

**ناوی بەنێنان:** خەڵکەکەی سەرقالی بەخێوکردنی مەڕ و ماڵت بوونە لە خورییەکەی بەنیان دروستکردیە فرۆشتیتیان نان و بژێوی  رژانەیان پەیداکردیە بوویتە بەنیٚ نان.

گۆتنەکی دیکە هەیە دەڵێن : عەرەب ئاوەدانیان کردووە (بەنیناها) بوویتە بەنێنان .

ـ **هاتنی میران بۆ گوندی بەنێنانیٚ:**  سەرەتا رەشگەری هاتنە دەڤەری گۆرانەتی چار برا بوونە: ( میران ، قەمبەر ، شاسوار و چۆپان ) بوون ، میران و قەمبەر لە گوندی دارەتوو داینابوو ، شاسوار لە گوندی زەنگەنان نیشتەجیٚ ببوون ، چۆپان لە گۆمەزەردیٚ ئاکنجی ببوون.

میران و قەمبەر لە گوندی دارەتوو چەند ساڵێك پێکەوە ژیابوون بەلاْم پێکنەهاتبوون لێك کەفتن میرانیەکان باریان کردبوو چووبوونە بارەوان و کەڵەدێریٚ ،  سمایل پاشا لە کەڵەدێریٚ حوکمی دەگێرا ، پێشنیاری کردبوو  بچنە گوندی بەنێنانیٚ ، رێکیان کرد جەماعەتی میران وخزم و کەسی خۆی بچنە بەنێنانیٚ ، دەڵێن لە سەردەمی ( بیبەکر ئاغا) ی  هاتبوونە گوندی بەنێنانیٚ ، هەندیٚ ماڵە عەرەب لە عەشیرەتی شاوی لە گوندی بەنێنانیٚ هەبوون ، گامێش وان بوون ، ژیانیان لە سەر بە خێوکردنی گامێش بوو ، بە بیٚ شەڕو ئاژاوە عەرەبەکانی شاوی باریان کردبوو ، بەلاْم دوو مالْ مابوونەوە ، ئێستا هەردوو بەرەباب  لە گوندی بەنێنانیٚ دەژین ئەمانەن :١ـ

---

١٠٩– یاسین حسن ،لە کتێبی گۆران لە نێوان زێی بادینان و ڕووباری خازر ، ل١٣١

ماڵی سمایل عەلەی. ٢- ماڵی محەممەد حاجی وەسمانی.عەرەبەکان قەبرستانی تایبەتی خۆیان هەبوو  لە گوندی بەنێنانێ شێخێکی شاوی لەوێ نێژراوە ، هەتا ئێستا بە قەبرستانی شێخ زەید دەناسرێ. بارودۆخی گوند: لە سەردەمی حەرەکاتی رەشید عاڵی گەیلانی گوندی بەنێنانێ لە ناوخۆیان لێك کەفتن چینەك لەگوندی باریان کرد چووبوونە گوندی دالەرێ، لە ساڵی ١٩٦٤سەرهەڵدانی جەماوەری لە دەڤەری گۆرانەتی روویدا ، لەو کاتی ململانێ لە نێوان جۆتیاران و ئاغاکان روویدابوو ، ئاغاکانی گوندی بەنێنانێ باریان کردبوو چبوونە گوندەکانی گربدەو و زەنگەنان و دارەتوو هەفت ساڵ مابوونەوە. دوای ئاشتبوونەوە لە دیوەخانی گوندی مۆریلانێ لە سەرخوانی کوێخا عەلی مۆریلانی پێکهاتن.  حەفت عەرەب کەسێکی کورد بەناوی (گەیلان) لە گوندی بەنێنان دەکوژن ، کانەبی فەقێ وەیسی هەبوو پیاوێکی زیرەكو ناودار بوو لەجیاتی خوێنی گەیلانی ٧ حەفت عارەبی کوشت ، گۆرانی بە سەر ئەو رووداوە گۆترایە دەقەکە لە کتێبی گۆران تۆمارکرایە. (١١٠)

## ٥- گوندی کەونەباك:



ناوی کەونەباك سێ بۆچوون هەیە : ١- کەونەباك ووشەیەکی لێکدراوە (کەون + بەگ)گوایە بەرەبابێکی (میران بەگی ) گوندیان ئاوەدان کردیە بوویتە (کەونەباك)

٢- دەڵێن لە باکی کەرتێکی سەربەخۆیە  هاتینە لە گوندی ئێستا ئاوەدانیان کردیـــــــە بوویتە کەونەباك.

٣ - یان دەڵێن شوێنی ئێشتای گوند بانك بووە ، زێرو خەرج و خراجی تێدا کۆکرایتەوە بوویتە سەر لە نوێ ئاوەدانکرایتەوە بوویتە کەونەباك. گوندێکی زۆر کەون ودێرینەوە، خەڵکی گوند لەبەرزاییەك شوێنەوارێکی دەستکردەو  تائێستا ماوە تێدا نیشتەجێ بوونە ، کەونەباك چوارەمین گوند لەزنجیرەی گوندەکانی بەربنی ودەکەوێتە نێوان گوندی زمزمۆكو زەنگەنان لە بناری زورگەکانی رێی سەری بە رێزە گوندی بەربنی دەناسرێت. مێژووی ، جاربەجاریش لەبەر هۆکاری رامیاریو لەشکرکێشی

---

١١٠- چاوپێکەوتن لە گەل ( حاجی عوسمان کاکل میران ) تەمەن درێژێکی گوندی بەنێنان بوو ئەو رووداو و بەسەرهاتانە لسەر زاری رەحمەتی وەرمگرتوە .

چۆڵکراویە لە سالانی سییەکان دە مالی سەرەکی لە گوندی هەبوو ئێستا کۆمەلگایە .

**شوێنەوارەکانی گوند :** گوند پڕە لە شوێنەواری مێژوویی ، تائێستاش شتی بایەخداری تێدا دەدۆزراێتەوە ، هەندێکیان کەس نازانێت هی چ سەردەمێکە .

**شوێنەواری قەلاّی رەش:** لەسەر زورگەکانی باشووری گوندە بە دووری ٣کم کانیاوەك لێیە بە ناوی کونە کۆتر یان پێیدەڵێن (کانی فشفشە)شوێنەواری قەلاّیەکەدیارە و گۆرەپانێکی پان و بەرین بۆ مەشقی سوارچاکی لە وێندەرێ هەیە مێژوویەکەی نادیارە ، ژمارەیەك دراوی کانزاییان لە کەندی گوند دۆزرایەوە هی سەردەمی فتوحاتی ئیسلامی بوو ، ناوی عەبدولەلیك بن مەڕوانی لەسەربوو لەگەڵ ئایەتەکانی قورئانی پیرۆز ، ژمارەیەك لە پارە کانزایی  لە زێرو زێو دروست کراون وژمارەیەکی دیکە ئاسن  بوون ، چونکە ئەم گوندە خاوەن مێژوویەکی دێرینە ئێستاش ناوەناوە شوێنەواری  دێرین دەدۆزرێتەوە. شوێنەواری تر خرابەی سلێمان بەگ ،  قوبك ،  باکی ، شێخ سمایلان ،  کۆرتی قەبری نەوەی سەیدەکانی گوند لەناو قەبرستانی کوند نوقوم بووە ، قەبری سەید محەمەدی لە باکی .  سلێمان بەگ کەسایەتییەکی ناسراوی ئەم گوندە بووە ، لەسەردەمی  میر محەمەد رواندزی خەرج وخەراجی دەڤەری گۆرانەتی کۆدەکردەوە بۆ میر محمەدی رەوانەی رەواندزێ کردبوو  نوێنەر و شانەی میر بوولەدەڤەری گۆرانەتی.

**حاجی پیرجب :-** حاجی پیرەجب لەساڵی ١٧٧٩ ز لەشاری بەسراوە هاتبوونە گوندی باکی کە ئێستاش شوێنەوارەکەی ماوە ، ل لەبەسرا(سەید بدرالدین الروفاعی) ناودارێکی بەسرا دووکوڕی بەناوی سەید محەمەدو سەید ئیبراهیم هەبوو ، سەید ئیبراهیم موفتی بەسرا بوو.سەید محەمەدیش لەگەڵ پیرجب هاتە گوندی باکی سەر بە قەزای  بەردەڕەش  نیشتەجێبوون ، پیرجەب وەکو دیارە موسلمانێکی توندڕەو بووەو چەندین شەڕی لەگەڵ برایانی ئێزدی ئەنجامدابوو بەناوی غەزا. پێکهاتەی کۆمەلاّیەتی خەلکی گوند لە سێ تیرەیەپێك هاتیە:

( ١- شاسواری. ٢-گەردی.  ٣ ـ هەمەوەندی .... )

**سەرچاوەکانی ئـــاو سێ کانی سەرەکی لەگوندی هەبوو:-**

١- کانی مامۆستا:  ، سەرچاوەی سەرەکی ئاوی  خواردنەوە  بوو  ،

٢- کانی بندار: پێی دەڵێن کانی حاجی نوری، ئەو کانی یە لەخوارەوەی گوندو دەکەوێتە  باشوور ، ئاوی بۆ ئاژەڵ ومەڕومالّت بەکاردێت ، .

٣ـ کانی قولەتێن:- خەڵکی گوند تەنیا بۆکەل‌و پەل‌و قاپ شوتن سوودیان لێ وەردەگرت.  ،

**کانیاوی ترهەیە** : کانی دۆلە هەنجیر ، کانی بندار ، کانی غەزەلان ،  سێکانیان ،  کانی دارێ عەبدالی ، کانی حویتان ،  کانی سوڕك ،  کانی دەلاقێ ،  کانی سێچالەوا ، کانی کارێز  ، کانی سیتۆی......) هەروەها ئاوی قوڕەبەگ

کەرتی ٣٣ ی  گوندی کەونەباك  رووبەری گشتی زەوی  کشتوکاڵی بریتیە لە (٢٧٧٥ ) دۆنم ساڵی ٢٠٠٩ بەسەر ١٨٥ جۆتیار هاتە دابەشکردن هەر جۆتیارێك (١٥ ) دۆنم زەوی کشتەکالی بەرکەوت ٨٠٠ دۆنم بەردەلان و (١٥٢٩ ) دونم زەوی مولك لە گوندی هەیە .

**ئابوری گوند** : بریتیە لەچاندنی گەنم‌و جۆو نیسك‌و نۆك وپاقلەو .. .تاد. لەوەرزی  زستاندا لەوەرزی بەهاریش گندۆرەو تەرۆزی‌و خەیارو. ..هتد دەچێنن مەڕو ماڵت‌و پەلەوەریش بەخێو دەکەن. رۆڵی خەڵکی گوند لەبزاڤی رزگاریخوازی کوردیدا  ،  خەڵکی گوندی کەونەباك نیشتمان پەروەری  دیارن‌و رۆڵیان لەشۆڕشی ئەیلولی مەزن‌و راپەڕینی بەهاری ١٩٩١ دا هەبووە ، لەبەرەبەیانی ١٩٩١/٣/١٢ خەڵکی گوند پەشداربوون لە ڕاپەرینی  بەهاوکاری خەڵکی بەردەڕەش  شارۆچکەی  بەردەڕەش ئازاد کرا.

٦- **تربە سپی :**  گوندی ترپە سپی دەکەوێتە  باشووری گوندی دووسەرە ل سەر ئاوی خازرە ، ناوی گوند ووشەیەکی لێکدراوە(ترپ+سپی) ترپ بە واتای ئاخ یان خۆل دێت واتە خۆلی سپی دیارە خۆلی سپی لێزورە بوویت ترپە سپی  ، یان بە واتای قەبر دێت ، رامانەکی تری هەیە ترپ بەواتای تڤر دێت  ،  تڤرلە گوندی چندرایە سەرکەکەی سپی بووە بوویتە (ترپە سپی) ، گوند بەری سەدساڵ زیاترە ئاوەدانکرایە ،  گوند هەمووی گۆرانن لە تیرەی بۆت ،  بەرەبابی ماڵی حەجی سمایلی لە هەمووی زۆرترن،  بە پێی ئاماری سەرژمێری گشتی ساڵی ١٩٥٧ژمارەیان ١٢٠کەس بووە ، گوند لە ساڵی ٢٠١٣ ژمارەیان ٤١٦کەس بوون و رووبەری زەوی  کشتوکاڵی بریتی یە لە(٤٦٢٢)دۆنم  ، لە ساڵی ١٩٩٣قوتابخانە لە گوندی کرایتەوە .

٧- **خەندەك:**  گوندی خەندەك بە دووری ١٧کم لە سەنتەری ناحیەی دارەتوو دوورە ، لە ساڵی ١٩٧٥ هەندێ ماڵە هەرکی بنەماڵەی (مام شین ) لەوێ ئاوەدانیان کرد لە ئەسل سەر بەکەرتی گوندی بەنێنان بوو  ، شوێنی گوندلە دۆلێکی گەورەو قۆرە بۆیە ناویان لێناگوندی  (خەندەك) ، دەکەوێتە  باشووری گوندی بەنێنان  ،  ساڵی ٢٠١٣ژمارەیان ١٨٢کەس بوو  ،  رۆبەری زەوی گوند ٢٠٠دۆنم دەبیت سەر بە کەرتی  کشتوکاڵی گوندی بەنێنانە.  ئاوی خواردنەوەیان لە زێی گەورە دەکێشا تاکو ساڵی ٢٠٠٤ بیرێکی ئیرتیوازی لە گوندی لێدرا بۆ ئاوخواردنەوە بژێوی گوندلە بەخێوکردنی مەڕومالّت و شینابیە .

٨- **درین بۆت :** گوندی دڕین بۆت لەسەر لێواری ئاوی خازرە ،  دەکەوێتە  باشووری ناحیەی دارەتوو  بە دووری ١٥کم  ،  ناوی گوندلە دوو برگە پێکهاتیە (دەری+بۆت)لە لای موسل لە ئاوی خازر ببەڕیەوە بێیە ناوگوندی درین بۆت واتە دەرگایەکە بۆ هاتنە ناو گوندەکانی بۆتان بوویتە درین بۆت  ،  یان دەڵێن دەوخازری زۆر بە دڕی و دڕك وداڵ بووە بویتە دڕین بۆت  ، عەشیرەتی گۆرانن   هەمەوەندی بۆت تێدایە ، لە ساڵی ٢٠١٣ژمارەی دانیشتوانی ٥٩٥کەس بوون  ،

رووبەری ١٤٥٢دۆنم زەوی کشتوکاڵی هەیە ، ساڵی ١٩٨١ قوتابخانه له گوندی کرایتەوه ، بژێوی خەڵکی لەسەر چاندنی دێمی و ئاوییە هەروەها کاری جۆراو جۆر دەکەن .

**٩ـ دالەڕێ :** گوندی دالەڕی لەسەر زێی بادینانە ، بەرامبەر پرۆژەی ئاوی ئیفرازە ، دەکەوێتە رۆژهەڵاتی ناحیەی دارەتوو بە دووری ١٦کم ، کوندێکی کەونە زیاتر لە ٢٠٠ساڵ دەبێت گوند ئاوەدانکرایە ، دانیشتوانی گوندهەمووی گۆرانن لە تیرەو بەرەبابی (چۆپان ، رۆژبیان ، سورداش ، گەردی ) ، ساڵی ٢٠١٣ ژمارەیان ٨٢٥کەس بوون ، رووبەری زەوی ٣٢٩١دونمە ، ئێستا ١٥٠ سەرخێزان دەبێت ونزیکەی ١٠٠٠ هەزار کەسن. شوێنەواری سەرەکی گوند (کەورقەڵاَن)ە ، کەورێکی بڵندە ، بەرزییەکەی زیاتر لە ١٠٠مەتر دەبێت ڕووباری زێی بادینان بە بن ئەو کەورە بڵندە دەڕوات شوێنێکی ستراتیجی قایم و عاسی دیارە ، لەسەردەمانێك قەلاَیەك لەسەر ئەو کەورە هەبووە ، شوێنەواری ئاوەدانی پێوەدیارە ، کەونە گۆزەو کەرپووچ و گۆزەی لوولویی بۆ راکێشانی بۆ ناو قەلاَ دۆزرابۆوە ، کەسێکی بەرکەفتی تێدا ژیایەو فەرمانڕەوایەتی ناوچەکەی کردیە بە داخەوە لە لاپەرەکانی مێژوو ناوی تۆمارنەکرایە .

شەهید قادر باوکی هەڤال صادق کارگێڕی لقی نۆ گێرایەوە : لە حاویەی گوندی کاتی جۆتکردن گۆزەیەکی سەرپۆشیان دۆزیەوە سەریان هەڵداوە خۆلێکی هورد ڕەنگ خەنەیی تێدابوو ، بە عەردیاندادا و شکاندیان شارەزا نەبوون چەند ساڵێك شوێنی دیاربوو ، جومەز خۆلەکە هێوێنی زێر دروستکردن بوو . ساڵی ١٩٧٨ خوێندنی تەوزیمی لەعیراق دەستی پێکرد قوتابخانە لە گوندی کرایەوە. بژێوی خەڵکی لەسەرچاندی دێمی و ئاویە هەندێ کەس راوەماسی دەکەن .

**١٠ـ بارەوان گەورە:** گوندی بارەوانی گەورە ، لە کۆنەوە پێیدەگۆترا (قنار) ، هەندێ جار بارەوانی قەرۆی پێدەگۆترێت ، دەکەوێتە باکوڕی ناحیەی دارەتوو بە دووری ٦کم ، گوند هەمووی گۆرانن لە بەرەبابی(قەمبەر ، بەرازی) پێکدێت، گوندلە ساڵی ١٩٥٦هاتیە ئاوەدانکردن ، ئاماری گوندلە ساڵی ٢٠١٣ژمارەی دانیشتوانی(١٠٩٤)کەس بوون ، رووبەری (٣٢٥٦) دونم زەوی گشتوکالی هەیە ، بژیوی گوندی لە سەر چاندنی دێمی ئاوییە ، لە ساڵی ١٩٧٨ساڵی دەستپێکردنی خوێندنی تەوزیمی بوولە عیراق قوتابخانە هاتە گوندی .

**بارەوان کچکە**: گوندی بارەوانی کچکە لەعەشیرەتی گۆرانن لە تیەری( بەرازی، رەشگەری)تێدا دەژین ، دەکەوێتە باکوڕی ناحیەی دارەتوو بە دووری ١٤کم ، بارەوان بە واتای ئامادەباشی دێت بۆ هەموو رووداوەکان ، ساڵی ١٩٦١چۆل بوولە دوای راپەڕینی ساڵی ١٩٩١سەرلە نوێ ئاوەدان کرایەوە ، ساڵی ٢٠١٣ژمارەی گوند٢٠١ کەس بوون ، رووبەری١٧٣٥دونم زەوی کشتوکاڵی هەیە.

**١١ـ باراوە خورشید:** مام خورشید پاپیرە گەورەی گوندە لە سەرخرابەیەك نزیك ئاوی قورەبگی دارەتوو بۆ گوندی چەمە دەچیت ئاوەدانی کردیە ، لەبەر هەندێ ناوی نرا بەهراوە خورشید ، ساڵی ٢٠١٣ دانیشتوانی ١٣٥کەس بوون ، رووبەری گوند١٤٥٠دونم زەوی هەیە

**١٢ـ شیخالك:** گوندی شێخالك دەکەوێتە باشووری رۆژئاوای ناحیەی دارەتوو بە دووری ١٦کم ، مێژوویەکی دێرینی هەیە ، قەبرستانی گوند شوێنەوارێکی کەونە مێژووی بۆ بەری ٦٥٠ ساڵ دەگەرێتەوە گوندەکانی دەورووبەری مردوی خۆیان تێدا دەناشت ، سەردەمانێك شێخەکانی کوردی ئێزدی تێدا رۆنیشتینە ، لەبەرهەندێ ناوی بوویتە شێخالك ، لە هێرشی میری سۆران (میر محەمەد پاشای رەواندزێ)ساڵی ١٨٣٢ فەرمانی ئێزدیانی هینابوو ، جۆگرافیای دیموگرافی ناوچەکەی گۆرانەتی گۆڕابوو ، خانەوادەی خەلیلی (موختاری گوند) بنیات ئێزدینە بوویتنە موسولمان و لە گوندی مایتنەوە ، گوند هەموو گۆرانن لە تیرەو بەرەبابی (شاسواری ، ، زەنگەنە ، شێخانی و رەشگەری) پێکهاتینە ، بە پێی ئاماری ساڵی١٩٥٧ژمارەیان ١٤٤ کەس بوون ، لەبەر پشکداریان لە شۆڕشی ئەیلوول ساڵی ١٩٧٤ گوند چۆل بوو تاکو دوای راپەڕین ساڵی ١٩٩٢ئاوارەکانی کۆمەلگاکان گەڕانەوە سەرزێدی بابوباپیرانیان ، گوند لەساڵی ٢٠١٣ ژمارەیان (٥٤٥) کەسبوون ، رووبەری گوند (٣٧٤٤)دونم زەوی کشتوکاڵی هەیە ، بژێوی خەلکی لە سەرکاری کشتوکالە و ئاژەلداریە پێشەی جۆراو جۆریش دەکەن .

**١٣ـ گەڵوك:** گەلوك و گردەپان بەرەماڵی (حەسەن گورگێن) ن ساڵی ١٨٣٢ لە ناوچەی بۆتان هاتینە . گوندی گەڵوك دەکەوێتە نێوان گوندی درین بۆت و گوندی گردەپان لە سەر رێگای سەرەکی بەردەڕەش کەڵەك ، لە باشووری رۆژئاوای ناحیەی دارەتووە بە دووری ١٧کم ، ئەوگوندە بەردەوام ژیان تێداهەبووە ، لە بەری ١٦٠ساڵ دەبیت بۆت ئەو گوندەیان ئاوەدان کردیە ، ناوی گەڵووك گوندێك بووە لە باکووری کوردستان لە ناوچەی شرناخ ناوی( کەلی یۆك) بووە دانیشتوانی ئەو گوندەی بۆتن لە وێندەرێ هاتوونە لێرە ئاوەدانیان ، کردیتەناویان لێنا گەڵوك. شوێنەواری گوند: قەلعەی تەنیشت دیوەخانی گەڵوك شوێنێکی کۆنی مێژوویە ، گوند لو(١٥٠)خانوو پێکهاتیە، دانیشتوانی دەکاتە(١١٣٠)کەس ، پێکهاتەی گوند هەموویان بۆتن زۆربەیان بەرەبابی بۆتانن ، چەند ماڵە زەنگەنەو رەشگەری تێدا ئاکنجینە ،

لەبەرێ کانی ئاوی هەبوو ئێستا ووشکی کردیە ، لە ساڵی ١٩٧٥ قوتابخانە لە گوندی کرایتەوە ، گوند لە ساڵی ٢٠١٣ژمارەیان ٦٤٧کەس بوون ، رووبەری زەوی کشتوکاڵی ١١٤٣١دونم زەوی هەیە، بژێوی گوندلە سەرچاندنی کشتوکاڵەو ئاژەلداری کاری جۆراوجۆر دەکەن .

**١٤ـ گوندی قاتێسی گەورە:** گوندی قاتێسی گەورە دەکەوێتە  باشووری رۆژئاوای سەنتەری ناحیا دارەتوو بە دووری ١٥کم ، دانیشتوانی گوند هەمووی گۆرانن ، لە دورگەی بۆتانی باکورِی کوردستان پێش ١٦٠سالْ دەبیت هاتینە لە قاتێسی گەورە ئاکنجی بوونە بۆتن لە تیرەی (لۆلکی) نە ، خواردنیان زیاتر لۆلك بووە سەجەرەیان بۆماڵی ئاغای سۆردەگەرێتەوە ، پاڵپشتی شۆڕشی بەدرخانیەکانیان کردبوو، سەرتا گوندیان لە کەندالی تەمەرِی لەسە ئاوی خازری ئاوەدانکردبوو دەکەوێتە نێوان گوندی گانیلان وقاتێسی گەورە ، گوند لەساڵی ٢٠١٣ ژمارەیان (٥٠٧) کەس بوون ، رووبەری (٢٢٥٧)دۆنم زەوی کشتوکاڵی هەیە ، لە ساڵی ١٩٧٨قوتابخانە لە گوندی کرایەوە ، شوێنەواری گوند (خرابەی سولتان وقەبرێ هەفت برا ) ، بژێوی گوندلە سەر چاندنی دێمی و ئاوییە ، ئاژەلداری و کاری جۆر بەجۆر دەکەن .

**١٥ـ کۆراو:** گوندی گۆراو ٢٤کم لەناحیەی دارەتو بەدوورە ، گوندی شەمسەخرِ دەکەوێتە باشوری گوند ، گوندێکی کەونە، ناوی گوند لەدوو وشە پێکهاتیە (کۆر+ ئاو) واتە ئاوی کەم بووە ، ناوی بوویتە کۆراو ، یان دەڵێن چەند جارێك ئەو گوندە کاول بیە واتە ژیان تێدا نەمایە کۆربیتەوە ناویان لێنایە(کۆراو)، دانیشتوانی گوند هەمووی گۆرانن لەتیرەی (بۆت، بلباس) پێکهاتیە، لەسەرژمێری ساڵی١٩٥٧ژمارەیان (٢١٤کەسبوون) ، ئاماری ساڵی٢٠١٣ ژمارەیان٣٤١ کەسبوون ، رووبەری (٤١٧٨)دۆنم زەوی کشتوکاڵی هەیە ، شوێنەواریگوند: (ملەکەچاومەزاری سەحابە و قەبری دروێش ، هەمزە) ، ساڵی ١٩٩٤قوتابخانە کراوە .

**١٦ـ دوگوندان گەورە :** گوندی دوگوندانی گەورە دەکەوێتە  رۆژهەلاتی زەنگەنان لای رۆژئاوای  گوندی دوگوندانی کچکە ، ٤کم لە ناحیە دوورە ، ناوی گوند لەوەهاتیە دوو گوند بەناوی دووگوندان هەیە دووگوندانی گەورەو دووگوندانی کچکە ، هەموویان لە عەشیرەتی گۆرانن تیرەو بەرەبابی (کاوانی ، زەنگەنە ، کەوخۆمزەیی ، رەشگەری و چۆپانی ) پێکەوە دەژین ، لە ئاماری ساڵی١٩٥٧ژمارەی گوند (٢٤٤) کەس بوون ، ساڵی٢٠١٣ژماریان (١٠٩٤) کەس بوو ، رووبەری زەوی کشتوکاڵی (٣٢٥٦)دۆنمە ، ئێستا٢٠٢٠ زیاتر لە ٢٠٠سەر خێزانی تێدایە و ژمارەی دانیشتوانی دەگاتە ١٣٠٠ کەسان ، قوتابخانە لە ساڵی١٩٨٤ لە گوندی کرایەوە ، لەبەرێ قوتابیانی دەچوونە قوتابخانەی گوندی زەنگەنان دەیانخوێد ، بژێوی سەرەکی گوندلە سەر چاندنی دێمی و ئاویە و کاری تر .

**١٧ـ خاروك:** ناوی گوند ووشەیەکی لێکدراوە لە(خاك + روخا) یان خاکی رووچوە بوویتە خاروك ، گوندی خاروك ٢٠ کم دوورە لە قەزای بەردەرِەش ، سەر بە ناحییەی دارەتووە ، دەکەوێتە سەر ئاوی رێی بادینان ، گوند بەری ١٥٠سالْ دەبێت ئاوەدانکرایە ، ساڵی ٢٠١٣

ژمارەیان ٥٤٥کەس دەبوون ، رووبەری گوند١٣٦٠ دۆنم زەوی کشتوکاڵی هەیە ، لە ساڵانی نۆ هەتەکان رێگای پردی کەڵەك گیرابوو کەڵەك(قایغ) لە راست گوندی خاروك دروستکرابوو بۆ پەرینەوەی سەیارەکان دەڤەری گۆرانەتی بۆ شاری هەولێر دەچوون ، ئەو کەسانەی هاتووچۆی هەولێرو دەڤەری گۆرانەتیان دەکردسە یارەکانیان دەپەڕاندەوە ، ساڵی ١٩٨٠ قوتابخانە لە گوندی کرایتەوە. بژێوی خەڵکی لە سەر چاندنی دێمی ئاوییە شینای زۆر لێدەکرێت ، هەروەها هەندێ کەس لە گوندی پیشەیان راوەماسی یە .

**١٨ـ بیۆك :** گوندی بیۆك دەکەوێتە نێوان گوندی مۆریلان و بەنێنان لەسەر رێگای دارەتوو بشیریانە ، سەر بەناحیەی دارەتووە لە قەزای بەردەڕەش ، پێشی زیاتر لە ٢٥٠ساڵ دەبێت ئەحمەد ئاغا و میکائیل ئاغا دوو برابوون گوندی بیۆکیان کڕی نەوەکانی ئەحمەد ئاغای جبرائیل دوو کوڕی هەبوو حسێن و حەسەن ، حەسەن محمد و صالحی هەبوو ، حوسێن خورشید و رەشیدی هەبوو، رەشید سێ کوڕی هەبوو (نجم ، قادر و عبدالله) رەشید کوڕێکی هەبوو بەناوی جەمیل ، جەمێل سێ کوڕی هەبوو (جلیل ، مستەفا ، عبدالعزیز) .

دانیشتوانی گوند هەمووی گۆرانن بەرەبابەکان : شاشواری(مالی حوسێن برایمە) ، چۆپانی (مالی حاجی عەبدال) ی ، زێرینگر (مالی ئەحمەد خالۆی ) ، شیوێك بە رۆخ گوندی دەڕوات لە کۆنەوە ئاوێکی زۆری هەبوو شینای و برنج و کونجی لەبەر دەکرا ، هەروەها ئاشێکی ئاوی هەبوو بەناوی (ئاشێ خورشید) ی باراشی گوندی لێدەکرد ، دۆلێکی بە ئاوە زۆردار بی لێهەبوو ، خەڵکی لە شوارکی ئەو دار بییانا سەبەتەو تلیانەو قەرتالەیان لێدروست دەکرد ، لەبەر زۆری دار بی ناوی گوند بوویتە (بیۆك) ، شوێنەواری گوند (کەلێ ئەحمەد ئاغای ، دۆلی ڕەش ، باستام ، شیوێ مراد خانێ ، بن داران بە داری شێخ محمەدی دەناسرێ ، رێێ جەلەبان ، زێدکان ، شیوێ مرادخانێ ، دۆلێ زەبێ ... ) . ساڵی ٢٠١٣ ژمارەیان (٣٢٩)کەس بوون ، رووبەری گوند(٢٧٣٧)دۆنم زەوی کشتوکاڵی هەیە ، قوتابخانە ساڵی ١٩٧٨ لە گوندی کرایتەوە .

**١٩ـ هەنجیروك (بەرگێل):** لە تۆمارەکانی حکومەت بە ئنجیرۆك ناو دەبرێت ، خەلگی ناوچەکە پێی دەلێن بەرگێل ، گوند دەکەوێتە سەر ڕووباری زێی بادینان ، ١٥کم لە ناحیەی دارەتوو دوورە ، گوند زەویەکی بەراوی زوری هەیە دەکەوێتە بەر گوندی ، بەرگێل لە دوو برگە پێکهاتیە (بەر +کێل)واتە لەبەر (پێش)گوندی زەویەکی بە پیت بەرەکەتی هەیە پێی دەلێن حاویەی بەر گوندی دەکەوێتە نێوان زێ و گوند ، ساڵانە دێتە کێلان لەبەر هەندێ ناوی گوند (بەرکێل) بوویتە(بەرگێل) ، یان دەلێن پشت گوندی زورگ و باسکی هەیە پێی گۆترایە بەرگێر بوویتە بەرگێل ، دانیشتوانی گوند (بوتن لە ماڵباتی رەشاغا)نە ، لە سەرژمێری ساڵی١٩٥٧دانیشتوانی ژمارەیان(١٠٢)کەس بوون ،لەساڵی ٢٠١٣ژمارەیان (٤٤٦) کەس

بوون ورووبەری گوند ٤٠٦٨ دونم زەوی هەیە ، دوو شوێنەواری گرنگی هەیە گردی قەبرستانی جومعە و شوێنی بابلبێز ،  لە ساڵی ١٩٨٢ قوتابخانە لە گوندی کرایەوە ئێستا تاکۆ پۆلی نۆیەم لێدەخویندرێت.

**٢٠ـ شەمسەخر :** گوندی شەمسەخڕ گوندێکە سەر بە ناحیەی دارتووە لە قەزای بەردەڕەش  ،  ناوی گوند دەڵێن مولکی ئافرەتێك بوو بەناوی شەمسە ئافرەتێکی قوت وخڕ و ناوی گوند بوو (شەمسە خڕ) ، ئۆمەڕبلەکان لە ساڵی ١٩٣٢ لەبەرکێشەیەکی کۆمەلایەتی لە گوندی گلەشین باریان کرد هاتنە گوندی شەمسەخڕ چونکە خاڵۆخوارزای یەکتربوون ، گوند پێکهاتیە لە چۆپانی و ئۆمەڕبل ،  لە٨٠  هەشتا ماڵ پێکدێت ونزیکەی ٧٠٠کەس دەبن .

لە کونەوە گوندی شەمسەخڕ مولکی ماڵی دێوەکی موسلاوی بوو ،حاجی ئەمین محۆ ساغبێری‌مولکی موسلاوی دەکرد .

**کانیەکانی گوند** : کانی عەباسە وکانی عەبابەکر وکەندالەشین وکانی ڕەش وقولەتێن ، کانی پێش گوندی  ،  لەساڵی١٩٧٤ بە چاوساغی عەرەبەکانی گوندی گەویلانی عەرەبان هەردوو گوندی شەمسەخڕو گوندی گویلانی کوردانیان  تالآنکردبوو  هەموو ماڵەکانیان ئاگر تێبەرداو سوتاندیان . [111]

**٢١ـ دوگوندان کچکە:** گوندی دوگوندانی کچکەڵە سێ بەرەبابی سەرەکی پێکهاتیە کەوخۆمزەیی (ماڵی کوێخا شەمسەالدین ) ی ، کاوانی ( ماڵی قاسمی موختاری گوند) چۆپانی ( ماڵی باندڕی)  لەگەڵ چەند ماڵە مهاجر( بەرەبابی مەچکۆ )ی ، سەرچاوەی ئاو لەکۆنەوە دوو کانی لە گوندی هەبوو قولەتێن بۆمەڕومالێت و قوڕکاری بەکاردەهات سێ دۆنم زەوی لەبەربوو شینایی لەبەرئاوی قولەتێن دەکرا ، دووەم کانی قەبران بۆ خواردنەوە بەکاردەهات  ،  ساڵی ١٩٨٦ قوتابخانە هاتە گوندی لە پێشتر قوتابیان دەچوونە گوندی زەنگەنان دەیانخوێند  ،  رووبەری گوند ٣١٠٢دونم زەوی  کشتوکاڵی هەیە . بە پێی سەرژمێری ساڵی ١٩٥٧ گوند٢٥٥ کەس بوو  ،  ئێستا ٨٠ خێزان دەبێت و٦٧٠ کەسن .

**٢٢ـ گردەپان:**  ناوی گردەپان لەوە هاتیە گردێکی پان و گەورە لە ناوەڕاستی گوندییە سەرەتا لەسەر ئەوگردە ئاوەدانی کرایە ناوەی گوند بوویتە گردەپان ،  بە ناوەندی دۆلی بۆتان دەناسرێ ، ساڵی١٥٠١سەرکردەیەکی تورکی بە ناوی (حەسەنی درێژ)ی زالم هێرشی کردبوو سەرکوردانی جزیرەی بۆتان لە بەر ئەوەی خەرج و خەراجیان نەدابوو عوسمانلییەکان هەندێکیان ئاوارەی دەڤەری گۆرانەتی بوون پێشتر ئێزدی تێدا هەبیە شێخ شەمسەددین قازی

---

١١١– پێزانین لەسەرگوندی شەمسەخڕ  بە سوپاسەوە لە بەرێز ئەحمەد عوسمان وەرگیرایە .

کەسایەتی ناوداری ناوچەکە بوو ، ئێستا ناوچەی یۆتان لە ١٣ بەرەبابی بۆت پێکهاتیە دەسپێکی هاتنی بۆت بۆ گوندی گردەپان بەرەبابی خویتەلی بوون ، بۆتە سۆرن لە ناوچەی شەڕنەخ هاتبوونە گوندی گردەپانی .

دوای ئەوان بەرەی گورگین هاتنە گوندی گردەپان و گەلۆوك ، بەتایبەتی لە سەردەمی لە ناوچوونی شۆڕشی بەدرخانیەکان لە باکوری کوردستان ، هەندێ ماڵە بۆت دەلێن لە بەرەی گورگینی لە جزیرێ بۆتان هاتنە قەزای سێمێل ، پاشان باریان کرد بۆناوچەی بەردەڕەش لە شوێنێك دایاننا پێی دەلێن ڕکاوا دەکەوێتە نێوان گوندی زەنگەنان و گوندی گردەپان ، پاش ماوەیەك جەندورمەی تورك بەدووایان داهاتن بۆگرتن و کوشتنیان ، شەڕێکی قورس لە نێوانیان ڕوویدابوو بە شیر و تیر و خەنجەر جەندورمەی تورك شکان و هەڵاتن ، بەلاّم لەو شەڕەدا ڕشا ئاغا پاپیرە گەورەیان بوو دەکاتە کوڕی یونس قۆلێکی خۆی لە دەست دابوو ، ئەو شوێنەی شەڕی لێی ڕوویدابوو هەتا ئێستا ناسراوە بە (شەڕە بۆت) دەکەوێتە ناو زورگەکانی نێوان گوندی زەنگەنان و گوندی گردەپان ، دەڵێن ماڵە میر دوای ئەو شەڕە هاتن لە گوندی گردەپان و گەلۆوك ئاکنجی بوون ، پێش ئەوان خویتەلی لە گوندی هەبوون ، ئێستا بۆت(خویتەلی ، عەباسی ، لۆلکی ، ماڵە میر)و شاسواری وچۆپانی وموسەیی و گەردی ... بە برایانە لە گوندی دەژین ، ساڵی ١٩٤٥ (٢٥)ماڵ بوون ، ئێستا ساڵی ٢٠٢٢(٥٧٢) ماڵە ٣٠٠٠ سێ هەزار کەس تێدا دەژیت ، مافی هەیە ببێتە شارۆچکە شارەوانی تێدا دابمەزرێت [112]

ئێستا وەکو خەڵکی دەڤەری گۆرانەتی دەستیان کرد بە کارو کاسبی بۆ بە دەستهێنانی بژێوی ڕۆژانەیان ، گوندی گردەپان گوندێکی زۆر دێرینە ولە هەردوو قەزای ئاکرێ و بەردەڕەش کەرتی گردەپان گەورەترین گوندە لەڕوی رووبەری زەوی کشتوکاڵی (١٩٠٠٠) دۆنم زەوی هەیە ، سێ کەرت لە خۆ دەگرێت (پونگینە ، گردەپانی گەورە ، گردەپانی کچکە). شوێنەواری گوند : قۆچ پاشا ، شیوێ وکەلکان وشیوێ کفرین و شێخ نویس دەکەونە سەر ڕێگای گۆنی گۆمەزەرد ، ڕکاوا ، قوبك ، گەلی مار ، کۆراوێ علی عیسای ، دارێ ئاسی شوێن رەز بوو ، کەونە پۆنگینە ، دارێ شەخسێ ، دارێ ئاشی ، قەبرێ سەحابەی ، غەلێ پونگینەی مناسب بوو کەونە گوندە ، کۆچکێ فەتاحی ، گوند ئاوی خواردنەوەی لە بیرێ پشت داران بە پشتێ و دەواران ئاویان دەکێشا ، کانی دارێ ئاشی رەز بوو ، قولوتێن لە گەروماریێ ، لە ساڵی چلەکان ناعۆر لە گوندی هەبوو بۆ شینایی بەکاردەهات تاکو نۆهەتەکان برنج لە گوندی دەکرا دوواتر ئاو نەما .

---

١١٢ـ یاسین حسن کتێبی گۆران لە نێوان زێی بادینان و ڕووباری خازر لاپەرە ٨٧ وەرگیراوە ،لە چاپخانی منارە هەولێر ساڵی ٢٠١٤ بە ژمارەی سپاردن ( ٤١٧ )چاپکراوە .

ساڵی ١٩٤٢ دنگ لە گوندی دروستکرا بۆ کوتانی ساوار . لە ساڵی ١٩٥٥ یەکەم سەعات یەکەم رادیۆ لەلایەن مەلا علی هاتە گوندی ، لە ساڵی١٩٥٨ یەکەم قوتابخانەی سەرەتای لە گوندی کرایەوە ، قوتابخانەی ناوەندی ساڵی١٩٩٢ دامەزرابوو ، لێدانی یە کە م بیری ئیرتیوازی لە ساڵی ١٩٦٣ هاتبوو کۆلان ، لە ساڵی ١٩٧٤ ئاوارەکانی مزوری هاتنە گوندی ، وە لە ساڵی ١٩٧٩ گەڕانەوە شوێنی خۆیان ، هاتنی کارەبای نیشتیمانی ساڵی١٩٨١ بوو ، ڕۆژی ٥ / ١٢ / ١٩٩٢ لافاو هەستا ١٦ ماڵ بن ئاو بوو زیانی گیانی نەبوو . ساڵی ٢٠٠٥ بنکەی تەندروستی دروستکرا ، هەفت ماڵە جوو لە گوندی هەبوون ساڵی ١٩٤٦ باریان کرد ، هەتا ئێستا ٣سێ مزگەفت لە گوندی هەیە .[١١٣]

**٢٣ـگربدەو نوێ:** گوندی گربدەوی نوێ دوای راپەڕینی بەهاری ساڵی ١٩٩١ خەڵکی کوردستان ئازاد بوون ئاوارەکانی گوندەکانی دەڤەری گۆرانەتی لەشارو کۆمەلگاکان گەڕانەوەی شوێنی زێدی بابەباپیرانیان ، گربدەوی نوێ لە نزیك گربدەوی کەون ساڵی ١٩٩٤ ئاوەدانکرا .تیرەو بەرەبابەکان(شێروانی ، چۆپانی ، رەشگەری ، ئاکۆیی ، بارزانی ...) تێدا دەژین ، ٥٧ماڵ دەبێت و ٢٥٠ کەسن ، ساڵی ١٩٩٤ قوتابخانە لە گوندی کرایەوە . ناوی گوند زۆر گرد بەدەوری گوند هەیە لە بەرهەندێ ناوی نرایە گربدەو ، وەکو خرابەی محەمەدمەولودی ، خرابە پان ، خرابەقویچ ، خرابە شەبەك ، ئەوانە هەمووی شوێنی مێژووین ، چەند کانیەك لەگوندی هەبوو وەکو کانی سێقوبان ، کانی گۆلکان ، گۆمێ بنداری .

**٢٤ـ قاتێسی کچکە:** لەکۆنەوە کوند مولکدارەکی عەرەبی موسل بوو تاکو ساڵی هەفتاکان هەندێ ماڵە عەرەب لەسەرگوندی بوون زەوی گوندیان دەکێلا ، چەندماڵێکی زێباری مولکی گوندیان کڕی زێبار تێدا دادەنیشن بەقاتێسی زێباران دەناسرێ، ساڵی ٢٠١٣ ژمارەیان (١٩٩)کەسبوون، رووبەری گوند (١٧٦٧) دۆنم زەوی کشتوکاڵی هەیە ، ئێستا گوند لە٧٤ خێزان پێکدێتن ژمارەیان( ٣٧٠) کەس دەبیت، ساڵی ١٩٨٧ قوتابخانە لە گوندی کرایتەوە

**٢٥ـ گربدەو کەون :** دوو بۆچوون هەیە یەکەم : ووشەی گربدەو ووشەیەکی لێکدراوە ، (گرد + بدەو) ، گرد بەواتای خرابە یان تەپۆلکەیەکی بلند دێت ، بدەو جوان و قشت دێت ، مانای گردبدەو بە مانای گردی جوان دێت بویتە ( گردبدەو ).

بۆچوونی دووەم : گردبەدۆ ، گردی بە دۆ ، خەڵکی گوند ئاژەلداری دەکرد ، ماستیان بە مەشکەی ژاندییە بۆ دروستکردنی کەرە ( روونی کوردەواری ) دۆیەکەیان رێشتیە.[١١٤]

---

١١٣ــ پێزانین بە سوپاسەوە لە بەرێز ماموەستا حاجی رەفعەت منصور گوندی گردەپان وەرگیرایە .

١١٤ــ یاسین حسن سەرپەرشتیاری پەروەردەیی قەزای بەردەڕەش

یان دەلێن : سەرەتا گوندی گربدەو دوازدە مالْ بووە بەرەمالەکان له دەوری گردی ئاوەدانیان کردیە بویتە( گربدەو) وەکو ئەلقەیەك بەدەوری ئەم گردە بوونە بە دەوری گردی خرابەی ئاوەدانی کرا ، بوویتە (گردبەدۆ) . لەسەرزاری خەلك بووە (گربدەو) [115]

**ناوی شوێنەواری مێژوویی گوند:** گوله کەتەر، سالی بەگی کەونە گوندە. ڤێله بەرد ، سێ قوبان سەرچاوەی ئاوی خواردنەوەی گوندبوو ، گوندی گربدەو زۆر گردی دەست کردی تێدایە وەکو : تلوزل ، چیا ماشان، پان محەمەد مەولود جبۆ ، حەنیفە عیسا ،گوله کەتەر ، ئەو خرابانە بۆ سەردەمی ئەسکەندەری مەقدۆنی و ئاشوورییەکان دەگەرێتەوە ، بەپێی قسەی خەلکی گوند دەلێن بۆ سەردەمی نوح پێغەمبەر (د.خ) دەگەرێتەوە.

گوندی گربدەو زەوییەکی کشتوکالی بەرفراوانی هەیە ، سنووری زەوی کشتوکالی گوند لەگەلْ سنووری گوندەکانی ((دارەتوو ، تۆبزاوە ، دەربیستان ، جووجەر ، دوستەك ، خرابە یاسین ، زەنگەنان ، دووگوندانی گەورە ، دوو گوندانی بچوك)) یەك دەگرێتەوە کەهەمووی دەشتاییەو زۆربەپیتە، خەلکی گوندە خەریکی کاری کشتوکالێن(دێمی و ئاوی) و بەخێوکردنی ئاژەل .

ئەم گوندە (١٠) دە بیری ئیرتیوازی تێدایە کە بۆ مەبەستی کشتوکالی بەکاردەهێنرێت ، گوند چەند لاوکبێژی بەناوبانگی هەبوو وەکو : (محەمەد دینێ، مەجید ئەحمەد سالح ، سەدیق میکائیل ، عەبدولرەحیم حەسەن عومەر، حوسێن شەعب) لاوك بێژبوون ، و (محەمەد جبرائیل) ناسراو بە (مەمەرە) چیرۆك بێژێکی زۆر ناوداربوو. لەپێش بیستەکان مزگەوت و مەلا هەبووە لەسالانی بیستەکان له بەرواری ١٠ / ١٠ / ١٩٢٠ ((مەلا حەسەن مەلا محەمەد حەنەش بۆتانی )) باپیرە گەورەی مامۆستا مەلا ئیسماعیل محەمەد علی له گوندی کانی هورچی هاتبوونە زەنگەنان له زەنگەنان چووبوونە گوندی گولەکەتری لەوێ چووبوو گوندی حەسەنی ، لەلایەن ئینگلیز فەرمانی دەستگیرکردنی دەرچووبوو ، بە مەلایەتی هاتبوو گوندی گربدەو تاسالی ١٩٤٢ کۆچی دووایی کرد له دوای ئەو کورەکەی ((مەلا مەحیەدین)) جێی گرتەوە فەقێ و حوجرەی هەبووە لەدوای کۆچی دوایی مەلا محی الدین له رێکەوتی٢٢ /٦/ ١٩٨٣مامۆستا ((مەلائیسماعیل محەمەدعلی)) جێی باوکی گرتەوە ، بەراستی مالی مەلامحی یە الدینی هەتا بلێی مالێکی ئایین پەروەربوون گوندی گربدەو ئەوان رایانگرتبوو رۆلێکی گرنگیان هەبوو له چارەسەرکردنی کێشە کۆمەلاتیەکان له گوندو دەوروبەری گوند سەنگ و بەهای خۆیان هەیە له ناو خەلکی دەڤەری گۆرانەتی .

رووداوێك : پێش هاتنی ئینگلیز جەندرمەی تورك (حوسێن محەمەد علی عومەر)یان کوشتبوو له سەردەمی عەسمانلیان چار سالانصالح ئاغا ئەشقی ببوو ، تاکو سالی ١٩١٩ئاغا

١١٥ـ دیار عبدال عوسمان دانیشتووی گوندی گربدەوی کەون

بوترس سەر لەشکری فەلە رەشکان لە کەمپی کانیلانێ بوو ئەنجا هاتەوە گوندی لەشکری ئاغا بەترسیان مێوان کردبوو نان و هەنگڤینی زوری بۆ لەشکری ئەنگلیزی رێزکردبوو لەشکرەکە بەرەو کشتاوێ دەچوون بۆ لێدانی عەشیرەتی سورچیان شێخ رەقیب سەرۆکایەتی دەکرد..

ـ لەساڵی ١٩٧٠ هونەرمەندی کورد ((حەسەن زیرەك)) لەساڵی ١٩٧٣ هونەرمەندی فلکلۆری (حەسەن جزراوی)سەرەدانی گوندی گربدەویان کردیە ، دانیشتووی ئەم گوندە گۆرانن لە تیرەی رەشگەرینە ، گوند نزیکەی ١٥٠ ماڵن بۆ خۆشی و نەخۆشی لەگەڵ یەکن . (سێ ماڵ زێبار ، حەفت ماڵ زێدك) لە گوندی دادەنیشن . نەریتێکی کەون لە باب و باپیرانیان هەتا ئەمرۆ مایتەوە برا گەورەی گوند ساغی دەکاتەوە ، لە بەرە بەیانی ڕۆژی جەژن خواردن بۆ گشت خەڵکی گوند دروست دەکرێت ، لە دوای تەواو بوونیئنوێژی جەژن ، لە دیوەخانی برا گەورە جەژنە پیرۆزە لە یەکتر دەکەن و پێکەوە خواردنی بەیانی دەخۆن و دوواتر سەردانی هەندێ ماڵی پێویست دەکەن. لەساڵی ١٩٣٨ دنگی ساوار کوتانیان دانا لەبەرد دروست ، لەساڵی ١٩٥٣ یەکەم ئاشی ئاگری دانرا بەنەوتی رەش کاری دەکرد . لەساڵی ١٩٦٨ تەلەفیزیون هاتە گوندی ئەو کات کەناڵی کەرکوك هەبووبەزمانی کوردی پەخش دەکرا لەساڵی ١٩٨١ یەکەم گوند بوو کارەبا گەیشتە گوندی. [١١٦]

**٢٦ـ گومەزەرد:** گۆمەزەرد گوندێکی کۆنە لەدێرزەمانەوە ژیانی تێدا هەبووە ، چەند شوێنی مێژووی و قەبرستانی کۆنی تێدا هەیە ، زۆربەی دانیشتوانی (چۆپان) ن لەعەشیرەتی رەشگەرینە . هەرمۆش یان عەروش برا گەورەیان بووە لە گوندی گۆمەزەرد نیشتەجێ بوونە کە دەکاتە ماڵی یاسین حەجاجی گەورە ، گوندی گۆمەزەرد یەکێکە لە گوندەکانی ناحیەی دارەتو سەر بەقەزای بەردەڕەش ، دەکەوێتە ناو زورگەکانی لای خواروی رێی سەری ، ئەو گوندانەی سنوریان هاوبەشە لەگەڵ گۆمەزەرد زەنگەنان ، دوگوندان ، دارەتو لەلای باکوری لەلای رۆژهەڵاتی بیۆك ومۆریلان و بەنێنانە ، لەلای باشووری گردەپان و کۆراوە ، گوندی گۆمەزەرد سنووری بۆتان لەگەڵ رەژگەرییان لێك جودا دەکاتەوە.

زیاتر لە١٣٥خێزان پێکدێت بەگشتی ١١٧٠کەس دەبێت زۆربەیان کاسبکار و مەڕوماڵت بەخێودەکەن ناوی گوندی گۆمەزەرد ، دوو بۆچوون : ١ـ دەڵێن لەکاتی خۆی کانییاوێك هەبوو ، قورو ئاوەکەی بۆ چارەسەرکردنی نەخۆشی زەردك بەکار دەهات

٢ـ لەوەرزی هاویندا ئاو لە جۆگەو شیوەکان کەم دەبوو هەندێ گۆمە ئاودەمانەوە ئاوەکەی ڕەنگی زەرد هەڵدەگەڕا ، یاسین ئاغا خانەدان ، سەخی و بەناوبانگ بوو ، زۆر سوحبەت چی

---

١١٦ ــ لە دکتۆر حوسێن یونس ئاغا دانیشتوانی گوندی گربدەوی کەون وەرگیرایە .

و بە گالتەو دیوان خۆش بوو ، نیشان شکێن بوو   ، تڤەنگی دەگرتە جەرکی سەر پشتی ژنان لەرێگای ئاوێ(سەراو)  دە یشکاند ، ژن بێ  ئاو  و بێ  گۆزە دەگەڕاوە ماڵێ ، ماڵی یاسین حجاجی لە گوندی گۆمەزەرد پەیوەندییەکی بە هێزیان هەبوو لەگەڵ بارزانی نەمر ، لەساڵی ١٩٧٠یەکەم قوتابخانەی سەرەتایی لەگوندی دامەزرا، یەکەم بەرێوەبەری قوتابخانە(عەلی ئەفەندی )  بوو لەپێشتر مندلانی گۆمەزەرد لە قوتابخانەی گردەپانی دەیانخوێند خەڵکی گوند زۆربەگەرمییەوە بەرەو خوێندن دەچن ،   هەروەها قوتابخانەی ئامادەیی بەهەردوو بەشی(زانستی - وێژەیی) لە گوندی هەیە زیاتر لە ٣٢٠قوتابی لەگوندی  دەخوێنن ، کۆمەلەکەسێکی رۆشنبیر لەگوندی پەیدا بووە  .


سەیدۆ جوو : ماوەیەك لە گۆمەزەرد ژیابوو مامۆستای لاوك بێژانی  دەڤەری گۆرانەتی سەیدۆ جوو بوو زۆربەی لاوك بێژەکان لە سەیدۆ جوو وحەسەن وحەمۆ فێری لاوك گۆتن ببوون[١١٧]،

---

١١٧- یاسین حەسەن گۆران ،کتێبی گۆران ،ساڵی ٢٠١٤ چاپکرایە

# باسی چارەم:

## یەکەی کاگێری ناحیەی رۆڤیا(*)



**کورته باسێك لەسەر ناحیەی رۆڤیا:**

رۆڤیا یەكێك لە گوندە هەرە گرنگەكانی سنووری بەردەڕەش و دەكەوێتە سەنتەری دەشتی ناوكوڕ و دەڤەری گۆرانەتی هەر سێ قەزای بەردەڕەش ئاكرێ شێخان پێكەوە گرێدەدات ، سێریانێكی گرنگە هەر سێ پارێزگای دهۆك موسل هەولێر پێكەوە دەبەستەوە ، رۆڤیا گوندێكی دێرینی دەڤەری گۆرانەتیە سەر بە قەزای بەردەڕەش وای كردووە زۆربەی خەڵكی كوردستان بە ناوی رۆڤیا ئاشنا بن ، رۆڤیا / ١٧ / كم دوورە لە باكووری رۆژئاوای قەزای بەردەڕەش .

كەی رۆڤیا ئاوەدانكراوە هیچ بەڵگەی مێژوویەكی وورد لە بەردەست نیە پیمان بلێت بەدروستی كەی ئاوەدانكراویە خرابەی ناو رۆڤیا زۆر كەونە بۆ سەردەمی ئاشوریەكان دەگەرێتەوە ، سەرجاوەكانی مێژووی نوێ ئاماژە بەوە دەكەن كە شیخ (إسماعیل ولْیانی) شێخی تەریقەتی قادری لە ساڵی ١١٥٨ كۆجی وەسیەتی كردبوو تەرمەكەی لەرۆڤیا بەخاك بسپێردرێد ، دواترتەكیەی لێدروستكرا ، ئەمەش ئەودەگەیەنێت كە لەوكاتی ماڵ لە رۆڤیا هەبووە ، تەمەندارەكان دەڵێن لە كۆنەوە یاسین ئاغای گێژ لە گەڵ هۆزی خدری چەند ماڵە جوولەكە گوندیان بەرفراوانتر كردووە لەكۆنەوە جوولەكە لەو گوندە هەبوون، دوای دروستبوونی دەولەتی ئیسرائیل هەشتماڵی جوولەكە بە ناوی (ئیسحاق و رەشو و شمێل ....) پاشماوەی جوولەكەكانی رۆڤیا بوون بەرەو ئیسرائیل رۆیشتن .

**دانیشتووانی :**

لە رووی دانیشتوان شارۆجكەی رۆڤیا بەگشتی هەمووی لە عەشیرەتی گەورەی گۆرانن ئێستا عەشیرەتەكانی دیكە وەكو (زێباری-سورجی-هەركی...) لە گەل گۆرانان بە برایانە پێكەوە دەژین هەروەها ژمارەیەك مەسیحی لە گوندی هەزار جۆتی هەنە ، سەرەرای هەبوونی عشیرەت وئاینی جیاواز ، بەلاّم پەیوەندیكی باشیان لە نێوانیان هەیە ، رۆڤیا دوای ئەوەی بوو بە ناحیە زۆر بەخێرا پیشكەوتنی بە خۆوە بینی ، رۆڤیا پیش بەناحیە بوونی گوند بوو لە نێوان (٨٠-١٠٠) ماڵ پیك دەهات وژمارەی دانیشتوانی تەنها لە (٧٢٠) كەس دەبن ، بە پێی بڕیاری ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (١٠)لە ڕۆژی ١٢/١٠/٢٠٠٦ بە قەزابونی ناحیەی بەردەڕەش رۆڤیا وەك ناحیا دەست نیشان كرا ، یەكەم بەرێوەبەری ناحیا( قادر عزیز قادر ) لە ڕۆژی ٢٧/٥/٢٠٠٧دەستی بەكاربوو .

پاش بوونی رۆڤیا بە ناحیە پێشكەوتنێكی باشی بە خۆوە بینی لە رووی ئاوەدانی و خزمەت گوزاری جۆرا و جۆر وەك دروستكردنی كۆمەلكای كارگێری و فراوانكردنی پرۆژەی ئاوی رۆڤیا و كردنەوەی سەرۆكایەتی شارەوانی رۆڤیا ، و( ٣٢ )خانوو لەساڵی ١٩٩٨ بۆ برا مەسیحیەكان لە گوندی هزار جووت دروست كرا بە بڕی ( ٣٥,٠٠٠) دۆلاری ئەمریكی .

ژمارەی دانیشتووانی ناحیەی رۆڤیا لەگەڵ گوندەکانی سەربەسنوری ناحیەی (٥٩٣٠)خێزان ، یوو(٧٩١، ٣١)هەزار کەسن،رووبەری گشتی ناحیەی رۆڤیا(٢٩٠)کم² دەبیتە ٣٦٣، ١١١دۆنم زەوی ، لەوانە ٩٤,٦٦٤دۆنم بە کەلك چاندنێ دێت ١٦,٦٩٩ دۆنم بێ کەلکە بۆ چاندنێ ، رێژەی دانیشتوانە(٣٢,٤٧٪) لە کۆی گشتی قەزایە . ژمارەی دانیشتوانی لەساڵی ٢٠٢٠نزیکەی ٣٧٠٠٠ هەزار کەس دەبێت و لە ٦٧٠٠سەرخێزان پێك هاتووە ، لە سەرەتای بوونی بە ناحیە تاکو ئێستا ئەو بەرێزانە سەرۆکی یەکەی کارگێڕی رۆڤیا بوونە:

١ـ قادر عزیز قادر ٢ـ سەروەر سعید دێوالی ٣ـ قاسم عبدالصمد عبدالله

٤ـ صائیب رزوان حوسێن بە وەکالەت ٥ ـ عەنتەر فەرهاد محەمەد .

گەرەگەکانی سەرەکی بریتین لە پێنج گەرەك ئەمانەن : ١ـ قەلاَت ٢ـ رۆژ ٣ـ نەورۆز ٤ـ فرۆکە خانە (مەتار) ٥ـ دووڕیان . گوندەکانی یەکەی کارگێڕی رۆڤیا بریتین لە (٤٩) گوند ئەمانەن: یەکماڵە مەزن ، کانی ئەسپان کچکە ، دولیجان گەورە ، زێلکە حەتکۆ (زیلکە عبدالعزیز) ، کانی ئەسپان گەورە ، قەرەناز ، دولیجان صالح ، گرگە جو ، نەزراوە ، دولیجان کتو ، جوجەر گەورە ، دیناران ، دولیجان تارق ، جوجەر کچکە ، ئومەڕسینان ، کەندالەسور ، جەنگە ، گربەویل کچکە ، گربەویل گەورە ، پەلاسان ، شیخانوك ، توبزاوە گەورە ، سێگردك ، علیشانە ، توبزاوە کچکە ، خرابە یاسین ، پیربوب ، ئیسماوە ، خرابە سعدون ، دوستەك ، بامەڕزێ ، بەردە سۆر ، حەسەنیە ، خەمیس کچك ، بەردە زیو ، ئەللاهی ، پیرچاوش ، چەمە ، خرابەواش ، دەربیستان گەورە ، گریگا ، حەسەنی کەمەمپ ، دەربیستان کچکە ، گولەکەتەر ، هەزارجۆت مەزن ، هەزارجۆت موسیحی (٦٠خێزانی کرستیانی تێدا ئاکنجینە) ، یەکماڵە نوێ (هەرکینە).

**شـوێنی:** شـوینی جوگرافیای رۆڤیا شـوێنێکی سـتراتیجیە ودەکەوێتە سـەر رێگای سـێ پاریزگا(دهۆك-هەولێر-موسل)گرنگی شوینی جوگرافی و گرنگی پیك هاتەی چەند رێگا بە ناو رۆڤیا تێدەپەرێت ، جگە لەوەی کە رێگایەکی نێودەولەتیە لە نێوان کوردسـتان و تورکیا ورێگای ئۆتوبان پیشـنیارکراو لە نێوان تورکیا و کوردسـتان هەر لە رۆڤیا تێپەڕ دەبیت ئەو شوێنە جوگرافیا ستراتیجیا گرنگی دایتە رۆڤیا ، زۆر بە خیرایی پیش دەکەوێت خەڵکی زۆر رو لە شاروجکەی رۆڤیا دەکات رۆژانە دانیشـتوانی بەرەو زیاد ون دەڕوات دانیشـوانی وگونجاوترین شوین بوو کە بکرێت بە ناحیە بۆ (٤٣) گوندی دەورووبەری ، ساڵی ٢٠٠٩ نزیکەی (٤٣٠) ماڵ و (٤٠٠٠) سەر خێزان دەبوون ، سیمای ناحیە و شارۆچکەی پێوە دیارە ، بۆیە هەرلە گەڵ بە قەزابونی بەردەڕەش ، رۆڤیا لە ٢٠٠٧/٥/٢٧ ، بووە ناحیە ، ژمارەی دانیشـتوانی رۆڤیا بە گوندەکانیەوە زیاترە لە ٣٥٠٠٠هزارکەس دەبن ، ئەو ناحیەخاوەنی خاکێکی

جیۆپۆلەتیکی ســــتراتیژیە و بە پێی لێکۆلینەوەی جیۆلۆجی لە ســــەر ئەو ناوچــــەیە کراوە دەرکەوتووە  رێژەیەکی زۆر ئاو لەو ناوچەیە هەیە  ،  بە تایبەتی ئاوی ژێر زەوی .

**ووشەی رۆڤیا :**

ـ ووشەی رۆڤیا لە ئەسلی خوی (روییا) بە مانەی ئەو شوینی کە هەمو رێگا لٍێ دەڕوا یان لێ تێپەڕ دەبیت وەك جوار ڕییان هەروەك ئاشکرایە جەند رێگا بەناو شاروجکەی رۆڤیا .

ـ یان دەڵێن لە سەردمی ئاشوریان پیاوێکی زۆر ستەمکار بەناوی (رۆمی) لە سەر خرابەی گوندی فەرمانرەوایەتی ئەو دەڤەرەی کردووە  لە بەر هەندێ ناوی  رۆمی گۆرایە بوویتە رۆڤیا

ـ بیروبۆچوونێکی تر هەیە دەڵێن لە( رێی ڤیان) هاتووە لەبەر ئەوەی تەکیەو ئەهلی تەریقەتی لێ هەیە خەڵکی بە تایبەتی دەروێشەکان ڤیانیان بۆ ئەو رێچکەیە هەیە ناوەکەی بوویتە رۆڤیا

ـ یان دەڵێن :خرابەی ناوگوندی زۆر کونە رێوی لێ هەیە بوویتە رۆڤیا  .

ـ شوێنی حەسانەوەی کاروانی بازرگانی بووە واتە بە شێوەزاری بادینی (رێڤینگ) بوویتە رۆڤیا.

**سنوری یەکەی کارگێڕی ناحیە:** دەکەوێتە  باکووری قەزای  بەردەڕەش  ، و باشوری قەزای ئاکرێ ، هەروەها لە رۆژهەڵاتی رۆڤیا روباری(زیێ گەورە)سنوری لە ناحیەی کەورگۆسکی سەر بە پارێزگای هەولێر جیادەکاتەوە ، لە رۆژئاوەوە روباری (خازر) سنوری لە گەڵ (ناحیەی قسروك-کۆمەلگای جرە- ناحیەی کەلکجی) لە قەزای شێخان جیادەکاتەوە .

**تەکیەی رۆڤیا :** سەید **شێخ سمایلی ولیانی** کوڕی سەید محەمەد  سەید ئەلنودهی کوڕی سەید باباعلی کوڕی سەید بابا رەسولی گەورە ، نەسەبیان بۆ رەچەلەکی سەیدینا حوسێن کوڕی ئیمامی عەلی(رەزابوونی خوای گەورەی لەسەربێت) دەگەڕێتەوە ،  ساڵی١٠٨١ك لە قازان قایە لە دایك بووە) ،  کاتی جەنابی هاتبوو رۆڤیا هۆزی خدری لەوێ بوون زۆربەیان بوونە موریدی  ،  دوای شێخ دەچیتە موسل پەیوەندی لەگەڵ حەسەن پاشای والی موسل دەبەستێت ،  عەرەب و کورد دەبنە دەروێش و خەلیفەی شێخ لە ساڵی١١٦٣ك کۆچی دووایی کردووە ،  لە سەر داوای خۆی لەگوندی رۆڤیا سەر بەقەزای  بەردەڕەش،  لە تەنیشت مەڕقەدی ئەلسەید شەمسەدین کوڕی شێخ محەمەد ئەلهەتاك کوڕی شێخ عەبدولعەزیز کوڕی شێخ عەبدولقادری گەیلانی (رازی بوونی خودایان لەسەربێت) هاتە شاردنەوە.مەزهەب شافعی بوو ، تەریقەتی قادری وەرگرتبوو لەسەر دەستی شێخ ئەحمەد ئەلئەحسائی.شێخ ئیسماعیلی ولیانی ببووسەرچاوەی تەریقەت و ئیرشادزۆر لەناو خەڵکی دەگەڕا نەوەکانی پشت لە دوای پشت وەکو جێنشین سەرپەرشتی هەردوو تەکیەی ئاکرێ و رۆڤیا دەکەن .هەروەها کۆی ڕووبەری گشتی ناحیەی رۆڤیا بریتیە لە

١٠٤٤٩٢  دۆنم بە کێل کشتوکاڵ دێت   ،

١٤٥٠٤ دۆنم زەوی بە کێل کشتوکاڵ ناهێت

٤٧٣٦٩ دۆنم زەوی کشتوکاڵی دێمی ( الاصلاح الزراعی )

١٩٧٧ دۆنم رۆبەری زەوی کشتوکاڵی بەرئاو ( الاصلاح الزراعی )

٥٤١٥٠دۆنم زەوی کشتوکاڵی مولك دێمی ،

١١٩٣دۆنم زەوی کشتوکاڵی مولك بەراو .[١١٨]

| ئاماری ناحیەی رۆڤیا بۆ ساڵی ٢٠٠٩ | | | |
|---|---|---|---|
| ژ خێزان | نێر | مێ | سەرجەم |
| ٥٩٠٠ | ١٦٨٢٠ | ١٨٣٠٠ | ٣٥١٢٠ |

ڕێژەی پێکهاتەکان : نەتەوەی کورد ٩٥,٥ ٪ پێکهاتەی ئاینەکان ئاینی موسلمان ٩٥,٥ ٪ ، ئاینی مەسیحی ٥ ، ٠ ٪

| دام و دەزگـــــا حکومیەکانی ناحیەی رۆڤیا ساڵی ٢٠١١ | | | |
|---|---|---|---|
| ١ | ناحیە | (٨) | |
| ٢ | بنکەی پۆلیس | (٣٦) | |
| ٣ | بەرگری شارستان | (٢٤) | |
| ٤ | بنکەی تەندروستی رۆڤیا | (٢٣) | |
| ٥ | بنکەی تەندروستی أومرسینان | (٢٣) | |
| ٦ | بنکەی رینمایی کشتوکاڵی ئیسماوە | (٦) | |
| ٧ | بنکـــەی توێژینەوەی کشتوکاڵی | (٥) | |
| ٨ | سەرۆکایەتی شـــــارەوانی رۆڤیا | (٤٣) | |
| ٩ | نووسینگەی زانیاری رۆڤیا | (٦) | |
| | جێگیری ئاسایشی رۆڤیا | (١٧) | |
| ١٠ | بنکی تەندروستی سماوە | ( ٦ ) | |
| ١١ | هوبا دارایی رۆڤیا | (١) | |

| شوێنە ئایینی یەکان بۆ ساڵی ٢٠١٢ | ژمارەی (مزگەوت) ساڵی ٢٠١٢ | پەرستگای نا موسولمانەکان (دێر) |
|---|---|---|
| تەکیەی شیخ عبدالعزیز (سەنتەری ناحیە)<br>تەکیەی شـــیـــخ أحـمـد (گوندی جوجەر)<br>تەکیەی شـــــیخ أحمد (گوندی پیرچاوش)<br>تەکیەی شیخ محەمەد راجی (گوندی جمە) | (٥٢) | (١)<br>هەزار جووت نوێ |

---

١١٨ ـ بەرێوەبەرایەتی کشتوکاڵی قەزای بەردەرەش / بەشی ئامار

ئاماری بنکەکانی ساخلەمی تاکو ساڵی ٢٠٠٩

| ژ | بنکەی ساخلەمی | شوێن |
|---|---|---|
| ١ | رۆڤیا | ناحیەی رۆڤیا |
| ٢ | ئیسماوە | گوندی ئیسماوە |
| ٣ | ئۆمەڕسینان | گوندی ئۆمەڕسینان |

**ئابوری رۆڤیا:** لە ڕووی ئابووریەوە ، لەبەر ئەوەی رۆڤیا دەکەوێتە ناوچەی دەشتی ناوکوڕ دەشتێکی بەپیت و بەرەکەتە ، زۆربەی خەڵکی ناوجەکە خەریکیکاری کشتوکاڵین ، لەبەر ئەوەی زۆر بیری ئیرتیوازی تێدا هەڵکەندرایە شینایی تێدا دەکرێت جگە لە چاندنی (گەنم ـ جۆ ـ برنج ـ نۆك ـ باقلە..هتد) هەروەها خەریکی بە خێوکردنی مەڕومالْتن ، وەکو(مەڕو ـ جێل ـ بزن) ، پرۆژەی پەلەوەر وحەوزی بەخێوکردنی ماسی تێدا هەیە ، زیاتر ئەو گوندانە (چەمە ، اسماوە ، حسەنی ، بامەرزی ، گرێگا ، پیرچاوش ، جوجەر ، و دەربێستان.....) دانیشتوانی بە چاندنی شیناتی خەریکن وەك (تەماتە ، خەیار ، شوتی و ... هتد) لەبەر بوونی هەردوو ڕووباری (زێی گەورە و ڕووباری خازر وبیری سەرعەرد) ، هەروەها هەندێکیش بە بەخێوکردنی مەڕومالْتەوە جیل پەلەوەر خەریکن ، هەروەها پیشەی جۆراو جۆر دەکەن .

**پرۆژەکانی بەخیو کردن وسەربرخانەی پەلەوەر:**

نزیکە (٢٠) پرۆژەی بە خیو کردنی مریشك (پەلەوەر) بۆ گۆشت هەیە ، بۆ هەمو گوندەکانی سـنوری ناحیەی رۆڤیا گوشـتی خواردن دابین دەکات. یەك کارگەی سـەربڕخانەی پەلەوەری هەیە لەنێوان گوندی بەهراوان و گوندی بەردەزیو تەنها سەربرخانەیەکە لسەر ئاستی هەرسێ قەزای( بردەرەش ، ئاکرێ ، شێخان).

**کارگەی بلوك :** ژمارەی کارگەی دروست کردنی بلوك نزیکەی (٤٠) کارگە ی هەیە بۆ ئاوەدان کردنەوە ، هەردو جۆرە بلوکی بتەو و ناوخلۆر دروسـت دەکرێت .**کارگەی جەو و لم (معمل حصۆ و رمل):** یەك لە سامانە سروشتیەکانی دەڤەری رۆڤیا جەوو لە (حصو و رمل) مەزندە دەکرێت بە (٢٠) گارگەی جەو و لم هەیە لسـەر ڕووباری خازر لای سـنوری ناحیەی رۆڤیا لە هەردوو ڕویەوە گرنکترین دەڤەرە بۆ دابین کردنی زیخ و بەرد و لم کە گرنگنترین پیداویستی بیناسازیە وە (٤٠٪) پیداویستی پارێزگای دهۆك لە جەوو لم لە ڕووباری خازر دابین دەبیت .

**کارگەی غازی گوران :** یەك کارگەی غاز بەناوی کارگەی غازی گۆران لەسەنتەری ناحیەی رۆڤیا هەیە پێداویستی غاز بۆ گشت سنوری ناحیەی رۆڤیا دابین دەکات لەگەڵ گوندەکانی هاو سنورلەگەڵ سنوری ناحیەی رۆڤیا .

**کارگەی ئاوی رۆڤیان :** گارگەی ئاوی خواردن بەناوی کارگەی ئاوی رۆڤیان لەسەنتەری ناحیەی

رۆڤیا بە شیویکی سەردەمیانە لە ساڵی ٢٠١٠ هاتە کردنەوە بەرهەمی بۆ گشت پارێزگاکانی عیراق  بەلاو دەکرێتەوە .

**کارگەی ئاوی ژین :** کارگەی ئاوی ژین لە نێوان گوندی سیکردك و ناحیەی رۆڤیا بۆ ئاوی خواردن تەنها کارگە بوو   لە سنوری ناحیەی رۆڤیا پیش کردنەوەی کارگەی رۆڤیان وەبەرهەمی ئەویش لە سەر ئاستی عراق بەلاو دەکرێتەوە .

**کارگەی ئەلمنیوم :** بە پێی ئاماری ساڵی ٢٠١٢  زیاتر لە (١٥) کارگەی ئەلیوم و پلاسیتکلە ناحیەی رۆڤیا هەیە بۆ دروست کردنی دەرگەو پەنجەرەو کەوەنتەربەکار دێت .

**بازاری رۆڤیا:** ژمارەی دوکانەکان دەگاتە (٨٠٠) دوکان نزیکە لە (٤٥٠) دوکان ئێستا کرایتەوە لە سەنتەری ناحیەی رۆڤیا بازاری گەرمە  زۆر جار جادەی سەرەکی ناو بازار هاتو جو لێ رادەوەستێت بۆ ماوەیەکی کورت لە بەر زۆری هاولاتیان و کریاران و ئۆتۆمبێلی ئەو کەسانەی لە گوندەکان هاتینە بازار .گشت پیداویستەکان لە بازاری رۆڤیا هەیە هاولاتیان پیویستیان بە هیچ بازاری شارەکانی تر نییە بە تایبەتی لە پیداویستیەکانی رۆژانە.

## ناوی چەند هونەرمەندانی ناحیەی رۆڤیا :

١ـ عەنتەر خالد سورچی گوندی پەلاسان ٢ـ سمیر قاسم گوران گوندی خرابەواش ٣ـ سیپان قاسم زراری گوندی چەمە ٤ـ سامی عبدالقادر گوندی زێلکەی حەتکۆ .

## شوینەوارە مێژووییەکانی ناو سەنتەری رۆڤیا:ـ

ـ قەلای رۆڤیا مێژوویەکی کۆنی  هەیە بۆ سەردەمی ئیمبراتۆرییەتی میدیاکان دەگەرێتەوە ،

ـ بیرێکی ئاو خواردنەوە لە قەلای رۆڤیا هەیە ، بە کەرپووچ عقد کرایە  ،  بە داخەوە چەند ساڵێکە شوێنی بیرەکە تێکدرایە  ،

ـ بیرێك لە ناو تەکیە هەیە ، تا ئێستا سوودی لێوەردەگیرێت  بە ماتۆری ئاو هەڵدەکێشن .

ـ شوێنەواری ٣ سێ کاولە ئاشی ئاوێ لە سەر جۆگەی جۆجەر دروستکرابوون

١ـ ئاشی کامەلا یاسین ئاغا دایمەزراندبوو .

٢ ـ جمك ئاشی ماڵی شێخەکان بوو .

٣ـ ئاشی خەندەك هێ ماڵی ئیسماعیل ئاغا بوو ،  شوێنەواری هەندێکیان تا ئێستا دیارە .

ـ گۆڕی شوکور ئاغا برای سمکۆی شکاك لە ناو تەکیەی رۆڤیایە .

## شوینەوارە مێژووییەکانی سنوری ناحیەی رۆڤیا:

١ـ  مەزارگەی شێخ اسماعیلی ولیانی لە تەکیەی شێخ اسماعیلی ولیانی لە رۆڤیا

٢ـ  قەلاتی ناو سەنتەری شارۆچکەی رۆڤیا     ٣ـ    قەلاتی گوندی جەمە

**٤ ـ قەلاْتی گوندی دربێسان مەزن ٥ ـ قەلاْتی گوندی ديناران ٦ـ قەلاْتی گوندی بامرزێ ٧ـ قەلاْتی گوندی کانی اسپهان گەورە ٨ـ قەلاْتی گوندی حسنیە ٩ـ قەلاْتی گوندی کانی اسپهان کچکە ١٠ـ قەلاْتی گوندی خرابە واش ١١ـ قەلاْتی گوندی گرێگا .**

**سەرجاوەکانی ئاو :**

**١ـ ڕووباری زێی گەورە .**

**٢ـ ڕووباری خـــــازر .**

**٣ـ روباروری کشتاو وەرزی یە .**

**٤ ـ ڕووباری قورەبەگ وەرزی یە.**

**٥- بیری سەرعەرد نزیکە (٢٢٠) بیری سەرعەردی هەیە .**

**٦-نزیکەی(٣٥٠) بیری ئیرتیوازی بۆ کاری کشتوکاڵی.**

**٧ ـ (١٠) جۆگا ئاوی رەزو بیستان .**

## داتای ســەرژمێری گوندەکانی سنوری کارگێڕی ناحیەی رۆڤیا :

| گوندەکانی ناحیەی رۆڤیا بەپێی ئاماری ساڵی (٢٠٠٩) | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ز | ناوي گوند | ژمارەی دانیشتووان | | | رووبەری گـــوند | ژمارەی خێزان | ژمارەی خانوو |
| | | نێر | مێ | کۆی | | | |
| ١ | ئەلاهـــی | ١٩ | ١٩ | ٣٨ | ٢٣٥٠ دونم | ٥ | ١٦ |
| ٢ | ئیسماوە | ١٣٠٠ | ١٣١٤ | ٢٦١٤ | ٣٥٠٠٠ دونم | ٣٩٧ | ٣٢٠ |
| ٣ | ئومرسێنان | ٧٨٨ | ٨٢١ | ١٦٠٩ | ٩٠٠٠ دونم | ٢٦٧ | ٢١٥ |
| ٤ | بامەرزێ | ٢٠٣ | ٢١٧ | ٤٢٠ | ١٢٢٣ دونم | ٦٨ | ٥٤ |
| ٥ | بەردەزیو | ٣٥ | ٣٠ | ٦٥ | ٠٠٠ دونم | ١٠ | ١٠ |
| ٦ | بەردەسۆر | ٤١٥ | ٤٠٠ | ٨١٥ | ٦٠٠ دونم | ١٤٧ | ١١٠ |
| ٧ | تۆبزاوەی . ب | ١١٠ | ١١٩ | ٢٢٩ | ١٥٦٣ دونم | ٤٠ | ٣٥ |
| ٨ | تۆبزاوەی . گ | ٢٥١ | ٢٦٩ | ٥٢٠ | ١٨٧٠ دونم | ٨٦ | ٦٥ |
| ٩ | پەلاسان | ٦٥٢ | ٦٤٤ | ١٢٩٦ | ٠٠٠ دونم | ٢٢١ | ٢٠٦ |
| ١٠ | پیربوب | ٤٢ | ٤٧ | ٨٩ | ١٦٠٠ دونم | ١٢ | ١٢ |
| ١١ | پیرچاوش | ٦٦٦ | ٦٩٧ | ١٣٦٣ | ٥٦٩٧ دونم | ٢٠٤ | ١٦١ |
| ١٢ | جەنگە | ٢٣ | ١٩ | ٤٢ | ١٠٠٠ دونم | ٨ | ١٥ |
| ١٣ | جوجەری. ب | ٤١٠ | ٤٤٥ | ٨٥٥ | ٠٠٠ دونم | ١٣٤ | ٩٨ |
| ١٤ | جوجەری. گ | ٦٢٦ | ٧١٧ | ١٣٤٣ | ٣٠٠٠ دونم | ٢٤٤ | ٤٧٨ |
| ١٥ | حەسەنیە | ٤٤٨ | ٤٤٣ | ٨٩١ | ١٨٢٣ دونم | ١٣٨ | ١٠٤ |
| ١٦ | خەمیس کچک | ٤٨ | ٤٢ | ٩٠ | ١٣٨٠ دونم | ١٢ | ١٢ |
| ١٧ | خراب سعدون | ٢٣٦ | ٢١٠ | ٤٤٦ | ٠٠٠ دونم | ٧٣ | ٥٤ |
| ١٨ | خرابە واش | ١٨٩ | ١٩٥ | ٣٨٤ | ١٢٠٠ دونم | ٦٥ | ٥٠ |

| | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١٩ | دەربێستانی. ب | ١٥١ | ١٢٦ | ٢٧٧ | ٢٠٠٠ دونم | ٥٥ | ٥٤ |
| ٢٠ | دەربێستانی.گ | ٤٥٦ | ٢٩٧ | ٧٥٣ | ٠٠٠ دونم | ١١٠ | ١٠٤ |
| ٢١ | دۆستـــــەک | ٢١٥ | ١٩٤ | ٤٠٩ | ٢٥٠٠ دونم | ٧١ | ٦٥ |
| ٢٢ | دولێجان گەورە | ٨٨٠ | ٨٩٦ | ١٧٧٦ | ٣٠٠٠ دونم | ٣٠٤ | ٣٠٠ |
| ٢٣ | دولێجان صالح | ١٧ | ١٩ | ٣٦ | ٤٥٠٠ دونم | ٧ | ٨ |
| ٢٤ | ديناران | ٢٥٢ | ٣٠٠ | ٥٥٢ | ٠٠٠ دونم | ١١٥ | ١١٠ |
| ٢٥ | رۆڤيا | ٨٢٢ | ٧٥٩ | ١٥٨١ | ٣٨٦٨ دونم | ٢٤٢ | ٣٨٠ |
| ٢٦ | زیلکه عزیز | ٣١٨ | ٣٣٠ | ٠٠٠٦٤٨ دونم | | ٨٤ | ٥٦ |
| ٢٧ | سیگردک | ١٥٥ | ١٥٩ | ٣١٤ | ١٦٧٠ دونم | ٥١ | ٣٩ |
| ٢٨ | شیخانوک | ٣٢٠ | ٣٦٠ | ٦٨٠ | ٢٤٦٥ دونم | ١٢٠ | ٩٠ |
| ٢٩ | چـــەمـــە | ٨١١ | ٧٤٩ | ١٥٦٠ | ٧٠٠٠ دونم | ٣٢٦ | ٢٨٩ |
| ٣٠ | گربەویل . ب | ٩٣ | ٩٨ | ١٩١ | ٠٠٠ دونم | ٣١ | ٢٥ |
| ٣١ | گربەویل . گ | ١١١ | ١١٩ | ٢٣٠ | ٠٠٠ دونم | ٣٣ | ٣١ |
| ٣٢ | گرکەجوو | ٣٣٤ | ٣٢٦ | ٦٦٠ | ١٦٥٠ دونم | ١١٠ | ١٠٠ |
| ٣٣ | گرێگا | ٢٩٣ | ٢٨١ | ٥٧٤ | ٠٠٠ دونم | ٨٥ | ٧١ |
| ٣٤ | علیشانه | ١٧٧ | ١٤١ | ٣١٨ | ٢٢٠٠ دونم | ٦٧ | ٦١ |
| ٣٥ | قەرناز | ٢٤٣ | ٢٣٠ | ٤٧٣ | ٤٠٠٠ دونم | ٩١ | ٨٥ |
| ٣٦ | کانی سباني.ب | ٦٩ | ٧٨ | ١٤٧ | ٣٤٠ دونم | ٢١ | ١٦ |
| ٣٧ | کانی سباني.گ | ٥١٧ | ٦٨٣ | ١٢٠٠ | ٨٠٠ دونم | ١٩٥ | ١٥٥ |
| ٣٨ | کەمپ حسنیه | ٢٨٠ | ٢٧٦ | ٥٥٦ | ٠٠٠ دونم | ١٠٠ | ١٠٠ |
| ٣٩ | کەنداله سۆر | ١٣ | ١٦ | ٢٩ | ٠٠٠ دونم | ٦ | ٦ |
| ٤٠ | نه زراوە | ٣٠٠ | ٣٥٠ | ٦٥٠ | ٠٠٠ دونم | ١٢٠ | ١٠٥ |
| ٤١ | هەزارجۆت | ٧١٩ | ٧٣٥ | ١٤٥٤ | ٤٠٠ تغار | ٢٨٠ | ٢٠٠ |
| ٤٢ | هەزارجۆت . ن | ٧٦ | ٦٨ | ١٤٤ | ١٨٧٠ دونم | ١٤ | ٤٣ |
| ٤٣ | یەکماڵە | ٢٧٠ | ٢٠٠ | ٤٧٠ | ٢١٠٠ دونم | ٨٢ | ٩٠ |
| کـــــۆی گشتی | | ١٤,٣٥٣ | ١٤,٤٣٨ | ٢٨,٧٩١ | | ٤٨٥١ | |

زانیاری له سەر رۆڤیاو داتای ســـەرژمێری گوندەکانی سنوری کارگێڕی ناحیەی رۆڤیا. (١١٩)

١١٩ ★ـ (سەید ئەمـین عەلی عـەزیـز) سەرۆکی شارەوانی رۆڤیا ، ئێستا بەرێوەبەری سایلۆی رۆڤیایە ، بە سوپاسەوە  زانیاری و داتای لە سەر ناجیەی رۆڤیا  لە بەرێزی وەرگیرایە  ، لە گۆڤاری مەقلوب ژمارە (٧) ساڵی ٢٠١١ هاتبوو بەلأوکردنەوە دەستکاریم کردووە  لەگەڵ رێزم .

## پێناسەی گوندەکانی یەکەی کارگێڕی ناحیەی رۆڤیا:

**١ـ جوجەر گەورە:** لەکتێبی یاقوت الحموی الشێخ الحموی الرومی (معجم البلدان )بەرگی سێیەم لاپەرە (٨٧) لە ساڵی٦٢٦ کۆچی دوای کردیەلە سەرهەردوو گوندی جوجەر دەڵێت:(قریتان من قری عقر الحمیدیە ینسب الی احداهن الرز الجید والاخریدونها بالمسافە والشهرە). [١٢٠]

گوندی جوجەری گەورە یەکێکە لە گوندەکانی دەڤەری گۆرانەتی سەربە ناحیەی رۆڤیایە لە قەزای بەردەڕەش . نزیك شەقامی گشتی ئاکرێ ، مووسلە ، دانیشتوانی گۆرانن ، شێوەزاری (ناوکوڕی) دەئاخڤن . مێژووی دروست بوونی جوجەرزورگۆنە ، جوجەر: ئەو گوندە کارگەی جەڕەو گۆسکەیان لێدروستکردیە(جهێ + جەڕ) یان (جێ + جەڕ) ناوەکە سوایە بوویتە (جوجەر) ، لە دووبرگە پێك هاتووە (جو) وشەیەکی کوردی یە واتا جولەکە یان جووەکان دێت ، برگەی دووەم (جەر) گوایە وشەیەکی عەرەبیە بە واتای (جریا) یان (قریە) دێت واتا لە کۆنەوە گوندی جووەکان بووە ، چونکە پیاوە بەتەمەنەکانی گوند بەبیریانە کاتێ جووەکان لەوگوندە ژیاون ، ناوەکە بوویتە جوجەر . بۆیە لەسەر ئەوە کۆکن . [١٤١]

حاجی عبداللە پیاوێکی ناودارو دەولەمەند ونانەدری کوندی جوجەر بووە ، هەر لەبەر ئەو کەسایەتیە ساڵی ١٨٩٠ناحیە ، هاتبوو گوندی جوجەر ، تیرەوبەرەبابەکانی گوندی جوجەر ئەمانەن : شێخبزێنی ، گێژ ، خێل ، مووسەیی ، شکاك ، عەبزێدی ، شێخانی .

لە ساڵی (١٩٦٤) محێ هەرکی چەندماڵێکی بەخێزانەوە لە عەشیرەتی هەرکی هێنابوو سەرگوند وبەزۆری بەسەرگوندی داسەپاندبو خەڵکی گوند ئاوارەی ئێران و کۆمەڵگاکان بوون ، چونکە ئەوە بەرنامەی ئەوان بوو ، تارێکەوتن نامەی (١١)ی ئاداری ساڵی (١٩٧٠) خەڵکی گوند گەڕانەوە سەر زێدی باوباپیران. بەلأم خەونەکانیان زوری نەبرد ئەوە بوو نسکۆبەشۆڕشهات دووبارە خەڵکەکەی ئاوارە بوونەوە ، تاتریسکەدانی سەرهەڵدانی پیرۆز لە بەهاری ساڵی (١٩٩١) ، خەڵکەکەی بەسەرفیرازی گەڕانەوە سەرگوندی خۆیان و ئێستا لە بن سێبەری ئالأی کوردستان ژیان بەسەر دەبەن. زەوییەکی بە پیت و بەرەکەتی هەیە ، زۆربەی زەویەکانیشی ئاودێرن و دانەوێلەیەکی زۆر دەچێنن وەکو (گەنم وجۆ ونیسك و نۆك و پاقلەو... هتد) هەروەها زۆرینەیان کاری شینایش دەکەن.ئەوەی لەهەموو گرنگترە جوجەر یە کێکە لەگوندە بەناوبانگەکانی ناوکوڕ بۆچاندنی برنج وکونجی زۆرلە کۆنەوە ، سوودیان لەوئاوە وەردەگرت کە سەرچاوەکەی دەکەوێتە

١٢٠ـ یاقوت الحموی ( معجم البلدان) بەرگی سێیەم

١٢١ـ بیروبووچوونی هەڤال شماڵ حمادی دانیشتووی گوندی جوجەر

راست گوندی مەلکێ لە باشوری ناحیەی گردەسێن ، دووسکری هەیە (سکری میری وسکری دووبەستان) ئەو ئاوە زۆر لە مێژە بەزێرکراوە ، چوار ئاشی لێکردنی دانەوێلەش بەوئاوە دەگەڕا. ئەو جۆگەیەش لەژێر ناحیەی گردەسێن تادەگاتە گوند سالانە بەدەست هەلکەندراوە ، لە دووای راپەرین ئاوی ووشك بوو ، لە سالی شەستەکان تاسەرهەلدانیپیرۆز ئەم گوندە لە لایەن هەرکییان داگیرکرابوو. لە سالی (١٩٧٠) قوتابخانەی سەرەتایی لێدروست کراوە.

**شوێنەواری مێژوویی گوند:** گردێکی هەیە ناوی (ئاسنگران)ە دەکەوێتە سەرزەوی جوجەر واپێدەچێت ئەم گردە مێژووەکەی بۆ پێش زایین بگەرێتەوە ، گوندبووە بەلام لەبەر هەر هۆیەك بێت چۆلبووە ، لەسالانی چلەکان ئاسنگران ئاوەدان بووە دەکەوێتە لای رۆژ هەلاتی (گوند) ، تیمێکی بیانی شارەزا لە شوێنەوار لێکۆلینەوە لە شوێنەواری گردی ئاسنگەوان دەکەن تائێستاش گۆرستانیان ماوە . [١٢٢]

**٢ـ دیناران:** گوندی دیناران سەربە ناحیەی رۆڤیایە و دەکەوێتە رۆژئاوای ناحیە لە سەر رێگای سەرەکی رۆڤیا دهۆکە ، دەلێن لە تۆماری تاپۆیا حکومەتی عیراقی لە سالێ ١٩٣١ هەردۆنمەك زەوی چاندنێ بە نرخی دوو دیناری عیراقی هاتیە کڕین لەوما ناونرا دیناران ، سنووری گوند باکوری گوندی گلێنەیە ، باشووری گوندی پیرچاوشە ، رۆژهەلاتی گوندی سیگردك ، رۆژئازای گوند گوندی گربەویلی گەورەیە ، دانیشتوانی گوند عەشیرەتی گۆرانە ، لە سالی ١٩٧٤ لە بەر پشکداری خەلکی گوندلە شۆرشی ئەیلوول ئاوارەی بوون ، لە سالی ١٩٧٥ حکومەتی عیراقیێ داگیری کردو دایە عەشیرەتی زێباری هەتا ئێستا لە گوندی ئاکنجینە ، ل دویڤ سەرژمێریا سالی ١٩٥٧دانیشتوانی ١٦٢ کەس بوون ، لە سالی ٢٠١٣ ژمارەیان ٤٨٦کەس بوون رووبەری گوند ٢٧٦٣دونم زەوی کشتوکالی هەیە ، خرابەی گوندیو خرابەی گۆرستانی گوندلە ناو ئەتلەس شوێنەواری عیراقی تۆمارکرایە ، لە سالی ١٩٩٤ قوتابخانە لە گوندی کرایەوە .

**٣ـ جوجەر کچکە:** گوندێکی کەونی دەڤەری گۆرانەتیە سەر بەناحیەی رۆڤیایە ، دەکەوێتە سەر رێگای سەرەکی بەردەرەش /ئاکرێ١٣ ، کم دوورەلە قەزای بەردەرەش ، دانیشتوانی لەبەرەبابی (گێژ ، شێخ بزێنی ، بۆت ، رەشگەری ، کاوانی) پێکهاتیە .

میر محەمەد پاشای گەورە لە موسل دەگەرایەوە ، وەرز هاوبن بوو لەگوندیجوجەری کچکە بۆ پشوودان راوەستا ، لەلایەن خەلکەوە پێشوازییەکی گەرمی لێکرا ، ئاویخواردنەوەیان بۆ پاشای سۆران هینا ، ئاوێکی لێلو شۆلوبوو ، پاشا گوتی: ئاوی خاوێنتان نیە و گوتیان بەتنێ

١٢٢ ـ شمالێ حمادی هەرجارەو گوندەك ،گۆڤاری خازر ،ژمارە(١١) .

ئاوی جۆگەی دوای قەرەی برنجی دەخۆینەوە ، محەمەدپاشا زۆر پێتێکچووکوتی (تابیرێکی ئاوتان بۆلێنەدەم لێرە نارۆم ) داوای لە خەڵك كرد دەست بەزبارە بكەن گوند بوونە دوو بەش بەشێکیان دەستیانکرد بەلێدانی بیر ، دەستەی دووەم شاییان لە بەرامبەر میری دەکرد ، ئەو کارە هەشت رۆژی کێشا ، هەررۆژ گۆلکەکیان دەکوشتەوە ، خەڵکی دەڤەری گۆرانەتی دەهاتنە خزمەت میر و لە دەوری دادەنیشتن کارو پێشنیاری خۆیان بە میری دەگۆت ، هەشت رۆژ تەواو بوو ، بیرەکە (١٢٥)گەز(بال) بوو بەرینی (٥) گەز بەبەردی زێ عەقد کرا بوو ، میر قاپە ئاوێکی خاوێن و سازگاری لەبیرەکە خواردەوەو ، خودا حافیزی لە خەڵکی کردو بەرەو رەواندز کەوتە رێ شوێنی بیرەکە بوویتە زبلدانی گوند بە داخەوە شوێنەواری خۆمان ناپارێزین. [١٢٣]

دەسپێك ناحیەی بەردەڕەش لە ساڵی (١٨٩٠) لە گوندی جووجەری کچکە دامەزرا ، ساڵی ١٩٠٢ لە سەردەمی عوسمانییەکان نەخۆشی چاوقولکە (تاعون)توشی دانیشتوانی گوندەکانی دەشتی ناوکوڕ بوو زۆر کەسی لەناو برد و هەندێ گوند قڕ بوون ، دەگێرنەوە گوندی جووجەر لەبەر نەخۆشی چۆلکرابوو ، هەر لەبەر هەندێ ناحیە ساڵی ١٩٢٠ لە جووجەری کچکە گواستراوە گوندی بەردەڕەش ی گەورە ،

لە یاداشتەکانی شاکر فتاح هاتووە "ویستیان ناحیەو بگوازنەوە گوندی زەنگەنان ، گواستراوە تاکو ساڵی ١٩١١ لە گوندی زەنگەنان مایەوە " ، پاشان قادر ئاغا رازی نەبوو.

لە ساڵی١٩٣٥ جووجەری کچکە دوو ماڵ تێدابوو ، بە پێی ئاماری ساڵی ٢٠١٠ دانیشتوانی (١٢٥) ماڵ بوون لە ١٤٥ خێزان پێك دەهات ژمارەیان(٦٦٧) کەسن ، ساڵی٢٠١٣ ژمارەی دانیشتوانی ٧٦٧کەس بوو . رووبەری زەوی کشتوکاڵی ٤ چار کەرتی کشتوکاڵی(جوجەر ، ملکاوە ، جەنگە ، گولەکەتەر) لە خۆدەگرێت ، رووبەری زەوی کشتوکاڵی بریتییە لە (٥١٠٠)دۆنم زەوی و خەڵکی گوندی کاری کشتوکاڵی دەکەن چەند بیرێکی ئیرتوازی لە گوندی هەیە هەموو جۆرە شینایەك دێتە چاندن .

٤ـ **گربەویل کچکە :** بەناوی خرابەیەك ناونرایە لە ناو گوندییە لەوەرزی بەهاران گردەکەبە کولیلك و گوڵ دەخەملا (گرد + گوڵ )پێیان گۆت (گربەگول) بەلاّم لە تۆمارەکان دەنووسرێت (گربەویل) ، لەسەر ئەو رامانە دەڵێن واتای بە گردی ئاخونالێن (واوەیلا) دێت . بیروبۆچوونی یەکەم دروسترە ، لە ساڵی ١٩٥٨ گوند کەرتی کشتوکاڵی ژمارە ٧٢ی پێدرا ، رووبەری ١٣٠٠دۆنم زەوییە ساڵی ١٩٦٣ بە سەر ١٣ جۆتیار دابەشکرا ، گوند لە ٣٨ماڵ پێکدێت ٤٢ خێزان لە گوند هەیە دوای راپەڕین ساڵی ١٩٩٨ سەر لە نوێ زەوی کشتوکالی بەسەر جۆتیاران دابەشکرا ، تیرەو بەرەبابەکانی (گێژ ، زەنگەنە ، شێروانی ، شکاك و خێل ...) تێدا ئاکنجین .

١٢٣ــ سعید مەموزینی مێژووی بەردەڕەش لاپەرە (٧٠)

**٥ـ گربەویل گەورە:** ناوی گوند گردێکی لێیە پێی دەگۆترێ گربەگول ، لەسەرژمێری حکومەت بوویتە گربەویل ، ژمارەی خانوەکانی ٣٤ خانی یە پێکدێت لە ٢٦٦کەس ، ٤جوار بیری ئیرتیوازی لە هەڤاری لێدرایە بۆ کاری کشتوکاڵ ٤ کێلگەی پەلەوەر لەگوندی هەیە، گوند هەموو گۆرانن ، ماڵی کوێخا سعید دینارانی لە بەرەبابی سورچینە لە بنەماڵەی تیرەی (شێخانن).

**٦ـ بامەڕزێ:** هەرچەندە شوێنی گوندی بامەرزێ مێژوویەکی کۆنی هەیە ، مێژووی خرابەی ناو گوندی بۆ سەردەمی ماد و میتانی و ئاشورییەکان و ئەسکەندەری مەقدوونی دەگەرێتەوە ، کاتی هەردوو ئیمبراتۆریەتی یۆنانی و فارسی یەکەم پێکدادان لە نێوانیان لە دەشتی ناوکوڕ ڕوویدابوو. لە ساڵانی پەنجاکان گوندی بامەڕزێ لەسەرئاوی خازر بەلای رۆژ هەڵاتی موشیر ئاغا گوندی بامەڕزێی ئاوەدان کرد.

واتای گوندی بامەرزێ : بامەرزێ لە دوو بڕگە پێکهاتیە بامەرەزە واتا وەرزی چاندنی برنجە یان = با + مەڕەزە واتا با لەمەڕەزەی دەدات. بوویتە بامەرزێ .خوالێخۆشبوو (موشیر ئاغا ) براگەورەی گورانان بوو ، لەهەر شوێنیك بایە لە هەواری گۆرانان دەچوو ، گوندی بامەرزێ شوێنی حەوانەوەی لێقەوماوانە لە گوندی دەمانەوە تاکو کێشەیان چارەسەردەکرا ، ئێستا بەرێز بشار مشیر ئاغا برا گەورەی گوندە ، لە کابینەی هەشتەم ئەندام پەرلەمانی کوردستان بوو، خۆی بە سەرۆکی عەشیرەتی گۆران هەژمار دەکات ، هەرلە کۆنەوە بگروبکێش و ڕکابەری لە نێوان خانەوادەی ماڵی موشیر و ئاغاو عەشیرەتەکانی دەورووبەریان هەبوو بەلاَم ئێستا وەکو برا پێکەوە دەژین .

لە دەستپێکی شۆڕشی ئەیلوولی مەزن ساڵێ ١٩٦١ تەقە لەگوندی بامەرزێ هاتە کردن هێزی حکومەت گوندی حەسەنی و بامەڕزێیان بەتالاًن بردبوو سوتاندیان ، ماڵی موشیر ئاغا سێ مانگ لەبارزان مابونەوە (١٨٠) کەس دەبوون (٨٥) پێشمەرگەی چەکداریان هەبوو ، لەئەنجامی هێرش کردنە سەرگوندی بامەرزێ ، لەشکر لەسەر زەوی فرۆکە لە ئاسمانەوە بۆردومانی گوندیان دەکرد ، چەند کەس شەهیدبوون کەئەمانەن: ١- شاتی فەلە ٢-بنیامین دنعا خەڵکی هەزارجۆت بوون بریندارەکان ١- ئەمین موس ٢-مام عەزیز ئسماعیل ٣ـ رەمەزان مەولود بوون.

دەتوانین بلێین دەسپێکی سەرهەڵدانی شۆڕشی ئەیلوولی مەزن لە دەڤەری گۆرانەتی بە تایبەتی لە گوندی بامەرزێ دەستی پێکرد . موشیر ئاغا چەندین ساڵان لە حکومەتی بەغدا ئەشقی ببوو، لەساڵی ١٩٦١ تاکو ساڵی ١٩٦٨ لەناوشۆڕشی ئەیلول مابوونەوە.رووبەری زەوی کشتوکاڵی گوندبریتیە لە (١٢٢٣)دۆنم ٦٠٠دونم ئاوی و٦٢٣دۆنم دێمی یە دانیشتوانی خەریکی کاری کشتوکاڵین و بەخێوکردنی پەلەوەر چێل، ساڵی ١٩٨٠قوتابخانە و کەهرەبا هاتە گوندی ،

کارگەی چەقل وزیخ و بلوك وكاشی لەسنووری گوند هەیە . کارگەی فینگەر له گوندی دروست دەکرێت بۆساڵی ٢٠٢٣ تەواو دوبێت پێویستی بە سەدان تەن پەتاتە دەبیت .

٧ـ **حەسەنی** [١٢٤]: یاقوت الحموی له کتێبی خۆی به ناوی (معجم البلدان ، له بەرگی سێیەم لاپەرە ١٥٠ دەڵێت (الحسنیە : منسوب الی الحسن بلد من شرقی الموصل ، علی یومین بینها وبین جزیرە العمر) ؛واتە: گوندی حەسەنی بۆ شێخ حەسەن دەگەرێتەوە ، دەکەوێتە رۆژهەڵاتی موسل ، دوو رۆژ بە پێ دوورە لە جزیرەی بۆتان ؛ قەبری پیاو چاکێك لە پشت خرابەی ناو گوندی حەسەنی هەیە بەناوی ( شێخ حسن )بۆیە ناوی گوند نرایە (حەسەنی) ، یان دەڵێن ئەو گوندە گوندی یونس پێغەمبەر بووە، زۆر خێر و بەرەکەتی هەبووەپێی گۆترایە (حەسەنات) ، گوندی حەسەنی لەسەر جادەی سەرەکی بەردەڕەش دهۆکە ، لە کۆنەوە لەسەر ئاوی خازر پردێك دروستکرابوو بۆ پەرینەوەی کاروانی بازرگانان شوێنی دەکەوێتە باشووری پردی ئاسنینی ئێستا شوێنی گرنگە پردی ئێستا بەناوی پردی حەسەنی ناودەبرێت ، شوێنێکی ستراتیجی هەیە ، دانیشتوانی گوند هەموویان لە هۆزی گۆرانن ئەو تیرەو بەرەبابانە تێدا دەژین ( گێژ ، ڕشگەری ، سورچی ، بۆت ، خدری ، رۆژبیانی ، زەنگەنە و شکاك...) . خاکەکەی بە پیت و بەرەکەتو کشتوکاڵیە ، زەوی بەراوی زۆرە ، خەڵکی گوندەکانی دەوروبەری دەهاتن لە حەسەنی( تقرو چەوەندەر و گێزەر و کونجی و برنج و ماش وتەماتەو کودی و فستەق....) یان دەچاند ، پەندێك هەیە دەڵێن :( بۆیە دەچمە حەسەنی ، تاوەکو تقرو گێزەری بچێنی ) له ساڵی شێستەکان ئەندازیارەکی کشتوکاڵی عیراقی خوێندنەوەی لە سەر خاکی حەسەنی کردبوو دەرکەوت باشترین خاکی هەیە بۆ چاندنی چەوەندەری شەکر ، لەبەرێ گوندی حەسەنی وەقفی مەزاری نەبی یونس بوو ، ساڵانە لە موسل شانە دەهات لە ١/١٠ له دە یەکی بەرهەمەکانی گوندی دەبرد تاکۆتایی جۆخین هەڵگرتن دەماوە، بەرهەمەکەی رەوانەی مزگەوتی نەبی یونس دەکردلە موسل ، لەوێ رۆژانە خواردنیان بۆ مێوانانی فەقیرو هەژاران دروستدەکردو سێ جەمە بە سەریان دابەشدەکرا ، لە کۆنەوە گوند شوێنێکی زێدە ستراتیژی هەبوو بە تایبەتی لە رووی بازرگانیەوە لە سەر ئاوی خازر پردی پەرینەوەی هەبووە ، کاروان سەرای کاروانچیان بووە .

**شوێنەواری گوند:** کاتی جادەی ڤیردروست کراخرابەیەك بە ناوی شلکێنە لە نێوان بنایەی قەلعەو پردی حەسەنی هەبوو جادە گرتیەوە تەختکرا ، دووقەبر دۆزرایەوە لە ناو سندوقی کەرپووچی بوون سێ کون لە ژێرەوەی تابووتەکە هەبوون سێ گۆزە لە بنەوە ل راست تابووتەکان دانرابوو، پێدەچوو گۆڕی ژن و مێردێکی ناوداری سەردەمی خۆی بێت فەرمانڕەوایی ئەو

---

١٢٤– یاقوت الحموی لە کتێبی خۆی (معجم البلدان) ، لە بەرگی سێیەم لاپەرە ١٥٠

دەڤەرەی کردبێت . لای باشوری  سەر هەڤاری حەسەنیە خوار پرد لە ناو ئاوی خازر ڕێزە بەردیان دۆزییەوە ، قەبارەی هەربەردێك ٥٠ سم بەرزی و٩٠ سم درێژی پێوانەی زیاترو کەمتری تێدا هەبوو  ، لە شێوەی لاکێشەیی جوان نقار کرابوون ،  مێژووی دروستکردنی دیار نیە، پێ پردی پەرینەوە بوو، شوێنەواری دهۆك بەردەکانی دەرهێنا، ژمارەی دانیشتوانی١٤٠ماڵ (١٨٠)خێزان دەبێت ، ٩٥٠ کەسن ، رووبەری زەوی کشتوکاڵی لە(٢١١٩)دۆنم زەوی پێکدێت، کەمپی ئاوارەکانی لەجزیرێ کوردستانی باکوور لەساڵی ١٩٨٣هاتوونە ئاوارەی گوندی حەسەنی بوون ١٥٠ ماڵ دەبن . [(١٢٤)]

**٨- دوستەك:** گوندی دۆستەك سەربەناحیەی رۆڤیایە ، دەکەوێتە باکوری قەزای بەردەڕەش بە دووری ١٤کم  ،  لەناودەشتی ناوکوڕە ،  لەسەر ڕێگای سەرەکی  بەردەڕەش  ئاکرێ یە ، شوێنی گوند لە کۆنەوە ڕێگای هاتوچۆی کاروانی بازرگان و رێبواران بووە  ،  مێوان دۆست بوونە لەبەر هەندێ ناوی لێنرایە دۆستەك  ،  بیروبۆچوونەکی ترهەیە دەڵێن :ناوی گوند بۆ سەردەمی ئیمارەتی کوردی دۆستەکی دەگەرێتەوە ،   دەڵێن پارەی کانزای سوردەمی میرنیشانی دۆستەکی لە گوندی دۆستەك دۆزابۆوە مۆری سەردەمی ئیمارەتی دۆستەکی لەسەر نەخشرابوو لەبەر هەندێ  ناویان لێنا دۆستەك .

حیکمەت مەلا یاسین لە کتێبی خۆی بە ناوی (ئاکرێ لە مێژوودا) لە لاپەرە(١٨١)دەلێت :

دوای ئازاد کردنی دەڤەری گۆرانەتی لە لایەن لەشکری میر مەحەمدی رەواندزی ، سەید حەسەن رەشوانی ساڵی ١٨١٥ز هیرشی کردبوو سەر زێباریان ، پشتی کوشتنی هەردوو ئاغای زێباریان(عەزۆ ئاغای سەفتی و جەوهەر ئاغای نەقەبی) هێزەکی چەکداری گوندی دۆستەکا لە ناوچەی زێباریان هێرشیان کردبوو سەر لەشکری رەشوانی و هەلاتن چووبوونە دێری گوندی هەرنێ خۆیان شاردەوە ، لەشکری میری سۆران دۆرپێچیاندا (٧٦)کەس بوون بە دیل هاتنە گرتن سەید حەسەن رەشوانی بریاری لە سێدارەدانی بۆ بارمتەکان دەرکرد گواستیانەوە بۆ گوندی دۆستەك سەربە ناحیەی رۆڤیا لە دەڤەری گۆرانەتی ، هەتا ئێستا بە گۆرستانی دۆستەکیان بە ناوبانگە ، دەلێت گوندی دۆستەکی بەناوی ئەو گۆڕستانە ناو نرایە .

بە تەمەنەکانی گوند دەلێن : لەسەردەمی هێرشی میری سۆران ساڵی١٨٣٢ دانیشتوانی گوندی دۆستەك  تەنها ١٠دەماڵ بوون ،  دوو ماڵی ئێزدی بە ناوی( ئۆغز و نەرمۆ )ئەوانەی تر لە هۆزی مووسەیی بوون  ،  لە کەونە خەلکی گوند لەو شوێنە نەبوون لە گەڵاڵە کەونە گوندێکە لە نزیك گوندی دادەنیشتن ، دوای هێرشی میری سۆران گوند چۆل بوو تاکو ساڵی١٩١٢ مام

---

١٢٥- زانیاری لە سەر گوندی حەسەنی بە سوپاسەوە  لە بەرێز مامۆستا  فتاح وەرگیرایە .

عەلی و براکەی شێخ محەمەد گوندیان ئاوەدانکردەوە . گۆڕستانی دۆستەکی بە گۆڕستانی مەلا عەلی ناودەبرێت ، ژمارەی دانیشوانی گوند بی پێی ئاماری ساڵی ٢٠١٣ ژمارەیان٣٣٢کەس بوون ، رووبەری ٢٨٤٨دۆنم زەوی کشتوکاڵی هەیە ، بە پێی ئاماری ٢٠١٧ ی ئینسکلۆپیدیای دهۆك گوند ٨٢ماڵن١٠٦سەرخێزانن دەبنە (٥١٧)کەس ، ساڵی ١٩٩٥ قوتابخانە لێکرایتەوە ، ئێستا قۆناغی سەرەتای و بنەرەتی و ئامادەیی تێدا هەیە ، ساڵی ١٩٧٤ زۆربەی خەڵکی گوندی ئاوارەبوون لەبەر پشکداریان لە شۆڕشی ئەیلوول ، ساڵی ١٩٧٥حکومەت داگیری کرد هەرکی لەسەر گوندی نیشتەجێ کردبوو ، تاکو راپەڕینی ساڵی ١٩٩١ هەرکی چۆلیان کردو خەڵکی ئاوارەی ئێران و کۆمەلگاکان گەڕانەوە سەر زێدی بابوباپیرانیان .[١٢٦]

ساڵی هەفتایەکان دوو حاجی لەقلەق لەسەر دارتێلێك(تاوەر) لەناو گوندی هێلانەی خۆیان دروستکردبو ، ساڵ بەساڵ بەچکەیانزێدەدەکرد ئێستا هێلانەیان لەسەر زۆربەی عەموودەکانی سەرەکی (تاوەرەکان)ی لە سەر رێگای هاتووچۆی بەردەرەش ئاکرێ ، ناو دەشتی ناوکوڕ دروستکردیە ، دانیشتوانی گوند هەموویان گۆرانن لەو تیرەو بەرەبابانە پێکهاتیە (کەوخۆ مزەیی ، زەبتی ، شێخانی ، بۆت ، خدری ، شێخ بزێنی )

**شوێنەوارەکانی گوند:** ١ـ ئاشی بلۆی ٢ـ گردی حاجی (دەڵێن هەموو بەتاعوون مردن)
٣ـ خرابە پسك ٤ـ کەونە گوندی دۆستەك. ٥ـ گوندی گەڵاڵەی داسنی ٦ـ گۆرستانی مەلا عەلی
٧ـ بەحرێ دۆستەکی ٨ـ ئاشێ میرزۆی داسنی ٩ ـکانی غەزال .[١٢٧]

**٩ـ ئومەڕسینان :** گوندێکی کەونەمێژووی دروستبوونی بۆ زیاتر لە٢٠٠ساڵ دەگەرێتەوە ، کەسێك بەناوی ئۆمەڕ ئەو گوندەی ئاوەدانکریە ، چەند بیربۆچونێك هەیە دەڵێن سێ برابوونە ناوی گوند بوویتە ئۆمەڕسێنان ، یان دەڵێن ئۆمەڕ مێوانی هاتیە سێ نان لە ناو تلیانەی نانی هەبیە ، یان دەڵێن ئۆمەڕ شوان بیە سێ نان لە ناو تووری شوانی هەبیە ، ئەو بەرەبابانە لەگوندی ژیاون بەرەبابی خدر خودێدا بەرەبابی حاجی حوزێر کاوانی لەگەڵ چەند بەرەبابێکی تر، ئەوانە لە ناوخۆیان لەسەر دەستنیشانکردنی براگەورەی گوندی پێك نەهاتینە ، لە ڕکی یەکدی لە گوندی بیرەکەپران کابرایەکیان هینا بەناوی تێلی کردیانە (موختار) براگەورەی خۆیان ،

تێلی و چەند خێزانێکی تری زێباری لە گوندی بیرەکەپراو شانیکێ هینابوو گوندی ئۆمەڕسێنان، چەند تەغار زەوی کشتوکاڵیان لە گوندی کڕی بوو ، زێبارەکان بۆخۆیان شارەزابوون ودەسەڵاتیان لە حکومەتێ دەرۆیشت لەو سەردەمی فارس ئاغای زێباری لە دوو خول مەحمود ئاغا لە پێنج خولان مەندوب بوون لە (مجلس اعیانی ) بەغدا ، خانۆ سنوری گوندی

---

١٢٦ـ پێزانین لە سەر دۆستەك لە بەرێوەبەری قوتابخانە اماموەستا رەشید سعید وەرگیرایە

١٢٧ـ زانیارییەکانی دۆستەك لە خورشید ئەحمەد مەولود شێخانی دانیشتوانی دۆستەك وەرگیرایە

ئۆمەڕسێنانی بە ڕەژوو دیارکردبوو ،  کردیانە  زەوی مولکی بە ناوی خۆیان کرد  ،
سنووری گوند:  باکوڕیکێلە بی و سالەیی  ، باشووری گوندی عەلیشانەو یەکماڵە ، ڕۆژهەڵاتی گوندی یەکماڵە و شێخانۆك سورچی ،  ڕۆژئاوای گوندی گلێنە و سیگردك .
لەسەرژمێری  ساڵی١٩٥٧ژمارەی  دانیشتوانی(٤٥٤)کەس  بوون  ،  لەساڵێ  ٢٠١٣ژمارەی دانیشتوانی ١٤٣٣کەس بوون ، لە ساڵی ٢٠١٨(٢٠٠)ماڵ دەبن و ٣٠٠ سەر خێزان تێدادەژین ژمارەی  گشتی  دەکاتە٢٧٥٤کەس.  ڕووبەری  گوند٤٠٦٨دۆنم  زەوی  کشتوکاڵی  هەیە  ، دەکاتە(٩٠٠)تەغار ،  **شوێنەواری گوند:** خرابە کەنگر و ئەشکەفتیان ،
ساڵی١٩٧١قۆتابخانە لە گوندی کرایتەوە ، بنکەی ساغلەمی ساڵی ١٩٧٥هاتە گوندی [١٢٨]

**١٠ـ یەکماڵە** : حاجی سلیم کوڕی محەمەد ئاغا بەتنێ گوندی یەکماڵەی ئاوەدان کرد  ، لەبەر هەندێ ناوی لێنرا یەکماڵە واتە حاجی سلیم باپیرە گەورەی گوندی یەکماڵەیە  ، لەتیرەی گێژن عەشیرەتی گۆران،  لەبەرێ بیری ئاوخواردنەوە لە ناو گوندی هەبوو، لەساڵی ١٩٦٠شەڕێك لە نێوان هەردوو عەشیرەتی گۆران و هەرکی لە گوندی یەکماڵە ڕوویدابوو  خوێندنی تەوزیمی ساڵی ١٩٧٨ لە عیراق دەستپێکرد لەو ساڵی قوتابخانە لە گوندی دامەزرا  ، ئێستا ژمارەی خانووی گوند٦٥ماڵ پێکهاتیە و  ٦٥٠ کەس دەبێت .

**١١ـ کانی ئەسپان کچکە** : شوێنەواری گوند زۆرکۆنە ،دووبارە ساڵی ١٩٧٠هاتە ئاوەدانکردن ، زۆرکانیاو لە گوندی هەنە  ، کانیەك تایبەت بووە بۆ هەسپ ئاودانێ  ، لەبەر هەندێ بوویتە کانی هەسپان ،  ژمارەی دانیشتوانی ساڵی ٢٠١٣ دەگەیشتە ١٤٠ کەس ،  ڕووبەری زەوی گوند٤٠٥٨ دۆنم دەبێت .گوند ( ١٢٠)تەغار زەوی  کشتوکاڵی هەیە ، بە پێی ئاماری ساڵی ١٩٥خەڵکی گوندی ١١٨ کەس بوون ، دانیشتوانی گوند هەموویان گۆرانن زۆربەیان لە بەرەبابی خدرین ، ساڵی  ٢٠٠٠ ز قوتابخانە هاتە گوندی  .

**١٢ـ دولیجان مەزن** : ناوی گوندلە دووبڕگە پێکهاتیە : دۆل +جان  ،  دۆلێك بە ڕۆخ گوندی تێدەپەرێت ، بەواتای دۆلی جوان دێت ، بوویتە (دولێجان). شێخ زەید زێباری لە چاوپێکەوتنێك گوتی : شەڕی گۆگامیلا لە دەشتی ناوکوڕ ٣٣١ساڵ پێش زاین لە نێوان داریوشی سێیەم و (ئەلیکسەندەر) ی یۆنانی ڕوویدابوو .دولێجان ناوێکی ئەخمینی کونە ،  گوایە هەردوو سەرۆکی شەڕ هاتبوونە سەر گردی دولێجان.

**شوێنەواری گوند:** گردی گوندی ، گردیموغبەرەی ، گردی عەباڕەش و گردی عەمبارێ  ، لە کۆنەوە سکرێك لە گوندی هەبوو دوو جۆکە ئاو لەبەری دەرۆیشت بە ناوی جۆگەی مەزن و

---

١٢٨– لە زاری چەند تەمەندارێکی گوندی ئۆمەرسێنان وەرگیرایە

جۆگەی بچویك شینایی لەبەردەكراو بۆ خواردنەوە بكاردەهات ، دانیشتوانی گوند زۆربەی لە عەشیرەتی زێبارین لەو تیرەو بەرەبابانە( چارپۆتی ، زەمەنی ، شهێ ...)لە گەڵ چەند ماڵە گۆران بە برایانە تێدا دادەنیشن ،گوند پێكهاتیە لە ٢٦٠ ماڵ و ٤٠٠سەرخێزان و ٢٢٥٠كەس دەبێت ، ساڵانە براگەورەی گوند وەكو داب ونەریتێكی كۆن هەتا ئێستا بەردەوامی هەیە لە هەردوو جەژنی رەمەزان و جەژنی قوربان خواردن دروستدەكرێت (ترشكی بە كفتە)هەموو خەڵكی ئاواهی بەیانی لە كۆچك ئامادە دەبن جەژنە پیرۆزە لەگەڵ یەكدی دەكەن و پێكەوە لە دیوەخانێ برا گەورەی كفتەی دەخۆن . برا گەورەی گوند شێخ زید محەمەد فارس ئاغا كەسێكی رۆح سوك و بەرێزو خۆشەویستە لەبەر دلی هەموو كەس شیرینە ، هەر جاحێلێكی گوند پرۆسەی هاوسەرگیری پێكبهێنێت پارچە زەوی ٢٥٠ م٢دووجا بە خۆرایی بێ بەرامبەر لە زەوی مولكی خۆیان پێی دەبەخشێت .

١٣ **ـ زیلكە عبدالعزیز:** لە كۆنەوە ناوی گوند بەزیلكە عبدالعزیز ناودەبرێت لەبەر ئەوەی گوند كرابوو وەقفی عبدالعزیز عبدالقادری گەیلانی ، بەڵام ئێستا گوند بە زێلكەی حەتكۆ ناودەبرێت دەكاتە باپیری موختاری گوند (كەماڵ ئەحمەد حەتكۆ) . ناوی گوندلە دوو بڕگە پێكدێت (زێ + لق) لە گۆنەوە جۆگە ئاوێك بە نزیك گوند تێپەڕدەبوو ، لە شێخانۆك هەڵدەقولا بەرەو گوندی جوجەری گەورە دەرۆیشت ، ئاوی زۆربوو وەكو لقێكی زێ بوویتە (زێلكە) دانیشتوانی گوند هەموویان لە عەشیرەتی گۆرانن هوزی شێخ بزێنی و كاوانی بەرەبابەكان ئەوانەن (یاسین سۆرانی ، تەها گۆزێ ، ماڵی مێمێ ، بەرەی ئەنۆ و بەرەی ئۆمەڕ...) .

رووبەری زەوی كشتوكاڵی (٢٧٥٠) دۆنم زەوی پێكهاتیە ، دانیشتوانی ٧٢ماڵ دەبێت ، ٥٤٠ كەسن ، لە ساڵی ١٩٧٤خەڵكی گوند پشكداری شۆڕشی ئەیلویان كرد و ئاوارەی ئیران بوون یەكسەر هەركی دەستیان بەسەر گوندی زێلكە داگرت ساڵی ١٩٧٨یەكەم جار بوو قەتابخانە هاتە گوندی، دوای راپەڕینی بەهاری ١٩٩١هەركی رۆیشتن ئاوارەكان گەڕانەوە سەر زێدی بابوباپیرانیان سەر لە نوێ ساڵی ١٩٩٣ دووبارە قوتابخانە كرایەوە .

**شوێنەوارێك گوند:** ٤ چار ئاشی ئاو لە گوندی هەبوو (ئاشی سمایل ئاغا ) و(ئاشی رەشیدە كۆر)تاكو ئێستا شوێنەواریان دیارن ، بژێوی خەڵكی گوند لە سە كاری كشتوكاڵی و بەخێوكردنی مەڕومالاتە جاحیلەكان پێشمەرگەنە لە لەشكری كوردستان ، شوێنەوارەكانی گوند شوێنی كەونە ئاشێك لەناوگوند هەیە، بەردەجۆنی دەكەوێتە رۆژهەڵاتی گوندبە دووری ٢كم . [١٢٩]

---

١٢٩ــ پێزانینی زێلكە لە ماموەستا ئەمیر تاها رێڤەبەری قوتابخانەی زێلكەی حەتكۆ وەرگیرایە

**١٤ـ گوندی هەزار جۆت :ـ** گوندی هەزار جۆت دەکەوێتە لای راستی سەر ئاوی خازر لەنێوان پردی حەسەنی و کۆمەلگەی خەلیلکان گوندی هەزار جۆت سەر بەناحیەی رۆڤیایە لە قەزای بەردەڕەش ، گۆرانن لە تیرەی خێل(جافن) دەڵێن : کەریم خانی کوڕی محمود بەگی خەلیفەی برادۆستی بە رەچەلەك خەڵکی گوندی هەزار جۆتیە ماوەیەك لێرە ژیانە ، لەبەرەبابی ماڵێ خانی لەب زێرینە. پاشان چوویتنە ناوچەی برادۆست لە ناحیەی سەیدەکان ،

خانی لەپ زێرین بەئەسل خەلکی گوندی هەزارجۆتیە لەدەشتی ناوکوڕ سەربەقەزای بەردەڕەش لە دەڤەری گۆرانەتی ، خانۆی لەپ زێرین لە گوندی هەزارجۆتی لە دایك بووە تاکو خۆی ناسیە لەوێ ژیایە ، لە گوندی زەوی مولکی کشتوکاڵی زێرکرپیان هەبووە ، خانۆی لەپ زێرین گوندی هەزارجۆتی بەجێدەهێلێت چوویتە رۆژهەڵاتی کوردستان. قەلای دمدمی ئاوەدانکردیە شۆڕشێکی بەرپاکردبوو لەرۆژهەڵاتی کوردستانی، کوردستانی ئیران ، خانێ لەب زێرین یان ئەمیرخانی موکریانی لە گوندی هەزار چۆتی دەڤەری گۆرانەتی لەدایك بووە ، خەرج و خەراجی نەدابوو عوسمانلیان ، ناچاربوو لە گوندی باربکات چووبوو دەڤەری برادۆست لەوێندەرێ لەگەڵ میرانی سۆران نەگونجا لە (شەڕێکی لە گەل میرانی سۆران دەستێکی پەڕیبوو) ، بەرەوئێران بەڕێکەوتییە ، لەبەر زیرەکی وجوامێری خۆی لە شاهی ئێران نزیك دەبێتەوە ، شاهی پارچە زەوی لە ورمێ(رەزائیە)پێی دەبەخشی قەلای دمدم ئاوەدان دەکات ، لەدەسپێکی بەیتی قەلای دمدم گۆرانییەك هەیە لە دەڤەری گۆرانەتی لە دروونەی بەکرەیی دەگۆترێت:

خانەك رابوو هەزار جۆتی          ماڵ ومولکێ خـــۆ فرۆتی
خانێ رابوو بە بێ دەنگی          خۆ یو شان و تفەنگی
حانێ مە خانێ کوردانە          بە ئەسلێ خۆ ئەو گۆرانە
چوو بوو وولاتێ ئیرانە          تا گەیشتە شاهی ئیرانە
بە خۆ و بە کورێ خۆ وە          دانیشتبوون لە دیوەخانە .[١٣٠]

بەیتی داستانی قەلای دمدم زۆر درێژە **لێرە ناکرێ هەمووی بێتە نووسین لە کتێبی (پێنج داستانی کوردەوای) لە نووسینی بەندە ، بە درێژی باسی شۆرشی داستانی قەلای دمدم کرایە .**

گوندی هەزارجۆتی هەزار لات جۆتی هەبووە ، گوند ٢٠٠تەغار زەوی هەیە ٤٠ تەغار زەوی بەراوە ، دووجۆگە ئاوی هەیە (جۆگەی میری ، جۆگەی کرمانجی) سەرچاوەی ئاوەکە لە سەر ئاوی رووباری خازری سکرێك دروستکرابوو ئاوەکەی بۆ هەڤاری دەهات زەوی گوندی بەراو دەکرد ، لە بەرێ بە گاو وولاغی جۆت دەکرا ، رۆژێ یەك لاتیان دەکێلا واتە ئەگەر رۆژی ١٠ جۆتیار لە گوندی بۆ جۆتکردن دەربچیت بە ١٠٠رۆژان کێلانی زەوی تەواو دەبیت .

---

١٣٠ ـ یاسین حسن گۆران لەکتێبی پێنج داستانی کوردەواری باسی خانۆی لەپزێرین و قەلای دمدم باسکرایە

یان ئەگەر رۆژانە ١٠٠ جۆتیار لەگوندی دەربچێت بە ١٠ رۆژان کێلانی زەوی گوندی تەواو دەبوو ، راکیشانی ئاو بۆ هەڤاری لە سەردەمی میر خانۆی دروستکرابوو ، لە سالی چلەکان گوندی هەزارجۆتی پێکهاتبوو لە ٢٦ مالی بوسولمان هەمووی لە هۆزی گۆران بوون ٨ هەشت مالَ فەلە بوون ، برا گەورەیان هورمز بوو ١٣ مالَ جوولەکە لە گوندی هەبوو برا گەورەیان ئیسحاق بوو ، هەموویان پێکەوە بە تەبایی وبرایانە دەژیان ،

عەلی عەولا زەینەب لە گوندی هەزار جۆت بوو دەسەلاتی بە سەر گوندەکانی دەوروبەری خۆی هەبوو بە گوندی عەلی عەولا زەینەبێ ناودەبرا ، سالی ١٣٢٢ ك لەبانە میرانی بناری چیای مقلوب بە حیلە گوژرایە ، عەلی عەولا زەینەب ٣سێ ئاشی هەبوو لە گوندی هەزار جۆتی ئاشەوانەکە ناوی مەزۆ بوو ، لە دەسپێکی شۆڕشی ئەیلوول گوند چۆلکرا خەلەکەکەی دەربەدەر بوون ، وەلە سالی ١٩٧٤ تالانکراو سووتا، سالی ١٩٧٥ هەندێ مالە زێباری هاتنە گوندی ، لە کۆنەوە مەسیحی لەگوندی هەبوو، حکومەتی هەریم ٥٠ خانووی بۆ فەلەکان لە پەڕێ گوندی بۆ دروستکرد ، ئێستا ٤ چار گۆرستانی جودا هەیە بە ناوی ( موسولمان ، مهاجر ، فەللە و جوولەکە) لەگوندی هەیە . ئێستا دانیشتوانی گوندی ٢٥٠ سەرۆك خێزان پێکهاتیە ، سەرجەمی دانیشتوانی ١٥٠٠ کەس دەبێت . [١٣١]

**١٥ـ قەرەناز:** کوندی قەرەناز دەکەوێتە سەر رێگای‌ئاکرێ بەردەرەش سەر بە ناحیەی رۆڤیایە ٥کم لە باکووری بەردەرەش دوورە ، باکوری قەرەناز گوندی دۆستەکە ، باشوری گوندی مەموزینە ، رۆژهەلاتی‌کوند خرابە یاسین ، رۆژئاوای گوندی نەزراوایا .

ناوی گوند لە دوو برکە پێکهاتیە (قەرە +ناز)قەرە لە زمانی تورکی بە رەنگی رەش دێت یان بە دووا ئاوی برنج دەلێن قەرەی برنج ، ناز ناوی ئافرەتێکە بوویتە(قەرەناز) ، یان دەلێن لەسەردەمی عوسمانلیەکان گەورەیەك هەبوو لەگوندی کچێکی هەبوو بە ناوی ناز ، گوند زۆر بەزلکاو بوو زلکاۆ لە زمانی تورکی بە (قرە)دێت ناوی گوند بوویتە (قەرەناز) ، یان دەلێن : ئافرەتێك بەناوی (ناز) لە سەردەمانێك سەرپەرشتی کاری کشتوکالی کردووە لە ناو زلکاوەکانی گوندی قەرەنازی بۆیە ناوی لێنرایە (قەرە ناز) ، لە کۆتایی سەردەمی عوسمانیەکان گوند تەختکرا ، تەنها قەبرستانێك تێدامابوو ، لەسالی ١٩٤٧گوند سەر لەنوێ لەسەردەستی‌حاجی کەریم یونس غەزال و جەند پیاو ماقولی دیکە بە قورِوکاریتەگوندیان ئاوەدانکردەوە ، لە سالی ١٩٧٤گوند لەلایەن رژێمی بەعس هاتە سووتاندن ، جاریکیتر خەلکی گوندی قەرناز لەسالی ١٩٩١سەر لە نوێ گوند ئاوەدانکرایەوە .

حجی کریم ناسراوبە کویخا کریم سالانێکی زورموختاری کوندبوو ، سالی ١٩٧٥ قوتابخانە

١٣١ـ لەزاری مام حجی زکری رەمەزان دانیشتووی گوندی هەزار جۆت لە دایك بووی ١٩٣٣ وەرگیرایە .

هاته گوندی ماوەیەك خوێندن ڕاگیرا سەر لەنوێ ساڵی ١٩٩٥ قوتابخانە هاتەوە گوندی ، ٨هەشت بیری ئیرتوازی له هەڤاری گوند لێدرایە بۆ کاری گشتوکالی بەکار دێت ، دانیشتوانی گوند هەمووی هۆزی گۆرانن له تیرەو بەرەبابانه پێکهاتیه ئەوانەن ( گێژ ، بۆت ، شاسواری، مووسەیی، و بەرزنجی )چەندین کێلگەی پەلەوەری هەیە، ژمارەی دانیشتوانیگوندساڵی ٢٠١٣ (٣١٣)کەس بوون ، رووبەری گوند ١١٥٣ دۆنم زەوی کشتوکاڵی هەیە . [١٣٢]

**١٦ـ کانی ئەسپان گەورە :** گوندی کانی هەسپانی گەورە یەکێکە لە گوندە بەناوبانگەکانی دەشتی ناوکوڕ ، له کۆنەوەخەڵکی گوندی هەسپ و ماینی زۆریان بەخێوکردیە ، کانیەك لە گوندی هەبیە تایبەت بۆ هەسپ ئاودانێ بووە ، ناوی بوویتە کانی هەسپان ، سنووری گوند: باکووری گوندی پیرچاوشە ، باشووری گوندی ئامیانە ، رۆژهەڵاتە گوندە نەزراوا خرابە واژە ، رۆژئاوای گوندی ئیسماوایە . گوند پێکهاتیە لەو هۆزو بەرەبانە: (گۆران ، زراری ، خدری ، وەستای ئاسن کوت ) زێباری بە مەلایەتی هاتینە گوندی ، گوند (٢٥٥) خێزان دەبن ، ژمارەی دانیشتوانی زیاتر له١٣٦٥ کەسن ، شوێتەواری ٥پێنج ئاشی ئاوێ کەون لە گوندی دیارە[١٣٣]

**١٧ـ دولیجان صالح :**سەربە ناحیەی رۆڤیایە ، دەکەوێتە بەرامبەر دولێجانی گەورە بەلای رۆژهەڵاتی، دانیشتوانیبۆ ساڵی ٢٠٠٩ ژمارەیان ١٧نێر ١٩مێ ژمارەی گشتی دەکاتە ٣٦کەس ، رووبەری گوند٤٥٠٠دۆنم زەوی کشتوکاڵی هەیە .

**١٨ـ گرکەجو:** گوندی گرکەجوو سەر بەناحیەی رۆڤیایە له قەزای بەردەڕەش، دەکەوێتە بەرامبەر ناحیەی کەڵەکچی ، له سەر ڕووباری خازرە ، باکوری گوند بامەرزێ یە، باشوری گوندی گرێگایە ، رۆژهەڵاتی گوندی دولێجان ، رۆژئاوای کۆمەلگای کەڵەکچیە .ناوی گوند دەڵێن پێیان دەگۆت (گردەجۆ )واتە بەناوبانگە بە چاندنی جۆ ، هەروەها گردە جو ودێت سەردەمانێك جوولەکە لەو گوندە ژیاوون ، کرکەجووی کۆن سوتابوو ١کم دەکەوێتە باکوری گوند ، له شوێنی ئێستا ماڵی (حەسەن ئەیوب)ی یەکەم ماڵبات بوونە گوندیان ئاوەدان کرد ، گوند لەو تیرەو بەرەبابانە پێکهاتیە (ماڵی سۆفی ئەحمەد ، ماڵی سەعید بۆتی ، رەشید بۆتی ، سلێمان محەمەد ، ماڵی قەرەنییان )لەگەڵ هەندێ ماڵە کۆچەر . بە پێی سەرژمێری ساڵی ١٩٥٧ خەڵکێ گوندی ١٢٥ کەس بوون ، له ساڵی ٢٠١٣ ژمارەی دانیشتوانی ٤٩٣کەسن ، رووبەری ٢٠٢٢دونم زەوی کشتوکاڵی هەیە ، ئێستا نزیکەی ٨٠ماڵن .

---

١٣٢ـ یاسین حسن کتێبی گۆران سەرچاوەی پێشوو.......... ل١٣٢

١٣٣ـ زانیاری له بەرێوەبەری قوتابخانە وەرگیرایە .

**شوێنەواری  گوند:** دوو پەیکەری شێر لە بەرد هاتبوو تراشین  لە نێوان گوندی گرکەجوو و کۆمەلگای کەڵەکچی لە سەر هەڤاری گرگەجوو دۆزرایەوە ئێستا  پەیکەرەکە لە مۆزەخانەی دهۆك پارێزراوە  ،  دوو خرابە  لە گوندی هەنە بە ناوی خرابەی سوارو خرابەی قەبرستان  ، لە ساڵی ١٩٧٨ قوتابخانە هاتە گوندی ، بەرێ مندالانی گوند دوچوونە قوتابخانەی دولێجان مەزن  ،  ژیانا  خەڵکی لەسەر کشتوکاڵ و بە خێوکردنی تەرش وتەوالا دەژین [١٣٤]

**١٩ـ نەزراوە :**  گوندی نەزراوا سەر بە ناحیەی رۆڤیایە لە قەرای بەردەڕەش ،  چەند تەمەندارێکی گوند دەڵێن   بیرێکی ئاو لەگوندی هەبوو نزە ئاوێکی کەمی لەبەر دەرۆیشت  ، لەبەر هەندێ ناوی لێنرا نەزراوا  ،  یان دەڵێن کەسێك شوێنی گوندی نەزر کردبوو  ببێتە گوند ( نەزر +ئاوا ) ناوی بوو  نەزراوا ، یان نەزیر ئاوای کردیە بوویتە (نەزراوە). [١٣٥]

بە پێی سەرژمێری ساڵی ١٩٥٧ دانیشتوانی گوند ٩٣ کەس بوونە ، لە ساڵی ٢٠١٣ ژمارەیان ٤٠٩ کەس بوون رووبەری گوند ٣٦٨٨ دونم زەوی کشتوکاڵ هەیە  ،  گوند هەمووی گۆرانن لە تیرەو بەرەبابی (گێژو مووسەیی و رەشگەری و قۆپی ) تێدا دادەنیشن پێکهاتینە لە ٩٢ خێزان کۆی گشتی دەکاتو (٥٠٨)کەس .

**٢٠ـ دولیجان کەتو :** گوندی دولێجان سەربە ناحیەی رۆڤیایە  لە قەزای  بەردەڕەش  بە (محەمەد) یان دەگۆت کەتۆ واتە کەت بوو بە تنێ بوو ، ناوی نراماڵێ کەتۆی دووبرابوونە کەتۆ ئەحمەد و خالد ئەحمەد لە گەڵ خوشکێکیان هەبوو بە ناوی (سوەیلە) ، ساڵی ١٩٥٨ محەمەدی باوکی مرد سوەیلە خان جێگای گرتەوە ئەو خانمە لە دەڤەری گۆرانەتی ناوی دەرکردبوو لە زیرەکی و ئازایەتی خانەدان و چاپوك بوو ، کاروباری گوندی بەرێوە دەبرد ، چارەسەری کێشەکانی دەکرد ، خەڵکی رێزیان لێی دەگرت ،  مێردی نەکردبوو ، لە ساڵی ١٩٩٩ قوتابخانەی سەرەتایی هاتە گوندی ، ژمارەی دانیشتوانی گوند ٢٥ خێزان لە گوندی دادەنیشن هەموویان لە بەرەبابی کەتۆنە ١٥٠ کەس دەبن،  لە عەشیرەتی شاکن لە تیرەی عەڤدۆیی بە خوین دەگەنە ماڵی سمکۆی شکاك، لە دوای شکستی شۆڕشیان لە رۆژهەڵاتی کوردستان هاتوونەتە دەڤەری گۆرانەتی. کشتوکاڵی گوند جۆگە ئاوێك لە دولێجانی تارق دەهاتە گوندی ٧ هەفت تەغار زەوی بەراودەکرد کرابوو ڕەزوباغ ،  ساڵانە ١٣ تەغار برنج لەبەر دەکرا [١٣٦]

**٢١ـ کەندالەسور:**  گوندی کەندالە سۆر مێژووی دروستبوونی بۆساڵی ١٩٦٨ دەگەررێتەوە ، کەندالێك هەیە لەگوندی ئاخەکەی وەنگی ڕەنگی سۆرە  ، لەبەر هەندێ ناوی لێنرایە کەندالە

---

١٣٤ــ ئەنیسکلۆپیدیای پارێزگای دهۆك بەرگی نۆیەم

١٣٥ــ سعید بارانی ئینسکلۆپیدیای پارێزگای دهۆك بەرگی نەهێ ل٣٧

١٣٦ــ پێزانین لە موختاری گوندی دولێجان کەتۆ وەرگیرایە

سۆر ، ساڵی ٢٠١٣ ژمارەی دانیشتوانی ٢٦٤ کەس بوو ، رووبەری گوند ٤٥٥ دۆنم زەوی کشتوکاڵی هەیە ، ژیانی خەڵکی گوند لەسەر چاندنی کەنم و جۆو نۆك و پەتاتەو برنج ...لەگەڵ بەخێو کردنی چێلو پەلەوەر .[١٣٧]

**٢٢ـ شێخانوك سورچی:** گوندی شێخانۆك گوندێکی کەڤناره ، سەربە ناحیەی رۆڤیا یە ، سنوری گوند باکوری گوندی زێلکەی فەخریە ، باشووری گوندی زێلکەی حەتکۆیە ، رۆژهەڵاتی گوند بەردەسۆره ، رۆژئاوای گوندی کێلەسپیە ، پێکهاتەی گوند هۆزی شێخبزێنی وعەشیرەتی سورچی بەرەبابەکانی (چاربۆتی ، تومەحەلله ، مام ساڵ و سەرمردی)تێدا دەژین ، لە ئاماری ساڵی ٢٠١٣ ژمارەیان ٣٤٥ کەس دەبوون رووبەری گوند ٢٩١٠ دونم زەوی هەیە، ئێستا ١٠٠ ماڵدەبیت و ١٤٠ سەرخێزانی هەیە، شوێنەواری گوند(سەنگەسارو هەوار گەڵوك) قوتابخانە ساڵی ١٩٧١ هاتە گوندی ، ژیانی خەڵکی لە سەرکشتوکاڵ و بەخێوکردنی مەڕومالّتە.

**٢٣ـدولیجان تارق :**

**٢٤ـ خەمیس کچك :** ناوی گوند لە دوو برگە پێکهاتیە (خمس+ کچك) خمس ئامێری پیوانی دەغل ودان بوو وادیارە کچکە واتە بچووك بووە ناوی گوند بوویتە(خەمیس کچك) ، گوندی خەمیس کچك سەربەناحیەیرۆڤیایە ،مێژووی دروستکردنی گوند بۆ ساڵی ١٩٠٠ دەگەرێتەوە ، سنوری گوند باکوری گوندی گربەویل ، باشووری گوندی دولێجان ، رۆژهەڵاتی گوندی کەندالەسۆر، رۆژئاوای گوندی بامەرزێ. گوند هەمووی گۆرانن لە تیرەی (گێژ) ، بەپێی سەرژمێری ساڵی ١٩٥٧ ژمارەی خەڵکی(١٢٧)کەس بوون ، رووبەری ١٣٨٠ دۆنم زەوی کشتوکاڵی هەیە. ژیانی گوند لەسەرکاری کشتوکاڵی وچاندنی شینایە. ئاماری گوندلە ساڵی ٢٠٠٩ ژمارەیان ١٢ خانی و ١٢ سەرخێزان دانیشتوانی ٤٨ نێر ٤٢ مێ کۆی گشتی ٩٠ کەسن . لە ساڵی ٢٠٠١ قوتابخانە لە گوندی کرایتەوە .

**٢٥ـ بەردە سۆر :** گوندی بەردەسۆر دەکەوێتە باکوری رۆژهەڵاتی قەزای بەردەڕەش سەربە ناحیەی رۆڤیایە ، ناوی گوند لەوە هاتیە زۆر بەردی سۆری تێداهەیە ، یان دەڵێن شوێنی گوند چەقە رۆژە بە هاوینان بەردەکان زۆرگەرم دەبن ڕەنگی سۆر هەڵدەگەرێت ، لە ساڵی ١٩١٨ زۆربەی گوند لە تان و کۆخو کۆتان بوو ، ژیانیان لە سەر بەخێوکردنی مەڕومالّت بوو بەرە بەرە دەستیانکرد بە دروستکردنی خانی، ساڵی ١٩١٩ لەشکری ئەنگلیزی لە سەر پردی کشتاوێ بوو ویستان لە ئاوی زێی بادینان بۆ سۆران بپەرنەوە ، سورچی لە راست گوندی بەردەسۆری بەرۆکی لەشکری ئینگلیزیان گرتبوو شەڕروویدا لەو شەڕی (محەمەد شێخ مەل) شەهیدکرا

١٣٧ـ سعید بارانی ئینسکلۆپیدیای پارێزگای دهۆك بەرگی نۆیەم ل٣٥

**شوێنەواری گوند**: (قامیشۆك، سەری سەرتەمێ، گۆچكەژان، هەوار) ، ئێستا ساڵی ۲۰۲۰ ژمارەیان۱٦۰ ماڵ۲۳۰سەرخێزان (۱۲٥۰) كەسن ، هەمووی سورچین زۆربەیان تیرەی پیربال ، سەرمردی ، مام ساڵ ، تۆمەحەل پیربال، شەش بەرەبابن( حەدۆ سەردار ، حسن شەمزین ، ماڵخۆ ، كەژ ، مام دێوانە و مەلۆك) تێدا دەژین ، چاركانی له گوندی هەیە : قامیشۆك ، كوردە مەدیم ، قەلەغان ، هەوێزگڕاو ) ، ساڵی ۱۹۷٥ هاتە تالآنكردن ، گوند دەكەوێتە سەر ڕێگای سەرەكی چەمە رۆڤیا ، سنووری رۆژهەڵاتی گوندی چەمە لەگەڵ یەك دراوسێنە ، بەپێی ئاماری ساڵی ۱۹٥۷ ژمارەی گوند ۲۸كەس بوون ، له ئاماری ساڵی ۲۰۱۳دانیشتوانی ٥۸۰كەس بوون و رووبەری گوند ۱٦۹۸دۆنم زەوی كشتوكاڵی یە ، هەموویان عەشیرەتی سورچینە له شەش تیرەو بەرەباب له ساڵی ۱۹۷۹قوتابخانە هاتە گوندی .[١٣٨]

**۲٦ـ بەردە زیو**: گوند زۆر بەردی تێداهەیە لە ڕەنگی زیوییە لەبەر هەندێ ناوی بوویتە (بەردە زیو) گوندی بەردەزیو دەكەوێتە سەر جادەیسەرەكە چەمە بۆ رۆڤیا سنووری رۆژهەڵاتی گوند بەردەسۆرە ، رۆژئاوای گوندی پەلاسانە ، دانیشتوانی هەمووسورچینە له تیرەی ( تۆمەحەل) ن ، مێژووی ئاوەدانكردنەوەی گوندبۆساڵی ۱۹۷۲دەگەرێتەوە ، كاری سەرەكیان ئاژەڵدارییە مەڕو وماڵت بە خێودەكەن، لە گەڵ كاری كشتوكاڵی ، لە۱۰ ماڵ پێكهاتیە ، ئاماری ساڵی ۲۰۱۳ ژمارەیان (۱٦)خێزانن ، ۹۳ كەس بوون ، رووبەری گوند ۱۰٤٥دۆنم زەوی هەیە ، تەنها (۹۰۰)دۆنم زەوی بەكێل كاری كشتوكاڵی دێت ، ساڵی ۲۰۰۲ قوتابخانە هاتە گوندی

**۲۷ـ جەنگە** : شوێنێك زەل وزیوال و ڕووەكی حەسیری هەبێت پێی دەگۆترێت (جەنگە یان جەگان )ناوی گەند بوویتە (جەنگە)، گوندی جەنكە سەر بەناحیەی رۆڤیایە ، لە ساڵانی نۆهەتەكان ئاوەدانكرا ، له ئاماری ساڵی ۲۰۰۹ ناحیەی رۆڤیا ئەنجامی دابوو ۸هەشت خانی لێهەبوو۱٥ خێزان بوون ژمارەیان ٦۱ كەس بوو ۱۹ نێر ٤۲مێ ، رووبەریگوند(۱۰۰۰)دۆنم زەوی كشتوكاڵی .

**۲۸ـ ئەللاهی**: سەر بە ناحیەی رۆڤیایە سنووری بە شارەوانی رۆڤیا وەیە بەلای رۆژهەڵاتی ، لە ئاماری ساڵی ۲۰۰۹ژمارەیان۱۹نێر و ۱۹مێ كۆی گشتی ۳۸كەسن ، رووبەری گوند(۲۳٥۰) دۆنم زەوی كشتوكاڵی هەیە .

**۲۹ـ توبزاوە گەورە**: گوندی تۆبزاوا ژووری پێدەگۆترێ سەربە ناحیا رۆڤیایە دەكەوێتە سەر ڕێگای سەرەكی چەمە رۆڤیا ساڵی ۱۹٦۰بە تۆبزی لە مولكداری موسل وەرگیرایە هاتیە

---

١٣٨ـ سوپاسی رێڤەبەرو مامۆستایانی قوتابخانەی بەردەسۆر دەكەم بۆ ئەو زانیاریانە.

ئاوەدانکردن لەبەر هەندێ ناویان لێنا تۆبزاوە بە خورتی هاتیە ساندن ، ئاماری گون دلە ساڵی ٢٠١٣ ژمارەیان ١٧٤کەس بوون رووبەری گوند ٤٣٥١دۆنم زەوی کشتوکاڵی هەیە ، خەڵکی گوند هەمووی عەشیرەتی سورچینە ئێستا گوند ١٥٠ماڵ دەبیت زیاتر لە ٧٠٠کەسن. ساڵی ٢٠٠٠ قوتابخانە هاتە گوندی ، بژێوی خەڵکی لەسەر چاندن و بەخێوکردنی مەڕومالّتە .

**٣٠ـ تۆبزاوە نوێ :** هەردوو گوندی تۆبزاوا بەرامبەری یەکەن جادەی چەمە بۆ رۆڤیا بە نێوانیان دەڕوات ، سەر بە ناحیەی رۆڤیایە ، ناوی گوند بە تۆبزی زەوی خۆیان لە مەلاکی موسلاوی وەرگرتیتەوە ، لەبەر هەندێ ناوی لێنراوە تۆبزاوا ، ساڵی١٩٩٢ دوای راپەڕین ئاوارەکان گەڕانەوە ئاوەدانیان کردەوە ، دانیشتوانی هەمووی گۆرانن لە تیرەی( شێخ بزێنی و چۆپان)ی تێدا دادەنیشن ، ژمارەیان ٣٢ سەرخێزان دەبیت ٤٥٠ کەسن ، رووبەری زەوی کشتوکاڵی (٤٠٠) تەغار دەبێت ، بژێوی خەڵکی گوند لەسەرچاندی دەغلودان وچاندنی شینای دەژین .

**٣١ـ پیربوب:** گوندی پیربوب سەربەناحیا رۆڤیایە ، ساڵی١٩٤٥هاتیە ئاواکردن ، ناوی گوند پیر واتە پیاوی‌پلەداری ئۆلی ئێزدی ، دیارە لەکۆنەوە گوندی ئێزدیان بووە ، ساڵی ١٨٣٢لەهێرشی میری سۆران دەرکران ، خەڵکی گوندی هۆزی گۆرانن لە تیرەی (گێژ) ١٠ماڵ دەبن١٥ سەرخێزانن بە هەمووی ٦٠کەسن ، رووبەری زەوی کشتوکاڵی بریتیە لە (٤٠٠)دۆنم ، دانیشتوانی خەریکی کاری کشتوکاڵین وبەخێوکردنی چێل و پەلەوەر .

**٣٢ـ پەلاسان :** گوندی پەلاسان سەر بە ناحیەی رۆڤیایە ، دەکەوێتە نێوان گوندی بەردەسۆر و تۆبزاوەی ژووری لەسەر جادەی سەرەکی نێوان چەمە ناحیەی رۆڤیایە ، ساڵی ١٩٥٧هاتیە ئاواکردن ، ناوی گوند لە دووبڕگە پێکهاتیە (پەلە +ساڵ) بویتە پەلاسان واتە باران بباریت زوو پەلە دەکەوێت ، ئاوی پەلە لە ووشەی دابارین بە رێژەیەکی بەچاو ساڵانە ببارێت کاردەکاتە سەر رواندنی گژوگیا و کشتوکاڵ دانیشتوانی گوند عەشیرەتی سورچینە لە تیرەی( تۆمەحەل و مام ساڵ) ن ، ل دویڤ سەرژمێریا ساڵی(١٩٥٧ ) ژمارەی گوندی ( ١٦١ )کەسن بوو ، لە ئاماری ساڵی ٢٠١٣ژمارەیان ٧٥١کەس بوون ، رووبەری گوند٤٤٠٢دونم زەوی هەیە ، لە ساڵی ٢٠١٧بوویتە ٢٧٠ماڵ و٢٨٠سەرخێزان ١٣٠٤ کەسن بوون ، ساڵی ١٩٩٧قوتابخانە لە گوندی کرایتەوە ، ساڵی ١٩٨١ تەزووی کەهرەبا کەیشتە گوند .[١٣٩]

**٣٣ـ سێگردك:** گوندی سیگردك سەر بە ناحیەی رۆڤیایە دەکەوێتە باکووری رۆژئاوای قەزای بەردەڕەش ، لەسەر رێگای سەرەکی‌رۆڤیا دهۆك ، سێ خرابە(گرد)ی‌دەستکردلەگوندی هەیە بەناوی گردی قەبرستان وگردی شێخ ئەحمەد و گردی سێیەم گوند لەسەرئاوەدانکرایە ، سێ

١٣٩ـ ماموەستا / سعید بارانی کۆمەلناس ،فەرمانبەر لە بەشی هۆنەری قەزای بەردەڕەش .

گردی هەیە لەبەرهەندێ ناوی گوند بوویتە سێ گرد(سیگردك) ، دانیشتوانی گوند هەمووی گۆرانن لە تیرەی گێژلە چار بەرەبابان پێك هاتینە ئەیوب و تەیب دووبرانە ، یاسین عبدالقادر ، خدرخودێدا ، دویڤ سەرژمێریا سالێ ١٩٥٧ ژمارا خەلکێ گوندی ١٣٥کەس بوون ، ساڵی ١٩٩٧ قوتابخانە لە گوندی کرایتەوە ، پرۆژی پەلەوەرو بانزینخانە لەگوندی هەنە ، ساڵی ٢٠١٣ ژمارەیان ٢٦٣کەس بوون رووبەری گوند٢٨٩٨دونم زەوی کشتوکاڵی هەیە ، لەگەڵ چەند بیرێکی ئیرتیوازی بۆ کشتوکاڵ ، مێژووی گوند بۆ سەردەمی پێش ئیسلام دەگەرێتەوە، چەندین پارەی کانزای سەردەمی عبدولەلیکی کورِی مەروان لە گوندی دۆزرایتەوە .

٣٤ـ **عەلیشانە :** گوند سەربە ناحیەی رۆڤیایە ٢کم دوورە لە ناحیە، لە ساڵی ١٩٧٥ ئاوەدانکرایە دەڵێن کابرایەك ناوی عەلی بووە شانەی گوندی بووە بەرهەمی جۆتیارانی بۆ مەلاکی کۆکردیتەوە ناوی بوویتە (عەلی شانە) ، گوندزێباری (چاربۆتی)ی گۆران(گێژ) تێدا ئاکنجینە . ژمارەی دانیشتوانی گوند نزیکی(٤٠) ماڵن و (٣٣٠)کەس دەبن ، رووبەری گوندی (٢٢٠٠)دۆنم زەوی هەیە ، ساڵی ١٩٩٤قوتابخانە لە گوندی کرایتەوە ، ساڵی ١٩٧٩کەهرەبا بۆ گوندی راکێشرایە

**٣٥ـ ئیسماوە:** گوندی ئیسماوا سەربەناحیەی رۆڤیایە لەقەزای بەردەرەش ، لەتەمەندارەکانم بیستووە لەسەردەمی خانزادی میری سۆران ، لەگەڵی ئیسماوا ئاوی راکێشابوو بۆ گوندی ئیسماوای ئێستا کونجی وبرنج وشینابیان لەبەر ئاوەکەدەکرد ، ئاشێکی ئاوێ لەگوندی هەبوو پێیان دەگۆت(ئاسیاو)باراشی گوندو گوندەکانی دەورووبەری لێدەکرد. گوندی ئیسماوە(٤٤)کم لە موسل دوورە ، (٨٥)کم لەهەولێرو(٦٥)کم لە دهۆك دوورە ، گوندی ئیسماوە بە ئیسماوا میرزا و ئیسماوە گێژ ، یان ئسماوا عیسا دەناسرێت ، سێ بەرەبابی سەرەکی گوندن. ناوی گوند دەڵێن میر عیسای ئامێدی لە گوندی مایتەوە(عیسا + ماوە)بوویتە ئیسماوە. یان کەسێك ناوی ئیسف بووە ئاوەدانی کردیە (ئیسف + ئاوا)بوویتە ئیسماوا .

**شوێنەواری گوند:** خرابەی وەلی ، باسکێ فاتمێ ، گردی حەسەنی و سێ چیا ، دوو شیو بە ناو گوندی دروات خرِ و خرتۆل لە زستانان ئاوی باران تێدا دەروات ، لەکۆنەوە شوێنی سێ چیا کەونە گوند بوو دەڵێن ماڵی مولود محەمەد قرتاس دەکاتە باپیری نوری عبدالرحمن مولود و ماڵی حاجی عبدالله خێلەکی لەو کەونە گوندەی ژیاون و چۆلیانکردیە ، سەرلەنوێ نزیکەی هەفت ماڵ گوندی ئیسماوای ئێستایان ئاوەدان کرد لە شوێنی کون ئاوەدان نەکرایتەوە ، لە گوندی٢٠٠دووسەد تەغارو زەوی مولك بەناوی موسلاوی( حسن بەگ عومەری)بوو ، جۆگەئاوێك لە کانی هەسپان دەهاتەگوندی ئیسماوا ٢٠بیست تەغار زەوی برنجی لەبەر دەکرا ، حکومەتی هەرێم جۆگەکەی بۆیان کۆنکریت کردبوو ، لەبەر لێدانی بیری ئیرتیوازی ئێستا

ئاوەکە ووشکی کردیە ، گوند ٢٢٠ دۆنم زەوی بەراوی هەبوو لە جۆگەی گوندی کانی هەسپان ئاوی بۆدەهات ، لەساڵی نۆهەتەکان سەردەمی قادرقاچاغ بەرپرسی لقی نۆ بوو لەئاکرێ ، خەلکی گوندی ناچار کرد مولکی موسلاوی بکڕنەوە ، خەڵکی گوند ماڵوحالی خۆیان فرۆشت هەرجۆتیارێك ١٨وەزنە زەوی مولکیان کڕیەوە ، نرخی یەگ دۆنم زەوی مولك بە ١٠٠$بوو ، سنووری گوندگوندی ئامیان دەکەوێتە باشوری ، گوندی دولێجان باکوری گوندە ، گرێگا دەکووێتە رۆژئاوای گوند. دانیشتوانی گوند هەمووی عەشیرەتی گۆرانن ( گێژ ، موسەیی ، رەشگەری ) تێدادەژین.لە ئاماری ساڵی ١٩٥٧ ژمارەی خەڵکی گوند (٢١٣) کەس بوون ، لە ساڵی٢٠٠٩(٤٥٠) ماڵبوون (٢١٥٠) کەس پێکهاتبوو ، رووبەری گوند(٥٦٦٠) دۆنم زەوی کشتوکاڵی هەیە ، مامۆستایانی ئاینی خزمەتی مزگەوتی گوندیان کردیە ئەوانەبوون: مەلا عارف لە ساڵی ١٩٦٥تا ١٩٨٩ ، مەلا عبداللە ، مەلا عبدالرحمان خەلیفە ، مەلا محەمەدئەمین ، مەلا عبدلەوجود ئێستا بەردەوامە لە خزمەت ، ساڵی ١٩٧٨ قوتابخانە هاتە گوندی .

٣٦ـ **خرابە سعدون:** گوندی خرابە سعدون دەکەوێتە نێوان گوندی هەزار جۆت کۆمەلگای خەلیلکان لە سەر ئاوی خازرە ، سەربەناحیەی رۆڤیایە ، ساڵی ١٩٧٥گوند لەسەر خرابەیەك ئاوەدانکرابوو ، ئەوخرابە بەناوی سعدون دەناسرێ ، دانیشتوانی گوندلە عەشیرەتی زێبارینە لە تیرەیا (بانی) ، گوندی خرابە سعدون هاتە دابڕان لە سەر حسێبی کەرتی کشتوکاڵی هەزارجۆتی کرایە گوندێکی سەربەخۆ لە ئەسلدا گۆران بوون تاکو دەگاتە گوندی گر گۆران ، لە ١٣٠سەرخێزان دەبن هەموویان (٦٠٠)کەسن ، ساڵی ١٩٨٥قوتابخانە هاتە گوندی .

٣٧ـ **خرابە یاسین :** گوندی خرابە یاسین دەکەوێتە نێوان گوندی قەرەنازو گربدەو ، کوند لەسەر خرابەیەك دروستکرایە وادیارە ئەو کەسەی ئاوەدانی لێکردیە ناوی یاسین بووە ، خرابە یاسین لە نەخشی کۆنی کارگێری ناحیەی بەردەڕەش کەرتێکی سەربەخۆیە لە کۆتایی ساڵانی هەفتاکان هەرکی ئاوەدانیان لێکرد ، لە راپەڕینی ١٩٩١ هەرکی لە گوندی رۆیشتن ، ئاوارەکانی گوندی زەنگەنان تێدا ئاکنجی بوون و بەپێی سەرژمێری گوند ساڵی ٢٠١٣ژمارەیان ١٧٥ کەس بوون ، رووبەری گوند٢٢٩٢دونم زەوی کستوکالی هەیە ، ژیاناخەڵکی کاری کشتوکاڵیە ، دانیشتوانی هەمووی گۆرانن ( شاسواری وباجەلان)ن ، ساڵی ٢٠٠٥قوتابخانە هاتە گوندی .

٣٨ـ **پیرچاوش:** ناوی پیرچاوش لەدوو برگە پێك هاتیە (پیر +چاوش)ووشەی پیر لەناو ئۆلی ئێزدیان بەپلەیەکی ئاینی دێت (پیرچاوش وپیرحەلان ، پیرئاشور ، پیربەنك ، پیربوب.....) چاوش بەواتای پیاوی چاودێرو پۆلیس دێت ، پێش هیرشی میر مەحمەدی سۆران لە ساڵی ١٨٣٢ ز دەشتی ناوکوڕکوردی ئێزدی لەگەڵ کوردی موسلمان پێکەوە ژیابوون .شوێنەواری گوندی پیرچاوش خرابەی ئاسنگەڕان ئاوەدان بووە بە تەمەنەکان دەڵێن لەوێندەرێ هاتبوون

پیرچاوشیان ئاوەدانکرد ، چیای مەند ، قەبرستانێکی کەونی گوندە ، پارەی ئاسن لە گوندی دۆزرابۆوە بۆ سەردەمی عبدالمليکی کوڕی مەڕوان دەگەڕێتەوە ، ساڵی ١٩٧٠ قوتابخانە لە گوندی کرایتەوە ، یەکەم جار ساڵی ١٩٧٥براگەورەی گوندی(حوسێن خلیل) تەلەفزیۆنی هینابوو گوندی بە پاتری ئیشی دەکرد ، لە ساڵی١٩٨٠ تەزووی کەهربا هاتە گوندی ، گوندی پیرچاوش گوندێکی ئاشتیخوازو بێ کێشەنە ، وەکوبرا پێکەوە دەژین ، هەموویان گۆرانن لەوتیرەو بەرەبابانە پێکدێن( خدری ، موسەیی ، خانەوادەی ماڵی شێخی ...) شێخ سەعیدی پیرچاوش ، باپیرەگەورەیان ناوی سەید مەولود بوو لەشۆڕشی شێخ عوبەیدواللەی نەهری ساڵی ١٨٨١ پشکداری شۆڕشی کردبوو ڕۆلێکی بەرچاوی هەبوو، دوای تێکچوونی شۆڕشی نەهرییەکان سەید مەولود هاتبوو دەڤەری گۆرانەتی لە گوندی پیرچاوش ئاکنجی ببوو ، بەردەوام بوون لە کاری خواپەرستی ، لەو گوندە تەکیەی شێخ محەمەد علی و کتێخانەیەکی کون تێدایە بۆباپیرەگەورەیان دەگەڕێتەوە ، بە پێی سەرژمێری ساڵی ١٩٥٧ ژمارەی دانیشتوانی گوند ٣٢٧ کەس بوون ، ساڵی ٢٠١٣ ژمارەی دانیشتوانی ٨٦٥کەس بوون رووبەری گوند٥٦٣٥دونم زەوییە دانیشتوانی خەریکی کاری کشتوکاڵ و شینایی و بەخێوکردنی ئاژەل و پەلەوەر ، هەیە فەرمانبەرن و کاری جۆراوجۆر دەکەن ، زیاتر لە ٢٠ بیری ئیرتوازی لە هەڤاری گوندی لێدرایە ، ئێستا ژمارەی ماڵەکانی گوند ٢٠٧ماڵن ١٠٧٠ کەسن .

**٣٩ـ چەمە:** گوندی چەمە لەدێر زەمانەوە شوێنی ئەم گوندە دارستانی سرووشتی واتە (چەم) بووەو تەژی ناو ئاژەڵی جۆراو جۆرو دڕندەبووە ، بۆیە ناوزەد کرا (چەمە ) ، بەدرێژایی (٣٥) کم لەسەنتەری قەزای بەردەڕەش دوورە ، ژمارەی دانیشتووانی لە(١٤٠٠) کەس تێدەپەڕێت و ژمارەی ماڵەکان زیاتر لە(٢٠٠) ماڵە ، شوێنێکی ستراتیجی هەیە ڕێگای هەولێر دهۆك بە پردی چەمە تێدەپەرێت لە تەواو بوون دایە .ئابوری ئەو گوندە کاری کشتوکاڵیە بگرە لەگەنمو جۆو نیسكو نۆكو پاقلا. . . هتد. هەروەها لەوەرزی هاوین وەك خەیار وتەماتەو بیبەرو گندۆرەو شفتی چەمەش بەناوبانگە. وخەڵکانێك مەڕو چێڵو بزنیش بەخودان دەکەن. سنووری گوند لای ڕۆژهەڵاتی زێی گەورە و لای باشوور گوندی خاروكو باکور ملە زورگی بەردەسۆر . ڕۆژئاوا ی بەردە سۆرو بارەوانو گوندی دارەتووە.

لەساڵی ١٩٧١ بۆ یەکەمین جار قوتابخانەی لێ هاتە کردنەوەو یەکەمین مامۆستاو بەرێوەبەر کوردی شەبەك بوو بە ناوی (عەزیز) ژمارەی قوتابیانی پۆلی یەکەم (٢٥ ) قوتابی بوو.
**مزگەوتوو شوێنە ئایینیەکان** : مزگەوتێکی گەورەی تێدا هەیەو بەرێز مەلا شاکر محەمەد ئەمین مەلای ئەم گوندەیەو ئەوەی جێی ئاماژەیە مەلای ناوبراو پتر لە (٣٥) ساڵی ڕەبەقە خزمەتی

ئەم گوندە دەکات وهەموو خەڵکی گوندی شانازی پێوە دەکەن چونکە زۆر هاریکارە بۆ چارەسەرکردنی هەمووکێشەو گیروگرفتێکی ئەم  گوندە.

**پێکهاتەی کۆمەلایەتی گوند:** گوندێکی گرنگی دەڤەری گۆرانەتیە لە کۆنەوە عەشیرەتی گۆران تێدا دادەنیشن ، بەر لە(٥٠) ساڵ پێش ئێستا بەهۆی کڕینی هندێك زەوی لەلایەن شێخەکانی سورچیان سورچی لێ نیشتە جێ بوون وبە برایانە ژیان بەسەر دەبەن و بەشداری لە هەموو خۆشیو نەخۆشی یەکدی دەکەن . لەدوو هۆزی (عەشیرەت) ی سەرەکی پێکدێت گۆرانو سورچی لێ نیشتە جێ بووینە بەرەماڵەکان : ئەوەی جێی ئاماژە پێ کردنە بەرە ماڵەی سەیدەکان لەگوندی بەرزنجەی سۆران هاتوونەتە گوندی چەمە کە باپیرە گەورەیان (سەید محەمەد) بووە و لەوکاتەی هاتوونەتە گوندی عەشیرەتی شێخ بزێنی لێرە بووینە .  ستراتیژیەتی ئەم گوندە وای لێکرد کەببێتە سەنگەری خەباتی کوردایەتیو پێشمەرگایەتی ، چونکە خاڵی گرێدانەوەی سۆران بەبادینانەوەیەو دوورە دەستی رژێمی گۆڕبەگۆڕی بەعسیەکان بووە بۆیە بگرە لەشەستەکانەوە تاراپەڕینی ساڵ ١٩٩١ پەیوەندی پێشمەرگە بەم گوندە نەبچڕاوە بەئاشکراو بەنهێنیو یەکەمین شەهیدی رێبازی کوردایەتی ئەم گوندە(وەسمان محەمەد حەسەن) بو کەڵەکاتی جێبەجێ کردنی ئەرکی پێشمەرگایەتی خۆی هاتە شەهید کردن کەسەر بەهێزی یاسین تاها ناسراو بەمام یاسین بوو. لەساڵی ١٩٧٤ ئەم گوندە کەوتە بەر شالاوی درندانەی رژێمی بەغدای پێشوو وتالان کراو بەفرۆکە بۆ ماوەی دوو رۆژ بوردوومان کراو جۆخینی خەڵکیش زۆر هاتە سوتان بۆ نموونە بەرهەمی  ساڵەکی تەواوی حاجی عەبدوڵلا محەمەد بەیەکجاری تەخت  سووتابوو کە ئەودەم مەزندە دەکرا بە (٥٠) تەغار گەنم و جۆو جاشەکانی ئەو سەردەم بەسەرپەرشتی (جەعفەر بێسڤکی) کەسەرپەرشتی سریەی (٣١) ی دەکرد گوندیان تالان کرد و زۆر خەڵکیان ئازارداو بارەگای خۆیان لە ماڵ حاجی عەبدوڵلا دانابوو دوای تالان کردنی هەموو ماڵەکەیو لەهەمان ساڵ بۆ جاری دووەم رژێم دیسان بۆ ماوەی یەك رۆژ ئەم گوندەی تۆب  باران کرد کەڵەگوندی دارەتوو دەیهاوێشت. هەڵوێستی کوردایەتی ئەم گوندە زۆر بەهێزەو بەردەوامیش خەڵکە بەپەرۆشەوە هەموو ئامادەباشو هاریکاری بۆ پێشمەرگە بەرهەمی هەموو کارو کاسبی خۆی بەپێشمەرگەی دەبەخشی.

**شوێنەوارەکانی گوندی چەمە:**  گردێك هەیە لە خوارووی گوند زنجیرە ئاسای گردەکانی تر کە هەن  لەم دەڤەرە لە سەردەمی ماد و میتانی و ئاشوورییەکان دروست کراوە و خەڵکی گوندی بەگردی حاجی ناودەبەن. زۆرجاریش شتی کۆن لێدۆزراوەتەوە.

**ناوی شوێنە دیارەکانی چەمە** : هاش هاش کەرە ، سورك ، قەلەمۆك ، سۆرەبان ، بن سەنگەرە ، ناوئاقار ، تەیرۆك ، دۆل حەبیب ، گوردەمان ، زەوی بەرەشك ، بنەوان ، بن گرد ، ئەسحابە ،

گۆمێ ، سەرقەلات ، کەرکەزێ جۆخین ، قوڕەبەگ ، باریکایی ، سێ کوچکە ، چەولك ، بانیێ قولارەشی.  بەسەرهاتو رووداوەکانی بەرچاوی ئەم گوندە :ــ

ـ سالی (١٩٠٠) زێیێ گەورە گەیشتە ناو گوندی.

ـ لە ١٩٦٩/٤/٢ زێی گەورە گەیشتە ناو گوندیو (٣٠) مالی تێکداو وای لێهات بەکەلەکی  مالْ گوێزرایەوە لەناو گوندی بۆ شوێنە بەرزەکان .

ـ سالی ١٩٧٥ لەسەرچۆپی داوەتێك هەردوو عەشیرەت سورچیو گۆران تێکبەربوون بەخوتران و بەردو دارو بەردەقان ،  ئەو شەڕە رۆژێکی خایاند.

ـ بەتێکڕایی دووسالْ یەکێك دەبێتە قوربانی خنکاندن لەزێی گەورە.

ـ لەسالی ١٩٨٢ بۆ یەکەمین  جار وزەی کارەبا گەیشتە گوندی.

ـ سالی ١٩٨٥ بۆ یەکەمین جار بیرێکی ئیرتیوازی بۆ ئاو خواردنەوە  لێدرا.

ـ لەشەستەکان یەکەمین رادبوو ویەکەمین تورمبێل گەیشتە چەمەی کەپێیان دەگۆت (ئەفنەس). لە سالی ١٩٨٠ بۆیەکەمین جار تەلەفزیۆن هاتەگوندی . [١٤٠]

**٤٠ـ خرابە واش:** دوو خرابە هەیە لە گوندی بەرامبەر یەکن ،  بەلکو هەرپێکەوەنە  ، گوند لەسەر خرابەی کچکەکە دروستکرایە بەرەواژە لە گەلْ خرابەی گەورە زیاتر روونکەینەوە هەموو خرابەکانی دەشتی ناکور رێگای سەرکەوتنیان لە لای باشووری سەردەکەوێت بەلام خرابەی  گوندی خرابە واژ لە لای باکووری رێگا بۆی سەردەکەوێت بۆیە ناوی   گوند لێنرا خرابە واژ واتە بەرەواژە . خرابە واژ سەر بە کەرتی  کشتوکالی ١٤ی (گوندی پیرچاوش) ە .

سالی ١٩٧٤هەندێ خێزانی گوندی پیرچاوش پشکداری شۆڕشی ئەیلوول بوون وچوونە ئیران . لە دوای ئاوارە بوونیان هەرکی هاتنە سەر هەقاری پیرچاوش گوندی خرابە  واژیان  ئاوەدانکرد ، سالی ١٩٨٧قوتابخانەیان هێنا گوندی ،  لە دوای راپەڕینی بەهاری سالی ١٩٩١ هەرکی گوندی خرابە واژیان چۆلکرد ،  ئاوارەکانی کۆمەلگاکانی زۆرە ملێ هاتنەوە ناو خانی هەرکیان لە گوندی خرابەواژ ،  ئێستا دووبەرەبابی سەرەکی تێدا ئاکنجی بوونە  ،  هەردووکیان گۆرانن ، مالی حاجی عبدالله مەلای سورچینە لە تیرەی مام سالْ ،  بەرەبابی دووەم مالی مەلا خدرو دکتۆر عارفی ئەوانە خدرینە ،  هەموویان خۆیان بە گۆران هەژمار دەکەن. دوو سەرچاوەی ئاویان هەبوو ، ئاوی کارێزێ سالانە ٣ تەغار عەرد لەبەر ئاوی کارێزی گوند دەکرا برنج ،  سالی ٢٠٠٦ کارێز ووشك بوو ،  ئاوی دووەم  کانی میر زێندین بوو .خرابەی گەورەی گوندلە ناو

---

١٤٠ـ عبدالقادرعبداللەسەرپەرشتیاری پەروەردەیی پسپۆری کاگێری زانیاری لە سەر گوندی چەمە  لە بەرێزی وەرگیراوە ،خوالێخۆشبوو لە دایك بووی گوندی چەمە بوو .

گوندە شوێنەوارێکی کۆنی مێژوویيە ، فەرمانگەی شوێنەواری ئاكرێ بە ڕێگای کونێك چوونە ناو خرابە ، دەڵێن دووتابووتی مەلیك و مەلیکەیەك تێدا بوو گوارەی گوێیان و چەند پارچە زێرێك دۆزرايەوە، تۆنێلەکە قەپاتكراو پاسەوانێك چاودێری دەكات نەکو بە دزی بێتە هەڵكۆلاندن ، ژمارەی دانیشتوانی گوند ٥٠ ماڵ دەبێت و ٤٥٠ کەسن .[١٤١]

٤١ ـ **دەربێستانی گەورە:** لە کوردەواریدا دەڵێن دەشت و دەر ، دەر واتە شوێن ناوی گوند بوويتە ( دەر + بيستان ) ، يان بە واتای دەرگای چوونە ناو بيستانديت ، لە کۆنەوە باغوبيستانی زۆر هەبووە ، گوندێکی کەونە مێژووی بۆ سەردەمی ئاشوری و ساسانی قۆناغەکانی ئيسلام دەگەرێتەوە ، ژيان تێدا بەردەوامە ، دەکەوێتە سەرجادەی سەرەکی رۆڤیا بۆ چەمە٧کم لە سەنتەری ناحيەی رۆڤيا دوورە ، بەستێکی گەورە بەناو گوند دەڕوات( بەستی شێخ بازيد )ی پێدەگۆترێ ، تا ساڵانی هەشتايەکان ئاوێکی زۆر تێدا دەرۆيشت هەموو دارو بار و بيستان بوو ، دەگێرنەوە خەڵکی گوند راوەماسيان لە گۆمەکانی ئاوی ئەو بەستە دەکرد، ڕەزو باخ وبيستانێکی زۆر لە بەر ئەو ئاوە دەکرا ، ئەو بەستە بە ئاوی شێخ بازيد دەناسرا واديارە پياو چاكێك بووە لەو گوندە ژياوە ، بەپێی ئاماری ساڵی ١٩٥٧دوو گوندبە ناوی دەربێستان هەبوو دەربێستانی گەورە ژمارەی دانیشتوانی٩٨کەس بوون ، لە ئاماری ساڵی ٢٠١٣گوند دەربێستانی گەورە دانیشتوانی ٥٦٠ کەس بوون، ساڵی ٢٠١٨پێکهاتبوو لە ١٧٨خێزان (٨٢٢)کەسبوون ، رووبەری گوند٣٣٥٤دۆنم زەوی كشتوكاڵيە. شوێنەواری گرنگی گوند: خرابە ناوگوندی کەلوپەلی شوێنەواری کۆن تێدا دۆزرايتەوە ، مەڕقەدی شێخ بازيد ، محەمەد سمێلان ، خرابەی محەمەد حەسەن(گۆرستان)ە ، ئاشێکی ئاو ، کانياو:کانی مێر ، کانی مەحمود ، کانی ساتۆر. مەلا صالح مەلايەکی دووازە عيلم بوو ساڵی ١٩٦٧ئێزگەيەکی لە گوندی دامەزراندبوو يە خۆی ووتاری سياسی و کۆمەلايەتی نەتەوەيی بەخشی دەکرد بەخشی دەگەيشتە گوندەکانی دەڤەری گۆرانەتی حكومەت پێحەسيا بە فرۆكە چاودێری کرد ئاشکرا بوو مەلاصالح دەستگيرکرا شێخ عەزيزی رۆڤيا ئازادی کرد. دانیشتوانی گوند لە هەردوو عەشيرەتی گۆران(شێخ بزێنی) و سورچی(تۆمەحەل) پێكهاتيە ، ساڵی ١٩٧٥قوتابخانە لە گوندی کرايتەوە .بژێوی گوند لەسەر کشتوکاڵ و بە خێوکردنی مەڕوماڵت و كاری جۆر بە جۆر دەكەن .

٤٢ ـ **دەربيستان كچكە:** دەکەوێتە باشووری دەربێستانی گەورە ڕێگای سەرەكی رۆڤیا بۆ گوندی جەمە ، سەر بە ناحيەی رۆڤيايە ، ساڵی١٩٥٠هاتيە ئاوەدانکردن ، **ناوی گوند** لە دوو بڕگە پێکهاتيە بە عەرەبی (درب +بيستان) واتە ڕێگای بيستان ، هەر هەمان بەستی شێخ بازيدبە

---

[١٤١] ـ پێزانين لە محەمەد تاهر رێڤەبەری قوتابخانە بە هاوكاری موختاری گوند بە سوپاسەوە وەرگيرايە.

رۆخ كوندی دەربێستانی بچووك تێدەپەرێت ، دانیشتوانی گوندی دەربێستان كچكه له (گۆران و سورچی و زێبار)پێكهاتیه، سالی١٩٥٧دەربێستان كچكه ٩٤كەس بوو، له سالی٢٠١٣ ژمارەیان٢٧٦ كەسبوون رووبەری گوند (٢٥٠)دونم زەوی كشتوكالی هەیه هەرسێ عەشیرەتی كۆران وزێباروسورچی له گوندی پێكەوه دەژین، دانیشتوانی(٣٤) ماڵه (٩٢)خیزانه (٤٠٨) كەسن شوێنەواری گوند ( خرابەی عەیشێ ، خرابەی گورگان و خرابەی چیا ماشان ) سالی ١٩٨١قوتابخانه له گوندی كرایەوه ، بژێوی خەڵكی لەسەر كشتوكاڵ و كاری جۆر به جۆر

**٤٣ـ گرێگا:** گوندی گرێگا دەكەوێته قەراغ ڕووباری خازر بەرامبەر كۆمەلگای كەڵەكچی .له (١١٢) ماڵ پێكدێت و(٦٥٦)كەس دەبن ، له عەشیرەتی گۆرانن ، سەربه ناحیەی رۆڤیایه، مێژووی بۆ پێش زایین دەگەڕێتەوه ، كاتێ ئەسكەندەری مەقدۆنی یۆنانی و دارا پاشای ئیمبراتۆرییەتی فارس لەسەر ڕووباری خازر شەڕی یەكترییان كرد بەشەڕی گۆگامیلا ناونرا ، لەو كاتی ناوی ئەو گونده خاوسان بوو . زۆر جار لەوەرزی زستان لافاو دەگەیشته گوند .

ناوی گرێگا شوێنی گوند لەسەر گردێكه ، گرێگا له دوو برگه پێك هاتووه (گرد + گا) ، له كۆنەوه گایان بەخێو دەكرد بۆ جۆتكردن زەوی كێلان ، گێرەیان به گا دەكرد چونكه خەڵكی گوند لەسەر ئەو گرده گایان بەخێو دەكرد به گرێگا ناونرا . له زەمانی كۆنەوه گرێگا دووره دەست بوو به تایبەتی له وەرزی زستان هاتوچۆیان له گەڵ دەوروبەری خۆیان دەبڕا ، كەسێك نەخۆش بكەوتبایه دەبوو چاوەڕێی روحمی خودای بكردبایه ، بەزمانی گۆرانی شێوەزاری گێژ دەدوێن ، سالی ٢٠٠٠قوتابخانه هاته گوندی .خەڵكەكه كاری كشتوكالی و ئاژەلداری دەكەن ، لەبەر ئاوی خازریش شینایی دەكەن وبرنج وفستقی ژێر زەوی دەچێنن وهەروەها مێشی هەنگ بەخێودەكەن. (١٤٢)

خشتەی تێكڕای رووبەری قەزای بەردەڕەش. (١٤٣)

| ز | ناوچه | رووبەر كم٢ | رووبەر بەدۆنم | گوندەكان | ڕێژەی ٪ |
|---|---|---|---|---|---|
| ١ | ناحیەی رۆڤیا | ٢٩٠ | ١٢٠٠٠٠ | ٤٦ | ٪٣٣ |
| ٢ | ناحیەی دارەتوو | ٢٥٦ | ١٠٥٠٠٠ | ٢٦ | ٪٢٩ |
| ٣ | ناحیەی كەڵەك | ٢١٣ | ٩٥٠٠٠ | ٢٩ | ٪٢٣ |
| ٤ | سەنتەری قەزا | ١٣٤ | ٧٩٢٠٠٠ | ٧ | ٪١٥ |
| ٥ | كۆی گشتی | ٨٩٣كم٢ | ٢٠٠، ٣٩٩ | ١٠٨ | ٪١٠٠ |

١٤٢ـ ئەمیر گۆران ،هەر جارەو گوندەك (گوندی گرێگا) ژماره ٨ ی گۆڤاری خازر

١٤٣ـ چاوپێكەوتن لەگەڵ بەرێوەبەرەكانی شارەوانی و كشتوكاڵی ناحیەكانی سەر به قەزای بەردەڕەش لەگەڵ هەندێ ئەندازیاری بەرێز له سنووری قەزا .

# باسی پێنجەم

## گوندەکانی دەڤەری گۆرانەتی لە دەرەوەی سنوری دەڤەرداریا بەردەڕەش :

ا ـ یەکەی کارگێڕی ناحیەی کەڵەکچی ـ سـەر بە قەزای شێخان.  (١١ گوند گۆران)

ب ـ یەکەی  کارگێڕی ناحیەی زێلکـــان ـ  سـەربە قەزای شێخان.(١٦ گوند گۆران)

ج ـ یەکەی کارگێڕی  ناحیەی باشیك ـ   سـەربەسەنتەری موسل.(٢٠ گوند گۆران)

دـ یەکەی   کارگێڕی ناحیەی قــەسرۆك  ـ سەربە قــەزای شێخان.(٥ گوند گۆران)

کـۆی گشتی گوندەکـــانی   دەڤەری گۆرانەتی  لـــە بادینان  دەکاتە (١٦٠)گوند.

### ا ـ پێناسەی ناحیـەی کەڵەکچی :

کەڵەکچی لە بنەرتدا گوندێکی کچکە بوو ،  شوێنێکی ستراتیژی هەیە  ،  دەکەوێتە  ناو دەشتی ناوکوڕ لە باکوری چیای مەقلوبە  ،  مێژووی بۆ سەردەمی ماد و میتانی و بابلی و ئاشوریان دەگەرێتەوە   ،   بۆ سەلماندن وەکو بەلگە پەیکەری شێرێك لە نزیك کەڵەکچی ساڵی(٢٠١٣) لە ناو ڕووباری خازر دۆزرابۆوە بەشێوەیەکی هونەری لەبەرد هاتبوو تراشین ، شێر هێمای دەسەڵات و زیرەکی دەنوێنێت ، پەیکەرەکە لە مۆزەخانەی دهۆك پارێزراوە ، هەروەها شوێنی دروستکردنی پەیکەری بەردین سازی بووە ، پەیکەرەکان بە کەڵەك بەناو ئاوی خازر بۆ ناوەڕاست و باشووری عیراق گواسترایتەوە ،  کەڵەکچی شوێنێکی ئیستراتیجی هەبووە بەرێگای بەلەم و  کەڵەك کەلوپەل بەرهەمی ناوچەکەیان  گواستیتەوە بۆ ناوەڕاست و باشوری عیراق لەبەر هەندێ ناوی نرایە  کەڵەکچی . یان دەڵێن  ناوی کەڵەکچی لەدوو ووشە پێك دێت  (کەڵەك) بە واتای (بەلەم یان کەڵەك )دێت بڕگەی دووەم (چی) واتای (ئەو کەسانەی کاری بەلەم دەکەن) . گوندی کەڵەکچی نزیك دوو ڕووبارە ڕووبارەکانی (خازر ونێردۆش) لەکۆندا خەڵکی کەڵەکچی کرێ باریان دەکرد کەلوپەلی بازرگانیان  دەگواستەوە ب (بەلەم واتا کەڵەك) بویە ئەو شوێنە ناسـرا بە کەڵەکچی ،  گوندی کەڵەکچی لە  دەوروبەری ساڵەکانی (١٦٥٠ تا ١٨٠٠) زاینی ناوبانگی هەبووە ژیان تێدا بووە  ،

لەساڵی (١٩٦٦) گوند(٥٥) سەرخێزان تێدا دەژیان ،  کۆمەلگەی کەڵەکچی لەساڵی ١٩٧٥ دوای نسکۆی شۆڕشی ئەیلوول لە لایەن رژێمی بەعس دروستکرا ئەویش بە راگواستنەوەی زۆرەملێی گوندەکانی گۆرانان لە رۆژئاوای ئاوی خازروگۆمل و گوندەکانی بناری چیای مقلوب بۆ کۆمەلگەی کەڵەکچی و چڕە کۆکردەوە  ،  لە ١٥ تەباخی١٩٧٥ رێگا بە ئاوارەکاندرا هەرکەس بە پێی شیانی خۆی خانی بۆخۆیان دروستبکەن ،  بنگەهەکێ پولیس تێدا ئاوەدانکرا بۆ چاودێری دانیشتوانی وەکو دەڤەرەکانی تری کوردستانێ کەوتنە بەرشالاوی تەعریب کردنی گوندەکانی  ،

٢٨گوندی دەڤەری گۆرانەتی لەدەشتی ناوکوڕ بەزۆرەملێ لە گوندی کەڵەکچی کۆکردەوە ، ڕژێمی بەعس خەڵکی عەرەبی هینا سەرگوندەکانی گۆرانان ، گەرەکەکانی کۆمەڵگای کەڵەکچی به ناوی گوندەکانیان ناونرا ، رووبەری کەڵەکچی (١١٠٠)دۆنمە ، لە ماستەر پلانی نوێ (٣٨٠٠) دۆنمە (٤٥٠٠)خانی لێهەنە دەبنە(٦٥٠٠)سەرخێزان ، کەش و هەوای ژینگەی ناو کەڵەکچی زۆر ناتەندروست نالەبارە لەبەر نەبوونی ئاوەڕۆی سندوقی داپۆشراو هەوەها کەمی پانتایی ناوچەی سەوز نەبوونی باخچە .

دوووای ڕاپەڕینی بەهاری ساڵی ١٩٩١ عەرەبەکان گەڕانەوە بۆ موسل و دەوروبەری ، کورد بە تەواوی لە ساڵی ٢٠٠٤ هەندێك دانیشتوانی هەردوو کۆمەڵگەی کەڵەکچی و چرە گەڕانەوە گوندەکانیان سەر زێدی بابوباپیرانیان ، ئالای کوردستانیان لە سەر زێدی بابوباپیرانیان بەرزگردەوە ، بە هاوکاری هەندە ڕێکخراوی بیانی سەر لە نوێ گوندەکانی خۆیان ئاوەدان کردەوە بریتی بوون لەو گوندانە : ( بابا ، موسەکان ، گلەشین ، قایماوە ، نێچەیی ، گرفەقیر ، زێلکان ، خاتوناوە ، مەحموودان ، کانی ساردك ، تارق حەمە و بەرازی کچکە ، بەرازی گەورە ، هەژیرۆك ، ئاڤدەلیان ، گوداد ، پیران ، باقەسرێ ، داکا ، جەکان ، زیناوە ، تلجۆمر ، جفتە فوتیلێ ، مام رەشان ، مەلابرِوان ، دارەتوو ، چەمەڕەش ، ئاڤدەل ، )[١٤٤]

لەبەر زۆری دانیشتوانی خەڵکێکی زۆر لە ناو کۆمەڵگەی کەڵەکچی مانەوە ، ئەم ناحیەیە ئێستا زیاتر ٤٥,٠٠٠ کەس دەبێت ، بەپایتەختی گۆرانان ناودەبەن ، حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ڕێکەوتی ٢٠١٤/٣/٩ بڕیاری بە ناحییە بوونی کەڵەکچی دەرکرد، ناحیەیە شوێنێکی گرنگی هەیە کە دەکەوێتە نێوان شارەکانی (موصل ـ دهۆك ـ هەولێر ) لەڕووی کارگێڕیەوەش سنووری کارگێڕی لەگەڵ قەزای بەردەڕەش لە ڕۆژهەڵات و باشووری ڕۆژهەڵات و کۆمەڵگای چرە لە باکوریەتی و ناحیەی زێلکان لەبەشی ڕۆژئاوا و باشووری ڕۆژئاوایەتی ئەو گوندانەی سەر بەم ناحیەن لەباکوری خۆرئاوا گوندی زیناوا ، باکوری گوندی دارەتووە ، گوندی تلجۆمر و گوندی ئاڤدەلی دەکەوێتە بەشی ڕۆژئاوای و گوندی دەروێشان دەکەوێتە بەشی باشوور و ڕۆژئاوا و لەباشووری گوندی گەرمك سلیم عدو و گوندی گەرمك بچوك ، ئەم ناحیەیە ٢١کم لە شێخان و ٧٠کم لە موصل و ٦٠کم لە دهۆك دوورە ، لەڕووی شوێنی ئەسترۆنۆمی ناحیەی کەڵەکچی دەکەوێتە نێوان هەردوو بازنەی پانی (٣٦,٣٥ـ ٣٦,٣٤ )باکور وهێلی درێژی (٤٤,٣٢ـ٤٤,٣٠)ڕۆژهەڵات، کەڵەگچی دەکەوێتە ناو دەشتی ناوکوڕ(٣٣١)م لە سەر ئاستی دریا بەرزە . یەکەم بەڕێوەبەری ئەم ناحییە بەڕێز (بشار محەمەد عبدالله) بوو. یەکەم قوتابخانە لە ناحیەی کەڵەکچی بە کاری هەرەوەزی درووستکرا مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی

١٤٤ـ یاسین حسن گۆران کتێبی گۆران لە نێوان زێی بادینان و ڕووباری خازر

١٩٧٦ بەکاری هەرەوەزی (العمل الشعبی) لە گەڕەکی بەرازی کە لە (٦)پۆل پێکهاتبوو لەلایەن خەڵکی ئاوەدانکرا، خوێندن لەم قوتابخانەیە بەزمانی عەرەبی بوو ، یەکەم بەڕێوەبەری ئەم قوتابخانەیە مامۆستا (احمد رەمەزان فقی) بوو ، لەڕووی ئاینەوە سەرجەم دانیشتوانی ئەم ناحییە مسولمانن ، دانیشتوانی عەشیرەتی گەورەی (گۆران)ن .

## ئەو بەروارانەی بۆ ناحیەی کەڵەکچی گرنگە :

ـ لە١٩٧٦/٩/١یەکەم قوتابخانە بە کاری زۆرە ملێ (عمل شعبی) دروستکرا ، ئێستا(١٣) قوتابخانە تێدا هەنە لەوانە (٣)ئامادەیی‌و(١٠ )بنەرەتی .

ـ هاتنی لە شکری بەعس بۆسەرکومەلگەی کەڵەکچی لە ١٩٨٣/١١/١١ .

ـ لە ڕۆژی ١٩٨٥/٣/٣١ لەسەیدارەدانی پێنج زیندانی ئەبوغرێب بە ناوی (احمد عبدالرحمان یاسین ، عبدالکریم اسماعیل ، محەمەد محمود ، مەحمود زێدك ، مەحمود خزمی تاها یاسین رەمەزان ) لە زیندانی ئەبوغریب گیرابوون لەلایەن رژیمی بەعس لە سیدارەدران .

ـ سەرهەڵدانی جەماوەری لە ڕۆژی ١٩٩١/٣/١٣ لە کەڵەکچی دەستی پێکرد و ئازاد کرا .

ـ هەڵبژاردنی یەکەم دەستەی شارەوانی لە ٢٠٠١/٥/٢٦ئەنجامدرا .

ـ لە ٢٠٠٩/٦/٢٢یادی دەرچوونی یەکەم گوڤارە بە ناوی گوڤاری مەقلوب .

ـ دەرچوونی یەکەم روژنامە بەناوی روژنامەی دەڤەری مەقلوب لە ٢٠١٣/١٢/٢٢

ـ لە رێکەوتی٢٠١٤/٣/٩بـــــوو بە ناحیــــە .

ـ لە ڕۆژی ٢٠١٤/٣/١٧ دووەم ڕۆژنامە بەناوی دەنگی خەڵك دەرچوو. (١٤٥)

### هەندێ رەوشتی عەشائیری چاك و گرنگیان هەیە لەوانە:

١ ـ یەکێك بمرێت ، بەبێ جیاوازی دچنە سەر کوڕستان ، هاوکاری دەکەن .

٢ ـ کەسێك لێی بقەومێت بە پێی توانای خۆیان پاڵپشتی دەکەمن .

٣ ـ بەبێ جیاوازی سەردانی نەخوش دەکەن .

٤ ـ زۆربەی ئافرەتەکانیان دابوشراون

٥ ـ هەر حالەتێکی نەخوازیار ڕووبدات دەستبەجێ بە هانای دەچن .

٦ ـ زۆربەیان ناسیارو خزمی یەکن پەیوەندی کۆنەلایەتیان زۆر بەهێزە .

---

١٤٥ــ ئەو زانیاریانە بە دەستکارییەوە لە بەرێز سمیر عبدالکریم وەرگیرایە

## پێناسەی گوندەکانی گۆرانان سەربە ناحیەی کلەکچی:



دانیشتوانی ئەو گوندانە هەموویان  گۆرانن زۆربەیان لە تیرەو بەرەبابی ئۆمەرِبل و رۆژبیانی مووسەیی و زەنگەنە و داوودی و گێژن و گشت ئەو گوندانە لە ساڵی ١٩٧٥ لەسەردەمی رژێمی بەعس هاتبوونە تەعریبکردن خەڵکەکەی بۆ گۆمەلگەی زۆرە ملێی کەڵەکچی گواسترابوونەوە ، دوای لەناوچوونی بەعس ساڵی ٢٠٠٣ خەڵکەکە بە بڵندکردنی ئالای کوردستان گەرِانەوە سەر زێدی بابوباپیرانیان ، کاری  کشتوکاڵی دێمی و شینایی دەکەن لەگەڵ بەخێوکردنی مەرِوماڵت و پەڵەوەر  ، کەڵەکچی بە چاندنی پەتاتە بە ناو بانگە **ناحیا کلکجی گەورەترین ناحیەیە لە**

**کوردستان و عیراق ناسراوە بە شعب صین،**

**١ـ گوندی دارەتوو خازر:** هەمووی گۆرانن ، وادیارە داری توو لە گوندی هەبیە ، (٣٧١)م لە سەر ئاستی دەریا بەرزە ، (١٠)کم لە ناحیەی دوورە ، ناوی گوند لە داری دارەتوو هاتیە ، پێکهاتەی گوند لە عەشیرەتی هۆزی گەورەی گۆرانن ، بەپێی ئاماری ساڵی١٩٥٧(١٢٢)کەس بوون ، ئێستا دانیشتوانی گوند (١١٠)سەرۆك خێزانن دەبنە(٦٩٠)کەس ، ساڵی (٢٠٠١)قوتابخانە هاتبوو گوندی .

**٢ـ گوندی گرك:** لەسەرگردێك ئاوەدانکرایە ناوی نرا( گرك) ، گرك واتە خاکێکی بەپیت و بەرەکەت قەڵەو ، یان گرك بەواتای دەستاڕی داردێت بۆ سپی کردنی برنج بەکاردێت ، گرك (٣٥٥)م لە سەر ئاستی دەریا بەرزە ، گوندی گرك دەکەوێتە ناو سەنتەری ناحیە ، دانیشتوانی لە عەشیرەتی گۆرانن (بنەماڵەی وەردەك )تێدا ئاکنجینە بەپێی ئاماری ساڵی١٩٥٧(١٤٥)کەس بوون ، ئێستا دانیشتوانی گوند (٢١)سەرۆك خێزانن دەبنە(١٥٠)کەس، ساڵی (٢٠٠٣) قوتابخانە هاتیتە گوندی ، مەزاری شێخ حسن لە گوندی هەیە .

**٣ـ گوندی زیناوا نوێ :** ناوی گوند لێکدراوە لە دوو برگە پێکهاتیە( زین+ ئاوا)کەسێك ئاوای کردیە ناوی زین بووە ، خەڵکی گوندی هەمووی لە هۆزی گۆرانن ، بەرەبابی ماڵی محەمەد تاهر یونس تێدا ئاکنجینە لە عەشیرەتی شکاکن ، بە خوین دەگەنە بەرەبابی سمکۆی شکاك ، رۆژبیانی تێدا هەنە، دانیشتوانی گوند(٦٨)سەرۆك خێزانن دەبنە(٤٠٠)کەس ، ساڵی (٢٠٠٤)قوتابخانە هاتیتە گوندی ، گوند دوو جاران خراپکرایە ، ئێستا چار گوند هەیە بەناوی زیناوە(زیناوە غازی ، زیناوەمیری ، زیناوەکەون ، زیناوە نوێ )

**٤ ـ گوندی زیناوەی کەون:** گوند(٥)کم لە ناحیە دوورە ، (٣٦٦)م ، لە سەر ئاستی دەریا بەرزە ، هەموویان لە عەشیرەتی گۆرانن(شکاك) ، بنەماڵەی سەرەکی گوند بەرەبابی یونس عەبۆ داوودیە ، بەپێی ئاماری ساڵی١٩٥٧(٢٦٥)کەسبوون ، ئێستا دانیشتوانی گوند(٧٠)سەرۆك خێزانن دەبنە (٤٧٠کەس دەبن ، شوێنەواری گردی شێخ مەولودە ، ساڵی (٢٠٠٣)قوتابخانە هاتیتە گوندی

**٥ـ گوندی تل گۆمل :** چار کیلۆمەتر لە سەنتەری ناحیە دوورە ، دەکەوێتە رۆژهەڵاتی ئاوی گۆمل ، گوند دووجار خراپکرایە، گوندێکی زۆرکۆنە ، مێژووی دەگەرێتە بۆ سەردەمی ئاشوریەکان و شەڕی گۆگامیلا کە لە نێوان هەردوو ئیمبراتۆریەتی فارسی و یۆنانی لە سەر ئاوی گۆمل لەوگوندە لە ساڵی (٣٣١) پێش زاین رۆیدابوو،بەپێی ئاماری ساڵی١٩٥٧(١٦٩)کەسبوون ، ئێستا دانیشتوانی گوند (٢٩)سەرۆك خێزانن دەبنە(١٥٠) کەسن. ئێستا تیمێکی بیانی شوێنەوارناس پشکنین لە گردی تلجۆمر دەکەن بەسەدان بەڵگەیان دۆزیتەوە دەیسەلمێنن شارێکی

گەورە لەو گوندە هەبووە بۆ سەردەمانی میتانی و مادو ئاشوورییەکان دەگەڕێتەوە ،

٦ـ **گوندی ئاڤدەڵێ :** دانیشتووانی هەموو گۆرانن ، دەکەوێتە  رۆژئاوای ناحیە بە دووری (٤)کم ، ناوی گوند لە ئاڤدەل بەگی هاتووە  ، بنەماڵەی بەرچاوی گوند ماڵی رەشید عەلی یە  ، گوند لە ١٠ سەروك خێزان پێکهاتیە ژمارەیان دەبیتە ٤٥ کەس ،  شوێنەواری گردی گرەشك و کانە رەشە  ، ساڵی  ٢٠٠٤ قوتابخانە لە گوندی ئاوەدانکرایە.

٧ـ **گوندی دوریشان :** دەکەوێتە  باشووری رۆژئاوای سەنتەری ناحیە بە دووری (٣)کم, لەسەر ڕووباری ئاوی گۆملە بەلای رۆژهەڵاتی ، (٣٥١ )ملەسەر ئاستی دەریا بەرزە  ، هەموویان گۆرانن ، بنەماڵە شێخ صالح و شێخ جەوادی تێدا ئاکنجینە ، ناوی درۆیشان گوایە دوو دەروێش گوندیان ئاوەدانکردیە بوویتە دۆریشان پاشن ماڵی شێخی هاتوونەتە گوند زۆر دەروێش لە گەڵیان هەبووە بوویتە  درۆیشان ،  بەپێی ئاماری ساڵی١٩٥٧ (٨٤)کەس بوون ، ئێستا دانیشتوانی گوند (٧٥) سەرۆك خێزانن دەبنە(٤٩٠ ) کەس ، قوتابخانە ساڵی ١٩٧٠ هاتە گوندی .

٨ـ **گوندی گەرمك کچکە:** ( ٣٤٢ )م بەرزترە لە ئاستی دەریا ، دەکەوێتە  خوارووی سەنتەری ناحیە بەدووری ٣سێ کم لە سەرئاوی خازرە بەلای رۆژئاوای  ، هەمووی گۆرانن ،  کانییەکی گەرم لەگوندی هەیە ناوی نرا گەرمك ،  ماڵی عەلی وەلی ناودارن لە گوند  ، بەپێی ئاماری ساڵی١٩٥٧ (٤٨ )کەسبوون، ئێستا دانیشتوانی گوند (٣٥)سەرۆك خێزانن دەبنە(١٧٨ )کەس ، قوتابخانە ساڵی ٢٠٠٧ هاتە گوندی  .

٩ـ **گوندی گەرمك مەزن :** دەکەوێتە  باشووری سەنتەری ناحیە بەدووری (٦ ) کم لە سەرئاوی گۆملە بەلای رۆژهەڵاتی ، هەمووی گۆرانن ، کانییەکی گەرم لەگوندی هەیە ناوی نرا گەرمك  ، ماڵی سلیم  عەدۆ ناودارن لە گوند ،  بەپێی ئاماری ساڵی١٩٥٧ (٦٤) کەس بوون  ،  ئێستا دانیشتوانی گوند (٢٥)سەرۆك خێزانن  ، دەبنە(١٥٠ )کەس . ناوی گەرەکەکانی کەلەکچی :ـ



## ب ـ ناحیەی زێلکان:




ناحیەی زێلکان دەکەوێتە  بناری چیای مەقلوب  ،  دەڵێن ناوی زێلکان لە  ڕووەکی زەل و زلکاو هاتیە بوویتە زێلکان ساڵی ١٩٧٥ هاتبوو تەعریب کردن ، سەربەقەزای شێخانە  ، هەمووی لە عەشیرەتی گۆرانن (رۆژبیانی) ، ساڵی ١٩٩٧ لەلایەن حکومەت سەنتەری گوندی زێلکان کرایە ناحیە بەناوی فاروق  ، دانیشتوانی  سنوری ناحیە کوردن لە هەردوو ئاینی موسوڵمان و ئێزدی پێکهاتیە ، یەکەم بەرێوەبەری ناحیە بەناوی (عبداللەحوسێن عزیز) لە ڕۆژی ٧/ ١٠ / ٢٠٠٠ دەستبەکاربوو تاکو١١ / ٦ /٢٠٠٢ ، لە دوای ئەو (ماهرسەعید مەتی) ، بوو بە رێڤەبەری ناحیە لە بەرواری  ١١ / ٦ /٢٠٠٢ تاکو ٢٠٠٣/٤/٨ ، دوای لەناوچوونی رژێمی بەعس خەڵکی رەسەن گەڕانەوە سەر زێدی بابوباپرانیان،  لە ڕۆژی ٣١ /٥ / ٢٠٠٧دووبارە ناحیە بەکارکەفتەوە بەرێز(محەمەدامین غریب مەولود)وەکو رێڤەبەری ناحیە هاتە هەڵبژاردن و نووسراوێکیان ئاراستەی پارێزگای نەینەوا کرد بۆ گۆڕینی ناوی ناحیەی فارۆق بۆ زێلکان لە ڕۆژی ٢٠٠٩/١/٢٩ ڕەزامەندی لەسەر پێشنیارەکە درا بە فەرمی ناوی بوو ناحیەی زێلکان .

**ناوی گوندەکانی سەر بە زێلکان عەشیرەتی گۆران تێدا دادەنیشن ئەوانەن:**

(زێلکان ، چەمەڕەش ، تاق حەمە ، بەرازی بچووك ، بەرازی گەورە ، هەنجیرۆك ، بابا ، نێچەیی ، خاتووناوە ، موسەکائیسلام ، کانی ساردك ، گلەشین ، محەمەد رەشان ، پیران مەقلوب ، قایماوە ، گردکال ، ئاڤدەڵێ و گرفەقیر) .

## پێناسەی گوندەکانی گۆرانان سەر بە ناحیەی زێلکان :

١ـ **چەمەڕەش:** ـناوی گوندلە چەم هاتیە وادیارە چومێکی پڕ و چڕ رەش بووە بوویتە چەمە ڕەش ، دانیشتوانی هەمووی گۆرانن ، هۆزی رۆژبیانی تێدا ئاکنجینە ، (٤٢٥)م لەسەر ئاستی دەریا بەرزە ، بەپێی ئاماری ساڵی(١٩٥٧) ژمارەیان(١٢٣)کەس بوون ، ئێستا نزیکەی(١٤٦)کەس تێدا دەژین ، ساڵی ١٩٧٩قوتابخانە لە گوندی کرایتەوە.

٢ـ **تاق حەمە:** ـ تاق بەواتای پەنجەرە دێت ، حەمە براگەورەی گوندی بووە لەبەر هەندێ پێی دەگۆترێ تاق حەمە ، عەشیرەتی گۆرانن داوودینە ، دانیشتوانی کوردی گۆرانن ، بەپێی ئاماری ساڵی(١٩٥٧) ژمارەیان(١٢٨)کەس بوونە ، ئێستا نزیکەی(٢٤٥)کەس تێدا دەژین ، ساڵی ٢٠٠٦لە لایەن حکومەتی هەرێمی کوردستان قوتابخانە لە گوندی دامەزرایە.

٣ـ **بەرازی بچووك:** ـهەمووی گۆران لە تیرەی بەرازی و ئۆمەڕبلن دەکەوێتە بناری چیای مەقلوب ، گۆرانن لە عەشیرەتی ئۆمەربلن ، دەڵێن دوو برازا گوندیان ئاوەدانکردیە بوویتە گوندی بەرازا =بەرازی ، یان دەڵێن بەراز لەگوندی هەبووە ناوی نرایە بەرازی ، بەپێی ئاماری ساڵی(١٩٥٧) ژمارەیان(١٤١) کەس بوون ، ئێستا نزیکەی(٢٨٥)کەس تێدا دەژین ، ساڵی ٢٠٠٤لە لایەن حکومەتی هەرێمی کوردستان قوتابخانە لە گوندی دامەزرایە.

٤ـ **بەرازی گەورە:**ـ گوندی برازی یەکێکە لەگوندەکانی بناری چیای مقلوب ، گوندی بەرازی گەورە سەر بەناحیەی زێلکانە (٢٠)کم لەقەزای شێخان دوورە گوندی بەرازی ناوەکەی لە دوو سەرچاوە لەخۆدەگرێت .

دەڵێن مام و برازا گوندی بەرازییان ئاوەدان کرد ، لە مام و برازا هاتووە واتا مام لە شوێنێك نیشتەجی بوو وکوری برای لە گوندی بەرازی بوو مام هاتبوو لای برازای ناو لێنرا (بەرازی ) یان دەڵێن چەند ماڵێکی بەرازی لە کوردستانی باکوور هاتبوون گوندیان ئاوەدان کردبوو ، بەپێی ئاماری ساڵی(١٩٥٧) ژمارەیان(١٩٦)کەس بوون ، ئێستا نزیکەی(٣٢٧)کەس تێدا دەژین ، ساڵی ١٩٧٢قوتابخانە لە گوندی دامەزرایە ، زۆربەی دانیشتوانی لە هۆزی بەرازی و ئۆمەڕبلن هەموویان گۆرانن. بە کاری کشتوکاڵی و بە خێوکردنی مەڕوماڵت سەرقالن .

**شوینەوارەکانی گوندی بەرازی:**- (کانی با ) بۆ نەخۆشی سەردانی دەکەن ، (کانی کەنیسە)

دەکەوێتە باشوری روژئاوای گوندی ، (کانی خاتر) ، لەباهاران شوێنیکی دلڕفێنی هەیە گەشیاران رووی تێدەکەن بۆ سەیران   ، لە سالی (١٩٧٥) تەعریب لە سالی ٢٠٠٣ سەر لە نوێ ئاوەدانکرایەوە، لەسالی (٢٠٠٤)رێکخراوی (قەندیل) هەستا بەدروست کردنی (١٠٠)خانوو وە قوتابخانە بۆ دانیشتوانی گوند ، شایەنی باسە لەسالی (٢٠٠٤)حوکمەتی هەرێم مزگەوت و کارەبای بۆیان دابین کرد .

٥ـ **هەنجیرۆك** ـ سێ ووجاغ تێدا دەژین ئامۆزاو خوارزای یەکترن ،  دانیشتوانی گۆرانن زۆربەیان لە بەرەبابی داوودی و بەرازینە  ،  وادیارە داری هەنجیرلەگوندی زۆر هەبووە بۆیە ناوی نرایە هەنجیرۆك  ،  بەپێی ئاماری سالی(١٩٥٧) ژمارەیان(١١١)کەسبوونە ،  ئێستا (٥٠)سەر خێزان لە گوندی هەنە نزیکەی(٣٨٥) کەس تێدا دەژین ،  (٢٣٠)خێزانی گوندی هەنجیرۆك  لە دەرەوەی گوند بەلاوون ،  قوتابخانە سالی ٢٠٠٦ لە گوندی دامەزرایە.

٦ـ **بابا**ـ  ئەو ووشەیە لەناوی (پاپا)هاتیە گوایە سەردەمانێك پاپا ی مەسیحیەکان لە قەلای سرۆشتی گوند دانیشتیە ،  بەپێی ئاماریسالی(١٩٥٧) ژمارەیان(٢٥٦)کەس بوون ،  ئێستا نزیکەی (٦٠) کەس تێدا دەژین ، سالی ١٩٧٤قوتابخانە لە گوندی دامەزرایە ، دانیشتوانی هەموویان گۆرانن ،  لە بەرەبابی ئۆمەڕبل.

٧ـ **نێچەیی**ـ گوندی نێچەیی دەکەوێتە  دەڤەری گۆرانەتی لەبناری چیای مقلوب ،  شوێنێکی زۆر دلگیری هەیە لە بەهاران خەلك زۆر سەرەدانی دەکەن بەمەبەستی گەشت و سەیران  ،  نێچە ووشەیەکی لێکدراوە بە واتای ( ناو + چیا) دێت گوند دەکەوێتە  ناو چیای مقلوب  ،  دەلێن یەکەم جار  پیان دەگوت ئینجەیی لە سالی ١٩٢٥ناوەکە گۆڕا بە نێچەیی،  یان ناوی نێچە بە واتای ناوی نێچیر هاتیە ،  یان دەلێن مێواندۆست بوون دەیانگۆت نابی بچیت مێوان بە(نەچە) نەچەلای ئێمە بمینەوەخزمەتان دەکەین ،  زۆر مێوان دۆستن  ،  بوویتە نێچە  ،  بووچونی یەکەم پەسندە . (٦٢٦)م  لەسەر ئاستی دەریابەرزترە ،دەلێن گوندی نێچە لەسەردەمی ئیمپراتۆری تورك لەسالی(١٥١٤)لەشەڕی چالدێران لە کوردستانی باکوور هاتوونە  دروستیان کردووە ،  لە عەشیرەتی ئۆمەڕبلن دانیشتوانی هەمووی گۆرانن لەبەرەبابی ئۆمەڕین ،  بەپێی ئاماری سالی (١٩٥٧) ژمارەیان (٢٣) کەسبوون ، ئێستا نزیکەی(٨٣) کەس تێدا دەژین ، سالی ١٩٧٩قوتابخانە لە گوندی دامەزرایە  .

سنوری گوندی نێچەیی :لای رۆژ هەلاتی گوند گوندی گلەشینە ،  لە رۆژ ئاوا گوندی  بابا یە لە باکور چیای مقلوبە ، لە باشور ناحیەی کەلەکچییە ، ئەم گوندە پێشتر دانیشتوانی پێك هاتبوو لە( ١٥٥٠)کەس نزیکەی (٢٣٠)سەر خێزان دەبوون ، سالی( ١٩٧٥)هاتە تعریب کردن راگواستنەوە بۆ کۆمەلگەی کەلەکچی، لەسالی( ٢٠٠٣)ئەم گوندە ئازادکرا دانیشتوانەکەی

گەڕانەوە بۆ گوندەکەیان، (١٠٠)تەغار زەوی کشتووکالی هەیە بە سەرجۆتیارانی گوند دابەشکرایە بژێوی دانیشتوانی لەسەر کشتوکاڵ و شوفێری کاری جۆراو جۆرە ، براگەورەکانی گوند : (حاجی حسۆ ، محەمەد ، اسماعیل ، وعبدالوهاب وجمعە ) ، ئێستا بەریز خالد جمعە برا گەوریی گوندە ، شوێنەواری گوندی نێچەیی: (گەلی زەردك ، گەلی رەش ، گەلی زغور) .

٨ـ **خاتووناوە:ـ** هەموویان گۆرانن لە هۆزی رۆژبیانین ، ناوی گوندلە دوو ووشە پێکهاتیە (خاتوون +ئاوا) پێدەچێت ئافرەتێك بە ناوی خاتوون ئاوەدانی کردیە یان خاوەن مولك بووە ، ناوی نرایە خاتووناوە ، بەپێی ئاماری ساڵی(١٩٥٧) ژمارەیان(١٣٩)کەس بوونە ، ئێستا نزیکەی (١٣٦) کەس تێدا دەژین ، ساڵی ٢٠٠٤ قوتابخانە لە گوندی کرایەوە.

٩ـ **موسەکا ئیسلام:ـ** دوو گوند هەنە موسەکا ئێزدییان و موسەکا موسولمانان ، کەسێك بە ناوی موسا گوندی ئاوەدانکردیە بوویتە مووسەکا، یان دەڵێن ناوی موسەکا لە ڕووەکی مووسەك یان (موسەنەك)هاتیە بوویتە موسەك ، ووشەیەکی ئێزدیە ،هەموویان کوردی گۆرانن وموسولمانن ، بەپێی ئاماری ساڵی(١٩٥٧) ژمارەیان(٨٣)کەس بوون ، ساڵی ٢٠٠٥قوتابخانە هاتە گوند.

١٠ـ **کانی ساردك :ـ** کانیەکا سارد لە گوندی هەیە ناوی لێنرا کانی ساردك ، لە نەخشەی عیراقی بە کانی زەردك ناوی هاتووە ، بەپێی ئاماری ساڵی(١٩٥٧) ژمارەیان(٨٩کەس بوون ، ئێستا نزیکەی(١٣٢)کەس تێدادەژین، ساڵی ١٩٧٩قوتابخانە لەگوندی کرایەوە، ١٩٧٨ ساڵی قەلاچۆکردنی نەهێشتنی نەخوێندەواری بوولەعیراق.

١١ـ **گرفەقیر:** دانیشتوانی هەموویان گۆرانن لە بەرەبابی داوودینە ، گوندی ئێزدیان بووە ووشەی فەقیرپلەی ئاینی ئێزدیانە ، یان کەسێکی فەقیر ئاوەدانی کردیە ، یان فەقیر تێدا حەوایتنەوە ، بەپێی ئاماری ساڵی(١٩٥٧) ژمارەیان(١١٥) کەسبوون، ئێستا نزیکەی (١٢٣) کەس تێدا دەژین ، قوتابخانە ساڵی ١٩٧٣لەگوندی کرایەوە ،

١٢**ـگوندی گلەشین:** خاکی گوند ڕەنگی شینە لەبەر هەندێ ناوی بوویتە گلەشین ، دانیشتوانی هەموویان گۆرانن لە بەرەبابی ئۆمەڕبل و مووسەیی ، (٤٨٨)م بەرزترە لە سەر ئاستی دەریا ، بەپێی ئاماری ساڵی (١٩٥٧) ژمارەیان (٤٥٥) کەسبوون ، ئێستا نزیکەی(٤٢٠)کەس تێدا دەژین ، ساڵی ١٩٧٠ قوتابخانە لەگوندی کرایەوە ، هێڵی کەهرەبێ لەساڵی ١٩٧٩گەیشتە گوند . ساڵی ١٨٣٢پێش هاتنی لەشکری میری سۆران مووسەیی لە کوندی هەبوون بەبەرشالاوی لەشکری میری سۆران کەوتن ، چۆلیانکرد چونکە هاوپەیمان و هاوسۆزبوون لە گەڵ کوردی ئێزدی ، ڕێزە گوندی بناری چیای مەقلوب پێش هاتنی لەشکری میری سۆران زۆربەیان موسەیی تێدا ئاکنجی بوون ، دووای مووسەییان عەمەڕئاغای ئۆمەڕبلی یان ئۆمەڕی هاتە گوندی .

ساڵی ١٩٥٨ چەند کەسێکی ناوداری گوندچووبوونە بەغدا بۆ پێشوازی کردن لە مەلا مستەفای بارزانی کاتی گەڕانەوەی لە رووسیا . مەلا محەمەد گلەشینی پیاوێکی زانای ئاینی بوو بەردەوام حوجرەی فەقێی هە بوو چەند مەلای بەناوبانك لە ژێردەستی پەروەردە کرابوو فێری وانەی زانستە ئیسلامییەکانیان لای بەرێزی دەخوێند ، هەروەها لاوك بێژی بەناوبانگ و دەنگ خۆش یۆسف عبدالرحمان ناسراو بە یوسف قۆزێ خەڵکی گوندی گلەشینە .

١٣ـ **محەمەد رەشان :ـ** گوندی محەمەد رەشان یان مەزاری محەمەد رەشان دەکەوێتە بناری چیای مەقلوب بەرامبەر گەڵی دێرکۆخ ، دەڵێن ناوی محەمەد رەشاد بووە کەسێکی وەلی و بەدین و خواپەرست و تەقوا بوو ساڵی(١١٢٥ )ز ژیابوو ، گوایە لەسەر ئۆلی ئێزدیانبووە بوویتە ئیسلام ، موسلمان و ئێزدی سەردانی مەزاری مەحەمەد رەشان دەکەن ، ناوی گوند بەناوی ئەوزاتە کرایە ، موسولمانەکانی کوند لە تیرەی دەربازینە ، گوند (١٨٠٠) دۆنم زەوی هەیە بەرهەمەکەی وەقفە تەرخان کرایە بۆخەرجی خواردنی مێوانان کاتی لە بوونە ئاینیەکان سەردانی دەکەن ، بەپێی ئاماری ساڵی(١٩٥٧)ژمارەیان(٨٠) کەسبوون ، ئێستا نزیکەی(٢٣)سەرخێزان تێدا ئاکنجینە ژمارەیان(١٣٤)کەس تێدا دەژین ، ساڵی ١٩٧٩هێڵی کەهرەبێ گەیشتە گوندی ، گوند سێ برکی ئاوێی هەیە: دەکەونە بناری چیای مەقلوب لە وانە ١ـ برکا داخوازیا رەحمێ ٢ـ برکا کلیلا گۆهـ ئێشانێ ٣ـ برکا گوڕیاتێی .

١٤ـ **پیران مەقلوب:** ـ بەپێی ئاماری ساڵی(١٩٥٧) ژمارەیان ١١٣کەس بوون ، ئێستا نزیکەی (٣٢) کەس تێدا دەژین ، ساڵی ١٩٧٩تەزووی هێڵی کەهرەبا گەیشتە گوندی .

١٥ـ **قایماوە:ـ** دانیشتوانی هەموویان گۆرانن زۆربەیان لە عەشیرەتی کێژو مووسەیی لەکۆنەوە مەلبەندی هۆزی مووسەییان بووە ، بە درێژایی مێژوو شوێنی پەرینەوەی کاروانچیان بووە هەتا ئێستا پێچکەی کەونە پرد لەسەر ئاوی خازر بەرامبەر قایماوە شوێنەواری دیارە پردەکە هێندە قایم دروستکرابوو لە بەر هەندێ ناوی گوند لێنرا قایماوا واتە (قایم ئاوا)کرایە ، یان دەڵێن قایم ئاوا واتە ئاوێکی زۆر لە راست گوندی هەیە ، بەپێی ئاماری ساڵی(١٩٥٧ ) ژمارەیان (٢٨٧) کەسبوون ، ئێستا نزیکەی(٤٦٠)کەس تێدا دەژین ، ساڵی ١٩٦٠قوتابخانەلەگوندی دامەزرایە ، ساڵی ١٩٧٩تەزووی هێڵی کەهرەبا گەیشتە گوندی . کانی گەرم بەناو بانگە لە رۆخ خازریە دەکەوێتە راست گوندی خەڵکی خۆیان تێدا دەشۆن ، لەبەرێ دانەك لۆ پیاوان بوو دانی دیکە بۆ ئافرەتان بوو خۆیان تێدا دەشویشت .

١٦ـ **گردکال:** گرکال واتە گردی پیر یان ئەختیاردێت ، یان دەڵێن کردکال واتە گردێکی رووت ، سەر بە ناحیەی زێلکانە ، دانیشتوانی هەموویان گۆرانن ، ساڵی ١٩٧٥ تەعریب کرابوو لە ساڵی ٢٠٠٣ خەڵکی رەسەنی گوند گەڕانەوە سەرگوندی خۆیان ، ساڵی ٢٠٠٩ هێڵی کەهرەب

گەیشتە گوندی ، بەپێی ئاماری ساڵی(١٩٥٧) ژمارەیان(١٤٤)کەسبوون ، ئێستا نزیکەی(٢٠) ماڵ دەبێت (١٠١) کەس تێدا دەژین ، ساڵی ١٩٦٠ قوتابخانەلەگوندی دامەزرایە ، ساڵی ١٩٧٩ هێڵی کەهرەبای گەیشتە گوندی .

## ج ـ پێناسەی ناحیەی باشیك:

شارۆچکەیەکی کوردستانە ناحیەی باشیکە سەر بە ناوەندی پارێزگای نەینەوایە. شوێنێکی ستراتیژی هەیە ، دەکەوێتە نێوان هەر سێ پارێزگای مووسڵ و دهۆك و هەولێر. دەکەوێتە بناری چیایەکی نزم چیا (گەورك)ی پێدەگۆترێت ، لەسیاسەتی تەعریبکردندا بەرەسمی پێی دەوگوترێت چیای بەعشیقە و بەرزییەکەی لە سەر ئاستی دەریا (٦٨٠) م بەرزە. باشیك١٣کم لەشاری مووسڵەوە دوورە ، شارۆچکەی باشیك هەموو نەتەوە و ئاینەکان لە خۆ دەگرێت ،

لەسەنتەری باشیك نزیکەی٢٠هەزار خێزان نیشتەجێن، ژمارەی دانیشتووان ١٣٧٠٠٠ کەس دەبێت کە زۆربەیان کوردی ئێزیدین. رووبەری ناحیەی باشیك (٥٢٦کم٢)ەو (٦١) گوند و کەرتی کشتوکاڵی لەخۆدەگرێت. لە (٦٥) گوند کورد تێدا دەژین. کوردە ئێزیدیەکان لە (٩) گوند ، باجەلانیەکان لە (١٨) گوند ، شەبەکەکان لە (١٧) گوند ، گۆران لە (٢٠) گوند ، زێبارییەکان لە(١) گوند. عەرەب لە (٧) گوند ، دیانەکان لە (٢) گوند هەن .

خشتەی ناوی گوندەکانی هۆزی کۆران لە سنوری ناحیەی باشیك ئەوانەن: (١٤٦)

| ز | ناوی گوند | عەشیرەت | سەرژمێری ١٩٥٧ |
|---|---|---|---|
| ١ | سێکاني گەورە | گۆران(گێژ) | ٣٠١کەس |
| ٢ | سێکانی کچکە | گۆران(گێژ) | |
| ٣ | سێکانی نوێ | گۆران(گێژ) | |
| ٤ | قەلاتۆک | گۆران | ١٣٧کەس |
| ٥ | دووبەردان گەورە | (مامەسەنیوگێژو رەشگەری) | ١٥٠کەس |
| ٦ | دووبەردان کچکە . | گۆران و(گێژو رەشگەری) | ١٧١کەس |
| ٧ | جبران | گۆران و زێبار | ٢٩٢کەس |
| ٨ | گولیجە | گۆران(گێژ و بۆت) | ١٩٣کەس |
| ٩ | شێخ عەلی | گۆران( نەقشەبەندی) | ٢٠٠٨ئاوەدانکرا |
| ١٠ | حەسار | گۆران و عەرەب | ١٤٥کەس |
| ١١ | قەسرێ | گۆران | |
| ١٢ | مغارە مەقلوب | گۆران | ١٠٩کەس |

١٤٦ـ پێزانینی ئاماری ساڵی ١٩٥٧ لە د.عبداللە غەفور ئاماری گوندەکانی باشووری کوردستان وەرگیراوە.

| | | | |
|---|---|---|---|
| ١٣ | مێرگێ | گۆران و مەسیحی | ٢٠٦ کەس |
| ١٤ | قۆپان | گۆران(تەعریب کرا) | |
| ١٥ | گوداد | گۆران(ئۆمەڕبل) | ١٦٧ کەس |
| ١٦ | کانی کەوان | تعریب کرا | ٧٤ کەس |
| ١٧ | باعەدرە | گوندی ئێزدیان بوو | ٥٠ کەس |
| ١٨ | ئسقۆف | هاتە تەعریب کردن | ١٣٥ کەس |
| ١٩ | کانی غەزال | گۆران | ٢٠٠٨ ئاوەدانکرا |
| ٢٠ | حەسار | گۆران (تەعریب کرا) | |

باشیك لەساڵی ١٩٥٣ بوویتە ناحیە ، خشتەی دانیشتوانی بەپێی ئاماری ١٩٥٧[١٤٧]

| | | |
|---|---|---|
| کورد | ١٢٦٣٣ | ٩١,٦٤٪ |
| عەرەب | ١١٥٣ | ٠٨,٣٦٪ |
| کۆی گشتی | ١٣٧٨٦ | ١٠٠٪ |

ناحیەی باشیك شارۆچکەیەکی کوردستانیە، دەکەوێتە رۆژئاوای دەڤەری گۆرانەتی، لە ساڵی ١٨٩٠ز بوە بە ناحیە لە سەردەمی دەولەتی عوسمانی ، نا حییەی باشیك سەر بە قەزای ناوەندی موسڵە، شوێنێکی ستراتیژی هەیە کە دەکەوێتە نێوان پارێزگای موسڵ و قەزای بەردەڕەش یەکەمین شارۆچکەیە لە عیراق بە بەرهەمی داری زەیتوون و زە یتی زەیتوون بەناوبانگە دەتوانین بڵێین بەرهەمی زەیتوون و زەیتی زە یتوونی عیراق زۆربەی بەرهەمی باشیك و گوندی فازلێیە و گوندەکانی و دەورووبەری سنووری باشیکە ، دەکەوێتە بناری چیاییەکی نزم کە نا وی چیای گەورکە. بەرزییەکەی(٦٨٠)م شارۆچکەی باشیك بە دووری (١٣)کم دەکەوێتە باکوری ر ۆژهەڵاتی موسڵ ، لە هەمو و نەتەوە و ئاینێك پێکهاتووە مەسیحین ، ئێزیدییەکان تەنها لە سەنتەری ناحیەی باشیکن، رێژەی ئێزیدییەکان لە سەنتەری ناحیەی باشیك ٥٠٪ یە ، رێژەی مەسیحییەکان ٣٥٪ ، رێژەی(موسڵمان)١٥٪

١٤٧_ خشتەی یەکەم خەسرۆگۆران کورد لە پارێزگای موسل لاپەرە ٢٠

_ خشتەی دووەم خەسرۆگۆران کورد لە پارێزگای موسل لاپەرە ٢٠٣

## گوندەکانی هۆزی گۆرانان سەر بەناحیەی باشیك ئەمانەن:-

### ١ـ گوندی سێکانی کچکە:

لەسەردەمی حوسێن پاشای جەلیلی والی موسل (١٧٣١تا١٨١٧ز) سێ برا ئۆمەڕ و کونار و دەرباز لەگەڵ ئامۆزایان(عەساف وشاباز و جوندی )هاتبوونە گوندی سێکانی کچکە ناسراو بە جامعە ، بە ئەسل بەرەبابی گێژن لە هۆزی گەورەی گۆرانن ، گوندیان ئاودانکرد ماڵێ ئەمینی ئۆمەڕە ڕشینە لە گوندی بەناوبانگن ، مەبەست لە هاتنیان بۆ گوندی سێکانی بۆ ئەوەی پارێزگاری لە والی موسل بکەن ئەو سەردەمی ناکۆکی هەبوو لە نێوان والی موسل ئێزدیەکان رەشگەری لە گوندی سێکانی کچکە دانیشبوون لە سەرەوەی قەبرستانی گوندی قەبرستانی رەشگەریان هەیە، لە بەر کێشەیەکی کۆمەلایەتی رەشگەری باردەکەن، گێژلەسێکانی کچکە بەرەو گوندەکانی دەورووبەری بەلاْوبووتنەوە ، گوندێکە سەر بە ناحیەی باشیك .

گوندێکی کەونە ، زیاتر دووسەد ساڵ دەبێت لە لایەن رەشگەری و گێژ ئاوەدانکرایە ، دانیشتووانی هەمووی کوردن سەربەتیرەی گێژ عەشیرەتی گۆرانن ، (٣٠)کم لە شاری موسل و (١٠)کم لە قەزای بەردەڕەش (٢)کم لە جادەی سەرەکی دوورە ، دەگێرنەوە سێ کانی لە گوندی هەبووە ، لەبەر هەندێ ناوی نرایە سێکانی ، کانی مزگەوت ئاوەکی راکێشابوو بۆ ناو مزگەوت ، کانی دووەم کانی قۆدیلە ، کانی سێیەم کانی تایبەت بوو بۆ پیاوان و ئاودانی بیستانەکانی گوند بوو ، بەلاْم ئێستا کانیاوەکان حیشکی کردیە .

### مزگەوتی سێکانی کچکە :






کونترین مزگەوت لە دەڤەری گۆرانەتی بە بەرد و قسل لە گوندی سێکانی کچکە دروستکرایە مێژووەکەی بە پێی بەردێکی نەخشکراو لە سەر دەرگای مزگەوت قایمکرایە بۆ ساڵی ١٢٣٦ك دەکاتە ١٨٢١ز دەگەرێتەوە ، بۆیە بەسێکانی جامع ناودەبرێت ، ساڵی ١٩٨٤نوژەنکرایتەوە،

لەسەر بەردەکە پارچە شیعرێك نووسرابوو لەسەر دەرگای مزگەوت قایم کرایە ، بە زمانی عەرەبی ئەو چەند دیرە شیعرە تێدا نەخشرابوو لە وێنەی سەرەوە دیارە ، نووسرایە :

عمر اللة اولى التقوى		وجارى فاعلها

كل الخير و حباهم		(.............. )

مسجد عمر في المقلوب		يحوى ساكنها

قبلة يقبل اللة		ويرضى مرتضها

صدق التاريخ		جيل يذكر اسم اللة فيها

دەڵێن ئافرەتێکی موسلاوی خێرخواز پارچە زەویەك لە گوندی دەکرێت ئەو مزگەوتە ئاوەدان دەکات ، ماڵی صابونچی مولکیان لەگوندی هەیە ، بۆ جاری یەکەم ساڵی ١٩١٨ز/١٣٣٦ك مزگەوت نوژەن دەکرێتەوە ، بۆ جاری دووەم ساڵی ١٩٨٤ دیسان نوژەن کرایتەوە ، ئەو مەلا بەرێزانە خزمەتی مزگەوتیان کردیە :ـ ١-ملا علی (دەنگ گە ورە ) ٢- ملا شریف سەعاتچی مەرزانی خەلکی هەولێر بوو ٣-ملا عمر محی الدین ٤- سوفی علی عرب ٥- ملا علی تالەبانی ٦- ملا عبدالکریم قاسم . بە پێی لێکۆلینەوەکانی شەێنەواری کەونترین مزگەوت لە دەڤەری گۆرانەتی مزگەوتی کەونی ناحیەی دارەتووە لە قەزای بەردەرەش ، لە ساڵی ١٨٠٥ز دروستکرایە

دەڵێن لەشەڕی جیهانی دووەم زیاتر لە هەشتا خێزانی کوردی مهاجر هاتبوونە گوندی زۆربەیان بە نەخۆشی تاعون گیانیان لە دەست دابوو ، کەسایەتی ناوداری گوند عەدۆ میکائیل لە گوندخاوەن دیوەخان بوو. گوندی سێکانی گچکە لە هۆزی گەورەی گۆرانن لە عەشیرە تی گێژن، گوندێکی دێرینی ناوچەکەیە بە دووری ٢کم دەکەوێتە قیبلەی چیای مەقلوب، بەهۆی زۆری سەرچاوەکانی ئاو و کانییەکانی رەز و باغێکی زۆری هەبوو ، نازناوی گوندی سێکانی گچکە بەناوی سێکانی جامعە هاتووە ، گوندی سێکانی گچکە سێ گرد گۆرستانی لێبووە ، گردی سەرەوە باس دەکرێ گۆرستانی رەشگەرییان بووە دەڵێن لە کاتی خۆی هەندێك لەماڵە رەشگەرییەکان لە وێدا ژیاون .


دیمەنێکی گوندی سێکانی گەورە

**٢ـ گوندی سێکانی گەورە** :ـ لە هۆزی گەورەی گۆرانن لە عەشیرەتی گێژن ، لەتیرە و بەرەبابی (عەساف، شاباز، جوندی ) ن، کە پێشتر هەموویان لە گوندی سێکانی گچکە دەژیان بەهۆی بژێوی ژیان یان و کاری کشتوکاڵی و ئاژەڵداری بڵابوونە و گوندی سێکانی گە ورەیان ئاوەدانکردوە، حجی

سلیمان قارس برا گەورەی گوند بوە و خا وەن  دیوەخان  بووە،  لە  پاشان کور و  نەوەکانی کاری  گوند  بەرێوە  دە بەن

سنووری : رۆژهەڵاتی گوندی سێکانی گەورە رووباری خازرە، کە نزیکەی ٢ کم  لە رووباری خازر دوورە، رووباری خازر  بەدرێژا یی (١٢)کم   بە زەوییەکانی گوندی سێکانی گە ورە  تێدە پەرێنێت، زەویەکانی گونجاوە بۆ کشتوکاڵ و ئاژەڵداری ،

شوێنەوارەکانی گوند : گردی خرابە دەکەوێتە  سەر رووباری خازر بەرامبەر  گوندی دووسەرە کە گردێکی شوێنەوارییە ، هەروەها گردی کەندالێ سپی دەکە وێتە باشوری گوندی سێکانی لە سەررووباری  خازر گردێکی شو ێنوارییە  و کۆنە  گۆرستانێکی  لێیە ،  گردە کە  هاوشێوەی قەڵایێك هەڵکەوتوە،  گوندی سێکانی هۆکاری ناولێنانی گوندەکە دەگەرێتە وە   بۆ بوونی  ئەو سێکانییەی کە لە گوندەکەدا هەبوون، سێکانییە کەش بریتی بوون لە: کانی خواردنێ ، کانی وێڕی ، کانی رەزێ عەرەبی ، هەروەها لەدەورووو  بەرو ئاقارەکانی گوند چەند  کانییەکی  تری تێدابوو   بە ناوی کانی دەروێش خەلیلی ، کانی  سەپان، کانی بازید ، دەکەونە باشوری گوند ، کانی گەنەگەرچەك  دەکەوێتە رۆژئاوای گوند  ، کانی چکچکە ، کانی  بریسك  دەکەونە باکوری گوند، هەروەها  ئەشکەفتی  حەسەن فیلۆ ئەشکەوتێکی دێرینی بەناوبانگە دەکەوێتە رۆژهەڵاتی گوند لەکاتی خۆی کانی و ئاوێکی زۆری تێدابو و رەز و باغێکی   زۆری لەسەربوو ، بەداخەوە  بەهۆی وشکە ساڵییە وە  هەمو و ئەو  کا نیانەی کە باسکران  تووشی  وشکبوونەوە هاتوون، گوندی سێکا نی گەورە لەکۆنەوە مزگەوتی هەبووە لە مە لا و مامۆستاییەکانی خزمە تی گوندیان کردووە مەلا مستەفا، مە لا ئەنوەر، مە لا محمد  ئە نوەر سێکا نی ، شێخ سەعید، مەلا عەبدوڵا ، مەلا محمدامین محیدین گربدەو، مەلا عاسم ، مە لا اسماعیل  پیرچاوش.

لە  ساڵی  ١٩٦٥  قوتابخانە  لە  گوند  دامەزرا، کە زۆربەی قوتابیانی گوندەکانی دەوروبەر روویان تێدەکرد .

شەهیدانی گوندی سێکانی گەورە: ئەفسەری ملازمی پلە یەکی فرۆکەوانی شەهید (محمدعبدالواحد میکائیل ) لە رێکە وتی ٥ / ٦ / ١٩٦٧ لە هێرشێکی بۆ سەر ئیسرائیل شەهید بوو، ئێستاش شەقامێك هەیە لە بەغداد بەناوی ( شارع الشهید محمد عبدالواحد) ، هەروەها لە رێکەو تی ١٩٧٢/١١/٢٥ لە هەڵمەتێکی سەربازانی رژێمی بەغدا لە دوای لایەنگرانی پارتی دەگەڕان چەند کەسێکی گوندی سێکانی گەورە خەریکی کێڵانی زەوی بوون لە بناری چیای مەقلوب سەربازانی رژێم تەقەیان لێیان کرد سێ کەسیان شەهیدکرد ١- مستەفا محمد شەر یف ٢- کە مال عەلی ٣- رەمەزان محمد خەڵکی گوندی سێکانی گچکە بوو .  هەر وەها سەر لە بەیانی رۆژی ٥ / ٥ / ١٩٧٤ لەغمێك لەسەر جادەی سەرەکی


رێگای موسڵ - بەردەڕەش لەنزیك گوندی سێکانی گچکە تەقییەوە و بووە هۆی شەهیدبوونی شۆفێری ئۆتۆمبێلەکە به ناوی (مجید احمد) خەڵکی گوندی شەمسەخر بوو، دووەم شەهید بەنا وی (صالح سلیمان) خەڵکی گوندی سێکا نی گەورە بوو ، هەروەها بووە هۆی برینداربوونی چەند کەسێك و چەند سەر ئاژەڵێك، له رێکەو تی ٢٤/١١/ ١٩٨٣ له هەڵمەتێکی داروەستەی رژێمی بەعسی شۆڤێنی گۆربەگۆر گەڕان به دوای خەلکدا پێبچ کەسیان دەزگیرکرد، له رۆژی ٢٩ / ١٢ / ١٩٨٣ به فەرمانی عەلی کیمیایی له موسڵ گوله باران کران، ئەوانه بوون : ـ ١_ خورشید صالح ٢_ جمال محمد علی ٣_ عبدالله محمد٤_ خدر محمد٥_ جبرائیل صدیق میکائیل ، خەلکی به ردەرەش بوو .

کەسایەتی ناوداری گوند حجی سلێمان فارس ناسراوبە(سلێمان قۆچان) خاوەن دیوەخان بوو له گوندی سێکانی گەورە ، هەروەها حجی محەمەد سێکانی(کاکۆ)باوکی مامۆستا مهدی سێکانی خانەوادەیەکی کورد پەروەرو ناوداری گوند و دوڤەری گۆرانەتینه .

گوندی سێکانی به شارەزایی له کەش و هه وا حیساباتی ساڵنامەی کوردە واری ناوبانگی هەبووە، **محمد عەلی شوێش** : کەسێکی کەشناس و شارەزابو و له رۆژمێری کوردەواری به تایبەتی کەش و هەوا و سەقای سێکانی و گوندەکانی دەورو بەری ، به جۆرێك کەدەتوانین بڵێن رۆژ ژمێری گوندی سێکانی گەورە ٨ رۆژ دەکەوێتە پێش رۆژ ژمێری دەشتی ناوکوڕ

(محەمەد علی شویش) حسێبگر و کەسێکی کەشناس و شارەزا له حیساباتی ساڵنامەی کوردەواری بەتایبەتی کەشوهەواو سەقای سێکانی و گوندەکانی دەورووبەری هەبوو ، چونکە شوێنی بەربەرۆژە و خاکی زیخاوی و سێلەکە ، گژوگیاو دەغلودان زووتر نەشونماو گەشە دەکات لەبەر هەندێ حێساباتی سێکانی بەناوبانگەو (٨)رۆژلە پێش حسێباتی گوندەکانی دەشتی ناوکوڕە بەم شێوەی خوارەوە : رێکەوتی٢٥ /١ / هەموو ساڵێك به حیسابی گوندی سێکانی کۆتا ڕۆژی چلەی زستانه ، چلەی گەورە تەواو دەبێت چلەی کچکە دەستپێدەکات ، یەکەم ڕۆژی عەنتەر له ٢٦ / ١ مانگی یەك دەستپێدەکات گوایە یەك رۆژە ، دوای عەنتر٢٧ / ١یەکەم ڕۆژی رەشەمێ دەستپێدەکات (٢٥)رۆژە تاکو ٢٠ / ٢ له دوای رەشەمێ (ئاخ سپات) دێت دەبێتە بەهار ئەویش (١٥) رۆژە ، ڕۆژی دەهەمی ئاخر سوبات به (زیپك) ناودەبرێت ، زیپك ٩ روژە ٦ روژی له ناوأخرسپاتێ یە ٣ ڕۆژی دیکە دەکەوێتە ناو ئاداری زیپك دەڵێت : (لەبەری من چ بوهارنیە و له پشتی منیش چ زستان نیە) . له ١٢ ی ئاداری سیکانیان دەبیتە نەوروز ، ١٧ ئاداری شەو و روژبەرامبەریەك دەبیت ، به حیسابی سیکانی (١٨ئاداری نەگرە بەبوهارێ) .(٢٤) ئاداری مەرگەسەن دیتە خوارێ دەنگدەکا لەبوهارێ ( سەرێ دارێ وبنێ دارێ شین دەجی له بوهارێ ) .....وەلگیراوە لەخوالێخوشبوو (محەمەد_علی_شویش) کەسێکی کەش ناس و شارەزا له

حیساباتی سالنامەی کوردەواری گوندەکانی سێکانی و دەورووبەری سیکانی ، حسێباتی سێکانی ١٠ رۆژ لەپێش حسێباتی گوندەکانی دەشتی ناوکورِ دەستپێدەکات .



گوندی قەلاتۆك

٣ ـ **گوندی قەلاتۆك:** گوند دەکەوێتە سەر رووباری خازر بە دووری ٧ کم لە جادەی سەرەکی نێوان بەردەرەش و موسڵ دوورە ، گوندی قەلاتۆك و سیکا نی گەورە یەکەم گوندی رۆژهەڵاتی ناحیەی باشیکە ، رووباری خازر سنوری نێوان ناحیەی باشیك و قەزای بەردەرەشە، ئێستا نزیکەی ١٣٠ مال دەبن، هەموویان گۆرانن لە بەرەبانی کونار و شابازن لە عەشیرەتی گێژ.


ناوی قەلاتۆك بچووك کراوەی قەلایە واتە قەلایەکی بچووك ، لە سەر نەخشە کۆنەکانی سەردەمی عوسمانلی ناوی بە (قەلای کۆچك) هاتووە ، شوێنەواری دیارە ، کەلوپەلی کۆن تێدا دۆزراپتەوە ، سەردەمانێك گوندێکی مەزن بووە ژیانی تێدا کرایە ، دووبارە ساڵی ١٩٥٠ لەسەردەستی مەحەمەد تاها ( محمدگە) لەگەڵ ٤ چار ماڵی خزمی خوی لە گوندی سێکانی کچکە هاتبوون ئاوەدانیان کردەوە ، بەر لەوان چەند مالە بۆت و چە ند مالە عەرەبێك لەوێ دەژیان . محەمەد تەها کەسێکی ناوداری دەڤەری گۆرانەتی بوو خاوەن دیوەخانە ، ئێستا نزیکەی ١٥٠ ماڵ دەبن زیاتر لە ٧٥٠کەسن ، ئێستا یوسف کورِی محمدگە برا گەورەی گوندە و کاروباری گوند و دانیشتوانی گوند بەرێوە دەبات. لە سە رەتای ساڵی حەفتاکان مزگەوتی لێبنیادنراوە، لە هەشتاکانیش مزگەتەکەیان بە شێوازێکی مۆدێرنی ئەوکات نۆژەنکردۆتە وە، لە سالی ١٩٨٦ز قوتابخا نە لە گوندەکە دامەزراوەخەڵکی گوند خەریکی شینایی و کاری کستوکاڵی خەریکی بەخێوکردنی مەرِومالن. ،

٤ـ **سێکانی نوێ :** لە ساڵی ٢٠٠٤ لە پاش رووخانی رژێم دوای تێکچوونی بارودۆخی موصڵ بەرەبابی مالی عبدالرحمن مکائیل کە بە ماڵی (عەدۆ) ناو دەبرێن بۆ زێدی باپیرانیان گەرانەوە . لە هۆزی گەورەی گۆرانن لە عە شیرەتی گێژن خەلکی گوندی سێکانی گچکەنە گوندیان بنیادنرا دەکەوێتە سەر جادەی سەرەکی نێوان موصڵ و بەردەرەش لە بناری قیبلەی چیا ی مەقلوبە

٥ـ **گوندی ئازادی :** دەکە وێتە ژێر گردی بانەمیران لە سەر رووباری خازر، گوندەکە لە پاش رووخانی رژێم لە ساڵی ٢٠٠٥ لە لایەن الیاس حجی جاسم لە گوندی سێکانی گەورە رووی کردۆتە شوێنەکە و بنیادیناوە. گوندەکە لەسەر گردێکی بەرز و لە نێو سروشتێکی جوا نی دلگیر دروستکراوە .

**٦ـ گوندی دووبەردانی گچکە:** دەکەوێتە  سەر جادەی کۆ نی  نێوان موسڵ  و بەردەرەش، لە هۆزی  گەورەی گۆرانن لە عەش یرە تی  گێژن لە  تیرە و بەرەبابی ئۆمەڕەشینە ، لە چەند بەرەباب پێکك هاتوونە ، بەرەبابی مالی ئەحمۆ، ماڵی بارۆ، ماڵی مستەفای.  بەرەبابی ماڵی ئەحمۆ برا گەورەی گوندبوونە ، یونس ئەحمۆ پاشان حسین یونس پاشان زایر عبدالرحمن پاشان خلیل زایر ، لە  ئێستاشدا  عبدالسلام حسین براگەورەی گوندە . ٣کم لە قیبلەی چیای مەقلوب دوورە، خەلکی گوند  خەریکی بەخێوکردنی مەڕوماڵات و ئاژەڵدارین ، سروشتی زەوییان زۆرگ و دۆڵ و  تەختاییە ، چەند کانییەك لە  گوند  هەبووە وەك: کانی گەورە،  و کانی دەحل،  و کانی  دەربێ ، گۆمی  ئەحمۆ. لەگەڵ بوونی گۆرستانێك بە ناوی گۆرستانی داسنیا. گردێکی شوێنەواری  بە ناوی کە ندالە سۆر.

لە سالی ١٩٥٦ مزگەوت لە گوندی بنیادنرا، هەریەك لە: ملا عبدالرحمن مام خلیفە، و مەلا عبدالمغیپ ، و مەلا عبدالخالق، و حجی نەزیرحسین ، لەگەڵ هەندێك لە  خێرخوازان خزمەتی مزگەوتەکەیان کردووە. لە سالی ١٩٥٨دەرگای قوتابخانە لە گوند  بە رووی فێرخوازان کرایەوە .




**٧ـ گوندی گولیجە :** گوندی گولیجە سەر  بە ناحیەی باشیکە، دواگوندە کە دەکەوێتە رۆژئاوای دەڤەری  گۆرانەتی هاوسنورە  لەگەڵ گوندەکانی شەبەکان و عەرەبان ، ٥کم لە جادەی  سەرەکی نێوان بەردەرەش و موسڵ دوورە ، ٢٤کم لە قەزای  بەردەڕەش  دوورە  لە تیرە و بەرە بابی کونارینە لە عەشیرەتی کێژن لە هۆزی گەورەی گۆرانن، برا گەورە و کەسایەتی گوند صادق زیوربوو  کە خاوەن دیوەخان بووە و کارەکانی گوندی بەرێوە دەبرد ، ئێستا نوری  صادق براگەورەیە  و کاری گوند  بەرێوە دەبات  .

ناوی گوند  لە گولە جۆ هاتیە بە ناو بانگ بووە بە چاندنی جۆ ئەوان بە جۆ دەڵێن (جە)بوویتە (گولیجە)  ، پێشتر ئێزدی لە گوندی دانیشتبوون  ، دوای  هاتنی لەشکری میر مەحەمەدی سۆران ئێزدی تێدا نەمان دەسپێك ئیبراهیم بۆتی و چەند خزمێکی لە عەشیرەتی بۆت گولیجەیان  ئاوەدانکرد خودان دیوەخان بوو لەبەر کێشەیەکی کۆمەلایەتی گوندەکە چۆل دەکەن پاشان چەند تیرەیەکە گێژو بۆت و رۆژبیانی و کوناری و ئۆمەڕڕەشی چەند ماڵە عەرەبێك گوند ئاوەدان دەکەنەوە ، یەکەم جار محەمەد فەتحی بۆتانی لە گوندی خاوەن دیوەخان بوو  ، دوای ئەوحاجی صادق لە گوندی کەسایەتییەکی ناوداری گوند بوو ،  لە سالێ ١٩٧٢ قوتابخانە

لە گوندی کرایتەوە ،  ژیان و گوزەرانی خەڵکی گوند خەریکی کاری  کشتوکاڵی بەخێوکردنی مەڕماڵتن  .  مزگەوتێك  لە گوند هەیە مەلاکان ئەوانەبوون :   شیخ عبدالجبار، ملا عبدالعزیز ملا محمد شیخ بزینی ،  لەگەڵ چەند مەلایێکی تر خزمەت یان بە مزگەوتەکەیان  کردووە،

٨ـ  **گوندی کانی کەوان:** گوندێ کانی کەوان دەکەوێتە بناری باکوری چیای زەردك ،  لە رۆژهەڵاتەوە هاوسنووره لەگەڵ گوندی باعەدره  ، و لە رۆژئاواوە گوندی ئیسقۆفکە ، لە  باکورەوە گوندی  شێخ  شێلە  و گولیجەیە.  لە  هۆزی  گە ورەی  گۆرانن   خەریکی کاری کشتوکاڵی و ئاژەڵدارین.

٩ـ  **گوندی کانی غە زال :** گوندێکی نوێیە لە پاش رووخانی رژێم لە ساڵی ٢٠٠٤ حاجی جەواد روودەکاتە کانی غە زال و لە ناو زەوی خۆیدا گوندی کانی غەزال  بنیاددەنێت،  ئاوەدانی کردیە ئێستاش  أسعدی کوڕی  جواد برا گەورەیە  و کاری   گوند  بەرێوە دەبات، دەکەوێتە بناری چیای گەورك لە رۆژئاواوە هاوسنووره لەگەڵ گوندی قۆپان ، خەڵکی گوند  خەریکی کشتوکاڵ و  بەخێوکردنی ئاژەڵن، مزگە وت لە گوندەکەدا ئاوەدان کراوە ،  لە  ساڵی  ٢٠٠٥ قوتابخانە  لە گوندی کرایەوە . کوند دەکەوێتە سەر جادەی کۆنی نێوان  بەردەرەش و موسڵ لە گەڵ مێرگێ و دێرمارمەتی.

١٠ـ **گوندی شێخ عەلی :** یەك کیلۆمەتر لە باکوری جادەی سەرەکی نێوان موسڵ و بەردەرەشە دووره ،  لە  ساڵی ٢٠٠٥  بە  ناوی  شیخ علی بنیادنراوە،  ئێستا  منداڵ  و  نە وەکانی کاروباری گوند  بەرێوە دە بەن و شیخ برهان شیخ علی برا گەورەی گوندە، لە گوند مزگەوت و قوتابخانە دروستکراوە. سنووری   لە رۆژئاواوە هاوسنوره لەگەڵ گوندی بیربەنك وقۆپان ، دوا گوندە لە گوندەکانی دەڤەری گۆرانەتی بەلای  رۆژئاواوە  .

١١ ـ **گوندی مێرگێ و مغارە:** دوو گوندی گۆرانان بوون خانەوادەی  حاجی عەلی مێرگەیی لە گوندی مێرگێ ئاکنجی بوون ،  ماڵی مەرجانێ لە دوای ئازادی عیراق گەڕانەوە مێرگی لەگەڵ چەند ماڵێکی تر هەموویان گۆران بوون  ،   چەند ماڵێکی مەسیحی لە ناحیەی مرێبا هاتنە گوندی مێرگێ بە ناوی خزموتکردنی دێرمارمەتی لە چیای مەقلوب  ، لە مێرگێ ئاریشە کەوتە نێوان کوردی گۆران و مەسیحیەکان کێشەکەگەیشتە بەغدا و پاپا  ، حکومەتی هەرێم بڕیاریدا کوردەکان باربکەن هاتنە قەرەبوو کردنەوە مەسیحیەکان کۆمەلگایەکی هاوچەرخیان لە مێرگێ و مغارە دروستکرد . (١٤٨)

---

١٤٨ـ پێزانین لە سەر گوندەکانی گۆرانان  سەر بە ناحیەی باشیك لە دەڤەری گۆرانەتی ، بەرێز ماموەستا عبدالستار صالح سێکانی  پێناسەی گوندەکانی لەگەل وێنەکان بە سوپاسەوە بۆمی رەوانەکرد..

**١٢ـ دووبەردانی گەورە :** دانیشتوانی گۆرانن لە تیرەو بەرەبابی (مامەسەنی وگێژ و رەشگەری) ینە لە ئاماری ساڵی ١٩٥٧ ژمارەیان١٥٠ کەس ، لەبەر زولم ستەمی ئیمبراتورییەتی عوسمانی زۆر تیرەو بەرەبابی گۆرانەکانی پارێزگای سولەیمانی بەلاۆبوونەوە ماڵبات وخانەوادە پەرت وبەلاۆبوونە بۆناوچەی کفری و کەلار ـ بۆ دەڤەری بەردەڕەش لە دەوروبەری چیای مەقلوب ، هەروەها ، کۆمەلەماڵێکی گۆرانان چووبوونە شنگار بە(بەبە) ناودەبرێن برا گەورەیان (الیاس بەدەل) بوو. **ناوی دووبەردان:** گوایە دوبەردان ووشەیکی یوغسلافیە کە زمانیان هیندوئەورپیە لەگەڵ زمانی کوردی یکدەگرتەوە بە مانای دوو بەرێ دێت (شتێکی جوان) ، یان دەڵێن گوندی دووبەردان لەنێوان دووملە بەردان ئاوەدان کرایە، ، شوێنی گوند لەکۆنەوە لەناودۆلێکی بەبەرد لەبن چیای مەقلوب بوو ، ، لەشکرێك پێك هاتبوو لەدەڤەری گۆرانەتی بەرەو باشوور بۆ نەهێشتنی هەڵکشانی سوپای ئەنگلیز بەرەو کوردستان چەند کەسێکی ناوداری دەڤەری گۆرانەتی پشکداریان لە شەڕی کوت عومارە کردبوو ، [١٤٩]

## گوندەکانی رۆژئاوای دەڤەری گۆرانەتی سێ میحوەری پێشمەرگەی تێداهەیە:

هاوسنورە لەگەل گوندەکانی عەرەبان لەگەڵ سوپای عیراق توشی چەندە کێشەو دەربەدەری و ئاوارەبوون هاتوونە، لە سالانی شەستەکان و حەفتاکان و هەشتاکان و تا وەکو ئێستاش.

گوندەکانی: سێکانی ، دوو بەردان، گولیجە ، قەلاتۆك ، کانی کەوان ، باعەدرە ، هەروەها لە ئێستاشدا سێ میحوەری هێزی پێشمەرگەی کوردستان لە خۆ دەگرێتە وەك میحوەری خازر: لەسەر لوتکەی چیا زەرتك ، لە کاتی خۆی چەکدارانی داعش دەستیان بەسەر شوێنەکە داگرتبوو بەڵام دوای رووبەرووبونە لەگەل چەکدارانی داعش پێشمەرگە توانیان لە دەست چەکدارانی داعش رزگاری بکە ن، زۆرێك لە دەسهەڵاتدارانی وڵاتانی تر سەردا نی ئەم میحوەرەیان کردووە وەك: سەرۆکی فەڕەنسا، سەرۆك وەزیرەکان وەك، سەرۆك وەزیری تورکیا و وەزیری بەرگری ئەڵمانیا و فەرەنسا و کەنەدا لەگەڵ زۆرێك لە وڵاتانی تر.

میحوەری باشیك : کە دەکە وێتە سەر چیای باشیك (چیای گە ورك) کە ئە و میحوەرە رۆلێکی دیار و کاریگەری هەبوو بەرامبەر چەکدارانی داعش ، توانییان ناحیەی باشیك و زۆرێك لە گوندەکانی دەوروبەری ناوچەکە رزگاربکەن ئەویش دوای قوربا نییە کی زۆری پێشمەرگەکان. میحوەری ناوەران : ئەو میحوەرەش دەکەوێتە سەر رێگای سەرەکی موسڵ _ شێخان لە نزیك گوندی نا وەران لەسەر چیایەکی نزم چە ندەها قوربانی دراوە . [١٥٠]

---

[١٤٩] ـ پێزانین لەسەر گوندی دووبەردان لە بەرێز صالح خدر ئاغا دووبەردانی وەرگیرایە .

[١٥٠] ـ پێزانین بە سوپاسەوە وەرگیرایە لە بەرێز مامۆستا عبدالستار صالح سێکانی .

## د ـ ناحیەی قەسرۆك:

یەکێکەڵە ناحیەکانی سەر بە قەزای شێخان(٢٦)کم لە سەنتەری قەزا دوورە ، بەرێ قەسرۆك سەر بەناحیەی مرێبا بوو ، ناحیەی مرێبا لە ١١ /٦ /١٩٨٧هاتە هەڵوەشاندن ، سەرلە نوێ ناحیە لەرێکەوتی ٦ /٣ /١٩٩٦لە ناوەندی قەسرۆکی هاتە دانان کە دەکەوێتە شوێنێکی دەشتایی هەردوو دەشتی ناوکوڕ و شەمکان لە خۆدەگرێت لە نێوان هەردوو ڕووباری خازرو کۆمل دایە بەپێی داتای کشتوکاڵی قەسرۆك رووبەری زەوی دێمی(٨٧٥٤٥ ، ٥)دۆنم زەویدەبێت ، رووبەری زەوی بەراو (٦١٦٧ ، ٥)دۆنم دەبێت ژیانی خەڵکی زیاتر لە سەر کاری کشتوکاڵی بەخێوکردنی مەڕماڵتە ، ناحیەی قەسرۆك لەچەندین عەشیرەت پێکهاتیە لەوانە : گۆران ، مزوری ، شەڕەفانی ، هەرکی ، زێباری ، کۆچەر پێکەوە دەژین .

پێش ئەوەی ببیتە کۆمەلگا بەپێی ئاماری ساڵی ١٩٧٥ژمارەی دانیشتوانی (٣٦)کەس بوون ، لە ئاماری پارێزگای دهۆکێ بۆساڵی(٢٠١٦) ژمارەی گشتی سنووری ناحیە دەگاتە(٤٢١١٨)کەس لەوانە (٢٨١٧٦) کەس لەسەنتەری ناحیەو کۆمەلگاکان دەژین ، (١٣٩٤٢)کەس لە گوندەکان دەژین .هەرلەدامەزراندنی تاکو ئێستا ئەو کەسانە رێڤەبەری ناحیەی قەسرۆك بوون :

١ـ ئەیسەر جەرجیس حەمید لە ١٦ /٣ /١٩٩٦ .

٢ ـ عادل ئەمیر عومەڕ لە ٧ /٤ /١٩٩٨ .

٣ـ خالد عەباس حاجی ئاغا لە ١٥ / ١١ / ٢٠٠١ .

٤ـ هەڤال محەمەدەشەریف لە ٩ / ٧ /٢٠٠٢ .

٥ ـ شێردل سمۆ جۆقی لە ٢ /١٠ /٢٠٠٦ .

٦ـ شەعبان خەلیل عەبدولا لە ٢٣ /٥ /٢٠٠٧ .

٧ـ شێردل سمۆ جۆقی لە ٢٣ / ١٠ /٢٠١١ .

## کۆمەلگاو گوندەکانی گۆرانان سەربە ناحیەی قەسرۆك ئەمانەن :

### ١ـ کۆمەلگەی چرە:

کۆمەلگەی چرە شوێنێکی ستراتیجی هەیە دەکەوێتە ڕۆژئاوای ڕووباری خازر لە ناو دەشتی ناوکورە خاکێکی بەپیت بەرەکەتی هەیە ووشەی (چرە) واتا خاکێکی چڕ و مچ و لێکدرایە ، کۆمەلگایەکە سەر بە ناحیەی قەسرۆکە ، (٧)کم لە سەنتەری ناحبیە دوورە ، لە سەر رێگای نێودەولەتی نێوان دهۆك و هەولێرە ، کۆمەلگای چرە لە ٥پێج گەرەکان پێك هاتیە ،(١١٥٠) خانی لە خۆ دەگرێت نزیکەی (١٢)هەزارکەسن ، لەو عەشیرەتانە پێك هاتیە(شکاك ، گۆران

، زێباری ، گۆڤەیی و مزوری ) پێش ئەوەی ببیتە کۆمەلگا بەپێی ئاماری ساڵی ١٩٧٥ ژمارەی دانیشتوانی (٢٢٣)کەس بوون ، ژیانی خەلکی زیاتر له سەر کاری کشتوکاڵی بەخێوکردنی مەڕماڵتە هەروەها پێشمەرگەو کاسبکارو فەرمانبەریان تێدا هەیەو کۆمەلگەی چرە جوار قۆتابخانەی بنەرەتی دوو ئامادەیی کوڕان وکچان له خۆدەگرێت لەگەڵ باخچەیەکی زارۆکان ، هەروەها پێنج مزگەوتی تێدایە.

**٢ـ گوندی مەلابڕوان مەسیحی:** گوندێکی دەشتی ناوکوڕە سەربە ناحیەی قەسرۆکە (٦)کم له سەنتەری ناحیەی دوورە ، گوندی گلدانیانە بەواتای گردی خێروخۆشی بەخشین دێت لەساڵی (١٨٨٢) مەسیحیەکان له دەڤەری زێباریان وئاکرێ هاتوونە گوندیان ئاوەدانکردیە ، هەندەك کوردی موسلمان له عەشیرەتی گۆران بوون له گەڵ چەند ماڵە جووەك پێکەوە دەژیان ولەساڵی سێستەکان خەلکی گوند ئاوارەی موسل بووندوای راپەڕینی بەهاری ساڵی (١٩٩١) گەڕانەوە گوندی خۆیان ، ئێستا دانیشتوانی گوند دەگاتە٣٦٠کەس ، کەنیسەی مارساو شوێنەوارێکی دیارو بەرچاوە لەگوندی ، ساڵی ١٩٨٤ قوتابخانە له گوندی کرایەوە .

**٣ـ گوندی مەلابڕوان:** یەکێکە له گوندەکانی یەکەی کارگێڕی ناحیەی قەسرۆك(٥)کم له سەنتەری ناحیەدوورە ، ژمارەی دانیشتوانی دەگاتە١٧٠کەس ، دانیشتوانی کوردی موسوڵمانن ، ژیانیان لەسەر کاری کشتوکاڵی بەخێوکردنی مەڕوماڵت بەرێوەدەچێت .

**٤ـ گوندی زیناوا غازی:** ووشەی زیناوە ووشەیەکی لێکدراوە له دوو ووشە پێکهاتیە (زین +ئاوا) دیارە کەسێك ئاوەدانی کردیە ناوی زین بووە دوواتریەکێك بەناوی غازی تێدا ئاکنجی بووە ، ٢٥کم لەسەنتەری ناحیەی قەسرۆك دوورە ، ژمارەی دانیشتوانی بەپێی ئاماری ساڵی (١٩٧٥) بریتی بوو له(٩٦)کەس ، ئێستا ژمارەیان دەگاتە (٢٥٠)کەس ، ئەو گوندە چەندجاران خراپکرایە ، پێکهاتەی ئەو گوندە له عەشیرەتی گۆرانن ، ژیانیان لەسەر کاری کشتوکاڵی و بەخێوکردنی مەڕوماڵت بەرێوەدەچێت ، ساڵی ١٩٨٠ قوتابخانە له گوندی کرایتەوە

**٥ـ گوندی زیناوا میری:** سەر بەیەکەی کارگێڕی ناحیەی قەسرۆکە ، (١٥)کم له سەنتەری ناحیەی دوورە ، پێکهاتەی گوند له عەشیرەتی گۆران و بەرەبابێکی (گۆڤەی) تێدایە پێکەوە دەژین ، ژمارەی دانیشتوانی گوند بەپێی ئاماری ساڵی (١٩٧٥)بریتی بوو له(٢٧٢)کەس ، ئێستا ژمارەی دانیشتوانی دەگاتە(٧٦٠) کەس ، ژیانیان لەسەر کاری کشتوکاڵی بەخێوکردنی مەڕوماڵت بەرێوەدەچێت ، ساڵی(١٩٩٧)قوتابخانە له گوندی کرایتەوە .[١٥١]

---

١٥١ـ پێزانین لەسەریەکەی کارگێڕی ناحیەیقەسرۆك لەمحەمەدعارف تەتەر وموسەددەق تۆڤی له سوپاسەوە وەرگیرایە .

**ــ گوندی کێلەسپی:**

**سەر بە ناحیەی گردەسێنە لە قەزای ئاکرێ ، (١٥)کم لە سەنتەری ناحیە دوورە(٣٠)کم لە ئاکرێ دوورە ، قەبرستانێکی کەون دەکەوێتە پشت گوندی قێلی قەبرستانیان هەمووی بەردی سپیە لەبەرهەندێ ناوی گوند لێنرایە (کێلەسپی) ، باکوڕی گوندی ، مام خەلیفەیە. باشووری ناحیەی رۆڤبایە ،**

**گوند لەساڵی ١٩٦٤ئاوەدانکرایە ، دووبەرەباب ، لێدادەنیشن بەرەبابی (عەبزێدی) لە عەشیرەتی گۆرانن ، هەروەها بەرەبابێکی چاربۆتی لە عەشیرەتی سورچیان پێکەوە دەژین ، کاری سەرەکیان چاندنی دوغل و دانە وەکوگەنم و جۆ هەروەها خەریکی شینایی و بەخێوکردنی چێل و مەڕومالّت و پەلەوەرن ، گوند ئێستا ٧٥ماڵ دەبن ، قوتابخانە ساڵی١٩٧٦لە گوندی کرایتەوە.**

**ــ گوندی پیربوب :**

**گوندێکە سەربە ناوەندی قەزای شێخان ، لەساڵی١٩٧٠دانیشتوانی گوند پشکداری شۆڕشی ئەیلول یان کرد ساڵی ١٩٧٥ ئاوارەی ئیران بوون گەڕانەوە لە ئیران بۆ پارێزگاکانی باشووری عیراق دوورخرانەوە پاشان زۆربەیان لە کۆمەلگەی شاوێس ئاکنجی کران ، لەساڵی ١٩٧٥لەلایەن رژێمی بەعس هاتە تەعریب کردن ،**

**دوای رزگارکردنی عیراق لە ساڵی ٢٠٠٣ ئاوارەکان گەڕانەوە سەر زێدی بابوباپیرانیان ، گوند سەر لە نوێ ئاوەدانکرایەوە ، بەپێیئاماری ساڵی ١٩٥٧ژمارەی دانیشتووانیگوند (٢٨٣)کەس بوون ، ئێستا ٨٩خێزانتێدا ئاکنجینە ژمارەیان دەکاتە٦٧٨کەس ، هەموویان کوردی موسلمانن لە هۆزی گەورەی گۆرانن لە عەشیرەتی رۆژبیانین ، چەند مالێکی شکاك و ئۆمەربل و مزوری لە گوندی دەژین ، کاری سەرەکیان چاندنی دەغل و دان و بەخێوکردنی چێل و پەلەوەرە ، سەرەڕای هەندێ گوند دەکەوێتە سەر ڕووباری گۆمل خەریکی کاری بیستان و شینایین ، ساڵی ١٩٥٨ قوتابخانە لە گوندی کرایتەوە بە زمانی عەرەبی دوخوێندرا ئێستا قوتابخانەیەك لە گوندی هەیە سەربە حکۆمەنی هەرێمی کوردستانە .**

# بەشی چارەم : باسی یــەکەم:

## بنەمای کـــــۆمەلایەتی دەڤـــەری گۆرانەتی

### پێکـەوە ژیانی کۆمەلایەتی :-

به درێژایی مێژوو نەتەوەی جۆراو جۆر لە موسل ژیاون ، پەیوەندی کۆمەلایەتی و ئاینی یان لە نێوانیان هەبووە ئاینی زەردەشتی زال بووە بەسەر هەموویان ئەنجا ئاینی مەسیحی و جووەکان بەلاّم دوای هاتنی ئیسلام لە سالّی ٢١ کۆچی زۆربەیان بوونە موسلمان ، پەیوەندی کۆمەلایەتیان نەپچرا بەلکو بە هێزتر بوو هیچ رووداوێکی نەخوازراو لە مێژوو باس نەکرایە لە نێوان پێکهاتەکان( موسلمان و ئێزدی ، کاکەیی ، مەسیحی و جووەکان ، ) روویدابێت بە تایبەتی رۆژهەلاّتی شاری موسل گۆرەپانی لێبوردەیی پێکەوە ژیانی ئاینی نەتەوەکانە ، فرە ئاینی لەخۆ دەگرێت ، موسلمان ، ئێزدی ، کاکەیی مەسیحی ، پەیوەندیەکانیان زۆر بەهێز بووە داب و نەریتەکانیان زۆر لێك نزیکن ، دەستهەلاّدرانی ئەو سەردەم بۆ بەرژەوەنی خۆیان ناکۆکیان لە نێوان لایەنی ئاینزاکان دروست دەکرد بۆ ئەوەی بە سەریان زالّ بن ، هەروەها میر نشینە کوردییەکان بۆ مەرامی خۆیان لایانگیری ئاینێکیان دەکرد دژی ئاینێکی تر .

جگە لە مەراسیمی ژن هێنان ، لە خێر و شەر و خۆشی و نەخۆشی و بۆنە ئاینیەکانی یەکدی ئامادەدەبوون ، سەردانی شوێنە پیرۆزەکانی ئاینی یەکتر دەکەن ئەوەش ئەوە دەگەیەنی بیرو بووچوونی ئاینی کۆنیان لێك نزیك بووە ، یەك ئاین بوونە ، هەر وەها جوداییەکی بەرچاو لە نێوان شێوە ئاخفتنیان نەبووە بە ئاسانی لێك تێگەیشتتونە ، ئەو نەتەوانە هیندو ئەورووپینە لە کۆنەوە دیاردەکانی سروشتیان دەپەرست وەکو: رۆژ ، هەیف ، دار ، ئاگر ، رۆناهی و روبار

گۆران وشەبەك و کاکەیی و ئێزدی پاشماوەی ئەو نەتەوە گەورە بوون ، لە شوێنی خۆیان مایتنەوە و بەردەوامن لە پێکەوەژیان ، بەرژەوەندی گشتی هاوبەشی خۆیان دەپارێزن ، گۆران لەگەلّ شەبەك و کاکەیی و ئێزدی و جولەکەو برا مەسیحیەکان بە سەدان سالّە پێکەوە دەژیان و پەیوەندیان خۆشبوو ، بەرزکردنەوەی دروشمی پێکەوە ژیان فاکتەری سەرەکیە بۆ پاراستنی پەیوەندییەکانیان ، هەموویان هاوسنووری یەکتری بوون ، هیچ لایەکییان پەلاماری خاکی یەکتریان نەداوە ، هەروەها گۆران پەیوەندی باشی هەبوەو هەیە لەگەلّ سورچی و زێبار ، گۆران یان شەبەك کاتی مندالّی خۆیان سونەت دەکرد لە کۆشی کەسێکی ئێزدی سونەت دەکرا ، دەبوونە برای یەکدی پێیان دەگۆت (کریفێ خوینێ ) بۆ ئەوەی پەیوەندی یان موکوم بێت ، هەموو شتیان لێك حەلال دەبوو ئیلاّ ما حەرمە الله.سەرەرای ئەمانە قوتابخانەکانی دەڤەری گۆرانەتی مامۆستایانی فەلەو شەبەکو ئێزدی خزمەتی قوتابیانی دەڤەری گۆرانەتیان کردووە ، زۆر

تیرەو بەرەبابەکانی کۆنی گۆران وشەپەك و کاکەیی و ئێزدی دەگەنە یەکدی دەبنە خوێنی یەکتر ، جگە لە لێکجودایی ئاین و بیرو بۆچوونیان ، هیچ کاتێك کێشەی ئاینی تایفە گەری و عەشایری لە نێوان پێکهاتەکان روونەداوە ، هەموو لایەن و پێکهاتەکان کڕین و فرۆشتنیان لە کەل یەکدی هەبوو . باشترین بەلگەلە کتێبی ابن حوقل لاپەرە ١٩٦ باسی بازاری یەك شەممە (سوق الاحد ) دەکات دەکەوێتە سەر ئاوی خازر لە بناری چیای مەقلوب مەبەستی (کانی ئاوی گەرم )ە سەربە دەڤەری گۆرانەتی گۆڕینەوەی بازرگانی بەرهەمی کشتوکاڵی و بەروبومی سپیایی لێئەنجام دەدرا رۆژهەڵات و رۆژئاوا و سۆران و بادینانی پێکەوە دەبەستەوە ،

لە گۆڤاری سەرهەڵدان ژمارە١٢ ، ١٣ساڵی١٩٩٤ دهۆك لە وتاری کاك شاخەوان هاتیە: شەبەك و گۆران و سارولی لە دەوری میری لەری (شاوبردی )گرد بوونەوە دوای شکست هێنانی لە دژی شاە عەباسی سەفەوی ، دیسان گەڕایەوە بۆ شەڕ بۆ جاری دووەم دیسان شکستی خواردبوو ، بۆیە لە نێوان ساڵانی ١٦٠٠ـ ١٦٢٠ز میری لەری شاوبردی بە دوواکەوتووەکانی خۆی کە خەلکی ئەو دەڤەرەلە گەل بوون پەنایان بردبوو بەر دەولەتی عوسمانی ، میری لەری شاوبردی موسلی هلبژارد بۆ ئەوەی خۆی دوور رابگرێت لە دەسەڵاتداری عوسمانی و لە هۆزو خێل و عەشیرەتەکان لەمبەر و بەربەستێك دروست بکات لە دەوری شاری موسل دژی سەفەوییەکان ( شەبەك لە ڕووباری خەوسەر تاکو ڕووباری خازر ؛ گۆران لە ئاوی خازر بەلای چیای مەقلوبی تاکو دەگاتە زێی بادینان ؛سارولی لە رۆژهەڵاتی شەبەکستان کە دەکەونە باشووری دەڤەری گۆرانەتی تاکو ببنە دیوارێکی قایم دژی هەر پەلامارێکی سەفەوییەکان چونکی دوژمنی ئەون ، میری لەری شاوبردی لە کتێبی شەڕەفنامە ئاماژەی پێکرایە بەدرێژی باسی لێوە دەکات . [152]

**دۆخی کۆمەلایەتی:** مێژوونووسان وەکو پێویست بایەخیان بە بارودۆخی ژیانی کۆمەلایەتی دەڤەری گۆرانەتی نەداوە بۆیە زانیاری پێویست بەردەست نیە ، ئەو زانیاریانەی بە دەستمتان کەوتووە لە زاری تەمەنداراني هاوچەرخی خۆیان ئەوانەی لەو دەڤەرە ژیاون کۆکراینەوە زۆریانیش لە ژیان نەماون ، دیاردەی کۆمەلایەتی لە دەڤەری گۆرانەتی مۆرکی عەشایری نەك عەشیرەتگەری پێوە دیارە ، لەبەر ئەوەی خاکێکی بە پیت وبەرەکەتی هەیە لەناو خانی جێگیر بوونە ، تاکو دەسپێکی سەدەی بیستەم ئەو خێزانانەی زۆر مەڕومالاتیان هەبوو لە دووای لەوەڕ دەگەڕان بە زستانان دەگەرانەوە گوندی خۆیان واتە نیمچە کۆچەری بوون . لە بەرێ دانیشتوانی دەڤەری گۆرانەتی دوو چین بوون: چینی یەکەم ئاغاکان و سەرۆك عەشیرەتەکان خاوەن پێگەیەکی شایستە و دەستهەلاتداربوون لە ناو کۆمەلگادا ، چینی دووەم چینی گشتی بوو پێکهاتبوون لە جۆتیارو کرێکارو هەژارەکان بەیانی تاکو هێوارێ کاری کشتوکاڵی و ئاژەلداریان

١٥٢ـ گۆڤاری سەرهەڵدان ژمارە١٢ ، ١٣ساڵی١٩٩٤ دهۆك ، وتاری کاك شاخەوان

دەکرد شەویانیش دەخستەسەر بە هێزی دەستوبازو و ئارەقەی ناوچەوانی خۆیان دادەڕشت تاکو بژێوی رۆژانەی خێزانەکانیان دابێن بکەن ، دەست لۆ کەس پاننەکەنەوە ، بە سەربلندی بژین و شەرمەزاری مالۆمندالٚ و مێوانی خۆیان نەبن ، لە کۆنەوە دەڤەری گۆرانەتی لە چەندین جۆر ئاینزا پێکهاتبوو ، هەرچەندە زۆربەی دانیشتوانی موسلمانن ، بەلام جولەکە و مەسیحی و ئێزدی لێرە ژیاون بە کورتی باسیان دەکەین : جولەکە لە گوندەکانی ئەو دەڤەرە لە هەزارەی یەکەمی پێش زاین لێرە ئاکنجی بوونە ، شەلمانسەری پێنجەمی ئاشوری(٧٢٧ـ ٧٢٢ پ. ز) جولەکەکانی لە ولاتی خۆیان بە یەخسیریانی کرد و دابەشی سەر ولاتانی دەوروبەری ژێردەستهەلاتی خۆی کردن ئەوانە پاشماوەی ئەو شالاوی ڕاگواستنەوە بوون لێرە مانەوە ، داب ونەریتی کوردەواری خۆیان پاراستبوو زۆر زەحمەت بوو  لە کەسی کورد جودایان بکەیتەوە ، تاکو سالٚی ١٩٥٠ لەو دەڤەرە نەمان بەرەو شاری موسل و بەغدا چوون و گەڕانەوە ئیسرائیل★

★ـ دکتۆر فرسەت مەرعی یهود کوردستان گۆڤاری دهۆك ژمارە(٢٥) ، سالٚی ٢٠٠٤لاپەرە (٨٧)

مەسیحیەکانی دەڤەری گۆرانەتی زۆر لە مێژە لە گوندەکانی هەزارجۆت و مەلا بڕوان دەژین هەروەها لە دیرمارمەتی لە چیای مەقلوب لە گەل هەردوو گوندی مێرگێ و مغارە گوندی کۆرانان بوو ، لە دووای ڕاپەرین مەسیحیی تێدا ئاکنجی بوون . ئێزدی لە گوندەکانی دەڤەری گۆرانەتی شان بە شانی دانیشتوانی گوندەکانی ئەو دەڤەرە پێکەوە دەژیان کاری بازرگانی کشتوکالٚیان دەکرد ، تاکو سالٚی ١٨٣٢ز لەشکری میر مەحەمدی رەواندزی فەرمانی دەکردبوو بۆ سەر ئێزدخانە ئەوەی کۆژرا ئەوەی بە  بارمتە گیران هەر لە زێی بادینان پەڕیەوە ئێزدی راونا تاکو کەیشتە ئامێدی سنجارو زاخۆ . ★ یەکەم سەرژمێری رێك بە فەرمی لە عیراق رۆژی١٩/١٠/١٩٤٧ ئەنجامدرا ، بڕیاریش درا هەر ١٠سالٚ جارێك سەرژمێری گشتی دانیشتوان بکرێت  ، لە خشتەی خوارەوە  سەرژمێری پێکهاتەی.............................. ★ـ ئامێدی ، ئیمارەت بادینان لاپەرە (١٤٢)

کۆمەلایەتی ناحیەی بەردەرەش  بۆ هەردوو ئاماری سالٚی ١٩٤٧و ١٩٥٧ ★

| ئاین | رەگەز | ئاماری ١٩٤٧ | ئاماری ١٩٥٧ |
|---|---|---|---|
| موسلمان | نێر | ٤١١٥ | ٩٣٢٢ |
| | مێ | ٥٨٧٠ | ٦٤٧٠ |
| مەسیحی | نێر | ٤٨ | ١٧٦ |
| | مێ | ٢٧ | ٣٢ |
| جولەکە | نێر | ٧٩ | ـ |
| | مێ | ١٢٠ | ـ |
| ئێزدی | نێر | ٢ | ١ |
| | مێ | ـ | ٢٤ |
| سەرجەم | | ١٠,٢٦١ | ١٦,٠٢٥ |

# باسی دووەم:   پێناسەی  گۆران

## أ ـ  گــــۆران بەبیرو بۆچوونی مێژوونووســـان :

١- (شارل ولیام ولسن)و (هانری راولنسن) وابۆی دەچن ناوی گۆران واتە دانیشتووانی چیا لەوشەی (Gur) گۆر یان Gir= گیر واتە بڵندی  وەرگیرایە .

١-	سۆن (Sun) دەڵێت: گۆران وشەیەکی کرمانجیە.

٢-	سترابو  (Estirabo)  بە واتای کۆن دێت بەمیللەتێك ناو دەبرێت کرمانجن= کوردن.

٣-	دیسان سۆن (sun) ناوی گۆران بەپاسەوان وجوتیاران دەگوترێ .

٤ـ ئۆمان (Omman) بەدزو جەردە دەڵێن گۆران.

٥ـ  لەناوچەی باڵەکایەتی بەدزو جەردە دەڵێن گۆران.

٦-گۆران دراوسێی میدیانە بەڵام میدیای نین ، لەزمانیش بەمیدیاکان ناچن.

٧- شارل ریو (Sharls Rie) دەڵێت: گۆران لەوشەی گۆڕان = وەلگەڕان هاتووە ، لەئاگر پەرستی هەلگەڕاینەتەوە سەر ئایینی ئیسلام بەڵام دەبێ لەگەڵ وشەی گاوران تێکەڵ نەکەین.

٨- لەلێکۆڵینەوەی مێژوویی بەدیار دەکەوێت کەمیدیاو فرس ناگەڕێنەوە سەر رەچەڵەکی ئارامییان ، بەڵام بناغەی گۆران دەگەڕێتەوە بۆ ئارامیان. واتە گۆران سەر بەئۆرامیانن .ئۆرامان یان ئەورامان راستیەکەی ناوچەی هەورامانی ئێستا دەگرێتەوە.

٩- ئۆممان  (Omman) دەڵێت: گۆران هەر لەکۆندا گەلێکی شارستانی بوونە.

١٠- مامۆستای مێژوونووسی خوالێخۆشبوو شەهید مەلا جەمیل رۆژبەیانی دەڵێت: دەوڵەتی حسنویە وعباریەو ئەردەلانیە ، لەنێوان گەلێك دامەزرانە کەشێوەی ئاخافتنیان گۆرانی کوردی تەواوە ، شارستانیەتی خۆیان پاراستیە ، بەپێچەوانەی کوردە رەوەندو کۆچەرەییەکان.

١١ـ هاکۆبیان دەڵێت : گۆران لە ناوی گەلی کۆنی گائورانیە هاتووە   ،  ئەمانەش لە نووسینە بسماریەکان ناویان بە گەلێکی خاکی ئۆرارتووەکان هاتووە ، پاشان دەڵێت : دوورنیە گائورتی هەر گەلی کیمری بن . هەر وەها دەڵێت دووریش نیە گۆران لە گورهران یا وەرهران هاتبێت

١٢ـ هادی رەشید بەهمەنی دەڵێت: هەموو هۆزانی نێوان شیرازو  کەنداو و  سنەو  کەرکووك و هۆزانی شەبەك و زازاکان بە زاراوەی گۆران قسەیان کردوو  ،  هەر وەها نووسەر دەڵێت بلوج و براخۆیی و  ژمارەیەك لە دانیشتوانی قەرەباخ و بایەزیدیش بە زاراوەی گۆران قسەیان کردووە

١٣ـ ئەمیر ئەمینی هەورامیان بە ئەشکانیان دەزانێت و زاراوەی گۆران ـــ یش کە هەورامیەکانی ئەمرۆ  پێی دەدوێن  بە کۆنترین زمانی ئێران دادەنێت  کە تاکو ئەمرۆ  گۆڕانێکی ئەوتۆی بەسەردانەهاتووە. زمانی عەرەبی بووەتە (جابرقە ـــ گابرقە)   پاشان گابرقە بووەتە گۆران  ،

ــ ئیتر بەدرێژایی رۆژگار بە هەر هۆیەکەوە بووبێت هۆزگەلی گۆران بۆ رۆژئاوای شاری کرماشان وئوستانی سنه و رێگەی نێوان بەغداو کرماشان بلاو بوونەتەوە ، ژمارەیەکی زۆریشیان لە گوندەکانی ناحیەی بەردەڕەش وبن چیای مەقلوب نیشتەجێ بوون ، هەروەها لە مەندەلێ وقازانیە و دوشتخ و جێوارن .[153]

ــ ژمارەیەکی زۆریشیان له نێوان شاری باقووبه و شاری بەغدا نیشتەجێن بە جۆران یان جەورەتان ناویان دەبەن بۆتنە رەگەزی عەرەب ، خۆیان دەڵێن لە ئێرانەوە هاتووین.

ــ هەر وەها دەڵێن هەندێك لە دلێمیەکان خۆیان بە گۆران هەژمار دەکەن و هاتوچۆی دەڤەری گۆرانەکانی و ناوچەی بەردەڕەش دەکەن. دوورنیە هۆزی (گەوران)ی ئوردن وسوریا وهۆزی گەورك هەرگۆران بن وهۆزی (گاوان)ی خاوەنی شاری حیللەش کە زیاتر لە (٤٠٠) ساڵ پارێزگاری عەبباسیەکانیان کردووە هەر لە رەسەنی گۆرانن .

ــ بەشێکی زۆری ئەم هۆزە لە قۆچان وشێروان نیشتەجێن ، لەبەر ئەوەی هاوسێی تورکانن ، بۆیە داب ونەریتیان بە داب و نەریتی تورکەکان دەچێت .بە بیرو رای مینۆرسکی گۆران وتات و تالش لە (ما وراو النهرێن) هاتوونەتە ئێران .[154]

## ب ـ گۆران بەبیرو بۆچوونی مێژوونووسە ئێرانیەکان:

بە قسەی زۆربەی مێژوو نووسە ئێرانیەکان گۆرانەکان کاتی خۆی لە خۆرهەڵاتی چیای زاگرۆس ولە ناوچەکانی زنجانو ئازەربایجانەوە ئاودیوی خۆرئاوای چیای زاگرۆس بووینە ، گۆرانەکانیش هەمیشە بە سەربەستی ژیاون و ئەمارەتیان دروست کردووە.. بەبۆچوونی هەندێك لە زمانناسان ناوی (گۆران)یش بە واتای کۆبوونەوەو لەشکر ئامادەکردن دەگەیەنێت. (فیردەوسی)یش لە شانامەکەیدا بەم بەیتە شیعرە باس لە سوپای گۆرانان دەکات:وزێن دورتر ارس رزم سوز ــ چو گۆران شە ان گرد لشکر فروز.

مەڕدوخی دەڵێت:(ماد)بە خۆ و بە کوڕەکانیەوەتوانیویەتی ئیمپراتۆریەتی ماد دروست بکەن و هەر ناوچەیەك لە ولاتەکەی بە ناوی کوڕێکیەوە ناو نراوە وەك :کورد ، دەیلەم ، گێل ، خەزەر ، پارس ، ئابات و گارموك . ناوی (گارمۆك)یش بەدرێژایی رۆژگار گۆڕاوەو بووە بە (گۆران). ناوی گۆران لە زمانی عەرەبیش بوویتە جۆران ، دووریش نیە هۆزی گاوان ـ جۆران یش هەر گۆران بن ، بەلام لەسەدەکانی ئەم دواییە بێجگە لە ناوی هۆزی گۆران لە ئوستانی سلێمانی بە رێنجبەریش گوتراوە گۆران.[155]

---

١٥٣ــ عبدولکەریم ئەفەندی ،کتێبی هۆزێت کورد ،چاپی ساڵی١٩٩٦ دهۆك

١٥٤ـ مێجەرسۆن گەشتەکەی لە نێوان دووئاوان و کوردستان بەرگی ١ لاپەرە١٣٨

١٥٥ــ یاسین حسن حوسێن ( گۆران لە نێوان....... چاپخانەی منارە هەولێر ٢٠١٤ لاپەری( ٢٢) .

## ج ـ  گوران لەسەرچاوە مێژووییەکانی عەرەبی ئیسلامیدا

لەلاپەرەکانی پەرتووکی شاهنامەی فردەوسی ، یاقوتی حەمەوی ، مەقریزیەو شەرەفنامە ، ئەمانەگشتیان سەرچاوەی مێژووی کۆنن ، مێژووەکەی ١٠٠٠ ساڵ زیاترە ، هۆزی گۆران هۆزێکی کۆن ومێژووی نەتەوەی کوردن سێ بەشی پێکهاتەی کورد پێکدەهێنن ، لە گشت پارچەکانی کۆردستانی گەورە بەربەلاۆن بەتایبەتی لەعێراق ، لە ئێران ناوچەکانی سەحەنە ، کرماشان ، ئیلام ، ناوچەی خۆراسان ، لە عێراقیش موسل ، هەولێر ، دهۆك ، واست ، بەغدا ، سلیمانی ، کرکوك ، ناوچەی گەرمیان وله دەرەوەی کوردستانی گەورە هەنە .گۆران لەچەندین هۆز و تیرەوە بەرەباب پێکهاتوون وەکو زەنگەنە ، برادۆست ، گشت کاکەیەکان وهەورامی هەروەها لە وولاتانی عەرەبی و ئەفغانستان و پاکستان هەنە .

ناوی گۆران ناوێکی کۆنە ، کۆرانەکان توانیویانە میرنشینێکی گەورە لەناوچەی کرماشان وئیلام دابمەزرێنن ، شێوەزاری گۆران شێوەزاری ئاخاوتنی فەرمی دەولەتی میدیەکان بووە کەمێژووەکەی بۆ ٥٠٠ ساڵ پ.ز دەگەرێتەوە .

خێڵی گوران خێڵێکی زۆرگەورەیەو ناویان لەکتێبی شەرفنامە و فردۆسی هاتووە ، لە سەردەمی عەباسیەکان لەسەرچاوەکانیان بە (جۆرقان) ناسراوبوون ، ودواتر بەتایبەتی لە سەرەتاکانی سەدەی ، ٦ کۆچی بەرامبەر ١٢ زاینی ، بە (گوران) ناسران ، خاونی کتێبی (مجمل التواریخ والقصص) بۆ یەکەمجار ناوی جۆرقان بە (گوران) تۆماری کرد ، هەروەها ناویگوران لەنامەکانی (مەملوکی) تۆمارکراوە ، هەروەك چۆن (ابن فضل الله العمري) دوای دەستنیشان کردنی وولاتی کوردان لەچیاکانی هەمەدان وشارەزور (هەمەدان پایتەختی میدیەکان بوو) ە ، نووسیویەتی (گوران ئازاوچاو نەترسن و سەربازانێکی زۆرباشیان هەیە).

هەروەها (مقریزی) لەکتێبی خۆی کەباس لەهۆزە کوردییەکان دەکات ناویاندەهێنێ بەیەکێك لە هۆزە سەرەکیەکانی کورد ناویاندەبات وناوی چەند کەسایەتیەکی ئەم هۆزە دەهێنێ ، لەنامەکانی پاشاکانی (مملوکی) ناویان هاتووە ، زۆرپۆستی هەستیاریان هەبووە لەولاتی (شامومصر) ، لەسەردەمی پاشایەتی مملوکی دەیان سەرکردەو حاکم و زانایان هەبووە. هەروەها لەشاری (کرماشان) میرنشینی سەربەخۆیان هەبووە ، لەمێژووی کۆندا شارەکانی ، شارەزور ، کرماشان ، هەمەدان ، ئیلام ، لۆرستان وسنورەکانی خلیجی فارس (خلیجی عەرەبی) بەهەرێمی (گورانرا) ناسراوبوون واتە ولاتی (گوران).

## د ـ ووشەی گۆران  :

گۆران ناوێکە بەکۆمەلە تیرەو هۆز و خێل دەگۆترێت ، بەشێکی گرنگن لە پێکهاتەی کۆمەلگای کوردی،  لە ناوچەو دەڤەرەکانی کەرمانشاه وهەمەدان و دەهلەران ودەشتی شارەزورو خانەقین و دیالەو حەلوانی کۆن و موسل وقەزای  بەردەڕەش  و شێخان ناحیەی باشیك و خەبات بەلأون ، ئەو گۆرانانەی هاتوونەتە دەڤەری بادینان لە شوێنی ئەسلی خۆیان دابڕانە لەبەر ئەگەرێن سیاسی و کۆمەلایەتی و قات و قڕی .....دەڤەری گۆرانەتی لە بادینان پێکهاتەیەکی بەرچاوە لە پارێزگای دهۆك و موسل . بیرو بۆچوونەکان وابۆی دەچن ، ووشەی گۆران لە گۆڕان هاتیە بۆنموونە:-

١- زۆر تیرەو بەرەبابی گۆران ، لەکوردستانی رۆژهەلأت ، لە نێوان تەهرانو کرمانشاەو دەڤەرەکانی کەرکوك وسلێمانیو موکریانی هاتوونە لەدەڤەری نێوان ڕووباری زێی گەورەو هەردوو ڕووباری خازرو گۆمر نیشتەجێ  بوونە وەکو(گێژ ، چۆپانی ، شێخ بزێنی ، باجەلان ، زەنگەنە ، بلباس ، مووسەی ، هەمەوەند ، رۆژبەیانی ، رەشگەریی ، سوورداش  ، جاف  ، وەند  ، مامەسەنی  ، سیامەنسوری ،  شابازی ، ئۆمەربل ، داودی .... ،  ئەوانە هەموویان بەڕەچەلەك گۆرانن ، هەربۆیە  ئەو دەڤەرە بە گۆران ناودەبرێت.

٢ـ لێدوانی بورهان تەورێزی دەربارەی گۆران نووسیویەنی : ووشەی گۆران بەکۆمەلەیەکی ئاگرپەرست دەگۆترێت پاشماوەی زەردەشتیەکانن ، دوو بیروبۆچوون  سەرهەلدەدات . یەکەم :ئەسلی گۆران بۆ ووشەی ( گۆر ) دەگەرێننەوە ، بەواتای ئاگردان دێت.دووەم:  ناوی سۆران نزیکە لە گۆران ، سۆران لە ووشەی سۆر سورخ (سوهر) ی کوردی کۆن وەرگیرایە، بە واتای  رۆژ دێت  ، گریمان ناوی گۆران لە گۆر(ئاگردان) یان ئاگر هاتبێ  ،  واتە گۆران ناوێکە بە ئاگرپەرستان دەگۆترێ . [(1)١٥]

٣-خەلكی ناوچەی  گۆرانەتی کاری سەرەکیان بەخێوکردنی مەڕو مالٌتو کۆچەرایەتی بووە ، لەبەرپیتو بەرەکەتی خاکی  ناوچەکە لەژیانی کۆچەرایەتی گۆڕاون بۆ سەرکاری  کشتوکالٌی ، لەبەر هەندێ بەناوچەی گۆران ناو دەبرێت.

٤ -ئەو دەڤەرەی ئێستا گۆران تێدا دادەنیشن ، ئێزدخانە بوو ، بەلأم  شالأوی لەشکری میری سۆران میرمەحەمەدی رواندزی لەبەهاری سالٌی (١٨٣٢ز) بەناوی غەزا بۆ سەرئێزدییان دەستی پێکردبوو بەرەو ئەو دەڤەرە هاتبوو  ، فەرمانی بۆ سەر ئێزدیان و ئەوانەی هاوپەیمان بوون لەگەلٌ ئێزدیان فەرمان دەرکرد بۆ سەر ئێزدیان  ئەوەی کوژرا ئەوەی هەلٌ‌ت ئەوەی بوونە موسلمان کە ئێستا  بەشێخانی ناو دەبرێن.

---

١٥٦ـ (هاکۆیان) الکرد الگۆران  لە فارسییەوە نزارایوب گولٌی لاپەرە( ٣٧)

ناوچەی دەڤەری گۆرانەتی   هاتە گۆڕان تیرەو بەرەبابی تر تێدا ئاکنجی بوون دەڵێن لەبەر هەندێ ئەو دەڤەرە بەگۆران ناودەبرێت.

٥- وشەی گۆران ووشەیەکی لێکدراو بێت = گوهـ + ران ، گوهـ بەواتای چیا دێت: گوهستان.ران(چیا) بەسەر ناوچەیەکی دەشتایی خۆی راکێشرایە ، تەماشا بکەین چەند زنجیرە چیایەك وەکو زنجیرە چیای ئاکرێ ، باکورمان ، خێرێ بەسەر باکووری دەشتی ناوکوڕ خۆیان راکێشایە گوهران بوویتە (گۆران).

٦- دەشێت بێژین ئەو ناوچەیە ئاگر پەرست بوونە لە ئاینی خۆیان وەلگەڕانە بۆ سەر ئایینی ئیسلام ، گۆڕان بەسەر ئۆلیان داهاتووە ، لەبەر هەندێ بەگۆران ناودەبرێت.

ئەوە هەموویان بیرو بۆچوونە بەلأم بیرو بۆچوونی یەکەم لەهەموویان بەهێزترە. دەڤەری گۆرانەتی لەکۆندا شوێنێکی ستراتیژی هەبووە ، رێگای کاروان‌و لەشکربووە ، بازنە ئاسابووە ، فەرمانڕەوایەتی میرنشینانی سۆران‌و بادینانی پێکەوە بەستیتەوە ، زۆر سەرە رێی لێبویتەوە هەر شوێنێك زیاتر لەچوار رێگای لێبیێتەوە پێی دەگوترێ ، گۆی رێیان بوویتە گۆران. [157]

٧- دکتۆر زرار سدیق تۆفیق چەند لێکۆلینەوەیەك دەربارەی مێژووی کورد لاپەرە(٥٠)دەلێت: "(گۆران) پەیڤێکی دیرۆکی کۆنە و رەگێکی قوول و ریشەیەکی دووری لە مێژوودا هەیە وا دیارە گۆران لە (گەبران) ەوە داتاشراوە کە لە سەرەتای سەردەمی ئیسلامیدا واتای ئاگرپەرستان پەیرەوانی ئاینی زەردەشتی دەگەیاند و جەمکی گەبران بە پێی بۆچوونی مێنورسکی بەم شێوەیە  گۆڕان و پێشکەوتنی بەسەردا هاتووە :

گەبران – گاوبارەکان – گاورەکان –گۆرەکان – گۆران .

مێژوونووسەکان بە گشتی هەریەکەیان بە شێوازێکی رێك و پێك دەربارەی هۆزی گۆران بیروبۆچونی زانستیانەیان هەیە بە تایبەتی بیانیەکان رۆژهەڵاتناسەکان کە دەڵێن  :

گۆران یەکێکە لە دەیان هۆز و ئێل و خێل و تیرەو تایفەی کورد هیچ گومان دوودلییەکان لەم بارەوە دەرنەبڕیوە ، گۆران یان (الجورقان) لە سەردەمی عەباسیەکان هاتووە ، یەکێکە لە هۆزە کوردە ناسراو بەناوبانگەکان و لقێك پێکدەهێنێت لە چوار لقە سەرەکیانی نەتەوەی کورد "

---

١٥٧ـ یاسین حسن کتێبی( گۆران لە نێوان رێی بادینان و رۆژپاری خازر چاپی هەولێر ٢٠١٤ لاپەری( ٢٦)

## ه ـ نیشتمانی گۆران

گۆران واته نیشتەجێ واته بنەرەتی دروستبوونی کۆمەلگای کوردەواری واته گۆڕانی مرۆڤی له ژیانی راووشکار و کۆچەرایەتی بۆ دروستکردنی گوند و شارو شارۆچکه به رەوڕووی زانستی ولایەنی شارستانیەت و خۆ نوێ کردنەوه له چینایەنی سادەو ساکار بۆ ژیانی پێشکەوتوو خۆی بناسێت و شانازی به زمانی خۆی بکات و ئاینی تایبەت و خاك و نیشتمانی خۆی بپارێزیت ، ناساندنی کورد به جیهان .

ڤلادیمیر مینورسکی له نووسینەکانیدا دەربارەی گۆران زۆر بەلگەی هینایه که(جۆرقان)گۆرانه جۆرقان واته گۆران له باکوڕی رۆژئاوای لۆرستان ژیاون .

ابن الئەسیر ، لەپەرتووکی (انتشارالاکراد) بەهەمان شێوه قسەکانی مینورسکی دەسەلمێنێت ، یاقوتی حەمەوی باسی جۆرقان دەکات (گۆران) دەیان بەستەوه بەدەورۆبەری حەلوان ، به گشتی کوردستانی گەوره زۆربەی دانیشتوانی له نەوەی گۆرانن .

دکتۆر زرار سدیق تۆفیق چەند لێکۆلینەوەیەك دەربارەی مێژووی کورد لاپەرە(٥١)دەلێت: سەبارەت به زێدو نیشتمانی گۆرانەکان له سەده ناوەنجیەکان هەرچەنده به ووردی ناتوانێت دەستنیشان بکرێت ، بەلاّم به پشتبەستن به سەرچاوەکان دەشێین بلێین له دەرتەنگی حلوان – ئەلۆەند – پاوه – کرماشان – قرماسین – ماهیدەشت – کەنگاوەر – شاپورخواست – ناوچه شاخاوییەکانی خوارووی شارەرەزور ئاکنجیبوون ، یاقوتی حەمەوی (٦٢٦ك/١٢٢٩ز) دەلێت : جۆزەڤان – جۆرەڤان – وەچەیەکن له کورد اله دەوروبەری حلوان نیشتەجێن تەنانەت ئەم دەڤەرانه به وەلاتی گۆران و چیاکانی گۆران ناسرابوون .

نیشتیمانی گۆران له ڕووی جیۆپۆلیتیکەوه شوێنێکی گرنگ و ستراتیجی بوو بایەخ و تایبەتمەندی خۆی هەبوو رێگەی بازرگانی و سەربازی (بەغدا و خوراسان) ی پێدا تێدەپەڕی که به رێگای (طریق خراسان العظیم) دەناسرا تا دەسپێکی سەدەی شەشەمی کۆچی هۆزی شازەنگان کونترۆلی ئەم رێگەیەی کردبوو .

## و ـ دەڤەری گۆرانەتی:

دەڤەری گۆرانەتی پانتاییەکی گەورەی بەخۆویەوه گرتیه ، خاکێکی کشتوکالی پڕ پیتو بەرەکەتی هەیه ، رووبەرەکەی (١٥٨٠)کم٢ دەبێت ، زیاتر له(٢٠٥٣٥٠) کەسی تێدا دەژی گۆران له کۆمەله تیرەو بەرەباب پێکهاتیه ، هەر تیرەو مالّباتێك دەگەرێنەوه بو هۆزەکانی بەناوبانگی کوردی له سنەو کەرماشان و سلێمانی و هەولێر و کەرکوك بەلاّوون ، پێکهاتەی تەواوی کوردستان له دەڤەری گۆرانەتی بەرچاودەکەوێت .

گۆران لەبنەڕەتدا عەشیرەت نین بەلکو فیدراسیونێکی عەشائیریە نەتەوەیەکی مەزنن ، خەسلەتی عەشیرەتگەریان پێوە دیارنیە ، لەبنەڕەتدا گۆران عەشیرەت نین، گۆران بە ناوچەیەك دەگۆترێت تیرەو بەرەباب عەشیرەتەکانی گۆرانان لە خۆدەگرێت پێکەوە دەژین لە بادینان بە دەڤەری گۆرانەتی دەناسرێت . گۆران بە گشتی بەشێکی گرنگ و مەزنن لە بەشەکانی نەتەوەی کورد ، پێکهاتەیەکی کوردی گەورەن ، حەزیان لەژیانی ئازادییە ، گۆران لەزۆر تیرەو بەرەبایی جۆراو جۆر پێك هاتیە ،

دکتۆر زرار سدیق تۆفیق چەند لێکۆلینەوەیەك دەربارەی مێژووی کورد لاپەرە(٥٢)دەلێت: "سەرەرای ئەو دەڤەرانەی کە باسمانکرد ، هۆزێکی تری کورجبە نێوی گۆران لە سەدەی چوارەمی کۆچی/دویەمی زاینی لە هەندێك شوێنی ناوچە شاخاویەکانی زۆژهەلاتی موسل و دەوروبەری ئاکرێ (العقر) دەژیا ، مەسعودی بە هەلەداچووە ئەمانەی بە کوردی یەعقوبی نەصرانی داناوە ، جێگەی ئاماژەیە گۆرانەکتنی ئاکرێ حالی حازر هۆزێکی گەورەی کوردی موسلمانە بە سەر چەند هۆزو خێل و تیرەیەکدا بە ( العشائر السبعە) ناسراون لە قەزای بەردەرەش و گوندەکانی نیشتەجێن ، هەروەها لە سەدەی حەوتەمی کۆچی / سێزدەمی زاینی لە رۆژگاری هێرشەکانی مەغول بۆ سەر ولاتی هەولێر جارێکی تر ناوی گۆرانەکان هاتووە کە لە دەوروبەری هەولێر نیشتەجێبوون ، مەبەست هەر گۆرانەکانی دەڤەری ئاکرێ یە چونکە بە هەولێر پەیوەست بوون.

ژێدەرە مێژوویەکان روونیان نەکردۆتەوە چ پەیوەندیەك و خزماتیەك گۆرانەکانی بادینان بە هۆزی گۆرانی گەورە دەبەستێتەوە ؟؟ ئایا لە بنەرەتدا چەند خێل تیرەیەکن بە هۆی رووداوێکی سیاسی ، ئابوری ، کۆمەلایەتی یان هەر ئەگەرێکی دی بە دەستوری گۆرانە ئاوارە بووەکانی هەمەدان ، ئەمانیش لە نیشتیمانی خۆیان لە دەڤەرەکانی حلوان و کرماشان وشارەزور پەراگندەو ئاوارە بوونە ؟ یان هۆزێکی سەربەخۆن جگە لە هاوناوی هیچ پەیوەندیەك و نزیکاتیەك گرێیان نادات بە هۆزی گۆرانەوە" .

## ز ـ هۆزو تیرەو بەرەبابەکانی گۆران بە گشتی :

شەرەفخانی بدلیسی لە شەرەفنامە هەموو هۆزە کوردەکانی ئیرانی بە گۆران دایناوە دەلێت ژمارەیان هێجگار زۆر بووە ، هۆزو تیرەو بەرەبابەکانی گۆران بە گشتی ، بابۆنی لە گەنگاوەرو دەوروبەری ، قۆهی لە کەرماشان ، لە شەرەفنامە هاتووە ئێلەکانی سیامەنسوری ،چەنگنی ، زەنگەنە، بە نەژاد لە هۆزی گۆرانن .

خوالێخۆشبوو شەوکەت شێخ یەزدین دەلێ : خێلی گۆران لە ناوچەی گۆرانی ئیسلام ئابادی رۆژئاواو گوندەکانی دەورو بەری دەژین و بریتین لە دوو بەش : زنجاری و کەرەندەندی ، خێلی زنجاری لە گاهوارە نیشتەجێن ، پاشان دەلێت : گۆران لە چوار تیرە پێکهاتوون بە ناوی حەیدەری

، چوپانکارە(شوانکارە) ، بیویچ (بیوهێچ) ، تفەنگچی.هەروەها: باجەلان ، زەنگەنە ، شێخ بزێنی ، چۆپانی ، گێژ ، مووسەیی ، بلباس ، داودی ، جەباری ، ...هەمویان گۆرانن لەدەورووبەری کفری و کەرکووك وخانەقین بەلأوون

## پێکهاتەی کۆمەلایەتی دەڤەرەی گۆرانەتی :

دانیشتوانی ئەو دەڤەرە بە ڕەچەلەك خەڵکی خۆجێی دەڤەری گۆرانەتی نین ، پێش ١٥٠ سەدو پەنجا تاکو ٤٧٠ ساڵ زۆر لە تیرەو بەرەبابەکانی ئەو دەڤەرە لەشوێنی تری کوردستانی گەورە هاتوونە بۆ دەڤەری گۆرانەتی ، لەبەر چەند هۆیەك هاتونە لێرە ئاکنجی بوونە ، زۆر تیرەوبەرەباب و عەشیرەتی جۆراوجۆری تێدایە ، هەندێکیان مێژووی هاتنی خۆیان دەزانن .

بێگومان گۆران هەر لە کۆنەوە تا ڕۆژگاری ئەمرۆ هۆزێکی مەزن و فرەلق وبەربەلاو بووە لە رووبەرێکی شاخاوی و نیمچە شاخاوی بەرفرە بەلاوبوتنەوە ، ژمارەیەك شارو شارۆچکەو قەلأو سەدان گوندی هەبوون ، بەسەر دەیان هۆزو خێل و تیرەو بەرەباب و بنەمالە دابەشبوونە .

## هۆزو تیرە و بەرەبابەکانی گۆران لە دەڤەری گۆرانەتی ئەوانەن :

رەشگەری:(میرانی ، چۆپانی ، قەمبەری ، شاسواری ، کەوخۆمزەیی). بۆت ، گێژ ، زەنگەنە ، رۆژبەیانی ، خدری ، شێخ بزێنی ، بلباس ، میرانی ، کاوانی ، بەستۆرەیی ، شیروانی ، هەمەوەند ، بەرازی ، بەرزنجی ، سورداشی ، ئۆرمزیار ، ئۆمەڕیلی ، بەستۆرەیی ،ئاژگەیی ، مووسەیی ، بەگزادە ، کاسەڕەش ، زەند ، مامەسەنی ،داودی، بلباس ، شکاك ، بارزانی ، باجەلان ، قۆپی ، وەستای ئاسنکوت ، خانی ، زراری ، کلاشکەر ،.......) سەرەڕای ئەوانە مزوری وهەرکی وزێبار و سورچی بە برایانە تێدادەنیشن پێکهاتەیەکی ئالۆزەو بەخزمایەتی تێکچەڤینە ، تیرەو بەرەبابەکان بە ژنان دەبنە خزمی یەکتر و لەسەرگوندەکانی دەڤەری گۆرانەتی بەلأون ، ئەوانە بەشانازیەوە هەموویان دەڵێن ئێمە گۆرانین ، واتا گۆران عەشیرەت نیە ، لەعەشیرەت گورەترە بەلکو پێکهاتەیەکی گەورەیە . گۆران لەسەنتەری شاری موصل بەلأوبوتنەوە ولە قەزاکانی بەردەڕەش و شێخان و حەمدانیە هەروەها لە ناحیەی باشیك و هەردوو کۆمەلگەی کەڵەکچی (پایتەختی گۆران) و چرە، ناحیەکانی قەسرۆك و زێلکان سەر بە قەزای شێخانن ، لە قەزای خەبات و ناوشاری هەولێر هەنە ، بە گشتی لە هەر جوار پارچەی کوردستان بەلأون .

## ح ـ شێوەزاری گۆران بەگشتی :

سنووری جوگرافیای زارئاخافتنی گۆران لە مەریوانەوە تاکو سیروان (هەورامان)ە لە ڕۆژئاوای دیاربەکر ، ئورفە ، خەرپوت و دەرسیم (زازا)کە شاری دەرسیم گەورەترین شاری ئەو شێوەزارەیە. پەیوەندی و لێکچوونێکی هەرە زۆری لەگەڵ شێوەزمانی گۆران دا هەیە ، وەك

زمانێکی سەرەکی و پیرۆز لەلایەن لەلایەن یارسانەکان و پارێزراوە  هەروەها لە لایەن عەلەویەکان و هەورامانیەکانەوە پارێزراوە ، زارۆچکەکانی زاری گۆران(گۆرانو زازا) و (هەورامان ، زەنگەنە ، کاکایی و زازا) دەگرێتەوە .ناوەندی زمانی گۆرانی ، هەورامان و ناوەندی زمانی زازاکی (دەرسیم)ە ، لەباشووری کوردستان لەهەردوو بەشی ئێران وعێراق هەرێمی بەرینی گەرمیان ، (هەڵەبجە ، زەهاو ، مەریوان ، دینەوەر ، هەمەدان ، کرماشان ، خانەقین و تا بگاتە مەندەڵێ و هەموو مەڵبەندی هەورامانە کە پێگەی (ئەردەلانییەکان)بووە ، لەژێر کاریگەری زمانی گۆران دا بووە .شێوەزارەکانی دیملی بریتی بوون لە:سیوەرکی ، کۆڕی ، هازۆ یان (هەرزۆ) ، موتکی (مۆتی) ، شەبەکی و دامبولی .زاراوەی تالێشی ئێستا لە بەرزاییەکانی گەیلاندا لەقەراخی ڕۆژئاوای دەریای مازندەران قسەی پێدەکرێت [158]

زۆری شێوە زارەکانی زمانی کوردی دەگەرێتەوە بۆ دەولەمەندی ئەو زمانە ، چونکە زیاتر پەیڤ و زاراوەکان لەخۆ دەگرێت ودەبێتە هۆی پاراستنی زمان ومانەوەی بە شێوەیەکی یەکگرتوو و بتەو لە فەوتان رزگاری دەکات. ئەدمۆندز دەربارەی زۆری ژمارەکانی شێوەزاری زمانی کوردی دەڵێت:( کوردستان خاوەن چیای بەرز وبڵندە رێگاکانی هەڵدێرو سەختە ، چەندەها سەدەیە خاوەن قەبارەیەکی رامیاریی و کەلتوورێکی روشنبیری هاوبەشی نەبووە . هەرچەندە جیاوازی لە نێوان شێوەزارەکانی هەبووە. بەڵام ئاکاری سەرەکی زمانی کوردی دیارو بەرچاوە لە ناو ئەو هەموو شێوەزارەکانی لێك جودای زمانی کوردی ، هەروەها دوری و لێکجودای هۆز وخێڵەکانی پێکهاتەی کوردی ، راڤە کردنی ئەو لێکجودابیە ئەوە دەگەیەنێت ، ئەو شێوەزارانەی لە زمانێکی کۆنی رەسەنی کوردی بەهێز وەرگیرایە ئەویش زمانی میدی یە ) . [159]

لە پێشتر روونمانکردەوە لە کتێبی ئەحمەد شەوکەت (الكورد المنسيون) هاتنی کوردی گۆران و شەبەك بۆ موسل دەگەرێتەوە بۆ سەردەمی میدیاکان لە ساڵی (٦١٢)پ .ز شاری موسلیان ئاوەدانکرد . لێرە بەدیار دەکەوێت شێوەزاری گۆران و شەبەك لە موسل لقێکی سەرەکی زمانی کۆنی کوردی میدیاییەکانە ، لە مەلبەندی میدیاکان لە زنجیرە چیاکانی زاگرۆس لە سەردەمی خۆی هاتوونە لە دەشتەکانی رۆژهەڵاتی موسل نیشتەجێ بوونە بۆ پاراستنی رێگای هاتوو چۆی کاروانچیانی بازرگانی هاتوو چۆیان دەکرد لە نێوان رۆژهەڵات ورۆژئاوا . [160]

توێژەری کورد فوئاد حەمە خورشید لەو بارەیەوە دەڵێت: باسیل نیکیتین شێوەزارەکانی زمانی کوردی بە هەڵە دابەشی کردیە: ( زمانی کوردی بە سەر چەند کۆمەلەیەك دابەش کردیە)

---

١٥٨ـ پرۆفیسۆری یاریدەدەر د.عبدالواحد مشیر دزەیی لە کیتێبی زاراوە کوردیەکان چاپی ٢٠١١ لاپەرە ٨٥

١٥٩ـ کتێبی کورد وتورك وعەرەب ل١١ـ١٢(١٠٤)

١٦٠ـ فوئاد حمە خورشید سەرچاوەی پێشو ل ١٩

وەکو : ١ ـ لەر ٢ـ کەلهور (له هەرێمی کەرمانشاه وهەورامان ) ٣ـ سۆرانی (له سلێمانی ، راوەندوز ، شنو ، ساپلاغ) . [١٦١]

٤ـ گۆران له (ئاکرێ ، ئامێدی ، دیاربەکر ، بەتلیسس ، بایەزید)زۆر له رۆژهەڵاتناسان پەیرەوی دابەشکردنی کۆنی کلاسیکیان بۆ شێوزارەکانی زمانی کوردی داناوە:ـ

١ـ کرمانجی باکوور ٢ـ کرمانجی باشوور ٣ـ لەری ٤ـ گۆرانی

مێژوو نووسی کورد شەرەفخانی بدلیس له کتێبی (شەرەفنامە) ماموستا هەژار موکریانی کردۆیەتی بە کوردی دەڵێت : شێوەزارەکانی کوردی دەکرێتە چەند بەشێك ئەوانەن :

١ـ کرمانجی ٢ـ کەلهوری ٣ـ لەڕی ٤ـ گۆرانی[١٦٢]

٢ـ لۆری پێك دێت له أ ـ بەختیاری ب ـ لەکی ج ـ فەیلی د ـ کەلهوڕی هـ ـ مامەسەنی

٣ ـ گۆرانی پێك دێت له أ ـ باجەلانی ب ـ کاکەیی ج ـ زەنگەنە د ـ هەورامی

٤ ـ زازایی بە دیار دەکەوێت زمانی کوردی هاوچەرخ پێك دێت له کۆمەلەیەك شێوەزار سنوورەکانی جوگرافی رامیاری دەیانکاتە دوو بەشی:

١ ـ کۆمەلەی باکوور : له باکووری کوردستان بەلاوە و بەکرمانجی ناودەبرێت جگە له شێوەزاری زازایی کە دەکەوێتە ناوچەی دەورووبەری دەرسیم

٢ـ کۆمەلەی باشوور : ئەو کۆمەلەیە کوردنشین پارچەی باشووری رۆژهەڵاتی کوردستان پێی دەدوێن زانای روسی زمانی کوردی دابەشی کردیە بە سەر پێنج شێوەزار :

١ ـ کرمانجی باکوور ٢ـ لۆری ٣ـ کەلهوری ٤ـ گۆرانی ٥ـ زازایی

دەربارەی شێوەزاری کرمانجی باکوور نووسیتی ودەڵێت:( ئەو دیالیکتە له هەموو کوردستانی رۆژئاوا بەربەلاوە بگرە هەر له موسل تاکو دەگاتە ئاسیای بچووك . [١٦٣]

دەربارەی زازا مینۆرسکی دەڵێت: (دەبێ باسی له دانیشتووانی ناوچەی دەرسیم له پارێزکای خەربوت بکەین دەکەوێتە نێوان هەر دوو ڕووباری دیجلەو فۆرات پێکدەهێنین ، ژمارەی کورد لەوێ( ٧ ) هەفت کەرەت ژمارەیان زۆرترە ئەگەر بەراوردی بکەین لەگەڵ رێژەی غەیرە کورد ئەوان بە زمانی کوردی دەدوێن و شێوەزاریان زازاییە ئاینێکی دیاری کراویان هەیە ئەویش عەلی پەرستیە ، کەلتوور ژیانی کومەلایەتیان کوردی تەواوە .

مێجەرسۆن دەڵێت ( سەرەڕای شێوەزاری موکری ولقەکانی چەند شێوەزاریکی تر هەیە له کوردستان ئەوانەی پێی دەدوێن کوردی رەسەنن لەوانە له هەموویان گرنگتر زمانی زازا

---

١٦١ـ زبیر بیلال اسماعیل (تاریخ اللغه الکردیه) بغداد ١٩٧٧ ل ٦١

١٦٢ـ عبدالرحمان هەژار موکریانی (شەرەفنامە)ی بدلیسی چاپی ١٩٧٢

١٦٣ـ زبێر بیلال سەرچاوەی پێشوو ل٣١و ل ٦٢ و ل ٧٠

کۆمەلەیەکی گەورەی کوردن بەلاوبووتنەوە لە باکووری دیاربەکرو دەوروبەری ئەزرەبەیجان وەلە هەندێك ناوچەی ئەنەزۆل نەتەوەیەکی شاخاوینە وزێدە زیرەك وئازانە بە شێوەزاری ئاری زۆر پەتی دەدوێن )کوردی رەسەنن زارئاخافتنی کوردی گۆران زۆر نزیکە لە زارئاخافتنی زارا بە ئاسانی لێك تێدەگەن چونکە لە بنەرەتدا کوردی گۆرانی موسل و زازا لە کوردستانی تورکیالە مەلبەندی میدیاکان بۆ ئەو دوو شوێنە بەلاوبووتنەوە . (١٦٤)

فۆاد حمە خورشید شێوەزارەکانی زمانی کوردی بەم شێوەیە دابەش دەکات : ـ

أ ـ شێوەزاری کرمانجی باکوور    ب ـ شێوەزاری کرمانجی ناوەڕاست

ج ـ شیوەزاری کرمانجی باشوور    د ـ شێوە زاری گۆران

لەنزیك کرمانشاە خێل و هۆزەکانی هەورامان وریجاب و کاندۆلە هەر وەها لق وپۆپەکانی رەچەلەکی خێلەکانی سنجابی وگۆران وباجەلان. هەروەها شەبەکەکانی لە دەشتی رۆژهەڵاتی شاری موسل لە دۆلی ڕووباری خەوسەر نەمانە هەموویان بە شێوەزاری گۆران(ماچۆ) دەدوێن.

شێوەزاری گۆرانی دەبێتە چار لق: ـ

١ ـ گۆرانی رەسەن    ٢ـ هەورامی    ٣ ـ باجەلانی    ٤ ـ زازایی

گۆرانی رەسەن: ناوچەکانی کرند زەهاو جوانروا هەندێ کاکاییەکان تاوق لەگەڵ عەشیرەتی زەنگەنە نزیك گفری .

هەورامی: شێوەزاریان زۆر رێك و نیانە کاریگەری خۆی هەیە دانیشووانی چیاکانی هەورامان پاوە وپلنگان ودەوروبەری بەو شێوەزارە دەدوێن. شێوزاری باجەلانی: پەرت وبەلاوە ولات شەبەك شێوە ئاخافتنیان باجەلانیە ، لەزەهاو باکووری لۆرستان ، نزیك شاری خانقین ، قۆرەتو ، هۆرێن و شێخان (یەکەی کارگێڕی مەیدان ) شێوە ئاخافتنی ئەو ناوچانە باجەلانیە . زازا : شێوەی ئاخافتنی زازا لقێکە لە شێوەزاری گۆران ، شێوەزاری گۆران دەکەوێتە نێوان زازا شارەکانی ئەرزەرۆم ، موشێ ، خەربوت ) ئەرزنجان لەباکووری کوردستان ، واتە نێوان هەر دوو ڕووباری موراد سۆ وفورات سۆ تاکۆ خالی پێگەیشنیان لە باشووری چیای مشیرداغ ، پارێزگای دەرسیم دەگرێتەوە. (١٦٥)

شیوەزاری کوردیە لە باکوورە هەرێمەکانی رێگای گشتی درێژە بێدەدات هەر لە قەسر شیرین کەرمانشاە ومەلایەر تا دەوروبەری باکووری رۆژهەڵاتی کەنداوی عەرەبی لە باشوور ، ئەوە شێوەزارێکی خێل وهۆزەکانی لەری کوردن لەو ناوچانەی سەرەوە پێی دەدوێن کە بە هەرێمی لورستان ناودەبرێت لەر پارچەیەکی گرنك و ناوداری گەڵی کوردە دەبنە دوو بەشی :

---

١٦٤ـ یاسین حسن گۆران (کتێبی گۆران) هەولێر ٢٠١٤ ل٤٥

١٦٥ـ فوئاد حمە خورشید سەرچاوەی پێشوو ل ٤٤

١- لەری گەورە : عەشیرەتەکانی بەختیاری ومامەسەنی وکوهگلۆ دەگرتەوە

٢- لەری بچووك : لە زۆر کۆمەلەی گەورەی عەشیرەتەکانی کوردی زۆر کۆن ، هەر بە درێژایی مێژووی کۆن کورد لەو هەرێمانە دادەنیشین عەشیرەتە بە ناو بانگەکانیان : دلفان ، بالاگریوە ، فەیلیەکان لە ناوچەکانی پێشی گوهی دادەنیشن. ئەمڕۆ بەخێل وعەشیرەتەکانی پشتی گوە دەڵێن فەیلی.شێوەزاری کرمانجی باشوور بە سەرچەند لقێك دابە شکرایە :

أ لەری ئەصلی ب - لەکی ج - کەلهوری د - بەختیاری هـ - مامەسەنی و - کوهگلویی .

لەری رەسەن :ئەو شێوەزارەیە کە کوردەکانی پشتی گوە ئاخافتنی پێدەکەن بەلاّم لەکی: ئەو شێوەزارەیە کە خێلەکانی کوردی ناوچەکانی پێشی گوە لە لۆرستان پێی دەدوێن .

کەلهور : عەشیرەت وخێلەکانی لە ناو دەڤی چیای زاگرۆس دەژین دەبنە دوو لق (شازادە )و(مەنسوری) ، زمانی کوردی خاوەنی کەسایەتیەکی سەر بە خۆی هەیە لە رووی زاراوەکان و ووشە سازیدا ، هەروەها رێزمانێکی دەولەمەندی سەر بە خۆی هەیە ، رەستەکانی بەڕێکی دێتە ئاوێتەکردن ، (زمانی هەموو کوردەکان دوو شێوەزاری سەرەکیە: بەسەر ناوچەکانی باکوور وباشووری کوردستان بەلاّوبوویتەوە ئەمانەن :-

١- شێوەزاری کرمانجی - باکوور ٢ - شێوەزاری کوردی - باشوور -

لە رۆژنامەی روناهی (النور) ژمارە(٨)هاتیە (بەلاّم شێوەزارێکی سییەم هەیە پێی دەگۆتری (ماچو) لقکێکە لە زارگۆتنی گۆران ، شێوەزاری گۆران زمانی هۆنراوە وهۆزان بوو لە سەلتەنەتی مەلیکەکانی ئەردەلانی ومیرەکانی بابانیەکان لە سولەیمانی هۆزانڤانەکان لەو سەردەمی هۆنراوە وشیعری خۆیان بە شێوەزارەی گۆران ماچۆ دەهۆندەوەو دەخوێندەوە ، کە زمانی وێژە وپێشکەوتنی کەلتوری شارستانیەتی کورد بوو زمانی کوردی ،

هۆزانڤانی کورد ( بابا تاهیری هەمەدانی ) لە ساڵی (٩٣٥)زاینی لە دایك بووە ، زارگۆتنی گۆران پەرەی ساند کە بەشێوەزاری گۆرانی رەسەن (١٢)هەزار دێر بە دیالێکتی گۆرانی هۆزانی هۆندیتەوە هەروەها هۆزانەکانی دلداری و ئاینی بوون ووشەی زۆر رەسەنی کوردی لە دیوانی هۆزانی خۆی بەکار هێناوە ، شێوەزاری گۆران دەڵێن رەچەلەکی بۆ لۆر دەگەرێتەوە کە دەکاتە ناوپشتی شێوەزاری ماچۆ کە زمانی میدیاکان وکتێبی ئاڤێستایە [١٦٦]

١٦٦– یاسین حسن گۆران سەرپەرشتیاری پەوەردەیی لە قەزای بەردەرەش

## ط ـ شێوەزارەکانی گۆران :

(لەری رەسەن ، بەختیاری ، مامەسەنی ، کوهکلوی ، لەکی ، کەلهوری ، گۆرانی رەسەن ، هەورامی ، شەبەك ، باجەلانی شێوەزاری گۆران رەگ ورەچەلەکی زمانی کوردیە و لە سەنتەری لاندکەی شارستانیەتی کوردی هاتووە لە زنجیرە چیاکانی زاگرۆس بەلاوبوویتەوە نەشونمای کردیە کە دەکەوێتە رۆژئاوای کۆماری ئیسلامی یان لە رۆژهەلاتی کوردستانی مەزن هەر لە پارێزگاکانی هەمەدان وکەرمانشاە و قەسر شیرین تا چیاکانی هەورامان بە هەموو خێل و هۆز وعەشیرەتەکانی لە ناوچەکانی هەرێمی لۆرستان دەژین وەکو شێوەزارەکانی لەر، لەك، مەلهور ، بەختیاری، مامەسەنی، کوهکلوری وگۆرانی بەهەموو لقەکانی دەگرێتەوە.گوتمان شێوەزاری گۆران بۆ زمانی کۆنی کوردی رەسەن دەگەوێتەوە لەبەر ئەو هۆیانە :

١ ـ شێوەزاری گۆران زمانی میدیاکانی باکووری رۆژ ئاوای ئیرانی لە خۆ دەگرێت مەلبەندی ئەو ناوچانەی شێوەزاری ماچۆی تێدا دەگرێتەوە .

٢ ـ کتێبە پیرۆزەکەی زەردەشت بەزمانی میدیاکان نووسرایتەوە

٣ ـ شێوەزاری گۆران کۆمەلەیەکی زۆری ووشەی کوردی رەسەنی تێدا پارێزراوە

٤ ـ لە سالی (٦١٢)پ.ز شێوەزاری گۆران زمانحالی میدیاکان بوو شێوەزاری گۆران بە شێکی گرنگی شێوەزاری کوردیە .

٥ ـ مەلبەندی کوردی کوردستانی باشوور هۆزەکانی لەك وکەلهور وگۆران و لە......) کە دەکەوێتە ناوەراستی زنجیرە چیای زاگرۆس .

٦ ـ شێوە زمانی هۆزانڤانەکانی کورد دەسپێك بە شێوەزاری گۆران هۆزانیان دەهۆندەوە وەکو بابا تاهیر هەمەدانی .

٧ـ دەسەلاتداران و رژێمەکانی یەك لە دوای یەکی عیراقی هەتائێستا دژایەتی شێوەزاری کوردی گۆران و شەبەکیان لە موسل کردووە لەبەر ئەوەی بە شێوەزاری کوردی گۆرانی رەسەن دەدوێن ، مرۆڤی کورد شانازی بە زمانەکەی دەکات ، زمانی کوردی شوناسی راستەڤینەی ناساندنی کوردانە ، زمانی کوردی خاوەن چەندەها زارێکە ، هەر زارێکیش چەندها شێوەزاری لێدەبێتەوە ، ئەوەش دیاردەیەکی زۆر ئاساییە بۆ دەولەمەندی زمانی کوردی دەگەرێتەوە .زانایانی زمان زۆری دیالێکتی هەر زمانێك بۆ چەند هۆکارێك دەگەرێننەوە دیارتریان :سیاسی و کۆمەلایەتی و جوگرافیە ، هۆکاری سیاسی بەسەر هەموویان زالە بەگشتی دیالێکتی زمانی کوردی ، لەلایەن پسپۆرانی زمان ناسی کرایتە ٥ پێنج بەش ، ئەمانەن ١- کرمانجی سەرو. ٢- کرمانجی خوارو. ٣- لۆر. ٤- گۆران ٥- زازا.

خشتەی هەڵسەنگاندنی شێوەزاری گۆرانی لەگەڵ شێوەزاری تری زمانی کوردی:

| گۆرانی | کوردی باکور | کوردی ناوەند | کورردی باشوور | لەکی | هەورامی | زازەکی |
|---|---|---|---|---|---|---|
| من ، ئەمن | ئەز ، من | من | من | م | من | ئەز ، من |
| تۆ ، تون | تۆ ، تە | تۆ | ت | تو | تۆ | ت ، تۆ |
| ئەوێک ، ئەو | ئەو ، وی ، وێ | ئەن | ئەو | ئو | ئاد ، ئادە | ئۆ ، ئا |
| ئەمە ، مە ، ئێمە | ئەم ، مە | ئێمە | ئیمە | ئیمە | ئێمە | ما |
| ئەنگۆ | هوون ، وە | ئێوە | ئیوە | هوومە | شمە | شما |
| ئەوانە ، ئەوان | ئەو ، وان | ئەوان | ئەوان | ئون | ئادی | ئینان |

## ئاینی گۆران :

گۆران بەیەکەمین هۆزی کوردی دەسنیشان کرایە ، زۆربەیان شارنشین بوونە، یان لە گوندەکان کاری کشتوکاڵیان کردووە ، لەبەر ئەوەی لەسەر ئاینی زەردەشتی بوون کتێبی ئاڤێستایان پەیرەو دەکرد ، ناویان لێنا گەور و گاور پێگیریان بە  ڕێچکەی یارسانی دەکرد ، مانای ووشەی یارسان: یا ربە واتای دۆست وهەوال هاوڕێ دێت  ، سان بە واتای: سولتان  ، پەروەردیگار دێت .یان دەڵێن : هۆگری پەروەردیگار  ، دۆستی سولتان ،  نواند و نیشاندان ، دۆستی خۆرەتاو دێت. یارسان ناوی ئایینزاو مەزهەبی ئەهلی حەقە لە کوردستان بڕوایان بە وەحدەت و  ووجۆودییەت خودایەکی تاك و تەنیا هەیە ، هەروەها بڕوایان بە  دۆناودۆند (تناسخ الارواح) هەیە کۆنترین ئاینی خۆجێی کوردە ، لەپێش هاتنی ئیسلام لەو شوێنانە بەربەڵاوبوون (هەولێر ، سلێمانی ، هەڵەپچە  ، هەورامان ، سنە ، ئیلام ، دێنەوەر ....)لە سەردەمی هاتنی ئیسلام میڵلەتی کورد بوون بە موسولمان  .

یارسانەکان  لە ئەزرەبەیجان و تورکیا پێیان دەگۆترا (گوێران لەر) لەسوریا پێیان دەڵێن(عەلەوی) .لەعیراق پێیان دەگۆترێ ( ئیزدی و شەبەك و کاکەیی ) لە ئیران بە ئەهلی هەق ناودەبرێن ، هەموویان پاشماوەی ئاینی زەردەشتین ، پێکهاتەی ئاینی گۆران لەمێژوو دا یارسان وموسلمان لەهەردوو مەزهەب سونی وشیعی[١٦٧] لەسەردەمی جێنشینی ئیسلام ئەمیری ئیمانداران (عومەری کوڕی خەتاب ) لەشکری ئیسلام بە سەرۆکایەتی

( ربعی بن ئەکتەل العنزی) بەرەو موسل بەڕێکەوت لە ساڵی (١٦ك ـ٦٣٧ز) موسل کرایەوە  ، ئەو کاتی زۆربەی دانیشتوانی شاری موسل کورد بوون ، لە (١٧ك ـ٦٣٨ز) (عوتبە بن فرقد السلمی ) کرا والی موسل ، هەر لە هەمان ساڵ فەوجێکی لە سەحابەی پێغەمبەری (د .خ) ڕەوانەی

١٦٧ــ ابن خەلەکان لە کۆبەری وەفییات الاعیان وەرگیرایە .

دەشتی ناوکوڕ کردبوو بەرەو ئاکرێ رۆیشتن ، دانیشتوانی دەڤەری گۆرانەتی و خەڵکی ئاکرێ پێشوازییەکی گەرمیان لە لەشکری ئیسلام کرد و بەبێ شەڕ بوونە ئیسلام [١٦٨]

## دیالێکتی دەڤەری گۆرانەتی:

گرد بونەوەی ئەو تیرەو بەرەبابە جۆراو جۆرانە لەیەك دەڤەردا بێ گومان دەبێتە مایەی دەولەمەندی کەلتووروداب ونەریتی کوردەواری و دیالێکتی زارگۆتنی زمانی کوردی جۆرا و جۆری تێدایە گوێ بیستی ووشەی رەسەنی کوردی دەبیت ، ئەو دەڤەرە زەمینەیەکی گونجاوە بۆکۆکردنەوەی پەیڤی رەسەن کەدەبێتە کەرستەیەکی موکوم بۆ پێك هێنانی زمانی ستاندەری یەکگرتوی کوردی. شێوەیئاخافتنی گۆرانەتی لە دیالێکتی سۆرانی نزیکە چونکە زۆربەی بەرە باب و تیرەکان لەسۆران هاتوونە لێرە ئاکنجی بونە ، دانیشتوانی دەڤەری گۆرانەتی لەهەردوو زارگۆتنی سۆاران وبادینان دەگەن ، خەڵکەکەی بچێتە هەولێر پێیان دەڵێن ئێوە بادینین، ئەگەربچنە شاری دهۆك پێیان دبێژن هنگۆ خەڵکێ سۆرانن لەهەردوولابونە. دەتوانین بلێن ، شێوەئاخافتنی (زارگۆتنی) گۆرانەتی زارگۆتنێکی سۆرمانجی یە(سۆران+کرمانج) ی بە ئەرکی سەرشانی خۆم زانی بەپێی توانای خۆم ، مێژووی پێکهاتەی کۆمەلایەتی ئەو دەڤەرە بنووسمەوە بەئومێدم ئەو پەرتوکە ببێتە پێناسەیەك بۆ دەڤەری گۆرانەتی داخوازم لەکەسانی تر دەولەمەندی بکەن هەر کەم وکورییەکی هەبێت لێم ببورن ،

**شوێنی:** دەڤەری گۆرانەتی بازنەی پێکەوە گەیاندن بووە لەنێوان سۆران وبادینان ، لەکۆنەوە شوێنێکی ستراتیژی هەبووە. رێگای لەشکر کێشی هەردوو امپراتۆریەتی روم وفارس بووە ، هەروەها رێگا ی کاروانسەرای هاتووچۆی قافلەو بازرگانان بووە بەرهەمی وولاتی رۆژ هەڵات ئێران هند. پاکستان بەدەڤەری گۆرانەتی تێپەڕبووە بۆ وولاتی شام ومیصر. گوتمان دانیشتووانی ناوچەی گۆرانەتی لەزۆر تیرەو بەرەبابی جۆراو جۆر تێکهەکێشرانە ، دیالێکتی ئەو دەڤەرە سۆرانیە ئەو شێوەزارەی دەڤەری گۆرانەتی پێی دەئاخڤن تایبەتمەندی خۆی هەیە گۆرانەکان پێی دەناسرێن ، دەکەوێتە نێوان بادینان و سۆران شێوەزاری (سۆرمانجی) پێدەگۆترێت، پەیڤەکانیان دەبێتە کەرەستەی زمانی یەککگرتووی کوردی خەڵکی بادینانن ئەگەر بۆ شاری دهۆك بچن دێژن هنگۆ سۆرانینە لەهەردوو شێوەی زارگۆتنی سۆرانی و بادینی (سۆرنجی) دەگەن .. شێوەی زارئاخافتنی جودا جودای تێدایە ، بۆ نموونە: دانیشتووانی هەر دوو گوندی بەردەڕەشی کچکەو شێوەرە دەکەونە رۆژئاوای سنووری سەنتەری شارەوانی بەردەڕەش ، زەنگەنەی تێدا دادەنیشتن لەئاخافتنیان دەڵێن: (ئەرا چێ دچۆگەی بازار = لەبەر

١٦٨ــ فائق ئەبو زید ئاکرەیی (مقالات و روئا) ٢٠٠٦ بە دەستکارییەوە

چی دەچیە بازار) ، ( چ ئاش کردگن = چ خواردنێکتان کردووە.) ، (وەرە بشم بەت = وەرە پێت بلێم) ، رابوەستە دابگەم بەت = راوەستە دابێم بۆ لات) ، (بەهێلکە دەڵێن = خایە) .لەگوندەکانی دەشتی ناوکورٍ بەم شێوەیە دەپەیڤن: ـ ( بیژە باوکت کالەکی بۆمان هاوردگە = بەباوکت بلێ گوندۆرەی بۆمان هێنایە) ( خەرمان پرٍ بیگە لەزارۆك وازی دەکەن= جۆخینان پرٍ بوو لەمنداڵ گەمەی دەکەن).یان دەڵێن گوێچکم دێشی خەفم ناهێت ، یان بە جوێندان دەڵێن (خۆسن) ، بەپشیلە دەڵێن پسك یان کتك. گوندەکانی ناوچەی بۆتان لە دەڤەری گۆرانەتی ، بەیاری یان وازی دەڵێن (هەنەق) بەپشیلە دەڵێن (پسك) لەکۆنەوە خانی جزیری هەبووبۆتەکان شێوەی ئەوخانوویان لەجزیرەی بۆتان گواستبۆوە دەڤەری گۆرانەتی دروستیانکردبوو ، بە گەورە دەڵێن (گەڤرە) گەڤرە گەڤرێ بۆتان .[١٦٩]

گوندەکانی بن چیای مەقلوبی شێخان ، ئێستا لە هەردوو کۆمەڵگەی چرەو کەڵەکچی دادەنیشن بەتایبەتی ئۆمەرٍبل وداودەو رۆژبیانی ئاخافتنیان جفرەیەکی تایبەتی هەیەو بەخۆیان نەبیت کەس لێیان تێناگات چەندرستەیەکی ئاخافتنیان: رەشەکەی دەم بەشەکەم بدەرێ ، واتە: هاتوومە بۆ مەقلی چەقلەفسانێ تێدەکەین هێلکەو رٍوونی تێدەکەین ، رٍمە لە دیوارمان هاتکە ، مێوانمان هاتییە. یان دەڵێن شاقەکی دا لەبن شاقم ، واتە : بالیفێکی دانا بن کەوشم ، یان دەڵێن:بای بەدامەوە واتە: وەرە ژوورەوە ، دەچی بۆ کایلا بۆ کوێ دەچی. کۆلاژدم= دوپشك ، هوێر=رۆژ ، خوالەم =خوشکم ، یاوەم —باوکم ، دادام= دایکم ، بای =وەرە ، خایە= هێلکە.

دەڤەری گۆرانەتی دەکەوێتە سەر هێڵی زمانی یەکگرتوو دەوڵەمەندە بەکەرستەی زمانەوانی ، دانیشوانی لەهەردوو دیالێکتی سۆرانیو کرمانجی سەروو دەگەن ، خەڵکانی دەڤەری گۆرانەتی سەفەر بکەنبۆهەولێر پێیان دەڵێن ئێوە [١٧٠]

**بۆ دەولەمەند کردنی بابەتەکانی گۆران سوود لەو سەرچاوانە وەرگیرایە :**

١_ المسعودي ، التنبیةوالأشراف ، ص ٩٤. ٢_ مروج الذهب ، ج٢ ، ص١٠١.
٣_ ابن الاثیر ، اللباب ، ج١ ، ص ٣٠٧ ٤ _ یاقوت الحموي ، معجم البدان ، مج٢ ، ص ١٨٤
٥_ مؤلف مجهول ، بتصحیح ملك الشعراو: محةمةد تقي بهار ، تهران:١٣١٨ هـ.ش ، ص٣٩٧_٣٩٩.
٦_ ابن فضل الله العمري ، مسالك الأبصار ، ج٣ ، ص١٦٩
٧_ القلقشندي ، صبح الأعشي ، ج٤ ، ص٣٧٣. ١٠ _ دررالعقودالفریدة ، مج١ ، ص٢٥٩_٢٩٨.
٨_ الخطط ، ج٣ ، ص٤٠٥,٩_ السلوك ، ج١ ، ص١٠١. ١١_ کتاب المقفي ، ج٢ ، ص٦٧

١٦٩ـ لەزاری چەند رۆشنبیرێکی دەڤەری گۆرانەتی وەرگیراوە

١٧٠ـ غازی حەمید رۆژبیانی دانیشتووی گوندی حەسەنیە ،قەزای بەردەرٍەش .

# باسی سێیەم :

## تیره و بەرەباب و عەشیرەتەکان

### پێشەکی :

ئەوانەی له لافاوی نوح قوتار بوون له سەر چیای جوودی له سەر خاکی گەشتی نوح لەنگەری گرت ، بۆ دووەم جار ژیان لەکوردستان دەستیپێکردەوە ، هەشتا کەس بوون گوندێکیان به ناوی هەشتکان له نزیك چیای جودی ئاوەدانکرد، له وێوە بەرەو شوێنی تری دونیا بەلاّوبوونەوە ، هەندێکیانیش به ژیانی کۆچەرایەتی لێرەو لەوێ به بێ لەمبەر دەگەڕان ، لێرەوە بەرەباب و تیرەو و هۆزو قەبیله دروست بوو ، له کۆنەوە ئەو قەبائیل و خێل و هۆزانەله یەکتر هێزێکیان دروستکرد بۆ پاراستنی سەروسامانیان و لەوەڕگاکانیان له هێرشی هەلّپەرستکاران [١٧١]

له کونەوە ئەو هۆزو خێل ونەتەوانەی له دەڤەری بادینان دەژیان جگه له ناوەکانی ئێستا ناوی تریان پێدەگۆترا ، ئەوەندەی تیشك خرایته سەر ئەسلی رەچەلەکی هۆزەکانی بادینان نەزانراوە ئایا ئەوانه خەلّکی خۆجێن یان هاوردەنه لەشوێنێکی تر هاتوونه به ناوی نوێ یان به ناوە کۆنەکانیان، له سالّەکانی٧٠٥ـ ٦٨٢پ.ز نەتەوەیەك به ناوی(نایری) له دەورۆبەری چیای جودی ژیاون [١٧٢]

عەشیرەتی مزوری رەچەلەکیان بۆ نەژادی (میسۆری) دەگەرێتەوە [١٧٣]

به درێژای مێژوو له کۆنەوە کوردستان دەولەتدار بوو ، کەلتور و مێژووی تایبەتی خۆی هەبووە ، لەگەلّ هاتنی ئیسلام به تایبەتی له سەردەمی جێنشینی ئەمەوی و عەباسیەکان کورد دەسەلاّت سەربەخۆبوو لێرەو لەوێ له سنووری میرنشینی خۆی فەرمانرەوایی رەهای بەدەستبوو ، بەلاّم له سەردەمی هاتنی عوسمانلیەکان دژایەتی قەوالەی میرنشینی کوردیان دەکرد میرنشینه کوردەکانیان به هەر هۆیەك هەبایه دژایەتیان دەکرد یەك له دوای یەك له ناویان برد ، کاتی میرنشین و ئیماراته کوردییەکان لەناوچوون عوسمانلیەکان سیستەمی دەرەبەگایەتی دروستکرد دەسەلاّتی دا ئاغاو بەگ وخان و شێخ و سەرۆك عەشیرەتەکانی راستکردەوە ، راوپرسی لەوان وەردەگرت ببوونه تۆبزی دەستی تورکەکان ، بارودۆخ ناهەموار بوو کەسی کورد دووجار ستەمی لێدەکرا، سەرەڕای کۆکردنەوەی باج وسەرانەیان بۆ عوسمانیەکان له خەلّکی رەشوروتی

---

١٧١ــ اماره بادینان الکردیه مطبعة الاتحاد ،الموصل لاپەرە(١٢٣)

١٧٢ــ محەمەدامین زەکی بەگ (خلاصه تاریخ کوردوکوردستان) ل ١٠٨

١٧٣ــ ریچ کلودیوس جیمس (الاکراد ڤ بادینان) لاپەرە (٢٠)

بێدەسەڵاتیان کۆدەکردەوە ، مولکدار و دەرەبەگایەتیش دروست بوو  خەڵکیان دەکردە کۆیلەی خۆیان .کەسی ناوداری هۆز و سەرۆك عەشیرەتەکانی کوردی و شێخەکان بەناوی ئایین حکومڕانی کوردیان کردووە بە پێی بارودۆخەکان هەریەکە بە شێوەیەك رفتاری کردووە.لە بادینان لەکۆنەوە سێ جۆرە سیستەمی عەشائیری هەبوو لە شێوازی ژیان ورفتار لێکجودا بوون ، هەندی هۆز لە ژێرفەرمانرەوایی شێخەکانی ئاینی بوون ،  هەندێك خێل و هۆز  لە ناو پشتی خۆیان کەسێکیان کردبوو ئاغای خۆیان وەکو سەرۆك عەشیرەت دەسەڵات تایبەتی خۆیان هەبوو بەسەرهۆزەکەی ، لە هەندێ شوێن کەسێك وەکو ئاغا و مولکدار دەسەڵات هەبوو بەسەر چەند تیرەو بەرەبابێکی جیاواە  لە گوندێك یان چەند گوندێك خۆی بەسەریان سەپاندبوو. (١٧٤)

لە دوای کەوتنی میرگەهێ بادینان لە ساڵی١٨٤٣ز حکومەتی عوسمانی هەندێ رێڤەبەری لە ناوچە گرنگەکان دامەزراند، سیاسەتی توندوتیژ و زولم وستەمیان بەرامبەر هاولاًتیان بەکارهێنا، لۆ حکومەتێ بەدیارکەوت ئەو سیاسەتە سەرکەوتنی نەهێنا ناچار بوو کلیلی کارگێریەکان بداتە دەستی سەرۆك عەشیرەتەکان، وا پێکهات لە گەڵیان ساڵانە برێکی دیاریکراو لەباج وسەرانەبداتە حکومەتی عوسمانی لەو ماوەی  وبگروبکێش وشلەژانو ناکۆکی زۆر رویدابوو ، لە ئەنجامدا گوند وێران بوون کوشتن و برین و دزی ورێگری پەیدابوو  نەخۆشی تاعون بەلاًوبۆوە.بۆ پارێزگاری لە ناوی هۆزەکان پێویستە لێکولینەوە لە شوێن وخەبات ورۆلیان شی بکرینەوە تابگەینە مێژوویەکی گشتی میللەتی کورد .

دەگێرنەوە لەساڵانی بیستەکانی سەدەی بیستەم پلەدارێکی ئینگلیزی لەدەشتێکی کوردستان دەگاتە چەند کەسێك لێیان دەپرسیت ئیوە چنە ئێوە کێن ؟؟  یەکێکیان دەڵێ من :خۆشناوم یەکی تر گۆتی: گۆرانم ،  یەکێکی تر گۆتی بلباسم ، پلەداری ئینگلیز دەڵێت : ئەی کامەتان کوردن .بە داخەوە تۆژینەوەی زۆر کەم هەیە لەسەر مێژووی کوردو عەشیرەتەکانی بە تایبەتی لە دەڤەری گۆرانەتی سەر بە قەزای  بەردەڕەش  ناچارم پشت بە سەرچاوەی دەماودەم (مێژووی زارەکی) ببەستمەوە ، کۆمەلگای کوردی بەگشتی ودەڤەری گۆرانەتی  بەتایبەتی کۆمەلگایەکی عەشائیریە ،  هەر تاکێك لەئێمە سەر بەعەشیرەتێکەو تیرەوبنەماڵەکەی دیارە ،  هەندێ لایەنی ژیانی کەسی کورد پەیوەستە بە پرەنسیپە عەشایرەکان ،  ئەوەی شایانی گۆتنە دەبێ هەردوو جەمکی عەشایری و عەشیرەتگەری لێکجودا بکەینەوە ،  دەبێ خۆ دووربکەینەوە لەدەماگیری عەشیرەتگەری وکێشە دروستکردن وهەلگرتنی رق وکینە بەرامبەر یەکتری .

---

١٧٤ـ بشیرسعیدعبدالرحمن(بهدینان وعشائرها)  لاپەرە  (١٩٧) چاپی ٢٠٠٦

# گـــــۆران:

لەبنەڕەتدا گۆران ناوچەیەکی پان و بەرینە عەشیرەت نین بە دەڤەری گۆرانەتی ناودوبرێت ، گۆران بە ناوچەیەك دەگۆترێت تیرەو بەرەباب و عەشیرەتەکانی رەسەنی  گۆرانان لە خۆدەگرێت لە نێوان قەزای شێخان بەلای چەپ و نێوان ئاوی زیێ بادینان بەلای راست  ،  لەباکوری هەردوو عەشیرەتی هەرکی و زێبارینە  ، لە باشووری دەگاتە هەردوو چیای مەقلوب و چیا زەردك  ،  لە بادینان بە دەڤەری گۆرانەتی دەناسرێت  ،  هاوپەیمانن و پێکەوە دەژین.

گۆران بە گشتی بەشێکی گرنگ و مەزنن  لە بەشەکانی نەتەوەی کورد ، ناوچەکانی دەکەوێتە نێوان کەرکوك و دەشتی شارەزورتاکو دەگاتە خانقین حەلوانی کۆن پێیان دەگۆترێ گۆران . لەبادینان دەڤەرەك هەیە بەناوی (العشائر السبعە) و دەوروبەری گۆران تێدا دادەنیشن .ئەوان ئەو گۆرانانە نین کە فەرمانرەوایی سەربەخۆی کەرمانشایان دامەزراند بە سەرۆکایەتی (کواتانزا).   گۆرانەکانی دەڤەری گۆرانەتی لە تیرەو بەرەبابەکانی هۆزی ئەسلی خۆیان ماوەیەکی درێژە لێکدابڕانە ،  گۆران لە قەزای  بەردەڕەش  و ناحیەی کەڵەك و رۆڤیاو دارەتوو هەروەها لە ناحیەی کەڵەکچی و زێلکان کۆمەلگەی چرە سەر بەقەزای شێخانن لەگەڵ کۆمەلە گوندێك لەناحیەی باشیك و لە قەزای خەبات و ناوشاری موسل و هەولێر بەلاون بە گۆران دەناسرێن ، فراکسیۆنی گۆران لە بادینان چەترێکی گەورەیە گشت هۆزو عەشیرەتەکانی دەڤەری گۆرانەتی لە ژێر ئەو چەترە کۆدەکاتەوە  ،  بەرێ ئەو دەڤەرە  بە ناوی هەندێ عەشیرەتی کۆن تێدا دەژین وەکو (کیرە ، زرگی ، شایلۆ ، شێخ بزنی ، لۆما ، خنت بری ، شارك(شکاك) . ئەو ناوە کۆنانە گۆڕاوون ، ئێستا  بەردەڕەش  (العشائر السبعە) ئەو خێل و هۆزانە تێدا بەرچاون ( رەشگەری ، بۆتان  ، گێژ ، شێخ بزێنی ، خدری ،  ئۆمەڕبلی ، مووسەیی ، رۆژبیانی ، زەنگەنە ، داوودی ،  هیتر...) [١٧٥]

فراکسیونێکی گەورەیە  لەو هۆزو عەشیرەت و بەرەبابانە  پێکهاتیە  ،  هەموویان بە شانازییەوە دەڵێن ئێمە گۆرانین ، عەشیرەتگەریان پێوە دیار نیە ، کۆمەڵگایەکی کوردی گەورەن ، حەزیان لەژیانی ئازادییە. بەڕاستی پێکهاتەی دانیشتووانی گوندەکانی گۆرانان ئالۆزو تێك چەقیوە ، لەدەرەوەی دەڤەرەکەیان لەهەر یەکێکیان بپرسی بەشانازییەوە دەڵێت  من گۆرانم سەرەڕای ئەوانە هەندێك لەخانەوادەی عەشیرەتەکانی هەرکی ، سورچی ، زێباری ، کۆچەر ،  مزوری‌و میرانی لێرەو لەوێ لەدەڤەری گۆرانەتی بە برایانە لە ژێر خیوەتگەی گۆران دەژین. دەڤەری گۆرانەتی زۆر گوندی بەخۆوە گرتیە ، گوندێ هەرێ کچکەی(٥٠) ماڵ دەبێت ، گوندەکانی

١٧٥_ بشير سعيد عبدالرحمن (بهدينان و عشائرها)لاپەرە (٤١٠)چاپ ٢٠٠٦

گەورەی (شارۆچکە) یە زیاترە لە (٤٠٠) چوار سەد سەر خێزان پێکدێت ، لە شۆڕشی ئەیلوول و گولان ئەو دەڤەرە بە گۆران دەهاتە ناسین ، تاکو راپەڕینی بەهاری ساڵی ١٩٩١ سیمای عەشیرەتگەری گەڕایەوە ئەو دەڤەرە هەندێ برا گەورە بۆ بەرژەوەندی تاکە کەسی خۆیان لێکترازان و درز و پەرتەوازەیی کەوتۆتە ناو پێکهاتەکانی دەڤەری گۆرانەتی ، پێویستە دەڤەری گۆرانەتی ئەنجومەنێکی بالای هەبێت هەموو چین و توێژەکانی دەڤەری گۆرانەتی ، پیاو ماقولان رۆشنبیرو ناودارانی ئەو دەڤەرە لە خۆ بگرێت بە هەماهەنگی بۆ نەهێشتنی پەرتەوازەیی ، تاوەکو پێکەوە کێشەگانیان دەشتنیشان بکەن و بیگەیننە لایەنی پەیوەندیدارو بۆچارەسەر کردنیان. مێژوونووس و جوگرافی ناسەکانی موسلمانان ناوی گۆرانیان بە چەند شێوزارەیەك نووسییە ناویان هێنایە بە(جابارقە ، جابادقە ، جۆرقان ) سەرچاوەیەکی کەونی فارسی مێژووەکەی بۆساڵی(١١٢٦)دەگەرێتەوە ناوی جۆرقان بە گۆران هاتیە .

محمودی بایەزیدی دەڵێت:بەو کەسانە دەڵێن گۆران ئەوانی لە عەشیرەتی خۆیان بیتنەوە و لە گوندان دادەنیشن و کاری کشتوکاڵی دەکەن لە بنەچەدا کۆچەربوون گەرمیان و کوێستانیان دەکرد. بەشەکانی کورد شانازییان پێوەدەکەن ، ناسنامەی ناوچەیی (گۆران) کورد بوونی خۆیان کردووە ،

مێژوونووسی بەناوبانگی عەرەب (مسعودی) دەڵێت: هەر کام لە جۆری کوردەکان زمانێکی کوردی (شێوەزار ئاخافتنی ) خۆیان هەیە .زمانی ئاڤێستا بە شێوەزار ئاخافتنی گۆران نووسرایتەوە . گۆران ناوی پێکهاتەیەکی گەورەی کوردە ، زمانی هەورامان و گۆران و زازا سەرەڕای هەندی جیاوازی لە دیالێکتیان هەموویان دەگەرێنەوە بۆ زمانی کوردی ، ناوی گۆران لە سەردەمی یۆنانیەکان بە (مل پەرێن )ناودەبرا و پێش ئیسلام هەرهەبووە ، هیچ پەیوەندی بە ووشەی گاور یان گاوران نیە ، گەور بە واتای گەورە یان مەزن دێت بویتە گۆران ، لە تێکستە ئاشورییەکان بە (کۆر)واتە کێو هاتووە ، کورد پاشگری (ان) پێوەلکاندووە بوویتە گۆران یان بە گۆران یان دەگۆت چیانشینەکان .

یاسین العومەڕی الموسلی دەڵێت: کوردەکان هەرچەندە زۆر جۆریان هەیە ، بەلاَم ئەم بەشانە پێکهاتەی جۆرێکی گشتین ، لەشاخەکانی هەمەدان و شارەزوور دەژین پێیان دەگۆترێت گۆران ، لە ناوچەیەك ئاکنجین کە پێی دەگۆترێت ریاوەست (ریاوست) ی ئەمیر محەمەد.ئەسلی گورانەکان لە بادینان بۆ دەڤەری کەرکوك و هەولێر و سلێمانی و دیالەو کەرمانشاەو بۆ باکووری رۆژهەڵاتی کوردستان دەگەرێنەوە ، ئەویش لەبەر چەند هۆیەکی سیاسی کۆمەلایەتی و باری ئابوری قۆناغ بە قۆناغ هەر لە ناوەڕاستی سەدساڵیا سەدەی هەژدەم لە ساڵی(١٧٩٤) ز لە سەردەمی ویلایەتی عوسمانی لە موسل هاتنیان دەستی پێکردیە بۆ دەڤەری گۆرانەتی ، هەروەها

شالاوی هاتنیان لەسەردەمی هێرشی (میر محەمەدی رەواندزی) ساڵی(١٨٣٢) دەستی بە سەر دەڤەریْ گۆرانەتی داگرت و ئێزدی دەرکرد ، بۆشایی پەیدابوو ، زۆر تیرەو بەرەبابی گۆرانان هاتنە ئەو دەڤەرەی ، بەراستی گۆران یەك عەشیرەت نیە ، بەربەلاْون دابەشبوونە بەسەر قەزاکانی بەردەڕەش و شێخان و ئاکریْ و خەبات و سەنتەری شاری موسل ، قەزای بەردەڕەش دەکەوێتە سەنتەری دەڤەری گۆرانەتی بۆیە بە پایتەختی گۆرانان ناودەبرێت ، هەروەها کۆمەلگەی کەڵەکچی لە بەر چڕی دانیشتوانی دەڵێن پایتەختی گۆرانە.گۆران لەزۆر هۆزو عەشیرەت و تیرەو بەرەبابی جۆراو جۆر پێك هاتیە ، سەرەکییەکانیان ئەوانەن:ــ

١ ـ **رەشگەری** : رەشگەری لە ساڵانی ١٤٣٣ لە رانیەو قەلاْدزیْ ژیاون لەو تیرەو بەرەبابانە پێکهاتوونە(بابۆلی ، بۆلی ، خەیلە ، مەڕدەمەڕە) ، لقێکن لە قەبیلەی ئاکۆییان ، لەدەورووبەری ساڵانی ١٧٣٩ی زاییینی چوار برا بەناوی :(قەمبەر ، چۆپان ، شاسوار ، میران) لە دەڤەری دەکەوێتە نێوان رانیەو رەواندز و کۆپیتانی سەری چیای قەندیلی ئاکۆیان لەناوچەی قەلاْدزیْ بەلاْوون ، لەسەردەمی هێرشی لەشکری میرانی ئەردەلانییەکان بۆ سەر قەلاْی ئامێدیو شاری مووسڵ ئەو چوار برایە هاتینە لەدەڤەری گۆرانەتی ئاکنجیبوونەو بەرەچەلەك دەگەڕێنەوە بۆ ماڵی هەباس باییز بالوول لەگوندی دووگۆمانی بن چیای ماخۆبزنیْ لەناوچەی سەنگەسەر ئێستا خزمانیانلەویْ دەژین ، بە رەچەلەك دەگەنە ماڵی هەباس مامەند ئاغای سەرکەپکان بنەماڵەکەیان بەشاسواری ئاکۆیان ناودەبرێن. ئێستا لەدۆڵی شاور دەژین کەبە دۆڵەڕەقە دەناسریْ زیاتر وای بۆ دەچم رەشگەری لەگەڵ هەڵمەتی شالاْوی میرانی سۆران چاربرا بوونە (میران ، شاسوار ، قەمبەر ، چۆپان) لەناوچەی نێوان رانیەو قەلاْدزیْ ، لەقەندیلی ئاکۆیان هاتینە بۆ دەڤەری گۆرانەتی لە بادینان ، رەشگەری گەورەترین عەشیرەتی گۆرانە عەشیرەتی رەشگەری دەکەوێتە رۆژئاوای ڕووباری زێی بادینان ، زیاتر لە ٢٥ گوند دادەنیشن گوندەکانی سەرەکی ئەوانەن(دارەتوو ، زەنگەنان ، بەنێنان ، مۆریلان ، خێلەکی ، گۆنەزەرد ، گربدەو ، زمزمۆك ، خاروك ، دالەریْ ، کەونەباك ، بەردەڕەش ی گەورە ، گردەپان ، دۆستەك ، خرابە یاسین ، نەزراوە ، کەڵەك ، بیۆك ، رۆڤیا ، لە هەرسیْ گوندی ـ بارەوان ، بارەوان نویْ ، بارەوان خورشید ــ......) رێژەیان ٢٥٪عەشیرەتەکانی دەڤەری گوران پێکدەهینیت ، بەری ساڵی ١٤٣٣ شەش برا لە دەڤەری رانیەی هەبوون (وەلی بەگ)ناسراو بە وەلی گولستان سەرۆکایەتی عەشیرەتی رەشگەری دەکرد لە ساڵی (١٤٧٧) جار برا لە ناوچەی رانیە ژیاون هاتووبوون لە دەڤەری گورانەتی ئاکنجی ببوون ، دەسپێکی هاتنی رەشگەری بۆ ناوچەی بەردەڕەش تەنها چوار برا بوونە بەخۆو خێزانە، بە پالپشی دەسەلاْتی میرانی سۆران هاتوونەتە دەڤەری گورانەتی ئێستا خۆیان بەگۆران دەژمێرن ، برایەکان ئەوانەن:

١- (میران) له گوندی بەنێنان دادەنیشن.

٢- (شاسوار) لەهەرسێ گوندی زەنگەنان‌و کەونەباك وزمزمۆك دادەنیشن.

٣- (چۆپان) لەخێلەکی‌و گۆمەزەردو بیۆك دادەنیشن.

٤- (قەمبەر) لەگوندی دارەتوو دادەنیشن. دوولقی تر سەر به رەشگەرینە:

(ا) ـ کەوخۆمزەیی: لقێکن له عەشیرەتی رەشگەری گۆرانن به خوین دەگەنە یەکدی ئامۆزای یەکترن ، کەوخۆمزەیی زۆربەیان له بەردەڕەشی گەورە و مۆریلان و گوندی دوگوندانی کچکە و دوگوندانی گەورەو و مەموزین دادەنیشن .

(ب)ـ ئاکۆیی: دەڵێن ئەو عەشیرەتە به رەچەلەك دەگەرێنەوە سەر عەشیرەتی (بلباس)زۆر لەمێژە لێکجودا بیتنەوە ، ئێستا عەشیرەتێکی سەربەخۆنە ، له ناودەشتی نزیك پشدەر له (٤٣)گوند بەلأون ، ئەو بنەماڵەی سەرکردایەتی خێلی ئاکۆیان دەکات دەناسرێنبە (باشئاغایی) ، لەناەدەشت ، شاور ، رانیەدەژین. کۆمەلەی ناودەشت: دوو قەبیلەنە(شروشی)و( رەشگەری) له شەش گوند دادەنیشن .دۆلی شاور: ئەوانیش دوو قەبیلەنە(بۆلی)ی (بابۆلی)دەکەونە رۆژهەڵاتی شاری رەواندز ، عەشیرەتی ئاکۆ له دووبەرەبابی سەرەکی پێکدێن:

یەکەم: مەندەمرا . لەناو دەشت له (٣٠) گوند ئاکنجینە .

دووەم: باشی ئاغای.برا گەورەیان مامەند ئاغا بوو سالی ١٩٣٦ کۆچی دووایی کرد ، دوای ئەو بایز عباس مامەند ئاغا سالی هەفتاکان پەیوەندی به شۆڕشی ئەیلوول کرد ، دوای ئەو سوار عباس مامەند ئاغا سەرۆکی عەشیرەتی ئاکۆییان بوو. [١٧٦]

هۆی هاتنی رەشگەری بۆ دەڤەری گۆرانەتی لەبەر چەند ناکۆکییەکی عەشایەری و کێشەکانی کۆمەلأیەتی و قات و قڕی بووە ، بەتایبەتی ژن خواستن‌و کچ بەمێرددان. ناوچەی گۆرانەتی بەپیت‌و بەرەکەتە.دوای هەڵمەتی لەشکرکێشی میرانی سۆران بۆ سەر ناوچەکە ئێزدی راونران‌و جوگرافیای پێکهاتەی ناوچەکە گۆڕا. لەگەڵ لەشکری سۆران هاتوونە و دەسەلأتی خۆیان سەپاندووە . ووشەی ڕەشگەری به ناوچەیەك دەگوترێ سەر به پارێزگای سولەیمانیە زیاتر له١٥گوند بەخۆیەوە دەگرێ. چەند بۆچوونێکی جیاواز و زانیاری لەسە رووشە و واتاو شێوازەکانی ئەم ناوەی ڕەشگەری(ڕەژیکەری) هەیە . لەدوو ڕووە دەخەینەڕوو.

یەکەم لەڕووی واتاوە: وشەی رەشیکەییان ، ڕەژوکەرییان ، ڕەژیکەرییان ، ڕەشگەرییان ڕەژیکەری لەڕەژی (ڕەژوو)ە وە هاتووە ، کەڵە خەڵووزدروست دەبێت ودەبێتەخۆڵە مێش (مشکی) شوێنێك هەیە لەڕەژیکەر (بناری قەندیل ناوچەی ئاکۆیەتی) رۆژهەلأتی شارۆشێ ، بەناوی (گۆڕیکفرانا) دەکەوێتە سەرووی گۆڕستانی(سەحابان)ئەوگۆڕستانە کێلی گەورەی

---

١٧٦ ـ العشائرالکردیه فی العراق ـ سڕی ـ هەوالگەری سەربازی گشتی ل(٣٥)

لێیە،(٣-٤)م بەرز دەبن، ئەوشوێنە ئەوجۆرە بەردوتاوێرەی لێ نییە• مەگەرلەشاخی پەروەند نەبێت ،کە (١٠)کم زیادترلەوێوە دووره، دەکەوێتە  پشت کانی (جەنگە) . ئەوگۆڕی کفرانە سەدان کوپەی تێدایە پڕن لە ڕەژی (ڕەژوو) نازاندرێت ئەوڕەژییە هێ چییە؟ ئایە پاشماوەی لاشەی سووتاوی ئەوانە یان نا؟

بۆچوونی دووەم : لەئاست ئەوپرسیارەی کەوشەی ڕەشگەری لەچییەوە هاتووە؟ دەکرێ بەو شێوازەشی بکەینەوە: بەهۆی ئەوەی کە لەڕابردوودا ئەندامانی ئەم عەشیرەتەیە لەشوێنی ڕەسەنی خۆی یان تووشی چەندین کێشەی کۆمەڵایەتی وبارودۆخی نالەبار بوونەتەوە و (ڕەشبگیر) یەکی زۆریان لێکراوە و لەئەنجامی ئەوکێشە کۆمەڵایەتییە پەرتەوازەی زۆرشوێن وناوچەکانی کوردستان بوونە و زۆربەی هەرەزۆرییان چوونەتە دەڤەری گۆرانەتی وناوچەی (ألعشائرالسبعە) لە چەندین شوێنی تریش هەنە ، بۆیە دەکرێ ناوی (ڕەشگەری) لەوەوە هاتبێت. بەڵام بەتێپەڕبوونی کات ووشەکە چەندین گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە چەند پیتێکی لێکرتاوە وگۆڕاوە لە (ڕەشیکەری)ەوە بووەتە (ڕەژیکەری) و لە (ڕەژیکەری)ە وە بووەتە (ڕەشگەری)..

لەڕووی شێوازو فۆڕمەوە: ڕەژووکەری (ڕەژیکەری ، ڕەشکەری) لەڕووی شێوازەوە چەندین فۆڕم و شێوەی جیاوازی هەیە هەموویان ئاماژەن بۆعەشیرەتی (ڕەژیکەری) شێوازو فۆڕمە جیاوازەکانی بەچەندین جۆری جیاواز دەنووسرێت  و دەردەبڕدرێت  ، بە وواتایەی لەهەر شوێنێك بەشێوازێکی جودا ووشەی ڕەژیکەری دەردەبڕدرێ وگۆدەکرێت ،هەموو ئامانجیش لەم شێوازە جیاوازانە ، بۆ ئاسانی دەربڕینە ،چونکە یەکێك لەخاسییەتەکانی زمانی ئادەمیزاد ،ئەوەیە زمان هەمیشە بەرەو کورتبڕ یوکورت بوونەوە دەچێت،وشەش بەدەرنییە لەم دیاردەیە و خاسیەتەییە ، بەمەش وشەی ڕەژیکەری (ڕەشیکەیی) چەندین گۆڕانکای بەسەرداهاتووە  ئەم دەربڕین وشێوە جیاوازانەش هیچ لەواتای وشەکە ناگۆڕێت وئاماژە بۆیەك عەشیرەتدەکەن ئەویش (ڕەژیکەری)یە• بەو  شێوەزارانە دەگۆترێت ئەمانەن: ((ڕەژووکەری ،ڕەژووگەری ڕەژۆکەری، ڕەژیکەری ڕەژیگەری،ڕەشیکەری ڕەشکەری ، ڕەشیکەیی ،ڕوشکری ، ڕەشوکەری ، ڕەشگەری ،رژکری ، ڕەزگەری، ، ڕەژگەری ،ڕەژکەری ،ڕژیکری ، ڕشکری)) .

واتای ووشەی ڕەشگەری : رێ + شاه +گەڕیا  ،  یان ڕەشگەری : ڕەژو + گەری یان گوایە کاری سەرەکیان ڕەژوو دروستکردن بووە  ، چونکە لە دەڤەری شاخاوی پڕ دارستان بوونە .[177]

ڕەشوگەریان: ناوی گوندێکە سەر بە قەزای چۆمانە گوایە ڕەشگەری لە وێندەرێ هاتوونە بەڵام بیرو بۆچونێکی لاوازو بێهێزە ، ڕێگای شایە پێدا گەڕیایە هاتو چۆی کردیە ناوچەی ڕەشگەری

---

١٧٧–هۆزی ئاکۆ لەنێوان مێژووی کۆن ونوێدا نووسینی (م• محەمەدحسن سەرگەینێڵی)

چ لە شوێنی ئەسلی لە سولەیمانی  یان ناوچەی ڕەشگەری لە دەڤەری گۆرانەتی سەربە قەزای بەردەڕەش .  شوێنێکی ستراتیژهەیە ڕێگای هاتوو چۆی کاروانچیاتی لەشکر کێشی بووە چ لە نێوان هەردوو دەڤەری سۆران‌و بادینان ، یان ڕێگای هاتوچۆی هەردوو ئیمپراتۆریەتی فارسی‌و یۆنانی بووە لە کۆندا . شوێنی ئەسڵی ڕەشگەرییان دەکەوێتە  ناودەشتی بن چیای قەندیلی لەسەری دۆڵی شەهیدان دەستپێدەکات‌و لەو گوندانەدا بلاّون :گرك- پیران- گردك‌و ڕەش- دووگۆمان- چەمکێ‌و مەمکێ ،  خەڵکەکەی هەموو ڕەشگەرینە دەستووری ژیانیان‌و کاری سەرەکییان خەریکی ڕاوشکارن لەگەڵ بەخێوکردنی گاڕەش.ڕەشگەری تەنها لەدەڤەری گۆرانەتی بلاّونەبوویتنەوە.

**ـ چۆپانی:** میرچۆپان بەگ لە سەردەمی جێنشینی عومەڕی کوڕی خەتاب ساڵی ١٥ك  لە بەر زولم و ستەمی ساسانییەکان هاتبوونە عیراق ، میر چۆپان ٩ نۆ کوڕی هەبوو ، لە شەڕی قادسیەی یەکەم چۆپانییەکان پشکداربوون لەگەڵ لەشکری ئیسلام دژی ساسانیەکان شەڕیان کردبوو ڕۆلێکی گرنگیان گێرابوو ، مندالەکانی چۆپان بەلاّوبوونەوە ،  میر ئاراب چووبوو عەبادان میر محەمەد چووبوو پاکستان ،  پێنج برایانی تر هاتبوونە ئەو شوێنانە :

١ـ ئاکۆ هاتبوو ناوچەی پشدەر ٢ـ میر چۆپان بەگ هاتووتە شەقلاوە ٣ـ گردی لە سێرکی کوردستانی باکوور ٤ـ میر عەوێز هاتووتە قەلاّی هەولێر ٥ـ میریاسین ئاغا هاتۆتە کەڵەك  ، حاجی ئیبراهیم ئاغا نەوەی چۆپان بوو هاتبوو گوندی خێلەکی ، ئەو سەردەمی مووسەیی لەخێلەکیان هەبوون .دوای هاتنی لەشکری میر مەحەمەدی سۆران بۆ سەر ئێزدیان مووسەیی لە زۆر گوند باریان کرد چونکە هاوپەیمان بوون لەگەڵ ئێزدیان، سێ قەبرستان  ،  قەبرستانی مووسەییان قەبرستانی ئاغەواتان قەبرستانی غەریبان و قەبرستانی گشتی لەگوندی خێلەکیان هەیە چۆپانی پەیوەندی بەهێزیان لەگەڵ میرانی سۆران پەیداکردبوو.. [١٧٨]

**٢ ـ گێژ:**  عەشیرەتێکی تری گەورەی گۆرانان ئەویش (گێژە)لە قەزای  بەردەڕەش  و شێخان وموسل بەلاّون مەلبەندی دانشتنیان ناحیەی ڕۆڤیاو هەردووگوندی بامەرزێ ودۆبەردانە ،  ڕێژەیان ٢٣٪ی هۆزی گۆران لە دەڤەری گۆرانەتی لە بادینان پێکدەهینیت ، ئێستا لە گوندەکانی سەر بە ناحیەی ڕۆڤیا، لە قەزای شێخان ، چەند گوندێك لە ناحیەی باشیك ، سەنتەری کەلەکچی ، ناحیەی زێلکان و قەسرۆك  بەلاون. زۆربەی گوندەکانیان دەکەونە ناودەشتی ناوکوڕ.لەسەر لێواری ڕۆژهەڵاتی ڕووباری خازر و گوندەکانی ڕۆژئاوای ئاوی خازر نزیك چیای مەقلوب دەژین

---

١٧٨ــ صباح کاکل مەجید ئاغا چۆپانی بە سوپاسەوە بۆمی ڕەوانە کرد .

ناویان لە شەرەفنامە هاتووە، گێژ  لە زمانی عەرەبی بە واتای ( دایخ یان طائش) دێت. [١٧٩]

بنەچەیان بۆ قەرە تەپەونارین لەقەزای کفری سەربە پارێزگای کەرکوك دەگەڕێتەوە ،

خانەوادەی موشیر ئاغای گۆران لەدەڤەری سەران گێلی کوردستانی تورکیا هاتینە  بۆ ناوچەی کەلاروو کفری. بەگێژ ناو دەبرێن ئەوزاراوەیە لە ووشەی جەیش هاتیە ، گوایە لەگەڵ لەشکری سەلاحەدینی ئەیووبی پشکداریان لەشەڕەکان کردییە ، گێژ کاتی هاتوونە بۆ دەڤەری گۆرانەتی چار برا بوونە :

١ــ (باپیر) نەوەی باپیر ئەمانەن(ئۆمەڕەرەش ، دەربازی ، سندی ، عەساف و شاباز). لەو گوندانە دادەنیشن: قایماوە ، دووبەردان ، سێکانی ، گولیجە ، قەلاَتۆك ، مێرگێ ، گەرمکو ئیسماوە.

٢ــ (رەشید) نەوەی برای دووەم رشید بوو بەبەرەبابیان بە رەشەڕەشە ناودەبرێن لە گوندەکانی سیگردك و بامەرزێ دادەنیشن .

٣ــ (قەمبەر ): لەوگوندانە ئاکنجینە: یەکماڵە، جوجەر ، سێگردك پیربوب ، دوولێجان ، خەمیس کووچك ، کەندالەسۆر ، بامەرزێ ، حەسەنی ، چرە ، زێلکەی عەتکۆ ، گرکەجوو و زیناوە.

٤ـ یەکێك لە براکانیان چووبوو پارێزگای رەمادی.

تیرەو بەرەبابی هۆزی گێژ بەگشتی ئەمانەن : ١ـ بەرەبابی باپیری ٢- بەرەبابی شابازی ٣ـ بەرەبابی دەربازی ٤ ـ بەرەبابی کناری٥ـ بەرەبابی ئۆمەڕشی ٦ـ بەرەبابی عەسافی ٧ـ بەرەبابی جندی ٨ـ بەرەبابی ئەحمەدی ٩ــبەرەبابی مەحمودی ١٠ـ بەرەبابی رەشیدی ١١- قەمبەری ١٢ـ بەرەبابی ئەمینی ١٣ـ بەرەبابی مامکی ١٤ـ بەرەبابی بەگزادەی ١٥ـ ئال عەدۆ .

١٦ ـ سێ برا (ئۆمەڕ و کونار و دەرباز) لەگەڵ ئامۆزاکانیان(عەساف وشاباز و جوندی ) گێژن.

ئەحمەد پاشا سەرەتای هاتنی لە ناوچەی سەرانگێلی باکوور کوردستان دێت لە کفری و کەلار ماوەیەکی زۆر دەمینێتەوە ، ئینجا دێتە دەڤەری گۆرانەتی یەکەم جارلە گوندی گۆڕانکێ نیشتەجێ دەبێت لەوێ دێتە گوندی گرگۆران دوایی بۆگوندی خرابە کەنگر دەگوازتەوە ،

لەکۆتای بەتەواوەتی لەگوندی رۆڤیا ئاکنجی دەبن لەگەڵ ماڵی شێخی روڤیە بە ژنان تێکەل دەبن پاشان دەچێتە گوندی بامەرزێ ، سەجەرەیان بەم شێوەیە : بشار - موشیر – ئیسماعیل –ساڵح- مستەفا – جەردیس- تەها – ئەحمەد پاشا [١٨٠]

مستەفا بەگ جەردیس خەرجوو خەراجی نەدابوو (میرمحەمەدی ڕەواندزی). چەند سواری رەوانە کردبوو بۆ گرتنی (جەردیس) لە پایتەختی میری کۆرە هاتبوو زیندانی کردن ، مستەفا بەگ بەدزی بێئاگای پاسەوانەکانی ماڵێ میری خۆی گەیاندبوو ناو ماڵی میری سۆران لەڕەواندزێ

---

١٧٩ــ بشیر سەعید عبدالرحمان (بهدینان وعشائرها) دراسە تاریخیە چاپی ٢٠١٤ دهۆك لاپەرە (٤٥٥)

١٨٠ــ پێزانین بە سوپاسەوە لە بەرێز کەریم موشیر ئاغا وەرگیرایە

، میرگوتی مادام توو ئەوەندە زیرەکی بەبێ ئاگاداری پاسەوانان خۆت گەیاندە ناو ماڵی ئێمە .گوندەکانی تۆ لەخەرجوو خەراج عەفوو دەکرێت.دکتۆرخەزعەل یاسین حەمۆکە دانیشتووی بازوایە بۆمی گێرایەوە: بەرەبابی حەمۆکەڵە عەشیرەتی گێژن بەرەبابێکی ناودارو دەولەمەندن لە گوندی بازوایە دادەنیشن ، لەسەردەمی مەلەکی حکومەت چەندجار پارەی لەو ماڵە قەردکردیە بۆ خەزینەی دەولەت ، ئەو بەرەبابە دەگەنە ماڵی مشیر ئاغای گۆران سمایل ئاغا وصالح ئاغا پەیوەندیان خۆش بوولە گەڵ ماڵی حەمۆکەی ، کاتێ سەردانی موسلیان بکردبایە چەند ڕۆژێك قۆناغیان ماڵی حەمۆکەی بوو لە گوندی بازوایە .گێژەکانی رۆژئاوای ڕووباری خازر دەسپێك سێ برا بوون (ئۆمەڕ و کنار و دەرباز) هەروەها عساف و شاباز وجندی ئامۆزای یەکن لە نارینی دەڤەری کفری هاتبوونە سێکانی کچکە(سێکانی جامع ) ئەسلیان بۆ بابانیەکان دەگەرێنەوە ، حوسێن پاشای جەلیلی ئەو کاتی ناکۆکی هەبوو لەگەڵ ئێزدیان گێژەکانی هێنابوو لە دەورووبەری شاری موسل ئاکنجیانی کرد ، بۆ پاڵپشتی و یارمەتیدانی حوسێن پاشای جەلیلی والی موسل (١٧٣١تا ١٨١٧) ژیاوە ، ئێستا لە هەرسێ سێکانی و گوندی دوبەردان بەلاْون ، پەندێك هەیە لە گوندی دوبەردانی کچکە دەگۆترێ:(من نە لەوانم نە لەیانم ، کلاو ڤیتکێ دیدەوانم ، خەڵك شەڕکەرە من لە سەیرانم ) . [181]

**٣ ــ بۆت:** یەکێکە لە سێیەم پێکهاتەی عەشیرەتی گۆرانان بە ڕێژەی ١١٪ هەژمار دەکرێت ، عەشیرەتەکی زۆر کەونە ، شوێنی ئەسلیان باکووری کوردستانە ، لەناوچەی چیای جودی کە کەشتی نوح پێغەمبەر سەلامی خوای لەسەربێت لەوێندەرێ لەنگەری گرتبوو ، هەموو گوندەکانی نزیك ئەوێ لەگەڵ شاری شەڕنەخ بۆتن و سەنگی خۆیان هەیە لەناو هۆزەکانی کوردستانی ، شەڕەفخانی بدلیسی ئاماژەی پێدایە مێژوویەکی دێرینیان هەیە ، لەجزیرەی بۆتانو دەورووبەری لەساڵی (١٧٩٤) هاتینەسۆران ، پاشان لە دەڤەری بادینان ئاکنجی بوونە ، بە جودا هاتوونە هەندێکیان لە دوای لەناوچوونی شۆڕشی بەدرخانیەکان لەساڵی ١٨٤٢/١٨٤٦ز لەدێر گوڵوکەلێ بورجێو ئەوانەی تر لەدەڤەری شەڕنەخوجزیرەی بۆتان و شوێنەکانی تریباکوڕی کوردستان بەجیاجیا هاتوونە بۆ دەڤەری گۆرانەتی لە ناوچەی بۆتان ئاکنجی بوونە.

ناوی بۆتان لە (بۆت + ان )یان (بت +ئان)هاتیەواتە لەکۆنەوە پێش هاتنی ئیسلام جێگای پەرستنی (بت) بووە . [182]

---

١٨١ــ گێرانەوەی احمد جرجیس ناسراو بە (ئەحمۆ) دانیشتووی گوندی سێکانی گەورە

١٨٢ــ بشیر سەعید عبدالرحمان (بهدینان وعشائرها) دراسە تاریخیە چاپی ٢٠١٤ دهۆك لاپەرە (٤٥٢)

لە کونەوە ئەو ناوچەیە بە دروستکردنی پەیکەرو شوێنەوار بەناوبانگ بووە ، بیرو بۆچوونەکی تر هەیە دەڵێن ناوی بۆتان لە (بوختان )هاتیە ، دەڵێن کاتی لە جزیرێ بۆتان بوهتانیان بە مەم و زین کرد و نەگەیشتنە مراز ، بە نائومێدی هەردووکیان سەریان نایەوە ، ئەوەش بووچوونێکی لاوازە ، ماڵی بەدرخانیەکان میرگەهی بۆتانیان لە ساڵی ١٣٢٧ك بەرامبەر ١٨١٣ دامەزراند تەمەنی ١٨ هەژدە بەهاربوو لە نێو میرگەهەکان دیاربوون ، ئەمیر بەدرخان زیرەك و بە توانا شارەزابوو ، چەند جار بەرپەرچی لەشکری عوسمانیەکانی دابوو ، بەلأم باب العالی لەشکرێکی بەهێزی بە سەرۆکایەتی (وەسمان پاشا)پێکهینابوو ، میر بەدرخان سەرکەوتنی بەدەستدەهینا ئەگەر دەستی خیانەتکاری (عزالدین شێر)نەبایە خۆی دابوو گەڵ عوسمانیەکان بە ئاسانی شۆڕشیان نەدەشکا ـ هەردەم خیانەتی ناوخۆ کوردی شکاندییە

دوای لەناوچوونی ئیمارەتی بۆتان کۆمەلێکی زۆر لەدانیشتوانی جزیرەی بۆتان کۆچیانکرد بەرەو سوریاو میسر وسوید ، زۆربەیان روویانکردبوو باشووری کوردستان هاتبوونە گوندەکانی دەڤەری گۆرانەتی (العشائرالسبعە). دەسپێك هەندێك خێزانی بۆتی هاتبوون لە ناوچەی سێمێل نیشتەجێ ببوون ، ماوەیەك لەوێندەرێ مابوونەوە ، لەسێمێل باریان کرد بۆناوچەی بەردەڕەش لەشوێنێك دایاننا پێی دەڵێن ڕکاوا دەکەوێتە نێوان گوندی زەنگەنان و گوندی گردەپان ، پاش ماوەیەك جەندرمەی تورك بەدووایان داهاتن بۆگرتن و کوشتنیان ، شەڕێکی قورس لە نێوانیان ڕوویدابوو بە شیر و تیر خەنجەر جەندرمەی تورك شکان و هەڵاتن ، بەلأم لەو شەڕەدا ڕشئاغا کە دەکاتە کوڕی یونس قۆڵێکی خۆی لە دەست دابوو ، ئەو شوێنەی شەڕلێی روویدابوو هەتا ئێستا ناسراوە بە (شەڕە بۆت ) دوای ئەو شەڕە هاتن لە گوندی گردەپانی ئاکنجی بوون ، وەکو خەڵکی دەڤەری گۆرانەتی و دەستیان کرد بە کارو کاسبی بۆ بە دەست هێنانی بژێوی رۆژانەیان . هەر لەڕووباری زێی گەورە لەراست کەڵەك و بشیریان ئەو ڕێزەگوندە تاکو دەگاتە سەرپردی مەندان هەمووی بۆتن ، پیاوی ناسراویان ( مجید عبدالرحمان ئاغا ) بوو لە گوندی گردەپانی دەژی (محەمەد نجم حوسێن ئاغا لە گوندی گەڵۆکی دادەنیشن ، بۆتەکانی ناوچەی گۆرانەتی لەڕووی سیماو رووخسار دەبنە دووبەش ، دەناسرێن بە: بۆتەسۆرو بۆتەرەش ، هەموویان بەسەریەکەوەن لەسنووری قەزای بەردەڕەش و ناحیەی کەڵەك ، قەزای حەمدانیە بلأون ، تیرەو بەرەبابەکانیان ئەوانەن (عەباسی ، خەمانی ، لۆلکی ، لۆلکی سێ برابوونە (بازید – کەکۆ-ئەحمەد) ، تۆبزی ، قەیاسی ، پالأنی ، گەردی بۆت ، خویتەلی ، کزی ، خێرکی و یاقوبی تیرەیەکی بۆتانی مەسیحینە لەشارۆچکەی قەرەقۆش سەربە پارێزگای موسڵ دادەنیشن ، لە دەڤەری گۆرانەتی دەژین بۆتەکان لە گەڵ هەموو عەشیرەت و تیرە و بەرەبابەکانی تر پەیوەندی باشیان هەیە ، حەزیان لە دووبەرکی ناکۆکی عەشائیری نیە ، بۆتەکانی گوندی گەڵووك وگردەپان

دەگەڕێنەوە بۆ بنەماڵەی میری بۆتان ، باپیرەگەورەیان ناوی گورگین بوو ، سەجەرەی پشتاوپشتیان بەم شێوەیە: عەبدوللا کوڕی عەبدلەجید کوڕی عەبدلڕەحمان کوڕی ئیسماعیل کوڕی عەبدللا کوڕی یوونس کوڕی حەسەن کوڕی گورگین لە گوندی گردەپان دادەنیشن ئەوانە بە( ماڵە میر) ناودەبرێن ، کۆچکیان بەردەوام کرایەوە بوو ، براگەورەیان دژی جیاوازی بوو لە نێوان دانیشتوانی گوند چاوی ستەمکردنیان لە کەس نەبوو. ئێستا کاك ڕەمزی محەمەد ئاغا دانیشتوانی گوندی گەڵووکە دەستنیشان کرایە وەکو براگەورەی بۆتەکان کەسێکی روح سووك وخزمەت خۆشە ، پەیوندی لەگەڵ هەموو چین وتوێژەکان هەیە ، حەزی لە پێکەوە ژیان ومرۆڤــ دۆستە، ئامۆزانە لەگەڵ بۆتەکانی گوندی گردەپانی . بۆتەکانی گەویلان وبشیریان بۆ بنەماڵەی بەکر ئاغاو رەشئاغا ی بۆتان دەگەڕێنەوە ، پێش هاتنی ئەو بەرەبابانە چەند خێزانێکی بۆتی لەبەر چەند ئەگەرێك هاتبوونە دەڤەری بەردەڕەش وەکو رێخۆشکەرێك بوون بۆ هاتنی چەند تیرەو بەرەبابێکی تر بۆ سنوری دەڤەری گۆرانەتی .

دوای ماوەیەك خزمانی جزیرەی بۆتان بە دوای سەرو سۆراغی خزمانی خۆیان دەگەڕان پێحەسیان لە دەڤەری گۆرانەتی دەژین ، ماڵی بەدرخانیان پیاوێکیان ناردبوو بە دووایان کە ناوی( فەتاح بەگ )بوو ، بە فەتاح بەگیان گۆتبوو هێواریٚ لە دیوەخانیٚ لە گەڵیان دابنیشە هەستیان لێڕابگرە و زەینیٚ خۆ بدیٚ ئەگەر لە جەماتیٚ باسی کارو کاسبی و جۆت ومەڕو ماڵتیان کرد هەما لێیان گەریٚ بەکەلکی ئێمە ناهێن بلا لە شوێنی خۆیان بژین ، بەلاٚم ئەگەر باسی سوارچاکی و شەڕوشۆڕو فێرس ڕمبازی و ڕاو بکەن ئەوە دیارە لە سەر کەلتوور داب و نەریتی کۆنی خۆیان ماون بیانگەرێنەوە ، فەتاح بەگ زانی کۆڕانە لەسەر کەلتوور داب و نەریتی کونینە نەماون وەکو خەڵکی ناوچەکە لێهاتبوون واتە گۆڕابوون ، هەر لەبەر هەندیٚ ئەو دەڤەرە بە گۆران ناودەبرێت ، لە سەر بیرو بۆچوونی کۆن نەمابوون بۆیە مانەوە ، بەو بۆنەوە کۆچکیان لە گوندی گردەپانی دروست کرد بەناوی کۆچکی فەتاح بەگی ، تاکو ساڵی ١٩٨٤ مابوو بەلاٚم هەشیار عبدالله خراپی کرد زۆر لە ردێن سپی پیاوماقولانی گوندی پێیان ناخۆش بوو بە خراپکردنی ئەو کۆچکە کەڵەپوورییە. (١٨٤)

## تیرەو بەرەبابەکانی بۆتان ئەمانەن

**(١) عەباسی:** بنەچەیان یان ڕەچەلەکیان بۆ بنەماڵەی بەدرخانیەکان دەگەڕێتەوە ، لەکەلیٚ بورجیٚ ناوچەی دێرگولیٚ لەجزیرەی بۆتان دوای لە ناوچوونی شۆڕشی بەدرخانیەکان پەڕاگەندە بوون ، هاتبوون لەگوندەکانی گەڵووك وگردەپانی سەر بە دەڤەری گۆرانەتی ئاکنجی بوونە ، باپیرەگەورەیان ناوی گورگین بووە.

١٨٣ ـ پێزانین لە مامۆستا حاجی رفعت منصور گردەپان لە سەر زاری باوکی وەریگرتبوو

**(٢) لۆلکی:** لۆلکی تیرەیەکی بۆتانن ، سێ برابوونە(بازید ، کەکۆ ، ئەحمەد). لەناوچەی شەڕنەخی باکووری کوردستانی هاتبوونە دەڤەری گۆرانەتی ئەسل و زنجیرەیان بۆ ماڵی ئاغای سۆر دەگەڕێنەوە، رۆڵی کاریگەریان هەبوو پاڵپشتێکی گەورەی ماڵی میری بەدرخانیان بوون ، لۆلکی یەکەم جار کەهاتن سەرەتا لەکەندالی تەمری لەدەو ڕووباری خازر ، دەکەفتە نێوان کانیلان وقاتێسی گەورە ماوەیەك مانەوە، پاشان نەوەکانیان زۆربوون ئێستا لۆلکی لەو گوندانەدا بلاْون (ترپەسپی ، دڕین بۆت ، حەسار ، قاتێسی ، گەلْووك ، دووسەرە ، حەسەن شام).

دەگێڕنەوە لەسەردەمی فەرمانڕەوایەتی دەسەڵاتداری عوسمانیەکاندا داوایان لەئەحمەد کردبوو کەخەرج وخەراجی دەڤەرەکە کۆبکاتەوە بۆ پاشای سولتانی ببات ، ئەحمەد داوای تورکانی جێبەجێ نەکردبوو لەحکومەتی یاغی ببوو ، فەرمانی گرتنی ئەحمەدی لەلایەن تورکەکان دەرکرا جەندرمەی تورکی هاتبوون ئەحمەدیان گرتبوو ، لەقەڕاسەی هەسپی خۆیان قایم کردبوو ، بەرەو بابولعالی بردبوویان ئەحمەد ئازاد دەکرێت ، خەڵکەکە داوای تورکانیان جێبەجێ کردبوو خەرج وخەراجی خۆیان بۆ فەرمانڕەوایەتی ئەو سەردەمی بردبوو.هەتا ئێستا ئەو بەرەبابە سەرسەختن  ناحەقی لەکەس قەبوڵ ناکەن ، لەبەر ئەو رووداوە ناوی بەرەبابی ئەحمەدی بە قەڕاسی دەناسرێ ، خوالێخۆشبوو ( عبدالعەزیز تالۆ) بۆمی گێڕایەوە .

**(٣) خەمانی :** میر محێ میری شەڕنەخییان بوو خەمانیە ماڵێکی خانەدان بوو ، ، میر محێ دەسەڵاتێکی تەواوی بەسەر دەڤەری شەڕنەخیان هەبوو حکومەتی عوسمانلی لەسەر میرمحێ وخەڵکەکەی کردبوو لەژێر ڕمی تورکەکان بن ، میر محێ یاخی ببوون چەند جاران تووشی شەڕ وپێکدادان هاتبوون ، ناچاربوون دەڤەرەکەی بەجێ بهێلیت ، روویان کردبوو گەلْیەکی بەترس ، لەشکرو جەندرمەی تورك بەدوایانەوە بوون ، میر محێ ناچاربوو خۆی لەو گەلْیە بەترسە بدات ، چونکە لایەکی ئاوی بەحرێ وانێ بوو لایەکەی دیکەشی چیایە ، لەشکرێ تورکی بەدوایانەوە بوون رێی هاتونەهاتێ بوو ، ، میر محێ و ئەوانەی لە گەلیدابوون   هاتبوون لەمووسەکاوێ دەکەوێتە  نێوان هەردوو گوندی شێخالك وگردەپان سەر بە قەزای  بەردەڕەش ، ڕشماڵی خۆیان هەلْدابوو ،  ئێستا لە گوندی دووسەرە و شێخالك وگردەپان دەژین [١٨٤]

**(٤ ) تۆبزی:** لقێکن لەخەمانیان ، بۆتن. دواجار ئیران بەغدای داگیرکردبوو، ئاگاداری ئیستەمبۆلی کرابوو کەبەغدا بوویتە مەیترخانەی ولاْخی ئێرانیان ، سوڵتانی عوسمانلی هێرشی کردبوو سەر بەغدا ببوو شەڕ ،  شەکر چاوش کوردێکی بۆت بوو ئالای عوسمانی وەرگرتبوو بوو نەیهێشت ئالاْکە بکەوتە سەر زەوی ، گۆتیان ئەوە کێ بوو  ، سولتان بانگی شەکر چاوشی بۆت  کرد و پێی گۆت: بخوازە ماڵێ دنێ هەرچیت دەوێت بلێ.

١٨٤ـ پێزانین لە عبدولکەریم تالۆ دانیشتووی گوندی قاتێسی گەورە وەرگیرایە

شەکر چاوشی کوردی بۆتی گۆتی: تۆبزێ دەستێ سولتانم دەوێت لەگەڵ پارچە زەوییەکێ لەکۆرتە مارانێ کەدەکەوێتە نێوان گوندی گەڵووك وشێخالك سەر بە دەڤەری گۆرانەتی دەخوازم .داوای سێیەمی گۆتبووی تەسکەرەم پێبدە واتە لەسەربازی تەسریح بکرێم. سولتان داواکەی جێ بە جێ کردبوو ، شەکر چاوش هاتبووە کۆرتەمارانێ جۆتێ کەرێی دابەستەوە وتۆبزەکەش شوان لێیان دزیبوو ، داوایەکانی سووك وسادە بوون.بەرەبابی شەکر چاوشی ناویان لێنرا تۆبزی ئێستا ماون ئەوانەن: (ماڵێ مستۆ قەمەڕی ، یوونس جەردیسە ، کەریم قەرەنازی ، ماڵێ قادر حەدادی ، ماڵی شەمسەدین ئەحمەد  موختارێ گوندی زەنگەنان ......)

**(٥) قەیاسی :**خەڵکی جزیرەی بۆتانن تیرەیەکن لەلۆکییان ، لۆلکی یەکەم جار کەهاتن سەرەتا لەکەندالی تەمری لەدەو ڕووباری خازر ، دەکەفتە نێوان کانیلان وفاتێسی گەورە ماوەیەك مانەوەدەلێن ئەو بەرەبابە لە ناوچەی ئەردەلانی  باکووری کوردستانی هاتینە ، پاشان نەوەکانیان زۆربوون ئێستا لۆلکی لەزۆر گوندبلاۆن وەکو: (ترپەسپی ، دڕین بۆت ، حەسار ، فاتێسی ، گەڵووك ، دووسەرە ، حەسەن شام) .[١٨٥]

**(٦) پالانی:** پالانی ٣٥٠ ماڵ دەبن لەسەنتەری زەنگ ئاباد وقەرەتەپە کەدەکەوێتە  رۆژهەڵاتی ئاوی سیروان لەدەڤەری دەگاگا دادەنشین سەر بەپارێزگای کەرکووك وخانقین دەگرتەوە ، چەند ماڵێکی پالانی لەشوێنی ئەسڵی خۆیان هاتبوونە ناوچەی بۆتان لەسنوری قەزای  بەردەڕەش نیشتەجێبوون ، تێکەل بەخەڵکی بۆتان بوونە خۆیان بەگۆران حسێب دەکەن.

**(٧) یاقوبی:** تیرەیەکی بۆتانین مەسیحینە ئەوانیش پەرگەندە بوون ،  لەشارۆچکەی قەرەقوش وحەمدانیە سەر بەپارێزگای مووسڵ دادەنیشن.

**(٨) ئاغا تۆبزی** : لەناو بۆتەکانی دەڤەری گۆرانەتی سەر بەناحیەی دارەتو قەزای  بەردەڕەش هەندێ کەس لەگوندەکانی بۆتان سەریان هەڵدا بوو بەهێزی تۆبزی زولمیان لەخەڵکی هەژار وڕەشوڕووت دەکرد ، ئەو کەسانە خۆیان بەسەر چەند گوندێك سەپاندوو بەخورتی تاپۆ وسەرانەیان لەئاواییەکان دەساند ، زبارەیان بەخەڵکەکەیان دەکرد ، ناویان لێنرا ئاغا تۆبزی. بەم شێوەیە هەندێ کەس سەری هەڵدا پشتاوپشت خۆیان کردبوو خاوەنی گوند ، بەئارەزووی خۆیان ئەوەی لەگەڵ هەست و نەستی ئەوان نەگونجایە دەردەکرا لەگوندی هەندێ کەسانی تری لەجێیان دادەمەزراند ، زۆربەی هەرە زۆری گوندەکانی گۆرانان ئاغایەکی هەبوو  ، بەلاّم لەساڵانی هەفتاکان ودوای راپەڕینی ساڵی ١٩٩١ دەسەلأتیان بەسەر جۆتیارانی گوند نەمایە.

**(٩)خویتەلی** : خویتەلی لە پێش هەموو بۆتەکانی دیکە هاتبوونە گوندەکانی قەزای  بەردەڕەش رێخوشکەربوون بۆ هاتنی بەرەبابەکانی بۆتان بۆ دەڤەری گۆرانەتی ئەو بۆتانەی لەگوندەکانی

---

١٨٥ـ پێزانین لە عومەڕە بۆت موالید ١٩١٥ دانیشتووی گوندی دووسەرە وەرگیرایە.

گەویلان وبەرگێل وبشیریان دادەنیشن بەبۆتە سۆر ناودەبرێن ئەوانە بۆتی ئەسلین ئەوانەی تر بە بۆتە ڕەشن ناودەبرێن . گەویلانی بۆتان پایتەختی بۆتە سۆرەکان بووە رەشاغای بۆتی تێدا دانیشتبوو ، فەرمانڕەوایی دەڤەری بۆتانی دەکرد. سەرەتا وەلی بەگ ومەحموود بەگ لەدەڤەری شەرنەخی کوردستانی تورکیا هاتبوون لەگوندی گەویلانێ ئاکنجی ببون ، لەدوای ئەوان رەشاغا (رەشاد ئاغا) دەسەڵاتداربووە ، بۆتانیەکان لەسێزدە گوندی سەرەکی دادەنیشن لەزۆر گوندی تری دەورووبەریان بەلاَون ، ناوچەی بۆتان دەکەوێتە باشووری سەنتەری قەزای بەردەڕەش ڕێگای نوێی کەڵەك ـ بەردەڕەش هەردوو پارێزگای دهۆك وهەولێر پێکەوە دەبەستەوە بەناو جەرگەی گوندەکانی بۆتاندا تێدەپەڕێت .

<u>گوندەکانی بۆتان ئەوانەن:</u>

(١ـ گردەپان ٢ـ گەڵووك ٣ـ بەرگێل ٤ـ کەلکان ٥ـ شەمسەخرِ ٦ـ شێخالك ٧ـ قاتێسی گەورە ٨ ـ کۆراو ٩ـ دووسەرە ١٠ـ درِین بۆت ١١ـ بشیریان ١٢ـ ترپەسپی ١٣گەویلان بۆت ١٤ـ کەورەسۆر ١٥ـ سێڤدینان ١٦ـ حەسەن شام ١٧ـ قاتێسی کچکە ١٨ـ حەسار) .[186]

٤ ــ **شێخ بزێنی:** شێخ بزێنی شوێنی ئەسلیان وولاَتی ئەرزەرۆمە ، دەڵێن ئەو عەشیرەتە پێشی ١٢٠ساڵە دوو برابوون ( مەلا عباس و حاجی هەمزە)بە خۆ خزمەکانیان لە قەزای زاخۆ دانیشتبوون هەندێکیان هەتا ئێستا لە زاخۆ مایتنەوە ، ئەوانەی تریش چویتنە سۆران ٦٠٠ماڵ دەبن لە کەرکوك و خانقین لە گوندەکانی ئەوبەرو ئەوبەری ئاوی زێی کچکە ئاکنجی بوونە ، ، هەروەها لە نێوان کۆیەو چەمچەماڵ بەلاَوون ، ئەو عەشیرەتە بەردەوام لە شۆڕش بوونە دژی تورك ، سوننە مەزهەبن و لەسەر ڕێچکەی شافعینە ، (٤٠٠٠) خێزان دەبن ، پیاوەکانیان سوارچاك بوون ، ئەو عەشیرەتە لە کۆنەوە کارگەیەکیان هەبوو جۆرە سیلاحێکیان دروستدەکرد پێیان دەگۆت (مارتینی هنری) . [187]

لە ساڵی (١٨٠٨)هاتبوونە دەڤەری بادینان لە کەڵەك دانیشتینە ، برا گەورەیان (یاسین ئاغا)ی کەڵەك بوو ، هەندك لە نووسەر و مێژوو نووسانی عیراقی ، ئەسلی شێخ بزێنی دەگەرینەوە بۆ بنەماڵەی عەباسیەکان بە تایبەتی نەوەی عبدالله (رەزای خوادی لسەر بیَ). نووسەر ومێژوو نووس (محفوز عباس )خاوەنی کتێبی (الغرب نحو الدرب ) و کتاب (بغداد بعد احتلال المغول). کە خۆی دانیشتوی پارێزگای موسلە نووسەر دەڵێت : عەشیرەتی شێخ بزێنی ومیرانبەگی لە شەقلاوە وبەگاواتەکانی موصل وبنەماڵەی شێخ لە گوندی شوش لە ناوچەی ئاکرێ وبنەماڵی (بگ) لە گوندی (کەڵە دێر) ئەوانە هەموویان ئەسلیان بۆ پاشماوەی عەباسیەکان دەگەرێنەوە ،

---

١٨٦ـ پێزانینی بۆتان لە رەشاد منصور لە دایك بووی ١٩٣٨/گوندی گەویلان وەرگیرایە.

١٨٧ ــکتێبی العشائر الكرديه في العراق لاپەرە ٦٣

لە پاش حوکمی ئەمەوییەکان شوێنی ئەسلیان لە ناوچەی پردێ و(تەق تەق) لە پارێزگای کەرکوك وهەولێر لسەر لیواری زێی بچوك نزیکەی (٨٠)هەشتێ گوند هەنە .

هەروەها هەبوونی شیخ بزینی لسەر لیواری زیێ گەورە دیارە لە دەولەتی تورکیاش بونیان هەبووە ، یەك لە مێژوو نووسەکان دەڵێت رووسەکان شێخ بزێنیان تەرحیل کردووە لەوانەیە ، بەخورتی رایانگواستووتە بۆ باکووری کوردستانی لە تورکیا تاوەکو دژی تورك رابوەستن ، لە سەردەمی دەسەڵاتداری عوروس بەر شاڵاوی ڕاگواستنەوە کەفتبوون هەتا ئێستا لەوێندەرێ ماوون لە ناوچەی گورانەتی گوندەکانی شێخ بزێنی لسەر سنوری گوندەکانی عەشیرەتی سورچییە لسەر لیواری زیێ گەورە کەڵەك شێخ بزێنن گوندی کێلی شێخ بزێن هەتا گوندی شیخانوك تاکو دەگاتە گوندی جوجەر شیخ بزینی لێ دەژیان واتە هەر لە (گوندی چەمە ـ خاروك ـ توبزاوە ــ پەلاسان ـ دەربیسان بچوك ودەربیسان گەورە ـ شیخانوك ، رۆڤیا ، جوجەر گەورە وکچکە ... )هێلێکی کەوانەییان دروست کردووە دەکەونە نێوان سنووری گۆران سورچیان ، هەروەها لە ناحیەی کەلەك وگوندی کەورگوسك وشیوەرەش هەنە ، لە زۆر گوندی سەربە قەزای بەردەڕەش شێخ بزێنی لێدەژین وەکو (پیرچاوەش ــ خرابە واش سەنتەری بەردەڕەش لە ناوشاری موصل.... ) زۆربەی گوندە کان چەند ماڵێکی لە تیرەو بەرەبابی شێخ بزێنی لێ دەژین. زۆر گوند هەنە لە نزیك پارێزگای دهۆك شێخ بزێنی لێ دەژین وەکو گوندی (سرافکی ــ ناوشانکی ــ نزارکی ) نزیك ناحیەی مانگیش بنەماڵەی علی مختار ونەوکانی نیهاد و خالد و چیایی ، عمر ، ئێستا ماوەن لە ژیان. هەروە ها لە وانکی هەنە ، لە ناو کورد و عەرب شێخ بزێنی هەیە ، هەروەها لە گاینج و کەورگۆسك بەلاْون .

**ناوی شێخ بزێنی:** لە دوو ووشە پێك هاتووە (شێخ ) بەمانەی سەرۆك یان براگەورە یان شێخی تریقەت دێت ، (بزێنی ) ئەسلی واتا پێیزانی ، دەگێرنەوە چەند رووداوێك هەبوو هەر پرسیارەك یان رووداوەك هەبوایە شوێن کەوتوی شێخ دەیان گوت شێخ پێیدەزانی ، یان دەڵێن شێخێکی خواناس و خاوەن کەرامات بوو تەکیە هەبوو لە دەو زێی گەورە دەژیا ، رۆژێك چەند دزێك هەموو ماڵی شێخیان دزی بوو تەنها داردەستەکەی مابوو، دەستە دارەکەی بە هێز لە عەردی دەداو دەیگۆت (بزەن بزەن ) بە ئیرادەی خوا کۆمەلە شەنگەسوور پەیدابوون رایان کوتابوو سەر دزەکان ماڵی شێخیان هینایەوە ، بۆیە ناوی تیرەو بەرەبابەکانی ئەو عەشیرەتە کرا بە شێخ بزێنی.

هاتنیان بۆ دەڤەری گۆرانەتی شوێنی ئەصلی شێخ بزێنی دەکەوێتە قەراغ ڕووباری زێی بچووك (زاب الاسفل) لەنێوان سنووری هەردوو قەزای چەمچەماڵ‌و کۆیسنجق ، ماڵی یاسین ئاغای‌لەگوندی پەلکانە ساڵی ١٨٠٨ هاتوونە ماڵی (حوسێن کەفتی) ئێزدیان لەکەڵەکی‌داسنی

عەبدولعەزیزی یان پێ دەگۆترا ، یاسین ئاغایگەورە لەگەڵ چەند خێزانێکی خزمو کەسی خۆی لەناو عەشیرەتی (شێخ بزێنی) لەقەراغ ڕووباری زێی بچووك (زاب الاسفل) لە گوندی (پەلکانە) ی سەر بەقەزای چەمچەماڵ لەناو عەشیرەتی شێخ بزێنی.

دوای لەقبوونی شوێنی ئێزیدیان لەکەلەکێ ساڵی ١٨٠٨[1] زاینی یاسین ئاغایگەورە لەگەڵ ٣٠ ی سواری خزمی خۆی لە زێی گەورە پەڕینەوەو هاتبونە گوندی کەڵەکێ هەرەشەیان لە ئێزیدییان کردبوو گوندی کەڵەك چۆل بکەن ، لەو سەردەمی ئێزدی کاودانیان نالەبار بوو ، میرنشینی سۆران داخی لە ئیزیدیان هەبوو ، بەبێ شەڕ **یاسین ئاغا** لەگەڵ خزمو ناسیاوی خۆی لەشوێنی ئێزیدیان لەکەلەکێ ئاکنجی بوون هەر لەبەر هەندێ هەتا ئێستا بەکەلەکی یاسین ئاغای ناودبرێت .(١٨٨)

٥ ــ **خدری** : عەشیرەتی خدری یەکێکە لەحەفت عەشیرەتەکانی دەڤەری گۆرانەتی لە قەزای بەردەڕەش (العشائر السبعه)بەسەر ئەو گوندانەی خوارەوە بەلاْون :پیرچاوش ، کانی هەسپانی گەورە ، کانی هەسپانی کچکە ، خرابە واژ ، رۆڤیا ، جوجەر گەورە ، جوجەر کچکە ، دۆستەك ، ئیسماوە ، قەرەناز ، گۆمەزەرد ، ئەمانە لە قەزای بەردەڕەشن ، ئاڤدەڵێ لە قەزای شێخان ، قەرەشۆر لە قەزای حەمدانیە ، سێوەکەو بیرێژی لە قەزای شەقلاوە . گەرەکی عەبدۆخوب . لە ناو سەنتەری پارێزگای موسل . بە پێی سەرچاوەکان عەشیرەتی خدری لە مێژە لە دەشتی ناوکوڕ ژیاون . لە سەر ناوی خدری دوو بیربۆچوون هەیە :ـ

بۆچوونی یەکەم : شێخ حسن الحبار الموصلی لە کتێبەکەی (الاجازه فی شرح الفاظ الاجازه )لە ساڵی ١٢٨٢ کۆچی باس دەکات" رەچەلەکی تائیفەی خدری ئەوەی دەکەوێتە پشت ڕووباری خازر دەگەڕێتەوە بۆ هاوەڵی پێغەمبەر (د. خ ) ابی سعید الخدری نەوەی ئەون؛ .

رای دووەمیان: شێخ ئەکرەم عبدالوهاب الموصلی لە کتێبی ( الامداد )ساڵی ١٤٣٧کۆچی باس دەکات ؛ عەشیرەتی خدری دەگەڕێنەوە بۆباپیرە گەورەیان مەلا خدر کوڕی مەلا قەیماس؛حاجی عبدالقادر خدری سەجەری خدری بەم شێوەیە دیارکرد : شێخ محمودکوڕی شێخ عبدالجلیل کوڕی مەلا مستەفا کوڕی سەفییە الله وەیس کوڕی زیلفەفقار کوڕی مەلا خدر کوڕی مەلاْ قەیماس کوڕی عباس عەشیرەتی خدری الشافعی الاشعری .

کەسایەتیە ئاینیەکانی عەشیرەتی خدری :ــ

١ ـ شێخ عبدالجلیل کوڕی ، مەلا مستەفای خدری : شێخی تەریقەتی قادری بوو ، دوای وەفاتی شێخ ئیسماعیلی ولیانی لە مزگەفتی نەبی یونس لە موسل ساڵی١١٥٧کۆچی بە پێی

(١٨٨) ١ـ بە سوپاسەوە لە بەرێزان مەلا میکائیل و سەید ئەمین سەیدعەلی بە دوو قۆلی کۆکرایتەوە.

٢ــ چاوپێکەوتنێك لەگەڵ بەرێز محمود نادر شێخ بزێنی دانیشتووی ناحیەی کەڵەك وەرگیرایە.

وەسیەتەکەی ، شێخ عبدالجلیلی خدری کە خەلیفەی شێخ ئیسماعیلی ولیانی بوو جەنازەکەی هێنایە رۆڤیا و له توربەی شێخ جونەیدی گەیلانی نێژرا ، دوواتر شێخ عبدالجلیل بۆ موسل کۆچی کردووە ناوبانگێکی گەورەی لە ناو زاناناکانی شاری موسل دەرکردووە لەوێ ماوەتەوە تا وەفاتی کرد و لە گۆڕستانی مزگەفتی نەبی یونس نێژرایە

٢ ـ شێخ یوسف کوڕی شێخ عبدالجلیل الخدری ١١٦٨ـ١٢٤٣ کۆچی زانای فیقهی حەنەفی و تەریقەتەکانی تەسەوف و تەفسیری قۆرئان و حەدیس و مێژوو ، مامۆستاکانی شێخ یوسف ئەمانە بوون ؛ شێخ عبدالجلیلی باوکی ، شێخ عبدالرسول الحوسێنی البەرزنجی ، شێخ تاها کوڕی شێخ عبدالرسول البەرزنجی ، شێخ وەلی الدین کوڕی عەلی کەرکوکی ، شێخ محەمەدامین کوڕی شێخ عبداللە الموصلی . شێخ یوسفی خدری دادەنرێ بە ئەلقەی زۆربەی سەنەدەکانی شەرعی لە شاری موسل ، شێخ یوسف لە شاری موسل وەفاتی کرد گۆڕەکەی دەکەوێتە گۆرستانی ئیمام عبدالرحمن.

٣ ـ شێخ محمود کۆڕی شێخ عبدالجلیل الخدری١١٨٣ /١٢٥٢کۆچی زانای فیقهی شافعی و تەفسیری قورئان و حەدیس و شێخی هەر چار تەریقەتی قادری و خلوەتی رەفاعی و نەقشەبەندی بوو ، شارەزابوو لە بواری پزیشکی و مێژوو وعیلمی کەلام و شیعر ، گرنگترین قوتابیەکانی شێخ محمودی خدری ئەمانە بوون: ( شێخ نورەالدینی بریفکانی ، شێخ عبدالرحمن کوڕی زەین العابدین الموصلی ، شێخ حسن الحبار ، شێخ عبداللە الفیزی ). شێخ محمود کۆڕی شێخ عبدالجلیل الخدری لە شاری موسل وەفاتی کرد لە مزگەوت و تەکیەی خۆی نێژرا کە دەکەوێتە گەرەکی عبدۆخوب لە موسلی کۆن ، لە دوای تێکچوونی مزگەفتی شێخ محمود لە شەڕی دژی داعش ، ئەو سالْ مزگەوتەکەی نوژەن کرایەوە .کەسایەتیە کۆمەلایەتیەکانی عەشیرەتی خدری

١ ـ یاسین ئاغا کوڕی محەمەدامین ئاغای خدری.

٢ ـ خلیل ئاغا کوڕی محەمەدامین ئاغای خدری .

٣ ـ حوسێن ئاغا کوڕی خلیل ئاغا خدری .

٤ ـ سامی محەمەد حوسێن خلیل ئێستا لە گوندی پیرچاوش دادەنیشی برا گەورەی عەشیرەتی خدریە سەرپەرشتیان دەکات. مستەفا محەمەد سلیم دانیشتووی گوندی خرابە واژ کوتی : ٢٧٠ماڵە خدری لە لوبنان دادەنیشن لەگەڵ لەشکری صلاح الدین ئەیوبی پشکداری شەڕی ئازادکردنی قودس ببوون لە لوبنان مایتنەوە . ماڵە زاهێری عەشیرەتی هەرکی لە ئەسل خدرینەسوود لەو سەرچاوانە وەرگیرایە . [189]

١٨٩ ــ بەسوپاسەوە لە بەرێز محەمەد مشیر خدری ،لە شاری دهۆك دادەنیشیت لەو سەرچاوانەی وەرگرتیە :

ا ــ کتێبی دەست نووسی شێخ حسن الحبار .

٦ـ **زەنـــــگەنە** :  عەشیرەتەکی مەزن و بەربەلاْون لە شەرەفنامەی باسیان کرایە لە سەردەمی  (ئیسماعیلی صەفەوی)پلەو پایەیان زۆربەرز بووە لە هەموو عەشیرەتەکانی دیکە دەسەلاْتیان زیاتر بوو ،  پەیوەندی نێوان شاە (ئەحمەدی قاچاری) ئیران لەگەلْ (نەوشێروان بەگ) سەرۆکی عەشیرەتی زەنگەنە پچرابوو ،  لە سالْی (٩٧٥ك) نەوشێروان بەگ لەگەلْ خەلْکێکی زۆری زەنگەنە لە شاری کرمانشا باریان کرد بەرەو سنجەقی شارەزوور هاتبوون لەبەر زیرەکی خۆیان رێزیان لێگیرابوو ،  لە پاش نەمانی سەرکردەکانی عەشیرەتی زەنگەنە پارچە پارچە بوون  ، هەرهەندەك کەوتنە تاگیری لایەك لە هێزەکانی فەرمانرەوایی ئەو سەردەم ، پەرگەندەی کوردستانی گەورە ببوون ،  لەسەر چەند گوندێك نیشتە جێ ببوون کە دەکەوێتە سەر قەراغی (ئاوی سپی) دەکەوێتە  لای رۆژهەلاْت و رۆژئاوای شاری کفری  ،  دەلێین لە سالْی (١٨١٠)لە گوندەکانی دەڤەری گۆرانەتی ئاکنجی بوونە، هۆزی زەنگەنە لە کەرکوكو خانەقین ، کفری ،  دەورووبەری ئیبراهیم خان چی ، سۆماك ، کرماشاە و هەلێلان ، بلاْون ، سەرۆکی هۆزی زەنگەنە(علی ئاغا کوڕی حەسەن ئاعا کوڕی عەلی ئاغاکوڕی رۆستەم ئاغا) یە تیرەکانی عەشیرەتی زەنگەنە ئەوانەن:

١ـ تیرەی ئیبراهیم بەگی خانچی خاوەن خان بوونە بۆ نموونە دێی(خان رۆستەم ئاغای گەورە) بە ناوی ئەوان بوو ، ئێستا ناحیەی (ئاواسپی) سەربە قەزای کفری یە. هەموو میرو بەگ وئاغاکانی زەنگەنە بۆ ئەو تیرەیە دەگەرێنەوە ، دەبنە دوو بەشی سەرەکی بنەمالەی ١/ فارس ئاغا. ٢/  رۆستم ئاغا. ئەو دوو چینە لە بەرە بابی مالْی فارس ئاغایکفریْ بوون .

٢ـ خەنجەر باز: ئەو تیرەیە زیاتریان لە کەرکوك دەژین .

٣ـ  عاباباز :  ئەو تیرەیە لە داقوق دووز و دبس  بەلاْوون .

٤ـ  تالەبانی :  ئەو تیرەیە نازناوی دێی (تالەبانیان) وەرگرتووە  ،

نەوەی (مەلا محمودی زەنگەنە) ن شێخی تەریقەتی قادرین .

٥ـ  چنگی: لە دێی چنگیان و کوندی(دەمرکانی)نزیك سلێمانی دەژین  .

٦ـ  لێخورە: چەند بنەمالەیەکن لە رزگاری و کەلار و کفری بەلاْوون .

٧ ـ ئۆمەرئاغاجانی .  ٨ـ کەریم باسامی . ٩ـ زینالی . ١٠ـ  فاتە رووتە . ١١ـ دەربەند فقرەی ، هەندێك لەوتیرەو بەرەبابانە بەرەو دەڤەری گۆرانەتی هاتوونە لەکەلەکی یاسین ئاغا بوونەتە دووبەش بەشێکیان لەگوندی شێخەمیروباسخرەو بازگرتان لە وولاْت شەبەك ئاکنجی بوونە ، ئەوانەی تر لەگوندی زەنگەنان ، بەردەرەش ی کچکە وگوندی شیوەرە جێگای خۆیان

---

ب  ــ کتێبی ( الامداد ) شێخ  د.اکرەم عبدالوەهاب الموصلی .

ج  ــ لێکۆلینەوەکانی بەرێز محەمەد موشیر عبدالرحمن خدری .

کردیتەوە.ئەو سەردەمی مووسەیی لەو گوندانە هەبوون ناکۆکی لە نێوان زەنگەنەو مووسەییان روویدابوو ، هەروەها بەرەبابی رەشید محەمەد وەردەك لە عەشیرەتی زەنگەنەن لە کۆمەلگەی چرە وگوندی گرك دادەنیشن .[190]

گەریدەو مێژوو نووس و رۆژهەڵات ناسەکان لە کتێبەکانی خۆیان باسی عەشیرەتی زەنگەنەیان کردووە . شەجەرەو رەچەلەکیان بۆ میدیاکان دەگەرێتەوە کە باپیرە گەورەی کوردان بوون عەشیرەتی زەنگەنە بە درێژایی مێژوو دەستەهەڵاتداری سەربەخۆ یان نیمچە سەربەخۆیان هەبووە ، کاتێك دەسەڵاتیان بەسەر گشت ناوچە و قەزاکانی کرماشان هەبوو ، هەروەها کۆنترۆڵی ناوچەی زەهاو خانەقین و زرارەتیان کردبوو ، لەسەردەمی میر ئیسماعیل و کورەکەی ئەحمەد ، ئەوشوێنانە : تازە ، خۆرماتو ، دوز ، بیات ، سلێمان بەگ ، ناوچەی چیایی حەمرین ، هەروەها شارەزوور و زەلم ، تانجەرۆ بازیان و شوان هەموو لەبەردەستی فەرمانرەوایەتی میرنشینی زەنگەنە بوون . لەبەر شەرو بارودۆخی سیاسی ، هەندێکیان چونە باژێری حلە گەرەکێکی گەورە کوردی زەنگەنە لە باژێری حلە هەیە زۆر بەیان هاتنە پارێزگای موسل ، لە موسل گەرەکێکی زەنگەنە هەبوو لە دەستە راستی پردی کەون لە سەردەمی عوسمانییەکان (حۆش الخان) پاشان کرایە مەیدان (ساحە)ی بلدیە ، چەند تیرەو بەرەبابێکی زەنگەنە لە وولاَت شەبەك خۆیان گرتەوە بە شێوازی ماچو دەئاخڤن لەوگوندانەی شەبەکستان بەلاَون فازلیە ، بازیوە ، گۆری غەریبان ، کەبەرەلی ، تۆبزاوە ، دراویش ، خرابە سولتان ، باسخرە ، شێخە میر ، پیرحەلان ، تەرجلە ، جیلوەخان ، عومەرکان، قەرەشۆر ، گەرەکێك لە ناو شاری موسل هەیە بە گەرەکی زەنگەنە ناودەبرا، مزگەوتێکی گەورە بەناوی عەشیرەتی زەنگەنە لە ناوشاری موسل مزگەوتی ( جامع حمۆ قەدۆ ) دروست کرایە .کوردی زەنگەنە جل و بەرگیان سەلتەو کەوێ بوو لەگەڵ شەدە یان جەمەدانیان لەسەری خۆیان دەئالاند زۆربەی پیاوی بە تەمەنیان تاکو ناوەراستی سەدەی بیستەم سەلتەو کەوێ لەبەریان بوو .[191]

٧ـ **گەردی:** هۆزێکی گەورەی کوردن ، شوێنی نیشتەجێیان لە باکووری کوردستان ناوچەی بۆتان بوو ، دوواتر هاتبوونە شەمزینان ، لە سەردەمی ئیبراهیم پێغەمبەر شەش هۆز لە دەوری گۆلی ئاوی وان ژیابوون هەر شەش هۆزی ئاشت کردەوە یەك لەو هۆزانە گەردی بوون ، لەبەر شەرِوشۆر گەرِان بە دوای لەوەرو پاوان بەلاَوبووتنەوە ، گەردی لە شۆرەشەکانی گەردی پشکداربوون، هۆزی گەردی بەر لە هاتنی ئیسلام لە سەردەمی زەردەشتیەکان لە باکورِی کوردستان دەولەتی کوردییان هەبوو پاشایەکیان هەبوو لە سەردەمی زەردەشت پێغەمبەر بە

---

١٩٠ ـ ئیسماعیل ئەحمەد بەگ زەنگەنە سەرپەرشتیاری پەروەردەی ، خانەنیش/ بەردەرەش .

١٩١ – عمر حاجی علی رەزا زەنگە ( تاریخ امارات زەنگە نە ) ل ١٠

ناوی (گوردۆ )ناوەکە بوویتە گەرد گۆڕاوە بوو ( گەردی )، لە باشووری کوردستان پایتەختی هۆزی کەردی گوندی بەحرکەیە فازل ئاغایجەژنیکان براگەورەی هۆزی گەردی یانە [192]

یان دەڵێن لە گوردی فارسی هاتیە واتە پالەوان ئەو ناوە سوواوە بوویتە گەردی ، یان دەڵێن خەلدیان (ئەخلات) میرنشین بوونە (١٢٦٠)پـ .ز لە نێوان هەردوو دەریاچەی ورمێ و وان فەرمانرەواییان کردبوو ناوی گەردی لەوێ هاتووە، بیرۆکەیەکی دیکە هەیە دەڵێت:لە سەردەمی مادەکان ، کۆمەلە کەسێ مەشق و راهینان بە هەسپ دەکەن پیشەیان بەخێوکردنی هەسپ بێت پێیان دەگۆت (گورد ) ئەو گوردە بوویتە گەردی . ئەو تیرانە گەردین : (میرئاودەڵێ ، فیزاللە بەگی ، بابان ، عگێدات ، گەرگەری ). ژیانیان کۆچەرایەتی بووە بۆ ئاژەلەکانیان لە دوای لەوەڕ گەڕانە ، بەشێکیان لەدەشتی بەڕانەتی دادەنیشن بەشێکی تریان گەردی بنە چێیان پێدەگوترێت لەگوندی ئەستونێ لەسەر سنووری تورکیا لەدەڤەری شەمزینان بەرامبەر دەشتی بەرازگری لەسێگۆشەی ئێران وعێراق وتورکیا دادەنیشن نزیکن خزمەکانیان لەدەڤەری شەمزینانی باکوڕی کوردستانی دەژین ، گەردی لەبەرانەتی ودێگەڵە وپشدەرو سفیە بەلاْون هەروەها بەرەبابی حاجی مەمەولود ئەسکەندەر گەردینە لە گوندی کەونەباکی دادەنیشن ، گەردی بۆت لە گوندی دڕین بۆت و گردەپانی هەنە . [194]

گەردی هۆزێکی گەورەی کوردانە ، دەڵێن لە ئەسل بلباسن ، هەموویان خەڵکی نیشتەجێن کۆچەریان تێدانیە ، ژمارەی گوندەکانیان (٨٥)گوندە بەسەر ناوچەکانی رواندزو و کۆیسنجق بەلاْون ، لە ئەسل خەڵکی شەمزینانن ، هەتا ئێستا پەیوەندیان نەپچرایەباپیرە گەورەیان(خەلیل ئاغا ) بوولە حکومەتی عوسمانلی یاخی ببوو ، لە کۆتایی دەستگیریان کرد و رەوانەی ریندانی قەلاْی هەولێریان کرد شوێنێکی موکومی عوسمانلیان بوو ، بەلاْم هەردوو کوڕی جەمیل و مسجد شەوێك توانیان هیرش بکەنە سەر زیندانی قەلاْی هەولێر ، نۆبەدارەکانیان کوشت و بابی خۆیان ئازاد کرد و بەرەو شەمزینان هەڵاتن چوونە ماڵی سەید تەهای نەهری. [194]

**٨ـ هۆزی ئۆمەڕبل (ئۆمەڕی)** : گەورەترین هۆزی کوردستانن ، هۆزێکی رەسەنن ، لە باکووری کوردستان بەلاْون ژمارەی گوندەکانیان ٣٠٠ گوند دەبێت ، لە سنووری شارەکانی مێردین و مسفدین قدیاد بەلاْوون ، زۆربەیان گوندنشینن ، کۆچەریان کەمە ، ئێستا لە هەرجوار پارچەی کوردستان دەژین ، بەردەوام لەگەڵ میرنشینە کوردییەکان هاوخەبات بوونە ، هەروەها ئۆمەڕبل لە شارەکانی هەولێرو سلێمانی وقەزای کفری و کەلارو جەمجەماڵ و

١٩٢ ـ د حەمید گەردی نووسەری کتێبی هۆزی گەردی .

١٩٣ـ د سعددەدین بەحرکەیی .

١٩٤ـ العشائر الكورديه فی العراق سەرچاوەی پێشوو لاپەرە (٦٥)

تۆزخورماتۆو مەخموور هەنە گوندەکیان لە دەشتی هەولێر هەیە بەناوی(ئۆمەڕبەگ) ، لە شێوەی قەبیلەی گەورە لە ناوشاری موسل ودەورووبەری دەژین ، ناوی ئۆمەڕبل لە وەهاتووە دەڵێن : کەسێکی زالم حوکمی لێیان کردیە کەسێکی زیرەك لە ناو ئومەڕبلیان هەڵکەفیە خەڵکی پێی دەڵێن : ئۆمەڕ هەرو سەری پەلدە ، ئۆمەڕ بە شیری سەری زالمەکەی پەلدەداو دەیکوژی ناویان لێنا : ئۆمەڕبل ، لە هەندێ شوێن پێیان دەڵێن ئۆمەڕی لە موسل پێیان دەڵێن عومەڕی لە تورکیا بە ئۆمەڕلی ناودەبرێن.

ئۆمەڕی لە گوندی (ئۆمەڕبەگ ) و دەورووبەری لە دەشتی هەولێربەلاْوون ، دەڵێن دوو برا بوون لە تورکیا هاتن یەکێکیان بەناوی(حسن ئاغا) لە بناری چیای مەقلوبی شێخان لە دەڤەری گۆرانەتی ئاکنجی بوو ، ئەوەی تر ناوی رەشید لە گوندی ( رەشیدی) یەی نزیك شاری موسل ژیاوە ، گوند بەناوی ئەوکرایە ، هۆزی ئۆمەڕبل لە دەڤەری گۆرانەتی بناری چیای مەقلوبی شێخان لەو گوندانە بەلاْون: (بابا ، نێچە ، گلەشین، گرفەڤیر ، بەرازی گەورە هەنجیرۆك ، بەرازی بچووك ، گوداد ، موسەکان ، گردکال ) دەژین ، هەروەها لە چەند گوندێکی سەر بە قەزای بەردەڕەش وەکو : شەمسەخڕ ، نەزراوە بەلاْوون ، بەرێز خەلەف صدیق عمر ئاغا براگەورەیانەو سەرپەرشتی هۆزی ئۆمەڕیان(ئۆمەڕبل) دەکات .بەرەبابەکانی ناوداری ئۆمەڕبل ئەوانەن : ١ـ عمر ئاغا لە گلەشین ٢ـ سعدون گوندی بابا ٣ـ مراد ئاغا لە گوندی گوداد ٤ـ جمعە لە گوندی نێچە خالد عبدالرحمان جومعە(بەناوبانگترین ناندەر لە سەر ئاستی دەڤەری گۆرانەتی ـ برا گەورەی هۆزی ئۆمەربل لە گوندی نێچەیی دیوەخانی هەمیشە کراوەیە ) ٥ـ صۆفی صالح گوندی بەرازی کچکە ٦ـ صدیق گوندی بەرازی گەورە ٧ـ بەرازیان گوندی هەنجیرۆك ٨ـ حوسێن و وەسمان گوندی شەمسەخر. [١٩٥]

**٩ــ رۆژبیانی :** رۆژبیانیەکان زۆربەی هەرە زۆریان دەکەونە دەڤەری گەرمیان لە کفری و کەلار و بناری چیای بەمۆ دادەنیشن ، لە سەر دەمی لەشکرکێشیدا هەندێکیان هاتوونە دەڤەری گۆرانەتی لە بادینان ، لەو گوندەکانی دەژین : (خاتویناوە ، زێلکان ، چەمەڕەش ، پیربوب ، کانی سارك ، حەسەنی ، تلجۆمر ، ، مەلابڕوان ، زیناوا ، هەروەها لە هەردوو کۆمەڵگەی چڕەو کەڵەکچی وە لە سەنتەری قەزای بەردەڕەش ) بەلاْوون لە هەندێ گوندی وولاْت شەبەك هەنە ، برایم ئاغا باپیرە گەورەی مەلا مەجیدی گوندی چەمەڕەش براگەورەی رۆژبیانیان بوو وەختێكماڵی صدیق قاسم ئاغای خاتویناوە خۆیان کردبوو براگەورەی عەشیرەتی رۆژبیان ،

١٩٥ ــ بشیر سعید عبدالرحمن(بهدینان وعشائرها) چاپی یەکەم٢٠٠٦ دهۆك

مێژوویەکی پڕشنگداریان هەیە لە هەولێر و دەڤەری گۆرانەتی لە بن چیای مەقلوب بەلاوَن سنووریان لەگەڵ ئۆمەڕبل یەکدەگرتەوە. [196]

**١٠ـ عەشیرەتی داوودی:** له کفری و کەلار وتۆزخورماتۆ دادەنیشن ، دارا بەگ له ساڵی ١٩٢٤ مەندوبی کورد بوو له(مجلس الاعیان ) ی بەغدا برا گەورەی داوودیان بوو ، عەلی عەرەب ئاغا باپیرە گەورەی داوودیانە لەبەر چەند هۆیەکی کۆمەلایەتی گوندی هەفت تەغاری بە جێهێشت هاتنە گەرەکی قۆچاغ له ناو شاری موسل دانیشتن ، پاشان لەو گوندانە ئارپاچی و کانوونە باجربۆق بەلاوبوونەوە ، چەند خێزانێکی داوودی هاتبوونە دەڤەری گۆرانەتی لە هەردوو قەزای بەردەڕەش و شێخان لەو گوندانە بەلاوَن (تاق ، گرفەڤیر ، هەنجیرۆك ، شەمسەخڕ) برا گەورەی ئەو گوندانە بەرێ لەبەردەستی حجی ئەنوەر بوو ئێستا بەرێز (صالح حاجی یونس خلف ) سەرپەرشتی ئەو گوندانە دەکاتن ، خۆیان بەگۆران دەژمێرن ، دوای تەخت کردنی گشت گوندەکانیان کەوتبوونە رۆژئاوای ئاوی خازر هەر لەبن چیای مەقلوبی بەرەو باکوور تاکو دەگاتە ناحیەی مرێبا ، رژێم لەساڵانی هەفتاکان خەڵکەکانی ڕاگواستنەوە بۆ هەردوو کۆمەڵگەی کەڵەکچیو چرە بەزۆرەملێ نیشتەجێیانی کرد ، زێدی بابو باپیرانیان پێش ئازادی عیراق لەژێر تەعریب دابوون ، لەدوای ئازادی عیراق گەڕانەوە گوندەکانیان سەر له نوێ ئاوەدانیانکردەوە . دەڵێن عەشیرەتی داوودی بە ڕەچەلەك دەگەنە داوود پێغەمبەر درووودی خوای لەسەر بێت . مێژوویەکی پڕ خەبات سەروەریان هەیە لە بەرگری کردن و پاراستنی خاکی خۆیان . هۆزی داوودی له وولاَت شەبەك بەلاوَن لەو گوندانە دادەنیشن: (باژێربووك (باجربۆغ) ، کانوونە ، خورسباد ، ئارپاچی ، عومەڕ قاپچی ، جلێوخان). کەسایەتی ناوداریان هەیە وەکو: غەزوان حامد داوودی ئەندام ئەنجوومەنی پارێزگای موسل ، دکتۆر غازی داوودی پسپۆری کۆئەندامی هەناسە، پرۆفیسۆر رەمەزان داوودی بەشی مێژوو لە هەولێر، دکتۆر چاچان جومعە سەرۆکی بەشی دەروونناسی له کۆلیژی بنیات دهۆك، هۆزی داوودی له گوندەکانی گرفەڤیرو تاق هەنجیرۆك و ئاکنجی بوونە . [197]

**١١ـ هۆزی مامەسەنی :** هاتنی گۆران لەدەڤەری دیاربەکر له دەشتا گۆران لەوێندەرێ چوونەتە بۆ پارێزگای سولەیمانی توانیتیان لەناوچەی شارەزوور میرنشینەك دابمەرزێنن بەناوی (میرنشینی گۆران) مامەسەن ناسراوبە سەنەخان کە دەکاتە باپیرە گەورەی بنەماڵەی دووبەردانییان سەرکردەیەکی ناوداربووە له فەرمانڕەوایەتی میرنشینی گۆران. لەسەردەمی ئیمبراتورییەتی عوسمانییەکان بەسەرۆکایەتی محەمەد الفاتح کەراوێژکارەکەی دەستەراستی

---

١٩٦ـ پێزانین له غازی حمید خرابە رۆژبیانی دانیشتووی گوندی حەسەنی/،قەزای بوردەرەش

١٩٧ ـ نەشوان حامد داوودی دانیشتووی گوندی باژێرا بوکا (ئەبو جەربوعە) .

کەسێکی کورد بوو به ناوی(محی الدين الگۆرانی) محەمەد الفاتح داوای له میرنشینی گۆران کردبووخەرج وخەراجی خۆیان (کۆدە) بدەنە والی عوسمانلی ، میرنشینی گۆران ، ئەوداوایەی رەتکردەوە جێ بەجێی نەکردبوو ، لەبەر هەندێ ئیمپراتۆریەتی عوسمانی عەشایرە کوردەکان و جەندرمەی کۆکردەوە فەرمانی هێرشی دەرکردبۆ سەر میرنشینی گۆران ، شەڕو پێکدادان ڕوویدا میرنشینی گۆران شکستی هێنا و پەرگەندە بوون ، چینەك لەسولەیمانی مانەوە لەچوار تەوەر(محوەر)بەلاٌون ١-پێنجوین ٢- شارباژێر ٣- دۆلەبەکرە ٤- گەرمییان . ئاوارەبوون . [198]

**١٢ ــ عەشیرەتی شکاك:** ساڵی ١٩١٩ سمایل ئاغا ناسراو به سمکۆی شکاك دژی فارسان شۆڕشی هەلگیرساندبوو . سمکۆی شکاك له ١٨٨٧تاکو ١٩٣٠ ژیاوە دەسەڵات له رۆژئاوای گۆلی وورمێ بوو شۆڕشی ١١یازدە ساڵان درێژەی کێشا ، شکاك عەشیرەتێکی گەورەی کوردە له رۆژهەلاٌتی کوردستان، رۆلێکی گەورەیان هەبوو له سەردەمی سمکۆی شکاك ، له رێکەوتی ٣/ئازاری/١٩١٧ پلانی کوشتنی مارشمعون ژمارەکی زۆر له یاوەرانی به مەبەستی نان خواردن ودانوستانبکەن لەسەر پاشەڕۆژی کوردو فەلە ، له دیوەخانی خۆی هەموویانی کوشت ، چونکە مارشەمعون به هاوکاری ئینگلیزو هاوپەیمانی به نیاز بوون دەولەتێکی مەسیحی لەسەر خاکی کوردان دابمەزرێنن ، پلاٌنیانی تێکدا ، ئەو کارەی سمکۆی شکاك به ڕفتارێکی خراپ و قێزەوەن له سەر کورد دەنگی دایەوە ، بۆیە شاهی ئیران بانگی سمکۆی کردبوو بێتە تەهران تاکو بیکاتە گەورەی کوردان ، دوای ئەوەی کەمینێکیان له نزیك شاری شنۆ دانابوو له ساڵی ١٣٤٥ك بەرامبەر ١٩٣٠ز هاتە کوشتن تەمەنی ٤٠چل ساڵ بوو .

دوای شکستی شۆڕشی شکاکیان نەوەکانیان و هەندێ له خێزانی شکاك هاتبوونە دەڤەری گۆرانەتی له گوندەکانی سەر به هەردوو قەزای بەردەڕەش و شێخان بەلاٌوون ، لەوانە بنەماڵەی حاجی رەشید ئاغای شکاك (محەمەد تاهر کوڕی یونس ئاغا کوڕی محمەد ئاغا کوڕی یونس ئاغا کوڕی عەلی ئاغا ) هاتبوونە گوندی زیناوای کەون ئاکنجی بوون ، خانەوادەیان گوندی زیناوایان له موسلاوییان کڕی بوو ، ساڵی ١٩٧٥زیناوە کەوتە بەر تەعریب ٨٠ ، ٠٠٠ دۆنم زەوی مولکی خۆیان ٢٩ ساڵان لەبن دەستی عەرەبان بوو ، حاجی ئاغا کوڕی تاقانەی ڕەشید ئاغای شکاکە . محەمەد تاهر زیناوایی پسمامێ حاجی ئاغایە ، لقەکانی شکاك ئەوانەن(شران ، شارك شوکری ، دری ، کارداری ، هەناری ، عەبدۆیی ، رۆستەم بەگی ، سیرمۆ).

دانیشتووانی گوندی دولێجان کەتۆ ٢٥ خێزان دەبن عەڤدۆیینە له بەرەبابی سمکۆی شکاکن ، دوای شکستی شۆڕشی شکاك هاتوونە له دولێجان دادەنیشن .. لەدوای شکست هێنانی شۆڕشی

١٩٨ــ به سوپاسەوە له بەرێز رائید صالح خدر ئاغا دووبەردانی وەرگیرایە ،

سمکۆی شکاك له رۆژهەڵات کوردستان شکور ئاغای برای سمکۆی شکاکی هاتبوو گوندی رۆڤیا لەدەڤەری گۆرانەتی نیشته جێ ببوو ، ماوەیەك لەوێندەرێ مایەوە گوتی دوو سەربەران لەیەك مەنجەل ناکولێت له گەڵ سمایل ئاغای گێژ نێوانیان خۆش نەبوو ، باری کرد چووبو گوندی جوجەر ، هەندێ ماڵی رۆستەم بەگی لەگوندی بەنێنانێ دادەنیشن ئەوانیش بەشێکن لەعەشیرەتی شکاك . لەدەوروو بەری ساڵی ١٩١٦ شوکری ئاغاو رۆستەم بەگ لەگەڵ چەند پیاو ماقولانی دەڤەری گۆرانەتی ، بەرەو رۆژ هەڵاتی کوردستانی بەرێ کەوتبوون بۆ دلنیا بوون لەخزم و کەسو کاریان گەیشتبوونە گوندی پەسوە لای قەرەنی ئاغا مێوان ببون کەدەکەوێتە نزیك شاری خانێ لەبەر نائارامی بارو دۆخەکە گەڕابوونەوە . گۆڕی خوا لێحۆش بوو شوکری ئاغای برای سمکۆی شکاك لەناو تەکیەی ماڵی شێخ غبدالعزیزی رۆڤیایە .

**١٣ـ باجەلان :** ئەسل و ڕەگەزیان شوێنی دانیشتنیان زۆربەی مێژوو نووسان کۆکن لەسەر ئەوەی له دەڤەری ئاماد (دیاربەکر )هاتوونە ، باجەلان ناوی ناوچەیەکە له نزیك خەربوتێ باکوری جەزیرەی بۆتان ، عەشیرەتێکی کوردی رەسەنە ، ئێستا له مەندەلێ ، خانەقین ، کفری ، کەلار ، قەسرشیرین ، کەرمانشاه ، هەولێر ، موسل و شوێنی تر بەلاّوون .

ثامر عبدالحسن العامری له کتێبی "معجم العامری" لاپەرە ـ ٤٠ ـ نووسیویەتی ( ساڵی١٦٣٠ عەبدال پاشای باجەلانی فەرمانرەوایەتی میرنشینی سەربیل زەهاو بوو ، بەلاّم فارس و تورك ساڵی ١٨٤٨ له پەیماننامەی ئەرزەرۆمی دووەم مۆریانکرد دەڤەری سەربیل زەهاو کەوتە ژێردەستی فارسکان میرنشینیان له ناو چوو (عوسمان پاشا) کۆتا میرنشین بوو گوتی: (من ناتوانم له ئێران بمینم چونکه من مەزهەب سونیم ئەوان جەعفەری مەزهەبن ) حکومەتی تورکی له عەلیاوە زەوی پێبەخشی و لەوێ قەسرێکی ئاوەدانکردبوو.

وەلی ئاغا کوڕی عەمەڕئاغا سەرۆکی گەورەی باجەلانیان بوو ، بۆ نەتەوەی لۆر دەگەرێنەوە ٧٠٠ساڵ پێش زایین فەرمانرەوایی دەڤەری باکوڕی پشتگۆهیان دەکرد له هەردوو پارێزگای سلێمانی و کەرگوك ، دەڵێت باجلان له ووشەی ـ بان جیلان ـ وواتە باکووری کەیلان غەرب وەرگیرایە ) .له بەلگەنامە ئارامیەکان نووسرایە باجلایا.ووشەی باجەلان بە تورکی (باجناق) بەواتای باج ساندن دێت . مێجەرسۆن دەڵێت: دامەزرێنەری خانەوادەی باجەلانی عبدال بەگ باجەلانی بووە، خەڵکی دیاربەکرە ، لەساڵی ١٦٣٠ عەبدال بەگی باجەلانی راگوازرایەوە بۆ ناوچەی زەهاو دەسەڵات خۆی بەسەر ناوچەکە داگرت کە بە زمانی کەلهوری دەپەیڤن . باجەلان هۆزێکی زیرەك و شەڕکەر بوون ، زیاتر له ٣ سێ سەدە پشتیوانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانیان کردبوو، رێگاکانی ستراتیژی بازرگانی پێیان راسپێنرابوو سەر بە پارێزگای لۆرستان هەوەها له شۆش و دیزەفۆل دەژیان ، عەشیرەتی باجەلان دەبنە دوو بەش : جۆمرۆ و قازانلۆ ئەوانیش

دەبنە چەند لقێك ، باجەلان لەپارێزگای زۆربەیان لە گوندەكانی وولأت شەبەك بەلأوون ، داب و نەریت و كەلتوری تایبەتی خۆیان هەیە . (١٩٩)

باجەلأن لەدەڤەری گۆرانەتی لەو گوندانە دادەنیشن : (سەنتەری قەزای بەردەڕەش ، ماڵی سێودینی لەخەبات ، گوندی زەنگەنان ماڵی نورەالدین عبدالرحمان وحاجی عارەفات ، گوندی خرابە یاسین ماڵی ئەحمەد شەڕەفەی ، لە قەسرۆكێ ، گوندی بەرگرێ موزیری ، ماڵی حاجی فازلی حمەڕەش لە مەخموری ........)

## ١٤ـ زراری :

كوردن لە ناحیەی باتاس دەژین ، گوایە زراری ووشەیەكی بێگانەیە بە مانای(بەچكە گورگ)دێت ، لە پێشترلە نێوان هەردوو چیای مرت وجنجر لە شنۆ دەژین ، میرێكیان هەبوو بەناوی نجم الدین باساك هەموو زراری كۆكردبۆوە بن یەك چەتر ، میرێكی زیرەك و بەناوبانگیان هەبوو بە ناوی حسام نازناوی (شێری بچووك) بوو ، پیاوی زاناو مفتی یان هەبوو ، عەشیرەتێكی بەناوبانگ و دەولەتمەندو خاوەن هێزبوون ، گرنگترین گوندەكانیان (خالوان ، بەستۆرە ، رەشوان ، مام خەلان ، منداوە ، ئسوملیان ، گرۆماوان ) سەر بە ناحیەی پیرمام و عەینكاوە (٢٠٠)

لە سەردەمی میرنیشینی زەنگی پەیوەندی نێوان سەركردەی كورد صلاح الدین ئەیوبی لەگەڵ زەنگی یان تێك چوو ، صلاح الدین ناچار بوو خەڵكی كوردی زراری لە گوندەكانی پیرمام بیرخال و ئەجندەكان و دەوین و كۆڕێ بهێنیتە شەبەكستان لە دەشتی ڕۆژهەڵاتی موسل (وولأت شەبەك ) ئاكنجیانی كردبوو ،

زراری بوونە پاڵپشتێكی بەهێزی سولتان صەلاح الدینی ئەیوبی، كوردی شەبەك لە سەردەمی سولتان موزەفەرەدین كوكثری مەلیكی هەولێر بوو كە دەكاتە خەزووری سەلاحەدین ویستی هێزیكی كەوانەیی لە لای رۆژهەڵاتی موسل دابمەزرێنێت بۆ بەرپچدانەوەو تێكشكاندنی پیلانەكانی زەنگییەكان ، میری زەنگی نەشیا لەشكركێشی بۆ سەر شەبەكستان و شاری هەولێر بكاتن ، عەشیرەتی زراریپلەو پایەكی بەرچاویان هەبوو ، لە دەڤەری شەبەكستان لەو گوندانە بەلأوون و ئاكنجی بوونە :تەیراوە ، موەفەقیە ، قەرقەشە ، خرابە سولتان ، دەراویش ، گوندی باجربۆغ یان پێی دەگۆترێ (باژێرابووكا) هەروەها لە گوندی تەرجلەو سەلامیە وگۆگجەلیل و تەبرەق و زیارە دادەنیشن. (٢٠١)

---

١١٩ – اسماعیل خلیل باجەلانی فازلیە( دەست نووس ) ناسراوە بە ئەبو وەقاس

٢٠٠ ــ العشائر الكردیە فی العراق سەرچاوەی پێشوو لاپەرە(٦٩) .

٢٠١ – احمد شوكت الكورد المنسیون ،سەرچاوەی پێشوو ل ٤٧

## ١٥ـ بەرازی :

عەشیرەتی بەرازی عەشیرەتێکی گەورەی ناوداره لەهەر چوار پارچەکانی کوردستان بەلاۆن ،  لە کۆمەلە هوزێکی یەکگرتووپێکهاتینە  هاوپەیمانی لە نێوانیان هەیە ،  بەرەبابەکانی بەرازی ئەوانەی یەکرێزی هۆزی بەرازی پێکدەینن  ئەوانەن: (دنلی ، معافات ، زێرەوان ، بێجان ، دینان ، قەرەڤێچ ، میر ، دیدانکتکان ، شێخان ، ئۆکیان ، شەدادان ، عەلی...) هاوپەیمانی لەنێوانیان هەیە. هەر لە کۆنەوە لەو شوێنانە بەلاۆن دەشتی سیرۆجێ ، بیراجیك ، عنتاب ، کلس، عەفرین ، لە باشوری گۆمی وانێ تاکو دەکات کرمانشا ئاکنجی بوونە ، زۆربەیان گوند نشینن وکاری کشتوکالی دەکەن ، هەندێکیان کۆچەرین مەڕومالت بەخێودەکەن

ووشەی بەرازی لەزمانی کوردی بە بەراز دێت ،  شوێنی دانیشتنیان بۆ گەلی بەرازان دەگەرێتەوە ، دەکەوێتە ناوچەی ( بنگۆل ) لەباکووری کوردستان ، هەندێك بە هۆزی (برازان )ناویان دەبەن. هۆزی بەرازی هۆزێکی چاونەترس و بوێر ئازابوونە بەرامبەرناحەزانی .

مللەتی کورد رۆلێکی گرنگیان هەبووە ، هەردەم سەریان بۆ دوژمن شۆرنەکردییە ، زۆر جاران لە دەسەلات یاخی دەبوون و خەرج وخەراجیان نەدەدا دەولەتی عوسمانلی ، خۆیان بەخاوەنی خاکی خۆیان زانیوە ، هەر لەبەر هەندێ زۆر جاران هێرش کرایتە سەریان لەلایەن جەندرمەی تورکی بە ناچاری  زۆریان دەربەدەربوونە ، یان بەخورتی رەوانەی جێگای دیکە کرانە ، هەڤال بەهرام خەلیل بەرپرسی لیژنەی ناوچەی دارەتوو هاوکاری کردم ( [٢٠٢]

وەکو دەڤەرەکانی پێنجوین و قامشلی . هۆزی بەرازی لە دەڤەری گۆرانەتی لەو شوێنانە هەنە لە سنووری  قەزای  بەردەڕەش  لەوگوندانە بەلاۆن بەرازی گەورە بەرازی کچکە:  لە کۆمەلگای کەلەکچی ، هەردوو گوندی بەرازی ،  لە ناحیەی دارەتوو گوندی بەهراوا ،  گوندی گربدەو ، سەر بە قەزای  بەردەڕەش  و لە ئاکرێ ، ١٥٠ مالْ لە هەولێر دادەنیشن  ،

١٦ ـ **بەستۆڕەیی:** لە گوندی هەنجیرە  ناوچەی بێتواتەی سەر بە دەڤەری خۆشناوەتی  ، لەبەر چەند کێشەیەکی کۆمەلایەتی بەرەو گوندەکانی دەڤەری کۆرانەتی هاتبوون دەسپێك لە دۆلی بەستوڕەیان دانابوو چەند کەسێکیان هاتبوون  رێزە گوندی بەربنی داهاتبوون  ، تاگەیشتبوونە خزمانی خۆیان لە گوندی خێلەکی لای خۆیان حەواندبووە  هەندێکیش چووبوون

[٢٠٢] ـ علی شێخۆ،کوردستانی رۆژئاوا کتێبی (البرازیه) ،(دراسه تاریخیه)

[٢٠٣] ـ ـخوالێخۆشبوو ماموەستا محمدامین یوسف سەرپەرشتیاری پەروەردەیی قەزای بەردەرەش

له گوندی زمزمۆك ئاكنجی ببوون ، كاتی ماڵی خۆیان هینا گوتیان ئەوانه كێنه گووتیان ماڵەكانی بەستۆڕەن (٢٠٣)

١٧ـ **عەشیرەتی ئیسماعیل وەند:** لقێكه لەعەشیرەتی هەماوەند لەو گوندانه دادەنیشی:
گوندی كەبەرلی ، شێخ شێلی ، تۆبزاوه ، خەزنه ، مناره ، باشبیشه ، توانجه ، شەهرەزاد ، شێخەمیر ، بەدەنەی كچكه زەهره خاتوون ، باسخره ، تەیراوه ، شاقولی ، عەبدی ئاغا سەرۆكایەتیانی دەكرد . زانیاری له سالم شەبەك خەلكی تۆبزاوه

١٨ـ **كاسه ڕەشی :** بابه گەورەی بنەماڵەی كوێخا قادری گوندی مۆریلان لەدۆلی رەشوگەریان له ناوچەی نێوان رواندز و جۆمان ژیاون ، دەڵێن لەبەر كێشەیەكی كۆمەلایەتی ، یان لەبەر قات و قڕیەكی قورس ـ گرانییەكی سەخت ، باریان كردووه بەرەو بادینان ، له دەراوی گرمامك له زێی بادینان دەپەرنەوە، له رێگا شەویان به سەردادێت بۆحەسانەوه له ئەشكەفتێك دەمیننەوه ، ئەو شەوی ئاگر بەردەبێنه ناوماڵیان كەلوپەلیان دەسوتێت كاسەیەكی داریان هەبووه ئەویش لاسۆتی ببوو كاسەكه ڕەش دەبیت ناوی ئەو بەرەبابەیان لێنا ( كاسه ڕەشی ) ، هەندەك دەڵێن كاسەی زێڕ بووه . (٢٠٤)

١٩ـ **شێخانی:** شێخانی بن داسنی واته شێخانی بنیات ئێزدی ، رەچەلەكی هۆزی شێخانیان بۆ كوردانی ئێزدی دەگەرێتەوه ، مێژووی شێخان بۆ سەردەمی(حوسێن بەگی داسنی دەگەرێتەوه بۆسالی١٥٣٥/ ١٥٥٠ )له پەڕی دەسەلات بوون فەرمانرەواییان بەسەر هەولێر وكۆیەو سماقولی و دەشتی هەولێر زالبوو ، به پشتیوانی سولتان سلێمانی قانوونی بوو به تایبەتی دوای شەڕی جالدیران ، ئەردەلاتی و بابانیەكان دەسەلاتیان لەسەر دەڤەری سۆران لاوازبووه بەشەڕ نەدەشیانه لەشكری ئێزدیان ، بنەماڵەی میرانی سۆران پەنایان بردبوو بەر فتوای مەلایەكان دەستیانكردبوو به جولاندنی سۆزو غیرەتی ئاینی دژی كوردی ئێزدی ، له هەموو لایەك هێرشكرا سەر كوردی ئێزدی میر حوسێنی داسنی گوژرا لەشكریان پەرتەوازه ببوون ئەوەی كوژراو بەدیل گیران زۆریش بوونه ئیسلام ناویان لێنرا (شێخانی بن داسن) زۆربەی ئێزدیەكان بەو نازناوه ژیانیان پارێزراو بوو ، هاواریان بردبوو بەر سولتان سلێمانی قانوونی عوسمانلی به هانایان نەچووبوو سەیرانی شەڕەكەی دەكرد (٢٠٥)

---

٢٠٤ – فازل كوچەل سەرپەرشتیاری پەروەردەیی قەزای بەردەرەش وەرگیرایه .

٢٠٥ـ كەیفی عبدالله شێخانی كورتەیەك له مێژووی هۆزی شێخان .

لەسەردەمی میرجۆلۆ بەگیداسنی میری ئێزدخانێ بوو ، کێشەیەکی کۆمەلایەتی لە ناو ماڵی میر روویدابوو ، لەوسەردەمی زۆربەی خانەوادەکانی ماڵی میری روویان لە سۆران کردبوو بوونە موسولمان پێیان گۆترا (شێخان بەگی) [٢٠٦]

لەسەردەمی میرانی سۆران دوو شالاوی گەورە کرابوو سەر ئێزدییان لەدەڤەری گۆرانەتی لەترسی کوشتن و گرتنی ئێزدیان چەند بەرەباب بوونەئیسلام ، ئێستا پێیاندەگوترێ بنیات ئێزدی.لەوانە. ماڵی کورکۆی مام حاجی لەگوندی زێلکەی حتکو ـــماڵی مەلا سابیری لەخێلەکی دادەنیشن ـ ماڵی برایم ئاغایی لەخەبات دادەنیشن ، ـــماڵی حجی سمکۆی شێخالکی دەکاتە باوکی خەلیل موختاری گوندی شێخالك سەجەرەیان بەمجۆرەیە:(خەلیل ـ اسماعیل ـمیکائیل ـ عنتەر ـ عوسمان ـ عەلۆـ زەبین ) شێخانین . هەروەها شێخانی لەو گوندانە بەلاْون (ماڵی کوێخا سەعید ی لە گوندی گربەویل گەورە ، بەرەبابی ئەحمەد مەولودی لە دۆستەك ، رۆڤیا ، بەرەبابی تاهیری لە کانیلان ، ماڵی مام عەدۆی لو گوندی ئیسماوە ، لە شارۆچکەی بشیریان هەنە ، ناو سەنتەری قەزای بەردەڕەش ن ، هەروەها لە کۆلەکان و زێلکەی فەخری و ئۆمەڕخۆشان ، لە قەزای خەبات ، گوندی مامە جەلکە لەشەقلاْوە .....)ماڵی نایف عەیز ئاغا لە گوندی گەوریخۆیان بە برا گەورەی گشت عەشیرەتی شێخانی دەزانن [٢٠٧]

لە دەڤەری گۆرانەتی لە بادینان ئەنجومەنێکی شێخانی هەیە لەو بەرێزانە پێکهاتیە: ـ

١ـ ادریس کوێخا سەعید دانیشتووی گوندی گربەویل گەورە .

٢ـ خورشید ئەحمەد مەولود دانیشتووی گوندی دۆستەك .

٣ـ مەلا ئیبراهیم رەمەزان دانیشتووی گوندی دەربێستان گەورە .

**٢٠ـ مهاجر:** لە شەڕی جیهانی یەکەم لەنێوان روس و عوسمانیان هەروەها شەڕی ئەرمەن عوسمانیەکان لە وانێ روویدابوو دەڵێن زیاتر لە ٨٠ هەزار کەسی کورد بە ماڵ و مندالەوە ئاوارەی دهۆك و موسل ببوون ، ئەو سەردەمی خلیل پاشا والی موسل بوو ، رۆژانە بەدەیان کەس لە برسان دەمردن ، شارەوانی جەنازەحیشك و لاوازەکانی لە قەبرستانێ دەشاردەوە ، زۆر لەو ماڵە مهاجرانە لەشاری موسل وشەبەکستان و دەڤەری گۆرانەتی مانەوە ، دوای شکانی تورك گرانیەکی گەورە روویدابوو ، لە کۆتایی شەڕی جیهانی یەکەم ١٩١٨ حکومەتی تورکیا فەرمانی گەڕانەوەی بۆ مهاجرەکانی وانێ دەرکردبوو ، پیاوێکی خانەدان ئەندامی ئەنجوومەنی باژێری وان بوو بەخۆ خێزانی و کەسێکی تری لەگەڵ مابۆوە بەدەڤەری زێبار رۆیشتبوو پارەی

---

٢٠٦ــ سعدالله شێخانی کتێبی شێخان و شێخان بەگی .

٢٠٧ـ ممتاز عمر ئاغا (تاریخ الموصل) چاپی ٢٠١٣ لاپەرە ٤٠٦

نەبوو بگەرێتەوە ئەو کابرایە گۆتی (کاتی هاتینە موسل ٦ شەش هەزار کەس بووین ، ئستا ئێمە ٣سێ کەسین دەگەرێینەوە ، ئەوانەی تر لەبەر نەخۆشی و برسیەتی زۆربەی مردن ، هەندێك لە گوندەکان مانەوە ، ئەو قسانەی بە چاوی پڕ گریان دەگێڕایەوە ، ئێستا جۆن بگەرێمەوە ئەوەندە کەسەمان لەناوچووە بەبێ سەروەت وسامان مایتمەوە پارەی گەڕانەوەم پێ نەماوە)

لەئەنجامی شەڕی جیهانی یەکەم ١٩١٤ـ ١٩١٨زۆر کوردی شکاك لە رۆژهەڵاتی کوردستان و مهاجری کوردی وانێ لە باکوری کوردستان هاتبوونە دەڤەری گۆرانەتی وشاری موسل ، هەندێ ماڵە مەسیحی لە شاری وانێ هاتبوونە باشیك ببوونە موسلمان لە ناو شاری باشیك دەژین ، مندالانی ئێزدی ناو باشیك بە موسلمانانی ناو باشیکەیان دەگۆت:(تێسی و بێسی و هەڵانە ، هەرسێ گوندێ فەلانە)، تێسی و بێسی وهەڵانە ناوی سێ گوندی فەلا بوو لە ولایەتی وانێ ( [208])

٢١ ـ **کاکـــەیی** : زۆربەی عەشیرەتی کاکەیی لە کەرکوك و خانەقین و رۆژهەڵاتی کوردستان دەژین ، ووشەی کاکەیی ناوی شوێن نیە بەلکو رێبازگەیەکی ئایینی یە چەند بەرە بابێك لە کۆنەوە پەیرەوی ئەم ئایینە دەکەن لەوانە : ١ـ لەك ٢- هەفتە غازی ٣- قرە حەسەن ٤- ما ٥- جولەمێرگی ٦- سەید کاکی ٧- باوە ، ئەوانە لە خانەقین ، سەعدی یەو لە کەرکوك دەژین . هەروەها لە هەورەمان و لە سلێمانی هەنە . هەندێ ماڵە کاکەیی لە تیرەی باوە لە گوندی فازلیە سەر بە ناحیەی باشیك دەژین لەوانە مەلا یونس و مندالی و مندالانی عەلی و حوسێن لە گوندی سێکەند (باریمە) یونس جەردۆ براکانی لە گوندی خورساباد کاکەیی نە مندالانی ابراهیم خلیل و عاید خلیل کاکەینە هەروەها رێزە گوندەکانی سەر زێی بادینان هەر لە ناحیەی گوێر بگرە تاکو دەگاتە کەڵەکی یاسین ئاغا لەو گوندانە تولە بەن وەردەك ، صوفەییە ، زەنگل ، زەهرەخاتون ، خراپ سولتان ، کەبەرلی ، قیماوە ، مەتراوە ، کەڵەك یاسین ئاغا ، قەرقەشە ، دەژین هەموویان بە شێوازی ماچۆی رەسەنی دیاڵێتکی کوردی دەئاخڤن( [209])

٢٢ ـ **هۆزی هەمەوەند** : لە نوسینگەی مفەوەزیەی مەدەنی بەریتانی لە بەغدا ساڵی ١٩١٩ تێدا هاتوە، هۆزی هەمەوەند کراینە دوو بەش بەشێکیان بۆ تەرابلوس (جرابلس) راگوازرانەوە بەشی دووەم بۆ ئەدەنە ڕاگوازرانەوە ،

هۆزی هەمەوەند لە دەوروبەری کرمانشان ناوچەی شیراز و قەزوێن و خانەقین و قەسر شرین دەژیان لە کۆنەوە هەمەوەند لە باکوری کوردستان لە شاری وان و دەوروبەری دەریاچەکە

---

٢٠٨ ـ بەکورتی لەیاداشتەکانی عبدالعزیز القصاب لاپەرە ١٧٤وەرگیرایە

٢٠٩ – عبداللە محەمەد خالد ئاغا ناسراوە بە ( عبداللە گۆران ) گێرایەوە

دەژیان ، لەبەر چەند ئەگەرێك پەرت بوون بۆ ڕۆژهەڵاتی كوردستان رۆیشتن لەوێندەرێ لەیەكتریان دەپرسی دەیانگۆت ئێمە وانین واتە لە ناوچەی وان بەرەو كوردستانی ئیران چووبوون لە یەكتریان دەپرسی (هەموو وانی = هەموانی = هەمەوەند = یان دەڵێن برا گەورەیان ناوی هەمە بوو نازناویان بە هەمەوانیەكان بردووە پاشان بوویتە هەمەوانی .هەمەوەند برا گەورەیان ناوی خوداد بووە چار كوڕی هەبووە :-

١- رەمەزان : نەوەكانی بە نازناوی رەمەوەند ناودەبرێت .
٢- یادگار : نەوەكانی بەگ زادە دەناسرێت .
٣- رەشید : تیرەكە بە ناوی رەشەوەند هاتوە .
٤- سەفەر : بە تیرەی سەفەرەوەند دەناسرێت

عەشیرەتی هەمەوەند بەسەر چەند گوندێكی وولات شەبەك بەربەلاْوون لەوانە : حاجی خدر محەمەد عبدی لە گوندی شێخ شیلی بنەماڵەی حاجی محەمەد ئال اسماعیل وەندی لە خەزنە تەپە ماڵی خالد ابراهیم ئال ئیسماعیل وەند لە گوندی خەزنە تەپە ، هەروەها عەشیرەتی هەمەوەند لە دەڤەری گۆرانەتی هەنە لە گوندی دڕین بۆت وگوندی كەونەباك و گوندی ئامیان وگوندی گربدەو سەر بە قەزای بەردەڕەش دەژین. (٢١٠)

**٢٣ـ بلباس:** میرشەڕەفخانی بدلیسی لە كتێبی شەڕەفنامە باسی هۆزی بلباس دەكات دەڵێ ئێلی (رۆژەكی) رۆژێك لە رۆژان (٢٤) تیرەو بەرەبابی كوردی لە شوێنێك بە ناوی (تاب )سەر بە مەلبەندی (خویت)كۆبوونەوە ، لەو كۆبوونەوە بوونە دوو بەش (١٢)تیرەیان چوونە رێزی بلباس (١٢)دیكە لە سەر رێزی قەوالیس مانەوە ، بلباسو قەوالیس ناوی دوو گوندن لە هەكاری باكوڕی كوردستانە .

هۆزی بلباس لە كوردستانی گەورە بەلاْوون لەو هۆزانە پێك دێن( پیران ، ڕەمك ، مامەش ، مەنگوڕ ، هۆرمزیار ، كاخدری ، گەورك ، عوسمان ئاغایی ، كابایز ، سن ، قاق ، بەرازان ، زەرزا ، شكاك ، زووی ، بالەك .)ئەو تیرەو هۆزانە لە كوردستانی گەورە بەلاْون بەتایبەتی لە باشووری كوردستان لەو ناوچانە ئاكنجین (شارەزور ، بێتوێن ، هەولێر ، گەرمیان دەشتی هەولێر ، بادینان ) كەسایەتی بەرچاویان هەیە ، شۆڕشیان هەڵگیرساندووە یان پشكداری شۆڕشەكانی كوردیان بە مادی و مەعنەوی كردووە ، هەورووەها زانای ئاینی و هۆزانڤانیان

---

٢١٠– كەریم ئاغایی هەمەوەند ( هۆزی هەمەوەند ) چاپی كەركوك ٢٠١٠

لێهەڵکەوتووە خزمەتی میللەتی خۆیان کردیە ، بلباس لە دەڤەری گۆرانەتی لەو گوندانە (گوندی کۆراو ، شەمسەخڕ ، گۆمەزەرد ، سێکانی گەورە و ئیسماوە...) ئاکنجینە [211]

**٢٤ـ موسەیی:** ئەو ناوە لە پیرمووس هاتیە ، عەشیرەتێکن سەر بە هۆزی مۆتیکان یان مۆریکا دەگەرێنەوە لە سەردەمی عەباسیان کاتی ئەمەوییەکانیان شکاند سێ برابوونە ١ـ عەلی ئاغا بناری چیای مەقلوب ٢ـ محەمەد ئاغا لە بەردەڕەش و دەورووبەری ٣ـ برای سێیەم خدر ئاغا لە کەڵەك ، لە گوندەکانی دەڤەری گۆرانەتی ئاکنجی کران ئێستا لەو گوندانە بەلاَون: لەکەڵەکچی ، بەردەڕەش ، قایماوە ، قەرەناز ، کانی هەسپانی کچکەوگەورە ئیسماوا ، ئامیان ، گردەپان ، پیرچاوش ، خێلەکی ، جوجەرگەورە ، کەڵەك ، قەزای خەبات ، هەندی بیرو بۆچوون دەڵێن مووسەیی بۆ نەوەی موسای کازم دەگەرێنەوە هیچ بناغەی نیە؛ تەنها بۆ مەبەستی تەعریب کردن و ناو زڕاندنی هۆزێکی کوردیە. دەڵێن ئیمامی موسای کازم ٣٧کچ و٢٣کوڕی هەبوو ، هەمووی دەکاتە شێست منداڵ ، موسەیی لە سەردەمی زەردەشتیەکان پێش هاتنی ئیسلام لە دەڤەری گۆرانەتی ژیاون ، خەڵکی خۆجێی گوندەکانی گۆرانن ، یان دەڵێن لە سەردەمی یەزیدی کوڕی معاویەی ئەمەوی هاتوونە دەڤەری گۆرانەتی.

مووسەیی سێ تیرە بووونە: (مووسەیی وساڵەیی وجەمیلی) ١ـ موسەیی دەبنە سێ تیرەوبەرەباب:

أ ـ/: بەرەبابی ماڵی عەلی بەگی لە بانە میران دادەنیشت بانەمیران کۆتای مڵە زورگی چیای مەقلوبە نزیك پردی مەندان لە هنداو کانی ئاوی گەرم .

ب ـ/ کلاوڕەش ، لە گوندەکانی بناری چیای مەقلوب و مام بۆتان دادەنیشتن ، کلاوی ڕەش لەسەریان بوو ئەوانە هێزێکی شەڕکەربوون بەردەوام لە پێشەوەی لەشکربوون

ج ـ/ پنیانش :میرزا ئاغاو ئۆغزبەگ لە باکوڕی کوردستان هاتبوونە دەڤەری زێبارەتی .

٢ـ ساڵەیی (صالحی) لە ساڵی بەگی و جرەی دانیشتبوون ئێستا لەناوجەی پردێ و کەرکوك ئاکنجینە ، قەبری شێخ سلێمان لە ساڵی١٧٠٠ز کۆچی دووایی کردووە مەڕقەدی لە بان قەبرستانی کۆمەلگەی چرەیە قورئانێکی دەستخەتی خۆی لەگەڵ بەرماڵەکەی لە ماڵی شێخ رەشید و شێخ لەتیف لە کەرکووك پارێزراوون .

٣ـ جەمیلی لە حەویجە دادەنیشن بەنی جومەیلیان پێدەگۆترێت ، ساڵەیی و جەمیلی لەبەر هێرشی میرمحەمەدی سۆران لە دەشتی ناوکوڕ باریان کرد.لە ساڵی ١٨٢١زاینی میر محەمەدی رەواندزی لەشکرکێشی کردە سەریان لەبەر ئەوەی موسەیی و ئێزدی خەرجوخەراجی خۆیان نەدەدا میری سۆران ، لە ساڵی ١٨٣٢ میری محەمەدی سۆران داوای باج و خەرج و خەراج و

---

٢١١ـ محەمەد ئەحمەد محەمەد مێژووی هۆزی بلباس چاپی سلێمانی ١٩٨٩

سەرانەی لە مووسەییان و ئێزدی کردبوو ، نارەزایی خۆیان دەربڕی بوو ، لەمیری سۆران بێمنەت بوون ، سولتان محمودی دووەم پاڵپشتی میری رەواندزێ بوو ، بە خورتیش بێت خەرج و سەرانەی دەشتی ناوکوڕی کۆبکاتەوە ، موسەیی و ئێزدی کەوتنە نێوان نال و بزماری سالّی ١٨٢١زاینی شەڕ١٢ دوازدە شەو و رۆژان دەستی پێکرد ، مووسەیی و ئێزدی هاوپەیمانی یەکتربوون لەشکری میر شکستی خوارد ،

عەلی بالەتەیی کەدەکاتە مامۆی مەلا یحیای مزووری بە دەستی ئێزدیان هاتبوو کوشتن مەلا یەحیا هاواری بردبوو بەر والی بەغدا نامەیەکی پێدابوو بۆ میر محەمەدی سۆران ، میر ١١هەزار لەشکری ئامادەکرد ، سالّی ١٨٣٢زلەشکری میری رەواندزێ بە سێ قۆلان بەرەو ئاکرێ و دەشتی ناوکوڕ بەرێکەوتبوون ، زێباری لە ئاکرێ و قەلاّی شۆش شەڕیان کرد ، موسەیی وئێزدی سۆزو پەیمان لە نێوانیان هەبوو دژی لەشکری میری سۆران رابوەستن ، ئێزدی ١٠دە هەزار کەسیان لێ کوژراو بەدیل گیران ، قەتلوعامی مووسەییان هاتە راگەیاندن چونکە تاگیری ئێزدیان بوون. لەو شەڕی سەرلەشکری میری سۆران عبداللە پاشا کە دەکاتە برای میری سۆران کوژرابوو ، مەم بۆتان دەکەوێتە رۆژئاوای گوندی شیوەرە مەلبەندی مووسەییان بوو لەوێ خەمرەی ئاوخۆردەیان کردبوو گۆڕستانێکی زیندە بەچالی مووسەییان ، هەتا ئێستا شوێنەواری چەك و ئێسك و پروسکی مردووەکانی مووسەییان تێدا مایە ، گوندی قایماوا و قەلاّی بابا پایتەختی مووسەییان بوو ، لەو شەڕەی عەلی ئاغا کوژرا ، هەر ئەوەی نێرینەی موسەییان بایە لە سەریاندەدا، گۆڕی عەلی ئاغای موسەیی و مندالەکوژراوەکان لە گوندی بابا لە بناری چیای مقلوب نێژرانە (٢١٢)

٢٥- **هۆرمزیار:** هۆزی هۆرمزیار دێرینترین هۆزی کوردە ، پاشماوەی کۆنترین ئاینی یەکتاپەرستیە ، مێژوویان بۆ سەردەمی حەزرەتی ئیبراهیم پێغەمبەر (سەلامی خودای لەسەربێت)دەگەرێتەوە ، لە زۆربەی ناوچەکانی کوردستانی گەورە بەلاّوون ، هەروەها لە بەغداو کوت و رەمادی و ئەفغانستان هەنە .ناوی هورمزیار ، ئۆرمزیار ، وەرمزیار ، لە دوو برگە پێکهاتیە :وەرمز ، هۆرمز+یار بوویتە: هۆرمزیار ،

هۆرمز بەواتای مەزن یان گەورە دێت ، یار:بە واتای یاوەر یان پیر دێت ، لە ئەسل ووشەی هۆرمزیار ناوێکی ئاینی یە بە مانای (خودا پەرستی )دێت ، هۆرمز بە واتای (خۆری گەورە) یان (رۆژی گەورە) دێت .لە سەردەمی ساسانیەکان فەرمانرەواییان کردووە ، لەشکری تایبەتی (هورمزی یەکەم و هورمزی دووەم هورمزی سێیەم و هورمزی چارەم) یوونە ، پشتیوانی تەواوی

٢١٢ــ بە سوپاسەوە لە زاری چەند تەمەندارێکی هۆزی مووسەییان لە دەڤەری گۆرانەتی وەرگیرایە .

هورمزیان کردووەویاوەری هورمزبوونە وناویان بوویتە (هورمزیار) ، زێدی هەرە کۆنیان دەشتی هەولێربووە ، بەکۆنترین هۆزی ئەو دەڤەرە دەژمێردرێن ، لەوگوندانە بەلاْون (سمایلاوەی گەور ، سمایلاوەی کچکە ، قۆرشاغلۆ ، گردەرەشە ، شێخ شێروان ، ماجیداوە ، سێتۆجان ، هێلەوە ، ماستاوە ، گردەرەشە ، بیستانە، سەید عوبێد ،عەوێنە و دەشتی کۆیە ... ).

هۆزی هۆرمزیار لە بادینان هەنە لە گوندی شاقولی و وولاْت شەبەك بەلاْون ، لەهەردوو قەزای ئاکرێ و بەردەڕەش ئاکنجینە بە تایبەتی لە سەنتەری ناحیەی دارەتوو مەلا عبدالرحمان مەلا تاها مەلای ناحیەی دارەتووە سەرپەرشتی هۆزی هۆەمزیارەکان دەکات ، لە گوندی زەنگەنانی مالْی حاجی جردیس سلێمان مراد سەربەناحیەی دارەتوو هۆرمزیارن.[٢١٣]

**٢٦ ـ کاوانی** [*]: هەر لە کۆنەوە کاوانیەکان لە گوندی کاوانی تەنیشت شەقلاوەی ژیاون ، مەحمود کاوانی کەسێکی ناوداری کاوانیان بوو لە سۆران ناودەنگی دەرکردبوو ، دوای مردنی برازای مام رەفعت وەکو براگەورە کاوانیان جێگای گرتۆتەوە ، لە وانە دوو بەرەباب (مالی بەهرام و بەرەبابی خەلیفەی ) دێنە بادینان لە گوندی خرابەی تەنیشت مام خەلیفە ئاکنجی دەبن ، ژمارەیان لە ئێستا زیاتر بووە ، بەلام لەبەر بەلابوونەوەی نەخۆشی تاعون و رشانەوە و زگچوون زۆریان لێ مرد ، لە سەردەمی مام خەلیفەی گوندی خرابەیان چۆلکرد مام خەلیفە بە خزم و خێزانەوە هاتن گوندی مام خەلیفەی ئێستایان ئاوەدانکرد هەر لە بەر هەندێ ناوی گوندیان لێنا (مام خەلیفە) ، بەراستی مام خەلیفە کەسێکی تەقواو دینداربوو رێزی لێدەگیرا دوای مردنی مەرقەردی ببوو مەزارگە خەلکی گوند و دەوروبەری سەردانیان دکرد ، بەردێکی دیاریکراو لای مەرقەدی مام خەلیفە هەیە لە ووشکە سالیدا سێجار بەردەگەیان بەرزدەکەنەوە و لە خوای دەپارانەوە هەر ئەو رۆژی مەنجەلە نیسکیان دەکولاند و بەسەر خەلکی ئاوایی دابەشدەکرا بۆ مەبەستی باران بباریێت . کاوانی لە بادینان لە گوندی مام خەلیفە ، دوگوندانی گەورە ، دوگوندانی کچکە ، سەنتەری قەزای یەردەڕەش ، سەنتەری ناحیەی کەلەك و لە ناحیەی رۆڤیا بەلاون ، کاك مجید تەها مەلا نەبی لە دوگوندانی گەورە دادەنیش برا گەورەیان بوو ، ئێستا محەمەد سمایل عەزێ کەسێکی بەرچاوی کاوانیانە لە ناحیەی کەلەك دادەنیشیت ، گوندی کادانا لە ناوچەی زێباریان لە ناوی کاوانی هاتیە لە بەر کێشەیەکی کۆمەلایەتی بەرەبابێکی کاوانی هاتوونە لە گوندی کادانا ئاکنجی بوونە ناوی کادانا لە کاوانی هاتیە ، خزمانی محەمەد شوکری

---

٢١٣ــ ئەحمەد عوسمان یابە (هۆزی هۆرمزیار) چاپی ٢٠١٢ هەولێر .

زێباری کاوانیە ، محمەد تاهر زێباری کاوانیە لە سوسنا دەدەنیشیت ، هەروەها مالی گەورۆی لە ناو عەشیرەتی هەرکیان رەچەلەکیان بۆ کاوانیان دەگەرێتەوە . ( [214])

**٢٧ـ هۆزی لۆر:** هەندێ شەبەك لە سەردەمی میری لۆری بچووك شاوبردی بۆ دەڤەری گۆرانەتی وولاَت شەبەك هاتوونە دوای شکانیان لە شەرِێك دژی صەفەوییەکان ، هەبوونی شەبەك و کاکەیی و صارولی لە دەشتی شەبەکستان و دەڤەری گۆرانەتی لە هەردوو قەزای بەردەرِەش و شێخان دەگەرێنەوە بۆ سەردەمی میری لەری (شاوبردی ) لە شەرِێك لەگەلْ شاه عەباسی صەفەوی شکستیانخوارد ، بۆ کەرِی دووەم شەرِی هەلگیرساندەوە ، بەلاَم دیسان سەرنەکەوتن میر پاشەکشەی کرد پەنای بۆ دەولەتی عوسمانی بردبوو ، هەروەکو مێژوو نوسی بیرەمەند محەمەد امین زەکی لە کتێبەکەی ( [215]) .

(مێژووی دەسەلاَت میرنشینە کوردییەکان چاپی دهوك سالَی ١٩٩٤ . واتە عەشیرەتەکانی گۆران خۆیان گەیاندبوو دەولەتی عوسمانی.لە رِووداوەکانی سالَی ١٦٠٠– ١٦٢٠ زایینی عوسمانیەکان دەڤەرەکانی رۆژهەلاَتی موسلیان بۆیان هەلَبژارد بۆ دروست کردنی لەمبەرێکی نیمچە کەوانەیی لە دەوری شاری موسل ، کوردی شەبەك لە رِووباری خەوسەر تاکو رِووباری خازر ؛ گۆران لەسەر رِووباری خازر لای چیایی مەقلوب تاکو دەگاتە زێی بادینان ، ، شێوەزاری گۆران عەشیرەتە گۆرانەکانی دەڤەری بەردەرِەش و شێخان لە شێوە زاری ماچۆ دەگەن ( [٢٢٦])

---

[٢١٤]– بە سوپاسەوە لە زاری بەرێز عبدالسلام عبدالرحمان کاوانی لە هەولێر دادەنیشیت ، وەرگیرایە

[٢١٥]– کەریم ئاغایی هەمەوەند (هۆزی هەمەوەند) چاپی کەرکوك ٢٠١٠ .

[٢١٦] – گۆڤاری سەرهەلَدان ژمارە ١٢ – ١٣

## پێناسەی ئەو عەشیرەتانەی هاتوونەتە دەڤەری گۆرانەتی :

**١ـ زێبار:** بیروبۆچوونی چەند مێژونڤیسەك دەربارەی زێبارییان نووسرایە دەلێن :

مێژوو نڤیس مارك سایكس دبێژیت :عەشیرەتا زێباری لە هزاران خێزانان پێكدێت ، گەلەك حەزیان لە مێوانە و كارێ چاندنێ دكەن. ژێدەر ١١٩ص /ویلیام ایغیلتۆن .

یاسین خیرالله العومەری مێژوو نڤیسەكێ عەرەبە دبێژیت :ب هێزترین و كەونترین عەشیرەتا عیراقێ زێبارینە . ژێدەر پەرتووكا غایەت المرام ، ص ٩٣٠.

انور مایی مێژوو نڤیسەكێ كوردە دبێژیت : كەونترین عەشیرەتا بادینان زێبارینە و نەڤیێت سوباریانە .

پرۆفیسۆر میهرداد ایزدادی ماموستا ل زانكۆیا هارڤارد یا ئەمریكی د پەرتووكا the kurds دبێژیت : كەونترین عەشیرەت زێبارینە و رەچەلەكیان بۆ سۆباریان دەگەرێتەوە ،ڤەكۆلەرێ ئەمریكی j.gelb دپەرتووكا hurrians and subarians دبێژیت : هندەك شینەوار ل دەڤەرا زێبار هاتینە دۆزینەوە كۆ بەلگەنە زێباری بۆ سەردەمێ سوباریان دەگەرێنەوە، لەو سەردەمی ل دەڤەرا زێبار زانستی بیركاری ، ئەستێرەناسی و ژمێریاری ژلایێ گەنج و زارۆكێن وێ دەڤەرێ دهاتە خوێندن ، هەروها ئەسكەندری مەقدونی سالا ٣٣١ بەری زاین لە شەرِی گۆگامیلا هێرشی كردبوو سەر دەڤەرێن زێباریا و دوو هزار زێرِ و زیڤی بە تالان بردبوو ، سوباری لە كەونترین ئاكنجیێن كوردستانێ بوونە ل سالا ٢١١٣بەری زاینی لەو دەڤەرەی ژیانە لە سەر تەختە قورِ بە خەتی مسماری نووسرابوو دبێژن : پاشایێن بابلی ژی ئاماژە پێدایە كۆ ل سالا ٢٠٢٥ پ . ز ل ڤێ دەڤەرێ سوباری ژیانەئەف نڤیسینە بە سوپاسەوە لە برادەرێكی زێباری وەرمگرتووە . زێبار ناوچەیەكە زێباری تێدا دەژین ، بە ناوی گوندەكانیان یەكتر پێناسە دەكەن عەشیرەتەكی كەون و زیرەكن ، لە هەمی عەشیرەتی دەڤەرەێ كەونترن ، رِەنكە پەیوەندی هەبیت لە نێوان ناوی زێبارو ناوی سۆپاریان دا هەیە ، ناوی عەشیرەتی (زێبار) زێ لە زمانێ كوردی بە واتای رووبار دێت (بار)واتە ئەو بەر ، بە واتای بەرەو كەنار یان دەراو دێت شوێنی پەرینەوە بووە [٢١٧] هەندێ جاران ئاوی زێ لە وەرزی بەهاران كاتی هەلّدەستیت پێی دەلّێن(زێ دین)زۆر خێرا دەرِوات دەلّێن ئاوێ زێ خوینان دەكات . بیروبووچوونی تر هەیە لەخەلّكی ناوچە وەرگیراوە دەلّێن : ١) زێ+بار = زێبار ، بەرهەمی سالآنەی خۆیان لەئاوی زێی گەورە بار كردووە بەكەلّەكو مەنجەلّو ڤایغ بۆ شوێنی تر هاتیتە گواستنەوە. بەواتای باری خۆیان لەئاوی زێدا بار كردووە ، بوویتە زێبار.

---

٢١٧ـ بەشیر سەعید عبدالرحمان (بهدینان وعشائرها)دراسه تاریخیه چاپی دهۆك لاپەرە (٢٤٠)

[٢] ) زێر+بار= زێربار ، بەرهەمی سالآنەی خۆیان لەپشتی دەوار کردییە ، بەهای گران بوو ، لەناوچەکانی تر فرۆشتیتیان زۆر بەقیمەت بووە ، بەپارەو زێڕیان دایە ، خەڵکی پێیان گۆتیە باری زێرە ،   زێر بارە بوویتە (زێبار)

[٣] ) ژیانو هاتوو چۆیان هەر لەسەر ئەوبەرو ئەوبەری زێی گەورو (زێی بادینان )بوو لەبەرهەندێ بەزێبار ناونرانە.

[٤] ) زێبارە پێ رەشکە یان زێبارە رەشکە  دوو مانای هە یە

أ/ پێلاویان لەمووی رەش دروست کرابوو     ب/زێبار ژمارە یان زۆرە وبەربەلآون.

هاتنی زێباریان بۆ باشووری کوردستان ئەسلی زێباریان لەعەشیرەتی پنیانشن کە دەکەوێتە کوردستانی باکور لە تورکیا. لەناوچەیەکن لەلای سەرەوە ناوچەی فەلەی تیارێ دەژین ، یەکێك بەناوی (ئۆغز) ناوچەی پنیانیشی بەجێ دەهێڵێت بەخۆو بەهەفت کوڕەوە  هاتبووونە ناوچەی ئێستای زێباریان، کوڕەکانی ئۆغز بەسەر ناوچەکە بەلآوەبوونە هەر بەخۆی ئێستا زێبار حەفت بەرە بابن. پەندێك بەلآوە لەناوچەکەدا دەگۆترێ (زێبار ئاخێ خورتایە) واتە هەرکەسێ بەهێزو خورت بێت دەڤەری زێبارەتی داگیرکردووە فەرمانرەوایەتی  تێدادەکات. زێبار ناوی قەزایەکە سەر بە پارێزگای هەولێرە ، مەڵبەندی مێرگەسۆرە دوو یەکەی کارگێڕی هەیە ناحیەی موزووری بالآو ناحیەی بلێ ، لەو سەردەمی کۆی گشتی دانیشتووانی قەزاکە دەگەیشتە (٢٠٧٩٧) کەس ، پێش گواستنەوەی قەزای زێبار بۆ مێرگەسۆر گوندی بلێ سەنتەری قەزای زێبار بوو ، لەبەرچەند هۆیەکی سیاسی گواسترایەوە مێرگەسۆر.  خانەوادەو کەسانی عەشیرەتی زێباری لەناوچەکانی نێوان باکووری شاری ئاکرێ تاکو باشووری ڕووباری زێی بادینان تادەگاتە گوندی بیرەکەپرا بەربەلآوون. ووشەی زێبار لەدوو برگە پێك هاتووە (زێ+بار) بەواتای لەهەردوو ڕەخ یان قام یان لەهەردوو لای ڕووباری زێی بادینان دەژین.لە سنووری قەزای  بەردەڕەش  لە گوندی دولێجانی گەورە ، دیناران .خرابە سعدوون ، هەزار جۆت ، قادسی کچکە ، لە گوندی دووسەرە ، دەربێستان کچکە هەندێ خێزان لە سەنتەری ناحیەی رۆڤیاو قەزای  بەردەڕەش  دادەنیشن . ([٢١٨])

**[٢]ـ سورچی:** مێژووناسان وا بۆی دەچن ، پەسندیان کردووە ، عەشیرەتی سورچی لە کوردستانی تورکیا لەدەشتی سروجێ هاتوونە لەگوندی کۆلەکان ناوی گوندێکی سەر بەناحیە گردەسێنە لەقەزای ئاکرێ ئاکنجی بوونە ، ناویان بوویتە سورچی ،  دەڵێن لە نزیك گردێك دەژیان بە ناوی زویر بویتە زوریچی ووشەکە سواوە لە کۆتایی بوویتە سورچی . یان دەڵێن لە

[٢١٨]ـ کریم میرخان خۆشانی زێباری سەرپەرشتیاری پەروەردەیی /ناحیەی رۆڤیا  .

ووشەی سوارچاکی هاتووە بوویتە سورچی ، هەیە دەلێت پشتاو پشت بۆ جێنشیتی (خلیفە)ی سێیەمی ئیسلام (عومەری کوڕی خەتاب ) دەگەرێنەوە ، سورچی دەبنە دووبەش سۆران و بادینان ، سورچی سۆران لە شەقلاوەو و هەریرو باتاس و دەشتی هەولێرو مەخموور دەژین ، سورچی بادینان لە ئاکرێ و بجیل وگردەسێن و رۆڤیاو بەردەڕەش دەژین ، ئاوی زێی بادینان لێکیان جودا دەکاتەوە ، سنووری جوگرافیای سورچی لە باکوور چیای پیرس وئاکرێ ، لە رۆژهەڵات سەیدەکان، رۆژئاوا رۆڤیاو بەردەۆەش ، باشوور هەولێرو مەخموور . برا گەورەیان ناوی شێخ حاجی بوو ، سەرەتا لەگوندی کۆلەکان ژیاون ، سەجەریان بەم شێوەیە:- هاتنی عەشیرەتی سورچی لەکوردستانی تورکیا بۆ دەڤەری ئاکرێ لەباشووری کوردستانی (٧)حەفت برا بوونە هەریەکە لەو شوێنانە دانیشتینەو ئێستا تێدا بەربلاوون ئەوانەن : ــ

١) مامە سام: لەحەریرو باتاس دادەنیشن. ٢) شێرۆ: شێروان مازن ئاکنجی بوونە.

٣) زرار: لەدەشتی بەرانەتی بەربلاوون. ٤) مامائۆمەڕ: لە ناوچەکانی سورچیان هەنە

٥) وەسف کاسکی: لەناو سورچیان بەلاوبوونەتەوە. ٦)مام سال: لەناو سورچیان هەنە

٧) پیربال: لەگوندەکانی بەردەسۆر ، چەمە ، کێلەشێخ بزن ، کیلە پسمیران کەبەکێلێو بێلێ ناودەبرێن. پیربال چوار برا بوونە. ١- سەرمردی ٢- برای دووەم لەناو شاری ئاکرێ ٣- میرزا: ٤- پیربال لەچەمەو بەردەسۆر کێلیو بێلی دادەنیشن. هۆزی سورچی لە قەزای بەردەڕەش لەو گوندانە داەدەنیشن ( چەمە ، بەردەسۆر ، بەردەزیو ، تۆبزاوە ژووری ، دەربێستان ، هەندی خێزان لە ناو سەنتەری ناحیەی رۆڤیاو قەزای بەردەڕەش ) هەنە . بەگشتی بەرەبابەکانی بادینان ئەوانەن : مامسالێ ، مام گرد ، مام ساکی ، مام بالێ ، مام لەس ، مامان ئۆمەڕ ، چاربۆتی ، تومەحەل ، پیربال ، علی خد ، سینا ، کەڵەدێر ، شێخ زادە ، شێخان .بەرەبابەکانی سۆران : ماڵەباس مامۆستام ، سوکاکی ، مکە ، دۆلەتێسوەی هەروەها بالەك ونەقەبی ورەوەندۆك و پیرەسنی سەر بە عەشیرەتی سورچینە ، سورچی سوننە مەزهەبن شافعینە ، تەریقەتی نەقشەبەندی پەیرەو دەکەن ، دەگەرێنەوە بۆ مەولانا خالیدی نەقشەبەندی ، شێخ ئەحمەد کوڕی شێخ بەدیع مەڕجەعی ئاینی سورچیان بوو ، ئێستا دایکە زەریفستان مەڕجەعی گشت عەشیرەتی سورچیانە .

**٣ـ هەرکی:** یەکێکەڵە بەناوبانگترین عەشیرەتە کۆچەرییەکانن ، هاوینان دەچوونە کوێستانی ئەرزەرۆم و وانێ تاکو دەڤەری هەکاری دەچوون ، لە دەراوی (پیرەسەر)پردێکی بە داریان دروست دەکرد لە ئاوی زێی گەورە دەپەرینەوە بەرەو کوێستان دەچوون ، لە وەرزی زستانان دەگەڕانەوە گەرمەسێن رۆژهەڵاتی موسل لە شوێنی پەنەبا دەمانەوە لە پەنجاکانی ناوەڕاستی سەدەی بیستەم ئاکنجی بوون ، عەشیرەتی هەرکی دەبنە سێ بەش :ـ بەشێکیان لە دەڤەری ئاکرێ دەژین

لە(گوندەکانی سەربەناحیەی گردەسێن) سەرۆکیان سەیدخان(سەیدۆ) بوو ، پاشان کوڕی برای محی الدین جانگیرئاغابوو ، ئێستا جەوهەر محێ ئاغا سەرۆکی هەرکیانە ، ئەوانەی لە رۆژئاوای زێی گەورە دەژین پێیان دەڵێن هەرکی بادینان. بەشی دووەم لە پارێزگای هەولێر دادەنیشن ، لە بەرێ سەرۆکیان فتاح ئاغا بوو ، لە دوای ئەو کورەکەی ئەسعەد فتاح بوو پێیان دەڵێن هەرکی سۆران ، بەشی سێیەم لە باژێری شنۆی رۆژهەڵاتی کوردستان دادەنیشن براگەورەیان جەمیل قادر ئاغایە لە گوندی هێشماوە ئاکنجینە ، ئێستا زۆربەی هەرەزۆری عەشیرەتی هەرکی لە گوندەکانیان جێنیش بوونە کاری کشتوکاڵی وبەخێوکردنی مەڕومالْت کاری جۆراو جۆر دەکەن گەنجەکانیان لەناو لەشکری هێزی کوردستان بوویتنە پێشمەرگە ، لەسەنتەری ناحیەی رۆڤیاو گوندی یەکماڵەی نوێ و گوندی خەندەك لە نزیك شارۆچکەی بەنێنان و لەسەنتەری قەزای بەردەڕەش دادەنیشن[219] تیرەو لقەکانی هەرکیان ئەوانەن: (حاجی ئاغا ، کانی سپی ، ماڵەتایێر، هابجۆری ، ناوی ، ماڵەشین ، ماڵەحید، مامحەمدی ، سمایلی ، ماڵەمەلا ، بێداوی ، ماڵەسوار ، هەسنی ، مام شێخە.. ).




**نەخشەی هۆز و عەشیرەتەکانی باشووری کوردستان**

---

219 ـ العشائر الکردیه فی العراق سەرچاوەی پێشوو لاپەرە( ٧٧)

# باسی چارەم

## کەسایەتیە ناودارەکانی دەڤەری گۆرانەتی

### أ ـ / مەلاو زانایەکانی  ئاینی :

#### ١ ــ مەلا یحیا مەلا عەلی محەمەد بۆتانی:

لە خانەوادەیەکی دیندار وکوردپەوەر و زانست خواز لە جزیرەی بۆتانی باکووری کوردستان بابە گەورەیان علی محەمەد فتك هاتوونەتە کوردستانی باشوور ، لە گوندی قادرییەی سەربە تاحیەی گوێر ئاکنجی ببوون ، هەر لەوێندەرێ کۆچی دوای کرد ، شەش منداڵی هەبوو (محەمەد و یحیی و ئەحمەد و عبدالله و ئامینەو فاتیمە). مەلا عەلی ساڵی ١٨٨٠ چاوی بە دونیا هەڵێنا کوڕە گەورەی مەلا یحیای بوو ، کەسێکی لێهاتوو وبەرکەفتی بوو لە ناو برایەکانی بەرچاو بوو.

مەلا یحیا لە دوای مردنی باوکی دەسپێکی ساڵی (١٩٠٠)بەرەو بادینان هاتبوو گوندی پونگینەی لە نزیك گوندی گردەپانی سەر بە قەزای بەردەڕەش ئاوەدانیکرد ، مەلا عەلی کوڕی گەورەی لە پونگینە لە دایك دەبێت ، لەو ساڵی دایکی دەمریت ، باردەکەن دەچیتە لای خوشکی لە ماجیداوە ، ساڵی١٩١٤بۆ خوێندن دەچیتە لای مەلا عبدالفتاح لە گوندی خەتێ ، ساڵی ١٩١٥ دەگەڕێتەوە گوندی عەوێنە لەوێ مۆلەتی مەلایەتی وەرگرت و ناودەنگی دەرگردبوو ، لە مەلایەتی و ژنی دووەمی هێنابوو .

لە ساڵی ١٩٢٠شێخی تەریقەتی نەقشەبەندی مستەفا نەقشەبەندی داوای لێکرد بە مەلایەتی بچیتە گوندی بشیریان سەر بە ناحیەی کەڵەك بە ناونیشانی ووتار خوێن وپێش نوێژ ، ساڵی ١٩٢٧ حەجی کردبوو ، ساڵی ١٩٣٤لەبەر دووبەرەکی ناوگوندی بشیریان گوندی بەجێهێشت و گەڕایەوە گوندی ماجیداوە ، لە ساڵی ١٩٥٤ ڕاپەڕینی جۆتیارانی دەشتی هەولێر دژی ئاغا و دەرەبەگ بەرپابوو ، ناچار بوو ماجیداوە جێبهێلێت بەرەو لای کوڕە گەورەکەی (مەلا عەلی) ووتار خوێن و پێش نوێژی گوندی گردەپان بەرێدەکەوێت ، مەلا عەلی سێ کوڕی هەیە (دکتۆر عبدالفتاح و مامۆستا عبدالغنی و مامۆستا عادل ) ، مەلا یحیا لای کۆڕە گەورەکەی (مەلا عەلی ) لە گوندی گردەپانی مایەوە ، هەر لەوێندەرێ کوچی دووایی کرد ، لە قەبرستانی گوندی گردەپانی بە خاك سپاردرا ..

## ٢ ـ مەلا حەسەن گربدەو:

**(( مەلاحەسن کوڕی مەلا موحەممەد حەنەش بۆتانی ))**

مەلا حسن کوڕی مەلا (محەمەد حسن) ناسراو بە مەلا (محەمەد حەنەش) لە ساڵی (١٨٨١) لە گوندی (کانی هورچ) لە دایك بووە کە دەکەوێتە دەڤەری بۆتانی گۆرانەتی لە نێوان ڕووباری خازر و زێی گەورە . لە ســـاڵی (١٨٨٢) گوندی (کانی هورچ) بەجێ دەهێڵێت و لە گوندی زەنگەنان نیشـــتەجێ دەبن ، باوکی دەبێتە پێش نوێژ و وتار خوێنی گوندی زەنگەنان . هەروەها مامۆســـتا (مەلا محەمەد حەنەش) حوجرەیەکی فەقێیان دادەمەزرێنێت و زۆربەی گەنج و منداڵانی گوند پەیوەندی بەم حوجرەیە دەکەن دەبن بە فەقێ بە مەبەســتی فێربوون و سیپارەو ئادابەکانی ئیسلام خوێندنی قورئانی پیرۆز لەحوجرەی دەخوێنن .

(مەلا حســـن) و قادر ئاغا یەکێك بوون لەو فەقێیانە لەگەڵ یەکدی هاوتەمەن بوون پێکەوە لەگەڵ مەلا حەسەنی لای مەلا محمەدی باوکی دیانخوێند ، مەلا حەسەن لە تەمەنێکی بچـووك پەیوەندی بەم حوجرەیەوە دەکات و دەبێتە فەقێ لە ژێر دەسـتی باوکی تاکو قورئانی پیرۆز خەتم دەکات وە لە دوایدا کتابی (فتح القريب و أصـــول و الجۆرجانيه) تەواو دەکات ، باوکی گرنگیەکی زۆری پێ دەدات . بۆیە ڕێگای پێ دەدات لەگەڵ چـــەند هاوڕێیەکی بەرەو ئێران بۆ کوردستانی ڕۆژهەڵات بەڕێ بکەون بۆ ناوچەی (پەسوە) بۆ حوجرەکەی مامۆستا مەلا (خالیدی ئەمین زادە) وە لە لای موستەعیدێك بە ناوی (ملا طاهری جوانرۆیی) ماوەی زیاتر لە ساڵێك دەمێنێتەوە کتێبی (أنموذج والاظهار الكافية و تصريف ملا على الاثنوى) لە زانستی (نحو و صرف) دەخوێنێت ، پاشان دەچێتە شاری (سنه) لە خزمەت مامۆستا مەلا (محەمەدی سـنەیی) ماوەی دوو سـاڵ دەمێنێتەوە تاکو دەگاتە کتابی (جمع الجوامع ڤ الاصـول) دواتر هەر لە ئێران لەسەر دەستی مامۆستا (مەلا حەسەنی شیرازی ) لە ساڵی (١٩٠١) ئیجازەی عیلمی وەردەگرێت دەگەڕێتەوە بۆ کوردستانی باشور .

لە ساڵی (١٩٠٢) باوکی مامۆستا ( مەلا محەمەد حەنەش) کۆچی دوایی دەکات وە دایکیشی لە دوای ئەو بە ماوەیەکی کەم کۆچی دوایی دەکات ، هەر خۆی دەبێتە پێش نوێژ و وتارخوێنی گوندو درێژە بە ڕێبازی باوکی دەدات .

لە ساڵی (١٩٠٧) هاوسەرگیری لەگەڵ خاتوو (زولیخە) دەکات .

مامۆستا مەلا حسن دەستێکی باڵای لە دانانی شیعر هەبوو بە تایبەتی شیعری (زوهد و تەصـوف) وە بۆ نمونە ئەم چـەند دێرە شـیعرەی وتووە لە بواری زوهدا کە بەدەسـت نووسـی خۆی تۆماری کردووە ئەم پارچە هۆنراوەیە بۆ ساڵی ١٩٣١ دەگەڕێتەوە نووسیەتی دەڵێت : .

هـــەر لـەبەر چـاوە دائـماً خـەوفـی صراط الـمـستقـيم
فـيكرم بۆ ئەوەی لـێ خەلاصـە يان صقـوط ڤ الحمـيـم
خۆم ئەبينم بە عەمەلی کەم و ذنوبيش يەکجار جەسيم
چاومان لە تۆيە ئەی واحد الاحـــد و رب العـرش الكريم

هەروەها مامۆستا شارەزايی لە چوار زمان هەبوو زمانی (کوردی - عربی - تورکی - فارسی) وە هەروەها هەڵساوە بە دانان و شیکردنەوەی چەند پەرتوکێك کە بە دەست نووسی خۆی بووە وە هەروەها خۆشنووسیش بووە لەم پەرتوکانەش کە شیکارکردنەوەی لەسەر کردووە کیتابی (دلائل الخيرات - و جمع أقول إبراهيم الخواص). لەو ماوەی کە باوکی کۆچی دوایی دەکات و دەبێتە پێش نوێژ و وتار خوێنی گوندی زەنگەنان حۆجرەی فەقێیانی هەبوو ، کێشەیێك لە نێوان خێزانی ئاغایگوند ئامۆزاکانی دروست دەبێت ، داوا لە مامۆستا مەلا حسن دەکەن (صولحێك) لە نێوانیان بکات ئەویش دەڕوات بۆ چارەسەرکردنی کێشەی نێوانیان ، ئەم داواکارییە لە لایان ئامۆزاکانی ماڵی ئاغایگوند بوو ، بەڵام ئاغاکان صولحەکە قەبوول ناکەن ئەویش زۆر غەمبار دەبێت و بڕیار دەدات گوند جێ بهێڵێت و بەرەو شوێنێکی تر بڕوات بۆیە لایەنەکەی تر ئەوانیش دەڵێن تۆ لەسەر ئێمە دەتەوێ بڕۆیت ئێمەش لەگەڵت دەبین تا مردن ئینجا مەلا و چەند خێزانێك کە پەیمانیان پێ دا لەگەڵی دادەبن ، گوند جێ دەهێڵن لە گوندی (گولە کەتەر) نیشتەجێ دەبن ئەم شوێنەش ئاوەدانی لێ نەبوو بۆیە یەکەم کەسن کە دەست بە ئاوەدانی گوندەکە دەکەن .

لە ساڵی (١٩٠٨) باران بارین کەم دەبێت و گرانی دەست پێدەکات لە دووایدا بەفرێك دەبارێت کە ڕەنگی سۆر بوو ، بۆیە وەك لە مێژوو باسی دەکرێت کە پێی دەگوترێت ساڵی بەفری سۆر . خەڵك لەو سەردەمە لە ژیانێکی زۆر سەخت دەژیان ساڵی گرانی بوو خۆراك زۆر کەم بوو . بۆیە ئەو کەسانەی کە لەگەڵ مەلا حەسەن دا بوون شوێنەکە جێ دەهێڵن دووبارە دەگەڕێنەوە بۆ گوندی (زەنگەنان) کە سەرەڕای ئەوەش پەیمانیان دا بوو کە مەلا حسن جێ نەهێڵن ، بەڵام پەیمانەکەیان هەڵوەشاندەوە مەلا حسن بە تەنیا خۆی و خێزانی لەم شوێنە دەمێنێتەوە . بۆیە ناچار دەبێت ئەویش گولەکەتەر جێ دەهێڵێت و بەرەو گوندی (حەسەنی) بەڕێ دەکەوێت و لەوێ نیشتەجێ دەبێت ، هەر لەوێش دەبێتە پێش نوێژ و ووتار خوێنی گوندی (حەسەنی) خەڵکی ئەم گوندەش زۆر ڕێز و خۆشەویستی مەلا (حسن) یان لا هەبوو بە ماوەیێکی کەم ناوبانگی لە ناوچەکەدا دەرکرد خەڵکێکی زۆر ڕویان تێ دەکرد دەربارەی پرسیاری شەرعی سوود وەرگرتن لە زانیاری شەرعی .جارێکیان شاندێك سەردانی دەکەن کە پرسیارێکی زۆر ئاڵۆزیان دەربارەی میراتەوە پێ دەبێت ، کەس وەڵامی ڕاستەقینەی پێ نەبووە

؛مەلا عبدالرحمان ئەفەندی ئەو شاندەی رەوانەی لای مەلا حسن کردبوو کردبوو ، بۆیە ئەم شـــاندە لە دوای گەڕان لە زانایان ، ناوبانگی مەلا حەســـەنیان دەســـت دەکەوێ کە زانایێکی لێهاتووو هەر بەم مەبەستە سەردانی دەکەن ، ئەم شاندەش لە لایان والی موسل لە سەردەمی (سولتان محەمەدی پێنجەم) نێردرابوون ، کاتی گەیشتنە لای مامۆستا (مەلا حسن) داوایان لێ کرد کەوا مەسەلەییێکی شەرعی لەسەر میرات هەیە ئەگەر وەلامی دروست هەبێ ، ئەویش لە دوای خوێندنەوەی مەسەلە شەرعیەکە کە مەسەلەیەکی زۆر سەخت و ئالۆز بوو پێیان دەڵێ : ئەگەر دەرفەتم پێ بدەن بۆ ماوەی ســێ ڕۆژ بۆتان چــارەســەر دەکەم . ئەوانیش ڕازی دەبن و چـاوەڕوان دەکەن ، لە دوای ئەم ماوەیە وەلامی ڕاســتەقینە دەدەدۆزێتەوە و شـاندەکەش زۆر دڵخۆش دەبن لەبەر ئەوەی زۆر پرسیاریان کردبوو هیچ زاتێك وەلامی ڕاستەقینەی پێ نەبووە تەنها لە لای ئەو زانایە نەبێت ، شــــاندەکە بە وەلامی ڕاســــتەقینە دەگەرێنەوە بۆ لای (والی موســل) وولامەکە بۆ (ســولتان ) رەوانە دەکەن ئەویش زۆر ســەرســام دەبێت دەپرســێت ، ئەم زانایە کێیە ؟ ئەوانیش زانیاری تەواویان لا دەبێت بۆی باس دەکەن بۆیە شــاندەکە داوا دەکەن کە ببێت بە موفتی ناوچەکە سوڵتانیش ڕازی دەبێت بەم داواکاریە ئەویش ئەم داواکاریەی ڕەت دەکاتەوە و نابێت بە موفتی ناوچەی(عشائیر السبعه) لە دەڤەوی گۆرانەتی کە لە لایان سوڵتانی تورکەکان دادەنرێت ، پاشـــان داوا لە مەلا عەبدلرەحیمی باوکی مەلا محەمەدی گوندی دارەتووە دەکرێت ببێت بە مفتی دەڤەری گۆرانەتی .

لە دوای کۆتایی هێنانی جەنگی جیهانی یەکەم لە ســالی (١٩١٨) دەســـەلات لە دەســـت تورکەکان لە ناوچـەکە دا نامێنێت وە ئینگلیزەکان دەست بەسەر هەموو عێراق و دەڤەرەکە دا دەگرن و داگیری دەکەن ، هەروەها عێراق دابەش دەکرێت بۆ ســێ بەش یان بۆ ســێ ویلایەت بە ناوی (ویلایەتی موسڵ و ویلایەتی بەغدا و ویلایەتی بەسره) سەرجەم شار و شارۆچکەکانی کوردســتان دەکەوێتە ســەر ویلایەتی ( موســڵ) کە زۆربەی دانیشــتوانی ئەم ویلایەتە کورد و ئاشـوری و کلدان و عەرەب بوون لە گەڵ چـەندین کەمینەی تر . لە ناوچـەی شـێخان زۆربەی دانیشــتوانی کریســتیان بوون . وا بە دیار دەکەوێت کە لە ســەردەمی تورکەکان ئەوان پەراوێز کرابوون بۆیە زۆر داغ لە دڵ بوون لە کوردەکان بە دەرفەتێکی زۆر گەورەیان دەزانی بە تۆڵە سـەندنەوە (تصـفیە) کردنی ئەو کەسـانەی کە بالا دەسـت بوون لە لایان تورکەکان بە تایبەتی پیاوە ئاینیەکان ئاین زاناکان ، (ئاغا بوترس) ســەر لەشــکری کەمپی کانیلان بوو بە پاڵپشــتی ئینگلیزەکان هێزێکی چەکداری بە ناوی (هێزی لیڤین) ئەو (میلیشیا) چەکدارانە کە پێکهاتبوو لە (١٠) هەزار سوارچاك کە بە چەك و تەقەمەنی پاڵپشتیان لە لایان ئینگلیزەوە لێدەکرا.

لە سەرەتاوە هەڵسان بە گرتن و کوشتنی سەدان کەس بە بیانوّی ئەوەی کە ئەمانە دەسەلات

داربوون لە لایان تورکەکان یان پاڵپشـــتی حوکمەتی تورکەکانیان دەکرد . بە تایبەت زانایانی ئاینی ئەوانەی کە باڵا دەست بوون لە لایان تورکەکان ئەنگلیز ئەوانی لە ناودەبرت ، بۆیە مەلا (حەســــەنیش) بەدەر نەبوو لەم بڕیارە لە داواکراوەکان بوو کە لە لایان (ئاغا بترس) بڕیار درابوو بە دەست بەسەرکردن و کوشتنی ، بەڵام خۆشبەختانە لە لایان (قەشە) ی گوندی مەلا بڕوان کە زۆر هاوڕێی مەلا دەبێت بە نهێنی خۆی دەگەیەنێتە (مەلا حســــن) و ئەم هەواڵەی پێڕادەگەێنێت پێی دەڵێت خۆت قورتاربکە هەر ئێســـتا ناوچــــەکە جێ بهێڵە . ئەویش زۆر ســــوپاســـی دەکات و هەر بەو کاتە کە درەنگانی شــــەو دەبێت ، خۆی و خێزانەکەی کە یەك منداڵیان هەبوو ئەویش (مەلا محی الدین) بوو تەمەنی لە یەك ســاڵ کەمتر بوو ، شــوێنەکە جێ دەهێڵن و بەرەو گوندی (گربدەو) بەڕێ دەکەون تاکو گەیشـــتە ئەو گوندە ، لەوێ نیشـــتەجێ دەبن ، دەبێتە پێش نوێژ و وتار خوێنی گوند دوو کوڕ و دوو کچـــی دەبێت بە ناوی (محی الدین - عبدالله - فاتیمە - روقیە) (محی الدین و روقیە و عبدالله) دەبن بە فەقێ لە ژێر دەســـتی باوکیان وە هەروەها کە بۆ جاری یەکەم کۆمەڵە کچـــێك دەبن بە فەقێ لەم حوجرەیە تاکو ساڵی (١٩٤٢) کۆچی دوای دەکات هەر لەسەر وەسیەتی خۆی لە گۆڕستانی گوندی زەنگەنان بە خاك دەســـپێردرێت هەزاران ســـڵاو لە گیانی پاکی ئەو زانایە مەزنە کە سەرجەم ژیانی خۆی بەخت کرد بۆ خزمەتی ئاینی پیرۆزی ئیسلام .

پارچە هۆنراوەیەکی تر بە ناونیشانی :

(خورشیدی عومر)


وا ئـــــاوا بوو هێدی هێدی عــومری قـــــەسیرم
شەرمـــــەزارو روسیاهـــــم یا ئیلاهـــــە العالمین
بەندەیێ موقـــــــەسیرم لە حوزوری زاتـــی پاکت
نزا دەکەم عەفووم بکەی تۆی رحمن و هەم رەحیم
ببارێنە فەیزیرەحمت بـە سەر خۆم ئال و بەیتم
لە گەڵ جــەمعی موسلمانان یارب العرش العزیم
قەبولبکە لێم صەلاوات دەرجە ماڵی خۆشەویستت
شــەفیعی ڕۆژی مـــــەحشەڕ فریادەرسیموزنبین

مەلا حسن ساڵی ١٩٤١

. بۆیە وەکو وەفاییێك(عمید عصمەت) بۆ باپیری خۆی هەڵسا بە دانانی ئەم پارچە هۆنراوەیە بە ناوی ((زوهدی زاهید)) .

ئـــەی زوهـــدی زاهـــیـــــدی زەمـــانــــــی جـــاران
ئـەی عـاشـقـی رەسـول و تـاعـەت و دیـن و ئـیـمـان
ئـەی خـاوەن هـیـجـرەت و سـونـەتـی پـێـغـەمـبـەران
بـەرقەراری تـۆ بـوون سـوڵتـان و دەزگـا و حـاکیمـان
خـــاوەن فەتوای ڕاســت و دروست و زۆر بە ئیحسان
بەردەوام بووی لـە ترسی خوا و دۆزەخی ئاخر زەمان
ترسی قـیامـــەت بـۆ تـۆ دەردێـك بـوو بـێ دەرمـــان
تـەنـهـا چـارەشـی ئـــەو بـوو هەر فرمـێسك بـاران
رەحـمـەتـی خـوات لێ بـێـت ئـــەی زوهـدی زەمـــان
گـۆڕت پـڕ نـوور بـێـت و ڕەحمەتیش لــــە گیان ( ٢٢٠)

## ٣ ـ مەلا محی الدین گربدەو



محەمەد عەلی کوڕی مەلا حەســەن کوڕی مەلا محەمەد حســــن (محەمەد حەنەش) بۆتانی ، له ســاڵی ١٩١٨ له گوندی حەســەنی ســـەر بە قەزای بەردەڕەش له دایك بووە ، له ســـاڵی ١٩٢٠ له گەڵ باوکی مەلا حەسەن لە گوندی گربدەو ئاکنجی دەبن ، مەلا محی الدین ساڵی (١٩٢٣)لە تەمەنی ٧هەفت ســـاڵی لە حوجرەی فەقێیان لای باوکی دەســـت بە خوێندن دەکات ..لە کویســـنجق و شـــاری هەولێر لە حوجرەی موفتی درێژە بە خوێندنی زانســتە ئیســلامییەکان دەدات ، لەســاڵی ١٩٤٠ لەســەر دەســتی مەلا عبدالله بیتواتەیی (مەلا عبدالله هەرتەلی) مۆڵەتی مەلایەتی دووازدە عیلمی ئیســلامی پێدەدرێت بە سەرکەوتوویی ئاستێکی بەرز ، لە دوای مردنی باوکی لە ساڵی (١٩٤٢) مەلا محی الدین وەکو باوکی بە خۆبەخش دەبێتە پێش نوێژو ووتار خوێنی گوندی گربدەو ، ماموســـتا مەلا محی الدین خۆشـــەویســـتی و رێزێکی تایبەتی لە ناو دڵی خەڵکی گوندو دەڤەری گۆرانەتی هەبوو ، دەربارەی پەســــیارکردنی فقە ئیســـلام و دابەشـــکردنی میرات بابەتی تر خەڵکێکی زۆر لە

٢٢٠ ـ لە بەرێز .عمید (عصمت ملا محی الدین )لە کولیژی شورتەی هەولێر،لە کتێبی(دیوانی خەمی خەونەکان )تۆمارکرایە ، بە سوپاسەوە بۆ می رەوانە کرد

گوندەکان روویان  تێدەکرد بە پێی شـەریعەت وولامی دەدانەوە ، مەلایەکانی تر دەهاتنە لای بۆ گۆڕینەوەی زانیاری دەربارەی ئاینی ئیسـلام ، ماموسـتا مەلا محی الدین پەیوەندییەکی باشـی لەگەڵ کەسـایەتیە ئایینیە ناودارەکانی کوردسـتان هەبوو وەکو: مامۆسـتا عبدالکریم مدرس و مسـتەفا زەلی و شـێخ مسـتەفای نەقشـەبەندی وتەصـەوف کاری لێکردبوو ، دکتور محسـن عبدالحمید ومەلا شـەریفی بشـیریان و مامۆسـتا مەلا جەوهەر ئۆرمزیارو مەلا سـعید دیاناو مەلا ئەحمەدی گەورەی ئاکرێ و شێخ ئەحمەد سور چی گەویلان و .....هیتر . چڵ ساڵی تەواو بە خۆبەش پێش نوێژو ووتار خوێنی گوندی گربدەو بوو بە کاری جۆتیاری نانی دەستی خۆی دەخوارد ، چـاوی لە هاوکاری دەسـتی کەس نەبوو ، رۆژەکی هەینی (دکتۆر محەمەد شـریف ) بریکاری وەزیری ئەوقاف دەبیتە مێوانی لە خوتبەی ئامادە دەبێت ، بە ووتارەکەی سـەرسـام دەبێت کاریگەریتێدەکات دەگەرێنەوە ماڵ بە مەلا دەڵێت : مۆلەتی عیلمیت هەیە و وابزانم لە ئەوقاف موچەت نیە ، مەلا دەڵێت کاری من تەنها لە پێناو رەزا بوونی خوای گەورە یە ، دکتۆری ناوبراو لە ئەوقاف مووچەیەکی مانگانەی بۆی برِیەوە ماموستا مەلا محی الدین رەتی کردەوە ، سـاڵی ۱۹۵۸ وەکو سـەرۆکی لێژنەی ناودارانی دەڤەری گۆرانەتی دەسـتنیشـان کرا چـوونە بەغدا بۆ پێشـوازی کردن لە مەلا مسـتەفا بارزانی کاتی لە رۆسـیا گەرِایەوە عیراق مەلا محی الدین سەرۆك وەفد بوو .

مانگ رەمەزان بوو رۆژانە دوای نوێژی عەسر ووتاری هەبوو خەڵکی گوێبیستی ووتاری دەبوون ، دووایین ووتاری لە (۱۱) رەمەزان بوو رێکەوتی ۲۱ /٦/ ۱۹۸۳باسی مردن و عەزابی قەبری دەکرد و دەیگۆت : "مردن کات و ساتی دیاریکراوی نیە ، پێویستە هەردەم خۆمانی بۆ حازربکەین نەڵێ هێشتا زووە گەنجم و لەش ساغم ، نەخێر مردن لە هەموو شتێك نزیکترە ، دوور مەگرن ئێستا من ساغم لە ناو ئێوەمە بۆی هەیە بەیانی وەکو ئەم کاتە لە ژێرخاك بم " . لە هەمان رۆژ دوای نوێژی تەراویح تەواو بوو ماڵئاوایی یەکجارەکی کرد ، بۆ ووتاری نوێژی عەسر خەڵکی لە ناو مزگەفتێ لە تازیەی ماموستا مەلا محی الدین دانیشتبوون ، لە دوای ئەو کورِی گەورەی ( مەلا ئیسماعیل محەمەد علی ) بەرێوەبەری قوتابخانەی گربدەو لە شوێنی باوکی بوو پێش نوێژو ووتارخوێنی مزگەفتی گوندی گربدەو تاکو ساڵی ۲۰۱۹ هاتنە سەنتەری قەزای بەردەرِەش ، نزیکەی ۱۰۰ساڵی رەبەق ئەو بەرەبابە بە مەلایەتی لە گوندی گربدەوی کەون خزمەتی قەتابخانەو مزگەفتی گوندیان کردبوو (221)

---


۲۲۱ ــــ عصمت محەمەد علی /عمیدیپۆلیس لە کۆلیژی پۆلیسی هەولێر ژیاننامەی باب و باپیری بە سوپاسەوە رەوانەی کرد .

### ٤ـ مەلا عبدالرحیم مەلا صالح:

مەلا عبدالرحیم کوڕی حاجی مەلا صالح کوڕی مەلا شێخ محەمەد کوڕی شێخ ملا شێخ عبدالرحیم مودرس کوڕی شێخ عبدالرحمن مدرس ئەلزیاری لە رێکەوتی ٥ / ٧ / ١٨٥٨ لە دایك بووە ، دوای تەواوکردنی خوێندنی زانستە ئیسلامییەکان لە حوجرەی فەقێیان لە لای مەلا بەناوبانگەکانی کوردستان دەخوێنی ، دەبێتە مەلا لە گوندی دارەتوو ئەو سەردەمی سەر بە ناحیەی بەردەڕەش بوو ، مەلایەکی بەناوبانگی گوندی دارەتوو دەڤەری گۆرانەتی بوو ، خوا ناس و دادپەروەر بوو ، پەیوەندی زۆر باشبوولە گەڵ تێکڕای خەڵکی گوندو گوندەکانی دەورۆبەری رێزێکی بێپایانی هەبوولە ناوخەڵك ، لە سەردەمی دەسەڵات عەسمانلی لەبەر ئەوەی مەلایەکی حەق و رەق دووازدە عیلم بوو لە سەرەتای ساڵانی سەدەی بیستەم لە لایەن عوسمانلیەکان وەکو قازی(مفتی) لە دەڤەری گۆرانەتی هاتبوو دەسنیشانکردن .

دوای مردنی مەلا عبدالرحیم کوڕەکەی مەلا محەمەد دووساڵان بە مەلایەتی لە گوندی دارەتوو دەمینێتەوە ، لە ڕۆژی ١٧ / ٧ / ١٩٤٨ مەلا عبدالرحیم کۆچی دووایی کردووە ، لە قەبرستانی دارەتوو لە نزیك مزگەفتی کەون بە خاك سپاردراوە ، لە دەسپێکی ساڵی شێستەکان کێشەی کۆمەلایەتی لە نێوان کرمانج و ئاغای گوندی دارەتوو دروست ببوو ، لە بەر ناکۆکی دووبەرەکی ، خانەوادەی مەلا عبدالرحیم گوندی دارەتوویان بەجێهێشت چووبوونە گوندی چەمە دوبز لە قەزای خەبات ، خانەوادەیەکی مەلا زادەنە مەلا ئیسماعیل هەتا ئێستا پەیوەندییەکی باشی لە گەڵ تێکڕای خەڵکی دارەتوو هەیە هاتووچۆو بەردەوامە..( ٢٢٢)

### ٥ـ خەلیفە عەلی گۆران :



ناوی تەواوی خەلیفە عەلی کوڕی مەلا مستەفا کوڕی مەلا میرزا کوڕی مەلا ئەحمەد کوڕی مەلا تەها کوڕی مەلا ئیلیاس کوڕی مەلا یاسین لەعەشیرەتی گۆرانەو تیرەی (گێژ)و لقی باپیری. لەدایك بوونی ساڵی (١٨٣٧) زایینیو ، زیاتر یان کەمتر بووەو ، وەفاتیشی ساڵی (١٩٢٢ ) زایینی بووە . لەدێی ئیسماوە کۆچی دوایی کردووە ، لە بریفکان بەخاك سپێردرا. خوێندنی بە"نحو وصرف وفقهی شافعی وزانستی فەرمووده (حدیس)" دەست پێکردووە و زۆر تا مەزرۆی کتێبی (تنبیه الغافلین) ، خەلیفە عەلی لەگەڵ برادەرێکی خۆی لەلای ئیمامی گوندی ئامیان خوێندویانە ، خەلیفە عەلی ئەو مامۆستایەی بەجێ هێشتو ڕۆیشت بۆ بریفکانو لەوێ لای شێخ نوری خوێندی ، لەکاتێکا

---

٢٢٢ ـ زانیاری لە بەرێز مەلا شوکور دارەتوو وەرگیرایە .

کەئەو لەوێ خەریکی خوێندن بوو (مەلا مستەفا)ی باوکی چووەبەر دلۆڤانی خودێ. بە پێ ڕۆشتووە بۆ ئەم گوندانە:

١-لەگوندی (پیربوب) دەرسی وتووەتەوەو پێش نوێژی بۆ خەڵکەکەی کردووە

٢- دواتر ڕۆیشت بۆ گوندی (قەرەناز) و لەوێ بوو بەوتار خوێن‌و پێش نوێژ ، دوایی گەڕایەتەوە بۆگوندی ئامیان.دەرسی گۆتیتەوە لەئامیان ولەوێ ئیمامەتی خەڵکەکەی کرد وپاشان گوازرایتەوە بۆ گوندی (ئیسماوا) .

٣- لەدێی (ئیســـماوا)ش خەریك بوو بەدەرس گوتنەوەو ئیمامەتی بۆ خەڵکەکەی کردووە. مامۆستا خەلیفە عەلی زەکاتی لەکەس وەرنەدەگرت ، بەڵکو خەریك بوو بەکشتوکاڵەوە ، زەوی دەچـــانـد ئـاژەڵی ڕادەگرت بۆ ئـەوەی کـاڕووبـاری دونیـای خۆی پێ بـەڕێوەببـا ، مرۆڤێکی لەسـەرخۆو خاوەن ڕێز بوو ، باڵا بەرزو چـوارشـانەو روخسـارجوان بوو ، خاوەن کەسـایەتییێکی نایاب بوو هەروەها ماڵەکەی پەناگایەکی ئەمین بوو بۆهەرکەســـێ پەنای بۆ ببردایە تەنانەت ئەگەر تاوانباریش بووایە.

**لەکەرامەتی:** کۆمەڵێکی باش لەکەسـانی باوەڕ پێ کراوو پیاو چـاك لەوان (حاجی عەزیز ئەحمەد) موختاری دێی (کانیلان) و (حاجی رەمەزان)ی خەڵکی گوندی (قەیماوە) ، هەروەها (ســـەلیم عەدۆ) ی خەڵکی گەرمك و زۆری تریش بۆیان گەڕاندوومەتەوە: کەســـانێکی زۆر لەخەڵکی گوندی قەیماوە ودووبەردان‌و سێکانی بەرەو دێی ئیسماوە دەڕۆیشتن بە نیازی مێوانی بوون لای خەلیفە عەلی ، کاتێ گەیشـــتنە ناوچـــەی (ژن مردی) شـــوێنێکە دەکەوێتە باکووری کـانیلانـەوە یـەکێکیـان کـەپێی دەوترا ((عـەدۆ) ونـاســـراوبوو بـە دەوڵـەمـەنـدی‌و دەســـت درێژی‌و مەڕدایەتی‌و ئازایەتی وتی: ئەگەر خەلیفە عەلی بەڕاســـتی خەلیفە عەلی بێت - مەبەسـتی لەوەبوو ئەگەر بەڕاسـتی ئەوەندە تەقواو چـاك بێت- با نان‌و دۆشـاومان بداتـــــێ بەردەوام بوون لەسـەر ڕۆشـتنیان تاگەیشـتنە ئیسـماواو بوون بەمیوانی خەلیفە عەلی ، ئەویش داوای لەماڵەوەیان کرد نان‌و دۆشاویان پێشکەش بکەن ، کوڕەکەیشی (محەمەد سەلیم) وتی (چ دەکەی ؟ بەم کارە هەتکمان دەکەی). باوکیشـی وەڵامی دایەوە ، ئەوە ئیشـی تۆنییە- بڕۆ چـیم پێ گوتی وابکە. دوای دانانی نان‌و دۆشـــاوەکە خەلیفە عەلی ڕووی‌لە (عەدۆ) کردو پێی گووت: (ئەوەندە بخۆ هەتا تێردەبی چونکە خواردنێکی زۆربەتامە ، جارێکی تریش قسەی وانەکەی).

**شـــیعرەکانی :** مەلا بەهائەددین عبدولوغیس دەڵێت : دەگێڕتەوە شـــیعرێکی زۆری نووسـیبوو دەگێڕنەوە چـوار هەزار بەیت شـیعری نووسـیوە ، باوکم عبدولوغیس بەخۆی ئەم قســـەیەی لەمەلا قاســـم (کەڵەتیرەی گێژە) ئیمامی گوندی جوجەری گەورەی گوێ لێ بووە ، هەندێك شـیعری بەزمانی فارسـی نووسـیوە ، چـەند دانەیەکی کەمیشـی بەعەرەبی نووسـیوە

زۆربەی شـیعرەکانی بەزمانی کوردییەو (تخمیسـات)ی لەسـەر شـیعرەکانی (شـێخ رەزا) هەیە هەروەها لەسـەر(دیوانی یوسـف زلیخا). خەلیفە عەلی هەمووشـیعرەکانی خۆی بەدەسـتنووسـی خۆی لەدەفتەردا دەنووسـییەوەو هەموو شـیعرەکانی نووسـرابوونەوە بەڵام (محەمەد سـەلیم)ی کوڕی بایەخی بەشـیعر نەدەدا وهەموو بایەخێکی خۆی تەرخان کردبوو بۆ تەقواو دەرون پاك کردنەوە ، هەر بەهەمان شێوە نەوەکەیشی (عبدالمغیپ) ئیمام و وتار خوێنی کانیلانی ئێستاکە ، کە بووە هۆی فەوتانی بەشـی هەرەزۆری شـیعرەکانی ئەگەر نەڵێین هەمووی بەڵام سـەرەڕای ئەوەش باوکم (٤-یان ٥) نوسـخەی لەدەفتەری شـیعرەکانی لەتەکیەی باپیرم لەدوبەردان بینیبوو. بەڵام بەداخەوە ئەوەی گەیشـتە دەسـتمان لەم شـیعرانە لەچـەند دێڕێکی پچـڕ پچـڕ زیاتر نییە ، لەشـیعرێکدا باسـی ئاوو هەوای ناوکوڕی ناخۆش ئەکات کەبە بچووکاتی لەهەندێ پیرەمێرد گوێمان لێ دەبوو بەڵام کەمو کورت و ناڕێکە ، لەیەکێکی تریشـدا باسـی گرانیە توندەکە ئەکات کە ساڵی (١٣١٤) کۆچی ناوچەکەی گرتەوە.

**هەواڵێکی سەیر ودەنگ وباسێکی نامۆ :** لەڕووداوەکانی زۆر سەیر لەژیانی ئەم زانایە باوکەکەیی (مەلا مستەفا) وەی نەکرد کوڕەکەی خەلیفە عەلی خۆی فێرە نووسین بکات هەتا گەورە بوو لەبەر ئەوە نەکو پیاوێك زالم بەخورتی تشتێکی خراپو ناڕەوا پێی بداتە نووسین بەڵام کەبووە مەلای گوندی پیربیب لەدوای مردنی باوکی ناچار بوو خۆی فێرە نووسین بکات.

چەند نمونەیەك لەشیعرەکانی: پارچە شیعرێك لەشیعرەکانی لەسەرەتای شیعرەکە مێژووی ئەم ڕووداوە گرنگە دیار دەکات کە لەساڵی ١٣١٤ك بووە. لەپاش ئەوە هۆی هاتنی ئەو گرانی یە بەسەر خەڵکدا دیار دەکات کە گوناهە ، چونکە خۆی پیاوێکی ئایینی بووە بەگوێرەی ئایینی ئیسلامی پیرۆز تەماشای ڕووداوەکانی چەرخی خۆی دەکرد. پاشان باسی خەڵکی دەمی خۆی کردیـیە کە زۆر رشت بوونە لەسەر بەرژەوەندی دنیا ، تەنها چەندێك لەپیاوە چاکەکان نەبێت.ئەوەش پارچە شعرێکە :

| | | |
|---|---|---|
| ئیلا بەعزەك من الناس | عالمو پیرو خەوواس | بەدل شیخن خوداناس |
| خودا دەناسن زەریف | قەلبیان تاهیرەو نەزیف | ناوێن دونیاو زیرو زیف |
| ناوێن دونیاو ماڵو ژن | هەتا لیباسو خواردن | هەمیان دوژمنە لەکن |
| چەندەك لەعەرەبستان | صاحب زوڵمو بێ ئەمان | کاریان غەزوەیەو تاڵان |
| چەندەکی دی بەد خساڵ | عەللافو سیوکی بەقال | فعلیان پیستر لەدجال |
| هەرچەند کردم بەحسی وان | بەدتر نەدیتم لەوان | غەیری ئیسماواو دولێجان |
| بەدتر دیتم یەکی دی | ناوی خەلیفە عەلی | ................................ |

بەزاهر زۆر نەزیفە		حەجی و مەلاو خەلیفە		بەباگن زبلو جیفە
چونکی نەمان کرد کەماڵ		تۆ بین نەکرد لەئەفعال		بۆین هەناردین زەوال
ئەووڵ زەوال دەهات مشك		هیچ نەهێلا بەهرو پشك		دخوات دەخلی تەڕو حیشك
سەبەب فعلی ناهەموار		ئافات دەبێ دو سێ جار		یەك لەدو یەك تێتە خوار
ئەمرەکی دی بو جاری		ژەنگ لەعاسمان دەباری		غالب لەقەندە هاری
ئافاتەك هات بەرك		ناوی کیسەلەو سنك		دەخلی خلاس کرد سقك
ئافاتەك دی هات عەجەلە		کورد پێ دەڵێن کیسەلە		عەرەب پێ دەڵێن قومەلە
پشتی خر سەروەکی دود		دەو وەك درێشەی جەهود		صنعاتی حوکمی داوود

دەرحەقی داوود رەصید		وألتا له الحدید
دەندوکی وەکی دەرزن		لەجۆ و گەنم بو دژمن
پوچی کرد سەد مخابن
ئەو کیسەلەی بێ ئەمان		وەختێ فری لەعاسمان
دەی گرت دەخلو دەشتو دان		هەتا کنارەك سۆران
کیکان هەتا بەرواری		ناو کوڕهەتا هەکاری
هەمووی دەخوارد یەکجاری
خودا رززاقە ئیدی		بەگی میسل و ئەفەندی
دەستیان دەکرد بەئیحسان		کەرەمیان کرد دەخلو دان
لەبۆ فەللاحی گوندان
ئەویش لەبەر نەفعی خۆ		قەووەتیان دا گەنمو
جۆ فەللاح پێ ساکن دەبوو
عەلی گێژە بەمیڵلەت		بوخاتری ئیسم و ڕەحمەت
حەسێبی کەی بە ئوممەت
بەئوممەتی موستەفا		هەرگیز نەبینیت جەفا
داکو هەر بکات سەفا
سەلاواتی بێ شومار		لەسەر نەبیو هەر چار یار
ئالو ئەسحابەی کیبار

پارچەشیعرێکی هەیە دەربارەی گرانی لەمامی خۆم وەرم گرت لەسەرەتای شیعرەکە دەڵێت:

لەپاش هەزارو سێ سەد		چاردە ساڵی لەهجرەت
ئەمرەك دەهات لەرەحمان		کێم دەبی رزقی ئینسان

هەتاکو تەیرو حەیوان

بۆیێ دەهات ئەو غەزەب     هەندی کو خەڵك بێ ئەدەب

له گونەهان مورتەکەب

گونەح دەکەن بێ تەخسیر     عالم و جاهل ومیر

مردنیان کردیه لەبیر

لەبیریان کردیه مردن     دونیایان خۆشترە لەکن

لەزکرو قورئان خۆندن

پارچه شیعرێکی دیی هەیه لەسەر بەفری سۆر لەسەرەتای شیعرەکه دەفەرموێت:-

لەپاش هەزارو سێ سەد     بیست وهەفتی لەهیجرت

یەدوو هەستێر بەدەرکەفت     کلکی راسته نابیت چەفت

بەفر دەهات لۆربەلۆر     جارەك سپی و جارەك سۆر

قردەبی مامزو بۆر

پارچەشیعرێکی دی موناجاته لەگەڵ خوای گەورە (٢٢) دێرە لەسەرەتای شیعرەکه دەڵێت:

یارەب رجام هەیه لەتۆ     بەدەستی قودرەتی بەخۆ

قەلبی کو من پیسه بشۆ     لەپیسی ولەعینوەتێ

تکرار رجا دەکەم لەتو     کو ئەز بناسم زاتی تۆ

خۆت فەرموودەی لاتقنتوا     دڵم خۆش کەی بۆ شەفقه تێ

پارچه شیعرێکی مەدحی پێغەمبەر (د . خ ) زیاتره له(٦٠) دێرە لەو شیعرەدا دەڵێت:

یارسول نوری چاوانم     مەحبوسی نەنفس وشەیتانم

هەرچی دەکەم قەدناتوانم     لەدەستیان نابەم راحتێ

لەکۆتایی شیعرەکەدەڵێت:

عەلی عەقلت ڤه هەش بینه     لەئیسماوه بیت ساکینه

خۆت لێره روح لەمەدینه     یارەب لێ نەبم فرقەتێ. (٢٢٣)

---

٢٢٣ ــ بەسوپاسەوه له بەرێز دکتۆر مەلا بەهائەددین مەلا عبدالموغیس خلیفه ــ وەرگێرایه

## ٦ ـ مەلا ئەنوەر گلەشینی :



مەلایەکی زاناو بەناوبانگی دەڤەری گۆرانەتی شارەزا لە هەموو بوارەکانی زانستی ئیسلامی ، ماموستای مامۆستایان سەرچاوەی عیلم عیرفان ، هزر کرایەوە عیلم زان ، مەلا ئەنوەر گلەشینی لە ساڵی ١٩٠٥ لە گوندی گلەشینی سەر بە قەزای شێخان لە دایك بووە ، کوڕی تاقانەی باوکی بوو ، لە خێزانێکی مەلا زادەبوو باوکی مەلای گلەشین بوو هەموو قۆرئانی لەبەر بوو ، قورئانی لای باوکی خوێند و ، مەلا ئەنوەر کوڕێکی زیرەك بوو هەرجی بیخوندبایە لەبەری دەکرد ، باوکی بڕیاریدا کورەکەی خۆی رەوانەی گوندی بشیریان بکاتە لای شێخ شەمسەددین لە حوجرەی فەقێیان زانستی ئاینی ئیسلامی بخوێنی و مۆلەتی مەلایەتی پێدا ، گ ەرایەوە گوندی باوکی ڕەوانەی بریفکانی کرد لای شێخ محەمەد تاهر بریفکانی بۆ تەواوکردنی خوێندنی دوای تاقیکردنەوەی لە بابەتە کانی فقهە و شەریعەت و شێخ وەکو مەرجەع لە دەڤەری گۆرانەتی دەستنیشانی کرد میرات نەحو و صەرف و بیرکاری و فەلەکیاتپلەیەکی بەرزی بەدەستهێنا ، حوجرەی فەقێیانی لە گوندی کردەوە.

ئەو مەلا بەناوبانگانە لای بەرێزییان خوێندوویانە :شێخ حسن شێخ جمیل ، مامۆستا شیخ نوری بریفکانی ، شێخ محەمەد مێرسەیدی ، مامۆستا صالح گۆڤەیی ، ماوەستا عبداللەشێخ جمیل ئەتروشی ، عبدالجواد شێخ شمس الدین ، لە کۆتایی ساڵی پەنجاکان خولێکی ئاینیبۆ ماوەی ١٠ مانگ لە بەغدا کرایەوە بۆ خوێندنی زانستە ئیسلامییەکان مەلا ئەنوەر تێدا پشکدار بوو لە قوتابیە یەکەمەکان بوو ،

لە ساڵی ١٩٥٩وەکو ماموستا دامەزرا (معلم تربوی) لە کاری مەلایەتی بەردەوام بوو ، ساڵی هەفتاکان کرایە بەرپرسی یەکێتی زانایانی ئاینی ئیسلام لقی 9ی نەینەوا دوای نسکۆی شۆڕشی ئەیلول ساڵی ١٩٧٥دوور خراوە بۆ پارێزگای موسەننا تاکو ساڵی ١٩٨٠ گەڕایەوە کەڵەکچی لە گەرەکی گلەشین مزگەفتێکی دامەزراند ، ساڵی ١٩٨٥بۆ جاری سێیەم سەفەری حەجی کرد دوای گەڕانەوەی لە ماڵی خودا توشی نەخۆشی دڵ هات ڕۆژی ١٠/٦ /١٩٨٥ لە نەخۆشخانەی موسل کۆچی دوای کرد .[224]

---

٢٢٤ ـ مەلا ئەحمەد مەلا ئەنوەر بەسوپاسەوە ژیاننامەی باوکی بۆم رەوانەکرد .

## ٧ـ مەلا خلیل مشەختی :



مەلاخلیل سەلمان خابۆ : ناسراو بە(مەلا خلیل مشەختی) : لە ساڵی ١٨٨٨ز لەگـــوندی بەروارتی لـــەدایك بووە ، لە رێکـــەوتی ١ /١ /٢٠٠٧ کوچی دووایی کردیە ١١٩ ساڵان ژیاوە ، سێ سەدەی دیتییە ، لە بەر سەختی بژێوی ژیانیان خراپی باری ئابووری بە خێزانەوە دەچنە گوندی بازوایە لە وولاٽ شەبەك دەبیتە گاوان ، دایکی کۆچ دەکات ، لای مەلا عومەڕ بریکیانی دەبیتە فەقێ لە حوجرەی مزگەفتی گوندی مێرسەیدا دەست بە خوێندنی زانستە ئیسلامیەکان دەکات ، لای مەلا ئەحمەدی رەشاوایی مۆلەتی مەلایەتی وەردەگرێت ، لە گوندی زیناوای دەڤەری گۆرانەتی وەکو پێش نوێژو ووتارخوێن دەستبەکاردەبیت ، ساڵی ١٩٧٥ ئاوارەی ئیران دەبیت ، ساڵی ١٩٩٤ دەگەرێتەوە کۆمەلگەی جرە ، زیاتر لە ١٥ پازدە کتێبی دەستنووسی هەیە لەوانە ٤ کتێبی بە چاپگەیاندرایە ، نووسینەکانی بە شێوەزارێکی سووك و پاراو لە شێوەی ئاخافتنی دەڤەری گۆرانەتی نووسرایە ، سێ ژنی هەبوو ، وازی لەمەلایەتی هێنابوو ، دوکانێکی دانابوو ، وەکو رێزلێنانێك لە شێخان پەیکەرێکیان بۆی دروستکردووە بەرهەمەکانی ئەوانەن:

١ـ بەهارا دلاٚ ٢ـ مەڕگ و ژی ٣ـ مەولوود نامە ٤ـ منطق الطیر٥ـ فەرهەنگی مەڕگ و ژی ، رامانی ووشەکانی کوردی بۆ کوردیە ٦ـ چار بەندی خیام (رباعیات الخیام) وەلگێران بۆ زمانی کوردی. ٧ ـ چار بەندی بابەتاهیری هەمەدانی . ٨ـتەفسیری قورئانی پیرۆز .

٩ـ فیقهی موحەمەدی . ١٠ـ عوامل منزولە ١١ـ سیستەما بەعس ١٢ـ فقە الشریعە .. هیتر

پارچە هۆزانێکی مەلا مشەختی بەناونیشانی( ئەی وولاٚت):

ئەی وولاٚت گـــاڤا تەگازکرد بۆ مردن ئەز حازرم
جـــــانێ من بۆتە فیدایە و گۆریە بۆتە سەرم
ئەز بـە قرمەوئینگلیزی ، دوژمنێ من تانك وتۆپ
گەر ژ بـــەدانان دیارە نان حەرام و کـــــافرم
گەر وولاٚتێ من بسۆژن بە ئاگـــر وکیمیاو و کین
ئاگری وی قەد چ ناکات ئـــــەز بخۆ هەر ئاگرم
وان ب غازو گازە گـــــازی ئەز نەترسام کەمەك
سەح بکە دوژمن لە چار لا ناخۆن بەر خەنجەرم
بابە بارزانی دبێژیت ئەی مشەختی خـــەم نەخۆ
مـــەشحەلێ ساسان و مادم زیندەمە قــەت نامـرم

دەورێ مادو ڕۆژی زەرد دەست مولکی کوردە ئەڤـ وولاٌت

مولکی کـــوردە هەر ژبۆ کوردە حەقێ کەسی دی تێنیە


دوژمنێ دەست بـــۆ درێژکەت کـــەپ و لێوی دێ بڕم

## ٨ ـ مەلا عەلی رەسول قەلاٌسنجی /خۆشناو :

ناوی تەواوی (مەلا عەلی رەســول عەلی تاتۆك)له گوندی قەلاٌســنجی ســەرو له خۆشــناوەتی ســالٌی ١٩١٤ له دایك بووە ، دوو ســالٌ له قوتابخانەی شــقلاوەی ســەرەتایی خوێندوویەتی ، پاشـــان بۆ خوێندنی زانســـتی ئیســـلامی چـــوەتە (زێوە ، گەروەنە ، بالیســـان ، خەتێ ، مەمووديان ، میرۆستەم ، ناودارۆکان ، ...) دوواتر له مەدرەسەی مەلا ئەفەندی له خانەقای هەولێر و زانستە ئیسلامییەکان تەواو دەکات و سالٌی ١٩٤٣ مۆلەتی مەلایەتی ١٢ عیلمی له ئاینی ئیســـلام پێدرا ، ســـالٌی ١٩٤٥ له ئاوی زێی بادینان پەڕیەوە زانی بووی حوجرەی فەقێیانی له گوندی زەنگەنان هەیە هاتبوو لای (قادر ئاغا ) ببوو مەلای گوند ، مەلایەکی دووازدە عیلم زانا بوو شـارزاییەکی تەواوی له فقه و زانسـتی دابەشـکردنی میرات و لایەنەکانی تری ئاین هەبوو ، دوو جۆرە فەقێ له گوندی هەبوو فەقێی گوندو فەقێی دەرەوە وانەی ئاینی بە هەردوو چـــین دەگۆت .دەگێرنەوە مەلا عەلی مەلا یحیای گردەپان له گوندی خۆی بەپێی شـــەڕیعەتی ئیســـلام ئافرەتێکی تەلاقدابوو ، مێردی ژنەکەی باریکردبوو گوندی دوگوندانی گەورە ، دوای مانگێك هێوارەیەك ئافرەتە تەلاقدراوەکە بەبێ پرســـیارو وولام دەگەرێتەوە مالٌی مێردەکەی ، کیشـــەکەی دەهێننە لای مەلا عەلی گوندی زەنگەنان ، مەلا عەلی خۆشناو بە پێی ئاینی ئیسلام تەلاقی ئەو ژن ومێردەی دروستکردەوە .

لەدەسپێکی شۆڕشی عبدالکریم سالٌی ١٩٥٨ عیراق بوو سیستەمی کۆماری ، دوو بەرەکی له نێوان ئاغاو کرمانج له زۆربەی گوندەکانی دەڤەری گۆرانەتی پەیداببوو ، مەلا عەلی رەســول خۆشــناو لایانگری چــینی کرمانجەکانی گوندی زەنگەنانی کردبوو دژی دەرەبەگایەتی راوەســـتابوو ، بۆیە له ڕۆژی ٢٢ /٦ /١٩٦٠ ئاغای گوند له بەرێوەبەرایەتی ناحیەی بەردەڕەش سـکالایان لەسـەرمەلا عەلی خۆشـناو تۆمارکردبوو ، بەشـێوەیەکی یاسـایی پەنجە مۆری زیاتر له ٣٠ ردێن سپی گوند زەنگەنان لەسەر سکالاکە واژوو کرابوو ، گوایە مەلا عەلی دووبەرەکی لەناوگوند دروستدەکات ، له ئەنجامی ئەو سکالایە حکومەت مەلا عەلی خۆشناوی له گوندی زەنگەنان گواستەوە بۆ ناو شاری موسل ، له ناو شاری موسل تەقە لەمەلا عەلی کرا وناچاربوو مالٌی خۆی بگواستەوە بۆ قەزای خەبات .پێزانین بە دەستکاری له مەلا عبدالرحمان مەلای ناحیەی دارەتوو وەرگیرایە .

## ٩- مەلا عبدالرحمن مەلا نەجم صدیق :



مەلا عبدالرحمن مەلا نەجم سالی١٣٥٦کوچی بەرامبەر١٩٣٩زاینی لە ناحیەی بەردەڕەش لە دایك بووە ، دەگەڕێنەوە بۆ عەشـــیرەتی رەشـــگەری ، یەکەم جار لای باوکی ســـیپارەی خوێندووە و قورئان ختم دەکات چـــەند کتێبێکی تر وەکو فتح القریب و نەحو و صـــرف تەواو دەکات ، خوێندنی ناوەندی و دووا ناوەندی تەواو دەکات ، ئەنجا مەلا عبدالرحمن مەلا نەجم دەچـــیتە بەغدا لە کۆلیژی امام ئەعزەم وەردەگیرێت دەمینێتەوە تاکو بڕوانامەی پێش نوێژو ووتار خوێندن لە ســـالی ١٩٧٣ بەپلەی نایاب بە دەســـتدەهینێت دەگەرێتەوە بەردەڕەش دەبێتە ئیمام و خەتیب لە مزگەفتی بەردەڕەش ، کەســـێکی بێن درێژوو لە سەر خۆ بوو ، سەردانی کەسی هەژارو نەداری دەکرد و یارمەتیانی دەدا ، بەرێزو لە ســـەر خۆ بوو ســـادەو تەقوابوو بەردەوام ، لێو بە خەندە بوو ، بەردەوام ســـەلتەو کەوێی لەبەربوو ، پاشان بار دەکات بە خۆو بە مندالەوە دەچیتە شاری موسل دەبیتە پێش نوێژو ووتارخوێنی مزگەفتی زی النورەین لە گەرەکی نور هەوەها لە مزگەوتی(مجول) لە باب الجدید ، لە سالی ١٩٩٣ دەبێتە ووتار خوێن لە مزگەوتی نەبی شیت و بۆ ماوەی ٣سێ سالان دەبیتە بەرێوەبەری ئەوقافی شاری موسل . لە کۆبوونەوەکان ئامادە دەبوو گوێی لە کەسی بەرامبەری دەگرت کێشەکانی چارەسەردەکرد .

مەلا عبدالرحمن مەلا نەجم مرۆڤێکی حەقبێژو دادپەروەر بوو ئاین پەروەر و خودا پەرسـت بوو ، سەردانی زانایانی ئاینی دەکرد بۆگۆڕینەوەی بیرو ڕا کەسێکی میانڕەو بوو ، بەردەوام جەســـتەی بە بەرگی مەلایەتی داپۆشـــرابوو ، بە غیرەت و بە بزەیی بوو بەتایبەتی بەرانبەر فەقیرو هەژاران و بێ دایك و بابان زۆر جار دەیفەرموو :( الساعی علی الارملە والمسکین کمجاهد فی سـبیل اللە)بەردەوام نزای بۆ بەلنگازو لێقەوماوان دەکرد ، دەگێرنەوە رۆژێك بەر لە وەفاتی زۆر باسـی مردنی دەکرد ، لە سـالی ١٩٩٥کۆچـی دووای کرد لە قەبرسـتانی کەرامە لە شـاری موسل بە خاك سپێردرا ، چوار کوڕی لە پاش بە جێماوە ، هەموویان خاوەن بڕوانامەن.

## ١٠- ملا ئەبوبەکر کەلەك :

مەلا ئەبوبەکر کوڕی خەلیفە عومەر کوڕی مەلا ئیســـماعیل کوڕی محەمەد ، لە ســـالی ١٩٣٤ لە گوندی دوگوندانی گەورە لە دایك بووە لە عەشـیرەتی چۆپانین ، هەر لە مندالیەوە باوکی فێری ســـیپارەی دەکات و نامیلکەی ئەحمەدی دەخوێنی قۆرئان لای باوکی ختم دەکات ، بەردەوام دەبێت لە خوێندن دەچـیتە ناو فەقێیان لە مەدرەســـەی مەلا عبدالکریمی ســـێبیرانی دەخوێنی لە سێبیران ،

پاشان دەچیتە هەولێر لە خانەقای شێخ مستەفای نەقشەبەنی بۆ تەواوکردنی زانستە ئیسلامییەکان ، کتێبە بەناوبانگەکانی مەلایەتی لەوێ بە سەرکەوتوویی تەواو دەکات ، دوای دەچیتە خزمەت مەلا صالحی گۆزەپانکەیی لە هەولێر بڕوانامەی ١٢ عیلمی مەلایەتی پێدەدرێت ، ئەوجا دەگەرێتەوە ئەسکی کەلەك بە دەیان مستەعید و فەقێ لە دەوری کۆدەبنەوەو بابەتە جۆراوجۆرەکانی ئاینی ئیسلام لەلای مەلا ئەبووبەکر دەخوێنن.

## ١١ـ مەلا سەیید محەمەدامین :

مەلا سەیید محەمد ئەمین ئەفەندی کوڕی سەیید مەولوود کوڕی سەیید حەیدەر لە سەیدەکانی نەهرین لە ناوچەی شەمزینان لەگەڵ چەند خێزانێك دێنە بادینان قەزای بەردەڕەش لەو گوندانە (زەنگەنان ، دارەتوو ، لە گەل سەیدەکانی پیرچاوش و قەسرۆك ئاکنجی بوونە)، سەید مەولوود دوو کوڕی دەبێت ١ـ سەید محەمەدامین ٢ـ سەید ئیسماعیل لە خێزانێکی ئاین پەروەر پەروەردە خودا ناس ، ریزێکی تایبەتیان لە ناو خەلکی هەبوو .ئێمە ناوی تەواوی: سەیید محەمەدامین سەید مەولوود سەیید حەیدەر سەیید عبدالقادرسەیید محەمەد سەیید عیسا یە لە ساڵی ١٨٦٦لە گوندی زەنگەنان لە دایك بووە ، تەمەنی٦ـ٧ساڵان بوو لای باوکی قورئان ختم دەکات ، دەچیتە لای ئەبوبەکری الرازی قازی شارۆچکەی ئاکرێ ، مۆلەتی مەلایەتی لای بەرێزی وەردەگرێت و دەگەرێتەوە گوندی رەنگەنان ، پاشان دەبێتە ماموەستای گوندی پەلاسان لە دەڤەری سورچیاتی .

مەدرەسەیەك بەبێ بەرامبەر دادەنێ دەیان فەقێ لای بەرێزی دەخوێنن لەوانە شێخ ئەحمەد سورچی و شێخ شەفیق و شێخ فەخری ، دوای چەند ساڵێك دەبێتە ماموەستای گوندی دارەتوو لای ئەمین ئاغا .

سەید محەمەدامین دوو کوڕی هەبوو یەکەمیان بەناوی سەید صابر لە ساڵی ١٩٢٠لە گوندی زەنگەنان لەدایك دەبێت باشان دەچیتە گەرەکی کەرامە لە موسل ، برای دووەم سەید صالح باوکی سەیید ئەحمەد دەچیتە زاخۆ . مەلا سەید محەمەدامین برایەکی هەبوو بەناوی سەید ئیساعیل سێ کوڕی هەبوو (سەید نورەددین ١٩٠٧ ز هاتووتە سەر دونیا ، سەیدجونەید١٩٢٨ز باوکی سەیید ئیبراهیم و سەیید خلیل ، سەیدمەولود (ئەلنەجار) کەدەکاتە باوکی دکتۆر سوهەیل پسپۆری نەشتەرگەری (ئەلجەراح) هەرسێ برا لەگوندی زەنگەنان لە دایك بوونە ،

لە دوای وەفاتی سەید ئسماعیلی باوکیان سەیدجونەید و سەید مەولود لە گوندی زەنگەنان باردەکەن دەچنە گوندی گردەپان لەوێ نیشتە جێ دەبن کۆچی دوای دەکەن .

## ١٢ ـ مەلا تەها عبدالعزیز حاجی پیرداوود عبدالغفور ئۆرمزیاری:



لە دەورووبەری ساڵی ١٩٠٣ لە گوندی(قۆشاغلۆ)لە دایك بووە ، لە تەمەنی منداڵی باوكی رەوانەی مزگەفتی گوندی كردووە لە لای مەلا مەعروفی قۆشاغلۆ سیپارەی خوێندوەو قورئان خەتم دەكات ، دووایی چوویتە(دیبەگە)لای مەلا عبدالفتاخ خەتێ لەبەر جەنگی جیهانی یەكەم وازی لە خوێندن هینایە ، دووایی چوویتە باقرتە وچوویتە(عالّلا)لای مەلا ئەمین هەولێری دوای چوویتە (چغەمیرە) لای مەلا ئەحمەد ڕەش ، پاشان چوویتەشاری هەولێرلای مەلا ئەبوبەكر ئەفەندی لە مزگەوتی قەلآت ، ساڵی ١٣٥٠ك مۆلەتی مەلایەتی وەرگرتووە ، دەسپێك لە گوندی بیستانە دەبیتە مەلا و مودەڕس ، ساڵی ١٩٥٧سەفەری حیجاز دەكات بۆ مەبەست ئەداكردنی ئەركی حەج دوای گەڕانەوەی لەماڵی خوا لە گوندی دارەتوو سەربە دەڤەری گۆرانەتی دەبێتە پێش نوێژو ووتا خوێنی گوندی دارەتوو ، مەلایەكی تەقواو لەسەر خو ئاین دۆست بوو ، تاكو ساڵی ١٩٦٧ كۆچی دووایی دەكات هەرلەگوندی دارەتوو بە خاك دەسپێردرێت ، خوا لێخوشبوو باوكی مەلا عبدالرحمن مەلای دارەتوو و مەلا عبدالله ی غەزالی خانەنیشە لە هەولێر دادەنیشیت .( ٢٢٥ )

## ١٣ ـ مەلا ئەحمەد عمر ناسراو بە (مەلا كاكە)



مەلا ئەحمەد عمرساڵی ١٩١٠لە ئەسگی كەڵەك چاوی بە دونیا هەڵێناوە ، هەر لە منداڵییەوە دەستی كردووە بە خوێندنی قۆناغەكانی زانستی شەڕعی ، فەقێ بووە لە شەقلاوەو بالیسان و وەرتێ وهەرتەل و ئاكرێ ، تا پرۆگرامی خوێندنی مەلایەتی سەردەمی خۆی بە سەركەوتوویی تەواو كردووە و مۆلەتی مەلایەتی(دووازدە عیلمی)ئاینی ئیسلام لە سەر دەستی مەلا صالح گۆزەپانكەیی لە هەولێر وەرگرتووە .دەبێتە پێش نوێژو ووتار خوێن لە مزگەفتی دوگوندانی كەورە سەر بە قەزای بەردەڕەش ، لە خێزانێكی ئاین پەروەر ، كەسێكی تەقواو خواناس بوو ، پەیوەندی كۆمەلایەتی لەگەڵ هەموو چین و تەمەنێك بتەو بوو ، كەسێكی رۆح سووك بوو هەموو كەسێك خۆشی دەویست ، ناوبراو كەسایەتیەكی ناوداری دەڤەری گۆرانەتی بوو هەردەم حەق و راستی گۆتووە لە پێناو خوا ، كەسێكی كاسبكار بوو حەزی لە نانی دەستی خۆی بو ، ئێستاش پیاوە بە تەمەنەكان بەسەرهات و قسە خۆشەكانی دەگێرنەوە ،

---

٢٢٥ ـ ملا عبدالرحمن مەلا تەها ئۆرمزیار (مەوسوعەی ژیاننامەی ئەهلی عیرفان لە مێژووی زانایان و شێخەكانی كوردستان ) ،٩بەرگ دەستنووس ئامادەیە بۆ چاپ .

سەردەمانێك حوجرەی فەقێیانی هەبوو ، خوشك و براكانی بانگیان دەكرد كاكە لەبەر هەندێ نازناوی بوو (مەلا كاكە)باوكی خەليفە عومەڕيان پێدەگۆت ، دوو برای هەبوو مەلا ئيسماعيل و مەلا ئەبووبەكر لە ئەسكی كەڵەك نێژراون ، مەلا ئەحمەد عمرساڵی١٩٧٠تاكو ساڵی ١٩٧٤وەكو مفتی لە يەكێتی زانايانی ئيسلام لقی بەردەڕەش هاتبوو دەست نيشان كردن ، مەلا ئەحمەد عمر لە ساڵی ١٩٩٤ كۆچی دواى دەكات ، بۆشاييەكی گەورەی پەيدا كرد ، ناوی كۆڕەكانی ( مەلا صالح ، مەلا ئيبراهيم ، مامۆستا تەيب ، تاهێر ) لە دوای خۆی بەجێهێشتووە.( ٢٢٦ )




## ١٤ ـ مەلامحەمەدامين الياس خێلەكی

مەلامحەمەدامين لەدايكبووی گوندی خێلەكی سەربەسەنتەری قەزای بەردەڕەش ە ، لەساڵی ( ١٩٠٥ ) هەرلەمنداليەوە دەخرێتە بەرخوێندن لەرێگای فەقياتی حوجرەكان و بۆئەم مەبەستە رەوانی كەڵەكی ياسين ئاغا دەكرێتو بۆماوەی چەندين ساڵ لەخوێندن بەردەوام دەبێت تاكو مۆلەتی مەلايەتی وەردەگرێت ، بۆ وتارخوێنی وپێشنوێژی دەگەڕێتەوە گوندەكەی خۆی ( خێلەكی ) وەك مەلای گوند دەستبەكار دەبێت وبەهۆی داگيركردنی گوندی ناوبراو لەلايەن عەشيرەتی هەركيان وپەيدابوونی كێشەكۆمەلايەتی بەناچاری روولەگوندی مەموزين دەكات كەگوندێكە لەنزيك بەردەڕەش وبەهەمان شێوە ماوەی چەندين ساڵ دەبێتە مەلای گوندی ناوبراوپاشان دەگەڕێتەوە گوندی خۆی وبەردەوامی دەدەتە پيشەكەی وەك پێشنوێژوتارخوێنی گوند ، مەلامحەمەدامين خاوەن دووژن بووە بەناوەكانی ( فاتيمەوهەمين ) وخاون ( ١٢ ) منداڵبووە كوڕەكان بەناوی ( ١ – عبدالغفور ٢– عبدالواحد ٣– عبدالقهار ٤- محەمەدنوری ٥– محەمەدصالح كەئەم كوڕەی مەلابووە لەگوندی دووگندان ) وكچەكانی بەناوی( ١ – هەدێ ٢ – حەواو ٣- زينب ٤ – زبێدە ٥ – ربيعە ٦–غەزال ٧–زميران ) مەلامحەمەدامين مرۆڤێكی كۆمەلايەتی بەهێزوبوێروچاونەترس وقسەزانێكی باشبووە و زۆرحەزی لەمێوان بووە كێشە كۆمەلايەتيەكانی گوندی خێلەكی لەرێگای ئەوو بەهەوڵی ئەوچارەسەر دەكرا لەرەفتارەكانی راستگۆو خاوەن بەڵێن بووە و زۆرحەزی لەئاشتی بووە و روحی كوردايەتی زۆربەهێز بووە بۆهاوكاری فەقيرو نەداران دەستكراوە بووە ولەلای خەڵكی گوند زۆر رێزی لێگيراوەو هەربۆيەش ئاغای گوندكچەكی خۆيانی پێدەبەخشت كە ژنی دووەمە بەناوی فاتيمە مەلامحەمەدامين ئاشنايەتی وپەيوەنديەكی زۆربەهێزو باشی هەبوو لەگەڵ شێخەكانی تەريقەتی

٢٢٦ـ پێزانين لە مامۆستا مەلا ئيبراهيم كوڕی مامۆستای ناوبراو وەرگيراوە .

قادری لەڕۆڤیا ومرۆڤێکی زۆرچالاکو دژی ستەمکردن بووە وبۆیە زۆرجارناکۆکی لەنێوان مەلاوئاغای گوندی ڕوویداوە مەلا چارەسەری دەکرد .

مەلامحەمەدامین دوای ژیانێکی پڕلەئیمانی وئامۆژگاری خەڵك دڵەگەورەکەی لەلێدان ڕاوەستا و بەکتوپڕی ماڵئاوایی لەدونیادەکات وبەرەوپەروەدەکاردەگەڕێتەوە ساڵی (١٩٦٧ ) ولەگۆڕستانی باسکێ غەریبان لە گوندی خێلەکیان بەخاك دێتەسپاردن انالله واناالی راجعون و لەدوای خۆی پەرتووکخانەکی گەورەی بەجێهێت بوو . (٢٢٧)



## ١٥ ـ مەلا حەسەن بەنێنانی

مەلاحەسەن یەکێکە لە مەلا بەناوبانگـەکانیدەڤەری گۆرانەتی ، مەلای گوندی بەنێنانێ بووسەربە ناحیەی دارەتوو لە قەزای بەردەڕەش ، ساڵی١٩١٧ لە دایك بووە ، لە خانەوادەیەکی مەلازادە گەورە بووە باب و باپیری مەلابوونە ، لە بادینان بە (ملا احمد گۆران ) دەناسرا ، لە دەڤەری گۆرانەتی پێیان دەگۆت ( مەلایێ بەنێنانێ ) ناو براو دووجار ژیانی هاوسەرگیری پێکهینایە ، خوا شەش کوڕی پێبەخشیوە (زکی ، غازی ، نصیب ، تەیب ، کامیران ، فەرهاد ) دوو کچی هەبووە ، کەسێکی کوردپەروەربوو دوودیوانی شیعری دەست نووسی هەبوو ، بە زمانیکوردی عەرەبی نووسرابوو ، کاك فەرهادی کوڕی ناوەناوە لەگۆڤاری خازرکۆپلەیەك لە هۆنراوەکانی باوکی بەڵاودەکردەوە، لە ژێر ناونیشانی ( مەلایێ بەنێنانێ) مەلا حەسەن کەسێکی رۆح سوك و گال گال خۆش بوو ، پەندو بەسەرهاتی کوردی تێکەل بە ئاخافتنەکانی خۆی دەکرد بۆ تێگەیشتنی راستیەکان ، دەیگۆت مەلا ١٢عیلم بیت ، بەلاّم عیلمی ١٣ سێزدەی نەخوێندبێت و شارەزایی لێنەبێت کە (عیلمی مەدارە)ە پێدەگۆترێت ناتوانێت کار بە دووازدە عیلمەکەی خۆی بکات ، بەکورتی دەبێ مەلا لەگەڵ دەوروبەری خۆی بگونجێنێت ئەگەر نا لە ژیانی رۆژانەی سەرکەوتوو نابێت ، لەرێکەوت ١٩/ ٣ / ١٩٩٦کۆچی دووایی کردووە ، هەر لە گوندی بەنێنانێ بە خاك سپێردرایە نموونەیەك لەشیعرەکانی . کۆپلەیەك لە شیعرەکانی: **(موحەمەدێ مە)**

| | | |
|---|---|---|
| موحەمەدێ مە سەید و سەروەر | ـ | بۆمە ئومەتێ ئالتۆن و گەوهەر |
| یاسا مە قورئان و خودێ تە پەروەر | ـ | مە ڤیری و هەوار هەوارە مەوەر |
| پەیاما نەبی بۆ مە نامەیە | ـ | ئـــــەو ناما پیرۆز بنەما مەیە |
| خۆشتڤی خودێ رێزدارو هێژا | ـ | دەستپاکی راستگۆ بۆ گومراو گێژا |

٢٢٧ ـ ماموەستاعبدالقادر عبدالله ،سەرپەرشتاری یەکەمی پەروەردەی قەزای بەردەڕەش

## بــارزانی یـــوو:

بــــارزان نیــو کــاروانی یوو    باری   گــــران کۆڤانی    یوو
رێ دێرد چی شەڤ تـاری یوو    ریتوو رەوالو مـــــانـدی یوو
ســـەرکول دچی پێخاسی یوو    پێ سڤــکـــــو پلنگـــی یوو
نفشی شێرا هــــو ئــارییوو    دڵ   مەزنـۆ  مەتینی      یوو
تەدڤێ بژی وەك نـوحی یوو    رێ رەو توچـــووی ئـارازی یوو
گەمی ڤانوو سەر بە حری یوو    تۆفـــــان بـــاری رێ زانـــی یوو
تەدڤێ بچی سـەرجودی یوو    خوزی زورۆ   داخازی  یوو
تەڤی خوزیا خونەگووتی یوو    مابو دوو دڵ نهێنـــی  یوو
ئوتۆنۆمی بۆ کوردی یوو    تەگوت نەگوت یامای یوو
کا بێژمە بارزانی یـــوو    یـا تەڤیا    چ  مای    یوو
پانزینو گاز نوت بـار یوو    چـار ئەقلیمو ئێکـەتی یوو
عالی عەقلو نەقلـی یوو    ئەزمان زانی زەمـــانی یوو
بۆ جەنگـو حەربا لپێشی یوو    عەقل مەندو پڕهـۆش یوو
یەزدان پەریس قورئانی یوو    ئیسلام مەلایی شەرعی یوو
شیخو مرشـــد رەبانی یوو    شڤانی   کارکور   پانی یوو
رەنگێن زەرو سور سـپی یوو    شــــەلو شەپك نیشانی یوو
خەنجەر دەبان بە رپشتی یوو    چستو  پەیتو پلنگـی یـــوو    (٢٢٨

ناوی چەند کەسایەتی ئاینی هۆزی خدری  لە دەڤەری گۆرانەتی و شاری موسل ئەمانەن:

### ١٦ ـ (١)  شێخ عبدالجلیل کوڕی ،  مەلا مستەفای خدری :

کوڕی مەلا صوفی الله وەیسی کوڕی مەلا زیلفەقار کوڕی مەلا خدر کوڕی مەلا قەیماس کوڕی عباسی خدری باوکی عەلی خدری  ،  رەچەلەکیان کوردە و لە دەشتی ناوکوڕ ژیاون  ، رۆلێکی گرنگیان هەبووە لە بەرزراگرتنی ئاینی ئیسلام  ،  شێخی تەریقەتی قادری دروستکەری تەکیەی ولیانیە لە رۆڤیا .عەشیرەتی خدری یەکێکە لەحەفت عەشیرەتەکانی دەڤەری گۆرانەتی لە دەڤەری گۆرانەتی قەزای  بەردەڕەش  ( العشائر السبعه ) ، لە قەزای شێخان و حەمدانیە ، لە قەزای شەقلاوە  دە ژین . لە گەرەکی عەبدۆخوب لە ناو سەنتەری پارێزگای موسل هەنە .

---

[٢٢٨] ـ لە بەرێز (فەرهاد مەلا حەسەن) کوڕی مەلا حەسەن بەنێنانی وەرگیرایە

بە پێی سەرچاوەکان بنەجێی عەشیرەتی خدری لە ماوەی پێنج سەدەی  ساڵانی رابردوو هەر لە لە دەشتی ناوکوڕ ژیاون . خدری دەگەڕێنەوە بۆباپیرە گەورەیان مەلا خدر کۆڕی مەلا قەیماس؛حاجی عبدالقادر خدری سەجەری خدری بەم شێوەیە دیارکرد : شێخ محمودکوڕی شێخ عبدالجلیل کوڕی مەلا مستەفا کوڕی سەفییە الله وەیس کوڕی زی لفەققار کوڕی مەلا خدر کوڕی مەلاّ قەیماس کوڕی عباس عەشیرەتی خدری  الشافعی الاشعری . دوای وەفاتی شێخ ئیسماعیلی وڵیانی لە مزگەفتی نەبی یونس لە موسل ساڵی١١٥٧کۆچی،  شێخ عبدالجلیلی خدری کە خەلیفەی شێخ ئیسماعیلی وڵیانی بووجەنازەکەی  هێنایە رۆڤیا و لە توربەی شێخ جونەیدی گەیلاّنی نێژرا ، دوواتر شێخ عبدالجلیل بۆ موسل کۆچی کردووە ناوبانگێکی گەورەی لە ناو زاناناکانی شاری موسل دەرکردووە ، دوو کوڕی هەبوو (محمود و یوسف)لە سەر دەستی باوکیان پەروەردەکرابوون ببوونە دوو مەلای بەناوبانگی شاری موسل ،  شێخ عبدلجەلیل لە موسل ژیاوەو لەوێ ماوەتەوە تا وەفاتی کرد و لە گۆڕستانی مزگەفتی نەبی یونس نێژرایە ،

## ١٧ ـ (٢) شێخ یوسف کوڕی شێخ عبدالجلیل الخدری :

١١٦٨ ـ١٢٤٣ کۆچی زانای فیقهی حەنەفی و تەریقەتەکانی تەسەوف و تەفسیری قۆرئان و حەدیس ،  کەسێکی رەوشت بەرزبوو هەموو کەسێك خۆشی دەویست ، ووتارەکانی کاریگەر بوو ،  خەریکی خوێندی جۆرەکانی تەجویدی قورئانی پیرۆز بوو ،  مامۆستاکانی شێخ یوسف ئەمانە بوون ؛ شێخ عبدالجلیلی باوکی ،  شێخ عبدالرسول الحوسێنی البەرزنجی ،  شێخ تاها کوڕی شێخ عبدالرسول البەرزنجی ، شێخ وەلی الدین کوڕی عەلی کەرکوکی  ،  شێخ محەمەدامین کوڕی شێخ عبدالله الموصلی . شێخ یوسفی خدری دادەنرێ بە ئەلقەی  زۆربەی سەنەدەکانی شەرعی لە شاری موسل ، شێخ یوسف  لە شاری موسل وەفاتی کرد گۆڕەکەی دەکەوێتە  گۆرستانی ئیمام عبدالرحمن.

## ١٨ ـ (٣)شێخ محمود کۆڕی شێخ عبدالجلیل الخدری :

١١٨٣/١٢٥٢کۆچی زانای فیقهی شافعی و تەفسیری قورئان و حەدیس و شێخی هەر چار تەریقەتی قادری و خلوەتی رەفاعی و نەقشەبەندی بوو ، شارەزابوو لە بواری پزیشکی و مێژوو وعیلمی کەلام و شیعر ، گرنگترین قوتابیەکانی شێخ محمودی خدری ئەمانە بوون: ( شێخ نورەالدینی بریفکانی ، شێخ عبدالرحمن کوڕی زەین العابدین الموصلی ، شێخ حسن الحبار  ، شێخ عبدالله الفیزی ) . شێخ محمود کۆڕی شێخ عبدالجلیل الخدری لە شاری موسل وەفاتی کرد لە مزگەوت و تەکیەی خۆی بێژرا کە دەکەوێتە  گەرەکی عبدۆخوب لە موسلی کۆن ،  لە دوای تێکچوونی مزگەفتی شێخ محمود لە شەڕی دژی داعش ،  ئەو ساڵ مزگەوتەکەی نوژەن کرایەوە

## ١٩ ـ شێخ نوری شێخ یحیا شێخ حسن:




(نوری یحیا محەمەدحەسەن مستەفا) بریفکانی ئەتروشی ساڵی ١٩٣٣ له شارۆچکەی ئەترۆش له دایك بووه ، خوێندنی سەرەتایی لەوێ تەواو کردووه ، چوویته لای مەلا ئەحمەد هۆستانی له گوندی بابای بناری چیای مەقلوب زانسته ئیسلامییەکانی خوێندوه ، پاشان له کوندی بلان لای مەلا ئەحمدی درێژ وانەی ئاینی خوێندووه ،

ساڵی١٩٥٣لەگەڵ کۆمەله فەقێ بۆ خوێندن لەوانه کوڕی مامی (شێخ حسن شێخ جمیل)چوویتنه لای زانای بەناوبانگ مەلا ئەنوەری گلەشین ، پاشان ساڵی ١٩٥٥ چویته دیبەگه ڵای زانا مەلا سلیم له گوندی (دارخورما) ، دووایی لای مەلا صدیقی له گوندی گردەسۆری ٦شەش مانگ مایتەوه ، خۆی کواستیتەوه خانەقای شێخ مزهەر له هەولێر لای زانا مەلا سعید زانسته ئیسلامییەکانی خوێندووه ،

دەچیته لای ملا صالح گۆزەپانکەیی لەوێ مۆلەتی مەلایەتی به دەستدەهێنێت دەگەرێتەوه تەکیەی ئەتروش لەوێ رێورەسمی پیرۆزبایی بۆ سازدەکەن ، یەکەم جار له گوندی تاق حمه له بناری چیای مقلوب دەبێته مەلا .


ساڵی ١٩٥٩ دەبێته مەلای گوندی کانیلان ، ساڵی ١٩٦٠گواستراوه بۆ ناحیەی دینارته ، ساڵی ١٩٦١شۆڕشی ئەیلوول سەری هەڵدا لەگەڵ زێباریان چووبوو شاری موصل له مزلگەونی مەنسور و مزگەوتی عەباسی له موسل ووتاری هەینی خوێندووه ، ساڵی ١٩٧٩گەڕایەوه دینارتێ بەردەوام ١٠ تاکو ١٥ فەقێی هەبوو ،

ساڵی ١٩٨٠هاته ناحیەی بەردەڕەش تاکو ساڵی ٢٠٠٨کۆچی دووایی کرد ، پیاوێکی تەقواو خواناس بوو ، پێنج فەرزه له مزگەفت بوو ، به کەمی رازی بوو دەستی به دینی خوای گرتبوو، زانیارییەکی باشی هەبوو له زانسته ئیسلامییەکان بۆیه ناویام دەبرد به شافعی کچکه ، ساڵی ١٩٨٥ حکومەتی بەعس کوڕێکی بەناوی (عبدالمالێك شێخ نوری)له سیداره دابوو[٢٢٩]

---

٢٢٩ ـ عبدالمليك شێخ نوری به سوپاسەوه ژیاننامەی باوکی ئامادە کردووه

## ٢٠ ـ مەلا عەبدوللای کەونەباك:





ملا صديق عبدالله حسن
١٩٤٩ - ٢٠٠٤

ناوی تەواوی ئەو زاتە مەلا عبدالله کوڕی حســـن کوڕی محەمەد بە ڕەگەز ســورچینە لە گوندی ئامۆکانی سـەر بە ناوچـــەی حریر ژیاون ، لە دەڤەری گۆرانەتی بە مەلا عبدالله تەلەلخێمی ناســرابوون ، لە ناو فەقێیان بە مەلا عبدالله دەنگ خۆش بەناوبانگ بوو ، ئەو زاتە ساڵی١٩١٠لە گوندی(کانی وەکازە)ی نزیك تەلەلخێم لە دایك بووە سـەر بە ناوچـەی گوێر ، هەر بە منداڵییەوە لە ناوچـەکەی خۆیدا دەســـتدەکات بە خوێندنی ســـیپارەو جزوی عەممە و قورئان ختم دەکات و زنجیرە کتێبە زانســـتییە ئیســـلامییەکان دەخوێنی ، ئەنجا دەچـــیتە هەولێر لەخانەقای شـــێخ مســـتەفای نەقشـــەبەندی کتێبەکانی (مەلا جامی وشـــەڕحی ابن عقیل و فەنناری و مەتووەل و عەقیدەو زانستی میرات .... هتد) مۆڵەتی مەلایەتی لە خانەقای شێخ مستەفا وەردەگرێت ، لە وێندەرێ هاوکاری دەبن و ڕەوانەی دەڤەری گۆرانەتی دەکەن ، ســاڵی ١٩٥٧ لەگوندی کەونەباکی ســەر بە ناحیەی بەردەڕەش دەبێتە مەلا ، زیاتر لە ١٥ســـاڵان بە مەلایەتی خزمەتی گوندی کەونەباك دەکات لە گوندی بە (مەلای پیر) ناویان دەبرد ، بە ئەرکی ســەرشــانی خۆی زانیبوو وانەی زانســـتە ئاینییەکان وانەی ئاینی بە دەیان فەقێیان دابوو بوونە مەلا لەوانە( مەلا صــدیقی کوڕی ، مەلا ئادەمی چـاربۆتی و شـەمسـە الدینی برای ، مەلا ئیسـماعیل زێباری ، مەلا خالیدی چـاربۆتی ، مەلا عبدالرحمان مەلا تەهای دارەتوو ، مەلا عبدالعزیزی زمزمۆکێ ، مەلا صالح حاجی عومەڕ دالەرێ ، مەلا میران گۆمەزەرد .

لە ڕۆژی١٠/ ٧ /١٩٧٣لەناونوێژی مەغریب کەپێش نوێژی دەکرد کۆچـــی دووایکرد . کوڕی گەورەی مەلا صـــدیق دەســـپێك لای باوکی دەســـتی بە خوێند کردبوو لای زۆر مەلای بەناوبانگی کوردســـتان کتێبە زانســـتە ئیســـلامیەکانی بە ســـەرکەوتویی تەواو کردبوو ، دوای وەرگرتنی مۆلەتی مەلایەتی دەبێتە مەلا لە مزگەفتی ناو بازاری لە ســـەنتەری قەزای بەردەڕەش پێش نوێژو ووتار خوێن بوو ، دوای مردنی باوکیان خێزانی مەلا و منداڵەکانی گرانەوە گوندی تەلەلخێم لەوێندەری عبدالســـلام کوڕی مەلا عبدالله لەســـەر کێشـــەیەکی کۆمەلایەتی تووشی دوژمنداری هاتن باریانکرد چوونە شاری سلێمانی ، مەلا صدیق کوڕێکی بوو ناوی لێنا عبدالله ئەویش لەقەزای بەردەڕەشـــی مەلا بوو باشـــان باری کرد چـوو بۆ لای خالانگەڵانی پێش نوێژو ووتار خوێنە لە ناو سەنتەری ناحیەی حەریر.




## ٢١ ـ مەلا سلێمان عەلی گۆران

ناوی تەواوی ( مەلا سلێمان کوڕی عەلی کوڕی محەمەدسەلیم کوڕی عەلی کوڕی خدر کوڕی بارانی) لە هۆزی زەنگەنەیە ، سالی ١٩٢٤ لە بەردەڕەشی کچکە لە دایك بووە ، لە تەمەنی ٨سالی باوکی قورئانی پێ ختم کردیە ، دەستی بە خوێندنی کتێبەکانی ئاینی کردووە ، خزمەتی سەربازی تەواو دەکات باوکی ڕەوانەی ناو فەقێیانی دەکات لە گەڵ مەلا عبدالرحمانی پیرچاوش دەچنە گوندی مێرسەیدا کتێبی (نەحو و سەرف ) دەخوێنن ، پاشان دەچنە لای سەیدا (ئەحمەدی خێل) لە مەدرەسەی ئاکرێ کتێبی (سیوتی و جامی ) دەخوێنن ، لای مەلا سەلیم ئاکرەیی کتێبی فقە و شەڕیعەت و تەفسیر دەخوێنن ، پاشان لە گەڵ چەند فەقێیەك دەچنە هەولێر لای مەلا صالح گۆزەپانکەیی کتێبی( اصول الفقە و جەمع الجوامع... ) دەخوێنی ، دێتە گوندی بشیریان لای مەلا تەیب دووشیوانی بەردەوام دەبێت لە خوێندنی زانستە ئیسلامییەکان بە ماوەی ٩نۆ سالٚ نیو دەخوێنی دەبێتە مەلایەکی ١٢عیلم لای مەلا شەریفی گوندی بشیریان (مۆلەتی مەلایەتی دوازدە عیلم بە دەستدەهێنیت ).دەسپێك بۆ مەلا لە گوندی قاتێسی گەورە پاشان دەبیتە مەلای مرێبا ، لەوێ باردەکا لە سالی ١٩٦١دێتە گوندی زەنگەنان بۆ ماوەی ١١یازدە سالان دەمینێتەوە ، پاشن دەگەرێتەوە گوندی خۆی .

ئەو فەقێیانەی لای جەنابی خوێندوویانە بوویتنە مەلا ئەوانە بوون: (مەلا عەمەر بێساتی ، شەهید مەلا ئەکرەم سەعدی ، مەلا میکائیل دەربێستان ، مەلا صالح دالەڕێ ، مەلا خدر و ناصح و ئەیوب و فتاح دانیشتوانی گوندی پەلاسان بوون ، مەلا ئیسماعیل شیوەڕە ، مەلا خالد عزیز قەچۆ ، مەلا محەمەد و مەلا سلێمان عەلی زەنگەنان.... ) ئەو زاتە کەسێکی خواپەرست بوو ، تەسەوفێکی زۆر جوانی پەیڕەو دەکرد ، زۆر بە حەیاو شەڕم بوو ، لەسەر میمبەر بەراستی ووتاری دەخوێندەوە لایەنگیری هیچ لایەك نەبوو ، لە مال دەیگۆت دەترسم رژێمی بەعس بانگم بکەن لە سێدارەم بدەن ، ، بەیانیەك لە خەو هەستا گوتی کەس ناتوانی دەستم بۆ درێژبکات، سێ جار سەردانی مالی خوای کردبوو ، مامۆستا یەکجار ژیانی هاوسەرگیری پێکهینابوو پێنج کوڕ(مامۆستا محەمەد ، ئەحمەد ، عەلی ، ئیسماعیل ، ئیبراهیم )و سێ کچی هەنە ، پێش مردنی دەیگۆت حەزدەکەم تەمەنم وەکو پێغەمبەری نازدار (د . (٦٣)سالٚ بێت و لەناو خەو بمرم ، سەر لە بەیانی ڕۆژی ١٩/ ١٠ /١٩٨٩لە نوێژی بەیانی گەرایەوە کۆچی دووای کرد خوا لە مردووی هەمموو لایەك خۆشبێت [٢٣٠]

---

٢٣٠ لە مەلا عبدالرحمان مەلا تەها پێش نوێژو ووتار خوێنی مزگەوتی گەورەی ناحیەی دارەتوو و ماموستا محمد وەرگیرایە .




**۲۲ـ سەيد فاخر محەمەد محمود ئيسماعيل الرفاعى:**

سـەيد فاخركوڕى سـەيد محەمەد كوڕى سـەيد مەحمود كوڕى سـەيد ئيسـماعيل البەصـرى(۱۲۱۰ /۱۲۸۳) ك ( ۱۷۹۵/۱۸٦٦) ز كوڕى عەبد كوڕى رەسول كوڕى محەمەد(ناسراو بە شێخ محەمەد باك) ى كە يەكەم كەس بوو لەبەر فارسـەكان سـالّى(۱۱۹۰ك /۱۷٦٦) هاتبوو گوندى باكى لەقەزاى بەردەڕەش ، ئێستا كاولە گوندە سەربە هەڤارى گوندى كەونەباكە ، شێخ محەمەد سالّى(۱۲۱۰ك /۱۷۹۵ ز) لە گوندى باكى كۆچـى دوواى كرد قەبرى لە سـەر خرابەى باكييە ئەوكوڕى مەحمودى براى سـەيد ئيبراهيمى بەصـرا بوو سـالّى(۱۱۵٦ك/۱۷۵۱ز) . سـەيد فاخر سـالّى (۱۳٤۷ك/۱۹۲۸ز) لە گوندى خێلەكى لە دايك بووە لە سـەر دەسـتى مەلا حەسـەن خێلەكى قورئانى ختم كردبوو ، تاكو پۆلى سـێيەمى سەرەتايى خوێند لە سەر داواى باوكى قوتابخانەى بەجێهێشت گوايە عيلمى شەيتان دەخوێنى ، لاى خالى مەلا ئەحمەدى كوڕى خەليفە وانەكانى ئاينى دەخوێند ، لاى ئەو زانايانە زانسـتەكانى ئيسـلامى خوێندووە: لە كەركوك لاى مەلا عومەرکنبدى ، حاج مەلا عەلى فەتح الله ، حاج مەلا عبدولمەجيد گرِاوى ، ۱۵ / ٤ / ۱۹۵٦ لە هەولێر لە سـەر دەسـتى شـێخ مسـتەفا نەقشـەبەندى مۆلەتى مەلايەتى پێدرا . لەو مزگەوتووانە پێش نوێژو ووتارى خوێن بووە : مزگەوتى قەزاى قورنە لە بەصـرا ، لە مزگەوتى قەزاى مەندەلىّ ، مزگەوتى ناحيەى كەنعان ، لە سـالّى ۱۹۷٦گواسـتراوە بەغدا ، لە سـالّى ۱۹۸۲گواسـتراوە بۆ ناحيەى ئەسكەندەريە لە بابل ، لە سەر ئامۆژگارى مامۆستا عبدلكەريمى مودەرس سالّى ۱۹۹٦كرا بە بەرێوەبەرى قوتابخانەى سـەيد ئەحمەدى رەفاعى ، پاشـان خانەنيش كرا لە گوندى (ئەبوفشـگە)سـەر بە ناحيەى حمام عەليل لە موسـل دادەنيشـت خۆبەخش خزمەتى مزگەوتى گوندى دەكرد ، سـەيد فاخر كتێبخانەيەكى گەورەى هەبوو وەسـيەتى كردبوو جەنازەى لە قەبرسـتانى گوندى زەنگەنان بە خاك بسـپێرن ، هەروەها كتێبخانەى بگوازنەوە گوندى زەنگەنان ، لەبەر ئەوەى كەسـى خەمخۆر نەبوو هەردوو وەسـيەتى نەهاتە جىّ ، ۷ كتێبى چاپكرايە ۱۲ دەستنووسى چاپنەكرايە ، سەيد فاخر دوو براى هەبوو سەيد مەحمود لە دايك بووى (۱۹۳۰) مندالّى نوبوو ، مامۆسـتا سـەيد ئەمين لە دايك بووى(۱۹٤۳) مندالەكانى (محەمەد ، يونس ، يوسـف ، احمد) ، سـەيد فاخر خێزاندار بوو مندالّى نەبوو سـالّى ۲۰۱۵ز كۆچى دووايى كرد . [231]

---

۲۳۱ ـ جاسم عبد شلال كتێبى(علماء قدمواالى موصل من كورد ومن كوردستان) ، ل۳۰۲



## ٢٣ـ سەید محەمەدی  بەردەڕەش ی کچکە :

سـەیـد محـەمـەد کوڕی سـەیـد محـەمـەد تـاهیر کوڕی سـەیدمحەمەدکوڕی سـەیدئەبابەکرە نەوەی شـێخ محی الدینی کوڕیشێخ حەسەنی گولەزەردە لە بنەماڵەی سەیدەکانی بەرزنجینە ، لەگەڵ میرحەسەن بارانی دەکاتە برازای میر ئیسماعیل زەنگەنە هەندێك دەڵێن برای بووە ، لە ناوچەی کفری هاتوونەتە کەرکوك ئەو سەیدانەی لە گەڵ خۆی هینایتە گوندی  بەردەڕەش ی کچکە لە دەڤەری گۆرانەتی . سەید محەمەد لە ساڵی١٩٢٩ لە گوندی  بەردەڕەش ی کچکە لەدایك بووە نزیکەی ٩٥نۆهەت پێنج ساڵ ژیاوە ، باوکی سەید محەمەد تاهیرلە دایك بووی ساڵی ١٩٠٤زلە ساڵی ١٩٥٩کۆچی دوای کردووە ، پەیوەندیان بەهێزە لە گەڵ کەسایەتییەکانی دەڤەری گۆرانەتی و ڕێزێکی تایبەتیان هەیە لە ناو خەڵکی ئاواهی [٢٣٢]خانەوادەکەیان دەڵێن باپیرە گەورەیان ناوی سـەید عبدولرەحمان بووە نەوەی سـەید قەلەندەرە ، لەبەرکێشـەیەکی کۆمەلایەتی دەکەوێتە  نێوانیان لەگەڵ حسـن بارانی کە دەکاتە باپیرە گەورەی مامۆسـتا ئیسـماعیل ئەحمەد خدر سـەرپەرشـتیاری خانەنشـین لە پەروەردەی قەزای  بەردەڕەش  لە کفری دێنە گوندی  بەردەڕەشـی کچـکە لە کۆنەوە ناوی بەردەڕەشـی کچـکە بە بەردەڕەشـی کوێخا خدری ناودەبرا  سـەید محەمەدامین دەکاتە کوڕی گەورەی سـەید مەحەمەد سـاڵی ١٩٥٧ لە گوندی بەردەڕەشـی کچـکە لە دایك بووە: سـاڵی ١٩٨٥ باخچـەیان کردبوو ڕۆژێك سـەید محەمەدامین بارێك تەماتە بە پیکەبی خۆیان باردەکات بۆ کەمپی تەرە فرۆشـتن  بۆ  موسـل دەبات دوای فرۆشـتنی بارەکەی دەچـێتە جێشتخانەیەك نان بخوات ، چەند کەسێك لەبەر دەرگای جێشتخانەکە سیارەکەی مام سەیدی دەدزن ، دەپرسـی هاوار دەکات بێ سـوود بوو ، بە غەمباری دەگەرێتەوە ماڵێ ، وەکو تازیە خەڵك سـەردانیان دەکات ، دوای نوێژی عەشـا لە خوای خۆی زۆر دەپارێتەوە و دەنویت لە خەوئاگاداری دەکەنەوە پێیان گۆت :بەیانی هەرو ناوچەی باعەدرێ لای شێخ شەمۆی ئێزدییان سیارەکە وا لە گوندی (دۆغات) ی ئێزدخانە شاردرایتەوە  بەیانی بە دوای دەوسی خەونەکەی خۆی رۆیشت بەسەرهاتی خۆی بۆ شێخ شەمۆی ئێزدی گێرایەوە ، شێخ شەمۆ گوتی سیارەی خۆت ببەوە بەس شکایەتمان لێنەکە ، مام سەید سەیارەکەی خۆی هینایەوە . [٢٣٣]

---

٢٣٢ ماموەسـتا مەلا عبدالرحمان مەلا تاها پێشـنوێژو ووتارخوێنی مزگەوتی گەورەی ناحیەی دارەتوو ،دەستنووس(مەوسوعەی ئەهلی عیلم و عیرفان ، زانایان و شێخەکانی کوردستان )٩بەرگە.

٢٣٣ـ کۆڤاری خازر ژمارە(١٠) ئابی ساڵی (٢٠٠٩) (ژیاننامەی سەید محەمەد سەید محمد تاهر) .



## ٢٤ ـ ملا عبدالرحمن مەلا تەها ئۆرمزیار:

ملا عبدالرحمن مەلا تەها عبدالعزیز حاجی پیرداوود لە هۆزی ئۆرمزیار ، مەلای ناحیەی دارەتوو سەر بە قەزای بەردەرەش ، لە ساڵی ١٩٥٣ لە گوندی ئێلنجاغی سەیدەکانی سەر بە ناحیەی قۆشتەپە لە دایك بووە ، لە تەمەنی هەفت ساڵی لە خزمەت باوکی سیپارەو جزووی عەممەی خوێندووە ، بەردەوام دەبێت لە خوێندنی زانستە ئیسلامییەکان ، دەگەرێتەوە شاری هەولێر لەگەڵ چەند مامۆستایەکی ئاینی تاقیکردنەوە لە وەزارەتی ئەوقاف پلەی سەرکەوتوو بە دەستدەهینێ مۆلەتی مەلایەتی وەردەگرێت ، بۆ وەرگرتنی مۆلەتی ووتار خوێندن دەچێتە بەغدا لە لایەن لیژنەیەك تاقیکردنەوە ئەنجامدەدات مۆلەتی ووتارخوێندن بە دەستدەهینێت ، لە ساڵی ١٩٩٠ بڕوانامەی زانستی ئیسلامی هەموار دەکرێت بە دەرچووی شەشەمی ئامادەیی خوێندنی ئیسلامی هەژماردەکرێت ، بەردەوام چەند فەقێیەك لە خزمەت مەلا وانەیان خوێندووە بوونە مەلا لەوانە (مەلا شوکور عوسمان ، مەلا ئیبراهیم کانیلانی ، مەلا عبدالفتاح کۆچەر میرانی ، ملا عبدالرحمن مەلا تەها عبدالعزیز کەسایەتیەکی ناوداری دەڤەری گۆرانەتی یە ، رۆڵێکی بەرچاوی هەیە لە چارەسەرکردنی کێشە کۆمەلایەتیەکان ، پەیوەندییەکی بە هێزی هەیە لە گەڵ شێخ و سەیدەکانی دەڤەری گۆرانەتی بەگشتی بە تایبەتی لەگەڵ شێخەکانی هەردوو تەکیەی رۆڤیاو تەکیەی گەڵی عبدالعزیز لە ئاکرێ .

بەرهەمە چاپکراوەکانی نووسەر و رۆشنبیر مەلا عبدالرحمان مەلا تەها :

١ ـ دراسات وابحاث حول حیاه خدر والیاس چاپی موصل ١٩٩٥

٢ ـ مصباح القلوب ومفرج القلوب. دوو بەرگە لە ساڵی ٢٠٠٩ لە وەزارەتی رۆشنبیری چاپکرایە

٣ ـ تەفسیری ژیانی ئینسان بۆ لێکدانەوەی واتاکانی قۆرئان ٨ بەرگە .

٤ ـ ئیعجازی قورئان لە گەڵ فەرموودەکانی پێغەمبەرمان ساڵی ٢٠١٩.

٥ ـ ژیاننامەی ئیمامی شافعی ساڵی ٢٠١٠ چاپکراوە .

٦ ـ سیرەت و ژیاننامەی زاتی رەهبەر دوو بەرگە ٢٠١٠ چاپکراوە .

٧ ـ ئامۆژگاری بۆ خاوەن باوەڕان کۆمەلە ووتارن بۆ رۆژانی هەینی ساڵی ٢٠١٢ چاپکراوە.

٨ ـ تاوانە گەورەکان لە ڕوانگەی ئیسلام چەند جار چاپکراوە .

٩ ـ مەوسوعەی فیقهی حەج و عومرە لە ساڵی ٢٠١٠ چاپکراوە .

١٠ ـ کەنزی عاریفان لە سیرەت و ژیاننامەی پێغەمبەرمان دوو بەرگە ٢٠٢٠ چاپکراوە .

چەند دەستنووسێکی تری هەیە لەهەموویان گرنگتر (مەوسوعەی ژیاننامەی ئەهلی عیرفان لە مێژووی زانایان و شێخەکانی کوردستان ) ٩ نۆ بەرگ دەبێت . ملا عبدالرحمن مەلا تەها ئۆرمزیارلە زۆربەی تازیەو چارەسەری کێشەکانی کۆمەلایەتی ئامادە دەبیت ، لە حوجرەی خۆی کتێبخانەیەکی هەیە بە گەورەترین پەرتووکخانەی دەڤەری گۆرانەتی هەژماردەکرێت ، کەسێکی دڵفرە و مێوان دۆستە ، (٢٣٤)

## ٢٥ ـ حاجی مەلا رەشید مەلای گوندی مۆریلان :

ناوی تەواوی ئەو زاتە مەلا رەشید عوسمان قادرعاشور لە گوندی شەهێ ساڵی١٩٢٥ لە دایك بووە لە عەشیرەتی زێباریە ، تەمەنی دەگاتە ٦، ٧ ساڵانباوکی حاجی وەسمان کورەکەی رەوانەی لای مەلا (کەرەم )باکورمانی دەکات بۆ ختم کردنی قورئان و خوێندنی(نەحو و صەرف)تەواو دەکات ، پاشان بە فەقێیاتی دەچیتە بەحرکە لای مەلا عبداللە دەخوێنی دەبێتە موستەعد ، پاشان دەچیتە شاری سەردەشتی ئیرانی٬لە مەدرەسەی مەلا محەمەدی کتێبەکانی نەحو و بەلاغەو مەنتق و فقهی شافعی دەخوێنی ، بۆ ماوەی ٤ساڵ دەمینێتەوە دەگەرێتەوە باشووری کوردستان لە لای مەلا عبدالکریمی سێبیرانی بەردەوام دەبیت لە خوێندنی زانستە ئیسلامییەکان، پاشان دەچیتە ناحیەی دیبەگە لای مەلا ئسماعیل دیبەگەیی زانستی (جمع الجەماوع) دەخوێنی ، هەر لەوێ لای مەلا ئسماعیل دیبەگەیی مۆلەت نامەی مەلایەتی وەردەگرێت بە فەرمی بەرگی مەلایەتی دەپۆشیت دێنە بادینان لە گوندی مۆریلانی سەر بە ناحیەی دارەتوو لە قەزای بەردەڕەش دەبیتە مەلا (٢٣٥)


## ٢٦ ـ محەمەد بشیر محەمەد تاهر بریفکانی

ساڵی ١٩٠٨ لە گوندی بابا لە بناری چیای مەقلوب لە دایك بووە ، لە تەمەنی هەفت ساڵیدا قورئانی خوێند و دەستی کرد بە خوێندنی زانستە شەرعیەکانی ئیسلام هەروەها تەفسیری قورئان و فەرموودەکانی پیغەمبەر(د . خ ) ، لەتەمەنی ١٦ساڵیداچووبوو ئامێدی لای شوکری ئەفەندی ، لە لای مەلا بەناوبانگەکانی تر زۆربەی کتێبە فیقە و شەرعی ئیسلامی خوێندوە ، لەلای باوکی و حاج محەمەد سلیم بابا مۆلەتی مەلایەتی پێدرا، لە سەر رێبازی تەریقەتی عبدالقادری گەیلانی پەروەردە کرابوو ، زیاتر لە شاری موسل خزمەتی ئاینی ئیسلامی کردبوو

---

٢٣٤ ـ ملا عبدالرحمن مەلا تەها لە هۆزی ئۆرمزیار مەلای ناحیەی دارەتوو سەر بە قەزای بەردەڕەش .

٢٣٥ ـ ملا عبدالرحمن مەلا تەها (مەوسوعەی ژیاننامەی ئەهلی عیرفان لە مێژووی زانایان و شێخەکانی کوردستان نۆ بەرگ دەبێت دوستنووسە ژیاننامەی مەلایەکانی دەڤەری گۆرانەتی بەسوپاسەوە لە بەرێزی وەرگرایە .



## ٢٧ ـ مەلا عبدالموغیپ كوڕی خەلیفە محەمەد سلیم:

ناوی تەواوی عەبدولموغیپ كوڕی خەلیفە مەحەمەدسەلیم كوڕی خەلیفە عەلی كوڕی مەلا میرزاكوڕی مەلا ئەحمەدكوڕی مەلا تەهاكوڕی مەلا ئەلیاس كوڕی مەلا یاسین لە هۆزی گۆرانن عەشیرەتی كێژ تیرەی (پاپیری) .لە ساڵی ١٩٣١ لە گوندیدوبەردانی كچكە لە دایك بووە ، لای باوكی سیپارەو قورئانی پیرۆز ختم كردیە كتێبی (فتح القریب) و فقە شافعی(تصریف العزی) هیتر..... پێنج ساڵانبە بچرپچری لای باوكی دەخوێنی لەبەر ئەوەی خەریكی كاری كشتوكاڵی بوون ، بۆیەبڕیاریدا بچێتە دەرەوەی گوند لای مەلا ئەحمەد وەستانی لە گوندی بابای بناری چیای مەقلوب ، بەردەوام بوولە خوێندنی زانستە ئیسلامیەكان ساڵی ١٩٥٠ ساڵ ونیوێك لای مەلا رەشیدی دەربێستانی گەورە ، پاشان دەچیتە زاویتە لای مەلا دەروێش (شرح المغنی) خوێند ، چوویتە گوندی بادی و بەردەڕەشی كچكەو خورمەلە لە ناحیەی دیبەگەو هەروەها باژیری ئاكرێ لای مەلا ئەحمەد ئاكرەیی و دەچیتە گوندی سوسنا و دەگەرێتەوە ئاكرێ لای سەید عبدالله و مەلا سلیم ئاكرەیی كتێبەكانی زانستی ئاینی دەخوێنێ پاشان دەچیتە باشقال لای ملا پیر فقە و تەفسیری قورئان دەخوێنی ، دەگەرێتەوە گوندی بەنێنان لای مەلا قادر صرف ومنتق دەخوێنێ ، پاشان چووبوو لای مەلا شەریف لە هەولێر، لەوێ چووبوو قەزای دبس و كەركوك لای مەلا عومەڕ لە مەگەفتی خانەقاو مەگەفتی ئیمام قاسم خەریكی خوێندن بوو ڕۆژی ٢٨ / ٤ /١٩٦٢ گوندی دووبەردان لە سەر دەستی چەتەكانی حوكمەت ئاگریان تێبەردابوو بە ناچاری گەڕایەوە گوندی ، زیاتر لە ١٤ چاردە ساڵانخوێندی لەسەر دەستی مەلا محەمەد ئاكرەیی ووتار خوێن و پێش نوێژی مزگەوتێك لە دهۆك مۆلەتی مەلایەتی وەرگرت ، یەكسەر گەڕایەوەساڵی ١٩٦٢ بوو ووتار خوێن و پێش نوێژلە گوندی قایماوە ١٧ هەڤدە ساڵان مایەوە ، لەسەرداوای خەڵكی گوندی كانیلان لە ساڵی ١٩٧٩ لە مزگەوتی گرێگا گواستڕایەوە بۆ گوندی گانیلان تاكو ساڵی ٢٠٠٨ز هاتە خانەنیش كردن . پیاوێكی حەق و رەق راستو دروست بوو هەڵوێستی بەرامبەر رووداوەكان هەبوو، كەسێكی دڵ ساف خواپەرست بوو لە خانەوادەیەكی ئایین پەروەر پەروەردەكرابوو، لە هەرگوندیك مەلایەتی كردبێت رۆلێكی گرنگی هەبووە لە ئاوەدانكردنی مزگەوتێك یان بەرفرەكردنی. مەلای ناوبراو ٨٩ هەشتاو نۆ ساڵانژیاوە شەوی سێشەممە رێكەوتی ١٠ / ١١ /٢٠٢٠ بەرامبەر٢٥ /رەبیعی یەكەم /١٤٤٢ ماڵئاوایی هێكجارەكی لە دونیا كرد [٢٣٦]

[٢٣٦] ـــ بەسوپاسەوە لە بەرێز مامۆستاـ دكتۆرمەلا بەهائەددین عبدالموغیس خلیفە ـ وەرگیرایە

## ٢٨ـ مەلامحەمەد صالح مەلامحەمەدامين الياس



لەدايكبووی ســـالّی ١٩٢٩ لـە گونـدی خێلـەكی دەڤـەری گۆرانەتی سـەر بە قەزای بەردەرەش ، لە تەمەنی هەشـتسـالّێدا دەخرێتە بەرخوێندن لای باوكی دەســـپێك ســـيپارەو قورئانی پيرۆز لەتەمەن ( ٨ ) قورئانی پيرۆزختم دەكات وبەردەوامی دەداتەخوێندنی كتێبەئايينی شـــەرعی وفيقهی وەك فەقێيەك وگشـــت قۆناغەكان و ڕێزبەنەندی خوێندن بەســـەركەوتوويی دەبڕێ تامۆلەتی مەلايەتی بەتەواوی وەردەگرێت وەك باوبوو ئەوكات پێيان دەگۆت مەلای دوازدەعيلم ، حەزوو ئارەزوويەكی بێ ســـنووری هەبوو　عەبدالی خوێندنی زانســـتە ئيســـلامييەكان و عيلم ومەعريفەت بوو ، لەزۆرشـــوێن خوێندوويەتی بۆوەرگرتنی گشـــت جۆرەكانی زانســـتی وشـــەڕعی ، لەم شـــوێنانە دەستبەكار بووە وەك پێش نوێژو وتارخوێنی مزگەوت ( گوندی دووگندان وتۆبزاوە و پەلاسان و رۆڤيا جووجەركچكە ، لەزاری هاوڕيان وهاوتەمەنی باسی مەلا صالح دەكەن دەڵێن شارەزايی زۆری هەبوو لە فەرموودەكانی پێغەمبەر (د. خ )ومەجليس خۆش وقســـەزانێكی بەتوانابوو زۆرحـەزی لـەئـاشـــتـەوايی بووە لـەنـاوخـەڵك وژنی مـارەدەكرد بـەبێ بـەرامبـەرو مرۆڤێكی ســـادەوكۆمەلايەتی بووە ، بەشـــداری خۆشـــی وناخۆشـــی خەڵكی دەكرد ، پەرتووكخانەيەكی زۆرگەورە كە پڕبووە لە كتێبی زۆرگرنگ ودەگمەن وبەنرخ وپڕبەها لە دوای خۆی جێدێلێت ، لەسالّی ١٩٦٧ دەچێتە حەج ، مەلاصالح خاوەن دوو ژن بووە وكۆمەلێك منداڵ( كچ وكوڕ ) ی هەبوو ، دەكاتە باوكی مەلا عبدالله و صـــباح حەلاف و مســـعود وايرمەن ، لەســـالّی ١٩٧١ماڵئاوايی يەكجاری لەدوونيا دەكات. ( [٢٣٧]


## ٢٩ ــ محەمەد رەمەزان نعمان شعبان رۆژبيانی:

لە سالّی ١٩٠٣ لە گوندی خاتوناوەی سە بە قەزای شێخان لە دايك بووە ، لە كوردستان و وولاّتی ســـوريا و لوبنان خوێنديتی ، پاشـــان گەڕاوە موســـل لای قازی ئەحمەد ئەفەندی و حەمدی ئال قەتب لە كەركوك زانســـتە ئيســـلامييەكانی دەخوێند ، لە هەندێ مزگەوتەكانی موســـل ووتاری هەينی خوێندووە ، زۆر قوتابی لە ســـەردەســـتی پێگەيشـــتوونەو بيتنە مەلای بەناوبانگ لەوانە: شێخ ئيبراهيم خلف و شـەهيد مەلا محمودجبوری وسـەيد محەمەدكەركوكی و اكرەم عـبدالوەهاب .مەلای ناوبراو لە ڕۆژی ٨ /٨ / ٢٠٠٣كۆچـــی دووايی كرد ، خوا لە مردووی هەمووومان خۆشبێت.

---


٢٣٧ــ پێزانين لە بەرێز ماموستا عبدالقادر عبدالله سەرپەرشياری يەكەم ، پەروەردەی بەردەڕەش ،وەرگيرايە،

## ٣٠ ـ مەلا محمود مەلا ئەحمەد صالح:



له ساڵی ١٩٢٨ له گوندی بەرازی بچووك له دایك بووه ، تاقانه بووه دایکی ئافرەتێکی به دین و خواناس بووه محمودی کوڕی لەبەرخوێندنی مەلایەتی داناوه تاوەکو جیگای باوکی بگرتەوه ، لەلای مامۆستای بەتوانا سەید ئەحمەد سەید حوسێن کتێبەکانی دەسپێك دەخوێنی وپاشاندەچیته لای مەلا ئەنوەر گلەشینیزانسته ئیسلامییەکان دەخوێنی ، نۆ ساڵی تەواو لەلای مەلا حەسەن رەشید ئێتیتی کتێبه بەناوبانگەکانی زانستی ئیسلامی وەکو فقه و شەڕیعەوتەفسیرو فەرموودەکان به سەرکەوتوویی تەواو دەکات، دەگەرێتەوه گوندی خۆی له ١٩٧٥تا ١٩٩٨ پێش نوێژو ووتار خوێنی مزگەوتی بەرازی کچکه دەبێت ٢٣ساڵ بێ بەرامبەر خزمەنی ئاینی ئیسلام دەکات مزگەوتی کردبوو پەیمانگایەك بەردەوام فەقێی هەبوو به شەو رۆژ و وانەی ئاینی پێیان دەگۆت ، رۆژێك پێش نوێژی عەسر له ناو مزگەوت تووشی جەلتەی مێشك دەبێت له ڕۆژی ٢٦ / ١٠ /١٩٩٨ کۆچی دوای دەکات خوا له مردی هەمووڵایەك خۆشبێت (٢٣٨)

## ٣١ ـ مەلا ئەکرەم حاجی سعدی : ـ




ئەکرەم حاجی سعدی حاجی ئەمین له هۆزی رەشگەرینه دەگەرێنەوه تیرەی قەمبەری ، له وەرزی بەهار ساڵی ١٩٤٨ زاینی بەرامبەر ١٣٦٧کۆچی لەگوندی چەمه له دایك بووه ، تەمەنی هەشت ساڵان بووه باوکی له بەر خوێندنی ئاینی دادەنێت رەوانەی مزگەفتی دەکات لای مەلا( ئەحمەدی مەلا صالح ) سیپارەو جزووی عەممە دەخوێنی تاکو قۆرئانی پیرۆز ختم دەکات ، پاشان دەچیته لای (شێخ تاها شێخ جونەید زێباری) کتێبەکانی دەسپێکی مەلایەتی دەخوێنی ، پاشان دەچیته شاری ئاکرێ له مزگەفتی قازی لای مەلا عەلی مەلا سعید دەخوێنی ، ئەنجا دەگەرێتەوه گوندی زەنگەنان لای مەلا سلێمان چەند کتێبێکی تر دەخوێنی ، هەر بەردەوام دەبێ ساڵی ١٩٦٤ دەچیته شاری هەولێر له مزگەفتی (عبدالقادر دباغ )لای مەلا فایز کتێبه زانسته ئیسلامییەکان دەخوێنی ، هەروەها له مزگەوتی شێخ نورەالدین و مەدرەسەی مەلا صالح گۆزەپانکەیی دەخوێنی لەوشوێنانه وانه به فەقێیانیش دەڵێت، ساڵی ١٩٦٥دەچیته مزگەوتی بەردەڕەش ی کچکه لای شێخ یوسف ئیسماعیل عەلی کتێبی تەصریف و زانستەکانی

---

٢٣٨ ـ به سوپاسەوه مامۆستا رەشید مەلا محمود مەلا ئەحمەد صالح ژیاننامەی باوکی بۆم رەوانه کرد.

تر دەخوێنی ، لە کەڵەك لای مامۆستا ئەبوبەکر دەخوێنی ، لە هەولێر لای مەلا صالح گۆزەپانکەیی کتێبە گرنگەکان دەخوێنی ، ساڵی ١٩٦٧ دەگەرێتەوە گوندی زێلکەی شێخ فخری لای مەلا عزیزی دیبەگەیی دەخوێنی ، ساڵی ١٩٦٨ لە موسل ئەزموونی وزاری دەرەکی (خارجی)دەدات رێژەی نمرەی دەرچوونی (٨٠،٢)بە دەستهێنا بۆ ئەوەی بە فەرمی ببێتە مەلا ، لە ساڵی ١٩٧١ چویتە مزگەفتی تلیتان لە شاری ئاکرێ لای مەلا عبدولرەحمان ماستاوەیی هۆرمزیاری دەخوێنێ ، بەردەوام بووە لە خوێندن تاوەکو بویتە مەلایەکی ١٢دووازدە عیلم ، لە ڕۆژی ٢٥ /٩ /١٩٧٣ ئەزموونی ووتار خوێن و پێش نوێژ ئەنجام دەدات سەرکەوتوو بوو، بەرێزی بوو مەلایەکی فەرمی ، لە ساڵی ١٩٧٣ لە سەنتەری ناحیەی سورچی لە گوندی (بجیل عەلی ) لە شاری مەسل دەبیتە مەلا شارەزاییەکی باش لە زانستی ئاینی ئیسلام پەیدا دەکات ، زۆر جار مامۆستای کولیژەکانی شریعەت دەهاتنە لای مەلا ئەکرەم سعدی پرسیاری ئاینیان لە جەنابی دەکرد وولامی تەواویان وەردەگرتەوە ساڵی ١٩٧٧ دەچیتە شاری موسل لە مزگەوتی یونس نەحوی (شێخ الشت)و پاشان دەگوازرێتەوە مزگەوتی مەلا سەعید لە رۆژهەڵاتی موسل.

رێکەوتی ١٠/١١/٢٠٠٦ لە ناو شاری موسل لە رێگای مزگەفت بە دەستی تیرۆرستان شەهیدکرا بە شەهیدی میحراب هەژماردەکرێت ، تەرمەکەیان هێنایەوە ناحیەی دارەتوو سەر بە قەزای بەردەڕەش بە خاك سپێردرا ، خەڵکێکی هێجگار زۆر بە تایبەتی زانایان و پیاوماقولانی دەڤەری گۆرانەتی بەشداری ناشتنی جەنازەی بوون ، شەش کوڕی هەیە ، هەزاران رەحمەت لە گۆڕی جێگای بەهەشتی بەرینە ان شاء الله .

## ٣٢ ـ شێخ مەلا حەسەن جەمیل:



شێخ مەلا حەسەن جمیل حەسەن مستەفا ڕکاوایی البریفکانی ، ساڵی (١٩٣٨) لە خێزانێکی ئاین پەروەر لە دایك بووە ، دەگەرێنەوە بۆ بنەماڵەی شێخ نورەدینی بریفکانی ، باوکی لە تەمەنی ٧هەفت ساڵی دا هاتوچۆی مزگەفتی پێکردووە ، لە تەمەنی ١٠دە ساڵیدا باوکی لەبەر قورئان خوێندنی داناوە پاشان لە حوجرەی فەقێیان مەنهەجی زانستە شەڕعییەکانی تەواوکردووە لە حوجرەی دیبەگەو ئاکرێ و لە سەنتەری دهۆك خوێندویەتی هەروەها لە حوجرەی فەقێیانی مەلاکانی گوندی گردەپان و بەنێنان و دووگوندانی گەورەو ، لە لای مەلا ئەنوەر گلەشینی لە گوندی گلەشین و هەروەها لای مەلا ئەحمەد هۆستانی لە گوندی بابا زانستە شەڕعییەکانی ئاینی ئیسلامی خوێندووە ، لای مەلا صالح مەلا کەرەم گۆڤەیی و هەروەها لای مەلا ئەحمەد و مەلا سلیم ئاکرەیی و مەلا حوسێن سپیندارى ، لای مەلا عوسمان جبوری و شێخ عمر نیعمە خوێندوویەتی ، ولە کۆتایی چووبوو قوتابخانەی ئاینی لە

ناو مزگەوتی نەبی شیت لە پارێزگای موسل لە سەر دەستی عەلامەی بەناوبانگ مەلا عوسمان الموسلی مۆلەتی مەلایەتی بەپلەی یەکەمی سەرکەوتوو بەدەست دەهێنێت .لە دەسپێکی ساڵی پەنجاکان ببوو پێش نوێژو ووتارخوێن  لە مزگەوتی گوندی بەرازی گەورە لە بناری چیای مەقلوب ، سەرەڕای زمانی عەرەبی بایەخی بە زمانی دایك و رێزمانی کوردیدەدا  ،  هەروەها ووتاری هەینی خوێندووە لە مزگەفتی ئاڤدەل ئاغا و مزووری لە ئاکرێ، زۆر هۆنراوەی نووسیوە لە سەر شێوازی هوزانەکانی جزیری و نالبەندو ڤانع و مەولەوی .قوتابخانەی ئاینی لە مزگەوتی ئاکرێ گەورە  کرایەوە شێخ مەلا حەسەن  ببوو مامۆستا شارەزابوو لە فیقە و شەرِیعەت و دابەشکردنی میرات ،  لەو قوتابخانەیە  رۆلێکی بەرچاوی هەبوو لە پێگەیاندنی قوتابیان بە ئاستێکی بەرز ،  شێخ مەلا حەسەن تووشی نەخۆشییەکی درێژخایەن هاتبوو هەردەهات باری تەندروشتی تێکدەچوو  ،

لە ڕۆژی٢٣ /١ /٢٠١٤کۆچی دوای کرد، تەمەنی گەیشتبوو (٧٥)ساڵی ، کوڕەکانی بەرێز عابد دکتۆرا لە شەرِیعەی ئیسلامی مامۆستایە لە زانکۆی دهۆك ،  مامۆستا عزالدین لە زانکۆی دهۆك  ،  هەروەها شێخ جمالْ سەرپەرشتیاری پەروەردەی لە پەروەردەی قەزای ئاکرێ .[239]

## ٣٣ ـ مەلا ئەنوەر سێکانی :

مەلا ئەنوەر کوڕی مەلا مستەفایە کوڕی ئیبراهیم ساڵی ١٨٨٦لە گوندی سێکانی گەورە لە دایك بووە  ،  لای باوکی سیپارەو ئادابی ئیسلامی و خەتمی قورئانی لای باوکی تەواوکردبوو لە مەدرەسەی ئاینی ئیسلامی لە مزگەفتی گوندی دووسەرە لە لای شێخ شمس الدین هەندێ زانستی ئاینی و تەفسیری قورئان و راڤەکردنی فەرموودەکانی پێغەمبەر(د . خ)خوێندبوو  ،  دوای تەواوکردنی خوێندنی زانستە ئیسلامییەکان لەلای مەلا بەناوبانگەکان مۆلەتی مەلایەتی وەرگرت ،  نزیکەی ٥٠ساڵ پێش نوێژو ووتاری خوێنی گوندی سێکانی گەورە بوو خزمەتی ئاینی ئیسلامی پیرۆزی کردبوو  .پیاوێکی دیندارو ئاشتیخواز بوو  ،  کێشە گۆمەلایەتییەکانی گوند و گوندەکانی دەورووبەری چارەسەر دەکرد ،  لە ساڵی١٩٣٩ئەرکی حەجی ئەداکرد  ، توشی نەخۆشییەکی گران هاتبوو دوای شەشمانگ نەخۆشی ڕۆژی جوارشەممەی کۆتا ڕۆژی رەمەزانی ساڵی ١٣٨٠ك کۆچی دوای کرد بەرامبەر ٣٠ئاداری ساڵی ١٩٦٠ساڵی زاینی  ،  خوا عەفووی بکات و لە مردی ئێمەش خۆش بیت.

---

٢٣٩ـ .شێخ جمالْ شێخ حسن سەرپەرشتیاری خانەنیش ، بە سوپاسەوە ژیاننامەی باوکی بۆم رەوانەی کرد .



## ٣٤ ـ مەلا صابر کاکل شێخۆ

لە ساڵی ١٩٤١ لە رێزە گوندی بەربنی بناری چیای ئاکرێ لە گوندی سوسنا لە خانەوادەیەکی خودا ناس کورد پەروەر چاو بە دونیا هەڵدەینیت ، هەر لەسەرەتای منداڵی کەسێکی هێمن و لە سەر خۆبوو ، هەر لە تەمەنی هەشت ساڵی سیپارەو ئادابی ئیسلامی و  قورئانی پیرۆز خەتم دەکات ، زانستی ئاینی ئیسلامی  و تەفسیری قورئان و راڤەکردنی فەرموودەکانی پێغەمبەر(د . خ)خوێندبوو ،  دوای تەواوکردنی خوێندنی زانستە ئیسلامییەکان ، مامۆستا مەلا صابر بەردەوام بە دوای خوێندن دەگەڕا لە هەولێرو ئاکرێ لای مەلا بەناوبانگەکان زانستی وەرگرتووە تاکو باش شارەزابوو لە فیقە و شەریعەت و دابەشکردنی میرات ،

کەسێکی کورد پەروەربوو لە ساڵی ١٩٦٣ چەکی پێشمەرگایەتی لە شان دەکات بۆ ئەوەی بەرگری لە خاکی کوردستان مافە بەشخوراوەکانی نەتەوەکەی بکات و چۆکی دانەنا ، دووای نسکۆی شۆرشی ئەیلول ئاوارەی ئیران دەبێت ، پاشان دەگەرێتەوە گوندی خێلەکی ، ٦٠شێست ساڵ ووتار خوێن و پێش نوێژی لە مزگەونی گوندی خێلەکی دەکات ، لە وتارەکانی بابەتی ئاینی و کوردایەتی بە دیدەکرا ، ماوەیەکی درێژ لە گەل بەرێزان (مەلا رەشید خلیفە زەنگەنان ، مەلا خالد زێباری ..... ) ناوبراو ئەندامی یەکێتی زانایانی ئاینی ئیسلام بوو لە ئاکرێ ،

تەمەنی نزیکی  هەشتا ساڵ ببوو  لە سالی ٢٠٢١ رۆژەکێ لە سەر میمبەر گەردەن ئازایی لە خەلکی گوندی خێلەکی خواست لە بەر ناجێگیری باری تەندروستی ناتوانێت بەردەوام بێت لە خوێندنی ووتاری هەینی ئەو ئاخافتنەی ناخی خەلکی هەژاندو سۆفیەکانی چاویان پڕبوو لە گریان ، مەلا ٧ هەفت خوشك و ٤ چار برای هەبوو ، لە ژیانی خۆی  دوو جار پرۆسەی هاوسەرگیری ئەنجامدابوو بەلام هیچ منداڵی نەبوو .

کوردایەتی لە ناو دڵ و دەرونی چەسپابوو لە رۆژی ریفراندۆم سوجدەی شوکری بۆ خوای خۆی بردبوو کە بە چاوی خۆی ئەو رۆژەی دیت دەنگ بە سەرخۆبوونی کوردستان بدات  .

لە ساڵی ٢٠٢٢ توشی نەخۆشی کرۆنا دەبێت چەند مانگێك لە ناو جێگا دەبێت دوای چاکبوونەوەی توشی جەلتەی مێشك دەبێت باری تەندروستی ناجێگیردەبێت ،

لە ١٢ / ٦ /٢٠٢٢ماڵئاوایی یەکجارەکی لە ئازیزانی کرد لە گوندی سوسنا بە خاك سپێردرا .



## ٣٥ ـ یاسین سلێمان محەمەد :

لە ساڵی (١٩٦٦) لە گوندی کەونەباکی سەربە قەزای  بەردەڕەش لە دایك بووە  ، لە قوتابخانەی حکومی وانەی نەخوێندووە ،  بەڵام لەبەر ئەوەی زۆر حەزی لە علیم ومەعریفەو زانستی ئیسلامی بوو هەروەها لە خێزانێکی دیندارو ئاین پەوەر ژیابوو ، لە سەر دەستی باوکی قورئانی پیرۆزی ختم کرد و باوکی بای خۆی زانیاری لە سەر زانستە ئیسلامییەکان هەبوو لە گوندی بە مەلا سلێمان ناودەبرا ئەگەر مەلا حازر نەبایە پێش نوێژی دەکرد ووتاری هەینی دەخوێندەوە ، مەلا یاسین لە گوندی شوان بوو سەرەڕای هەندێ لای باوکی قورئانی ختم کردو هەندێ لە کتێبە شەرعیەکانی دەسپێکی خوێندتی مەلایەتی لای باوکی دەخوێند ،  پاشان هاتە ناو سەنتەری بەردەڕەش ی لای مەلا ئەحمەدی براگەورەی لای شێخ سعدالله محەمەد ناسراو بە (مەلا نوری) ،  هەروەها لای سێخ نوری ئەترۆشی دەیخوێند ،  بۆ ماوەی چار ساڵ لە رێگای حوجرەی فەقێیان زانیاریەکی باشی لەسەر زانستە ئیسلامییەکان بە دەستهێنا ،  ساڵی ١٩٨٦ چووبوو شاری موسل لەوێ مۆلەتی زانستی وەرگرت وەکو پێش نوێژو ووتار خوێن لە مزگەوتی (بشار قەلەندەر)دامەزرا پاشان گواستراوە بۆ گەورەترین مزگەونی ناو شاری موسل مزگەوتی(زهراء الکبیر) زەهرای گەورە ، لەو کاتی سوودی لە زانستی مەلا بەناوبانگەکانی موسل وەرگرت لەوانە(شێخ مستەفای پێنجوینی) و (شێخ صادق محەمەد مزوری)زانایانی تر . رژێمی بەعس لەو سەردەمی چاودێریان دەکرد ناچاربوو شاری موسل بەجێبهێلیت و بگەرێتەوە زێدی بابوباپیرانی لە کوردستان ،  لە ساڵی ١٩٩٣ لە سەر داوای گوندی کەونەباك بە ووتار خوێن و پێش نوێژ لە مزگەوتی گوندی کەونەباك دامەزرا ،  باشان گواستراوە بۆ سەنتەری  بەردەڕەش ، پێش نوێژ ووتار خوێن لە مزگەوتی(حی المعروف) ، سەرەڕای ئەوەی لە قوتابخانە فەرمیەکانی حکومی دەوامی نەکردبوو بەڵام لە رێگای وەزارەتی ئەوقاف لە هەولێر ئەزموونە دەرەکی (الامتحان الخارجی) ئەنجامدا بەپلەی نایاب بڕوانامە دوواناوەندی بە دەستهێنا ،  دووایی بۆ وەرگرتنی بڕوانامەی ماجستێر لەزانکۆی ئیمامی ئەعزەم وەرگیرا .ساڵی ٢٠٠٣گەڕایەوە ساری موسل ببوو پێش نوێژو ووتار خوێن لە مزگەوتی زەهرای گەورە  ،  لەوێ بۆ خێزانی هەژارو نەداران سندوقی هاوکاری دامەزراند تاکو ببوو کۆمەلەیەکی خێرخوازی گەورە  ،  مانگانە (١٥٠)خێزانی هەژار هاوکاریان  وەردەگرت. بە دلەکی فرە بە بێ دەمارگیری دانوستاندنی لە گەڵ هەموو کەس دەکرد ،  خێزاندار بوو لە ژیان قەناعەتی هەبوو  ،  لە دوای خۆی نۆ منداڵی بە جێهێشت  ،  بە دەستی تیرۆرستان لە ناو شاری موسل لە ٤ی رەمەزانی ساڵی١٤٢٨ رێکەوتی ١٦ / ٩ / ٢٠٠٧ شەهیدکرا .

## ٣٦ ـ سەید محەمەدی کەڵەکچی



(بـسـم الله الرحمـن الرحيـم) (اِنّ  الَّذِينَ يُبَايعُونَكَ اِنّمَايُبَايعُونَ اللّهَ يَدُاللّهِ فَوْقَ اَيْدِيهِمْ فَمَن نّكَثَ فَاِنّمَايَنكُثُ عَلَي نَفْسِهِ وَمَنْ اَوْفَي بِمَا عَاهَدَ عَلَيْهُ اللّهَ فَسَيُوْتِيهِ اَجْرًاعَظِيمًا)    صدق اللة العظيمبەرێزمام( سەید محەمەدسەید مستەفا نەوەی شێخ عبدالقادری گەیلانی) یەناسـراوەبە ( سەیدمحەمەدی کەڵەکچی ) خزمەتێکی زۆری تەریقەتی قادری و تەکیاو خانەقاو مزگەوتی ناحیەی کەڵەکچی کردووە ،   کەسێکی ئاینی ناوداری دەڤەری گۆرانەتیە ، دەستێکی بالای لەهەموو بوارەکانی کۆمەلایەتی وسیاسی وئاینی وسولحی عەشایری هەبووە ...خانەوادەیەکی ناوداری دەڤەرەکەمانن لە ناو خەڵکی رێزێکی تایبەتیان هەیە  ، منداڵی خۆی لەسەر رێچکەی تەسەوفی  بابو باپیرانی بە جوانی پەروەردە کرانە  ، لەبەر ئەوەی مام سەید محەمەد تەمەنی نزیکی هەشتا ساڵ بووە و بەهۆی ناجێگری باری تەندروستی و ناتوانێت وەکو پێویست بەردەوامبێت لەخزمەتکردن. بۆیە ئەم ساڵ ٢٠٢١لە دوای جەژنی قوربانی پیرۆز لەمەراسیمێکی تایبەتدا هەڵسا بەدەستنیشانکردن ودەستاودەست کردنی جێنشین نامەی تەریقەتی قادری بەکورەکەی خۆی بەرێز( سەید احمد سەید محەمەد کەڵەکچی ) بوو شوێنگرەوەی خۆی بۆبەرێوەبردنی کاروباری ئاینی وکۆمەلایەتی وخزمەتکردن بەگشت چینی کۆمەلگاو درێژەپێدەری هەمان رێچکەورێبازی پیرۆزی تەریقەتی قادری. کورتەیەك لەژیاننامەی بەرێز(سەیداحمد)دەبێتە ڕابەری تەریقەتی قادری وشوێنگرەوەی باوکی بەرێزی ....

ناوی تەواوی ( سەید احمد سەید محەمەد سەید مستەفا ) یەلەدایکبوویـ ١٩٧٦ ـە.دەرچووی کۆلێژی ئیسلامیە و بروانامەی ماستەری لە بواری شریعە لەوەلاتی لبنان بەدەست هێنایە وئیێستا قوتابی دکتۆرایە لەهەمان بەشدا ، ماوەی ٢٦ ـ ساڵە ئەزموونێکی زۆری هەیە لەووتاربێژی وپێش نوێژی وخزمەتکردنی ئاینی پیرۆزیئیسلام و پەروەردەکردنی تاکی کۆمەلگا وخزمەتکردن و چەسپاندنی پێکەوەژیان بەفرەی ئاینەکان وەکوموسڵمان ومەسیحی وئێزدی ونەتەوە جیاوازەکان ودلسۆزی بۆخاك ونشتیمان هەیە  ، هیواخوازین جێگای ڕەزامەندی باوکی بەرێزی بێت خوای گەورە سەربەرزوسەرفرازوسەرکەوتووی دونیاو قیامەت بکات .


## ٣٧ ــ خالد عبدالعزیز ئیسماعیل گۆران:

ساڵی ١٩٦٥ لە گەرەکی نوعمانیە لە شاری موسل لە دایك بووە ،  زانستە ئیسلامییەکانی لە سەر دەستی مامۆستایانی ئاینی :شێخ عبدالله عومەڕ سولتان گردەشێری و شێخ محەمەد رەحالی و شێخ حەسەن ئەحمەدعبدالقادر بریفکانی و شێخ ئەحمەد تەتەر بیسری  ،  لە ساڵی ١٩٨٢ لە کولیژی شەریعەی بەغدا وەرگیرا،  لە زانایەکانی ئاینی موسل زانیاری باشی لە سەر فیقە و

شەڕیعە و حەدیس و تجوید وەرگرت ،  شێخ سەمیرسالم لە رێکەوتی ٢٥ ی رەمەزانی سالی ١٩٩١ لە ناو مزگەوتی نەبی یونس لە مەراسیمێکی خنجیلانە مۆلەتی مەلایەتی پێبەخشرا

لەو مزگەوتووانە ووتاری خوێندووە : مزگەوتی حافز ، مزگەوتی جویجانی ، مزگەوتی زی النورەین ، مزگەوتی عبادی ، مزگەوتی کەرامە ، مزگەوتی قەزای مەخمور ، مزگەوتی سەید ئەحمەد لە گوێر ، زۆر قوتابی لە سەر دەستی خوێندویانە  بوویتنە مەلای بەناوبانگ .

## ٣٨ ـ مەلا فازڵ :



لەدایکبووی ١٩٢٥/٧/١و لەسالی ٢٠٠٠ دا کۆچی دوایی کردووە ، نـــــاوی تەواوی (فـــــازڵ حەسەن جەردیس خۆشیکان)ە ، خۆشیکان نازناوی باپیریەتی. لەکۆتایی تەمەنی مالی خۆی بردە مووسڵ و لە گەڕەکی کەرامە کۆچی دوایی کرد ، کەس نیەلە دەڤەری گۆرانەتی گوێ بیستی ناوی مەلا فازڵ نەبوبێت . زۆر دلتەڕو حەزی لە سەفەر بووە ، هاتوچۆی گوندەکانی ئێرانی دەکرد ، پیاوێك بوو نوشتەی بۆ خەلکی دەکرد ، دەلێن مەلا دوو پەرتووکی گەورەو بچووکی هەبوو ، ئەگەر شتێك لەنێو پەرتووکی بچووك نەبوایە لەنێو پەرتووکە گەورەکەی دەدۆزیەوە. نووشتەی بەناوبانگی دووگۆشە و سێ گۆشەو چوار گۆشەی دەکرد ، پێشان بۆ هەر گۆشەیەك دەرهەمێك و بەم دواییەش هەزار دیناری چاپی عیراقی وەردەگرت . خەلك بۆ گەیشتن بە مرازی خۆیان لە خەلوتخانەکەی خۆی لە گوندی کانیلان سەردانیان دەکرد ، شتی ئەنجام دەدا بێ وێنەبێت ، زۆر کەس ساغن کە بە چاوی خۆیان بینیویانە بە سەرهاتەکانی دەگێرنەوە ، مەلا فازڵ کوردە لە عەشیرەتی گۆرانە و لە تیرەی چۆپانییە و بە ئەسڵ خەلکی گوندی گۆمەزەردە . مالی هاتۆتە گوندی دووسەرە لەسالی ١٩٦١هاتۆتە گوندی کانیلان ، چوار ژنی هێناوە ، دووانیانی بە خۆشەویستی مارەکردبوو ، ناوی هاوسەرەکانی ئەمانەن ( ١- مەهدییە ئیسماعیل ٢- کافیە ڕەسوول ٣- حەمدییە عەزیز ٣- ئایشە موراد ) . دوای مردنی دوو کتێبی سیحرکردن لە دوای خۆی بە جێهێشت ، زڕ کوڕەکەی هەردووکیابی بە (٤,٠٠٠,٠٠٠) چوار مەلیۆن دیناری چاپی بریمەڕ فرۆشت بوو [٢٤٠]

---

٢٤٠ ـ بە دەستکارییەوە لە گۆڤاری خازر وەرگیرایە.

## بـــ  ـ / پیاوە ماقویل و ناودارانی دەڤەری گۆرانەتی لە بادینان



### ١ــ (خانۆ) خانی لەپ زێرین : ـ

تیرەیەکی برادۆستی لە بەرەبابی کەریم خان کوڕی مەحمودبەگی خەلیفەیە ماوەیەك لە گوندی هەزارجۆتی ژیاون ، بەئەسل دەگەرێنەوە بۆگوندی هەزارجۆتی لەدەشتی  ناوکوڕ سەر بەقەزای  بەردەڕەش ، ئەمیر خانی لەپ زێرین یان دەناسرێ بە ئەمیر خانی یەك دەست یان پێی دەڵێن میر قەرەتاج ،  ئەو میرە لە گوندی هەزار جۆتی لە دایك بووە کەسێکی هەشیارو چاونەترس بوو بیری لە کێشەکانی خەڵك دەکردەوە و رێنمای دەکردن ، دەگێرنەوە دەڵێن : رۆژەکێ لە گوندی هەزار جۆتی هیچ زەلام لەگوندی نەمابوون  ،  هەموو چووبونە هەڤاری سەرکێلگەی خۆیان بۆکێلان و چاندنی شیناى ،  میر بیری کردەوە لە دڵی خۆی گوتی بەراستی ئەو ئاواهیە رۆژانە کارێکی نابەجێ دەکەن  ،  ئەوەی پیاوە لە گوندی نەمایە هەموو خەریکی کاری کشتوکاڵین  ،  ئێستا ئەکەر کەسێکی ناحەز بێت گوندی تالآن بکات،  یان کارێکی نارەوا بکرێت هەتك و ئابرۆی گوندەکەمان دەچیت ،  یان کاروانیەك بێتە گوندی کەس نیە پارە نانیان بداتێ و خزمەتیان بکاتن .

میر هەستا ئاگری بەردا چەند کاولە خانییەکی گوندی ،  دووکەلی ئاگرێ لە گوندی بڵندبوو ، ببوو هاتوهاوار زەلام لە هەڤاری هاتنەوە ،  گوتیان ئەوە کێ ئەوکارەی کردیە  ،  میر گۆتی من ئەوکارەم کرد ، بە خەڵکی گۆت: مادەبیت گوند چۆلبکرێت ، هیچ زەلام لەگوندی نەمینێت ، مێوانێك یان رێبوارێك بێتە گوندی کێوە بچیت ،  یان خراپیکەرێك بێتەگوندی کێ هەیە بەرگری بکات ، هەتکوحەیاماندەچیت ،  هەندێك گۆتیان وەیە  ،  هەندێك نارازی بوون ،  لە دادگا شکایەتیان لە میر کرد میر سەرکەفت .

لەو سەردەمی لە ئاوی خازری دوو جۆگەی ئاو هەبوو یەکەمیان : (جۆگەی میری) دووەمیان (جۆگەی کرمانج )ان  ،  جۆگەی یەکەم بەناوی میر خانۆ دروستکرابوو . ئاوەکەی  دەهاتە ناو هەڤاری هەزارجۆتی ٤٠ چڵ تەغار زەوی بەراودەکرد .

میر بیری لە کاری گەورە دەکردەوە هزرو بیری بەرفرە بوو لەبەر کێشەیەکی کۆمەلایەتی لە گەڵ عوسمانلیەکان پەیوەندی خۆش نەبوو خەرج و خەراجی نەدەدا بە عۆسمانلییەکان  ،  بە ناچاری گوندی هەزار جۆتی بە جێهێشت بەرەو رۆژهەڵاتی کوردستان رۆیشت ماوەیەك لە ناو برادۆستیان مایەوە دیسان میرانی سۆران بە پاڵپشتی عوسمانیەکان گێچەلیان بۆی دروستکرد ناچاربوو باربکات تاگەیشتە شاری ورمێ ( رەزائیە ) .  لەوێندەرێ ناودەنگی دەرکردبوو  ،  بە زیرەکی خۆی متمانەی دروستکرد کوسێکی زیرەك و چاونەترس بوو  ،  جێگای خۆی لە ناودڵی

شاە  تەهماسب کردبۆوە ، داوای لە شاهی کردبوو لە چیاییٚ هیزانیٚ هەندی چەرمەگایەکی زەوی بداتیٚ ، شاە گوتی باشە پێت دەدەم بەلاٚم شیری دەستی تۆم گەرەگە خانۆ رازی نەبوو گوتی : شیری دەستی خۆمە نادەمە هیچ کەسێك نەکو سەرم پیٚ بێتە بڕین ، گوتی زینی سەر پشتی هەسپی خۆتم پێبدە ، خانۆ گوتی : شوێنی سواری کوردانە نابیت کەس لەسەر زینیٚ من دابنیشت ، لە کۆتایی خانۆ فورئانێکی دەستخەتی خۆی بە دیاری دابوو شاهی ئیران ، شاه رازیبوو پارچە زەویەکەی پیٚ بەخشی  خۆی لە شاهی ئیرانی نزیك کردبوو ، خانۆی لەپ زێرین قەلاٚی دمدمی ئاوەدانکرد لە ئیران  ، هەرچەندە قزلباشەکان نارازی بوون و رکابەری خانی کوردانیان دەکرد. بەستەیەك هەیە بەلاٚوە لە دەڤەری گورانەتی خەلٚکی لەکاتی دروونە کردن ئەو مقامەیان لە دروونەی بەکرەیی دەگۆت لەدەسپێکی بەیتی قەلاٚی دمدم  دەلٚێن :-

خانەك رابوو هەزار جۆتی    مالٚ و ملکیٚ  خۆ  فرۆتی
خانیٚ ڕابوو بە بیٚ دەنگی    خۆ یوو شانو   تڤەنگی
خانیٚ مە خانیٚ کوردانە    بە ئەسلیٚ خۆ ئەو گۆرانە
هەزار جۆتی جێهێشتیە    لـــە شـاری ورمیٚ پەیابیە
چ شەوەکە ئەم تێدایی    چ رۆژێکە ئـــــەم تێدایی
خانی رابوو چوونك شاهی    ئەریٚ شاهی و ئەریٚ شاهی
تـــۆ لەزبکەو بلـــەزینە    مەزلوم سەرۆکاو جامینە
تۆ وان قەولان بۆمە بستینە    ئەم ناکەینۆ گـــاوانی یە
ئەم ناکەینۆ رێنجبەرییە    .................... هتد

شاهی گۆت:    ئەریٚ خانۆ تو وەنەکە ،    ئەوان قەولا بەتال نەکە ،
دلیٚ من و خۆ لێك نەکە . ([241])

خانی لەپ زێرین لەگەلٚ خزمەکانی رێکدەکەون شەوێك بە دزییەوە دەچێتە گوندی (گرِە)پاشان خزمەکانی کۆدەکاتەوە دەچنە شاری (هەزار جۆت)ی ئەوساکە هەزارجۆت لەو گوندە هەبووە ، دانیشتوانی بریتی بوون لە جوار خێلی (بی نی)و (تێلی)و(جەلالی) لە هەزار جۆتی دادەمزرێنێت و دەبێت بە گەورەی گوند  ، جەلالییەکان کچێکی لیٚ مارەدەکەن ، یەکەم ژنی بووە ، ئەو ژیانەی خان لە هەزار جۆتی سێیەمین قۆناغی ژیانییەتی ، سەرچاوەکان ئاماژە بەوەدەکەن گوندی (هەزار جۆت)هەمان گوندی دەڤەری گۆرانەتیە سەر بە قەزای بەردەڕەش لە پارێزگای دهۆك . ([242])

---

[241]ــ یاسین حسن گۆران  پێنج داستانی کوردەواری ل٣٠ بە درێژی باسی خانی لەپ زێرین قەلاٚی دمدم دەکات .

[242]ـ سەعید مەمۆزینی مێژووی بەردەڕەش  لاپەرە(٧٥) چاپی ٢٠٠٤ ٢

## ٢ـ له دوو بـەلگەنامەی عوسمانییەکاندا

### ناوی چەند کەسایەتی دەڤەری گۆرانەتی له بادینان هاتووه ئەمانەن :

پێشــەکی : والیەکانی عوسمانی له کوردســتان به گشــتی وه به تایبەتی له ولایەتی موســل بەردەوام هەوڵیان دەدا کێشـــەو ناکۆکی له نێوان هۆزەکان و ســـەرۆك عەشـــیرەتەکانی کوردو عەرەب له پارێزگای مو سل کێشه له نێوان سەرۆك عه شیرەتەکانی کورد به کورد یان کورد له گەل عەرەب دروســتبکەن ، دروشمی (فرق تســد) یان بۆ بەرژەوەندی خۆیان بەکاردەهینا ، له دوو بەلگەنامەی عوسمانی بەناونیشانی (لێبوردنی تاوانباران به هۆی کێشەی عەشائیری له ویلایەتی موسل). ناوی چەند کەسایەتیەکی دەڤەری گۆرانەتی له یاداشت نامەکە تێدا ئاماژە پێکرایه ، به گشـــتی ناوی ٩١ کەســـایەتی کورد و عەرەب تێدا هاتیه ، داوای لێبوردنی گشتگیری مەرحەمەتی سولتانی عوسمانیان پێبەخشرایه ، له ڕۆژی ١٢/ذی الحجه/١٣١٩ ك بـەرامبـەر ٢/٣/ ١٩٠١ز فـەرمـانی لێبوردنیـان دەرچـــوو بوو ، ئـەوەش لیســـتی نـاوی کەســـایەتیەکانی دەڤەری گۆرانەتی (١٥)کەســـن ئەوانەن ئەوانە له حکومەتی عوسمانی یاخی ببوون خەرج و خراج و ســـــەرانەیان نەدابوو ، حکومەت ئەوانەی به تاوانبارو ئەشـــقی هەژمارکردبوو ناوەکان ئەمانەن :

١ـ صادق سلێمان له گوندی کەڵەك ، ٢ـ خضر محەمەد ئاغا گوندی زیناوە

٣ـ عبدالله عەزۆ گوندی شەمسەخڕ ، ٤ـ محەمەد وردك ئاغا گوندی چڕە

٥ـ عەلی عبدالله زەینەب دانیشتوانی گوندی هەزارجفت (هەزار جۆت ) .

٦ـ محەمەد یونس بن عەلی غەزال سەرۆکی گوندی زیناوە .

٧ـ یونس و عبدالقادر ئاغا : له گەورەکانی عەشیرەتی بۆت .

٨ـ رەشید اسماعیل ئاغا : گەورەی گوندی گەویلان .

٩ـ رەشید ئاغا کوڕی ئەحمەد ئەفەندی : گەورەی گوندی کەڵەك .

١٠ـ عەلی ئاغا کوڕی خەلیل ئاغا : گەورەی گوندی قایماوە . ١١ـ صالح خەلۆ : بۆتاتی

### . له بـەلگه نامەی دووەم ناوی ئەو کەسایەتیانه هاتیه :

١٢ـ عبدالله شێخ بزێنی خەڵکی موسله .

١٣ـ جرجر عبدالله ئاغا بن عبدالرحمان: له گەورەکانی العشائر السبعه(گوندی جوجەر).

١٤ـ اسماعیل حەمه : گەورەی گوندی گلەشین و خزمەتکارەکانی .

١٥ـ ئیسماعیل ئاغا بن صالح : له گەوره پیاوەکانی العشائر السبعه ( [٢٤٣]

---

٢٤٣ ـ ممتاز محەمەدعمرئاغا (تایخ الموصل ف زمن الحکم العتمانی) چاپی ٢٠١٣ ل٤٤٤

## ٣ ــ عەلی عەولا زەینەب :

عەلیێ عەولا زەینەب  پیاوێکی ناوداری دەڤەی گۆرانەتیە پیاوێکی سوارچاك و نان دەر بوو ، لەدەسپێکی سەدەی بیستەم ژیاوە. ناوبانگی دەرکردبوو ، بەزیرەکی و مێوان دۆست ، هەتا بلێی چاونەترسو ئازا بوو ، پیاوێکی دەوڵەمەندو دلفرە بوو نانەك‌و گایەکی لەکن وەکو یەك بوو ، لەدەڤەری گۆرانەتی هەرکەسێك ئازاو زیرەکی پێوە دیار بێت پێی دەڵێن: دەڵێی عەلیێ عەولا زەینەبێ یە یان دەڵێی لێمان بیتە عەلیێ عەولا زەینەبێ ، زیاتر لەگوندی هەزار جۆت ژیاوە. چوار ژنی هەبوو ، ووجاغ کۆر بوو ، چ مندالی ئاوهای نەبوو جێی بابی بگرێتەوە. دەگێرنەوە: رۆژەکێ سەیدێ هەرکی ، مامی محێ هەرکی بەخۆو بە ٢١ سوارەوە دەچنە مێوانی عەلیێ عەولا زەینەبێ ، عەلی لە ماڵ نابێت ، (دورجەهانێ) خێزانی عەلی بەخێر هاتنی مێوانەکانی کردبوو وولاغەکانی حەواندەوە حەیوانی بۆیان کوشتەوە سەیدێ هەرکێ ئەو زیرەکیەی لەخێزانی عەلی دیت ، خۆی بەشەرمەزار دەزانی. عەلی گەڕایەوە ماڵ ڕێزی لەهەموویان گرت ، تڤەنگی جامبێزار لەگەڵ دوورەختان لەملی بوو ، سەیدۆ گوتی لە ژنێ خۆت دەترسی گوتی:پیاو ئەو پیاوە بەرامبەر زەلامان خۆی هەلکێشێت وزەلامەتی خۆی دیار بکات بەرپەرچی بداتەوە. نەك بەرامبەر ژنان ، سەیدۆ گۆتی بەراستی گەورەیی لێت دەوەشێتەوە . عەلی عەولا زەینەب هاتبوو کوشتن چار ژنی لەدوا بەجێمابوو

١- نورێ ، سمایل ئاغا بابی موشیر ئاغا مارەی کردەوە.

٢- دۆرجەهان. خالد ئاغای‌دووبەردانی خواستبووی

دووانی دیکە مێردیان نەکردەوە. عەلی عەولا زە ینەب کەسێکی ناوداری دەڤەری گۆرانەتی لەسەردەمی خۆیدا دەسەڵات بەسەرهەموو دەڤەری گۆرانەتی هەبوو ، چار ژنی هەبووە ووجاغ کۆر بووە، دایکانی دەڤەری گۆرانەتی شەوان مندالی خۆیان بەناوی عەلی عەولا زەینەبێ دەنووستاند هێندە ترسی بەسەر خەڵکی دەڤەرەکە بەرپاکردبوو ، زۆر زال ببوو ، دەگێرنەوە : جارێکیان گرفتێك لەنێوان (عەلی عەبدوللا زەینەب)و موختاری گوندی کانی ئەسپانی گەورە دروستببوو . عەلی ئاغاش بەپیاوەکانیەوە هاتن بۆ هێرش بردنە سەر گوندی کانی ئیسپان ، بۆیە خەڵکی گوند خۆیان ئامادەکرد بۆ بەرەنگار بوونەوە لەگەڵ عەلی ئاغا دەیانزانی توانای ئەم ڕووبەڕوو بوونەوەیان نییە ، جا وەفدێکیان نارده لای (خەلیفە مەلا عەلی باپیرەی مەلا بەهائەالدین) ە کە ئەوکات پێش نوێژ و وتارخوێنی دێی ئیسماوا بوو، بۆ ئەوەی داوای لێ بکەن ناوبژییان بکات وئاگری فیتنەکە بکوژێنێتەوە ، ئەویش برازاکەی خۆی نارده گوندی کانی ئیسپان وداوای لێکردن هیچ جووڵانەوەییێکی هەڵە نەکەن‌و تەنانەت یەك گوللەش نەتەقێنن ، مەلا بەسواری ئەسپ رۆیشت بۆ پێشوازی کردنی عەلی ئاغا وپیاوەکانی کەڵە باکووری دێیەکەوە

گەیشتە لایان کاتێ لەیەك دیارکەوتن عەلی ئاغا ، یەکسەر پێی ووت: (خۆزگە نەهاتبایت.) خەلیفە عەلیش بێ هیچ وەڵام دانەوەیەك لەسەر ئەسپەکەی دابەزیو عەمامەکەی کردەوەو لەبەرپێی عەلی ئاغایدرێژکردەوەو پێی گوت: ( کەیفی خۆتە ، حەز کە دەرباز بەو حەز کە دەرباز نەبە.). عەلی ئاغا لەوەڵامدا وتی:(بەخودێ ئەگەر دووبسکم پێوەبێت وەکی ژن دەرباز نابم) عەلی ئاغا گەڕانەوە بەو ڕێیەی پێدا هاتبوون ( [٢٤٤])

بەســـەرهاتێکی تر : عەلی ئاغا(عەلی عەولا زەینەب) یەکەم ســـوارچـــاکی بادینان بوو ، ســوارچـاکێکی تر لە سـۆران هەبوو ناو بانگی عەلی ئاغایزانی بوو ، رۆژەکێ عەلی ئاغا داسـێ خۆی لە ملکردبوو لە گوندی هەزار جۆتی دەرکەفت بەرەو پارچە زەوییەکەی لە کەندالە شێری بۆ مەبەستی دروونە کردن ، دەبینی وا سوارەك دێت دوای سلاو وچاکو چۆنی گوتی : ئەز لە ســۆران هاتیمە دەمەوێ خۆم لەگەڵ ســوارچـاکی بادینان تاقی بکەمەوە ، عەلی گۆتی لۆخۆت بگەرێوە چ شـۆلت لە کابرایە . ســوارچـاکی سـۆران گوتی : ناگەرێمەوە هاتیمە شـەڕی بکەم ، دەبی یەك سـوارچـاك هەبیت :نەیزانی بوو ئەوە عەلی عەولا زەینەبە ، علی ئاغا گوتی چـیت لە گەڵ من هەیە ئەمن ســوارچـاکی بادینانم . هەردووك بە تنێ دەســپێك دەســتیان کرد بە زۆران بازی هەتا ماندی بوون ، کەس کەسی لە عەردێ نەدا ، لە گەڕی دووەم بە شیرو تیر دەســـتیان کرد بە شـــەڕکردن تاکو ماندی بوون ، کەســـیان زەفەریان بە یەکدی نەبرد ، لە گەری سێیەم گوتیان بە خەنجەر عەلی ئاغا بە خەنجەر سوارچاکی سۆرانی کوشت جەنازەکەی خستە سەر پشتی هەسپی کابرای و جوان بەستییەوەو بەرەلای کرد هەسپەکە بەرەو ماڵی خۆی رۆیشـتبوو . دەگێرنەوە عەلی عەولا ئاغا دوژمنێکی هەبوو هاتبوو دیوەخانی عەبدیشی فەلە لە گوندی مەلا بڕوان ، عەبدیش بە خولامێکی خۆی گوت بە نهێنی چــووبوو راســت گوندی هەزار جۆتی ئاگاداری عەلی ئاغایکردبوو لە خۆی هەشـــیار بیت . عەلی ئاغا کاتی خەبەرەکەی زانی بوو بە ســـواری خۆی لە ئاوی خازر دابوو ، بانگی دوژمنی خۆی کردبوو وەرە ئەگەر تۆ ئەو زەلامەی وەرە دوژمنی خۆت بکوژە . عەلیێ عەولا زێنەبێ لەدەشـــتی ناوکوڕ بەزیرەکیو ناندەری ناوی دەرکردبوو ، عەلی رەق خەڵکی گوندی دارەتوو بوو دەیخواســـت بچـــیت خۆی لەگەڵ عەلیێ عەولا زێنەبێ تاقی بکاتەوە ، هەر دەیگۆت نابیت دوو عەلی لەناوچـــەیەکدا ناوداربن. رۆژێك عەلی رەق چووبوو گوندێ هەزراجۆتی هەر لەهەڤاری لەعەلیێ عەولا زێنەبێ راســتهاتبوو ، دوای یەکترناســین چــەند نیشـانەیەکیان دانابۆوە هەردووکیان بە تەقە یەکەم نیشانی خۆیان شکاندبوو ، هەردووك دانیان بەیەکدانابوو کەزیرەكو خۆشمێرن...

---

[٢٤٤] ـ لە زاری چەند تەمەندارێکی دەڤەری گۆرانەتی وەرگیرایە .

دوای گفتوگۆ دەستیان لەیەكدی ساردببۆوە نەیانویست بە دەستی یەكتر خۆیان بفەوتێنن ، خۆیان بەگۆران دەزانی تاوەكو دوژمن پێیان خۆشـــنەبێت بۆیە هەر كەس گەڕانەوە گوندی خۆیان پەیوەندی لەنێوانیاندا موكومتربوو.

ناوە ناوە دەهاتە ماڵی مولودی لە گوندی زەنگەنان ، دەكاتە باپیری نورالدین عبدالرحمن مولود ، عەلی ئاغا دەیگۆت دەبێ ژنی ئاغاكانی ناوداری دەڤەری گۆرانەتی لەخۆم مارە بكەم ، یان دەبی ژنەكانی من لە خۆیان مارە بكەن ، هەموو جارێ حاجی مولود پێی دەگۆت ، عەلی ئاغا بەسە هوتاكەنگی ئەوها دەخورِی وا تەمەنت تێپەڕی لە ماڵی خۆت داكەسێ واز لە بەربەرەكانی بهێنە ، عەلی ئاعا گوتی :هەروەكی خۆم دەكەم . دەڵێن دایكی حەزی لە مێردی بوو ، عەلی ئاغا دەبینی وادایكی بەردەوام بسكی خۆی بە لوول دەكات و لەبەر گوزگی( قۆدی رۆناهی) خۆی تیف تیفە دەكات ، عەلی ئاغا زانی دایكی مێردی گەرەكە ، دەڵێن بانگی عەمەڕ كرمۆی خولامێ خۆی كرد ، عەلی ئاغا بە شەریعەتی خواو پێغەمبەری دایكی خۆی لێمارە كرد بە مەڕجێك نەیدینی غوسلی خۆی لە سەر ئاوێ خازری دەربكات ، رای تر هەیە : دەڵێن لە گاوانی گوندی هەزارجۆتی مارە كردبوو بەمەڕجێك گاوانی نەدینیت لە سەر ئاوی خازری خۆی بسمیل بكات ، بەیانیەك زوو گاوانی گوند چووبوو سەر ئاوی خازری خۆی بن ئاو بكات ، عەلی ئاغا دیتبووی مەڕجەكەی شكاندبوو هەر لەوێ گاوانی كوشت .

شەوەكی عەلی ئاغا لە گوندەكی بناری چیای مەقلوب مێوان دەبیت ، ئەو شەوی دزەكان بە دەرفەتی دەزانن بۆ شكاندنی مێرخاسی وی دز چێل مەڕو ماڵاتێ ماڵێ عەلی زەینەب تێدا مێوان بوو بە تالاَن بردبیان خانوخۆ ناوی صالح وابزانم (صالح مەنۆ) بوو هاوار دەكات توبخێر هاتی دز چێلومەڕوماڵاتێ ئێمەیان بەتالاَن بردیە، عەلی گۆتی : صالحۆ دڵت چ نەكات ئەوە نەكارێ مێرایە نە ژ بەرتەیە بەلكو بۆ شكاندن و ناوزڕاندنی منە ، عەلی ئاغا بە دوای دەوسێ تالاَنێ دەچیت دەگاتە بەر زورگا گوندی قایماوا عەلی دەكەفتە بەرسێرەی نێچیروانی بەگزادە سەد حەیف عەلی قۆلی بریندار دەبێت خوێن لێدەچۆرێت ، بە خولامەكەی دەڵێت چاوم كەس نابینیت خەبەر بدەنە هەزارجۆتی ، خەبەر دەگاتە ناحەزانی برینەكەی زۆرە و حالی شرە دێنەسەری عەلی داوێنە ناو بیرەكێ بەبەردان تەواوی دەكەن ، دەڵێن عەلی ئاغا لە( كانی دزان ) نێزیك گوندی دووبەردانی كچكە ناحەزانی بە پلانێك عەلی عەولا زەینەب دەكوژن ، ماڵی سمایل ئاغاو عبدالغفوری دوبەردانێ ژنەكانی عەلی ئاغای لە خۆیان مارە كردبوو . (٢٤٥)

---

٢٤٥ ـ بە سوپاسەوە مامۆستا فتاح دانیشتووی گوندی حەسەنی دوو رووداوی بۆم گێرایەوە

**٤ ـ اسماعیل محەمەد سلیم محەمەد علی ناسراو بە(کوێخا سمك):**



ژیانو بەسەرهاتی ناسراو بە ( کوێخا سمك) گۆران ، کوێخا سمك لەسالّی ١٩١٨ لە گوندی دوگوندانی گەورە لە دایك بووە گوندی بابو باپیرانی خۆی بووە ، کوێخا لەعەشیرەتی رەژگەرییە تیرەی چۆپانی ناوچەی بەردەرەش .پێشمەرگەی دێرینی هەردوو شۆڕشی ئەیلوولو گوڵان ماندوو نەناسو دەروێشی رێبازی بارزانی نەمر بوو ، لە سەردەمی عوسمانیەکان باج و سەرانە لەسەر خەڵك و زەوی زۆر بوو و لەو کاتە محەمەد علی زاهر کە دەکاتە باپیری کوێخا سمك ئەو زوڵمەی بۆ قبول نەکراوەو بۆتە ملّملانێی لەگەڵ وەکیلی (سعداللەپاشا) موصلاوی کە پیاوێکی عەرەب بوو( شانە) بوو خەزووری ( سعدالله پاشا) بوو لەئەنجامدا دوای ململانێیەکی زۆر دەبێتە شەڕە تفەنگو لە ئەنجامدا مامی کوێخا کەناوی ( محەمەد شریف) بوو دەکوژرێتو هەروەها تفەنگێکیش بەر شانە دەکەوێت کە ناوی ( صالح موصلاوی )بوو ئەویش دەکوژرێت. لە ئەنجامدا خێزانی کوێخا سمك ناچار دەبن گوند بەجێ بێلنو ڕوو لەو دیوی زێ بکەن ، دەچنە دەڤەری زرارەتیو لە گوندی باوە خەلان نیشتەجێ دەبن.

بنەماڵەی سعدالله پاشا دەستیان دەرۆیشت توانیان حوکمی لەسەیدارەدان بۆ محەمەدعلیو ( محەمەدسلیم)ی کوڕی دەربکەن ، بەلاّم لەزیندانی موصلّ محەمەد علی ژەهراوی کراو لەئەنجامدا گیانی لەدەست دا ( محەمەد سەلیم)یش دوای بیست ساڵ حوکم ئازاد کراو دوای ماوەیەکی کەم چوە بەر دلۆڤانی خودێ. لەکاتی کوشتنی بابو باپیری ، (کوێخا) تەمەنی نزیکەی (١٩) ساڵ بوو. یاسین ئاغای گۆمەزەرد ماڵی( کوێخا سمك)ی لەسۆران هێنایەوە گوندی گۆمەزەرد لەوێ نیشتەجێ بوونو هەر لەوێش( اسماعیل محەمەد سلیم) کوێخا سمك هاوسەری خۆی دەست نیشان کرد کە ناوی (شەمسێ مەولود سەفەر) بوو بە باوکی چوار کوڕو سێ کچ.

پەیوەندی کوێخا سمك لەگەڵ بارزانی نەمر. یەکەم جار لەسالّی ١٩٤٣ چاوی بەبارزانی کەوت کە لە بەندیخانەدا بوو چوو بۆ سەردانی لەگەڵ هەڤالانی یاسین ئاغای گۆمەزەردو ئیسماعیل محەمەد سەلیم لەسالّی ١٩٥٩ لەکاتی گەڕانەوەی بارزانی نەمر لەیەکێتی سۆڤیەت دیسان چوە بەغدا بۆ دیداریو لەوێ چاوی پێی کەوتەوە ، لەسالّی ١٩٧١ لەگەڵ خوالێخۆش بوو فارس باوە ، خۆی و هەر چوار کوڕی دەچنە سەنگەرو ڕێی پێشمەرگایەتی دەگرنە بەر .

لەسالّی ١٩٧٢ لە هێزی دەشتی هەولێر دەگوازرێتەوە بۆ هێزی حەمرینوپلەی (سەرلق)ی پێ دەبەخشرێ ، لە زۆربەی شەڕکان پشکدار ببوون ، لەسالّی ١٩٧٥و دوای نسکۆی شۆڕشی ئەیلول ئاوارەی ئێران دەبێت. دواتر دەگوازرینەوە بۆ هێزی بارزان کەئەو کات شەهید ئیدریس

سەرپەرشتی دەکردو ، چەندین داستانیان تۆمار کرد لەدەشتی بەراز گرو چیای پیران‌و کوتینە سنوری بارزان ، دواتر دەگوازرێنەوە بۆ هێزی (١٥) ی شەهید عەلی شەعبان و لەوێش بەخۆی و هەر چوار کوڕەکەی لە چەندین داستان بەشداری دەکەن ، تاکو لەڕێکەوتی ٩٨٦/٩/٨ دوو کوڕی بەناوی ( صابرو عبدالسلام) دەکەونە بۆسە( کمین) ی دوژمن‌و شەهید دەکرین.

شەهید صابر له سالّی ١٩٥٦ لەگوندی گۆمەزەرد لەدایك ببوو شەهید عبدالسلام ١٩٥٧ لەهەمان گوند لەدایك بووە. هەروەها کوڕەکەی تریشی( سالّم) کەڵە دایك بووی (١٩٥٥)ە کە پیشمەرگەی هێزی بارزان بوو لەداستانێك دا لە ١٩٨٧/٥/١٨ شەهید دەکرێت‌و دەچێتە ڕیزی کاروانی شەهیدانی کوردستان‌و دوو کوڕو کچی لەدوا بەجێ دەمێنن. دوای راپەڕینی سالّی ١٩٩١ و بەئاگاداری سەرۆك بارزانی بەماڵەوە دەگەڕێنەوە زێدی باب‌و باپیرانیان لەگوندی دوگوندانی گەورە نیشتەجێ دەبێتەوە.

کوێخا سمك ڕێزێکی تایبەتی هەبوو لەلای سەرکردایەتی پارتی دیموکراتی کوردستان‌و جەنابی سەرۆك مەسعود بازانی. کوێخا لە ڕێکەوتی ١٩٩٧/١٠/٢٧ بە نەخۆشی کۆچی دوایی کردبوو. [٢٤٦]

## ٥ ـ حاجی عبداللەی گوندی جۆجەری گەورە

حاجی عبدالله( عبالله عبدالرحمن عەلی مەڕعان )ناسراوەبە(حجی عەولا) دانیشتووی گوندی جوجەری گەورە کەسێکی دەولەمەند بوو لەعشیرەتی شیخ بزێنی بوو ، سەروکانیەکەی ئاوی جوجەرلەخواروی گوندی گردەسێن زێرکرێ خۆیان بوو ب هەڤاری سێ گوند(خرابە ئاشور ، کێلەسپی و رۆڤیا)تێدەپەڕی ، ئەوسێ گوندە مافیان نەبوو ئەو ئاوە بۆ کاری کشتوکالّ بە کار بهێنن ، جونکە لە سەردەمی دەولەتی عوسمانی هاتبووە تاپۆ کردن لەسەرگوندی جوجەری گەورە ، جەند جار عبدالرحمن باوکی حاجی عبدالله بەسواری هەسپ جووبوو ئەستەمبۆل بۆتاپۆکردنی ئەم ئاوە بەناوی جوجەری گەورە ، والی ئەستەنبۆل بەعبدالرحمانی گووت ئەمەجوجەرەچیە تۆ هەندە جارە بۆ ئەستەنبۆل ئەم رێیە دوورە دەبڕی عبدالرحمن پاشەزینی پڕکردبوو لەبەرووبوومی گوندەکەی وەکو(گەنم ، جۆ ، نیسك ، نۆك باقلە ، برنج وکونجی ، ماش ، هەرزن و رەشكە ) و زۆریتر ، هەمووی خالی کردە سەرمێزی والی ، والی ئەمری کرد کەئەو ئاوە تاپۆبکەن بەناوی جوجەری گەورە والی گۆتی: ئەم گوندە چ جاران گرانی نابینیت .... نزیکترین برادەری حجی عبدالله (علی عەولا زەینەب) بوو .

---

٢٤٦ ـ بە دەستکارییەوە لە گۆڤاری خازر وەرگیرایە

لەکاتی ئینگلیزعیراقی داگیرکرد هەردوو عەشـیرەتی سـورچـی و زێبار دژی ئینگلیزی راوەستابوون .لە ڕۆژی ٦ / ١٢ / ١٩١٩ شێخ رەقیب سورچی بە خۆ و بە جەماعەتەوە لە سەر پردی کشتاوێ بەرۆکی لەشکری ئینگلیزیان گرتبوو شەڕیك روویدابوو ئینگلیز شکابوون لەو شـەڕی شـێخ شـقیق بریندار بوو ، لە ڕۆژی ١٥ / ٩ / ١٩٢٠شـێخ رەقیب حوکمی ئینگلێزی قەبولنەکرد ، هۆزی سـورچـی بە شـەو شـەڕێکیان هەلگیرسـاند بەناوی شـەڕی فەلەرەشکە هێرشیان کردبوو سەر هێزی فەللەی ئینگلیز لەگوندی جوجەری گەورە شەڕ لە نێوان شـێخ رەقیب وجەیشـی ئینگلێز دەسـتیپێکرد بەسـەرۆکایەتی ئاغا پەترۆز و لەم شـەڕە شـێخ رەقیب شـکا لە بەر ئەوەی هەندێ کەس ئاگاری ئینگلیزیان کردبوو ئەو شـەو سـورچـی هێرش دەکەنە سەر سەربازگەی جووجەر، لەشکری ئینگلیز کەمینی دانابوو ٤٠ چل کەس لە سـورچـیان شـەهید بوون ، شـێخ رەقیب ناچـاربووبچـیتە حەریر و باتاس ، لە وێندەرێ فرۆکەیەکی ئینگلیزیان خستبوو خوارێ ( [٢٤٧])

هێزەکەی پترۆس ئاغا گەڕایەوە لەتەنیشـت جوجەرنیشـتەجێ بوون ئاغاپەترۆز فەرمانی دەرکردگوندی جوجەربسـوزێنن٢٤ سـعات مۆلەتیانداخەلکی گوند بار بکەن ، بەبیانۆی ئەوەی حجی عبدالله بەئەرزاق وسـلاح هاوکاری شـێخ رەقیبی سـورچـی داوە خەلکی گوند زۆرشپرزەبوون ردین سپیەکان هەموویان لەکۆچکی حجی عبدالله خربوونەوەوە مشاوەرەی خۆیانکرد کە چۆن گوندەکەیان رزگابکەن ، بڕیاریاندا هاناببنەبەر قادر ئاغای شۆش چونکە قادرئاغا مەندوبی ئینگلێز بوو حجی عبداللەبانگی قاوەچـی خۆیکرد کەناوی (سـلیمان قاوەچـی ) بوو پێیگۆت: بەیانی زوو لەگەلێ بانگی نوێژسـواری هەسـپ دەبی ، بەرەوشـۆش بەرێ دەکەوی سـلاولەحجی قادرئاغا دەکەی مسـەلەکەی پێی دەلێی وە بەزووترین کات لەهانامان بێت چـاوەڕوان بوون بوونیوران هیچ کەس دیارنەبووخەلکی گوند نیگەڕان بوون ترسـیان لێ نیشـت ، حجی عبدالله دەیگوت بڕۆنە سـەربان کا بزانن کەس دیار نیەخەلکی گوند زۆر نارەحەت بوون جوولەکەکان لە ترسان ڕایانکرد چووبوونە گوندی پیرچاوش ، بوو بەعەسرکەس دیارنەبوو یەکچووە سەربان بینی تەپوتۆزێك دیارە لەپشتگوندی ئۆمەڕسێنان پیاوەکە لەسـەربان بەغار هاتەخوارەوە بەحجی عبداللەی گۆت مام حجی ئەوە هەندێك سـوار وادیارە لەپشـت ئۆمەڕسـێنان وادێن حجی عبدالله وخەلکی گوند زۆر دلخۆشـبوون ، قادر ئاغا پشـتی نوێژی عەسـر گەیشـتە پێش کۆچـکی حجی عبدالله کەپەترۆز ئاغاچـاوی بەقادرئاغا کەوت پێشوازی لێیکردو سلامی لێیکرد وەکو تەحیە چونکە نیشانەی مەنددووبی لەسـەرشـانی بوو قادرئاغا بە پەترۆز ئاغای گوت: خێرە تۆ گوندی جوجەری دەسـوزێنی ،

---

[٢٤٧] ـ ماموەستا جمیل مصلح سورچی بەرێوەبەری قوتابخانەی کێلان سەربە پەروەردەی ئاکرێ گێرایەوە.

پەترۆز ئاغا گۆتی حجی عبدالله خیانەتی کردووه هاریکاری شـێخ رەقیبی کردووه بۆیه گوندەکەی دەسـووتێنین ، قادرئاغا پێی گوت ئەمه هەمووی بوختانه وانیه ئەو کەسـانەی موغبیریان کردووه کەیفیان بەحجی عبدالله ناهێت ئەوانه سەر بەمنن ، پەترۆز ئاغا کوتی مەحاله ئیلادەسـوتێنین . قادر ئاغا زۆرتوڕەبوو گوته پەترۆز ئاغای فەلله تۆ ئەو کارەی بکەیت ئەوه من دەگەڕێمەوه دەچمه کەمپی شەرمنێ گشت فەللەکان خڕ دەکەمەوەو بەژن و مندالەوه سەریان دەبڕم ، قادرئاغا بەتوڕەییەوه سواری هەسپەکەی خۆی بوو. پەترۆز ئاغا چووجەلەوی هەسپەکەی گرت و ئاغا راوسته ئێستا پەیوەندی بەسەرەوەی خۆم دەکەم بەلکو عەفویان بۆ بێنم ، حجی حسن حجی رشید پیاوێکی تەمەنداری گوند بوو دەیگوت من له وێندەرێ بووم سنگیان کوتاو ئاسنێکیان بڵندکرد بەزنجیرقایمکرا ، به ئینگلێزی قسەیاندەکرد بووه جیوەجیویان وادیار بوو لەگەڵ قاعیدەی خویان قسەیان کرد پەترۆز ئاغا بەقادرئاغای گوت ئاغا ئەوه عەفوی جوجەر هات بەلاّم سەرباز تێنه ناوگوند بۆ خویان ماست یان هێلکه یان مریشـك بکڕن قادرئاغا قەبولی نەکرد پاشـان کوتی: با ژن بێن قادرئاغا قەبوولیکرد بەهاتنی سەربازی ژن بۆناو گوندی پاشان قادر ئاغا خاتری خواست وگەڕایەوه بۆ شـۆش له جیاتی ئەو کاره گەورەو هەڵوێستی قادر ئاغا ، بەرامبەر ئەو پیاوەتیه حجی عبالله کچـێ خۆی بەدیاری پێشکێشی قادرئاغا ی شوش کرد .

یەکەم جاربوو سێ ئۆتومبێلی ئینگلیز دەچوونه ئاکرێ له راست گوندی جووجەر خەڵکی خـەبـەریـان دابوو حـاجی عبـداللـەی چـووبوو بـەراییـان گوتی دەبی مێوانی من بن ، تەرجوومانی ئینگلیزەکان گوتیان دەڵێن هەفتەی بهێت وەکو ئەمڕۆ دەبینه مێوانی حاجی عبدالله له گوندی جوجەر ، هەفته تەواو بوو ـ مستر لجمەن ـ ( حاکمی عەسکەری موسل ) به سـێ سـەیاره له دیوەخانی حاجی عبدالله مێوان بوون ، مسـتر لجمەنی ئینگلیزی ملاکێکی زێری ناو جاذتای خۆی دەرهێناو لەگەڵ قاپێکی فەخفوری به ملاکی زێر زادی خوارد ، کاتی هەسـتان ملاکه زێرەکەی له سـەر سـفرەی خواردن بەجێهێشـت ، حاجی عبدالله ملاکه زێرەکەی هەڵگرتەوه ، بۆسـاڵی دوواتر به فرۆکەی هەڵیکۆپتەر دیسـان بوونەوه مێوانی حاجی عبدالله ملاکه زێڕەکەی له پێش حاکمی عەسـکەری موسـل مسـتر لجمەن داناوه ، ئینگلیزەکان بەو کاره زۆر سەرسام بوون گوتی کاکه عبدالله تۆ پیاوێکی به وەفاو دڵسۆزی چیت گەرەکه بلێ .... ، وەره لەگەڵ من دەچینه لەندەن حاجی گۆتی نەخێر ، حجی عبدالله کەناسراوه بەحجی عولا شێخ بزێنی یەك کوڕی هەبووناوی احمد بوو زۆرلای خۆشەویست بوو لەسەرخاتری کورەکەی گوندی ئاسنگرانی ئاوەدانکرد ، جەندماڵێك لەگەڵ کورکەی هەنارده گوندی ئاسـنگران تەمەنی٧ سـاڵانبوو واخوا قەدەری کرد دووپشـتك پیوەیدا

ئەمری خوای کرد. لەســـاڵی ١٨٨١ زاینی گوندی جوجەرهاتیە ئاوەدانکردن لەســـەردەســـتی باپیرەگەورەی کەناوی علی مرعان بوو ئاشـــێکی ئاوی هەبوو لەســـەرەوەی گوندی لەتەنیشـــت گوندی رۆڤیا ئەوئاشــــە بەئاو کاریدەکردو ئاشــــێکی تری هەبوو لەناوندی گوندی جوجەر هەتاساڵی پەنجاکانیش باراشیان لێدەهاڕی ، وەستایەك هەبووبەناوی وەستاعباس خەڵكەی گوندی زەنگەنان بوو هەرســـاڵ دەهات بەکاریدخســـتەوە ، جوجەرئاوێکی زۆری هەبوو لەهەقاری جوجەری زێدەدەبوو دەســـتی بەجوگە کۆلین کرد لەجوجەری ئاوی بۆهەقاری خرابەواژو شـــۆرك وباکی رەوانەکرد برنجیان لەبەر دەکرد ، ئێســـتا پردێك هەیە لەنێوان گوندی دۆستەك وگوندی قەرەناز بەناوبانگە بەپردی حجی عەولا .(٢٤٨)



## ٦ ـ موشیرئیسماعیل صالح ئاغا:

لە ســاڵی ١٩٢٠ لە گوندی رۆڤیا لە دایك بووە ، کەســێکی کورد پەروەری دەڤەری گۆرانەتی بوو ، لە ســـاڵانی چـــلەکان کێشـــەیەکی کۆمەلایەتی لەنێوان عەشـــیرەتی گۆران و هەرکیان روویدابوو لە دادگا بڕیاری لە سەیدارە دان بۆ مشیرئاغا و عارفی برای بە غیابی دەرچـووبوو ، لە ســەر ئەو کێشــەیە دوو برای تری بەناوی(شـوکور کاکل) لە سـەیدارە درابوون ، بویە موشیر ئاغا ناچـاربوو بچـێتە سـلێمانی پەیوەندی بە شـۆڕشـی شـێخ مەحمودی حەفید بکات ، ماوەی هەفت ساڵ لە خزمەتی شێخ محمود دابوون ، لە چەندین شــەڕ دژی ئینگلیز و حکومەتی عیراق پشـکداریان کردبوو ، لە ســەردەمی شـۆڕشـی شـێخ مەحمودی نەمر لەگەڵ چــەند چــەکدارێکی دەڤەری گۆرانەتی دەچــیتە ســلێمانی لای شــێخ دەمینێتەوە ، ئەو کاتی شـاندێکی ئەنگلیز بۆ دانوسـتاندی هاتبوون لەگەڵ شـێخ محمودی حەفید دانوستاندن بکەن سەرۆك شاندی ئینگلیز ئافرەت بوو ، شێخ بۆ ئەوەی دەستنوێژی نەشــکێت لە کاتی دۆقەکردن شــێخ هەنگوچــکی خۆی لە دەســـتی خۆی ئالاندبوو بۆ ئەوەی دەستنوێژی نەشکێت ، ئەنگلێز بابەتەکەی بە پێچەوانەوە خوێندەوە گوایە شێخ نایەوێت مافی کورد لە ســەر دەسـتی ئینگلیز وەربگریت .صالح ئاغا لە رۆڤیا دانیشـتبوو دوای مردنی باوکیان کوڕەکانی لەگوندەکانی دەورو بەری رۆڤیا بەلاوبوونەوە ، خانەوادەی موشـــیر ئاغا لە گوندی بامەرزێ لە رۆژهەلاتی ڕووباری خازر درێژە بە ژیان دەدەن ، تاکو ساڵی ١٩٥٨ بە قاچـاغی دەژیا بارزانی لە روسـیا گەڕایەوە سـاڵی ١٩٦١ راسـتەوخۆ پەیوەندی هەبوو لەگەڵ

٢٤٨ ـ ماموەستا عصمت اسماعیل عمر بەرێوەبەری قوتابخانەی جوجەری گەورە بە سوپاسەوە گیرابەوە .

ســەرکردایەتی شــۆڕشــی ئازادی خوازی کورد ،   ســالّی ١٩٦١ حکومەت و جاش هێرشــیان کردبوو سەر گوندی بامەرزێ تالنیان کردو سوتاندیان  ،  لە دەسپێکی شۆڕشی ئەیلول بە خۆ و (٨٥) چــەکدار ببوونە پێشــمەرگە ، تاکو ســالّی ١٩٦٥ حکومەت لێبوردنی دەرکردبوو ، گەڕانەوە گوندی بامەرزێ  ،  موشـــیر ئیســـماعیل صـــالح ئاغا ٩نۆ برا بوونە لە هەموویان گەورەتر ئەحمەد ئاغا  بوو موشیر ئاغا برای لە هەموو بچووکترە ، کەسیان لە ژیان نەماوون جریسکەی شۆڕشی ئەیلول لە دەڤەری گۆرانەتی هەلّگیرسا فرۆکەی رژێم و هێرشی جاشەکان لـە ٩ /ئیلوولی ١٩٦١ دەســـتی پێکرد وگونـدی بـامـەرزێ و گرگ هـاتنـە ســـووتـانـدن وپێشمەرگەیەك بە ناوی(بنیامین ئێلشێ) موسیحی گوندی هەزارجۆت بوو هاتە شەهیدکردن ، تاکو ســـالّی ١٩٦٥ لە گەلّ شـــۆڕشـــی ئەیلول بەردەوام بوو . موشـــیر ئاغای گۆران  ، کەســایەتیەکی   بەر چــاوی عەشــیرەتی گۆران بوو ،  خۆی بە ســەرۆکی عەشــیرەتی گۆرانان هەژمار دەکرد،  عەشیرەتەکانی دەورووبەر  چاوی تەماعیان لە گوندەکانی گۆرانان بوو داگیری بگەن  ، بەردەوام بەرگری لە خاك وخەلّکی گوندنشینی دەڤەری گۆرانەتی  دەکرد ،  کەسێکی نان دەر بوو دەرگای دیوەخانی بۆ هەموو کەسێك کرایەوە بوو ،  کەسانی تر کێشەیان هەبایە دەهاتن لە گوندی بامەرزێ دەحەوانەوە و کێشــەیانی چـارەســەر دەکرد ،  زۆر جار دەیگۆت : کوڕباوکم خوا ئێمەی کردگە ئاغا ،  بۆ خزمەتکردنی خەلّك ،

موشیر ئاغا لە ١٣ / ٥ /٢٠٠١ کۆچی دوایی کردووە ، کاك بشار موشیرئاغا جێگای گرتەوە لە کابینەی هەشتەم ئەندام پەرلەمانی هەرێمی کوردستان بوو .

**سیفاتە بەرزەکانی مشیرئاغا :**

سەرکردەی کۆجکردووی عەشیرەتی گۆران بوو : مرۆڤێکی دیندارو لەخواترس بوو ،  سەری بجوبا نوێژی نەیدەچـــو . چـــاوفرەوان و نانـدەربوو ،   جیاوازی لەنێوان هەژارودەولەمەند نەدەکرد و بەیەکچـاوســەیری کەســانی عەشــیرەتی تری دەکرد،  دەیگوت کوڕم ئەمانەغەریبن لەناو ئێمە دەژین باهەست بەغەریبی نەکەن ،  دووژمنی ئەوکەسەبوکە دزی دەکرد ،  حەزی لە کەســی  کاســبکار بوو ،  رقی لە کەســی بێکار بوو  ،  لەســەرســفرەلەگەلّ مرۆڤی فەقیرنـانی دەخوارد، لەکەســێك تورە بوایە زوو ســارد دەبۆ وە، دلی کەســێکی عاجزبکردبا هەر ئەوکات بانگی دەکرد ، دەســتی لەملی دەکرد و لەگەلّی ئاشــت دەبۆوە ،   دەیگۆت تۆکوری منی نابی لە مامی خوت عاجزبی. خۆی بەخزمەتکاری هەموو کەسێك دەزانی ( ٢٤٩ )


٢٤٩ ــ بە سوپاسەوە لە زاری چەند کەسێکی نزیکی هەڤالانی مشسر ئاغا وەرگیراوە



## ٧ــ احمد محەمەد باجەلان ناسراو بە (ئەحمەد شەڕەقە )

پێشـــمەرگەیەکی دێرینی هەردوو شـــۆڕشـــی ئەیلول و گولان ڕاپەڕین بوو لە ساڵانی شێستەکان وەکو پێشمەرگە پەیوەندی بە شـۆڕشـی  ئەیلوول کردبووپلەی سـەرپەل بوولە چـەندین شـەڕو داســـتان بەشـــداری  زۆربەی شـــەڕەکانی کردبوو ناودەنگی لەناو شـــۆڕش دەرکردبوو ، پەیوەندییەکی پتەوی هەبوو لە گەڵ ماڵی بارزان  هەبوو ، ژیانی خۆی تەرخانکردبوو  ڕێبازی بارزانی نەمر ،  هەروەها زۆر بەی پێشمەرگە کۆنەکانی شۆڕشی ئەیلوولی دەناسی ، لە ناو شورەش دەناسرا بە ئەحمەدکێ (سمبێل ڕەش ) لەزۆر شەڕو پێکدادان دژی لەشکری حوکمەت و  جاش و بەکرێ گرتەکانی جەنگابوو ، دوای نســکۆی شــۆڕشـــی  ئەیلوول بە خێزانەوە ئاوارەی ئیران دەبێت  ، دوای هەڵگیرســـاندنی شـۆڕشـی گولان پشـکداری شـۆڕشـی پارتی زانی پشـکداردەبێت  ، زۆر جار بریندار ببوو  ، لە گوندی زەنگەنان  و گوندی بەنێنان دادەنیشـت  ، لە عەشـیرەتی باجەلانە  ، خزم و ناسـیاری لە وولات شـەبەك هەبوو  ، سـەردانی یەکتریان دەکرد  ، لە بەهاری ١٩٩١ پشـکداری ڕاپەڕین دەکات دەگەرێتەوە گوندی خرابە یاســین لە ســنووری قەزای  بەردەڕەش  نیشـتـەجێدەبێت  ، مام ئەحمەد شریقە مرۆڤێکی نشتیمان پەروەر و دلسۆزو موریدێکی وەفاداری بارزان و ڕێبازی بارزانی بوو ،   ساڵی ٢٠٠١کۆچی دووایی کرد  گەیشتە کاروانی شەهیدان .

## ٨ــ ئیبراهیم عەزیز عەبدۆ:



نیشتمانپەروەری ناسراوی گۆران
(ئیبراهیم عەزیز عەبدۆ)

لەساڵی ١٩٣١ لەشارۆچکەی  بەردەڕەش  لەدایك بوو ، لە تەمەنی لاوێ تیداو لەساڵی ١٩٥٧ پەیوەندی بە ریزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستانەوە کرد. لەبەر لێهاتووویی‌و دڵسۆزی خۆی بەخێرایی قۆناغەکانی خەباتی بڕی‌و بناغەی ڕێکخستنی پارتایەتی لەدەڤەرەکە دامەزراند، (مام برایم) یەکێکە لەو ناوانەی لەدڤەری گۆرانەتی دەنگی دابۆوە هەڤاڵ ئیبراهیم لەخانەوادەیەکی پڕ لەهەستی کوردایەتی  پەروەردە کرابوو ، گڕو گەرمایی کوردایەتی تا ناخی دەروون‌و ئێسقانی هەڤاڵ ئیبراهیم رۆچووبوو  ، بۆیە چەندین جار دەستگیر کرابوو کەوتبوو  بەندیخانە نەك هەر کۆڵی پێنەدا ، بگرە لەگەڵ هەر ئازارو ئەشکەنجەیەك.. لەگەڵ دەرهێنانی هەر ددانێکی و هەڵکێشانی هەر نینۆکێکی لێوەدەکرا  ، ئاگری کوردایەتی لە دڵ و دەروونیدا گەرم تر دەبوو، ئیرادەی پۆڵایینتر لێدەهات. دوای دەسکەوتە مەزنەکەی یازدەی ئاداری ١٩٧٠ کە شۆڕشی کورد ، دوژمنی ناچار کرد دانی رەسمی بەمافەکانی گەلەکەماندا بنێت ،

هەڤاڵ ئیبراهیم بەئەندامی ناوچەی مووسڵ هەڵبژێردراو لێپرسراویەتی ڕێکخراوی بەردەڕەشی گرتە ئەستۆ  شانازیە بۆ بەرێزی چەندین جار لەنزیکەوە گەیشتۆتە خزمەتی سەرۆکی کورد (مستەفا بارزانی).دوای نسکۆی سالی ١٩٧٥ وەکو هەزاران پەنابەری کورد ، بڕیاری مانەوەی دا لەئێران و لەشاری (نەراق) نیشتەجێ کرا. ڕۆژی ١٩٩٦/٩/٨ بەنەخۆشی دڵ ماڵئاوایی کردو چووە بەر دلۆڤانی خوای گەورە. ، دوای ئەوەی سەرکەوتنی گەڵەکەی بەچاوی خۆی دیت ، تەرمی شەهید بەئەمانەت لەگۆڕستانی شاری شنۆ بەخاك سپێردراو ، پاشان لەڕۆژی ١٩٩٧/٥/١٠ تەرمەکەی گوێزرایەوە بۆ زێدی باووباپیرانی لەشارۆرچکەی  بەردەڕەش ،  هەزاران سڵاو بۆ گیانی پاکی گشت شەهیدانی خاك و وولات .



٩ ـ ئیسماعیل رەزا ئیسماعیل

لە ساڵی ١٩٢٩ لە گوندی گربدەو سەربە ناحیەی دارەتو قەزای بەردەڕەش ،  لە بنەماڵەیەکی هەژار و کورد پەروەر لە دایك بووە .لە ٢٥ / ١ / ١٩٦١ پەیوەندی بە رێکخستنەکانی پارتی کردووە ، لەگەڵ بەرێز ئیبراهیم عزیز عەبدۆ چالاکی خۆیان لە سنووری ناحیەی عشائر السبعە دەست پێکردەوە، لە هەمان ساڵ بووە بە ئەندامی پارتی لە رێکخراوی (رزگاری) خۆی بە هێزی شێخان گەیاندووە ، لە ساڵی ١٩٧٠ بە ئامادەبوونی بەرێزان (ئیدریس بارزانی ، عەلی شنگالی و حەسۆ میرخان ) لێژنەی ناوچەی ئاکرێ دامەزرا ناوبراو بە ئەندامی لیژنەی ناوچەی ئاکرێ دوستنیشانکرا ، بوو بەرپرسی رێکخراوی پارتی لە ناحیەی بەردەڕەش . لە ساڵی ١٩٧٤ حکومەتی بەغدا پاشگەزبۆوە لە جێبەجێکردنی بندەکانی بەیاننامەی ١١ ئاداری ساڵی١٩٧٠ ، بەهاوکاری چەند پۆلیسێکی  شارۆچکەی بەردەڕەش  دەستیان بەسەر بنکەی پۆلیسی  بەردەڕەش  داگرت ٣٣ پۆلیسی عەرەب بە بارمتە رەوانەی بارەگای هێزی حەمرین کران ، پلەی سەرلقی پێدرا لە هێزی حەمرین عبدولرەحیم جەسیم فەرماندەی هێزبوو ، دوای نسکۆی شۆڕشی ئەیلوول ئاوارەی ئێران بوون ،  لە ئۆردوگای زێوە دەژیان پاشان بە خێزانەوە رەوانەی شاری محلات کران سەربە پارێزگای ئاراك ، ساڵی ١٩٩١ دەگەرێتەوە  بەردەڕەش  ،  ساڵی ٢٠٠٥ کرایەوە وەکو کادیری بەشی سەربازی لە ل.ن. بەردەڕەش  پاشان دەکرێت بە ئەندامی دەزگای ئەیلوول لە ئاکرێ  ، ساڵی ٢٠١٠ لە بەر گەورەی تەمەنی خانەنیش دەکرێت ، لە ١٦ تەباخی٢٠١٨ لە لایەن سەرۆك بارزانی وەکو رێزلێگرتنێك لە خەبات ماندووبوونی ناوبراو مەدالیای بارزانی پێدەبەخشرێت ،  لە رێکەوتی ٣١ /١٢ /٢٠١٨ دڵە گەورەکەی لە کار رادەوەستێت و کۆچی دوایی دەکات  .

## ١١ـ بنەماڵەی قادر ئەحمەد جبۆ زەنگەنە و شارۆچکەی قادرکەرەم...




ئێستا براگەورەی ماڵی قادر ئەحمەدجبۆ چەند کەسایەتیەکی بە تەمەن ناوداریان هەیە لەوانە (کماڵ محەمەد ئەحمەد جبۆ )و (صباح عزیز ئەحمەد جبۆ ) (ئەحمە دوەسمان)  لە هۆزی زەنگەنەن .پێش هێرشەکەی میر محەمەدی رەواندوزی دەڤەری گۆرانەتی ئێزدی تێدا هــەبوون لە هەندێ گوند خاوەن دەسەڵاتبوون ، بەڵام هێرشەکەی میر محەمەدی رەواندوزی ، لــە ساڵی ١٨٣٢ ئێزدی لە دەڤەری گۆرانەتی ڕاماڵی ، بەرەبابی ماڵی قادر ئەحمەد جبۆی پێش لەشکرکێشی میر محەمەدی گەورە،  لە(خان رۆستەم)هاتونە دەڤەری گۆرانەتی لە گوندی زەنگــەنان دادەنیشتن ، بەردی بناغەی ئەو گوندەیاندانا ، پاشان لە بەر کێشەیەکی کۆمەلایەتی لە ساڵی چلەکان چوونە گوندی دوگوندانی گەورە ئێستا لە بەردەڕەش دادەنیشن و بەڵاوبینەوە

دەگێرنەوە ماڵی مام قادری گەورە لە گوندی زەنگەنان دادەنیشتن ، دەکاتە باپیرە گەورەی ماڵی ئەحمەد جبۆی ، ژنیان بۆ کوڕێکی مام قادری گەورە بە کەیف و خۆشی دەگواستەوە ، ماڵی مام قادری گەورە توشی کێشەیەکی کۆمەلایەتی هاتبوون لە گەڵ کوڕی میری ئێزدییان دەعوەت کرابوو بۆسەر شاییەکە ، ئەو سەردەمی ئێزدی و موسولمان لە دەڤەری گۆرانەتی پێکەوە دەژیان . کوڕی میری ئێزدیان لە شایی چاوی کچێکی شۆخ و جوان کەفتبوو دەیویست کچێکی موسولمان لە مالی مام قادری بخوازێت ، مام قادری گەورە کەسێکی ناودارو ئازا بوو ئەوەی لە سەرخۆ قەبوول نەکرد کچە موسولمانێك بدرێتە کوڕی میری ئێزدییان ، ماڵی میری ئێزدییان وازیان نەدەهێنا ، مام قادری گەورە پیلانێکی دارشت ، ماڵ و منداڵی خۆی لە گوندی زەنگەنان قوتار کرد بۆ گوندی (شێخەمیر)  بەتنێ زەلام لە گوندی زەنگەنان مابوونەوە ، داوای لە میری ئێزدییان و کوڕەکەی کرد بوو بێنە داخوازی کچە موسولمانەکە ، هێوارەبوو میرو کوڕی میری ئێزدییان هاتبوو داخوازیێ ، هەر ئەو شەوی ، بنەمالەی ماڵی قادری گەورە هەڵیانکوتابوو سەریان ئێزدییەکانیان کوشت و لە زەنگەنان هەڵاتن ، باریان کرد رۆیشتن چووبوونە جێگایەکی چۆلی دوور ، تا گەیشتنە سەر ئاوی ( رووخانە )دایانانبوو چەند رەشماڵ وخەرپۆشەیەکیان بۆخۆیان دروست کردبوو ، ماوەیەك لەوێندەرێ حەوابۆنەوە. (ئەو شوێن بوویتە قادر کەرەمی ئێستا ) .

باسی دروست کردنی قادر کەرەم دەکەین .چەند ساڵێك لە وێندەرێ ژیانیان بردە سەر ، رۆژەکێ لە رۆژان حێل و حوربانی ماڵێکی عەرەب لە سەر هەڤاری گوندی قادریان دانابوو چەند رۆژێك پێچوبوو بەبێ پرسیار و روخسەت وەرگرتن ئەو ماڵە عەرەبە مابوونەوە ماڵی مام قادری گەورە نارحەت ببوون ، هینا چوون پرسیاریان لێکردبوو دەبینن ماڵە عەرەبێکە ، عەرەبەکان گوتیان: ( دەخیل الله و دەخیلکم ) ئێمە عەرەبین توشی دوژمنداری بووینە لێمان قەومایە لە گەڵ بەدەوییان ، چەند زەلامێکمان هەتا نۆکە بزرن و بێ سەروشوێنن ، چاوەروانیان دەکەین بگەرێنەوە ئەوجە بێین بۆسەرەدانی ئێوە ، تاوەکو یەکتر بناسین ، ماڵی مام قادری گوتیان مادام ئەنگۆش وەکو ئێمە لێتان قەومایە فەرمون وەرن لە گوندی ئێمە ئاوەدانیێ بکەن وەکو برایان پێکەوە بژین ، دەگێرنەوە ژن بە ژنیان کردبوو ببوونە خال و خوارزای یەکتری

ماڵی (مام قادری گەورە ) بەدین و دیندار بوون لە گەل رێچکەی ئەهلی تەریقەت ببوونە درویشی ماڵی (شاە حەسەنی قەرەچێوانی ) هاتووچۆیان زێدە خۆش بوو دەڵێن رۆژەکێ ماڵی شاە حەسەنی قەرەچێوانی بە مێوانی سەرەدانی مام قادری دەکەن ، مام قادر لە خۆشیان و کەیفان نەیدەزانی چۆن پاداشتی هاتنی ماڵی شێخی بداتەوە هەما گوندەکەی خۆی بە دیاری کەرەمی ماڵی شاە حەسەنی قەرەچێوان کردبوو ، ماڵی شاە حەسەنی قەرەچێوانی کەرەمەکە یان لە قادری قەبول کردبوو ، لەبەر هەندێ ناوی ئەوشوێن لێنرا ( قادر کەرەم ) ، واتە دامەزرێنەری شارۆچکەی قادر کەرەمن هەتا ئێستا هەر ناوی قادر کەرەمی پێوە مایە ، قادری قادر کەرەم باپیرە گەورەی قادر کەرەمەو باپیرە گەورەی ماڵی قادری ئەحمەد جبۆیە ئێستا لە قەزای بەردەرەش دادەنیشن عەشیرەتیان زەنگەنەیە لە تیرەی (خەنجەرباز)، لە کۆنەوە لە دەڤەری کفری و کەلار هاتونە لە گوندی زەنگەنان دانیشتبوون ، هەر ئەوان دەڵێن ناوی زەنگەنان لە زەنگەنە هاتووە چونکە لە کۆنەوە چەند ماڵێکی زەنگەنە وەکو ماڵی سمایل هەدلە ، ماڵی خال رەزەوان ، ماڵی رەمەزان عەیشۆك ، ماڵی قەرۆی لە گوندی زەنگەنان دادەنیشن .

ماڵی قادری گەورە (ئەحمەد جبۆ زەنگەنە) فاتم خانی خوشکی رەشۆ ئامۆزای (قادر ئاغای زەنگەنان) دەخوازی خاتوو خەندانی خوشکی دەداتە مام رەشۆی (ژن بە ژن)



**١٠ـ قادر ئاغای گوندی زەنگەنان:** کەسێکی زانستخواز بوو ، یەکەم ئاغا بوولە دەڤەری گۆرانەتی ساڵی ١٩٤٢قوتابخانەی لە گوندی زەنگەنان کردەوە ، خوێندنی کردە تەوزیمی ، شێخ و ئاغاکان پێیان دەگۆت خەڵکی گوند خوێندەوار بێت لە بن دەستت دەردەچن ، رۆشنبیر دەبن و گوێرایەلت نابن، پێیانی گۆت :ما باش نیە ئەز دەبمە ئاغای رۆشنبیران و خەڵکێ گوندێ من لەناو خەڵکی

دیاربێت  ، بە بێ جیاوازی کەسێك مندالی خۆی رەوانەی قوتابخانە نەکردابایە جەزای دەکرد یان دەبی لە گوندی باربکات ،  ناوە ناوە بەشەوان دوو کەسی تەرخان دەکرد لەناو گوند بگەرێن بزانن قوتابیەکان خەریکی خوێندن ، یان بەکاری تر خەریکن مامۆستا لە رێزبوونی بەیانیان ناوەکانی ئاشکرا دەکرد ،  زۆربەی بەیانیان پێش کات ژمێر ٨ی بەیانی دەچوو لە گۆرەپانی قوتابخانە لە سەر کورسییەك دادەنیشت  ،  وەکو سەرپەرشتی کردنی کارێکی پیرۆز تاکو دەوام دەستیپێدەکرد دەگەڕایەوە کۆچکێ ، پاڵپشتی رێڤەبەرو دەستەی مامۆستایانی گوندی بوو  ، سەرپەرشتیاری پەروەردەیی لە موسل بهاتبایە بۆمەبەستی سەردانی قوتابخانە ،  ئەوڕۆژی سەرپەشتیارو دەستەی  مامۆستایانی لە کۆچکێ مێوان دەکرد .



## ١٣ــ محەمەد نصیب

هاوولاتیانی سڤیلی ناوچەی (بورسە) و بـەرەباشوور رێگە دەبڕن‌و لەلێواری ئاوێك دەوەستن تاکو  سەروبنی کاروانەکە بگاتەوە یەك ، لەوکـاتەدا مندالێکی قژ زەردی تەمەن شەش سالانکە  لەخێزانـەکەی دابڕابوو بـــەدەوری خەلکە ماندووەکەدا دەخولێتەوە . لەناکاو بەدۆزینەوەی خوشکەکەی شاگەشکە دەبێت‌و هەندێك لەشەکەتی وبرسیێتی بیردەچێتەوە ، بەر لەوەی بکەونە قسەکردن هێرشی لەشکری جەندرمە دەستپێدەکاتەوە و بۆرزگاربوونیان لەمردن دەست دەکەنەوە بە هەلاتن ، مندالەکە سیمای خوشکی لەبەر چاواندا  بزردەبێتەوە. لەترسی جەندرمان لەگەل ژمارە خەلکێکی تر لە پەنای گردۆلکەیەك خۆیان بەسەر زەوی رادەکێشن، ئەفسەرێکی تورکی سوارەی سەرشان پڕ لەتانج‌و ئەستێرەیان لێ وەدەردەکەوێت بەلام لەسەر زینی ئەسپەکەی غلۆر دەبێتەوەو  ناوچەوانی  بەر بەردێك دەکەوێت‌و دەمرێت ، رێگا دەبڕن تاکو  دەگەنە شاری زاخۆ.

مندالەکە لەدۆزینەوەی خێزانەکەی بێ ئومێد دەبێت‌و بەگەل خەلکەکە دەکەوێت تاکو دەگاتە شاری مووسل. لەشاری مووسل ڕاستی پیاوێکی عارەب دێت قسەی لەگەلدادەکات لەیەکتری تێناگەن عەرەبەکە زانی لەگەل خێزانەکەی دابڕاوەو بردیەوە مالی خۆی.خەلکی مووسل بەشان‌و کوندە ئاویان لە دیجلە بۆ مال دەکێشا ، مندالەکەی کردە سەقای مالی خۆیان و چاودێری هەژاندنی بێشکەی مندالە ساواکەی کردە ئەستۆی ، بەم شێوەیە  لەگەل ژیانی نوێ‌و نامۆیی راهات‌و بەپیاوی خاوەن مالی گوت باوکە  وبەئافرەتەکەش دایە. رۆژ بەڕۆژ هەندێك فێری زمانی عەرەبی‌و کوردی بوو ، ڕۆژێکیان خاوەنی مالەکە لەگەل پیاوێك گەڕایەوە مال‌و داوای لێکرد لەگەل هاوڕێیەکەی کە(عەزیز)ی ناوبوو بڕوات ولەوێ  چاودێری مندالە ساواکەی ئەوان وبەردەستیان بکات. دەست بەگریان دەکات‌و خاوەن مال پێێ دەلێت (ئەگەر جێگات لە مالی

عەزیز لێرە خۆشتر نەبێت هەرگیز  ڕازی نابم  لەگەڵ خۆیدا  بتبات). لەگەڵ عەزیز دەڕوات ولەوێش هەمان کاری ئاوکێشانو بێشکە هەژاندن وبەردەستیان دەکات ، کە تەمەنی دەبێتە دوزادە ساڵان عەزیز لەگەڵ عەرەبی خاوەن  حوشتر بۆ دەڤەری  خانکیَو دەووبەری کەئیزدی لێی نیشتەجێن دەینێرێت تاکو باجی زەوییە مولکەکانی کۆبکاتەوەو هەندێك فێری خوێندەواری وشارەزایی دەبێت. کوڕە گەورەکەی عەزیز خوێندنی تەواودەکات ولەوکاتەدا تەمەنی(حەننا) دەبێتەحەڤدە ساڵان، کوڕیَ عەزیز ببوو نووسەری ناحیەی بەرازی (گوندێکە دەکەوێتە  بناری چیای مەقلوب لەدەڤەری گۆرانەتی) دادەمەزرێتو (حەننا) لەگەڵ خۆی دەباتە شوێنی کارەکەی. رۆژێکیان لەکارەکەی دەگەرێتەوە پێی دەڵێت برادەرێکم بەڕێوەبەری ناحیەی  بەردەڕەشە لەگەڵی رێکەوتووم کەبچێتە ئەویَ کاربکات ، غەم دایدەگرێتو هەست دەکات کەکوڕەکەی عەزیز خۆشی ناوێت ، کەچی براکەی بەپیریەوە دەچێتو دەڵێت: (حەننا) پەست مەبە ، تۆ لەویَ فێری کارکردن دەبێتو دەبیتەخاوەن  ماڵ ئەگەر حەزیشناکەی مەڕۆ بەلاَم کارەکەی تۆ لەویَ (قۆلچی) یاتیە ، (حەننا) گیان تۆ هەتاهەتا خزمەتی ئێمە ناکەیتو پێویستە ڕێگای دوارۆژت ببینیتەوە. دواییش لەگەڵ (ڕەمەزان  فاتیَ) کەبەڕێوەبەری ناحیەی  بەردەڕەش  ناردبووی دەچێتە ئەویَ ، هەرکە دەگاتە ئەویَ تووشی پیاوێك کەناوی (سەید عەزیز)ە دەبێتو بەخۆی ودەروێشەکانی یەخەی دەگرن و داوای لێدەکەن ببێتە موسڵمان. بەم شێوەیە (حەننا) دەبێتە (محەمەد) وسونەت دەکریَو کچێکی ئەرمەنی کەڵەماڵی ملکدار بوو لەگوندی  نەزراوە (دەکەوێتە  باکوری بەردەڕەش  بەدووری ٦کم) وبووەتە موسلمان بۆی دەخوازن ، مەریەمیان بۆ حەننا یان (محەمەد قۆلچی) هینابوو ،  لەو ژنە کوڕێك و چوارکچی  بوو ، لەساڵی ١٩٤٠ مەڕیەم دەمرێتو دوای دوو ساڵ ژنێکی تر کەناوی (فاتیمە) یە دەهێنێت ولەویش چوارکوڕو شەش کچی دەبێت. محەمەد لەسەرکاری خۆی بەردەوام دەبێتو نازناوی (نەسیب)ی لەسەردادەنێنو ، وەکو پیاوێکی  بەئاکار وموسلمانێکی  تەقواو خێرخوازو سەخی لەناو  دەڤەری گۆرانەتی  دەنگ دەداتەوە ، محەمەد نەسیب یەکەم کەسبووە (دەفتەری جگەرەو قەسپو چیت) لە بەردەڕەش  لەدوکانەکەی دادەنێت ، محەمەد  لە بەردەڕەش  مایەوە تاکو لەساڵی ١٩٧٠ کۆچی دواییکردو سەری نایەوە [٢٥٠]

---

[٢٥٠]ـ ئەم زانیاریانەم لە(محەمەد عەلی مکاییل)تەمەن ٧٢ ساڵ و (محەمەد عەزیز) تەمەن ٨٤ ساڵە هەروەها بە سوپاسەوە لەبەرێز حاجی(عەبدوڵڵا محەمەد نەسیب)کە کوڕی ناوبراوە وەرگرتووە.



## ١٤ـ ئەمین ئاغای گوندی دارەتوو:

کەسێکی ناوداری دەڤەری گۆرانەتیە ، لە ساڵی ١٨٨٧لە گوندی دارەتوو سەر بە قەزای بەردەڕەش لە دایك بووە. لە عەشیرەتی رەشگەریە ، تیرەی بەرەبابی قەمبەرین ، بەشێکن لە قەبیلەی ئاکۆییان ، پێش سێسەد ساڵ دەبێت لە ناوچەی رانیەو قەڵادزێ لە بەر کێشەیەکی کۆمەلایەتی بە هاوکاری میرانی سۆران لە گوندی دارەتووی سەر بە دەڤەری گۆرانەتی ئاکنجی بوونە ، ناوی تەواوی (امین ئاغا کوڕیاحمدئاغا کوڕی ئیسماعیل ئاغا کوڕی محەمەدسعیدئاغا کوڕی رەمەزان ئاغا کوڕی سەفەر کوڕی حەیدەر کوڕی قۆچئاغا کوڕی قەمبەر )لە مانکی ١١ی ساڵی ١٩٦٤کۆچی دووایی کردووە ، خواناس و دادپەروەربوو ، بە هەموو شێوەیەك ئاگاداری خەڵکی ئاوایی خۆی بوو. نەستەمکاربوو نە حەزی لە ستەم بوو نەیدەهێشت مندالەکانی غەدر لە کەس بکەن ، ناوی بە چاکە دەرچووبوو. زۆرکاری چاکەی ئەنجامدابوو. لەوانە هەمووساڵ ٣ چال دەغلی سەرپۆش دەکرد ، لە کاتی پێویست چالەکانی دەکردەوە چالی یەکەم بۆ خێزانی و خزمی لەپێشی خۆی بوو ، گەنمی چاڵی دووەمی دەدا خزمو ناسیارو برادەرانی خۆی ، دەغلی چاڵی سێیەمی بەسەر خێزانە دەستکورتو کەم دەرامەتی گوندی دابەش دەکرد. رێزی لە جووەکانی گوندی دەگرت. خەڵکی گوندی دارەتوو کەس نەدەوێرا دژی جووەکان رابوەستێ و ستەمیان لێبکات. بە بێ جیاوازی دادپەروەری .

بەرامبەر خەڵکی گوندی بەکار دەهینا. ئەمین ئاغا لە مانگی ١٢ی ساڵی ١٩٤٤ بۆ ئەدا کردنی ئەرکی حەج لە گەڵ حاجیانی دەڤەری گۆرانەتی لە وانە حاجی ئیبراهیم زیاب دانیشتووی گوندی کەونەباك بوو ساڵی ١٩٤٥گەڕابوونەوە شەش مانگی خایاندبوو. سواری پاپۆری ببوون لە حەیفای فەلەستین دابەزیبوون چووبوونە مزگەوتی(بیت المقدس ). هەندێ ماڵە جووی دارەتوو گەڕابوونەوە ئیسرائیل لەوێ سەردانی ماڵە جووەکانی گوندی دارەتووی کردبوو جووەکان رێزێکی تایبەتیان لە ئەمین ئاغا گرتبوو دوو بەرەباب کێشەی کۆمەلاتیان هەبوو لەئیسرائیل ئاشتیانی کردبۆوە. (٢٥١)

٢٥١ ــــــ ئەو زانیاریانە بە سوپاسەوە لە بەرێزماوەستا (مەهدی خلیل ئەمین ئاغا) بەرێوەبەری پەروەردەی قەزای بەردەڕەش وەرگیراوە



## ١٥ ـ محەمەد تاهر یونس ئاغا

دوای شکستی شۆڕشی شکاکیان نەوەکانیان و هەندێ لە خێزانی شکاك هاتبوونە دەڤەری گۆرانەتی لە گوندەکانی سەر بە هەردوو قەزای بەردەڕەش و شێخان بەلاًوون (محەمەد تاهر کوڕی یونس ئاغا کوڕی محمەد ئاغا کوڕی یونس ئاغا کوڕی عەلی ئاغا ) هەندەکیان دەڵێن بەری ٣٠٠ساڵە بە کۆچەرایەتی خاوەن مەڕومالات بوونە هاتونە دەڤەری گۆرانەتی هاتبوونە لە گوندی زیناوای کەون ئاکنجی بوونە ، محەمەد تاهر زیناوایی ساڵی ١٩٣٧ لە گوندی زیناوای کەون سە بە قەزای شێخان لە دایك بووە ، دووای مردنی باوکی (محەمەد تاهر ) لە تەمەنی ١١ یازدە ساڵی لە لایەن مالباتی دەست نیشانکرا بە سەرۆکی هۆزی شکاك لە دەڤەری گۆرانەتی ،

، لقەکانی شکاك ئەوانەن(شران ، شارك شوکری ، دری ، کارداری ، هەناری ، عەبدۆیی ، رۆستەم بەگی ، سیرمۆ). شکاك لە کوردستانی گەورە بەلاون .


محەمەد تاهر زیناوایی کەسێکی رەوشت بەرزو خێرخواز بوو ، دەستی هاوکاری بۆ هەژارو نەداراران درێژدەکرد ، چاوی لەسەر خێزانی یەتیمان بوو ، مزگەوتێکی گەورەی بە ناوی (محەمەد تاهر زیناوا)یی لە شاری موسل ئاوەدانکردبوو ، خواردنی لە ناو مزگەوت درۆستدەکرد کەسانی هەژاری دەعوەت دەکرد و بە سەر خێزانە هەژارەکانی دابەشدەکرد لە ساڵی ١٩٩١ کۆچی دوای کردبوو.

**١٦ ـ سوەیلە خان :** لە دەڤەری گۆرانەتی ئافرەتێك هەڵکەفتبوو خانەدان و چاونەترس دیوەخانی هەبوو ئەویش لە گوندی دولێجان کەتۆ دووبرابوون کەتۆ ئەحمەد و خالد ئەحمەد لە گەڵ خوشــکێکیان بە ناوی (ســوەیلەخان ) هەبوو ، ســاڵی ١٩٥٨ باوکیان مرد هەردوو براکەی ســوەیلە خان کچــکە بوون بویە ســوەیلە خان جێگای باوکی گرتەوە ئەو خانمە لە دەڤەری گۆرانەتی ناوی دەرکردبوو لە زیرەکی و ئازایەتی خانەدان و چــاپوك بوو ، ســوەیلە خان ســەجەرەیان بۆ بنەماڵەی سمکۆی شــکاك دەگەرێتەوە لە عەشــیرەتی شــکاك بەربابی عەڤدۆیین ، وەکو پیاو رەختی گرێدەداو تڤەنگ لە شان و سوار هەسب بوو ، پاسەوانی پیاوی هە بوون ، لە جەماتی زەلامان دادەنیشــت ، لەبەر ئەوەی کاڕووباری گوندی بەرێوە دەبرد مێردی نەکردبوو هەربەعازەبی کۆچــی دوای کرد ، دانوســتاندنی لەگەڵ بەرپرسـان دەکرد بۆ چارەسەری کێشەکان ، خەڵکی رێزیان لێی دەگرت . ( ٢٥٢)

---

٢٥٢ ـ پێزانین بە سوپاسەوە لە بەرێز محەمەد کەتۆ وەرگیراوە

## ١٧ ـ دکتۆر موستەفا ئیسماعیل رەمەزان



ساڵی ١٩٥٢ لە بەردەڕەش لە دایك بووە  خوێندی سەرەتایی لە بەردەڕەش و ئامادەیی و کۆلێژی زانستی لە زانکۆی موسل خوێندووە.
لە ١٩٦٩/١١/١ پەیوەندی بە پارتی دیموکراتی کوردستان دەکات لە موسل سالی ١٩٧٢ دەبێتە بەرپرسی رێکخستنی پارتی لە کۆلێژەکانی ( زانست، کشتوکال، ئاداب) تا سالی ١٩٧٤.
لە مانگی ٢/ ١٩٧٤ لە موسل دەبێتە نوێنەری یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردستان .
لە ١٩٧٤/٢٣/٧ موسل بەجێ دێلێت پاش پاشگەزبوونەوەی رژێمی بەعسی لە رێککەوتنمانەی ١١ی ئادار لە سالی ١٩٧٠ پەیوەندی بە لەشکری پێشمەرگەی کوردستان لە شێخان دەکات .
بە برِیاری بارزانی نەمر قوتابیانی  زانکۆ لە قەڵادزە بۆ خوێندن و بەردەوام دەبن .
رۆژی ١٩٧٤/٤/٢٤ پێش بۆمبارانکردنی قەڵادزە بە ١٥ خولکلەگەڵ چەند هەڤالێك رزگار دەبێ و بە سەدان قوتابی و کەسی سڤیل شەهید بوون پاش ئەو کارەساتە دەگەرێتەوە بارەگای سکرتاریەتی یەکێتی لاوان.
لە مانگی ١٩٧٤/٧ بە فەرمی دەبێتە پێشمەرگە لە هێزی حەمرین و لە هەمان کاتدا دەبێتە بەرپرسی رێکخراوی هێز.
لە ١٩٧٤/١٢/١٣ بە ئەرکێك رەوانەی سکرتاریەتی لاوان دەکرێت لە چۆمان . لە ١٩٧٦/٣/٣١ لەگەل ٤٣ کەسیتر وەکو یەکەم وەجبەی پەنابەر دەگاتە وەلاتی نەمسا و دەبێتە ئەندامی کۆمەلەی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا و لە رێکخستنی پارتی لە ڤیەننا کار دەکات.
لە ١٩٧٦/٧/١٤ بە یەکەم جار لەگەل رەوەندی کورد خۆپیشاندان ئەنجام دەدەن دژی بەعس.
لە ١٩٨٩ دێتە هەڵبژاردن بۆ کۆنگرەی ١٠ لە ئیشماوە / ئێران و دەبێتە لێژنەی سەرپەرشتی لە کۆنگرەی ١١ و ١٢ و ١٣ بەشداری کردووە لە کوردستان وەکو لێژنەی سەرپەرشتی و دەستەی بەرێوەبردنی کۆنگرە.
لە ١٩٩١ تا ٢٠٠٣ بەرپرسی پەیوەندیەکانی پارتی بووە لە نەمسا لە مانگی ٢٠٠٥/٢ بەرپرسی نوێنەرایەتی حکومەتی کوردستان لە نەمسا.
لە ٢٠١٢ بە فەرمی نوێنەرایەتی دبلوماسی دەکرێتەوە لە نەمسا.
لە ١٩٩١ وەکو پزیشك کاری کردووە و یارمەتی هەموو بریندار و نەخۆشانی داوە کە لە کوردستان چونەتە نەمسا بۆ چارەسەر. ( ٢٥٣

٢٥٣ ــ ماموەستا غازی رەمەزان سەرپەرشتیاری پسپۆری کارگێری / پەروەردەی ئاکرێ بە سوپاسەوە وەرگیراوە



## ١٨ ـ صالح خدر خالد ئاغا گۆران دووبەردانی

کەسایەتیەکی ناوداری دەڤەری گۆرانەتی بوو ،خۆی بە سەرۆك عەشیرەتی گۆران هەژمار دەکرد ، ساڵی ١٩٤٦لە گوندی دووبەردانی گەورە لە دایك بووە ، پەیوەندی کۆمەلایەتی لە گەل گشت بەرەباب و تیرەی گۆرانان بە هێز بوو ، لە ساڵی ١٩٦٩لە کۆلیژی ئەکادیمی سەربازی هاتە وەرگرتن ، بە پلەی مقەدەم خانەنیشکرا، بەم شێوەیە سەجەرەیان بۆ مامە سەنە دەگەرێتەوە ، (صالح خدر خالد مەحمود حەسەن خالد قاسم ئاغا ئەحمەد ئاغا مامە سەنە سلێمان مستەفا حاجی ئاغا حوسێن ئاغا عەلی ئاغا مەحمود قاسم ئاغا خالد ئاغای شەڵ مامەسەنە) صالح خدر خالد ئاغا چەند جارێك لە کۆنفراسی سەنتەری رۆشنبیری گۆران لە سلێمانی هاتبوو مێوانکردن ووتاری خۆی هەبوو رۆنکردنەوەی لە سەر عەشیرەتی گەورەی گۆران دەدا ، دەرگای دیوەخانیان کرایەوەیە و کێشەی کۆمەلایەتی خەلکی چارەسەردەکرد ، مالباتێکی ناودارن کەسایەتی بەرچاویان هەیە لەوانە ( شێروان جمال ئاغا دووبەردانی ) ئەندامی ئەنجومەنی عیراقە بە پێی دستوری عیراقی داکۆکی لە مافەکانی گەلی کورد دەکات ، لە شەوی ٣٠ـ٣١/ مانگی٩/ کۆچی دوایکرد .٢٠٢٢




## ١٩ـــ محەمەد عثمان رمضان :

ناسراو بە حجی محەمەد سێکانی. لە ساڵی ١٨٨٧ لە گوندی سێکانیان لە دایك بووە ، لە ١٩٩٠ لە موسڵ کۆچی دوایی کردووە. یەکێك بوو لە کەسایەتییە هەرە بەناووبانگەکانی دەڤەری گۆرانەتی. حەجی محەمەد پیاوێکی خانەدان و میواندۆست و خێرخواز بوو ، لە سەرەتای چلەکانی سەدەی رابوردوو ماڵی خۆی بردۆتە شاری موسڵ و لە گەڕەکی( الفیصلیە) نیشتەجێ بووە. کاری کوتاڵفرۆشی لە قەیسەری بەززازین (بزاز) بوو. ماڵی وەکو دیوەخانێك بوو ، کوردێکی پاك و خاوەن هەڵوێست بوو لەسەر هەڵوێستی کوردایەتی زیانی مادی گەورەی پێکەفت مەینەتی و ناخۆشییەکی زۆری چەشت ، چەند جار زیندانی و نەفی کرابوو خوارووی عیراق. حەجی محەمەد سێکانی چوار کوڕی هەبوو بەناوەکانی: ١- مامۆستا مهدی سێکانی کە کەسایەتییەکی بەناو و بانگە لە ناو شاری موسڵ و دەڤەری گۆرانەتی و بادینان ، ٢- حەجی زوهدی کە پێش ماوەیەکە چووە بەر دلۆڤانی خودای پەروەردگار. ٣- حمدی لەسەرتای سەرهەڵدانی لە ناو شاری موسڵ ، تیرۆرستان رفاندیان و تا ئێستاش بێ سەرو شوێنە. ٤- صدقی ئەویش لە ژیان ماوەو ئێستا لە شارۆچکەی بەردەڕەش نیشتەجێیە ،




## ٢٠ـ خلیل عبدالرحمن حەمیٚ :

له پیاوه ناودارەکانی سێکانیان ناسراو به (خلیل حەمیٚ ) ، ساڵی١٩٣٨ له دایك بووەو له ڕۆژی ٢٠١٥\٣\٢٥ کۆچی دوایی کرد. مام خلیل یەکێك بوو له کەسایەتییه ناودارەکانی دەڤەری گۆرانەتی ، شارەزاییەکی باشی هەبوو له ریٚکەوت و لەدایکبوون و مردنی زۆربەی کەسانی سێکانیان و گوندەکانی دەورووبەری وەکو (قەلاٚتۆك ، دوبەردان ، سێکانی گچکەو گولیجەو هی تریش). هەروەها دەربارەی مێژوو و بەسەرهات و رووداوەکانی دەڤەرەکه شارەزا بوو. پیاوێکی رووح سووك وقسه خۆش و خۆشەویست بوو ، بیرەوەرییەکانی زۆر به سەلیقه دەگێڕایەوه ، ئەگەر خەلٚکی گومانیان له ریٚکەوتنێك یان له ساڵی مردنی کەسێك بکردبایه ئەوه دەهاتنه لای مام خلیل بۆیانی یەکلاییدەکردەوه. شارەزاییەکی باشی هەبوو له رەگ و ریشەو ریچەلاکی بەرەبابەکان شیدەکردەوەو بەیەکەوەی دەبەستایەوه. خێزاندار بوو کوڕەکانی (ئەیوب ، ئەنەس ، شاباز ، دەرباز ، سەرباز ، هەوراز ، محەمەد ، ابراهیم ). کاك ئەیووب کوڕی شتێك دەزانێت بەلاٚم ناگاته باوکی . به سوپاسەوه زانیاری له بەرێز یاسین سیکانی وەرکیرایه .



## ٢١ـ عبدالرحمان دارەوان :

کەسێکی ناسراوی دەڤەری گۆرانەتیه له قەزای بەردەڕەش. له ساڵی (١٩٤١) لەگوندی خێلەکی لەدایك بووه، لەبنەماڵەیێکی جووتیار به منداڵی هەستی کوردایەتی هەبووه ، بۆ یه دەستی دابوو چەك وەکو سەدان کەسانی تری دەڤەرەکه، لەهێزی حەمرین بەتالیونی (٣) سێی عەریف سەلیم شێخ سەروانی وەکو پ.م دەمەزرا زیرەك و چاونەترس بو بۆیه لەسەر دۆشکەی دژه ئاسمانی هاته دامەزراندن لەسەروکانی ئاوی بجیل . فرۆکەیەکی دوژمن بەردەداتەوه : سینگ بەسینگ تەقەی لەفرۆکەی رژێمی بەعسی دەکرد فرۆکەیەك دەپێکێنی لەگوندی خەزنەی نێوان بەرتلەو مووسل لەناوچەرکەی شەبەکستان دەکەوێته عەردو ئاگری تیٚ بەردەبێت ئامر هێزی حەمرین شەهید (عبدالرحمان جەسیمی) بانگی کردو خەلاتی کرد و برنۆیەك و (٢٥) بیست و پێنج دیناری چاپی سویسری پیٚ بەخشی، ئێستگەی دەنگی کوردستان هەوالەکەی بەلاوکردەوه . گواستنەوەی ئۆتۆمبێل لەچیای پیرس بۆ سەر ئاوی بلیٚ جێبێکی لاندرۆڤەر بەژمارەی (٥٨٠٠) بەغدا بەناوی مقدم یعقوب یوسف بوو، یەکەم ئۆتۆمبێل بوو لەمێژوودا له چیای پیرس به بیٚ جاده جێب پارچه پارچه کرا به سەر پشتی وولاغ گواسترایەوه بۆ سەرقایغی ئاوی بلیٚ و بارزان به (١٣) سێزده دەوار کرێی (١٣٣)

دیناری  چایی سویسری بۆ گواستنەوەی پارچەکانی  ئۆتۆمبێلەکەی لەپشتی  دەواران لە لووتکەی پیرس بۆ سەر دەراوی  بلێ بە دوو رۆژ گواستیەوە لێکیدا بە یەك سلف کاریکرد .

## ٢٢ ـ (حەسە مەدێ )تەمەن درێژێکی دەڤەری گۆرانەتی:

سالی ٢٠٠٠ لەگوندی (چەممە) چاووم بەحەسەن مەدێ کەوت ،  پیاوێکی پیری بەتەمەن ولەسەرخۆ ، بەراپێچی جلو بەرگی کوردەواری ،  چارچمکی لەدیوەخانی مالی شێخ ئەسعەدی سورچی لەگوندی چەممەی دانیشتبوو ، بێ ژنو منداڵ بوو لەگوندی چەممەی خانو خۆی لەمالی مەلا شاکری بوو بەخێری خۆی چاو یان لێدەکردو . حەسەن مەدێ تەمەنی زێدە تر بوولە ١١٥ سالێ لەگوندی گرمامك لەدایك بووە ، لەعەشیرەتی زرارییە ، تەمەنی (١٥ ) سالانبوو لەگوندی گرمامکی گرانی وەزنەو ٣  سێ لیرەی دیتبوو بەسەرهاتی بەفری سۆری بۆمان گێرایەوە .

دەیگۆت: مەلا لەمزگەفتەکان هاواریان دەکرد غەزایە.رووسیا ٦ شەش مانگان رەواندزی داگیر کردبوو ، لە موسکۆ بروسکەیەك هاتبوو رووسیا پاشەکشەی کردبوو لەرەواندزێ .  سولتان عەبدولحەمید هاتبووە سەر حوکم ، شێخ عەبدو سەلام بارزانی لەگەل یەکێکی ئاکرێ هەروەها کوری شێخی کۆلەکان چووبوونە لای شێخ محەمەد صدیق بابی شێخ تەحوسێن نەهری لەوێندەرێ تەسلیمی حکومەتکران لەرۆژی ١٤/٣/١٩١٤ لەموسل لەسەیدارە درابوون.

لەدوای عەبدولحەمید   سولتان رەشاد جێگەی گرتەوە . تورك شکاو لەگەرانەوەیان دەستیان بەراوەرووتو کوشتنی خەلکی کوردستانیان کردبوو ، دانەوێلەیان لەگەل یەکدی تێکەلیان دەکرد ببوو گرانی ٦ شەش مانگی خایاند ،  ٨ هەشت هەزار مالی فەللەی تەیارییان هێنابووە پردی مەندان بەرامبەر ئاشی مەحمەرەشان جێ نیشنیان کردبوو ، کەئێستا بەئاوی گەرم ناودەبرێ ، هەروەها ئینگلیزی هەفت فەوجی لەئاکرێ دانابوو ، حەسەن مەدێ حەسەن  گوتی لەژیانی خۆمدا ١٧ هەڤدە حکومەتم دیتیە حوکمیان  لە عیراق گێرایە ( ٢٥٤)

٢٥٤ ـ لە گوندی چەمە سالی ٢٠٠٠دیمانەیەکم لەگەل حەسەن مەدێ حەسەن سازکردبوو .

## ٢٣ ـ سمایل کەریم قادر ئاغا:



سمایل کەریم لە کۆمەلگەی بشـــیریان ژیاوە ، بابوباپیری قادر ئاغا دانیشـــتوانی گوندی گەویلانی بۆتان بوون ، سمایل کەریم لە ســـالی ١٩٣٠ چـــاوی بە دونیا هەلێنابوو ، تەمەنی کچـــکە بوو دایکوباوکی دەمریت ، دوور لە نازی دایك باوك ، هەســـت بە بەرپرســـیایەتی دەکات ، چـــاوی بە زولم و زۆرداری دەکەوێت نەخشـەی ژیان بۆ خۆی دادەرێژیت ، دەیگۆت :مالّ وسـەروەتم ناوێت ، سـەر لە من ، مالّ لۆ هنگو ، سەردانی پیاوماقول و کەسی ناوداری دەکرد ، زۆرجار ئەحمەد وەسمانی شەمسەخڕێی خوارزای بوو بۆ ســــەرەدانەکانی لە گەلّ خۆی گرِدەدا ، پەیوەندی خۆش بوولە گەلّ مالّباتی موحوســـێن دزەیی ، دەیـانگۆتی کـاك سمـایـل لۆمـان قســـان بکـە ، ئـەویش دەیگۆت من نەخوێندەوارم ئێوە خاوەن شـهادەنە دەیانگۆتێ ، قسـە لە زاری تۆ شـرینە . پەیوەندی لەگەلّ بابەکر پشـــدەری وحاجی ئاغایبرای هەبوو یەك مالّ بوون ، کەس وناســـیاری خۆی هاندەدا بخوێنن.هەر لە بەرواری١٩٥٥ تاکو ٥ /٧ /١٩٦٩بە مەرسـوومی جەمهۆری لە حکومەتی بەغدا داواکراو بوو (١٤ )ســـالّانیاخی ببوو ، بەردەوام دژی تەعریب کردنی بشـــیریان و گوندەکانی دەورۆبەری رادەوەســـتا ، چـــل رۆژان لە هەردوو گوندی گەویلانێ دژی عەرەبان شــەڕی کرد عەرەب هەلاتن ، لە ســالی ١٩٦٧نەیهێشــت هەرکی لەکەلەکێ بپەرنەوە خاك و گوندەکانی گۆرانان داگیر بکەن ، بە خەلکی گوندەکانی دەوروبەی خۆی دەگۆت (سـاوار خۆرێ لە خۆ رازی) ، کەسـێکی سـوارچـاك بوو ، برِوای بە ووشـەی ئاغاو ئاغایەتی نەبوو ، زولم نا عەدالەتی لە کەس قەبوول نەدەکرد . ( ٢٥٥)

---

٢٥٥ ـ پێزانین لە بەرێز ئەحمەد عوسمان شەمسەخڕی ،دەکاتە خوارزای ناوبراوە وەرگیرایە

## ج ـ / کەسایەتیەکانی رۆشنبیرو نووسەرە بەناوبانگەکان

لە کۆنەوە بزاڤی رۆشـــــنبیری لە قەزای  بەردەڕەش  کزۆلاواز بوو ، زۆربەی خەڵکەکەی نەخوێندەوار بوون ، هەریەکە ســــەرقاڵی بژێوی کاری  کشــــتوکاڵی و ئاژەلداری بوون  ، بۆ نووسـینو خوێندنەوەی نامەیەك ڕووی خۆیان لە مەلای گوند دەکردە ، تاك تاك ئەگەرکەسێك خوێندەواری هەبایە لە حوجەرەی فەقێیان لای مەلایەك فێری خوێندن ونووســــینێکی لاواز هەبوو ، گوندەکانی گەورەی دەڤەری گۆرانەتی حوجرەی فەقێیانی هەبوو ، ئەوەی دەرفەتی هەبایە کتێبی ئەحمەدی دەخوێند و قورئانی ختم دەکرد هەندێ کەس بەردەوام دەبوون ، بەو کەســـــانەیان دەگۆت مەلا فلان کەس .  بەراســـــتی هەموو رژێمە یەك لە دوای یەکەکانی عیراق ، هزرۆبیرو رۆشـــببیری تاکی کوردیان کپکردبوو ، بە تایبەتی لە رووی رۆشـــــنبیری دەڤەری گۆرانەتی خوێندنەوەی کتێبی دەرەکی زێدەکەم بوو ، گۆڤارو رۆژنامەی کوردی نەدەگەیشتنە ئەو سنوورە ، خەڵکەکە گەشەی رۆشنبیریان زۆر لاوازبوو ، کەسێك کتێبێکی کوردی لای بایە بە ســـووکی تەماشـــادەکرا و لەلایەن رژێمەکان و ئاغا و شـــێخەکانی گومانیان دەکردە سەری بە کەسێکی نامۆیان هەژمار دەکرد ، تاکو ساڵانی چلەکان بە ژمارەی پەنجەکانی یەك دەســـت قوتابخانە لە چـــەند گوندێك کرایەوە خوێندن بە زمانی عەرەبی بوو ، هەندێ کەس بە تایبەتی ئاغا و کوێخای گوندەکان هەر برِوایان پێنەبوو دەیانگۆت ئەوە عیلمی شەیتانە ، لە بنەوە منداڵی خۆیان ڕەوانەی شاری موسل دەکرد بۆ خوێندن ، حەزیان دەکرد خەڵکی کۆیلە بن نەوەك رۆشــنبیربن و دژی دەســەڵاتیان راوەســتن ، تاکو ســاڵانی هەفتاکان بەیاننامەی ١١ئادار درا قەتابخانە لە هەندێك لە گوندەکان کرایەوە ، هەســـــتی نەتەوایەتی پەیدابوو ، دوای نسکۆی شۆڕشی ئەیلوول خەڵك ئاوارەی ئێران و شارەگەورەکان کوردستان بوو بزاڤی رۆشنبیری لە هزرو بیری خەڵکی دەربەدەر و ئاوارە پەیدابوو بوولە دەرەوەی سنووری لە دایك بوونیان خۆیان پێگەیاند ، لە دوای راپەڕینی بەهاری ســــاڵی ١٩٩١ گەڕانەوەی ئاوارەکان بۆ سـەر شـوێنی زێدی بابوباپیرانی خۆیان گەشـەی هزری رۆشـنبیری پەرەی سـاند لە ڕۆژی ٤ /٥ /١٩٩٤بنکەی رۆشنبیری بەردەڕەش دامەزرا ، چالاکی هەبوو ، هەرچوار ساڵ جارێك کونفراسی خۆی دەبەست .

یەکەمین کتێب لە دەڤەری گۆرانەتی ساڵی ١٩٩٧ بە ناونیشانی (لاوك و سترانێ کوردەواری) ئامادەکردن و نووسینی یاسین حسن گۆران لە لایەن وەزارەتی رۆشنبیری چاپکرا بوو ، وەلە ڕۆژی١٣ / ١/ ١٩٩٩ کتێبخانەی خازر لە ناو سەنتەری رۆشنبیری بەردەرەش کرایەوە ، لە ڕۆژی ١٦ /١١ /٢٠٠٢ مێژوویەکی نوێی رۆشـنبیری کوردی لە قەزای بەردەڕەش و دەڤەری گۆرانەتی سەری هەڵدا ، یەکەم ژمارەی گۆڤاری خازر مانگانە دەرچوو ، بابەتی جۆراو جۆر لە

خۆ دەگرێ  هەتا ئێستا بەردەوامە .ڕۆژنامەی (بۆتان) لە لایەن کۆمەلە گەنجێك لە شارۆچکەی بشـــیریان دەردەچـــوو بە ماوەیەکی کورت راوەســـتا . گوڤارێکی ڕەنگاو رەنك  کۆمەلە لاوێکی ناحیەی کەڵەك مانگانە دەریان دەکرد ، چـەند ژمارەیەك دەرچـووراوەسـتا . گۆڤاری (مەقلوب) لە کۆمەڵگای کەڵەکچـی (ناحیەیکەڵەکچـی)مانگانە هەفت ژمارەی لێدەرچـوو ئەویش راوەســتا .لەو دەڤەرە کەسی ناودار هەنە لە سەر ئاستی ناو چەو کوردستان هەڵکەوتوون لەو دەڤەرە لە دایك بوونەو ، چ لێرە یان لە شارە گەورەکان خزمەتی ووشەی کوردی دەکەن ، لەوانە:

## ١ ــ عبدالفتاح عەلی یحیا :



لە ساڵ ١٩٥٠ لە گوندی گردەپان سەربەقەزای بەردەڕەش لە دایك بووە ، هەمی قوناغەکانی خوێندنی لە شاری موسل تەواوکردیە ، ساڵی ١٩٧٣ بەکالویەسی لە مێژووی ئادابی موسل وەرگرتیە ، ساڵی ١٩٩٠ باوڕنامەی ماستەری بە دەستهێنایە ، ساڵی ١٩٩٥ باوڕنامەی دکتۆرای لە مێژووی نوێ لە زانکۆی موسل وەرگرتیە ، لە بواری نووسین و رۆژنامەگەری کوردی عەرەبی بە دیان لێکولینەوەو بە دوواچوونی بەلاۆکردیتەوە دەستێکی بالای هەبووە لە کاری رۆژنامەگەری. مامۆستای زانکۆ بووە ، راگری کۆلیژی ئاداب و بەرپرسی سەنتەری لێکۆلینەوەکانی کوردی لە زانکۆی دهۆك بووە ، لە دەیان رۆژنامەو گۆڤار بە کوردی عەرەبی ووتاری هەبووە ، پشکداری لە زۆر خول و کۆنگرەی زانستی کردووە لە زانکۆکانی هەرێمی کوردستان ولە ناوەو لە دەرەوەی ووڵات ،

مامۆستا عبدالفتاح کەسێکی نموونەیە واهەڵکەوتووە نووسینی زیاترە لە ئاخافتنی بەرێزی (٢٧ ) کتێبی بە چاپگەیاندیە جگە لە دەیان دەستووسی هەیە ، ناوی کتێبەکانی :

+ الملامح الاساسیە لشخصیە مستەفا البارزانی .دهۆك ١٩٩٦

+جریدە الحقیقە دهۆك ١٩٩٦ + مدرسە ١١ ئازار فی مدینە الموسل .اربیل ١٩٩٩

+وثائق عن الحرکە القومیەالکردیە ، اربیل ٢٠٠١ +الحیاە الحزبیە فی الموصل .اربیل ٢٠٠٣

+الحرکە القومیە الکردیە التحرریە اربیل ٢٠٠٤ +بدایات الشعور القومی الکردی فی التاریخ.اربیل ٢٠٠٥ +من کان وراء حوادث الموصل وکرکوك الدامیە .اربیل ٢٠٠٤

+الکرد والاحداث الوطنیە فی العراق خلال العهد الملکی ، اربیل ٢٠٠٥

+لمحات من مسار السیاسی للحزب الدیمقراتی الکردستانی ، دهۆك ٢٠٠٥

+ موقف الاحزاب السیاسیە العراقیە من القضیة الکردیە دهۆك ٢٠٠٧

+دراسات فی تاریخ الکرد والعراق المعاصر. اربیل ٢٠٠٧.

+ التطوراتالسیاسیە والداخلیە فی العراق .دهۆك ٢٠٠٧.

+ وثائق البريتانيه عن تشكيل دوله كورديه مستقله.دهۆك ٢٠٠٨.

+من ئەرشيف جمهوريه العراق الاولى .اربيل ٢٠١٠.

+ صفحات الموصليه .دهۆك٢٠١٠.

+ امير امراء كوردستان . ابراهيم پاشا الملى.اربيل٢٠٠٩.

+المعلموا الشاعر والكاتب والصحفى بشير مستەفا الدرگزلى .دهۆك٢٠١٠.

+وثائق بريتانيه عن مشاركه كوردستان سوريه فى ارارات.٢٠١٠.

+مەلا مستەفا بارزانى قائد الثورة الكرديه .هەولێر٢٠١١.

+اتفاقيه ١٠شوبات بين الحكومه العراقيه وقياده الكرد.دهۆك٢٠١٣.

+بادينان فى سالنامات ولايه الموصل االعثمانيه.دهۆك ٢٠١٣.

+ فى الذكرى ال(٦٢)لرحيل  امير جلادت بدرخان .دهۆك ٢٠١٣.

+ صفحات عن تاريخ الكورد .اربيل ٢٠١٤


+ تلات سنوات  دراسيه فى  بەردەڕەش  .دهۆك ٢٠١٥

+ منطقة بادينان١٩٢٥_١٩٧٠ دوو بەرگ.هەولێر ٢٠١٧.

+نيشانا ئاشتى و دۆستانى بۆ چارەسەركردنى ناكۆكيەكان .(٢٠٠٨)

+لە سالی ٢٠١٦بە سەرۆكى ئەكاديمياى كوردى هاتە هەڵبژاردن ( )[٢٥٦]

## ٢_ عبدالغنى على يحيا :



لە ماڵباتەكى ئاينى مەلا زادە و كورد پەروەر و رۆشنبیر سالی ١٩٤٣لە دايك بووە ، لە جزيرەى بۆتان ئاوارەى باشووۆى كوردستان بوون ، لە تەمەنى هەفت سالی لاى باوكى قۆرئانى پيرۆزى ختم كردووە ، لە قۆناغى سەرەتايى دەستى بە خوێندنى كتێب و رۆژنامەكان كردووە ، لە تەمەنى ٢٠سالی دەستى بە نووسين و بەلاْوكردنەوەى ووتار كردبوو ،

ناوبراو بە (ميرى مەرەكەب ، نيشتيمان پەروەر) دەناسرا كێوێك بوو لەبەرزى ، ئەندازيارێك لەچارەسەر ديارتر لە ديارى. پياوى شكۆ و شەهامەت و ئاوەدانى وكۆر و مەجليسان بوو ، شروڤەكارێكى سياسى بوو . كەسايەتى دەڤەر و مەملەكەت. پياوى بەرچاوان وعەقلمەندى وپربەعەقل گەورەبوو . لەسەر كوردايەتى لە گەل ئيبراهيمى براى(لە ديجلەى موسل خنكا) لە زيندانى موسل كەوتنە ژێر ئەنكەنجە ، لە سالی ١٩٦٣پەيوەندى بە شۆڕشى ئەيلوول كرد بە

٢٥٦_ ئەنيسكلۆپيدياى پارێزگاى دهۆك بەرگى نۆيەم

دەستێك چەك و بە دەستێك قەلەمی هەلگرت ، لە ساڵی ١٩٦٦ گەڕایەوە ناو شاری موسل لە ڕێکخستنی نهێنی کاری دەکرد ، دیسان دەستگیرکرایەوە لە گرتوخانەی بەغدا رایکرد دەگەڕێتەوە ناو شۆڕش .

ــ لە ١١ ئاداری ساڵی١٩٧٠ لە بەشی زمانی عەرەبی رۆژنامەی (التاخی)کاردەکات .

ــ لە ساڵی ١٩٧٤ لە ئێزگەی دەنگی کوردستان دادەمەزرێت ، دوایئنسکۆی شۆڕشی ئەیلوول بە خێزانەوە ئاوارەی ئیران دەبێت .

ــ رۆژانە بابەت لێکۆلینەوەو شرۆڤەکاری لە رۆژنامە و گۆڤارەکانی بە زمانی کوردی وعەرەبی چ حکومی چ ئەهلی بەلاودەکردەوە .

ــ لە کەنالەکانی راگەیاندنی کوردی و عەرەبی بیرو و بۆچوونی وەردەگیرا

ــ لە نووسین و رۆژنامەوانی خاوەنی دەیان خەلاتبوو کەسێکی بلیمەت و رۆناکبیر و سیاسەتمەدارێکی گەورەی کوردبوو ، هەمیشە بە قەلەمەکەی خۆی بەرگری لە دۆزی رەوای کورد دەکرد، رێبازی کوردایەتی رەسەنی گرتبوو بەر ، ووتارەکانی گوزارشتی لە پاراستنی خاك و نیشتمان دەکرد ، وەکو پێشمەرگەیەك پێشەنگ بوو بۆ گیانفیداکاری کوردستان .

## ٣ـ خسرۆ عبدالله ئیسماعیل :



ناسراو بە خەسرۆ **گۆران** لە ٥ /١٢ /١٩٦٠ لە سەنتەری قەزای بەردەڕەش لە دایك بووە ، قوتابی پۆلی پێنجەمی ئامادەیی بوو خوێندنی تەواو نەکرد لە ساڵی ١٩٧٦ تەمەنی ١٦ساڵ بوو پەیوەندی بە رێکخستنەکانی نهێنی پارتی کردبوو ، لە ساڵی ١٩٧٨شانەی رێکخستنیان ئاشکرا بوو وولاتی بە جێهێشت ، چوو سوید لە زانکۆی ستوکهۆلم بڕوانامەی بەکەلۆریۆسی لە ئابووری و کارگێڕی بەدەستهێنا ، کارگێڕی لێژنەی ناوچەی باکووری ئەوروپابوو ، لەساڵی ١٩٩١گەڕایەوە کوردستان ، لە ساڵی ٢٠٠٥ بەرپرسی لقی ١٤ بوو لە موسل ، لە کۆنگرەی ١٣ پارتی بە ئەندامی سەرکردایەتی پارتی هاتە هەلبژاردن، لە ساڵی٢٠١١ دەستنیشان کرا وەکو بەپرسی دەزگای هەلبژاردن لە لایەن پارتی.

چالاکیەکانی رۆشنبیری:

+بەرێوەبەری پەیوەندییەکان و تۆژینەوەی بابەتی ئابووری و سیاسی لە پەرلەمانی کوردستان کاری کردووە . کتێبەچاپکراوەکانی :

+ کوردستان لە مێژوودا ، ساڵی ٢٠٠١ لە دەزگای ئاراس چاپکراوە .

+کورد لە پارێزگای موسل ، ساڵی ٢٠٠٢ لە دەزگای ئاراس چاپکراوە .



## ٤ ـ عصمت محەمەد علی :

لە دایك بووی ٦/ ٤ /١٩٦٥ لە گوندی گربدەو سەر بە قەزای بەردەڕەش ، قۆناغی سەرەتای لە قوتابخانەی گوندی گربدەو بە کوتاهێنا ، خوێندنی هەردوو قۆناغی ناوەندی و ئامادەیی لە شاری موسل تەواوکردیە ، دەرچووی کۆلیژی سەربازیە لە بەغدا خولی (٧٢) ساڵی (١٩٨٨) ، عمید عصمەت فەرماندەیە لە بالی خوێندنی کۆلیژی پۆلیسی هەولێر . لە ساڵی ١٩٨٢ پەیوەندی بە ڕێکسختنی نهێنیەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان لە ڕێکخراوی شڤان سەر بە ل . ن شێخان کردووە ، لە گەڵ هەڤالانی کاروچالاکی نهێنی یان لە ناو شاری موسل ئەنجامدەدا . بڕوانامەو خۆلەکانی بەشداربوو بەرێزی ئەوانەن :

١ـ بڕوانامەی بەکالۆریوس لە زانستی سەربازی .

٢ ـ دبلۆمی بالا  لە بواری مەشقی پێشکەوتوو لە وەزارەتی دادی ئەمریکی.

٣ ـ بڕوانامەی ماستەر لە شێوازی وانە ووتنەوە لە ویلایەتە یەکگرتووەکان .

٤ ـ خولی لێکۆلینەوەی تاوانی پزیشکی دادوەری لە وولاتی ئۆردن .

٥ـ پشکداربوون لە خولی ئۆپۆراسیونی پۆلیس لە وولاتی ئەمریکا.

٦ـ پشکداربوون لە خولی پاراستنی سیستەمی(تەزویر محررات) لەوولاتی بلگاریا

٧ـ  بڕوانامەی دکتۆرای فەخری پێبەخشرا لە لایەن سەنتەری رۆشنبیری ئەلمانی سەربە (un) لە بواری مافی مرۆڤــ .  کاروچالاکی رۆشنبیری و کتێبەکانی:

١ـ المخدرات وەکو پرۆگرام دەخویندرێت لە کۆلیژی پۆلیسی هەولێر و سلێمانی.

٢ـ عمليات الشرطة  وواجباتها  تجاه المواطنين لە کۆلیژی پۆلیسی هەولێروسلێمانی وەکو پرۆگرام دەخویندرێت .        ٣ـ التحقيق الجنائی  واداره مسرح الجريمه .

٤ـ المخدرات وسبل مكافحتها .

 ئەو کتێبانەی دەستنووسە ئامادەیە بۆ چاپکردن :

٥ـ العبوات الاصقه والناسفه ومعاينه مسرح الانفجار .

٦ـ شەرح قانوون خدمه والتقاعد رقم (١٨) ساڵی (٢٠١١)

٧ـ واجبات الشرطة المحليه  والشرطة الحدود .   ٨ـ خەمی خەونەکان

+بەڵاوکردنەوەی بابەتی جۆراوجۆر لە گۆڤاری زێ و گۆڤاری خازر بەڵاوکردیتەوە .

+ مامۆستایە لە فێرگەی ئەفسەرانی ئاسایش و ئەفسەرانی زێرەڤانی و ئاژانسی هەرێم .

+چەندین کۆڕو سمیناری بۆ قوتابیان و ڕێکخراوە مەدەنییەکان  دەربارەی مادە هۆشبەرەکان

## ٥ ـ عبدالقادر عبدالله محەمەد:



کەسێکی پەروەردە ناس و زانست خواز ، لە ژیانی رۆژانەیدا سادەو ساکارە ، زۆر بە دڵسۆزی ئەرکی رۆژانەی جێبەجێ دەکات ، کارە فەرمیەکانی بوێرانەو بێ دوودلی بڕیاری لەسەر دەدات ، حەزو ئارەزووی پێشکەوتنی سیستەمی پەروەردەو فێرکردن بوو، ساڵی ١٩٦٧ لە خێزانێکی جۆتیارو دیندار لە گوندی چەمە سەر بە ناحیەی رۆڤیا لە قەزای بەردەڕەش لە دایك بووە ، خوێندنی سەرەتای لە گوندی چەمە قۆناغی سەرەتایی خوێندووە ، لە موسل خانەی مامۆستایانی تەواو کردووە ، لە دوای راپەڕین یەك ساڵ نیو وەکو خۆبەش پێشمەرگە بووە ، لە دوای کشانەوەی رژێم لە کوردستان بۆ ماوەی یەك ساڵ بێ بەرامبەر خۆبەخشانە لەگەڵ دلسۆزانی تر نەیانهێشت رێڕەوی خوێندن بوەستێت .

لە ١ /٩ /١٩٩٣ بوو مامۆستا لە قوتابخانەی بەردەڕەش ی گەورە ، لە ساڵی ١٩٩٤ بوو هاریکاری قوتابخانە ، لە ساڵی ١٩٩٩بۆ بەرێوەبەری قوتابخانەی کوردستان یەکەم بەرێوەبەر بوو ئالای کوردستانی بەرزکردەوە.پاشان لە قوتابخانەکانی تری پارێزگای دهۆك بوو نەریت لە قوتابخانەکان لە جیاتی ئالای وەرزشی ئالای کوردستان بەرزبکەنەوە ، لە ساڵی ٢٠٠٤ لە پەروەردەی قەزای ئاکرێ بووە بە سەرپەرشتتاری پەروەردەیی پسپۆری کارگێڕی ، لە ساڵی ٢٠٠٧ گواستراوە سەرپەروەردەی قەزای بەردەڕەش ، لە ساڵی ١٩٩٧ بە هەڵبژاردن بووە ئەندامی کارگێڕی یەکێتی ماموستایانی کوردستان لقی ئاکرێ .ئێستا بەرپرسی یەکەی سەرپەشتیارییە لە پەروەردەی قەزای بەردەڕەش ، ڕۆژی ٣١ /١٢ /٢٠٢١ بە نەخۆشی کۆچی دووایی کرد .

کاروچالاکییەکانی رۆشنبیری :

+یەکەم ووتاری لە گۆڤاری هەفتەنامەی(بەیان) دهۆك بەلأوکرایەوە.

+ گۆشەیەکی پەروەردەیی هەبوو لە گۆڤاری خازر بۆ ووتاری پەروەردەیی

+ دەیان سمیناری پێشکیشکردیەدەیان خۆلی پەروەردەیی ئەنجامدایە .

+ لە چەند خولێك دەستەی کارگێڕی سەنتەری رۆشنبیری بەردەڕەش بو.

+ ماوەیەك دەستەی نووسەران و سەرپەرشتی چاپی گۆڤاری خازر بوو .

+دوو کتێبی بە چاپگەیاندیە .

١ـ بەرەو پرۆسەیەکی پەروەردەیی و سەرکەوتوو.هەولێر ٢٠١٥ ، منارە

٢ ـسەرپەرشتیاران و بەرێوەبەران لە تای تەرازووی پەروەردەدا(٢٠٢٠)



٦ ـ **سعید مەموزینی** : لە ١٩٦٢/٤/٨ لەگوندی مەموزینی سەر بە قەزای بەردەڕەش چاوی بە دونیا هەڵێنایە ، لە خانەوادەیەکی جوتیارو دیندار ، لەبەر هەستی کوردایەتی لە ساڵی ١٩٧٥وە هەر لە ئاوارەیی و دەربەدەری ژیاون ، ساڵی ١٩٩٥ یەکەم ووتاری لە گۆڤاری گازی بەڵاوکرایتەوە ، بەردەوامە لە نووسین هەتا ئێستا ١٨هەژدە کتێبی چاپکراوە لەگەڵ ٤ چار کتێبی دەستنووس ، ئەندام بوو لە بەشی رۆشنبیری لقی پارتی لە موسل ، ئێستا خانەنیشکرایە ، ناونیشانی کتێبەکانی چاپکراوونی :

١ ـ مێژووی بەردەڕەش ٢ـمانی و دینەکەی ٣ـ بووکی هەزار زاوا ٤ـ بەرکولێك لە مێژووی کوردو کوردستان ٥ـ ئاوێنە شکاوەکان ٦ـ موسل وکورد ٧ـ ژیانی بارزانی نەمر ٨ـ ئیدریس بارزانی پیاوی مێژوو ٩ـ شاژنی کوناحکار ١٠ـ سیاسەت گەمەیەکی بەردەوام ١١ـ روخانی شا ١٢ـ دیدی سیاسەتمەدارانی کورد ١٣ـ سەمای ئەستێرەکان ١٤ـ دواساڵەکانی بارزانی نەمر . ١٠ رۆژ لە مصر ، بەردەوامە لە نووسینی بابەتی جۆراو جۆر هەتا ئێستا (٢٠) کتێبی بە چاپگەیاندووە چەند کتێبی دەستنووسی دیکەی ئامادەیە بۆ چاپکردن .



## ٧ـ غازی رەمەزان جوسێن:

لە سالی ١٩٦٣ لە بەردەڕەش لە دایکبووە.

لە ١٩٨٢ پەیوەندی بە رێکخستنەکانی نهێنی سنوری زاخۆ دەکات.

لە سالی ١٩٨٤ بەشداری لە مانگرتنی قوتابیانی کورد لە زانکۆی موسل دەکات، ، لە ١٩٧٨ تا ١٩٨٧ یاریزانی هەڵبژاردەی بەردەڕەش بووە.

لە سالی ١٩٩٤ سەرۆکی یانەی وەرزشی بەردەڕەش بوو تا سالی ١٩٩٩.

لە سالی ١٩٩٢ بەرپرسی رێکخراوی دلسۆز بوو سەر بە لێژنەی ناوچەی بەردەرەشی پارتی .

لە سالی ١٩٩٤ بەرپرسی نوسینگەی رێکخستنی بەردەڕەش کار دەکات تا سالی ١٩٩٩.

سالی ١٩٩٨ بەشداری لە شەری دژی پ.ك.ك لە بامشمش کردووە.

لە مانگی ٢٠٠٧/٧ تا ٢٠٠٨/٥/١٦ بەرێوەبەری پەروەردەی قەزای بەردەڕەش بوو.

لە کۆتایی سالانی نەوەتەکان وەکو عەریف حەفل لە ئاهەنگی نەورۆز بەشداری کرد کە یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردستان رێکی دەخستبوو لە کەندی بەردەڕەش ماوەی دوو سالْ.

بەشداری لە گۆڤاری خازر کردووە بە نووسینی مێژووی قوتابخانەی ناوەندی بەردەڕەش لە ٢ ژمارەی گۆڤارەکە بە زنجیرەیی بەلاوکرایەوە . چالاکی لە یەکێتی قوتابیانی کوردستان هەبوو ، حەز و ئارەزوی خوێندنەوەی بابەتی مێژوویە ، شارەزایی لە سەر مێژووی بەردەرەش هەیە .



## ٨ ــ عیسا بۆتانی:

لە مانگی ٥ی ساڵی١٩٧٣ لە گوندی شێخالك لە دایك بووە ، لە تەمەنی ١٠مانگی بە خێزانەوە ساڵی ١٩٧٤ ئاوارەی ئیران دەبن ، دەگەرێنەوە پاشان دوور دەخرێنەوە بۆ باشووری عیراق ، پاشان لە کۆمەلگەی زۆرەملێی کانی قرژالە ئاکنجی دەکرێن ، دوای ڕاپەڕین دەگەرێنەوە شێخالك ، **چالاکییەکانی رۆشنبیری ئەوانەن:**

+ یەکەم هەڵبەستی بە کرمانجی لە هەفتەنامەی خەباتی قوتابیان بەلاَوکردەوە + لە ساڵی ١٩٩٨ دەستەی نووسەرانی هەفتەنامەی زەنگ بوو.

+ لە وەزارەتی پەروەردەوەرگێری کوردی وعەرەبی وهەڵەچنی بوو.

+ووتاری لە گۆڤاری ئاسۆی پەروەردەیی وفێرخوازان و مندالان هەبووە

+ئەندامی دەستەی نووسەران و سەرپەشتیاریچاپ بوولە گۆڤاری خازر .

+ساڵی ٢٠٠٦ ئەندامێکی دامەزرێنەی سەنتەری رۆشنبیری خەبات بوو .

+سەرنووسەری گۆڤاری (زێ)بوو لە سەنتەری رۆشنبیری خەبات.

+ئەندامی دەستەی نووسەرانی گۆڤاری (دەشت) بوولقی ١٦پارتی دەریدەکرد.

+دامەزرێنەری دەستەی رێکخراوی هەنگاو بوو لە قەزای بەردەڕەش

+ئێستابەرپەسی راگەیاندنی پەروەردەی خەباتە بەردەوامە لە خزمەت

+ لە نووسینی پەروەردەیی و هۆنراوەو ووتارو وەلگێرانی کوردی و عەرەبی بەردەوامە.



## ٩ ــ سعید جرجیس بارانی :

سعید جرجیس بارانی ٢١/ ١٢ /١٩٦٣لە بەردەڕەش چاوی بە دونیا هەڵێنایە ، لە ساڵی ١٩٧٧ قوتابی ناوەندی بوو سەردانی مۆزەخانەی کەلەپووری زانکۆی لە شاری موسل کردبووپاش تەواوکردنی خوێندنی لە بەشی کۆمەلناسی زانکۆی صلاح الدین ، گوندەکانی دەڤەری گۆرانەتی بەبەر شالاوی ئەنفال نەکەوتبوو ، شۆڕشی تەکنەلۆژیا گەیشتە هەموو شوێنێك ، کاك سعید بارانی لە دەستپێکی ساڵی نۆهەتەکان پێش لەناوچوونی کەلەپەلی کوردەواری بە دەرفەتی زانی بوو ، دەستی کردبوو بە کوکردنەوەی ،زیاتر لە ١٠٠٠ پارچەی جۆراوجۆری کەرەستەی کۆنی کوردەواری دەڤەرەکەمان کۆبکاتەوە لە فەوتان رزگاریان بکات پشکداری چەند پیشانگاو فیستەڤالی کوردەواری بووە ، بە هیمەت و توانای ناوبراو مۆزەخانەیەکی خنجیلانەی لە سەنتەری قەزای بەردەڕەش دامەزراندیە ، شانازیە بۆ مێژوو و شارستانیەتی دەڤەرەکەمان .



## ١٠ـ مروان صالح میکائیل معروف:

مروان صالح ئال معروف ، دانیشتووی قەزای بەردەڕەش  پارێزگای دهۆك، لە رۆژی ١٩٨٢\٧\٧ لە خانەوادەیەکی کورد پەروەر لەدایك بووە ، پیشەی مامۆستایە لەپسپۆرێتی ( مێژووی کورد) خوێندنی سەرەتایی تاکو دواناوەندی لە  بەردەڕەشی و لە ساڵی(٢٠٠٧ – ٢٠٠٨ )لە زانکۆی سەلاحەددین کۆلیژی ئاداب  بەشی مێژووی کورد ، بڕوانامەی بەکالۆریۆسی بەدەستهیناوە ، لەساڵی ( ٢٠٠٩ – ٢٠١٠ ) ، لە کۆلیژی ( الجامعه الحره الهولندیه ) لە بەشی مێژووی نوێ و هاوچەرخ ماستەری تەواو کردووە لە سەر کەسایەتی(مستەفا بارزانی و بزوتنەوەی ئازادی خوازی کورد) ، نامەی ماستەرەکەی کردە دیاری بۆ جەنابی سەروك.

کارو چالاکییەکانی رۆشنبیری و کتێبە چاپکراوەکانی :

١ـ مستەفا البارزانی وحرکه التحروریه الکردیه .

٢ـ مسعود بارزانی استفتاء  والاستقلال

چەند کتێبێکی تری دەستنووسی لەبەردەستە ئامادەیە  بۆ چاپ

١-اثرالتربیه الاسلامیه علی شخصیه البارزانی الخالد

٢-مسرور بارزانی رجل الدوله والإصلاح

٣-حملات مذابح الانفال وحلبچه فی کوردستان العراق

٤-الإباده الجماعیه : البارزانییون فی معسکر قوشتبه التجمیعی



## ١١ـ عبدالله محەمەد خالد رۆستم ئاغا :

لەدایك بووی ساڵی ١٩٦٥ پێشتر لەگوندی خرواتەی ناحیەی دزێ سەر بە ولایەتی وان عەشیرەتی پنیانشن لە باکووری کوردستان لە گەڵ مهاجرەکان پەرگەندەی شاری موسل بوون،  پاشان هاتنە گوندی دوبەردان ئاکنجی بوون ، کاك عبدالله کەسێکە حەزی لە ناساندنی کەسایەتی کوردە ئەوانەی لە دەرەوەی هەرێم خزمەتیان کردووە ،  هەروەها لە مێژووی کورد هۆزەکانی کوردی دەکۆلێتەوە بەتایبەتی ئەوانەی لەناو عەرەب دەژین ، زنجیرە ووتاری هەیە لەوانە :

ـ چل زنجیرەی لە سەر عەشیرەتی عومەڕی بە ئیلکترۆنی بەلاَو کردۆتەوە .

ـالاکراد فی فلسطین .		ـ عشیره گۆران فی کوت والعماره .

ـ الاکراد فی لوبنان .		ـ الاکراد فی مصر

ـ الاکراد فی الاردن		ـ الاکراد فی لیبیا



## ١٢ـ شەماڵ ئیسماعیل کەریم

ناو: شەماڵ نازناو: شەماڵ بارەوانی ناوی باوك: ئیسماعیل کەریم شوێنی لەدایکبوون: گوندی بارەوان قەزای بەردەرەش دهۆك ، ژیاننامە: شەماڵ ئیسماعیل کەریم نووسەر و ڕۆژنامەنووس و ڕەخنەگر و ڕاگەیاندکار لە دێی(بارەوان)ی سەر بە شارۆچکەی (بەردەڕەش)ی پارێزگای (دهۆك) لەدایکبووە. خوێندنی سەرەتایی هەر لە دێی بارەوان تەواوکردووە، دواناوەندی و ئامادەیی لە هەر یەك لە قوتابخانەکانی (محەمەدیە بۆ زانستە شەرعیەکان)، و (مەلا عەبدوڵڵا پەلپیتانی) لەشاری #هەولێر# تەواوکردووە، بۆماوەی چەندین ساڵ، بە خۆبەخشی وتاری لە مزگەوتە جۆربە جۆرەکان داوە و مەلایەتی بۆخەڵك کردووە، هەڵگری بڕوانامەی بەکالۆریۆسە، لە کۆلێژی (زانستە ئیسلامەکان) بەشی بنەماکانی ئایین- زانکۆی سەلاحەدین هەڵگری بڕوانامەی ماستەر لە(فەلسەفەی ئیسلامی) کۆلێژی ئیلاهیات-زانکۆی (یوزونجیل) لەشاری(وان)ی باکوری کوردستان، ماوەی نۆ ساڵە مامۆستای وانەبێژە لە دێی (کانیلان) و لە قوتابخانەی (کانیلانی بنەڕەتی تێکەڵاو) لە بەردەڕەش-دهۆك جگە لەو بەرهەمە تازەیەی خاوەنی دوو بەرهەمی شیعری ترە، لەوانە: (مەملەکەتی ژن کوژان) لە ساڵی ٢٠٢٠ بڵاو بووەتەوە ، (پارچە شکاوەکانی دڵم)ساڵی ٢٠٢١ بڵاو بووەتەوە ، تا ئێستا( ٢٠٢٢) زیاتر لە دوو سەت بابەت و وتاری ڕەخنەیی، فیکری، سیاسی، ڕۆشنبیری ، ئەدەبی ، کۆمەڵایەتی..تاد. لە ڕۆژنامەو گۆڤار و ماڵپەڕە جیاوازەکاندا بڵاو بووەتەوە لە زیاتر لە(٣٠) لە ڕۆژنامە و گۆڤار و ماڵپەڕی لە نموونەی: ١-ڕۆژنامەی هەولێر،٢-ڕۆژنامەی سیروان،٣-ڕۆژنامەی ڕەوت، ٤-ڕۆژنامەی ڕێگای کوردستان، ٥-ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ٦-گۆڤاری خازر، ٧- هەفتەنامەی  تاراوگە، ٨-ماڵپەڕی ڕوانگە و ڕەخنە، ٩-سایتی چاودێر،١٠-سایتی گەلاوێژ،١١- سایتی دابڕان،١٢- سایتی ئاوێنە،١٣- سایتی ئادان، ١٤-سایتی ئاژانسی هەواڵی کوردی((Kna، ١٥-سایتی دەنگەکان ،١٦- سایتی زاگرۆز پۆست ،١٧- ماڵپەڕی ئاشەڤان، ١٨-گۆڤاری هانا، ١٩- ڕۆژنامەی بۆ پێشەوە، ٢٠-ماڵپەڕی فێمێنیزمی ڕۆشنگەری، ٢١-گۆڤاری یادنامە، ٢٢-ماڵپەڕی یەکێتیی کرێکاری،٢٣- ڕۆژنامەی ئەڤرۆ، ٢٤-گۆڤاری کۆچ، ٢٥-گۆڤاری ژن، لە پاڵ نووسینی شیعر و وتار و بابەتی جۆراو جۆر بۆ ڕۆژنامە و گۆڤار و ماڵپەڕە جیاوازەکان، ئێستا هەفتانە، بەشێك لە بیرەوەریەکانی سەردەمی فەقێیاتی و خوێندنی حوجرە و قوتابخانەی ئایینی و کۆلێژی شەریعە(زانستە ئیسلامیەکان)، لەژێر ناونیشانی(بیرەوەریەکانی فەقێیەکی گوومڕا..) لە ڕۆژنامەی(ڕێگای کوردستان)، و هەفتانە  لە ڕادیۆی (بەردەڕەش) بەرنامەیەکی ئەدەبی، بەرنامەی(سەکۆی ئەدەب)پێشکەش دەکات.

**١٣ـــ تەیار عادل مستەفا :**



له گوندی کەونەباك سەر به قەزای بەردەڕەش له دایك بووە ، له خانەوادەیەکی جۆتیاری کورد پەروەر چاوی به دونیا هەلێناوە ، حەزی له خوێندن خوێنەوەی بابەتی جۆرا جۆر بووە بۆ ئەوەی زیاتر ئاشنای کەلتور و ئەدەبیاتی گەلەکەی بێت ، له سەنتەری رۆشنبیری بەردەرەش خزمەتی کردیە ، دامەزرێنەر و سەرۆکی دەستەی رێکخراوی هەنگاو بوو له قەزای بەردەڕەش ، تەیار عادل گۆران زمانی هیندی باش دەزانێت و بازنە ئاسا و ئاسانکاری له نێوان نەخۆشەکانی هەرێم و دکتۆرەکانی نەخۆشخانەی هیند کاردەکات .

یەکەم کتێبی به ناونیشانی(هیند) له مانگی ١٠ی سالی ٢٠٢٢ بەچاپی گەیاند ، باسی مێژووی کۆن و شۆرشەکانی هیند دەکات تا به ئەمرۆ گەیشتون ،ئاماژە بەوەش دەکات کورد و هند یەك نەژادو زمانی هاوبەشیان هەیە ، داهاتی کتێبەکەی پێشکێشی سندوقی کۆمەکی تووشبوانی شیرپەنجە کردووە . هەروەها دوو کتێبی تری دەستنووسی هەیە به ناوەکانی ١ـ ئەمیتاب ٢ـ هەلاتنی زرگا ئامادەی کردووە بۆ چاپ .

**١٤ـ حوسێن یونس ئیسماعیل ئاغا رەشگەری:**



لەسالی١٩٦٨ له گوندی گربدەوسەربەناحیەی دارەتووی قەزای بەردەڕەش لەدایك بووە ، قۆناغی سەرەتایی له قوتابخانەی گوند تەواو کردووە ، قۆناغی ناوەندی له قوتابخانەی ابن الهیسەم له موسل تەواوکرد، لەپیشەسازی حەدباء وەردەگرێت بەسەرکەوتوویی تەواوی دەکات ، لەهاوینی سالی ١٩٩٠ تووشی روداوی هاتووچۆدەبێت هەردوو قاچی له کاردەکەوێت ، سەرەڕای کەمئەندامی کۆلنادات بەردەوام دەبێت له خوێندن لەسالی ٢٠٠٣ لەبەشی قورئان و پەروەردەی ئیسلامی له کۆلیژی پەروەردەی هێواران له زانکۆی موسل دەخوێنی و بڕوانامای بەکەلۆریۆس بەدەست دەهێنیت . سالی٢٠٠٨ له زانکۆی نیشتمانی مالیزیا بڕوانامەی ماستەر بەدەستدەهێنێت ، هەر له هەمان زانکۆی مالیزی بروانامەی دکتۆرای وەردەگرێت .ئێستا مامۆستایه له کۆلیژی نوور . بەرهەمەکانی ئەمانەن :

١ـ الصحابی صهیب الرومی سالی ٢٠٠٧ چاپکرایه

٢ـ سیره خارجه بن زید وفقه خارجه بن زید (دراسه فقیه مقارنه بین المذاهب الاربعه)

٣ـ کتاب شهاده المرأه (دراسه فقهیه مقارنه بین المذاهب الاسلامیه الثمانیة والقانون دول السته)

٤ـ کتاب (النسیان) طبع سنه ٢٠١٦ . ٥ـ کتاب (احکام الحیوان) طبع سنه ٢٠١٨ .

٦- الخالق وعجائب الخلق طبع سنه ٢٠٢٠ .

وهناك كتب تحت اليد للطبع :

١- كتاب نداء القرئانى  ئايات (يا ايها الذين آمنوا......)

٢ - كتاب الحجامه(شرعا وطبيا)

٣ - كتاب (احكام الايام ) .

١٥- شەهاب بۆتانی :



ناوی تەواوی (شەهاب ئەحمەد پیرۆ) یە لە سالی ١٩٨١ لە شاری مووسل لەدایك بووە ، قۆناغەكانی بنەڕەتی و دواناوەندی و ئامادەیی لەبەردەڕەش بەسەركەوتوویی تەواو دەكات ،  لەسالی ٢٠١٠ دەرچووی پۆلی دوازدە لە بەشی راگەیاندنی پەیمانگەی تەكنیكی هەولێر وەردەگیرێت

- لە سالی ٢٠٠٠تا ٢٠١٠ئەندامی سەنتەری رۆشنبیری بەردەڕەش بوو .

- سالی ٢٠٠٩ رێكخراوی هەنگاو بۆ پەرەپێدانی رۆشنبیری دادەمەزرێنن .

- بەشی راگەیاندن تەواو دەكات دەبێتە رۆژنامەنووسێكی ئەكادیمی لە بەردەڕەش

- لەسالی ٢٠٠٤ یەكەم بابەتی خۆی لە  گۆڤاری خازر بەلاودەكاتەوە .

- تا ئێستاش لە گۆڤارە كان بابەتی جۆراو جۆر بەلاودەكاتەوە

- سالی ٢٠١٠ دەبێتە ئەندامی كۆمەلەی وێنەگرانی كوردستان لقی هەولێر .

- لە كاتی شەڕی داعش بۆ سەر كوردستان لە میحوەری باشیك و خازر رووماڵی شەرەكانی كردووە لە دووای شەڕ لە لایەن سەندیكای رۆژنامەوانی لقی دهۆك ، رێزلێنانی پێدەبەخشرێت .

-  ٦ شەش كتێبی دەستنووسی هەیە  و نەیتوانیوە چاپیان بكات .

١٦- دلدار ئەحمەد سەلیم :

لەبواری رۆشنبیری و رێكخراوەكانی ئێن جی ئۆ: ئەو لە تەمەنی هەرزەكاریەوە دەست دەداتە خوێندنەوەی كتێبەكانی چیرۆك و میژووی ئیراق بەزمانی عەرەبی، و لەسالی ١٩٩٩ دەبێتە ئەندامی بنكەی رۆشنبیری بەردەرەش لەتەواوی چالاكیەكان بەشدار دەبیت و تا دەبێتە ئەندامی كارا و كارگێری بنكەی ناوبراو و رۆژانە خۆی بەپەرتووكخانەی ئەوی پێدەگەینیت و تا دەگاتە ئەو رادەیەی ناوی ئەو لەناو تۆماری بردنی كێبی كتێبخانەكە بە (ئیستیعارە) زۆرترین كتێبی پەرتووكخانەكە دەخوێنتەوە.

لە پایزی سالی١٩٩٥ لە گوندی دالەرێی قەراغ زێی بادینان سەر بە قەزای  بەردەڕەش  لە دایك بووە ،  چالاكییەكانی :

+ سەرەتای نووسینی دەستی كردبوو بە هۆندنەوەی شیعری ئازاد ،  ئەو مافەی بە خۆی نەدابوو

وەکو شاعیرێکی لاو دەرکەوێت .

+کتێبێکی(pdf) بە ناوی (زەکەریای کورد)له سایتەکان بەلاٌوکردۆتەو.

+ یاداشتە رۆمانێکی بە ناوی ٠(٢١٣٩)له چاپخانەی کارۆ سلێمانی٢٠١٩بە چاپگەیاندووە ، پەیامی ئەو کتێبە پەیوەندی نێوان مرۆڤ وئاژەل ، دڕوندەیی و میهرەبانی ، تاریك وروون ، کارەسات و ژیانەوە باس دەکات .

١٧ـ نەمان یاسین تاها مستەفا:

ناسراو بە (نەمان ئاکۆیی) لە ١ / ١ / ١٩٩٠لە گوندی کەونەباك سەربە قەزای بەردەڕەش لە دایك بووە ، لەگوندی زەنگەنان خوێندنی ئامادەیی تەواو کردووە ، بەشی زمان و ئەدەبی کوردی لە کۆلیژی ئادابی زانکۆی دهۆك بڕوانامەی بەکەلۆریوسی بەدەستهینا ، ماموستایە +کتێبێکی چاپکردووە بەناوی(هەنگاوێك بۆ سەرکەوتن) .

+چەند نامێلکەی هەیە .+ووتارو نووسینی لە گۆڤارۆ رۆژنامەکان بەردەوامە .

١٨ـ عەلی حەکیم رەسول :

رێکەوتی ١٧ /٧ /١٩٩٥ لە گوندی گربدەوی کەون لەدایك بووە ، لە زمانی ئەنگلیزی کولیژی ئاداب زانکۆی صلاح الدین بڕوانامەی بەکەلۆریوسی وەرگرتووە. لە دوو رێکخراوی هاوکاری مرۆیی و ئاوارە کۆچبەرەکان بە ناونیشانی وەرگێر کاری کردووە .+کتێبێکی بە ناونیشانی (بەختەوەری لە ئێستادا) بە چاپ گەیاندووە .

**چەندەها رۆشنبیرو ئەدەب دۆستی دیکەمان هەیە ژیانامەیان بە دەستم نەگەیشت لەوانە :**

١٩ــ ئەمین بۆتانی :

٢٠ــ مقداد شاسواری:

٢١ــ شاکر محەمەدئەمین رۆژبیانی ناسراو بە (حاکم شاکر) ،

٢٢ــ یاسین سێکانی :

٢٣ــ مروان محەمەد کوردی .چیرۆك نووس بە زمانی کوردی و عەرەبی لە کۆمەلگەی کەلەکچی

# باسی پێنجەم :

## بزاڤی رزگاریخوازی کورد له قەزای بەردەڕەش :

بەشداری خەڵك لەبزاڤی رزگاریخوازی کوردیدا.هەر میلّەتێك یان دەڤەرێکی دیاریکراو له ژێرستەمی دەرەبەگایەتی بێت ، یان لەژێر چەپۆکی ناحەزانی بێت یان کەسێکی بالا دەست زولم و ستەم له خەڵکەکەی بکات ، بێگومان بەرهەڵست ڕودەدات ، بۆ خۆرزگارکردن ، یان هەندێ کەس بەرگەی ئەو زۆرداریە ناگرێت بۆ شوێنێکی تر باردەکات تاوەکو به ئازادانه بژیت .هەستی کوردایەتی له دەڤەری گۆرانەتی بەتایبەتی له سالآنی شێستەکان خەڵك باسی جروسکەی شۆڕشی دەکرد که ئازادییەك وا بەرێوەیه به نهێنی دەنگی ئێزگەی کوردستان دەکرایەوە بۆ زانینی چالاکییەکانی پێشمەرگە . هەرچۆن بێ ئەم دڤەره کوردستانەو وەکو هەموو کوردستان گیانی کوردایەتی تێکەڵاوی خوێنی خەڵك بووە ، دەڤەری گۆرانەتی دڵسۆزی رێبازی پارتی بوون ، بارزانی فەرموویەتی (خەڵکی گۆران دلسۆزو کورد پەروەرن چیاوازیان ئەوەندەیه جەمەدانیان رەشه بەلآم پارچەیەکن له بارزان)

### ناوی پێشمەرگەکانی دەڤەری گۆرانەتی ئەوانەی له

### سالآنی شێستەکان پشکدار بوون له شۆڕشی ئەیلوولی مەزن :

## رۆلی مشیر ئاغای گۆران له شۆرەشی ئەیلولی مەزن

مشیر ئاغای گۆران چەندین سالْ له حکونەت ئەشقی دەبێت ، سالّی چلەکان پەیوەندی به شۆڕشی شێخ مەحمودی حەفید دەکات له سلێمانی ، ماوەی هەفت سالْ له خزمەتی شێخ دابوون ، له چەندین شەڕ دژی ئینگلیز و حکومەتی عیراق پشکداریان کردبوو ، تاکو سالّی ١٩٥٨به قاچاغی دەژیا بارزانی له روسیا گەڕایەوە سالّی ١٩٦١راستەوخۆ پەیوەندی هەبوو لەگەڵ سەرکردایەتی شۆڕشی ئازادی خوازی کورد ، به خۆ و به دەیان کەسی تر دەبێته پێشمەرگەی شۆڕشی ئەیلوول ، تاکو سالّی ١٩٦٥له گەڵ شۆڕشی ئەیلول بەردەوام بوو . سالّی ٢٠٠١ کۆچی دوایی دەکات .

شۆرەشی ئەیلولی شۆرەشێکی سیاسی و چەکداری گه ورەبو له پێناو مافه رەواکانی گەلی کورد به رابەرایەتی بارزانی نه مر لەکوردستانی باشور دەستی پێکرد ، عشیرەتی گۆران و خانه وادەی اسماعیل اغا گۆران به شێکی ئەم شۆرەشه بەر ئەم خانەوادەیه دەکەوێت بەسەربەرزیەوە.. لەبەرواری٣-ئەیلول سالّی ١٩٦١متصرفی موصل و بەرێوەبەری پۆلیس( اسماعیل عەباوی) مصلاوی هێزێکی گەورەی پر چەك و جەیشێکی زۆری ناردەسەر گوندەکانی مشیرئاغای گۆران

و خزمو براکانی چونکە بەس گوناحیان ئەوەبو کە تابع و لایانگری  رێبازی پیرۆز بازانی نە مر بوون ئەوکات احمد ئاغا براگەورەی مشیرئاغا سەرپەشتی هەموو شانە نهێنیەکانی لە دەڤەری ئاکرێ و بەردەرەش (عشائر سبعە) دەکرد ، بارەگایان لە  گوندی دولێجان بوو هێرشێکی بێ بزەیانە و بەرفراوان و بەهێز کرایە سە ریان ، لە ئەنجامدا ئەم گوندانە لە لایان جەیش و جاش تالانکران وسوتینران و خاپورکران

١- یەکمالە ٢- کێلە سپی ٣-سیگردك ٤- دیناران ٥- خەمیس کچك ٦- دولێجان ٧- هەزارجۆت ٨- بامەرزێ ٩-گرگەجو ١٠- گرك ١١- مەلابروان ١٢ -حەسەنی. ١٣- روڤیا نەسوتێنرا  لە بەر مالی شیخەکان بەلام مالی خزمەکانی مشیراغا هەموی تالان کران

هێزێکی پرچەك توندرەو بە حسابی ئەوەی هێرش دەکە نە سەر دەولەتێك جۆرەها چەکو تەقەمەنی قورسیان هێنابوو ، هێزەکە نابەرمبەر بوو لە هەموو روێەکەوە  پێشمە رگە کانی مشیرئاغا پاشە کشێیان کرد بە ژن و منداڵ و گەورە  و بچوك بۆ گوندی بامەرزێ  مشیرئاغا بریاری دا بە رگری بکەن شەر بکرێت بۆ ماوەی ( ٦ ) شەش رۆژ تەواو تا دوا فیشەك بەرگریان کرد بە قارەمانانە جەنگان بە رگریان لە خۆیان و نیشتیمانکرد  ،  لە ئەنجامی ئەم شەرەدا پێشمەرگە یەکی مشیرئاغای گۆران بە ناوی ( بنیامێن ئێلیشیا) لە مەسیحیەکانی گوندی هەزارجۆت دەکەوێتە نزیك گوندی بامرزێ  شەهید بوو  لە بەرواوی  ٣/ئەیلولی١٩٦١ کاتژمێر٣:٣٠ پاش نیوەرۆ لە گوندی بامەرزێ لە تەك پێشمەرگەیەکی بریندارابەناوی (یونس محمد مام ئیزدنی ) بەر لەوەی بنیامێن روحی دەربچێت و وەفات بکات بە چەند دەقیقەیەك بە مام یونس دەلێت من بنیامێنم  مە سیحی خەلکی گوندی هە زارجۆتم گە ر مردم  خانەوادەم و  مشیرئاغا ئاگادار بکەوە  ، مام یونس ناو و ناونیشانی لە سە ر سیمی پاکە تی جەگەرەی جمهوری دە نوسێت و لای خۆی هەلدەگرێت دوای ٤٠ و هەنێك سال ئەم پارچە کاغەزەیە دەداتە دەستی بەرێز  بشارئاغای کوری مشیرئاغا بیرەوەریەکانی روداوەکە لە سە ر  خرابەی کەونە گوندی بامەرزێ شوێنی رە بایە کانی پێشمە رگە  دیاری دەکرد ، مام یونس لەدوای بەرگریەکی زۆرر دەگێرێتەوە فرۆکە یەکی حکومەت دیتە سەر ئاسمانی گوندی بامەرزێ  فرۆکەوانەکە ناوی( محمد عبدالواحد) خەلکی گوند سێکانی گەورەیە لە عشیرەت وخزمو تیرەی مشیرئاغا دەبێت بەلاەکراوەی  هەلدایە خوارەوە لە سەر کا غە زەکانی نووسرابوو  دەست لە شەر بەردەن گوندی بامەرزێ  چۆلکەن و بەجێبێلن بەیانی گوند بۆردومان دەکرێت .

 پیاو و ژن ومنداڵ بەیەکەوە چوونە گوندەکانی   گرگەجو  ، گرێگاو قایماوا لە وێوەش چونە گوندی خاتیناوا  لە بناری چیای مەقلوب ..ژن و منداڵیان تەسلیمی( مام قاصم ئاغای) رۆژبە یانی کرد خوالێی خۆشبێت  خانە وادەی مشیراغا و براکانی گە یاندە بازیوە ناوخزمانی شەبەك

[2]دوو رۆژ مانەوه لەوێش نه حه وانەوه له بەر رژێمی ئەوسەردەمه رویانکرده هەولێر چونه لای خوالێخۆش بو شیخ (عبدالكريم )جەنابیان بەم شێوەیه ئەم ژن و منالانەی بینی زۆر داخباربوو جێگای حەوانه وه و خواردنی بۆیان دابینکرد چەند سالێك لەلای مانەنەوه و مشیراغا و خزمو براكانی و پیشمەركەكانی چونه پیدەلای (عبدالواحد حجی ملو ئاغا مزوری )لەوێشەوه جونه مالی(محمود ئاغای) چەمانكی بەرواری له وێشەوه هەر سێ ۳ عشیرەتی ( گۆران و برواری و مزوری )بەیەكەوه خویان گەیانده بارزان لای جەنابی
خوا لێخۆشبو مەلا مصگفی بارزانی خێزان و مالو منالی مشیرئاغا له هەولێر دەربه ده رو ئاوارەبون
مشیرئاغا وهەڤالانی لەگەل هێزی عشیرەتی مزوری و بەرواری به سه ركردایەتی بارزانی نەمر پشكداری شۆرشی ئەیلول بوون .و دژی رژێمی عبدالكريم قاسم وەستابوون .
ناوی ئەو پیشمەرگانەی له ۳ ایلولی ۱۹٦۱ بەشدار بوون له گوندی بامەرزی له گەل مشیرئاغا سەروك هوزی گوران ئەوانەبوون :ـ

| | |
|---|---|
| ۱-احمداسماعیل اغا گۆران | ۲ -مشیراسماعیل اغاگۆران |
| ۳- عارف اسماعیل اغا گۆران | ٤- عزیز اسماعیل اغا گۆران |
| ٥- جوهر اسماعیل اغا گۆران | ٦-توفیق احمد اسماعیل اغا |
| ۷-خسرو احمد اسماعیل اغا | ۸-فیصل احمد اسماعیل اغا |
| ۹- صالح احمد اسماعیل اغا | ۱۰-احمد شەرنقه گۆران -خەرابەیاسین |
| ۱۱-خورشید سلیم گۆران —یەكماله | ۱۲-حجی شكو صالح سعید گۆران- گرگەجو |
| ۱۳-حجی قەرۆ سلیمان گوران —گركەجو | ۱٤-عبدالله غدار گۆران -جوجەر گەوره |
| ۱٥-لاوۆ عبدالقادر سلێمان گۆران -سیگردك | ۱٦- ئادێ گۆران- بامەرزێ |
| ۱۷-رمضان گراوی گۆران -دارەتو خازر | ۱۸-شۆرۆ گۆران- بامەرزێ |
| ۱۹-كمال عزیز اسماعیل اغا | ۲۰-غازی شەهید كاكل اسماعیل اغا |
| ۲۱-عادل شەهید شكور اسماعیل اغا | ۲۲-سلیم عوبید محمد گۆران- حەسەنی |
| ۲۳-نجیم عوبید محمد گۆران حەسەنی | ۲٤-یاسین عبدالعزیز گۆران -بامەرزێ |
| ۲٥-امین ابراهیم موسی گۆران —دیناران | ۲٦-عرب ابراهیم مسی گۆران -دیناران |
| ۲۷-**خطاب** مولود موسی گۆران —دیناران | ۲۸-خلیل محمد عبدالله گۆران -حسنی |
| ۲۹-شەكر عبدال شێخكی- مزوری | ۳۰-جوهر عبدال شێخكی- مزوری |
| ۳۱-نوری عبدال شێخكی- مزوری | ۳۲-تیمور عبدال شێخكی -مزوری |

٣٣-حسن شیخکی —مزوری
٣٤-فتاح محیٚ شێخکی -مزوری
٣٥-حسن محیٚ شێخکی —مزوری
٣٦-شتۆ شیخکی -مزوری
٣٧- احمد عبدالقارسلێمان —سیگرد
٣٨- صالح عوبێد گۆران دیناران
٣٩- سید جادر گۆران -دارەتو گەورە
٤٠-سید شملی گۆران -دارەتو گەرە
٤١-مغدۆ گۆران -دارەتو گەورە
٤٢-کرکۆ گۆران -دارەتوگەورە
٤٣-اسماعیل بەرزۆ گۆران —بابا
٤٤ -اسماعیل یاسین سمۆ -هنجیرۆك
٤٥-سید وەسمان -دارەتو گەورە
٤٦- اسماعیل حه ردان -گەرمك
٤٧-محمود خدر گۆران —گەرمك
٤٨-عزیز مولود موسی گۆران -دیناران
٤٩- خدر ابراهیم گۆڤیٚ —گلەشین
٥٠-تاهر ابراهیم گۆڤیٚ -گلەشین
٥١-رەشکۆ عوزێر گۆران —ئاڤدەلی
٥٢- عبدالرحمن کۆلان گۆران - مغارا
٥٣-عبدالواحد. رۆستەم -پیرچاوش
٥٤-احمد مکائیل محمدگۆران -رۆڤیا
٥٥-یونس محمد مام یزدینی —مزوری
٥٦-خلیل عبدالرحمن سۆرانی -رۆڤیا
٥٧-نیسان پترۆس هرمز مەسیحی- هەزارجۆت
٥٨-سعید گیب گۆران- سیگردك
٥٩-طة سلیمان گۆران-بامرزیٚ
٦٠- یوسف رمضان گۆران- بامرزیٚ
٦١ -محمد سلیمان به سیٚ - دارەتو خازر
٦٢- عزیز عبدالرحیم گەرمك بچوك
٦٢-محمد شێرۆ گوران - بامەرزی
٦٣-احمد محمد حمۆ — بەردەرەش
٦٤- عبدالرحمن. سلو
٦٥-ڤاهر عوبید گۆران —دیناران
٦٧-سلیمان عوبید محمد -حەسەنی
٦٨-دەروێش علی گۆران- بامەرزیٚ
٦٨-عبدالقادر عتکۆ گۆران- زێلکە

ئەو بەرێزانەی زانیاریان داوە

١- ئومید عارف اسماعیل اغا
٢-سعید طیب گۆران
٣-محمد سلیم عدو گۆران
٤- چیای تیمور عبدال شێخکی
٥-کریم مشیراسماعیل اغا
٦-محمد سلیمان به سیٚ گۆران
٧-سلیمان یاسن عبدالقادر گۆران
٧-سعدون مشیراسماعیل اغا
٩-یونس مام یێزدینی- مزوری - خوا لێی خۆشبێت
١٠-عادل کاکا اسماعیل اغا
١١-صالح احمد اسماعیل اغا

نوسین و به دواچون کۆکردنەوەی زانیاری بەرێزان :

١- صائب کریم مشیراغا. گۆران
٢- غائب کریم مشیر اغا گۆران.

به دەستکاریەوە وەرگیرایە

**سـەید وەسمان سـەید ئەحمەد:** لە سـاڵی ١٩٣٨ لەناحیەی دارەتوو سـەر بە قەزای بەردەڕەش لە دایك بووە ، دەبێتە پێشـمەرگە لە هێزی محەمەدامین میرخان لە بارزان ، پشکداری چەندین شەڕەکات ، لە داستانی مرێبا رێکەوتی ٣/٧ /١٩٦٢ بە سەختی بریندار دەبیت ، بە برینداری دەکەوێتە دەسـتی دوژمن جاشـەکان شـەهیدی دەکەن ، دەبێتە یەکەم شەهیدی دەڤەری گۆڕانەتی لە شۆڕشی ئەیلوول ، گۆڕی لە گوندی مێرسەیدایە .

**یاسـین تاها مەولود ناسـراو بە (مام یاسـین) :** سـاڵی ١٩٣٧ لەگوندی زەنگەنان سـەر بەقەزای بەردەڕەش لە دایك بووە ، دەبێتە سـەرباز سـاڵی ١٩٥٥ پەیوەندی بە رێکخسـتنی نهێنی پارتی دەکات ، ساڵی شێستەکان لە لایەن رژێمی بەغدا زیندانی دەکرێت ، ساڵی ١٩٧٠ ئازاد دەبێت ، لە هیزی دەشتی هەولێرو و هێزی سەرکردایەتی وەکو پێشمەرگەیەکی چالاك و چاو نەترس دێتە ناسین ، لە زۆربەی شەڕەکان پشکداری کردووە چەندەها جار برینداربووە ، سـاڵی ١٩٧٥ ئاوارەی ئیران دەبێت ، لە سـەرداوای ئیدریس بارزانی سـاڵی ١٩٧٦ دەبێتە پێشـمەرگەی قیادە موەقەتە ، دوای راپەڕین دەگەرێتەوە قەزای بەردەڕەش ١٠ دە سـاڵان بەرپرسی لێژنەی ناو چەی پارتی لە بەردەڕەش بەرێوەدەبات ئێستا کارگێڕی لقی ٩ی پارتیە بەشی کۆمەلایەتی لە ئاکرێ

**حمید محەمەد حوسێن ناسراو بە (حمید پارتی یان مەلا حەمید) :** ساڵی ١٩٤٢ لە ناحیەی زێلکان بناری چیای مەقلوب سـەر بە قەزای شـێخان لە دایك دەبێت ، دەبێتە سـەرباز پاشان پەیوەندی بە هێزی لەشکری پێشمەرگە دەکات لە زۆربەی شەڕەکان پشکداری کردووە ، لە داسـتانی لۆمانا ١٢ /١٢ /١٩٦٢ لەگەڵ ئەو بەرێزانە (ئەحمەد شـەرەقە ، سـەید جادر ، سـەید قادر ، عەریف رەمەزان ، یوسـف گۆران ، عەنتر ، صادق سلۆ ...) پشکداری داستانی لۆمانا دەبن ، پاشان لەگەڵ مشیر ئاعا دەبێتە پێشمەرگە ، ساڵی ١٩٧٥ دەگەرێتەوە زێلکان .

**محەمەد هەمزە مەولود** : ساڵی ١٩٤٢ لە گوندی دووسەرە لە دایك بووە ساڵی ١٩٦٨ بە خۆ و بە دووبرا بە ناوی یاسین و حەسەن پەیوەندی بە شۆڕشی ئەیلوول دەکەن لە هێزی ئاکرێ و شێخان ، لە زۆربەی شەڕەکان پشکداری کردووە ساڵی ١٩٧٤ دەگوازرینەوە بۆ هێزی حەمرین براکەی ( یاسـین هەمزە مەولود) شـەهید دەبێت ، سـاڵی ١٩٧٥ ئاوارەی ئێران دەبن لە دوای راپەڕینی ١٩٩١ دەگەرێنەوە گوندی دووسەرە .

**عومەر عەزێ کاوانی :** لە گوندی دووگوندانی گەورە سـەر بە قەزای بەردەرەش لە دایك بووە ، کەسـێکی کورد پەروەربوو ، لە دەسـپێکی شـۆرشـی ئەیلول لە لای مەحمود کاوانی دەبێتە پێشـمەرگە ، پاشـان خۆی دەگوازتەوە لەگەل سـەیدەکانی دارەتوو وەکو پێشـمەرگەیەکی زیرەك چـاو نەترس بەردەوام دەبیت لە خزمەت لە زۆربەی شـەڕەکان پشـکداری کردبوو ، تاکو سـاڵی ١٩٦٣ دەکەوێتە کەمینێکی جاشەکانی هەرکی شەهید دەکرێت .

**یۆسـف رەمەزان ئەحمەد:** سـاڵی ١٩٤٤ لە دایك دەبێت ، سـاڵی ١٩٦٣ پەیوەندی بە شۆڕش دەکات دەبیتە پێشمەرگە لە شۆڕشی ئەیلوول لە زۆربەی شەڕەکان پشکداری کردووە ،

ســـاڵی ١٩٧٥ ئاوارەی ئێران دەبێت ، دەگەرێتەوە ، به خێزانەوە دوور دەخرێنەوە بۆ باشووری عیراق ، دوای راپەڕین دەگەریتەوە گوندی مەلا بروان .

**صـادق سـلۆ محەمەد :** سـالی ١٩٣٩ له گوندی بەردەڕەش ی کچـکه له دایك بووه ، له ڕۆژی ٢٣/ ٢/ ١٩٦٣ پەیوەندی به ریزەکانی پێشـــمەرگه دەکات ' له زۆربەی شـــەڕەکان پشـــکداری کردووه ســـالی ١٩٧٥ ئاوارەی ئێران دەبێت ، دەگەرێتەوه ، به خێزانەوە دوور دەخرێنەوە بۆ باشووری عیراق ، دوای راپەڕین دەگەریتەوە گوندی بەردەڕەش ی کچکه .

**ئەحمەد ئیسماعیل ئەحمەد:** ساڵی ١٩٣٦ له گوندی دووگوندانی کچکه له دایك دەبێت ، ساڵی ١٩٥٤ دەبێته سـەرباز ، له سـاڵی ١٩٦١ یویوەندی به ریزەکانی پێشـمەرگه دەکات ، لەگەڵ موشیر ئاغا پێشمەرگه دەبێت له زۆربەی شەڕەکان پشکداری کردووه ، ساڵی ٢٠٠٤ کۆچی دووایی دەکات

**ڕەمەزان حوســێن میکائیل:** ســاڵی ١٩٣٠ له قەزای بەردەڕەش له دایك دەبێت ، له ١ /٦ / ١٩٦٣ له هێزی ئاکرێ و شـــێخان پەیوەندی به ریزەکانی پێشـــمەرگه دەکات ، له ٨ /١٩٦٥/٥ له سەرداوای پارتی دەگەرێتەوه سەربازی ، له ١٦/ ٨ /١٩٦٩ له ریکخستنی نهێنی ئاشکرا دەبێت ، رەوانەی زیندانی (قصر النهایه)دەکرێت له بەغدا ، تاکو ساڵی ١٩٧٠ ئازاد دەکرێت ، له ٢٩/ ١٠ / ٢٠٠٥ کۆچی دووایی دەکات .

**سـەعید ئیسماعیل محەمەد (سـەعید قەچۆ) :** ساڵی ١٩٤٤ له بەردەڕەش له دایك دەبێت ، ســـاڵی ١٩٦٣ پەیوەندی به لەشـــکری کوردســـتان دەکات له هێزی فارس باوەی ، دەگوازرێتەوه هێزی سوفین پاشان بۆ بارەگای بارزانی له دیلمان و قەسرێ ، دوواتر دەگەرێتەوه بۆ هێزی ئاکرێ و شێخان لای حسۆ میرخان .

**عەبدال قادر عیسی (عەبدال بیۆك) :** ساڵی ١٩١٨ له گوندی کانیلان له دایك بووه ، ساڵی ١٩٣١ له گۆمەزەرد باردەکات بۆ گوندی بیۆك دەبێته برا گەورەی گوند ، ساڵی ١٩٤١ له سەر داوای یاسین ئاغا (عەبدال و عوسمان ) رەوانەی بارزان دەکات ، سەردانیان ساڵانه بەردەوام دەبێت دەبنه جێگای متمانەی ماڵی بارزان ، لەبەر ئەوەی سوارچاك بوو ، ساڵی هەفتاکان سەرپەرشتی هەسپەکانی ماڵی بارزانی دەکات ، له ڕۆژی ١٨/ ٦ / ٢٠١٤ کۆچی دووایی دەکات.

**عەلی مێشه :** دتوانین بلێین عەلی مێشه بەکەم کەس بووه له دەڤەری گۆرانەتی پەیوەندی به رێکخستنەکانی پارتی کردووه ، چونکه ساڵی چلەکان کاری بازرگانی کردووه دەچوو ئیران کەل و پەلی دەهێنا لەو کاتی له مەهاباد چاوی به بارزانی کەوتبوو هاروکاری بۆ پێشمەرکه رەوانه دەکرد بەردەوام ئاگاداری چالاکییەکانی پارتی بوو ، پەیوەندی له گەڵ بارزانی هەبوو تاکو چوونه رۆسیا.هەستی کوردایەتی هەبوو کەسێکی کورد پەروەر بوو، نیشتمانی خۆی خۆشدەویست ، ناوی نرا عەلی مێشه چونکه زۆر مێش هەنگی به خێودەکرد .

**کوێخا عەزۆ بەنێنانی:** کەسێکی دلسۆز و کورد پەروەر بوو ، لە ساڵی ١٩٥٨ لەگەڵ حاجی وەسمانی بە نوێنەرایەتی خەڵکی گوندی بەنێنان ساڵی ١٩٥٨ چوونە بەغدا بۆ پێشوازی کردنی مەلا مستەفا بارزانی کاتی لە رۆسیا گەڕایەوە ، بە ساڵی ١٩٦٣ لە بەرکێشەی سیاسی و کۆمەلایەتی کوێخا عەزۆ گوندی بە جێهێشت بوو بە پێشمەرکە .

**ناوی هەندێ لە پێشمەگەکانی دەڤەری گورانەتی لە هێزی شێخان**

بارەگای هێز لە گوندی ئەشکەفتێ بوو ٤ چار بەتالیۆنی هەبوو پیشمەرگەکانی گۆران لە بەتالیۆنی شەهید تەیمور عەبداڵ بوون بارەگایان لە گوندی شەکان بوو ئەوەش ناوی پیشمەرگەکان :

١ـ یونس محی الدین یونس لە دایك بووی ساڵی ١٩٥٢ بەردەرەش گەورە .

٢ـ محەمەد صالح شوکور    دانیشتووی گوندی حەسەنیە ناحیەی رۆڤیا .

٣ ـ تەیب فارس عزیز    دانیشتووی گوندی ئیسماوا

٤ ـ صادق سلۆ    دانیشتووی گوندی بەردەرەش کچکە .

٥ ـ محەمەد صالح سعدون    دانیشتووی گوندی جوجەر کچکە .

٦ ـ سمۆ یاسین سمۆ    دانیشتووی گوندی هەنجیرۆك بناری چیای مەقلوب .

٧ ـ مستەفا گۆران    دانیشتووی گوندی گرفەڤیر

٨ـ مەلا مەجید مستەفا    دانیشتووی گوندی بەنێنان .

٩ـ صلاح محەمەد    دانیشتووی گوندی بەنێنان

١٠ ـ کاك مەحمود    دانیشتووی گوندی بەنێنان

١١ ـ کاك جبرائیل    دانیشتووی گوندی بەنێنان

١٢ ـ حاجی خدر    دانیشتووی گوندی بەنێنان باوکی عەقید ئەلیاس

١٤ـ عبدالله مەلا نەجم    دانیشتووی سەنتەری بەردەرەش

١٥ ـ مەلا تاهر مەلا عارف    دانیشتووی گوندی ئیسماوا

١٦ـ یوسف گۆران    دانیشتووی گوندی مەلا بڕوان

١٧ـ شاکر محمدئەمین    دانیشتووی گوندی تۆبزاوا ژیری / مامۆستای شۆرش

زۆربەی خەلکی دەڤەری گۆرانەتی لە هێزی حەمرین پێشمەرگە بوون

**تێبینی : ئەو زانیاریانە لە زاری پ.م (یونس محی الدین یونس) وەرگیرایە**

**دلسۆزانی ناوداروچالاك :**

خەڵك بە خۆشی وئاهەنگ گێران پیشوازیانکرد لە مۆلەت وەرگرتنی حزب لەساڵی١٩٥٨ دووای ئەوەی بارزانی لەیەکیتی سوفیەت گەڕایەوە ، بەلاوکردنەوەی شانەکانی حزب لەشاروگوندەکان دەستی پێکرد ، لەو ئاهەنگوخوشیەش بەردەڕەش بێبەش نەبووە ، ئەندامە بە هێزەکان ئەمانەن: ـ ١ـ عاصم حجی بەحیا ٢ـ ئیبراهیم عزیز عەبدۆ ٣ ـ محەمەد صالح قەچۆ ٤ـ مەلاعەلی رەسول قەلاسنجی (مەلای گوندی زەنگەنان)

٥ ـ یاسین تاها مەولود ٦ ـ ئیسماعیل رەزا ٧ ـ حەسەن حوسێن ٨ـ مامۆستا عەلی مەچکۆ ٩ صۆفی علی. هەروەها هەردوو خوالێخۆشبوو **(سەید عبدالرحمان سەید حەسەن) و(عبدالستار رەمەزان)** لە دەشتی هەولێر لە سالانی شێستەکان پێشمەرگە بوون ، عبدالستار لە ساڵی ١٩٧١ بە دەستی ناحەزانی پارتی شەهیدکرا ،(٢٥٧)

ریکخراوی رزکاری یەکەم رێکخراوی پارتی بوو لەدڤەری گورانەتی لەسەرەتای شێستەکان لەناحیەی بەردەڕەش دامەزرابوو. جەندکادیرێك توانیان ئەو رێکخراوە بەرێوەببەن لە سنوری گوندەکانی ناحیەی بەردەڕەش بەناوی ریکخراوی رزگاری ، لە دەسپێکی ساڵی هەفتاکان لقی یەك بە فەرمی لە شاری موسل کرایەوە ، هەڤال فازل میرانی و عەلی شنگالی هاتنە سنووری ناحیەی بەردەڕەش گوند بەگوند گەڕان بۆ پتەوکردنی رێکخستنی پارتی لە زۆربەی گوندەکان شانەی رێکخستنیان دەستنیشان کرد ببوونە بەرپرسی شانە و نوێنەری گوندی خۆیان بوون ،

**ئەوەش ناوی ئەو نوێنەرانەی لە گوندەکانی دەڤەری گۆرانەتی دەستنیشان کرابوون ئەمانەن :**

١ـ مەلاجەمیل حەسەن و محەمەد هەمزە گوندی دووسەرە .

٢ـ مەلاعاصم حجی یەحیاو مەلاعەلی لە گوندی گردەپان

٣ـ اسماعیل محەمەد سلیم ناسراو بە (کوێخا سمك)گوندی گردەپان

٤ـ مەڕدان عوسمان گوندی گەڵووك .

٥ـ حاجی ئەمین و کاك سعدوون لە گوندی گۆمەزەرد .

٦ـ صوفی عەلی و سەید شملی و صۆفی جەلیل لە گوندی دارەتوو .

٧ـ جەلال عەلی لە گوندی دالەرێ .

٨ـ مجید تاها نەبی و اسماعیل حاجی تاها خدر لە دووگوندانی گەورە.

٩ـ اسماعیل حوسێن(سمایل نیسان ) و علی قاسم لە گوندی زمزمۆك .

---

٢٥٧ ـ پێزانین بە سوپاسەوە لە بەرێز مامۆستا غازی رەمەزان سەرپەرشتیاری پسپۆری کارگێری لە پەروەردەی ئاکرێ ،دانیشتووی قەزای بەردەڕەش ،وەرگیراوە .

١٠ـ قادر عوسمان(مام قادۆ) و حەسەن رەجەب ، لە گوندی خێلەکی.

١١ـ حاجی شاکر سلیم و اسماعیل حاجی مستەفا لە گوندی کەونەباك.

١٢ـ فتاح صالح عەولاو صادق سلۆ لە گوندی بەردەڕەش ی کچکە .

١٣ـ سعید عەلی مێشە لە گوندی مەموزین .

١٤ـ انوەر عبدالله ناسراو بە (ئەنوەر عەدۆ) گوندی جوجەری گەورە.

١٥ـ حاجی سعید محەمەد و عزیز ئاغاو بەهرام شێروانی گوندی گربدەو .

١٦ـ مام غازی ناسراو بە (غازی پێخواس) لە گوندی تۆبزاوەی ژێری .

١٧ـ مەڕدان رۆستەم و مەجید تاها گوندی دەربێستان گەورە .

١٨ـ مەلا شاکر گوندی چەمە .

١٩ـ ئەحمەد حەتکۆ گوندی زێلکە .

٢٠ـ مەلا عەلی رەسول قەلاّسنجی خۆشناو (مەلای گوندی زەنگەنان) بوو ، سەید نورالدین سەیدعبدالجبار و یاسین تاها(مام یاسین)و ئەحمەد محەمەد باجەلان ناسراو بە (ئەحمەد شەڕەقە) ، ماموەستا عەلی مەچکۆ لە گوندی زەنگەنان .

٢١ـ صدیق ئەیوب ناسراو بە (صدیق مەگروم) لەگوندی سیگردك .

٢٢ـ عبدالکریم ئیسماعیل گوندی گرێگا .

٢٣ـ مشیر ئیسماعیل صالح ئاغا لە گوندی بامەرزێ .

٢٤ـ کاك نەجیم لە شیوەرە بیروڕای شیوعی بوو .

٢٥ـ مام عەدۆ لە گوندی ئیسماوە .

٢٦ـ عومەڕ غەریب و مشیر قاسم لە گوندی مۆریلان .

٢٧ـ مشیر مەعروف و عەلی میرزا لە گوندی درین بۆت .

٢٧ـ سمگۆمیکائیل عەنتەرو برایەکانی لە گوندی شێخالك .

٢٨ـ حوسێن موختاری گوندی گەویلان بۆتان .

٣٠ـ کوێخا عەزۆ لە گوندی بەنێنان.

٣١ـ ابراهیم عزیزعبدو و محەمەدصالح قچوو و احمد محەمەدحمو(ئەحمەد فراش) ، اسماعیل رەمەزان (سمایل رەزا) ، حاجی حسن خاتوونە ، حوسێن رەمەزان جیجۆ ، ئەحمەد بابە شێخ بریندار دەکرێت و زیندانی (القصر النهایە) بوو ، ئەوانە وەکو نوێنەری پارتی لە سەنتەری ناحیە هاتنە دەستنیشان کردن.

زۆربەی ئەو بەرێزانەی سەرەوە لە گوندەکانیان بوونە بەرپرسی رێکخستنی شانە سەرەکیانیانی پارتی دیموکراتی کوردستان لە گوندەکانی خۆیان ، داوای لێبوردن لەهەموو

ئەوکەسانە دەکەم کە ئەوکات لەگەڵیان بوون وەناویانمان نەنوسیە چونکە ئەو زانیاریانەی بەدەستم کەوتووە هەرئەوندەیان بەمن گوتیە. نوێنەرە دەسنیشان کراوەکانی گوندەکانی سنووری ناحیەی بەردەڕەش لە کوتایی ساڵی هەفتا رۆژێك دیاری کرا لە بارەگای رێکخراوی رزگاری کۆبوونەوە بۆ هەڵبژاردنی دەستەی لێژنەی رێکخراوی رزگاری بەردەڕەش ، ئەو هەڤالانە دیاری کران بۆ لیژنەی رێکخراو:

١ـ ئیبراهیم عزیز عەبدۆ بەرپرسی رێکخراوی رزگاری .

٢ـ ئیسماعیل رەزا کارگێڕی لێژنەی رێکخراوی رزگاری

٣ـ حەسەن حوسێن ئەندامی لێژنەی رێکخراوی رزگاری.

٤ـ ئەحمەد محەمەدحمۆ (احمد فراش) ئەندامی لێژنەی رێکخراوی رزگاری

٥ـ حوسێن رەمەزان جیجۆ ئەندامی لێژنەی رێکخراوی رزگاری .

٦ـ (أبو عبد) کەسێکی عەرەب بوو لە شاری موسل دادەنیشت کارگێری رێکخراوبوو .

لیژنەی (یەکێتی جۆتیاران ) بۆ بەرێوەبردنی کاڕووباری جۆتباران ، ئەوانە بوون :ــ

١ـ مامۆستا عەلی عبدالله دانیشتوانی گوندی زەنگەنان ناسراو بە (عەلی مەچکۆ) ،

٢ ـ مامۆستا محەمەدامین یوسف قاسم دانیشتوانی گوندی زمزمۆك

٣ ـ کاك فقێ جەلیل خدر دانیشتوانی گوندی دارەتوو

هەرسێکیان لە بارەگای رێکخراوی رزگاری کاری رێکخستنیانیش ئەنجامدەدا .

٤ـ محی الدین محەمەدمەلا( بەردەڕەش کچکە) نوێنەری حوکمەت بوو بۆ کاری جۆتیاران .

بە ئامادەبوونی ئیدریس بارزانی ، ئەندامی کونفراسی لێژنەی ناوچەی ئاکرێ یان دەستنیشان کرد ، ئیبراهیم عزیز عەبدۆ بەرپرسی رێکخراوی رزگاری بوو بە بە ئەندامی لێژنەی ناوچەی ئاکرێ و بەرپرسی رێکخراوی رزگاری . ناوی ئەو کادیرانەی لە ساڵی ١٩٧٠ تاساڵی١٩٧٤ لە گوندەکانی سنووری رێکخراوی رزگاری خەزمەتی رێکخستنی پارتیان کردووە ئەمانە بوون :

١ـ ئیبراهیم فەیزی رێکانی . ٢ـ حەمید ئەترۆشی . ٣ ـ شێخ قادر عبدالعزیز

٣ـ حەمید زراری شەبەك بوو . ٤ـ عومەر ئیسماعیل ئەمین ناسراو بە (عومەڕ قەرۆ) گوندی زەنگەنان. ٥ـ خالد محەمەد صالح دانیشتووی هەولێر خەڵکی گوندی زەنگەنان ، زۆڕ کەسی دلسۆز لە دەڤەری گۆرانەتی بەشداری شۆڕشی شێخ مەحمودی نەمرو ئەیلولو شۆڕشی ٢٦ گولانی پێشکەوتنخوازی نیشتمانیان کردووبوو ورۆڵی دیاریان بینیوە ، لێرەو لەوێ رێکخستنی پارتی هەبوو تاکو بەیانی ١١ئاداری ساڵی ١٩٧٠ ، بە تایبەتی لەشۆڕشی ئەیلولی مەزن بەسەدان کەس لەم دڤەرە بوونە (پ.م) وخەڵکێکی زۆر لەبەرکاری سیاسی گیرانو بەندکران و ئەشکەنجەدران .

لەسەردەمی شۆڕشی ئەیلول بارەگای ڕێکخراوی رزگاری پارتی لە بەردەڕەش  کرایەوە ڕێزدار ئیبراهیم عەزیز عەبدۆ لێپرسراوی ڕێکخراوبوو  ،  کەسێکی چالاك و خوێن گەرمی کوردایەتی بوو . لە گەڵ بەرێز ئیسماعیل رەزا کارگێڕی ڕێکخراو بوو ،  لە کۆتاییەکانی ژیانی مەدالیای بارزانی لە لایەن سەرۆك مسعود بارزانی پێی بەخشرا ، چەند کادیرێکی چالاك رۆڵی بەرچاویان هەبوو مانگانە لە گوندەکانی دەڤەری گۆرانەتی دەگەڕان و راپۆرتی خۆیان بەرز دەکردەوە لەهەرگوندێك نوێنەرێکی پارتی هەبوو بۆ هەڵسوڕاندنی  ئیشوکاری گوند لەجیاتی ڕێکخراوی ئێستا ، ڕێکخستنەکانی پارتی لەم دەڤەرەدا چالاکانە کاری خۆیان دەکرد. هەروەها  ڕێکخراوی ی. ق. ك  بەردەڕەش  لەنێو توێژی قوتابیان چالاکیان هەبوو بە تایبەتی لە بۆنە و یادەکانی نەتەوەیی چالاکیان هەبوو ، ناوی چەند قوتابیەك   لە سالانی هەفتاکان بەرپرسیی ڕێکخراوی قوتابیان ئەوانەن بوون: ئیسماعیل ئەحمەد زەنگەنە و حازم ئیسماعیل و خالد سەعید.... .

لەساڵی (١٩٧٢) بەرێز کاك ئیدریس بارزانی سەردانی شارۆچکەی  بەردەڕەشی کرد لە هەر گوندێك گرۆپێك هاتبوو خەڵکی دەڤەری گۆرانەتی هەر لە گوندی شیوەرە تاو ناو  بەردەڕەش ی لەگەڵ دامودەزگاکان و قوتابیان (من ئەو کاتی قوتابی بووم لە قوتابخانەی ناوەندی  بەردەڕەش ) ئەو خەڵکە بەرێز راوەستابوون بۆ پێشوازی کردنی جەنابی ئیدریس بارزانی جەنابی هەر لە شیوەرێ تاکو سەنتەری شارۆچکەی  بەردەڕەش  بە پێیان رۆیشت ، خەڵکەکە دروشم و ستایشی بەرێزی دەکرد یەك لەو دروشمانە دەیانگۆت (بژی بابێ ئیدریسی ، عەردێ پشدەکا بە گوریسی ) . ئیبراهیم عزیز عەبدۆ گواستراوە  بۆ  ڕێکخراوی کەرمەلێس ، ئیسماعیل رەزا بوو بەرپرسی ناوچە  ، پاشان عەریف حەسەن بوو بەرپرس ،  لە ساڵی ١٩٧٤ تاکو خەڵك ئاوارەبوو ،

ئەبو عەبد کەسێکی عەرەب بوو بەرپرسی ناوچە بوو ، لەدوای نەکسەی  شۆمی ١٩٧٥ی لەجەزائیر ،  بەسەدان خێزانی ئەم دەڤەرە ئاوارەی ئێران بوون لەهەردوو ئوردیگای بهرام و بابك لە نزیك شاری ئەندیمەشق کۆکرانەوە ، نزیکەی دووساڵ مانەوە پاشان زۆربەی خەڵك ئوردوگانی ئێران گەڕانەوە عیراق هەمووی بردبوو پارێزگاکانی باشووری عیراق دوای ساڵ و نیوێك ئەو ئاوارانەی  گواستەوە کۆمەلگاکانی زۆرەملێیەکان لە هەولێر. (٢٥٨)

٢٥٨ـ بە سوپاسەوە لە کادیرە بەرێزەکانی پێشووی رێکخراوی رزگاری  بەردەڕەش  وەرگیراوە .

## زیندانی کردن و لە سێدارە دان :

ڕێکەوتی ٨/ ٨ / ١٩٨٥ کومە لە گەنجێکی شاروچکەی بەردەڕەش لە ڕێخستنەکانی نهێنی پارتی کاریان دەکرد ، ئەو هەڤالانە زۆربەیان دانیشتوانی شارۆچکەی بەردەڕەش بوون تەنها چار کەس نەبێت لە شاری موسل دادەنیشتن ، بە هۆی بردنی ئامێری چاپی رۆنیۆ نەتوانرا دەربازی بکەن  بۆ شوێنی مەبەست ، ئەو ڕێکخستنە بە ناوی (ڕێکخراوی دڵسۆز) سەر بە ڕێکخستنی پارتی دیموکراتی کوردستان  سەر بە ناوچەی شێخانی پارتی بوون  ، هەڤالێکی خۆیان زانیاری گەیاندبوو ئاسایشی موسل بۆیە ئەو ڕێکخستنە ئاشکرا بوو . لە دادگایی شۆرشی بەعس لە سەر دەستی (عواد البندر)هاتنە دادگایی کردن  هەریەکە بە چۆرێك سزادران بەسەرسپێندرا ، لەوانە   چار تێکۆشەر خۆڕاگری خەلکی  کورد پەروەر لە  ناحیەی بەردەڕەش  بڕیار دەرا لە رۆژی ٦ / ١٠ / ١٩٨٦سزای لە سێدارەدانیان بۆ دەرچوبوو  .

### ناوی شەهیدەکان ئەمانەن :

١-شە هید عبدالسمیع شیخ محمد میرسیدی  ٢-شەهیدی قارەمان غازی مجید المیرسیدی  ..

٣-شە هیدی قارەمان عبدالمالك نوری یحیی  . ٤-شەهیدی قارەمان هانی اسماعیل البوتانی

**ئەو هەڤالانەش  بە حوکمی هەتاهەتایی (السجن المؤبد) سزادران  ئەمانە بوون :**

١ـ هە ڤالی تێکۆشەر بەهجەت قادر عەزیز  .   ٢- هە ڤالی تێکۆشەر عەگید کاکل مەجید

٣- هە ڤالی تێکۆشەر محمدسعیدصالح محمد.       ٤- هە ڤالی تێکۆشەر مجید اسماعیل معروف

٥- هە ڤالی تێکۆشەر حاتم ئیسماعیل معروف   ٦-هە فالی تیکوشەرسامی جاسم عومەر.

٧- هە ڤالی تێکۆشەر علی اشور قۆپی .        ٨- هەڤالی تێکۆشەرغایب سەعید ئیسماعیل

٩- هە ڤالی تێکۆشەر عەونی محەمەد عوسمان .

**هەروەها ئەو پێنج هەڤالانە بە  (١٥)ساڵ زیندانی هاتنە سزادان :**

١- هەڤال رەمەزان عەبدولکەریم سەلیم .       ٢-هەڤال عەبدولوەهاب سەعید محەمەد .

٣-هەڤال جمال سعید عبدالعزیز .            ٤-هەڤال ئەرشدجەمیل عەلی

٥-هەڤال غانم محمد عزیز .

**ئەو دوو  دوو هەڤالانە بە (٥) ساڵ زیندانی هاتنە سزادرن :**

١-هەڤال جلال رەمەزان حسین          ٢- هەڤال  صلاح خالد عیسی . (٢٥٩)

٢٥٩ــئەو زانیاریانە  بە سوپاسەوە لە یەکێك لە بەندکراوەکانی زیندانی ئەبو غرێب وەرگیرایە .

لەدوای راپەڕینە مەزنەکەی بەهاری ساڵی ١٩٩١ ئاوارەکانی دەڤەری گۆرانەتی گەڕانەوە شوێنی زێدی بابوباپیرانیان ، دوای راپەڕین ساڵی ١٩٩٢ سەرۆك مسعود بارزانی سەردانێکی بۆ دەڤەری بادینان کرد لە گەڕیانەوەی بەرێزی هاتە شارۆچکەی بەردەڕەش ولەلایەن جەماوەری ئەو دەڤەرە پێشوازییەکی گەرمی لێکرا بەرێزی ووتارێکی پڕ بەهاو بە نرخی خوێندەوە ، لە دهۆك دەهاتە بەردەڕەشی نزیك نیوەرۆبوو گوتی دەبی کەسێك هەبیت نانێکمان بداتێ چونکە جەماوەرێکی هێجگار زۆر لە گەڵ بەرێزی بوو ، خەبەریان دابوو خالد جمعە کەسێکی ناسراوی دەڤەری گۆرانەتیە پیاوێکی خانەدان و نانەدرە دانیشتووی کۆمەڵگەی کەڵەکچی ناوبراو چەند جوانەکای کوشتەوەو خواردنێکی زۆری ئامادە کردبوو، سەرەڕای مێوانان خەڵکی کەڵەکجی هاتبوونە نان خواردن ، ئەنجا هاتە ناحیەی بەردەرەش رێزدار مەسعود بارزانی لەبەر دەرگای ناوچەی بەردەرەش بەرامبەر ئاپۆرەی چەماوەری دەڤەری گۆرانەتی ووتاری خۆێند .

# بەشی پێنجەم

## بنەماکـانی کەلتوری دەڤەری گۆرانەتی

### باسی یەکەم : شوێنەوارە مێژووییەکان:

پێش ساڵی ١٩٩١تەنها ١٠٠ شوێنەوار لە قەزای بەردەڕەش تۆمارکرابوو دوواى راپەرین ساڵی ٢٠٠١تیمی شوێنەواری بیانی بۆ سنووری یەکەی کارگێری قەزای بەردەڕەش هاتن ٤٠٠ شوینی تری شوێنەواری مێژووی زیادکرا بوو (٥٠٠) ئێستا بە فەرمی لە لیستی شوێنەواری کوردستان تۆمارکرایە ، دەڤەری گۆرانەتی بەگشتی ٨٠٠ شوێنەواری کۆنو دێرین تێدا تۆمارکرایە ،بەلاْم شوێنەواری مێژوویی زیاتری تێدا هەیە تۆمارنەکرایە ، لە ساڵی ٢٠١٩ بە هاوکاری حکومەتی هەرێمی کوردستان بە فەرمی چەند تیمی بیانی لەسەر شوێنەوار کاردەکەن ، یەکەمیان تیمی ئیتالی لە خرابەی ئاسنگەران ، دووەمیان تیمێکی فەرەنسیە لە خرابەی ئامیان و هەروەها تیمێکی تر لە خرابەی تلجۆمر سەر بە ناحیەی کەلەکچی کاردەکەن . ئەو تیمانە سەلماندیتیان دەشتی ناوکوڕ یەکەم ناوچەیە لە سەر ئاستی رۆژهەلاتی ناوەراست کە مرۆڤ تێدا ژیاوە ، پارچە بەردیان دۆزیتەوە بۆ کاری کشتوکاڵی و ئاژەلداری بەکارهاتووە مێژویەکەی بۆ ١٠٠٠٠ پ . ز دە هەزار ساڵ پێش زاین بۆ سەردەمی بەردینی کۆن دەگەرێتەوە ، شوێنەواری کونینە زۆر گرنگە هێماو ناسنامەی میللەتەکەمانەو مۆزەخانەی پێشکەوتنی ناوچەکەیە (٢٦٠)

لەدەڤەری گۆرانەتی شوێنەواری کۆنو دێرین زۆرن کە بۆ چەرخەکانی میتانی و کاردۆخی میدی و ئاشورییەکان (پ.ز) دەگەڕێنەوە ، بەلگەی زۆر هەن کە بەر لەهەزاران ساڵە مرۆڤ لەدەڤەری گۆرانەتی ژیانی کردووە ، رێگای بازرگانی ئاوریشم بەو دەڤەرە تێپەرِیوە ، گردۆلکەو خرابەو قەلاْکان لە ناو دەشتی ناوکوڕ رێخۆشکەر بووە بۆ هاتوو چۆ ، بە درێژایی مێژوو ژیان لەو دەشتە بەردەوام بووە ، زۆر کەلوپەلی کۆن لە خرابەکان (گردی دەستکرد)دۆزرایتەوە ، بەلاْم بەداخەوە فەرمانگەیەکی میری تایبەت بە کۆکردنەوەی کەرەستەی شوێنەواری کۆن لە دەڤەرە نیە تێدا پارێزراو بێت ، بەلکوخەلکی مە دەشکێنن ، نیوەی کەلوپەلی کۆنی مۆزەخانەی پارێزگای دهۆك هێ دەڤەری گۆرانەتیە .حکومەتی هەرێم بایەخ بە شوێنەوار دەدات ، لە ساڵە ٢٠١٠چەند تیمێکی بیانی کار لە شەر شوێنەوارەکانی کوردستان دەکەن ، تاکو ساڵی ٢٠١٩(٥٠٠) شوێنەوار لە دەڤەری گۆرانەتی جێگیرکراوە . ئەوەش چەند نموونەیەك :

١ـ دۆزینەوەی تابووتی دوو گۆری مەلیك و مەلیکە لە گوندی خرابە واژ .

---

٢٦٠ عومەر حوسێن شەریف ماستەر لە شوێنەوار ناسی دیمانەیەکی لە رادیۆی بەردەڕەش ، بەدەستکارییەوە

٢ـ دۆزینەوەی کەلوپەلی زۆر لە خرابەی ناو گوندی دەربێستانی گەورە.

٣ـ دۆزینەوەی چەند جۆرە شێوەی مۆری (ختم) لە گوندی دەربێستان دۆزرایەوە لە سەردەمی خۆی بۆ بە رێکردنی کاری کارگێری ئابووری بەکار دەهاتن تەسلیمی مۆزەخانەی دهۆك کرا .

٤ـ دۆزینەوەی چەندین جەرەو گۆزەی گەورەو بچوك لە قەلآی مەموزین.

٥ـ دۆزینەوەی پارچە خشتێکی گلێنەیی لە خرابەی تلوزل لە گوندی گربدەو کەبەخەتی مێخی (مزمار)ی لەسەری نووسرابوو.

٣- دۆزینەوەی دراوی ئاسنینی لە خرابەکانی دەشتی ناوکور بۆ سەردەمی ئەسکەندەری مەقدونی و ئەخمینیەکان دەگەرێتەوە هەروەها پارچە ئاسنکەدروشمو وێنەی پیاوی لەسەرە.

٦ـ دۆزینەوەی چەندین گۆزەی نیگار لەسەرکێشراو کە وێنەی مامزیلە سەر دروستکرابوو .

٧ـ جەرەی گەورەی پر لەئێسك لە رێزە گوندی بەربنی دۆزرایەوە بە تایبەتی لە گەندی بەنێنان و گوندی زەنگەنان ، ئەمەو چەندین کەلوپەلی دیکە وەکو سەرە تیرو شیر و خەنجەر .

٨ـ زۆربەی پاشماوەی شوێنەواری کۆنی دەڤەری گۆرانەتی دۆزرانەوە و رەوانەی بەرێوەبەرایەتی شوێنەواری ئاکرێ و دهۆك کران لەوێ پارێزراوون .

٩ـ پاشماوەی شەوێنەواری کوپەی گەورە ، مردوویان تێدا شاردبۆوە لە گوندی زەنگەنان و گوندی بەنێنان دۆزرابوونەوە هەروەها کەرپوچی سۆرکرایەوە بە قەبارەی٤٠سم بە٤٠سم.

١٠ـ لە ساڵی ١٩٩٧کاتی جۆتکردن کێلێك لە نزیك خرابەی(حەسەنە کۆر)ی یان بە خرابەی حاجی سلێمان ناودەبرێت ، لە قەراغ قورەبەکی گوندی دارەتوو دۆزرابۆوە ، لەسەر ڤێلەکەبە زمانی عەرەبی نووسرابوو: (قبر الامیر بهاءالدین سلێمان بن داوود ، مرحف الحمدی توفی فی نصف من شعبان اثنتی عشر (ق) .

١١ـ لەخرابەی تلوزول لە گوندی گربدەو سەر بە قەزای بەردەرەش بەردێکی لاکێشەیی(٥٠×٩٠) سم بە دەستنووسی مێخەکی(مسماری) نەخش کرابوو دۆزرابۆوە .

١٢ـ لە کەندی گوندی کەونەباکی گۆسکەیەکی پر پارەی کانزایی پارەی سەردەمی عبداللیك کوری مەروان تێدابوو دۆزرایەوە ، ئاسایش دەستی بەسەر داگرت .

١٣ـ چەندین بەردی مەنجەنیق لە گوندەکانی قەراخ رووباری خازر دۆزرایەوە مێژووی بۆ سەردەمی شەری گۆگامیلا دەگەرێتەوە

١٤ـ جگە لە بەردەجۆنی وتاکە دەستارو تەستەقولەی نەخشراوی زۆر کون و قەلوون ، شوزن لەهێستکی دروستکراو ، لێەرەو لەوێ پارەو پارچە زێر بۆ سەردەمی ئیسلام و پێش ئیسلام دۆزرابوونەوە زۆرشتی تر لە خرابەو گوندەکان و کەونە گوندەکان هاتبوو دۆزینەوە .

١٥ـ لە ناو رووباری خازر لە نزیك ناحیەی کەلەکچی پەیکەری شێریك دۆزرایەوە ، هەروەها

چەندین پارچە بەردی گەورە بۆ پرد بەکارهاتوو لە ناو ئاوی خازر دۆزرایەوە .

١٦ـ ئەو ساڵ(٢٠٢٢)دۆزینەوەی بەردێك لە هەڤاری گوندی تۆبزاوا سەر بە ناحیەی رۆڤیا ، دووتەن دەبوو نووسینی ئاشوری لە سەر نەخشرابوو بردیانە مۆزەخانەی ئاکرێ ،

ئێمە لەو بڕوایەداین ئەمانە سامانی نەتەوەیی گەلی کوردستانە ،  پێویستە بێنەپاراستن ، بۆ پاراستنی ئەم کەلوپەلو شتومەکە کۆنە مێژووییانە خەلکی دەڤەر وەکوپێویست هاوکار نەبوونە ، هەست بە بەرپرسیایەتی بکەن لە شوێنێك بپارێزرێت ئەوەش بە پشتیوانی حکومەت دەکرێت،  هەرچەندە هەندێك لەشوێنەوارەکان تێکدران ، بەلأم ئەوەی ماوە پێویستی بەپاراستن هەیە. بەقسەی پسپۆران و شوێنەوارناسان ئەو ئامێرانەی بۆ سەردەمی مێژووی بەردینی و  مادو میتانیەکان و ئاشورییەکان پێش هاتنی ئیسلام و سەردەمی ئیسلام دەگەڕێنەوە.

لە ساڵی ٢٠٢١سێ تیمی بیانی شوێنەوار ناسی هەریەکە بە جودا بە هاوکاری حکومەتی هەرێمی کوردستان بە زانستیانە کار لەسەر هەرسێ خرابەی ئامیان و ئاسنگەڕان و تلجۆمر لە دەشتی ناوکوڕ کاردەکەن  ، دوای تەواوبوونی کارەکانیان زۆر شتی نهێنی و کەلوپەلی کۆن تێدا ئاشکرا دەبێت ،  وەرچەرخانێکی مێژووییە بۆ دەڤەری گۆرانەتی . ئەو تیمانە بە نیازن ئەنجامی کارەکانیان وەکو کتێب بە زمانی ئینگلیزی و کوردی  بەچاپ بگەیەنن  .

ئەوەش خشتەی ناوی (٤٦) لەو شوێنەوارە کۆنی مێژوویی سنوری قەزای  بەردەڕەش لە فەرمانگەی شوێنەوارە کونەکانی بەغدا تۆمار کرانە لەخشتەی خوارەوە نووسراون ،  زیاتر لە نیوەی شوێنەوارە کونەکانی مێژوویی لە سنوری قەزای  بەردەڕەش  تۆمار نەکرانە .

| ز | ت | دۆسییە | ناوی شوێنەوار | ساڵی ڕووپێو | چەرخ |
|---|---|---|---|---|---|
| ١ | ٢١٨ | ١٣٣٠ | گرد اسنكران | ١٩٤٩ | ١٢ |
| ٢ | ٢١٩ | ١٢٨٧ | خرابه اشى الصغير | ١٩٤٩ | ١٢ |
| ٣ | ٢٢٠ | ١٢٨٨ | خرابه اشى الكبير | ١٩٤٩ | ١٢ |
| ٤ | ٢٢١ | ١٢٩٩ | كرد اميان | ١٩٤٩ | ١٢،١٨ |
| ٥ | ٢٢٢ | ١٣٢٦ | كرد أو خرده | ١٩٤٩ | ما قبل التاريخ١٢ |
| ٦ | ٢٣٣ | ٤١٣١ | خرابه أومر بكر | ١٩٤٩ | ما قبل التاريخ١٢ |
| ٧ | ٢٢٤ | ١٣١٧ | خرابه بنجبرك | ١٩٤٩ | ٦،١٢ |
| ٨ | ٢٢٥ | ١٢٨٣ | كربدو | ١٩٤٩ | ١٢ |
| ٩ | ٢٢٦ | ١٢٧٣ | خرابه برمبيرى كند | ١٩٤٩ | ١٨،١٧،١٢ |
| ١٠ | ٢٢٧ | ١٣٢٣ | تل بهراوه | ١٩٤٩ | ١٦،١٢ |
| ١١ | ٢٢٨ | ١٢٨١ | خرابه تلوزل | ١٩٤٩ | ١٢،٥ |
| ١٢ | ٢٢٩ | ١٢٨٤ | خرابه جبو | ١٩٤٩ | ١٢ |
| ١٣ | ٢٣٠ | ١٢٩٧ | كرد جوجركبير | ١٩٤٩ | ١٨،١٢ |
| ١٤ | ٢٣١ | ١٢٧٩ | خرابه جيا سكان | ١٩٤٩ | ١٢ |
| ١٥ | ٢٣٢ | ١٢٨٦ | خرابه جيا ماش | ١٩٤٩ | ١٢ |
| ١٦ | ٢٣٣ | ١٣٠٨ | خرابه جيا ميمن | ١٩٤٩ | ١٨،١٢ |

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| ١٧ | ٢٣٤ | ١٣٢٠ | خرابەحوسێن میکائیل | ١٩٤٩ | ١٢ |
| ١٨ | ٢٣٥ | ١٣١٢ | خربه الحسنيه | ١٩٤٩ | ١٢ |
| ١٩ | ٢٣٦ | ١٣٠٥ | خرابه حصار | ١٩٤٩ | ١٢ |
| ٢٠ | ٢٣٧ | ١٢٧٤ | قبرستان دوسەرە | ١٩٤٩ | ١٢ |
| ٢١ | ٢٣٨ | ١٣٠٤ | قبرستان ديناران | ١٩٤٩ | ١٢ |
| ٢٢ | ٢٣٩ | ١٣٠٠ | گرد رۆڤيا | ١٩٤٩ | ١٢، ١٨ |
| ٢٣ | ٢٤٠ | ١٣١٠ | خربه سلێمان بێگ | ١٩٤٩ | ١٢ |
| ٢٤ | ٢٤١ | ١٢٩٣ | خربه سێ چيا | ١٩٤٩ | ١٢، ١٧، ١٨ |
| ٢٥ | ٢٤٢ | ١٣٠١ | خربه سی كرک | ١٩٤٩ | ١٢، ١٨ |
| ٢٦ | ٢٤٣ | ١٣١٩ | خرابه شبک | ١٩٤٩ | ١٢ |
| ٢٧ | ٢٤٤ | ١٢٧٠ | گردشمسه خر | ١٩٤٩ | ١٢، ١٨ |
| ٢٨ | ٢٤٥ | ١٢٧٧ | خرابەشميلان | ١٩٤٩ | ١٢ |
| ٢٩ | ٢٤٦ | ١٣٣٢ | كرد صالی بەگی | ١٩٤٩ | ١٢ |
| ٣٠ | ٢٤٧ | ١٣٢٥ | گرد توبزاوه | ١٩٤٩ | ١٢، ١٨ |
| ٣١ | ٢٤٨ | ١٢٩٦ | گرد عمر زليخا | ١٩٤٩ | ٨، ١٢ |
| ٣٢ | ٢٤٩ | ١٤٤١ | خرابه عيشان | ١٩٤٩ | ١٢ |
| ٣٣ | ٢٥٠ | ١٣١٨ | خرائب قبرستان | ١٩٤٩ | ١٢ |
| ٣٤ | ٢٥١ | ١٣٢٤ | گرد قلارش | ١٩٤٩ | ١٢ |
| ٣٥ | ٢٥٢ | ١٢٦٨ | گردبان | ١٩٤٩ | ١٢ |
| ٣٦ | ٢٥٣ | ١٢٧١ | خرابه گلوک | ١٩٤٩ | ١٢ |
| ٣٧ | ٢٥٤ | ١٣٣١ | خراب كنگرد | ١٩٤٩ | ١٢، ١٨ |
| ٣٨ | ٢٥٥ | ١٢٩ | گرد كورا | ١٩٤٩ | ١٢، ١٧ |
| ٣٩ | ٢٥٦ | ١٣٢٩ | گرد كوران | ١٩٤٩ | ١٢ |
| ٤٠ | ٢٥٧ | ١٢٧٥ | گرد كوره | ١٩٤٩ | ١٠، ١٢ |
| ٤١ | ٢٥٨ | ١٢٩٨ | گرد مموزين | ١٩٤٩ | ١٠، ١٢، ١٧ |
| ٤٢ | ٢٥٩ | ١٢٧٦ | خرابه محەمەد حسن | ١٩٤٩ | ١٢ |
| ٤٣ | ٢٦٠ | ١٣٠٩ | خرابه واش | ١٩٤٩ | ٤، ٨، ١٢ |
| ٤٤ | ٢٦١ | ١٢٩٤ | خرابه والی | ١٩٤٩ | ١٢ |
| ٤٥ | ٢٦٢ | ١٢٧٨ | قبرستان پلاصان | ١٩٤٩ | ١٢ |
| ٤٦ | ٢٦٣ | ١٢٩١ | خرابه يونس | ١٩٤٩ | ١٢، ١٨ |

**دانانی ژمارەكان لە دامكەی چەرخ ئاماژە بە چەرخەكانی مێژووی كۆن دەكات :ـ**

**چەرخی كۆیلەتی ژمارە (٥) . چەرخی أوروك ژمارە (٦) . چەرخی(پێش مێژوو) (٧).**

**چەرخی (فجرالسلالات) (٨) . الاكادی وسلاله اور الثالثة ژمارە(٩) .**

**البابلی القديم الاشوری القديم ژمارە(١٠) . البابلی ناوەراست الاشوری ناوەراست ژمارە(١١)**

**. چەرخی ئاشوری نوێ ژمارە (١٢). البابلی الحديث نوێ ژمارە (١٣).**

**الاخمينی(١٤) . السلوقی(١٥). الفرثی(١٦) . پێش ئیسلام(١٧) .**

**العصور الاسلاميه (١٨)** (٢٦١)

---

٢٦١ ـ د.نائل حنون(مدن قديمة ومواقع اثرية ) طبع ٢٠٠٩ دمشق ل٢٣



## گوندی زەنگەنان

ئەژێ چەتۆ حەسەن (سەرۆکی کۆمەلەی فەلەکناسی کوردستان) لە راپۆرتێك رایگەیاند : لەهەوالی خۆی لە فیسبوك بڵاوی کردووتەوە ، بەبەردبووەکان - Fossils نیعمەتێکی گەورەیە! بزانە رب العالمین جل جلاله- چۆن مێژووی ملیۆنەها ساڵی پێشتری ناوچەکەت پێ نیشان دەداتەوە! لە بەهاری ٢٠٠٢ لەسەر ترۆپکی زوورگەکانی گوندی (زەنگەنان) سەر یە قەزای بەردەرەش لە دەڤەری (بادینان) ئەم پارچە بەردەم دۆزییەوە کە پاشماوەی رووەکی زۆر بچووکی تیادا بەبەردبوو بووەو باوەڕم وایە تەمەنی لە ١٠٠ تا ٢٠٠ ملیۆن ساڵ پێش ئێستا کەمترنییە، والله تبارك وتعالی أعلم...



قەلای گوندی بابا لە بناری رۆژهەلاتی چیای مەقلوب

## قەڵای بابا:

قەڵایەکی سروشتیە دەکەوێتە بناری چیای مەقلوب لەسنووری گوندی بابا. تائێستاهیچ تیمێکی شوێنوارناسی کاریان لەسەر نەکردیە هەلە بەرئەوەشە زانیاری لەسەرئەم قەڵایە زۆرکەمە ، لەسەر قەڵا پاشماوەی شوێنەواری کۆن هەیە بەڵام نازانرێ ئایە بۆ چ سەردەمێك دەگەڕێتەوە ، ئایا بۆچەرخی ئاشووریەکان یان میدیەکان یان ئەخمینیەکان یان یۆنانیەکان دەگەرێتەوە. سەرەوەی قەڵا کرایتە دووبەش..بەشی یەکەم:

١ـ لەلێواری بەشی خۆرئاوای قەڵادا پاشماوەی چەند ژوورێکی لەتەنیشت یەك تا ئێستادیارە.

٢ـ هەرلەم بەشە دا لەسەر قەڵای بیرێکی ئاو زۆرقووڵ هاتیەکۆلان .

٣ ـ ئەم بەشە بە دوو شوورەی بەرینی لێك نزیك هاتووەپاراستن.

٤ ـ شوێنی چەندخالێکی چاودێری کردن لەلێواری قەڵابەرچاودەکەوێت.

٥ ـ چەند دنگێك بۆ کوتانی دانەوێلە لەسەربەردەکانی هاتیە دروستکردن.

بەشی دووەم: بەشوورەیەك هاتیە دەوردان.. بەگشتی باشوورخۆرهەڵاتی قەڵاکە سەرکەوتن لێی ئەستەمە ، بەڵام سەرکەوتن بۆسەرقەڵا لەلای خۆرئاوی ئاسانترە ، تەمەنداریێکی ناوچە گێرابوویەوە ، دووکەسی مەسیحی شوێنەوارناس هاتبوون بۆ دیتنی قەڵای بابا گۆتوبیان: هەفتا


فەرەنگی فەلە فەرمانرەواییان لەو دەڤەرە کردیە . مێژووی ئەو قەلأیە بۆ چەرخەکانی کەونی مێژوو وەکو سەردەمی میتانی و میدی و کاردۆخییەکان و ئاشورییەکان دەگەرێتەوە .

**ـ گردی گۆمرـ تلجومر :**



مامۆستا رەشید سەرپەرشتیاری پەروەردەیی پسپۆری (مێژوو) دەگێرتەوە: لەگەلّ برادەرێك چوینەگردی گۆمل بۆئەوەی چایەکی بخۆینەوە . ڕووباری گۆمل وشکبو ئاوی پێدانەهاتبو. لەکاتی پیاسەکردنمان لەسەرلێواری ڕووبار هەربەسودفە هەندێك کەرپووچمان بینی کەلێی نزیکبووینە و زۆربەڕوونی دیاربو بناغەی دیواری ژوورێك بوو سێ لای مابو لایەك نەمابو کەرەستەی بناغەکە لە بەرد و کەرپووچ پێکهاتبو بەرینی بناغەکە نزیکەی مەترێك بو. شوێنی بناغەکان سێ بۆچوارمەتر نزمترە لەکەناری ڕوبار . هەرلەنزیك ئەوێ دوو دیواری ترمان دۆزیەوە. لە دەرەوەی ڕێڕەوی ڕووبارلەنزك گردی گۆمر ،  پاشماوەی شوورەیەکی بەرینمان دۆزیەوە.  ڕۆژی پاشتر سەرەدانمانکرد بۆئەوەی زانیاری زیاتر لەسەری کۆبکەینەوە دیاربو ئاوی ڕووباری گۆمر هاتبو بناغەی ژوورەکەو هەردوو دیوارەکە ژێرئاوکەوتبوون. ئەگەر ئاوی ڕووبار زۆربێت شوێنەوارەکە دەکەوێتە  ژێرقوڕ و لیتەو زەحمەتە دووبارە بێتەدیتن

**ــ ئەشکەوتی پێنج دوکانە:**




ئەم ئەشکەوتە دەستکردە لەگەڵی زەردکە کە یەکێکە لەگەلّیەکانی چیای مەقلووب. دەکەوێتە  سنووری گوندی گلەشین ،  وەکو ژوورێك پێنج شوێنی نوستن لەناوی هاتووە دروستکردن ، هەرلەناو ئەشکەوتە شوێنێك وەکوکۆگای ئازووقەو چەك و تفاق ئامادەکراوە. ئەشکەوت دەرگایەکی بچووکی هەبووە بۆ چوونەژوورە وە لەگەلّ دووپەنجەرەی نیمچە بازنەیی بچووك بەلأم بەداخەوە دەستکارییەکی زۆری کراوە.

لەبەردەمی ئەشکەوتدا پەیکەری شێرێك دروستکراوە پەیکەری شێرەکە ڕووی لێ بەرزای چیا بوو شێریش هێمای هێزودەسەلأتە ،  کەمێك لە دووری ئەشکەوت وینەی دووئافرەت یەکیان ئەسکو لە دەست ئەوەی تر وەکو بووك لە تەنیشتی دانیشتبوو بە شێوەیەکی  هونەری  و جوان لە شاخ هاتبوو سمتن .

ئەشکەتەکە لەشوێنێکی بەرزوعاسی هاتیەدرووست کردن بۆئەوەی پارێزراوبێت لەدەستی هێرشی دوژمنان . تائێستا پسپۆڕانی شوێنوارناسی توێژینەوەیان لەسەرنەکردووە  جا لەبەرئەوە نازانرێت بۆ کام چەرخی مێژوو  دەگەرێتەوە ... بێ گومان کورد تێدا ژیاوە . ( ٢٦٢ )

## ـ دێر گۆخ :







لە بەهاری ساڵی ٢٠٠٩ لەگەڵ چەند برادەرێك لە چیای مەقلوب سەردانی دێرکرخ مان کرد ، گەڵییەك بەناوی دێر کۆخ هەیە دەکەوێتە سەرەوەی مەزاری محەمەد رەشان بەلای باشوورییەوە بە دووری ٢دوو کم  ، لەبەر دەرگای گەڵی کوخ جۆنیەك دروستکرایە سەردەمانێك دانەوێلەی تێدا کوترایە ، بە ناو گەڵی سەردەکەوێت بەرێگایەکی تەنگ و رِك لە شوێنی بەرەتەنگ  شاخ سمترایە ،  بە دۆلێکی قۆر سەردەکەوێت  تاکو دەگەیە گۆرەپانێك شوێنەواری دێرکۆخ تێدا دروستکرایە ، دیوارێکی پان بە بەردی نقارکرای بە شێوازێکی ئەندازەیی کەوانەی سەردەرگای رۆژهەڵاتی دیاربوو، کانیاوێکی ئاوخواردنەوە دەکەوێتە لای رۆژهەڵاتی شوێنەوارەی دێرکۆخ ، ئەشکەوتی شۆڕە دووئەشکەوتی تر لەشوێنەوارەکە نزیکە .



## ئەشکەوتی شۆڕە:

، ئەشکەوتی شۆڕە بە چەند مەترێك دەکەوێتە  لای رۆژئاوای دێرکۆخ ، دەرگایەکی بچووکی هەیە پێشەوەی دەرگاکە بە شێوەیەکی کەوانەیی هەلکۆلایە ،  دەچیە ناو ژوورێکی بازنەیی ، کونێکی رۆناهی یان هەوا گۆڕکێ لەسەقفی سەرەوەی ئەشکەوتەکە هەیە ،  دەلێن ئەو کونە بۆ کۆکردنەوەی بەفری زستان بەکارهاتیە ، یان پێدەچێت زیندان بێت لەو کونە خواردنیان بۆ زیندانیان شۆڕکردبێتە

---

٢٦٢ ـ ماموەستا رەشید مەلا محمود سەرپەرشتیاری پسپۆری بەشی مێژوو/ لە پەروەردەی ئاکرێ ،زانیاری لەسەر قەلای باباو ئەشکەوتی پێنج دوکانە و گردی تلجۆمر بە سوپاسەوە لە جەنابی وەرمگرتووە .

خوارەوە ، لەبەر هەندێ ناوی بە شۆڕە ناودەبرێت ناوماڵەکەی قۆر دیارە ، ئاخ تێدابوو لایەکی لە لایەن تیمێکی شوینەوار ناسی هاتبوو هەڵکۆلین ، ئەشکەوتی دووەم بەلای رۆژهەڵاتی دێربوو ، پێدەچووشوێنی عەمبار و حەوانەوەو نووستن بووبێت ، لە زاری چەند تەمەندارێك دەڵێن: تونێلێك هەیە لە دێرکۆخ لە نساری چیای مەقلوب دەچیتە لای بەرۆژی چیای مەقلوب لەناو دێر مارمەتی دەردەچێت ، گومانی تێدا نیە شوێنێکی مێژوویی وستراتیژیە بەلام هەتا ئێستا شوێنەواناسان لێکۆلینەوەی زانستیان تێدا نەکردیە بزانن بۆکام چەرخ و سەردمی چ مێژوویەکی کەون دەگەرێتەوە بێ گومان ماد و میتانی کوردۆیین و ئاشورییەکان لەو شوێنە ژیاون ، بە داخەوە بە فەرمی هیچ توژینەوەی مێژوویی یان لێگەری شوێنەوارناسی لەسەر ئەم شوێنە مێژوویە ئەنجامنەدراوە ( [٢٦٣] )

## گردەکان (خرابە دەستکردەکان)



گردە دەستکردەکان بۆ سەردەمانی پێشوو دەگەرێنەوە ، مرۆڤ یەکسەر نەهاتۆتە دەشتەکان و گرد درووست بکات ، دەسپێك لە ئەشکەوتەکان و قەتپالی چیاکان ژیاون ، پاشان لە هەزارەی ١٠ ی پێش زاین گۆڕانکاری ئابووری و کۆمەلایەتی دەستی پێکردبوو لە کۆکردنەوەی ڕوەك و کاری راوچیاتی بۆ کشتوکاڵ مرۆڤ فێری کاری کشتوکاڵ بوو ، لەئەشکەوتەکان کۆچیان کرد بۆ دەشتەکان ،

مرۆڤ سەرەتا لەدەشتەکان کاری کشتوکالی و ئاژەلداری دەستپێکرد. یەکەمجار گردەکان لەسەر چینی یەکەمی زەوی بنیاد نران. پاش ئەوەی ئەونشینگە بەهۆی جەنگەوە یان کارەساتی سرووشتیەوە یان بەهۆی بێ پیت بونی خاکی ئەوناوچەیە ناوچەکە چۆڵ و وێران بووە. پاش سەردەمانێك کۆمەلێك کەسانی تر هاتوون لە هەمان شوێن نیشتەجێ بوون .

بەمشێوەیە چەندجارێك ژیان تێدا دووبارەبوەتەوە تاوەکو بوون بەو گردانەی ئێستا، بۆیە لەگردەکاندا چەند چینێك هەیە هەریەکەیان بۆ سەردەمێك دەگەڕێتەوە چینی ژێرەوەی کۆنترین چینە، واتە یەکەم چینە کەگردەکەی لەسەر بنیاد نراوە ، چینی سەرەوە نوێترە واتە کۆتاچینەکە خەلکی تێداژیاوە.

---

٢٦٣ ــ ساڵی ٢٠٠٩ لەگەلّ چەند برادەرێك سەردانی دێرکۆخ مان لە چیای مەقلۆب

شوێنی درووست کردنیان. گردەکان بەشێوەیەکی گشتی لەوناوچانەدا دروستکراون کە دەشتاین و نزیکن لەسەرچاوەی ئاوی وەکو کانی و کارێز یاخود نزیك ڕووبارەکان درووستکراون. هەروەها لەدرووستکردنیان ڕەچاوی بەرزی و نزمی ناوچەکەکراوە، واتە لەناوچەیەکدا درووستیان کردەوە کەهۆکاری سرووشتی کەمتر کاریگەری بکاتە سەری لە ناوچەیەکدابێت کە لافاو نەیگرێتەوە، وەهەروەها ڕووبەرێکی فراوانی لێدیاربێت ، ئەم گردانە زیاتر لەدەشتەکاندا درووستکراون کە هەموو هۆیەکانی ژیانی تێدابوە وەکو ئاو و خاکی بەپیت بۆ کشتوکاڵ. ئەو کەرەستە مێژوویانەی کەلە گردەکاندا هەیە بەڕێژەیەکی بەرچاو پارچە کۆزە دەبینرێت کەسەردەمی درووستکردنیان جیاوازە ، هەروەها بەردە ئەسێ دەبینین کەمرۆڤ بەکاری هێناوە بۆ کاروباری ڕۆژانە وە ئێسك و پروسکی مرۆڤ و ئاژەڵ بەرچاو دەکەون جونکە زۆر جار مرۆڤەکانیان هەرلەناو گردەکاندا ناشتوە. هەندێك چار لەگردەکاندا پارچەی مێژووی دەدۆزرێنەوە کە خەڵکی لەو سەردەمانەدا بەکاری هێناون. هەروەها گردەکان شێوەی جۆراوجۆریان هەیە بەڵام زیاترینیان کەبەرچاو دەکەون شێوەی بازنەی و هێلکەین.

### دروستکردنی ئەو خرابە دەستکردانە بۆ ئەو مەبەستانە دەگەرێتەوە :

- دابێن کردنی ئاساشی ڕێگای هاتوو چۆی قافلەی کاروانی بازرگانان ،
- شەوقی ئاوێنە لە سەر گردەکان بەکار دەهات بۆگواستنەوەی دەنگوباسەکانی بەپەلە .
- بە شەوان شەوقی ئاگریان لە سەر گردەکان بەکار دەهینا بۆئاگادار کردنەوەو پێدانی زانیاری وگەیاندنی بۆشوێنی مەبەست ،
- لەکاتی رۆژدا ئالای ڕەنگاو ڕەنگ بەرز دەکراو بە کار دەهات ، هەر ڕەنگەك مانای تایبەتی خۆی هەبووە ، ئەویش بۆگەیاندنی دەنگوباسەکان ،
- گردەکان شوێنی بەرزبوون بۆخۆپاراستن و بەرگری کردن لەدوژمنان ،
- بۆ عەمباری ئازوقە بەکاردەهات لە لافاو دەهاتە پاراستن .
- قۆناغی حەسانەوەی مەلیك ، پاشا ، میرەکان ،بازرگانان و کاروانچییانیش بووە ،
- روانگە بووە بۆچاودێری کردنی دەورووبەری خۆیان ،
- مردووەکانیان تێدا شاردیتەوە ، - کارگەکانیان تێدا بەکار هێخستووە ،
- شوێنی بازرگانی بووە کەل و پەلی خۆیان لەوێندەرێ گۆڕیتەوە.

مەبەست لە دروست کردنی گردە دەستکردەکان (خرابە) لە دەڤەری گۆرانەتی مێژوویەکی زۆر کۆنی هەیە ، شوێنەوارەکانی باشترین بەلگەن ، هەروەها شوێنەواری مێژوویی جاخەکانی کۆنی تێدا بەرچاوە ، بەتایبەتی خرابەکانی ناو دەشتی ناکور کە دروست بوونی بۆ سەردەمی پێش زاین دەگەرێتەوە ، زنجیرە گردێکن لە گەل گردە دەستکردەکانی هەرجار پارچەکانی کوردستان

پەیوەندیان هەیە  وەکو زنجیرە یەکدتر دەبەستنەوە ، زیاتر لە ناوچەکانی دەشتایی دروست کرانە ، بۆیە لە مێژوودا دەشتی ناوکورِ  بە ڕێگای شاهانە ناوبرایە  ستراژییەتی ئەودەڤەرە وای کردووە  ئەو گردە دەستکردانە دروست بکرێت  ، بۆکونترۆل کردن و دابین کردنی ئاسایشی هاتوو چۆی ڕێگاوبانەکان  ، بەرێگای ئاوریشم(حەریر) دەناسرا  ، هەروەها ڕێگای هاتووچۆی مەلیك و پاشایان بوو (٢٦٤)

## قەڵای ڕەش :



قەلاٰی ڕەش شوێنەوارێکە  دهکهوێچته گوندی کەونەباك سەر بە قەزای بەردەڕەش  ئەوەی گوێ بیستی ئەو ناوە دەبوو وادەزانرا شوێنی باڵندەی قەلە ڕەشە ساڵی هەشتاکان لە گەل برادەران سەردانم کردشوێتێکی بەرزو دلگیرە شوێنەواری قەلایەکی مێژوویيە گۆرەپانێکی پان و بەرینی هەیە پێدەچێت جێگای مەشق و راهینانی سوارچاکی و کۆبوونەوەکان بووە  بەردی دروستکردنی قەلاٰیەکە ڕەنگی ڕەشە لەبەر هەندێ ناوی نرایە قەلاٰ ڕەش .

شوێنەوارێکی مێژوویی کۆنە، دەکەوێتە گوندی (کەونەباکی)، سەر بە شارۆچکەی بەردەڕەش لە سنووری پاریزگای دهۆك و بەپێی ئەو پارچە شوێنەوارییانەی لەو قەڵایەدا هەن، مێژووەکەی بۆ سەردەمە جیاجیاکانی شارستانیەتیی مرۆڤایەتی دەگەڕێتەوە.

شوێنەواری قەڵای ڕەش بە دووریی سێ کیلۆمەتر دەکەوێتە باشووری گوندی (کەونەباك)، لە بەرزاییەکی بەرفراوان هەڵکەوتووە کە ڕووبەرەکەی نزیکەی هەزار مەتری چوارگۆشەیە و تاکوو ئێستا هیچ لێکۆڵینەوەیەکی زانستیی ورد لەسەر ئەو شوێنەوارە نەکراوە کە مێژووەکەی بەتەواوی دیاری بکرێت. لەو بەرزایە کانیاوێکی ئاوخواردنەوە هەیە پێی دەگۆترێت کانی فش فشە یان کانی کۆتر،  کەسێکی گوندی شینایی لە بەردەکات ، بەهاران  خەلکی گوند و دەوروبەری دەچنە بەرزایی قەلاڕەش بۆ سەیران ،خۆمان زۆر جار سەردانی ئەو شوێنە مێژووییەمان کردووە

٢٦٤ـ گۆڤاری سەنتەری برایەتی ژمارە(٨)ساڵی ١٩٩٨

و بەدوداچوونمان كردووە، بەڵام بەداخەوە لەلايەن خەڵكی نەناسراوەوە زۆر جار دەستدرێژی كراوەتە سەر ئەو شوێنەوارە، دەگێڕنەوە كە لە ساڵانی نەوەدەكان گۆسكێك دراوی سەردەمی عەبدولەلیكی كوڕی مەروان لەو شوێنە دۆزراوەتەوە.

به درێژایی مێژوو مرۆڤ لەو دەڤەرە ژیاوە، ئەو دەڤەرە لە ڕووی شوێنەوارییەوە دەڤەرێكی گرنگە و چەندان پارچەشوێنەواریی وەكوو پارچەگۆزەی شكێنراو لەو شوێنە هەن كە بەپێی لێكۆڵینەوەی خۆمان مێژووەكەيان دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمە جياكانی پێش زايین و دوای زايین و سەردەمی هاتنی ئیسلام، بەڵام ئەگەر بێت و لێكۆڵینەوەیەكی زانستیی ورد لەسەر ئەو شوێنەوارە بكرێت، لەوانەيە پارچەشوێنەواریی كۆنتری تێدا بدۆزرێنەوە.

سنووری دەڤەری گۆرانەتی لەڕووی مێژوویی و شوێنەوارییەوە دەڤەرێكی گرنگە و نزكەی ٥٠٠ شوێنەواری هەيە و سەر بە بەڕێوەبەرایەتیی شوێنەوار و كەلەپووری ئاكرێیە و توێژینەوە لەبارەيەوە زۆر لاوازە، ئەمەش دەبێتە هۆكارێك بۆ ئەوەی لەلايەن خەڵكەوە دەستدرێژی بكرێتە سەر شوێنەوارەكان، بەڵام ئەگەر بەڕێوبەرايەتییەكی شوێنەواری لە بەردەڕەش بكرێتەوە، دەبێتە هۆی كەمكردنەوەی دەستدرێژییەكان و زياتر پاراستنيا

## پەيكەری شێر



، پەيكەری شێرێك بە شێوەيەكی ئەندازەی جوان و ڕێك لە سەر بەردێك سمترابوو ، لە كاتی هەلكۆلینی حەفارە بۆ كۆكردنەوەی مەواد بۆ كارگەكانی جەو و بەرد لە بەرامبەر كۆمەڵگای كەلەكچی لە ناو ئاوی خازر پەيكەری شێرێك دۆزرايەوە لە هەر شوێنێك پەيكەری شێرێك هەبێت هێمای (هێز، توانا و زيرەكيە ) واتە سەردارێكی خاوەن هێز و دەستهەلات فەرمانرەوايەتی ئەو دەڤەرەی كردووە ، بەرێوەبەرايەتی شوێنەواری دهۆك بە سلنگ پەيكەری شێرەكەو چەند بەردێكيان گواستەوە مۆزەخانەی دهۆك ئەم رووبارە چەندين جار بەردو كەرەستەی مێژوويی تێدا دۆزراونەتەوە. تاكو ئێستا هيچ لێكۆڵينەوەيەكی ئەكاديمی تايبەت لە بواری شوێنەواری لەسەر رووباری خازر نەكراوە، بەتايبەت سەبارەت بە دۆزينەوەی پەيكەری شێر و پارچە بەردی پێپرد .




## شوێنەواری پردێك

کارگەکانی جەو بەرد(حص و رمل)لەسەر ئاوی خازر کاردەکەن ، لە ئەنجامی هەلکۆلینی ئەو کارگانە لەساڵی٢٠١١لە سەر هەڤاری گرێگا وگرکەجو بەرامبەر کۆمەلگای کەلەکچی چەند بەردێکی شێوە ئەندازەیی قەبارەیان یەك تەن تاکو دوو تەن دەبوو شوێنی پردێك بووە ، لە گەل پەیکەری شێرێك دۆزرایەوە چەندین پارچە شوێنەواری مێژوویی لەناو رووباری خازر دەردەکەون لە سنووری گوندی گرێگا سەر بە قەزای بەردەڕەش، چەندین پارچە بەردی مێژوویی و شوێنەواری کۆن لەناو رووباری خازر دەدۆزرێتەوە. رووباری خازر، کە ئێستا بەهۆی کەمبارانی و وشکەساڵییەوە وشکی کردووە، چەندین پارچەی شوێنەواری مێژوویی تێدا دەرکەوتوون. گوندی گرێگا دەکەوێتە سەر رووباری خازر، یەکێکە لەو گوندانەی سەر بە قەزای بەردەڕەش لە سنووری پارێزگای دهۆکە و بەهۆی وشکبوونی رووبارەکە، چەندین پارچە بەردی شوێنەواری مێژوویی لەناودا دەرکەوتوون.

حیکمەت مەلا یاسین لە کێبەکەی (ئاکرێ درۆپەلێن دیرۆکێدا) لاپەرە(٣٣)نووسیەتی:

"لێرە دەخوازم ئاماژە بە بۆچوونی دیرۆك نڤیس و شوێنەوارناسان بدەم کو دەلێن:لەشکری یۆنانی بۆ دروستکردنی ئەو پردە سودیان لە بەردی چیای مەقلوب وەرگرتیە ، هەندەك دەلێن یۆنانیەکان بە رێگای کەلەکان لە گەلیێ ئیسماوا دەکەویتە باکوری ئەو شوێنە بەردەکانیان گواستیتەوە بۆ دروستکردنی ئەو پردە  ، تا رادەکێ بۆچوونی دووەم راسترە چونکو بەردی بناری چیای مەقلوب لە ئالیێ زانستی نەرمە بەردە بۆ دروستکردنی پرد بەکێرناهێت، یۆنانیەکان  بە سێ رۆژان پردیان دروستکرد لەشکری یۆنانی پەڕیەوە رۆژهەلاتی رووباری خازر هەردوو لەشکر (یۆنانی و فارسی )گەیشتن یەك شەرێکی گران و دژوار رویدابوو لەشکری فارسان بەسەرۆکاتیا (دارا)ی شکستیانخوارد بەرەو بلندايیەکانی سەرێ بەردەرەشی پاشەکشەیانکرد ".

حەجی یوونس حەسەن، کە یەکێکە لە ریشسپییەکانی گوندی گرێگا: "رووباری خازر بەهۆی کەمبارانی و وشکەساڵییەوە وشکی کردووە، بەڵام لە شوێنیدا چەندین بەرد و پارچەی شوێنەواری مێژوویی زۆر کۆن دەرکەوتوونە، کە مێژووەکانیان دەگەڕێتەوە بۆ هەزاران ساڵ بەر لە ئێستا، ئێمە داوا لە لایەنە پەیوەندیدارەکان دەکەین، کە بێن لێکۆڵینەوەیەکی ورد لەسەر ئەو پارچە شوێنەوارانە بکەن و مێژووەکەی دیاری بکەن و پارچەکانیش ئەوانەی شیاوی پارستنن

بپارێزن، چونکە ئەگەر لەناو بچن، جارێکی دیکە ناگەڕێنەوە. رووباری خازر و کۆتا خاڵی سنووری ئیدارییە لەنێوان شارۆچکەی بەردەڕەش و شارۆچکەی شێخان، کە ڕووباری خازر سنووری ئیداری ئەم دوو شارۆچکەیە لێك جیا دەکاتەوە،

عومەر حوسێن شەریف ماستەر لە شوێنەوارناسی لێدوانێکی بۆ (باسنیوز) ڕاگەیاندبوو تێدا گوتی: کارگەکانی جەو بەرد(حص و رمل) لەسەر ئاوی خازر کاردەکەن ، لە ئەنجامی هەلکۆلینی ئەو کارگانە لە ساڵی ٢٠١١ لە سەر هەڤاری گرێگاو گرکەجو بەرامبەر کەلەکچی چەند بەردێکی شێوە ئەندازەیی قەبارەیان یەك تەن تاکو دوو تەن دەبوو لە گەل پەیکەری شێرێك دۆزرایەوە ، بەرێوەبەرایەتی شوێنەواری دهۆك بە سلنگی پەیکەری شێرەکەو چەند بەردێکیان گواستەوە مۆزەخانەی دهۆك . ئەو بەردانە لە ناو دەڤی چیاکانی کوردستان کە دەکەونە سەر رووباری خازر بە دەستی وەستای شارەزا نقارکرابوون ، بە رێگای ئاوی خازر بە کەلەك گواسترابۆوە بۆ ئەو شوێنە، دیسان ئەو سالێ ٢٠٢٢ لە هەمان شوێن زیاتر لە ١٥ پازدە بەرد بۆ دروستکردن پرد بە کارهاتبوون دۆزرانەوە ، چار دانە بەرد نەقشی لە سەر بوو دووای لێکۆلینەوەی زانستی بە دیارکەوت نەخشی نووسینەکە بۆ سەردەمی ئاشوری نوێ دەگەرێتەوە ، شوێنەواری پردێکی کۆنە بە قۆرایی ٧تا١٠ م لیم و زیخ کەوتۆتە سەر ،

بە درێژایی مێژوو مرۆڤ لەو دەڤەرە ژیاوە، ئەو دەڤەرە لە ڕووی شوێنەوارییەوە دەڤەرێکی گرنگە و چەندان پارچەشوێنەواریی دۆزرایتەوە مێژووەکەیان دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمە جیاکانی پێش زایین ، ئەگەر لێکۆڵینەوەیەکی زانستیی ورد لەسەر ئەو شوێنەوارە بکرێت، لەوانەیە پارچەشوێنەواریی کۆنتری تێدا بدۆزنەوە.




## بەردێکی شوێنەواری

شوێنەوارناس، عومەر حوسێن شەریف، بە (باسنیوز) ی ڕاگەیاند، لە گوندی تۆبزاوای سەر بە ناحیەی ڕوڤیا لە سنووری شارۆچکەی بەردەڕەش. بەردێکی شوێنەواریی سەردەمی ئاشوورییەکان دۆزرایەوە ئەمڕۆ ٢٠٢٢/٨/٢ لە کاتی کارکردن لە کێڵگەیەکی پەتاتە بەردێکی شوێنەواریی سەردەمی ئاشوورییەکان، کە بە خەتی مێخی (مسماری) لەسەری نووسراوە، دۆزرایەوە. ، لەلایەن جووتیارێك ئاگەدار کراینەوە، کە بەردێکی شوێنەواری لەناو زەوییەکی کشتوکاڵی دەرکەوتووە، کە پەتاتەی لێ چێنرابوو. گوتیشی: "دوای سەردانمان بۆ ئەو شوێنە بۆمان دەرکەوت، کە بەردێکی شوێنەواریی مێژوویە، بەپێی لێکۆڵینە سەرەتاییەکان، ئەم بەردە دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی

ئاشوورییەکان، کە ٢ هەزار ساڵ پێش زایین لەو ناوچەیە حوکمیان کردووە". گوتیشی: "ئەم بەردە بە خەتی مێخی (مسماری) لەسەری نووسراوە و شێوەکەی چوارگۆشەیە و کێشی نزیکەی دوو تۆن دەبێت". بەردەکەیان گواستووەتەوە بۆ بەڕێوبەرایەتیی شوێنەوار و کەلەپووری ئاکرێ، بۆ ئەوەی پارێزراو بێت و زیاتر لێکۆڵینەوەی لەسەر بکرێت.

## کانی قەسر لە گوندی بەرازی گەورە




ئەم کانیە لە گوندی بەرازی گەورویە لە بناری چیای مەقلوب سەر بە ناحیەی زێلکان ، کانیەکی دێرینە بە رێگای کارێز: (سەرچاوەی ئاو لە شوێنێکی بەرز لە رێگای دروستکردنی رێرەوێکی دەستکرد بە ژێر زەوی بۆ شوێنێکی نزمتر گواسترایتەوە )، کانی قەسرۆك ئاوەکەی لە چیای مەقلوب  لە بن عەرد بۆ ناو گوندی بەرازی گەورە هاتووە ، لە پێش دەرگای کارێزکە بە عقد بیرێك ٣م قۆر و ٣م بەرین وەکو کۆگای ئاو دروستکرایە سەرچاوەی ئاوخواردنەوەی گوند بوو ، چەند جۆگە ئاوێك لەبەر دەرۆیشت رەزو باغ و شینایی لە بەر دەکرا ، دروستکردنی ئەو کارێزە نەزانراوە بێ گومان بۆ سەردەمی ئیمبراتۆریەتی ماد و میتانی ئاشوریەکان دەگەرێتەوە، دیارە ئەم شوێنە زۆر گرنگ بووە لە بەر هەندێ بایەخی پێدرایە .

## کەونترین مزگەوت لە دەڤەری گۆرانەتی




مزگەوتێك لە بەردەڕەش تەمەنی ١٠٠٠ ساڵە ! مزگەوتێك لە ناحیەی دارەتووی سەر بە قەزای بەردەڕەش کە مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ زیاتر لە هەزار ساڵ پێش ئێستا تاوەکو ئێستا

نەخراوەتە نێو لیستی شوێنەوارەکانی عێراق. مزگەوتی کۆنی شارەدێی (دارەتوو)ی سەربە شارۆچکەی بەردەڕش لە سنووری پارێزگای دهۆك بەو شێوەیەی ئێستای کە هەیە لە ساڵی ١٨٠٥ زاییینی لە خشت و قوڕ دروستکراوە ، سەری مزگەوتەکە بە دار داپۆشراوە و ناوەوەی مزگەوتەکە لە دوو هۆڵ پێك دێت کە درێژایی هەر هۆڵێکی ٢٥ مەترە و پانییەکەی هەر دوو هۆڵەکە ٨مەترە و لە سەر شێوازی کۆن دیوارەکانی نەخشێنراون خەڵکی ناوچەکە لە سالی ١٨٠٥زاییینی مێژووی ئەم مزگەوتەیان نوسیوەتەوە ئەو بەڵگانەی کە لە لێکۆلینەوەکان دەستمان کەوتوون، مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی هاتنی ئایینی ئیسلام بۆ ناوچەکە، چونکە زۆر بەڵگە هەن ئەم راستییە دەسەلێنن بۆ نموونە دوو جار ئەم مزگەوتە نۆژەن کراوەتەوە دواجار کە نۆژەنکراوە لە سالی ١٩٥٥ بووە لە لێکۆلینەوەکان لە سەرچینەکانی دیواری مزگەوتەکە شتێکی دیکەمان بۆ دەردەکەوێت کە ئەویش کە بەر لەم دوو جار نۆژەنکردنەوەیە چەندیین جاری دیکەش نۆژەنکراوەتەوە کە لە چینەکانی سەر دیوارەکەوە دەردەکەوێت، ئەوەش دەمانباتە سەردەمی هاتنی ئاییینی ئیسلام بۆ ناوچەکە، هەروەها چەندین بەڵگەی دیکەش لەم ناوچەیە هەیە کە گەواهیدەری ئەم راستییە بن. بەپێی بەڵگەکان مێژووی درووستکردنی مزگەوتەکە دەگەڕێتەوە بۆ زیاتر لە لە هەزار ساڵ پێش ئێستا، تاکو ئێستا گرنگی بەم شوێنەوارە نەدراوە و نەخراوەتەوە ناو لیستی شوێنەوارەکانی عێراق . سەرچاوە ڕەزوان ڕۆژبەیانی ئامادەی کردبوو . بەراستی نەبوونی فەرمانگەی شوێنەواری لە قەزای بەردەڕەش دەبێتە هۆکارێك بۆ ئەوەی کەرەستەی شوێنەوارە کونینەکانی ناوچەکە بگوازرێتە بۆ شوێنێکی تر ، هەروەها لەلایەن خەڵکەوە دەستدرێژی بکرێتە سەر شوێنەوارەکان. (٢٦٥)

ــ **کانی حوسینە**شوێنی جوگرافی دەکەوێتە باشوری سەنتەری بەردەڕەش بە دووری ٢کم ، شوێنەکە کۆنترین شوێنەوارە لە شارۆچکەی بەردەڕەش ، مێژووی بۆ پێش زاییینی دەگەرێتەوە. زۆربەی زانیارییەکانی بەدەستمان دەکەویٚ لە پارچەی کەونە گۆزەکانو گرنگی شوێنەکە بەدیار دەکەوێت ، پاشماوەی پارچە تەختە قورینە یان تەستە قولەی جۆراوجۆرهەیە وەکو جەڕەو گۆزەو دەنە و کەرپوچی سوتێنراو لەو شوێنە بەکارهێنراون ، ئەگەر تۆژینەوەی زانستی لە سەر بکرێت بەهاییێکی مێژوویی پێوە دیارە . کانیەکە ئاوێکی زۆر و بەردەوامی هەبوو ووشك نەبیتەوە پیٚ دەچێت کارێز بێت ، لە کاتی خۆی رەزوشینایی و کشتوکاڵی زۆری لەبەرچێندراوە . کانی حوسێنە شوێنەوارێکی کۆنی مێژووییە سەرەڕای شوێنی کشتوکاڵی و ئاژەڵ

٢٦٥ عمر حوسێن شەریف ماستەر لە شوێنەوارناس ، پێزانینی لە سەر( قەلا ڕەش ، ، پەیکەری شێر ، شوێنەواری پردێك و کەونترین مزگەوت ) بە سوپاسەوە بۆمنی ڕەوانە کرد .

بەخێوەکردنو بازرگانی بووە ، پێدەچێت هەندێ کارگەی ئەو سەردەمی وەکو پیشەسازی وچنینو رستنی خوری و تەون تێدا هەبێت . پشکنینو هەڵکۆڵینی زانستی بکرێت لەوانەیە شوێنەواریی کانی حوسێنە کۆنترین گوند بیت لەم دەڤەرە ، شوێنی ئێستای شارۆچکەی بەردەڕەش زۆر کەونە بەلکو دروستبوونی بەردەڕەش بۆ دە دوازدە پشت دەگەرێتەوە. دوای دروست بوونی کێشە لە نێوان فەللەو موسولمان لە سەر ئاوی کانی حوسێنە بەردەڕەش هاتە ئاوەدان کردن ، بە پێی ئەو زانیاریانەی لە زاری تەمەندارەکان کۆمکردەوە دەڵێن : کانی حوسێنە مولکی مەسیحیان بووە ، بەلاّم موسولمان بەسەریان زاڵبوون ، مەسیحیەکان پێشی چۆلبکەن دەلێن خۆریان کردبوو سەروچاوەی ئاوی کانی حوسێنە رێژەی ئاو کەم ببوو ، خەڵکەکەی ناچار بوون ماڵی خۆیان بگوازنەوە شوێنی ئێستای شارۆچکەی بەردەڕەش .

دەگێرنەوە فەلەیەکی کۆرەی پیر هاتبوو سەروشوێنی کانی حوسێنە ، سەری خۆی نزم دەکرد گوتیان لۆ سەری خۆت نەوی دەکەیت گوتی : ئێرە هەمووی رەزو دار و بار بوو لەبەر هەندی خۆم نزم دەکەم نەکو لقەدارێك ئازارم بدات . (٢٦٦)

## یەکەم مزگەوت لە سەنتەری بەردەڕەش :

دەسپێکی مزگەوت هاتە ئاوەدانیکردن بە لبن قوڕ ئاواهی دروستدەکرا، لە شوێنی مزگەوفتی (هدی) ی ئێستا بوو، چەند جارێك خراپ کرایەو نوژەنکرایتەوە ، لەو سەردەمیدا بۆ دەسنویژگرتن روویان دەکردە کانی زەلامان ، لە کۆنەوە موسڵمانان زۆر بەنارحەت بوون لە کاتی نوێژکردنیان لە بەر هاتنەخوارەوەی پشکی دلۆپە ، بەتایبەتی لەوەرزی زستاندا ، هەموو ساڵێك لە وەرزی پایزدا سەربانیان قوڕدەکرد و دوو سێ جار سواقیان دەدا بۆ ئەوەی دلۆپە نەکات ، تاکو ساڵی ١٩٧٦ لە شوێنی بارەگای لیژنەی رێکخراوی رزگاری بەردەڕەش خراپ کراو بەهاوکاری پیاوە چاکەکان و خێرخوازانی ناوچەکە توانرا مزگەوتێکی گەورەو مۆدێرن لە شوێنی بارەگای پارتی دیموکراتی کوردستان مزگەفتێکی نوێ ئاوەدان بکەن ، بە هەوڵی خێرخوازانی خەڵکی بەردەڕەش بۆ گۆڕینی مزگەوت لەخۆل بۆ قەسر، هەموویان بەهاریکاری یەکتر لەهەوڵێر هەولی پەیدا کردنی کەلو پەلی مزگەوتیان دەداو هەندێ کەس لەگوندەکان دەگەڕان بۆ وەرگرتنی یارمەتی بۆ ئاوەدانکردنەوەی مزگەوتێکی بەرچاو ، توانرا ئەم ئیشە پیرۆزە بکەنو رزگاریان بێت لە سواقدان و دلۆپەی زستان. ژنەکان کانی تایبەتییان هەبوو کەپێیان دەگۆت (شورك) ، شایەنی باسە لەوکاتەدا هەمووجلو بەرگو قاپو قاچاغو کەلو پەلیان لەسەر ئەو کانیانە دەشۆشت. خۆ شوشتنیان هەموو لەسەر کانیەکان بوو ، بەلاّم خۆشوردنی ئافرەتان جیاوازییەکی هەبوو ئافرەتان ژووری کۆلیانبکردبایە دەچوونە سەر کانی ژنان بەحەسیر یان کەلکیان دروست

٢٦٦ ـ لەزاری چەند تەمەندارێکی سەنتەری قەزای بەردەڕەش وەرگیرایە

وەکو خۆپاراستن کول و کانی خۆشوشتنیان تێدا دەکرد ،  هاوینان هەموو هەفتە جارێ خۆیان لەناو دەشوشت. لە پێشتر لە مزگەفتی  بەردەڕەش  نوێژی بە کۆمەل ووتاری هەینی نەبوو  ، لە سەردەمی بەڕێوەبەری ناحیەی  بەردەڕەش  (زەین العابدین ) ناسراو بە (زەینەڵ ئەفەندی ) لە ساڵی( ١٩٤٠ تا ١٩٤٣ ) رێڤەبەری ناحیە بوو ،  نوێژی هەینی هاتە کردن، دەگێڕنەوە لەرۆژانی هەینی هەرکەسێ نەهاتبایە بۆ نوێژی خوتبە بەڕێوەبەری ناحیەی سزای دەداو بەچاوێکی کەمەوە تەماشایان دەکرد ، خەلیفە سەید ئیسماعیل لەساڵی (١٩١٠) قورئانی بەفەقێیان دەگۆت ،  لە ساڵی ١٩٧٤ مەلا ئەحمەد ئیمام و ووتار خوێنی  گوندی دوگوندانی گەورە ناسراو بە (مەلا کاکە) دەستنیشان کرا بە (مفتی )لە یەکێتی زانایانی ئاینی کوردستان لقی  بەردەڕەش ئەو مەلایانەی  لەسەنتەری قەزای  بەردەڕەش  پێش نوێژو وتار خوێندبوونە ئەوانەن :

١ـ مەلا تاهیر خەلکی ئاکرێ بوو.

٢ـ مەلایەکی  بەردەڕەشی  بەناوی خەلیفە سمایل کەبرای سەید (حوسێن)ە.

٣ـ مەلا نەجیم دانیشتووی شاری  بەردەڕەش  تائەو کاتەی کۆچی دوایی کرد وتاری دەخوێندەوە.

٥ـ پاش مردنی مەلانەجیم کوڕەکەی مەلا عەبدولرەحمان جێی باوکی گرتەوە دوای تێپەڕبوونی ماوەیەك دەستی لەوتارخوێندنەوە  کێشایەوەو لە کۆلیژی شەریعەتی لەبەغدا وەرگیرابوو .

٦ـ مەلا نەبوایە حاجی عبدالله نەسیب  ووتاری هەینی دەخوێندنەوە

٧ـ مەڵا سەدیق مەلا عبدالله دووساڵ وتاری دەخوێند ماڵی خۆی گواستەوە قەزای  سۆران جارێکی تر گەڕایەوە ،  بە ئەسل خەڵکی ( تەل خێم ) بوو باوکی لەوێ لە دایك ببوو .

٨ـ مەلا محەمەد عەبدلکریم هەولێری بوو پێش نوێژو ووتار خوێن بوو لە  بەردەڕەش  ئەویش پاش ماوەیەك گەڕایەوە بۆ هەولێر .

٩ـ  مەلا شێخ نوری یەحیا  ووتاری ئەدا بەلاَم لەبەر نەخۆشی وازی لەوتارخوێندن  هێنا.

١٠ـ  دوای چەند ساڵێك مەلا (سەدیق مەلا عبدالله) دووبارە لە سۆران گەڕایەوە دەستی کرد بەوتار گوتنەوە تا وەفاتی کرد. پاشان کوڕەکەی بە ناوی مەلا (عەبدوڵڵا مەڵا سەدیق مەلا عبدالله) بوو جێی بابی گرتەوەو دەستی کرد بەووتاردان ، ئەویش دوای ماوەیەك وازی لێ هێناو. . .چوو لەکۆلیژی شەریعە لەدهۆك بخوێنێت.

١١ـ ماموستا سەید حەمیدعیسی  (٥) سالاَن لە مزگەوتی (هدی) ووتاری هەینی دەخوێند .

١٢ـ   مەلا جاسم بۆ ماوەیەك ووتاری دەخوێند پاشان وازی لەوتاردان هێنا.

١٣- مامۆستا مەلا بەهائەددین عەبدولوغیس خاوەنی بڕوانامەی بەکالۆریۆس و ماجستێرە  لە بەغدا پلەی یەکەمی لەسەر ئاستی عێراق بەدەستهینا ، ووتاری دەخوێند ،  دوواتر هاتە لادان

١٤ـ مەلا یونس علی ،  پێش نوێژو ووتار خوێنە لە مزگەفتی ناو بازار.

**لەساڵی ۱۹۹۹ قوتابخانەی ئاینی لە بەردەڕەش  کرایەوەو ،  لە ساڵی یەکەم  (۲۱) قوتابی وەرگیران ،      ئێستا لە مزگەوتی کەورە مەلا جاسم پێش نوێژی دەکات و مەلا عمارمحەمەد تەیب ووتاری هەینی دەخوێنی .**

## کانیاوەکانی سەنتەری قەزا ی  بەردەڕەش :

**۱ـ کانی حوسێنە ۲ـ کانی عەولا قوباد ۳ـ کانی وەلەد ٤ـ کانی مام ناسر ٥ـ کانی زین العابدین ٦ـ کانی بەر بە قیبلە ۷ـ کانی شوڕك تایبەت بە ژنان بوو ۸ـ کانی زەلامان ۹ـ کانی سەید حەسەن ، ۱۰ـ کانی سەید صالح ، ۱۱ـ کانی قێرینە ، ۱۲ـ ،کانی سلێمانە ، ۱۳ـ کانی کۆتکە ، ۱٤ـ  کانی مام سۆفی ،  شاخەکان ـ شاخی ڕەش ـ شاخی قەرۆی .**

**خلیل جلیل سەقا بوو ، بە کەرو تێڕ بە پارە ئاوی بۆ فەرمانگەکانی حکومەت و ماڵە دەولەمەندەکان دەکێشا ،  هەروەها شێخ محی الدین و حجی یونس یوسف بەردەستبوون  لە قوتابخانەی  بەردەڕەش  بە کەرو تێر ئاوی بۆ قوتابیان و مامۆستایان دابێن دەکرد [۲٦٧]**

**یەکەم دوکاندار: یەکەم دوکان لە دەڤەری گۆرانەتی ،  سەنتەری قەزای  بەردەڕەش  لە زێ هەتا خازری دوکانی ماڵی (حاجی محەمەد قۆلچی )باوکی حاجی عبدالله نصیب بوو ،  هەموو پێداویستی و کەلوپەلی ناومالّ بۆ کاری رۆژانە تێدا دەستدەکەوت  ،   ماڵی مەحروقی دەولەمەندێکی شاری موسل بوو بە بۆزینگ غەرادیان لە موسل بۆ  بەردەڕەش  و ئاکرێ یان دەهینا  ،  کڕین وفرۆتن بە پارەو دانەوێلەو هێلکە .... بوو ،  هەندێ نرخی ئەو سەردەمی بەو شێوەیە بوو : ۱ کیلۆ قەسپ بە ٤ چار فلس بوو  ، ۱ کیلۆ خورما ۱۰ دە فلس بوو، ۱۲ دووازدە هێلکە بە یەك دەرهەم بوو ، ۱ یەك کیلۆ شەکر بە دەرهەمێك بوو ، ۱یەك گەز قوماشی چیت بە ۲۰بیست فلس بوو .**

**تێبینی: ساڵی ۱۹۳۲یەکەم جاربوو دیناری عیراقی سویسری چاپکرا، بەهای یەك دیناری عیراقی  بەرامبەر (٤٨٦)دۆلاری ئەمریکی بوو، یەك غرام و نیو زێر پێدەکڕا ،  مانگی شوبات ساڵی ۲۰۲۲ یەك وەرەقە (۱۰۰) دۆلاری ئەمریکی دەکاتە (۱٤٨۰۰۰ )دیناری عیراقی بوو، لە کۆنەوە  یەك دینار دەیکردە ( ۲۰ )دەرهەم  ، یەك دەرهەمی ئاسن دەیکردە ٥۰ فلس ، روبعی قاقەز (۲٥۰ )فلس بوو، نیو دیناری قاقەز (٥۰۰ )فلس بوو، نیو دەرهەمی ئاسن(۲٥ )فلس بوو ، ۱۰دە فلس و ٥پێنج فلس یەك فلس هەبوون کڕین و فرۆشتن پێدەکرا ،  پێنج دیناری قاقەز هەبوو. پاشان دە دینارو ۲٥دیناری هاتە چاپکردن  ،  لە ساڵانی شێستەکان بەهای یەك دیناری عیراقی بە ۷هەفت دۆلار بوو ،  حجاج دەچوونە حەج ۳۰سی دیناریان لە بەنق دادەنا دەیانگۆت ئەوە (دەبۆ زێدەیە) واتە تەئمینات ـ لە ئەداکردنی ئەرکی حەج دەگەڕانەوە وەریان دەگرتەوە .**

---

[۲٦٧] بە سوپاسەوە لە بەرێز غازی رەمەزان حوسێن سەرپەرشتیاری پسپۆری کارگێری/ئاکرێ ، وەرگیرایە

لەو سەردەمی دوو قەمارەی نەفەر هەلگرهەبوو، به ناوی تکران و مەمەد ، بەیانیان خەلکی ناوچەی بەردەڕەشیان دەبردە موسل و هێواران دەگەڕانەوە.

**ئاشی ئاویّ و ئاشی هەلّمی:** لە ناوچەی ئاکرێدا (٣٤)ئاشی ئاوی و(٣)ئاشی هەلّمی هەبوو (٧)ئاشی ئاوی و (١)ئاشی هەلّمی لە شاری ئاکریّ . (٨)ئاشی ئاوی لە لادێی بیرەکەپرا .(٩)ئاشی ئاوی‌و(٢)ئاشی هەلّمی لە لادێی (عشائر السبعه)دایە. (١٠)ئاشی ئاوی لە لادێی سورچی .[٢٦٨]

**رێژەی خوێندەواران :** هاتووە دەلێت: لە کەسانی شارەزاو ئاگادارم پرسی گوتیان ژمارەی خوێندەواران لە ناوچەی ئاکرێدا بەم جۆرە دێتە بەرچاو :[٢٦٩]

| ز | ناوی لادیّ | ژمارەی سەر | ژمارەی خوێندەوار |
|---|---|---|---|
| ١ | بیرەکەپرا | ٨٨٥٥ | ٥٠ |
| ٢ | سورچی | ١٠٦٣٠ | ٨٠ |
| ٣ | عشائر السبعه | ١٠٣٣٣ | ١٢٠ |
| ٤ | شاری ئاکریّ | ٥٠٠٠ | ١٢٥٠ |
| | کۆی گشتی | ٣٤٨١٨ | ١٥٠٠ |

**ئامێری پەیوەندی بۆ گفتوگۆکردن** : ساڵی ١٩٥١ لە دەڤەردا‌ریا ئاکریّ(٣٢) ئامێری تەلەفۆن هەبوو ، لەمانە (٢٠) ئامێریان لە فەرمانگەکانی میریدا بەکاردەهێنرێن ، (١٢)لە خانووی دانیشتوانی ناوچەکە بەکاردەهێنرێن ، بەم شێوەیە دابەشبوون : لە شاری ئاکریّ: (١٠) تەلەفۆن لە فەرمانگەکانداو ، (١٢)تەلەفۆن لە خانووی مالّاندا دامەزراوون.

لە لادێی بیرەکەپرا : (٤) تەلەفۆن لە فەرمانگەکان کاردەکەن . لە سورچیدا : (٣) تەلەفۆن لە فەرمانگەکان کاردەکەن . لە(عشائر السبعه) : (٣) تەلەفۆن لە فەرمانگەکان کاردەکەن .

**رادیۆ** لە ناوچەکەدا (٥٦)ئامێری رادیۆ هەیە ، لەوانە (٥٠)لە ناو شاری ئاکریّ بە کارەبا دەکەونە گەڕ. (٢) ئامێری رادیۆ لە لادێی بیرەکەپرا هەن بە پاتری کاردەکەن .

لە لادێی سورچیا (٢) رادیۆ هەن بە پاتری کاردەکەن . لە لادێی (العشائر السبعه) تەنها (١)یەك رادیۆ هەیە (دیار نەکرایە لە مالّی کێیە ) بە پاتری کاردەکات .[٢٧٠]

---

٢٦٨ شاکر فتاح لە کتێبی سێیەمی لاپەرە (١٢)

٢٦٩ شاکر فتاح لە یاداشتەکانی / ئاکریّ لە سالّی ١٩٥١ لاپەرە (٦٨)

٢٧٠ــ لە کتێبی سێیەمی (شاکر فتاح) وەرگیرایە لاپەرە (٢٥) بە هاوکاری بەرێز( بلّند مفتی )

# باسی دووەم

## کەش و هەوا ناسی

## (ساڵنامەی کوردەواری) له دەڤەری گۆرانەتی :ــ

ساڵی کوردی هەر وەکو ساڵی نەتەوەکانی تر له ١٢ مانگ پێك هاتیه (٧٠٠) هەفت سەد ساڵ پێش ساڵی زایینی ئیمبراتۆریەتی ماد دامەزرایه ، سەری ساڵی کوردی له ڕۆژی نەورۆز دەست پێ دەکات. لەو ڕۆژە شەو و ڕۆژ بەرامبەر دەبێت ، ناو خەلکی باوە دەلێن : لەو ڕۆژە کاوەی ئاسنگەر سەری زوحاکی پراندبوو ، یەکەم ڕۆژی وەزری بەهارە ، کەش‌و هەوا بەرەو خۆشی دەگۆڕێت ، نەمانی ستەم‌و سرەو سەقەمە. زانینی کەش‌و هەوا ناسی لەناو کوردەواریدا زێدە گرنگی پێ دەدرێت. چونکە کاریگەرییەکی تەواو دەکاتە سەر ژیانی رۆژانەیان بەتایبەتی له کاری کشتوکاڵی‌و بەخێوکردنی مەڕو ماڵت‌و هەروەها کۆچ‌و کۆچ بار.

هەر دەڤەرەك تایبەتمەندی خۆی هەیه ، ناوچەی کوێستانی (چیاکان) لەگەڵ گەرمیاندا (دەشت) حسێباتی کەش‌و هەوایان جودایه. دەڤەری گۆرانەتی پێ دەشتی زنجیرەچیاکانی ئاکرێ‌و باکورمان خێری‌و چیاپانکەیه ، پانتاییەکی گەورەی لەدەشت‌و ملە زورگ بەخۆیەوە گرتیه ، لەبەر هەندێ کەش‌و هەوای تایبەتمەندی خۆی هەیه هەروەها ناوچەیەکی بازنەبەندە (حلقەوصل) لەنێوان دەڤەری سۆران‌و بادینان ، هەروەکو دەڵێن:(ئەگەر هات بای سۆران ، هەڵكێشنە کالك‌وگۆران) (ئەگەر هات با لەلای بادینان ، خۆتان بکوتنە ناو کادینان) ، ئەو دوو پەندەیه لەناوچەی گۆرانەتی دەگۆترێن ، (با لەلای سۆران بێت کەش‌و هەوا خۆش دەبێت) ، (بەلام هەوای بادینان بۆ سەرناوچەی گۆرانەتی باو باران بەفر لەگەڵ دێت).

حسێبی دەشتی ناوکوڕ پابەندە بەساڵی ڕومی ، (١٠)رۆژ جیاوازی هەیه لەگەڵ رۆژەکانی مانگی ساڵی زایینی بۆ نموونە ڕۆژی (١١) ی ئازاری ١١/٣/ زایینی ، رێکەوتی (١ی ئاداری کوردییه) حسێباتی کوردی ١٠ده رۆژ دوای حسێباتی ساڵی زاینیه ، لەلایەکی دیکە رێزە گوندەکانی گۆرانەتی کەدەکەونە نزیك سنوری شەبەکستان ، حسێباتی کەش‌و هەوایان (١٠) رۆژ لەپێش حسێبانی دەشتی ناوکوڕە ، واته لەگەڵ مانگی زاینی دەڕوات ، کەبەحسێبی سێکانی ناودەبرێت. ئەو گوندانەی دەکەونەسەر هێڵی سێکانی جێیان چەقە رۆژە وخاکی سێلەك‌و زیخمەلانە. زۆر بەی پسپۆرو شارەزایانی کەش‌و هەوا ناسی کۆکن لەسەرئەوەی کەدەڵێن: هاوین چەند گەرم بێت زستان هەند سارد دەبێت ، کیهان رۆژ لەچلەی هاوینێ گەرم بیت ، هەمان رۆژ لەچلەی زستانێ سارد دەبیت ، هەردوو وەرز لەگەڵ یەکدی پەیوەندیان هەیه .

**ناوی مانگەکانی ساڵی کوردی بە ڕێزە :**

١ ـ نەورۆز(خاکە لێوە) ٣١ رۆژە ٢ـ گوڵان ٣١ رۆژە ٣ـ جۆزەردان ٣١ رۆژە ٤ـ پوش پەر ٣١ رۆژە ٥ ـ خەرمانان ٣١ رۆژە ٦ـ گەلاویژ ٣١ رۆژە ٧ـ رەزبەر ٣٠ رۆژە ٨ـ گەلاڕێزان ٣٠ رۆژە ٩ـ سەرماوەز ٣٠ رۆژە ١٠ـ بەفرانبار ٣٠ رۆژە ١١ـ ڕێ بەندان ٣٠ رۆژە ١٢ـ رەشەمێ ٣٠ رۆژ ،

## حسێب گر یان ساڵنامەی کوردەواری :

( **شەوی یەڵدا** ): ڕێکەوتی شەوی ٢٠ لەسەر ٢١ی مانگی ١٢ی زاینی بەرامبەر ٣٠ی سەرماوەرزی مانگی کوردی ، لەهەموو ساڵێك ناودەبرێ بەشەوی یەڵدا ، درێژترین شەوە ، لە نیوەی باکووری گۆی زەوی درێژترین شەودەبێت لەکوردستان ١٤کاتژمێر زیاترە وکورتترین رۆژی ساڵ ١٠کاتژمێردەبێت ، درێژترین شەولەووڵاتی فیللەندایە ١٨ کاتژمێرە ، شەوی یەڵدا لە زمانی سریانی بە واتای لە دایك بوون دێت ، یان دەڵێن سەرکەوتنی رۆژە بەسەر تاریکیدا ، لە کۆنەوە خەڵکی کوردستان لەشەوی یەڵدا سفرەیان بە فێقی و مێوەجات دەرازاندەوە تاکو ڕۆژهەڵات شەوچەرەیان دەکرد نەدنووستن ، چاوەڕوانی لە دایك بوونی رۆژی نوێ یان دەکرد ، شەوی یەڵدا بە رۆژی دادگەری ، یەکسانی وئاشتەوایی دەهاتە هەژمارتن ، خوێنرشتن وکوشتنەوەی ئاژەڵ تێدا نەدەکرا .

**ڕۆژی ٢٥/ ١٢ لە هەموو ساڵێك رێکەوتی ٤ ی بەفرانباران ، دەسپێکی چلەی گەورە زستان دەست پێدەکات چل رۆژە** ، رۆژ دەگەرێتەوە بەواتای سەرلەنوێ ژیان دەستپێدەکاتەوە ، سەرەتای وەرزی زستانە ، وەرزی زستان دوو چلەی تێدایە چلەی گەورە و چلەی کچکە هەریەکە ٤٥ رۆژە دەکاتە ٩٠رۆژ ، حسێباتەکان هەموویان دەکەونە ناو چلەی کچکە باسیان لێوە دەکەین ، پەندەك هەیە زستان دەڵێت: (رۆژەکم قەردکردبی لەئادارە ، پیستێ بزنێ وەدەکەم بەدارە) .

**(بێل ٚو بێدلخە)**: لە رێکەوتی ٤ی /کانونی دووەم بەرامبەر ١٤ی بەفرانباران ، بە حسێباتی کوێستانێ شەختەی بێڵندە دەستپێدەکات واتە کاتی راماڵینی بەفرلەسەربان بە بێلی داری راماڵینی بەفرهێندە ساردە بێل دێتە بەستان ، ماوەکەی ٧رۆژە ، لەدوای بێڵندە ،

کورد دەڵێن : ( بێدلخە ناچیت بێ تەلخە ) بێ تەلخە واتە بێ بەفر.

**(بەرخندە)**: بەندرخە دێت واتە کەشوهەواهێندە ساردە بەرخ لەناوزگی دایکی دەبەسترێت .

(بێلندە) : لە رێکەوتی ١/١١ بۆ ماوەی هەفت رۆژ دەخایەنی تاکو ١/١٨ دەکێشی بە واتای

بێل (بەفرماڵ)  سەقا هێندە سارده خەریکە بێلی رامالینی بەفر  ببەستی لەکاتی بەفر رادانی سەر بانی ماڵەکان

(زەنە بەفر): ٢٠ /١ ی ساڵی زاینی لە هەموو ساڵێك بەرامبەر ٣٠ ی بەفرانبار و دەسپێکی مانگی ڕێبەندانی کوردی دەستپێدەکات واتە کوشندەی بەفر بارینە لە کوردستان .

(ساردی مێرەم ) : ڕێکەوتی١٨ی مانگی١یەك لەهەمووساڵێك بەرامبەر٢٨ی بەفرانبارانی کوردیە ، پێی دەڵێن( مێرەم ) ئەوساردیە هەفتەیەك دەکێشی ، مێرەم خێزانی ئۆغەنە بۆ مەبەستی کۆلکردن دەچیتە سەرکانی گوندی کەشوهەوا هێندە سارده مێرەم لەسەرکانی گوندی دەبەستری وگیان لەدەستدەدا لەدووای هەفتەیەك ئۆغەنی مێردی دەگەرێتەوە .

(ساردی ئۆغەن) : رێکەوتی٢٥ی کانونی دووەم بەرامبەر٥ پێنجی مانگی ڕێبەندانە ، ساردی مێرەم تەواوبوو باسمانکرد ، ئەوە بە پێی حیساباتی کوێستانە خێزانی  ئۆغەن چووبوو سەرکانی گوند بەسترابوو (جەمتابوو) ،  ئۆغەن لەکاروانی دەگەرێتەوە ماڵ مێرەمی خێزانی لەماڵ٘نیە کەشوهەوا هەندێك خۆش دەبێت دەچیتەسەرکانی گونددەبینی مێرەمی خێزانی ئەوە هەفتەیەکە لەسەرمان رەقبیتەوە ناویان لێنا شەختەی مێرەم یان مریەم٧ ڕۆژە ،  دوای ساردی مێرەم ٧هەفت ڕۆژەی دیکە دادێت کەش و هەوا هەندێك خۆشتر دەبێت بەستەلەك دەتاوێتەوە مێرەمی خێزانی دەهینتەوە ماڵ دەیشارنەوە بەساردی ئۆغەن ناودەبرێت .دووای ئەومێرەمە دەچیتە سەرکانیێ دەبەسترێت ئەوانە هەمووی لەمانگی رێبەندانە.

لە نێوان رۆژانی ٢٧ /١ تا  ١  /  ٢ بای پێش هاتنی حاجی لەقلەق دەستپێدەکات  ، حاجی لەقلەق کۆچدەکەن دەگەرێنەوە کوردستانی باشوور لە سەر هێلانەکانیان بەرچاودەکەون .

(چلە شۆر): ١ی شوبات بەرامبەر١٢ی رێبەندان لەو پێنج رۆژە باو باران بێت پێی دەڵێن چلە شۆر.

ساردی گەلاوێژ  ١/٢ مانگی شوبات بەرامبەر ١٢ ی رێبەندان ساردییەکی توند دەستپێدەکات گوایە گەلاوێژ دەگەرێتەوە ساردی لەگەڵ خۆی دەهینیت  ،  پێی دەگۆترێت ساردی گەڵاوێژ.

(ساردی پیت) :لە ١ ی/شوبات بەرامبەر ١٢ ی رێبەندان  ،  ٧رۆژە .

کورد دەڵێت : (کە هات پیت و پالۆز ساڵ دەبێ ئالۆز) .

( پیت ئەکەر لە خۆ نەریت بە کەرتك دەبیت). یان دەلێن  ( پیتی پیت کرد ، ساڵی فیت کرد)

(شەوی زەنگل): ڕۆژی٣ی شوبات بەرامبەر١٤ی رێبەندان  لەکوردەواری دەڵێن بەفرێکی زۆردەبارێت. زەنگل ناوی گوندێکە لە دۆلێکی بناری زنجیرە چیای قەندیلە ،

دەگێرنەوە : باوکێك بانگی منداڵەکانی خۆی کردگوتی؛جوانەگایەك بکوژنەوە و لەگەڵ هیزە دۆشاو ئامادەبکەن ئەوشەوخۆتان ئامادەبکە ن بۆ بەفر ڕامالێن  ، شەو داهات بەفرلێیکرد  ،

هەرگۆشت ودۆشایان دەخوارد و بێراوەستان  سەربانیان لەبەفر رادەماڵی  ، ٣سێ بەژن بەفرباری بوو ، زۆربەی خلکی گوندی کەوتنە  ژێر بەفر و مردن ، بەلاّم ئەومالّەی گوێرایەڵی ئامۆژگاری باوکیان وەرگرتبوو لەو سرەو شەختەیە رزگاریان ببوو نەمردن .

(چلەی کچکە) :٣ی شوبات تاکو١٠ی ئاداریٚ زاینی لەدەڤەری گۆرانەتی چلەی کچکە دەست پێدەکات حسێباتەکان هەمووی لە ناو چلەی کچکە دایە ساردی دەست پێدەکات .

دەڵێن (چلەی کچکە بەردی دەکاتە کوچکە) یان دەڵێن (چلەی گەورە حەمامیٚ چلیٚ کچکەیە) .

کورد دەڵێت : (چل چلە ،  چل پاش چلە ،  جلیٚ خۆ هەلگرە هەرو ئەو ملە  ،  چلی دیکە جۆی ببرە دانیٚ سەرملە ) .

(بچە ) :  ئەو ناوە لە بادینان بەلاّوە ماوەکەی لە ٣ تاکو ٢٣ ی شوباتە  ،

دەڵێن  ( ئەگەر هات بچە لە مالیٚ خۆ دەرنەچە ) .

(عەنتەر):  لەدەڤەری گۆرانەتی٣ ی (شوبات) بەرامبەر ١٤ی /رێبەندان ساردی عەنتەر دەستپێدەکات دەڵێن ٩ نۆ رۆژە ، هەیە دەڵیٚ ١١ رۆژە ،  پەندێك هەیە دەڵێن (عەنتەرە قەلەندەرە سیٚ گەزونیو بەفری لەسەرە ، هێشتا دەڵێن قەلەندەرە) یان دەڵێن (عەنتەرە هەرکەسیٚ لە مالیٚ خۆ بچیتە دەرە ،  پیٚ کەرە).

یان دەڵێن :  (عەنتەرە هەر کەس لە مالیٚ خۆ دەرچیت کەرە) .  دوو بەسەرهات هەیە :

**بەسەرهاتی یەکەم:**  لەدەڤەری گۆرانەتی پێی دەڵێن ساردی (عەنتەر)

دەگێرنەوە لەوچەند رۆژە کابرایەك دەچێتەکاروانییٚ لەرێگا بەفری لێدەبارێت هزردەکات چۆن خۆی لەوساردیە قوتاربکات ،  دەوارەکی خۆی دەکوشتەوەو زگی وولاغەکی شەق دەکات دەچیتە ناو کەڵەشی وولاّغەکەی هێشتا گەرمە خۆی دەپارێزێت لەوساردیە رزگاری دەبێت .

**بەسەرهاتی دووەم :** دەگێرنەوە کابرایەك ناوی عەنتەر بوو لەوچەند رۆژانە چووبوو سەرماڵی دوژمنی شەو بەسواری لەبەردەرگای دوژمنی راوەستابوو ئەوشەوی زیاترلەسیٚ گەز بەفر باریبوو ، خاوەن مالّ بەیانی هەڵدەستیٚ کەدوژمنی کابرایە دەبینی سوارێك لەسەرپشتی وولاغی رەق بیتەوە کابرای خاوەن مالّدەیباتە بەرئاگردانی خۆی ، دەڵێن کابراعەنتەری لەنێوان هەردووژنی خۆی درێژدەکات تابەخۆ بێتەوە  ، عەنتەر هەشیاربۆ وە کابرای خاوەن مالّ زانی دوژمنی ئەوە عەنتەری بەرەڵاکرد . دابونەریتی کوردەواری رێگانادات دوژمنی خۆت لەمالّی خۆت بکوژی  .

کورد دەڵێن: (عەنتەرە قەلەندەرەسیٚ گەزونیو بەفری لەسەرە  ، هێشتادەڵێن قەلەندەرە ).

لە ٣تا١٣ی مانگی شەباتیٚ تۆ کردن پەسند نیە دەڵێن ( دە ڕۆژی پاشی  ،  دانیٚ خۆ ببە ئاشی ،  نەهاویٚ سەر کاشی) لە ١٤تاکو ٢٤ی رێبەندان یەکەم ڕۆژی ئۆغەنە لەحسێباتی دەشتی کەندێناوەی پارێزگای هەولێر:

بەرواری٤ی / شوبات یەکەم ڕۆژی ئۆغەنە دەڵێن: بارانمان ناوێ ئۆغەن کچان عاشقی چۆغەن منالآن دۆستی قۆغەن .

(پیت و پاڵ ) : ٨ی شوبات بەرامبەر بە١٩ی ڕێبەندان ساردی پیت تەواو دەبێت پاڵ (پاڵۆز) دێت، پالۆز٧هەفت رۆژە ، لە ناوچە شاخاوییەکان . پالۆز تەواوبێت سەقەمی دونیا دەگۆرێت

(قەرەسپات ): دووای تەواوبوونی پیتوپالۆز واتە لە١٤ی چاردەی شوبات بەرامبەر ٢٥ی ڕێبەندان ، شەختەی عەنتەر تەواو دەبێت ، (ساردی قەرەسپاتێ) دەستپێدەکات ، لەهەندێ ناوچە ساردی پالۆز بە ئۆغون ناودەبەن ، ساردی مانگی شوباتێ تەواودەکەن .

قەرەسوبات ، قەرە: بەواتای ڕەش دێت ، سوبات: بە واتای متبوون دێت ، متبوونی رەش .یان دەڵێن لەوچەندرۆژە بایەکی سارد دێت ، ڕەنگی مرۆڤەکان هەندێك ڕەشدەبیت ،

یان دەڵێن: بەفر لە عەردێ نامینێت دونیا ڕەش دەبیتەوە .

پەندی قەرەسپات دەڵێن: (قەرەسپات بەناو وولاتی داهات کەترەومەترەی هەڵبژارد ) باران بارین باشنیە لەم هەفتەیە ، چونکە عارد ڕەق دەکات

کورد دەڵێت: (قەرەسپات وئاخرسوبات ، بەناو وولاتی داهات کەترەومەترەی هەڵبژارد) ، یعنی حەیوانی کەترەو بێهێزو نەخۆش و دەغەزار لەوساردیە قوتارنابن دەمرن .

دەڵێن قەرەسپاتە ، تۆ چاندن پەسند نیە تۆکردن بەساڵ دەگۆرێت لەدەشتی ناوکوڕێ١٢ ی ئاداری تۆکرایە ئەگەر ساڵ بەهارە بارانی هەبێت زیاترلە یەك و دە دەبڕیت .

(شەختەی پیت وپاڵ ) : لە دەڤەری دۆلەمەڕی لە ڕۆژی٨یشوبات بەرامبەر١٩ی ڕێبەندان دەستپێدەکات ، ماوەی ئەو دوو ساردیە٦رۆژن سێ رۆژی یەکەمی پیتە زۆربەفر دەبارێت داروتەڕاشان دادەپۆشێت ، پیت داوا لەتەڕاشی دەکات مێردی پێبکات ، تەڕاش دەڵێت برایەکم هەیە تاکو لەکوێستانان بگەڕێتەوە پرسیاری لێدەکەم ئەوجە مێردت پێدەکەم ،

سێ رۆژی دوواتر پاڵ دێتەوە بایەکی بەهێز لەکوێستانان لەگەڵخۆیدەهێنیت بەفر دەتاوێتەوە جۆرجۆرەی ئاوێ دەکەوێتە بن تەڕاشان ، ئەوجە تەڕاش بە بەفردەڵێت: ئەوە براکەم هاتەوە ئامادەم وەرە داخوازیم . بەفردەڵێت: (جۆرجۆرەم کەوتە بنێ ، تێم نەمایەحاڵێ ژنێ) .

یان دەڵێن (پاڵ میزێ بەپیتی دا دەکات دەیتاوێنتەوە) ،

لە دەشتی هەولێر ١١ی/شوبات پیت و پالۆزە دەڵێن: پیتوپالۆز ، ساڵبوو ئالۆز ، ( یەکەم ڕۆژی پیتە ، ئەوجارە نۆرەی پیتە ، کراسێ یارەکەم چیتە ، هاوارلەخۆم کەنیتە )

یەکەم رۆژی پارۆزە: ١٨ ی شوبات بەرامبەر ٢٩ی ڕێبەندان ، (ئەم هەفتەش واپارۆزە ، سیی و دووڕۆژ پێش نەورۆزە .کەجەژنی گەڵ وهۆزە) .

١٣ی شوبات بەرامبەر ٢٤ ی ڕێبەندان تۆ کردن پەسند نیه دەڵێن(هیشکەتییێ ئاداری وەکو گەنمێ له کواری ) ، شەختەی تەرازوو ٦ ڕۆژه ،

١٤ی ڕەشەمێ بەرامبەر ٢٥ ی ڕێبەندان سەرما تێنی دەشکێت .

(ڕەشەمێ): (کەوتنی پشکۆی هەوا) یان دەڵێن: (پەنگرەی هەوا دەکەوێت) له٢٠ی شوباته بەرامبەر١ی مانکی ڕەشەمێیه ، کۆتامانگی ساڵی کوردییه ، ڕەنگی مرۆڤ لەومانگه ڕەشهەڵدەگرێت . پەنگرەی هەوا دەگۆرێت. پشیلەدەمیاوێنیت لەومانگه بەبادێت .

کورد دەڵێت: (ڕەشەمە ڕەشکێ ڕوویا ، بەتاڵدەکات جواڵ و کەندۆییا ، بەشەڕ دەینیت بووك وخەسوویيا ) . ئازۆقه له ماڵ کەم دەبیت .یان دەڵێن: (ڕۆژ دەبیته ساڵ ، زگ دەبیته جواڵ ، کابان دەبیته بەڤاڵ ، نان دەبیته ناڵ) . واته ڕۆژ درێژ دەبیت مرۆڤ برسییەو زۆری دەخوات ، کۆتا ساڵه زەخیره و خۆراك کەم دەبێت .

بەرێ خەڵك لەوەرزی هاوین ئازووقەی ساڵێکی بۆخێزانی خۆیدابێن دەکرد .

(پەیدا بوونی گوڵی نێرگز) کورد دەڵێت: ( نێرگزێ حەیاسزێ ، لۆناهێڵێت بەهار بزێت) .

(تەواو بوونی مت بوون ) له٢٥ی شوباتێ بەرامبەر٥ی ڕەشەمێ مێروستان کونی خۆی دەکاتەوه لەمتبوون خۆی ڕزگارکرد .

(ئاخر سوبات ) : ٢٨ی شوباتێ بەرامبەر٩نۆی مانگی ڕەشەمێ ساردی ئاخرسپات دێت واته (متبوونی سپی) ، ١٤ڕۆژه دەڵێن لەیەکەم ڕۆژی ئاخرسوباتێ دانێ سوبانێ تۆی بچێنیت شین دەبیت ، دانێ هێوارێ تۆکردن پەسندنیه کورد دەڵێت: (نەچێنه تەڕە کاڵه ، بخۆ ماڵه ، لەساڵانساڵه). یان دەڵێن: (ئاخرسپات به ناووولاتی داهات ، کەتره و مەترەی هەڵبژارد) . واته حەیوانی لەڕو ڵاوازله ناودەبات. دەڵێن: (ئاخرسپات ، خۆڵ لەدەوێ حەیوانی دەبیته نەبات) واتەچەریانی حەیوا ن پەیدادەبێت

( شەوی پیرێ ) ١ئادار/مانگی سێ بەرامبەر ١٠ ی / ڕەشەمێ بەیانی زوو پیرەژن بانگی مندالانی خۆی دەکات هەستن ئاوی سارد بخۆنەوه نەکو ئەمڕۆ ئاو گەرم دەبێت.

(ساردی زیپك) :یان ساردی پیرەژنێ لەناوحسێباتی ئاخرسپاته ، باسی لێوەدەکەین

(زیپك): ٥ی ئازاری زاینی بەرامبەری١٤ی مانگی ڕەشەمێ کوردی بەحیساباتی دەشتی ناوکوڕ سەرمای زیپك دەستپێدەکات ٩ نۆرۆژه ، سەرمای پیرەژنێ لەگەڵ ساردی زیپك دێت باسی دەکەین . پەنگرەی زەوی دەکەوێت ، کورد دەربارەی ساردی زیپك دەڵێن پەند (سێ زیپه ، سێ بەر زیپه ، سێی دیکه گونێ کەنگری دەکاته گیپه ) . یان له کوردەواری دەڵێن: (هەتا زیپ له مەهانه ، هێشتا هەر زستانه) . دەڵێن : زیپك دەڵێت: (بەشەو دەکەمه سا ، بەرۆژ دەکەمه بەفروبا ، بەزی لەسەرێ کلکێ گیسکێ دەکەمەکا) . کیسك دەڵێت:(تێرم خوارد له سۆرکی ، پێچکم به قونێ

زیپکی) . زیپگ  بە تورەیی دەڵێت: (٢ــ٣رۆژان قەرد دەکەم لەئادارە ، گیسکێ بەدارێ وەبکەم بەرەخوارە)

**(سەرمای پیرەژن)** : ٧رۆژە  لە  ٧ ی ئازارێ بەرامبەر بە ١٦ی مانگی ڕەشەمێ کوردی ، بەسەرمای پیرەژن ناودەبرێت یان(بردالعجوز) دەڵێن لەو ڕۆژانە پیرەژنێك دەچیتە سەر کانی گوندی بۆ مەبەستی کۆل کردن دەکاتە باوباران بە نائومێدی دەگەرێتەوە ماڵێ . یان دەگێرنەوە : دەڵێن لەناوچەیەکی شاخاوی کوردستانێ پیرەژنێیك  چەند سەرحەیوانی هەبوو ،  دەیانباتە ناودۆلێك بۆ لەوەڕاندن کەشوهەواخۆشەو دەستبەگۆرانی دەکاو دەلێ ئەوەشوبات کۆتاییهات وبەهارهات وهیچ بەسەرحەیوانەکانم نەهاتو تازە ساردی ولافاونەما پیرەژن دلی خۆشە لە نشکاوەکێ گوالەکی بەهاری ڕەش بە دیار دەکەوێت باو و باران دێت لافاو هەڵدەستی .

شوبات هانا دەبا بۆبراکەی ئادار و پێی دەلێ ٣سێ رۆژم لەدەسپیکی ئادارێ پێم ببەخشەو چەندرۆژێك سەرماو سۆلەو لافاو و باران دەستپێدەکات ، فەرتەنەی پیرەژنێ لێچابوو .

لە ١٠ / ٣ / ٢٠٢٠ قەدەغەی هاتووچۆ لە هەرێمی کوردستان ڕاگەیندرا لە بەر ڤایرۆسی کرۆنا ،  خودایە ئەودەرد  و  مەفتە لەسەرهەمووخەڵکی جیهان بچیتو بە تایبەتی خەڵکی کوردستان سەلامەت بیت ،   لە هەندێ ناوچە ١٠ تا١٧ ی ئادارێ زیپە ، دەڵێن (  هەندی زیپە زیپەدارن  ،  ئەگەر بباری یان نەباری هەر سارن ).

(رۆژی گیسگ) : ١٤ی ئاداری زاینی بەرامبەر٢٥ی مانگی رەشەمێ کوردی ، پێی دەڵێن کوتا رۆژی زیپە .کیسك خۆی هەڵداوێ ودەڵێت: ( ئەزگیسکم گیسکەلۆکم ، بەهارهاتو ڤشکۆکم ، تێرمخوارد لەسۆرکی ، پێچکەم بەڤوینێ زیپکی ) .  زیپك تورە دەبێت بەئادارێ دەڵێت: (بدەمن رۆژە کاسار ، داکو بەزی لەکلکێ گیسکێ بکەمەدار) .

بزن  دەڵێت:  گویم بەریشی زیپکە ، بەزم هاتە  کلکە ،

زیپك  دەڵێت:  (سێ رۆژ لەئادارێ قەرد دەکەم ،   بەزی لەکلت ڕەق دەکەم)

(ساردی پیرەژنێ)هەفت رۆژە لە ٧ی ئادارێ دەستپێدەکات تاکو ١٤ی ئادارێ کۆتایی دێت .

(خدروئەلیاس) : ١٥ ی ئادارێ بەرامبەر بە٢٦ی مانگی ڕەشەمێ کوردی حسێباتی خدروئەلیاس دێت هەریەکە ٣ رۆژە دەکاتە ٦شەش رۆژ تەواوبێت دەگەینە رۆژی  نەورۆزێ ، کورددەڵێن :(هات خدرولاس ، سالێ بوو خەڵاس) . (ئەگەرهات خدر ، عەرد دەبێ پندر پەیدادەبێ کەنگر).

(ئەگەرهات ئەلیاس ، پەیدادەبێ رێواس)  . یان دەڵێن(هات ئەڵیاس ساڵ بووخلاس ) .

(جەژنی نەورۆز ) : رۆژی٢١ئاداری دەڵێن : نەوروزێ سوڵتانی گای دەکوژی لەخانی خودان پێنزانی .رۆژی نەورۆ سەری سالی کوردیە ، شەوورۆژبەرامبەرە یەکساندەبیت ، ١یەکی مانگی

خاکەلێوەی کوردیە ، کورددەڵێت: (نەورۆزێ سولتانی ڵاندکا ساوای ببە سەربانی ، زەرەر ناگاتە گیانی ) .یان دەڵێن:(نەورۆز باژو بەشەو و رۆژ ، هەندێ بباریت نابێتە قورۆتۆز).

لەناوچەی کاکەییان دەلین: (لەدوای نەورۆزی سولتانی ترگوتۆفانی ، سەرما رسان جلکۆتەرە سوزانی ، مەنجەلی شیرنەکولانی ، بزن لەسەرکاری نابانی) .

(مانگی ئاداری ) : کورد دەڵێت :( ئاداری مەشکەی دەگرن لەداری ، لێرەنا لە شنگاری) .

کورد دەڵێت: (نە ئادار بوهارە ، نە خۆخ دارە ، نە کچ هەوارە )

یان دەڵێن: (ئاداری بەفربکەویت هەتاگۆی داری پارەك نامینێ هەتا هێواری).

(ئادار بەهار نیە)١٧/ ١٨ی ئاداری کوردیە .بەرامبەر٢٧/٢٨ ی ئازاری زاینی ،

کورد دەڵێت: (١٧/ ١٨) ی ئاداری مەگرە بەبوهاری ، رۆژەکە لە رۆژێ زستانێ بگرە دەرکێ کۆدانێ) دەڵێن: ( ١٨ی ئاداری بەفر لەملا دێتە خواری ) ، کەشو هەوا گەرم دەبێت ، ڕەنیێ بەفرێ لە زۆزانا پەیدا دەبێت .یان دەڵێن : ( ئادارناچی بێ دۆ ، نیسان ناچی بێ جۆ ، گولان ناچی بێ هۆ) ، واتە:لەئاداری ماست پەیدا دەبێت ، لەنیسانێ درونەی جۆ دەکرێت ، لەگولانێ گیرە دەگرێت ، کورد دەڵێت: (ئادارگەرم نیسان سارد) بۆ نەشونماکردنی دەغلودان باشە.

**(سێزدەبەدەرە)** : ٢/ ٤ی زاینی بەرامبەر١٣ی مانگی خاکەلێوەی کوردیە ، ئەورۆژە لەکوردەواری پێی دەگووترێت (سێزدە بەدەرە) : لەگوندە شاخاویەکانی کوردستان (ناوچەی دۆلەمەری)منداڵان دارێك بەدەستیان وەیە لەدارو بەرد و دیوارو سواندەکانی خانی گوند دەدەن و دەڵێن: ( سێزدە بەدەرە لەگوندێ هەرە دەرە ) .هەندێ شتیان وەکو مێژوو گوێز و شەکرۆکە پێاندەبەخشن .

(مەلکە زەن دەنگ لە بوهار دەکەن)٣ی/مانگی٤یزاینی ، بەرامبەر٢٤ی ئاداری کوردیە ، کورد دەڵێت :(٢٤ی ئاداری ، مەلکەزەن دێنە خواری ، بانگدەکەن لەبوهاری ، سەرێ داری و بنێ داری)

(دارهاوێژە ) : یاندەڵێن : گۆپال یان دەستەدار بەهاوێیە عەردێ بەیانی بێیەوە بە سەروشوێنی ناکەویەوە گیا هەڵستی کردیە نایدۆزیەوە .

چەند پەندێك هەیە دەربارەی کولیلك کورد دەڵێن : (نێرگزێ حەیا سزێ لۆ ناهێڵی بوهار بزێ ) لە ٢٢ی شەباتێ بەرامبەر ٣ی رەشەمێ لە دەشتی ناوکوڕگولی نێرگز پەیدادەبیت.

( کولێلکێ گاگرو ، بەهاری هینا بەدرۆ ، نە ماست هەیە نەفرۆ )

دەڵێن :(کولێلکێ نیسانێ بە هاری هینا بە هەڵقە تیزانێ)

دەڵێن : ( کولێلکێ باسکە قەلوینە ، بەهاری هینا بە توینە) ،

دەڵێن : (وەختێ هێرۆ سۆران ، هەرنە ماڵی بزن زۆران)

دەڵێن : (بەرخێ چلەی ، کارێ ڕەشەمەی ، گۆلکێ ئاداری ، جوانیێ نیسانێ ) .

یان دەڵێن : (کولێلکە خاتوینە بەهاری هینا بە توینە) .

کورد دەڵێت : (لەهەیڤیٚ نیسانیٚ ، بباریت تاوەکی بارانیٚ ، باشترە لەمولکیٚ خورەیسانیٚ . یان له تاکه دەستارەکی زێر لەناو دیوانیٚ)

دەڵێن: (ئەگەرهات دەنگیٚ عەیاری ، جۆی ببڕە وەکی خەیاری) واته: وەختی درونەی جۆیە ،

کورددەڵێت: (شەویٚ گولانیٚ ناباریت تاویٚ بارانیٚ ، چونکی بزنیٚ کیوی له بەرزانیٚ) ،.

واته: له مانگیٚ گولانیٚ حەیوانیٚ پەزکیوی دەست به زگ و زانیٚ دەکەن .

(دوو بێره ) : لەمانگیٚ نیسانیٚ دەبیته( دووبێره ، کەره دەبێته پێگێره)

(چل چله ، چل پاش چله ، جلیٚ خو هەلگره هەرو پاش مله ، چلی دیکه جۆی`بدوره دانیٚ سەرملە).

(بەرهەمی سپیایی): ١٤ ی تاکو ٢١ ی نیسان باشترین بەرهەمەکانی سپیایی پەیدا دەبێت .

کورد دەڵێت: (کابانیٚ نەزانیٚ ، کانی روونیٚ نیسانیٚ).

(تێره خۆره) : یان دەڵێن: (١٧و١٨ی نیس ، گیابوو پەنگەی ڕیس) .

دەڵێن: (١٧ – ١٨ی نیسانیٚ ، هات تێرەخۆریٚ گاڕانیٚ) .

٥ی ئایار-١٥ی گوڵان-١٢ی رەمەزان بوو ، خوا رۆژی وعیبادەتمان قەبووڵبکات .

(دەنگیٚ عەیاری) : کورد دەڵێن: (ئەگەرهات دەنگی عەیاری ، جۆی ببڕە وەکی خەیاری) ، عەیارجۆرە زیندەورێکی بچووك و باڵدارە کەمێك لەمێش هەنگڤین مەزنترە ، لەشێوەی پیتی زززززززز دەخوینی پەیدابوونی نینیشانەی کاتی دروونەی جۆیە ، کورد دەربارەی مانگی گوڵان دەڵێت: (ئادارناچی بێدۆ ، نیشان ناچی بیٚ جۆ/دروونەی جۆ/ ، گوڵان ناچی بیٚ هۆ (گێره) . له هەندیٚ شوێن دەڵێن : گوڵان ناچی بیٚ رەوەندۆ (واته لەمانگی گوڵانیٚ ڕەوەندۆك مەڕوماڵتی خۆیان بەره وکوێستان دەبەن ).

(باران بڕان) ٣١ ی مانگی گولانیٚ به باران بڕان دەناسرێت ، لەو قۆناغه پەزکییوی دەستبەزاوزیٚ دەکەن ، کورد دەڵێت : (له کۆتا مانگی گولانیٚ ، ناباری تاویٚ بارانیٚ ، حەیوانیٚ کیوی لەبەر زانیٚ) ، مانگی گولان تەوابیت هەوای بەهاریٚ وەڵدەگەڕێت و سەقا بەرەو گەرمایەکی دژوار دەچێت . کورد دەڵێت : ( هاوین دایك و بابه ) . یان دەڵێن (هاوین ماڵباته) .

لەدوای گولان مانگی حوزەیران دێت. چەند پەندێك لەسەرمانگی حوزەیران هەیە .

کورد دەڵێن: _ خزێران خنزری ، شینکاتی لەعەردیٚ بڕی.

_ خزێران خەزری ، چ خۆ لەبەرناگری.

_ حوزەیران غەزری ، گیا له مێرگان کرده کویزری

_ حوزەیران خەزری ، ئاگر بەرببێته گری ، بەکەس وەنامری .

(دەسپێکی چلەی هاوین) : رێکەوتی٢٥ی مانگی حوزەیرانیٚ زاینی

بەرامبەر ۳ی پووشپەری کوردیە دەسپێکی چلەی هاوینە ، شینکاتی نامێنێت دەبێتە ئەگەری پێگەیاندنی هەندێ جۆری فێقی ، ڕۆژ ڕووی خۆی وەڵدەگێریت بەرەو وەرزی زستان دەچێت . کورددەڵێت : (پێت بەقەسەلی بکەوێت ، واتە پێت بە بەفرێ کەوت) . چونکە دەبیت کەسی کورد بەتایبەتی ئەوانەی خاوەن چێل ومەڕومالتن ، خەریکی کاروباری وەرزی زستانێ بن ، کاو ئالیکو سۆتەمەنی خۆی دابێن بکەن بۆسەرماو سۆلی وەرزی زستانێ.

(درێژترین رۆژ ) ۲۱ی مانگی ٦ له هەموو ساڵێك درێژترین ڕۆژی ساڵ دەبێت ۲۲ ، ۱٦شازدە سەعات و بیست و دوو خولەکە ،

(کورترین شەو) ۳۸ ، ۷هەفت کاتژمێرو سی وهەشت خولەکە ، لەو رۆژە کەعبەی پیرۆز سێبەری نامینێت و چونکە لە کاتی نیوەرۆ خەپلەی رۆژ لەسەر ئاواهی کەعبە بە ئەستوونی رادەوەستێت (ئەستێرەی گەڵاوێژ): رێکەوتی۷ی مانگی ئاب بەرامبەر ۱٦ی خەرمانان ئەستێرەی گەڵاوێژ یان (ئەستێرەی کۆچەری) پێدەڵێن له کوێستانان بەدیاردەکەوێت ، لەو رۆژە بانگی مازیچنین لە گوندەکانی ناو دەڤی چیاکان رادەهێلن ، ٤٥رۆژ لەهاوین تێدەپەڕێت نیوەی وەرزی هاوینە ، دونیا بەشەوان فێنك دەبێت ، هەنجیرو ترێ شرین دەبن و بەتەواوی پێدەگات ، کورد بۆخاوەن ڕەز دەڵێت: (هات وەختێ تەوسك و هەنجیرا ، ماڵیمە خۆشترە لەماڵێمیرا ). ئەستێرەی گەڵاوێژ۷ی مانگی ئاب لە ناوچەچیاکان دەبینرێت ، ۱۲ ی مانگ لەگوندی مۆریلانی دەڤەری گۆرانەتی دێتەدیتن چونکە شوێنیان بەرزە ، هەموو ساڵێك له۱٥ی مانگی هەشت لەگوندەکانی ناو دەشتی ناوکوڕبەدیاردەکەوێت بە ئاشکرا دێتەدیتن .

**نیشانەکانی هاتنی ئەستێرەی گەڵاوێژ ئەوانەن : ــ**

۱ـ ئەستێرەی گەڵاوێژ هەڵێت نیوەی مانگی وەرزی هاوینە .

۲ـ ٤٥رۆژ لە هاوین بڕوات شەو فێنك دەبێت .

۳ـ بالندە کۆچبەرەکات وەکوحاجی لەق لەق و پەرەسێلکە کۆچدەکەن

٤ـ گاڤۆڕان تەواو دەبێت ، دایمە کانیاوەکان ئاوی زێدە دەکات .

٥ـ دارو بار سەر لە نوێ نەشونمادەکاتەوە .

٦ـ هەنجیرو ترێ بە تەواوی پێدەگات کورد دەڵێت : (هات وەختێ تەوسك و هەنجیرا ، ماڵێ مە خۆشترە له ماڵێ میرا ) .

۷ـ شەڕتی شوان و رێنجبەران هەڵدێت بۆیان هەیە ٦ شەش مانگی تر نوێ بکەنەوە لە کۆنەوە گرێبەستیان شەش مانگ بوو .

۸ـ مەلەوانی کردن دوای هەڵاتنی گەڵاوێژ پەسند نیە مرۆڤ دێتە هەنگافتن. [۲۷۱]

---

۲۷۱ـ عەلی ئیسماعیل ئەندازیاری کەهرەبائی خانەنیش،لە قەزای بەردەڕەش

**زانیاری زیاتر له سەر ئەستێرەی گەلاوێژ :**

گەشترین ورووناکترین ئەستێرەیە لەئاسمانی زەوی ، بەئینگلیزی پێیدەڵێن سیریەسSirius ، لەیۆنانی بەمانای بریسکانەوەدێت هەروەها سەگی گەورەشی پێدەڵێن ، بەعەرەبیش پێیدەڵێن الشعری الیمانیه لەقورئانی پیرۆزدا بەم شێوەیە ناوی هاتووە: ﴿وَأَنَّهُ هُوَ رَبُّ الشِّعْرَى﴾(النجم:٤٩ ) ، ئەستێرەی گەلاوێژ لەکۆئەستێرەی سەگی گەورەیەCanis Major ، گەلاوێژ لەکۆنەوە لەلایەن یۆنانیەکانەوە تۆمارکرابوو ، هەروەها لەلای زۆربەی گەلان ناسراوە ، لەلای میسریەکۆنەکان کاتی یەکەم بەدیارکەوتنی گەلاوێژ سەری ساڵی مسرییەکان بوو ، پێیان دەگووت ئەستێرەی نیل ، ڕوباری نیل هەڵدەستا و ئاگاداری دەکردنەوە لەهاتنی لافاو.

هیندیەکان پێیاندەگووت ساڤانا یان سەگی شازادە یودهیستیرPrince Yudhistira ، وە ئەفسانەیەکی دورودرێژ لەسەرشازادەو ئەستێرەی گلاوێژ هەیە ، هەروەها لەلای فارسەکان وزەردەشتیەکان بەهۆکاری باران و بە پیتی دەهات ، لەلای کوردیش بەهۆکاری فێنکبوونی کەشوهەوا دادەنرێت بە تایبەتی بە شەوان ، ساڵانە لەدوای ڕۆیشتنی ٤٥ ڕۆژ لەوەرزی هاوین لەشەوی ٧ ی مانگی ٨ ، لە کوێستانان ئەستێرەی درەوشاوەی گەلاوێژ لەئاسمان بەدیاردەکەوێت وبەخێرایی بەئاسماندا تێدەپەڕێت، لەگەڵدەرکەوتنی ئەستێرەی گەلاوێژ ، شەوانە کەشوهەوا فێنك دەبێت ، مزگێنی نەمانی گەرمای هاوین وفێنکبونی کەشوهەوا بەخەڵك دەدات ، لەکۆندا کاتێك گەلاوێژ ئەنگوت ، خەڵك پێشوازییەکی گەرمیان لێدەکرد ، وەك مژدەی سەرکەوتن بەسەرگەرمای هاوین پێناسەیاندەکرد ، بەلاّم ئێستا نەك هەرپێشوازی لێناکرێ ، بەڵکوکاتی بە دیارکەوتنکەشی نازانن ، گەلاوێژ کەوتن یەکێکە لە پێوەرو لێکدانەوەی ناو دیدەکانی دونیای کۆمەڵگەی کوردییەوە بە تایبەتی لای خەڵکی گوندنشینەکان ئەوانەی سەرگەرمی باخداری و ئاژەڵداری و کشتوکاڵن ، مەڕومالّتیش هەستی پێدەکەن لەکاتی شەویندا خۆیان لێك نزیك دەکەنەوە ، باخ وبیستان و شینایش ئاوی گەرمیان دەوێت .

گەلاوێز ئەستێرەیەکی زەبەلاح دەکەوێتە بورجی سەگەوە ، گەلاوێژ ئەستێرەیەکی گەش و پرشنگدارە، لە گەشیدا رکابەری لەگەڵ مانگ دەکات ، تەمەنی بە ٤٠٠ ملیۆن ساڵ دەخەملێنرێت ئەستێرەی گەلاوێژ یەکێکە لەدرەوشاوەترین ئەستێرەکان قەبارەکەی دووئەوەندەی خۆرە ، ڕوناکیەکەشی ٢٦ جارلەڕوناکی خۆر زیاترە ، بەلاّم لەبەرئەوەی نۆساڵی تیشکی لەخۆرەوە دوورە ، هەربۆیە ڕوناکیەکەی ناگاتە زەوی .

لەگەڵ ئەنگوتنی گەلاوێژ ، چەند نیشانەیەك هەن بە ئاشکرا هەستیان پێدەکرێت ، ئەگەرگەلاوێژ ئەنگوت وبەدیارکەوت، هەردووباڵندەی پەڕەسێلکەو حاجیلەقلەق کۆچدەکەن بۆخواروی باشور ، بەلاّم باڵندەی پەپوولەسلێمانکە بەپێچەوانەی ئەو دوو باڵندەیە ،

هەرکەهەستی بەنزیکبونەوەی گەلاویژکرد ، دێتەجێگای ئەوانو شوێنیان دەگرێتەوە ، هەر دارێکیش گەلای وەریبێت لەتێنوان دوای گەلاویژ دووبارە چرۆ دەردەکاتەوە ، زەویش دەخوسێت وباشتر ئاوڕادەکێشێت ، باغ وبێستان و شینای ئاوێکی کەمتریان دەوێ پێش گەلاویژ، کاتێك دارێك دەبڕی بەئاسانی توێکلی لێدەبێتەوە ، بەلام دوای گەلاویژ بەزەحمەت توێکلی لی دەبێتەوە ،

لەکۆندا کاتێك ئەستێرەی گەلاویژ دەردەکەوت ، ئەیانگۆت مندالینە چدیکە مەلە مەکەن خۆ دەناو ئاوێ هەلمەینن ، گەلاویژ ئەنگوتیە نەخۆشدەکەون ، ئەگەر گەلاویژ ئەنگوت ئیتر وەختی مازیانە وخەلك دەچنە ناولێڕی مازیان دەکەن ، مەڕومالتیش هەست پێدەکەن ودوای گەلاویژ لەشەواندا لەیەکتر نزیك دەبنەوە ، ئەوەش نیشانەی فێنکبونی کەشوهەوایە ، دوای هەلهاتنی گەلاویژ ، میوەی ترێ تامی شیرین دەبێ وبەتەواوی پێدەگات ، هەربۆیە لەکۆنەوە گوتویانە: (دوای گەلاویژ ترێ ، بەتامتر ئەخورێ ، یان دەلێن : (گەلاویژ کەوتە بەرشەوێ ، دەست بەرە لۆ باخەلی مێوێ) **دەسپێکی وەرزی پایز:** ۲۳ی ئەیلوول بەرامبەر(۱)ی مانگی رەزبەر (مشتاخان)

-شەو و ڕۆژ بەرامبەر دەبێت ،	– سەقا سارد دەبێت ،

-پەلکی دار دەست بەوەریان دەکات ،	-ئامادەکاری بۆ وەرزی زستان دەکرێت ،

-کۆچەراتی لەزۆزان بەرەوگەرمەسێن دەگەرێنەوە . کورد دەلێت: (ئەیلوولێ پەز لەکۆنێ ، کۆچەرلەسەرچوونێ) .

ـ گاو و وولاغێ جۆتی لەمالدەگرنەوە تێریان دەکەن تاوەکو قەلەو و بەهێزبن بۆجۆتکردن .

**(کەپرە شینە):** لە ۱۵ / ۱۰ ی هەموو سالێك جووەکان یادیان دەکردەوە کەپرە شینە بۆنەیەکی ئاینی جولەکانە ، بەرێ لەگوندەکانی دەڤەری گۆرانەتی جووەکان لەرۆژی نیوەی پایزێ رێکەوتی۱۵ی مانگی ۱۰ دە لە هەموو سالێك کەپریان دروستدەکرد بەلقەداری شین دایاندەپۆشی ، بۆیە ناوی لێنرا کەپرەشینە ، ئەونەریتە بەردەوام بوو تاکوسالی ۱۹۵۱ جووەکان کۆچیانکرد بۆ ئیسرائیل ئەنجامدەدرا ، هەفت رۆژان دەیکێشا ، دەلێن موسی پێغەمبەری بەنی ئیسرائیلیان لەورۆژە بەسەرفیرعەون سەرکەفتبوو ، خوازاناو ئاگادارە زۆرسالان لەوکەپرە شینە باران دەبارێت گەندە پەلە یان سەرپەلەی پێدەگۆترێت .

**(هاوینێ میرشەڕەف )** : ۲۳/ ۱۰ تاکو۲/ ۱۱ی زاینی ، بەرامبەر۱ ی گەلارێزان تاکو۱۱ی گەلا رێزانی کوردی ، دووای ساردبوونی کەشوهەوا لەنشکاوەکێ سەقا گەرم دەبێتەوە لەدەڤەری گۆرانەتی بە(هاوینەکچکەلە)ناودەبرێت ، هەندێ ڕەوەند دەگەرێنەوە کوێستانان لەوانەکەسێك ناوی میرشەڕەف بوو ، دەبینی بالندەیەك لەسەرهێلکەی خۆی کورك بووە ، میرشەڕەف مەڕومالت وخێزانی خۆی دەگەڕێنتەوە کوێستانان ، بەفروباران لێدەکات مەڕومالت وخێزانی لەناودەچێت

، بەتنێ دەگەرێتەوە دەبینی باڵندەکە مردبوو دەندوکی گڕ بووە دەڵێت: (باڵندەی دەمگڕ ، مەڕوماڵاتێ منت کر قڕ ، ماڵێ خوتیش خراپکر).

**چەند تێبینییەکی گرنگ لەسەر ساڵی کوردی**

١-ساڵەکانی سادە (بسیگە) ساڵی کوردی دەبێـتە ٣٦٥ رۆژرەشەمێ ٢٩ رۆژ دەبێت.

٢-ساڵی کە بیسە ساڵ ٣٦٦ ڕۆژی تەواو دەبێت مانگی رەشەمێ دەبێتە ٣٠ ڕۆژی تەواو.

٣-هەر لە دوای ٣ ساڵ ساڵی چوارەم ساڵی کەبیسە دەبێت

وەرزەکانی ساڵی کوردی لەسەرەتای مانگەکانی دەست پێ دەکات هەرسێ مانگ وەرزێك تەواو دەکات. بەپێچەوانەی مانگەکانی وەرزی ساڵی زایینی یە کەلووەکان (ابراج) لەسەرەتای مانگە کوردییەکان دەست پێ دەکات ، لەمانگەکانی هەر بە ٣٣٣٠ ساڵ رۆژێك فەرق دەکات بەڵام لەساڵی کوردی هەر ٥٠٠٠ ساڵ رۆژێك فەرق دەکات . بۆ دەولەمەندکردنی بابەت سوودم لەو سەرچاوانەی جوارەوە وەرگرتووە . [٢٧٢][٢٧٣][٢٧٤][٢٧٥]

| خشتەی ساردی و شەختەکان لە دەشت و گەرمەسێن ئەوانەن : | | |
|---|---|---|
| بەند | ١/٣١ | ١ / ١٩ |
| بەندرخە | ١ / ٢٠ | ١ / ٢٦ |
| مێرەم | ١ / ٢٧ | ٢ / ٢ |
| ئۆغەن | ٢ / ٣ | ٢ / ٩ |
| پیت | ٢/ ١٠ | ٢ / ١٦ |
| پالۆز | ٢ / ١٧ | ٢ / ٢٣ |
| خدر | ٢/ ٢٤ | ٣ / ٢ |
| ئەلیاس | ٣ / ٣ | ٣ / ٩ |
| زیپک یان ساردی پیرەژن | ٣ / ١٠ | ٣ / ١٣ |

---

٢٧٢ ـ یاسین حەسەن حوسێن لە کتێبی گۆران لاپەرە ٢٠٤ بەدەستکارییەوە وەرگیرایە.

٢٧٣ ـ لە زاری چەند تەمەندارێکی دەڤەری گۆرانەتی ودۆلەمەڕی وەرگیرایە

٢٧٤ ـ لە زاری دایك و باوکم لە دەڤەری گۆرانەتی زۆر هاوکارم بوون لە کۆکردنەوەی .

٢٧٥ گۆڤارا زانستێن مرۆڤایەتی یا زانکۆیا زاخۆ ساڵی ٢٠١٨

مجله علوم الانسانیه لجامعه زاخۆ عام ٢٠١٨ .

# باسی سێیەم

## فۆلکلۆر :

دەڤەری گۆرانەتی زۆر تیرەو بەرەباب و هۆز و عەشیرەت لە خۆ دەگرێت ئەوەش بوویتە شەنگەستەیەکی گرنگ بۆ دەولەمەندی ئەو دەڤەرە بە بابەتی(ئەدەبی سەرزاران)ی فۆلکلۆری جۆراو جۆر ، بە پێی توانای خۆم چەند بابەتی فۆلکلۆریم لەو خەرمانە کۆکردیتەوە و بە چاپم گەیاندووە ، ئەوش ناوی کتێبەکانە :

١ـ لاوك سترانێ کوردەواری سالی ١٩٩٧ بە ژمارە( ٢٨ ) لە وەزارەتی رۆشنبیری چاپکرا

٢ ـ پەندی پێشینان لە سالی ٢٠٠٦ لە وەزارەتی رۆشنبیری بە ژمارە(٢٢٩ ) چاپکرا ،

٣ـ هەڤایەت وئەفسانەی بەرئاگردانی کوردەواری لە سالی ٢٠٠٩ لە دەزگای مۆزیك وکەلەپۆری کورد بە ژمارە ( ٤١ ) چاپ کرا

٤ـ کەلەپوورنامەی کوردەواری لە سالی ٢٠٠٨ لە وەزارەتی رۆشنبیری چاپ کرا ،

٥ـ پێنج داستانی کوردەواری لە سالی ٢٠١١ لە   لە وەزارەتی رۆشنبیری چاپکرا لە بەرێوەبەرایەتی کتێبخانە گشتیەکان بەژمارەی سپاردنی (٥٦٧) سالی ٢٠١١ پێدرا ( [٢٧٦]

یارییەکانی کوردەواری بابەتەکانی فۆلکلۆرو کەلتووری نەتەوایەتیمان بە زیندوویی لەناو کۆمەلی کوردەواریمان مایتەوە ، پشتاو پشت هاتیتە گێرانەوە.پلەو پایەی رەوشەنبیری هەر میللەتێك لە بابەتە فۆلکلۆریەکانی بە دیار دەکەوێت ، چونکە دبێتە کەرەستەی هەلسەنگاندی ئاستی رۆشەنبیری میللەتەکە ، فۆلکلۆر گەلێك لق و پۆی لێدەبێتەوە ، مرۆڤـ واهەست دەکات کۆکردنەوەو نووسینەوەی کارێکی ئاسانە بەلام کاتێ بچیە ناو ناوەرۆکی بابەتەکانی زانستێکی ئاسان نیە  لەبەر ئەوەی مەیدانێکی بەرفرەی هەیە و هەموو لایەنەکانی ژیان لە خۆدەگرێت .پێشکەوتنی تەکنەلۆژیای سەردەم- تەلەفزیۆن- کۆمپیوتەر- سەتەلایت- ئەنتەرنێت تۆرەکۆمەلایەتیەکان .. ، خەلکی لەدەوری بابەتە فۆلکلۆریەکان دوور خستۆتەوە.

یاری بەشێکی فۆلکلۆری نەتەوییمانە ، چەند ناوێکی پێ دەگووترێ وەکو:یاری-وازی-گەمە-هەنەق...هەموو یەك واتا دەگەیەنێت ، جۆرەکانی یاری زۆرن ، هەر هەندەك لەگەلێ تەمەنی یاریزانان دەگونجێت ، یاری هەیە تەنها بۆ کوران یان کچان دەگونجێت ، یاری هەیە تەنها بەشەو یان بە رۆژ دەکرێت ، هەیە تایبەتە بە وەرزەکانی سالێ. یاری هەیە لە سەرتاسەری کوردستانی گەورە بەربلاوە یان هەیە ناوچەگەریە ، لێرەدا ئەم چەپکە یاریانەم کۆکردێتەوە لە ڤەری

---

٢٧٦ ـ یاسین حەسەن حوسێن ناوی چەند کتێبیکی  فۆلکلۆریە چاپکرانە ،

گۆرانەتی سەر ، چونکه هەر کەسێك زیاتر له ناوچەکەی خۆی شارەزایی هەیه ئومێدەوارم سود بەخش بێت.( [٢٧٧])

**ناوی هەندێك له یارییەکانی کوردەواری :**

١-بازدان چەند جۆرێکن : أ- یەك باز ب - دووباز جـ - سێ باز د- جوتکانی ٢-جغزانێ ٣-بوخچه بەگەردانێ ٤-شوان و مەڕانێ ٥-ماڵ ماڵنێ ٦-فری فری٧-کلاو پشتانێ٨-ئاو پانێ هەروەها دەگوترێت کەرە مویانێ یان مەلابێ دەنگانێ . ٩-قوڕ قاپانێ ١٠-هێلکانێ١١-خوریشکانێ ١٢-پلیلکانێ١٣-گورزانێ١٤-هەریەك به کاری خۆی١٥-خانیانێ ١٦-تفەنگانێ ١٧-فیشقه١٨-جوتکانێ١٩-قێڵه بەردانێ٢٠-قیتارانێ٢١-تەیرانێ٢٢-تەیارانێ٢٣-بەردەقانێ ٢٤-هەسپانێ ٢٥-هێستره شەله٢٦-سێرێزکه=سێبەردانێ ٢٧-نۆرێزکه= نۆ بەردانێ ٢٨-دامانێ٢٩-چاله میرانێ= کورتانێ ٣٠-شوانه مەڕێ ٣١-کەت و جۆتانێ ٣٢-پەنجه لێدانێ ٣٣-هولور مولور ٣٤-کەڵایانێ چەند جۆرێکن-أ-بستانێ-ب-مەناش-ج-جغزانێ-د-کەت و جۆت- هـ-بەردانەوەی سەر کەپۆی. ٣٥-تەڵەو رێویانێ٣٦-پشیلەو مشك٣٧-زۆرانێ ٣٨-گوریس کێشکانێ ٣٩-هەیاران و مەیاران٤٠-گۆ کێشانێ ٤١-پوپژ بڕانێ ٤٢-چەپەرانێ ٤٣-ساپانێ ٤٤-تەپه رەپه٤٥-تەیرانێ ٤٦-مێل مێلاقا٤٧- پێ ژماردن٤٨-داوەتا هەویا٤٩-رێژێ ٥٠-دەست تێگرتن٥١-چاو نوقانێ ٥٢-تیف تیفانێ ٥٣-مۆریانێ ٥٤-چێله زایانێ ٥٥-هێستره شەله٥٦-شەپله قوینانێ ٥٧-سابینه رەقه ٥٨-شوقلانێ٥٩-لەسەر چاڵ بازدانێ ٦٠-لەسەر قەڵاتێ ٦١-تێسانێ ٦٢-بەردێ چەق چەقێ ٦٣-قاشۆیانێ ٦٤-خەزاڵێ ٦٥-میرزو تکانێ ٦٦-عەله عەلۆ ٦٧-هەواره مەبردینه ٦٨-قرنەقۆسێ ٦٩-برۆ برڤانۆ ٧٠-کا تەشتێ ٧١-هۆ شوانۆ ٧٢-کرم کرم تێن٧٣-بەردەقانێ ٧٤-عەرەبانانێ ٧٥-بەستەکانێ ٧٦-قوسك هاوێتن٧٧-کەلهو میرانێ ٧٨-حەمبەلتەکانێ ٧٩-بڕانێ ٨٠-گەپەکانێ ٨١-خەزلاتەیه٨٢-تەیر له هەوا٨٣-خشۆلکانێ ٨٤-هێسکێ نوکێ٨٥-هیزانێ٨٦-میرێ کۆره٨٧-زلی زلی٨٨-ئەلەڤەن دوولەڤەن٨٩-فر فرۆکانێ ٩٠-چەپەرانێ ٩١-قورگا باگوردانێ ٩٢-ئیش قلکێ ٩٣-کابانێ ٩٤-شیرێ کەڵەش ٩٥-کوێخا فەرەنگ٩٦-گوانێ ناودا٩٧-گوانا شەڤێ٩٨-بەردێ سارد و گەرم ٩٩-فەرموو شانێ ١٠٠-قارێ ١٠١-پەزکێ مەینۆ بنۆ١٠٢-چویچکێ زەری١٠٣-گەوله شیلانێ١٠٤-هەدێهلێ١٠٥-پڕێ پڕێ ئاوه١٠٦-دار دارانێ١٠٧-زەربێ کۆره١٠٨-بەرسنگ١٠٩-دیقلی مامێ ڤێڤی١١٠-گولو مێچکانێ ١١١-زلکانێ ١١٢-گوانا گورگی١١٣-هاتم ئاگرتی١١٤-شەڕی بەرانان١١٥-ئاشێ میرا ١١٦-غاردان لەناو فەردەی ١١٧-ئاو و ئاگر ١١٨- نەعله شاردرەوانێ١١٩-غاردانێ ١٢٠-عەجۆڵانێ ١٢١-هەنگلی ڤیتچۆیانێ ١٢٢-ستلی سماق١٢٣-دونگه مەڕانێ ١٢٤-مسته پشتانێ

---

[٢٧٧]ـــ به هاوکاری بەرێز مامۆستا سعید بارانی بابەتەکه دەولەمەندتر بوو

١٢٥-چەق چەقەی بن قوینێ ١٢٦-کورزە فیتانێ ١٢٧-گوریسێ بن سنگی١٢٨-تەندوور سۆرکانێ ١٢٩-خاجە رۆیانێ ١٣٠-عەلۆکە زڤرِی ١٣١- خاجەرۆ ١٣٢- داودابرِانێ ١٣٣- هۆلانێ (ڤاشۆیانێ).

ناوچەکەمان وەکو هەموو ناوچەکانی کوردستان لەکۆنەوە زستانان لەکاتی باران بارینێکی زۆریان کاتی بێ کاری هەندێك یاری کەڵەپووری دەکرا هەندێك لەم یارییانە هاوبەشن لەگەڵ زۆرینەی ناوچەکانی تری کوردستاندا. بەلاّم بەداخەوە زۆرینەی ئەم یارییانە لەم رۆژانەدا ناکرێت یان هەندێك دەکرێت . بۆیە بەپێویستم زانی هەوڵێکی باش بدەم هەر هیچ نەبێت ناوی یارییەکانی کۆنی کوردەواری کۆبکەمەوە تا لەفەوتان ولەناوچوون رزگاریان بیت. [٢٧٨]

**لاوك :** لاوك بەشێکی گرنگی داستانە لە فۆلکلۆری ملليدا ، لەبەر ئاگردانی زستاندا دەگۆترا ، لاوك دەنگو سەلیقەی تایبەتی خۆی هەیە ، نزمی لاوکەکانی شین و نەخۆشی جیاوازی هەیە لەگەڵ دەنگ و سەدای لاوکی ئەڤیندارى و غەریبی .دەنگی لاوك مرۆڤی کورد دەگەرێنەوە رۆژانی رابردووی بەرەو گۆرەپانی چەنگەکانی دەبات کە بابو باپیرانیان سەرکەوتنیان تێدا تۆمارکردبوو ، لاوکبێژ بە دەنگە بە سۆزەکەی بە شێوەی چیرۆك و پەخشان داستانەکان و بەسەرهاتە خۆش و نەخۆشەکان دەگێرێتەوە پێشکێشی گوێراییلانی دەکات ، لاوك بە شێوەزاری بادینی (کرمانجی سەرو ) دەگۆترێت بە تایبەتی لە ناوچەکانی بادینان و جزیرەی بۆتان و گشت شارەکانی کوردستانی باکوورو کوردستانی رۆژئاوا و کوردانی سۆڤیەت

هەروەها لە دەڤەری گۆرانەتی (هەردوو قەزای بەردەرِەش و شێخان ناحیەی باشیك ) بەربەلاّوە ، لاوك تایبەتە بەمیلّەتی کوردە هەموو بوارەکانی ژیان لە خۆدەگرێت ، لاوك زمان حالی داستان و سەربردەو رووداوەکانی خۆش و نەخۆشی میللەتەکەمان باس دەکات ، لاوك دەمانبات بۆ گۆرەپانی شەرِگەکانی مێژوو ئازایەتی و جانفیداری و سوارچاکی فێرس پالەوانەکانبۆمان دەگێرێتەوە چاوا دەستوبازووی خۆیان هەلّکردبوو بۆ رامالّینی ناحەزانودوژمنانی گەلّی کوردو کوردستان ، لاوك زامی هەرە گەورەی کۆن و نوێمان دەکولێنتەوە . لاوك چارجۆری سەرەکی هەیە جۆرەکانی ئەمانەن :

١- لاوکی نەتەوەیی و رامیاری ، ٢- لاوکی ئەڤیندارى

٣- شەرِو شۆرِو سوارچاکی ٤- لاوکی غەریبی .

گوندی زەنگەنان سەربەناحیەی دارەتوولە قەزای بەردەرِەش، تاکو سالّانی هەفتاکان بنکەی

٢٧٨- یاسین حسن کتێبی کەڵەپوورنامەی کوردەواری سەرچاوەی پێشوو .

فێربوون و مەلبەندی لاوك بێژان بووە بە تایبەتی شەوانی زستانان ،

ووشەی لاوك لەوانەیە لەووشەی لاو واتە: (خورت ، جاحێل ، گەنج ، تۆلاز) هاتبێت ، چونکە زیاتر لاوەکان نەبەردیو خۆڕاگرتن دەنوێنن لەبوارەکانی ژیاندا. لاوك بەشێکی گرنگی فولکلوری کوردیە زۆر لایەنی ژیانی کوردەواری گرتۆتەوە وەکو سۆزو خۆشەویستی ، نیشتمان پەروەری ، خۆبەخت کردن لە پێناو خاکو میللەت ، شەرەف وباشی خێزانو پەروەردەکردنی نەوەیێکی نوێ وخۆبەستن بەچاکترین خەسلەتو ڕەوشتی بابو باپیران. میوانداری و ڕێزگرتنو دلپاکیو ڕاست گۆییو ئەمەكو وەفاو دلسۆزی لەئەڤینداریدا ، ڕاستی لەدۆستایەتیداو ئازایەتی ، نەبەردیلە شەڕەکاندا .

لاوك لە ناو میللەتی کورد سیفاتی شەڕو شۆڕی بەسەردا زالە ، دەنگی لاوك بێژەکان گیانی مرۆڤی کورد دەلەرزێنێتو کزە لەجەرگ دێنێ تام و جێژێکی پڕ سۆزی هەیە. چونکە لەکانگای ژینگەی کەسایەتی کوردەوە هەلقولاوەو ڕابووردومان دەگێڕیتەوە لاوك ناوی دەشتو دۆڵ وکانیاو ڕووبارو چیاکان دەست نیشان دەکات کاتێ ، غیرەت دەجولێنێت کاتی ، پاش لەناوچوونی شۆڕەشی بەدرخانیەکان لەجزیرەی بۆتان لە باکوور کوردستانی گەلەك لەدانیشتوانی جزیرەی بۆتان دەربەدەربوون لەوکاتی زۆر لە خێزانەکانیان هاتنە ناوچەی گۆرانەتی لەگوندەکانی گەلووكو گردەپانو گەویلانو شێخالكو دڕین بۆتو تربەسپیو بشیریانو دووسەرە سەر بەقەزای بەردەڕەش ی نیشتەجێ بوون) ،

(لەهەر کەسێکی تەمەن درێژی ناوچەی گۆرانەتی پرسیاری حەسەنو حەمۆی بکەی یەکسەر دەلێن: بەڕاستی دوو لاوك بێژی دەنگ خۆشی نەقولا بوون زۆربەی خەلکی لەوان فێرە لاوك گوتن بوونە.؟ بەپێی زانیاری خەلکی ئەو ناوچەیە حەسەن و حەمۆ دووبرا بوونەلەسالی ١٨٩٠ لەجزیرەی بۆتانی کوردستانی باکوور هاتوونەتە کوردستانی باشوور لەناوچەی بۆتان کەدەکەوێتە نێوان قەزای بەردەڕەش و ناحیەی کەلەکی یاسین ئاغا لەگوندی بشیریان نیشتەجی بوونە ، پاش ماوەیەکی کورت هەردووکیان بوونە لاوك بێژو هاتووچۆی خۆیانیشلە گەل بەردەوام بوو جزیرەی بۆتان نەبڕی بوو. لەوێ لاوکیان وەردەگرتو دەگەڕانەوە خەلکیان فێردەکرد) ([٢٧٩])

ماموستای لاوك بێژانی دەڤەری گۆرانەتی ئەو کەسانە بوون :حسن و حەمۆ گەریدە بوون ، سەیدۆ جوولە گوندی گۆمەزەرد دادەنیشت ، قادر حەسۆ و مجید ئەحمەد جبۆ و جردیس

---

٢٧٩ ـــــ یاسین حسن گۆران،لاوك و ستراني كوردەواری ، حكومەتی هەرێمی كورستان چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیری ژمارە(٢٨) سالی١٩٩٧چاپكرایە

قادر لە گوندی زەنگەنان بوون ، عبدالله وەسمانە لە گوندی گردەپانی ، گشت لاوك بێژانی دەڤەری گۆرانەتی لەو کەسانە فێری لاووك گۆتن بوونە

## ناوی لاوك بێژەکانی گوندی زەنگەنان : ـ

١ـ یونس جەردیس(مەلا یونس)ـزەنگەنان

٢ ـ عبدالوهاب هاشم /گوندی زەنگەنان

٣ ـ ئەحمەد مەحمود(احمد جەوێ)/ گوندی زەنگەنان

٤ ـ محەمەد قادر ئاغا / گوندی زەنگەنان

٥ ـ وەلی رەسول ناسراوبە(وەلی خاتێ) زەنگەنان

٦ـ رشاد عبدولوتەلیب/ گوندی زەنگەنان

٧ ـ درویێش سەلمان/ گوندی زەنگەنان

٨ ـ حاجی رەمەزان سەلمان

٩ـ حاجی عەمەڕ جبرائیل ناسراو بە ( عەمەڕ جبان) ÷

١٠ ـ لاوکك بێژێکی تر عەلی حوسێن شاوێلی

١١ ـ احمد محمۆد ناسراو بە( احمەد جەوێ )

١٢ ـ علی محمود ناسراو بە( عەلی جەوێ )

١٣ ـ علی جبرائیل لە بەغدا دادەنیشت مامی جواد مەلا زبێری

١٤ ـ یاسین جبرائیل ناسراو بە( یاسین رەبیعە )

١٥ ـ ئەحمەد یاسین/گوندی زەنگەنان / کومەلگای شاویس

## ناوی لاوك بێژە بەناوبانگەکانی دەڤەری گۆرانەتی ئەوانەن :

١ـ حەسەن وحەمۆ دوو برای کوردی تورکیا بوون ، گەریدە بوون ، لەگوندەکانی دەڤەری گۆرانەتی دەگەڕان .

٢ـ سەیدۆ جوو گوندی گۆمەزەرد قوتابی حەسەن وحەمۆی بوو.

٣ـ جەمیل ئیبراهیم ناسراو بە جەمیلە کۆر لە ناحیەی دارەتوو.

٤ـ مەحەمەد مەلاّ ـگوندی شێخلك/ بەردەڕەش .

٥ـ سمۆ گەلۆوکی /گوندی گەلۆوك ـ بەردەڕەش .

٦ـ بەکر سلۆ /گوندی قایماوە ـ قەزای شێخان .

٧ـ مام جبرائیل دارەتووانی ـ ناحیەی دارەتو.

٨ـ خەتاب /گوندی پیربوب ـ قەزای شێخان .

٩ـ عەزۆ برای خەتاب/گوندی دیناران ـ بەردەڕەش .

١٠ـ یوسف جوجەری/گوندی جوجەر ـ بەردەڕەش .
١١ـ محەمەد عبدالرحیم/گوندی گوبدەو .
١٢ـ سەیید شملی /دارەتوو .
١٣ یوسف قۆزێ/گوندی گلەشین ـ شێخان .
١٤ـ عبدوللا شەبەك /گوندی باژێرا بووكا(ئەبو جەربوعە) ناحیەی باشیك .
١٥ـ قاسم ئەحمەد / گوندی خاروك ـ بەردەڕەش .
١٦ ـ مەجید ئەحمەد جبۆ/ دووگوندانی گەورە .
١٧ ـ ئەمین حوسێن/گەویلان بۆتان ـ ناحیا كەلەك .
١٨ ـ سالح مەنۆ/گوندی گلەشین ـ قەزای شێخان .
١٩ ـ قادر وەستا/گوندی بیۆك ـ قەزای بەردەڕەش .
٢٠ ـ مەجید رەمەزان/ گوندی پیربوب/ سێخان .
٢١ ـ مجید محەمەد جبۆ ـ دووگوندانی گەورە.
٢٢ ـ ئەحمەد شارێ / دووگوندانی گەورە .
٢٣ ـ جبرائیل حوسێن /ناحیەی دارەتوو .
٢٤ ـ عبدولرەحمان یاسین/ قەزای بەردەڕەش .
٢٥ـ عەزیزسالح ناسراوبە(عەزیز بەبێ) هەروها رەشادی كوڕی .
٢٦ ـ محەمەد عزیزسالح/رشاد عزیزسالح .
٢٧ ـ ئیسماعیل رەزا /گوندی ئامیان .
٢٨ ـ محەمەدخدر ناسراو بە (محەمەد كۆسە ) .
٢٩ـ مەجید ئەحمەد و كاك صدیق دانیشتوانی گوندی گربدەوی كەون .
٣٠ـ محمد علی میكائیل ناسراو بە (محەمەد ئاسمە) دانیشتوی سەنتەری قەزای بەردەڕەش .
٣١ـ لاوك بێژی لاو جلیل ئەنوەر ئەمین ناسراو بە (جلیل شەمسەخری) لاوك بێژی ناوداری دەڤەری گۆرانەتی دانیشتووی گوندی شەمسەخر
٣٢ـ شوان راكان قابیل (شوان ئاغا )دانیشتووی گوندی گۆمەزەرد .
٣٣ـ صباح حسن علی خدری دانیشتووی گوندی گۆمەزەرد. [٢٨٠]

٢٨٠ـ مەلا یونس جرجیس دانیشتووانی گوندی زەنگەنان سەر بە فەزای بەردەڕەش .

## پەندی پێشینان :

بریتیە لە چەند ئاخافتنێکی کورت ، بەشێوەیەکی جوان داڕێژراوە ، مانایەکی بەرزیان هەیە ، هەموو لایەکی ژیان دەگرێتەوە ، بەشێکە لە ئەدەبی سەرزاران .

ـ ئادارێ مەشکەی دەگرن لە دارێ ، لێرە نا لە شنگارێ .

**ـ ئیشێ ژنان سی وچارن ، بەس نان و شیو دیارن .**

ـ ئەگەر لۆ تو هەبیت ملێ بە مەڕجان ، لۆ منیش هەیە سمبێل قەیتان.

ـ بویکێ دەرپێ نەبوو لە پێ بکات ، رحانی لەبەر سەرێ خۆ ڕادەکات .

ـ زستانان ئاگرو ئەز ، بەهاران ئەز و پەز ، پایزان ئەز و رەز .

ـ هەیە ژنە ، هەیە ژانە ، هەیە مەلحەمێ سەر برینانە .

ـ بڕوا نەکە بە سفلان ، متمانە نەکە بە ژنان ، پشت نەبەستە بە ئاغان .

ـ نە دەولەتێ بە گوڕ ، نە زەلامێ بە تڕ ، نە کچێ مەمك خڕ .

ـ نەکە کەرێ کاڕانێ ، نە کیژ لە دیلانێ ، نە دەوارێ کاروانێ .

ـ گەنمێ سۆری قەنداری ، مەڕێ قاژی حەمدانی ، چێلێ شینی عاسمانی ،

ـ باوڕ بە بەگ و ئاغا بکەیت قوڕێ بە سەرێ خۆ دادەکەیت .

ـ هەموو کەس لە ناو شەروالێ خۆی پیاوە . ـ ئەمن رازی ئەتو رازی چ بە قازی .

ـ عومرێ بێ عەدالەت ، مەلایێ بێ شەڕیعەت. ـ بارێ مرۆی چ نیە ، بارێ خەڵکی سەربارە.

ـ بە یەکان تەنگە بە دووانان لەنگە . ـ بە گاوانی شەرم نیە بە نان ساندنی شەڕمە.

ـ ئیشێ بەوەختی ، پاشای سەر تەختی . ـ کارکەرت بمریت ، تەکبیر کەرت نەمریت .

ـ نەدی و بدی ئەگەر دیت کیرو گونی دەبڕیت. ـ ئەوەی دەخۆیماڵە ئەوەی ترمیراتە.

ـ ئەگەردێلە بە بایە گەمبۆل دێت لە بەغدایە. ـ پیاوێ بێچارە ، بێ دۆست و یارە .

ـ برینی خۆت بە خەڵکی تیمار نەکە . ـ ئەگەر بووی بە مێر ، خوا نەکە لە بیر .

ـ گلۆلەم خاوە بامداوە ـ گورگێ باران دیتەیە ـ گۆلکێ خۆماڵی تڕکەنە

ـ گای خۆی هاژوا ناو گێرێ . ـ کەپۆ لە لێو لە پێشترە ـ کەس ناگاتە بنێ دونیایێ

ـ کەر لە کەران راست دێت . ـ کەونە کایان هەڵنەدڕە . ـ قوڕ بەسەر شارێ بێ حاکم .

ـ فێل باز ناگاتە مراز . ـ شەو خوشکی یەك ژنانە . ـ سەرەکەو هەزار قۆشەن .

ـ دەخوڕی بەلام نابڕی . ـ دەلێی تەیری بەردایە . ـ دەزانی چ گەزو چ بەرە .

ـ خۆکردی دەرمانی نیە . ـ خۆلامێ بەگی بەگە . ـ چرا لە پێش کۆرانە .

ـ بویك بە دلێ زاوایە . ـ بە باشە باشە بردیە ئاشە. ـ زمان بەلای سەرە .

ـ بە قسەی خەڵکی پێنەکەنە. ـ بەراز بە تیرەکێ نامریت . ـ بێ کەسۆکەو بێ خەمۆکە .

## مەتەل :

لە چەند ووشەیەك پێكهاتووە ،  لە ناو چوارچێوەكی جوان و رێك بە شێوەكی هونەری داریێژراوە ، كێش و قافیەیان هەیە ، پشتاو پشت لە زاری باب و باپیرانمان مایتەوە ،  واتایەكی شاراوەی تێدایە ، رادەی بیرتیژی و زیرەكی كەسی كورد  هەڵدەسەنگێنی ، كێبڕكێیەكە لە بەر ئاگردانی كودەواری دەگۆترێ كات پێ بە سەردەبەن ،  شتی شاراوەو نادیار بەرچاودەكات ، زاراوەی رەسەنی تێدایە ،  هەرناوچەیەك مەتەلی تایبەتی خۆی هەیە . (كۆمەڵە مەتەڵێكی كوردەواری )

ـ ئەنگوستیلەی مەحەمەد حەنیفایە ، هاوێتمە مەدینایە ، شەوقی لە دونیایە (مانگ)

ـ ئەقلت زیرەكە ، ئەقلت لە بیرە ، لە تەیران كامیان بە شیرە . ( شەمشەمە كوێر)

ـ ئاشان و ماشان ، جێی میرو پاشان . ( لاندك)

ـ ئاوی لە بەحرانە ، دەنگی لە شاخانە ، خەرجی لە ماڵنە . (ئاشی ئاو)

ـ ئەگەر بنوی گایەكە ، ئەگەر هەڵستی دونیایەكە. (رەشماڵ)

ـ ئەولای دارە ، ئەولای دارە ، تێدایە دوو سەگی هارە. (جەنجەڕ)

ـ بەردەك لەسەر بەردەكێ ، تەیرەك دەخوێنێ لە كۆرتەكێ ، كونێ قونێ لە نیوەكێ.

ـ بانی لە گۆشتیە ، قادرمەی لە ئاسنیە (هەسپ و زین)

ـ بە كرِی و بێ دەنگ ، دەكوتی كوتەنگ ، لێ ناهێت دەنگ (چاو)

ـ بن داری سەر ئاسن ، كەرە فامكە دەروێشە (دەروێشە)

ـ بیورەكم دا لە دارەكی ، هەمووی هەژیا بە جارەكی (تەون)

ـ بە پێیان دەڕوات دەبینی ، بە پێیان ناڕوات ، دەبینی و دەڕوات ، نەدەبینی ، نەبە پێیان دەڕوات ، دەڕوات ( ئافرەتێك منداڵێك لە باوەشی بێت و حامیلەداربێت )

ـ باب مردی چرا لە سەر قونی هەڵكردی ، فەرخەكان سەر پێ كردی . (كاریتە و شەقلە)

١٨- بە گەرمایێ جل دەكەم ، بە سەرمایێ رووتی دەكەم. (سێل)

ـ بنی گلینە ، ناوی جۆخینە ، سەری زێرینە . (گوڵە گەنم)

ـ بشتە ناو ئاوێ ، تەڕ نابی ، خەنجەری لێ دەی شەق نابێ. (سێبەر)

ـ بە دەوری ئەسحابان ، كوڕ گەورەترە لە بابان (دووكەڵ و ئاگر)

ـ بانەكەو بن بانەكە ، چوار مەڕو شوانەكە. ( لەپ و پەنجەكان)

- بنی قورپینه ، ناوەندی پۆشینه ، سەری زێرینه . (گەنم و لاسکەکەی)

- تشتەکم دا له دیوار ، لێهاته دەر هەزار سوار. (هەنار)

- تەیرەك دخوینی له روبارەکێ ، شەش پەری له نیوەکێ (ئاشی ئاو)

- تەیرەك هات به هانه هان ، شاقەڵ سپی گەردەن کەوان ، گەوره گرتن گچکه بەردان .

- چوومه سەر گردەکێ ، بانگم کرده خدرەکێ ، هەزار خدر هاتن به جارەکێ . (ئەستێره)

- چوومه شکفتەکێ پڕی بزنن به شاخەکێ (مێوژ)

- جوتیارێ بێ دەنگ ، خەتێ بێ خۆڵ (نووسین)

- خلنگ و خلنگ ، هەشت پێی دوو لنگ (جوتیار)

- چار ئاوون ، چار رەنگن ، چار تامن ، له یەك شوێنن (چلم ، رۆندك ، لیکاو ، ئاوی گوێ)

- چاری چێڵی ، هەشتی دێڵی ، دوازدەی نرە دێلێ (گوانی چێل و سەو بەرازی)

- چوار برام هەنه له جۆمەکێ ، تیران داوێنه گۆمەکێ (چێڵ دۆشین)

- چواری گوێیه ، هەشتی پێیه ، بووك رەوێیه (جۆت کردن)

- حەیدەره قەلەندەره ، سێ قوتکی له بەره دووی سپیـیه ، ئێکی زەره (هێلکه)

- خاتوینەکەم هەیه گەچ کەچێنه ، نه پای هەیه نه قەپاچێنه (هێلکه)

- دووی رەق ، دووی زەق ، دووی لەق ، چاری چەق سەر لەکونێ کون له عەردێ ، دە له دووان ، سپی دێته ناو ئامان (بزن و بێری)

- دەوی رەش و قیامەت ، ناوی سۆره و سەلامەت ، سەللو عەلا مەحەمد(د.خ) (تەندوور)

- دەستێکی داره به ئێشه ، کەره فام کە دەروێشه (دەروێشه)

- دوو دەرخوینه ، له دەر قوینه پڕ ناو روینه (دوینگ )

- دووردم دووردم ، شەش پێ دووسم ، ئەگەر نەزانی پێدا دەفسم (تەراز وو)

٦٦- دارەکم دا له دارەکێ هەموو هەژیان ب جارەکێ (خەلێفه مێش هەنگوین)

- دەنگ له شاخان ، ئاو له بەحران ، خەرجی له ماڵن (ئاشی ئاو)

- دوو گام هەیه هێری هێری ، دەشت و دونیای دەگێڕی ، تەنهای گردۆکەکێ نانێری. (چاو)

- دارەکم هەیه بەردەگرێ ، ئەوەی بخوات پێی دەمرێت (قورئان) [281]

---

٢٨١ ـ یاسین حەسەن ـ پەند و مەتەڵ ـ له هەردوو کتێبی خۆم (پەندی پێشینان) و(کوردەواری ) وەرگیرایه

## ناولێنانی قۆناغەکانی نەشونماکردنی مرۆڤــ لە کوەردەواریدا :

هەر چـەندە زانایانی سـایکۆلۆژی بیرو بۆچـونی جۆراو جۆریان هەیە لەبارەی دیاری کردنی تەمەنی کاتی لە دیاری کردنی تەمەنی کاتی لە قۆناغەکانی گەشــەپێدانی کەسـایەتی مرۆڤ. لە کوردەواری خۆمان بەو شێوەیەی خوارەوە دیاری کرایە:

خوای گەورە لە قورئانی پیرۆز دەفەرمووێ بســم الله الرحمن الرحیم(هو الذی خلقکم من تراب ثم من نطفة ثم من علقة ثم یخرجکم طفلا ثم لتبلغوا اشـــدکم ثم لتکونوا شــــیوخا ومنکم یتوفی من قبل ولتبلغوا اجلا مســـمی لعلکم تعقلون) ئایەتی (٦٧) لة ســـورةتی غافز. لەرۆژی یەکەمی لە دایك بوونی منداڵ لە کوردەواریدا لە ناو قوماشێکی سپی دەپێچن. بۆماوەی (٤٠) چـل رۆژان کە بە قۆنداغە ناو دەبردرێت ، لە تەمەنی شـەش مانگی دەتوانی دابنیشـێت ، لەو پەندەیە دەڵێن:(مانگێ شەشێ ، دایبنیشێنە لە حەوشێ ، مێوژی رەشی بکە کۆشێ).

لە تەمەنی ١یەك تا٢ دووسـاڵی پیرۆکەی پێ دەگۆترێت ، چـونکە بە پێیان دەڕوات بەلاٌم هەر شـیرە مژەیە لە دوای دوو سـاڵی لە دایکی دەبێتەوە چـونکە بە خواردن دەکەوێت خودای گەورە فەرموویەتی(وفصـــاله فی عامین) لەتەمەنی دوو تا پێنج ســـاڵی بە پارچـــەلە ناو دەبرێت (٦ تا١٢) ســـاڵی مێر منداڵە (١٣ تا١٨) هەرزەکار ، بالق(بالغ) یان کوڵەبژەی پێ دەڵێن (١٩تا٢٥) سـاڵی نیوە مێردە بەرەو تەواو بوون دەچـێت لە کوردەواریدا دەڵێن(نیوە مێردە ، نـاخوات تێرە) بـەرەو رســـکان دەڕوات.(٢٦تـا٣٥)ســـاڵی قـەیرەیـە کوشـــندەی ژیـانی مرۆڤە(٣٦تا٤٥)بە کەڵە مێرد ناو دەبرێت

(٤٦تا٥٥)پیرە کەمۆیە (٦٥تا)......پیرەمێردێکی پەك کەوتووە لە یاسـای شـارسـتانی هەر فەرمانبەرێك تەمەنی بگاتە(٦٣)ساڵ دەبێت خانەنیش بکرێت.

قۆناغەکانی دیاری کردنی تەمەنی کاتی مرۆڤ... تێك چەقیوە بەپێی شوێن و کات دەگۆڕێت ، لەناوچـــە گەرمەســـێنەکان مرۆڤ زوو گەشـــە دەکات و خۆی دەناســـێت بەلاٌم لەناوچـــە کوێســـتانیەکان بەپێچـــەوانەوەیە. ، ئەوە لەلایەك لەلایەکی دیکەوە جیاوازی ژیانی وولاٌتان لەنێوەندە شـــارســـتانیەکانی گەورە دەبێتە هۆی. ، جیاواز بوونی دیاری کردنی تەمەنی مام ناوەندی مرۆڤ ، لە ناوەڕاستی قۆناغی هەرزەکاری تاکو(٦٥)ساڵی بەو کەسانە دەڵێن گەورە.

لە کوردەواریدا پیاو تاکو نەرسـکایە و واتا لەتەمەنی٢٥ سـاڵیو سـەرەوە ئەنجا ژنیان بۆ دەهێنا چـونکە لەپێشی ئەو تەمەنە پیاو ژن بهێنێت دەشـکێتەوە بەلاٌم لەناو هەندێ خێل و بەرە باب هەر کوڕ خۆی بناسێت ژنی بۆ دەخوازن بەپێچەوانە دەگەڕێتەوە کاری نێگەتیڤانە دەکاتە سەر گیانی کەسەکە هەروەها دەرحەق ژیانی رۆژانەی هیچ لەخۆی بڕ ناکات.

## ناوی هەندێ لە شایی و داوەتەکان

١ـ سێ پێی ٢ـ راستەکی ٣ـ یەك پێی ٤ـ چەپەکی ٥ـ شامیرانی ٦ـ گولشێنی ٧ـ شێخانی ٨ـ گرلشێنی دوو پێی و سێ پێی ٩ـ شێخانی زەلامان ١٠ـ شێخانی ژنان ١١ـ ملانێ ١٢ـ دم دم ١٣ـ ملانێی گران ١٤ـ تالآن ١٥ـ دۆلابێ ١٦ـ بابلەکان ١٧ـ هەلّەمەنێ ١٨ـ بێریۆکێ ١٩ـ عەودیشۆك ٢٠ـ سنجانێ ٢١ـ دۆتمامێ ٢٢ـ لێلێکنێ ٢٣ـمەڕجانێ ٢٤ـ لەیلانێ ٢٥ـگولێ ٢٦ـ هەیپێدا ٢٧ـ باسۆ ٢٨ـ چۆخۆ ٢٩ـ کەلّەکوان ...... .

## ناوی هەندێ خواردنی کوردەواری

ساوار ، ساوارە سۆر ، شلە ساوار ، ساوار بە نیسك ، ساوار بە تۆلکە ، پیرخەنی ، گەنمە کوتا ، سمایلوك ، ترش ، دۆغەوا ، دۆیینە ، یاپراغ ، دۆلە ، دۆینە بە پونگ ، پەلاو ، پەلاو برنج ، ماش ، پەلاو بە ماش ، شۆربەی ماش ، برنج بە ماش ، برنج بە نیسك (کەچەلۆك) ، کۆبە ، نیسکە بەترش ، نیسك و پەلپێنە ، کودی و روون ، کودی بە کولای ، تەبسی ، بریانی ، گەنگر بەروون بە هێلکە بە ساوار بە برنج بە ماست ، کاردی بە رەشی بە ترشك بە برنج بە روون ، خارچك بە کولایی ، خارچك بە برژایی ، خارچك بە شۆربە خارچك بە روون ، پەلپێنە بە نیسك ، پەلپێنە بە زەلاتە ، ترخێنە ، قەلی ، قەلی سێل ، قەلی سۆر ، قەلی سپی ، تێچێنەی شیر (هەوریشك) ، تێچێنەی دۆشاو (شلەکێن) ، سەروپێ ، گیپە ، کوبەی حەلەبی ، شفتە ، ئارد و دۆشاو (پۆخینە) ، هێلکە بە کولای و بە برژایی ، گۆشت و هێلکە(مەخلەمە) ، قەلی و هێلکە ، هێلکەو روون ، تێچێنەی نان و روونی خۆمالّی (پچڕك) ، تێچێنەی پەپۆلە بە روونی خۆمالّی و هەنگڤین (شلکێنە) ، کاردی بە ڕەشی ، کاردی بەبرنج ، ترش بە کاردی ، قورادە بە کولاندن ، پەپۆلە بە قورادە ، گەنم کوتا ، هەروەها هاوینان گۆشت وقەیسی و بامیەو باینجان لەتکە هەنجیر حیشك دەکرانەوە بۆ وەرزی زستانێ دەکرا شیو دەیانخوارد ، پاقلە ، پاقلە بە کولایی ، پاقلە بە روون ، پاقلە دەکولێنن سپی دەکەن بە ئاوکەوە روودەکەنە سەر نانی دەخۆن ، پاقلە بە هێلکە پاقلەی تەڕ دەکرێتە ناو دۆغەواو دۆلە ، شێخ مەحشی ، تەشریبی گۆشت بە عەرەبی( ثرید).

# بەشی شەشەم :

## بنەمای  ئابووری دەڤەری  گۆرانەتی

## باسی  یــەکــــــــەم : بازرگــــانی

شوێنی جوگرافیای  بەردەڕەش  لە کۆنەوە پێگەیەکی گرنگی هەبوو بۆ بازرگانی  ،  گرێدراوە لە گەڵ شوێنە بازرگانەکانی دەوروبەری زۆربەی ڕێگاکانی بازرگانی کە بۆ شاری موسل دەچوون ، لە بازاری یەك شەممە لە دەڤەری گۆرانەتی دەهاتە گۆڕینەوە  ، ئەوەی ئەمن بۆی دەچم (سوق الاحد) لە نزیك جسری مەندان بووە ،  محەمەد رەشان شوێنی  (ئاوی گەرم )یان لە گوندی دووسەرە یان لە گوندی حەسەنیە بووە ، چونکە زۆربەی گەریدەو مێژوونووسەکان شوێنەکەیان دیاری نەکردیە تەنها دەڵێن (سوق الاحد)دەکەوێتە  ناو دەشتایی سەر ئاوی خازر نزیك چیای مقلوب ،  ئەو بازارە گرێدرابوو بە ڕێگاکانی  تۆڕی هاتوو چۆی ئاوی و ووشکایی  ،  لەبەرێ کەڵەك هەبوو لە سەر ئاوی خازری بە هەمبانەی دروستدەکرا  کەلوپەلی بازرگانیان لێباردەکرد بەرەو بەغدا و باشوری عیراق دەچوو ، هەروەها لەوبازارەی پێداویستیەکانی بازاری موسلیان پێ پڕدەکردەوە ، لە کۆندا موسل شوێنێکی گرنگی بازرگانی بوو ، ئەو پێداویستیانەی لە ڕووباری دیجلە بۆ موسل دەهات دەیانگەیاندە بازاری یەك شەممە هەروەها بە پێچەوانەوە .

لەو سەردەمی ئەو شتانەی گرنگ بوو بازرگانی پێدەکرا ئەوانەبوو :گوێزو لوز و روونی خۆماڵی و هنگوین و رەژو و پەنیر و باسوق و سجوق وسماق و ژاژی وحەبرمان و شابرمان و دۆشاو سرکەو کەشك و سابوون و زەیت و وبەردە ئاش و تاکە دەستارو دارکاریتەو قامیش وجیغ و خوری بۆ رستن و جنین .

گوندەکانی دەڤەری گۆرانەتی لە قەزای  بەردەڕەش و دەوروبەری   ، قۆناغی کاروانچیانی سۆران بوو  ،  پێش پەیدابوونی سیارە ، بە تایبەتی دەڤەری خۆشناوەتی تووتن و بەرهەمەمی گوندەکانی خۆیان بۆ شاری موسل دەبرد.

لە دوای راپەڕین دەراوەکانی سەر سەر ڕووباری خازر لە دەڤەری گۆرانەتی رۆلێکی گرنگیان هەبوو بۆ گواستنەوەی سۆتەمەنی و کەلوپەلی پێویست بۆ ناو هەرێم  ، ئێستا ڕێگای نێودەولەتیە رۆژانە بە هەزاران تەن خۆراك و پێداویستیەکانی ماڵ و کەلوپەلی دروستکردنی ئاواهی بە ناو سەنتەری دەڤەری گۆرانەتی  دەڕوات بو ناو هەرێم و پارێزگاکانی ناوەڕاست و باشووری عیراق .

## دەراوەكانی سەر زێی  بادینان :

دەراوەكانی سەر ئاوی زێی گەورە لەكوردستانی باشوور ، پێش دروست كردنی پردی ئاسن ، چوار دەراوی بەناوبانگی لەسەر دروست كرابوو بۆ گواستنەوەی كەلو پەلی بازرگانی  وسەربازی ، دەراوەكان.

دەراوی بلێ ، دەراوی گر مامك ، دەراوی كەڵەك ، دەراوی گوێر ،  هەردوو دەراوی كەڵەكو گرمامك دەكەونە رۆژهەڵاتی دەڤەری گۆرانەتی لەسەر ئاوی زێی بادینانە.

لەســـەردەمی  عوسمانیەكان زێدەتر بایەخ بەدەراوی كەڵەك دەدرا ، هەرلەبەر هەندێ لەوســـەردەمی بنكەی پۆلیسو قۆلچـــی (گومرك) ی لەســـەر دەراوی كەڵەك دروســـت كردبوو ، چـونكە كەڵەك شـوێنێكی سـتراتیژیە دەروازەی هاتنە ناو بادینانە ، هەروەها هەر دوو پارێزگای موســـڵو هەولێر پێكەوە دەبەســـتێتەوە ، بڕیار درابوو پردی  ئاســـن بێتە دروســـت كردن لەســـەردەمی حكومەتی عوسمانیان بەلاَم  لەبەر هەڵگیرســـانی جەنگی جیهانی یەكەم كارەكەی پێ تەواونەكرا.  لە سەردەمی ئینگلیز پردی كەلەك بە شەلمان دروست كرا كەتا ئەمرۆ هەرمایە بەپردی كۆنی كەڵەك ناودەبرێ ، ئۆتۆمبێلی كچكە بەسەر هاتووچۆ دەكات.

## بەكرێ دانی شوێنی دەراو :

ســـاڵانە هەندێ كەســـی دەوڵەمەندی موســـلاوی لەحكومەتی عوسمانیان بەكرێ دەگرتو ئەوانیش بەگرانتر بەكرێ دەیاندا خەڵكی دەڤەری گۆرانەتی ، چـــەند كەســـێك بەگرانتر لەموســلاویان دەیان كڕیەوە ئەوانیش تاوتۆی پەڕینەوەی كەلو پەلیان دەكرد ، چـەند خانیان دروست  كردبوو بۆ حەوانەوەی كەلو پەلو دەوارەكانیان  بەشەوانە حسێب دەكرد

## دەراوی گرمامك:

گوندی گرمامك دەكەوێتە  سـەرەوەی پرۆژەی ئاوی ئیفرازی كەبۆ هەولێر دەچێت شـوێنی پەڕینەوە بوو رولێكی گرنگی هەبوو لەگواســـتنەوەی كەلو پەل لە نێوان هەردوو دەڤەری بادینانوســـۆران . هەروەها گواســـتنەوەی كەلو پەلی كوردســـتان بۆ ناوەراســـتی عێراق دەگەیشتەشارەكانی بەغداو سامەڕاو دیالە ..... ، چەند بازرگانێكی شارەكانی ناوەڕاستی عێراق دەهاتنە گرمامك بەرهەمی كشـــتوكاڵیو  میوەو رەژووو مریشـــكیان دەكڕی ، هەر لەگرمامك كەڵەكیان دروست دەكرد كەلو پەلی خۆیان لێ بار دەكرد بەرەو باشوری عیراق .

## دروست كردنی كەڵەك

٣٠٠  تا ٤٠٠  هەمبانەیان پەیدا دەكرد پڕی هەوایان دەكرد لەجیاتی  چـــووپی ئێســـتا دەیان خستە ژێر كەڵەك لەناو ئاو باری خۆیان لێ بار دەكرد چەند پارچە داری توویان دەهێنا لێكیان دەبەســـتەوە لەبن كەڵەك  قایم دەكرا چـــونكە دار توو دارێكی قایمەو زوو ناڕزێت.

هەمبانە لەپێستی مەڕو بزنو گاڕەش دروست  دەکرێت بەشەبو پەلکە هەناری  دەیان غاراند کوونەکانیان دەگرت  و پڕی هەوا دەکرا  لەبنی کەڵەك  بەداو و گوریس  قایم دەکرا.

هەر کەڵەکێك ١٠...١٥ پیاوی چەکدار لەگەڵ  سوار دەبوون لەبەر رێگرو دزو جەردە تاکو دەگەیشتە  شوێنی  مەبەست ، چەکدارەکان زۆربەی کوردی فەیلی بوون لەبەغدا دەهاتنە گرمامك.  تاکو سالی ١٩٦٣ دەراوی گرمامك  بەکرێ دەدرا ، پەڕینەوەوە  بارکردن  تێدا بەردەوام بوو ، پردی کەڵەك دروست کراو ئۆتۆمبێل پەیدا بوو ، بۆیە فەرمانی بەکرێدانی دەراوەکان لەلایەن (متصرفی) هەولێر (بەدرەدین علی) هاتە هەڵوەشاندنەوە.

کرێی پەرینەوەو حەواندنەوەی دەوارو کەلو پەلەکان نرخی  لەلایەن حکومەت  دیار دەکرا هەرکەسێ ماڵی قاچاغی ئاودیو بکردابایە ، بەرێوەبەرایەتی قۆلچی (گومرك) دەستی بەسەر دادەگرتو قاچاغچیەکەش دەستگیردەکرا  ، هەروەها کەڵەکوان یان خودانێ قایغێ  سزا دەدرا. دەراوی گرمامك  دەکەوێتە  بەرامبەر گوندی دالەڕێ لەسەردەمی عوسمانیان دەراوی گرمامك کرابوو جبەخانەیەکی گەورە چەند کۆگای دروست کردبوو تەقەمەنی وچەك وتفاقی ئەوسەردەمی تێداحەشار دابوو بۆ کاتی پێویست.

هەروەها لەسەردەمی میر محەمەدی ڕەواندزێ (میری کۆرە) هەر جارەو (١٢) دوازدە وولاغ بەبارەوە  لەکەڵەکی گرمامك بار دەکرا بەرەو ڕەواندز دەچوو ئەویش هەموو خەرجو خەراجی دەڤەری گۆرانەتی بوو لەدانەوێلەو بەرهەمی  کشتوکاڵی لەسەردەمی میری سۆران وەردەگیرا دەیانگواستنەوە بۆ رەواندزی پایتەختی میر محەمەد ڕەواندزی

گەریدە ئۆلیفیەی فەرەنسی لەساڵی ١٧٩٤-١٧٩٦ چاوی بەکەڵەکی خازر  کەوتبوو دەڵێت: کۆمەڵێك ئێزدی بارەکانیان لەووڵاخەکان دابەزاندو ،  بەکەڵەك لەڕووباری خازر یان دەرباز کرد کەڵەکەکان لە ٣٢ هەمبانە پێك هاتبوو پڕ هەوا دەکرانو بەیەکتر بەسترابوون لەبانەوەش داری بی لەسەر  هەمبانەکان دانرابوو باریان لێباردەکرد.

پاشان دەڵێت/ گوندی عەبدولعەزیز واتە کەڵەك زۆربەی ئێزدینە خەڵکیان دەپەراندەوە

## کڕین و فرۆشتن لە نێوان سۆران و بادینان :

لە سەدەی چواری هجری واتە لە ساڵانی ٣١٠کۆچی بە دوواوە کڕین و فرۆشتنی گۆرینەوە بەربەڵاو بوو بە تایبەتی لە نێوان هەردوو دەڤەری سۆران و بادینان  ، زێی گەورە سنوریان بوو ، بە تایبەتی رۆژ هەڵات و رۆژ ئاوای  زێی گەورە بازرگانی لە نێوانیان گەرمبوو جممەی دەهات دەڤەری رۆژ ئاوای  زێی گەورە  ، دەشتی ناوکوڕ بەخۆدەگرێت کە دەشتێکی  پان و بەرین و پڕ پیت و بەرەکەتە بە بەرهەمی کشتوکاڵی دێمی   و  بەخێو کردنی چێل ومەڕوماڵت بەناوبانگە ، هەروەها گوند نشینەکانی قەراغ هەردوو ڕووباری زێی گەورەو ئاوی خازر رەزو باخ و فێقی

ومێوەجاتی زۆریان هەبوو ، گوندەکانی ئەو دەڤەرە چڕن و پڕن لە دانیشتووان ، لە سەرچاوەیەك هاتووە لەو سەردەمان باژێرێکی گەورە لە دەشتی ناوکوڕ هەبووە بەناوی بازاری یەك شەممە ، هەروەها چەند بازاری دیکەی تێدا هەبووە ، هەر بازارێك تایبەتمەندی خۆی هەبووە ، لە کات وساتی دیاری کراوکڕین و فرۆشتن تێدا کرابووبازرگانەکانیش زۆربەیان خەڵکی دەڤەرەکەو شاری ئاکرێ بوون لەگەڵ هەندێ لە برا عەرەبەکانی موسل ، (٢٨٢)

هەروەها باژێرەکی دیکەی کڕین و فرۆشتن لەشوێنی تێکەل بوونی ئاوی خازر لەگەڵ زێی گەورە هەبوو ، چونکە لە پێشتر بەرهەموو کەل و پەلەکان بە رێگای ئاوی دەگوازرانەوە ، لەو بازارە پێکدەکەیشتن و پێکیان دەگۆڕییەوە ، بازرگانانی بازارەکانی دەڤەری گۆرانەتی کڕین و فرۆشتنیان زۆگەرم بوو لەکەل بازارەکانی دەڤەری سۆران کە لەو گوندانەدا ئەنجام دەدرا بازارەکانی هەردوو گوندی عەزەو قونیان دە کەونە خوارووی گوندی تورەق ، هەروەها بازاری گوندی شێخ شەڕوان ، ئەو سێ بازارە دەکەونە لای باشوری رۆژ ئاوای شاری هەولێر بەلای رۆژهەڵاتی زێی بادینان ، بگرە لە بەرانەتی تاکو دەگاتە دەشتیشەمامك و قەراجی ئەوە هەموو بەرهەمی کشتوکاڵی دێمی و ئاژەلی دەهاتە ئەو سێ بازارە لەگەڵ بازارەکانی دەڤەری گۆرانەتی کەل و پەل و بەرهەمی خۆیان پێك دەقەڕساند و دەبانگۆرییەوەسەرچاوە (٢٨٣)

---

٢٨٢ ـ سعید الدیوەچی تاریخ الموصل جزئی دووەم لاپەرە (٤٥٩)

٢٨٣ ـ ئیبن حەوقەل ئەلبەغدادی لە کتێبەکەی (المسالك والممالك او صوره الارص

# باسی دووەم:

## کاری کشتوکاڵی

کاری کشتوکاڵی: ژیان و روکاسبی زۆربەی خەڵکی کوردستان پێش نیشته جێبوونی خەریکی کاری ئاژەڵداری بوون ، لەتەك بەخێو کردنی ئاژەل و مەڕومالَت هەندی کاری کشتوکاڵی بەشێوەیەکی سادە ئەنجام دەدرا ، هێدی هێدیپەرەی به کاری کشتوکاڵی دا و ژیانی نیشتەجێ بوون پەیدابوو ، بەمانای کاری کشتوکاڵی زال بوو بەسەر کاری ئاژەلداری ، بەرێ لەناو خانی کۆخ دەژیا ، دروستکردنی خانی بەقوڕولبن و کاریتە پەیدابوو ، سەرەتا خانیەکان جزیری بوو ، پاشان بوو ئاخەبان ئەوجە قەسرو عیمارات به بلوك و چیمەنتۆ ، یان گیچ و کەرپووچ کاشی ، زۆرگۆڕانکاری دیمۆگرافی بەسەر دەڤەری گۆرانەتی دا هاتییە ، بەتایبەتی دەشتی ناوکوڕ ، باب و باپیرانمان دەگێرنەوە دەشتی ناوکوڕ هەمووی دەحلەو و زۆنگاو بووە ، کەس نەدەوێرا بەناو ئەو دەشتە تێبپەریت له بەر دەعباو بەرازان ، بەلاّم لەدوای زۆربوونی دانیشتووان پەرە پێدانی کاری کشتوکاڵی هێدی هێدی زەوی کردە پەیدابوو ،چونکە دەڵێن (دەست مولکی پەیدا دەکات )

دەشتی ناوکوڕ خاکیکی بەپیت وبەرەکەتە ، بەرێ به هەنجاڕی بەهێزی ملی گاو دەواران زەوی دەهاتە کێلان ، دەبێ جۆتیار تدارکی جۆت و گای هەبایە ، له ماڵێ زەلامی کارکەری خۆی لەبەر دەستهەبایە ، ئەوجە دەشیا زەوی کشتوکاڵی به عەمەل بهێنی ، لەپێشتر دەیانگۆت گاو جۆتت هەبیت شۆلت رێکە ، لەگەڵ ماینەکێ بۆسواری و سەفەر کردن ، جۆت کردن به هێزی ملی گای بوو زەوی دەهاتە کێلان ، دەبوو دەولەتمەندی ئاوایی ، چونکە زیاتر زەوی کشتوکاڵی دەستەبەرو بێجەر دەکرد ،

له سەردەمی کۆتایی حکومەتی عوسمانی ئاژاوەو پاشکەوتن و گەندەلی کەوتبوو ناو دارو دەستەی بەرێوەبردنی ژیانی ئابوری ، ئەوەش کاریگەریەکی تەواوی له سەر کەرتی کشتوکالی له کوردستان هەبوو بەتایبەتی له دەڤەری گۆرانەتی، چونکە کشتوکال کۆلەکەی سەرەکی ژیانی ئابوری خەلکی بوو جوتیارانی ئەو دەڤەرە وەکو جۆتیارانی تر له ژێرخراپترین بارودۆخی کشتوکالی بوون ئەوەش له ئەنجامی ئەوە بوو حکومەت بایەخی به پەرەپێدانی کەرتی کشتوکالی نەدەدا و سیستەمی تابۆ پەیدابوو سەرۆك هۆزەکانی کورد بوونە خاوەن مولکی زۆر زەوی کشتوکالی زۆر کەوتە دەستی ئاغا و سەرۆك عەشیرەتەکان ئەوەش ڕەنگدانەوەیەکی خرابی هەبوو . حکومەتی عوسمانی مەبەستی خۆی هەبوو ، جۆتیارانی له ناو قەرد خنکاندبوون و ببوونە کویلە ، سەرەڕای ئەوانە هەموو جۆتیاران باجی زۆریان له سەر بەرهەمەکانی کشتوکالی

چەسپاندوو، زۆر ڕێگای بەکاردەهینا بۆ کۆکردنەوەی خەرجوخەراج و سەرانە هەندێ جار لە دەڤەری گۆرانەتی هێزی سەربازی بەکاردەهات بۆ کۆکردنەوەی باج بە تایبەتی ئەو گوندانەی لە یاسای حکومەتی تورکی دەرچووبوون ، دەولەت پارەیان تەخانکردبوو بۆ دەستەسەر کردنی ئەو کەسانەی یاخی ببوون ، لەوانە یەکێك لە یاخی بووان فەرمانی گرتنی بۆ دەرچوبوو (رەشید ئیسماعیل ئاغا) سەرۆکی گوندی گەویلانی ناوچەی بۆتان لە (عشائرالسبعە) بەردەرەش سەربە دەڤەری گۆرانەتی روویدابوو. [٢٨٤]

لە بەر هەندێ زۆر گوند چۆلبوون و زەویەکانی خرانە سەر ئەملاکی وەقفی سونی بوونە مولکی سولتان عبدولحەمید (١٩٠٩/١٨٧٦)دەولەت بەرێوەی دەبرد ، بەلگەنامەیەکی عوسمانی ئاماژەی بە (٥٤) گوندی چۆلبووی سنوری ئاکرێی کردووە .

دوای لە ناوچوونی دەولەتی عوسمانی و هاتنی ئەنگلیز لە سەر هەمان ڕێسا و یاساکانی عوسمانی کە پەیوەندی بە مولکداری و کشتوکال وەکو خۆی مایەوە ، سیاسەتی ئینگلیز لە ناوچە کوردیەکان پالپشتی لە سەرۆك هۆزەکانی کوردی دەکرد وایکرد دەستهەلاتی زیاتری بەخشی بە دەرەبەگ و ئاغاکان بە تایبەتی ئەوانەی هاریکاری ئینگلیزیان دەکرد لە سەر حیسابی جۆتیاران هەژار و نەدار زەوی خۆیان بەرفرەتر دەکرد .

بریتانیا هاریکاری زیاتری بەخشیە سەرۆك عەشیرەتەکان و ئاغاکانی ببوونە کۆلەکەی سەرەکی لە سیاسەتی دەڤەری گۆرانەتیدا ، گەیشتە ئەو پلەی دەستهەلاتی پێیاندا ئاسایشی ڕێگای هاتوچۆی دەڤەرەکە بپارێزن و هەروەها کۆد و باج و سەرانە لە خەلکی کۆبکەنەوە .

دەسپێك بریتانیا دەیویست ڕاستەوخۆ باج کۆبکاتەوە بەلام لەبەر نەبوونی کەمی فەرمانبەر بۆ جێبەجێ کردنی ئەویاسا هەستا بۆ هەر گوندێك بڕ باجێکی دیارکرد سالانە ڕاستەوخۆ بگاتە دەستهەلاتدارانی ئەنگلێز ، لە سەردەمی داگیرکاریان باج و سەرانەکی زۆریان خستبوو سەرجۆتیاران باریان زێدە قورس ببوو ، خەلکی خۆزگەیان بە سەردەمی عوسمانیەکان دەخواست لەبەر ئەوەی بریتانیا باجی خستبوو سەر پەلەوەر و باجی بووك گواستنەش پەیدابوو سەرەڕای باجی لە دەیان یەك لە سەر بەرهەمی کشتوکالی بوو ، کۆدی سەرانەی مەڕو مالات چێل دەهاتە وەرگرتن ، ئەرکی کۆکردنەوەی سالانەی باج و کۆد و سەرانەی خستبوو ئەستۆی شێخەکان و دەرەبەگ و ئاغاکان ئەوانیش زیاتریان لە کرمانجی گوندی خۆیان وەردەگرت .ئینگلیزی داگیرکار سیستەمێکی تایبەتیان دروستکردبوو زۆر بەووردی لیستی باج و سەرانەیان ڕێکخستبوو ،

---

[٢٨٤] عبدالفتاح عەلی بۆتانی سولتان عبدالحمیدی دووەم لێبوردن لە ئەشقیەکانی بادینان ،گۆڤاری دهۆك ژمارە(١٩)سالی ٢٠٠٢لاپەرە (١٦)

توندبوون لە سەر جێبەجێکردنی ، کەسی جولەکەیان بەکاردەهینا بۆ کۆکردنەوە، باج و سەرانە وای لێهاتبوو سێ ڤات زیاتر بوو لە سەردەمی عوسمانیەکان (٢٨٥)

سەرەڕای گۆڕانکاری سیاسی ئەو گێژاوانەی لە عیراق روویدابوو ، سالی ١٩٢١ دەولەتی عیراق دامەزرا ، غیراق وەکو کەلەشێکی بوو ئەوەی دەهات پارچەیەکی لێدەبرد ، باری ئابوری لە ناو ئەو کەنگەشەیە دارمابوو ، حکومەتی نوێ نەدەشیا چارەسەر گونجاو بۆ ئەو بارودۆخە نالەبارە بدۆزیتەوە ، خکومەتی عیراق ئەویش ناچار بوو خۆی لە ملکداران و شێخ و ئاغاکان نزیك بکاتەوە هەر ئەوانی هەلبژاردبوو ببنە ئەندام (مەندوب) لە لە پەرلەمانی وەلە ناو دامودەزگاکانی میری شوێنی بەرچاویان پێدرابوو . لۆمان رونبۆوە سیاسەتی حکومەتی عیراقی دەربارەی کەرتی کشتوکال نێزیك بوو لە سیاسەتی بریتانیا ، سەرۆك عەشیرەت دەرەبەگەکان شوێنی بەرچاویان هەبوو کاریگەریان لەسەر بڕیارەکانی حکومەت هەبوو ، دەستهەلاتی خۆیان بەکاردەهێنا بۆ زیاتر بەدەستهێنانی زەوی کشتوکالی لەسەر هەژمونی جۆتیاران .

ئاغاکان ، موختار ، مولکداری موسلاوی ، سەرکارەکان و بروپاپێکراوەکانیان خاوەن دەستهەلات بوون بە سەر زەوی کشتوکالیەکانی ئاکرێ و دەڤەری گۆرانەتی ، کیشەی زەوی و زاری کشتوکالی ببوو کێشەیەکی سەرەکی لە کوردستان بە گشتی بە تایبەتی لە دەڤەری گۆرانەتی، ناکۆکی بگرو بکێش و نێوان دەرەبەگ و جۆتیاران هەموو لە سەر کێشەی کشتوکالی بوو ، دانیشتوانی گوندەکانی دەڤەری گۆرانەتی بە تایبەتی (العشائر السبعه)ببوونە دوو بەش ، بەشی یەکەم : ئاغاو پس ئاغاو خزمزکەسیان بوون ، بەشی دووەم : کرمانج بوون (جۆتیارە بچووکەکان) ، حکومەت لایانگیری بەشی یەکەمی دەکرد لەبەر هەندێ بەردەوام سەرکەوتووبن .

سەرەڕای زۆری باج و سەرانە نەخۆشی ، کلۆ لە(سالی ١٩٢٦) ، مشك لە (حیشکە سالی )، هەندێ جۆرە بالندە (بەلەزەردە و ڤەتێ و ڤەلەڕەش... ) ، سن و کیسەلە و ئاگر کەوتنەوە و حیشکە سالی کاریگەری لەسەر بەرهەمی کشتوکالی هەبوو ، ئەوانە هەمووی لاوازی کڕین و فرۆشتن و بێ بازاری کشتوکالی وایکرد جۆتیار سست بێت لە کاری کشتوکالی هەندێ جۆتیار گوندی خۆیان بەجێبهێلن بەرەو شارەکان بچن بۆ پەیدا کردنی بژێوی ژیانی خێزانیان .

کەسێك لە توژینەوەیەکی کشتوکالی خۆیدا باسی (رەشید عالی گەیلانی) دەکات بە وەزیری ناخۆی سەردمی حکومەتی (یاسین الهاشم)ی(١٩٣٥/١٩٣٦) سەردانی قەزای ئاکرێی کردبوو بە ئامادەبوونی قائیمقام(مەردان محەمەد) چاوی کەوتبوو بە کۆمەلێك پیاوماقولو ڕدێن سپی دەڤەرەکە ، (مەلا حاجی یەحیا) دەکاتە باپیرەی دکتۆور (عبدالفتاح عەلی یەحیا بۆتان)ی لە

---

٢٨٥ جمبد شوکری ئاکرێ ڤی العهد الملکی لاپەرە(٧٧)چاپی دهۆك سالی ٢٠٠٨

نێوان ئامادەبووان بوو  گەیلانی دەربارەی باری ژیانی کشتوکالی خەلکی ناوچەکە پرسیاری لێکردبوو ، مەلایەحیا ولامی  دایەوە گوتی "کارگێری و بەرێوەبردن لێرە زۆر خراپە ، خەلکی لە ژێر  چەوسانەوەدانە ، مافەکانیان زەوتکراون ، سەروەت سامانیان لە لایەن مولکداران و ئاغاکان فەرمانبەران بە تالاندەبرێت ".

گەیلانی سوپاسی کردو پێی گوت بارەکەللاە بۆ جەنابت نموونەت زۆر بێت ، بەلام ئەو ئاخافتنەی ڕقوکینەی جەنابی قایمەقام و ئاغاکانی هەلساندبوو ، گەیلانی ئاکرێی بەجێهێشت قایمەقام بانگی مەلا یەحیای کردبوو گەفی لێکردبوو بیداتە دەستی دادگا و لە سێدارەی بدەن ، بە قایمەقامی ئاکرێی گۆت : ئەگەر من لە سێدارە دەدەن دەبێ گەیلانی لە سێدارە بدەن چونکە دەستخۆشی لە قسەکانم کرد [٢٨٦]

رێزە ملە زورگی (رێی سەری) کەدەکەوێتە  نێوان هەردوو ناوچەی  بۆتان و دەشتی ناوکوڕ ، زیاتر بۆ بەخێو کردنی مەڕمالّت بەکار دەهات ، لەوەڕگابوو ، ئەو ناوچە زورگاوییە ، کرابوو زەوی مولکی لەمیریدا ، دەیانفرۆشتە خاوەن مەڕومالّتان ، بەرامبەر بە پەنیر و ژاژی و هیزەی روونی خۆمانی ، بەمعامەلە  پێك دەهاتن ، بەلاّم خاوەن مولکەکان مولکی خۆیان لە بەردەلان بۆ ناو دەشت گواستراوە ، ئەوەش لە دوای پەیدابوونی تەرەکتۆر ئامێری سەردەمیانەی زەوی کێلان ، پەیدابوونی تەرەکتۆر هەموو زەوییەکانی لەدەشت و زورگ دەهاتە کێلان ، کشتوکالّ پەرەی ساند کۆی گشتی زەوی لەقەزای  بەردەڕەش  رووبەرِی (٨٩٣)کم$^{٢}$ ، پانتایی زەوی کشتوکالّی بەکەلّك‌و بێ کەلّك بریتییە لە (٣٥٧٢٠٠) دۆنم.

گشتوکال لەدەڤەری گۆرانەتی زۆر بەرهەمدار بوو ،  ناوچەکانی دەوروبەری هەموو چاویان دەبڕییە بەرهەمی  کشتوکالّی دەڤەری گۆرانەتی ، بەتایبەتی دەشتی ناوکوڕ ، بەلاّم کێشەی هەرە گەورەی جوتیارانی مشك بوو زیاتر لەسالّانی کەم باران و حیشکە سالّیدا ، پەندەك هەیە لەزۆربەی ناوچەکانی کوردستان بەلاّوەو دەلّێن :

سالّی١٩٤٩ تەرەکتەر لەقەزای  بەردەڕەش  پەیدابوو ، هێدی هێدی چەند جۆتیاریکی دەولەمەند لەگەلّ یەکدی بەشریکایی تەرەکتەرێکیان دەکرِی  ،  زەوی خۆیان جۆتیارانی دەورووبەریان پێدەکێلا  ، ئەوەش لەیاد نەکەین ، هەندێ لە مەلاّکەکان لەگەلّ موسلاوییان خۆیان تێکەل کردبوو  ، دەهاتن زەوی یان دەکێلا بە نیوە کاری بۆنموونە نایف هەواس مەسلەحەی خۆی هینابوو گوندی گربدەوی بۆ گێلانی زەوی مالّی یونس ئاغای ، پێشهاتنی دەڕاسە ،جۆتیار بە دەوێ داسێ دروونەیان دەکرد ، مەلۆکێش بەقەلاّنگی  سوالەکانی

٢٨٦ دکتۆر عبدالفتاح عەلی یەحیا گۆڤاری (گولان العربی) ژمارە(٥٤) سالّی ٢٠٠٠لاپەرە(٩١)

درووونەکەریان خڕ دەکردەوە سەریەك دەیانکرد بە گیشە ، بەشەغرەی لەسەر پشتێ وولاغی دادەنرا و دەیانهیناوە جۆخینان بەگێرەی دەکوترا پاشان ئامێری جەنجەر پەیدابوو ، بەدوو ولائاغا ن رادەکێشرا جۆخینیان پێ دەکوتا ، سەرەتا قرشە کوتیان دەکرد ، بۆدەرەوەی جۆخین هەڵدەدراوە ، بۆ جاریدووەم هویردە کوت دەکرا رەخیسەکەیان بۆناو جۆخینێ هەڵدەدراوە ، بەراستی کاری کشتوکاڵی وەکو زۆرخانە بوو زێدە گران و زەحمەت بوو ، لەساڵی١٩٥٥ دەڕاسە هاتە دەڤەری گۆرانەتی پەیدابوو ، تەرەکتەر و دەڕاسە کاری کشتوکاڵی زێدە سووك و ئاسان کردبوو ،

**دانەوێلەکانی دێمی:** دانەوێلە کانی دێمی لە وەرزی زستانی دەهاتنە چاندن وەکو ، گەنم ، جۆ ، نیسك ، نۆك ، پاقلە ، رەشکە ، دەرە ، گەنمە شامی ، گژنیژ ، شملی ، گولەبەرۆژە ، جۆتیارانی دەڤەری گۆرانەتی بەروبوومی ساڵانەی خۆیان لەموسل دەفرۆشت و بەپارەکەی پێداویستی خۆیان پێدەکڕی ، یان بە گۆرینەوەبوو ، قەردو قەرداریش هەبوو ، بە تایبەتی ئەو جۆتیارانەی پارچە زەوی شۆ یان وەردی هەبایە ، ئەوە بە بێ منەت قەردیان پێی دەدا ، چونکی دەیان گۆت (وەرد وەلەد) واتە ئەوەی وەردی هەیە هەروەکو کوڕێکی کاسب و ماڵداری کەری هەیە ، یان دەیانگۆت: (شۆ و تۆ و) =(شۆ وت هەبی ، تۆ وت دەبی ) .

سەرەڕای چاندنی دانەوێلەی دێمی زستانی ، شینایی دەهاتە چاندن وەکو : خەیار ، تەماتە ، باميا ، باینجان ، فلفل ، کودی کۆسە ، کودی سۆر ، تقر ، سلق ، گوندۆرەو تەرۆزی ئاوی ، پیاز ، کەڵەم ، پەتاتە ، چاندنی ئەو دەراماتانە برنج و کونجی دەهاتنە چاندن بەتایبەتی لە حاویەکانی قەراغ ئاوی زێی بادینان و ڕووباری خازر ، هەر وەها لەگوندی جوجەر برنجی بەناو بانگ بوو ، جۆگە ئاوێك لە زیلکەی فاخر دەهات سەر بە ناحیەی گرەسێنە ، ئاوەکە هەر لەکۆنەوە زێڕکرڕبوو مولکی گوندی جوجەر بوو ،

بەری شێست ساڵە دەشتی ناوکوڕ بولقەی دەهات لەئاوێ ، چەند جێگا لە هەرچوار وەرزی ساڵێ رووبارە ئاوی لەبەر دەرۆیشت وەکو قورەبەگەکان ، بەستی کشتاوێ ، بەستی شێخ بازیدی جۆمی دوستەکی ، جۆمی پیرچاوشی جۆمی ئامیانێ ، ڕووباری نێردۆش ، بەستی گردەپانی ، بەستی گەویلانێ ، لەو جێگایانە ڕەزی بەری هەبوو ، دارو درەختی چڕ هەبوو ، وەکوو چەم وابوو ، لەو شوێنانە ماسی زۆری تێدا هەبوو ، خەڵك دەچوونە راوە ماسی ،

ئاستی ئاوێ زۆر نزیك بوو لە ڕووی زەوی ، لەزۆربەی جێگایەکان بیری دەستی دوو مەتر بهاتبایە کۆلین دەگەیشتە ئاوێ ، یان ئاوی دست هەڵێنج هەبوو ، بۆکاری کشتوکاڵی یان بەخێوکردنی ئاژەل بەکار دەهات ،

لەساڵی ١٩٥٨ بیری ئیرتیوازی بۆ ئاودانی بەرهەمی کشتوکاڵی لێدرا ، بیری ئیرتیوازی

زۆربوون بەتایبەتی لەساڵانی هەشتاکان تاکو ئەمرۆ  بەردەوام بیری ئیرتیوازی وا دێتە کۆلان  ، لە گوندەکانی دەشتی ناوکوڕ ، ئەوەش هۆیەکی سەرەکی بوو  بۆ دابەزینی ئاستی ئاو ، هەروەها حیشکە ساڵی لە ساڵی ١٩٩٣ ئەویش هۆكارێك بوو  لە دابەزینی ئاستی ئاو ،   پەیدابوونی تەرەکتۆر  هەموو زەوییەکانی لەدەشت و زورگ دەهاتە كێلان ،  كشتوكاڵ پەرەی ساند  ، کۆی گشتی زەوی لەقەزای بەردەڕەش  رووبەری (٨٩٣)کم٢ ، پانتایی زەوی  کشتوکاڵی بەکەڵك و بێ کەڵك بریتییە لە (٣٥٧٢٠٠) دۆنم.

(٢٥٢٣٧٥) دۆنم زەوی  کشتوکاڵی بەکەڵك.

(٢٤١٥٩٦) دۆنم  بۆ  كشتوكاڵی دێمی بەکاردێت.   بەکاردێت    بەکاردێت

(١١٠٨٢١) دۆنم زەوی مولکە.

(١٠٤٠٠) دۆنم+ (١٠٨٨٥) دۆنم بۆ شینایی بەكاردێت.

لە خشتەی خوارەوە ژمارەی جۆتیاران و کەرەستەی کشتووکاڵی لە ناحیەی  بەردەڕەش  ئاماری ساڵی ٢٠٠٢ بەوشێوەیەبوو [٢٧٨]

| سەرژمێری گشتی جۆتیاران ساڵی ٢٠٠٢ لە ناحیەی  بەردەڕەش | | | | |
|---|---|---|---|---|
| جۆتیار | بیری ئیرتوازی | ترمیای ئاو | تراكتۆر | دەڕاسە |
| ٦١٣٤ | ١٧٤ | ٩٠١ | ٦١١ | ٣٣ |

## کەرەستەکانی کاری  کشتوکاڵی :

## ئامێرەکانی هێڕانی دەغل و دان لە دەڤەری گۆرانەتی:

گومان تێدا نیە دەسپێکی ژیانی مرۆڤایەتی لە کوردستان سەریهەڵدایە لەلای شوێنەوارناسان ئەوە هاتیە سەلماندن ، مرۆڤی نیاندەرتال لە ئەشکەوتی شانەدەر مرۆڤەکی گۆشت خۆر بووەو چەندین جۆری گیاو دەخلودان و فێقی بۆ خواردنێ رۆژانەی بكار هینایە  ،  دەسپێكی دروستکردنی شارستانیەت لە ناو دەشتەکان سەری هەڵدایە  ، دەشتی ناوکوڕ سەر بەدەڤەری گۆرانەتی یەکێك بووە لەو دەشتانەبەری ١٠ ، ٠٠٠دەهەزار ساڵ كاری  كشتوكاڵی تێدا ئەنجامدرایە ، شارستانیەتی کۆنی بە خۆیەوە گرتیە ، لە هەردۆل و خرابەیەك شوێنەواری ئاشی ئاو و بەردەدەستاروجۆنی بەرچاو دەکەوێت  ،  ئەوەش ناوی ئامێرەکانی هێڕانی دوغل و دان لە دەڤەرێ گۆرانەتی:

٢٧٨ ـ علی محەمەد سلێمان بەرپرسی بەشی خۆیەتی قائمقامییەتی قەزای بەردەدەرەش.

**(ئاشی ئاو):** ئادەمیزاد لە سەرتای ژیانی تا گەیشتە ئەمرۆ چەندەها چەرخ و قۆناغی ژیانی بڕیوە ، بەردەوامیش لە هەوڵ و خەبات و تێکۆشان بووە ، بە هزری مێشکی و هێزی بازوی ، بۆ دابین کردنی ژیانێکی ئاسوودەو پڕ لە بەختەوەری بۆ خۆی دابین بکات . تاکو رەوڕەوەی شارستانیەتیان گەیاندە سەردەمی گەردیلە وئەتۆم... کۆمپیوتەر و ئینتەرنێت و ستەلایەت...

با کەمێك بگەڕێینەوە دواوە ، بۆ کۆتایەکانی سەدەی نۆزدەم و نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەم ، ئاوڕێك لە ژیانی باب و باپیرانمان بدەینەوە بەر بلاّو بوونەوەی ئامێرەکانی تەکنەلۆژیا لە ناو کوردەواریدا و پێش پەیدا بوونی ئاشی ئاگر ، لە زۆربەی دێهات و ناوچەکانی کوردەواریدا ئاشی ئاو هەبوون ، پاش ماوەی کاولە ئاشەکان شوێنەوارێکی بەڵگە نەویستن.

دوور نییە زۆربەی هەرە زۆری دانیشتوانی شارە کورد نیشینەکان ئاشی ئاویان نەدیتبێ مەگەر لە زاری داپیرە و باپیرە گوێ بیستی ببوون. گومانی تێدا نییە گەڵی کورد داهێنەر و دامەزرێنەری ئاشی ئاو بووە ، چونکە هەر لە کۆنەوە ژیانی خۆی لە ناو دەڤی چیا بەرزەکان و دەوەنی شاخەکان بردۆتە سەر ، بە سینگێکی فراوان هەوڵی داوە خۆی لەگەڵ ژینگەی خۆی بگونجێنێت و مێشکی خۆی خستۆتە گەڕ بۆ زاڵ بوون بەسەر کۆسپ و تەگەرەکانی رێگای ژیانی رۆژانەیان. پێش دروستکردنی ئاشی ئاوی بێ گومان دانەوێڵەکانی خۆیان بە هێزی دەست و شان و ملیان لە نێوان دوو بەردان هێڕایە ، یان لە ناو جۆنی کوتاندیتیان دەستاڕ و دنك دروست بووە دەست بە ئەژنۆ نەوەستاون بە هەوڵ و بیرکردنەوە بوونی کەرستەی گونجاو ولەبار ، مێشکی کورد توانیویەتی ئاشی ئاو دروست بکات بەو شێوەیەی خوارەوە.ناوی، کاولە ئاشەکانی ئاوێ لە گوندەکانی دەڤەری گۆرانەتی هەتا ئێستا شوێنەواری زۆربەیان دیارە ، دوای ئاشی ئاو ئاشی ئاگری پەیدابوو وەکو:ئاشی هندۆکی ، ئاشی مام سەیدی لە بەردەرەشی کچکە ، ئاشی گوندی زەنگەنان .

## کەرەستەکانی ئاشی ئاو :

<u>شوێنی ئاش :</u>

گۆرەپانێکی گونجاو لە نزیك قراغی رووبێك دەستنیشان دەکەن هۆدەیەك دروستدەکەن وەکو نوان ئاش دەکەوێتە تێدا.

<u>کۆتەل(قۆلەئاش):</u> دارێکی درێژی ناو خلۆرەسەری بەرینە بنی تەسك تاوەکوبە تەوژم لە پەروانەی بدات لەجیاتی بیر بوو .

<u>بیری ئاش:</u> بیرێك لە بەردو گێچ دروستدەکەن لای سەرەوەی خانووی ئاش .

<u>پۆسکە</u> :دارتویەکی خلۆرلە شێوەی خلۆر لە بنی بیرەکە قایم دەکەن ئاو ئاراستەی پەروانەکان بکات لە هەندێ شوێن بە پۆزك ناودەبرێت .

<u>خوانە</u> : دارێکە ٢تا٣مەتر درێژە بەردە گۆرە لەسەر پشی قایم دەکەن .

بەردە گۆرە :بەردێکی زێدە توندوقایمە بنی شەفت لەسەری دەسورێت.
تەمۆ (دۆلاب): دارێکە نیومەتر درێژە وتیرەکەی ۳۰سم دەبێت پەروانەی پێوەیە
پەروانە :۲۸ تاکو ۳۰ پەروانە بە دار تەمۆدەبەستن بە شێوەی لاتەریك .
بست:شەفتێکی ئاسنینە ۱م تاکو مەترونیوێك درێژە ، لەبەرداشی سەرەوە قایم دەکرێت .
بەرداشی سەرەوە: سێ پارچەیە شێوەی بازنەییە بە تۆق قایم کرایە .
بەرداشی بنەوە :لە شوێنی خۆی قایم کرایە ناسورێت .
پێی ئاش(مرخە): بۆ عەیاردانی ئاش بەکاردێت بەرداشی سەرەوە(کەتێ سەرەوە) بلّندونزم دەکات.
دۆلەدان :گەنم و داناشی تێدەکرێت .
پۆزدینك: لە بنی دۆلەدان قایم دەکرێت دانەوێلەی دەگواستەوە ناو سۆرینگە.
سۆرینگە :دارێکە جۆگەیەکە گەنمی دەگواستەوە ناو کونی بەرداشی سەرەوە .
چەقچەقە:دارێکە لە سەر پشتی بەرداشی سەرەوە دانرایە .
باراش: ئەو گەنمەی خاوین دەکرا یان دەیانشوشتەوە لە ئاشی دەکرا ئارد .
ئاردکێش:دارێکی پانە ئاردی پێ کۆم دەکەن .
کۆتك(مۆچك): دەفرێکە بە ئەندازەی کیلۆیەك گەنم دەگرێت .
مزە : بەرامبەر هێڕانی هەر وەزنەیەك کۆتکەك لە هێڕاوەکە بۆ خاوەن ئاش بوو پێیان دەگۆت مزە ، ناوی کەوخۆمزەیی لە وەرگرتنی ئەو مزەیە هاتیە .
بۆشیلان : ئەو جۆگەئاوەی لەبن ئاشی دەردەکەوێت ،

## ئامێرەکانی تری هێڕان :

جگە لە ئاش بەو ئامێرانە دەغل و دان دەهاتە هێڕان و کوتان ئەمانەن :
( جۆنی و دەستە جۆنی : هەبوون دانەوێلەیان تێدا دەکوتا ، لە بەرد دروستکرابوون
دەستار: دوو بەردە تاکی بنەوە ناجوولێت تاکی سەرەوە لە سەردەسورێت ، کونێك لە ناوەڕاستی تاکە دەستاری سەرەوەیە دان دەکرێتە تێدا دەستکی هەیە تاکە دەستاری سەرەوە دەسورێنن دانەوێکەی دەهاڕن، جۆنی ، دنگ ، جەنجەر ، گرك ، گێرە ، مێکوتی دار(میرکوت) ، هاون.....
دەرگا :دەرگای گەورەی دوو دەری دروست دەکران بە بزماری فەرەنگی قایم دەکرا ، کلیل و دۆرە یان پێدەخست ، چەند پشکیان بۆ دروست دەکرد ، هەر دۆرەیەك کلیلی تایبەتی خۆی هەبوو پێدەکرایەوە.

## ناوی هەندێ لە زاراوەکانی کشتووکاڵی:

بەیار: ئەو زەویە یە هیج جارێك نەهاتیتە کێلان ، سەرەتا دێتە کێلان خەرتە دەکەن دەبێتە شۆ ، ئەوجە لە کاتی چاندن تۆی پێوە دەکەن ، دەڵێن (ئەگەر هەژاری ، هەرو زگ بەیاری ) .

تۆدان : زەوی گەورە بە بەزارە تۆ دەدرێت ئەوە شێوەی نوێیە ، بەرێ چارۆگیان دەکردە ملی خۆ تۆیان دەکردە تێدا لات بە لات تۆیان دەداو بە جۆت و گا دەهاتە کێلان .

هەنجار: لەهەندە شوێن پێی دەڵێن ئامور لە دوای دوو گا یان هێستر یان دوو کەر رادەکێشرا زەویان پێ دەکێلا دانەوێلەی خۆیان دەچاند .

دروونە : بە داس درونە دەکرا ، لە هەندێ ناوچە بە مەلەغان دەغلودانیان دەدورییەوە .پاشان مەکینە پەیدابوو، خەرمانکۆ هەبوو دەیکردە رەخیس شەنەبا دەکرا ، ئێستا دەرراسە پەیدا بوو

دەستەوا : دوو خێزان لە نێوان خۆیان پێکدەهاتن ، تۆ لومن کار بکە ، منیش دێم بۆ ئێوە

جەنجەڕ: ئامێرێکی سەردەمیانە بوو، لەبەرێ بە وولاغی کێرەیان دەکرد دەغلودانی خۆیان دەکوتا لە نیوەی سەدەی بیستەم جەنجەر پەیدابوو جۆخینی خۆیان پێدەکوتا ،

نیر و کورپەتە: لەسەر ملی وولاغیان دادەنا بۆ راکێشانی هەنجار ، جەنجەر ، بە کار دەهات .

کادین : دوای کوتان دانە با کا لە دانەکە جودا دەبێتەوە ، ژوورێکی تایبەت هەبوو کایان تێدەکرد بۆ زستانێ هەڵدەگیرا ئالیکی ئاژەلەکانیان بوو ، ئەو خانیە ناوی کادین بوو .

جل و بن جل: لە بن نیری دادەنرا تاکو ملی دەوارەکان بریندار نەبێت ،

گاسن : بە سەرێ هەتجاری وەبوو بۆ ئەوەی زەوی شەقبکات .

مەساسە: دەستە دارێکی درێژ بوو سەرێکی پارچە ئاسنێك پێوەبوو سەرکە هەنجاریان پێخاوین دەکرد ، سەری دووەم بزمارێك لێچەقیابوو وەکو زختە بەکاردەهات بۆ لێخورینی وولاغەکانیان

دەست هەندو : بە سەرکە هەنجاری وەبوو جۆتیار دەستی پێوەدەگرت بۆ ئاراستە کردنی هێڵی جۆتکردنی ،

نیر : دارێکی قەوی درێژە بە ئەندازەی یەك مەتر زیاتر دەبێت ، جار کونی تێدایە ،

دار کلاوە : ژمارەیان ٤ جار دارە دەخرێتە ناو کونەکانی نیر بۆ قایم کردنی جلەکان بەکار دێت

دۆسە: دارێکی نیمچە بازنەییە بە سیرمە لە ناوەڕاستی نیر قایم دەکرین سەری مژانە دەکرێتە تێدا .

مژانە : دارێکی درێژە دەکەوێتە نێوان سەرکە هەنجار نیری سەرملان دەچێتە چەند کونێك تێدایە بۆ عەیار دانی دەکرێتە ناو دۆسە .

سەر مژانە : دارێکی بچکۆلەیە بستێك درێژە سەرێکی بە گرێیی ، کاتی سەرمژانەی دەکەنە ناو دۆسە سەرمژانەکە دەکرێتە ناو یەکێك لە کونەکانی مژانە سەرمژانە قفل دەبیت .

گاسن : لە ئاسنی دروست دەکرا ، تایبەتە بە هەنجار دەکرێتە تۆپی بنەوەی هەنجار بۆ شەقکردنی زەوی بەکار دێت لە کاتی  کێلانی زەویدا  ،

تۆق و بستی : تۆپی سەرکە هەنجار پیٚ قایم دەکرێت

شەغرە:  چاردارە رێککخرایە دەخرێتە سەر پشتی وولاغ بۆ کێشانی دەغلودان بەکار دێت

زەنگولە :  دارێکە لە شێوەی نیمچە بازنەیی چەمایتەوە دوو زەنگولە بە شەغرەی وەیە بە شەغرە وەیە بۆ بەستنەوە بەکار دێت  ،

قادە :دارێکی چەماوەیە بە گوریس لە پێچکەی شەغرە قایمکرایە ، شەغرە دوو قادەی هەیە .

بەنقادە : گوریسێکی درێژە زەنگولە پێوەیە کات شەغرەی باردەکەن سەری بەنقادەی لە قادەی دەهێنەدەر ئەنجا سەری بەنقادەی دەکرێتە ناو زەنگولە تووند رادەکێشن گریٚ قولفەیەك لێدەدەن شەغرەی قایم دەبێت  ، هەندیٚ جار باری شەغرەی تێکدەچوو دەیانگۆت (شەغرەی زایایە ) .

قەیناغ : لە کاتی دروونە چارپەنجەی دەست بێجگە لە پەنجەی گەورە قەیناغ دەکرا  سەر پەنجەکانی بۆ ئەوەی لە کانی دروونە کردن درِك و ستری لە پەنجەکانی رانەچێت  ، هەروەها سوالەی دروونەکەری گەورەتر دەبوو  ،  قەلعە  ، خاکە ناس  ،  پیٚ مەرِە .

زەرگال :جۆرە پێلاویك بوو لە چەرمی گای دروست دەکرا .

کلاش : بنی پەرِۆ یان لاستیك بوو سەربان بە بەنی خوری دەچنی

کورتان:  ، زین و مەعرەگە  ، پاشەزین  ،

گوریس  ، کەژی  ، بەنقادە ، موو و خوری دەهاتنە رستن دەیانکردە بەن و ریسی دەیانهۆندەوە ، گوریس  ، کەژی  ، بەنقادە یان لێدروست دەکرد ،

وەرد :  دووسالٚ لە سەر یەك بکێلیت بەلاٚم هیچ لێنەچێنیت ناوی وەردە .

بەردانەوە : زەوییەك پەرێزە بۆسالٚی  پاشتر بارانێك لێدەدا  تۆی خۆی ئەوەی پار لە کاتی درۆۆنە وەرایە شین دەبێتەوە ، جۆتیار هەیە بە بیٚ کێلان یان هەندیٚ تۆ بەو شوێنانە دادەکات کەم لیٚ شین بیە لێدەگەرێت .

رِەشکە :  تۆرێکی ئاساییە لە مووی بزن دروستدەکرێت  ، کای پێدەکێشن .

باراش:  (بار + ئاش )گەنمی سۆر بە جوالی کرداری دەبەنە ئاش دەکەن بە ئارد .

داناش:  لە کۆنەوە گەنمی جۆری ئیتالی باشترین گەنم بوو بۆ درستکردنی داناش ( ساوارو برۆش و گەنم کوتاو ئارد.....  )

لقات : تۆی پاقلە یان نۆك قل قل بەردەدەنەوە ناو خەتی جۆتکردن .

## ئەم کەرستانە بۆ پیوانی دەغلودان بەکاردەهات:

تەغار: بیست وەزنە یە لە سۆران بە عەلبە ناودەرێرێت .

وەزنە : دوو عەلبەیە لە سۆران دەکاتە دوو ڕبە

عەلبە : واتە رببە دەکاتە ٣سێ فترە ، فترە : دەکاتە سێ مست

چاڵ: پایزان پێش باران بارین هەر جۆتیارێك دەغلی زیادی هەبایە لە نزیك ماڵی خۆی چالێکی لێدەدا گەنمی دەکردە تێدا بۆ کاتی پێویست چالی دەشکاند .

لەودە : پێشی باران بێت هەر لە جۆخینان کای دەکردە کۆمەل ، قرشەی بەسەردادەکرد و سەری بە قوڕدەگرت لە وەرزی زستان لە بەرڕا دەیاندا ئاژەلەکانیان .

سەپان: کەسی دەولەمەند دەستی کاری نەبایە کەسێکی بە کرێ دەگرت بۆ ماوەی ٦شەش مانگ کاری هەڤارو ناوماڵی پێدەکرد، بەنرخێکی کەم چەند وەزنە گەنمێك یان پارچە شکارتەیەکی بۆی دەچاند، سەپان شەرتی هەڵاتبایە خاوەن ماڵ کلاش و گۆپالەکەی لێی دەساندەوە .

شەقڵ : وەکو ختمی ئێستایە ، دارێکی لاکێشەیی بوو بە قەبارەی کتێبێکی ئاسایی بوو ، رووی بنەوە نەخشێکی تایبەتی تێدا هەڵکەنرابوو لە شێوەی زەخرەفە ، لای سەرەوە دەستکی هەبەبوو لە دەست شانەی گوندی بوو ، شانە دەچوو جێزی هەندێ جۆتیاری بەو شەقلە مۆر دەکرد خەتمی خۆی لێدەدا ، تاکو شانە هاتبایا رەزامەندی دەدا جێزەکەی بڕبکەن لە دەیان یەك تاپۆی بۆ ئاغایدەردەهینا ، لەگەڵ پێوانی جێز زەکات دەدرا لایەکی.ناوی هەندێ .

# باسی سێیەم : ئاژەڵداری

ژیان و کاروکاسبی زۆربەی خەڵکی کوردستان پێش نیشتەجێ بوونی خەریکی کاری ئاژەڵداری و بەخێوکردنی مەڕومالّت بوون ، لە گەڵ کاری کشتوکاڵی بەشێوەیەکی سادە ئەنجام دەدرا ، بەرێ لەناو خانی کۆخ دەژیا ، بەخێوکردنی مەڕومالّت کارێکی ئاسان نەبوو ، هەموو ئەندامانی خێزان بە شەو ورۆژ خەریکی بەخێوکردنی مەڕومالّت بوون .

سەرەڕای هەندێ دەبوایە گەرمیان و گوێستان بە مەڕو مالّت بهاتبایە کردن ، هێدی هێدی پەرە بە کاری کشتوکاڵیدرا و ژیانی نیشتەجێ بوون یدابوو ، دەڤەری گۆرانەتی زۆر دەولەمەندە بە لەوەڕگا و سەرچاوەی ئاو ، بۆیە لە بارو گونجاوە بۆئاژەلداری ، بەتایبەتی ناوچە زورگەکان ، کاری کشتوکاڵی و ئاژەڵ بەخێوکردن لەتەك یەك ئەنجام دەدرا ، وەکو (مەڕ ، بزن ، چێل ، کەر ، ماین ، هەسپ ، سەگ ، کوێریشك.....) بەخێوکردنی ماینو هەسپو بارگین و کەر و گا زیاتر بۆ گواستنەوەی بەرهەمەکانیان بوو لە هەڤاری بۆ ماڵێ یان لەماڵێ بۆ بازارەکان ، جونکی بەرێ تورومبێل نەبوو ، تەرەکتۆر سیارە پەیدابوو ئاژەل بەخێوکردن کەم بۆوە ، مەڕومالات گەلەك زۆربوو ، ماڵ هەبوو مێگەلە مەڕی هەبوو بەتنێ شوانی خۆی هەبوو ، هەبوو چەند ماڵێك شوانەکیان هەبوو، دەیانگۆت حەیوانی خۆی بە چکۆدایە ، ماین و هەسپ و بارگین دەهاتە بەخێو کردن ، هەر ماڵێك ماین و هەسپی هەبایە لەجیاتی سیارەی ئەمرۆکە بوو ، بۆ سەفەر کودن و سەرەدان بەکار دەهات ، جۆتیاوەکان بەتایبەتی ئەوانەی ماین و هەسپ و هێستریان هەبایە ، لەبەر دزی کردن ماین و هەسپ و هێسترەکانیان لە پاش هۆدەی نووستنیان دەبەستایەوە ، خانی تایبەت دوروست دەکرا ، دەرگای تەوێلەی ولاغان لەناو هۆدەی رونیشتن و نووستنیان بوو ، بەشەو بۆنی تەرس و میزی وولاغان دەهات .

هەروەها پەلەوەر بەخێو دەکرا وەکو (مریشك ، کەڵەباب ، سۆنە ، مراوی ، قاز شامە و کوتر. جۆتیارسوودی لەبەرهەمی ئاژەل و پەلەوەر وەردەگرت ، لەکاتی پێویست هەندێ لە بەرهەمەکانی خۆی دەفرۆشت و جل و بەرگ یان پێداویستی ناو ماڵی پێدەکڕی ، هەرچەندە کاری کشتوکاڵی و بەخێوکردن ئاژەڵ بەشیوەیەکی تەندروست و زانستییانە نەبوو ، بەلکو بەشیوەیەکی رەمەکی بوو ، سەرەڕای هەندێ بە پیت و بەرەکەت بوو ، هەر چەندە بنکەی تەندروستی بۆئاژەل و پەلەوەران نەبوو ، زیاتر لە هەشتا گوند سەر بە قەزای بەردەڕەش دەبیت پیشەی سەرەکییان کاری کشتوکاڵی و بەخێوکردن ئاژەڵە. مەڕومالّت گەڵەك زۆربوو ، ماڵ هەبوو مێگەڵە مەڕی هەبوو ، خشتەی ئاماری مەڕومالّت و پەلەوەر لە قەزای بەردەڕە ش :

| ساڵ | پەز | بزن | چێل | پەلەوەر | دەوار |
|---|---|---|---|---|---|
| ٢٠٠١ | ٥٨٣٠٧ | ١٤٢١٤ | ١٤٠٤٥ | ١٥١٥٨ | ٤١٨ |
| ٢٠٠٧ | ٥٦١٢٧ | ٩٧١٤ | ١٠٢٣٤ | ١٢٦٩٠ | ٣٤٠ |
| ٢٠٠٨ | ٢٥٠٠٠ | ٥٠٠٠ | ١٠٠٠٠ | ٢٠٠٠٠٠ | ٣٠٠ |
| ٢٠١١ | ٤٥٠٠٠ | ١٠٠٠٠ | ٤٠٠٠ | ١٠٧٦٩ | ٣١٥ |
| ٢٠١٢ | ٦١٢٤٤ | ١٢٥٠١ | ٢٠٣٧ | ٩٦٥٥٠ | ٢٩٧ |

شوانی خۆی  هەبوو ، هەبوو چەند ماڵێك شوانەكیان هەبوو  ، دەیانگۆت حەیوانی خۆی بە چكۆدایە ، هەر ماڵێك ماین و  هەسپی هەبایە لەجیاتی سیارەی ئەمرۆكە بوو ، بۆ سەفەر كردن و سەرەدان بەكار دەهات ، جۆتیارەكان بەتایبەتی ئەوانەی ماین و  هەسپ و هێسترِیان هەبایەلە دەولەنەدەكان بوو ، لەبەر دزی كردن ماین  لە پاش هۆدەی نووستنیان دەبەستایەوە ، خانی تایبەت دوروست دەكرا  ، دەرگای تەوێلەی وولاغان لەناو هۆدەی  نووستنیان بوو  ، بەشەو بۆنی تەرس و میزی وولاغا ن دەهات  ئاماری سامانی ئاژەلی لە قەزای  بەردەڕەش ([٢٨٨])

## ناولێنانی ئاژەلەكان بەپێی تەمەنیان :

**ــ مەڕ** : لەتەمەنی یەك ساڵی پێی دەگۆترێ بەرخ بە زنجیرە دیار دەكەین.بەرخە نێرـ كاوڕـ شەگ ـــــ خرتـــــ ـــــ بەران. كەبوو بەبەران بۆ ماوەی سێ ساڵانپەسند دەكرێت لەناو مێگەڵ بمێبێتەوە دوای سێ ساڵی بەكێڵ ناهێت. بەرخەمێ ـ كاوڕـ بەردیل ـ مەڕـ سەرەمەڕ بەرخی نێر(یەك ڕۆژی تاكو شەش مانگی) ،    كاوڕ  (یەك مانگ تاكو ساڵێك) ،
شەگ(یەك ساڵی تاكو دوو ساڵ) ،        هۆگج  (دووساڵی تاكوسێ ساڵ) ،
خورت یان قەرت (لە تەمەنی سێ ساڵ) ی سەرەوە پێی دەگۆترێت (بەران) ،  دوو جۆرە مەڕ لە كوردستانێ هەیە مەڕی عەرەبی(عواسی) و مەڕی كوردی  ،  مەڕی گوردی دەبیتە دوو بەش مەڕی كۆچەری ومەڕی كۆچەری حەمدانی .

### (ناوەكانی مەڕ) :ــ

١-كەویسار: دەوو چاوی سپی یەو قنجی رەشی تێدایە.
٢-عەپسە:پێشەوەی دەم و چاوی هەندی ناو لەپێك رەنگی رەشە.
٣-شەگرە: هەردوو لاگوێی سۆرە و خەتێكی سپی لەنەوچەوانی هەیە.
٤-كوڕ:درێژی گوێی مام ناوەندیە نیوەكەی كورتە.

٢٨٨ ـ مامۆستا مەڕوان صالح میكائیل ، تۆژینەوەیەك لەسەر (شارۆچكەی  بەردەڕەش ) بۆ بەدەستهینانی بڕوانامەی بەكالۆریۆس لە كولیژی ئاداب هەولێر

٥-کەڕ: گوێی پێوە نیە کەمێکی بچوکی لێ دیارە . ٦-تالە: سەرو چاوی رەش و قاوایيە

٧-کەژ: سەرو چاوی سۆرە. ٨-سیس: سەرو چاوی سپی و سپی یە.

٩ـقاژ : سەرو چاوی سپی و پنك پنکی رەشی تێدایە.

١٠-غەر: نیوەی سرمووی سەرو چاوی لەگەڵ بنەوەی رەش و سپیە ، یان رەش و سۆرە.

١١-سەر رەش: سەری رەشە تاکو سەر ملی. ١٢-بەلەك : دوو رەنگیيە ،

١٣-عەپسە:لارەش و سپیيە. ١٤غەرە شەکرە: لاسۆرو سپیيە

١٥-حەمدانی: گوێی درێژە. ١٦-شینکە: رەنگی شینی کۆتری یە.

١٧-تەشین: سەرو چاوی شینە. ١٨-تەزەرد: سەرو چاوی زەردە .

١٩-کەلین: مەڕی سەر بەشاخ. ٢٠-دوعوم: دەوی رەشە. ٢١ -ئەرقەم: رەنگی تەحینییە.

٢٢ـ رەسەر: سەرو چاوی سپی یە و پنك پنکی ڕەش لە سەرچاو و گۆی هەیە

رەسەر شین : بەکچکەیی دەموچاوی شینە کە کەورەبوو بۆر دەبیت .

رەسەر زەرد : دەمو چاوی مەیلەو زەردە و خوریەکەی سپی یە .

٢٣ـ سەر بە پورد یان سەر بە کلاو : خوری سەری وەکو کلاو بڵند بیتەوە .

٢٤قولە :دەم و چاو خوری سۆر ، جۆررەکانی قولە تال ، قولە سیس ، قولە مس سیس و تال

٢٥ـ قەمەڕ: هەموو مەڕی سپی پنی گەورەی رەنگ قەهوائی لە لەشی هەبیت.

٢٦ـ کەڵەبەش : مەڕی بەشاخ و ناوچەوان سپی

٢٧ـ تەبەش :دەموچاوی ڕەش و سپی .

٢٨ـ کەویسار : دەمو چاوی دوو ڕەنگی خوری شین و سپی تێکەل . [٢٨٩]

**ــبزن** : بێچووی بزن بە کار ناو دەبرێت کار تەمەنی ببێتە یەك ساڵ بە (گیسك) ناو دەبرێت، دوو ساڵی پێی دەڵێن (کور یان کویر) سێساڵی بە(سەیس) ناو دەبرێت لە زۆر شوێن پێی دەڵێن (تەگە) چوارساڵی پێی دەڵێن (قەید). هەروەها ٤ چوار ساڵی بە ١یەك قەیدە دەناسرێت ٥پێنج ساڵی ٢دوو قەیدە ٦ شەش ساڵی ٣سێ قەیدە. تەگە هەتا سێ قەیدان پەسندە تەمەنی بگاتە ٧ حەوت ساڵی بەسەرەوە پیردەبیت لەناو مێگەلی بزنان پەسند ناکرێ. سێ جۆرە بزن لەدەڤەری گۆرانەتی قەزای بەردەڕەش هەنە: ١ـ بەزنی کوردی ٢ـ بزنی خۆماڵی ٣ـ بزنی شامی ٤ـ بزنی مەڕەزی(جویر). ٥ـ بزنی سعودی

---

٢٨٩ ـ یاسین حسن گۆران (کەڵەپوورنامەی کوردەواری) چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیری ٢٠٠٩ هەولێر (بەدەستکارییەوە)

**(ناوەکانی بزن) :**

١-بزنێ کۆل: بزنی سەر بێ شاخ.            ٢-پۆش:  سپی پنك پنکە و گوێی بەلە پۆش .

٣-پۆشی گۆ بەل: پۆشی شاخ قیت. ٤-مس: دوو خەتی شپی بەناو هەردوو لاچاوی دا هەیە.

٥ـ کال: گوێی با لولەکی خواردییە.            ٦-بەلە کال: رەنگی دەم و چاوی تەحینییە.

٧-بەلە: گوێی بەل و باریك و موویتەیە.    ٨-سپی: رەنگی سپییە.

٩-کۆلە سپی.یان کۆلە رەش. کۆل  واتە بزنی (بێ شاخ).

١٠-شاخ قیت: بزنی شاخ قیت(دوو شاخی قیتی هەیە).

١١-شاخ بەلوول: شاخی لوولی خواردبێ.   ١٢-مەڕەز: سۆرو سپیو سیسو زەردی هەیە.

١٣-دوڕە: نەمەڕەزە نە عادییە واتا زڕ مەڕەز.

١٤-غەر: دەم وچاوی سپی یە.            ١٥-قیتە: دوو شاخی قیتە

١٦ـ قلیچ : بەو بزنە دەگۆترێ شاخێکی قیت بێت شاخی دیکەی خواربێت.

١٧ـ قۆچ سۆر:  بزنی شاخداری ڕەنگی سۆر .قۆچ شین و قۆچ سپی هەنە.

١٨ـ گولینگدار: بەو بزنە دەگۆترێ دوو گولینگ لەبن ملی هەیە .

کەمەڕدار: بەو بزنە ڕەشە دەگۆترێت  خەتێکی  سپی لەسەر لەشی هەبێت.

١٩-گۆردی رەش: کۆل و بێ شاخە ، رەنگی رەشە. ٢٠ـ گۆمیت : هەردوو گۆی بچووك و قیتە.

بزن بە گۆێرەی ڕەنگ:  (بازی و بەلەك ، ڕەش ، سپی ، شین تالە ، کەژ ، مجاخ ، مس )

بزن بە گوێرەی گۆی گوێچگ(گۆردی ، بەل ، قوتە ، پان ، درێژ ، مویت ، )[٢٩٠]

**ـ چێڵ :**   جۆرەکانی : کوردی ، فریزی ، کوردی فریزی

١-یەك سالّی پێی دەگوترێت گۆلك گۆلکێ سالّییە(گۆلکی یەك سالّی)

٢-دووسالّی(کەندۆ)یە .   ٣ ـ سێ سالّی(جوانەگا) سێ سالّ و سەرەوە پێی دەلّێن(گا)

٤-چـوار سـالّی(گا)حەڤە جۆتە لەبن نیری دەبەسـتن بۆ زەوی کێلان بەسـنددەکرێت لەتەمەنی چوار سالّی بە یەك سالّی بەندە ناو دەبرێت.

٥پێنج سالّی بە ٢دووسالّ بەندە .    ٦شەش سالّی بە٣سێ سالّ بەندە٧حەوت سالّ بە ٤چوار سالّی بەندەی پێدەلّێن .

دوای چوار سالّ بەندی هێزو شیانی گایەکە بەرەو کزی دەچێت .

گۆلکە مێ-کەندۆ-مێنگوین یان مێگوان-چێڵ- دەبێتە  سەرە چێڵ.

---

٢٩٠ ـ یاسین حسن گۆران (کەڵەپوورنامەی کوردەواری) چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیری ٢٠٠٩ هەولێر (بەدەستکارییەوە) .

**ـــ ناوی سەگ:** گوجیله ـ سه ـ سەگی نێر گەوره بیت پێی دەڵێن (گەمبۆل) ، سەگی مێ گەوره بیت پێی دەگرترێت (دێله)سه. سەرەڕای ئەمانه دەواروهێسترو بارگین وهەسپ وماهین و کەرو ماکەر هەنه .

**چەند زاراوەیەك :** دانەبێر:دوو سەر بێری دادەنیشن پشتیان له حەیوانەکانی شیریان هەیه ، کەسێك یان دوو کەس بەرامبەر هەردوو بێریوان راوەستانه بۆ گرتنی حەیوانەکان بۆدۆشن .

دووبێر: ڕۆژی دوو جار دەچوونه بێر بۆمەبەستی حەیوان دۆشین دانی سوبانێ و دانی هێوارێ قسر یان دەڵێن (ستێویر) : مەڕ ، بزن ، چێل ئەگەر سالێك نەزێت دەڵێن ئەو ساڵ (قسر)ە

تەڕەزای : تازه حەیوان بزێت هێشتا شیری دەبیته فرۆ دەڵێن تەرەزایه

لەسەرگوانه : ئەورو یان سبەی مایه بزێت نەبان: حەیوانەك بزێت ، بەچکەی خۆی نەوێت

گزمك : دارێکی بچووکه هەردوو سەری دارەکه به بەن بەسترایتەوه دەخرێته ناو دەوی کار یان بەرخ ، بۆ ئەوی نەتوانی گوانی دایکی بمژیت .

هەوێز : به شەوان حەیوان دەهاتەوه پەڕێ ماڵن دەنووستن ، جێگای نووستنی شوان له ناو حەیوانان بو بۆ چاودیری کردنیان ئەو شوێن پێیدەگۆترا هەوێز .

بازبەند: بەنێکی درێژه ، هەردوو سەری قوفلانه یه لەکاتی شوان بەشەو له هەوێزێ لەناو مێگەڵی مەڕی دەنویت سەرێکی بەنەکەی له دەستێ خۆ دەئالێنیت سەری دیکه له پێی نێری یان بەرانی دەئالێنی هەرکاتێ حەیوان له هەوێزێ بڕوات ، شوان هەشیاردەبێتەوه .

کادین : خانیه تایبەت بوو بۆ کا تێکردن ، بۆ وەرزی زستان بەکاردەهات .

گویدار:له وەرزی پایزدا پەلکی دار چولی له سەر یەك کۆدەکرێتەوه له وەرزی زستان هەرجارهەندێك دەهاوێنه پێش حەیوان .

شەوین: چەراندنی مەڕومالْت به شەو ، زستانان شەو دێژه .حەیوان پرسی دەبوو دەبوایه له نیوەشەو بەولاوه دەیانچەراد دەبی کەسێك لەگەڵ شوان بایه بۆ شەوین.

ریسی: لەوەرزی بەهارێ کاتی گیا پیر دەبیت دەدورنەوه دەکەنه گلۆلەی مەزن ووشك دەکرێتەوه بۆ زستان وەکو ئالف به ئاژەلان دەدەن .

دێی ریسی : گیا دەدورنەوه له دەوری دارێك دەئالێنن و کۆمدەکەن هەندێ جار به نایلون سەرپۆشی دەکەن و درکوسترِی لەدۆری دەئالێنن یان پەرژین دەکەن تاوەکو پارێزراو بێت له زستاندا به ئاژەلەکانیان دەدەن .

هەروەها (بەردەبێر و خوێ دان )هەبوون .[291]

[291] بەسوپاسەوه پێزانین له شوان و خاوەن مەڕەکانی هەندێ له گوندەکانی دەڤەری گۆرانەتی وەرگیرایه .

# باسی چارەم

## پیشە دەستکردەکانی کۆن :

هەر ناوچەیەك تایبەتمەندی خۆی هەیە لە دروست کردنیپیشەکانی دەستکردی کوردەواری ، لە سەرتاسەری گوندەکانی کوردستان پیشەسازی پیشکەوتوو کەمە ، زیاتر پیشەی دەستکردی خۆماڵییە ، دەتوانین پیشەکان پۆلین بکەن بەم شێوەی خوارەوە :

### پێداویستییەکانی ناوماڵ:

هەمبانە : لە پیستی حەیوانی هوردە دروستدەکرا داناشیان دەکردە تێدا بۆ کاتی پێویست. هەمبانە دروست دەکرا بۆ دوو مەبەستان ،

ا ـ داو داناش ودانەوێلەی خۆیان تێدەکرد بۆ رزقی ساڵێ خێزانیان ،

ب ـ هەمبانە دروست دەکرا لەبن کەڵەکێ دادەنرا بۆ گواستنەوەی کەلوپەلەکانیان ، لەناو ئاوێ لە شوێنێك بۆ شوێنێکی دیکە ، لەجیاتی جوپی ئێستا بەکاردەهات ، ٢٠تا ٥٠هەمبانەی لەبنی قایم دەکرد بۆ ئەوەی باری زۆری لێباربکەن .

تفایە یان قویناورگ : ئاگریان تێدا دەکردەوە بۆ گولاندنی خواردنەکانیان ،

تەندوور: لە قوڕەسۆر دروستدەکرێت بە ئاگر سۆریاندەکردەوە تەندووریان دەبرژاند .

حەسیر :ئافرەتی کورد بەوولاغی دەچوون حەسیریان لەقوڕەبەگی یان لە ئاوی زێو خازری حەسییان دەدووری دەیاهیناوە ماڵێ ، بن یان بۆی دەچنی و حەسیریان تێدا دەهۆندەوە ، لە جیاتی بەڕەو رایەخی لە سەری دادەنیشتن

تاتی : لە لوای بەرخێ دروست دەکرا، زیاتر کەسانی فەڵە گوند بە گوند دەگەڕان تاتی و تەکەڵەیان بۆخەڵکی دروست دەکرد بەپارە یان بەشتی تر بوو ،

لاندك :هەندێ وەستا هەبوون لاندکیان دروست دەکرد ، بۆمندالانی ساوا تێدا بخەون ، لە گوندان دەگەڕان دەیانفرۆشرت .

دێدی :لە دوای لاندك لە داری دێدییان دروست دەکرد ، پاشان کارگەکان لە ئاسنی دروستیان کرد ، لە بازاری دەفرۆشرا ، ، پێش دروست کردنی تەختی دار تەرواله دروست کرا ئەندامانی خێزان لە سەری دەنووستن ،

تەختی دار :هەندێ کەس لەگوندەکان نەجار بوون تەختیداریان دروست دەکرد تاکە کەسی ودووتەختەیی خێزان هەمووی لە سەری دەخەفتن ، جۆنی ، دەستار ، ئاشی ئاوێ لەکتێبی کەڵەپور نامەی کوردەواری بە درێژی باسی ئاش کرایە ،

دنگ : بۆ کوتانی ساوار و بروش بەکاردەهات لەدەوری ساڵی بیستەکان پەیدا بوو ، ستێرك: دروست دەکرا داناش و نوین لەسەر دادەنرا ، هەر وەها مەرکەب ، تەبەقۆر، مەرکەبۆك ، قەرتاله ، دەست قەرتاله ، ئەوانە هەمووی لەشوارکی داری بی دروست دەکران ، له گوندەکان هەندێ ئافرەتی دەسترەنگین، یان زەلامی شارەزا دروستیان دەکرد،

بەردە سێل: له ناوەراستی ناومالّی خانی دانیشتنیان، دوو بەردیان دادەنا پارچە تەنەکەیەکیان لەسەر دوو بەردەکە دادەنا ئاگریان لەبنی دەکردەوە ، ئەندامانی خێزان ئەگەر مێوانیش هەبایە ، دەورەیان له ئاگرەکە دەدا ، سەرگین و قشپل و کویزر وەکو سۆتەمەنی بە کار دەهات ، ژووری خانییەکە پری دووگەلّ دەبوو چاو چاوی نەدەدیت ، هەر له وێ دەنووستن .

سۆپەی بەبۆری : هەندێ وەستا پەیدابوون ، سۆپەیان له تۆتیا دروست کرد بۆریان تێدەگرد لەسەر بانی خانیەکە دەردەهات ، بۆ دەرچوونی دووکەڵەکە بۆ دەوەوەی خانی، دووکەل لەژووری نەدەما گەرم و خاوینتربوو ، تاساڵی هەفتاکانئەوهابوو ئەوجە سۆپەی دیجلەو و عەلائەدین پەیدانوو بە نەفتی سپی کاری دەکرد ، ئەنجا جۆرەها سۆپە پەیدابوو ، تاکو گەیشتە ئێرکوندیشن و سپلێت ....

سەماوەر : هەرماڵەك کەیفی بە خۆبهاتبایە سەماوەری بە رەژووی هەبوو بۆ چایە لێنان .

جەرك و شەبك: بۆ ئاو خواردنەوە بەکاردەهات .

مەسینە:له تونج یان صفر دروستدەکرا بۆ چوونە سەراوو دەستنوێژ ستاندن .

دەنە: هاوینان ئاویان تێدەکرد سارد دەبوو بۆ دوەیانخواردەوە ،

ستێرك : هەموو ماڵێك ستێرکی له خانوویەکی تایبەت دروستدەکرد ئازووقەی له سەردادەنا.

کوندەلان: هاوینان له لایەکی حەوشەی کەپرێکیان دروست دەکرد تایبەت بوو بۆ کوندەی ئاو. تاکو بەیانی ئاوەکەی سارد دەبوو دەیانبردە سەر کاری رۆژانەیان .

دێمکە : لەچادر دروستدەکرا ئاویان تێدەکرد هاوینان له سەربانی بە دارێك هەڵیاندەواست.

هیزە : له پیستی حەیوانی دروست دەکرا خۆشیان دەکرد ، روونیان تێدا هەڵدەگرت .

گۆسکە : رەنگی کەسك بوو روون و قاورمەیان دەکردە تێدا ، یان ترشیان تێدا دەگرتەوە .

پێخەو یان نوینی خەوتنێ : دۆشەك ولێفە لەخوری و لۆکە دروست دەکران ، تەشکەبەر ، بەرماڵ ، لەدوای جاجم و لاکێشی بەن دروست دەکرا ، تەندوور و تفایە ، ئەوانە هەمووی بازرگانی پێدەکران ، هەر یەکە بە نرخی خۆی دەفرۆشرا ، مەشکەو هەمبانەو کوندەو شیرمەشك :له پیستی مەر وبزن و وولاغ رەش دروست دەکران ، بۆ هینانەوەی شیر له هەڤاری .

گێسك: گێسکە شوانەو گێسکە کرتی و گێسکە گەز دروستدەکرا .

مەشکە :  مەشکەی کچکەو گەورە هەبوو بەپێی پێویستی ماڵەکە  ، ئاژەلدار  دەبی مەشکەیان مەزن بایە  ، بۆ ژاندنی ماستەکانیان ، کەرەو کەشك ونیڤشکیان لێ دروست دەکرد

ڕەشکە : لە شێوەی تۆرب ە مووی بزن دروستدەکرێت .هەروەها شیر مەشك ولۆلەپ و ناودۆك کوندەو هیزەو مەڕکەب و قەرتالەو سەبەتەو تلیانەوهێلەگ و بێژینگ سەرەندو کەندوو و تەندوورو تفایەو کالك وزرگال وکلاش و کورتان و جوالی کرداری و زین و پاشەزین لە ماڵن یان لە لای خاوەن پیشەکان دروستدەکرا .

تەرواله: لە خانووی نووستن چەند دارێکیان دادەنا هەڵاشیان دەهینا وەکو زەل و مێکوك بە شینی لە سەر دارەکانیان دادەنا پێخەوی خۆیان لە سەر رادەهێخست شەوان لە سەر دەنووستن.

مەڕکەب: لە تەڕە شووی داربی دروستدەکرا ،  شیریان لە بن هێوێن دەکرد  ،  یان خواردنیان لە بن دادەنا بۆ ئەوەی پاراستیبیت لە پشیلەو پەلەوەری ناومالّ  ، مەڕکەبۆك هەبوو بچووکترە

قەرتالە : لە شووی دار بی دروست دەکرا مام زێبار دوو قەرتالەی تەژی فێقی دەکرد لە پشتێ وولاغیان باردەکرد دەیاهینا دەڤەری گۆرانەتی بە دەغلودان دەیانفرۆشت پێگۆرکێ پێدەکرا .

لە هەندێ ناوچە بە قەرتالە پاشەڕۆی ئاژەلەکانیان پێ فرە دەدا سەر زبلدانێ یان سەرریخ ، سەویە ،  چێنکە ،  سەلکە  ،  دەستە چن: لە هەرناوچەیەك ناوێکی تایبەتی خۆی هەیە ، لە شێوەی زەنبیلی دەستە لە شوارکی دار بی دروستدەکرا، ٣تا ١٠کێلو فیقی دەگرت بۆ دیاری بەکاردەهات، لە کۆنەوە مام زێبار چووبایە هەرماڵەکی ئەو سەویە فێقیە بۆ ماڵی خانوخۆی دەبرد، چێنکە یان دەستە چن لەکاتی رەزچنبن بەدەستیان دەگرت فێقیان دەکردە تێدا .

ناڵبەندی: هەر کەسێك ماین  و  هەسپ  و هێستری هەبایە  ، ساڵێ جارەك دەبی هەر دوو دەستی واتە هەردوو پێی پێشەوەیان نالدەکرد، لەبەر ئەوەی سمی درێژ دەبوو سەتمەی دەکردو بەردەبۆوە ، یان بنێ پێی بریندار دەبوو  ، دەبوایە ساڵی جارێك ماین وهەسپ و هێستری خۆیان دەبردە لای نالبەندی ، بە نالبەندیان دەگۆت سمتراش کارێکی زۆر بە خێر بوو  ، پەندێکی کوردی هەیە لەسەر ئەو پیشەی لە کوردەواریدا  دەڵێن: (لەمولکان ئاش ، لە سنعاتان سم تراش ،  لەڤسان پێش و پاش)  ، چونکی کارێکی شارەزایی پێویست بوو  ، هەندە ئاسان نەبوو ، لەرێزە گوندی بەربنیان یەك ناڵبەند هەبوو عبدوللا نالبەند بەناوبانگ بوو لەگوندی زەنگەنان ، کاری سمتراشی دەکرد هەتا ئێستا ئەو بەرە بابە بە ماڵی نالبەندی دەناسرێن بوویتە نازناویان . کەرەستەی نالبەندی: (ناڵ ،  بزمار ،  سمتراش ،  سمبڕ ،  گاز  ،  لەواشە ،  سندان  ،  ) هەروەها دۆخین وکلاو کلاش وبەرماڵ و جاجم وقوتك وکەوێ و کورتەك و شەروالو رشی کردنی جەمەدانی و نەخشاندنی چارۆك وگرێدانی تاسی زێڕو کلاو و پۆشی .

# پۆشاك و جل و بەرگ :

**جلكی زەلامان** : جلوبەرگی گوردی ناو ودەنگی تایبەتی خۆی هەیە ، رۆژهەڵاتناسەكانی سەردانی كوردستانیان كردووە بە جلی كوردی پەسن و سەرسام بوونە ، رەنگە جۆراو جۆرەكەی جلی كوردی لە گەڵ ڕەنگی سروشتی شاخاوی كوردستان دەگونجێت .

هەر لەسەردەمی میدیاكان زیاتر لە ٢٥٠٠ساڵە كەسی كورد تایبەتمەنی خۆی هەیە لە پۆشینی جلوبەرگ هەتا ئێستا تێتەبەكارهینان ، جلی كوردی لە گیتی پەسند كرایەو ناودەنگی جیهانی لە خۆگرتیە ، خەڵكی كوردستانێ بە هەموو ئۆل و ئاینەوە (بوسولمان ، مەسیحی ، جووەكان ، ئێزدی ..) هەموویان رەنگوجۆخەل یان كورتەك شەروال ، لە بادینان شال و شەپك دەپۆشن ، خەڵكی دەڤەری گۆرانەتی بە گشتی كورتەك و شەروال لە بەردەكەن ، كلاو و جەمەدانی لە گەڵ پشدێنەكی لە تەرز لە ناو قەدی خۆیان دەئالێنن ، ئەو جلوبەرگە لە گەڵ هەموو كەشوهەوای وەرزەكانی ساڵ دەگونجێت .

هەروەها گونجاوە بۆ كەسی قەلەو و لاوازو كورت و درێژلە رۆیشتن و سواربوون و غاردان و خۆتێهەڵدان زۆرلە بارو گونجاوە ، بە پێچەوانەی جلی ئەوروپیە كە لەگەڵ سروشتی كوردستان و كاری رۆژانەی كەسی كورد ناگونجێت . دورینی كراس و شەروال و دروست كردنی كلاوی بەسامتونی رەنگاو رەنگ ، دروست كردنی ڕشی جەمەدانی ، ساقەو گۆری نەخشدار ، غەرگەی بە لۆكە هاوینان لەبەر ساردی زستانان گەرمی هاوین لەبەریان دەكرد ، خاولی ، دەستەپەنجە ، دۆخین ، كر ، شال وشەپك رەنگ وچۆغەل ،

**جلكی ئافرەت :**

جلوبەرگی ئافرەتی كورد بە ناوبانگە بە جوانی ڕەنگە جۆراوجۆرەكانی سەرنجی بەرامبەری لۆ خۆی رادەكێشی ، جوانی ئافرەتی كورد دیاردەكات .

كراسو كەوێ دووپارچەی سەكی بەرگی ژنانە لەگەڵ چارۆگەكێ لە پێشەوە بە سەر جلەكانی دادەهینیت ، هەروەها كلاوی ئافرەتان وپۆشی و بەر پۆشی ، نەخش كردنی چارۆگ ، دروونی قوتكی قەستۆری بەقەیتانی بریقەدار و سیماوی ، هەمووجۆرە كوتالێك رەنگ دەكرا لە كۆنەوە زیاتر كەسانی جوولەكە كاری خم ورەنگ كردنیان دەكرد.

# باسی پێنجەم

## پیشەسازی نەفت (زێری ڕەش)

هەر لە کۆنەوە خاکی عیراق پڕ پیت و بەرەکەتە ، لە ڕووی گشتوکالییەوە دوو رووبار ئاوی دیجلەو فورات بە ناو خاکی پڕ پیت وبەرەکەتی تێدەپەرێت ، هەروەهاخاکەکەی پڕە لە جۆرەها کانزوای بە نرخ ، زۆر دەولەمەندە بە یەدەکی نەفتی خاو لە ژێر زەوی ، لەعیراق بەگشتی و بە تایبەتی لە هەرێمی کوردستان ، تاکو رووخانی رژێمی بەعس هیج بایەخ بە لێکۆلینەوەو دەرهینانی نەفت لە کوردستان نەدەدرا بوو ، بەلاّم لەدوای ئازادی عیراق لە سالّی ۲۰۰۳ بە تایبەتی لە سالاّنی ئەم دوواییە دا حوکمەتی هەرێمی کوردستان گرێبەستی لە گەلّ کۆمپانییە جیهانییکان بەستا بۆ دۆزینەوەی بیرە نەفتەکانی ژێر زەوی دەستی کرد بە بیر لێدان و دەرهینانی نەفت هەروەها دروست کردنی هێلّی راکێشانی بۆری بۆگەیاندنی نەفت و غازی کوردستان بۆدەرەوەی وولاّت .

زۆر چالە نەفتی خاوی ژێر زەوی لە دەڤەری گۆرانەتی لێدرایە نەفت و غاز دۆزرایتەوە بە تایبەتی لە گوندی ( بەنێنان و گۆمەزەرد خێلەکی و پیرچاوش و سێکانی و کانی هەسپانی گەورە.........) .

**بلۆکی بەردەڕەش** : قەزای بەردەڕەش دەگرێتەوە ، ڕووبەرەکەی (۲٦٥)کم۲ ، بڕی (۱ ، ٥) ملیار بەرمیل نەوتی تیدایە و سێ بیری تێدا لێدراوە ، لە باشوری رۆژهەلاّتی قەزای بەردەڕەش شەش بیرە نەوت لێدراوە ، تەنها بیری ژمارە (۲) لە کاتی ئێستادا ڕۆژانە لە توانای دا هەیە (۳٥ ، ۰۰۰) بەرمیل نەوتی لێ دەربهێنرێت ، بەلاّم لە بەر کێشەی نێوان هەولێر و بەغداد لە سەرجەم بیرەکان ڕۆژانە تەنها پێنج تانکەر نەوتی بەرهەم دەهێنرێت ، وە لە ڕۆژئاوای شارۆچکەی بەنێنان چوار بیرە نەوت هەلّکەندراوە کە سەر بە بلۆکی بەردەڕەش ە ، بیری ژمارە (۳) یەدەگەکەی بە (۷۰۰ ، ۰۰۰ ، ۰۰۰) بەرمیل نەوت دەخەملێنرێت ، لە کاتی ئێستادا ڕۆژانە بەهەمان شێوەی بیرە نەوتەکانی بەردەڕەش (٥) تانکەر نەوتی لێدەردەهێنرێت .وە چاوەروان دەکرێت بە هاتنی سالّی (۲۰۱٦) (٥۰) هەزار بەرمیل نەوت لەڕۆژێك دا بەرهەم بهێنرێت . بلۆکی رۆڤیا :رۆڤیا دەکەوێت باکووریقەزای بەردەڕەش وخوارووی ئاکرێ دەگرێتەوە ، ڕووبەرەکەی (٥۱۷)کم۲ ، بەپێی راپۆرتی کۆمپانیای (شیڤرۆن)ی ئەمریکی لە گوندی کانی هەسپانی گەورە کاردەکەن بەگشتی بلوکی رۆڤیا بڕی یەك ملیار بەرمیل نەوتی یەدەکی تێدایە

## ژیانی نووسەر



ــ لە ساڵی ١٩٥٤ لە گوندی زەنگەنان سەر بە قەزای  بەردەڕەش لەدایك بوومەلە ساڵی خوێندنی ١٩٦١ــ ١٩٦٢ لەپۆلی یەكەمی سەرەتایی وەرگیرام ،

لەساڵی ١٩٧٢ قۆناغی ناوەندیم لە  بەردەڕەش  تەواو كرد   ، لەساڵی ١٩٧٣ لە ئامادەیی هەولێری كوڕان     ،  خوێندنی دوواناوەندیم  دەست پێكرد ، لەساڵی ١٩٧٤ بە خێزانەوە پشكداری شۆڕشی ئەیلوولی مەزنمان كرد ، ئاوارەی ئیران بووین ، لە ئۆردوگای بەهرام /ئەندیمەشق نیشتەجێكراین . پاشان گواسترِاینەوە بۆ ئوردوگای خرِەم ئاباد .

دوای گەڕانەوەمان  لە ئیران  ساڵێك و نیو لە پارێزگای ناصریە  ماینەوە ،  پۆلی شەشەمی ناوەندیم بەشی وێژەی لە دوواناوەندی قەزای رفاعی تەواوكرد.  لەساڵی ١٩٧٧ لە پەیمانگای پێگەیاندنی مامۆستایانی پارێزگای ناصریە   وەرگیرام ، لەساڵی ١٩٧٧ مانگی ٥ پێنج لە باشوری عیراق هاتینە گواستنەوە بۆگۆمەلگای‌شاوێس لە هەولێر ،

لەساڵی ١٩٧٨ پۆلی دووەمی پەیمانگای پێگەیاندنی مامۆستایانم لە پارێزگای هەلێر تەواو كرد

ــ لە ١/١٠/١٩٧٨ بۆیەكەم جار بەمامۆستا دامەزرام  لەگوندی بەبێل سەر بەقەزای مێرگەسۆر . مامۆستا بوومە  لەو شوێنانە  : گوندی شێتنە  /دیانا

هەردوو گوندی سپیگرەو  سۆلاوكە  لە دەڤەری خۆشناوەتی

هەروەها لە قوتابخانەی  گارە لە  گۆمەلگای شاوێس   ،

ــ دوای راپەڕینی بەهاری ١٩٩١ساڵی ١٩٩٤ گەڕاینەوە شوێنی باب و باپیران لەگوندی زەنگەنان سەر بە قەزای     بەردەڕەش ،

لەساڵی ٢٠٠١ بووم بەسەرپەرشتیاری پەروەردەیی لە پەروەردەی قەزای  ئاكرێ

ــ لە ساڵی ٢٠٠٧ پەروەردەی قەزای  بەردەڕەش  دامەزرا   ، لە پەروەردەی قەزای  بەردەڕەش بە ناونیشانی   سەرپەرشتیاری پەروەردەیی بنەرەتی پسپۆری بابەتی  بیركاری خزمەتم كرد .

ــ دوای ٤٠ چل ساڵ خزمەتكردن  ،  لە مانگی هەفت ساڵی ٢٠١٧ خانەنیش كرام  ، لە خودای مەزن داوای خۆشی و سەركەفتن بۆ هەمووتان دەخوازم  .

## بەرهەمەکانی نووسەر:

١- لاوك ستڕانێ كوردەواری لە ساڵی ١٩٩٧ بە ژمارە( ٢٨ ) لە وەزارەتی رۆشنبیری چاپ کرا

٢ ـ پەندی پێشینان وبەسەرهاتی کوردی لە ساڵی ٢٠٠٦ لە وەزارەتی رۆشنبیری بە ژمارە( ٢٢٩ ) چاپ کرا ،

٣- هەقایەت وئەفسانەی بەرئاگردانی کوردەواری لە ساڵی ٢٠٠٩ لە دەزگای مۆزیك وکەڵەپۆری کورد بە ژمارە ( ٤١ ) چاپکرا

٤- کەڵەپوورنامەی کوردەواری لە ساڵی ٢٠٠٨ لە وەزارەتی رۆشنبیری چاپکرا

٥ـ پێنج داستانی کوردەواری لە ساڵی ٢٠١١ لە   لە وەزارەتی ووشنبیری بەژمارە(٥٦٩)چاپکرا

٦- گۆران لەنێوان زێی بادینان ڕووباری خازر لە چاپخانەی منارە لە هەولێر ، ساڵی ٢٠١٤ چاپکرا

٧- فەرهەنگی ووشەکانی قورئانی پیرۆز  پەیڤ و رامان بە هەردوو شێوەزاری سۆرانی و بادینی

٨- رێبەری مامۆستای بیرکاری قۆناغی  بنەرەتی

٩- ئامۆژگارییەکانی ژیان

١٠ ـ پەروەردەکردنی منداڵ

١١ـ نەخۆشی شیرپەنجە .

١٣ـ دەڤەری گۆرانەتی لە بادینان

دەستنووسەکان :

١ـ ژیاننامەی خۆم

٢ـ فەرهەنگی کەلەپوری

**بۆ دەولەمەندکردنی ئەو کتێبه سوود لەو سەرچاوانه وەرگیرایه:**

١ ـ قورئانی پیرۆز .
٢- عبدالرحمان هەژار موکریانی (شەرەفنامه)ی بدلیس چاپی کوردی ١٩٧٢
٣- عبدالکریم ئەفندی هۆزێت کورد چاپی١٩٩٦ دهۆك
٤ـ ـ گەشتەکەی مێجەرسۆن له نێوان دووئاوان وکوردستان له وەلگێرانی میرزا غولام شیرازی و فۆاد جمیل ج١ بغداد ١٩٧٠
٥ـ گ .پ .اکویف (هاکۆپیان ) الکورد الگۆران وەلگێرانی له فارسیەوە نزار ئەیوب گولی
٦ ـ سعید مەموزینی کتێبی موسل وکورد له دوای ئازادی چابی ٢٠٠٨
٧- فۆاد حمه خورشید اللغه الکردیه التوزیع الجغرافی للهجاتها ل ١٠ بغداد سنه ١٩٨٣
٨- زبیر بیلال اسماعیل (تاریخ اللغه الکردیه ) چاپی ١٩٧٧ بغداد
٩- باسیل نیکیتین . (الاکراد ) دار الرائع بیروت .
١٠- دکتۆر شاکر خصباك العراق الشمالی مطبعة شفیق بەغداد
١١ـ حوسێن حوزنی موکریانی مێژووی میرانی سۆران هەولێر١٩٦٢
١٢ـ ممتاز عمر ئاغا تاریخ الموصل فی زمن العثمانی ٢٠١٣
١٣ـ بارزان والحرکه الوعی القومی به پێنووسی پێ رەش ،
١٤ـ سەید فاخر الرەفاعی. سولتان عەلی رفاعی دفین بغداد ، دەست نووس
١٥ـ سەعید مەموزینی بەرکولێك له مێژووی کورد و کوردستان چاپی ٢٠٠٧
١٦ـ ابن الحوقل ابو القاسم النصیبینی صوره الارض
١٧ـ پارێزەر جمالٔ بابان ( اسماء المدن والمواقع العراقیه ) بەشی یەکەم
١٨- مێژووی کوردو کوردستان به شی یەکەم ، محەمەد مردۆخ.
١٩- محەمەد ئەمین زەکی.خلاصه تاریخ الکرد وکردستان من اقدم عصور التاریخ حتی الان ،
٢٠ـ د. شەمسەدین محەمەد ئەسکەندەر.مێژووی کورد لەسەدەی ١٦ شازدەهەمدا ،
٢١- الاکراد فی کتب البلدانین والرحاله فی العصور الوستا ، زبیر بلال اسماعیل ١٩٩٨.
٢٢- الکامل فی التأریخ ، تاریخ ابن ئەسیر ، (٥٥٥/٦٣٠ك)هەشت بەش .
٢٣- انور مائی الاکراد فی بادینان .
٢٤- شاهنامەی فیبردوس ، ملحمه فرس الکبری.
٢٥- عیمادەدین زەنگی ، د. عیمادەدین خەلیل.
٢٦- ئیمارە بادینان ، کاوە فەریق ئەحمەد شاوول ئامێدی.
٢٧- ئیمارە بادینان الکوردیه ، صدیق الدملوچی

٢٨- ئیماره بادینان العباسیه ، مەحفوظ العباسی.

٢٩- الاکراد زبێر بیلال ئیسماعیل.

٣٠ ـ احمد شوکت الشبك الکورد المنسیون چاپی ٢٠٠٣ بەزمانی عەرەبی

٣١ـ محەمەد امین زکی بەگ (تاریخ الدول ولامارات الکردیه ) ترجمه احمد عونی

٣٢ ـ احمد حامد الصراف .الشبك مطبعة المعارف بغداد ١٩٥٤

٣٣ ـ سلیمان سائح  تاریخ الموصل ج١ المطبعة السلفیه مصر ١٩٢٣

٣٤ ـ مەلا جەمیل بەندی رۆژبیانی تاریخ الگۆرانیون دەست نووس

٣٥ـ باسیل  نیکیتین الاکراد چاپی مۆسکۆ ١٩٦٤

٣٦- کتێبی گەریدە ئولیڤەیەی فەرەنسی ١٧٩٤_١٧٦٩

٣٧- یاسین ئەلعومەری لە کتێبی (غەرائب الاثەر) .

٣٨ـ دکتۆر عبدالفتاح علی یحیا سێ سالێ خوێندن لە  بەردەرەش  ٢٠١٤.

٣٩ـ ابن حوقل ابوالقاسم النصیبینی(صوره الارض)١٩٣٨لاپەره(١٩٦)

٤٠ـ خدرێ سلێمان وسعدوللا شێخانی ـ شێخان و شێخان بەگی ـ بەغدا١٩٨٨

٤١ـ (کتاب الروساء ) دانانی (تۆما اسقف المرجی) موسل١٩٦٦

٤٢ـ یاسین حسن گۆران(کەڵەپوورنامەی کوردەواری)چاپخانەی رۆشنبیری )٢٠٠٩ هەولێر

٤٣ـ یاسین حسن گۆران ، لاوك سترانی کوردەواری حکومەتی هەرێمی کورستان چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیری ژماره(٢٨) ساڵی١٩٩٧

٤٤ـ د.نائل حنون(مدن قدیمة ومواقع اثریة ) چاپی ٢٠٠٩ دمشق ل٢٣٢

٤٥ـ ئینسکلۆبیدیای پارێزگای دهۆك نۆ  بەرگ .

٤٦ـ یاقوت الحموی ( معجم البلدان) بەرگی سێیەم .

٤٧ـ سەعید مەموزینی مێژووی  بەردەرەش  لاپەره(٧٥) چاپی٢٠٠٤

٤٨- کەریم ئاغایی هەمەوەند (هۆزی هەمەوەند) چاپی کەرکوك ٢٠١٠

٤٩— عمر حاجی علی رەزا زەنگە ( تاریخ امارات زەنگە نە )

٥٠ـ العشائرالکردیه فی العراق ـ سرێ ـ هەواڵگەری سەربازی گشتی

٥١ـ رێبەری پارێزگای دهۆك چاپخانەی هاوار ٢٠١٠چاپی یەکەم

٥٢ـ خەسرۆ گۆران کورد لە پارێزگای موسل  ، چاپی دەزگای ئاراس.

٥٣ـ پارێزگای نینوی لە نێوان دوێنێ و ئەمرۆدا ساڵی١٩٦٨چاپکرایە

٥٤ـ الدکتۆر شاکر خصباك العراق الشمالی لاپەره (١٠٩) بغداد١٩٧٣

٥٥ـکامران تاهر سعید جوگرافیای سرۆشتی عیراق چاپی ٢٠١٤هەولێر


٥٦ـ عبدالله غفور ( جوگرافیای کوردستان ) ج٦ هەولێر ٢٠١٢
٥٧ـ علی سەیدۆ الگۆرانی .( من عمان الی العمادیه) چاپی١٩٣٩
٥٨ـ کوردەکان لە کتێبی( البلدانیین والرحاله المسلمین فی العصور الوسطی)
٥٩ـ عباس العزاوی (عشائر العراق) بەرگی یەکەم چاپی بیروت.
٦٠ـ بشیر سعید عبدالرحمن(بهدینان و عشائرها) چاپی ٢٠٠٦
٦١ـ جەمیل محەمەد مستەفا (دهۆك لە ناوەڕاستا چەرخێ لۆری) دهۆك ٢٠١٧چاپی یەکەم .
٦٢ـ پێ ڕەش بارزان وحرکه الوعی القومی الکردی ١٨٢٦ـ١٩١٤ ساڵی١٩٨٠ .
٦٣ـ جمبد شوکری(ئاکرێ (عقره) فی العهد الملکی)  چاپخانەی سپیرێز ٢٠٠٨دهۆك .
٦٤ـ حیکمەت مەلا یاسین ئاکرەیی( ئاکرێ لە دیرۆکێ دا )چاپی ئێکێ ٢٠١٢ دهۆك .
٦٥ـ یاسین حەسەن گۆران ، کەلەپوور نامەی کوردەواری چاپی هەولێر ٢٠٠٩ .
٦٦ـ جاسم عبد شلال ، علماء قدموا الی موصل من الکرد ومن کوردستان ٢٠١٢ دهۆك .
٦٧ـ یاسین حەسەن گۆران پەندی پێشینان و بەسەرهاتی کوردی ٢٠٠٦ هەولێر .
٦٨ـ  دکتۆر عبدالله غەفور شارنشینی لە باشووری کوردستان ٢٠١٧ هەولێر .
٦٩ـ المەتران إسحاق ساکا تاریخ دیر القدیس مارمتی چاپی سێیەم ٢٠٠٨ دهۆك .
٧٠ـ دکتۆر زرار سدیق تۆفیق چەند لێکۆلینەوەك لە سەر مێژووی کورد ٢٠٠٨ هەولێر
٧١ـ پی ڕەش بارزان وحرکه الوعی القومی الکردی  ١٨٢٦ ـ ١٩١٤ .
٧٢ـ یاسین حەسەن حوسێن (گۆران لە نێوان زێی بادینان وروباری خازر) چاپخانەی مناره ٢٠١٤هەولێر
٧٣ـ زۆربەی زانیاری لە سەر گوندەکانی دەڤەری گۆرانەتی لە بەرێوەبەری قوتابخانەکان و موختاری گوندەکان وەرگیرایە سوپاسی هاریکاری هەموو لایەك دەکەم .

**گۆڤارەکـــان : ـ**

١- چەند  ژمارەیەك لە  گۆڤاری خازر ـ سەنتەری رۆشنبیری  بەردەڕەش  .
٢- گۆڤاری ئاسۆی فۆلکلۆری ژمارە (٣)  .
٣ـ گۆڤاری سەنتەری برایەتی ژمارە ( ٨ ) ساڵی ١٩٩٨ .
٤ـ گۆڤاری رامان ، ژمارە ٣١ ٥- گۆڤاری سەرهەڵدان ژمارە ١٢ — ١٣    دهوك ١٩٩٤
٦ـ گۆڤاری دهۆك ژمارە(٦) گولانا ١٩٩٩  .

# ئەلبومی بەلگەنامەو وێنەکان : ــ

## ١ ــ بەلگە نامەکان : بەلگەنامەی یەکەم



**ناوەرۆکی بەلکە نامەی یەکەم بە ناوی عشائر السبعە هاتیە تێدا نووسرایە : ــ**

**(ناوچەی ـ ئارۆێل شلی ـ دەکەوێتە نزیك عشائر السبعە) بە هۆی بچووکی شوێنەکە لە ناوچەی بەردەرەش وە لەبەر زۆری کێشەی ئەو کەسانەی سەرەدانی حکومەت دەکەن ، بۆیە فەرمانبەرانی حکومە تبە زۆرینەی دەنگ بریاریاندا  بە گواستنەوەی بنکەی حکومەت لە ئارۆێل شلی بۆ گوندی زەنگەنان ، لە بەر گەورەی کوندەکەو تێکرای ماڵەکانی (٢٠٠)ماڵە ، دەکەوێتە ناوەندی ناحیەکە ، یەکێك لە خەلکی کوندی وەکو وەقف خانووی خۆی بە حکومەت بەخشیوە ، بەم بۆنەوە کارەکان ئاسانتر و سلامەتر بەرێ دەکرێ . داوا لە وەزارەت دەکەین ئەم بڕیارە بە شاهید بزانن  لە ٢٤ /زی الحجە/١٣٢٩کۆچی کە دەکاتە رۆژی پێنج شەممە بەرامبەر ١٦/ ١١/ ١٩١١زاینی . ئەندامانی ئەنجومەنی گشتی ویلایەتی موسل ئەوامەبوون : ــ**


**ئەندام  ئەندام  ئەندام  موختار  مودیر تحریر  دەفتەردار   نائب والی موسل**

**عبدالکریم ئەفەندی   محمد افندی  احمدجودت   محمد موختار   محمد راغب**

**ئەنجومەنی گشتی ویلایەتی موسل  لە ١٠/ کانونی یەکەم/١٣٣٢ رۆمی.**

٩٢. □□. □□, □□□□□ □□□□□□ □□□□□□.

**بەلگە نامەی دووەم**



**ناوەرۆکی بەلکە نامەی دووەم بە ناوی عشائر السبعه هاتیە تێدا نووسرایە : ـ**

**لە ١٢/مارت/ ١٣٢١رۆمی لە نووسراوی ژمارە(٢٨) ی هاتوو  مودیر ناحیەی شێخان بە ناوی (محمد عەلی تۆفیق ئەفەندی ) وەکو فەرمانبەری مودیر ناحیەی ناوچەی شێخان سەر بە عشائر السبعه لە رۆژا دەرچوونی ئەم بڕیارە ، ناوبراو مانگانە (٤٣٠ )قورش وەکو موچە و مخصصات وەردەگرێت هەمان رۆژ نووسراوێك بکرێت کەوا مودیری نوێ دەست بەکار دەبێت فەرمانبەری کۆن دەست لە کاری خۆی بەربدات  .**

## بەلگە نامەی سێیەم



### ئەو بەلگە نامەیە باسی پلەدارانی لەشکری عوسمانی لە دەشتی ناوکوڕ دەکات

فەوجی ٩٤ەمین و لیوای سێی ناوکوڕ.

احمد تەوفیق بینباشی (لیوا) میدالیای دلسۆزی پێبەخشراوە.

ناتق تەوفیق قۆل ئاغاسی (قائد فرقە) میدالیای یۆنانی پیَ بەخشراوە. محمد رشوی ئەفەندی نوسەری فەوج.

عبدالجبار ئەفەندی سەرۆکی بلۆکی یەکەمی یوزباشی ( واتا بەرپرسە لە ١٠٠ سەرباز).

عبدالقادر صبری ئەفەندی یەزباشی بلۆکی دووەمی سوپا.

حسن ئاغا یوزباشی بلۆکی چوارەم.

شەوکەت عەزمی ئەفەندی مولازم ئەووەل لە بلۆکی یەکەم.

جومعە ئەفەندی مولازم ئەووەل لە بلۆکی دووەم.

محمد صالح ئەفەندی مولازم ئەووەل لە بلۆکی یەکەم.

عومان ئەفەندی مولازم ئەول لە بلۆکی چوارەم.

**پەلکە نامەی چارەم (دووبەلگە نامەیە)**

| لەو بەلگە نامەی خوارەوە : | سالنامەی موسل ساڵی ١٩٠٨ |
| --- | --- |
|  |  |
| لە ساڵی ١٣٠٦ك بەرامبەر ١٨٨٩ز<br>محمود ئەفەندی مودیر ناحیە بووە ،<br>کانەبی سهراب ئەفەندی کاتب ناحیە بوونە<br><br>هەردوو بەڵگەنامە بە سوپاسەوە لە بەرێز<br>بڵند مفتی دانیشتووی ئاکرێ وەرگیراوە | بەدیاردەکەوێت مدیر: محمد سعید<br>ئەفەندی بوو ، یاریدەدەری قازی خالد<br>ئەفەندی عقری بوو ،<br>کاتب ناحیە :عبدالحکیم ئەفەندی<br>نەوەکانی دەڵێن باوکی خالد ئەفەندی<br>بوو ، کاتب ناحیەی ئەو سەردەمی کچێکی<br>خۆی دابوو مەلای گوندی دووسەرە |

---

بەڵگە نامەی پێنجەم


To the right of Makloube are two wall-like ranges of hills, which run through Akra, and which, together with Makloube, form the district of Naokor *, a very rich province of Amadia.

* Naokor is descriptive of the situation of the province—a plain between two ranges of hills. The hills, or chain, on the east of Naokor is a prolongation of Azmir, and is called the Akra moun-

C 2

گەشتی جیمس ریچ لە ساڵی ١٨١٥ز بۆ دەڤەری گۆرانەتی دەڵێت : سنوری دەشتی ناوکورِ دەکەوێتە نێوان زنجیرە چیای ئاکرێ و چیای مەقلوب .

**بەلگە نامەی شەشەم**



**بۆ بەرێوەبەرایەتی شارەوانی ئاکرێ**

**ژمارە/ ٥٧/ ٢٠٨٢**

**رێکەوتی ١٥ / ١١ / ١٩٧٣**

**ئاماژە بە نووسراوی پارێزگای نینوی ـ شارەوانیەکان ـ ژمارە ١٧١٨٥ لە ٥ / ١١/١٩٧٣ هاوپێچ نەخشەی رووپێوی شارۆچکەی بەردەرەش و بڕیاری شارەوانی عشائر السبعە ژمارە (٧٦) لە ١٠/٢٠/ ١٩٧٣ داوادەکەین رووبەری (٣٠٠٠)م٢ تۆمار بکرێت بە ناوی پارێزگای نینوی ـ مولکداری ـ تکایە .**


**سەرۆك شارەوانی ئاکری بەرێز(مام علی سلیم مام علی) واژووی لە سەر کردووە . فەرمانی دروستکردنی سەرای (قشلە) ی ـ بنکەی شورتەی بەردەڕەش ـ رەزامەندی لە سەر درا بەلێندەر (مام علی سلیم ) ئاکرەیی دروستی بکات داواکارییەکە لە لایەن جێگری پارێزگای موسل بەرێز(روبیتان الجاف)لە مانگی ١١ ی سالی ١٩٧٣ واژوی رەزامەندی لە سەر کردووە (٢٩٢)**


---

٢٩٢ ئەو زانیاریانە ، بەرێز بلند مفتی ئاکرەیی بە سوپاسەوە بۆمی رەوانە کردیە لەگەل رێزم .

چەند بەلگە نامەیەکی سەردەمی حکومەتی عوسمانییەکان لە سەر (عشائر السبع) تەرجومە نەکرایە[٢٩٤]








DH.MKT.01814.00102.001

٢٩٣ چەند بەلگەنامەیەکی حکومەتی عوسمانی دەربارەی (العشائر السبعە)قەزای بەردەڕەش تەرجومە نەکرایە بە سوپاسەوە لە بەرێز ماموەستا صهێب مەلا ئیسماعیل وەرگیرایە .

## ٢ ـ وێنەکان : ـ [٢٩٤]







٢٩٤ـ کەرەستە کونەکانی مێژوویی  لە شوێنەوارەکانی دەڤەری گۆرانەتی لە دەشتی ناوکوڕ سەر بە قەزای بەردەرەش دۆزراینەوە لە شوێنەوارناس بەرێز ماموستا عمر حەسێن وەرگیرایە .














تیمەکانی بیانی بە هاوکاری شوێنەواری کوردستان کاری هەلکۆلین دەکەن لە شوێنەوارەکانی دەڤەری گۆرانەتی سەر بە قەزای بەردەڕەش ، بەرێز عمر حسێن شوێنەوار ناس لەگلیاندایە .




**تیمەکانی بیانی بە هاوکاری حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ئەنجامی کۆلین و پشکنین لە شوێنەوارەکانی دەڤەری گۆرانەتی لە وێنەکانی سەرەوە ئەو کەلەپەل و کەرستە کەونانە دۆزراینەوە** ([٢٩٥])

---

[٢٩٥] ماموەستا (عومەر حوسێن شەریف) ماستەر لە شوێنەوارناسی بە سوپاسەوە ئەو وێنانەی بۆم رەوانە کرد













کارێزی(قەسر) لە گوندی بەرازی گەورە



پەیکەری شێرێك لە ناو ئاوی خازر دۆزرایەوە